تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی سی و یەکەم

سووڕەتەکانی

(نوح) و(الجن) و(المزمل) و(المدثر) و(القيامة) و(الإنسان) و(المرسلات) و(النبأ) و(النازعات)

عەلی باپیر

تەفسیری سوورەتەکانی

نُوحٌ تاکو النَّازِعَاتِ

تەفسیری سوورەتەکانی

نُوح تاکو النَّازِعَات

نووسینی : عەلی باپیر
دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی
چاپی یەکەم ١٤٤٥ك - ٢٠٢٤ز
٩٧٨ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

تەفسیری سوورەتەکانی

نُوحٍ تاکو النَّازِعَاتِ

نووسینی: عەلی باپیر



پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی

إنَّ الحَمْدَ للَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْده اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إلَهَ إلاّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ النساء.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب .

أمَّا بَعْدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَديث كَلامُ اللَّه، وَخَيْرَ الْهَدِي هدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّار[1].

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانییە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرین و ڕامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بە باشترین جێگرتن جێگا دەگرێ و، خاوەنەکەی لە دنیاو دوارۆژدا لێی بەهرەمەندە.

---

(١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییکردن (خِطْبة)و... هتدو، ئەم وتارە، هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، النسائي: (١١٠٤)، ابن ماجه: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، الطَّبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

منیـش - کـە وەك باسـکردنی چاکـەی خـوا (**التحدّث بنعمـة اللّـه**) دەیخـەمەڕوو- لـەوەتی فامـم کردۆتـەوە، خـوای بەبەزەیـی و بەخشـەر چاکـەی لەگـەڵ کـردووم و، بـە فەرمایشـتی بـەرزو بـێ وێنـەی خۆیـەوە سـەرگەرمی کـردووم و، بـەر لـە تەمـەنی بیسـت سـاڵییەوە هیدایـەتی داوم، قورئـانی بەڕێـزو پێـز لەبـەر بکـەم و، سـەرقاڵی خوێندنـەوەی تەفسـیرەکانی قورئـان و، تێوەڕامـانی ئایەتـە پـڕ بەرەکەتەکانی و، لێوردبوونەوەیـان بـم.

هـەر بۆیـەش تێکـڕای کتێـب و نامیلکـەو وتـارو دەرسـەکانم، کـەم و زۆر لەبـەر ڕۆشـنایی قورئـان دابـوون، کـە دیـارە هـەر ئەمـەش شـتێکی سرووشـتییە؛ ئاخـر ئایـا ئیسـلام، بێجگـە لـە قورئـان پاشـان سـوننەتی پێغـەمبـەر ﷺ، کـە ئەویـش هـەر ڕوونکردنـەوەی قورئـان و چۆنیـەتی جێبەجێکـردن و کارپێکردنیـەتی، شـتێکی دیکەیـە؟! بێگومـان نەخێـر.

ئنجا لەمێـژ ساڵیش بـوو، کـە بـراو خوشـکانێکی دڵسـۆزی نزیـك و ئاشـنام، داوایـان لێدەکـردم کـە دەسـت بکـەم بـە دانـانی تەفسـیـرو لێکدانەوەیـەکی قورئـان، هـەتا لـە ڕەمـەزانی سـاڵی (١٤٢٨)دا هاتـە دڵمـەوە، کـە نـاوی خـوای لێبهێنـم و دەسـت بـەو کارە گـەورەو گرنگـە بکـەم، بەڵکـو وردە وردە بەپێـی بـوارو دەرفـەت، هـەرساڵە هـەندێکی لـێ ئەنجـام بـدەم، لەگـەڵ سـەرقاڵیی زۆرو جـۆراو جۆریشـدا، هـەتا دەرفەتێـکی وام بۆ دەڕەخسـێ کـە بتوانـم خێرایـی تێـدا بکـەم و خۆمـی بـۆ یەکلایـی (**متفـرّغ**) بکەمـەوەو، خـوا پشـتیوان بـێ تـەواوی بکـەم، ئەگـەر تەمـەن بەبەریـەوە مابێ.

سـەرچاوەی دانـانی ئـەم تەفسـیرو لێکدانەوەیەشـم، وێـڕای سـەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسـیـرانەی کـە بـاون و، دەسـتم پێیان گەیشـتوە، بریتیە لـە وردبوونـەوەو تێوەڕامانی خـۆم لە خـودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان: هـەندێکی هـەندێکی ڕوون دەکاتەوە: (**القرآن يُفَسِّـر بَعضُهُ بَعْضَـاً**)، پاشان سـوننەتی پێغـەمبـەری خوا ﷺ چونکە پێغـەمبـەری خـواش ڕوونکەرەوە (**مُبَیِّن**)ی قورئـانە، وەك خـوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿ ...وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾ النحل.

واتـە: هەروەهـا زیکرمـان بـۆ لای تـۆ ناردۆتـە خـوار، تاکـو ئـەوەی بـۆ خــەڵکی نێرراوەتـە خـوار، بۆیـان ڕوون بکەیــەوە، وە بەڵــکو خۆشــیان بیــربکەنەوە.

ئومێدیشـم وایـە - بـە یارمـەتی خـوای بەخشــەر ﷻ - شـایســتەیی ئـەوەم هــەبێ تەفســیــرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئــان پێشــکەش بە مســوڵمانانی کوردســتان بکەم، کـە لـە قورئــان بوەشــێتەوەو، مایـەی بەهـرەو ســوودی خوێنـەران بـێ، بەتایبــەتیش کـە زیاتـر لـە سـی (٣٠) ساڵە لەگـەڵ قورئانی بـەرزو مـەزن و تەفسیــرەکانی و کتێبەکانی سـوننەتدا خــەریکم و، دەیـان کتێـب و بەرهــەمی جۆراوجـۆرم لـە زۆربـەی بـوارەکانی زانســتەکانی شــەریعەتدا پێشــکەش کردوون.

شـایانی باسیشــە کـە ئەو بیسـت و دوو مانگ زیندانیـی کرانەم لەلایـەن ئەمریکاوە - لـە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکـو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێـکی گـەورەو گرنـگ بـوو، بـۆ زیاتـر پێدا قووڵــبوونەوەی کتێبـی خــوا (تبـارك و تعالــى) و، بۆ پەیدابوونی تێگەیشــتنی تایبــەت لەبـارەی زۆرێـك لـە ئایەتــەکانییەوە، ئـەم ڕاســتییەش لـە مەوســووعەی: **(الإســلام كـما يتجـلّى فــي كتـاب اللّـه تعالــى)**دا زۆر چــاك درەوشـاوەتەوە[1]. بـەڵام هــەڵبەتە ناڵــێم و هیچکەسیش بـۆی نیـە بڵـێ: کـە ئـەم تەفسیرەی من تێروتـەواوە، چونکـە وێـڕای ســنوورداربوونی توانــاو بڕســتم، لـە بەرانبــەر کتێبـی لـە هــەموو ڕووێکـەوە ڕەهـا (مطلـق)و بێســنوور (لا محـدود)ی خـوادا، نەشـمویســتوە کـە زۆر بەمــلاولادا بچــم و بچمــە نێو هــەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیــدا پسپۆڕو

---

(١) ئـەو مەوســووعەیە ئێســتا چـاپ کـراوەو، کەوتۆتــە بەردەسـتی خوێنـەران و، ســەرجەم هەشــت بەرگ و دەوری ســێ هــەزارو پێنج سـەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هـەوڵـمـداوە بەگشــتی تێیـدا باسـی سـەرجەم لایەنـەکانی ئیســلام بکـەم و، تاکـە سـەرچـاوەشم قورئــان بـووە، وێــڕای دەقـەکانی ســوننەت، کـە لـە هــۆش (ذاکـرة)دا بـووون.

شــایانی باســە ئەو مەوســووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبــی ســەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسـانتــر سوود لێ بینـرانی .

شــارەزا نیم، یـان خوێنــەر پێویســتی پێی نیــە، لـە کاتێکـدا دەیــەوێ لـە قورئان تێبگات و، بزانـێ خـوا (تبـارك وتعـالـی) ڕاستەوخۆ چـی پـێ فــەرمووە؟!

ئنجا هــەر لێرەشـەوە بە پێویسـتی دەزانم پڕ بە دڵ سـوپاسی ئەو بـرا گەنجە ڕووح ســووك و گـورج و گـۆڵ و دڵســۆزە بکـەم (حـەزی نەکـرد نـاوی بهێنـم)، کـە هـەڵسـا بـە نووسـینەوەو هێنــانە ســەر کاغــەزو، پاشـان تایپکـردن و دوایـی پێداچوونـەوەو هەڵەگیــریی، ســەرجــەم ئـەم زنجیــرە دەرسـە، کـە لـە ئەسـڵدا لـە شێوەی وتـار (محـاضرة)دا پێشـکەش کراون، هــەروەها هـەڵسـا بـە (تخریج)ی سـەرجەم دەقەکانی سـوننەت، لـە سـەرچاوە متمانـە پێکراوەکانـەوەو، زەحمـەت و ماندووبوونێـکی زۆری بـە سـەرجەم بەرگـەکانی ئـەم تەفسیــرەوە کێشــاوە، خــوا بـە باشــترین شــێوە پاداشـتی بداتـەوەو، هــەر صـاڵح و سـاغ و سـەلامەت و ســەربەرزبێ[1]، لـە خـوای بـەرزو بێهــاوتاش داواکارم ئـەو جــۆرە گەنـج و لاوانـە لـە کـوڕان و کچــان، لەنێـو گەلەکەمانـدا، زۆر بـکات .

شـایانی باسیشــە کـە ئێمـە لـەم تەفسیــرەماندا، بـاسی بــەش (جـزء)ەکانی قورئــان و دابەشــکردنەکانی دیکـەی وەك: - (حــزب) - ناکەیــن، چونکــە هـــەر ســـووڕەتێك بۆخـــۆی شـــتێکی ســەربەخۆیـــەو، ســەرجەم ئایەتــەکانی وەك ئاڵقــەکانی زنجیرێــك پێکـەوە پەیوەسـتن و، ئاشکراشـە کـە دابەشـکرانی سـەرجەم قورئـان بـۆ سـی (٣٠) بـەش (جـزء) و شەســـت (٦٠) (حـزب)، شـتێکە لەلایـەن زانایانـەوە کـراوە، بـۆ ئاسـانکاریی خوێنـدنی قورئـــان، دیـارە ئێمـە لـە دابەشـکردنی بەرگـەکانی ئـەم تەفسـیـرەشـــدا، دیسـان حیســـاب بـۆ بەشـەکان (أجـزاء)ی ناکەیـن و، بـە گوێـرەی ســووڕەتەکان، بەرگــەکانی دیــاریی دەکەیـن.

---

(١) ئـەو بـــرا دڵســۆزە ئێســـتاش پـاش تەواوکردنـی زۆربـەی قورئـان، لێبڕاوانـە بەردەوامـە و عەزمیشــی جــەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمــان بەردەوام بێ، هەتــا کۆتــایی ئەم تەفسیــرە ســەرگەرمی کارەکـەی بێ .

دوا قســەشــم ئەوەیــە كە:

ئـەم تەفســیرە - وەك پێشــتــر گوتمــان - لـە ئەســڵدا بەشـێوەی دەرس و وتـار پێشـكەش كـراوە، بـەڵام دواتـر خـۆم دووجـار بـە وردیـی پێیـدا چوومــەوەو، بەپێـی پێویسـت دەسـتكارییم كـردوە، دیـارە هــەموو دەرسـێكیش بەنـاوی خـواو سـتایشی خــوا ﷻ دەســتی پێكــردوە، بــەڵام ئێمــە لــە ســەرەتای دەرســەكانەوە، ئەوانەمــان لابـردوە، بـۆ زۆر دووبـارە نەبوونـەوەو، ئـەو (خطبــة الحاجــة)یەی لـە سـەرەتای ئـەم پێشــەكەییەوە هاتـوە، لەجیـاتی ســەرەتای ســەرجەم دەرســەكانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،

وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هــەولـێر

بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەکی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان کردوە کە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە، لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە کۆتایی هەر بەرگێکی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی کەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەکانیانمان بە ڕیز نووسیون[1]، بەڵام لێرەش وەك جەختکردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەکانمان نووسیوە، نە پێویست دەکات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆکەیەك، کە زۆربەی تەفسیرەکان لەبارەی ئایەتێکەوە، یان ڕستەو برگەیەکی ئایەتێکەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر کات بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتی یەکێك لە تەفسیرەکان هەبێ و بکەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بکەم، چ ڕەفزی بکەم، هەر کات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەکەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەکان لە کۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیکتیفا دەکەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانة العلمية) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بکەم، چونکە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

---

(١) دوایی وا بەباش زانرا ناوی تەفسیرەکان لابرێن و، لە کۆتایی کۆی بەرگەکانی [تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز]دا دەیاننووسین.

شایانی باسیشـە جاری وا هەیـە بیـرۆکەو تێگەیشـتنێکی تایبەتیـی خـۆمم، دەربارەی کۆمەڵــە ئایەتێــك یــان ئایەتێك یـان ڕســتەو بڕگـەیەکی ئایەتێــك، بۆ دروسـت دەبێ، وەك تێگەیشــتن و بۆچـوونــی خــۆم دەینووســم، کەچــی ڕەنگــە لـە تەفسـیــرەکانی دیکـەش - یەکێکیــان یـان زیــاتر - دا هەبـێ، ئەویــش بەهــۆی ئەوەوەیــە کـە مــن ئەو تەفسـیــرەم نەکەوتـۆتــە بەر دیــدە، یان دیـتوومــەو لەیــادم نەمــاوە.

پێشەکی ئەم بەرگە

الحمدلله رب العالمين وصلواته وسلامه وبركاته على سيدنا الأولين والآخرين محمد النبي الأمي المبعوث رحمة للعالمين وآله أجمعين من الصحب والأزواج والقرابة والتابعين لهم إلى يوم الدين.

بەڕێـــــزان!

ئەمە بەرگی سی و یەکەمینی قورئانی بەرز و بەپێزە و، نۆ لە سوورەتەکانی قورئانی مەزنی گرتوونە خۆی کە بریتین لە:

(نوح، الجن، المزمل، المدثر، القيامة، الإنسان، المرسلات، النبأ، النازعات).

میتۆد و بەرنامەی تەفسیرکردنی ئەم نۆ سوورەتەی ئەم بەرگەش، هەروەک هی بەرگە پێشووەکانە کە بەحەوت قۆناغ مانادەکەین و شییان دەکەینەوە. لەم بەرگەشدا وێڕای تەفسیرو لێکدانەوەی ئایەتەکانی ئەو نۆ سوورەتە، کۆمەڵێک کورتەباسیش خراونەڕوو، بەم جۆرەی خوارێ:

یەکەم: لەسوورەتی (نوح) دا:

کورتەباسێک لەبارەی بت پەرستییەوە، لەچواربڕگەدا.

دووەم: لەسوورەتی (الجن) دا:

١- کورتەباسێک دەربارەی جند، لەنۆ بڕگەدا.

٢- کورتەباسێک لەبارەی پەنهان (غیب) و سنووری پەی پێبردنیەوە،

سێیەم: لەسوورەتی (المزمل) دا:

١- کورتەباسێک لەبارەی ئەدەبەکانی قورئانخوێندن و پێناسە و حوکم و گرنگیی پلەکان و چۆنییەتی قورئانخوێندنەوە لە دوو تەوەرەدا.

چوارەم: لەسوورەتی (المدثر) دا:

کورتەباسێک: ئازادیی مرۆڤ لەنێوان ویستی رەهای خواو ویستی جوزئی خۆیدا

پێنجەم: لەسوورەتی (القیامة) دا:

١- کورتەباسێک: بینینی بڕواداران بۆ خوای بەرز و بێ وێنە لە بەهەشتدا.

٢- کورتەباسێک لەبارەی ڕۆژی دواییەوە، لەشەش تەوەرەدا.

شەشەم: لەسوورەتی (الإنسان) دا:

١- کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو گێڕاوانەی دەڵێن: ئەو ئایەتانەی لەبارەی عەلی و فاطیمەوە (رضی الله عنها) هاتوونە خوارێ.

٢- کورتەباسێک لەبارەی چییەتی مرۆڤەوە.

٣- کورتەباسێک لەبارەی چەمک و واتای هیدایەتەوە.

٤- کورتەباسێک: پەیوەندی نێوان ویستی خواو ویستی مرۆڤ.

حەوتەم: لەسوورەتی (المرسلات) دا:

١- چوار کورتە سەرنج.

٢- ئایا بێبڕوایەکان بە بەڵگەکانی شەریعەت ئەرکدار (**مکلف**) کراون؟

هەشتەم: لەسوورەتی (النبأ) دا:

١- کورتەباسێک: یازدە (١١) چاکە ونیعمەتەکانی خوا کە یازدە بەڵگەشن لەسەر پەروەردگاریتی خواو، هاتنی ڕۆژی سزا و پاداشت.

٢- کورتەباسێک: مانەوەی بێبڕوایان لەدۆزەخدا هەتاهەتایی و نەبڕاوەیە.

٣- کورتەباسێک: حەوت ڕوونکردنەوە لەبارەی ئایەتەکانی (٣١-٣٧) ەوە.

نۆیەم: لەسوورەتی (النازعات) دا:

١- کورتەباسێک لەبارەی سوێندەکانی قورئانەوە، لەپێنج بڕگەدا.

٢- کورتەباسێک، سێ هەڵوەستە.

٣- دوو سەرنجدانی کورت لەزەوی و چیایەکان.

٤- بەرپەچدانەوەی قسەیەکی (إبن عثیمین)، کە گوایە مرۆڤ سێ نەفسی هەن!

هیواداریشـم خوێنـەرە بەڕێـزەکان بەهـەری پێویسـت لـەم بەرگـەش وەربگـرن و خـوا پشـتیوان بـێ بـۆ دوو بەرگـی کۆتایـی: (٢٣ و٣٣)ش بەزویـی بەدواییـدا چـاپ دەکرێـن.

١٨/ ربیع الأول/ ١٤٤٥ك-٣/١٠/٢٠٢٣ز

تەفسیری سووڕەتی



دەستپێك

بەڕێـــــزان!

ئەمڕۆ کە (١١)ی شەووالی ساڵ (١٤٤١) کۆچییە، بەرانبەر (٢٠٢٠/١/٣) ی زایینی، لە شاری دێرینی هەولێر، خوا پشتیوان بێ، دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سووڕەتی (نوح)، سەرەتا پێناسەو نێوەڕۆکی سووڕەتی (نوح) لە حەوت بڕگەدا دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی بەر لەوەی بچینە نێو وردەکارییەکانی ڕوونکردنەوەی چەمك و واتای ئایەتە بە پێزەکانی ئەم سووڕەتە موبارەکەوە، نەخشەو هێڵە گشتییەکانی و، چوارچێوەی واتاو مەبەستەکانیمان لەبەر چاو بێ.

پێناسەی سووڕەتی (نوح)و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ئەم سووڕەتە تەنیا بە ناوی (**سُوَرة نُوح**) ناسراوە، هەرچەندە پێشەوا بوخاریی لە صەحیحەکەی خۆی لە: (**کتاب التفسیر**)دا، بەناوی: (**سُورَةُ إِنَّا أَرْسَلْنا نُوحَاً**) هێناویەتی، بەڵام ناوی باوی هەر (**سُوَرة نُوح**)ە، صەڵات و سەلامی خوا لەسەر نووح و لەسەر تێکڕای پێغەمبەرانی برای بێ.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بە یەکدەنگیی زانایان، ئەم سووڕەتە لە مەککە دابەزیوەو، سووڕەتێکی مەککەییە.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکان:

ژمێرەرانی ئایەتەکانی قورئان، سێ ژمارەیان بۆ ئایەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە داناون:

أ- ئەهلی مەککەو مەدینە گوتوویانە: سیی (٣٠) ئایەتە

ب- ئەهلی بەصراو شام گوتوویانە: بیست و نۆ (٢٩) ئایەتە.

ج- ئەهلی کووفەش گوتوویانە: بیست و هەشت (٢٨) ئایەتە، لە موصحەفەکانی لای ئێمەدا، ژمارە بیست و هەشت (٢٨) تەبەننیی کراوە، بۆیەش وا دەڵێم، چونکە لە هەندێك لە موصحەفەکانی دی، کە لە هەندێ وڵاتانی دیکەی ئیسلامیی دا چاپ دەکرێن، ڕەنگە ژمارە سیی (٣٠)، یان ژمارە بیست و نۆ (٢٩) هەبێ، ئەگەر کەسێك موصحەفێکی بینی و تێیدا ئایەتەکانی سوورەتی نووح بە سیی (٣٠) ئایەت، یان بە بیست و نۆ (٢٩) ئایەت، دانرابوون، با پێی وانەبێ شتێك زیاد کراوە، بەڵکو جیاوازیی لە ژمارەی ئایەتەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ کورتیی و درێژیی ڕستەکانی قورئان بە بۆچوونی زانایان، یەکێکیان پێی وایە دەبێ لێرە بوەستی، یەکێکی دیکە دەڵێ: نەخێر دەبێ چەند وشەیەکی دیکە بڕۆی ئنجا بوەستی، بۆیە جاری وایە ئایەتێك لە لای زانایەك دەبێتە دوو ئایەت، ڕستەیەك دەبێتە دوو ئایەت، لە لای زانایەکی دیکەش دەبێتە یەك ڕستەو یەك ئایەت.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

ئەم سوورەتە لە موصحەفدا، ژمارە حەفتاو یەك (٧١)ەو، لە دابەزیندا ژمارە حەفتاو سێ (٧٣)یە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە بە هەر بیست و هەشت (٢٨) ئایەتەکەیەوە، واتە: لە ئایەتی یەکەمەوە تاکو کۆتایی، باسی بەسەرهاتی نووح عليه السلام لەگەڵ گەلەکەیدا

دەکات، هەرچەنده بەسەرهاتی نووح عليه السلام لە زۆر سوورەتاندا هاتوە، - بۆیەش سوورەتەکە بەناوی (نوح)ەوە، ناو نراوە - چونکە لەم سوورەتەدا، نووح عليه السلام وەك ڕاپۆرتی خۆ خوێندنەوەو بەسەرهاتی خۆگێڕاندنەوە دەدوێ، وردەکاریی زۆری لە بارەی بانگکردنی بۆ گەلەکەی بەرەو لای خواو ئایین و بەرنامەی خواو، هەڵوێستی نەرێنییانەو کەللەڕەقانەو عینادییانەی گەلەکەی خستۆتە ڕوو، سەرەنجامیش چۆنیەتیی فەوتێندرانیان باسکراوەو، بە پاڕانەیەکی توندو گشتگیری نووح عليه السلام کۆتایی هێنراوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئێمە چوار تایبەتمەندییمان بۆ ئەم سوورەتە هاتوونە بەرچاو:

تایبەتمەندیی یەکەم: تەنیا لەم سوورەتەدا نووح عليه السلام بەو جۆرە هەواڵی خۆی و گەلەکەی بەو وردەکارییە گێڕاوەتەوە، لە هەموو قورئاندا تەنیا لەم سوورەتەدا، نووح عليه السلام ئاوا بە درێژیی بەسەرهاتی خۆی گێڕاوەتەوە، خوا تعالى ڕاستەوخۆ لە زاری نووحەوە عليه السلام بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ گەلەکەیدا: چی پێگوتوون و، چەند خۆی لەگەڵ ماندووکردوون و، بە چەند جۆر دواندوونی و، ئەوان چەند کەللەڕقبوون و، سەرەنجام چۆن فەوتاون؟ تەنیا لەم سوورەتەدا بەم شێوەیە هاتوە.

تایبەتمەندیی دووەم: تەنیا لەم سوورەتەدا ناوی ئەو پێنج بتە هاتوە، کە گەلی نووح عليه السلام پەرستوویانن: (ودًّ، سُواع، يَغُوث، يَعُوق، نَسْر) لە ئایەتی: ﴿ وَقَالُوا۟ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ ﴾دا.

تایبەتمەندیی سێیەم: تووك و نزای نووح عليه السلام لەگەلەکەی کە خوا لە بەینیان بەرێ و قڕەبڕیان بکات، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، لە ئایەتی ژمارە (٢٦)دا: ﴿ وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ دَيَّارًا ﴾، واتە: نووح عليه السلام گوتی: پەروەردگارم! ماڵنشینێك لە بێبڕوایان مەهێڵە، واتە: تاقیان لێ ببڕە، قڕەبڕیان بکە.

تایبەتمەندیی چوارەم: چەند وشەو تەعبیرێك تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

١- ﴿ جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُمۡ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ ﴾، لە ئایەتی ژمارە (٧)دا، پەنجەکانیان خستنە گوێیەکانیان، کە مەبەست پێی سەرە پەنجەکانیانن، (جَعَلُوا أَنَامِلَ أَصَابِعِهِم فِي آذانهم) (أَنَامِل) کۆی (أَنْمُلة)یە، واتە: سەرەپەنجە، ئەگەرنا هەموو پەنجە ناچێتە نێو گوێ، بەڵام لێرەدا بۆ زێدەڕۆیی پێشاندانی ئەوان لە گوێ نەگرتندا، وەك بڵێی هەموو پەنجەکەیان خستبێتە گوێیان تاکو گوێیان لە هیچ شتێك نەبێ.

٢- ﴿ وَٱسۡتَغۡشَوۡاْ ثِيَابَهُمۡ ﴾، لە هەمان ئایەتی ژمارە (٧)دا، داوایان لە پۆشاکەکانیان کرد دەم و چاویانی پێدابپۆشن، یانی: دەم و چاویان داپۆشی بەپۆشاکەکانیان.

٣- ﴿ وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا كُبَّارٗا ﴾، لە ئایەتی ژمارە (٢٢)دا، (كُبَّارًا) واتە: زۆر گەورەو زەبەلاح، (كَبِيْر) گەورەیە (كِبَار) گەورەترە، بەڵام (كُبَّار) واتە: زۆر زەبەلاح، یانی: پیلانێکی زەبەلاحیان گێرا.

١- وشەی ﴿ دَيَّارًا ﴾، (دَيَّار) لە ئایەتی ژمارە (٢٦)دا، دەگوترێ: (مَا فِي الدَّار مِنْ دَيَّار) (دَيَّار) کەسێکی ماڵنشین، کەسێك لە شوێنێدا نیشتەجێیە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:

کۆی بیست و هەشت(٢٨) ئایەتەکەی ئەم سورەتە بۆ دوو دەرس دابەش دەکەین:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی (١ - ٢٠)، باسی نێردرانی نووح عليه السلام بۆ لای گەلەکەی و، وردەکاریی چۆنیەتیی بانگکردنی بۆیان.

دەرسی دووەم: هەشت ئایەتی کۆتایی: (٢١ - ٢٨)، باسی گەیشتنە بنبەستی نووح عليه السلام لەگەڵ گەلەکەیداو، سەرەنجام پاڕانەوەی لە خواو، تووککردنی لە گەلە یاخییەکەی، کە قڕەبڕیان بکات و تاکیان لێ نەهێڵێ، پاشان پاڕانەوەی لەخوا بۆ خۆی و باب و دایکی و بڕوادارانی پیاو و ئافرەت، کە لێیان ببوورێ.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە بیسـت (٢٠) ئایەتی سـەرەتای سـوورەتی نـووح ﷺ، پێکهاتوە، ئایەتـەکانی: (١ - ٢٠) کـە تێیانـدا خـوای زانـاو شـارەزا، بـاسی نـاردنی نـووح ﷺ بۆ لای گەلەکـەی و، گەیانـدنی پەیامـی خوا پێیـان، دەکات، خوا ﷻ ئـەوە دەخاتەڕوو کە نووح بـە گەلەکـەی دەڵـێ: ئـەی گەلەکـەم! مـن بـۆ لای ئێـوە ترسـێنەرو وریاکەرەوەیـەکی ئاشـکرام، یاخـود: ڕوونکـەرەوەم، هەمـوو شـتێکتان بـۆ ڕووندەکەمـەوە، هاتـووم پێتان ڕابگەیەنـم کـە بەندایەتیـی بـۆ خـوا بکـەن و پارێـزی لـێ بکـەن و، فەرمانبەریـی مـن بکـەن، بۆیـەش پێویسـتە فەرمانبەریـی نـووح ﷺ بکـەن، تاکـو هـەم بەندایەتیـی کـردن بـۆ خوایـان لـێ حاڵیـی بـکات، هـەم پارێزکاربـوون لـە خزمـەت خوادایـان فێـر بـکات، ئنجـا پێشـیان ڕابگەیەنـێ: ئەگـەر ئێـوە وابکـەن، خـوا لـە گوناهەکانتـان دەتانبـوورێ، دواشـتان دەخـات بـۆ کاتێـکی دیارییکـراو، واتـە: بـە بـەڵای ناگەهـان[1] لەبەینتـان نابـات و، دەتانهێڵێتـەوە تاکـو بەمـردنی ئاسـایی خۆتـان دەمـرن، چونکـە کاتێـك کـە خـوا دایناوە بـۆ فەوتانـدنی گەلـە یاخییـەکان، دواناکـەوێ و لـە ژوانگـەی خۆیـدا دێتـە دی، ئەگـەر ئێـوە بزانـن.

ئنجـا نـووح ﷺ بـۆ خـوای پـەروەردگاری دەگێڕێتـەوە، هەڵبەتـە خـوا ﷻ بـە هەمـوو شـتێك زانایـە، بـەڵام خـوا ﷻ لێـرەدا هـەر لەسـەر زاری نـووح چۆنیەتیـی بانگکـردنی بـۆ گەلەکـەی دەگێڕێتـەوە، تاکـو هـەم بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺ و هـەم بـۆ ئۆممەتەکـەی ببێتـە سـەر مەشـق و دەرس و پەنـد وەربگـرن، لەچۆنیەتیـی بانگکـردنی نـووح ﷺ بـۆ گەلەکـەی، ئـەو هەمـوو سـەبرو پشـوو درێژیـی و تەحەممولـەی لەگەڵیانـدا نواندوویـەتی، دەڵێ: پـەروەردگارم! مـن گەلەکەی خۆمـم بەشـەو و ڕۆژ بانـگ کـرد، کۆمەڵگایەکـەی خۆمـم شـەو و ڕۆژ بانگکـرد، بـەڵام

---

(١) ناگهان: کت و پڕ و لەناکاو، وشەیەکی فارسییە و کوردێنراوە.

بانگکـردنی مـن، هـەر ڕاکـردنی تێـدا زیـاد دەکـردن، کاتێـك بانگـم دەکـردن کـە تـۆ لێیـان ببـووری ئـەی خوایـە! ئەوانـە پەنجـەکانی خۆیـان دەخسـتە گوێیەکانیـەوەو، بـە پۆشاکەکانیشـیان دەم و چـاوی خۆیـان دادەپـۆشی و، هـەر مکـوڕ بـوون و خۆبەزلگربـوون، بەخۆبەزلگرییـەکی تایبـەت، دوایـی مـن بـە ئاشـکرا بانگمکـردن، ئنجا جـاری وا هەبـوو بـە دەنگـی بـەرز بانگـم دەکـردن و جـاری وا هەبـوو بـە چپـە (بـە دەنگـی کـپ) بانگـم دەکـردن، دەمگـوت: داوای لێبـوردن لـە پەروەردگارتـان بکـەن ئـەو زۆر لێبوردەیـە، ئەگـەر ئێـوە داوای لێبـوردن لـە پەروەردگارتـان بکـەن و بگەڕێنـەوە بـۆ لای، خـوا ئـاوی بـە خورزەمتـان لەسـەرێوە بەسـەردا دەبارێنـێ، (لـە شـێوەی بـاران و بەفـرو تـەرزەدا) و مـاڵ سـامانتان بـۆ زیـاد دەکات، وەچـەو ڕۆڵەکانتـان بـۆ زیـاد دەکات و، باخانتـان بـۆ دەرەخسـێنێ و، ڕووبـار گـەل و جۆگـەو جۆبارتـان بـۆ دەرەخسـێنێ، هەروەهـا پێمگوتـن: بۆچـی مەزنیـی بـۆ خوا بڕیـار نادەن و، بۆچـی بـە ئومێـدی ئەوەنیـن خـوا بـە مەزنیـی خـۆی لەگەڵتانـدا مامەڵـە بـکات، لـە حاڵێکـدا ئێـوەی بـە چەنـد قۆناغانـدا تێپەڕانـدوە؟ ئایـا نابینـن خـوا چـۆن حـەوت ئاسـمانی چیـن بەچینـی لەسـەرتانەوە هێناونـە دی و، مانگـی تێـدا گێڕاون بە ڕۆشـنایی و، خـۆری تێـدا کـردوون بـە چـراو، خـوا ئێـوەی لـە زەویـدا ڕوانـدوەو پێگەیانـدوە، دواییـش دەتانگێڕێتـەوە بـۆ نێـو زەوی و جارێکـی دیکـەش لـەوێ دەرتاندێنێتـەوە لـە ڕۆژی دواییـدا، هەروەهـا خـوا زەوی وەك فەرشـێك بـۆ ڕاخسـتوون، تاکـو لـە کەلێـن و بۆشـایی و قەدپاڵەکانیـدا، ڕێ و بانـان بـۆ خۆتـان دروسـت بکـەن، ئیـدی بـەو شـێوەیە نـووح ﷺ لـە سـەر بانگکـردنی گەلەکـەی بـەردەوام بـووە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرۡ قَوۡمَكَ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ (١) قَالَ
يَٰقَوۡمِ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ (٢) أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ (٣) يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ
وَيُؤَخِّرۡكُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُۚ لَوۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (٤) قَالَ رَبِّ إِنِّي
دَعَوۡتُ قَوۡمِي لَيۡلٗا وَنَهَارٗا (٥) فَلَمۡ يَزِدۡهُمۡ دُعَآءِيٓ إِلَّا فِرَارٗا (٦) وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوۡتُهُمۡ لِتَغۡفِرَ
لَهُمۡ جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُمۡ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَٱسۡتَغۡشَوۡاْ ثِيَابَهُمۡ وَأَصَرُّواْ وَٱسۡتَكۡبَرُواْ ٱسۡتِكۡبَارٗا (٧) ثُمَّ
إِنِّي دَعَوۡتُهُمۡ جِهَارٗا (٨) ثُمَّ إِنِّيٓ أَعۡلَنتُ لَهُمۡ وَأَسۡرَرۡتُ لَهُمۡ إِسۡرَارٗا (٩) فَقُلۡتُ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ
إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارٗا (١٠) يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا (١١) وَيُمۡدِدۡكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ
جَنَّٰتٖ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ أَنۡهَٰرٗا (١٢) مَّا لَكُمۡ لَا تَرۡجُونَ لِلَّهِ وَقَارٗا (١٣) وَقَدۡ خَلَقَكُمۡ أَطۡوَارًا (١٤) أَلَمۡ تَرَوۡاْ
كَيۡفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗا (١٥) وَجَعَلَ ٱلۡقَمَرَ فِيهِنَّ نُورٗا وَجَعَلَ ٱلشَّمۡسَ سِرَاجٗا (١٦)
وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتٗا (١٧) ثُمَّ يُعِيدُكُمۡ فِيهَا وَيُخۡرِجُكُمۡ إِخۡرَاجٗا (١٨) وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ
ٱلۡأَرۡضَ بِسَاطٗا (١٩) لِّتَسۡلُكُواْ مِنۡهَا سُبُلٗا فِجَاجٗا (٢٠) ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، ئێمە نووحمان بۆ لای گەلەکەی نارد، کە گەلەکەت بترسێنەو وریایان بکەوە، بەر لەوەی ئازارێکی بە ئێشیان بۆبێ (١) (نووح عليه السلام) گوتی: ئەی گەلەکەم! من بۆ ئێوە ترسێنەرو وریاکەرەوەیەکی ڕوونم (٢) (هاتووم پێتان بڵێم:) کە خوا بپەرستن و پارێزی لێبکەن و فەرمانبەریم بکەن (٣) (خوا) لە گوناهەکانتان دەتانبووڕێ و بۆ کاتێکی ناوبراو دواتان دەخات، بە دڵنیایی کاتی دیارییکراوی خوا (بۆ سزادانتان) هەرکات هات، دواناخرێ،

ئەگـەر زانیباتـان (ئیمانتـان دەهێنـا) ﴿٤﴾ (نـووح ﷺ) گـوتی: پـەروەردگارم! مـن بـە شـەوو ڕۆژ بانگـی گەلەکەمـم کـرد (بـۆ لای تـۆ) ﴿٥﴾ کەچـی بانگکردنـم تەنیـا ڕاکـردن (و دوورکەوتنـەوە)ی تێـدا زێدەکـردن ﴿٦﴾ هـەر کاتێکیـش بانگـم دەکـردن تاکـو لێیانببـوورێ، پەنجەکانیـان دەخسـتنە گوێیەکانیانـەوەو بـە پۆشـاکەکانیان (ڕووی) خۆیـان داپۆشـی و (لەسـەر کوفـر) مکـوڕ بـوون و بەخۆبەزلگرتنێکی بێـڕەزا خۆیـان بەزلگـرت ﴿٧﴾ دوایـی مـن بـە دەنگـی بـەرز بانگـم کـردن ﴿٨﴾ پاشـان (بانگکردنەکـەم) بـۆ ئاشـکراکردن، هەروەهـا (بانگکردنەکـەم) بـە پەنهانکـردن بـۆم پەنهـان کـردن ﴿٩﴾ پێمگوتـن: داوای لێبـوردن لـە پەروەردگارتـان بکـەن، بێگومـان ئـەو هـەر لێبـورده بـووه ﴿١٠﴾ (ئەگـەر وابکـەن کـە پێمگوتـن) (ئـاوی) ئاسـمانتان بـە خـورزەم بەسـەردا دەبارێنـێ ﴿١١﴾ هەروەهـا مـاڵ و سـامانەکان و کوڕانتـان پێـدەدات (و بـۆ زۆر دەکات) و باخـان و (جۆگـەو) ڕووبارتـان بـۆ دەڕەخسـێنێ ﴿١٢﴾ چیتانـە ئومێـدەوار (و بـڕواداری) مەزنیـی و شـکۆنین بـۆ خـوا! ﴿١٣﴾ لـە حاڵێکـدا جـاردوای جـار، (قۆنـاغ قۆنـاغ)، دروسـتیکردوون؟ ﴿١٤﴾ ئایـا (بـە عەقـڵ و دڵ) نەتاندیـوە چـۆن خـوا حـەوت ئاسـمانی چیـن چینـی دروسـتیکردوون ﴿١٥﴾ مانگیـشی تێـدا ڕوونـاك (و تریفـەدار) کـردوون و، خۆریـشی گێـڕاوە بـە چـرا! ﴿١٦﴾ هەروەهـا خـوا ئێـوەی بەڕوانـدن لـە سـەر زەوی ڕوانـدوە ﴿١٧﴾ دوایـش دەتانگێڕێتـەوە نێـوی (و دواتریـش) بەدەرهێنانەوەیـەك (ی سەرسـوڕهێنەر) دەرتاندێنێتـەوە ﴿١٨﴾ هەروەهـا خـوا زەوی بـۆ کردوونـە (ڕایـەخ و بـۆی پـان ڕاخسـتوون) ﴿١٩﴾ تاکـو ڕێیـە فراوانـەکانی تێـدا بگرنەبـەر (بـۆ کارو کاسـبیی و گـوزەران پێیانـدا بـڕۆن) ﴿٢٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَجَلٍ): (الأَجَـلُ: المُـدَّةُ المَضْرُوبَـةُ لِـشَيءٍ)، (أجـل) یـانی: کاتێـك کـە دیاریکـراوە بـۆ شـتێك، (أَجَلْتُـهُ: جَعْلَـتُ لَـهُ أَجَـلاً)، (أَجَلْتُـهُ)، واتـە: کاتێکـی دیاریکـراوم بـۆ دانـا، (الأجَـلُ: المُـدَّةُ المَضْرُوبَـةُ لِحَيَـاةِ الإنْسَـان)، هەروەهـا (أجَـل): ئـەو کاتەیـە کـە بـۆ ژیانـی مـرۆڤ دانـراوە، دەگوتـرێ: ئەجەلـی هـات، واتـە: ئـەو کاتـەی بـۆ کۆتایـی ژیانـی مـرۆڤ دانـراوە، هـات.

(مُّسَمًّى): (المُقَـدَّر: المُعَـيَّن)، (مُسَـمَّى)، بـە مانـای ناوبـراو دێ، بـەڵام لێـرەدا یـانی: دیاریکـراو، ئەندازەگیریـی کـراو.

(فِرَارًا): (أَصْـلُ الفَـرِّ: الكَشْـفُ عَـنِ سِـنِّ الدَابَّـةِ، وَالإفْـتِرَارُ: ظُهُـورُ السِـنِّ مِـنَ الضُّحْـكِ، وَفَـرَّ مِـنَ الحَـرْبِ فِـرَاراً)، وشـەی (فَـرّ) لـە ئەصڵـدا دەرخسـتنی ددانـی ئاژەڵـە، بزانـێ ددانـی مـاون، یـان بـە پێـی ددانەکانـی تەمەنەکـەی دیاریـی بکـرێ، بـۆ کەسـانی شـارەزا، (إفْترَار): بریتیـە لـە دەرکەوتنـی ددان لـە ئەنجامـی پێکەنینـدا، ئنجـا لـەوەوە خوازراوەتـەوە بـۆ: (فَـرَّ مِـنَ الحَـرْبِ فِـرَاراً)، وەك چـۆن ددان دەردەکـەوێ لـە کاتـی پێکەنینـدا، کاتێـك کەسـێکیش لـە جەنـگ ڕادەکات و شـوێنەکەی، خـۆی چـۆڵ دەکات، شـوێنەکەی خـۆی کـە تاکـو ئێسـتا داپۆشـیوە، کەشـفی دەکاو دەری دەخـات.

(وَٱسْتَغْشَوْاْ ثِيَابَهُمْ): بـە پۆشـاکەکانیان خۆیـان داپۆشـی، کـە مەبەسـت پێـی دەم و چـاوە، (الغِشَـاوَةُ: مَـا يُغَطَّـى بِـهِ الـشَّيء)، (غِشَـاوَة): هـەر شـتێکە شـتێکی پـێ دا بپۆشرێ، کەواتـە: (وَٱسْتَغْشَوْاْ ثِيَابَهُمْ)، یانـی: (جَعَلُوْهَـا غِشَـاوَةً عَـلَى أَسْـمَاعِهِمْ، وَذَلِـكَ عِبَـارَةٌ عَـنِ الإمْتِنَـاعِ مِـنَ الإصغَـاء)، پۆشـاکەکانیان لەسـەر گوێیـەکان کردنـە داپۆشـەر کـە مەبەسـت پێـی گـوێ نەگرتنـە، بـەڵام: (وَٱسْتَغْشَوْاْ ثِيَابَهُمْ)، زیاتـر مەبەسـت پێـی دەم و چـاو داپۆشـینە، کـە بێگومـان گوێـش و چاویـش دەدەگرێتـەوە.

(وَأَصَرُّواْ): (الإِصْرَارُ: التَّعَقّـدُ فِي الذَّنْـبِ وَالتَّشَـدُّدِ)، (إِصْرَار): بریتیـە لـەوەی مـرۆڤ بـە توندیـی و سـەختیی گوناهـو تـاوان بگـرێ و بـەری نـەدات، (والإصرار: الإِمْتِنَـاعُ عَـنِ الإِقْـلَاعِ عَنْـهُ، وَأَصْلُـهُ مِـن الـصَّرّ وهـو الشـدّة، والـصُّرَّة: مَـا يُجْعَـلُ فِيْهَـا الدَّرَاهِـم)، (إِصْرَار): بریتیـە لـەوەی مـرۆڤ سـەختگیریی بـکا لـە گوناهـو تاوانێکـداو، ئامـادە نەبـێ دەسـتی لـێ هەڵبگـرێ، وشـەی (إِصْرَار) لـە (صَرّ)ەوە هاتـوە، یانـی: (شَـدَّة)، توندیـی، (صُرَّة)ش پرێسـکەیەکە درەم و دراوی تـێ هاویشـتراوەو تونـد بەسـتراوە.

(جِهَارًا): (يُقَـالُ لِظُهُـورِ الـشَّيءِ بِإِفْـرَاطِ حَاسَّـةِ البَـصَرِ أو حَاسَّـةِ السَّـمْعِ: جَهْـر)، وشـەی (جَهْـر): بەکاردەهێـنرێ بـۆ دەرکەوتنـی شـتێك بـە هەسـتی بینیـن، یان بیسـتن، واتـە: دەنگێکـی بـەرز، یاخـود ڕەنگێکـی زەق.

(إِسْرَارًا): (الإِسْرَارُ: خِـلَافُ الإِعْـلَانِ)، (إِسْرَار)، واتـە: دەنگـی پەنهـان، دەنگـی کـپ، پێچەوانەی (إِعْلَان)ە، واتە: ئاشکرا کردن.

(مِّدْرَارًا): (أَصْلُـهُ مِـنَ الـدَّرِّ وَالـدِّرَّةِ: اللَّـبَنِ وَيُسْـتَعَارُ لِلْمَطَـرِ)، وشـەی (مِـدْرَار)، لـە ئەصڵـدا لـە (دَرّ)ەوەو لـە (دِرَّة)وە هاتـوە، (دَرّ ودِرَّة)، هەردووکیـان بـە مانـای شـیرن (شـیر کـە لـە گوانـی ئـاژەڵ دێتـە دەرێ، بـە خـورزەم و فیچقـە دێتـە دەرێ)، دوایـی خوازراوەتـەوە بـۆ بـاران (یـانی: ئـەو ئـاوەی لـە سـەرێوە دادەبـەزێ)، هەرچەنـدە ئـەو دەڵـێ: (لِلْمَطَـر)، بـەڵام ئاشـکرایە (مَطَـر)، یەکێکـە لـە سـێ جۆرەکانـی ئاوێـك کـە لـە ئاسـمان دێتـە خـوارێ، کـە بـاران و بەفـرو تـەرزەن، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هەندێـك لـە ڕوونکەرەوانـی قورئـان، ئـەو شـوێنانەی لێیـان بـوون، تەنیـا بارانیـان بینیـوەو، بەفـر (ثلج)یـان نەبینیـوە، ڕەنگـە تـەرزە (بَرَدْ)یشـیان کەمـتر بینیبـێ، بـەس باسـی بارانیـان کـردوە، ئەگەرنـا ئـەوەی خـوا لـە قورئانـدا باسـی دەکات دەفەرمـوێ: ئـاو، ﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ ﴿١٨﴾ ﴾المؤمنـون، یـان لێـرە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مِّدْرَارًا ﴾، بـە دڵنیایـی هـەم بەفـر دەگرێتـەوە، هـەم بـاران و تـەرزەش دەگرێتـەوە.

(تَرْجُونَ): (الرَّجَـاءُ: ظَـنٌّ يَقْتَـضِي حُصُـولَ مَـا فِيْـهِ مَـسَرَّة)، (رَجَـاءُ): بـە کوردیـی دەڵێـن: ئومێـد، گومانێکـە خوازیـاری ئەوەیـە شـتێك کـە دڵخۆشـیی تێدایـە پەیدابـێ، (وَالرَّجَـاءُ وَالخَـوْفُ يتَلازَمَـان)، ئومێـدو ترسـیش پێکـەوە پەیوەسـتن، بۆیـە لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مَا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا ﴿١٣﴾ ﴾، هەندێـك لـە زانایـان (رَجَـاءُ) یـان بـە (خَـوْف) لێکداوەتـەوەو گوتوویانـە: (لِمَاذَا لَا تَخَافُـونَ للـه عَظَمَـةً)، بۆچـی لـە مەزنیـی خـوا ناترسـن، بـەڵام ئێمـە بـە جۆرێکـی دیکـە مانامـان کـردوە.

(وَقَارًا): (الوَقَـارُ: السُّكُونُ وَالحِلْـمُ)، (وَقَـار): بریتیـە لـە ئارامیـی و هێدیـی و مەندیی، دەگوتـرێ: (هُـو وقُـورٌ أي: لَـهُ وَقَـارٌ وَوِقَـارٌ)، (وَقُـوُر): کەسـێکە هێدیـی و مەنـدەو بـە هەڵپـە نیـە، کەواتـە: ﴿ مَا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا ﴿١٣﴾ ﴾، بۆچـی ئـەو حاڵەتـی نەگۆڕانـی خـوای بـەرز، حاڵەتـی هێدیـی و مەندیـی خـوا، پێـی ئومێـدەوار نیـن؟ بۆچـی ناترسـن لـە مەزنیـی خـواو لـە پایـە بەرزیـی خـوا، ئاوایـان لێکداوەتـەوە: (مَـا لَكُـمْ لاَ تَخَافُـوُن للـه عَظَمَـةً)، بۆچـی لـە مەزنیـی خـوا ناترسـن و بێباکـن؟

(أَطْوَارًا): (أَطْـوَراً جَمْـعُ طَـور أي: طَـوْرَاً بَعْـدَ طَـوْر، تَـارَةً بَعْـد تَـارَة، يُقَـالُ عَـدَا طَـوْرَهُ: تَجَـاوَزَ حَـدَّهُ)، (أَطْـوار) کـۆی (طَـور)ە، کەواتـە: (أَطْـوَراً: طَـوْرَاً بَعْـدَ طَـوْر)، (طَوْر)یـش بـە مانـای جـار دێ، جـار لـە دوای جـار، یـان قۆنـاغ دوای قۆنـاغ، دەگوتـرێ: (عَـدَا طَـوْرَهُ: تَجَـاوَزَ حَـدَّهُ)، لـە سـنووری خـۆی دەرچـوو، سـنووری خـۆی بەزانـد.

(طِبَاقًا): (المُطَابَقَـةُ: جَعْـلُ الـشَّيءِ فَـوْقَ آخَـر بِقَـدَرِه)، (مُطَابَقَـةٌ): بریتیـە لـە شـتێك لەسـەر شـتێك بـێ بـە ئەنـدازەی ئـەو، واتـە: چیـن لەسـەر چیـن، دەگوتـرێ: (طَابَقْـتُ النَّعْـلَ)، واتـە: نەعلەکـەم پێکەڵپێـك کـرد، یانی: دوو پێڵاوەکـەم لەسـەر یەکـدی دانـان و جووتـم کـردن، کەواتـە: (طِبَـاق)، یـانی: چیـن لەسـەر چیـن.

(سِرَاجًا): (الـسِّرَاجُ: الزَّاهِـرُ بِفَتِيْلَـةٍ وَدُهْـنٍ، وَيُعَـبَّرُ بِـهِ عَـنْ كُلِّ مُـضِيء)، (سِرَاج): بریتیـە لـە چرایـەك کـە فتیلەیەکـی هەیـەو ڕۆنـی تێدەکـرێ، {کاتـی خـۆی ڕۆن زەیتیـان تێکـردوە،

ئێستا نەوتی تێدەکرێ، یان شتی دیکەی تێدەکرێ و دەسووتێ)، ئنجا هەر شتێك ڕووناکیی و تیشکی هەبێ، پێی دەگوترێ: (**سِرَاج**)، لێرەشدا بە مانای خۆرە.

(بِسَاطًا): (**بَسَطَ الشَّيءَ: نَشَرَهُ وَوَزَّعَهُ**)، شتەکەی بڵاوکردەوەو دابەشی کرد، (**البَسْطُ: النَّشْر وَالتَّوْزِيْع**)، (**بسط**) بڵاوکردنەوەو دابەشکردنە، (**البِسَاطُ وَالمَبْسُوط**)، (**بِسَاط**): مەبەست پێی (**مَبْسُوط**)ە، تاکو شتێکی پانڕاخراو کە زەوییە.

(لِّتَسْلُكُوا۟ مِنْهَا): (**السُّلُوكُ: النَّفَاذُ فِي الطَّرِيْق**)، (**سُلُوك**): بریتیە لە چوونە نێو ڕێ، بە ڕێدا ڕۆیشتن، کەواتە: (لِّتَسْلُكُوا۟ مِنْهَا)، واتە: بەو زەوییەدا بڕۆن، (**سُبُل**)یش کۆی (**سَبِيْل**)ە، یانی: ڕێ.

(فِجَاجًا): (**فِجَاج**)، کۆی (**فَجّ**)ە، (**الفَجُّ: شَقٌّ يَكْتَنِفُهُ جَبَلاَنِ، وَيُسْتَعْمَلُ فِي الطَّرِيْقِ الوَاسِع**)، (**فَجّ**): بریتیە لە دابڕاوەییەك دەکەوێتە نێوان دوو چیایانەوە، یان دوو گردانەوەو بەرکادەهێنرێ بۆ ڕێی فراوان، واتە: ڕێیەك کە دەکەوێتە نێوان دوو چیایانەوە، ڕێیەکی فراوان پێی دەگوترێ: (**فَجّ**) و بە (**فِجَاج**) کۆ دەکرێتەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێـــــزان!

خــوا ﷻ لــەم ســوورەتەدا بــاسی بەســەرهاتی نــووح ﷺ دەکات، بەســەرهاتی نــووح ﷺ لــە قورئانــدا لــە زۆر شــوێناندا هاتــوەو، ئێمــە درێــژەی بەســەرهاتی نــووح ﷺو گەلەکەیـمان لـە کاتی تەفسـیر کردنـی سـوورەتی (هـود)دا خسـتەڕوو، ئەگـەر لێـرە خـوای پـەروەردگار لـە دوو توێـی بیسـت و هەشـت (٢٨) ئایەتـدا بـاسی بەسـەرهاتی نـووح ﷺ دەکات لەسـەر زمـانی خـۆی، لـەویٚ لـە دوو توێـی بیسـت و پێنـج (٢٥) ئایەتـدا، کـە پانتاییەکـەی گرتوویانەتـەوە، لـە هـی ئـەو بیسـت و هەشت ئایەتـەی ئێـرە زیاتـرەو، لـەویٚ قۆنـاغ بـە قۆنـاغ بەسـەرهاتی نـووح ﷺ خراوەتـە ڕوو، بۆیـە ئێمـە درێـژەی گێڕانـەوەی بەسـەرهاتی نـووح و گەلەکەیـمان خسـتۆتە تەفسـیری سـوورەتی (هـود)ەوە.

بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا خـوا ﷻ بـاسی دەکات، ئەوەیـە کـە لەسـەر زمـانی خـودی نـووح ﷺ، چـی لـە نێـوان ئـەوو و گەلەکەیـدا گـوزەراوە، خـوا ﷻ دەیخاتـەڕوو، چـۆن بانگـی گەلەکـەی خـۆی کـردوە، بـە هەمـوو شـێوازێك و هەوڵـی لەگـەڵ داون و، چاکـەو نیعمەتـەکانی خـوای بیرخسـتوونەوەو ویسـتوویەتی لـە هەمـوو دەروازانـەوە، ئیـمان و پەیامـی خـوا بخاتـە نێـو عەقـڵ و دڵیانـەوە، بـەڵام ئـەوان هـەر کەللـەڕەق و نەسـەلمێن بـوون و، لەسـەر بتپەرسـتیی خۆیـان بـەردەوام بـوون، واتـە: ئـەوەی لێـرەدا خـوا ﷻ خسـتوویەتە ڕوو لــە بـارەی نووحــەوە ﷺ، وا دێتــە بەرچـاو، وەك چـۆن کەسـێك دەنێـردرێ بـۆ ئەنجامـدانی کارێـك، ئەویـش دوای ئـەوەی زۆر بەجیددیـی ئـەو کارە ئەنجـام دەدات، دوایـی دێتـەوەو ئـەو کەسـەی ناردوویـەتی، بەسـەرهاتەکەی بـۆ دەگێڕێتـەوە، ئـەوەی بەسـەری هاتـوە، ئـەو چـی کـردوەو، چـۆنی کـردوەو، بەرانبـەرەکانی چۆنیـان کـردوە؟ بـاسی دەکات.

بەکورتیی و بەکوردیی دەتوانین بڵێین:

ئــەوەی ئێــرە وەك خوێندنــەوەی ڕاپۆرتــە لــە لایــەنی نووحــەوە (عليه السلام) بــۆ خــوای پــەروەردگار، کــە ئــەی خــوای زانــاو شــارەزا! خــۆت زاناتــری، ئــەو ئەرکــەت بــە مــن سپاردو، منیـش ئـاوام کـردوە و ئـاوام گوتوەو، بەو شـێوەیە مامەڵـەم لەگـەڵ گەلەکەمدا کـرد، ئەوانیـش ئاوایـان گـوت و، ئاوایـان کـردو، سـەرەنجام بـەم شـێوەیە بـوو.

سـەرەتا خـوا (جل جلاله) دەفەرمـوێ: (بِسْــــــــمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)، بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، کە ئەوەش مەبەستی ئەوەیە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

خـوا (جل جلاله) دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّآ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦٓ﴾، بێگومـان ئێمـە نووحـمان بـۆ لای خەڵکەکـەی، بـۆ لای گەلەکـەی، ڕەوان کـرد، (إِنَّا) ئەسـڵی خـۆی (إِنَّنَا)یـە واتـە: بـە دڵنیایـی ئێمـە (نوح)مـان ڕەوان کـرد، ئـەم جەختکردنەوەیـەش، یـان هـەر بـۆ شـێوازی گێڕانـەوەی هـەواڵ و بەسـەرهاتە، یاخـود بـۆ ئەوەیـە هەمـوو کـەس بزانـێ کـە نـووح (عليه السلام) لـە لایـەن خـوای پـەروەردگارەوە نێردرابـوو، ڕەوانکـرا بـوو، وشـەی (قَـوْم)ش، پێشـتریش گوتوومانـە: (الَّذِيْـنَ يَقُومـوُنَ مَـع الإنسـان) ئەوانـەی لەگـەڵ مرۆڤدا هەڵدەسـتن و دادەنیشـن، واتـە: کۆمەڵگایەکـەی، خەڵکەکـەی، ئـەو کۆمەڵـەی لـە نێویانـدا بـووە، ﴿أَنْ أَنذِرْ قَوْمَكَ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، پێـمان ڕاگەیاند: خەڵکەکـەت وریـا بکـەوە، بترسـێنە، (إِنْـذَار) هـەم بەمانـای ئاگادارکردنـەوەو، هـەم بـە مانـای ترسـاندن دێ، چونکـە گوتـراوە: (الإِنْـذَار: إِعْـلَامٌ مَـعَ تَخْوِيْـفٍ)، (إِنْـذَار) بریتیـە لـە ئاگادارکردنـەوە لەگـەڵ ترسـاندن، واتـە: هۆشـدارییان پێبـدەو وریایـان بکـەوە.

ئنجا ئایا لەچییان وریا بکاتەوە؟ لەوەی ئەوان بۆ حیکمەتێك لەم سەرزەوییە دانـدراون و، ئـەم ژیـانی دنیایەیـان بـۆ ئەنجامـدانی ئامانجێـك لـە ژیانیانـدا بـۆ ڕەخسێنراوە، کەواتـە: بـا وریابـن و وریایـان بکـەوە لـەو حیکمـەت و ئامانجـەی بـۆی دروستکراون، کـە دەبـێ لەژیانیانـدا بیهێننـەدی، یاخـود: وریایـان بکـەوەو بیانترسێنە، لـەو سـەرەنجامەی چاوەڕێیـان دەکات، ئەگـەر بەوشـێوەیە نـە ژیـان کـە پەسـندی خـوای پـەروەردگارە، ﴿مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾، بـەر لـەوەی ئازارێـکی بـە ئێشـیان بـۆ بـێ، بێگومـان مەبەسـت لـە ئـازاری بـە ئێـش، ئـازاری دنیایـە، سـزای خوایـە لـە دنیـادا لەسـەر لاملییـان لـە پەیـام و بەرنامـەی خـواو، لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی ئـازاری ڕۆژی دوایـی بـێ، واتـە: ئازاردرانیـان لـە ڕۆژی دوایـی دا.

﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ﴾، نـووح ؑ گـوتی: ئـەی خەڵکەکـەم! ئـەی کۆمەڵەکـەم! مـن بـۆ ئێـوە ئاگادارکـەرەوەو ترسـێنەرێکی ئاشـکرام، یاخـود: مـن بـۆ ئێـوە ئاگادارکـەرەوەو ترسـێنەرێکی ڕوونکـەرەوەو ئاشـکراکەرم، واتـە: ئـەوەی خـوا ﷻ لـە ئێـوەی ویسـتوە، بۆتـان ڕوون دەکەمـەوەو ئاشـکرای دەکـەم، چونکـە (**مُبِيْن**) دەگونجـێ لـە (**أَبَانَ**)ی (لازم)ەوە بـێ، کـە بـە مانـای (**بَانَ**) دێ، وەك دەگوتـرێ: (**بَانَ القَمَرُ**) مانگەکـە دەرکـەوت، دەشـگونجێ لـە (**أَبَانَ**)ی تێپەڕێنـەر (**مُتَعدِّي**)ەوە بـێ، واتـە: بـەرکار بخـوازێ، ئـەو کاتـەش بـە مانـای ڕوونکـەرەوەو ئاشـکراکەر دێ.

﴿أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ﴾، نـووح ؑ ئـەو پەیامـەی خـوا پێیـدا نـاردوە، ئـەو هۆشـدارییپێدانەی خـوا ئـەوی پێـوە پابەنـد کـردوە، کـە بەگەلەکـەی ڕابگەیەنـێ، لـە سـێ وشـەدا کـورت و پوختـی دەکاتـەوە، دەفەرمـوێ: هاتـووم پێتـان ڕابگەیەنـم کـە:

١- بەندایەتیی بۆ خوا بکەن.

٢- پارێز لە خوا بکەن.

٣- فەرمانبەریی منیش بکەن.

بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، واتە: هەموو هەڵسوکەوت و ڕەفتارو هەستان و دانیشتنتان بەو جۆرە بێ، کە خوا پێی خۆشە، ئەوەیە بەندایەتیی بۆ خوا، بەندایەتیی بۆ خوا لە شتێك و دوو شتاندا بەرجەستە نابێ، لە لایەنێك و دوو لایەناندا کورت هەڵنەهاتوە، بەندایەتیی بۆ خوا (**العبادة الله**) واتە: ئەوپەڕی ملکەچیی، کە دەبێ ئەوپەڕی خۆشویستن و، سام لێکردن و، ڕێزگرتن و، بە مەزنگرتن و، بەپاکگرتن و، پشت پێ بەستنیشی لەگەڵدا ئاوێتە بێ، ئەوەش تەنیا شایستەی خوایە.

بەو شێوەیە ژیانتان بگوزەرێنن و بەندەی خوابن، بۆ ئەوەی نەبنە کۆیلەی ئەم و ئەو، بەندایەتیی خۆتان بۆ خوا ساغ بکەنەوە، ﴿وَٱتَّقُوهُ﴾ خۆشتان بپارێزن لە خوا، یانی: خۆتان بپارێزن لە سزای خوا، پارێزکارانە لەگەڵ خوای پەروەردگاردا مامەڵە بکەن، ﴿وَأَطِيعُونِ﴾ گوێڕایەڵیی منیش بکەن، فەرمانبەریيم بۆ بکەن، پەیڕەویی من بکەن، تاکو پێتان پیشاندەم چۆن بەندایەتیی بۆ خوا دەکرێ، چۆن بە پارێزکارییەوە لەگەڵ خوادا مامەڵە دەکرێ؟

﴿يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ﴾، ئەگەر ئێوە واتان کرد، (**مِنْ**) ئەگەر بۆ هەندێك (**بعض**) بێ، واتە: لە هەندێك لە گوناهەکانتان دەتانبووری، ئەو گوناهانەی پەیوەندییان بە نێوان خۆتان و خواوە هەیە، بەڵام ئەو گوناهانەی پەیوەندییان بە نێوان خۆتان و خەڵکەوە هەیە، دەبێ مافەکان بۆ خەڵك ڕەتبکەنەوە، یان گەردنی خۆتانیان پێ ئازاد بکەن، بۆیە فەرموویەتی: ﴿مِّن ذُنُوبِكُمْ﴾، دەشگونجێ (**مِنْ**) بۆ ڕوونکردنەوە (بیان) بێ، ئنجا ئەگەر بۆ ڕوونکردنەوەبێ واتە: خوا لە هەموو گوناهەکانتان دەتانبووری.

﴿وَيُؤَخِّرْكُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾، هەروەها دواتان دەخات بۆ کاتێکی دیارییکراو، کاتێکی ناوبراو، واتە: ئەو کاتەی بە شێوەیەکی ئاسایی تەمەنەکەتان تەواو

دەبێ و دەمرن، ﴿إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُ لَوْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، ئەو کاتەی خوا دیاریکردوە (بۆ فەوتاندن و سزادانی گەل و کۆمەڵگایەك کە لامل و سەرپێچیی کار دەبن)، دواناخرێ، ئەگەر بزانن.

لەڕستەی پێشێدا وشەی (أَجَل) واتە: کاتی مەرگ و مردن، بەڵام هەمان وشە لەڕستەی دواییدا: ﴿إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ﴾ واتە: ئەو کاتەی خوا دیاریی دەکات بۆ فەوتاندن و سزادانی گەل و کۆمەڵگایەك، لەبەر ئەوەی بەدەم بانگی خواوە ناچن. واتە: لەو ئایەتە موبارەکەدا، وشەی (أَجَل) جاری یەکەم بە مانایەك هاتوەو، لەڕستەی دواییدا بەمانایەکی دیکە هاتوە.

ئنجا دەفەرمویٚ: کاتی دیاریکراوی خوا[1]، ئەو کاتەی خوا دیاریی کردوە بۆ سزادانی ئێوە، ﴿لَا يُؤَخَّرُ﴾ دواناخرێ، ﴿لَوْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، ئەگەر ئێوە بزانن، واتە: ئەگەر زانیاریتان هەبووایە، دەتانزانی ئەو کاتەی خوا دیاریی کردوە، دواناخرێ. یاخود: ئەگەر ئێوە زانیباتانەیە کاتی دیاریکراوی خوا دواناخرێ، بڕواتان دەهێناو سەرپێچییتان لە پەیامبەری خوا نەدەکرد.

ئنجا نووح ﷺ دێتە سەر باسی گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی و گەلەکەی، چۆن گەلەکەی خۆی بانگ کردوە، بەشەوو بەڕۆژ، بە ئاشکراو بە پەنهان و، بەهەموو شێوەکان لەگەڵیاندا خەریك بووە کە ئیقناعیان بکات بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلًا وَنَهَارًا﴾، نووح ﷺ، فەرمووی: پەروەردگارم! من کۆمەڵەکەی خۆمم، گەلەکەی خۆمم، بەشەوو بەڕۆژ بانگ کردوون، واتە: بانگم کردوون بۆ لای تۆ، بۆ بەندایەتیی کردن بۆ تۆ، بۆ شێوە ژیانێك کە شایستەی مرۆڤە، شێوە ژیانێکی ڕێك و پێك و، پاك و خاوێن و چاك لە دونیادا، کە سەرفرازیی ڕۆژی دوایی بەدوادا دێ.

---

(١) (الأَجَلُ: المُدَّةُ المَضْروبَةُ لِلشَّيء):(أجل) ئەو کاتەی دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی کارێك.

﴿ فَلَمۡ يَزِدۡهُمۡ دُعَآءِيٓ إِلَّا فِرَارٗا ﴾، کەچی بانگکردنی من تەنیا ڕاکردنی تێدا زیاد دەکردن، تەنیا دوورکەوتنەوەی تێدا زیاد دەکردن.

﴿ وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوۡتُهُمۡ لِتَغۡفِرَ لَهُمۡ ﴾، من هەر کاتێك بانگم دەکردن بۆ ئەوەی تۆ لێیان ببووری، ﴿ جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُمۡ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ ﴾، پەنجەکانیان دەخستنە گوێیەکانیانەوە، (أَصَابِع) کۆی (أُصْبـع)ە، بێگومان پەنجە هەمووی ناخرێتە نێو گوێوە، واتە: سەرە پەنجەکانیان، بەڵام بۆیە دەفەرمووێ: ﴿ أَصَٰبِعَهُمۡ ﴾ نەك (أَنَامِلَهُـم)، بۆ پێشاندانی زێدەڕۆیی ئەوان، لە نەبیستندا، کە ئەگەر بۆیان کرابایە، هەموو پەنجەکانیان دەخستنە نێو گوێیەکانیانەوەو تاکو هیچ شتێك نەبیستن، لەوەی نووح عليه السلام پێیان دەفەرمووێ.

ئنجا هەر بەوەندەش وازیان نەدەهێنا کە پەنجەکانیان دەخستە گوێیەکانیانەوە، بەڵکو ﴿ وَٱسۡتَغۡشَوۡاْ ثِيَابَهُمۡ ﴾، دەم و چاویان بە پۆشاکەکانیان دادەپۆشی، ﴿ وَأَصَرُّواْ ﴾، زۆریش مکوڕبوون، (إِصْرَار) لە (صَرّ)ەوە هاتوە، واتە: (شَدّ) زۆر بە توندیی و سەختیی مکوڕبوون لەسەر ئەوەی گرتبوویانە بەر لە بتپەرستیی و دوور لە خوایی، هەروەها لە هاوبەش بۆ خوا دانان، ﴿ وَٱسۡتَكۡبَرُواْ ٱسۡتِكۡبَارٗا ﴾، بە خۆبەزلگرتنێکی زۆر سەرسوڕهێنەریش خۆیان بەزل گرت.

بەڵام ئایا نووح عليه السلام کە ئەوان ئەوپەڕی عینادیی و کەللە ڕەقیی و گوێنەگرتنیان لە خۆیاندا بەرجەستە کردوە، بەوەندە وازی لێهێناون و نائومێد بووە؟ نەخێر، بەڵکو دەفەرمووێ: ﴿ ثُمَّ إِنِّي دَعَوۡتُهُمۡ جِهَارٗا ﴾، دوایی من بە دەنگی بەرز بانگم کردن.

﴿ ثُمَّ إِنِّيٓ أَعۡلَنتُ لَهُمۡ وَأَسۡرَرۡتُ لَهُمۡ إِسۡرَارٗا ﴾، دوایی من ئەو بانگەوازەم بۆ ئاشکرا کردن و، بە پەنهانکردنێکی زۆر سەرسوڕهێنەر بۆم پەنهان کردن، واتە: هەم بە دەنگی بەرز بانگم دەکردن، هەم بە دەنگی نزم، هەم بە ئاشکرا هەم بە پەنهانیی، بە هەموو شێوەکانی دواندن، دەمدواندن، بە هەموو شێوەکانی بانگکردن، بانگم

دەکردن، دیارە بە پێی سرووشتی کاتەکان و، بە پێی دۆخی خەڵکەکەو، بە پێی قۆناغەکە، وەك گوتراوە: (لِكُلِّ مَكَانٍ مَقَال)، هەندێك لە توێژەرەوان و ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: بۆ خەڵکەکە بە گشتیی بە دەنگی بەرز بانگی کردوون، بەڵام بۆ سەرانیان، بۆ بەرپرسەکانیان بە دەنگی نزم، بۆ هەندێکیان بە ئاشکرا لە کۆڕو مەجلیسداو لە بۆنەکاندا بانگی کردوون، بەڵام بۆ ئەوانی دیکە چووە بە تایبەتیی و بە پەنهانیی و پەنامەکیی دواندوونی، چونکە بۆ ئەوان ڕەنگە ئاوا باشتر وەربگیرێ، بەڵام بێگومان یەك یەکی خەڵکەکە ناگونجێ بە تایبەتی قسەیان لەگەڵدا بکات، واتە: هەموو شێوازەکانی بانگەوازی گرتووە بەر.

ئنجا دێتە سەر باسی نێوەڕۆکی بانگەوازو پەیامەکەی، کە پێشتریش بە گشتیی باسیکردو فەرمووی: ﴿ أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ ﴾، ئێوە ئەو سێ کارە ئەنجام بدەن: بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و، پارێز لە خوا بکەن و، گوێڕایەڵیی من بکەن، هەروەها پێشیگوتن: ﴿ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾ لە گوناهەکانتان دەتانبووریّ و دواشتان دەخات بۆ کاتێکی دیاریکراو، واتە: دەتانژیەنێ، وەك لە سووڕەتی (هود)دا دەفەرموێ: ﴿ يُمَتِّعْكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ﴿٣﴾ ﴾ **هود**، واتە: بە بەهرەمەندکردنێکی باش بەهرەمەندتان دەکات، تاکو کاتی دیاریکراو، تاکو کاتی مردنی ئاساییتان، کە تەمەنی سرووشتییتان تەواو دەبێ، بەڵام ئەمجارە زیاتر تیشك دەخاتە سەر نێوەڕۆکی بانگەوازو پەیامەکەی و دەفەرموێ: ﴿ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ﴾ پێمگوتن: داوای لێبووردن لە پەروەردگارتان بکەن، ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴾، بە دڵنیایی ئەو زۆر لێبووردەیە، زۆر تاوانپۆشە.

واتە: داوای لێبووردنی لێبکەن کە تاکو ئێستا هاوبەشتان بۆ داناوەو بت و سەنەمتان پەرستوەو ستەم و خراپەتان کردوە، ...هتد، ئەگەر وا بکەن، ئەو زۆر تاوانپۆش و لێبووردەیە، واتە: پێتان وانەبێ هەر گوناهێکتان هەرچەندە زۆر گەورەو بێڕەزابێ، خوای لێبووردە نەتوانێ بیبەخشێ و لێیببووریّ، بە مەرجێك ئێوە داوای لێبووردنی لێ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای.

ئنجا وێڕای ئەوە چیدیکەشتان بۆ دەکات؟

پێشــێ تەنیــا فەرمــووی: ﴿ وَيُؤَخِّرۡكُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ ﴾، دواتــان دەخــات بــۆ کاتــی دیاریکــراوی کۆتایــی پێهاتنــی ژیــان و تەمەنتــان، بــەڵام ئەمجــارە وردەکاریــی زیاتــر بــاس دەکات، لــەو چاکــەو نیعمەتانــەی خــوای بــە بەزەیــی لەگەڵیانــدا دەکات، لــە ئەنجامــی داوای لێبــوردن کردنیــان لــە خــواو گەڕانەوەیــان بــۆ لای و بەندایەتییــان بــۆی دا.

دەفەرمــوێ: ﴿ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا ﴾، ﴿ ٱلسَّمَآءَ ﴾، چ بــە مانــای ســەرەوە بــێ، چ بــە مانــای ئــەو ئاوەبــێ کــە لەســەرەوە دێتــە خــوار، چ بــە مانــای هــەور بــێ، واتــە: لەســەرێوە بــە خــورزەم ئاوتــان بــۆ دادەبارێنــێ، یاخــود: لــە هەورێــك کــە لەســەرێیە بــە خــورزەم ئاوتــان بــۆ دادەبارێنــێ، یاخــود: ئــەو ئــاوەی لەســەرێیە بــە خــورزەم بۆتــان هەڵدەڕێــژێ، بــە هــەر ســێ شــێوەکانی: بــاران و بەفــرو تــەرزە.

ئنجــا لــە ئەنجامــی ئــاوی هەڵــڕژاوی زۆر لــە ئاســمانەوە - کــە بێگومــان هەمــوو نیعمەتەکانــی دیکــەی ژیانــی دنیــا پەیوەندییــان بــە ئــاوەوە هەیــە، وەك گوتــراوە: (ئــاوو ئاوەدانیــی) - کۆمەڵێــك چاکــەو نیعمــەتی دیکــە دێنــە ئــاراوە، وەك خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ وَيُمۡدِدۡكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ ﴾، هەروەهــا مــاڵ و ســامانتان بــۆ زۆر دەکات، یــان بۆتــان دەڕەخســێنێ و کوڕانیشــتان بــۆ دەڕەخســێنێ، لێــرەدا مەبەســت وەچەیــە بــە گشــتیی، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی ئــەوان زیاتــر دڵیــان بــە کــوڕان خۆشــبووە، وەك پشــت و هێــزو دەبنــە درێژەپێــدەری وەچــەی خۆیــان، یاخــود وەك زاڵکردنــی باســی نێرینــان بەســەر مێینانــدا، ئــەوەش بنچینەیەکــە لــە زمانــی عەرەبییــدا (**تَغْلِيْب الذكُور عَلَى الإنَاث**) بۆیــە تەنیــا دەفەرمــوێ: ﴿ وَبَنِينَ ﴾ بــە یەکێــك لــەو دوو ئیعتیبارانــەی باســمان کــردن، واتــە: هــەم مــاڵ و ســامانتان بــۆ زۆر دەکات، هــەم کوڕانتــان بــۆ زۆر دەکات، یــان: ڕۆڵەکانتــان لــە کــوڕان و کچــان بــۆ زۆر دەکات، ﴿ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ جَنَّٰتٖ

﴿وَيَجۡعَل لَّكُمۡ أَنۡهَٰرٗا﴾، هەروەهـا باخەکانتـان بـۆ دەرەخسـێنێ و ڕووبـارو جۆگـەو جۆباریشـتان بـۆ دەرەخسـێنێ.

ئنجـا دوای خسـتنەڕووی ئـەو نیعمەتانـە: هەڵڕژانـی ئـاوی زۆر لەسـەرێوە، پاشـان زۆرکردنـی مـاڵ و سـامان بۆیـان و، زۆرکردنـی ڕۆڵـەکان کـوڕان و کچـان، یـان بـەس کـوڕان بۆیـان، هەروەهـا ڕەخسـاندنی بـاغ و گـوڵ و گوڵـزارو بێسـتان و کشـتوکاڵ و جۆگـەو جۆبـارو ڕووبـار بۆیـان.

ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿مَّا لَكُمۡ لَا تَرۡجُونَ لِلَّهِ وَقَارٗا﴾، ئـەوە چیتانـە وەقـارو پێگـەی بـەرز بـۆ خـوا ئومێـدەوار نیـن، یاخـود (**تَرْجـوُن**) واتـە: (**تَعْتَقِـدُون**) یانـی: (**مَـا لَكُـمْ لَا تَعْتَقِـدُوْن للـه وَقَـارَاً**)، بۆچـی بڕواتـان نیـە بـە پایـە بەرزیـی خـوا، زانایـان هەندێکیـان گوتوویانــە: (**تَرْجــوُن**) واتــە: (**تَخَافُــون**)، (**مَــا لَكُــمْ لَا تَخَافُــون للــهِ عَظَمَــةً**)، چیتانــە! بۆچـی مەترسـییتان نیـە لـە مەزنیـی خـوا سبحانە و تعـالى؟ لەبـەر ئـەوەی گوتوویانـە: (**الخَـوْفُ وَالرَّجَـاءُ يَتَلَازَمَـان**)، تـرس و ئومێـد پێکـەوەن، کەواتـە: هەنـدێ جـار وشـەی (**رَجـاء**) بـە مانـای ترسـەو، جـاری وایـە ترسـیش بـە مانـای ئومێـدە، واتـە: ئـەوە چیتانـە، چ شـتێك ڕێگرتانـە، بۆچـی مەزنیـی و بەرزیـی خـوا ڕەچـاو ناکـەن و، ترسـتان بەرانبـەری نیـەو ئومێدتـان بەرانبـەری نیـە و، پێـی بـڕوادار نیـن؟

﴿وَقَدۡ خَلَقَكُمۡ أَطۡوَارًا﴾، لـە حاڵێکـدا خـوا ئێـوەی قۆناغ قۆنـاغ پێگەیانـدوە، (**أَطْوَار**) کـۆی (**طَـوْر**)ە، واتـە: کـەڕەت، قۆنـاغ، دەڵـێ: (**خَـرَجَ مِـنْ طَـوْرِه**) واتـە: فڵانکـەس لـە قۆناغـی خـۆی دەرچـووە، لـە کەوڵـی خـۆی دەرچـووە، (**أَطْـوَار**) دەگونجـێ مەبەسـت پێـی قۆناغـەکان بـێ، کـە مـرۆڤ لـە منداڵدانـی دایکیـدا دەیانبـڕێ، لـە (**نطفـة**)ەوە بۆ عەلەقـە، بـۆ زارجـوو (**مضغـة**)، ئنجـا بـۆ ئێسـقان و، داپۆشرانـی ئێسـقان بـە گۆشـت، دوایـی ڕووح بەبەرداکـران، وەك لـە سـەرەتای سـوورەتی (**المؤمنـون**)دا خـوا سـبحانە و تعالـى بـە حـەوت قۆنـاغ باسـی کـردوە، ئێمـە کاتـی خـۆی کورتـە باسـێکمان لـە بـارەی درووسـتکرانی مرۆڤـەوە لـەوێ خسـتە ڕوو، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی

قۆناغەکانی دیکە بێ، کۆرپەیی، منداڵیی، هەرزەکاریی، گەنجیی، کامڵ بوون، پیریی، تاکو کۆتایی، یاخود مەبەستی پێی هەموویان بێ، هەم قۆناغەکانی کە لە نێو منداڵدانی دایکدا دەبڕدرێن، هەم قۆناغەکانی دوایی کە لە ژیانی دوای لە دایك بوون، دەگوزەرێن.

﴿ أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا ﴾ ئایا نەتانڕوانیوە (بە چاوی سەر سەرنجتان نەداوە) چۆن خوا حەوت چین ئاسمانی هێناونە دی، ئنجا ئەگەر مەبەست لە دیتن، چاوی سەر بێ، ئێمە تەنیا شینایيەك لەسەر سەری خۆمانەوە دەبینین، حەوت ئاسمانەکان نابینین، بەڵام خوا سبحانە و تعالی بۆیە بەو گوزارشتە باسی کردوە، چونکە ئەگەر خوا بناسی، مانای وایە هەرچی خوا دەیفەرموێ، دەبێ لە بە چاو بینینی خۆت، زیاتر باوەڕت پێی هەبێ، چونکە چاوی تۆ شتێك دەبینێ، بەهەڵەدادەچێ، بەڵام ئەوەی خوا دەیفەرموێ، سەدا سەد وایەو هەڵەی تێدا نیە، چونکە خوا لە زانیاریی بێ سنوورەوە فەرمایشت دەکات، بەڵام ئەگەر مەبەست بینینی عەقڵ بێ، واتە: ئایا بە عەقڵ و دڵ سەرنجتان نەداوە، خوا چۆن حەوت چین ئاسمانی لەسەر ئێوەوە دروست کردوون، کە دیسان ئەو حەوت چین ئاسمانەش بە چاوی عەقڵ و دڵ نابینرێن، مەگەر لە ڕێی هەواڵپێدانی خواوە، ئەگەرنا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، زانست نەگەیشتوە بەوەی مەتەڵی حەوت ئاسمانەکان حەل بکات، بەڵام بێگومان بە چاوی عەقڵ و دڵ دەرك دەکرێ، کە خوای پەروەردگار هەواڵت پێدەدا لە بارەی ئەوەوەی دروستیکردوە، مانای وایە هەواڵپێدانی خوات پێ وەك بینینی خۆت بێ، بەڵکو دەبێ پێت لە بنینی خۆشت زیاتر بێ.

﴿ وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا ﴾، هەروەها خوا لە نێو ئەو حەوت ئاسمانانەدا مانگی گێڕاوە بە ڕووناکیی، ﴿ وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا ﴾، خۆریشی گێڕاوە بە چرا، بە زۆریی خوای زاناو توانا لە قورئاندا کە باسی مانگ دەکات، هەر باسی ڕووناکیی (نور) دەکات لەگەڵیدا، لەبەر ئەوەی ڕووناکیی مانگ هی

خـۆی نیـە، بەڵکـو هـی خـۆرە لێیـدەداو عەکسـی دەداتـەوە، بـەڵام بـۆ خـۆر (شـمس) دەفەرمـوێ: (سِرَاجًا)و، لـە سـوورەتی (النبـأ)دا دەفەرمـوێ: ﴿ سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴿١٣﴾ ﴾النبـأ، چرایەکـی زۆر تیشـکدەر، لەبەرئـەوەی (خـۆر) تیشـکەکەی هـی خۆیەتـی.

﴿ وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتًا ﴾، هەروەهـا خـوا ئێـوەی لـە زەوییـدا ڕوانـدوە بـە ڕوانـدن، وەك چـۆن کشـتوکاڵێك پێـدەگا، خـوای کاربەجێـش ئێـوەی ئـاوا وردە وردە پێگەیانـدوە، ئنجـا ئەمـە چ مەبەسـت قۆناغەکانـی نێـو منداڵدانـی دایـك بـێ، وەك چـۆن درەختێـك لـە نێوکێکـەوە چەکـەرە دەکات، دوایـی وردە وردە دەبێتـە نەمـام و گـەورە دەبـێ، مرۆڤیـش بـە هەمـان شـێوە لـە (نُطفة)یەکـەوە قۆنـاغ بـە قۆنـاغ، چ مەبەسـت دوای لـە دایـك بـوون بـێ، کـە سـەرەتا کۆرپەیـەو تەنیـا دەتوانـێ شـیری دایکـی بخـوا، دوایـی وردە وردە گەشـە دەکات و دەچێتـە قۆناغـی منداڵیـی و هەرزەکاریـی و تاکـو کۆتایـی.

﴿ ثُمَّ يُعِيدُكُمۡ فِيهَا وَيُخۡرِجُكُمۡ إِخۡرَاجًا ﴾، دوایـی خـوا دەتانگێڕێتـەوە نێـو زەوی، یـانی: دوای مردنتـان خـوا جەسـتەکەتان دەگێڕێتـەوە نێـو زەوی و، دەبێتـەوە بـە خـاك و خـۆڵ، ﴿ وَيُخۡرِجُكُمۡ إِخۡرَاجًا ﴾، جارێکـی دیکـەش بـە دەرهێنانێکـی سەرسـوڕهێنەر دەرتـان دەهێنێتـەوە، کـە ڕۆژی قیامـەت و زیندووکرانـەوە و هەڵسـێنرانەوەیە.

﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ بِسَاطًا ﴾، خـوا زەوی بـۆ کـردوون بـە ڕایـەخ، یاخود زەوی بـۆ پـان ڕاخسـتوون، (بِسَـاط) هـەر شـتێکە ڕاخرابـێ، وەك چـۆن ڕایەخێـك ڕادەخـرێ، ئـاوا خـوای پـەروەردگار زەوی بـۆ پانڕاخسـتوون. یاخـود: زەوی بـۆ وا لێکـردوون وەك چـۆن شـتێك ڕادەخـرێ، بـەو شـێوەیەی بـۆی لێکـردوون.

﴿ لِّتَسۡلُكُواْ مِنۡهَا سُبُلًا فِجَاجًا ﴾، تاکـو لـە نێـو کەلێـن و شـیوو دۆڵەکانـی زەویـدا ڕێیـەکان بگرنـە بـەر، (سُـبُل) کـۆی (سَـبِيل)ە، (فِجَاج)یـش کـۆی (فَجّ)ە، بـە مانـای کەلێـن و درز، واتـە: ڕێیـەکان بەکەلێنەکانـی زەویـدا، بەنێـو دابڕاوابیەکانـی چیاکان و گردۆلکەکانـدا بگرنـە بـەر.

کەواتـە: خوایـەك ئـەو هەمـوو نـازو نیعمەتانـەی بـۆ ڕەخسـاندوون، شایسـتەی ئەوەیـە تەنیـا ئـەو بپەرسـتن و بەندایەتیـی بـۆ ئـەو بکـەن، ئـەو پەیامـەی بـە نـووح عليه السلام دا بـۆی نـاردوون لێـی وەربگـرن و، گوێڕایەڵیـی لـە پێغەمبەرەکـەی بکـەن، پێشـتان دەکـەوێ تاکـو بەندایەتیـی بـۆ خـواو، پارێزکاریـی لـە خـواو شـێوە ژیانێـك کـە لـە لای خـوا پەسـندە، فێرتـان بـکات.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕاگەیاندنی خوا سبحانە و تعالی: ناردنی نووح ﷺ بۆ لای خەڵکەکەی، کە وریایان بکاتەوەو بیانترسێنێ، بەر لەوەی ئازاری بە ئێشیان بۆ بێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرۡ قَوۡمَكَ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ١﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦٓ﴾، بە دڵنیایی ئێمە نووحمان ﷺ ڕەوان کرد بۆ لای خەڵکەکەی، وشەی (إِنَّآ) لە ئەسڵدا (إِنّنا)یە، (نا)یەو (إِنّ)ی خراوەتە سەر، بۆتە (إِنّنا)، بێگومان ئێمە، ئنجا ئەم جەختکردنەوەیە، چونکە (إِنّ): (**إِنّ تَنْصِب الإِسْمَ وَترفَعُ الخَبَرَ، وَتُفِيْدُ التَّأكِيْد**)، (إِنْ) لە ڕێزمانی عەرەبییدا ناو (منصوب) دەکات و، گوزارەش (مرفوع) دەکات و، جەخت لەسەر کردن دەگەیەنێ و جەختکردنەوەکەش بۆ گرنگیی دان بەو هەواڵەیە کە دەیدا، چونکە لێرەدا مەقام مەقامی نکووڵییلێکردن نیە، تاکو خوا سبحانە و تعالی جەختی بکاتەوە، یەکێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان وا دەڵێ، بەڵکو بۆ گرنگییدا بە هەواڵەکەیە، یانی: بە دڵنیایی و بە گرنگیی پێدانەوە، پێتان ڕادەگەیەنین کە نووحمان ڕەوانکرد بۆ لای خەڵکەکەی.

بەڵام من دەڵێم: بەڵکو لێرەدا مەقام مەقامی نکووڵییلێکردنە، چونکە هەم گەلی نووح نکووڵییان کردوە لە پێغەمبەربوونی نووح ﷺ، هەم ئەو کۆمەڵگایەی قورئانی بۆ دابەزیوە، وەك کۆمەڵگایەکەی پێغەمبەر نووح، نکووڵییان کردوە

لـەوەی خـوا پێغەمبەرانـی ناردبـن، بەڵـێ دەمـاو دەم بیسـتوویانە کـە نـووح هاتـوە بـۆ لای گەلەکـەی و، مووسـا بـۆ لای بەنـی ئیسـرائیل، بـەڵام ئەگـەر بـە شـێوەیەکی تیۆرییـش وەك بەسـەرهاتێك ئەوەیـان قبـووڵ بووبـێ، بـە کـردەوە قبووڵیـان نەبـووە، چونکـە هـەم کۆمەڵگایەکـەی پێغەمبـەری خـوا، هـەم کۆمەڵگایەکانـی دیکـەش هەمیشـە نکووڵییـان لـەوە کـردوە، خـوا لـە بەشـەران پێغەمبـەران بنێـرێ و گوتوویانـە: ﴿أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا ﴿٦﴾﴾ التغابـن، یـان گوتوویانـە: ﴿أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٤﴾﴾ الإسراء، واتـە: ئایـا بەشـەر ڕێنماییـمان دەکـەن (بـۆ لای خـوا)؟ ئایـا خـوا پێغەمبەرێکـی مرۆڤـی نـاردوە؟ کەواتـە ئـەوان نکووڵییـان لـەوە کـردوە کـە نـووح ﷺ پێغەمبـەری خـوا بووبـێ، بۆیـەش خـوا جەختـی کردۆتـەوە کـە بەدڵنیایـی ئێمـە نووحـمان ناردبـوو، نـووح ﷺ لەخـۆوە بانگەشـەی پێغەمبەرایەتیـی نەکـردوەو، لەخـۆوە پەیامـی بەنـاوی خـواوە بـە خەڵـك ڕانەگەیانـدوە.

٢) ﴿أَنْ أَنذِرْ قَوْمَكَ﴾، (پێمانگوت): کە خەڵکەکەت بترسێنە، وریایان بکەوە، ﴿أَنْ أَنذِرْ قَوْمَكَ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، ئەمە نێوەڕۆکی پەیامەکەی نووح ﷺ بووە، پەیامەکەی نووح ﷺ کە خوا پێیدا ناردوە، ئەوە بووە کە خەڵکەکەت بترسێنەو وریایان بکەوە، ﴿مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، بەر لەوەی ئازارێکی بەئێشیان بۆ بێ، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿أَنْ أَنذِرْ قَوْمَكَ﴾ خەڵکەکەت بترسێنە، وریایان بکەوە، نەیفەرمووە لەچی؟ بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە کە پێغەمبەران خەڵکەکەی خۆیانیان لێ ترساندوون و وریایان کردوونەوە بەرانبەریان، کە ئێوە ئەگەر خوا نەپەرستن لە دنیادا سزاتان دەدات و بەڵاتان بۆ دەنێرێ، لە دوارۆژیشدا تووشی سزاو مەینەتیی دەبن، هەروەها ئەگەر خوا نەپرستن، لە دنیادا تووشی کۆیلایەتیی و بت و سەنەم پەرستیی دەبن، هەروەها ئەگەر خوا نەپرستن، تووشی دەردو بەڵا دەبن، تووشی نەخۆشیی و گرفتاریی دەبن، هەموو ئەوانە بخە بەرچاوی خەڵکەکەت و ئەوانی پێ بترسێنە، بۆیە لێرەدا خوا ئەوەی خەڵکەکەی پێ دەترسێنرێ، باسی نەکردوە، تاکو هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە.

٣) ﴿ مِن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، بەرلەوەی ئازارێکی بە ئێشیان بۆبێ، هەندێك گوتوویانە: (مِنْ) لێرەدا: (زَائِدَةٌ للتَّأْكِيْد، أي: قَبْلَ أَنْ يَأْتِيَهُم)، واتە: (مِنْ) زیادکراوە بۆ جەختکردنەوە، واتە: وریایان بکەوە کە هەر لە سەرەتاوە ئازاری بەئێشیان بۆ نەیەت، یاخود: (مِنْ) بۆ هەندێکە، یاخود بۆ ڕوونکردنەوەیە، ئنجا ئەم ئازارە بە ئێشە:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی ئەو تۆفانە بێ، کە دوایی خوا ناردی بۆ گەلی نووح عليه السلام و بەهۆیەوە قڕەبڕی کردن.

ب- دەشگونجێ مەبەست پێی سزای ڕۆژی دوایی بێ.

ج- دەشگونجێ مەبەست پێی ئەو ئازارو مەینەتییانە بن، کە خەڵك بەهۆی ژیانی دوور لە خواییەوە، لەگەڵیاندا دەستەویەخە دەبێ.

وشەی (قَوْمُ) کە دەفەرموێ: ﴿ أَنۡ أَنذِرۡ قَوۡمَكَ ﴾، دەڵێ: (والقَوْمُ: الجَماعَةُ مِنَ النَّاسِ الَّذِينَ يَجْمَعُهم مَوْطِنٌ واحِدٌ، أَوْ نَسَبٌ واحِدٌ، بِرِجالِهِمْ ونِسائِهِمْ وأَطْفالِهِمْ). واتە: (قەوْم): کۆمەڵێك لە خەڵك، کە شوێنێك یاخود ڕەچەڵەکێك کۆیان دەکاتەوە، پیاویان و ئافرەتیان و منداڵیان هەموویان دەگرێتەوە، ئنجا پێشتریش باسمان کرد کە ئێمە بەسەرهاتی نووحمان لە تەفسیری سوورەتی (هود)دا بە درێژیی باس کردووە، پێم وایە لە قەدەر قەبارەی ئەم تەفسیرە مافی خۆیمان پێداوە، بۆیە ئێمە لێرە ناچینە نێو وردەکارییەکانی بەسەرهاتی نووح عليه السلام و چەند شتێکی بنەڕەتیی دەخەینەڕوو:

١- بەپێی فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ وا پێدەچێ نووح یەکەمین پێغەمبەری خاوەن ئۆممەت بووبێ، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ، هاتوە: {أَوَّلُ رَسُولٍ أُرْسِلَ نُوحٌ وَأُرْسِلَ إِلَى جَمِيعِ أَهْلِ الْأَرْضِ}[1] واتە: یەکەمین نێردراوێك کە نێردرابێ نووح بووەو، بۆ تێکڕای خەڵکی سەرزەوی نێردراوە.

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج١٨، ص٢٩٨.

٢- وا پێدەچێ گەلی نووح (عليه السلام) ئەوکاتە تێکڕای مرۆڤەکانی ئەو ڕۆژگارە بووبن، هەم بەپێی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەم بە پێی ئەوەش کە تۆفانەکەی نووح (عليه السلام) چ هەموو سەر زەوی داگرتبێ، چ تەنیا ئەو ناوچە جوگرافییەی داگرتبێ کە گەلی نووحی لێبووە، گرنگ ئەوەیە لە دوای ئەوانەوە کە فەوتێنراون لە گەلی نووح، هیچ بەشەرێك لەسەر زەوی نەماوەتەوە، چونکە خوا سبحانە و تعالی دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ ﴿٧٧﴾﴾ **الصافات**، واتە: وەچەکەی نووحمان کردن بە ماوەکان، واتە: ئەوانەی مابوونەوە لە مرۆڤان، تەنیا ئەوانەبوون کە لەگەڵ نووحدا سواری کەشتییەکە بوون، کەواتە: تۆفانەکە چ گشتگیر بووبێ بۆ هەموو سەر زەوی، چ تەنیا ئەو شوێنەی گرتبێتەوە کە گەلی نووحی (عليه السلام) لێبووە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤەکان تەنیا ئەوانە بوون کە لەوێ بوون.

چونکە ڕێی تێناچێ لە شوێنێکی دیکە کۆمەڵێك مرۆڤ بووبن و خوا بە تۆفانەکەی نووح فەوتاندبنی، بێ ئەوەی پەیامی نووحیان پێ بگات!! بۆیە هەر ئەوەندە مرۆڤە بوون لەو شوێنەی نووحی لێبووەو، ئاگاداری کردوون و ترساندوونی و وریای کردوونەوە، دوای ئەوەی (٩٥٠) ساڵ لە نێویاندا ماوەتەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ ٱلطُّوفَانُ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿١٤﴾﴾ **العنكبوت**، کەواتە: ئەو خەڵکە دیارە یەك کۆمەڵی دیاریکراو بوون و، هەر ئەوەندە مرۆڤە هەبوون ئەو کاتە لەسەر زەوی.

٣- لە فەرموودەی شەفاعەتی گەورەشدا هاتوە، کە خەڵك پێشی دەچن بۆ لای ئادەم تاکو تکایان بۆ بکات لە لای خوای پەروەردگار، لێپرسینەوەو سزاو پاداشت دەست پێ بکات، ئەویش دەڵێ: من لە درەختە قەدەغەکراوەکەم خواردو توانای ئەو داوایەم نیە، ئنجا دەچن بۆ لای نووح (عليه السلام) و پێی دەڵێن: تۆ یەکەمین پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خوا بووی بۆ سەر زەوی، کەواتە: دیارە نووح (عليه السلام) یەکەمین پێغەمبەری خاوەن کۆمەڵگەیەکی گەورە بووە، ئەگەرنا دیارە لە پێش نووحیشدا پێغەمبەرانی دیکە بوون، خوای پەروەردگار جگە لە ئادەم، باسی ئیدریسیشی کردوە لە پێش نووحدا (عليه السلام)و، لە هەندێ شوێنەواراندا باسی (شیث)یش کراوە.

مەسەلەی دووەم:

بانگکردنی نووح بۆ گەلەکەی کە ترسێنەرێکی روونە بۆ لایان، تاکو خوا بپەرستن و پارێزی لێ بکەن و، گوێڕایەڵیی وی بکەن، کە لە ئەنجامدا لە گوناهەکانیان ببوورێ و، هەتا کاتی دیاریکراویش کە بە شێوەی ئاسایی تێیدا دەمێننەوە، دوایان بخات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ٢ أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ ٣ يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُؤَخِّرۡكُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُۚ لَوۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٤ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴾، نووح ﷺ بە گەلەکەی خۆی فەرموو: ئەی گەلەکەم! (ئەی خەڵکەکەم) بە دڵنیایی من بۆ ئێوە ترسێنەرو وریا کەرەوەیەکی روونم، یاخود: ترسێنەرو وریا کەرەوەیەکی روونکەرەوەم، وەك زۆرجار گوتوومانە: (**مُبِيْن**)، لە هەندێك سیاقاندا کە دێ، هەم دەگونجێ بە مانای ئاشکرا بێ، هەم دەگونجێ بە مانای روونکەرەوە بێ، چونکە وشەی (**مُبِيْن**)، لە رووی زمانی عەرەبییەوە دەگونجێ لە (**أَبَان**)ی (لازم)ەوە بێ، (**أَبَان القَاصِر**)، وەك: (**أَبَان اللَّيْل**)، یانی: (**بَانَ اللَّيْل**)، شەوگارەکە دەرکەوت، یاخود: (**أَبَان القَمَر**)، یانی: (**بَانَ القَمَر**)، مانگەکە دەرکەوت، واتە: پێویستیی بە بەرکار (**مَفْعُول بِه**) ناکات، دەشگونجێ لە (**أَبان**)ی تێپەڕەوە بێ بۆ بەرکار، (**أَبَانَ المُتَعَدِّي إلى المَفْعُول**)، ئەو کاتەش، واتە: روونکەرەوە، وەك: (**أَبَان النَّهَارُ الأَرْضَ**)، رۆژگار سەر زەوی رۆشنکردەوە، یاخود: (**أَبَانَ المُدَرِّسُ الدَّرْس**)، وانەبێژەکە وانەکەی روونکردەوە، (بۆ وانە پێبێژراوەکە)، لێرەش دا هەردووك واتایەکە گونجاون: ئەی خەڵکەکەم! من بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام، یان ترسێنەرێکی روونکەرەوەم، واتە: روونکەرەوەی ئەو شتانەم کە خوا پێیدا ناردووم و پێویستە بیانزانن، لێرەشدا دیسان: ﴿ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ ﴾، وشەی (**نَذِيْر**)، کە بە مانای (**مُنْذِر**)

ه، واته: ترسێنەر یان وریاکەرەوە، بەڵام باسی نەکردوە کە لەچی دەیانترسێنێ و وریایان دەکاتەوە؟ بەڵکو بە گشتیی گوتوویەتی، تاکو هەموو شتێك بگرێتەوە، یانی: دەتانترسێنم لەوەی ئەگەر ڕوو لە خوا نەکەن، شەیتان زەفەرتان پێ دەبات، یان ئەگەر ڕوو لە خوا نەکەن و خوا نەپەرستن و بەندایەتیی بۆ خوا نەکەن، دەردو نەخۆشیی و بەڵاتان لە نێودا بڵاو دەبێتەوە، زوڵم و ستەم و خراپەتان لە نێودا بڵاودەبێـەوە، بەدڕەوشتیی و ناتەبایی و خراپەتان لە نێودا بڵاودەبێتەوە، هەروەها ئەگەر بەندایەتیی بۆ خوا نەکەن، بەڵاتان بۆ دەنێرێ لە دنیاداو لەبەینتان دەبات، یان لە ڕۆژی دوایی دا، خوا ﷻ سزاتان دەدات، هەموو ئەوانە دەگرێتەوەو جگە لە ئەوانەش دەگرێتەوە.

٢)- ﴿ أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ ﴾، (بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە هاتووم ئاگادارتان بکەمەوەو بتانترسێنم) تاکو ئێوە بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و پارێزی لێ بکەن و، گوێڕایەڵیی منیش بکەن، کەواتە: ئەو سێ موفرەدەیە نێوەڕۆك و جەوهەری پەیام و بەرنامەکەی نووح ﵇ بوون: بەندایەتیی بۆ خواو، پارێزکردن لە خواو، فەرمانبەریی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.

لێرە لەم ڕستەی یەکەمدا کە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴾، پێنج جەختکەرەوە هەن:

١- (يَٰقَوۡمِ)، ئەی گەلەکەم! واتە: منیش یەکێکم لە خۆتان و ئێوەش کۆمەڵ و خەڵکی منن پەرۆشمن و بەتەنگتانەوەم.

٢- (إِنِّي)، بە دڵنیایی من (إِنِّي)یش، دیسان لە ئەسڵ دا (إنّني)یە.

٣- (لَكُمۡ)، بۆ ئێوە.

٤- (نَذِيرٞ)، ترسێنەرو وریاکەرەوەم.

٥- (مُّبِينٌ)، ڕوون، ڕوونکەرەوە.

ئنجا ئایا ئەگەر ئێوە بەندایەتیی بۆ خوا بکەن و، پارێزی لێ بکەن و، گوێڕایەڵیی و فەرمانبەریی من بکەن، خوا چیتان بۆ دەکات؟.

٣)- ﴿ يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ ﴾، لە گوناهەکانتان دەتانبووریّ.

وشەی (مِّنْ):

١- یان بۆ جەختکردنەوەیە واتە: لە هەموو گوناهەکانتان دەتانبووریّ، هەر لە سەرەتای گوناهان تاکو کۆتایی.

٢- یاخود بۆ هەندێکە، ئنجا ئەگەر بۆ هەندێك بیّ، واتە: لەو گوناهانەی مافی خوان لەسەر ئێوە، لە نێوان خۆتان و خواداو زیانیان بۆ خەڵك نەبووە، لەو گوناهانە دەتانبووریّ، بەڵام ئەوانی دیکە کە ماف و هەقی خەڵکتان کەوتۆتەلا، دەبیّ مافەکان بۆ خەڵك ڕەت بکەنەوە، یان گەردنتان ئازاد بکەن.

٣- دەشگونجیّ (مِنْ)، بۆ ڕوونکردنەوە بیّ، واتە: خوا لە هەموو گوناهەکانتان دەتانبووریّ، تەنانەت ئەوانەش کە مافی خەڵکن، ئەگەر ئینسان بەڕاستیی بۆ لای خوا بگەڕێتەوە: (**الإسْلَام يَجبُّ مَا قَبْله، وَالتُّوْبة تجَبُّ مَا قَبْلَهَا**)، ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوەو، گەڕانەوەش بۆ لای خوا پێش خۆی دەسڕێتەوە.

٤)- ﴿ وَيُؤَخِّرۡكُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ ﴾، دواشتان دەخات بۆ کاتێکی دیارییکراو، ﴿ وَيُؤَخِّرۡكُمۡ ﴾، (**التَّأْخِيْرُ: التَّأْجِيْلُ وَأُطْلِقَ عَلَى التَّمْدِيْد وَالتَّوْسِيع**)، کە دەفەرمویّ: دواتان دەخات، لێرەدا مەبەست پێی تەمەنتان درێژ دەکات، تەمەنتان بۆ فراوان دەکات تاکو کویّ؟ ﴿ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ ﴾، تاکو ئەو کاتەی ناوبراوەو دیارییکراوە، کە مەبەست پێی کۆتایی ژیانە، واتە: تاکو تەمەنی سرووشتییتان بە شێوەیەکی ئاسایی دەگوزەرێنن، دەتانژیەنیّ، (**وَالْأَجَلُ الْمُسَمَّى: هُوَ الْأَجَلُ الْمُعَيَّنُ بِتَقْدِيرِ اللّٰهِ عِنْدَ خَلْقَه كُلُّ أَحَدٍ مِنْهُمْ، فَالتَّنْوِينُ فِي (أَجَلٍ) لِلنَّوْعِيَّةِ**)، ﴿ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ ﴾، واتە: بۆ ئەو کاتەی بە ئەندازەگیریی خوا دانراوە، لە کاتی دروستکردنی بۆ هەر کەسێکدا، کە دەفەرمویّ: ﴿ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ ﴾، ئەم تەنوینە بۆ جۆرە، تاکو ئەو کاتە دیارییکراوەی خوا بۆی داناون، مانایەکەی ئاوای لێدێتەوە: (**وَيُؤَخِّرُكُمْ إِلى إِتْمَامِ أَعْمَارِكُمْ الْمُقَدَّرَةِ، فَلَا يُهْلِكُكُم بِبَلَاءٍ عَام**)، خوا دواتان دەخات تاکو تەمەنەکانتان تەواو دەکەن، ئەو تەمەنانەی بۆتان دیارییکراون بە شێوەی ئاسایی و، بە بەڵایەکی گشتیی ناتانفەوتێنیّ.

٥)- ﴿إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُ لَوْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، بە دڵنیایی کاتی دیارییکراوی خوا هەر کات هات، دواناخرێ ئەگەر بزانن، وشەی (أَجَل)، لە ڕستەی یەکەمدا ﴿أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾، مەبەست پێی کاتی دیارییکراوە بۆ مردنی هەر کەسێك، بەڵام وشەی (أَجَل)، لە ڕستەی دووەمدا: ﴿إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُ لَوْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، بە مانای کاتی دیارییکراوی خوایە بۆ ناردنی بەڵاو سزا، بۆ هەر گەل و کۆمەڵگایەکی سەرپێچییکار لە خواو لە پێغەمبەرەکەی، بۆیە هی پێشێیان فەرموویەتی: ﴿وَيُؤَخِّرْكُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾، هی دواییان فەرموویەتی: ﴿إِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُ﴾، ئنجا ئەگەر کەسێك بە ڕواڵەت تەماشا بکات و وردنەبێتەوە، وا دەزانێ ئەو دوو ڕستەیە دژیەکییان لە نێوان دا هەیە! بۆیەش خوا ﷻ هێندە داکۆکیی دەکات و دەفەرموێ: لە قورئان وردببنەوەو تێوەی ڕامێنن، بابای سەرکێڵ وادەزانێ ئەم دوو ڕستەیە تێك دەگیرێن:

پێشێ دەفەرموێ: ﴿وَيُؤَخِّرْكُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾، دواتان دەخات بۆ کاتێکی دیارییکراو.

کەچی دوایی دەفەرموێ: ﴿إِذَا جَآءَ لَا يُؤَخَّرُ﴾، ئەجەلی خوا کە هات دوا ناخرێ! بەڵام ئەجەلی یەکەم کە ئەوانی بۆ دوادەخات، بریتیە لە فەوتان و مردنیان، ئەجەلی دووەم کە دواناخرێ، بریتیە لە کاتی هاتنی بەڵاو فیتنەو سزا بۆیان، لە کاتێکدا کە بڕوا نەهێنن، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿لَوْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾، وەڵامی (لَوْ)، بە گشتیی دوو ئەگەری هەن و لە هەردووك حاڵاندا قرتێندراوە:

أ- ئەگەر ئێوە زانیباتان، (لأَيْقَنْتُم أَنَّه لاَ يُؤَخَّر)، دڵنیادەبوون کە ئەو کاتەی خوا دیارییکردوە بۆ سزادانی گەل و کۆمەڵگایەکان دوا ناخرێ.

ب- یاخود وەڵامەکەی ئاوایە: (لَوْ كُنْتُم تَعْلَمُون لآمَنْتُمْ بِاللهِ وَاتَّقيتموه وَأَطَعْتُمُونِي)، ئەگەر زانیباتان، بڕواتان بەخوا دێناو بەندایەتییتان بۆ خوا دەکردو، پارێزتان لە خوا دەکردو، گوێڕایەڵیی منیشتان دەکرد.

بۆیەش خوا ﷻ وەڵامی ئەگەر (لَوْ)ی، قرتاندوە، تاکو ئەم دوو واتایە، بەڵکو زیاتر لەو دوو واتایەش بگرێتەوە.

مەسەلەی سێیەم:

خستنەڕووی نووح بۆ چۆنیەتیی بانگەوازکردنی خەڵکەکەی کە پێی گوتوون: بگەڕێنەوە بۆ لای خواو داوای لێبوردنی لێ بکەن و لەبەرەکەتی ئەوەش دا:

١- ئاوی بە خورزەمیان بۆ دادەباریێ، ٢- سامان و منداڵیان زۆر دەبن، ٣- باخ و ڕووباریان بۆ دەڕەخسێن، دوایی سەرزەنشتکردنیان لەسەر ئومێدەوار نەبوونیان بە مەزنیی خواو، نەترسانیان لە پێگەی بەرزو بێ وێنەی خوا، لە حاڵێکدا کە خوا ﷻ:

١- بە چەند قۆناغ دروستیکردوون.

٢- حەوت چینە ئاسمانی هێناونە دی.

٣- مانگی تریفەدارو خۆری پرشنگداری لە نێو ئاسمانەکاندا داناون.

٤- لە زەویدا ڕواندوونی و دواییش پاش گێڕانەوەیان (جەستەکەیان) بۆ نێو خاك، دەریان دێنێتەوە.

٥- زەمینی بۆ ڕاخستوون و وای لێکردوە ڕێ و بانانی تێدا دروست بکەن، لە کەلێن و بۆشایی نێوان چیاو گردەکاندا.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلًا وَنَهَارًا ﴿٥﴾ فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَآءِيٓ إِلَّا فِرَارًا ﴿٦﴾
وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُمْ فِيٓ ءَاذَانِهِمْ وَٱسْتَغْشَوْاْ ثِيَابَهُمْ وَأَصَرُّواْ
وَٱسْتَكْبَرُواْ ٱسْتِكْبَارًا ﴿٧﴾ ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا ﴿٨﴾ ثُمَّ إِنِّيٓ أَعْلَنتُ لَهُمْ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ
إِسْرَارًا ﴿٩﴾ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴿١٠﴾ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴿١١﴾
وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّٰتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَٰرًا ﴿١٢﴾ مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا ﴿١٣﴾
وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا ﴿١٤﴾ أَلَمْ تَرَوْاْ كَيْفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا ﴿١٥﴾ وَجَعَلَ ٱلْقَمَرَ فِيهِنَّ

نُورًا وَجَعَلَ ٱلشَّمۡسَ سِرَاجًا ﴿١٦﴾ وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتًا ﴿١٧﴾ ثُمَّ يُعِيدُكُمۡ فِيهَا وَيُخۡرِجُكُمۡ
إِخۡرَاجًا ﴿١٨﴾ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ بِسَاطًا ﴿١٩﴾ لِّتَسۡلُكُواْ مِنۡهَا سُبُلًا فِجَاجًا ﴿٢٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست و سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوۡتُ قَوۡمِي لَيۡلًا وَنَهَارًا ﴾، {نووح ﷺ لێرەدا دەکەوێتە سەر باس و خواسی گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ گەلەکەی دا}، فەرمووی: پەروەردگارم! من خەڵکەکەی خۆمم بە شەوو ڕۆژ بانگکرد، بۆیە پێویستیی نەکردوە (قَالَ)، (و)ی بکەوێتە پێش (وَقَالَ)، یان (ف)ی بخرێتە سەر (فَقَال)، چونکە ئەمە گێڕانەوەی وەڵامی نووحە ﷺ بۆ فەرمایشتی خوا کە فەرموویەتی: ﴿ أَنۡ أَنذِرۡ قَوۡمَكَ ﴾، ئنجا وەك وەڵامی ئەو قسەیە، مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، یانی: لە وەڵامی ئەم فەرمانەی خوادا، نووح فەرمووی: پەروەردگارم! من خەڵکەکەی خۆمم بە شەوو ڕۆژ بانگ کرد.

٢)- ﴿ فَلَمۡ يَزِدۡهُمۡ دُعَآءِيٓ إِلَّا فِرَارًا ﴾، کەچی بانگکردنەکەم تەنیا ڕاکردنی تێدا زێدەکردن، (دُعَائِيْ)، خوێندراویشەتەوە: (دُعَائِيَ)، یانی: هەم بە زەنە (**سکون**)، هەم بە سەر (**فتحة**) کە هەر یەك واتایان هەیە، بانگکردنەکەی من تەنیا ڕاکردنی تێدا زیادکردن، (**وَاسْتِثْنَاءُ الفِرَارِ مِنْ عُمُومِ الزِّيَادَاتِ، اسْتِثْنَاءٌ مُنْقَطِعٌ، وَالتَّقْدِيرُ: فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَائِي قُرْبًا مِنَ الْهُدَى، لَكِنْ زَادَهُمْ فِرَارًا وَابْتِعَادًا**)، ئەم هەڵاواردنەش هەڵاواردنی دابڕاو (**اسْتِثْنَاءٌ منقطع**)ە، چونکە جیاکردنەوەی (ڕاکردن) لە مانای (زیادکردن) لێك جیان، [یانی: جیاکراوە (**مُستثنى**) لە لێجیاکراوە (**مُستثنى منه**) جیاوازە، بۆیە پێی دەگوترێ: هەڵاواردنی دابڕاو] واتە: هەتا من بانگم دەکردن بەرەو ڕێی ڕاست، ئەوان هەر زیاتر ڕایان دەکردو دوور دەکەوتنەوە.

٣)- ﴿ وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوۡتُهُمۡ لِتَغۡفِرَ لَهُمۡ ﴾، من هەر کاتێ بانگم دەکردن، تاکو لێیان ببووری، (**كُلَّمَا**)، لە دوو بەش پێکهاتوە: (**كُلّ**) و (**مَا**)، (**كُلّ**)، واتە: هەموو شتێك، (**مَا**) لێرەدا بۆ چاوگە (**مَصْدَرِيَّة**)، واتە: ئەوانە هەڵوێستیان هەر بەو شێوەیە بوو، لە هەموو

حاڵان دا کە بانگم دەکردن، تاکو تۆ لێیان ببووری، ئەوان هەر بەو شێوەیان دەکرد، کە دوایی باسی دەکات:

٤)- ﴿ جَعَلُوٓاْ أَصَٰبِعَهُمۡ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ ﴾، (تاکو بانگم دەکردن، تۆ لێیان ببووری، ئەوان هەر عادەتیان وابوو)، پەنجەکانیان دەخستنە گوێکانیانەوە، پێشتریش گوتمان: پەنجە هەمووی ناخرێتە نێو گوێ، بەڵکو مەبەست پێی سەرە پەنجەکان (أَنَامِل)ە، کە کۆی (**أُنْمُلَة**)یە، وەك چۆن (**أَصَابِع**)، کۆی (**أُصْبع**)، یان (**إِصْبع**)ە، بەڵام بۆچی دەفەرموێ: پەنجەکانیان دەخستنە گوێکانیانەوە؟ ئەمە بۆ پێشاندانی زۆر مکووڕبوونیانە لەسەر ئەوەی هیچ شتێك لە نووح نەبیستن، کە ئەگەر بۆیان کرابایە هەموو پەنجەیان دەخستە نێو گوێیانەوە.

٥)- ﴿ وَٱسۡتَغۡشَوۡاْ ثِيَابَهُمۡ ﴾، بە پۆشاکەکەشیان خۆیان دادەپۆشی، واتە: بەرگ و پۆشاکەکانیان بکەنە پۆشەر بۆ دەم و چاوو بۆ گوێیان، واتە: دوای ئەوەی پەنجەیان دەخستە گوێیانەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبیستن، کارێکیان دەکرد کە بە پۆشاکەکانیشیان دەم و چاوەکانیان بگرن، بۆ ئەوەی نووح هەر نەشبینن، نە قسەی ببیستن و نە ڕەنگی ببینن.

٦)- ﴿ وَأَصَرُّواْ وَٱسۡتَكۡبَرُواْ ٱسۡتِكۡبَارٗا ﴾، زۆریش مکوڕبوون (لەسەر مانەوەیان لەسەر ڕێبازی خۆیان)و، خۆیان بەزلگرت بە خۆ بەزلگرتنێکی ناوازە، (**الْإِصْرَارُ: تَحْقِيقُ الْعَزْمِ عَلَى فِعْلٍ، وَهُوَ مُشْتَقٌّ مِنَ الصَّرِّ وَهُوَ الشَّدُّ عَلَى شَيْءٍ، وَحُذِفَ مُتَعَلِّقُ أَصَرُّوا لِظُهُورِهِ، أَيْ أَصَرُّوا عَلَى مَا هُمْ عَلَيْهِ مِنَ الكُفْر**)، (**إِصْرَار**): بریتیە لە دڵی خۆ ساغکردنەوە لەسەر شتێك (**إِصْرَارُ**)، لە (**صَرّ**)ەوە هاتوە، (**صَرّ**)یش، بریتیە لە توندکردن، یاخود گرێدانێك، (**صَرَّة**)، واتە: پرێسکەیەك کە پارەی تێدەهاویشترێ و توند دەبەسترێ، ئنجا ئەوەی (**أَصَرُّوا**)ی، پێوە پەیوەستە ئایا لەسەر چی مکووڕبوون؟ قرتێنراوە چونکە ئاشکرایە، واتە: مکووڕ بوون لەسەر مانەوە لەسەر کوفرو شیرك و بتپەرستیی، ئەمەش سکاڵای نووحە ﷺ بۆ لای پەروەردگاری وەك ڕێخۆشکردن بۆ ئەوەی دوایی تووکیان لێ بکات کە خوا سزایان بدات.

هەروەها نووح ﷺ لەسەر گێڕانەوەی حاڵ و بەسەرهاتی لەگەڵ گەلەکەیدا بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

٧)- ﴿ ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا ﴾، دوایی من بە دەنگی بەرز بانگم کردن، (ثُمَّ)، بۆ ڕیزبەندیی گێڕانەوەکەیە، (**جِهَاراً: مَصْدَرٌ جَهَرَ نَائِبٌ عَنِ المَفْعُول المُطْلَق**)، (**جِهَاراً**)، چاوگی (**جَهَرَ**)یە، واتە: دەنگی بەرز کردەوە، لە شوێنی بەرکاری ڕەها دانراوە، ﴿ ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا ﴾، کە ئەمە دەبێتە بەرکاری ڕەها بۆ ﴿ دَعَوْتُهُمْ ﴾ و لە شوێنی ئەو دانراوە، یانی: بانگم کردن بە بانگکردنێکی بە دەنگی بەرز.

٨)- ﴿ ثُمَّ إِنِّيَ أَعْلَنتُ لَهُمْ ﴾، دوایی من بانگەوازم بۆ ئاشکرا کردن.

٩)- ﴿ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْرَارًا ﴾، هەروەها بۆشم پەنهانکردن بە پەنهانکردنێکی زۆر ناوازە، چونکە (**إِسْرَار**)، دەبێتە بەرکاری ڕەها (**مفعول مطلق**) بۆ جەختکردنەوەی (**أَسْرَرت**).

زانایان لەو بارەوە زۆریان قسە کردووە، ئەوەی لەم ئایەتانە وەردەگیرێ، ئەوەیە کە نووح ﷺ بە چوار شێواز بانگی کردوون:

١و٢- بە دەنگی نزم و بەرز: دەنگی بەرزیش لە بەرانبەریدا دەنگی نزم هەیە، کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا ﴾، دیارە جاری پێشێ بە دەنگی نزم بانگی کردوون، پاشان بە دەنگی بەرز، چونکە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا ﴾، دوایی من بە دەنگی بەرز بانگم کردن.

٣و٤- بە پەنهانیی و ئاشکرا، وەك دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ إِنِّيَ أَعْلَنتُ لَهُمْ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْرَارًا ﴾، دوایی بە ئاشکرا بانگم کردن، ئنجا بە پەنهانییش بانگم کردن، کەواتە: چوار شێوازن: بە دەنگی بەرزو بە دەنگی کپ و، بە ئاشکراو بە نهێنیی و بە پەنهانیی، ئەو شێوازە بانگکردنانەی نووح ﷺ کە بەکاری هێناون بۆ بانگەوازکردنی گەلەکەی بۆیە جۆراو جۆر بوون، چونکە خەڵکەکەش جۆراو جۆر بووە، بۆ وێنە: بۆ بەرپرسەکان نەگونجاوە بە دەنگی بەرز بانگیان بکات، چونکە ئەو کاتە زیاتر شێتگیر دەبوون، بەڵکو بە دەنگێکی

کپ و له قەدەر ئەو کۆڕو مەجلیسەی تێیدا بوون، بەڵام بۆ خەڵکەکە بە دەنگی کپ گوێیان لێنابێ و لە مەحفەل و کۆبوونەوەی گشتییاندا دەنگی بۆ بەرز کردوونەوە، هەروەها بۆ هەندێکیان بە ئاشکرا بانگی کردوون هەندێ جارو، هەندێ جاریش بە پەنهانیی پەنامەکیی، بە جۆرێك ئەو کەسەی بانگ دەکرێ تەماشای کردوە: چ مەقامێکی هەیە؟ تاکو بەپێی ئەو مەقامە، مەقالەکەی بۆ بگۆڕێ، وەك گوتراوە: (**لِكُلِّ مَقَامٍ مَقَال، وَلِكُلِ مَيْدانٍ رِجَال**)، بۆ هەر شوێنە جۆرە قسەیەك هەیەو، بۆ هەر گۆڕەپانێك جۆرە پیاوانێك هەن.

١٠)- ﴿ فَقُلْتُ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ﴾، پێم گوتن: داوای لێبوردن لە پەروەردگارتان بکەن، بە دڵنیایی ئەو زۆر لێبوردەیە، پێشتریش نووح ﷺ بۆ خوای پەروەردگاری گێڕایەوە: ﴿ وَإِنِّى كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ ﴾، ئەوەی باسکرد، هەروەها لەوە پێشتریش کە پێی گوتن: ﴿ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ ﴾، بەڵام ئەم جارە دووبارەی دەکاتەوە، چونکە پێشێ بە گشتیی پێیگوتوون: ئەگەر وابکەن خوا لە گوناهەکانتان دەتانبووری، بەڵام ئەمجارە بەشێوەی دواندن پێیگوتوون: داوای لێبوردن لە پەروەردگارتان بکەن بە دڵنیایی ئەو زۆر لێبوردەیە، واتە: با ئەوە نەبێتە پەرچ و کۆسپ لەبەر دەمتاندا، کە پێتان وابێ گوناهو تاوان و خراپەتان زۆر کردوەو، لێبوردنی خوا بەشتان ناکات! لێبوردنی خوا زۆر زۆرە، چونکە ئەو زۆر زۆر لێبوردەیە، لێبوردەیی خوا سنووری نیە.

١١)- ﴿ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا ﴾، {ئەگەر ئێوە داوای لێبوردن لە خوای پەروەردگارتان بکەن}، خوا ﷻ لە سەرێوە ئاوی بە خورزەمتان بەسەردا دەبارێنێ، وشەی (سَمَاء):

أ- دەگونجێ مەبەست پێی خودی باران و ئاوەکە بێ، وەك لەم فەرمایشتەدا هاتوە: {**عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ** ﷺ، **قَالَ: صلَّى بنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ صَلاَةَ الصُّبْحِ بِالحُدَيْبِيَّةِ فِي إِثْرِ سَمَاءٍ كَانَتْ مِنَ اللَّيْلِ**} (**أخرجه البخاري: ٨٤٦، ومسلم: ٧١**)، واتە: زەیدی کوڕی خالید ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بەیانی بۆ کردین لە حودەیبییە، دوای بارانێك کە بەشەو باری بوو.

ب- وشەی (سَمَاء)، بە مانای سەرێش دێ: ﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ ﴾، الملك: ١٦.

ج- هەروەها (**سماء**) بە مانای هەوریش دێ: ﴿ أَوۡ كَصَيِّبٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ﴿١٩﴾ ﴾البقرة.

١٢)- ﴿ وَيُمۡدِدۡكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ ﴾، {جگە لەوەی خوا لە سەرێوە ئاوی بە خورزەمتان بەسەردا هەڵدەڕێژێ، ئەگەر داوای لێبوردنی لێ بکەن و بۆ خوا صوڵحاو بن}، سامانەکانیشتان بۆ زۆر دەکات و، کوڕانیشتان بۆ زۆر دەکات، (**إِمْدَاد**)، بریتیە لە بۆ درێژکردنەوە، (**أَمَدَّهُ يُمِدُّه إِمْدَاداً**)، (**إِمْدَاد**)، بۆ درێژکردنەوەیە، کە لێرەدا مەبەست ئەوەیە بۆتان زۆر دەکات، یاخود ئە و ماڵ و سامانەی هەتانە بۆتان درێژە پێدەدا، ئەو کوڕو منداڵانەی هەتانن، بۆتانیان دەهێڵێتەوەو، بۆتانیان درێژە پێدەدا.

١٣)- ﴿ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ جَنَّٰتٖ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ أَنۡهَٰرٗا ﴾، باخانیشتان بۆ دەڕەخسێنێ و ڕووبارانیشتان بۆ دەڕەخسێنێ، لە ئەنجامی هەبوونی ئاوی زۆردا، هەم باخ و دێبەرو بێستان زۆر دەبن، هەم جۆگەو ڕووباریش زۆر دەبن.

دوایی نووح عليه السلام دەفەرموێ:

١٤)- ﴿ مَّا لَكُمۡ لَا تَرۡجُونَ لِلَّهِ وَقَارٗا ﴾، چیتانە! ئومێدی وەقارتان نیە بۆ خوا، (**وَقَار**)، لە ئەصڵی زمانی عەرەبییدا بە مانای چەسپان (**ثَبَات**) دێ، وەك خوا بە هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەری فەرمووە: ﴿ وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ ﴾**الأحزاب**، لە ماڵەکانی خۆتاندا نیشتەجێ بن، واتە: بۆچی ئەو پێگە بەرزو چەسپاوەی خوا هەیەتی، پێی ئومێدەوار نین؟ ئەوە واتایەکی، یاخود: (**وَقَار**)، بە مانای مەزنییە (**وَالوَقَارُ: العَظَمَةُ. وَالتَّوْقِيرُ: التَّعْظِيمُ، وَقَّرَهُ يُوَقِّرُه تَوْقِيْراً، يَعْنِي: عَظَّمَهُ يُعَظِّمُهُ تَعْظِيْماً**)، کەواتە: (**وَقَار**)، بە مانای مەزنییش دێ، یانی: بۆچی ئومێدەوار نین بە مەزنیی خوا؟ هەروەها (**تَرْجُونَ**)، دەڵێ: (**خَوْفُ و رَجَاء**)، پێکەوە پەیوەستن، کەواتە: ﴿ لَا تَرۡجُونَ لِلَّهِ وَقَارٗا ﴾، یانی: (**لَا تَخَافُون لِلَّهِ عَظَمَةً**)، بۆچی لە مەزنیی خوا ترستان نیە، یان بۆچی ئومێدەوار نین بە مەزنیی خوا، بە پایە بەرزیی خوا، کە لێتان ببوورێ و چاکەتان لەگەڵدا بکات و، میهرەبانییتان لەگەڵدا بنوێنێ؟ بۆچی کارێك ناکەن

شایستەی ئەوە بن، خوا بە مەزنیی و پایە بەرزیی خۆی و، بە چاکەکانی خۆی مامەڵەتان لەگەڵدا بکات؟.

لە بارەی ئەوەوە کە داوای لێبوردن لە خوا کردن دەبێتە هۆی دابارینی ئاوو زۆربوونی ماڵ و سامان و کوڕان و کچان و، دەبێتە هۆی پیت و پێزو ڕووبارو ڕەزو باخ و ...هتد، خوا ﷻ لە چەند شوێنێك لە قورئاندا ئاماژەی بەو ڕاستییە کردوە، بۆ نموونە: لە سوورەتی (هود)دا ئەوە هاتوە لەسەر زمانی هوود ﷺ بۆ گەلەکەی خۆی (عاد): ﴿وَيَٰقَوۡمِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ وَلَا تَتَوَلَّوۡاْ مُجۡرِمِينَ ٥٢﴾ هود.

لێرەش ئەو دەقە دێنین: (قَالَ الْأَوْزَاعِيُّ: خَرَجَ النَّاسُ يَسْتَسْقُونَ، فَقَامَ فِيهِمْ بِلَالُ بْنُ سَعْدٍ، فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ إِنَّا سَمِعْنَاكَ تقول: ﴿مَا عَلَى ٱلۡمُحۡسِنِينَ مِن سَبِيلٖ ٩١﴾ التوبة، وَقَدْ أَقْرَرْنَا بِالْإِسَاءَةِ، فَهَلْ تَكُونُ مَغْفِرَتُكَ إِلَّا لِمِثْلِنَا؟! اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَاسْقِنَا! فَرَفَعَ يَدَيْهِ وَرَفَعُوا أَيْدِيَهُمْ، فَسُقُوا)[1]، واتە: ئەوزاعیی ڕەحمەتی خوای لێ بێ، دەڵێ: خەڵك چوونەدەر بۆ داواکردنی باران، بیلالی کوڕی سەعد (یەکێك بووە لە خواناسان و لە نێویاندا بوو)، ستایيشی خوای کردو مەدح و سەنای خوای کرد، دوایی گوتی: ئەی خوایە! ئێمە گوێبیستت بووین دەفەرمووی: ﴿مَا عَلَى ٱلۡمُحۡسِنِينَ مِن سَبِيلٖ﴾ التوبة، واتە: چاکەکاران هیچ ڕێی ڕەخنەو گلەییان نایەتە سەر، ئێمەش ئەوە دانمان هێنا بە هەڵەو خراپەی خۆماندا، ئنجا ئایا لێبوردنی تۆ هەر بۆ وێنەی ئێمە نابێ؟ (واتە: چاکەکاران ئەوە چاکن، بەڵام ئێمە دانمان بە هەڵەو کەم و کوڕیی خۆماندا هێناو، ئەگەر چاکەکاران پێویستییان بە لێبوردنی تۆ ناکات، بەڵام ئێمەی خراپەکار حەوجێی لێبوردنی تۆیش، ئایا لێبوردنی تۆ هەر بۆ خەڵکی وەك ئێمە نیە)؟، ئەی خوایە! لێمان ببوورەو بەزەییت پێماندا بێ و، ئاومان بۆ

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج٢٩، ص٢٣٠.

دابارێنـە، دەسـتی بـەرز کـردەوەو خەڵکەکـەش دەسـتیان بـەرز کـردەوەو، یەکسـەر خـوای پەروەردگاریـش هـەوری هێنایـە ئاسـمان و بارانـی بەسـەردا باراندیـن.

زانایـان و ڕوونکەرەوانـی قورئـان لـە بەرانبـەر ئـەم ڕسـتەیەدا، زۆر قسـەیان کـردوە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مَّا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا ﴾، ئنجا ئـەوەی پێویسـت بـوو لـە ڕابردوودا گوتـم، بـەڵام بـۆ زیاتـر تیشـك خستنەسـەری، قسـەی هەندێـك لـە زانایـان، دێنیـن بـێ ئـەوەی ناویـان بێنین:

١- (لَا تَرْجُونَ تَعْظِيْمَ الله إِيّاكُمْ وَتَكْرِيْمَه لَكم فِي الآخِرة؟)، بۆچی بە ئومێدی ئەوە نین خوا لە ڕۆژی دوایی دا، بە مەزنتان بگرێ و ڕێزتان لێبگرێ؟.

٢- (مَا لَكُمْ لَا تَخْشَوْنَ لله عِقَاباً، وَلَا تَرْجُونَ مِنْه ثَوَاباً)، بۆچی مەترسیی سزای خواتان نیەو، بە ئومێدی پاداشتی خوا نین؟.

٣- (مَا لَكُمْ لَا تَعْتَقِدُوْن لِلّهِ عَظَمَةً؟)، بۆچی بڕواتان نیە بە مەزنیی خوا.

٤- (مَا لَكُمْ لَا تَخَافُون لِلّهِ عَظَمَةً وَقُدْرَة عَلَى أحَدِكُم عُقُوبَتكم؟)، بۆچی مەترسیی مەزنیی خواتان نیەو ئەوە کە خوا دەتوانێ سزاتان بدات {هەر کامێك لە ئێوە خوا بیەوێ سزای بدات؟}.

١٥)- ﴿ وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا ﴾، لە حاڵێکدا خوا ئێوەی لە چەند قۆناغاندا دروست کردوە؟ (أَطْوَارُ)، کۆی (طَوْر)ە، (طَوْرَاً بَعْدَ طَوْر، أي: تَارَة بعد تَارَة)، جار لە دوای جار، دەگوترێ: (خَرَجَ عَنْ طَوْره، أي: جَاوَزَ حَدَّه، وَالأطْوَار: المَرَاحِل)، (طَوْر)، وەك چۆن بە مانای جار دێ، جار لە دوای جار، بە مانای قۆناغیش دێ، ئنجا ئەو قۆناغانەش: أ- مەبەست پێیان قۆناغەکانی نێو مندالّدانی ئافرەت بێ، مندالّدانی دایك، کە مرۆڤ پێشێ نوتفەیە، دوایی دەبێتە عەلەقە و خوێنپارە، ئنجا دەبێتە زارجوو (مُضغة)، {پارچە گۆشتێك هێندەی زارجوو}، ئنجا دەبێتە ئێسقان، دوایی ئێسقانەکە بە گۆشت دادەپۆشرێ و، دوایی لە قۆناغێکی دیکەدا ڕووحی بەبەردا دەکرێ.

ب- یاخود مەبەست پێی قۆناغەکانی دوای لە دایك بوون بێ: کۆرپە، منداڵی ساوا، پێڕۆچکە، وردە وردە، ئنجا گەورەتر دەبێ، دوایی دەبێتە هەرزەکار، دوایی باڵغ دەبێ، دوایی دەبێتە گەنج و کامڵ دەبێ و تاکو دوایی.

هەروەها لە یەك کاتدا دەگونجێ مەبەست پێی هەموویان بێ، خوا ﷻ ئێمەی هەم لە منداڵدانی دایکدا بە چەند قۆناغاندا تێدەپەڕێنێ، هەم دوایی کە لە دایکیش دەبین بەچەند قۆناغاندا تێدەپەڕین، ئەگەر مرۆڤ هەر تەماشای خۆی بکات، خوا چۆنی هێناوەتە دی، ئنجا ئەو خۆ ناسینەی، وای لێ دەکات کە خوا بناسێ و ئنجا زانینی ئەوەی خوا چۆن خوڵقاندوویەتی؟ پاڵنەرو هاندەری دەبێ کە خوا بپەرستێ و بەندایەتیی بۆ بکات، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ مَا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا ﴾، بە هەموو ئەو واتایانەی کە گوتمانن، بۆچی ئێوە بە ئومێدی بەزەیی، پاداشتی خوا نین و، ترستان نیە لە سزای خوا؟ ﴿ وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا ﴾، لە حاڵێکدا خوا ئێوەی بە چەند قۆناغاندا هێناوەتە دی و، بە چەند قۆناغ ئێوەی دروست کردوە، بە چەند قۆناغاندا تێیپەڕاندوون، هەر وەك شتێکی کورت دەڵێین: مرۆڤ لەچی دروست دەبێ؟ لە نوتفە، نوتفە لە ئەصڵدا لە دوو زیندەوەری بچووك دروست دەبێ، یەکەم: (**حَيمَنْ**)، کە لە ئاوی پیاودایە، کە کورتکراوەی (**الحيوان المَنَوي**)یە، کە بە (**حَيَامِن**)، کۆ دەکرێنەوە، واتە: زیندەوەریی تۆوی و، زانایان دەڵێن: لە هەر کاتێکدا پیاو ئاو دەڕێژێ ئاوەکەی پێنجسەد (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن زیندەوەری بچووکی تێدایە کە پێیان دەگوترێ: (**حَيمَنْ**)، ئەو ئاوەش هەمووی قەبارەکەی یەك سانتیمەتر سێجا (١ سم٣)یە، کەچی پێنج سەد (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن زیندەوەری بچووکی تێدایەو، یەکێك لەو زیندەوەرە بچووکانە دەچێ بە هێلکۆڵە (**بويضة**)وە لە نێو ئاوی ئافرەتدا پەیوەست دەبێ و، بە هەردووکیان زیندەوەرێکی دیکە پێکدێنن پێی دەگوترێ: نوتفەو مرۆڤ لەوەوە دروست دەبێ.

١٦)- ﴿ أَلَمۡ تَرَوۡاْ كَيۡفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗا ﴾، ئایا سەرنجتان نەداوە خوا ﷻ چۆن حەوت چین ئاسمانی هێناونە دی! (طِبَاقًا، أي: مُطَابِقَةً)، واتە: لەسەر یەکدی، چین لەسەر چین، واتە: ئایا ئەو خوایەی حەوت چینە ئاسمانی بەسەر سەری ئێوەوە دروستکردوون، شایستەی ئەوە نیە بەندایەتیی بۆ بکەن و بیپەرستن، هەروەك چۆن ئێوەی بە چەند قۆناغاندا تێپەڕاندوەو، بۆ ئێوەی ئەو هەموو نازو نیعمەتانەی ڕەخساندوون؟ زانایان گوتویانە: کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمۡ تَرَوۡاْ ﴾، ئایا نابینن؟ بێگومان ناگونجێ ئێمە بە چاو حەوت چینە ئاسمانەکان ببینین؟ (**الشنقیطي**) خاوەنی (**أضواء البیان**)[1]، لەو بارەوە هەندێ قسە دەکات و دەڵێ: لێرەدا دەگونجێ مەبەست دوو شت بێ:

١- ﴿ أَلَمۡ تَرَوۡاْ ﴾، مەبەست پێی دیتنی چاو نیە، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە خوا هەواڵێکی دڵنیاکەری پێداون و، هەواڵی خوای پەروەردگاریش پابەندکەرە بۆ هەموو لایەك، بۆ هەر کەسێك کە ببیستێ، کەواتە: ﴿ أَلَمۡ تَرَوۡاْ ﴾، واتە: ئایا بە چاوی عەقڵ نەتانبینیوە، دوای ئەوەی خوا هەواڵی پێداون: حەوت ئاسمانم خوڵقاندوون؟

٢- ﴿ أَلَمۡ تَرَوۡاْ ﴾، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە شەوی شەوڕۆو بەرز بوونەوەدا بە حەوت ئاسمانەکاندا تێپەڕیوەو، دەروازەی حەوت ئاسمانەکانی بۆ کراونەوەو چۆتە سەرووی حەوت ئاسمانەکان و، لەگەڵ خوای بەرزدا گفتوگۆی کردوە، ئنجا ئەگەر ئێمە بە چاوی خۆشمان نەمانبینیوە، بە چاوی پێغەمبەری خوا ﷺ بینیومانە و ئێمەش هەرچی فەرموویەتی بە ڕاستی دادەنێین و ئەویش فەرموویەتی: حەوت ئاسمانەکانم دیون، چاوی پێغەمبەریش ﷺ لە چاوی خۆمان باشتر ئەوەی بینیوە.

بەڵام مانای یەکەمیان ڕاستەو لە هەموو قورئانیش دا هەروایە.

١٧)- ﴿ وَجَعَلَ ٱلۡقَمَرَ فِيهِنَّ نُورٗا ﴾، هەروەها (خوا) مانگی تێدا ڕووناك کردوون، کردوویەتی بە ڕووناکیی لە نێو ئاسمانەکاندا، بێگومان مانگ شوێنکەوتووی خڕۆکەی زەوییەو (٣٦٠،٠٠٠)، تاکو (٣٨٠،٠٠٠) کیلۆمەتر لە زەوییەوە دوورە، تەنیا کەمێک لەو

---

(١) ج٨، ص(٣١٢، ٣١٣، ٣١٢).

بەینەدا کەم و زیاد دەکات، کە جاری وایە مانگ نزیك دەکەوێتەوە لە زەوی و جاری وایە دوور دەکەوێتەوە، بەڵام بێگومان مانگ لە سنووری ئاسمانی یەکەمدایە، هەروەك خۆریش لە سنوری ئاسمانی یەکەم دایە، وەك زۆر جار باسمانکردوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ﴾فصلت، ئاسمانی نزیکترمان بە چرایان ڕازاندۆتەوە، کە مەبەست پێی ئەستێرەکانن، بەڵام ئاسمانەکانیش مادام چین لەسەر چینن، ئاسمانی یەکەم دەوری ئێمەی داوە، دوایی ئاسمانی دووەم دەوری ئاسمانی یەکەمی داوەو، هی سێیەم دەوری دووەمی داوە، هی چوارەم دەوری سێیەمی داوەو، هی پێنجەم دەوری چوارەمی داوەو، هی شەشەم دەوری پێنجەم و، ئاسمانی حەوتەمیش دەوری شەشەمی داوە، کەواتە: سەرەنجام خۆرو مانگ دەکەونە نێو هەموو ئاسمانەکانەوە.

١٨)- ﴿وَجَعَلَ ٱلشَّمْسَ سِرَاجًا﴾، هەروەها (خوا) خۆریشی کردوە بە چرا، واتە: وەك چرایە، لێرەدا ئەمە پێی دەگوترێ: (**التَّشْبِيه البَلِيْغ**)، واتە: خۆریش وەك چرایەکی تیشکدەرە.

١٩)- ﴿وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ نَبَاتًا﴾، هەروەها خوا ﷻ ئێوەی لە زەویدا بە ڕواندن ڕواندوە، بێگومان (**نَبَاتًا**)، لە: (**أَنْبَتَ**) هاتوەو، (**عُومِلَ مُعَامَلَةَ المَصْدَرِ فَوَقَعَ مَفْعُولًا مُطْلَقًا لِـأَنْبَتَكُمْ**)، لە ئەصڵدا (**نَبَاتاً**)، ناوەو لە (**أَنْبَتَ: يُنْبِت إِنْبَاتاً فَهُوَ نَبَات**) هاتوە، بەڵام لێرەدا (**نَبَاتاً**)، وەك چاوگ بۆ (**أَنْبَتَ**) مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، یانی: خوا ئێوەی ڕواندوە بە ڕواندن لە زەوی دا.

٢٠)- ﴿ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا﴾، دوایی دەتانگێڕێتەوە نێوی، واتە: جەستەکانتان دەگێڕێتەوە نێو زەوی، بۆچی خوا وا دەفەرموێ؟ چونکە ئەوانە بەس هەستیان بە جەستەی خۆیان کردوە، بۆیە خواش ﷻ بەپێی عەقڵی خۆیان دواندوونی، واتە: ئەو جەستەیەی کە ئێوە تەنیا هەست بەوە دەکەن، دوای مردنتان دەگێڕرێتەوە نێو زەوی.

٢١)- ﴿وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًا﴾، ئنجا هەر ئەو جەستەیەش جارێکی دیکە دەردێنێتەوە لە زەوی، بۆیە دەفەرموێ: (**إِخْرَاجًا**)، ﴿وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًا﴾، واتە: بە دەرهێنانەوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەرتان دێنێتەوە.

٢٢)- ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ بِسَاطٗا ﴾، هەروەها خوا زەوی بۆ کردوون بە ڕایەخ، (وَالْبِسَاطُ: مَا يُفْرَشُ لِلنَّوْمِ عَلَيْهِ وَالجُلُوسِ، مِنْ ثَوْبٍ أَوْ زُرْبِيَّةٍ، فَالإِخْبَارُ عَنِ الْأَرْضِ بِبِسَاطٍ تَشْبِيهٌ بَلِيغٌ)، (بِسَاطاً)، هەر شتێکە کە بۆ خەوتن یان بۆ لەسەر دانیشتن ڕادەخرێ و، هەواڵدانیش لە زەوی بەوەی کراوە بە ڕایەخ (فِرَاش)، دیسان لە جۆری وێچواندنی بەلیغە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە، یانی: وەك فەرش بۆی ڕاخستوون.

٢٣)- ﴿ لِّتَسۡلُكُواْ مِنۡهَا سُبُلٗا فِجَاجٗا ﴾، تاکو لە زەویدا ڕێیان و کەلێنان بگرنەبەر، واتە: بە کەلێنەکانیدا ڕێ و بانان بگرنە بەر، چونکە وشەی (سُبُل)، کۆی (سَبِيل)ە، بە مانای ڕێ و بان دێ، (فِجَاج)یش، کۆی (فَجّ)ە، بە مانای ڕێیەکی فراوان دێ، بە تایبەت ئەوەی دەکەوێتە نێوان چیایەکانەوە، واتە: ئێوە ڕێ و بانەکان بگرنەبەر بە کەلێن و بۆشایی نێوان چیاکاندا، کەواتە: خوا ﷻ ئەو هەموو نازو نیعمەتانەی بۆ ئێوە ڕەخساندوون:

١- خۆتانی بە چەند قۆناغ خوڵقاندوە.

٢- حەوت ئاسمانی بۆ دروستکردوون.

٣- زەوی بۆ کردوون بە ڕایەخێك.

٤- مانگی بۆ کردوون بە ڕووناکیی بۆ شەو.

٥- خۆری بۆ کردوون بە چرا بۆ ڕۆژ.

٦- پاشان ئێوەی لە زەوی دا پێگەیاندوە، ئەو هەموو کارانەی بۆ ئێوە کردوون و ئەو هەموو چاکەو نیعمەتانەی پێداون و، دەستی چاکەی خوا ﷻ لە ژیانی ئێوەدا هێندە هەیە، کەواتە: بەس خۆی شایستەی ئەوەیە بەندایەتیی بۆ بکرێ و بپەرسترێ و نەچن ڕوو لە جگە لە خوا بکەن، ئاوا نووح عليه السلام ئەو هەموو نازو نیعمەت و چاکانەی خوا ﷻ و، ئەو هەموو چاکەکارییانەی خوا لە ژیانی بەشەردا، خستوونیە بەر چاوی گەل و کۆمەڵگایەکەی، بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشێ و دڵیان بجووڵێنێ بەرەو بەندایەتیی کردن بۆ خوا ﷻ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە هەشـت (٨) ئایـەت پێـك دێ، ئایەتـەكانی: (٢١ - ٢٨)ی كۆتایـی سـوورەتی (نـوح)، لـە دوو توێـی ئـەو هەشـت (٨) ئایەتـەدا، دوو هەڵوێسـتی كۆتایـی نـووح عليه السلام لـە بـارەی گەلەكەیـەوە خراونـەڕوو:

هەڵوێسـتی یەكـەم: ئەوەیـە كـە نـووح عليه السلام لـە كۆتایـی گێڕانـەوەی بەسـەرهاتی خۆیـدا، لـە پـەروەردگاری دەپاڕێتـەوەو هەواڵـی پـێ دەدات، هەڵبەتـە خـوا تعالى لـە نـووح بـە هەمـوو شـتێك و بـە هەمـوو هەواڵـەكان ئاگادارتـرە، بـەڵام نـووح سـكاڵای خـۆی لـە لای خـوای پـەروەردگار دەكات و دەڵێ: پـەروەردگارم! گەلەكەم سـەرپێچییان لێكـردم و، تەنیـا شـوێن كەسـانێك كەوتـن، زلـە زلانێـك، بڕیـار بەدەسـتانێك كـە مـاڵ و سامانی زۆریـان هەیـەو وەچـەو قـە رەباڵغیـی زۆریـان بـەدەورەوە هەیـە، بـەڵام مـاڵ و سـامان و ڕۆڵەكانـی دەوروبەریـان هـەر زیانبارییـان بـۆ زیـاد كـردوون و، پیلانێكـی زۆر گەورەیـان گێـڕا كـە گوتیـان: دەسـتبەرداری پەرسـتراوەكانتان مەبـن و، دەسـتبەرداری: (وەددو سـواع ویەغـووث ویەعـووق ونەسـر)، ئـەو پێنـج صەنەمـە مەبـن و، خەڵكێكـی زۆریشـیان گومڕاكـرد، تـۆش ئـەی پـەروەردگار! سـتەمكاران هـەر گومڕاییـان بـۆ زیـاد بكـە، دواییـش خـوا تعالى یەكسـەر سـەرەنجامی سـامناكی دژوارو سـەختی گـەلی نـووح دەخاتـەڕوو، كـە بریتیـە لـە نغـرۆ بـوون و خنكانیـان لـە تۆفانـدا كـە دەفەرمـوێ: ﴿مِّمَّا خَطِيٓـَٔـٰتِهِمۡ أُغۡرِقُواْ فَأُدۡخِلُواْ نَارٗا فَلَمۡ يَجِدُواْ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَنصَارٗا ٢٥﴾نـوح، بەهـۆی تاوانەكانیانـەوە خنكێـنران، یەكسـەریش خرانـە نێـو ئاگـرەوە (لـە قۆناغـی بەرزەخـدا)و، جگـە لـە خـواش پشـتیوانیان چنـگ نەكەوتـن، ئەمـە هەڵوێسـتی یەكەمـی نـووح.

هەڵوێسـتی دووەم: لـە سـێ ئایەتـی كۆتاییـدا، بریتیـە لـە تـووك و نزاكردنـی نـووح لـە گەلەكـەی: ﴿وَقَالَ نُوحٞ رَّبِّ لَا تَذَرۡ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ دَيَّارًا ٢٦﴾، نـووح عليه السلام

گوتی: پەروەردگارم! تاقەواری بێبڕوایان لەسەر زەوی مەهێڵە، خانوو نشینیان
لێ مەهێڵە، ئنجا نووح ﷺ بەڵگەو پاساو دێنێتەوە کە بۆچی کەسیان لێ
نەهێڵێ، دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوا إِلَّا فَاجِرًا كَفَّارًا
(٢٧) ﴾، چونکە ئەگەر تۆ لێیان گەڕێی و هەر کامێکیان لێ بمێنێ، بەندەکانی
کە ماون ئەوانیش گومڕا دەکەن و، ئەوەی لێشیان دەبێ، هەر تاوانباری زۆر
بێبڕوا، یاخود زۆر سپڵەیەو، لە کۆتایی دا دەپاڕێتەوە: ﴿ رَّبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ
وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا تَبَارًا (٢٨) ﴾،
پەروەردگارم! لێم ببوورەو لە باب و دایکم و لە هەر کەسێك کە بە ئیمانەوە
دێتەماڵەکەم و، لە پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕوادارو، ستەمکارانیش هەر
سەر بە فەتارەت چوون و بە هیلاك چوونیان بۆ زیاد بکە.

﴿ قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَاتَّبَعُوا مَن لَّمْ يَزِدْهُ مَالُهُ وَوَلَدُهُ إِلَّا خَسَارًا (٢١) وَمَكَرُوا
مَكْرًا كُبَّارًا (٢٢) وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا
(٢٣) وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا (٢٤) مِّمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا
نَارًا فَلَمْ يَجِدُوا لَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ أَنصَارًا (٢٥) وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ
دَيَّارًا (٢٦) إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوا إِلَّا فَاجِرًا كَفَّارًا (٢٧) رَّبِّ اغْفِرْ
لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا تَبَارًا
(٢٨) ﴾

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{نـووح گوتـی: پـەروەردگارم! ئەوانـە (خەڵکەکـەم) سـەرپێچییان لێکـردم و، شـوێن کەسـێك کەوتـن کـە سـامان و ڕۆڵەکانـی تەنیـا زیانبارییـان بـۆ زێدەکـردن ﴿٢١﴾ (زلـە زلـەکانی گەلەکـەم) پیلانێکـی بێرەزاشـیان لـە دژم گێـڕا ﴿٢٢﴾ گوتیشـیان: (بـە شـوێنکەوتووەکانیان) واز لـە پەرسـتراوەکانتان مەهێنـن و دەسـتبەرداری وەدوو سـواع و یەغـووس و یەعـووق و نەسـر مەبـن ﴿٢٣﴾ بـە دڵنیایـی ئـەو (بڕیـار بەدەسـت) انـە (خەڵکێکـی) زۆریـان گومـڕا کـردو، (ئـەی خوایـە!) بـۆ سـتەمکارانیش هـەر گومڕایـی زیـاد بکـە ﴿٢٤﴾ (سـەرەنجام کۆمەڵـە بێبڕوایەکـەی نـووح) لـە سـۆنگەی گوناهەکانیانـەوە (تێکـڕاو وێکـڕا لـە تۆفـان دا) نغـرۆ بـوون و، یەکسـەریش خرانـە ئاگرێـك (ی تایبـەت)ەوەو، جگـە لـە خـواش هیـچ پشـتیوانانێکیان چنـگ نەکەوتـن ﴿٢٥﴾ نووحیـش گوتـی: پـەروەردگارم! (یـەك کـەس خانوونشـینێك) لـە کافران لەسـەر زەوی مەهێڵـە (بنبـڕو قەلاچۆیـان بکـە) ﴿٢٦﴾ چونکـە تـۆ ئەگـەر بیانهێڵـی، بەنـدە (بڕوادارە)کانـت سـەرگەردان دەکـەن و، جگـە لـە منداڵـی خراپـەکاری سـپڵە (و بێبڕوا) شـیان نابـێ ﴿٢٧﴾ پـەروەردگارم! لێـم ببـوورە هەروەهـا لـە بـاب و دایکـم و، لـە هـەر کەسـێك بـە بـڕواداری هاتۆتـە ماڵەکـەم و، لـە بڕوادارانـی پیـاوو بڕوادارانـی ئافـرەت و، بـۆ سـتەمکارانیش تەنیـا فەوتـان و سـەر بـە فەتـارەت چـوون، زیـاد بکـە ﴿٢٨﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(عَصَوْنِى): سەرپێچییان لێکردم، (عَصَى عِصْيَانًا، أي: خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ)، (عَصَى): سەرپێچیی کرد کرداری ڕابردووە، (يَعْصِي)، سەرپێچیی دەکات کرداری (مُضَارِع)ە، (عِصْيَان) سەرپێچیکردن چاوگەکەیە واتە: لە فەرمانبەریی دەرچوون.

(خَسَارًا): (الخُسْرُ والخُسْرَانُ: انْتِقَاصُ رَأْسِ المَال)، (خُسْر) و (خُسْرَان)، هەردووکیان چاوگن بریتین لە کەمبوونی (یاخود لە دەستدانی) دەستمایە.

(مَكْرًا): (المَكْرُ: صَرْفُ الغَيْرِ عَمَّا يَقْصُدُهُ بِحِيلَةٍ، وَالمَكْرُ مِنْهُ مَحْمُودٌ، وَمِنْهُ مَذْمُومٌ)، (مَكْر): بریتیە لە لادانی ئەوی دیکە لەو ئامانجەی دەیەوێ، بە فێڵێك، (مَكْر): دەگونجێ ستاییشکراو بێ (کە ئەو نەخشە دانانە بۆ شتی باش و ئامانجی باش) بێ، دەشگونجێ زەمکراو بێ، کە بریتیە لە پیلانگێڕان بۆ ئامانجی خراپ.

(كُبَّارًا): (الكَبِيرِ وَالكُبَارُ أَبْلَغُ مِنْهُ، وَالكُبَّارُ أَبْلَغُ مِنْهُ)، (كَبِير)، واتە: گەورە (كُبَار)، زێدەڕۆیی زیاتری تێدایە واتە: گەورەتر، (كُبَّار)، لە هەردووکیان زێدەڕۆیی زیاتری تێدایە واتە: زۆر گەورەتر.

(خَطِيٓـَٔـٰتِهِمْ): (خَطِيئَات)، کۆی (خَطِيئَة)یە، (الخَطِيئَةُ وَالسَّيِّئَةُ يَتَقَارَبَانِ)، (خَطِيئَة)، بە مانای تاوان (سَيِّئَة)، بە مانای خراپە، واتایان لێك نیزیکە، (خَطِيئَات)، کۆی (خَطِيئَة)یە، هەروەك بە (خَطَايَا)ش، کۆ دەکرێتەوە.

(دَيَّارًا): دەگوترێ: (مَا بِهَا دَيَّارٌ: سَاكِنٌ، وَهُوَ فِيْعَالٌ، وَلَوْ كَانَ فَعَّالًا لَقِيلَ دَوَّارا، مِثْل: قَوَّال وَجَوَّاز)، (مَا بِهَا دَيَّارٌ: سَاكِنٌ)، واتە: نیشتەجێ، وشەی (دَيَّار)، لەسەر کێشی (فِيْعَال)ە، بەڵام ئەگەر لەسەر کێشی (فَعَّال) بووایە، دەگوترا (دَوَّار)، وەك (قَوَّال وَجَوَّاز)، (قَوَّال)، واتە: کەسێك کە زۆر قسە دەکات و، (جَوَّاز)یش، واتە:

کەسێك کـە زۆر تێدەپـەڕێ (جَـازَ يَجُـوْز فَهُـوَ جَائِـزٌ)، واتـە: پێپـەڕی و (جَـوَاز)، زۆر تێپـەڕ.

(فَاجِرًا): (الفُجُـورُ: شَـقُّ سِـتْرِ الدِّيَانَـةِ، فَجَـرَ فُجُـوراً فَهُـوَ فَاجِـرٌ، وَالجَمْـعُ: فُجَّار وَفَجَـرَة)، (فُجُـوُر): بریتیـە لـە دڕینـی پـەردەی دینداریـی، دەگوتـرێ: (فَجَـرَ فُجُـوراً)، تاوانیکـرد، تاوانکـردن، (فَهُـوَ فَاجِـرٌ)، ئـەو تاوانبـارە یـان تاوانـکارەو، (فَاجِـر)، بـە (فُجَّـار)، و بـە (فَجَـرَة)ش کـۆ دەکرێتـەوە، واتـە: تاوانبـاران یـان تاوانـکاران.

(كَفَّارًا): (الكَفَّـارُ: أَبْلَـغُ مِـنَ الكَفُـوْرِ وَقَـدْ يَجـرِي الكَفَّـارُ مَجْـرى كَفُـوْر: ﴿إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴿٣٤﴾﴾إبراهيـم)، (كَفَّـارٌ)، زێدەڕۆیـی زیاتـری تێدایـە لـە (كَفُـور)، (كَفُـور)، بـە مانای سـپڵە دێ و، بـە مانای زۆر بێبـڕواش دێ، (كَفَّـار)، یانی: زۆر سـپڵە یـان زۆر بێبـڕوا، جـاری واش هەیـە (كَفَّارٌ)، بـە مانـای (كَفُوُر)، بەکاردەهێـنرێ، وەك دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴿٣٤﴾﴾إبراهیـم، واتــە: بـە دڵنیایـی مرۆڤـی بێبـڕوا زۆر سـتەمکارو زۆر سـپڵەیە، مەبەسـت لـە ئینسـان واتـە: ئینسـانێك کـە دەسـتی هیدایەتـی خـوای نەگەیشـتووەتێ، یاخـود ئینسـانێك کـە بێبڕوایـە.

(تَبَارًا): (التَّـبْرُ: الكَـسْرُ وَالإِهْـلَاك، تَـبرَهُ وَتـبَّرَهُ)، (تَبَار)یـش چاوگـە لـە (تَـبْر)ەوە، هاتوە، (التَّـبْرُ: الكَـسْرُ وَالإِهْـلَاك)، (تـبر) شـکاندن و فەوتاندنـە، (تَّـبَرَهُ وَتـبَّرَهُ)، هەردووکیـان بـە مانـای (أَهْلَكَـهُ)، فەوتانـدی، یاخـود شـکاندیی.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـە کۆتایـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، لـە نووحـەوە دەگێڕێتـەوە، کـە دووجـاران ڕووی کردۆتـە خـوای پـەروەردگارو، لێـی پاڕاوەتـەوەو سـکاڵای بـۆ لای کـردوە.

دوای ئـەوەی لـە بیسـت (٢٠) ئایەتـی پێشـوودا کـە پێشـتر شـیمان کردنـەوەو باسـمان کـردن، نـووح ﷺ هەرچـی کـە لـە توانایـدا هەبـوو بـەکاری هێنـا، هەمـوو شـێوازەکان و، هەرچـی پێویسـت بـوو لـە چاکـەو نیعمەتەکانـی خـوا خسـتنیە بـەر چـاوو بیـری گەلەکـەی و، بـە ئاسـۆیەکاندا گێڕانـی و بـە نەفسـەکەی خۆشـیاندا گێڕانی و، سـەرنجی ڕاکێشـان بـۆ چاکـەو نیعمەتەکانـی خـوا، سـەرەنجام ئەوانـە هـەر لەسـەر قسـەو عینادیـی و کەللەڕەقیـی خۆیـان بـەردەوام بـوون، بۆیـە نـووح ﷺ لـە کۆتایـی گێڕانـەوەی بـاس و خواسـیدا، کـە خـوای پـەروەردگار لەسـەر زمانـی ئـەو دەیگێڕێتـەوە، لـەم هەشـت ئایەتـەدا دووجـاران ڕوو دەکاتـە خـوا ﷻ یـان سـێ جـار، بـەڵام لێـرەدا دووجـاران دەفەرمـوێ: ﴿ قَالَ نُوحٌ ﴾، ﴿ وَقَالَ نُوحٌ ﴾.

جـاری یەکـەم دەفەرمـوێ: ﴿ قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي ﴾، نـووح گوتـی: پـەروەردگارم! ئەوانـە سـەرپێچییان لـە مـن کـرد، واتـە: گەلەکـەم سـەرپێچییان لێکـردم، هەرچەنـدە هەرچـی هـەوڵ و تەقەللابـوو لەگەڵمـدا دان، بـەڵام بـێ سـوود بـوو، سـەرپێچییان لـە مـن کـرد کـە مـن ڕەوانەکـراوو پێغەمبـەری خـوام، پەیامـی خـوام بـۆ هێنـاون، بێگومـان نـووح ﷺ و هەمـوو پێغەمبەرانـی خـوا لـە لووتکـەی عەقڵ و زانیاریـی و ڕەوشـتبەرزیی و دڵسـۆزیی و ئـاکار پەسـندیی و، هەمـوو شـتێکی باشـدا بـوون، کەچـی سـەرپێچییان لـە نـووح کـرد، بـەڵام ﴿ وَاتَّبَعُوا مَن لَّمْ يَزِدْهُ مَالُهُ وَوَلَدُهُ إِلَّا خَسَارًا ﴾، کەوتنـە شـوێن کەسـێك کـە سـامانەکەی و ڕۆڵەکانـی تەنیـا زیانبارییـان بـۆ زیـاد کـرد، واتـە: کەوتنـە شـوێن کەسـانێك کـە خاوەنـی سـامان بـوون

و، خاوەنـی قەرەباڵغیـی و خـزم و کەسـی زۆر بـوون بـە دەوریانـەوە، لـە حاڵێکـدا ئـەو مـاڵ و سـامان و ئـەو قەرەباڵغیـی دەوریـان و خـزم و کـەس و ڕۆڵـەو وەچـەی دەوریـان، هـەر زیاتـر سـەری بـە فەتارەتـدان و بوونـە مایـەی زیانبارییـان، لەبـەر ئـەوەی وەك چاکـەو نیعمەتـی خـوا تەماشـایان نەکـردن، کـە شـوکری خوایـان لەسـەر بکـەن، بەڵکـو پێیـان بوغـزا بـوون، بـە مـاڵ و سامانەکەیان و بـە قەرەباڵغیـی و خـزم و کـەس و ڕۆڵەکانیـان بوغـزا بـوون و لـە خۆبایـی بـوون.

﴿ وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا كُبَّارٗا ﴾، هەروەهـا فێڵێکـی زۆر گـەورەو بێرەزایـان لـە دژی مـن کـرد، پیلانێکـی گەورەیـان گێـڕا، پیـلان و فێڵەکـە دیـار نیـە چییـەو، زۆر شـت هەڵدەگـرێ:

أ- دەگونجێ ئەوە بووبێ کە پڕوپاگەندەیان لە دژی نووح کردوەو گوتوویانە: شێت بووە!.

ب- دەشگونجێ ئەوە بووبێ کە هەر کامێکیان ئامۆژگاریی کوڕو نەوەکانی خۆی کردوە: ئاگاتان لێ بێ، ئەگەر منیش مردم بە دوای نووح مەکەون، وەك لە هەندێك لە تەفسیرەکاندا هاتوە! زۆر واتایان هەڵدەگرێ، گرنگ ئەوەیە نووح ﷺ دەڵێ: پیلانێکی بێرەزاو گەورەیان لە دژی من گێڕا، ﴿ وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمۡ ﴾، گوتیشیان، لە نێو خۆیاندا بەیەکدییان گوت: دەستبەرداری پەرستراوەکانتان مەبن: ﴿ وَلَا تَذَرُنَّ وَدّٗا وَلَا سُوَاعٗا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسۡرٗا ﴾، دەستبەرداری وەدوو سواع و یەغووث و یەعووق و نەسر، ئەو پێنج پەرستراوەتان مەبن، دەستبەرداری هیچ کام لە پەرستراوەکانتان مەبن، بە تایبەتی ئەم پێنجە، کە واپێدەچێ لە هەموویان گەورەتر بووبن.

﴿ وَقَدۡ أَضَلُّواْ كَثِيرٗا ﴾، نـووح ﷺ هـەر لەسـەر سـکاڵاکردنی خۆی لـە لای خوا ﷻ بـەردەوام دەبـێ و دەڵـێ: بـە دڵنیایـی ئـەوان خەڵکێکـی زۆریـان گومـڕاو سـەرگەردان کـرد بـەو بـت پەرسـتییە، ﴿ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلٗا ﴾، تـۆش بـۆ سـتەمکاران تەنیـا گومڕایـی و سـەرگەردانیی زیـاد بکـە، واتـە: بـا هـەر نەیەنـەوە سـەر ڕێ، وەك چـۆن مووسـا ﷺ تـووك و نـزای لـە فیرعـەون و لـە دارو دەسـتەکەی کـردو، فەرمـووی:

﴿ وَٱشۡدُدۡ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُواْ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ ﴿٨٨﴾ ﴾یونس، خوایە! دڵیان توند بکەو مەهێڵە بڕوا بێنن، تاکو ئازاری بە ئێش دەبینن، دەگونجێ لێرەشدا نووح ﷺ ئاوا تووکی توندی لە گەلە کافرەکەی کرد بێ، دەشگونجێ ﴿ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلٗا ﴾، یانی: خوایە! تۆ هەر بێمرادیی و، گومڕایی و سەرگەردانیی بۆ ستەمکارەکان زیاد بکە، کە زەفەرم پێ نەبەن، واتە: ڕێی بە ئامانج گەیەنەر بۆ خۆیان نەدۆزنەوە، کە زیانی پێ لە من بدەن و با هەوڵەکانیان و پیلان و فێڵەکانیان ببنە بڵقی سەر ئاو، ئەوەش واتایەکی دیکەیەتی، بەڵام واتای یەکەمیان زیاتر پێدەچێ، وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکانیشدا شیی دەکەینەوە.

لە کۆتاییدا خوا دەفەرموێ: ﴿ مِّمَّا خَطِيٓـَٰٔتِهِمۡ أُغۡرِقُواْ ﴾، بەهۆی گوناهو تاوانەکانیانەوە نغرۆکران و خنکێنران، ﴿ فَأُدۡخِلُواْ نَارٗا ﴾، یەکسەریش خرانە نێو ئاگرێکی بێرەزاوە، وەك پێشتریش گوتمان: ئەمە بەڵگەیە لەسەر هەبوونی سزاو، هەروەها بە پێچەوانەشەوە: نازو نیعمەت، لە قۆناغی بەرزەخدا دوای ئەوەی مرۆڤ ڕووحی لە جەستەی جیادەبێتەوە، چونکە لێرە بە (ف)ی بە دواداهاتن (**فاء التعقیب**)، هاتووە: ﴿ مِّمَّا خَطِيٓـَٰٔتِهِمۡ أُغۡرِقُواْ فَأُدۡخِلُواْ نَارٗا ﴾، یانی: دوای ئەوەی خنکێنران یەکسەر خرانە نێو ئاگرەوە، واتە: ڕووحەکانیان خرانە نێو ئاگرەوە لە قۆناغی بەرزەخدا.

ئنجا ئایا هەر ئەو دۆزەخەیە کە خوا داینا‌وەو لە ڕۆژی دواییدا بێبڕوایان دەیچنەتێ؟ یاخود دۆزەخی قۆناغی بەرزەخ دۆزەخێکی دیکەیە؟ هەردوو ئەگەرەکەی هەن، ﴿ فَلَمۡ يَجِدُواْ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَنصَارٗا ﴾، جگە لە خوا پشتیوانانێکیان چنگ نەکەوتن لە فریایان بێن.

ئنجا خوا سکاڵاو پاڕانەوەی دووەمی نووح باس دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ نُوحٞ رَّبِّ لَا تَذَرۡ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ دَيَّارًا ﴾، نووح گوتی: پەروەردگارم! ماڵنشینێك لە بێبڕوایەکان لەسەر زەوی مەهێڵە، (**دیَّار**)، بە مانای کەسێك کە (**سَاکِن**) بێ،

(مَـنْ يَسْـكنِ الـدَّار)، کەسـێك نیشـتەجێی خانـوو بـێ و، وشـەی (دیّـار)، یانـی: لـە حاڵەتـی لابـردن (نفـي)دا دێ.

﴿ إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّواْ عِبَادَكَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەگـەر تـۆ بیانهێڵـی، بەندەکانـت گومـڕا دەکـەن، ﴿ وَلَا يَلِدُوٓاْ إِلَّا فَاجِرًا كَفَّارًا ﴾، جگە لە تاوانباری سـپڵەو بێبڕواشـیان نابـێ، واتـە: ئـەو وەچەیـەش کـە لێیـان دەبـێ، هەموویـان هـەر بـەو شـێوەیە دەبـن، بێگومـان خـوا ﷻ نووحـی لـەوە ئـاگادار کردۆتـەوە، ئەگەرنـا ئـەوە شـتێکی پەنهانـە، کـە ئایـا ئەوانـەی لێشـیان دەبـن، هـەر تاوانبـارو سـپڵەو بێبـڕوا دەبـن، یـان نـا؟ دیـارە خـوا ﷻ ئـاگاداری کردۆتـەوە، وەك لـە سـوورەتی (هـود)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُۥ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلَّا مَن قَدْ ءَامَنَ ﴿٣٦﴾ ﴾، سروش کـرا بـۆ لای نـووح (ئـەی نـووح!) جگـە لەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە لـە کۆمەڵەکـەت لـە گەلەکـەت کەسـی دیکـە ئیـمان ناهێنـێ، کەواتـە: نـووح ﷺ لەلایـەن خـواوە زانیاریـی پێـدراوە، ئەگەرنـا ئـەوە نادیـار و پەنهانـەو تەنیـا خـوا دەیزانـێ، بـەڵام ئەگـەر خـوا یەکێـك لـە پێغەمبـەران (عَلَيهِـم الصَّلَاة وَالسَّلَام) لـە پەنهـان و غەیبێکـی خـۆی ئـاگادار بکاتـەوە، ئەویـش دەیزانـێ، ﴿ رَّبِّ ٱغْفِرْ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ ﴾، پـەروەردگارم! لـە مـن ببـوورەو لـە بـاب و دایکـم، دیـارە بـاب و دایکـی بـڕوادار بـوون، ﴿ وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا ﴾، هەروەهـا لـە هـەر کەسـێکیش ببـوورە کـە بـە ئیمانـەوە، دێتـە ماڵەکەمـەوە، ﴿ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ﴾، هەروەهـا لـە پیاوانـی بـڕوادارو ئافرەتانـی بـڕوادار ببـوورە، ﴿ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا تَبَارًا ﴾، ستەمکارانیش تەنیـا سـەر بەفەتـارەت چـوون و بـە هیـلاك چوونیـان بـۆ زیـاد بکـە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

گەیشتنە بن بەستی نووح لەگەڵ کۆمەڵگایەکەیداو، گەیاندنی ئەو ڕاستییە کە سەرپێچییان لێی کردو، شوێن زلەزلە ساماندارو دەور قەرەباڵغە بوغراکان کەوتن، کە فێڵێکی گەورەیان لە خەڵکەکە کردو پێیان گوتن: دەست لە بتەکانتان هەڵنەگرن: وەدو سواع و یەغووث و یەعووق و نەسر، سەرەنجام بەهۆی کردەوە خراپەکانیانەوە نغرۆ بوون و، یەکسەریش خرانە نێو ئاگرەوە لە قۆناغی بەرزەخ دا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَاتَّبَعُوا مَن لَّمْ يَزِدْهُ مَالُهُ وَوَلَدُهُ إِلَّا خَسَارًا ﴿٢١﴾ وَمَكَرُوا مَكْرًا كُبَّارًا ﴿٢٢﴾ وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا ﴿٢٤﴾ مِّمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا نَارًا فَلَمْ يَجِدُوا لَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ أَنصَارًا ﴿٢٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ قَالَ نُوحٌ رَّبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي ﴾، نووح گوتی: پەروەردگارم! ئەوان (خەڵکەکەم، کۆمەڵگایەکەم) سەرپێچییان لێکردم، (**الطبري**)، ئاوای ئەم ئایەتە موبارەکە لێکداوەتەوە: (**رَبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي فَخَالَفُوا أَمْرِي، وَرَدُّوا عَلَيَّ مَا دَعَوْتُهُمْ إِلَيْهِ مِنَ الْهُدَى وَالرَّشَادِ**)، واتە: پەروەردگارم! ئەوان، کۆمەڵەکەم سەرپێچییان لێکردم و، فەرمانی منیان جێبەجێ نەکردو شکاندیان و، ئەو بانگەوازەی بۆم کردن بەرەو ڕێنمایی و سەرڕاستیی بەرپەرچیان دایەوە.

بێگومان ئەمە سکاڵاکردنی نووحە ﷺ بۆ لای خوا ﷻو، زەمینە خۆشکردنیشە کە دوایی ئەو تووك و نزایەیان لێ بکات: خوا لە بەینیان بەرێ و قڕەبڕیان بکات.

٢)- ﴿ وَٱتَّبَعُواْ مَن لَّمۡ يَزِدۡهُ مَالُهُۥ وَوَلَدُهُۥٓ إِلَّا خَسَارٗا ﴾، کەوتنە شوێن کەسێکەوەش کە سامانەکەی و ڕۆڵەکانی تەنیا زیانبارییان بۆ زیاد کرد، واتە: ئەو سامانەی خوا پێیدابوون، ئەو کوڕو کچانەی خوا پێیدابوون، لە جیاتی ئەوەی بیانکاتە ئامرازێك بۆ خۆ پێ لە خوا وەنیزیك خستن و، سوپاسگوزاریی بۆ خواکردن، بە پێچەوانەوە: بەهۆی سامانەکەیانەوە زیاتر بوغرا بوون و لە کەوڵی خۆیان دەرچوون و، بەهۆی ڕۆڵەکانیشیانەوە زیاتر لە خوا یاخیی بوون، وشەی ﴿ وَوَلَدُهُۥٓ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**وَوُلْدُهُ**)، (**وُلْدُ و وَلَد**)، هەردووکیان کۆی (**مَوْلُوْد**)ن، و بە مانای (**أَوْلَاد**) دێن، واتە: ڕۆڵەکان.

کە دەشفەرموێ: ﴿ إِنَّهُمۡ عَصَوۡنِي ﴾، ئەوانە سەرپێچییان لێکردم واتە: بەردەوام بوون لەسەر سەرپێچیی لێکردنم، ئەگەرنا پێشێش وەنەبێ فەرمانبەری بووبن.

٣)- ﴿ وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا كُبَّارٗا ﴾، فێلێکی بێڕەزایان کرد، (**كُبَّار**)، واتە: زۆر گەورە، چونکە (**كَبِيْر**)، بە مانای گەورە دێ (**كُبَار**) یان (**كِبَار**)، بە مانای گەورەتر دێ، بەڵام (**كُبَّار**)، واتە: زۆر گەورە، زێدەڕۆیی زیاتری تێدایە، (**إبن زيد**)، دەڵێ: (**كُبَّاراً أي كَثِيْراً**)[1] (**كبّار**)واتە: زۆر، هەندێکیان گوتوویانە: (**كُبَّاراً أي: عَظِيْمَاً**)، واتە: پیلانێکی مەزن،.

زانایان گوتوویانە: (**كبير و كُبار وكُبّار**)، وەك (**عَجِيْب وَعُجَاب وعجّاب**)، وان، (**عَجِيْب**)، واتە: سەیر (**عُجَاب**)، واتە: زۆر سەیر، (**عُجّاب**)، یانی: ئەو پەڕی سەیرو سەرسوڕهێنەر، هەروەها وەك: (**حَسَن حُسَان حُسّان**)، چاك، زۆر چاك، زۆر زۆر چاك.

٤)- ﴿ وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمۡ ﴾، گوتیشیان: دەستبەرداری پەرستراوەکانتان مەبن، ﴿ لَا تَذَرُنَّ ﴾، واتە: (**لَا تَتْرُكُنَّ لَا تَدَعُنَّ**)، دەستبەرداری پەرستراوەکانتان مەبن بۆ قسەی نووح ﷺ کە بانگتان دەکات بۆ خوا پەرستیی و بە قسەی مەکەن.

٥)- ﴿ وَلَا تَذَرُنَّ وَدّٗا وَلَا سُوَاعٗا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسۡرٗا ﴾، هەروەها دەستبەرداری وەدو سواع و یەغووث و یەعووق و نەسڕ، مەبن، ﴿ وَدّٗا ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**وُدّا**)، (**وَلَا تَذَرُنَّ وُدّاً**)، گومانی تێدا نیە کە ئەو بت و صەنەمانە پێش هەڵسانی تۆفان پەرستراون.

---

(١) جامع البيان: ٣٥١٢٣ .

ئـەوەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە بتپەرسـتیی شـتێکی دێرینـەو، ڕیشـەی بـە قوڵایـی مێـژوودا چۆتـە خـوار، بـەڵام چونکـە لـە کۆتایـی ئـەم دەرسـەدا کورتـە باسێك لـە بـارەی بـت پەرستییەوە دەکەیـن: هـەم مانـای بتپەرسـتیی، هـەم مێـژووی بتپەرسـتیی، هۆکارەکانـی بتپەرسـتیی، هـەم پەیوەندیـی نێـوان بتپەرسـتیی و شـیرك، بۆیـە لێـرە لەسـەری ناچیـن.

٦)- ﴿ وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا ﴾، بێگومان ئەوان خەڵکێکی زۆریان گومڕا کرد، پێدەچێ لێرەدا مەبەست لە ڕاناوی کۆ لە (أَضَلُّوا)دا، سەرکردەکان (رُؤَسَاء)بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی صەنەمەکان بێ، بۆیەش ڕاناوی کۆی عاقڵانی بۆ بەکارهێناون ﴿ أَضَلُّوا ﴾، وەك مامەڵەکردن لەگەڵ عەقڵی ئەوانەدا کە بتەکانیان پەرستوون و، پێیان وابووە خاوەن عەقڵ و شعوورو ئیرادەن.

٧)- ﴿ وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا ﴾، (پەروەردگارم!) ستەمکاران تەنیا گومڕاییان بۆ زیاد بکە، (ضلال) لەم ڕستەیەدا سێ واتای هەن:

أ- دەگونجێ لێرەدا مەبەست پێی لە بەین چوون بێ، (**هَلَاكاً**).

ب- دەشگونجێ مەبەست ئاوابێ: (**ضَلَالًا: عَنِ الكَيْدِ الخَبِيْث**)، واتە: ئەو پیلانەی دەیگێڕن، خوایە! تۆ هەر گومڕاییان بۆ زیاد بکە، کە پیلانەکەیان سەرنەگرێ.

ج- منیش ڕام وایە - کە ڕەنگە لە هەندێك لە تەفسیرەکانیشدا هاتبێ - (**ضلال**) لێرەدا بەمانای گومڕاییەوە، ئەوە وەک تووك و نزایەکەی مووسا ﷺ وایە، لە کاتێك دا زۆر پەست و تووڕەو بێزار بوو بوو لە فیرعەون و دارو دەستەکەی و فەرمووی: ﴿ رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَىٰ أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا حَتَّىٰ يَرَوُا الْعَذَابَ الْأَلِيمَ ﴿٨٨﴾ ﴾يونس، پەروەردگارمان! ماڵ و سامانی فیرعەون و دارو دەستەکەی لەبەین بەرەو مەیهێڵە (**طَمْس**)، {بریتیە لە کوژانەوەو سڕینەوەی شتێك}، ﴿ وَاشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ ﴾، دڵیشیان ببەستەو گرێی بدە، وەك چۆن زاری توورەکەیەك دەبەسترێ و مەشکەیەك، کوندەیەك، دەمەکەی دەبەسترێ بۆ ئەوەی ئەو ئاوەی تێیدایە نەڕژێ، ئاوا دڵیان ببەستە با ئیمانی نەچێتەتێ، ﴿ فَلَا

﴿يُؤْمِنُواْ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٨٨﴾﴾، با بڕوا نەهێنن تاكو ئازاری بە ئێش دەبینن، دیارە خواش ﷻ تووكەكەی[1] لێ قبووڵ كردوە: ﴿قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا ﴿٨٩﴾﴾یونس، (خوا) فەرمووی: پاڕانەوەكەی هەردووكتان (تۆو هاڕوونی برات) قبووڵ بوو، لێرەش كە خوای پەروەردگار لەسەر زمانی نووح دەیگێڕێتەوە كە گوتوویەتی: ﴿وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلًا ﴿٢٤﴾﴾، ستەمكاران هەر گومراییان بۆ زیاد بكە، پێم وایە هەرچەندە دەگونجێ بە مانای: لە بەینچوون و، بە مانای ئەوەبێ كە پیلانەكەیان سەر نەگرێ، بەڵام دەشگونجێ بە مانای ئەوە بێ، خوایە! هەر زیاتر گومرایان بكە و باپتر بە گومراییدا نغرۆ بن و قووڵ ببنەوە، چونكە نووح زانیویەتی كە هەتا گومرا تربن، سزای خوا لێیان نیزیكترەو، سزای خوا بۆشیان سەختترە، وەك پێشتریش باسمكرد لە مانا گشتییەكەیدا دیارە نووح ﷺ لە لایەن خواوە هەواڵی پێدراوە كە ئەوانە بڕوا ناهێنن، بۆیە ئەو تووك و نزایەی لێكردوون.

٨)- ﴿مِّمَّا خَطِيٓـَٰٔتِهِمْ أُغْرِقُواْ﴾، بەهۆی تاوانەكانیانەوە نغرۆ بوون، خوێندراویشەتەوە: (مِمَّا خَطَايَاهُم)، هەروەها ﴿أُغْرِقُواْ﴾، خوێندراویشەتەوە: (غُرِّقوا)، (أُغْرِقُوا وَغُرِّقُوا)، یەك واتایان هەیە، واتە: بەهۆی گوناهو تاوانەكانیانەوە نغرۆ بوون، خنكێنران، وشەی (ما) لە: ﴿مِّمَّا خَطِيٓـَٰٔتِهِمْ﴾دا، زیاد كراوەو ئەصڵی خۆی (مِنْ خَطِيئَاتِهِم)ە، یانی: (مِنْ أَجْلِ خَطِيْئَاتِهِم)، بەهۆی گوناهەكانیانەوە، بەڵام (مَا)یەكە زیاد كراوە بۆ جەختكردنەوەو گەورە پێشاندانی گوناهەكانیان.

٩)- ﴿فَأُدْخِلُواْ نَارًا﴾، یەكسەر دوا بە دوای ئەوەی خنكێنران لە ئاودا، خرانە نێو ئاگرەوەش، ئاگرێكی بێڕەزا، ئنجا ئەمەش دوو ئەگەری هەن:

١- دەگونجێ مەبەست پێی ئاگری دۆزەخ بێ لە قۆناغی بەرزەخدا، وەك لە فەرمایشتەكانی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، كە لە دوای جیابوونەوەی ڕووح لە جەستە، مرۆڤ دەكەوێتە نێو نازونیعمەت خۆشیی و ئەگەر ئەهلی ئیمان بێ دەچێتە بەهەشت، یاخود دەكەوێتە ناخۆشیی و سزاو ئازارەوە، ئەگەر بێبڕواو خراپەكار بووبێ.

---

(١) تووك: لە زمانی كوردیی دا یانی: پاڕانەوە بۆ زیان پێگەیشتن (دعاء بالشر).

٢- دەشگونجێ مەبەست لەم ئاگرە، ئاگری ڕۆژی دوایی بێ، ئەم ئەگەرەش هەر هەیە، بەڵام مادام ﴿ فَأُدْخِلُوا۟ نَارًا ﴾، بە (**فَاء التَعْقِيب**) هاتوە، یانی: یەکسەر دوا بە دوای ئەوەی خنکێنران، یەکسەر چوونە نێو ئاگرەوە، ئەو شیمانەو ئەگەرە بەهێزترە کە مەبەست پێی سزاو ئازاری قۆناغی بەرزەخ بێ.

١٠)- ﴿ فَلَمْ يَجِدُوا۟ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَنصَارًا ﴾، جگە لە خواش هیچ پشتیوانانێکیان چنگ نەکەوتن، ئەمەش جۆرێك لە توانج تێگرتنیانە، یانی: پەرستراوەکانیان کە پێیان دەنازین و توند توند دەستیان پێوە گرتبوون، هیچ سوودیان پێ نەگەیاندن، نە شەفاعەتیان بۆ کردن، نە بەرگرییان لێکردن، نە سوودیان پێگەیاندن، نە زیانیشیان لێ دوورخستنەوە.

مەسەلەی دووەم:

لە خوا پاڕانەوەی نووح (عليه السلام) کە هیچ تاکێک و خانوونشینێك لە کافرەکان نەهێڵێ و قڕە بڕیان بکات، چونکە ئەگەر بیانهێڵێ، بەندەکانی خوا گومڕا دەکەن و، بێجگە لە بێبڕوایانی تاوانباریشیان لێ وەپاش ناکەون، پاشان لە خوا پاڕانەوەی بۆ خۆی و بابی و دایکی و بڕوادارانی پیاو و ئافرەت و، هەرچی زیاتر فەوتاندنی کافرەکان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ دَيَّارًا ﴿٢٦﴾ إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا۟ عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوٓا۟ إِلَّا فَاجِرًا كَفَّارًا ﴿٢٧﴾ رَّبِّ ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِىَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا تَبَارًۢا ﴿٢٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ دَيَّارًا ﴾، هەروەها نووح گوتی: پەروەردگارم! هیچ تاکێك لەسەر زەوی لە بێبڕوایان مەهێڵە، وێڕای ئەوەی نووح (عليه السلام) ئەو قسەیەی پێشێی کرد کە لە خوا پاڕایەوەو فەرمووی: ﴿ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلًا ﴾، ئەم پاڕانەوەیەشی گوت، ئەم داوایەشی لە خوا کرد: ﴿ وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ ﴾، هەروەها نووح گوتی: پەروەردگارم! ﴿ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ دَيَّارًا ﴾، تاکێك، ماڵنشینێك لە بێبڕوایەکان لەسەر زەوی مەهێڵە، (الطبري)، گوتوویەتی: (**وَيَعْنِي بِالدَّيَّارِ مَنْ يَدُورُ فِي الْأَرْضِ، فَيَذْهَبُ وَيَجِيءُ فِيهَا، كَمَا قِيلَ: الديَّار: الْحَيُّ الْقَائِمُ**)، یانی: (دَيَّار)، کەسێکە لە زەویدا دێ و دەچێ و دێ و دەڕوا، هەندێکیش گوتوویانە: (دَيَّار)، لێرەدا مەبەست پێی زیندوویەکی ڕاوەستاوە، واتە: پەروەردگارم! مرۆڤی بە پێوەیان لێ مەهێڵە.

بەڵام مانای دیارتری (دَيَّار)، بریتیە لە: (**مَنْ يَسْكُنُ الدَّار**)، کەسێك کە لە ماڵدا نیشتەجێیە.

٢)- ﴿ إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا۟ عِبَادَكَ ﴾، {نووح عليه السلام بەڵگەو پاساو دێنێتەوە کە بۆچی کەسیان لێ نەهێڵێ؟ دەفەرموێ:} بە دڵنیایی (پەروەردگارم!) ئەگەر تۆ بیانهێڵی (وازیان لێ بێنی و نەیانفەوتێنی)، تێکڕای بەندەکانت گومڕا دەکەن، واتە: ئەو بەندانەت کە بڕوایان بە من هێناوە، ئەوانەش گومڕا دەکەن، چونکە هەر بەردەوامن، لەسەر بێبڕوایی و ملهوڕیی و دژایەتیی.

٣)- ﴿ وَلَا يَلِدُوٓا۟ إِلَّا فَاجِرًا كَفَّارًا ﴾، تەنیا تاوانباری سپڵەو بێبڕواشیان لێ دەبن، واتە: ئەوەی لێشیان دەبێ، زۆر تاوانبارو خراپەکارە، (**الفَاجِرُ: المُتَّصِفُ بِالفُجُورِ، وَهُوَ العَمَلُ الشَّدِيدُ الفَسَادِ**)، (**فَاجِر**)، کەسێکە سیفەتی (**فُجُور**)ی تێدا هەیەو (**فُجُور**)یش، بریتیە لە کارێکی زۆر تێکدەرانەو خراپ، (**وَالْكَفَّارُ: مُبَالَغَةٌ فِي الكُفْرِ، أو الكُفْرَان**)، (**كُفَّار**)، زێدەڕۆییە لە (کفر) یان لە (**كُفْرَان**)دا، (**كُفْر**)، واتە: بێبڕوایی (**كُفْرَان**)یش، واتە: سپڵەیی و ناسوپاسیی، لێرەدا نووح عليه السلام بە تەنگ ئەوەوەیە کە ئەگەر کەسیان لێ بمێنێ، بەندەکان گومڕا دەکەن، هەروەها ئەگەر ئەوانە نەسل و وەچەیان بەردەوام بێ، هەر مرۆڤی خراپەکارو بێبڕواو سپڵەیان لێ دەبێ.

لێرەدا (**إبن عاشور**)، قسەیەکی جوان دەکات دەڵێ: (**وَفِي كَلَامِ نُوحٍ دَلَالَةٌ عَلَى أَنَّ الْمُصْلِحِينَ يَهْتَمُّونَ بِإِصْلَاحِ جِيلِهِمُ الْحَاضِرِ، وَلَا يُهْمِلُونَ تَأْسِيسَ أُسُسِ إِصْلَاحِ الأَجْيَالِ الْآتِيَةِ**)، واتە: ئەو قسەیەی نووح (پاڕانەوەکەی نووح عليه السلام) ئەوە دەگەیەنێ کە چاکسازییکاران، وێڕای ئەوەی گرنگیی دەدەن بە چاککردنی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدان، ئەوەش پشت گوێ ناخەن کە بناغەیەك دابنێن بۆ چاککردنی جیل و وەچەکانی کە دواتر دێن.

٤)- ﴿ رَّبِّ ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ ﴾، پەروەردگارم! لە خۆم و لە باب و دایکم خۆشبە، لە تەوراتدا دەڵێ: بابی نووح ناوی (لەمەك) بووە، دایکیشی ناوی (شەمخا کچی ئانووش) بووە، بەڵام ئەوە جێی پشت پێبەستن نیەو، هیچ بەرژەوەندییەکیش نەبەستراوەتەوە بەوەوە کە ناوی باب و دایکی نووح، بزانرێ، ئەگەرنا خوای کاربەجێ باسی دەکرد،

گرنگ ئەوەیە نووح دەپاڕێتەوە بۆ خۆی و بۆ باب و دایکی و ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باب و دایکی بڕوادار بوون، ئەگەرنا بۆیان نەدەپاڕایەوە، چونکە دەزانێ کە خوا ﷻ پاڕانەوە بۆ بێبڕوایان قبووڵ ناکات.

٥)- ﴿وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا﴾، هەروەها (پەروەردگارم!) لە هەر کەسێکیش ببوورە کە بە بڕواداریی دێتە ماڵەکەی منەوە، ﴿بَيْتِيَ﴾، خوێندراوەتەوەش: (بَيْتِي)، لێرە کە دەفەرموێ: ئەو کەسەی بە بڕواداریی دێتە ماڵەکەم، واتە: ئەوەی زیاتر لەگەڵم تێکەڵەو، هاموشۆم دەکات، کە بە دڵنیایی بڕوادارو پارێزکارانن، پێغەمبەری خاتەمیش فەرموویەتی: {لاَ تُصَاحِبْ إلاَّ مُؤْمِناً، وَلاَ يَأكُل طَعَامُكَ إلاَّ تَقِيّ}(١)، واتە: هاوەڵایەتیی بڕوادار نەبێ مەکەو، با پارێزکار نەبێ خواردنت نەخوات.

٦)- ﴿وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾، هەروەها (ئەی پەروەردگارم!) لە پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕواداریش ببوورە، چاوپۆشییان لێ بکە لە هەڵەو کەم و کوڕییەکانیان.

٧)- ﴿وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا تَبَارًا﴾، ستەمکارانیش هەر سەر بە فەتارەت چوون و، تێك و پێك شکان و، دۆڕان و زیانبارییان بۆ زیاد بکە، (التَّبَارُ: الهَلَاكُ، تَبَّرَهُ تَتْبِيْراً أي: كَسَّرَهُ وَأَهْلَكَهُ ﴿مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ ﴿١٣٩﴾﴾ الأعراف، مُكَسَّرٌ مُهْلَك)، (تَبَارُ)، یانی: (هَلَاكُ)، فەوتان (تَبَّرَهُ تَتْبيراً)، {هەروەها (تَبَرَهُ، تَبَارًا)}، واتە: فەوتاندی بە فەوتاندن یان شکاندیی، ﴿مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ ﴿١٣٩﴾﴾ الأعراف، واتە: (مُكَسَّرٌ أو مُهْلَك)، واتە: تێکشکاوەو فەوتاوە ئەوەی ئەوان تێیدان، واتە: ئەوانەی بتان دەپەرستن، خۆیان و بتپەرستییەکەیان سەریان بە فەتارەت دەچێ و، تێکشکاو و بێ ئەنجام و بێ ئاکامن.

---

(١) أخرجه أحمد: ١١٣٥٥، والدارمي: ٢٠٥٧، وأبو داود: ٤٨٣٢، والترمذي: ٢٣٩٥، وقال: حسن، وأبو يعلى: ١٣١٥، وابن حبان: ٥٥٤، والحاكم: ٧١٦٩، وقال: صحيح الإسناد.

کورتە باسێک لە بارەی بتپەرستییەوە

بەڕێزان! ئەم کورتە باسە لە چوار بڕگەدا دەخەینەڕوو:

بڕگەی یەکەم: پێناسەی وشەکانی: (صَنَم، وَثَنْ، نَصَب).

ئەم سێ وشەیە لە قورئاندا بەکارهاتوون، بۆ ئەو پەرستراوانەی جگە لە خوا دەپەرسترێن، لە شێوەی بەردو پەیکەرو ئەو شتانەدا کە دایانناون لە پەرستگاکاندا، بۆیە بە پێویستم زانی سەرەتا ئەم سێ وشەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە شیی بکەینەوە:

١- وشەی (**الصَّنَم**): (**المعجم الوسیط**)[1]، دەڵێ: (صَنَّمَ فُلَانٌ: صَنَعَ صَنَمَاً، وَصَنَّمَ الشَّيءَ: مَثَّلَهُ عَلَى صُورَةِ الصَّنَمِ، الصَّنَمُ: تِمثالٌ من حَجَرٍ أو خشبٍ أَو مَعْدن، كَانُوا يَزْعمُونَ أَن عِبَادَته تُقَرِّبُهُمْ إِلَى الله، وَالجَمْعُ الأَصْنَام، وَفِي التَّنْزِيْل: ﴿فَأَتَوْا عَلَىٰ قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَىٰ أَصْنَامٍ لَّهُمْ ﴿١٣٨﴾﴾ **الأعراف**)، واتە: (صَنَّمَ فلانٌ)، واتە: فڵانکەس صەنەمێکی دروستکرد، (صَنَّمَ الشَّيءَ)، واتە: وێنەی شتەکەی کێشا لە سەر شێوەی صەنەم، (صَنَم): پەیکەرێکە لە بەرد، یان لە دارو تەختە، یاخود لە کانزا، لەسەر شێوەیەك لە شێوەکان دروست دەکرێ، (ئنجا لەسەر شێوەی مرۆڤە، یان لەسەر شێوەی دروستکراوێکە بە ئەندێشەو خەیاڵ، یان لەسەر شێوەی ئاژەڵێکە یان باڵندەیەکە، یان بە خەیاڵی خۆیان لەسەر شێوەی شەیتانە، یان لەسەر شێوەی فریشتەیە بە خەیاڵی خۆیان و، چونکە کەس شەیتان و فریشتەی نەبینیون)، پێیان وابووە پەرستنی ئەو صەنەمە لە خوایان نزیك دەخاتەوە، کۆی (صَنَم)یش، (أَصْنَام)ەو، لە قورئانیش دا هاتوە: ﴿فَأَتَوْا عَلَىٰ قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَىٰ أَصْنَامٍ لَّهُمْ ﴿١٣٨﴾﴾ **الأعراف**، بەنوو ئیسرائیل بە لای کۆمەڵێکدا تێپەڕین کە دەمانەوە لەسەر هەندێك لە بتەکانیان، واتە: لە دەوریان دەمانەوەو دەیانپەرستن.

---

(١) ص: ٥٢٦.

لـە کوردیـی دا (صَنَـم): وشـەی صەنەمیشـی بـۆ بـەکاردێ و، بتیـشی بـۆ بـەکاردێ و، پەیکەریـشی بـۆ بـەکاردێ.

خـاوەنی (مفـردات ألفـاظ القـرآن)[1]، دەڵـێ: (الصَّنَـمَ: جُثَّـةٌ مُتَخَـذَةٌ مِـنْ فِضَّـةٍ، أو نُحَـاسٍ، أو خَشَـبٍ، كَانُـوا يَعْبُدُونَهَـا مُتَقَرِّبِـيْنَ بِـهِ إلى اللَّـهِ تَعَـالى، وَجَمْعُـهُ أَصْنَـام قَـالَ تَعَـالَى: ﴿أَتَتَّخِذُ أَصۡنَامًا ءَالِهَةً ۝٧٤﴾الأنعـام، وَقَـالَ: ﴿لَأَكِيدَنَّ أَصۡنَٰمَكُم ۝٥٧﴾الأنبيـاء، قَـالَ بَعْـضُ الحُكَـمَاء: كُلُّ مَـا عُبِـدَ مِـنْ دُونِ اللَّـهِ بَـل كُلُّ مَـا يُشْـغِلُ عَـنِ اللَّـهِ تَعَـالَى يُقَـالُ لَـهُ: صَنَـم، وَعَـلَى هَـذَا الوَجِـه، قَـالَ إبْرَاهِيْـم صَلَـواتُ اللَّـه عَلَيْـه: ﴿وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ۝٣٥﴾إبراهيـم، فَمَعْلُـومٌ أَنَّ إبْرَاهِيْـم مَـعَ تَحَقُّقِـهِ بِمَعْرِفَـةِ اللَّـهِ تَعَـالَى واطِّلَاعِـهِ عَـلَى حِكْمَتِـه، لَـمْ يَكُـنْ مِمَّـن يَخَـافُ أَنْ يَعُـودَ إلى عِبَـادَة تِلْـكَ الجُثَّـثِ الَّتِـي كَانُـوا يَعْبُدُونَهـا، فَكَأَنَّـهُ قَـالَ: اجْنُبْنِـي عَـنِ الإشْـتِغَال بِمَـا يَصْرِفُنِـي عَنْـكَ).

واتـە: (صَنـم): جەسـتەیەکە لـە زیـو، یـان لـە مـس، یـان لـە تەختـە دروسـت دەکـرێ و پەیکەرێکـە، عادەتیـان وابـوو دەیانپەرسـت، بەحیسـابی خۆیـان بـۆ ئـەوەی پێـی لـە خـوای بـەرز نزیـك کەونـەوە، کـۆی (صَنَـم)، (أصْنَـام)ە، خـوای بـەرز فەرموویـەتی: ﴿أَتَتَّخِذُ أَصۡنَامًا ءَالِهَةً ۝٧٤﴾الأنعـام، ئایـا تـۆ صەنەمـان دەکـەی بـە پەرسـتراو؟ ئـەوە ئیبراهیـم عليه السلام بـە بـابی دەڵـێ، هەروەهـا ﴿لَأَكِيدَنَّ أَصۡنَٰمَكُم ۝٥٧﴾الأنبيـاء، واتـە: پلانێـك لـە دژی بتەکانتـان دادەنێـم، ئەویـش هـەر قسـەی ئیبراهیمـەو، هەندێـك لـە حەکیمـەکان گوتوویانـە: هـەر شـتێك جگـە لـە خـوای بپەرسـترێ، بەڵکـو هـەر شـتێك کـە مـرۆڤ لـە خـوای بـەرز بـێ ئـاگا بـکات، پێـی دەگوتـرێ: (صَنَـم)، ئنجـا لـەم ڕووەوەیـە کـە ئیبراهیـم عليه السلام لـە خـوا پاڕاوەتـەوەو فەرموویەتـی: ﴿وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ۝٣٥﴾إبراهيـم، واتـە: (خوایـە!) خـۆم و ڕۆڵەکانـم بپارێـزە لـەوەی بتانپەرسـتین، چونکـە شـتێکی زانـراوە ئیبراهیم دوای ئـەوەی خـوای بـەرزی چـاك ناسـیوەو، ئـاگاداری حیکمـەتی خـوا بـووە، لەوە نەترسـاوە بگەڕێتـەوە بـۆ پەرسـتنی ئـەو بتانـە، ئـەو جەسـتانەی گەلەکـەی پەرسـتوویانن، بەڵکـو

(١) ص: ٤٩٤.

وەك ئـەوەی فەرموویێتـی: دوورم بخـەوەو بمپارێـزە لـەوەی سـەرقاڵبم بـە هـەر شـتێکەوە کـە لـە تـۆم بـێ ئـاگام بـکات.

٢- وشەی (**الوَثَنُ**): کە لە قورئانیشدا هاتوە، خاوەنی (**المعجم الوسيط**)[1]، دەڵێ: (**وَثَنَ الشَّيْء بِالْمَكَانِ يَثِنُ وَثْنَاً: أقَامَ وَثَبَتَ فَهُوَ وَاثِن، وَالجَمْعُ وُثَن، الوَثَنُ: التِّمْثَالُ يُعْبَدُ سَوَاءٌ كَانَ مِنْ خَشَبٍ، أم حَجَرٍ، أم نُحَاسٍ، أم فِضَّةٍ، أم غَيْرِ ذَلِك.. الوَثَنِيُّ: مَن يَتَّخذ عِبَادَةِ الوَثَنِ، يُقَالُ: رَجَلٌ وَثَنِيٌّ، وَقَوْم وَثَنِيُّون، وَأمْرَةٌ وَثَنِيَّة، وَنِسَاءٌ وَثَنِيَات، وَالوَثَنِيَّةُ: مَذْهَبُ عَبَدَةِ الأوْثَان**).

واتـە: لـە زمـانی عەرەبیـی دا دەگوتـرێ: (**وَثَـنَ الـشَّيْء بِالْمَـكَانِ يَـثِنُ وَثْنَـاً: أقَـامَ وَثَبَـتَ**)، واتـە: شـتەکە لـە شـوێنەکە چەسـپاو لێـی نیشـتەجێ بـوو، (**فَهُـوَ وَاثِـن**)، ئـەو نیشـتەجێیە، کـۆی (**وَاثِن**)یـش (**وُثُـن**)ە، (**وَثَن**)یـش بریتیـە لـەو پەیکـەرەی دەپەرسـترێ، ئنجـا ئایـا لـە دارو تەختـە بـێ، لـە بـەرد بـێ، یـان لـە مـس بـێ، یـان لـە زیـو بـێ، یـان هـەر ماددەیـەکی دیکـە بـێ، (**وَثَنِـيٌّ**)، کەسـێکە دینەکـەی بریتیـە لـە پەرسـتنی (**وثـن**)، (واتـە: پەیکـەرو بـت)، دەگوتـرێ: پیاوێـکی بتپەرسـت و کۆمەڵێـکی بتپەرسـت و ئافرەتێـکی بتپەرسـت و ئافرەتانێکـی بتپەرسـت، (**وَثَنِيـة**)ش، ڕێبـازی بتپەرسـتەکان و پەیکـەر پەرسـتەکانە.

٣- وشەی (**نصب**): ڕاغیبی ئەسفەهانیی لە (**مفردات ألفاظ القرآن**)دا[2]، دەڵێ: (**نَصْبُ الشَّيْءِ: وَضْعُهُ وَضْعًا نَاتِئًا ; كَنَصْبِ الرُّمْحِ وَالْبِنَاءِ وَالْحَجَرِ، وَالنَّصِيبُ الْحِجَارَةُ تُنْصَبُ عَلَى الشَّيْءِ، وَجَمْعُهُ نَصَائِبُ وَنُصُبٌ بِضَمَّتَيْنِ، وَكَانَ لِلْعَرَبِ حِجَارَةٌ تَعْبُدُهَا وَتَذْبَحُ عَلَيْهَا، قَالَ تعالى: ﴿كَأَنَّهُمْ إِلَىٰ نُصُبٍ يُوفِضُونَ ﴿٤٣﴾﴾المعارج، وَقَالَ: ﴿وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ ﴿٣﴾﴾المائدة، وَقَد يُقَال فِي جَمْعِه: أنْصَاب قَالَ: ﴿وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ ﴿٩٠﴾﴾المائدة**).

واتـە: (**نَصْـبُ الـشَّيْءِ**)، یـانی: چەقاندنـی ئـەو شـتە بـە شـێوەیەك بـەرز بێتـەوە، وەك چـۆن ڕم و نێـزەو خانـوو و بـەرد دەچەقێنرێـن و بەرزدەکرێنـەوە، (**نَصِيب**)یـش

(١) ص: ١٠١٣.

(٢) ص: ٨٠٧.

بەردێکە لەسەر شتێك دەچەقێنرێ و بە (نَصَائِبُ)، کۆ دەکرێتەوەو بە (نُصُب)یش، عەرەب بەردێکیان هەبووە پەرستوویانەو، ئاژەڵیان لەلا سەر بڕیوە بۆ بتەکانیان، خوای بەرز دەفەرمووێ: ﴿كَأَنَّهُمْ إِلَىٰ نُصُبٍ يُوفِضُونَ ﴿٤٣﴾﴾المعارج، بێبڕوایەکان بەرەو ڕووی تۆ دێن (ئەی موحەممەد ﷺ) یاخود: بێبڕوایەکان لە ڕۆژی دوایی دا کە بانگ دەکرێن و لە گۆڕەکانیان هەڵدەستێنرێنەوە، وەك بەرەو بتەکانیان بچن ئاوا بە خێرایی دەڕۆن، هەروەها خوا فەرموویەتی: ﴿وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ ﴿٣﴾﴾المائدة، ئەوەی لەسەر بەردەکان سەر دەبڕرێ، {(نصُب)، کۆی (نَصِیب)ە، یانی: ئەو بەردەی دادەنرێ و دەپەرسترێ}، هەروەها بۆ کۆی (نصیب) وێڕای (نُصُب)، (أنْصَاب)یش، هەر دەگوترێ، وەك خوا دەفەرمووێ: ﴿وَالْأَنصَابُ وَالْأَزْلَامُ ﴿٩٠﴾﴾المائدة، نەصەبەکان و زەلەمەکان.

(المعجم الوسیط)[1]، لە بارەی نەصەبەوە دەڵێ: (**النَّصَبُ: العَلَمُ المَنْصُوبُ، والنُّصْبُ: عَلَامَةٌ تُنْصَبُ عِنْدَ الحَدِّ، أو الغَايَةِ، والنَّصَبُ: مَا كَانَ يُنْصَبُ لِيُعْبَدَ مِنْ دُونِ اللهِ، وَالجَمْعُ أَنْصَابٌ، وَالنُّصْبُ: المَنْصُوبُ، وَالنُّصُبُ: مَا يُقَامُ مِنْ بِنَاء ذِكْرَى لِشَخْصٍ أو حَادِثَةٍ، وَالنُّصْبُ: مَا نُصِبَ وَعُبِدَ مِنْ دُونِ اللهِ، وَالجَمْعُ أَنْصَاب**).

واتە: (نَصَبْ)، یان (نَصْب)، بریتییە لە نیشانەیەکی چەقێندراو، نیشانەیەك کە لە لای سنوورێك یاخود لە لای کۆتایی شتێك دادەنرێ، هەروەها (نَصَبْ)، بەوەش گوتراوە کە لە جیاتی خوا پەرستراوەو بە (أنْصَاب)، کۆ دەکرێتەوە، هەروەها وەك چۆن (نُصب)، ئاوایە (نُصب)یش {ئەوەی پێشییان بە بۆر بوو، ئەمیان بە زەنە}، بە مانای (مَنْصُوب)، واتە: چەقێندراو، هەروەها بینایەك کە دروست دەکرێ بۆ یادەوەری کەسێك، یادەوەری ڕووداوێك، هەروەها (نُصُب)، دیسان بەوە دەگوترێ کە دادەنرێ و دەپەرسترێ لە جیاتی خوا، کە ئەویش بە (أنْصَاب)، کۆدەکرێتەوە.

---

(١) ص٩٢٥.

ئەمە ئەو سێ وشەیە کە خوا لە قورئاندا بەکاری هێناون، بۆ هەموو ئەو شتانەی لە جیاتی خوا دەپەرسترێن، کە ئێمە لە زمانی کوردییدا وشەی: بت و پەیکەرو، جاری واشە هەر وشەی صەنەم بەکاردێنین بۆ هەموو ئەوانە، کە وا پێدەچێ وشەی صەنەم تێیدا بە مەرج نەگیرابێ لەسەر وێنەی شتێك بێ و، هەر شتێك دابنرێ صەنەمی پێ دەگوترێ، بەڵام **(وثن)** وا پێدەچێ تێیدا بە مەرج بگیرێ کە لەسەر شێوەیەك بێ و پەیکەرێك بێ، **(نُصُب)**یش، دیسان مەرج نیە وێنەداربێ و لەوانەیە بەردێك بێ شوێنێك بێ پێی دەگوترێ: **(نُصُب)**، جیاوازییەکەیان ئەوەیە، بەڵام وەك گوتم: لە زمانی کوردیغدا بە هەموویان دەگوترێ: بت، صەنەم، پەیکەر.

بڕگەی دووەم: هۆکارو هاندەرەکانی بتپەرستیی:

ئەم بڕگەی دووەمە یەکسەر لە تەفسیرەکەی **(فخر الدين الرازي)**: **(التفسير الكبير أو مفاتيح الغيب)**[1]، دەگوازینەوە، ئەویش لە کتێبی **(الرُّد على عبدة الأصنام)**ی **(أبو زيد البلخي)**یەوە، هێناوە.

(أبو زيد البَلْخي)، لە سەرەتاوە قسەیەکی جوان دەکات و دەڵێ: ئەوە کە مرۆڤ زانیاریی هەبێ بەوەی ئەو دارو تەختەیە، یان ئەو بەردە داتاشراوە، لەو کاتەدا، بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی نیەو، بەدیهێنەری ڕووەك و ژیاندار نیە، شتێکی زانراوو ڕوون و بەڵگە نەویستەو، زانراوە بەڵگە نەویستەکانیش نابێ ڕاجیاییان لە نێوان عاقڵاندا لەسەر هەبێ ئەوە لەلایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە: بتپەرستیی ئایینێك بووە پێش نووحیش ﷺ هەر هەبووە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە موبارەکە، کە گەلەکەی نووح لە نێو خۆیاندا دەڵێن: ﴿وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾﴾، کەواتە: لەسەردەمی نووحەوەو لە پێش نووحیشەوە، ئەو بت و صەنەمانە هەر بوون، چونکە نووح هاتوە

---

(١) بەرگی (٣٠)، جوزئی (٢٩)، لاپەڕە (١٣١ - ١٣٢).

بڵـێ: دەسـت هەڵبگـرن لـەوان، کەواتـە: پێـش هاتنـی نووحیـش (عليه السلام) دیـاردەی بتپەرسـتیی هـەر بـووە، هەروەهـا ئـەو دیـاردەی بتپەرسـتییە بـەردەوام بـووە تاکـو ئـەم ڕۆژگارەش، (ئـەو لـە کاتـی خۆیـدا گوتوویەتـی، بـەڵام تاکـو ڕۆژگاری ئێسـتای ئێمـەش هـەر بەردەوامـە)، دەڵـێ: زۆربـەی دانیشـتووان و خەڵکـی زەوی ئێسـتاش هـەر لەسـەر بتپەرسـتیین، ئنجـا دەبـێ ئـەو ئایینـی بتپەرسـتییە بەشـێوەیەك پاسـاو بدرێتـەوە، کـە عەقـڵ بـە ئاسـانیی لـە خراپەکـەی و هەڵەکـەی تێنـەگات، ئەگەرنـا ئـەو هەمـوو مـاوە درێـژە نەدەمایـەوە، (وەك ئـەو دەڵـێ) لـە لایـەن زۆربـەی خەڵکی دنیـاوە.

ئنجـا (**أبـو زيـد البلخـي**) دێتـە سـەر پاسـاوەکانی و حـەوت پاسـاو و بیانـووان دێنـێ، یاخـود حـەوت هانـدەران دێنـێ بـۆ ئەوانـەی بـت و پەیکـەرو صەنەمیـان پەرسـتوون، بـە یەکێـك لـەو حـەوت هانـدەرو پاڵنەرانـە، یاخـود: بـە یەکێـك لـەو حـەوت پاسـاوو بیانـووە، بـت و صەنەمیـان پەرسـتوون، منیـش یەکسـەر وەری دەگێڕمـە سـەر کوردیـی:

١- بیانووی یەکەم: (**أبو معشر جعفر محمد المنجِّم**)، گوتوویەتی: ئەو بیرۆکەیەی بتپەرستیی لەوانە داکەوتوە، کە پێیان وابووە خوا (تعالى) جەستەیەو لە شوێنێکی دیارییکراوە، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە گوتوویانە: خوا ڕووناکییە وەك ئەو ڕووناکییەی ئێمە دەیبینین! بەڵام بێگومان کە خوا دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴿٣٥﴾﴾ النور، مەبەست پێی ڕووناکییەکی دیکەیە، بەڵام گوتوویانە: خوا ڕووناکییە وەك ئەو ڕووناکییەی ئێمە دەیبینین و، گەورەترین ڕووناکییەو، فریشتەکانیش کە بە دەوری عەرشەوەن، کە شوێنی خوایە، ئەوانیش هەر ڕووناکیین، بەڵام ئەوان ڕووناکیی بچووکن، ئنجا ئەوانەی پێیان وابووە خوا شوێنی دیارییکراوی هەیەو جەستەیەو بریتیە لە ڕووناکیی، بتێکی گەورەو مەزنیان دروستکردوە لەسەر شێوەی ئەو خەیاڵەی خۆیان، کە پێیان وابووە وێنەی خوای پەروەردگارە، هەروەها هی بچووکیشیان دروستکردوون، وەك پەیکەر بۆ فریشتەکان، ئیدی هەم بتە گەورەکەیان پەرستوە، کە بە حیساب وێنەی خوای پەروەردگارەو، هەم

وردە بتەکانیشیان پەرستوون، کە بە حیساب ئەوانیش وێنەی ئەو فریشتانەن کە بە دەوری خوای پەروەردگارەوەن.

٢- بیانووی دووەم: کۆمەڵێك لە صابیئە پێیان وابووە خوا ﷻ ئەستێرەو خڕۆکەکانی دروستکردوون، چ گەڕۆکەکان و چ چەسپاوەکان، (کاتی خۆی پێیان وابووە چەسپاون و ئێستا دەرکەوتوە، نەخێر ﴿كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ۝٣٣﴾ الأنبياء)، ئنجا صابیئەکان یان کۆمەڵێکیان پێیان وابووە خوا سەرپەرشتییکردنی کاروباری خوارەوەی دنیا، زەوی، عایدی ئەو خڕۆکەو ئەستێرانەی کردوەو، ئەستێرەو خڕۆکەکانیش بەندەی خوان و خوا دەپەرستن، بۆیە پێویستە مرۆڤەکان ئەو خڕۆکەو ئەستێرانە بپەرستن، ئنجا لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەو خڕۆکەو ئەستێرانە جارێك هەڵهاتوون و جارێك ئاوا بوون، هەندێك پەیکەریان لەسەر شێوەی ئەو خڕۆکەو ئەستێرانە، وەك نوێنەری ئەوان لەسەر زەوی داناون و، پەرستوویانن، کە لە ڕاستییدا مەبەستیان پێ پەرستنی خڕۆکەو ئەستێرەکان بووە، گوایە خوا کاروباری سەر زەوی عایدی ئەوان کردوە و بە ئەوانی سپاردوە.

٣- بیانووی سێیەم: ئەوەیە کە ئەو بتپەرستانە لە ڕۆژگاری زووەوە، لە ئەستێرە پەرستان بوون، لەوانە بوون کە پێیان وابووە بەختەوەریی و، بێخێریی و نەگبەتیی ئەم ژیانە دنیاییە پەیوەندیی هەیە بە ئەستێرەکانەوە، ئنجا پێیان وابووە ئەگەر بێت و شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دروست بکرێ بۆ ئەو ئەستێرانە، بە شێوەی طِلَّسْم.

(طِلَّسم)یش وەك (**المعجم الوسيط**)[1]، مانای دەکات دەڵێ: {(**طِلَّسْم) في علم السِّحر خُطُوطٌ وأعدادٌ يَزْعُمُ كاتبُها أنَّهُ يُرْبَطُ بِهَا رُوحانيَّات الكَواكِب العُلْويَّة بالطَّبائع السّفليّة، لجَلْبِ مَحْبُوبٍ أو دَفْعِ أَذًى، وهو لفظٌ يُونَانِيٌّ لكلِّ مَا هُوَ غامِضٌ مُبْهَمٌ كالألغاز والأَحاجِي**)، واتە: طیللەسم لە زانیاریی جادوودا بریتیە لە هەندێك هێڵ و ژمارە کە نووسەرەکەیان پێی وایە بەهۆی ئەو هێڵ و ژمارانەوە ڕووحانییەتی ئەستێرە بەرزەکان پەیوەست دەکاتەوە بە سرووشتی دروستکراوە نزمەکانەوە {لە خوارێ لەسەر زەوی}، بۆ هێنانی

---

(١) ص٥٦٣.

شتێکی خۆشەویست یاخود دوور خستنەوەی ئازارێك و، وشەکەش یۆنانییەو بۆ هەر شتێك کە نامۆو نەزانراو بێ بەکاردێ وەك مەتەڵەکان.

کەواتـە: هەندێکیـان لـەو ڕووەوە بتەکانیـان پەرسـتوون، کـە ئەگـەر ئـەو بتانـە بـە شـێوەی **طیللە**سـم بانـگ بکرێـن، مایـەی ئـەوە دەبـن پێیـان لـە خـوا نیزیـك ببنـەوە، بۆیـەش گوتـراوە: وەدد کـە یەکێـك بـووە لـە صەنەمەکانـی گەلـی نـووح، لەسـەر شـێوەی پیاوێـك بـووەو، سـواع لەسـەر شـێوەی ئافرەتێـك بـووەو، یەغـووث لەسـەر شـێوەی شـێرێك بـووەو، یەعـووق لەسـەر شـێوەی ئەسـپێك بـووەو، نەسـڕیش لەسـەر شـێوەی داڵ بـووە.

٤- بیانووی چوارەمی بتپەرستەکان بۆ بتپەرستیی:

ئەوەیـە کاتێـك کەسـانێکی چاکەکاریـان لـێ مـردوون، وێنـەی ئـەو چاکەکارانەیـان کێشـاوەو پەیکەریـان بـۆ دروسـتکردوون و، مەبەسـتیان ئـەوە بـووە ئـەو چاکەکارانـە ئەگـەر پیـاون، ئەگـەر ئافرەتـن، بـە مـەزن بگـرن و، خۆیانیـان لـێ نیزیـك بخەنـەوە، تاکـو تکایـان بـۆ لـەلای خـوای پـەروەردگار بکەن، وەك لـە قورئانـدا خـوا فەرموویەتی: ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ ﴿٣﴾﴾الزمـر، (بتپەرسـتەکان دەیانگـوت:) ئێمـە تەنیـا بـۆ ئـەوە دەیانپەرسـتین تاکـو لـە خوامـان نزیـك بخەنـەوە.

٥- بیانوو و پاساوی پێنجەم:

ئەوەیـە کـە جـاری وا هەبـووە حوکمڕانێکـی مـەزن، یـان کەسـێکی مـەزن مـردوە، ئەوانیـش پەیکەرێکیـان لەسـەر شـێوەی وی دروسـتکردوەو تەماشـایان کردوە، سـەرەتا تەنیـا وەك یادکـردن و وەفایـەك، بـەڵام کـە ئەوانـەی دوایـی هاتـوون، پێـان وابـووە بـاب و باپیرانیـان ئـەو پەیکەرەیـان پەرسـتوە! ئەوانیـش وەك لاسـاییکردنەوەی بـاب و باپیرانیـان بـە هەڵـە ئـەو پەیکەرەیـان پەرسـتوەو، واش پێدەچـێ ئـەو پێنـج نـاوە: وەددو سـواع و یەغـووث و یەعـووق و نەسـڕ، نـاوی پێنـج لـە کوڕەکانـی ئـادەم بـن، کاتێـك کـە مـردوون، ئیبلیـس بـە پاشـینەکانیانی گوتـوە: ئەگـەر بێـت و وێنـەی ئـەو

پێنج کوڕەی ئادەم بکێشن لە پەرستگاکانتانداو، هەموو ڕۆژێك تەماشایان بکەن بۆ ئەوەی بەهۆی سەرنجدانتانەوە لێیان، خوا پەرستیی و بەندایەتیی ئەوانتان بۆ خوا، بکەوێتەوە یاد، ئەوانیش وایانکردوە، ئنجا کاتێك ئەوانە مردوون، ئەوانەی دوایی گوتوویانە: باب و باپیرانمان ئەوانەیان پەرستوون، هەڵبەتە ئەمە وەك دوایی باسی دەکەین، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیش وەك لە صەحیحی بوخاریی دا هاتوە، لێی گێڕدراوەتەوە کە هەمان شتی گوتوە، هەر بۆیەش پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە سەرەتادا ڕێگریی و، قەدەغەی کرد سەردانی گۆڕستان بکرێ، بەڵام دوایی ڕێگای پێدان، دوای ئەوەی دڵنیا بوو تازە ئەو خەڵکە لە مردووەکان ناپاڕێنەوەو، تەنها خواپەرستی (**توحید الله**) لە دڵیاندا چەسپاوە، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {**كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ، أَلاَ فَزُورُوهَا فَإِنَّ فِي زِيَارَتِهَا تَذْكِرَةً**}، (**أخرجه مسلم: ١٩٧٧، ٩٧٧**).

واتە: لێم قەدەغە کردبوون سەردانی گۆڕستان بکەن، بەڵام ئێستا سەردان بکەن، چونکە لە سەردانتاندا بیرخستنەوەو پەند وەرگرتن هەیە.

٦- بیانووی شەشەم: ئەوەیە کە بەشێك لە بتپەرستەکان پێیان وابووە: خوا ﷻ جەستەو ماددەیەو بەرهەستە، دەشتوانێ بگوازێتەوەو بێت و بچێ و بێتە نێو جەستەی کەسێکەوە، بۆیە بەدووریان نەزانیوە خوای بەرز بێتە نێو جەستەی مرۆڤێکەوە، یان بێتە نێو پەیکەرێکەوە، ئنجا ئەوەیان بەدڵدا هاتوە کە لەوانەیە خوا ﷻ لە نێو ئەو پەیکەرە دابێ، یان لە جەستەی فڵانکەسەدا بێ، هەر بۆیەش هەندێك لە شیعەکان لە تێپەڕێنەرەکان (غُلاة) کاتێك عەلی کوڕی ئەبی تالیب (خوا لێی ڕازی بێ) - گوایە - دەرگای قەڵای خەیبەری هەڵقەڵاندوە گوتوویانە: خوا ﷻ چۆتە نێو جەستەیەوە، هەندێك لە شیعەکان کە تێپەڕێنەر(غُلاة)ن، جۆرێك لە ئیعتیقادی وایان هەیە بە عەلی (خوا لێی ڕازی بێ)، هەروەها گوتوویانە: هەورە تریشقە دەنگەکەیەتی و، بروسکەکەش بریتیە لە زەردەخەنەکەی! بەڵام بەندە ڕووداوی هەڵقەندنی دەرگای خەیبەریش کە گوایە دوایی بە دە کەسان بۆیان نەجووڵاوە، ئەوەش بە ڕاست نازانم و سەنەدێکی ڕاستی نیە، هەرچەندە ئاسانە خوای بەرزو مەزن وەك

کەرامەتێك بۆ عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) یان بۆ هەر کام لە بڕوادارانێك کە دۆستی خوابن، شتی لەو جۆرە بڕەخسێنێ، بەڵام ئەو ڕووداوە لە ڕووی مێژووییەوە سەنەدێکی ڕاستی نیەو زیاتر هەڵبەستراوی شیعانە.

٧- پاساوو بیانووی حەوتەم و کۆتایی بۆ بتپەرستیی:

وەك ئەبـوو زەیـدی بەڵخیـی لـە کتێبـی (**الـردُّ عـلى عبـدة الأصنـام**)دا، هێناویەتـی ئەوەیـە، کـە ڕەنگـە ئـەو بتانەیـان وەك میحڕابێـك و پەرسـتگایەك سـەرنجدابێ و، مەبەستیشـیان پەرسـتنی خـوا بووبـێ، واتـە: پەیکـەرەکانی ئـەو بتانەیـان دانـاون، یـان نەخـش و نیـگارو وێنەیـان بـۆ کێشـاون و لـە ئەصڵـدا مەبەسـتیان خواپەرسـتیی بـووە، بـەڵام ئەوانیـان وەك پەرسـتگایەك و میحڕابێـك و وەك نیشـانەیەك دانـاون، بـەڵام ئەوانـی دوایـی هەڵسـاون پەرسـتوویانن.

بڕگەی سێیەم: چۆنیەتیی و مێژووی سەرهەڵدانی بتپەرستیی:

ئایـا بتپەرسـتیی چـۆن سـەری هەڵـداوەو مێژووەکـەی چۆنـە؟ هەڵبەتـە ئـەوەی لـە بڕگـەی دووەمیشـدا: (هـۆکارو هاندەرەکانـی بتپەرسـتیی) هێنامـان لـە ئەبـوو زەیـدی بەڵخییـەوە لـە کتێبەکـەی: (**الـرد عـلى عبـدة الأصنـام**)دا، کـە (**فخرالديـن الـرازي**) لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا لێـی خواسـتبۆوە، ئەویـش تیشـکی بـاشی بـۆ خسـتینە سـەر مێـژوو و سـەرهەڵدانی بتپەرسـتیی و هۆکارەکانـی، بـەڵام لـەو بـارەوە ئـەم دوو دەقـەش دێنیـن:

١- {**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ** ﭭ: **صَارَتِ الْأَوْثَانُ الَّتِي كَانَتْ فِي قَوْمِ نُوحٍ فِي الْعَرَبِ بَعْدُ: أَمَّا وَدٌّ، فَكَانَتْ لِكَلْبٍ بِدَوْمَةِ الجَنْدَلِ، وَأَمَّا سُوَاعٌ، فَكَانَتْ لِهُذَيْلٍ، وَأَمَّا يَغُوثُ، فَكَانَتْ لِمُرَادَ ثُمَّ لِبَنِي غُطَيْفٍ بِالْجُرُفِ عِنْدَ سَبَأٍ، وَأَمَّا يَعُوقُ، فَكَانَتْ لِهَمْدَانَ، وَأَمَّا نَسْرٌ، فَكَانَتْ لِحِمْيَرَ لِآلِ ذِي كَلَاعٍ، وَهِيَ أَسْمَاءُ رِجَالٍ صَالِحِينَ مِنْ قَوْمِ نُوحٍ عَلَيْهِ السَّلَامُ، فَلَمَّا هَلَكُوا أَوْحَى الشَّيْطَانُ إِلَى قَوْمِهِمْ أَنِ انْصِبُوا إِلَى مَجَالِسِهِمُ الَّتِي كَانُوا يَجْلِسُونَ فِيهَا أَنْصَابًا، وَسَمُّوهَا بِأَسْمَائِهِمْ، فَفَعَلُوا فَلَمْ تُعْبَدْ حَتَّى إِذَا هَلَكَ أُولَئِكَ وَتَنَسَّخَ الْعِلْمُ، عُبِدَتْ**} (**أخرجه البخاري: ٤٦٣٦**).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس ﷺ دەڵـێ: ئـەو بـت و پەیکەرانـەی لـە نێـو گەلـی نـووح دا هەبـوون، دوایـی پەڕینـەوە بـۆ نێـو گەلـی عـەڕەب، (لـەو بارەشـەوە هەندێـك دەق هـەن، کـە ئـەو بتانـە چـۆن پەڕیونـەوە بـۆ نێـو گەلـی عـەڕەب) دەڵـێ: وەدد لـە نێـو هـۆزی (**كَلْـب**) دابـوو لـە (**دَوْمَـةِ الْجَنْـدَلِ**)و، سـواع لـە نێـو هـۆزی (**هُذَيْـل**)دا، بـوو، یەغـووث لـە نێـو هـۆزی (**مُـرَادَ**)، دوایـی لەنێـو (**بَنِـي غُطَيْـفٍ**)، لـە (**سبأ**)دا بـوو، یەعـووق لـە نێـو هـۆزی (**هَمْـدَانَ**)دا، بـوو، نەسـر لـە نێـو هـۆزی (**حِمْـيرٍ لِآلِ ذِي كَلَاع**)دا، بـوو، ئـەو ناوانـەش نـاوی پیاوانێکـی چـاك بـوون لـە گەلـی نـووح، {ڕایەکیـش هەیـە کـە نـاوی پێنـج لـە کوڕەکانـی ئـادەم بـوو بـن}، ئنجـا کاتێـك ئـەو پیـاوە چاکانـە مـردوون، شـەیتان وەسوەسـەی بـۆ خەڵکەکـە کـرد، کـە لەو کـۆڕو مەجلیسـانەی ئـەو پیـاوە چاکانـە تێیـان دا دانیشـتوون، ئێـوە پەیکەریـان بـۆ دابنێـن، یـان وێنەیانیـان بکێشـن و، بـە نـاوی ئەوانـەوە ناویـان بنێـن، {بـە پاسـاوی ئـەوەی خواپەرسـتیی ئەوانیـان بکەوێتـەوە یـاد}، ئەوانیـش وایـان کـردوەو پێشـێ نەپەرسـتراون، بـەڵام دوایـی کـە ئەوانـەی کارەکەیـان داهێنـاوە، مـردوون و زانیاریـی نەمـاوە، ئەوانـی دیکـە کـە دوایـی هاتـوون، دەسـتیان کـردوە بـە پەرسـتنیان و ئـەو شـتانە پەرسـتراون.

٢- {عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: أَنَّ أُمَّ حَبِيبَةَ وَأُمَّ سَلَمَةَ ذَكَرَتَا كَنِيسَةً رَأَيْنَهَا بِالْحَبَشَةِ، فِيهَا تَصَاوِيرُ، لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِنَّ أُولَئِكَ إِذَا كَانَ فِيهِمُ الرَّجُلُ الصَّالِحُ فَمَاتَ، بَنَوْا عَلَى قَبْرِهِ مَسْجِدًا، وَصَوَّرُوا فِيهِ تِلْكَ الصُّوَرَ، أُولَئِكَ شِرَارُ الْخَلْقِ عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ} (أخرجه البخاري: ١٣٩٠، ومسلم: ٥٢٨٠، وابن حبان: ٣١٨١، وابن خزيمة: ٧٩٠).

واتـە: دایکـمان عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ)، گێڕاویەتـەوە لـە ئوممـو حەبیبـەو ئوممـو سـەلەمەوە (کـە وەك چـۆن عائیشـە هاوسـەری پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـووەو دایکـی ئیمانـداران، ئەوانیـش هەردووکیـان هاوسـەری پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـوون و، ئوممـو حەبیبـە کچـی ئەبـوو سـوفیانەو لەگـەڵ ئەوانـەی کۆچیـان کردوە بۆ حەبەشـە،

ئەویش چووە، هەروەها ئوممو سەلەمەش کاتی خۆی لەگەڵ کۆچکەرەکاندا بووە لە حەبەشە)، کە باسی کڵێسایەکیان کردوە لە حەبەشە بینیویانە پێی گوتراوە: (**مارية**)، وێنەکان یان پەیکەرەکانی تێدا بوون، بۆ پێغەمبەری خوایان باسکردوە، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: ئەوانە ئەگەر پیاوێکی چاکیان تێدا ببووایەو مردبایە، مزگەوتێك، (پەرستگایەك)یان لەسەر گۆڕەکەی دروست دەکردو، ئەو وێنانەیان تێدا دەکێشان، (واتە: وێنەیان لە دەرو دیوارەکاندا دەکێشا، یاخود پەیکەریان تێدا دادەنان)، ئەوانە خراپترین دروستکراوانی خوان لە ڕۆژی قیامەتدا، (کە بە بیانووی ڕێزگرتن لە پیاو چاکان، پیاو چاکەکانیان پەرستوون و، وەك بت و صەنەم مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون).

کەواتە: ئەمە ڕیشەی بتپەرستییە، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی و، دیارە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیش (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) هەر لە پێغەمبەری خاتەمەوە ﷺ فێربووەو، ئەویش هەر وای گوتوە.

بڕگەی چوارەم: شیرك و بتپەرستیی دوو ڕووی دراوێكن:

برایان و خوشکانی بەڕێز! وەك ئەبوو زەیدی بەڵخیی گوتوویەتی کە بێگومان بۆ ڕۆژگاری خۆی گوتوویەتی (زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی دنیا ئێستا بتپەرستن)، دەڵێم: ئێستاش ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی دنیاش بتپەرست نەبن، بەڵام بەشێکی زۆری خەڵکی دنیا، زیاتر لە یەك لەسەر چوار (٤/١)یان بتپەرستن، ئنجا ئایا بتپەرستیی و شیرك هاوبەش بۆ خوا دانان، چ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەیە؟ پێم وایە هاوبەش بۆ خوا دانان و بتپەرستیی، دوو ڕووی دراوێکن و دوو شتی پێکەوە تێکهەڵکێش و پێکەوە پەیوەستن، بەڵگەمان چییە؟ با تەماشای ئەم ئایەتە موبارەکەی سوورەتی (**الزمر**) بکەین، خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ ۚ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ

﴿... كَفَّارٌ ﴿٣﴾﴾، واتە: ئاگاداربن! ملکەچیی ساغ و بێ خلّتە تەنیا شایستەی خوایە، ئەوانەش کە لە جیاتی خوا سەرپەرشتیارانێك دەگرن، (پەرستراوانێك دەگرن)، دەڵێن: نایانپەرستین، مەگەر بۆ ئەوەی لە خوامان نزیك بخەنەوە... کەواتە: پەرستنی جگە لە خوا لەگەڵ خوادا، بۆ لە خوا نیزیك بوونەوە بووەو بتپەرستییش هەر بەهەمان شێوە، کەواتە: شیرك و بتپەرستیی دوو شتی تێکهەڵکێشن، یان دوو وشەن تەعبیر لە یەك حەقیقەت دەکەن.

ئنجا با لە سووڕەتی (**الشعراء**)ش دا، تەماشای ئەو دوازدە ئایەتەی خوای پەروەردگار بکەین، کە دەفەرموێ: ﴿ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ ﴿٩١﴾ وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٩٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ هَلْ يَنصُرُونَكُمْ أَوْ يَنتَصِرُونَ ﴿٩٣﴾ فَكُبْكِبُوا۟ فِيهَا هُمْ وَٱلْغَاوُۥنَ ﴿٩٤﴾ وَجُنُودُ إِبْلِيسَ أَجْمَعُونَ ﴿٩٥﴾ قَالُوا۟ وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ ﴿٩٦﴾ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ وَمَآ أَضَلَّنَآ إِلَّا ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٩٩﴾ فَمَا لَنَا مِن شَٰفِعِينَ ﴿١٠٠﴾ وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ ﴿١٠١﴾ فَلَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٢﴾﴾، واتە: دۆزەخ بۆ بێمرادان و بۆ سەرگەردانان هێندرایە گۆڕێ و، پێیان گوترا: کوان ئەوانەی دەتانپەرستن (لە جیاتی خوا)؟ ئایا سەرتان دەخەن، یان خۆیان دەتوانن (بەرگریی لە خۆیان بکەن و) خۆیان سەربخەن؟ ئنجا هەم ئەوان (پەرستراوەکان و صەنەمەکان) و، هەم سەرگەردان و بێمرادەکانیش هەموویان لەپەو ڕوو خرانە نێو دۆزەخەوە، هەروەها سەربازەکانی ئیبلیسیش تێکڕا (ئەوانیش هەمووی خرانە دۆزەخەوە)، ئنجا لە حاڵێکدا کە لە دۆزەخدا پێکەوە دەمەقاڵەیان بوو (مشت و مڕیان بوو) گوتیان: سوێند بە خوا ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرا دابووین، کاتێك ئێوەمان یەکسان دەکرد لەگەڵ پەروەردگاری جیهانییان دا[1]. تەنیا تاوانبارانیش ئێمەیان گومڕاکرد، ئێستاش هیچ تکاکارانێکمان نین، هەروەها هیچ دۆستێك و برادەرێکی

---

(١) بتپەرستەکان و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، بە پەرستراوەکانیان بە بت و صەنەمەکان دەڵێن: سوێند بە خوا ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بووین کە ئێوەمان یەکسان دەکرد لەگەڵ پەروەردگاری جیهانییاندا.

نیزیـك و دڵسۆزیشـمان نیـە (بەرگرییـمان لـێ بـكات)، ئنجـا خۆزگـە (دەرفەتێکـمان بووبایـە) جارێـك گەڕانەوەمـان ببووایـە، تاکـو لـە بـڕواداران بیـن.

کەواتـە: پوختـەی قسـان ئەوەیـە: بتپەرسـتیی و هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان، دوو وشـەن، دوو تەعبیـرن بـۆ یـەك حەقیقـەت، کـە بریتیـە لـە بەندایەتیـی بـۆ کـردن و پەرسـتنی جگـە لـە خـوا، بـە مەبەسـتی نیزیـك کەوتنـەوە لـە خـوا، چونکـە هەمـوو ئەوانـەی بتپەرسـتن بـە مسـۆگەریی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرن، بۆیـەش بیرۆکـەی ئیلحـاد واتـە: دان بـە بـوونی خـوا دانەهێنـان، بیرۆکەیـەکی ڕیـز پـەڕەو کەمتریـن شـوێنکەوتووانی هـەن، ئێسـتاش لەگەڵدابـێ، کـە ئـەم سـەردەمە سـەردەمی زاڵبـوونی ماددەیـە بەسـەر ڕووح داو، زاڵبـوونی دنیـا پەرسـتییە بەسـەر خـوا پەرسـتییداو، زاڵبـوونی لـە بـاوەش گرتنـی دنیـاو حیسـاب نەکـردن بـۆ ڕۆژی دوایـی، بەڵام ئێستاشـی لەگەڵدابـێ، زۆربـەی هـەرە زۆری خەڵـکی سـەر زەوی خواناسـن، چونکـە:

١- یەك لەسەر چوار (٤/١)یان، یان زیاتر مسوڵمانن.

٢- یەك لەسەر چوار (٤/١)یان، یان زیاتر نەصرانیین و جوولەکەن و ئەوانی دیکەن مەجووسیین و، سابیئەن و یەزیدیین، ئەوانەش هەموویان خواناسن، بەڵام بە هەڵە خوا دەپەرستن و هاوبەشی بۆ دادەنێن.

٣- ئنجا هەموو بتپەرستەکان و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش بە هەموو شێوەکانیانەوە، چ ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە بووزایین و پەیکەرەکانی بووزا دەپەرستن و، هیندۆسییەکان کە مانگاو مشك و مارو جرو جانەوەری دیکە دەپەرستن، یان دارو درەخت دەپەرستن لە ئەفریقیا، لە کوێ و لە کوێ کە بەلای کەمەوە سێیەك (٣/١)ی خەڵکی دنیا دەبن، هەموو ئەوانەش خواناسن و، ئەو شتانەش بۆیە دەپەرستن کە لە خوایان نزیك بخەنەوە، کەواتە: کەمینەیەك دەمێننەوە کە پێیان بگوترێ: مولحید، ئەویش جاری وایە ئەو ئیلحادە بە زەبری ئاگرو ئاسن فەرز کراوە، وەك کاتی خۆی ماوتسی تۆنگ لە وڵاتی

چین دا فەرزی کردبوو، هەروەها یەکێتی سۆڤیەتی پێشووی لێکهەڵوەشاویش فەرزی کرد بوو، کە ئێستا بە گوێرەی زانیاریی من جگە لە کۆریای باکوور، هیچ وڵاتێك نیە بە فەرمیی ئیلحادی تەبەننیی کردبێ، کاتی خۆشی بە زەبری ئاگرو ئاسن ئیلحادیان فەرز کردبوو لەسەر خەڵك، بە ناوی مارکسیزم و لینینزم وماویزمەوە، بەڵام سەرئەنجام زگماکی بەشەرو عەقڵی سەلیمی بەشەر زاڵبوو بەسەر ئیلحاد دا، هەرچەندە تەواو ڕێی ڕاستیشی نەدۆزیبێتەوە، کە ڕووکردنە ئیسلامە، لەبەر ئەوەی بە ئیسلام ئاشنانین، یان لەبەر ئەوەی دۆخی مسوڵمانان بەو شێوەیەیە کە هاندەری خەڵك نیە بەگشتیی، بەرەو ئیسلام بێ، چونکە کە تەماشای واقیعی مسوڵمانان دەکەن، وادەزانن واقیعەکەیان بەرهەم و زادەی دینەکەیانە، بۆیە لە دینەکەیان دەسڵەمنەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی سەر زەوی، ئێستاشی لەگەڵدابێ، خواناسە، چونکە بتپەرست و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش بە خواناس لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام بێگومان لە ناسین و پەرستنی خوادا بەهەڵە داچوون، بۆیە ئەو شتانەی دیکە دەپەرستن، شیرکیش دیارە خوا لێی خۆشنابێ، بەڵام خوا لە شیرکی کەسانێك خۆشنابێ، کە بانگەوازی خوای بەرزو مەزنیان پێ گەیبێ و، دینی ڕاست و دروستی خوای میهرەبانیان لێ حاڵیی کرابێ و، ڕەفزیان کردبێ، ئەگەرنا کەسێك لە بنەڕەت دا پەیامی خوای پێ نەگەیبێ و لە دینی ڕاستی خوا تێنەگەیبێ، یاخود بەسەرەوبنیی و هەڵاوگێڕیی پێی گەیبێ و، بەهەڵەو بە شێوێنراویی پێی گەیبێ، ئەوە ئەگەر کەمتەرخەم نەبووبێ لە پەیداکردنی زانیاریی لە بارەی دینی ڕاستی خوای پەروەردگارەوە، بۆ ڕۆژی دوایی، بەڵگەو پاساو بیانوویەکی هەیە، هەڵبەتە تەنیا خوای پەروەردگاریش لێپرسینەوە لە نێوان بەندەکانیدا دەکات، وەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾﴾الغاشية، بەڵام بە پێی ئەوەی دەردەکەوێ لە ڕواڵەتی ئایەتەکانی قوڕئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ، کەسانێك بە بێبڕوا (کافر) لە قەڵەم دەدرێن، کە ئایینی خوای پەروەردگاریان پێگەیبێ، بە ڕاست و دروستیی و، ڕەفزیان کردبێ، بەڵام کەسێك ئایینی خوای هەر

پێنەگەیبێ، یان پێی گەیبێ، بەڵام بەشێویێنراویی، ئەگەر بڕوای پێ نەهێنابێ، بۆ ڕۆژی دوایی، بەڵگەو بیانووی بەدەستەوە هەیەو بواری بەرگریی لە خۆکردنی هەیە.

لێرەشـدا کۆتایـی بـەم کورتـە باسـەمان دێنیـن و، کۆتایـی بـە تەفسـیرکردنی کـۆی سـوورەتی نووحیـش دێنیـن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

الجِنّ

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمڕۆ کە (١٤) شەووالی ساڵی (١٤٤١) کۆچییە، بەرانبەر (٢٠٢٠/٦/٦) زاینیی، لە شاری دێرینی هەولێر، خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین بە تەفسیرکردنی سوورەتی (**الْجِنّ**)و، وەك عادەتی خۆمان پێشەکی پێناسەو نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە موبارەکە دەخەینە ڕوو لە حەوت بڕگەدا:

پێناسەی سوورەتی (الجن) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ناوی هەرە باوی ئەم سوورەتە (**سُورَةُ الْجِنِّ**)ە، وەك (**الترمذي**) لە (**كتاب التفسير**)ی (**الجامع الصحيح**)ەکەیدا هێناویەتی و، (**بخاري**)یش لە (**كتاب التفسير**)ی صەحیحەکەی خۆیدا بە (**سُورَةُ قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ**) هێناویەتی، زۆرجاریش بە (**قُلْ أُوحِيَ**) ناوبراوە.

کەواتە: ناوی هەرە باوی ئەم سوورەتە (**سورة الْجِنّ**)ە، بەڵام هەندێك لە زانایان بە (**سُورَةُ قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ**) ناویان هێناوە، وەك سەرەتای سوورەتەکە، هەندێکیشیان بە سوورەتی (**قُلْ أُوحِيَ**) ناویان ناوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سوورەتە بە یەکدەنگیی زانایان سوورەتێکی مەککەییە، لەو بارەوەش ئەم دەقە هەیە:

{عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ ﷺ: قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ الْجِـنِّ بِمَكَّـةَ) (**أخرجـه الـدر المنثـور ج٨، ص٢٩٦، للسـيوطي، ونسـبه لابـن الضريـس والنحـاس وابـن مردويـه والبيهقـي، وقـال: أخـرج ابـن مردويـة عـن عبداللـة ابـن الزبـير مثلـه**}.

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس ﷺ گوتوویەتـی: سـووڕەتی (**الجِنّ**) لـە مەککـە دابەزیـوە، هەروەهـا هەمـان شـت لـە عەبـدوڵای کـوڕی زوبەیریشـەوە (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) گێڕدراوەتـەوە.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکان:

بـە یەکدەنگیـی ژمێرەرانـی ئایەتەکانـی قوڕئـان، ژمـارەی ئایەتەکانـی ئەم سـووڕەتە بیسـت و هەشـت (٢٨) ئایەتـە، لـەو بـارەوە ڕاجیاییـان نیە.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

لـە موصحـەف دا ڕیزبەندیـی ئـەم سـووڕەتە حەفتـاو دوو (٧٢)یـە، واتـە: لـە سـووڕەتی (**الفاتحـة**)ەوە کـە دێین لە لای ڕاسـتەوە، حەفتـاو دوو (٧٢)ەمین سـووڕەتە، بـەڵام لـە دابەزیـن دا، ژمـارە چـل (٤٠)ی بـۆ دانـراوە، پێـش سـووڕەتی (**یـس**) و دوای سـووڕەتی (**الأعـراف**) دابەزیـوە، بـەڵام بەپێـی ئـەوەی کـە ئیبنـو ئیسـحاق لـە (**السـيرة النبويـة لابـن هشـام) ج٢، ص: ٢١٦و، ص: ٢١٧**)دا، هێناویەتـی، دوای سـەفەری پێغەمبـەر ﷺ بـۆ شـاری (**طائـف**) دابەزیـوە، کـە چـووە بـۆ لای هـۆزی (**ثقیـف**)، بـۆ داوای هاوکاریـی لێکردنیـان، ئەوانیـش ناجوامێـر بـوون و پێشـوازییان لـێ نەکـردووەو، دەریـان کـردووەو وەڵامیـان نەداوەتـەوە، کـە بێگومـان ئـەوەش لـە سـاڵی دەیەمـی پێغەمبەرایەتیـی دا بـووە، یانـی: سـێ سـاڵ پێـش کۆچکردنـی پێغەمبـەر ﷺ و هاوەڵانـی بـۆ (**یـثرب**)، کەواتـە: نابـێ ڕیزبەندییەکـەی ژمـارە چـل (٤٠) بـێ.

ئنجا جێی سەرسوڕمانە کە زانایان، بۆ وێنە: (**إبن عاشور**)، سوورەتی (**الحاقة**) یان لە ڕیزبەندییدا، بە ژمارە حەفتاو حەوت (٧٧) داناوەو، گوتووشیانە لە ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتیی دا دابەزیوەو، ئەم سوورەتەشیان بە ژمارە چل (٤٠) داناوەو، گوتووشیانە لە ساڵی دەیەمدا دابەزیوە، (**إبن عاشور**) کە زانایەکی موعتەبەرەو تەفسیرەکانی دیکەش هەر وایان گوتوە!

بەڵام بێگومان ئەوە ڕاست نیە، وەك پێشتریش لە بارەی سوورەتی (**الحاقة**) ەوە قسەمان کرد، چونکە ئەگەر سوورەتی (**الحاقة**)، ڕیزبەندیی لە دابەزیندا ژمارە حەفتاو حەوت (٧٧) بێ، ئنجا بشگوترێ لە ساڵی پێنجەمدا دابەزیوە، ئەم سوورەتەش بگوترێ: لە ڕیزبەندیی دابەزیندا ژمارە چل (٤٠)ە، کەچی لە ساڵی دەیەمدا دابەزیوە، ئەوە پێچەوانەی لۆژیك و مێژوویەو دەبێ پێچەوانە بکرێنەوەو بگوترێ: سوورەتی (**الحاقة**) لە ساڵی پێنجەمدا دابەزیوەو، سوورەتی (**الجِنّ**) لە ساڵی دەیەمدا دابەزیوە، چونکە بێگومان هەتا ژمارەی سوورەتە دابەزیوەکان زیاتر بێ، دەبێ ساڵەکان زیاتر هەڵکشێن، ئەگەرنا چۆن دەبێ بە پێنج (٥) ساڵان، حەفتاو حەوت (٧٧) سوورەت دابەزیبن، بەڵام بە دە (١٠) ساڵان چل (٤٠) سوورەت دابەزیبن؟!.

بۆیەش من لێرەوە ئامۆژگاریی خۆم و هەر براو خوشکێکی مسوڵمانیش دەکەم، کە هەرچی لە کتێباندا هاتوەو نووسراوە، نووسەرو دانەر هەر کەسێك بێ، با یەکسەر ڕادەستی نەبین، ئەوەتا یەکێك لەو زانا موعتەبەرانە کە (**محمد الطاهر بن عاشور**)ە، لە تەفسیرەکەی خۆیدا بەو شێوەیەی نووسیوە، کە بێگومان ئەوە پێچەوانەی عەقڵ و مەنتیقە، مادام سوورەتی (**الجِنّ**) لە ساڵی دەیەمدا دابەزیبێ، وەك (**إبن إسحاق وإبن هشام**) لە سیرەکەیاندا هێناویانە، نابێ ڕیزبەندییەکەی ژمارە چل (٤٠) بێ، هەروەها سوورەتی (**الحاقة**)ش مادام لە ساڵی پێنجەمدا دابەزیبێ، ڕێی تێناچێ بە پێنج (٥) ساڵان حەفتاو حەوت (٧٧) سوورەت دابەزیبن!.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئـەم سـوورەتە موبارەکـە بـە گشـتیی هەمـووی لـە بـارەی جندەوەیـە، پێشـتریش گوتوومـە، وشـەی (جِـنّ) بـە عەرەبیـی دەگوتـرێ و، کوردەواریـی خۆمـان وشـەی (**جینـن**) و (**جند**)یـش دەڵێـن و، وشـەی (جنۆکـە)ش و، هەندێکیـان وشـەی (پەریـی) یـش بەکاردێنـن، منیـش جـاری وایـە وشـەی (جینـن) بەکاردێنـم و، جـاری واشـە هـەر وشـەی (جنـد) بەکاردێنـم.

ئنجـا لـە سـەرەتای ئـەم سـوورەتەوە تاکـو ئایەتـی پـازدە (١٥) و دوایـی ئایەتـی نـۆزدە (١٩)ش، هەمـووی هـەر گێڕانـەوەی قسـەی جنـدە، کـە خـوای بـەرزو مـەزن بـۆ پێغەمبـەری خاتەمـی ﷺ سروش کـردوە، کەواتـە: ئـەم سـوورەتە شـازدە (١٦) ئایـەتی باسـی جنـدەو، دوازدە (١٢) ئایەتەکـەی دیکـەش چـوار جـاران (قُلْ)یـان تێـدا هاتـوە، هەمـووی ڕێنمایـی و ئامۆژگاریـی خوایـە بـۆ پێغەمبـەری خاتەم ﷺ و خسـتنە ڕووی چەنـد ڕاسـتییەکی مەزنـە، لـە بـواری خواناسـیی و تەنیـا خواپەرسـتیی دا، بـە تایبـەت کورتهەڵاتنـی زانینـی پەنهـان (**الغیـب**) لـە خـوای پەنهانـزان دا، چونکـە زۆر کـەس وایانزانیـوە جنـد پەنهـان و نادیـار دەزانـن، کـە وانیـە.

خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (**سبأ**)دا لـەو بـارەوە بـە ڕاشـکاویی خاڵـی خسـتۆتەر سـەر پیـت، کـە باسـی سـولەیمان دەکات و جنـدی بـۆ دەسـتەمۆو ملکـەچ کـراون، سـۆغرەو بێـگاری پێکـردوون، دیـارە شـەیتانەکانی جنـد، ئنجـا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ الْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَىٰ مَوْتِهِ إِلَّا دَابَّةُ الْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الْغَيْبَ مَا لَبِثُوا فِي الْعَذَابِ الْمُهِينِ ﴿١٤﴾ ﴾، کاتێـك مردنمـان لەسـەر بڕیـاردا، هیـچ شـتێك ئـەوەی بـە جنـدەکان نەزانانـد، (کـە بزانـن سـولەیمان کـۆچـی دوایـی کـردوە، بـۆ ئـەوەی چیدیکـە سـۆغرەو بێگار نەکـەن)، مەگـەر مۆرانـە، گۆچانەکـەی دەخـوارد، (گۆچانەکـەی لـە نێـوەوە خـوارد بـوو، بـۆش و پووچەڵـی کردبـوو، ئنجـا گۆچانەکـە کەلـە نێویـڕا خـوراو قرپـۆك بـوو بـوو شـکا، گۆچانەکـە

سولەیمان خۆی دابۆوە سەرێ بە مردوویی بەڵام جنە نەیانزانیبوو، ئنجا کاتێك سولەیمان گۆچانەکەی شکاو) کەوت بەسەر ڕوودا، جند بۆیان دەرکەوت ئەگەر پەنهانیان زانیبایە، لەو ئازارو ئەشکەنجە ڕیسواکەرەدا نەدەمانەوە (کە بریتی بوو لە سۆغرەو بێگار).

کە هەر خوا ﷻ دەزانێ چەند ماونەوە! هەندێك لە زانایان وەك لە تەفسیری سوورەتی (**السبأ**)دا باسمان کردوە، گوتوویانە: شەوو ڕۆژێك سولەیمان بە مردوویی ماوەتەوە لەسەر گۆچانەکەی، هەندێك گوتوویانە: هەفتەیەك، هەندێك گوتوویانە: مانگێك، هەندێك زیاتریشیان گوتوە، وەك لە شوێنی خۆیدا باسمان کردوە، بەڵام ڕێی تێناچێ زیاتر بووبێ، دەگونجێ گوتبێتی: تاکو مانگێك دەچم ئیعتیکاف دەکەم، با کەس بە لامدا نەیەت، بەڵام دەگونجێ هەر لە سەرەتای چوونە ئیعتیکاف و خەڵوەکەیەوە، خوای پەروەردگار گیانی کێشابێ، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵك بزانن جند پەنهان نازانن، لە کاتێکدا کە سولەیمان وەفاتی کردوە، نەیانزانیوە تاکو مۆرانە لە گۆچانەکەی داوەو گۆچانەکەی ڕزیوەو شکاوەو سولەیمان کەوتوە، ئنجا جند پێیان زانیوەو وازیان لە سۆغرەو بێگار هێناوە، چونکە جند تەنیا بۆ سولەیمان دەستەمۆو ملکەچ کراون، کە کاری قورسی پێکردوون، جندی کافر کە بەشەیتانەکان (**شیاطین**) ناسراون.

هەروەها لە ئایەتی ژمارە (٦٥)ی (**النمل**)یشدا، دیسان خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە پەنهان تەنها خوا دەیزانێ: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٦٥﴾﴾، واتە: پەنهانی ئاسمانەکان و زەوی تەنیا خوا دەیزانێ و، ناشزانن کەی زیندوو دەکرێنەوە.

هەروەها لە ئایەتی (١٨٨)ی سوورەتی (**الأعراف**)یشدا هەمان ڕاستی دووبارە بۆتەوە، کە خوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿قُل لَّآ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ لَٱسْتَكْثَرْتُ مِنَ ٱلْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ

ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿١٨٨﴾ ﴾، واتە: بڵێ من سوودو زیانی خۆمم بەدەست نیە، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ، ئەگەر پەنهانم زانیبایە هەر چاکەم بۆ خۆم پەلکێش دەکردو، زیانم تووش نەدەبوو، من تەنیا ترسێنەرو موژدەدەرم بۆ کەسانێك بڕوا بێنن.

ئەمە نێوەڕۆك و هێڵە گشتییەکانی چەمك و واتای ئایەتە موبارەکەکانی ئەم سوورەتی (**الجن**)ە، کە وەك گوتمان لە بیست و هەشت (٢٨) ئایەت پێکهاتوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئێمە چوار تایبەتمەندییمان لەم سوورەتە موبارەکەدا، کەوتوونە بەرچاو:

١- تایبەتمەندیی یەکەم و هەرە بەرچاوی ئەو سوورەتە ئەوەیە، کە تاکە سوورەتێکە ژمارەیەکی زۆر ڕاستیی لە بارەی جندەوەو، لەسەر زمانی خۆیان خستوونەڕوو، سەرجەم لەم سوورەتەدا دەوری بیست و پێنج (٢٥) زانراوە (**معلومة**) لەسەر زمانی جند لە بارەی خۆیانەوە خراونە ڕوو، کە تیشکی تەواو دەخەنە سەر ئەو دروستکراوە پەنهانە نا بەرهەستەی خوا ﷻ.

٢- ڕاست وەستاویی مرۆڤ و جند لەسەر ڕێبازی خوا، هۆکاری پێزو بەرەکەت بەسەردا ڕژێنرانیانە، لە لایەن خوای پەروەردگارەوە، وەك لە ئایەتی (١٦)دا هاتوە: ﴿ وَأَلَّوِ ٱسۡتَقَٰمُواْ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسۡقَيۡنَٰهُم مَّآءً غَدَقٗا ﴿١٦﴾ ﴾.

٣- مزگەوتەکان تەنها هی خوان و نابێ تێیاندا پاڕانەوە لە جگە لە خوا بۆ هیچ کەسی دیکە بکرێ، ئەویش تەنیا لەم سوورەتەدا بەو شێوەیە هاتوە، لەگەڵ باسی مزگەوت دا، ئەگەرنا لە قورئاندا زۆر باسی ئەوە کراوە کە دەبێ تەنیا پاڕانەوە لە خوا بکرێ: ﴿ وَأَنَّ ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا ﴿١٨﴾ ﴾.

٤- خوا جگە لە پێغەمبەران (علیهم السلام) هیچ کەس لە پەنهانی خۆی - پەنهانێك کە تایبەت بێ بە خۆی - ئاگادار ناکات، ئەویش بە دانانی فریشتەی پارێزەرو ئێشکچیی بەدەوروبەریانەوە، کە لە دوو ئایەتەکانی: ﴿ عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُۥ يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا ﴿٢٧﴾ ﴾دا، هاتوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە کۆی (٢٨) ئایەتەکەی ئەم سوورەتەمان بۆ دوو دەرس دابەشکردوون:

دەرسی یەکـەم: ئایەتەکانـی: (١ - ١٩) کـە باسـی جنـدو سـیفەتەکانیان لەسـەر زمانـی خۆیـان دەکـەن، دەوری (٢٥) سـیفەت و تایبەتمەندییـن.

دەرسی دووەم: ئایەتـەکانی: (٢٠ - ٢٨)، چەنـد ڕێنماییەکـی گرنگـی خـوای بـەرزو مـەزن بـۆ پێغەمبـەر ﷺ، وێـڕای خسـتنەڕووی چەنـد ڕاسـتییەکی دیکـە، کـە سـەرجەم چـوار ڕێنماییـن و ژمارەیـەك ڕاسـتییان گرتوونـە خۆیـان.

کورتە باسێک دەربارەی جند

مەبەستمان لەم کورتە باسە ئەوەیە کە بەرلەوەی بچینە سەر تەفسیرکردنی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە، چەند زانیارییەکمان هەبن لە بارەی جندەوە، ئەو زانیاریيانەش زۆربەیان هەر لەم سوورەتە موبارەکە وەردەگرین، هەندێکیشیان لە ئایەتەکانی سوورەتی (**الأحقاف**)و، هەندێکیشیان لە هەندێك ئایەتی دیکەی قورئان، یان لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ.

بۆیەش ئەم کورتە باسە دەکەینە پێشدەستیی تەفسیرکردنی سوورەتی (**الجن**)، تاکو دوایی تەفسیرکردن و لێتێگەیشتنی ئایەتەکانی ئەو سوورەتە موبارەکەمان زۆر بۆ ئاسان بێ، لەبەرئەوەی تەنیا ئەم سوورەتە بە ناوی جندەوەیە لە قورئان داو، جندیش لە قورئاندا زۆر باسکراون، بە تایبەتی لە سوورەتی (**الرحمن**)دا، خوا ﷻ سی و یەك (٣١) جاران جند لەگەڵ مرۆڤ دەدوێنێ: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٣﴾ ﴾، ئەی کۆمەڵی مرۆڤ و جند! بە کام لە چاکەکانی پەروەردگارتان بێبڕوان، یان نکووڵیی لە کام چاکەکانی پەروەردگارتان دەکەن؟ وەك لە تەفسیری سوورەتی (**الرحمن**)دا بە درێژیی باسمان کردوە، ئنجا لە هەر شوێنێکی دیکەی قورئاندا کە باسی جند کراوە، دەبێ خوێنەرانی بەرێز بگەڕێنەوە بۆ ئەم کورتە باسەی لێرەدا دەیکەین، واش پێدەچێ هەندێك شت لەم کورتە باسەدا باس بکەین، لە کەم سەرچاوان دا لە بارەی جندەوە دەست بکەون.

ئەم کورتە باسەش کە نۆ (٩) بڕگەیە، پێنج بڕگەیان لە مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلى في كتاب الله، الكتاب الرابع: الإيمان بملائكة الله تعالى وبالجن**)، دەخوازینەوە، بە کورتیی و گوشراویی، چوار بڕگەکەی دیکەش لە هەندێك سەرچاوەی دیکەوە دێنین:

بڕگەی یەکەم: ماناو حوکمی ئیمان بە جند:

أ- ئیمان بە جند: بریتیە لە بە ڕاستدانانی بوونیان، وەك جیهانێکی تایبەت کە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هەن و، تەماشاکردنیان و مامەڵە لەگەڵ کردنیان، لەسەر بناغەی وەحیی پارێزراوی خوا، کە لە قورئاندا هاتوە بە پلەی یەکەم، پاشان لە ڕێبازی پێغەمبەردا ﷺ، تەنیا لەسەر ئەو بناغەیە لێیان بڕوانرێ و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ.

ب- حوکمی ئیمان هێنان بە جند: بریتیە لە پێویست بوون و فەڕزە ئیمان بە جند بهێنرێ، ئەوەش وەك حوکمی ئیمان بە هەر شتێکی دیکە، کە وەحیی خوا هەواڵی پێداوە، هەرچەندە پەنهان و شێردراوەش بێ، وەك: ڕووح، بەرزەخ، بەهەشت، دۆزەخ، درەختی کۆتایی (**سدرة المنتهى**)، عەرشی خوا.

لە ڕاستییدا ئیمان بە پەنهان (**الإيمان بالغيب**)، بریتیە لە بناغەی ئیمان و عەقیدە لە ئیسلامدا، وەك خوا ﷻ لە سەرەتای سووڕەتی (**البقرة**)دا بەندە پارێزکارەکانی خۆی ئاوا پێناسە دەکات: ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ الٓمٓ ۝١ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ۝٢ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ۝٣ وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ ۝٤ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ۝٥﴾، واتە: بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە ئەلیف، لام، میم، ئەو کتێبە هیچ دوو دڵیی تێدا نیە، ڕێنماییە بۆ پارێزکاران (یان بە ئامانج گەیەنەرە بۆ پارێزکاران)، ئەوانەی بڕوایان بە پەنهان، نادیار هەیەو، نوێژ بەرپا دەکەن، لەوەی پێمان داون دەبەخشن، ئەوانەی بڕوایان هێناوە بەوەی بۆ لای تۆ دابەزێنراوەو بەوەی لە پێش تۆشدا دابەزێنراوە، دڵنیاشن لە مەنزڵگای کۆتایی ڕۆژی دوایی، ئەوانە لەسەر ڕێنماییەکن لە پەروەردگاریانەوەو، ئا ئەوانەن سەرفرازان.

(**غیب**)یـش بریتیـە لـە هـەر شـتێك کـە بەرهەسـت نەبـێ بـۆ مـرۆڤ و، مـرۆڤ بـە پێنـج هەسـتەکانی نەتوانـێ دەرکـی بـکات، واتـە: نەبیـنراو بـێ، نەبیسـتراو بـێ، نەدەسـتلێدراو (**ملمـوس**) بـێ، نەتامکـراو بـێ، نەبۆنکـراو بـێ.

بـەڵام لێـرەدا دەبـێ ئـەوە ڕوون بکەینـەوە کـە دەڵێیـن: حوکمـی ئیـمان بـە جنـد بریتیـە لـە فـەرز بـوون، مەبەسـتمان لـە فـەرز بـوون (**وجـوب**)، ئـەوە نیـە کـە لـە بەرانبـەر پەسـند (**نـدب**) دایـە، بەڵکـو مەبەسـتمان لـە فـەرز بـوون ئەوەیـە کـە لـە بەرانبـەر کوفـر دایـە، واتـە: هـەر کـەس بـڕوای بـە (جـن) نەبـێ، بـە بێبـڕوا دادەنـرێ، چونکـە بێگومـان ئیـمان نەهێنـان بـە یـەك ئایەتـی خـوای پـەروەردگار، یـان بـە حوکمێکـی بـە ئاشـکرا زانـراوی شـەریعەت، بـە کوفـر دادەنـرێ، وەك زانایـان گوتوویانـە: (**إنْـكَارُ مَـا عُلِـمَ مِـن الْدِّيْـن بِالـضَّرُوْرَة كُفْـرٌ**)، نکووڵییکـردن لـە هـەر شـتێك کـە بـە ئاشـکرا زانرابـێ، بەشـێکە لـە دیـن، کوفـرە، چ لـە قورئانـدا هەبـێ، چ لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ مـادام زۆر ئاشـکراو ڕوون بـێ و، بەڵگـەی ڕوون و بـێ چەنـدو چوونـی لەسـەر بـێ، نکووڵیيلێکردنـی بـە کوفـر دادەنـرێ، بابەتـی جندیـش لـەو بابەتانەیـە کـە یەکجـار ڕوون و ئاشـکرایە، بۆیـە کەسـێ نکووڵیـی لـێ بـکات، بـە بێبـڕوا دادەنـرێ، چونکـە خـوا ﷻ نـەك ئایەتێـك، سـوورەتێکی بیسـت و هەشـت ئایەتیـی بـە تایبـەت لـە بـارەی جنـدەوە ناردوە، جگـە لـە چـوار ئایەتەکـەی سـوورەتی (**الأحقـاف**) کـە دوایـی دەیانهێنیـن، هەروەهـا جگـە لـەوەی کـە لـە سـوورەتی (**الرحمـن**)دا، خـوا ﷻ جنـدو مـرۆڤ دەدوێنـێ و، سـی و یـەك (٣١) جـار بـە هەردووکیـان دەفەرمـوێ: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٣﴾ ﴾، ئـەی جنـدو مـرۆڤ! نکووڵیـی لـە کام لـە چاکەکانـی پەروەردگارتـان دەکـەن؟ جگـە لـەوەی لـە سـوورەتەکانی دیکەشـدا، بـۆ وێنـە: (**الأعـراف والأنعـام**)، خـوا ﷻ باسـی جنـدی کـردوەو بـاسی جنـد نـە ئایەتێکـەو نـە دووانـەو نـە بیسـتەو نـە سـییە.

بۆیـە دەبـێ بزانـرێ، بـڕوا هێنـان بـە جنـد، فـەرزە، فەرزێـك، کـە بەرانبەرەکـەی بریتیـە لـە کوفـرو، کەسـێك بڵـێ: بـڕوام بـە جنـد نیـە، پێـی کافـر دەبـێ، ئـەوەش

بۆیە دەڵێم، چونکە هەندێك كەس وادەزانن، لەبەرئەوەی بڕوا هێنان بە جند یەكێك نیە لە پێنج پایەكانی ئیمان، كە لە قورئاندا باسكراون، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴿١٧٧﴾﴾، هەروەها یەكێك نیە لە شەش پایەكانی ئیمان كە لە سوننەتدا باسكراون و، وێڕای ئەو پێنجە، ئیمان بە قەدەریش لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، كە بوخاریی و موسلیم هێناویانە، هەندێك كەس پێیان وایە مادام ئیمان بە جند، یەكێك نیە لە پێنج یان شەش پایەكانی ئیمان، كەواتە: ئەگەر بڕواشت بە بوونی جند نەبێ، پێی كافر نابی!! كە لە ڕاستییدا ئەمە ڕاست نیەو، زاراوەی پایەكانی بڕوا (**أركان الإيمان**) زاراوەیەكە زانایان لە نێو خۆیاندا دایاننناوە، ئەگەرنا نە زاراوەیەكی قورئانییەو نە زاراوەیەكی ڕێبازی پێغەمبەریشە ﷺ، مەبەست لە پایەكانی ئیمان - كە تەنیا دەربڕین و زاراوەیەكی زانایانە - ئەو بنەماو بنەڕەتانەن كە كۆی ئیمانیان لەسەر دەوەستێ، نەك ئیمان بەس ئەوەندە بێ، ئەگەرنا لە پایەكانی ئیماندا باسی بەهەشتیش بە تایبەت نەكراوەو، باسی دۆزەخ نەكراوە، هەروەها باسی عەرش و درەختی كۆتایی (**سدرة المنتهى**) و ئەوانەش نەكراوە، بەڵام بە دڵنیایی ئیمان هێنان بەوانە، فەرزێكە بەرانبەرەكەی بریتیە لە كوفرو بێبڕوایی.

ئنجا ئیمان بە خواش ﷻ دیسان خوازیاری ئەوەیە كە هەرچییەك خوا هەواڵی پێداوە، ئیمانمان پێی هەبێ، دیسان ئیمان بە پێغەمبەری خواش ﷺ خوازیارە هەر شتێك پێغەمبەری خوا هەواڵی پێ بدات، ئیمانمان پێی هەبێ، دواتر ئیمان بە كتێبی خواش، واتە: هەر شتێك لە كتێبی خوادا هاتبێ، دەبێ ئیمانمان پێی هەبێ، ئەم سێ پایەی بڕواش هەر سێكیان ئەوەش دەگرنە خۆیان كە دەبێ ئیمانمان بە جند هەبێ، چونكە هەم خوا هەواڵی داوە لە بارەی جندەوە، هەم پێغەمبەری خوا ﷺ و، هەم كتێبی خواش.

ئەمەشـم بۆیـە گـوت، چونکـە هەندێـك لـە زانایـان پێیـان وابـووە، کەسـێك ئیمانیـشی بـە جنـد نەبـێ، لەبـەر ئـەوەی یەکێـك نیـە لـە شـەش پایەکانـی ئیـمان، ئـەو کەسـە بـە بێبـڕوا ناژمێـررێ، بـۆ وێنـە:

(**محمـد الطاهـر ابـن عاشـور**)[1] لـە تەفسـیرەکەیدا ئـەم تەعبیـرەی هێنـاوە، دوای چەنـد قسـەیەك دەڵـێ: (**وَبِتَعَاضُـدِ هَـذِهِ الدَّلَائِـلِ وَتَنَاصُرِهَـا -وَإِنْ كَانَ كُلُّ وَاحِـدٍ مِنْهَـا لَا يَعْـدُو أَنَّـهُ ظَنِّـيُّ الدَّلَالَـةِ، وَهِـيَ ظَوَاهِـرُ الْقُـرْآنِ، أَوْ ظَنِّـيُّ المَـتْنِ وَالدَّلَالَـةِ، وَهِـيَ الْأَحَادِيـثُ الصَّحِيحَـةُ -حَصَـلَ مَـا يَقْتَـضِي الِإعْتِقَـادَ بِوُجُـودِ مَوْجُـودَاتٍ خَفِيَّـةٍ تُسَـمَّى الجِـنَّ، فَتُفَسَّرُ بِذَلِـكَ مَعَـانِي آيَـاتٍ مِـنَ الْقُـرْآنِ وَأَخْبَـارٍ مِـنَ السُّـنَّةِ، وَلَيْـسَ ذَلِـكَ مِـمَّا يَدْخُـلُ فِي أُصُـولِ عَقِيـدَةِ الْإِسْـلَامِ، وَلِذَلِـكَ لَـمْ نُكَفِّـرْ مُنْكِـرِي وُجُـودِ مَوْجُـودَاتٍ مُعَيَّنَـةٍ مِـنْ هَـذَا النَّـوْعِ، إِذْ لَـمْ تَثْبُـتْ حَقِيقَتُهَا بِأَدِلَّـةٍ قَطْعِيَّـةٍ، بِخِلَافِ حَـالِ مَـنْ يَقُـولُ: إِنَّ الْجِـنَّ لَـمْ يُذْكَـرْ فِي الْقُـرْآنِ بَعْـدَ عِلْمِـهِ بِآيَـاتِ ذِكْـرِهِ**).

بەڕاسـتیی مـن سـەرم سـوڕما لـەم زانـا موعتەبـەرە، کـە تەفسـیرەکەی (**التحریـر والتنویـر**) وردەکاریـی باشـی لـە بـارەی تێگەیشـتنی قورئانـەوە، گرتۆتـە خـۆی، پێـم سـەیر بـوو کـە ئـەو قسـەیەم تێیـدا خوێنـدەوە، بۆیـەش ئەوەنـدە جەختـم لەسـەر ئـەوە کـردەوە کـە ئیـمان هێنـان بـە جند واجبـە، واجبێـك کـە بەرانبەرەکـەی بریتیـە لـە کوفـر، واتـە: کەسـێك ئیـمان بـە جنـد نەهێنـێ، بـە بێبـڕوا دادەنـرێ.

(ابـن عاشـور)دوای چەنـد قسـەیەك، دەڵـێ: ئـەم بەڵگانـە هەموویـان پشـتی یەکـدی دەگـرن، : [پشـتی یەکـدی دەگـرن - ئەمـە نیهـاد (**مبتـدأ**)ە، دوایـی گـوزارە (**خبر**)ەکـەی دێ - لەسـەر ئـەوەی پێویسـتە بڕوامـان بـە جنـد ببـێ]، هەرچەنـدە هـەر کامێـك لـەو بەڵگانـەش کـە هەندێکیـان ئایەتـی قورئانیشـن و هەندێکیشـیان فەرمایشـتی پێغەمبـەرن ﷺ، لـەوە زیاتـر نیـن، کـە یـان مانـا گەیاندنەکەیان لـە گومان بـەولاوە نیـە، کـە بریتیـن لـە ڕواڵەتـی ئایەتەکانـی قورئـان، یـان هـەر کام لـە دەق

---

(١) ج١٢، ص(٢١٨ ، ٢١٩).

(**متن**) و ماناگەیاندن (**دلالة**)یان لە سنووری گومان دایەو جێی دڵنیایی نیە، کە بریتین لە فەرمووده ڕاستەکان، بە هەموو ئەمانە شتێك پەیدادەبێ، خوازیاری ئەوەیە بڕوامان بێ بە چەند دروستکراوێکی پەنهان کە پێیان دەگوترێ: (جند)، مانای ئایەتەکانی قورئان و هەواڵەکانی سوننەت بەپێی ئەوە لێکدەدرێنەوە، بەڵام هەموو ئەوە ناچێتە نێو بنەماو بنچینەکانی عەقیدەی ئیسلام، هەر بۆیە کەسێك کە نکووڵیی بکات لە دروستکراوانێکی دیارییکراوی لەو جۆرە، کە چییەتەکەیان نەچەسپاوە بە بەڵگەی یەکلاییکەرەوە، ئێمە بە بێبڕوای دانانێین و لە بازنەی ئیسلام نایبەینە دەر، بە پێچەوانەی حاڵی کەسێکەوە کە بڵێ: (جند) لە قورئاندا باس نەکراون، لە حاڵێکدا کە ئاگاشی لە ئایەتەکان هەیە، باسی جندیان کردوە.

وەك گوتم، بەڕاستیی ئەو قسەیە، قسەیەکی زۆر بێسەروبەرەو هیچ پاساوێك هەڵناگرێ، جگە لەوەی هەڵەیەکی گەورەیە (**إبن عاشور**) تێیکەوتوەو هەندێك لە زانایانی دیکەش، کە هەر لەبەر ئەوەی (جند) دیار نین و پەنهانن و بە پێنج هەستەکان ناتوانین دەرکیان بکەین، ئەگەر کەسێك نکووڵییشیان لێ بکات بە بێبڕوا دانانرێ!!

بڕگەی دووەم: ناساندنی جند لە میانی سیفەتەکانیان و حاڵ و باڵیان دا:

سەرەتا بیست و پێنج دەقم هێناون لە قورئاندا، دوایی لەو دەقانەوە بیست تایبەتمەندیی و سیفەت و حاڵ و باڵی جندم خستوونە ڕوو، کە دوای ئەو بیست خاڵە لە حاڵ و سیفەتیان، تاڕاددەیەکی زۆر بۆمان دەردەکەوێ: جند چین و چۆنن؟!:

١- جند لە ئاگر دروستکراون، وەك لە سوورەتی (**الرّحمن**)دا هاتوە: ﴿ وَخَلَقَ ٱلْجَآنَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ ﴿١٥﴾ ﴾، واتە: جانئیشی پێشتر لە بڵێسەی ئاگر دروستکردبوو، هەروەها لە سوورەتی (**الحجر**)دا کە دەفەرمووێ: ﴿ وَٱلْجَآنَّ خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾ ﴾، هەروەها لە جگە لە وانیش دا هاتوەو، بە پێویستی نازانم هەموو جارێك ئایەتەکان بخوێنمەوە.

٢- جند پێش مرۆڤ دروستکراون، یاخود بابیان ئیبلیس پێش بابی مرۆڤان دروستکراوە کە ئادەمە، ئەمیش لە سوورەتی (**الحِجر**) لە ئایەتی ژمارە (٢٧)دا هاتوە: ﴿ وَٱلۡجَآنَّ خَلَقۡنَٰهُ مِن قَبۡلُ مِن نَّارِ ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾ ﴾.

٣- ئیبلیس لە جندە، بەڵکو بابی جندانە، هەروەك چۆن ئادەمیش بابی مرۆڤانە، ئەمیش لە ئایەتی ژمارە (٥٠) لە سوورەتی (**الكهف**)دا هاتوە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلۡجِنِّ فَفَسَقَ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِۦٓۗ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِي وَهُمۡ لَكُمۡ عَدُوُّۢۚ بِئۡسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلٗا ﴿٥٠﴾ ﴾، واتە: یادبکەوە کاتێك بە فریشتانمان فەرموو: کڕنووش بۆ ئادەم بەرن، یەکسەر کڕنووشیان برد جگە لە ئیبلیس کە لە جند بوو، ئنجا لە فەرمانی پەروەردگاری دەرچوو، ئنجا ئایا خۆی و وەچەکەی لە جیاتی من بە دۆست دەگرن کە دوژمنیشتانن...؟

کەواتە: جند وەچەی ئیبلیسن.

٤- ئیبلیس بابی جندەو لەگەڵ فریشتەکاندا کڕنووشی ڕێزلێگرتنی بۆ ئادەم بابی مرۆڤان نەبرد، وەك سەرپێچییکردن لە پەروەردگاری و شانازیی بەخۆوەکردن و خۆ بەزلگرتن، کە ئەو لە ئاگر دروستکراوە، ئەمیش لە سوورەتی (**ص**)دا هاتوە: ﴿ فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ﴿٧٣﴾ إِلَّآ إِبۡلِيسَ ٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ أَسۡتَكۡبَرۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡعَالِينَ ﴿٧٥﴾ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ ﴿٧٦﴾ ﴾، هەروەها بە تەفصیل خوا ﷻ لە سوورەتی (**الأعراف**)یش دا باسیکردوە.

٥- جند وەك مرۆڤ چاك و خراپیان تێدایە، ئەویش لە ئایەتی ژمارە (١١) سوورەتی (**الجن**)دا هاتوە: ﴿ وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَۖ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدٗا ﴿١١﴾ ﴾.

٦- جند دانیان بەوەدا هێناوە کە بەندەی خوان و، ملکەچن بۆ دەسەڵاتی خوا، وەك لە ئایەتی ژمارە (١٢)ی سوورەتی (**الجن**)دا هاتوە: ﴿ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن نُّعۡجِزَ ٱللَّهَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَن نُّعۡجِزَهُۥ هَرَبٗا ﴿١٢﴾ ﴾.

٧- بەشێك لە جند بڕوایان هێناوە بەو ڕێنماییە دابەزێنراوەی بۆ سەر پێغەمبەری کۆتایی دابەزێنراوە، هەر لەگەڵ گوێبیستی بوون، بڕوایان پێ هێناوە، وەك لە ئایەتی ژمارە (١٣)ی سوورەتی (**الجن**)دا هاتوە: ﴿ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا ٱلْهُدَىٰٓ ءَامَنَّا بِهِۦ ۖ فَمَن يُؤْمِنۢ بِرَبِّهِۦ فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا ﴿١٣﴾ ﴾.

٨- جندیش وەك مرۆڤ، پەنهان نازانن، ئەو پەنهانەی تەنیا خوای بەرز دەیزانێ، نەك ئەوەی ڕێژەیی (**نسبي**)یەو لە هەندێك کەس پەنهانەو، هەندێك خەڵکی دیکە دەیزانن، یان ئەوەی بۆ وێنە: بە چاوی سەر نابینرێ، بەڵام بە میکرۆسکۆب دەبینرێ، یان بە تەلیسکۆبەکان دەبینرێ، ئەوە پێی دەگوترێ: پەنهانی ڕێژەیی (**الغيب النسبي**)، بەڵام پەنهانی موتڵەق و ڕەها تەنیا خوا دەیزانێ، ئەمیش لە ئایەتی ژمارە (١٤)ی سوورەتی (**سبأ**)دا هاتوە، کە پێشتریش ئایەتەکەمان هێنا: ﴿ فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَىٰ مَوْتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُۥ ۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ٱلْغَيْبَ مَا لَبِثُوا۟ فِى ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ ﴿١٤﴾ ﴾.

٩- جند دەتوانن خولیاو خوتخوتەو دنەدانی خراپ بخەنە دڵی مرۆڤانەوەو، بەرەو خراپە بیانجووڵێنن، وەك لە سوورەتی (**النّاس**)دا هاتوە، بە هەر شەش ئایەتەکەیەوە: ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ﴿٤﴾ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ﴿٦﴾ ﴾، هەروەها لە ئایەتی ژمارە (١١٢)ی سوورەتی (**الأنعام**)دا هاتوە: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِى بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١١٢﴾ ﴾، دیسان لە ئایەتی ژمارە (١٢١)ی (**الأنعام**)یش دا هاتوە: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ ۗ وَإِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَٰدِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾ ﴾.

١٠- جندە شەیتانەکان، واتە: بێبڕواو خراپەکارەکانیان، تەنیا دەسەڵاتیان بەسەر ئەهلی کوفردا هەیە، ئەوانەی شوێنیان دەکەون و پەیڕەوییان لێ دەکەن و بۆیان ملکەچن،

هەرچەندە جندە شەیتانەکان لە بنەڕەت دا دژی پێغەمبەران و شوێنکەوتووانیانن و، هەرسەرگەرمی خوتخوتەی زریق و بریق و فریودەرانەن، وەك لە ئایەتی ژمارە (١١٢) ی سوورەتی (**الأنعام**)دا هاتوە: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١١٢﴾ ﴾، بەڵام جندە شەیتانەکان تەنیا دەسەڵاتیان بەسەر پەیڕەوانی خۆیانیان دا هەیە، وەك لە سوورەتی (**الأعراف**) لە ئایەتی ژمارە (٢٧)دا هاتوە: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ كَمَآ أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَٰتِهِمَآ ۗ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ۗ إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾، هەروەها لە ئایەتەکانی (٩٩ - ١٠٠) سوورەتی (**النّحل**)یش دا بەهەمان شێوە: ﴿ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾.

١١- زاڵبوونی وەسوەسەو خوتخوتەو دنەدانی شەیتانەکان، لە ئەهلی ئیمانەوە دوورە، ئەو ئەهلی ئیمانەی بەڕاستیی پارێزکارن و پشتیان بە خوا قایمە، وەك لە ئایەتی (٩٩) سوورەتی (**النّحل**)دا، خوا ئەوەی زۆر بە ئاشکرا ڕاگەیاندوە: ﴿ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ ﴾. هەروەها لە ئایەتی ژمارە (٤٢) لە سوورەتی (**الحجر**)یش دا: ﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾، دیسان لە ئایەتی ژمارە (٦٥)ی سوورەتی (**الإسراء**)یش دا: ﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ ۚ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ وَكِيلًا ﴿٦٥﴾ ﴾، خوا ﷻ ئەوەی دووبارە کردۆتەوە.

١٢- جاری وا هەیە شەیتان زەفەر بە ئەهلی ئیمان و تەقواش دەبات، بەڵام لە کاتی بێ ئاگاییان دا، بەڵام دوای ئەوەی خوایان دەکەوێتەوە یاد، شەیتان لێیان دوور دەکەوێتەوە، ئەمەش لە ئایەتەکانی: (٢٠١ - ٢٠٢)ی سوورەتی (**الأعراف**)دا زۆر بە ڕوونیی باسکراوە: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ تَذَكَّرُوا۟ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴿٢٠١﴾ وَإِخْوَٰنُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِي ٱلْغَيِّ ثُمَّ لَا يُقْصِرُونَ ﴿٢٠٢﴾ ﴾.

١٣- شەیتانەکان جگە لە خوتخوتەو دنەدان، هیچ ئامڕازێکی دیکەیان نیە بۆ زیانگەیاندن بە مرۆڤەکان، وەك لە ئایەتی ژمارە (٢٢) سووڕەتی (**إبراهيم**)دا هاتوە: ﴿ وَقَالَ ٱلشَّيۡطَٰنُ لَمَّا قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمۡ وَعۡدَ ٱلۡحَقِّ وَوَعَدتُّكُمۡ فَأَخۡلَفۡتُكُمۡۖ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيۡكُم مِّن سُلۡطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوۡتُكُمۡ فَٱسۡتَجَبۡتُمۡ لِيۖ فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوٓاْ أَنفُسَكُمۖ مَّآ أَنَا۠ بِمُصۡرِخِكُمۡ وَمَآ أَنتُم بِمُصۡرِخِيَّۖ إِنِّي كَفَرۡتُ بِمَآ أَشۡرَكۡتُمُونِ مِن قَبۡلُۗ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٢٢﴾ ﴾، لە سووڕەتی (**النّاس**)یشدا دیارە بە هەر شەش ئایەتەکەیەوە ئەوە ڕوونکراوەتەوە: ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ﴿٤﴾ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ﴿٦﴾ ﴾.

هەروەها ئەم فەرمایشتەش هەیە لەو بارەوە: {**الشَّيْطَانُ جَاثِمٌ عَلَى قَلْبِ ابْنِ آدَمَ، فَإِذَا سَهَا وَغَفَلَ وَسْوَسَ، وَإِذَا ذَكَرَ اللَّهَ خَنَسَ**}، (**أخرجه ابن أبي شيبة: ٣٥٩١٩ عن ابن عباس** ﵄)، واتە: شەیتان چۆکی لەسەر دڵی وەچەی ئادەم داکوتاوە، هەر کاتێك بێئاگا بوو دنەی دەدا (خوتخوتەی بۆ دەکات)، بەڵام ئەگەر خوای (پەروەردگاری) یاد کرد دەکشێتەوە.

١٤- جاری وا هەیە مرۆڤ وا دەکەوێتە ژێر ڕکێف و کاریگەریی شەیتانەوە، کە دەتوانێ بچێتە نێو جەستەی، یاخود دەتوانێ خۆی پێشان بدات بە شێوەیەك لە شێوەکاندا، دواییش وای لێ بکات هاوسەنگیی تێکبدات، وەك لە ئایەتی (٢٧٥)ی سووڕەتی (**البقرة**) دا هاتوە: ﴿ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡبَيۡعُ مِثۡلُ ٱلرِّبَوٰاْۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمۡرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَنۡ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾ ﴾، هەروەها لە ئایەتی (٧١)ی سووڕەتی (**الأنعام**)یش دا: ﴿ قُلۡ أَنَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعۡقَابِنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ كَٱلَّذِي ٱسۡتَهۡوَتۡهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِي ٱلۡأَرۡضِ حَيۡرَانَ لَهُۥٓ أَصۡحَٰبٞ يَدۡعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ

﴿ قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَىٰ ۖ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ (٧١) ﴾، خوا ﷻ ئاماژەی بەوە داوە.

١٥- شەیتانەکان هەوڵدەدەن لە فریشتەکان لە سەرێ نیزیك ببنەوە، بۆ گوێ هەڵخستن و دزینی زانیاریی و، گەیاندنی بە کاهین و فاڵچییەکان، بەڵام فریشتەکان بۆیان لە بۆسەدان و، بە بڵێسەی ئاگر تیر بارانیان دەکەن، وەك ئایەتەکانی: (١٦ - ١٨) لە سوورەتی (**الحجر**) باسیدەکەن: ﴿ وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ (١٦) وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ (١٧) إِلَّا مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ (١٨) ﴾، هەروەها چەند ئایەتێك لە سوورەتی (**الصافّات**) و سوورەتی: (**الملك**) و سوورەتی (**الجن**)دا هاتوون و، لەو بارەشەوە لە بڕگەی حەوتەم دا بە تایبەت دەدوێین و پێشتریش لە تەفسیری سوورەتی (**الحجر**)دا کورتە باسێکمان کردوە.

١٦- شەیتانەکانی جند ناتوانن هەواڵی ئاسمان، (واتە: وەحیی) دەستی تێوەربدەن بە هیچ جۆرێك، چونکە ڕێیان لێگیراوە لە گوێگرتن، دوای هاتنی پێغەمبەری کۆتایی، وەك ئایەتەکانی: (٢١٠ - ٢١٢) لە سوورەتی (**الشعراء**) بە ڕوونیی ئەوە دەگەیەنن: ﴿ وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ الشَّيَاطِينُ (٢١٠) وَمَا يَنبَغِي لَهُمْ وَمَا يَسْتَطِيعُونَ (٢١١) إِنَّهُمْ عَنِ السَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ (٢١٢) ﴾.

١٧- جندەکان ئێمە دەبینن، بەڵام ئێمە ئەوان نابینین، مەگەر لە هەندێك لە حاڵەتی دەگمەن و ڕیزپەڕدا، ئەمیش لە ئایەتی (٢٧)ی سوورەتی (**الأعراف**)دا باسکراوە: ﴿ يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا ۗ إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ۗ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ (٢٧) ﴾.

١٨- ئەوانەی لەگەڵ ئیبلیس دان لە وەچەکەی، هەموو کاریان ئەوەیە دوژمنایەتیی مرۆڤان بکەن و، هەوڵ دەدەن سەرگەردان و سەرلێشێواویان بکەن، وەك لە ئایەتەکانی: (٥ و ٦)ی سوورەتی (**فاطر**)دا هاتوە: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ ۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ

ٱلدُّنۡيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ إِنَّمَا يَدۡعُواْ حِزۡبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿٦﴾ ﴾.

١٩- بە زۆریی شەیتان و دارو دەستەکەی سەرگەرمی دژایەتیی مرۆڤ دەبن، لە کاتێکدا ئەو مرۆڤە خەریکی تاعەت و ئەنجامدانی فەرمانبەرییە بۆ خوای بەرز، بۆیە لە سوورەتی (**النّحل**) ئایەتی (٩٨)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: هەر کاتێك قورئانت خوێند، پەنا بە خوا بگرە لە شەیتان: ﴿ فَإِذَا قَرَأۡتَ ٱلۡقُرۡءَانَ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٩٨﴾ ﴾، پێغەمبەریش ﷺ فێری کردووین بڵێین: (**أعُوذُ بالله مِنَ الشَّيْطانِ الرَّجِيمِ**)، کە ئەمە (**عبدالرزاق**) لە (**المُصنّف**)دا هێناویەتی و ئەلبانیی لە (**إرواء الغليل**)دا بە صەحیحی داناوە، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فێری کردووین بڵێین: {**أَعُوذُ بِاللَّهِ السَّمِيعِ الْعَلِيمِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ**} (**أخرجه الترمذي: ٢٤٢، وأحمد: ١١٤٩١**).

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فێری کردووین، ئەم زیکرە بە جۆرێکی دیکەش بڵێین: {**أَعُوذُ بِاللَّهِ السَّمِيعِ الْعَلِيمِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ مِنْ هَمْزِهِ وَنَفْخِهِ وَنَفْثِهِ**} (**أخرجه الترمذي ٢٤٢ وغيره، وَصَحَّحَهُ الألباني**) واتە: پەنا بە خوا دەگرم لە شەیتانی دوورخراوە لە بەزەیی خوا، لە دنەدانی و، فوو پێداکردنی و، قسەی خراپ فێرکردنی.

٢٠- جاری وا هەیە شەیتان بەهۆی خوتخوتەو دنەدانی خراپییەوە، وا دەکات کە مرۆڤ شتی چاکی لە بیر بچێتەوە، وەك لە ئایەتی ژمارە (٦٨)ی سوورەتی (**الأنعام**)دا هاتووە: ﴿ وَإِذَا رَأَيۡتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَلَا تَقۡعُدۡ بَعۡدَ ٱلذِّكۡرَىٰ مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾ ﴾ هەروەها لە ئایەتی (٤٢)ی سوورەتی (**يوسف**)دا: ﴿ وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٖ مِّنۡهُمَا ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ ذِكۡرَ رَبِّهِۦ فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾و، ئایەتی (٦٣)ی سوورەتی (**الكهف**): ﴿ قَالَ أَرَءَيۡتَ إِذۡ أَوَيۡنَآ إِلَى ٱلصَّخۡرَةِ فَإِنِّي نَسِيتُ ٱلۡحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ أَنۡ أَذۡكُرَهُۥۚ وَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِي ٱلۡبَحۡرِ عَجَبٗا ﴿٦٣﴾ ﴾،

هەرکامیان بە ڕوونیی ئەوە دەگەیەنن، کە شەیتان لە ڕێی خوتخوتەو دنەدانیەوە، وا لە مرۆڤ دەکات، خوای لە بیربچێتەوە، یادی خوای لە بیر بچێتەوە، یان کارێکی گرنگ کە دەیەوێ ئەنجامی بدات، فەرامۆشی بکات.

بڕگەی سێیەم: جندیش وەك مرۆڤ ئەرکدارن، بە بەندایەتیی کردن بۆ خواو، پاداشت و سزاش چاوەڕێیانە:

زۆر بەڵگە لە کتێبی بەرزو بە پێزی خوای بێ وێنەدا لەو بارەوە هەن، کە جندی دراوسێشمان لە ژیانی سەر زەوی، لەگەڵ ئێمەدا قۆناغی ژیانی تاقیکرانەوە دەگوزەرێنن، هەروەها لە ئەرك و ئامانجیشدا هاوبەشمانن و، ئەو حیکمەتەی ئێمەی بۆ دروستکراوین، ئەوانیش بۆ هەمان حیکمەت دروستکراون، کە بریتیە لە بەندایەتیی کردن بۆ خوا، خوا ﷻ ئەو ڕاستییەی لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا بە ڕوون و ڕاشکاویی ڕاگەیاندوە، بۆ وێنە:

١- لە سوورەتی **(الذاريات)** لە ئایەتی (٥٦)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾، جندو مرۆڤم تەنیا بۆ ئەوە دروستکردوون بمپەرستن، جندو مرۆڤم تەنیا بۆ ئەوە دروستکردوون، بەندایەتییم بۆ بکەن، لەبەر ئەوەی لە بەندایەتیی کردن بۆ خوا، خۆیان بەهرەمەند دەبن، ئەگەرنا خوا زۆر لەوە بەرزترە کە مرۆڤەکان و جندەکان بە بەندایەتیی کردنیان سوودی پێبگەیەنن، یاخود بە بێ فەرمانیی و سەرپێچییان زیانی پێ بگەیەنن.

٢- لە سوورەتی **(الأنعام)** لە ئایەتی ژمارە (١٣٠)دا، بەڵگەیەکی دیکە هەیە لەسەر ئەوەی جندیش وەك ئێمە ئەرکدار کراون، چونکە یەکێکی دیکە لەو بیرۆکانەی **(إبن عاشور)** گوتوویەتی: ئەوەیە جند لەسەریان پێویست نەکراوە ئەرکە شەرعییەکان جێبەجێ بکەن، هەروەها ڕای بە لای ئەوەشدایە کە مەرج نیە، ئەوان بچنە بەهەشتەوە!!، وەك لە سوورەتی **(الرحمن)**یشدا لەو بارەوە، قسەم لەسەر قسەکانی کرد، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَـٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ ءَايَـٰتِى

﴿وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَاۚ قَالُواْ شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ﴿١٣٠﴾﴾، واتە: ئەی کۆمەڵی جندو مرۆڤ! ئایا لە خۆتان ڕەوانەکراوانێکتان بۆ نەهاتن، ئایەتەکانی منیان بەسەردا دەخوێندنەوەو، لە دیداری ئەمڕۆتان دەیانترساندن و هۆشدارییان پێدەدان، (لە ڕۆژی دواییدا خوا ﷻ بەو شێوەیە جندو مرۆڤ دەدوێنێ)، گوتیان: شایەدییمان لەسەر خۆماندا، (ئنجا خوا دەفەرموێ:) ژیانی دنیا فریوی دان و شایەدییان لەسەر خۆیان دا کە ئەوان بێبڕوا بوون، واتە: دۆزەخییەکانی مرۆڤ و جند، کەواتە: جندیش وەك مرۆڤان سزایان هەیە.

٣- لە سووڕەتی (**الرحمن**)دا سی و یەك (٣١) جار خوا ڕوو دەکاتە مرۆڤ و جندو دەفەرموێ: ﴿فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾، نکوولیی لە کام لە چاکەکانی پەروەردگارتان دەکەن، ئەی جندو مرۆڤ؟.

٤- هەروەها خوا لە سووڕەتی (**الرّحمن**)دا هەر لە میانی ئەو ئایەتانەدا، لە ئایەتی ژمارە (٣٢)دا دەفەرموێ: ﴿سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ ﴿٣١﴾﴾، بۆتان دەست بە تاڵ دەبین، ئەی دوو قورسەکان، واتە: ئەی مرۆڤ و جند! کە سەر زەویتان قورس کردوە، لە ڕۆژی دواییدا بۆتان یەکلایی دەبمەوە بۆ سزاو پاداشتتان، کەواتە: سزاشیان هەیەو پاداشتیشیان هەیە.

هەروەهـا دەگونجـێ زۆر ئایەتـی دیکـەش لـەو بـارەوە بێنیـن، بـەڵام ئـەوەی پێویسـتە لێـی ئـاگادار بیـن، دوای ئـەوەی زانیـمان جندیـش وەك مـرۆڤ ئەرکـدار کـراون، بەندایەتیـی بـۆ خـوا بکـەن و، سـزا چاوەڕێیانـە، ئەگـەر بێبـڕواو خراپەکاربن و، پاداشـتیش چاوەڕێیانـە، ئەگـەر بـڕوادارو پارێـزکارو چاکـەکار بـن، ئەوەیـە کـە ئـاگادار بیـن وردەکارییەکانـی خواپەرسـتیی و فەرمانبەریـی کـە لەسـەر جنـد پێویسـت کـراوە، چۆنیەتییەکـەی بـۆ ئێمـە زانـراو نیـە، ئایـا ئەوانیـش بـە هەمـان ئـەو شـتانەی ئێمـە پێیـان ئەرکـدار کراویـن و لەسـەرمان پێویسـت کـراون، ئەوانیـش ئـەو شـتانەیان بـەو شـێوەیە لەسـەر پێویسـت کـراون؟ لـە قورئـان و سـوننەتدا وەڵامـی ئـەو پرسـیارەمان بـە ڕوونیـی دەسـت ناکـەوێ، بـەڵام دوایـی لـە برگـەی نۆیەمـی ئـەو کورتـە باسـەدا، لـەو بـارەوە هەندێـك زانیاریـی دەخەمـە ڕوو.

ئـەوەی کـە جێـی دڵنیاییـە ئەوەیـە کـە جندیـش وەك مـرۆڤ بـۆ بەندایەتیـی کـردن بـۆ خـوای پەروەردگاریـان، بـە هەڵبـژاردن و ویسـتی خۆیـان، دروسـتکراون، هەروەهـا وەك ئێمـەش لـەو جیهانـە سـەر زەوییـە کورتـەدا تاقیدەکرێنـەوەو، لەگـەڵ ئێمـەدا دەژیـن و دەمـرن و، لـە ڕۆژی دواییشـدا وەك ئێمـە زینـدوو دەکرێنـەوە، لـە هەمـوو ئـەو ڕووانـەوە وەك مـرۆڤ وان.

برگـەی چـوارەم: ڕەوانەکـراوان و پێغەمبەرانـی خـوا (علیهـم الصـلاة والسـلام) لـە نێـو مرۆڤانـدا کـورت هەڵهێـنراون و، جندیـش وەك مـرۆڤ، ئەرکـدار کـراون شـوێن پێغەمبـەران بکـەون:

بـە دڵنیایـی هیـچ کام لـە نێردراوەکانـی خـواو پێغەمبەرانـی خـوا (**الرسُـل والأنبیـاء**) لـە جنـد نەبـوون، بەڵکـو نێردراوانـی خـواو پێغەمبەرانـی خـوا هەموویـان لەنێـو مرۆڤانـدان، بـەڵام جندیـش پابەنـد کـراون بە گـوێ لێگرتـن و شـوێنکەوتن و پەیڕەویی کـردن لـەو نێـرراوو پێغەمبەرانـەی خـوا ﷻ لـە نێـو مرۆڤانـدا ناردوونـی، ئـەوەی ئـەم ڕاسـتییەش دەگەیەنـێ ژمارەیـەك ئایەتـن:

١- لە سووڕەتی (**الأنعام**)دا ئایەتەکانی: (١٣٠ و ١٣١)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ﴿١٣٠﴾ ذَٰلِكَ أَن لَّمۡ يَكُن رَّبُّكَ مُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا غَٰفِلُونَ ﴿١٣١﴾ ﴾، دوای ئایەتی یەکەم کە پێشتر تەفسیرمان کرد خوا دەفەرموێ: ئەوەش بە هۆی ئەوەوە کە پەروەردگارت فەوتێنەری هیچ کام ئاوەدانییەکان نیە، بەهۆی ستەمێکەوە کە دەیکەن، لە حاڵێکدا کە بێ ئاگان، واتە: تاکو ئاگادار نەکرێن و هۆشدارییان پێ نەدرێ، خوا سزایان نادات، ئنجا لێرەدا بە گشتیی خوا فەرموویەتی، کەواتە: ئاوەدانییەکانی مرۆڤ و جند، دەگرێتەوە، چونکە پێکەوە دوێنراون.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**الأحقاف**) ئایەتەکانی: (٢٩ و ٣٠)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْاْ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ قَالُواْ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٠﴾ ﴾، یاد بکەوە! کاتێك کۆمەڵێك لە جندمان بۆ لای تۆ ناردن (ئەی موحەممەد ﷺ!)، گوێ بۆ قورئان هەڵدەخەن، کاتێك ئامادەی قورئان خوێندنەکە بوون بە خۆیانیان گوت: بێدەنگ بن، کاتێك (قورئان خوێندنەکە) تەواو بوو، گەڕانەوە بۆ لای کۆمەڵەکەیان ئاگادار کەرەوانەو ترسێنەرانە، (گەڕانەوە کە ئەوانیش ئەو پەیامە بە قەومەکەیان بگەیەنن)، گوتیان: ئەی کۆمەڵەکەمان! ئێمە گوێمان لە کتێبێك بوو لە دوای مووسا دابەزیوە، کتێبەکانی پێش خۆی بەڕاست دەزانێ، خەڵك بەرەو هەق و ڕاستە ڕێ ڕێنمایی دەکات.

٣- هەروەها لە سوورەتی (**الجن**) ئایەتەکانی: (١ و ٢)دا، خوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أُوحِىَ إِلَىَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعْنَا قُرْءَانًا عَجَبًا ﴿١﴾ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلرُّشْدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦ ۖ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدًا ﴿٢﴾ ﴾، واتە: بڵێ سروشم بۆ لا کراوە، کە کۆمەڵێك لە جند گوێیان (بۆ من) هەڵخستوە، گوتیان: ئێمە گوێمان لە قورئانێکی سەرسوڕهێنەر بوو، بەرەو بە مراد گەیشتن ڕێنمایی دەکات، بۆیە بڕوامان پێهێنا و هیچ کەس ناکەینە هاوبەشی پەروەردگارمان.

کەواتە: شتێکی ڕوونە کە پێغەمبەران بۆ هەر کام لە جندو مرۆڤ نێردراون و، ئەوەش کە تەنیا لە مرۆڤان بوون، شتێکی ئاشکرایە، چونکە لە هیچ ئایەتێك و لە هیچ فەرمایشتێکی پێغەمبەردا ﷺ باسی ئەوە نەکراوە، جند پێغەمبەریان بۆ هاتوون، بەڵکو جندەکان وەك مرۆڤەکان پابەند کراون گوێ لە پێغەمبەران بگرن، دیارە لە سەردەمی پێغەمبەری خۆماندا موحەممەد ﷺ و لە دوای هاتنی موحەممەدەوەش ﷺو، پێشتریش گوێ بۆ پێغەمبەرانی دیکە بگرن، کە بۆ بەشەر نێردراون هەر لە ئادەمەوە تاکو عیسا.

بڕگەی پێنجەم: هەندێك حیكمەت و ئەدەبی بەرز لە بواری دینداریيدا، بۆ براو خوشكانی جندمان:

ئێمە ئەم بڕگەیە لە دوو خاڵان دا دەخەینە ڕوو:

١- خاڵی یەكەم: ئایەتەكانی: (٢٩ - ٣٢)، واتە: ئەو چوار ئایەتە لە سوورەتی (**الأحقاف**)، لەوێ دا پازدە (١٥) ئەدەب و ڕەوشتی بەرزمان لە جند كەوتوونە بەرچاو.

٢- خاڵی دووەم: لە سوورەتی (**الجن**)دا ئایەتەكانی: (١ - ١٥) و، ئایەتی (١٩)، لەوێشدا بیست (٢٠) ئەدەبمان وەرگرتوون، كە بە پێویستی نازانین ئایەتەكان بخوێنینەوەو هەر یەكسەر ئەو ئەدەب و ڕەوشتە بەرزو جوانانەی جند خۆیانیان پێ ڕازاندوونەوە دەیانهێنین:

خاڵی یەكەم: (الأحقاف) - ٢٩ - ٣٢ -:

١- شەیدایی و تامەزرۆیی بۆ تێگەیشتن لە ئایین و، ئەزیەت بەر خۆدان لە پێناوی ئەوەداو، لێكۆڵینەوەو پشكنین و سۆراغ كردن بۆ دۆزینەوەی ئایین و بەرنامەی خوا ﷻ، بە شێوە ڕاست و دروستەكەی، وەك لەم ئایەتە وەردەگیرێ: ﴿وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۝٢٩﴾ **الأحقاف**.

٢- ئارامیی و بێدەنگیی لە كاتی ئامادەبوون لە كۆڕو مەجلیسی زانیاریی و یادی خواداو، گوێ هەڵخستن بە تامەزرۆییەوە: ﴿فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْ ۝٢٩﴾ **الأحقاف**، كاتێك ئامادەی بوون، گوتیان: بێدەنگ بن.

٣- پەلەنەكردن لە وازلێهێنانی ئەو كۆڕو مەجلیسە، مەگەر دوای ئەوەی ئەو فێركردن و یادی خوا كردنەی كە تێیدایە، تەواو دەبێ: ﴿فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْاْ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ۝٢٩﴾ **الأحقاف**، كاتێك تەواو بوو، ئاگاداركەرەوانە گەڕانەوە بۆ لای خەڵكەكەیان.

٤- دەستكردن بە ڕوونكردنەوەی هەق و گەیاندنی بە خەڵك خەڵكی خۆیان و، هیچ سستیی نەكردن لە بانگەواز كردنی خەڵكدا، وەك ئەم ڕستە قورئانییە دەیگەیەنێ:

﴿ فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوۡاْ إِلَىٰ قَوۡمِهِم مُّنذِرِينَ ٢٩ ﴾الأحقاف، کاتێك تەواو بوو (گوێیان گرت و وەریان گرت)، یەکسەر گەڕانەوە بۆ لای کۆمەڵەکەیان، کە بیانترسێنن و ئاگاداریان بکەنەوە.

٥- جەختکردنەوە لەسەر ئەوە کە پێغەمبەران، هەندێکیان هەندێکیان بە ڕاست دەزانن و، کتێبەکانیشیان هەموویان یەك سەرچاوەیان هەیە، وەك ئەم ڕستە قورئانییەی دەیگەیەنێ: ﴿ قَالُواْ يَٰقَوۡمَنَآ إِنَّا سَمِعۡنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعۡدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ ٣٠ ﴾الأحقاف.

٦و٧- ناساندنێکی وردو قووڵ بۆ کتێبی خوا، بەوە کە بەرەو هەق ڕێنمایی دەکات، لە ڕووی بووناسیی و تێڕوانین و پێوەرو تەرازووەکان و ئیمانەوە و، هەروەها بەرەو ڕاستە ڕێ ڕێنمایی دەکات، لە ڕووی کردەیی و بەرنامەکانی ژیاندا، وەك ئەم ڕستە قورئانییە دەیگەیەنێ: ﴿يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلۡحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٣٠ ﴾الأحقاف.

٨- دەستکردن بە بانگەواز دوای ڕوونکردنەوەی هەق و ناساندنی، ئاڕاستەکردنی بانگەوازەکەش بە شێوەیەکی نەرم و نیان و سەرنجڕاکێش: ﴿ يَٰقَوۡمَنَآ أَجِيبُواْ دَاعِيَ ٱللَّهِ ٣١ ﴾الأحقاف، واتە: ئەی خەڵکەکەمان! بەدەم بانگەوازی خواوە بچن!

٩و١٠- داواکردن لە خەڵکەکەیان کە بە دەم بانگەواز کاری خواوە بچن و، بڕوا بە خوای بەرز بێنن: ﴿ يَٰقَوۡمَنَآ أَجِيبُواْ دَاعِيَ ٱللَّهِ وَءَامِنُواْ بِهِۦ ٣١ ﴾الأحقاف.

١١و١٢- ڕوونکردنەوەی بەرهەم و ئەنجامی وەڵامدانەوەی خوای بەرزو بانگەوازکاری ڕێی خواو ئیمان پێ هێنانی، کە لە لێبوردنی خواو، دەربازکردنی خوا لە سزای ڕۆژی دوایی دا، خۆی دەنوێنێ، وەك ئارەزوومەندکردنی بانگکراوەکان بۆ ڕێی خوا، وەك لەو ڕستە قورئانییەوە وەردەگیرێ: ﴿يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُجِرۡكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ٣١ ﴾الأحقاف.

١٣و١٤- هەر کەسێك بە دەم بانگەوازی خواوە نەچێ، نە دەتوانێ لە سزای دنیا خۆی دەرباز بکات، نە هیچ کەسیشی دەست دەکەوێ هاوکارو پشتیوانی بێ، وەك لەو ڕستە قورئانییەوە وەردەگیرێ: ﴿ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِيَ ٱللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ﴿٣٢﴾ ﴾الأحقاف.

١٥وکۆتایی- کە لەم چوار ئایەتەی سوورەتی **(الأحقاف)** وەردەگیرێ: ئەوانەی بەدەم بانگەوازکاری ڕێ خوای بەرزەوە ناچن، لە گومڕاییەکی ئاشکراو بێ چەندو چووندان: ﴿ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِيَ ٱللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ۚ أُوْلَـٰٓئِكَ فِي ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٢﴾ ﴾الأحقاف.

ئەمە ئەو پازدە (١٥) ئەدەب و حیکمەت و ڕەوشتە جوانەی، براو خوشکە جندەکانمان خۆیانیان پێ ڕازاندووەوە، کە لەو چوار (٤) ئایەتە موبارەکەی سوورەتی **(الأحقاف)** وەرمانگرتوون.

خاڵی دووەم: **(الجن)** ١ - ١٥ و ١٩:

(١٥) ئایەتی سەرەتای سوورەتی **(الجن)** لەگەڵ ئایەتی (١٩)دا ئەوە (١٦) ئایەت، لەم شازدە (١٦) ئایەتەشدا، خوا ﷻ بیست (٢٠) لە ئەدەب و ڕەوشت و حیکمەتەکانی براو خوشکانی جندمان بۆ دەخاتەڕوو، کە من بە خێرایی بەسەریاندا دەڕۆم، چونکە ئایەتەکان دیارن:

١- یەکەمین شتێك کە جند وەك سەرنجیان لە بارەی قورئانەوە دەیڵێن، ئەوەیە کە قورئانیان پێ سەرسوڕهێنەرە: ﴿ قُلْ أُوحِىَ إِلَىَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَقَالُوٓا۟ إِنَّا سَمِعْنَا قُرْءَانًا عَجَبًا ﴿١﴾ ﴾الجن.

٢- دوای ئەوەی قورئان دەناسێنن بەوەی زۆر سەرسوڕهێنەرە، ئنجا لەو ڕووەوە دەیناسێنن، کە چ شوێنەوارێك لەسەر شوێنکەوتووانی بەجێ دەهێڵێ: ﴿ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلرُّشْدِ ﴿٢﴾ ﴾**الجن**، بەرەو سەر ڕاستیی و بە ئامانج گەیشتن خەڵك ڕێنمایی دەکات.

٣- بابای عاقڵی بە ویژدان، کاتێك هەق دەبینێ، دەیگرێ و پێوەی پابەند دەبێ، بۆیە ئەو جندە هیدایەتدراوانەش ڕایدەگەیەنن، کە بڕوایان بەو کتێبە هێناوەو بڕوایان بەخوا هێناوە: ﴿فَـَٔامَنَّا بِهِۦ ۝٢﴾ الجن.

٤- لەبەر ئەوەی خوا بە یەکگرتن و تەنیا خواپەرستن (**توحيد الله في العبادة**) مەزنترین ڕاستییە، کە کتێبی خوا مرۆڤ و جندی بۆ بانگ کردوون، بۆیە جندەکان دوا ڕاگەیاندنی ئیمان بە قورئان، ڕایدەگەیەنن کە تەنیا خوا دەپەرستن و خوا بەیەکگرن و هاوبەش بۆ خوا دانانێن: ﴿وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدًا ۝٢﴾ الجن.

٥- لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی هەق ڕوون دەکرێتەوە، نا هەق پووچەڵ دەبێ و پووچەڵییەکەی دەردەکەوێ، جندەکان کە هەق ڕوون دەکەنەوە، یەکسەر دەست دەکەن بە پووچاندنەوەی باتیڵ و ڕووخاندنی، بۆیە پەروەردگاریان بە بەرزیی و مەزنیی وەسف دەکەن و هاوژین و ڕۆڵەی لێ لا دەبەن: ﴿وَأَنَّهُۥ تَعَـٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا ٱتَّخَذَ صَـٰحِبَةً وَلَا وَلَدًا ۝٣﴾ **الجن**، واتە: پێگەو پایەی پەروەردگارمان زۆر بەرزە، نە هاوەڵی هاوژینی هەیە، (واتە: هاوسەر)، نە ڕۆڵەشی هەیە، واتە: پێچەوانەی ئەوەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەیڵێن، لە مرۆڤ و لە جند.

٦- دوایی جند بابیان ئیبلیس بە نەفام و کەوودەن وەسف دەکەن، چونکە ئەوە کە ئەو بیرۆکە پووچانە ڕەواج پێدەدا: ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطًا ۝٤﴾ **الجن**، هەروەها نەفامەکەشمان بەرانبەر بە خوا، قسەی دوور لە هەق و ڕاستیی کردوە.

٧- دوایی جند سەرسوڕمان و پێ سەیربوونی خۆیان دەردەبڕن، بەرانبەر بەوەی هەندێك لە جندو مرۆڤ درۆ بەناوی خواوە هەڵدەبەستن و، هاوسەرو ڕۆڵەو هاوبەشی پاڵدەدەنەلا: ﴿وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ۝٥﴾ **الجن**، ئێمە پێمان وابوو مرۆڤ و جند درۆ بە ناوی خواوە ناکەن، درۆ بۆ خوا هەڵنابەستن، (بڵێن: هاوسەری هەیە، یان هاوبەشی هەیە).

٨- دوایی جندەکان هەڵەی هەندێك لە مرۆڤە بێبڕوایەکان، ڕوون دەکەنەوە لەوەدا کە لە مامەڵەیان لەگەڵ جنددا پەنا بۆ جند دەبەن و، داوای یارمەتییان لێ دەکەن، لە حاڵێکدا جندەکان دەبنە مایەی سەرلێشێوان و سەرگەردانیی و زیانبارییان: ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ﴿٦﴾﴾ الجن، ژمارەیەك لە پیاوانی مرۆڤ پەنایان بردە بەر ژمارەیەك لە پیاوانی جندو، ئەوانیش هەر زیاتر تووشی مەینەتیی و نارەحەتییان کردن.

٩- دوایی جندەکان باسی خاڵێکی هاوبەشی نێوان بێبڕوایانی مرۆڤ و جند دەکەن، کە بریتیە لە گومانی مرۆڤەکان و، گومانی جندەکانیش کە خوا هیچ پێغەمبەرێك نانێرێ: ﴿وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا۟ كَمَا ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَبْعَثَ ٱللَّهُ أَحَدًا ﴿٧﴾﴾ الجن، ئەی جندەکان! بزانن مرۆڤەکانیش وەك بێبڕوایەکانی وەك ئێوە، پێیان وابووە خوا هیچ پێغەمبەرێك نانێرێ.

١٠و١١- دوایی جندەکان باسی ئەوە دەکەن کە گوێیان هەڵخستوەو سۆراغیان کردوە، هەواڵی ئاسمان بزانن، بەڵام تەماشایان کردوە حاڵی ئاسمانێ گۆڕاوەو وەك پێشێ نەماوەو، پڕکراوە لە پاسەوان و پڕکراوە لە بڵێسە، دوایی حاڵی پێشێیان یاد دەکەنەوە کە کاتی خۆی لە هەندێ شوێنی ئاسمانەکان دا گوێیان دەگرت، لە قسەی فریشتەکان، بەڵام ئێستا هەر کەسێك ئەوە بکات، خۆی بە هیلاك دەبات و سەری خۆی بە فەتارەت دەدات: ﴿وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمْعِ ۖ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْـَٔانَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾﴾ الجن، ئێمە سۆراغی ئاسمانمان کرد، تەماشامان کرد پڕکراوە لە پاسەوان و لە بڵێسەو، ئێمە پێشتر لە ئاسمان هەندێ شوێنمان هەبوون گوێمان تێدا هەڵدەخستن بۆ قسەی فریشتان، بەڵام ئێستا هەر کەسێك گوێ بگرێ، بڵێسەیەکی لە بۆسەدای بۆ دانراوەو تێیدەگیرێ و پێی لە بەین دەچێ.

١٢- جند دان بە نەفامیی و نەزانیی خۆیان دا دێنن، کە نازانن ئەوە بۆچی ڕوویداوە، ئایا ئەوەی ڕوویداوە ئەو گۆڕانکارییەی لە ئاسمان دا بووە، زیانی تێدایە بۆ خەڵکی

سەر زەوی، یاخود پەروەردگاریان سەر ڕاستیی و بە مراد گەیشتنی بۆ ڕەچاو کردوون؟ ﴿ وَأَنَّا لَا نَدْرِيٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴿١٠﴾ ﴾**الجن**، ئێمە نازانین خراپەو زیان بۆ خەڵکی سەر زەوی ڕەچاو کراوە (مەبەستیان پێ مرۆڤەکانە)، یاخود پەروەردگاریان سەر ڕاستیی و چاکەی بۆ ویستوون؟ وەك دەبینرێ: خراپەکە پاڵ نادەنە لای خوا، بەڵام سەر ڕاستییەکە پاڵ دەدەنە لای خوا، ئەوەش ئەدەبێکی بەرزی جندە.

١٣- دوایی جندەکان حاڵی پێشوویان باس دەکەن، کە چۆن لە ڕابردوودا چاکیان هەبووەو خراپیان هەبووە، ڕێچکەو ڕێبازی جۆراوجۆریان گرتوون: ﴿ وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّـٰلِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا ﴿١١﴾ ﴾**الجن**، ئێمە چاکیشمان تێدا هەن و، جگە لەوەشمان تێدا هەن، ئێمە پێشتر ڕێبازی زۆرو جۆراو جۆرمان هەبوون.

١٤- دوایی جند باسی بۆچوونی پێشوویان دەکەن، لە بارەی خوای بەرزەوە، کە پێشتریش هەر زانیویانە ناتوانن لە دەستی خوا ڕابکەن و، ناشتوانن نە لەسەر زەوی خوا دەستەوسان بکەن، نە لە سنووری زەویش بچنە دەرو ڕابکەن و خوا دەستەوسان بکەن: ﴿ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن نُّعْجِزَ ٱللَّهَ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَن نُّعْجِزَهُۥ هَرَبًا ﴿١٢﴾ ﴾**الجن**، ئێمە زانیمان ناتوانین خوا لەسەر زەوی دەستەوسان بکەین و، ناشتوانین لەبەر دەستی دەربچین و ڕابکەین.

١٥و١٦- دوایی هەڵوێستی خۆیان لە بارەی ئەو ڕێنمایی و هیدایەتەوەی خوا بە پێغەمبەری کۆتایی موحەممەددا ﷺ ناردوویەتی ڕادەگەیەنن، کە بڕوایان پێهێناوە لەگەڵ پێیان زانیوە بەو هیدایەتە، یەکسەر بڕوایان پێ هێناوە بێ دواکەوتن، دواییش بەرهەمی ئەو ڕێی ڕاستگرتنە، ڕوون دەکەنەوە، کە هەر کەسێك بڕوادار بێ و هیدایەت وەرگربێ، لە ڕۆژی دواییدا نە لە لەدەست چوونی پاداشت دەترسێ، نە لە دووچاربوونی سزا: ﴿ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا ٱلْهُدَىٰٓ ءَامَنَّا بِهِۦ ۖ فَمَن يُؤْمِنۢ بِرَبِّهِۦ فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا ﴿١٣﴾ ﴾**الجن**، ئێمە هەر لەگەڵ گوێبیستی ڕێنمایی خوا بووین، بڕوامان پێ هێناو، هەر کەسێك بڕوا بە پەروەردگاری بهێنێ، نە لە کەمکردنەوەی پاداشت دەترسێ، نە لە لێ زیادکردنی سزا.

١٧و١٨و١٩- لە کۆتایی دا جندەکان هەڵوێستی ئێستایان ڕوون دەکەنەوە، وەك زۆربەی جند کە لە دوای هاتنی پێغەمبەری خاتەم ﷺ هەم مسوڵمانیان تێدان و، هەم بێبڕواو ستەمکارانیشیان تێدا هەن، دوایی سەرەنجامی هەر کام لە بۆ خوا ملکەچان و، ستەمکاران و لادەرانیش ڕووندەکەنەوە، کە بۆ خوا ملکەچان و مسوڵمانان لە هەق گەڕاون و دۆزیویانەتەوە لە شوێنی خۆی و، شوێنی کەوتوون و، سەرەنجام سەرفرازو بە مراد گەیشتوو بوون، بەڵام ستەمکارەکان کە ستەمیان لە خۆیان و لە هەق کردوە، ئەوانە سەرەنجامیان ئەوەیە کە ببنە سووتەمەنیی ئاگری دۆزەخ، وەك دەڵێن: ﴿وَأَنَّا مِنَّا ٱلْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا ٱلْقَـٰسِطُونَ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ تَحَرَّوْا۟ رَشَدًا ﴿١٤﴾ وَأَمَّا ٱلْقَـٰسِطُونَ فَكَانُوا۟ لِجَهَنَّمَ حَطَبًا ﴿١٥﴾﴾ **الجن**.

٢٠- خوا ﷻ وایان وەسف دەکات زۆر سوور بوون لەسەر ئەوەی هیدایەتی خوا بەدەست بهێنن و هەق بناسن، بە جۆرێك کاتێك هاتوونە لای پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ خەریکی قورئان خوێندن بووە، یان خەریکی بانگەواز بووە، یان خەریکی پاڕانەوە بووە لە خوا، خەریك بوون کەڵەکە بکەن لەسەری، واتە: ئەوەندە قەرەباڵغییان کردوە، خەریك بووە بچنە سەر شان و ملی، وەك دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا۟ يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا ﴿١٩﴾﴾ **الجن**، کاتێك بەندەی خوا هەڵسا بانگەوازی کرد بۆ لای خوا، لە خوا پاڕایەوەو قورئانی خوێند، ئەوان خەریك بوو کەڵەکەی لەسەر بکەن.

کەواتە: لەم شازدە ئایەتەی سوورەتی (**الجن**)دا، بیست ئەدەب و ڕەوشتی جوانی بەرزمان لە مسوڵمانانی جند وەرگرتن و، لە چوار ئایەتەکەی سوورەتی (**الأحقاف**)یش، پازدە ئەدەب ئەوە سی و پێنج (١٥ + ٢٠ = ٣٥)، ئنجا ئەو سی و پێنج (٣٥) ئەدەب و ڕەوشتە ئەگەر باش سەرنجیان بدەین، زۆر تێگەیشتنی هەڵەی مرۆڤان لە بارەی جندەوە، ڕاست دەکەنەوە، کە جند خراپەکانیان خراپن، وەك مرۆڤان و، چاکەکانیشیان چاکن وەك چاکی مرۆڤان، بەڵێ پێغەمبەران تەنیا لە مرۆڤاندا هاتوون، بەڵام جندیش ئەگەر بە دوای پێغەمبەران بکەون و بە

دوای هیدایەتی خوا بکەون، ئەوانیش کەم و زۆر، لە ئیمان و چاکەو تاعەت و ڕازانەوە بە ڕەوشتە بەرزەکاندا، هەروەها بژارکران لە سیفەتە نزم و خراپەکاندا، پشکدار دەبن.

بڕگەی شەشەم: حەوت دەقی سوننەت لە بارەی جندەوە، کە تیشکی زیاتریان دەخەنە سەر:

١- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄، قَالَ: مَا قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَلَى الْجِنِّ وَمَا رَآهُمْ، انْطَلَقَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي طَائِفَةٍ مِنْ أَصْحَابِهِ عَامِدِينَ إِلَى سُوقِ عُكَاظٍ، وَقَدْ حِيلَ بَيْنَ الشَّيَاطِينِ وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ، وَأُرْسِلَتْ عَلَيْهِمُ الشُّهُبُ، فَرَجَعَتِ الشَّيَاطِينُ إِلَى قَوْمِهِمْ، فَقَالُوا: مَا لَكُمْ؟ قَالُوا: حِيلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ، وَأُرْسِلَتْ عَلَيْنَا الشُّهُبُ! قَالُوا: مَا ذَاكَ إِلَّا من شي حَدَثَ، فَاضْرِبُوا مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا، فَانْظُرُوا مَا هَذَا الَّذِي حَالَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ؟ فَانْطَلَقُوا يَضْرِبُونَ مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا، فَمَرَّ النَّفَرُ الَّذِينَ أَخَذُوا نَحْوَ تِهَامَةَ (وَهُوَ بِنَخْلَةَ) عَامِدِينَ إِلَى سُوقِ عُكَاظٍ، وَهُوَ يُصَلِّي بِأَصْحَابِهِ صَلَاةَ الْفَجْرِ، فَلَمَّا سَمِعُوا الْقُرْآنَ اسْتَمَعُوا لَهُ وَقَالُوا: هَذَا الَّذِي حَالَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ. فَرَجَعُوا إِلَى قَوْمِهِمْ فَقَالُوا: يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآناً عَجَباً. يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ وَلَنْ نُشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَداً، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عز وجل عَلَى نَبِيِّهِ مُحَمَّدٍ ﷺ: ﴿ قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ ﴿١﴾ ﴾} (أخرجه البخاري: ٧٧٣،٤٢٢١، ومسلم ٤٤٩، والترمذي: ٣٣٢٣، وابن حبان: ٦٨٢٨، والحاكم: ٣٨٥٧).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﵄ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ قورئانی بەسەر جندا نەخوێندۆتەوەو نەشیدووتن، بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵانیدا چوون بۆ بازاڕی عوکاز، لە حاڵێکدا پەردە خرابووە نێوان شەیتانەکان و هەواڵی ئاسمان و، بڵێسەیان بەسەردا نێردرابوون، شەیتانەکان چوونە لای خەڵکەکەی خۆیان گوتیان: بۆچی هاتوونەوە؟ گوتیان: ڕێی هەواڵی ئاسمانمان لێ گیراوەو، بڵێسەمان بەسەردا نێردراون، گوتیان: ئەوە تەنیا بەهۆی شتێکەوەیە کە ڕوویداوە، بڕۆن بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواییەکانی زەویداو سەرنج

بـدەن، بزانـن داخـۆ چ شـتێك وایکـردوە ئێمـە ڕێـی بیسـتنی هەواڵـی ئاسـمانمان لێگیـراوە؟ ڕۆیشـتن بـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاواییەکانـی زەویـدا گـەڕان، ئـەو کۆمەڵـەی بـەرەو تیهامـە چـوون، لـە کاتێکـدا پێغەمبـەر ﷺ لـە شـوێنێك بـوو بـە نـاوی نەخلـە بـەرەو بـازاڕی عـوکاز چـوون، لـە کاتێکـدا ئـەو نوێـژی بەیانـی بـە هاوەڵانـی دەکـرد، کاتێـك گوێیـان لـە قورئـان بـوو، گوێیـان بـۆ هەڵخسـت و گوتیـان: ئـا ئەوەیـە بۆتـە هـۆی ئـەوەی ڕێـی گوێبیسـتبوونی هەواڵـی ئاسـمانمان لـێ بگیـرێ، ئیـدی گەڕانـەوە بـۆ لای خەڵکەکەیـان و گوتیـان: ئـەی خەڵکەکەمـان! ئێمـە گوێـمان لـە قورئانێکـی سەرسـوڕهێنەر بـوو، بـەرەو ڕاسـتە ڕێ ڕێنمایـی دەکات، بڕوامـان پێهێنـاو، هیـچ شـتێك ناکەینـە هاوبەشـی پەروەردگارمـان، ئیـدی خـوا ﷻ ئـەوەی دابەزانـدە سـەر پێغەمبەرەکـەی خـۆی: ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا ﴿١﴾﴾.

٢- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﭭ، قَالَ: كَانَ الجِنُّ يَصْعَدُونَ إِلَى السَّمَاءِ يَسْتَمِعُونَ إِلَى الوَحْيِ، فَإِذَا سَمِعُوا الكَلِمَةَ زَادُوا فِيهَا تِسْعاً، فَأَمَّا الْكَلِمَةُ فَتَكُونُ حَقًّا، وَأَمَّا مَا زَادُوا فِيهَا، فَيَكُونُ بَاطِلًا. فَلَمَّا بُعِثَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مُنِعُوا مَقَاعِدَهُمْ، فَذَكَرُوا ذَلِكَ لِإِبْلِيسَ، وَلَمْ تَكُنِ النُّجُومُ يُرْمَى بِهَا قَبْلَ ذَلِكَ، فَقَالَ لَهُمْ إِبْلِيسُ: مَا هَذَا الْأَمْرُ إِلَّا مِنْ أَمْرٍ قَدْ حَدَثَ فِي الأرض، فَبَعَثَ جُنُودَهُ، فَوَجَدُوا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَائِمًا يُصَلِّي بَيْنَ جَبَلَيْنِ، (أَرَاهُ قال بمكة)، فأتوه فأخبروه، فقال: هذا الحدث الَّذِي حَدَثَ فِي الْأَرْضِ} (أخرجه الترمذي: ٣٣٢٤، قَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، والنسائي في الكبرى: ١١٦٢٦، أحمد: ج١ ص٢٧٤، والطبراني في التفسير: م١٢ ص٤٦).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس ﭭ دەڵـێ: جنـد پێشـتر بـۆ ئاسـمان بـەرز دەبوونـەوەو گوێیـان لـە وەحیـی دەگـرت، (گوێیـان لـە قسـەی فریشـتان دەگـرت)، کاتێـك وشـەیەکیان دەبیسـت، نـۆ وشـەی دیکەیـان تێکـەڵ دەکـردن (هـی درۆ)، ئـەو وشـەیەی بیسـتوویانە هـەق بـوو، بـەڵام ئـەو نۆیـەی دیکـەی لێیـان زیـاد دەکـرد، ناهـەق بـوون، بـەڵام کاتێـك پێغەمبـەری خـوا ﷺ نێـردرا، ڕێـی ئـەو شـوێنانەیان لـێ گیـرا کـە گوێیـان لـێ دەگـرت، ئەوەیـان بـۆ ئیبلیـس بـاس کـرد، کـە پێشـتر

ئەو بڵێسانەیان بۆ نەدەنێردران، ئیبلیس پێی گوتن: ئەوەی ڕوویداوە بەهۆی ئەوەوەیە ڕووداوێك لە سەر زەوی ڕوویداوە، ئیدی سەربازەكانی ناردن، پێغەمبەری خوایان بینی لە نێوان دوو چیایاندا، (پێم وایە گوتیان: مەككە)، نوێژی دەكرد، شەیتانەكان گەڕانەوە لای ئیبلیس و هەواڵیان پێدا، گوتی: ئا ئەوەیە كە لەسەر زەوی ڕوویداوەو، ئێمە ڕێی هەواڵی ئاسمانمان لێ گیراوە.

٣- {رَوَى عَامِرٌ الشَّعْبِيّ قَالَ: سَأَلْتُ عَلْقَمَةَ هَلْ كَانَ ابْنُ مَسْعُودٍ شَهِدَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ لَيْلَةَ الْجِنِّ؟ فَقَالَ عَلْقَمَةُ: أَنَا سَأَلْتُ ابْنَ مَسْعُودٍ فَقُلْتُ: هَلْ شَهِدَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ لَيْلَةَ الْجِنِّ؟ قَالَ: لَا، وَلَكِنَّا كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ ذَاتَ لَيْلَةٍ فَفَقَدْنَاهُ، فَالْتَمَسْنَاهُ فِي الْأَوْدِيَةِ وَالشِّعَابِ، فَقُلْنَا اسْتُطِيرَ أَوِ اغْتِيلَ، قَالَ: فَبِتْنَا بِشَرِّ لَيْلَةٍ بَاتَ بِهَا قَوْمٌ، فَلَمَّا أَصْبَحَ إذا هُوَ يجئ مِنْ قِبَلِ حِرَاءَ، فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! فَقَدْنَاكَ وَطَلَبْنَاكَ فَلَمْ نَجِدْكَ، فَبِتْنَا بِشَرِّ لَيْلَةٍ بَاتَ بِهَا قَوْمٌ، فَقَالَ: أَتَانِي دَاعِي الجِنِّ، فذهبت معه فَقَرَأْتُ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنَ، فَانْطَلَقَ بِنَا فَأَرَانَا آثَارَهُمْ وَآثَارَ نِيرَانِهِمْ، وَسَأَلُوهُ الزَّادَ وَكَانُوا مِنْ جِنِّ الْجَزِيرَةِ، فَقَالَ: لَكُمْ كُلُّ عَظْمٍ ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ يَقَعُ فِي أَيْدِيكُمْ أَوْفَرَ مَا يَكُونُ لَحْمًا، وَكُلُّ بَعْرَةٍ عَلَفٌ لِدَوَابِّكُمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: فَلَا تَسْتَنْجُوا بِهِمَا، فَإِنَّهُمَا طَعَامُ إِخْوَانِكُمُ الْجِنِّ} (أخرجه مسلم: ٤٥٠، والترمذي: ٣٢٥٨، وإبن حِبان: ١٤٣٢، وابن خزيمة: ٨٢، والبيهقي: ج١ ص١١ عن ابن مسعود).

واتە: عامیری شەعبیی دەڵێ: لە عەلقەمەم پرسی [كە یەكێكە لە زانایانی شوێنكەوتووان (التابعين)] ئایا عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوود لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەوی جندا (كە قسەی بۆ جند كردوەو قورئانی بۆ خوێندوون)، ئامادە بووە؟ عەلقەمە گوتی: من بۆ خۆم لە عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوودم پرسی گوتم: ئایا هیچ كام لە ئێوە لەشەوی جندا (لەدیداری جندا) لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ [قسەی بۆ جند كردوە] ئامادە بوون؟ گوتی: نەخێر، بەڵام ئێمە شەوێك لە خزمەت پێغەمبەردا بووین، دوایی لێمان ون بوو، ئێمەش لە دۆڵ و شیوەكاندا بۆی گەڕاین وەدەستمان نەكەوت، گوتمان یان ڕفێنراوە

یـان کـوژراوە، بۆیـە ئـەو شـەوە زۆر حاڵێکـی ناخۆشـمان هەبـوو، وەک کۆمەڵێـك ناخۆشـترین حاڵیـان بـێ، ئـاوا ڕۆژمـان کـردەوە، کاتێـك بەیانـی بـۆوە، پێغەمبەرمـان ﷺ لـە لای ئەشـکەوتی حیـراوە دی، دێتـەوە، گوتمـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! تۆمـان لـێ ون بـوو، زۆرت بـە دوادا گەڕایـن، تۆمـان چنـگ نەکـەوت، ئێمـە خراپتریـن شـەو کـە بەسـەر کۆمەڵێکـدا هـات، بەسـەرمان دا هـات، [پێغەمبەریـش ﷺ] فەرمـووی: بانگـەوازکاری جنـد هـات بـۆ لام و لەگەڵـی ڕۆیشـتم قورئانـم بـۆ خوێنـدن، دوایـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەگـەڵ خۆیـدا بردیـن، شـوێنەوارەکانیان و شـوێنەواری ئاگرەکانـی پێشـاندان.

ئنجـا داوای خواردنیـان لێکـردوە، ئەوانـە لـە جنـدی جەزیـرە بـوون، (ئـەو جەزیـرەی ئێسـتا شـارێك هەیـە، لـە کوردسـتانی تورکیـا پێـی دەگوتـرێ: جەزیـرە، هەر بـەو ناوەیـە)، پێغەمبـەر ﷺ پێـی فەرمـوون: خواردنـی ئێـوە هـەر ئێسـقانێك کـە نـاوی خـوای لەسـەر هاتبـێ، کـە دەکەوێتـە دەسـتتان بـۆ ئێـوە پـڕ بـێ لـە گۆشـت و لێـی بەهرەمەنـد بـن، هـەر تەپاڵەکیـش ئاڵـف بـێ بـۆ ئاژەڵەکانتـان، پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: نـە بـە ئێسـقان و نـە بـە شـیاکەو تەپاڵـە تـارەت مەگـرن، چونکـە خواردنـی بـرا جندەکانتانـن.

ئەمە دەقەکەیەو لەو بارەوەش لە بڕگەی کۆتایی دا هەندێ قسە دەکەم.

٤- {رُوِيَ عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قال: «أُمِرْتُ أَنْ أَتْلُوَ الْقُرْآنَ عَلَى ال جِنِّ فَمَنْ يَذْهَبُ مَعِي؟» فَسَكَتُوا، ثُمَّ قَالَ الثَّانِيَةَ، ثُمَّ قَالَ الثَّالِثَةَ، ثُمَّ قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ: أَنَا أَذْهَبُ مَعَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَانْطَلَقَ حَتَّى جَاءَ الحَجُونَ عِنْدَ شِعْبِ أَبِي دُبٍّ، فَخَطَّ عَلَيَّ خَطًّا فَقَالَ: «لَا تُجَاوِزْهُ» ثُمَّ مَضَى إِلَى الحَجُونَ فَانْحَدَرَ عَلَيْهِ أَمْثَالُ الحَجَلِ يَحْدُرُونَ الحِجَارَةَ بِأَقْدَامِهِمْ، يَمْشُونَ يَقْرَعُونَ فِي دُفُوفِهِمْ كَمَا تَقْرَعُ النِّسْوَةُ فِي دُفُوفِهَا، حَتَّى غَشَوْهُ فَلَا أَرَاهُ، فَقُمْتُ فَأَوْمَى إِلَيَّ بِيَدِهِ أَنِ اجْلِسْ، فَتَلَا الْقُرْآنَ فَلَمْ يَزَلْ صَوْتُهُ يَرْتَفِعُ، وَلَصِقُوا بِالْأَرْضِ حَتَّى مَا أَرَاهُمْ، فَلَمَّا انْفَتَلَ إِلَيَّ قَالَ: «أَرَدْتَ أَنْ تَأْتِيَنِي»؟ قُلْتُ: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: مَا كَانَ ذَلِكَ لَكَ، هَؤُلَاءِ الْجِنُّ

أَتَوْا يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ، ثُمَّ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِمْ مُنْذِرِينَ، فَسَأَلُونِي الزَّادَ فَزَوَّدْتُهُمُ الْعَظْمَ وَالْبَعْرَ، فَلَا يَسْتَطِيبَنَّ أَحَدُكُمْ بِعَظْمٍ وَلَا بعر، قَالَ عِكْرِمَةُ: وَكَانُوا اثْنَيْ عَشَرَ أَلْفًا مِنْ جَزِيرَةِ الْمَوْصِلِ[(١)].

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود (خـوا لێـی ڕازی بـێ) لێـی گێڕدراوەتـەوە، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: فەرمانـم پێکـراوە قوڕئـان بەسـەر جنـدا بخوێنمـەوە، کـێ لەگەڵمـدا دێ؟ ئەوانـەی لـە خزمەتیـدا بـوون بێدەنـگ بـوون، بـۆ جـاری دووەم وای فەرمـوو، هـەر بـێ دەنـگ بـوون، بـۆ جـاری سێیەم وای فەرمـوو، ئنجـا عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود گوتـی: مـن لەگەڵتـدا دێـم ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! ڕۆیشـت هەتـا گەیشـتە حەجـوون (نـاوی شـوێنێکە)، لـە لای شـیوی (أَبِي دبٍّ)، (ئەویـش هـەر نـاوی شـوێنێکە)، هێڵێـك یـان بازنەیەکـی بـە دەوردا کێشـام فەرمووی: ئـەو بازنەیـە لێـی مەچـۆ دەرێ، دوایـی چـوو بـۆ لای حەجوون، جنـد لێـی کۆبوونەوە، وەك چـۆن کـەو بـە ڕەوە دەچـن بـەو شـێوەیە بـەرەو ڕووی چـوون، بـەرد لـە ژێـر پێیانـدا دەخزیـن، ڕۆیشـتن دەفیـان لێـدەداو وەك چـۆن ئافرەتـان دەف لـێ دەدەن (لـە بۆنـەی بـووك گواسـتنەوەو ئەوانـەدا)، هەتـا هێنـدە لێـی کۆبوونـەوە دایانپۆشـی، (واتـە: پێغەمبـەرم لـێ دیارنەمـا)، هەڵسـام، ئامـاژەی بـۆ کـردم، دانیشـە، مەیـە، (هەڵسـاوە کـە بچـێ)، دوایـی قوڕئانـی بەسـەردا خوێنـدن، قوڕئانـی بـۆ خوێندنـەوە، بـەردەوام دەنگـی پێغەمبـەر ﷺ بـەرز دەبـۆوە، ئەوانیـش بـە زەوییـەوە نووسـان، (واتـە: دانیشـتن)، هەتـا وای لێهـات کـە پێشـێ پێغەمبـەرم نەدەبینـی، ئەوەنـدە کەڵەکەیـان لەسـەر کـرد بـوو، ئنجـا ئەوانـم نەبینـی وا بـە زەوییـەوە نووسـان، کاتێـك گەڕایـەوە بـۆ لام فەرمـووی: دەتویسـت بێـی بـۆ لام؟ گوتـم: بەڵـێ، ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! فەرمـووی: ئـەوەت بـۆ نەبـوو، ئەوانـە جنـد بـوون هاتبـوون گـوێ لـە قوڕئان بگـرن، دوایـی ڕۆیشـتنەوەو گەڕانـەوە لای کۆمەڵەکەیـان کـە ئاگاداریـان بکەنـەوە.

لـە بـارەی خۆراکـەوە لێیـان پرسـیم، منیـش گوتـم: هـەر ئێسـقانێك و هـەر شـیاکەیەك بـا خۆراکـی ئێـوە بـێ، بۆیـە هیـچ کام لـە ئێـوە بـا تـارەت نەگـرێ و خـۆی

(١) الجامع لأحكام القرآن: ٦١١٨.

پـاك نەكاتـەوە، نـە بـە ئێسـقان، نـە شـیاكەو تەپاڵـە، عیكریمـە گوتوویەتـی: دوازدە هـەزار كـەس بـوون لـە جەزیـرەی موسـڵەوە هاتبـوون.

ئەمـەش پەیوەسـتە بـە ئایەتەكانـی سـوورەتی (الأحقـاف)ەوە، كـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْ فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْاْ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾الأحقـاف، تـا كۆتایـی ئایەتـەكان كـە پێشـتر تەفسـیرمان كـردوون.

جێـی سـەرنجە كـە لێـرەدا كـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: داوای خۆراكیـان لێكـردم، گوتـم: هـەر ئێسـقانێك و هـەر شـیاكەو تەپاڵەیـەك خۆراكتـان بـێ، بـەڵام لـە فەرمایشـتەكەی پێشـێدا كـە (مسـلم) بـە ژمـارە (٤٥٠) هێنابـووی، لەوێـدا هاتـوە هـەر ئێسـقانێك خـۆراك بـێ بـۆ خۆتـان و، هـەر تەپاڵـەو شـیاكەیەك ئاڵـف بـێ بـۆ ئاژەڵەكانتـان! واتـە: لێـرەدا هەردووكیانـی بـە خۆراكـی خۆیـان دانـاوە! دواتـر قسـە لـەو بـارەوە دەكـەم.

٥- {عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه، قَالَ: انْطَلَقَ بِي عَلَيْهِ السَّلَامُ حَتَّى إِذَا جِئْنَا الْمَسْجِدَ الَّذِي عِنْدَ حَائِطِ عَوْفٍ خَطَّ لِي خَطًّا، فَأَتَاهُ نَفَرٌ مِنْهُمْ، فَقَالَ: أَصْحَابُنَا، كَأَنَّهُمْ رِجَالُ الزُّطِّ، وَكَأَنَّ وُجُوهَهُمُ الْمَكَاكِيُّ، فَقَالُوا: مَا أَنْتَ؟ قَالَ: «أَنَا نَبِيُّ اللَّهِ» قَالُوا: فَمَنْ يَشْهَدُ لَكَ عَلَى ذَلِكَ؟ قَالَ: «هَذِهِ الشَّجَرَةُ» فَقَالَ: «يَا شَجَرَةُ» فَجَاءَتْ تَجُرُّ عُرُوقَهَا، لَهَا قَعَاقِعُ حَتَّى انْتَصَبَتْ بَيْنَ يَدَيْهِ، فَقَالَ: [عَلَى مَاذَا تَشْهَدِينَ [قَالَتْ: أَشْهَدُ أَنَّكَ رَسُولُ اللَّهِ. فَرَجَعَتْ كَمَا جَاءَتْ تَجُرُّ بِعُرُوقِهَا الْحِجَارَةَ، لَهَا قَعَاقِعُ حَتَّى عَادَتْ كَمَا كَانَتْ} (ذكره الهيثمي في المجمع: ج٨ ص٢٩٣، وقال: رواه الطبراني ورجال رجال الصحيح، ورواه أبو يعلى أيضاً والبزّار).

واتـە: عەبدوڵـڵای كـوڕی مەسـعوود دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەگـەڵ خۆیـدا بـردم، هەتـا چووینـە لای ئـەو مزگەوتـە لـە لای دیـواری عـەوف (یاخـود لای باخـی عـەوف، شـوێنێك بـووە لـە مەدینـە ئـەو ڕوودواوە)، پێغەمبـەر ﷺ هێڵێكـی بـۆ كێشـام، بازنەیـەك، كۆمەڵێـك لـەوان هاتـن، (پێغەمبـەر ﷺ) فەرمـووی: ئـەوە

هاوەڵەکانمانــن، وەك پیاوانــی (زُطّ) بــوون (کــە جــۆرێ خەڵکــن لــە ســوودان و هیندییـەکان، ڕەشپێسـتن)، ڕوویـان دەتگـوت ئێسـکی مـژراوە[١]، (یانـی: دەم و چاویـان باریـك بـووە)، بـە پێغەمبەریـان گـوت: تـۆ چـی؟ ئەویـش فەرمـووی: مـن پێغەمبـەری خـوام، گوتیـان: کـێ شـایەدییت بـۆ دەدات لەسـەر ئـەوە؟ فەرمـووی: ئـەم درەختـە، درەختێکـی لێبـوو، پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: ئـەی درەختەکـە وەرە، درەختەکـە هـات بـە ڕەگ و پووکـەوە هـات، تەقـە تەقـی لـێ دەهـات، هەتـا لەبەردەمـی پێغەمبـەردا ﷺ وەسـتا، فەرمـووی: لەسـەر چـی شـایەدیی دەدەی؟ گوتـی: شـایەدیی دەدەم کـە تـۆ پێغەمبـەری خـوای، ئنجـا گەڕایـەوە وەك چـۆن پێشـێ هاتبـوو گەڕایـەوە، ڕەگ و ڕیشـەکەی بـەردی لەگـەڵ خـۆی ڕادەکێشـان، هەتـا وەك پێشـێی لێهاتـەوە.

٦- {**فِي الْمُوَطَّأ: أَنَّ رَجُلًا حَدِيثَ عَهْدٍ بِعُرْسٍ اسْتَأْذَنَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ بِأَنْصَافِ النَّهَارِ أَنْ يَرْجِعَ إِلَى أَهْلِهِ ... ، وَفِيهِ: فَإِذَا حَيَّةٌ عَظِيمَةٌ مُنْطَوِيَةٌ عَلَى الفِرَاشِ، فَأَهْوَى إِلَيْهَا بِالرُّمْحِ فَانْتَظَمَهَا. وَفِي الصَّحِيحِ أَنَّهُ عَلَيْهِ الصَّلاةُ والسَّلَامُ قَالَ: «إِنَّ لِهَذِهِ الْبُيُوتِ عَوَامِرَ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ مِنْهَا شَيْئًا فَحَرِّجُوا عَلَيْهَا ثَلَاثًا، فَإِنْ ذَهَبَ وَإِلَّا فَاقْتُلُوهُ فَإِنَّهُ كَافِرٌ». وَقَالَ: «اذْهَبُوا فَادْفِنُوا صَاحِبَكُمْ»} (أخرجه مالك في الموطأ: ٦٠٤، ومسلم: ٥٩٧٧، وأبو داود: ٥٢٥٧).**

کورتەکـەی ئەوەیـە کـە پیاوێـك تـازە ژنی هێنـاوە، لە جەنگـی خەنـدەق دا مۆڵەتی لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەرگرتـوە، لـە کاتـی نیـوەڕۆدا، بچێتـەوە لای مـاڵ و خێزانـی، پێغەمبەریـش ﷺ ئیزنـی داوە، بـەڵام فەرموویەتـی لـە جوولەکـەکان ئـاگات لـە خـۆت بـێ، کـە دەچـێ خێزانـی لەبـەر دەرگا وەسـتاوە، ئەویـش گومانـی خراپـی پـێ دەبـات و، ڕمەکـەی لـێ ڕاسـت دەکاتـەوە پێـی دابـات، یـان ئەزیەتـی بـدات، ئافرەتەکـەش دەڵـێ: ئـارام بگـرە وەرە تەماشـا بکـە، بۆچـی لـە دەرێـم! کـە تەماشـا دەکات، مارێـکی زل پاپۆچکـەی کـردوە[٢]، ئەویـش یەکسـەر ڕمەکـەی لێـدەداو دەیکـوژێ،

---

(١) الْمُكاكُّ: الْمُخّ الممصوص: ئێسكی مژراو، میسراو.

(٢) پاپۆچکەی کردوە: خۆی خڕکردۆتەوە سەریەك بە شێوەی چەند بازنەیی.

ئـەو گەنجـەش کـە لـە پشـتیوانەکان بـووە، هـەر یەکسـەر وەفـات دەکات، ئافرەتەکـە دوایـی گێڕاویەتـەوەو گوتوویەتـی: نەمزانـی مارەکـە پێشـێ تۆپـی، یـان ئـەو پێشـێ وەفاتـی کـرد، هەردووکیـان دەمـرن، دوایـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: ئـەم ماڵانـە هەندێـك ماریـان تێـدان، ئەگـەر یەكێكتـان لـەو مارانـە لـە ماڵەکانتانـدا بینـی، سـێ جـاران ئیزنـی بـدەن بـڕوا، ئەگـەر ڕۆیشـت، ئەگەرنـا بیکـوژن ئـەوە بێبڕوایـە.

{(عَوَامِرَ) واتـە: جندەکانـی چوونـە سـەر شـێوەی مـار، ئنجـا ئەگەر ڕۆیشـت باشـە، ئەگـەر نەڕۆیشـت بیکـوژن و خوێنـی حەڵاڵـە، دوای ئـەوەی سـێ جـاران دەنگتـان دا زیانتـان پـێ ناگەیەنـێ، بـەڵام بەبـێ دەنگـدان دەسـتی لـێ بوەشـێنی، دیـارە زیـان دەدا}، دوایـی پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: بـڕۆن هاوەڵەکەتـان بـە خـاك بسـپێرن.

٧- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، قَالَ: بَيْنَمَا النَّبِيُّ ﷺ جَالِسٌ فِي نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِهِ إِذْ رُمِيَ بِنَجْمٍ، فَقَالَ: مَا كُنْتُمْ تَقُولُونَ فِي مِثْلِ هَذَا فِي الجَاهِلِيَّةِ؟ قَالُوا: كُنَّا نَقُولُ يَمُوتُ عَظِيمٌ أَوْ يُولَدُ عَظِيمٌ. فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: [إِنَّهَا لَا تُرْمَى لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلَا لِحَيَاتِهِ، وَلَكِنْ رَبُّنَا سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى إِذَا قَضَى أَمْرًا فِي السَّمَاءِ، سَبَّحَ حَمَلَةُ الْعَرْشِ ثُمَّ سَبَّحَ أَهْلُ كُلِّ سَمَاءٍ، حَتَّى يَنْتَهِيَ التَّسْبِيحُ إِلَى هَذِهِ السَّمَاءِ، وَيَسْتَخْبِرُ أَهْلُ السَّمَاءِ حَمَلَةَ الْعَرْشِ: مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ؟ فَيُخْبِرُونَهُمْ، وَيُخْبِرُ أَهْلُ كُلِّ سَمَاءٍ حَتَّى يَنْتَهِيَ الْخَبَرُ إِلَى هَذِهِ، فَتَتَخَطَّفُ الْجِنُّ، فَيُرْمَوْنَ، فَمَا جَاءُوا بِهِ فَهُوَ حَقٌّ، وَلَكِنَّهُمْ يَزِيدُونَ فِيهِ]}[1].

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس رضي الله عنهما، دەڵـێ: لـە کاتێکـدا پێغەمبـەر ﷺ لەگـەڵ کۆمەڵێـك لـە هاوەڵانـی دانیشـتبوو (دیـارە شـەو بـووە)، {بریسـکەیەك لـە ئاسـمانەوە هـات}، ئەسـتێرەیەك هاویشـترا، (پێغەمبـەر ﷺ) فەرمـووی: لـە سـەردەمی نەفامییـدا چیتـان بەمـە دەگـوت (ئەگـەر بڵێسـەیەك لـە ئاسـمان دەردەکـەوت لـە شـەودا)؟ گوتیـان: دەمانگـوت: یـان پیاوێکـی مـەزن دەمـرێ، یاخـود کەسێکی مـەزن لـە دایـك دەبـێ، پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: ئـەو بڵێسـانە نـە بـۆ مردنـی کـەس و نـە بـۆ ژیانـی

(١) الجامع لأحكام القرآن ٦١٢٤.

کەس ناهاویشترێن، بەڵام پەروەردگارمان کاتێك فەرمانێك دەر دەکات، هەڵگرانی عەرش خوا بە پاك دەگرن، دوایی دانیشتووانی هەر ئاسمانێك خوا بە پاك دەگرن، هەتا ئەو خوا بە پاکگرتنە دێتە ئەم ئاسمانە، واتە: ئاسمانی نزیك لە زەوی، {ئاسمانی یەکەم بە نسبەت ئێمەوە}، ئنجا هاوەڵانی، یاخود دانیشتووانی ئاسمان لە هەڵگرانی عەرش دەپرسن: پەروەردگارمان چی فەرموو؟ ئەوانیش هەواڵیان پێدەدەن، {واتە: دانیشتووانی ئاسمان حەوتەم --- ئەگەر ئاسمانی دنیا یەکەم بێ - لە هەڵگرانی عەرش دەپرسن}، دوایی ئەوانیش هەواڵ دەدەنە ئاسمانی دواتر، ئیدی ئەو هەواڵە ئاسمان بە ئاسمان دێ تاکو ئەم ئاسمانە {یانی: ئاسمانی یەکەم ئاسمانی نزیکتر}، ئنجا جند دەیانەوێ {ئەو هەواڵەی فریشتەکان ئاسمان بە ئاسمان هێناویانە، هەتا هاتۆتە ئاسمانی دنیا}، ئەو هەواڵە بدزن، ئەوانیش تیرباران دەکرێن، ئنجا ئەو هەواڵە ئەگەر بتوانن بیگەیەننە سەر زەوی راستە، بەڵام لێی زیاد دەکەن.

ئێمە لەو بارەوە چەند فەرموودەیەکمان هێناون، هەم لە تەفسیری سوورەتی (**الحجر**)دا، هەم لە تەفسیری سوورەتی (**الشعراء**)دا، کە دەفەرموێ: هەواڵێکی راست دێنن، دوایی نەودوو نۆ درۆی لەگەڵدا تێکەڵ دەکەن، خەڵك بەهۆی راستەکەوە بڕوا بە نەوەدو نۆ درۆیەکەشیان دەکات.

ئەمە ئەو حەوت دەقە بوون کە بە باشم زانی بیانهێنم، هەرچەندە لە رووی سەنەدیشەوە هەموویان لە یەك ئاستدا نین، ڕەنگە هەندێکیان لە بارەی سەنەدەکەیانەوە مشت و مڕ لە نێوان زانایاندا هەبێ، بەڵام بە باشم زانی ئەو حەوت دەقە بێنم بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕۆشنتر بێ.

بڕگەی حەوتەم: شەیتانەكان و گوێگرتنیان لە قسەی فریشتان:

پێشتریش ئامـاژەم پێـدا، كـە لـە تەفسـیری سـوورەتی (**الحجـر**)دا باسـێكی تـا ڕاددەیـەك تێـرو تەسـەلم لـەو بـارەوە كـردوە: (كورتـە باسـێك دەربـارەی گوێگرتنـی شـەیتانەكان لـە هەواڵـی ئاسـمان و، بەردبـاران كردنیـان بـە بڵێسـەی ئەسـتێران).

گوتوومـە: ئـەو بابەتـە بـەلای كەمـەوە لـە حـەوت سـوورەت لـە سـوورەتە موبارەكەكانـی قورئانـدا هاتـوە، كـە دوایـی لـە سـوورەتی (**الشعراء**)یشـدا باسـم كردۆتـەوە، هەروەهـا لـە سـەرەتای تەفسـیری سـوورەتی (**الصافات**)یشـدا چەنـد شـتێكم لـەو بـارەوە باسـكردوە.

ئێسـتاش ئـەوەی لێـرەدا بەباشـم زانـی بیڵێـم، ئەوەیـە كـە ڕاسـتەوخۆ لـە بەرگـی دوازدەیەمـی تەفسـیرەكەی خـۆم، بیگوازمـەوە، {تەفسـیری قورئانـی بـەرزو بەپێز}، كە تەفسـیری سـوورەتەكانی: (**الرعـد** و **إبراهیـم** و **الحجـر**)ی تێـدان [1]، ئەنجامگیرییـەك، كـە لـە لێكۆڵینەوەكـەم لـەو بـارەوە كردوومـە، لـە یـازدە خاڵـدا هێناومـەو لێـرەش دا ئـەو یـازدە خاڵـە دەخەمـەڕوو:

١- ئەوەی بە چرایان {(**مصابیح**) كۆی (**مصباح**)ە، كە مەبەست ئەستێرەكانە}، ڕازێنراوەتەوەو شەیتانەكانیش دەرفەتی گوێ تێدا هەڵخستنییان هەیە، ئاسمانی یەكەمە، وەك لە فەرموودەكەی پێغەمبەر ﷺ یش دا هاتوەو، لە سوورەتی (**الصافات**) ئایەتی (٦): ﴿ إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِزِينَةٍ ٱلۡكَوَاكِبِ ﴾و، سوورەتی (**الملك**) ئایەتی (٥): ﴿ وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلۡنَٰهَا رُجُومٗا لِّلشَّيَٰطِينِۖ وَأَعۡتَدۡنَا لَهُمۡ عَذَابَ ٱلسَّعِيرِ ﴾و، سوورەتی (**فصلت**) ئایەتی (١٢): ﴿ فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴾دا، هاتوە، چونكە (**السَّماء الدنیا**): ئاسمانی نیزیكتر، چونكە (**الدُّنْیَا**) (**مؤنث**)ی (**أدْنَى**)یە، واتە: نزیكتر، یانی: ئەو ئاسمانەی لێتانەوە نیزیكترە، ئنجا ئەو ئاسمانەی لە ئێمەوە نیزیكترە،

---

(١) بڕوانە: لاپەڕە: ٥٦٩ - ٥٧٣، چاپی یەكەم.

ئاسمانی یەکەمەو لە سەرووی ئەوەوە ئاسمانەکانی: دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم، هەن، تاکو دەگاتە سەرێ، درەختی کۆتایی (سِدْرَةُ الْمُنْتَهَى) و، دەگاتە عەرشی خوای پەروەردگار.

٢- مەبەست لە پاراستنی ئاسمان، ئاسمانی یەکەم، پاراستنیەتی لەوەی شەیتانەکان گوێی تێدا هەڵبخەن لە قسەی فریشتان، بە بەڵگەی ئەوەی خوا دەفەرموێ: ﴿ لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰ وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ ﴿٨﴾ ﴾الصّافات، واتە: ناتوانن گوێ بگرن بۆ کۆمەڵی سەرێ (فریشتەکان)و، لە هەموو لایەکەوە تیرباران دەکرێن.

٣- لە نێوان فەرمایشتی خوادا کە دەفەرموێ: ﴿ لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰ وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ ﴿٨﴾ ﴾الصّافات و، ئایەتی ژمارە (١٨) لە سوورەتی (**الحجر**)دا: ﴿ إِلَّا مَنِ ٱسْتَرَقَ ٱلسَّمْعَ ﴿١٨﴾ ﴾، مەگەر کەسێك گوێ هەڵبخاو قسەیەك بە پەنهانیی وەربگرێ، لە نێوان ئەو دووەدا کە هی یەکەمیان دەفەرموێ: گوێ بۆ کۆڕی باڵا ناگرن و لە هەموو لایەکەوە تیر باران دەکرێن، ئەوی دیکەش کە دەڵێ: مەگەر کەسێك قسەیەك بدزێ، لە نێوان ئەو دووانەدا هیچ تێکگیرانێك نیە، چونکە ئەوەی پێشێ دەفەرموێ: گوێ ناگرن، واتە: بە کەیفی خۆیان و بە شێوەیەکی ئاسایی و بە ئاسانیی گوێ ناگرن، ئەوی دیکەش دەڵێ: گوێ هەڵدەخەن و بە پەنهانیی وشەیەك دەدزن، مانای وایە حاڵەتێکی نائاساییە.

٤- پاش هاتنی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ ئەو ڕێ لێگرتنەی شەیتانەکان قورستر بوو، بە بەڵگەی ئایەتی ژمارە (٩) لە سوورەتی (**الجن**): ﴿ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْـَٔانَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾ ﴾، جندەکان دەڵێن: ئێمە پێشتر لە ئاسمان دادەنیشتین گوێمان هەڵدەخست، بەڵام ئێستا هەر کەس گوێ هەڵبخات، بڵێسەیەکی ئاگر بۆی لە بۆسە دایە، ئنجا مەرج نیە، تەنیا بە هاتنی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ ئەو ڕێیە بەسترابێ، بەڵکو دەگونجێ بە نسبەت هەموو پێغەمبەرانەوە هەر وابووبێ، بەڵام لە نێوان هاتنی پێغەمبەر عیسادا تاکو هاتنی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد، لەو ماوەیەدا کە شەشسەد ساڵێك بووە، ئەو ڕێیە کراوەتەوە، چونکە وەحیی بۆ پێغەمبەران نەهاتوە تاکو ڕێیەکە ببەسترێ، بۆیە ئەو پاسەوانییکردن و ئێشکگرتنەی

فریشتەکان و هاویشتنی بڵێسە ئاگرەکان لە ئاسمان، کە شەیتانەکان نەچن گوێ نەگرن، ئەو پارێزگارییکردنە بەو شێوەیە نەماوە، چونکە کە وەحیی نەیەت مەترسیی ئەوە نیە شەیتانەکان بیدزن و بیگەیەنن بە کاهین و جادووگەرەکان.

هەرچەنـدە دەشـگونجێ تایبـەت بووبـێ بـە پێغەمبـەر موحەممـەدەوە ﷺ بـەڵام مـن وای تێدەگـەم بـۆ هەمـوو پێغەمبـەران هـەر وابـووە، بـەڵام ئـەوەی لـە مـاوەی ئـەو (٦١٠) سـاڵەدا، کـە کەوتۆتـە نێـوان لـە دایـك بوونـی عیسـا عليه السلام و نێـررانی موحەممـەدەوە ﷺ، کـە عیسـا عليه السلام ئەگـەر لـە سـاڵی یەکـی زایینـی لـە دایـك بووبـێ، موحەممـەد ﷺ لـە سـاڵی (٥٧١) لـە دایـك بـووەو لـە (٦١٠) زایینیـدا وەحیـی بـۆ هاتوە، ئنجـا لـە مـاوەی لـە دایـك بوونـی عیسـا عليه السلام تاکـو وەحیـی بۆ هاتنـی موحەممـەد ﷺ، کـە (٦١٠) سـاڵە، لـەو ماوەیـەدا ئـەو ڕێیـە تاڕاددەیـەك ئاسـایی کراوەتـەوەو، جنـدەکان وایـان زانیـوە هـەر وابـووە، چونکـە ماوەیەکـی زۆر بـووەو چەنـد سـەدەی پێچـوون.

هەڵبەتـە ئەمـە بۆچوونـی خۆمـەو لـە هیـچ کتێبێـك دا نەمبینیـوە، بـەڵام وای تێدەگـەم و، دەشـگونجێ لـە تەفسـیرو کتێبـی دیکـەدا باسـکرابێ و نەمبینیبـێ.

٥- بە پێی مانای زانراو و ڕواڵەتیی ئایەتەکان، مەبەست لە بڵێسەباران، یان تیرباران کردن کە چەند وشەیەك لەو بارەوە هاتوون: (١- **قَذْف**، ٢-**رُجُوم**، ٣-**شُواظٌ مِن نَار وَنُحَاس**، ٤-**شِهَاباً رَصَداً**، ٥-**شِهابٌ ثَاقِب**)، ئەو پێنج وشەیە هاتوون، مەبەست لەو حاڵەتەی ئەو وشانەی بۆ بەکارهاتوون، هاویشترانی پارچە وردە جیابووەوەکانە لە ئەستێرەو خڕۆکەکان، دوای ئەوەی ئەو ئەستێرەو خڕۆکانە لە بەین دەچن، یاخود لە کاتی سووڕانیان دا پارچەیان لێ دەبنەوە، وەك پێشتریش لە ڕووی زانستییەوە باسمان کردوە، لە تەفسیری سووڕەتی (الحجر)دا.

٦- بە پێی فەرموودەی ژمارە (٤٩٢١) لە صەحیحی بوخاریی، ڕێی ئاسمان لە شەیتانەکان گیراوە، بەڵام تەنیا ڕێیان لێ تەنگ و زەحمەت کراوە، نەك یەکجاریی بەسترابێ، چونکە ئایەتەکان کە دەفەرموون:

أ- ﴿ إِلَّا مَنِ ٱسْتَرَقَ ٱلسَّمْعَ ﴿١٨﴾ ﴾الحجر.

ب- ﴿ إِلَّا مَنْ خَطِفَ ٱلْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُۥ شِهَابٌ ثَاقِبٌ ﴿١٠﴾ ﴾**الصّافات**، ماناى وايە بوارى رفاندنى وشەيەك و، گوێ هەڵخستنێكى بە پەنهانيى ماوە، بەڵام لەگەڵ مەترسيى فەوتانى ئەو شەيتانەدا كە دەيەوێ ئەو زانيارييە بدزێ.

٧- بە پێى فەرموودەى ژمارە: (٤٧٠١) لە صەحيحى بوخاريى، كە پێشتر دەقى فەرمايشتەكەم هێناوە، شەيتانەكان پێكەوە هاوكاريى دەكەن لە گەياندنى ئەو هەواڵەدا كە لە فريشتانى دەدزن، چونكە (سوفيان كە يەكێكە لە ڕاوييەكانى ئەو دەقە)، واى وێنا كردوە كە ئەويش گوێى لە هى پێش خۆى و، ئەويش لە هى پێش خۆى بووە، كە پێغەمبەر ﷺ ئەوەى بۆ وێنا كردوون و پەنجەكانى دەستى ڕاستى لەسەر يەك ڕاگرتوون و، فەرموويەتى ئەوەيان دەيگەيەنێ بەوە، ئەوە دەيگەيەنێ بەوە، ئەوە دەيگەيەنێ بە هى خوارێ بەو شێوەيە، مەبەست ئەوە بووە كە شەيتانەكان هاوكاريى يەكدى دەكەن و، مەرج نيە ئەوەى هەواڵەكە دەدزێ بمێنێ، ڕەنگە بەرى بكەوێ، بەڵام بەر لەوەى بفەوتێ بە خوار خۆى دەگەيەنێ، ئەويش بەهى خوار خۆى، تاكو دەگاتە سەر زەوى.

٨- بە پێى فەرموودەى ژمارە: (٤٧٠١) لە صەحيحى بوخاريى، ئەوە جادووگەرەكانن كە شەيتانەكان ئەو جۆرە هەواڵانەيان بۆ دەبەن، جادووگەران و ئەوانەى لەگەڵ شەيتاندا سەروكاريان هەيە، ئنجا ئەگەر جادووگەريان پێ بگوترێ، ياخود فاڵچييان پێ بگوترێ، يان كاهينيان پێ بگوترێ، يان عەرڕافيان پێ بگوترێ، هەتا دوايى، گرنگ ئەوەيە شەيتانەكان ئەو جۆرە هەواڵانە بۆ ئەو جۆرە كەسانە دەبەن.

٩- هەروەها بەپێى فەرموودەكانى ژمارە: (٤٧٠١ و ٦٢١٣) لە صەحيحى بوخاريیدا، جادووگەرەكان درۆى زۆر دەخەنە گەڵ هەواڵە دزراوەكان و، زۆر پەنهانكارانە هەواڵەكە دەگەيەنن بە جادووگەرەكان، ئەوانەى سەروكاريان لەگەڵ شەيتان دا هەيە، واتە: ئەو شەيتانە هەواڵێكى ڕاست دەدزێ لە فريشتەكانى گوێ لێ دەبێ، بەڵام دوايى

درۆی زۆری دەخاتە گەڵ و دەیچکێنێتە[1] گوێی ئەو کاهین و جادووگەرانە، ئەویش بەهۆی هەواڵە ڕاستەکەوە، خەڵك متمانەی پێ دەکات و (٩٩) درۆکەشیان بەسەردا ساغ دەکاتەوە.

١٠- بە پێی ئایەتەکان و بەپێی فەرموودەکانیش، ئەو شەیتانانەی ئەو هەوڵانە دەدەن کە هەواڵی ئاسمان بدزن، بەردباران دەکرێن و دەسووتێنرێن و دەردەکرێن، چونکە خوا ئەو وشانەی بۆ بەکارهێناون:

أ- ﴿فَأَتْبَعَهُۥ شِهَابٌ ثَاقِبٌ ﴿١٠﴾﴾الصّافات، بڵێسەیەکی کونکەر، یاخود سووتێنەر شوێنی کەوت و پێی کەوت.

ب- ﴿فَأَتْبَعَهُۥ شِهَابٌ مُّبِينٌ ﴿١٨﴾﴾الحجر، بڵێسەیەکی ڕوون شوێنی کەوت و وێی کەوت.

ج- ﴿وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ ﴿٨﴾﴾الصّافات، لە هەموو لایەکەوە تیرباران دەکرێن، کەواتە: بەپێی ئایەتەکان ئەوانە هیچیان سەلامەت نابن.

١١- ئەو هەواڵانەی شەیتانەکان دزیویانن و دەیاندزن، هیچ پەیوەندییان بە وەحییەوە نیە، بە بەڵگەی فەرمایشتی خوا: ﴿وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ ٱلشَّيَٰطِينُ ﴿٢١٠﴾ وَمَا يَنۢبَغِى لَهُمْ وَمَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٢١١﴾ إِنَّهُمْ عَنِ ٱلسَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ ﴿٢١٢﴾﴾الشعراء، واتە: شەیتانەکان دایان نەبەزاندوە (واتە: قورئان)، بۆیان ناگونجێ وناشتوانن، ئەوانە لە گوێگرتن دەیچکێنێتە.

(لە وەحیی و پەیامی خوا) کەنارگیرکراون (دوورخراونەوە).

چونکە وەحیی خوا بە جیبریل دا ناردوویەتی بۆ پێغەمبەران، هەر لە ئادەمەوە تاکو پێغەمبەری کۆتایی و خاتەم، بەڵام شەیتانەکان گوێ لە فەرمایشت و ڕێنمایی دیکەی خوا دەگرن، کە بۆ فریشتەکانی دەنێرێ، کە ئێستاش ئەوە هەر هەیە، چونکە خوا بەردەوام فەرمانکردن و ڕێنمایی کردنی هەیە بۆ

---

(١) دەیچکێنێتە: بە شێنەیی و وەستایی دەیخاتە نێو، وەك دڵۆپە ئاوێك یان قەترەیەك..

فریشـتەکان، بۆیـە شـەیتانەکان ئێسـتاش ئـەو هەوڵانـە هـەر دەدەن، بـەڵام مـەرج نیـە تێیانـدا سـەرکەوتوو بـبن.

برگـەی هەشـتەم: هەڵوەسـتەیەك لـە بەرانبـەر قسـەی هەندێـك لـە زانایـان لـە بەرانبـەر جنـددا:

بۆیـە بـە باشـم زانـی ئـەو هەڵوەسـتەیە بکەیـن، چونکـە تەفسـیری: (**محاسـن التأویـل**)ی (**جـمال الدیـن القاسـمي**)[1]، هەنـدێ قسـەی هێنـاون، کـە دواییـش (**د.محمـد راتـب النابلـسي**)[2]، هەمـان قسـەی هێنـاون، ئنجـا ئایـا هـەر لـە (**جـمال الدیـن قاسـمي**)ەوە هێناونـی، یـان لـە سـەرچاوە ئەسـڵییەکەی خۆیـەوە: (**عبدالـرزاق بـن أحمـد القاشـاني**)، ئـەو دوو ڕوونکەرەوەیـەی قورئـان خـوا پاداشـتیان بداتـەوە، چەنـد قسـەیەکیان لـە (**عبدالـرزاق بـن أحمـد القاشـاني**)ەوە هێنـاوە، بەبـێ ئـەوەی هیـچ تەعلیقیـان لەسـەر بـدەن، کـە ڕەنگـە تەفسـیری دیکـەش هەبـن، هـەر لـە قاشـانییەوە ئـەو عیبارەتەیـان هێنابـێ.

(**قَـالَ القَاشَـانِي: قَـدْ مَـرَّ أَنَّ فِي الوُجُـودِ نُفُوسَـاً أَرْضِيَّـةً قَوِيَّـةً، وَتَتَجَـرَّدُ مُتَعَلِّقَـةً بِأَجْـرَامِ عُنْصُرِيَّـةٍ لَطِيْفَـة، غَلَبَـتْ عَلَيْهَـا الهَوَائِيَّـةُ أو النَارِيَـةُ أو الدُّخَانِيَّـةُ، عَـلَى اخْتِـلَافِ أَحْوَالِهَـا، سَـمَّاهَا بَعْـضُ الحُكَـمَاء، الصُّـوَر المُعَلَّقَـة، وَلَهَـا عُلُـومٌ وَإِدْرَاكَاتٌ مِـنْ جِنْـس عُلُومِنَـا وَإِدْرَاكَاتِنَـا**).

پێشـتر قاشـانی ئامـاژە دەکات بـە هەنـدێ قسـەی خـۆی و دوایـی دەڵـێ: پێشـتر باسـمان کـرد کـە لـە بوونـدا هەندێـك ڕووحـی زەمینیـی بەهێـز هـەن، ئنجـا ئـەو ڕووحانـە خۆیـان دادەڕنـن و پەیوەسـت دەبـن بـە هەندێـك توخمـی لەتیـف و پەنهانـەوە، کـە حاڵەتـی هەواییـان بەسـەردا زاڵـە، یـان حاڵەتـی ئاگریـی، یـان حاڵەتـی دوو کەڵیـی، بەپێـی حاڵـە جیاوازەکانیـان، کـە هەنـدێ لـە حەکیمـەکان ناویـان لەوانـە

---

(١) بەرگی (٩) جوزئی (٢٩)، لاپەڕە: ٢٠٢.

(٢) بەرگی (١٠)، لاپەڕە: ١٠٧.

ناوە: وێنە هەڵواسراوەکان، ئەوانە زانیارییان هەیەو پەی پێبردنیان هەیە، لە شێوەی زانیاریی و پەی پێبردنەکانی ئێمە.

هەڵوەستەکەی منیش ئەوەیە:

خوا ﷻ ناوی لە (جِنّ) ناوە (جینن)، ئنجا دەگونجێ ئێمە هەر ناوە عەرەبییەکەی خوا لێیناون بەکاری نەهێنین، بۆ وێنە: (جن) لە زمانی ئینگلیزییدا هەر (Jinn) جینن و، لە زمانی هیندیی دا ناوێکی دیکەو، لە زمانی فەڕەنسیی دا ناوێکی دیکە، ئەوە دەگونجێ، وەك چۆن لە زمانی کوردیی بە (جِنّ)، هەم (جند) دەگوترێ، هەم (جنۆکە) دەگوترێ، هەندێکیش (پەریی) دەڵێن، بەڵام ئەگەر بە قسەی فەیلەسووفان (**حُکَماء**) ئەوەی خوا فەرموویەتی تەفسیری بکەین و، لە خۆمانەوە شتێك کە لە قورئان و سوننەتدا نیە، بیخەینە سەر ئەو فەرمایشتانەی خوا، ئەوە شتێکی هەڵەیە، دەربارەی جند خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَخَلَقَ ٱلْجَآنَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ ﴿١٥﴾ ﴾**الرّحمن**، جندمان لە بڵێسەی ئاگر دروستکردوە، ئنجا یەکێك هەر لە خۆوە بڵێ: ئەوانە سێ جۆرن:

أ- هەندێکیان هەوایین، ب- هەندێکیان ئاگریین، ج- هەندێکیان دووکەڵیین، بە دڵنیایی ئەوە قسەیەکە (**ما أنزل الله بها من سلطان**)، خوا هیچ بەڵگەی لەسەر دانەبەزاندوە، لە بارەی نادیارو پەنهانیشەوە، ئێمە لە ڕێی بیستنەوە غەیب و پەنهان دەزانین و، لە ڕێی زانیارییەکەوە کە بە پێنج هەستەکان و بە عەقڵ و بە ئەزموون پەیدای دەکەین، ئێمە غەیب و پەنهان نازانین، دەبێ تەنیا لە ڕێی بیستنەوە، هەوڵی زانینی پەنهان (**غَیب**) بدەین و خوا چیمان پێ دەفەرموێ، وەحیی چیمان پێ دەفەرموێ، وەری بگرین و ئەوەندەی وەحیی فەرموویەتی، هەر ئەوەندە لەو بارەوە قسە بکەین، بۆیە بە باشم زانیی ئاماژەیەك بەو مەسەلەیە بکەم و لە ڕاستییدا ئەوە شتێکی هەڵەیە، هەر لە خۆمانەوە بڵێین: جند هەندێکیان لە دووکەڵن و، هەندێکیان هەوایین، هەندێکیان ئاگریین، لە کاتێکدا خوا بە ڕوون و ڕاشکاویی دەفەرموێ: جندمان لە ئاگر دروست کردوە.

بڕگەی نۆیەم و كۆتایی: چەند وردە زانیارییەكی تایبەت لە بارەی جندەوە:

هەمـوو لایـەك لەسـەرمان پێویسـتە، بەپێـی توانـا ئـەو شـتانەی خـوا هەواڵـی پێـداون لێیـان بكۆڵینـەوە، منیـش بەڕاسـتیی زۆر لـە بـارەی جنـدەوە پشـكنین و لێكۆڵینـەوەم كـردوە، هەڵبەتـە لەبـەر ڕۆشـنایی ئایەتەكانـی قوڕئان و فەرمایشـتەكانی پێغەمبـەردا، بـەڵام هـەر لـە بازنـەی شـەریعەت دا دەگونجـێ هەنـدێ وردەكاریـی دیكـەی زیاتریـش بزانیـن.

ئنجا من لە سێ خاڵان دا، هەندێ وردە زانیاریی دیكە دەخەمەڕوو:

خاڵی یەكەم: لە بواری بەرزبوونەوەیان بۆ ئاسمان دا:

١- چوونی جند بۆ ئاسمان:

بەپێـی ئـەوەی مـن لێـم كۆڵیوەتـەوە، نـەك ڕاسـتەوخۆ، بەڵكـو لـە ڕێـی خەڵكـی دیكـەوە، كـە جنـد چۆتـە نێـو جەسـتەیان و قسـەیان بۆ مـن كـردوە، یان بە شـێوەیەك لـە شـێوەكان پێـم گەیشـتوە، كـە ئـەوە تەنیـا كاتـی خـۆی بـووەو ئێسـتا نەمـاوە، جندەكانـی ئێسـتا وا دەڵێـن، كـە مەرجیـش نیـە زانیارییەكانیـان هەموویـان تـەواو بـن، دەڵێـن: ئێسـتا كەسـمان پـێ شـك نایـەت ئـەو هەوڵانـە بـدات، چونكـە هـەر كـەس ئـەو هەوڵانـەی داون لـە ڕابـردوودا، بـە سـاغی نەگەڕاوەتـەوەو هەموویـان فەوتـاون.

٢- ئایا ئەو بڵێسانەی پێیان تیرباران دەكرێن چین؟:

جندەكانیـش دەڵێـن: هـەر ئـەو پارچانـەن كـە لـە ئەسـتێرەو خڕۆكـەكان جیـا دەبنـەوە، بـەڵام دەڵێـن: دەگونجێ شـتی دیكـەش هەبێ كە فریشـتەكان شـەیتانەكانی پـێ تیربـاران بكـەن، واتـە: مـەرج نیـە بـەس ئـەو پارچـە ئەسـتێرەو خڕۆكانـە بـن، كـە خـوای پەنهانـزان بـە ڕاشـكاویی وا دەفەرمـوێ: ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَجَعَلْنَٰهَا رُجُومًا لِّلشَّيَٰطِينِ ۝٥﴾ الملـك، یـانی: هـەر ئـەو ئەسـتێرانەی كردوومانـن بـە

چرا بۆ ئاسمانی نیزیك لە ئێوە، کردووشمانن بە ئامرازێك بۆ تیرباران کردنی جندەکان، واتە: بە پلەی یەکەم هەر ئەو پارچانەن، بەڵام جندەکان دەڵێن: دەگونجێ هەندێ شتی دیکەش فریشتەکان جندەکانی پێ تیرباران بکەن.

٣- ئایا فریشتەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە لەوەدا؟:

جندەکان دەڵێن: ئەوان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، بەڵام ئایا ئەوە چۆنە؟ چونکە ئەو پارچە ئەستێرانە، کە (**شهب**)یان پێ دەگوترێ، کە کۆی (**شِهاب**)ە، واتە: بڵێسەو، (**نَيْزك**) کە بە (**نيازِك**) کۆ دەکرێتەوە، کە ئەگەر تەواو نەسووتێ و هەندێکی لێ بمێنێ و بکەوێتە سەر زەوی، پێی دەگوترێ نەیزەك و، ئەگەر هەمووی بسووتێ، پێی دەگوترێ: (**شِهاب**)، ئەوانە بە دڵنیاییی کاتی خۆیشی هەر بوون، بەبێ ئەوەی لە شەیتانەکانیش بگیرێن، بەردەوام ئەو پارچانە دێن بەرەو بەرگە هەوای زەوی، کە بە مەزەندەی هەندێك لە زانایان دەڵێن: نزیکەی ملیۆنێك بەرد لە شەو و ڕۆژێکدا بەرەو بەرگە هەوای زەوی دێن، ئنجا ئایا فریشتەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە؟ دەڵێین: مەرج نیە ڕۆڵی فریشتەکان تەنیا هاویشتنی ئەو پارچە نەیزەکانەو ئەو پارچە بڵێسانە بن، بەڵکو دەگونجێ ڕۆڵەکەیان بە شێوەی دیکەش بێ، کە ئەوە تاکو ئێستا بۆ من ڕوون نەبۆتەوە.

٤- ئایا مەبەستی شەیتانەکان لەو موغامەرەیەی دەیکەن، چییە؟!:

وا دیارە مەبەستی شەیتانەکان هەر ئەوەیە کە یارمەتیی جادووگەرەکان و فاڵچییەکان بدەن، بەپێی حەدیسەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ و، بەپێی ئەوەش کە من پرسیومەو سۆراغم کردوە.

٥- ئایا جندی مسوڵمانیش ئەو هەوڵە دەدەن؟

وەك من لێم پرسیون، دەڵێن: نەخێر، چونکە ئەوانەی ئەو هەوڵە دەدەن، یان ئەو هەوڵەیان داوە، یان ئەگەر ئێستاش گریمان هەوڵێکی وا هەبێ، هەر

بـۆ یارمەتییـدان و هاوکارییکردنـی جادووگەرەکانـە، جنـدی مسـوڵمانیش هاوکاریـی جادووگـەرو فاڵچییـان ناکـەن، کـە سـەر لـە خەڵـك دەشـێوێنن و درۆو دەلەسـەیان بـۆ دەکـەن.

خاڵی دووەم: لە بواری هەڵسوکەوتی جند لەگەڵ مرۆڤدا:

١- پرسیارم کردوە: ئایا لێ خواردنی شەیتان لە خۆراك و شلەمەنیی چۆنەو، چ کاریگەرییەکی نەرێنیی (سَلبي) هەیە، لەسەر خواردنەکەو خواردنێك کە لێیان خواردبێ، جیاوازیی چییە لە خواردنێك کە لێیان نەخواردبێ؟ بەپێی قسەی ئەوان دەڵێن: ئێمە کە لە خواردن دەخۆین، شەیتانەکان تەنیا دەتوانن لە خواردنێك بخۆن، کە (**بسم الله**)ی لێ نەکرێ، دەڵێن: بەڵام ئێمەی جندی مسوڵمان خواردنێك کە (**بسم الله**)ی لێ بکرێ، باشتر بۆمان دەخورێ، بەڵام هیچ زیانی پێ ناگەیەنین.

ئـەدی ئایـا شـەیتانەکان چ زیانێـك لـەو خواردنـەی لێـی دەخـۆن دەدەن؟ دەڵێـن: خواردنەکـە بـێ پێـز دەکـەن، بـەو واتایـە: بابـای کـە دەیخـوات پێـی تێـر ناخـوات، بـەڵام ئەگـەر شـەیتانەکان لەگەڵـی نەخـۆن، ئاسـانترو زووتـر تێـر دەخـوات، دیـارە لـە فەرمایشـتی پێغەمبەریشـدا ﷺ هەیـە، کـە کەسێك پێـش ئـەوەی مسـوڵمان بـێ تێـری نەدەخـواردو هێنـدەی حـەوت کەسـی دەخـوارد، کە چـی دوای ئـەوەی مسـوڵمان بوو، کەمـی خـوارد، دوایـی پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: مسـوڵمان لـە ڕیخۆڵەیەکـدا دەخـوات، یاخـود لـە گەدەیەکـدا، بـەڵام کافـر لـە حـەوت گـەدەدا دەخـوات[1]، لەبـەر ئـەوەی شـەیتان خواردنەکـەی لـێ بـێ پێـز دەکات و، وای لـێ دەکات پێـی تێـر نەخـوات.

٢- لە ڕووی جینسییەوە، تا چ ڕاددەیەك جند تێکەڵییان هەیەو شوێنەواری چییە؟

چونکـە (**إبـن تیمیـة**)ش ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ لـە (**مجمـوع الفتاوی**)کەیـدا بـاس دەکات و، گوایـە ئیـمام مالیکیـش پرسـیاری لێکـراوە لـەو بـارەوەو دەبـێ گوتبـێ:

---

(١) {إِنَّ الْمُؤْمِـنَ يَـأْكُلُ فِي مِعًـى وَاحِـدٍ، وَإِنَّ الْكَافِـرَ أَوِ الْمُنَافِـقَ يَـأْكُلُ فِي سَـبْعَةِ أَمْعَـاءٍ} أخرجـه البخـاري: ٥٠٧٩، ومسـلم: ٢٠٦١، والترمـذي: ١٨١٨، وابـن ماجـه: ٣٢٥٧.

کاریگەریــی و تێکەڵبیــان هەیــە! بــەڵام ئــەوەی بــۆم دەرکەوتــوەو لێــم پرســیون، ئەوەیـە کـە جنـد هیـچ کاریگەرییەکـی جینسـییان نیـە، لەسـەر مرۆڤـەکان و ڕاسـت نیـە کـە بگونجـێ بەشـداریی بکـەن، هەتـا لێـم پرسـین کـە لـە هەنـدێ تەفسـیراندا دەڵێـن: لـە کاتی جیـماع دا جنـد خـۆی لـە زەکـەری پیـاو دەئاڵێنـێ، ئەگـەر نـاوی خـوا نەهێنـێ، ئایـا ئـەوە ڕاسـتە؟ گوتیـان: بەپێـی زانیاریـی ئێمـە ئـەوە ئەسـڵ و ئەساسـی نیــە، هەرچەنــدە لــە هەنــدێ لــە تەفســیران دا هاتــوەو لــە زانایانــی تابیعینــەوە گێڕدراوەتــەوە، بــەڵام گریــمان ســەنەدی ئــەو گێڕراوەیــەش ڕاســت بــێ، دەگونجــێ ئـەو جنـدەی پرسـیاری لێکـراوە، ڕاسـتی وەڵام نەدابێتـەوە، بـەڵام بـە دڵنیایـی بەهیـچ جۆرێـك ناگونجـێ وەچـە لـە نێـوان مـرۆڤ و جنـددا پەیـدا ببـێ، چونکـە هەنـدێ لـە زانایـان ئەوەشـیان گوتـوە! چونکـە ئەوانـە دوو جـۆری مەخلووقـی جیـان و بـە هیـچ جۆرێـك هیـچ مەخلووقێـك لـە کـۆی ئـەو دووانـە پەیـدا نابـێ، جنـد هـەر وەچـەی خۆیـان هەیـەو مرۆڤیـش وەچـەی خۆیـان هەیـە.

٣- لەو بارەوە کە ئایا جند دەتوانن بچنە نێو جەستەی مرۆڤەوە؟ ئەوان بە ڕاشکاویی و بەڕوونیی دەڵێن: بەڵێ، هەڵبەتە بە لای منیشەوە ئەوە شتێکی زۆر ڕوونەو خۆشم ئەزموونم کردوە، کەسێك کە جند چۆتە نێو جەستەی، دواندوومەو بە هەر حاڵ پێم وایە ئەوە لە بەڵگە نەویستەکانەو پێویستیشیی بە بەڵگەی نەقڵیی ناکات، شتێك کە ئەزموونیی و بەرهەست بێ، حەوجێی بەڵگەی نەقڵیی نیە، قەڵەمێك شین دەنووسێ، پێویست ناکات، بگوترێ: بەڵگەمان چییە لە قوڕئان و سوننەت؟ تەجرەبەی بکەو دیارە، ئەو شتانەی بە عەقڵ و ئەزموون دیارن، ئیسپاتیان پێویستیی بە بەڵگەی نەقڵیی ناکات.

بــەڵام جندیــش دەڵێــن: لــەو بــوارەش دا فێڵــی زۆر هەیــە، مــەرج نیــە هــەر کەسـێك سـەری ئێشـا، لاقـی ئێشـا، پشـتی ئێشـا، کاری جنـد بـێ، ڕەنگـە کـەم و کوڕییـەکی ئەندامیـی (**خلـل عضـوي**) بـێ و، بێگومانیـش جنـد دەتوانـن بچنـە نێـو جەسـتەی مرۆڤـەوەو، زیانیشـیان پـێ بگەیەنـن، بـە پێـی ئەزموونـی منیـش لـە کاتـی خاڵـی بێهێزیـی مرۆڤـدا، ئـەو جـۆرە زەفـەرەی پـێ دەبـەن، وەك: لـە کاتـی زۆر تـووڕە

بوونـدا، لـە کاتـی زۆر خەفـەت خواردنـدا، لـە کاتـی زۆر ترسـاندا، لـەو کاتانـەدا شـەیتان زیاتـر زەفـەر بـە مـرۆڤ دەبـات و دەتوانـێ بچێتـە نێـو جەسـتەیەوە، جەمـاوەری مسـوڵمانانی نـاسراو بـە (أهـل السـنة) لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن، کـە جنـد دەتوانـێ بچێتـە نێـو جەسـتەی مرۆڤـەوە، بـەڵام موعتەزیلـە نکووڵییـان لـەوە کـردووەو گوتوویانـە: جنـد لـە دەرەوە کاریگەریـی لەسـەر مرۆڤەکـە دادەنێـن، نـەك بچنـە نێـو جەسـتەی.

٤- لە بارەی فریشتانەوە زانیاریی جند چۆنە، ئایا فریشتان دەبینن؟ لەو بارەوەش لێم پرسین گوتیان: نەخێر فریشتەکان نابینین، بەڵام هەر شوێنێك فریشتەی لێبێ، ئێمە ناتوانین لەوێ بین، بە تایبەتی شەیتانەکان، دەڵێن: ئێمە هەست دەکەین و یەکسەر دەزانین و شوێنێك فریشتەی لێبێ، ناتوانین توخنی بکەوین.

خاڵی سێیەم: جندو شێوەی پێکهاتەیان و ژیانیان و پەرستشیان:

١- لە کاتی قسەکردنی ناڕاستەوخۆم لەگەڵ جنددا لێم پرسین:

ئایـا وەك چـۆن ئێمـە جەسـتەمان هەیـەو ڕووحیشـمان هەیـە، ئێـوەش جەسـتەتان ئـەوە دیـارە لـە ئاگـر دروسـتکراوە، بـەڵام ئایـا ڕووحیشـتان هەیـە؟

گوتیـان: ئێمــە ئەســڵەن لایەنــە ڕووحییەکەمــان زیاتــر زاڵــە بەســەر لایەنــە جەستەییەکەمانداو، بـەس هەسـت دەکەین کـە ڕووحێکین، وەك چۆن فریشـتەکانیش ڕووحیـان هەیـە، بـەڵام جەستەشـیان لـە ڕووناکیـی (نـور) دروسـت کـراوە، وەك پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: فریشـتەکان لـە ڕووناکیـی دروسـتکراون (**خُلقـتِ الملائكـة مـن نـور**) **رواه المسـلم**: ٢٩٩٦ مـرۆڤ جەسـتەکەی لـە گڵ دروسـتکراوەو ڕووحیشـی هەیـە، جندیـش لەگـەڵ ئاگـر دروسـتکراون و ڕووحیشـیان هەیـە.

٢- هەروەها لێم پرسین: ئایا ژیانی ئێوە تەنیا لەسەر زەوییە، یاخود لە دەرەوەی زەویش هەیە لەسەر خڕۆکەکان؟

گوتیان: نەخێر ئێمە بەس لەسەر زەوی دەژین.

٣- دیسان لێم پرسین: خوا پەرستییتان چۆنە؟ نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات؟ گوتیان: هەموو ئەو خوا پەرستییانەی ئێوە ئەنجامیان دەدەن، ئێمەش پێیان ئەرکدار کراوین، بەڵام ئێمە بە شێوەی خۆمان ئەو خواپەرستییانە ئەنجام دەدەین.

٤- دیسان لێم پرسین: ئایا ئێوەش بە تەمای چوونە بەهەشتن و لە ئاگری دۆزەخیش دەترسن؟

گوتیان: بەڵێ سەدا سەد بەتەمای چوونە بەهەشتین و لە دۆزەخیش دەترسێین، ئەو قسەیەش دووبارەیەو بۆیەش گوتم، چونکە هەندێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: جند نە دەچنە بەهەشت و نە دەچنە دۆزەخ، بەڵام وەك لە تەفسیری سووڕەتی (**الرّحمن**)یشدا باسم کردوە، خوا ﷻ کە (٣١) جار مرۆڤ و جند دەدوێنێ و دەفەرموێ: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٣﴾ ﴾ **الرّحمن**، کە پازدە (١٥) جاریان پەیوەندییان هەیە بە نیعمەتەکانەوەو بە ژیانی دنیاوەو، شازدە (١٦)شیان پەیوەندییان هەیە بە چوار باخەکەوە کە پەروەردگار دایناون بۆ ئیمانداران، خوا لە هەر سی و یەك (٣١) جارەکەدا هەردووك مەخلووقەکە دەدوێنێ و، هەردووکیان هەم بە دۆزەخ ترسێنراون و، هەم بە بەهەشت ئارەزوومەند کراون، کەواتە: دیارە هەم دەچنە دۆزەخ و هەم دەچنە بەهەشتیش، پێشتریش ئایەتەکانمان هێناو زۆر ڕوونن لەو بارەوە.

ئەمە چەند وردە زانیارییەك بوون، کە ڕاستەوخۆ بۆ زانیاریی زیاتر پەیداکردن لە بارەی جندەوە، هەر لە خۆیان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پرسیارم کردوەو، هەر لە چوارچێوەی ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەریشدان.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە نـۆزدە (١٩) ئایـەت پێـك دێ، کـە خـوای پـەروەردگار لەسـەر زمانـی جنـد، ژمارەیەکـی زۆر زانـراو (**معلومة**)ی خسـتوونە ڕوو، دەوری بیسـت و پێنج (٢٥) زانـراو، کـە تاڕاددەیەکـی زۆر تیشـکمان بـۆ دەخەنـە سـەر ئـەو دروسـتکراوە پەنهـان و سەرسـوڕهێنەرەی خـوا، ئەمانـەش ئـەو زانیارییانـەن، کـە ئێمـە بـە ڕیـز دەیاننووسـین، وەك بەرچـاو ڕوونیـی:

١و٢- گوێگرتنی کۆمەڵێك لە جند لە قوڕئان و، وەسفکردنی قوڕئان بە قوڕئانێکی سەرسوڕهێنەر.

٣و٤و٥- پێناسەکردنی قوڕئان بە: گەیەنەر بەسەر ڕاستیی و بە مراد گەیشتن و، ئیعلانی بڕوا پێ هێنانی و، ڕاگەیاندنی هاوبەش بۆ خوای پەروەردگار دانەنان.

٦و٧و٨- ڕاگەیاندنی بەرزیی شکۆو پایەی خواو، نەبوونی هاوسەر، هەروەها نەبوونی ڕۆڵە بۆی.

٩و١٠- زانینی ئەو ڕاستییە کە ئیبلیس نەفامەو، قسەی دوور لە هەقی بەرانبەر بەخوا کردوە.

١١- گومان بردنیان کە جندو مرۆڤ درۆ بە خواوە هەڵنابەستن، پێشێ وایان زانیوە، تاکو دوایی بۆیان دەرکەوتوە، کە جندی کافرو مرۆڤی کافر درۆ بە ناوی خواوە دەکەن.

١٢- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە پیاوانی مرۆڤی پەنابەر بە پیاوانێك لە جند، هەر زیاتر تووشی زیانباریی دەبن.

١٣- زانینی جند کە لە مرۆڤانیش بێبڕوا بە زیندوو کرانەوە هەن، یاخود بێبڕوا بەوەی خوا پێغەمبەران بنێرێ.

١٤و١٥- ڕاگەیاندنی پشکنین و سۆراغیان بۆ ئاسمان و، زانینی پڕکرانی ئاسمان لە ئێشکچیی و بڵێسان بۆ ڕێگرتن لە شەیتانەکان، کە گوێ لە قسەی فریشتان بگرن.

١٦و١٧- باسکردنی گوێگرتنی پێشتریان و، ئێستا ڕێ لێ بەسترانیان، کە گوێ بگرن لە قسەی فریشتان.

١٨- نەزانینی هۆکارو حیکمەتی ئەو گۆڕانکارییە، کە ئایا زیانە یان سوودە بۆ مرۆڤانی جێنشینی سەر زەوی؟

١٩- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە جنديش چاك و خراپیان هەن.

٢٠و٢١- زانین و دەرككردنی ئەوە کە جند زانیویانە، نە دەستەوەسانکەری خوان لەسەر زەویداو، نە توانای هەڵاتنیشیان هەیە بۆ دەرچوون لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خوا.

٢٢و٢٣- خستنەڕووی زوو بڕواهێنانیان، هەر دوای گوێبیست بوونی هیدایەتی خواو، زانینی ئەوەش کە بڕوادار نە ترسی کەمکردنەوەی پاداشت، نە زیادکردنی سزاشیان هەیە لە ڕۆژی دواییدا.

٢٤- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە جنديش بۆخوا ملکەچ و لادەریان هەن.

٢٥- کەڵەکەکردنیان و قەرەباڵغیی دروستکردنیان لە دەوری پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی گوێ لێ گرتنیدا.

﴿ قُلْ أُوحِىَ إِلَىَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَقَالُوٓا۟ إِنَّا سَمِعْنَا قُرْءَانًا عَجَبًا ﴿١﴾ يَهْدِىٓ إِلَى
ٱلرُّشْدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦ ۖ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدًا ﴿٢﴾ وَأَنَّهُۥ تَعَٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا ٱتَّخَذَ صَٰحِبَةً وَلَا وَلَدًا ﴿٣﴾
وَأَنَّهُۥ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطًا ﴿٤﴾ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ
كَذِبًا ﴿٥﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ﴿٦﴾ وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا۟
كَمَا ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَبْعَثَ ٱللَّهُ أَحَدًا ﴿٧﴾ وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا

وَشُهُبًا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمْعِ ۖ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْءَانَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾
وَأَنَّا لَا نَدْرِىٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴿١٠﴾ وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ
وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ ۖ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا ﴿١١﴾ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن نُّعْجِزَ ٱللَّهَ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَن نُّعْجِزَهُۥ
هَرَبًا ﴿١٢﴾ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا ٱلْهُدَىٰٓ ءَامَنَّا بِهِۦ ۖ فَمَن يُؤْمِنۢ بِرَبِّهِۦ فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا
﴿١٣﴾ وَأَنَّا مِنَّا ٱلْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا ٱلْقَٰسِطُونَ ۖ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ تَحَرَّوْا۟ رَشَدًا ﴿١٤﴾ وَأَمَّا
ٱلْقَٰسِطُونَ فَكَانُوا۟ لِجَهَنَّمَ حَطَبًا ﴿١٥﴾ وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُوا۟ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ﴿١٦﴾
لِّنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا ﴿١٧﴾ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا
تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا۟ يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا ﴿١٩﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. (ئەی موحەممەد ﷺ!) بڵێ: سروشم بۆ لا کراوە، کە کۆمەڵێك لە جند، گوێیان هەڵخستوە (بۆ قورئان خوێندنەکەم) ﴿١﴾ ئنجا گوتوویانە: ئێمە قورئانێکی (ناوازەو) سەرسوڕهێنەرمان بیست، ڕێنمایی (جندو مرۆڤ) دەکات بەرەو سەر ڕاستیی و بە مراد گەیشتن، ئێمەش بڕوامان پێی هێناو، هەرگیزیش هیچ کەس ناکەینە هاوبەشی پەروەردگارمان ﴿٢﴾ هەروەها بێگومان پایەی پەروەردگارمان هەرە بەرزە، نەهاوسەری (بۆ خۆی) گرتوەو نە ڕۆڵە ﴿٣﴾ بێگومانیش (ئیبلیسە) نەفامەکەمان قسەی دوورو نارەوا لە بارەی خواوە دەکات ﴿٤﴾ ئێمەش پێمان وابوو مرۆڤ و جند درۆ لەسەر خوا ناکەن (کە دەڵێن: هاوسەرو ڕۆڵەی هەن) ﴿٥﴾ بە دڵنیاییش پیاوانێك لە مرۆڤان پەنایان بردە بەر پیاوانێك لە جند، کەچی خراپەو زیانی پتریان خستە سەریان ﴿٦﴾ (بێبڕوایانی) ئەوانیش پێیان وابوو وەك ئێوە گومانتان برد (ئەی کۆمەڵی جند)،

کـە خـوا هیـچ کـەس دوای مـردن هەڵناسـتێنێتەوە (یـان هیـچ کـەس بـە پێغەمبـەر ڕەوان نـاکات) ﴿٧﴾ ئێمـە ئاسمانیشـمان پشـکنی، وامـان لـێ هەڵکـەوت، پڕکـراوە لـە ئێشـکچییانی بەهێـزو بڵێسـان ﴿٨﴾ (لـە حاڵێکـدا) ئێمـە پێشـتر بـۆ گوێگرتـن (لـە قسـەی فریشـتان) لـە چەنـد نشـینگەیەکی دا ڕۆ دەنیشـتین، کەچـی ئێسـتا هـەر کـەس (لـەوێ) گـوێ هەڵبخـات (دەزانـێ) بڵێسـەکانی بـۆ لـە بۆسـەدان ﴿٩﴾ ئێمـە ناشـزانین ئایـا (بـەو گۆڕانکارییـە) خراپـەو زیـان بـۆ ئەوانـەی لـە زەوییـدان ویسـتراوە، یـان پەروەردگاریـان سـەر ڕاسـتیی و بـە مـراد گەیشـتنی بۆیـان خواسـتوە! ﴿١٠﴾ ئێمـە چاکانیشـمان هـەن و جیـا لەوەشـمان هـەن، پێشـتر (شـوێنکەوتووانی) ڕێبـازە زۆرو جـۆراو جـۆرەکان بوویـن ﴿١١﴾ ئێمـە گومانیشـمان وابـوو کـە هەرگیـز خـوا لەسـەر زەوی دەستەوسـان ناکەیـن و، هەرگیزیـش بـە هەڵاتـن لێـی قوتـار نابیـن (و لـە ژێـر ڕکێفـی دەرناچیـن) ﴿١٢﴾ ئێمـە هـەر کـە گوێبیسـتی ڕێنمایـی (کۆتایـی خـوا) بوویـن (کـە بـە پێغەمبـەری کۆتاییـدا ناردوویەتـی)، بڕوامـان پێـی هێنـا، هـەر کەسـێکیش بـڕوا بـە پـەروەردگاری بێنـێ، نـە لـە کەمکردنـەوە(ی پاداشـتی کـردەوە چاکـەکانی) دەترسـێ، نـە لـە زیـاد کـردن و خستنەسـەر(ی سـزای خراپەکانـی) ﴿١٣﴾ ئێمـە هەشـمانن ملکەچـن (بـۆ خـوا)و هەشـمانن لادەرو سـتەمکارن، ئنجـا هـەر کـەس ملکـەچ بـێ، ئـا ئەوانـە سـۆراغی سـەر ڕاسـتیی و بـە مـراد گەیشـتنیان کـردووەو (لێـی خەفتـاون) ﴿١٤﴾ بـەڵام لادەران (و سـتەمکاران) ئەوانـە بوونـە سـووتەمەنیی (ئاگـری) دۆزەخ ﴿١٥﴾ ئەگـەر (مـرۆڤ و جنـد) ڕاسـت وەسـتاویش بوونایـە لەسـەر ڕێبـاز(ی خـوا) ئاوێکـی زۆر و زوڵاڵـمان پـێ دەنۆشـین ﴿١٦﴾ تاکـو بەهۆیـەوە تاقییـان بکەینەوە، هـەر کەسـێکیش ڕوو لـە یـادی پـەروەردگاری وەرگێـڕێ، دەیخاتـە ئازارێکـی قـورس و سـەختەوە ﴿١٧﴾ مزگەوتەکانیـش هـی خـوان، ئنجـا لەگـەڵ خـوادا لـە کەسـی دیکـە مەپاڕێنـەوە ﴿١٨﴾ کاتێکیـش بەنـدەی خـوا (موحەممـەد ﷺ) هەڵسـا (خـوای پەرسـت و) لێـی پاڕایـەوە، نیزیـك بـوو لەبـەر زێـدە قەڕەباڵغیـی (جنـدەکان) کەڵەکەی لەسـەر بکـەن (و لـە دەوری بکەونـە سـەریەك) ﴿١٩﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أُوحِيَ إِلَيَّ): واتــە: سروشــم بــۆ لا کــراوە، (أَصْـلُ الوَحِــي: الإِشَــارَةُ السَّرِيْعَــة، أمْـرٌ وَحِــيٌّ أي: سَرِيْــعٌ، وَالوَحِــي: الرَّمْــزُ وَالإِشَــارَةُ وَالكِتَــاب)، وشــەی (وحــي): لــە ڕیشــەدا بــە ئامــاژەی خێــرا دەگوتــرێ، (أمْـرٌ وَحِيٌّ) واتــە: کارێکــی خێــرا، وشــەی وەحیــی بــە: هێــماو ئامــاژەو، بــە نووســین و، بــە هانــدان، بەوانــە هەموویــان دەگوتــرێ.

(نَفَرٌ): (النَّفَـرُ وَالنَّفِـيْرُ وَالنَّفَـرَةُ: عِـدَّةُ رِجَـالٍ يُمْكِنُهُـم النَّفـرُ)، وشــەی (نَفَـرُ، نَفِـيْرُ، نَفَـرَةُ)، کۆمەڵــە پیاوێکــن دەتوانــن بــڕۆن و ڕاپــەڕن و بجەنگــن.

(عَجَبًا): (عَجَـبْ: مَـا لَـمْ يُعْهَـد مِثْلُـهُ)، (عَجَـبْ) هــەر شــتێکە وێنــەی وی نەزانرابــێ، واتــە: شــتێکی نامــۆ، (عَجِيْــب): بریتیــە لــە شــتێکی زۆر ســەیر، واتــە: ڕێژگــەی زێدەڕۆییــە، بــەڵام ئــەوەی مــرۆڤ پێــی ســەیر بــێ و ســەری لــە بەرانبەریــدا ســوڕ بمێنــێ، پێــی دەگوتــرێ: (عَجَــبْ).

(الرُّشْدِ): (الرَّشَـدُ وَالرُّشْـدُ: خِـلَافُ الغَـيّ وَيُسْـتَعْمَلُ اسْـتِعْمَال الهِدَايَـة) (رَشَـد و رُشْـد) پێچەوانــەی (غَــيّ)ن، (غَــي) بــە مانــای بــێ مرادیــی و بــە ئامانــج نەگەیشــتن دێ، کەواتــە: (رَشَـد و رُشْـد)، واتــە: بــە ئامانــج گەیشــتن، جــاری واش هەیــە وشــەی (رَشَـدُ ورُشْـدُ) لــە جیاتــی هیدایــەت بــەکاردێ، ئــەوە بــۆ چوونــی (راغـب الأصفهـاني)ە، بــەڵام ئــەوەی مــن پێیگەیشــتووم ئەوەیــە کــە (رَشَـد ورُشْـد) بەرهــەم، دەرەنجامــی هیدایەتە، هــەروەك (غَـيّ) دەرەنجامــی (ضَلَال)ە، کەسێك گومــڕا بــێ، بێمــراد دەبــێ و، کەسێك ڕێــی ڕاســت بگــرێ، بــە ئامانــج دەگات.

(تَعَالَىٰ جَدُّ رَبِّنَا): واتــە: مەزنیــی پەروەردگارمــان بــەرزە یــان بەخششــی پەروەردگارمــان بــەرزە، یاخــود پێگــەی پەروەردگارمــان بــەرزە، وەك لــە فەرمایشــتی پێغەمبــەردا ﷺ هاتــوە: {لاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَـدُّ مِنْـكَ الْجَـدُّ} (أخرجـه البخـاري: ٨٠٨، ومسـلم:

٥٩٣) خاوەن هەبوون، یان خاوەن پشك و بەش، هەبوون و پشك و بەشەكەی لە بەرانبەر تۆدا سوودی پێ ناگەیەنێ، (**أي: لا يُتَوَصَّلُ إلى الثَّوابِ فِي الأخَرةِ بَالْجَدِّ، وَإنَّمَا ذَلِكَ بَالْجِدِّ فِي طَاعَتِه**) واتە: بەهۆی ماڵ و سامان و پشك و بەشی دنیایی، مرۆڤ ناگاتە پاداشتی خوا لە ڕۆژی دواییدا، بەڵكو بەهۆی باش كار كردن و، چاك مشوور خواردن لە فەرمانبەریی خوادا، مرۆڤ دەگاتە پاداشتی خواو لە پاداشتی خوا بەهرەمەند دەبێ.

(**شَطَطًا**): (**الشَّطَطُ: الإفْرَاطُ فِي البُعْد**): (**الشَّطَطْ**) بریتیە لە زێدەڕۆیی و، تێپەڕاندن لە دووریيدا، (**شَطٌ**) یان (**شَاطِء**)، كەناری ڕووبارو دەریا، لەبەر ئەوەی دوورە، ئەو ناوەی لێنراوە.

(**رَهَقًا**): (**رَهِقَهُ الشَّرُّ: غَشِيَهُ بِقَهْرٍ، رَهِقْتُهُ أَرْهَقْتُهُ**)، (**رَهِقَهُ الشَّرُّ**) واتە: خراپە كەوتە سەری، واتە: خراپەو زیانێك بە زۆر كەوتە سەری، دەگوترێ: (**رَهِقْتُهُ، أرْهَقتهُ**)، واتە: خستمە سەری، هەم بە سیانیی (**ثُلَاثِي**) هاتوە، هەم بە چواریی (**رُبَاعِي**)، (**رَهِقَهُ وأَرْهَقَهُ**) هەردووكیان بە مانای: خستیە سەر، دێن، ئەو كاتەش (**مُضارِع**)ەكەیان (**يَرْهَقَهُ ويُرهِقُهُ**) دەبێ.

(**لَّن يَبْعَثَ**): بە دوو واتایان هاتوە، (**أَصْلُ البَعْثِ: إثَارَة الشَّيءِ وَتَوْجِيهُهُ**)، (**بعْث**) بریتیە لە هەڵساندنی شتێك و ئاڕاستە كردنی، (**بَعَثَ اللهُ غُرَابَاً، أي: قَيَّضَهُ**)، خوا ﷻ قەلە ڕەشەیەكی نارد، (**فَأَمَاتَهُ اللهُ ثُمَّ بَعَثَهُ**) واتە: خوا سەد ساڵ مراندیی و دوایی هەڵیساندەوە، ﴿بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا ﴿٣٦﴾﴾النحل، واتە: لە هەر كۆمەڵگایەكدا پێغەمبەرێكمان ناردوە، كەواتە: (**بَعث**) بە مانای ئامادەكردن و، هەڵستاندنەوەو، ناردن، دێ.

بۆیە: ﴿أَن لَّن يَبْعَثَ ٱللَّهُ أَحَدًا﴾ بە دوو واتایان دێ:

أ- كە خوا ﷻ هیچ كەسێك زیندوو ناكاتەوە.

ب- خوا هیچ پێغەمبەرێك نانێرێ.

(لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ): ئاسـمانمان سـۆراغ کـرد، پشـکنیمان، (**اللَّمْـسُ: إدْرَاكٌ بِظَاهِـر البَـشْرَةِ كَالمَـسِّ، ويُعبَّرُ بِهِ عَنِ الطَّلَبِ**)، (لَمْسْ) بریتیـە لـە زانین بەهـۆی دیوی دەرەوەی پێسـت، (لَمْـس) وەك (مَـسّ) وایـە، (**مَسَّهُ أو لَمَسَـهُ**) واتـە: دەسـتی لێـدا، دوایـی بەکاردەهێـنرێ بـۆ بـەدوا گـەڕان و لـێ خەفتان، ﴿لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ﴾ واتە: ئاسـمانمان پشـکنی، مەبەسـت ئـەوە نیـە دەسـت لـە ئاسـمان درابـێ، یـانی: سـۆراغمان کـردو تێیگەڕایـن.

(فَوَجَدْنَـٰهَا): بینیـمان، (**أي: صَادَفْنَاهَـا وَأَصَبْنَاهَـا، وَيُعَـبَّرُ بِـهِ عَـن التَّمكُّـنِ، كَـمَا قَـالَ تَعَـالى: حَيْـثُ وَجَدْتُمُوهُـمْ، وَقَـالَ: فَلَـمْ تَجِـدوا مَـاءً أي: لَـمْ تَقْـدِروا عَـلى المَـاء**)، وشـەی (فَوَجَدْنَـٰهَا) (**صَادَفْنَاهَا**) واتـە: لێـمان هەڵکـەوت، (**وَأَصَبْنَاهَا**) تووشـی بوویـن، دوایـی وشـەی (**وَجَـدَ**) و (**وِجْـدَان**) بەکاردەهێـنرێ بـۆ (**تَمَكُّـن**)، واتـە: ئینسـان دەسـتی بگاتـە شـتێك، وەك: (**حَيْـثُ وَجَدْتُموهُـمْ**) لـە هـەر شـوێنێك بـەر پەلتـان کەوتـن، لێتـان هەڵکەوتـن، هەروەهـا وەك: (**فَلَـمْ تَجِـدوا مَـاءً**) ئاوتـان لـێ هەڵنەکـەوت، ئاوتـان و چنـگ نەکـەوت (**لَـمْ تَقْـدِروا عَـلى المَـاء**)، تواناتـان بەسـەر ئـاودا نەبـوو.

(حَرَسًا شَدِيدًا): (**الحَـرسُ وَالحُـرَّاسُ جَمْـعُ حَـارِس**)، (**حَـارِس**) واتـە: پاسـەوان، ئێشـکچیی، هـەم بـە (**حَـرَس**) کۆدەکرێتـەوە، وەك: (**خَـادِم وَخَـدَم، حَـارِس وَحَـرَس**)، هـەم بـە (**حُرَّاس**)یـش کـۆ دەکرێتـەوە، وەك (**خَـادِم وخُـدَّام**)، (**خَـادِم**) واتـە: خزمەتکار، (**خُـدَّام**) واتـە: خزمەتـکارەکان، (**حَـارِس**) پاسـەوان، (**حُـرَّاس**) یـان (**حـرَس**) یانـی: پاسـەوانەکان، (**وَالحَـارِسُ حَافِـظُ المَـكَانِ**) (**حَـارِس**): بریتیـە لـە پارێـزەری شـوێنێك.

(وَشُهُبًا): (**شِـهَاب: جَمْعُـه شُـهُب، شُـهُباً**) (**الشِّـهَاب: الشُّـعْلَة السَّـاطِعَةُ مِـنَ النَّـارِ المُوقَـدَةِ وَمِـنَ العَـارِضِ فِي الجَـوِّ**)، (**شِـهَاب**) کـە کۆیەکـەی (**شُـهُب**)ە، واتـە: بڵێسـەیەکی تیشـکدەر لـە ئاگرێـك کـە هەڵایسـاوە، یاخـود لـە هـەور کـە بریسـکە دەدا، ئەویـش پێـی دەگوتـرێ: (**شِـهَاب**).

(رَّصَدًا): (**الرَّصَـدُ: الإسـتْعْدَادُ للتَرَقُّـب**)، (**رَصَـد**): بریتیـە لـە ئامادەسـازیی بـۆ چاودێریـی کـردن، (**رَصَـدَ لَـه، وَترَصَّـدَ لَـه، وأرصَدْتُـه لَـه**)، (**رَصَـدَ لَـه**) واتـە: بـۆی لـە

بۆسەدایە، لە چاوەڕوانیی دایە، (وَتَرَصَّدَ لَهُ) هەمان واتای هەیە، (وأرْصَدْتُهُ لَهُ) واتە لە بۆسەدا بۆم دانا، (الرَّصَدُ للوَاحِد وَالجَمْع)، (رَصَد) بۆ تاك و بۆ كۆش بەكاردەهێنرێ، (رَصَد) بە مانای (مَرْصُوْد)یش دێ، واتە: كەسێك كە چاودێریی دەكرێ، كەسێك جگە لە خۆی، بۆی لە بۆسەدایە.

(طَرَآئِقَ): (جَمْعُ طَرِيْقَة)، (طرائق) كۆی (طَرِيْقَة)یە، (طَرِيْقَة)ش بە مانای ڕێبازە، (إشَارَةٌ إلى الإخْتِلَاف في دَرَجَاتِهِم)، (طَرَآئِقَ قِدَدًا) ئاماژەیە بۆ ڕاجیاییان لە پلەكانیاندا، (وَجَمْعُ طَرِيْق: طُرُق، وَجَمْعُ طَرِيْقَة: طَرَائِق)، (طَرِيْق) بە (طُرُق) كۆ دەكرێتەوە، ڕێیەكان، (طَرِيْقَة)ش بە (طَرَائِق) كۆ دەكرێتەوە، ﴿وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُوا۟ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ﴿١٦﴾﴾ الجن، (طَرِيْقَة) لێرەدا دیسان بە مانای ڕێباز دێ، بەڵام بە (طَرَائِق) كۆ دەكرێتەوەو، (طَرِيْق)یش بە (طُرُق).

(قِدَدًا): (القَدُّ: قَطْعُ الشَّيءِ طُولاً، كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿قُدَّ مِن دُبُرٍ ﴿٢٧﴾﴾ يوسف، (أي: شُقَّ مِن خَلْفٍ)، (وَالقَدُّ: المَقْدُوْدُ، وَالقَدُّ: قَامَةُ الإنْسَان، وَالقِدَدُ: الطَّرَائِق، وَالقِدَّةُ القِطْعَة)، (قَدّ): بریتییە لە بڕینی شتێك بە باری درێژییدا، قڵیشاندنی و داقڵیشاندنی، وەك لە سوورەتی (یوسف)دا خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ ﴿٢٧﴾﴾، ئەگەر كراسەكەی لە پشتەوە هەڵقڵیشابێ هی یوسف عليه السلام، هەروەها (قَدّ) بە مانای (مَقْدُود) دێ، واتە: شتێك كە قڵیشێنراوە دادڕاوە، دیسان (قَدّ) بە مانای قیافەو دیمەن و قامەتی مرۆڤیش دێ، كە بە پێوە دەوەستێ، (قِدد) بە مانای (طَرَائِق) ڕێیەكان و، (قِدَّة) بە مانای (قِطْعَة) دێ، واتە: پارچەیەك.

(بَخْسًا): (البَخْسُ: نَقْصُ الشَّيء عَلَى سَبِيْل الظُّلْم) (بخس): بریتییە لە كەمكردنەوەی شتێك بە شێوەی ستەم لێكردن.

(رَهَقًا): پێشتریش گوتمان (رَهِقَهُ الأمْرُ)، واتە: كارێكی بەسەرهات، دایپۆشی، ناڕەحەتی كرد، كەواتە: (رَهَقاً)، واتە: زیان بەسەرهاتنێك، خراپە بەسەرهاتنێك،

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا ﴾، نـە دەترسـێ پاداشـتی لـێ کـەم بکرێتـەوە، نـە دەترسـێ سـزای بـۆ زیـاد بکـرێ بـە ناحـەق.

(ٱلْقَـٰسِطُونَ): (القِسـطُ: النَّصِيْـبُ بَالْعَـدْلِ، كَالنَّصَـفِ وَالنَّصَفَـةِ، وَقَسَـطَ: جَـارَ، فَالْقَسْـطُ: أخْـذُ قِسـطِ الغَـيْرِ، والإِقْسَـاط: إعْطـاءُ قسـطِ لِغَـيْرِ) (قِسْـط): بـە مانـای دابەشـکردنێکی دادگەرانـە دێ، وەك (نَصَـف و نَصَفَـة) ئەوانیـش بەهەمـان شـێوە بـە مانـای دابەشـکردنێکی لـە نیـوەڕا، لـە نێـو قـەدێ ڕا، بـە شـێوەی یەکسـان، (قَسَـطَ) بـە مانـای (ظَلَـمَ) سـتەمی کـرد، چونکـە (القَسْـطُ: أخْـذُ قِسْـطِ الغَـيْرِ) (قَسْـط): بریتیـە لـەوەی بەشـی جگـە لـە خـۆت بـۆ خـۆت بێنـێ، بـەڵام (إقْسَـاط) بریتیـە لـەوەی بەشـی ئـەوی دیکـە بـدەی.

(تَحَرَّوْا): (حَـرَّ الـشَّيءَ يَحْـري: قَصَـدَ حَـرَاهُ، وَالحَـرَى: الجَانِـبُ، وَتَحَـرَّاه كَذَلِـك)، (تَحَرَّوْا) واتـە خەفتـاون، هەوڵیـان بـۆ داوە، بـۆی تێکۆشـاون، چونکـە (حَـرّ الـشَّيءَ يَحْري: قَصَدَ حَرَاهُ) واتـە: ڕووی تێکـرد، ڕووی کـردە تەنیشـتەکەی، (حَرى) بـە مانـای تەنیشـت(جَانب) دێ، (وَتَحَـرَّاه)، واتـە: لێـی خەفتـاوەو هەوڵـی بـۆداو لـە پێناویـدا تێکۆشـا.

(غَدَقًا): (أي: غَزِيْـراً، غَدِقَـت عَيْنُـه تَغْـدِقُ)، (غَـدَق) بـە مانـای زۆر دێ، (غَدِقَـت عَيْنُـهُ تَغْدِقُ)، واتـە: چـاوی پـڕ بـوو، پـڕ دەبـێ لـە فرمێسـك.

(يَسْلُكْهُ): (السُّـلُوكُ: النَّفَـاذُ فِي الطَّرِيْق، سَـلَكَهُ وَأسْـلَكَهُ أي: أدْخَلَـهُ)، (سُـلُوك): بریتیـە لـە چوونـە نێـو ڕێـگا، (سَـلَكَهُ وَأسْـلَكَهُ) هـەم بـە سیانیی (ثُـلاَثِي) هاتـوە، هـەم بـە چواریـی (رُبَاعِـي)، (سَـلَكَهُ) واتـە: خسـتیە نێـو، (أَسْلَكَهُ) بـە مانای خسـتیە نێو، (سَـلَكَهُ فِي الطَّرِيـق) واتـە: خسـتیە نێـو ڕێیەکـەوە (أسْلَكَهُ) بەهەمـان شـێوە، هەردووکیـان بـە مانـای خسـتیە نێـو، مەرجیـش نیـە هـەر بـۆ خسـتنە نێـو ڕێ، بەکاربهێنرێ، جـاری وا هەیـە دەزوویـەك دەخرێتـە نێـو دەنکەکانـی تەسـبیحێکەوە، هـەر وای پێدەگوتـرێ.

(صَعَدًا): دەیخاتە نێو ئازارێکی سەختەوە، (الصُّعُودُ: الذَّهَابُ فِي المَكَان العَالِي)، (صعود) بریتیە لە ڕۆیشتن بەرەو شوێنێکی بەرز، (صَعَداً أي: شَاقًّا، صُعُوداً: عَقَبةٌ شَاقةٌ)، (صَعَداً) بە مانای قورس، هەروەها (صعود) یانی: کۆسپێکی قورس و زەحمەت.

(لِبَدًا): (جمع لِبْدَة)، (لِبَد) کۆی (لِبْدَة)یە، یانی: کەڵەکە بووە سەریەك

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

هۆی دابەزینی هەر شەش ئایەتی سەرەتا: ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا ۝١ يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ ۖ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا ۝٢ وَأَنَّهُ تَعَالَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا اتَّخَذَ صَاحِبَةً وَلَا وَلَدًا ۝٣ وَأَنَّهُ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى اللَّهِ شَطَطًا ۝٤ وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّن تَقُولَ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا ۝٥ وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ الْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ۝٦﴾، هەرچەندە ئێمە لەو کورتە باسەی لە بارەی جندەوە خستمانەڕوو، ئەم دەقەو چەند دەقێکی دیکەشمان لەو بارەوە هێنان، بەڵام لێرەش وەك هۆی هاتنەخوار، ئەم دەقە دووبارە دەکەینەوە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ: مَا قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَلَى الجِنِّ وَمَا رَآهُمْ، انْطَلَقَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي طَائِفَةٍ مِنْ أَصْحَابِهِ عَامِدِينَ إِلَى سُوقِ عُكَاظٍ، وَقَدْ حِيلَ بَيْنَ الشَّيَاطِينِ وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ، وَأُرْسِلَتْ عَلَيْهِمُ الشُّهُبُ، فَرَجَعَتِ الشَّيَاطِينُ إِلَى قَوْمِهِمْ، فَقَالُوا: مَا لَكُمْ؟ قَالُوا: حِيلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ، وَأُرْسِلَتْ عَلَيْنَا الشُّهُبُ! قَالُوا: مَا ذَاكَ إِلَّا مِن شيءٍ حَدَثَ، فَاضْرِبُوا مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا، فَانْظُرُوا مَا هَذَا الَّذِي حَالَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ؟ فَانْطَلَقُوا يَضْرِبُونَ مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا، فَمَرَّ النَّفَرُ الَّذِينَ أَخَذُوا نَحْوَ تِهَامَةَ وَهُوَ بِنَخْلَةَ، عَامِدِينَ إِلَى سُوقِ عُكَاظٍ، وَهُوَ يُصَلِّي بِأَصْحَابِهِ صَلَاةَ الْفَجْرِ، فَلَمَّا سَمِعُوا الْقُرْآنَ اسْتَمَعُوا لَهُ وَقَالُوا: هَذَا الَّذِي حَالَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ خَبَرِ السَّمَاءِ. فَرَجَعُوا إِلَى

قَوْمِهِمْ فَقَالُوا: يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنا قُرْآناً عَجَباً. يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ وَلَنْ نُشْرِكَ بِرَبِّنا أَحَداً، فَأَنْزَلَ اللّهُ عز وجل عَلَى نَبِيِّهِ مُحَمَّدٍ ﷺ: ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ ۝١﴾)، (أخرجه البخاري: ٧٧٣،٤٢٢١، ومسلم ٤٤٩، والترمذي: ٣٣٢٣، وابن حبان: ٦٨٢٨، والحاكم: ٣٨٥٧).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ قورئانی بەسەر جندا نەخوێندۆتەوەو نەشیدیون، بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوەڵانی چوون بۆ بازاڕی عوکاز، لە حاڵێکدا کە پەردە خرابووە نێوان شەیتانەکان و هەواڵی ئاسمان و بڵێسەیان بەسەردا نێردرابوون، شەیتانەکان چوونە لای خەڵکەکەی خۆیان گوتیان: بۆچی هاتوونەوە؟ گوتیان: ڕێی هەواڵی ئاسمانمان لێ گیراوەو بڵێسەمان بەسەردا نێردراون، گوتیان: ئەوە تەنیا بەهۆی شتێکەوەیە ڕوویداوە، بڕۆن بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواکانی زەویدا سەرنج بدەن، بزانن داخۆ چ شتێك وای کردوە ئێمە ڕێی بیستنی هەواڵی ئاسمانمان لێگیراوە؟ ڕۆیشتن بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواکانی زەویدا گەڕان، ئەو کۆمەڵەی بەرەو تیهامە چوون، لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ لە شوێنێك بوو بە ناوی نەخلە لە بازاڕی عوکاز، نوێژی بە هاوەڵانی کرد، نوێژی بەیانی پێدەکردن، کاتێك گوێیان لە قورئان بوو (واتە: لە ساڵی دەیەمی پێغەمبەرایەتییدا)، گوێیان بۆ هەڵخست و گوتیان: ئا ئەوەیە بۆتە هۆی ئەوەی ڕێی گوێبیست بوونی هەواڵی ئاسمانمان لێ بگیرێ، گەڕانەوە بۆ لای خەڵکەکەیان و گوتیان: ئەی خەڵکەکەمان! ئێمە گوێمان لە قورئانێکی سەرسوڕهێنەر بوو، بەرەو ڕاستە ڕێ ڕێنمایی دەکات و بڕوامان پێهێناو، هیچ شتێك ناکەینە هاوبەشی پەروەردگارمان، ئیدی خوا ﷻ ئەوەی دابەزاندە سەر پێغەمبەرەکەی خۆی: ﴿قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعْنَا قُرْءَانًا عَجَبًا ۝١﴾.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سـەرەتا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، ئـەوەش یـانی:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوا دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

﴿ قُلۡ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسۡتَمَعَ نَفَرٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ ﴾، خـوا ﷻ بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەفەرمـوێ: بڵـێ سروشـم بـۆ لا کـراوە، نیـگام بـۆ لا نێـردراوە کـە کۆمەڵێـك لـە جنـد گوێیـان هەڵخسـتوە، واتـە: بـە گرنگیـی پێدانـەوە گوێیـان گرتـوە بـۆ قورئـان خوێندنـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، ﴿ فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعۡنَا قُرۡءَانًا عَجَبٗا ﴾، یەکسـەر لە دوای گوێ گرتنیان لـە قورئانەکـە گوتوویانـە: ئێمـە گوێبیسـتی قورئانێکی سەرسـوڕهێنەر بوویـن، (عَجَب) لـە بنچینـەدا چاوگـە، وەك زێدەڕۆیـی بـۆ وەسـفی قورئـان بەکارهێـنراوە، ئەگەرنـا (عَجَـب)، واتـە: سەرسـوڕمان، بـەڵام لێـرەدا بـە مانـای سەرسـوڕهێنەر بەکارهێـنراوە.

﴿ يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلرُّشۡدِ ﴾، ئـەو قورئانـە سەرسـوڕهێنەرە بـەرەو سـەر ڕاسـتیی و بـەرەو بـە مـراد گەیشـتن ڕێنمایـی دەکات، ﴿ فَـَٔامَنَّا بِهِۦ ﴾ بۆیـە ئێمـەش بڕوامـان پێـی هێنـا، ﴿ وَلَن نُّشۡرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدٗا ﴾، دیـارە کـرۆك و کاکڵـەی ئـەوەی قورئـان خەڵکـی بـۆ بانـگ دەکات، بریتیـە لـە تەنیـا خواپەرسـتیی و هاوبـەش بـۆ پەیـدا نەکردنـی، بۆیـە یەکسـەر دەڵێـن: هەرگیـز هیـچ کـەس ناکەینـە هاوبـەشی پەروەردگارمـان، واتـە: نـە لـە بەدیهێنەرایەتیـی داو، نـە لـە پەروەردگارێتیـی داو، نـە لـە خاوەندارێتیـی داو، نـە لـە پەرسـتراوێتیی داو، نـە لـە نـاوو سـیفەتەکانی داو ....هتـد.

﴿ وَأَنَّهُۥ تَعَـٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا ﴾، ئەمـە خوێندراویشـەتەوە: (**وَإِنَّـهُ**)، واتـە: بـە دڵنیایـی مەزنیـی پەروەردگارمـان زۆر بـەرزە، پێگـەی پەروەردگارمـان زۆر بـەرزە، ﴿ مَا ٱتَّخَذَ صَـٰحِبَةً وَلَا وَلَدًا ﴾، نـە هاوەڵـی هەیـە، هاوەڵـی هاوژیـن و هاوسـەرو، ڕۆڵەشـی نیە، واتـە: بـە پێچەوانـەی ئـەوەوە کـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان دەڵێـن و، بـە پێچەوانـەی ئـەوەوە کـە ئیبلیـس ڕەواجـی پێـداوە، هـەم لـە نێـو جنـدو هـەم لـە نێـو مرۆڤانـدا، کـە خـوا هاوسـەرو هاوژینـی هەیـەو ڕۆڵـەی هەیـە، کـوڕو کچـی هـەن، پەروەردگارمـان پێگـەی زۆر بـەرزە، نـە ڕەگـەزی هەیـەو، نـە هاوسـەری هەیـە، نـە کەسـی لـێ بـووەو نـە لـە کـەس بـووە.

﴿ وَأَنَّهُۥ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطًا ﴾، بـە دڵنیایـی نەفامەکـەی ئێمـە، واتە: ئیبلیسـە نەفامەکـەی ئێمـە، قسـەی لـە هـەق دووری لەسـەر خـوا کـردوون، واتـە: قسـەی دوور و نەگونجـاو لەگـەڵ خـوای بـەرزدا، کـە یەکێـك لـە قسـە دوورەکانـی ئـەوە بـووە گوتوویەتـی: خـوا هاوبەشـی هەیـەو، یەکێـك لە قسـە دوورەکانـی دیکەی ئـەوە بـووە گوتوویەتـی: خـوا هاوسـەری هەیـەو، ڕۆڵـەی هەیـە، کـوڕو کچـی هـەن!.

﴿ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴾، بـە دڵنیایـی ئێمـە زانیـمان (**ظَنَنَّا**) لێـرەدا بـە مانـای (**إسْـتَيْقَنَّا**) دڵنیابوویـن (**عَلِمْنَـا**)، زانیـمان، دەشـگونجێ (**ظـن**) هـەر بـە مانـای گومـان بـێ، واتـە: پێـمان وابـوو کـە نـە مـرۆڤ و نـە جنـد درۆ بـە نـاوی خـواوە ناڵێـن، درۆ بـە نـاوی خـواوە ناکـەن، واتـە: شـتێك پـاڵ نادەنـە لای خـوا درۆ بێ، ئنجـا ئەگـەر (**ظَنَنَّـا**) بـە مانـای (زانیـمان) بـێ، لێـرەدا واتـە: ئێمـە لـە لای خۆمـان یەقینـمان پەیـدا کردبـوو، یـان زانیاریمیـان پەیـدا کردبـوو، بـەڵام بـە دڵنیایـی زانیاریـی و یەقینەکەیـان بـێ بنەمـا بـووە، ئەگـەر (**ظَن**)یـش لێـرەدا بـە مانـای گومـان بـێ، واتـە: پێـمان وابـوو، گومانـمان وابـوو، یـان بـە هەڵـە وامـان دەزانـی و دڵنیـاش بوویـن، بەبـێ ئـەوەی دڵنیاییەکەمـان بناغەیەکـی ڕاسـتی هەبـێ، یاخـود هـەر گومانـمان وابوو کـە مـرۆڤ و جنـد بـە نـاوی خـواوە درۆ ناکـەن، درۆ لەسـەر خـوا ناکـەن.

﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ﴾، بـە دڵنیایـی کۆمەڵێـك لـە پیاوانـی مـرۆڤ پەنایـان دەبـردە بـەر پیاوانێـك لـە جنـدەکان، ﴿فَزَادُوهُمْ رَهَقًا﴾، پیاوە جندەکان ئەو پیاوە مرۆڤانەیان زیاتر تووشی زیان و گومڕایی و گرفتاریی کرد، کە دوایی زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەوە، کە عەرەبەکان عادەتیان وابووە، ئەگەر لە بیابانێك لە دەشت و چۆڵاییەك، ڕۆیشتبانایەو شەویان بەسەردا هاتبایە، دەیانگوت: پەنا دەبەینە بەر گەورەی ئەم دەڤەرە، گەورەی ئەم شیوە، پەنایان دەگرت بە گەورەی جند، ئەو کەسەی ڕیش سپیی و گەورەی جندەکانە لەو شوێنە، بە حیساب بۆ ئەوەی بیانپارێزێ لە خراپەکاریی ئەو جندە خراپانەی لەبەر دەستیدان، بەڵام ئەوە زیاتر دەبووە هۆی ئەوەی تووشی زیان ببن، یان دەبووە هۆی ئەوەی جندەکان بەو پەنا پێ بردنەی مرۆڤەکان، زیاتر تووشی زیان و بوغڕایی و لە خۆبایی ببن.

﴿وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا۟ كَمَا ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَبْعَثَ ٱللَّهُ أَحَدًا﴾، جندەکان لە نێو خۆیاندا دەڵێن: ئەی جندەکان! مرۆڤەکانیش پێیان وابوو، وەك چۆن ئێوە پێتان وابوو، کە خوا ﷻ هیچ کەسێك نانێرێ، واتە: هیچ کەسێك نانێرێ وەك پێغەمبەر ﷺ، پێیان وابوو لە دوای پێغەمبەرانی پێشوو، کۆتایی بە پێغەمبەرایەتیی هاتووە ئەوە واتایەکی، یاخود: لێرەدا (يَبْعَثَ) بە مانای زیندوو کردنەوەیە، واتە: ئەی جندەکان! مرۆڤەکانیش وەك ئێوە پێیان وابوو خوا ﷻ هیچ کەسێك زیندوو ناکاتەوە، هەڵناستێنێتەوە.

﴿وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئاسمانمان پشکنیی و سۆراغمان کردو گەڕاین، ئاسمانمان وا بینی و وا لێ هەڵکەوت، کە پڕ کراوە لە پاسەوان و لە بڵێسان، (حَرَس) کۆی (حَارِس)ە، واتە: ئێشکچیی و پاسەوان، (شُهُب)یش کۆی (شِهَاب)ە، واتە: بڵێسە، (شُهُب)، واتە: بڵێسە ئاگرەکان.

﴿ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ ﴾، هەروەها ئێمە پێشتر چەند شوێنێك و نشینگەیەكمان هەبوون لە ئاسمان، تێیاندا دادەنیشتین بۆ گوێ گرتن، واتە: گوێگرتن لە قسەی فریشتان، ﴿ فَمَن يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا ﴾، بەڵام هەر كەسێك ئێستا گوێ هەڵبخات (بۆ قسەی فریشتان)، بڵێسەیەك بۆ خۆی لە بۆسەدا دەبینێ، بڵێسەیەك چاوەڕێی دەكات و بۆی لە بۆسەدایە.

﴿ وَأَنَّا لَا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي الْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴾، ئێمە ناشزانین ئایا ئەوانەی لە زەوییدان، واتە: مرۆڤەكان خراپەو زیانیان بەو گۆڕانكارییە بۆ ڕەچاو كراوە، یاخود پەروەردگاریان سەر ڕاستیی و بە ئامانج گەیشتن و خێرو خۆشیی بۆ ڕەچاو كردوون، كە ئەو گۆڕانكارییە بەسەر بارودۆخی ئاسمان دا هاتوە، كە ڕێ لە جند و شەیتانەكان گیراوە، گوێ لە قسەی فریشتان بگرن؟ ﴿ وَأَنَّا مِنَّا الصَّالِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ ﴾، ئێمە چاكەكانیشمان هەن و جگە لەوانیشمان هەن، ﴿ كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا ﴾، پێشتر ئێمە كۆمەڵ و ڕێبازی جیا جیا بووین، (**طَرَائِق**) كۆی (**طَرِيْقَة**)یە بە مانای ڕێباز و مەزهەب و ڕێچكە، (**قِدد**) كۆی (**قِدَة**)یە، بە مانای (**قِطعة**) دێ، ئێمە چەندان ڕێبازی جۆراو جۆرو لێكدابڕاو بووین.

﴿ وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّن نُّعْجِزَ اللَّهَ فِي الْأَرْضِ وَلَن نُّعْجِزَهُ هَرَبًا ﴾، ئێمە دەمانزانی و دڵنیا بووین، لێرەدا (**ظَّن**) بە مانای (**علم**) زانین و (**یقین**) دڵنیایی دێ، ئێمە دڵنیا بووین و دەمانزانی كە نە لەسەر زەوی خوا دەستەوسان دەكەین و، نە دەشتوانین دەستەوسانی بكەین وەك هەڵاتن و لەبەر ڕاكردنی.

﴿ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا الْهُدَىٰ آمَنَّا بِهِ ﴾، ئێمە كاتێك گوێمان لە ڕێنمایی بوو، (كۆتا ڕێنمایی خوا بۆ مرۆڤایەتیی و بۆ جندیش) بڕوامان پێهێنا، هەر لەگەڵ گوێبیستی بوووین، بڕوامان پێهێنا بەبێ وەخران، ﴿ فَمَن يُؤْمِن بِرَبِّهِ فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا ﴾، هەر كەسێك بڕواش بە پەروەردگاری بهێنێ، نە لە كەمكردنەوە (ی پاداشت دەترسێ لەسەر كردەوە باشەكان) و نە لە خستنە سەر

(ی سزا) دەترسێ (لەسەر خراپەکانی)، واتە: نە پاداشتی کردەوە چاکەکانی لێ کەم دەکرێ و، نە سزای خراپەو تاوانەکانیشی بۆ زیاد دەکرێ.

﴿ وَأَنَّا مِنَّا ٱلْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا ٱلْقَٰسِطُونَ ﴾، ئێمە ملکەچیشمان لە نێودا هەن و، هەمانن ملکەچن (بۆ خوا) و، هەشمانن ستەمکارو لادەرن (لە ڕێی خوا)، ﴿ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُوْلَٰٓئِكَ تَحَرَّوْاْ رَشَدًا ﴾، ئنجا هەر کەسێك ملکەچ بێ بۆ خوا، ئا ئەوانە خەفتانی سەر ڕاستییان کردوە، لە سەر ڕاستیی گەڕاون، واتە: هەوڵیان داوە بە ئامانج بگەن و ڕێی ڕاست پەیدا بکەن، ﴿ وَأَمَّا ٱلْقَٰسِطُونَ فَكَانُواْ لِجَهَنَّمَ حَطَبًا ﴾، بەڵام لادەران و ستەمکاران ئەوانە دەبنە سووتەمەنیی بۆ دۆزەخ.

تاکو ئێرە هەمووی قسەی جندە.

دوایی خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُواْ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ ﴾، ئەگەر لەسەر ڕێباز ڕاوەستاو دامەزراو بوونایە، لەسەر ڕاستە ڕێی خوا، ﴿ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ﴾، ئێمە ئاوێکی زوڵاڵی زۆرمان پێ دەنۆشین، لە ئاسمانەوە بۆمان دادەبەزاندن، واتە: ئەگەر ئەوان ڕێ ڕاست گرتوو بوونایە، خوا بەرەکەتی دەخستە ژیانیانەوە و نازو نیعمەتی زۆری بۆ دەڕەخساندن، بۆچی؟ ﴿ لِّنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ﴾، تاکو لەو بژیوەدا - کە سەرچاوەکەی بریتیە لە ئاوی زۆرو زوڵاڵ - تاقییان بکەینەوە، ﴿ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ ﴾، هەر کەسێکیش ڕوو وەچەرخێنێ لە یادی پەروەردگاری، یاخود (**ذِکر**) بە مانای قورئانە، واتە: ئەو قورئانە بیرخەرەوەیەی کە لە پەروەردگاریەوە بۆی دابەزیوە، یاخود (**ذِکر**) بە مانای بەرنامەیە، لە بەرنامەی پەروەردگاری پشت هەڵبکات و ڕوو وەچەرخێنێ، ﴿ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا ﴾، (خوا) دەیخاتە نێو ئازارو سزایەکی قورس و زەحمەت و سەختەوە، وەك چۆن کەسێك کەسێک بە هەوراز هەڵدەگێڕێ، زۆر ماندوو دەبێ، خواش ئەو کەسە دەخاتە سزاو ئازارێکی سەختەوە، وەك وە شاخی هەڵیگێڕێ.

﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ ﴾، بە دڵنیایی مزگەوتەکانیش هی خوان، بەشی کەسیان پێوە نیە، ﴿ فَلَا تَدْعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴾، کەواتە: لەگەڵ خوادا لە کەسی دیکە مەپاڕێنەوە، یان (**مَسَاجِد**) کە کۆی (**مَسْجِد**)ە، دەگونجێ مەبەست ئەو ئەندامانە

بن کە مرۆڤ کڕنووشیان لەسەر دەبات بۆ خوا، کە بریتین لە حەوت ئەندام: نێو چەوان و، هەردوو لەپە دەست و، هەردوو ئەژنۆو، هەردوو سنگی پێ.

﴿وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبۡدُ ٱللَّهِ يَدۡعُوهُ﴾، بە دڵنیایی کاتێك بەندەی خواش هەڵسا لێی دەپاڕایەوە، لە خوا دەپاڕایەوە، یاخود: (يَدْعُوه) یانی: خوای دەپەرست، قورئانی دەخوێند، پەرستشی بۆ خوا ئەنجام دەدا، ﴿كَادُواْ يَكُونُونَ عَلَيۡهِ لِبَدًا﴾، نیزیك بوو کەڵەکەی لەسەر بکەن، واتە: نیزیك بوو جندەکان لەبەر زۆر تامەزرۆیی بۆ گوێبیست بوونی ئەو قورئانەی پێغەمبەر دەیخوێند، یان ئەو پاڕانەوەیەی دەیکرد، یان ئەو پەرستشەی بۆ خوا ئەنجامی دەدا، ئەوەندە سوور و مکووڕ بوون لەسەر ئەوەی هەموویان گوێیان لێ بێ، خەریك بوو کەڵەکە بکەن لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ و بچنە سەر شانی یەکدی، کە دیارە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، لەبەر ئەوەی ئەوان نابەرهەستن، ئەوە نەبووە سەنگی بگاتە سەر، بەڵام خەریك بووە کەڵەکەی لەسەر بکەن و زۆر قەرەباڵغیی لەسەر بکەن، (لِبد) کۆی (لِبْدَة)یە کە هەر شتێکە کۆکرابێتەوە سەر یەك، لبادی کوردیش کە لە خوریی دروست دەبێ، لە خوری پێکەوە پەستراو، هەر لەوەوە هاتوە، لەبەر ئەوەی مووەکانی خورییەکە، هەموویان خڕکراونەوە سەر یەك و پەستێوراونە نێو یەك.

بەڵام لێرەدا ئەوەندە دەڵێین:

لەو دوازدە شوێنەدا (أنَّه) هاتوەو، ئەمە قیرائەتی (حَفْص) و هی هەندێکی دیکەیە لە قورئانخوێنەکان. (قُرّاء) بەڵام زۆربەی قورئانخوێنەکان، بە (إنَّه)یان خوێندۆتەوەو، زانایان گوتوویانە: ئەو جۆرە خوێندنەوەیەش بەهێزترە، لەوێوە دەست پێدەکات، کە دەفەرموێ: **(وأنَّه تَعَالَى جدُّ ربِّنا)**، خوێندوویانەتەوە: **(وإنَّه تَعَالى جدُّ ربِّنا)**، هەروەها **(وأنَّه كَانَ)**، **(وإنَّه كَانَ)**، **(وأنّا ظَنَنَّا)**، **(وإنَّا ظَنَنَّا)**، **(وأنَّه كَانَ)**: **(وإنَّه كَانَ رجال من الأنس)**، **(وأنَّهُم ظَنّوا)**، **(وإنَّهم ظَنّوا)** تا کۆتایی، کە دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەو بابەتە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سروشکران بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە کۆمەڵێـك لـە جنـد گوێیـان بـۆ قورئـان خوێندنەکـەی هەڵخسـتوەو پێـی سەرسـام بـوون و، ڕایانگەیانـدوە کـە بـەرەو ڕاسـتە ڕێـی بـە ئامانـج گەیەنـەر ڕێنمایـی دەکات، بڕوایـان پێ هێنـاوەو ئەوانە هاوبەشـیش بـۆ پەرەوەردگاریـان دانانێـن و، پاکیـی لـە هاوژیـن و ڕۆڵـە بـۆ خـوا دەردەبـڕن و، نەفامـی ئیبلیـس کـە بـە گەوجەکەمـان، نەفامەکەمان نـاوزەدی دەکـەن، ڕادەگەیەنن، ڕاشـیدەگەیەنن ئـەو پیاوانـەی لـە مرۆڤـان پەنایـان بردۆتـە بـەر پیاوانێـك لـە جنـد، تەنیـا زیانیـان لـێ زیـاد کـردوون، دەشـڵێن: مرۆڤـە بێبڕوایەکانیـش وەك ئێـوەی جنـدی بێبـڕوا، پێیـان وایـە خـوا هیـچ کـەس زینـدوو ناکاتـەوە، یاخـود هیـچ کـەس ڕەوان نـاکات بـە پێغەمبـەر:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ قُلۡ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسۡتَمَعَ نَفَرٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعۡنَا قُرۡءَانًا عَجَبٗا ﴿١﴾ يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلرُّشۡدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦۖ وَلَن نُّشۡرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدٗا ﴿٢﴾ وَأَنَّهُۥ تَعَٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا ٱتَّخَذَ صَٰحِبَةٗ وَلَا وَلَدٗا ﴿٣﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطٗا ﴿٤﴾ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا ﴿٥﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٞ مِّنَ ٱلۡإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٖ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَزَادُوهُمۡ رَهَقٗا ﴿٦﴾ وَأَنَّهُمۡ ظَنُّواْ كَمَا ظَنَنتُمۡ أَن لَّن يَبۡعَثَ ٱللَّهُ أَحَدٗا ﴿٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلۡ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسۡتَمَعَ نَفَرٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ ﴾، (خوا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێ:) بڵێ: سروشم بۆ لا کراوە، کە کۆمەڵێك لە جند گوێیان هەڵخست، ئێمە وەك چۆن مانا گشتییەکەی بە خێرایی بەسەریدا ڕەتبووین، ئەم مەسەلە گرنگانەش زۆر ناچینە نێو

وردەکارییەکان، چونکە لەو کورتە باسەدا کە کردمان لە بارەی جندەوە، ئەم ئایەتانەو گەلێك لە ئایەتەکانی دیکەش، کە لە قورئاندا لە بارەی جندەوە هاتوون و، زۆرێك لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەریشمان ﷺ لەو بارەوە هێنان، ئەو کاتەش گوتمان، بۆ ئەوەی لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی چەمك و واتای ئایەتەکان ئاسان بێ.

لێـرە کـە خـوا دەفەرمـوێ: بڵـێ سروشـم بـۆ لا کـراوە، کـە کۆمەڵێـك لـە جنـد گوێیـان گرتـوە، وشـەی (نَفَـر)، (**النَّفَـرُ: الجَمَاعَـةُ مِـنْ وَاحِـدٍ إِلَى عَـشَرَةٍ مِـنَ الإِنْـس وَالجِـن**)، (**نَفَـر**): کۆمەڵێـك لـە یەکـەوە تاکـو دە، بـۆ مـرۆڤ و بـۆ جندیـش، بـەڵام لـە هەندێـك لـە ڕیوایەتەکانـدا هاتـوە کـە: جنـدەکان دوازدە هـەزار (١٢،٠٠٠) کـەس بـوون، کەواتـە: وشـەی (**نَفَـر**) دەگونجـێ لـە لای هەندێـك لـە زانایـان لـە سـێ وە تاکو دە بـێ، یاخـود لـە یەکـەوە تاکـو دە بـێ، بـەڵام پێـم وایـە وێـڕای ئـەو واتایـە، ئـەوەش دەگەیەنـێ: کۆمەڵێـك، ئنجـا ئـەو کۆمەڵـە زۆر بـن یـان کـەم بـن، هـەر دەیگرێتـەوە.

ئـەم ئایەتـە قورئانییـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەي پێغەمبـەر ﷺ ئەوجارە هەسـتی نەکـردوە بـە ئامادەبوونـی جنـدەکان و، گـوێ گرتنیـان لـە قورئـان خوێندنەکـەی، بۆیـە خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: بڵـێ سروشـم بـۆ لا کـراوە، کـە کۆمەڵێـك لـە جنـد گوێیـان هەڵخسـتوە، واتـە: بـۆ قورئـان خوێندنەکـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، بـەڵام بێگومـان وەك لـە کورتـە باسـەکەدا باسـمان کـردو، لـە هەندێـك لـە دەقەکانـی سـوننەتدا هاتـوە، جارانـی دیکـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە مەبەسـتەوە چـووە قسـەی بـۆ جنـد کـردوەو، بانگـی کـردوون و قورئانـی بـۆ خوێنـدوون، بـەڵام ئەوجارەیـان خـوا ﷻ ئـاگاداری کردۆتـەوە.

٢)- ﴿فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعۡنَا قُرۡءَانًا عَجَبًا﴾، (ئەوانە یەکسەر کە گوێبیستی قورئان بوون)، گوتوویانە: ئێمە قورئانێکی سەرسوڕهێنەرمان بیست، (**عَجَباً أي: بَدِيْعاً مُبَايِناً لِكَلَامِ النَّاس**)، واتە: شتێکی سەرسوڕهێنەرو جیا لە قسەی خەڵك، وشەی (**عَجَب**) چاوگە، (**العَجَب: الخَارِجُ مِنَ العَادَةِ، وَهُوَ مَصْدَرٌ وَصَف بِهِ للمُبَالَغَة**)، (**عَجَبْ**) شتێکە لە حاڵەتی ئاسایي

بە دەربێ و، چاوگە بە مانای سەرسوڕمان دێ، بەڵام کراوە بە ئاوەڵناو (وَصف) لەبەر زێدەڕۆیی، یانی: کە گوتوویانە قورئانێکی سەرسوڕهێنەر، لە ئەسڵدا (عَجَب) بە مانای سەرسوڕمانەو چاوگە، بەڵام بۆ زێدەڕۆیی لە سەرسوڕهێنەریی قورئاندا، ئەو وەصفە بە شێوەی چاوگ هێنراوە.

٣)- ﴿ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلرُّشْدِ ﴾، ئەم قورئانە خەڵك ڕێنمایی و ڕاستە ڕێ دەكات بەرەو سەر ڕاستیی، (رُشد وَرَشَد) بریتیە لە چاكەو ڕاستیی و ڕێنمایی، بەڵام هەر دە (١٠) قورئان خوێنەكە، لەسەر ئەوە یەكدەنگن كە لێرەدا ئەم وشەیە بە (رُشد) دەخوێندرێتەوە، نەك بە (رَشَد)، ئەگەرنا (رُشد ورَشَد) یەك مانایان هەیە، بەڵام لێرەدا بە (رُشد) خوێندراوەتەوە.

٤)- ﴿ فَـَٔامَنَّا بِهِۦ ﴾، ئنجا بڕوامان پێی هێنا، ڕاناوی سەر: (بِهِ) بۆ قورئان دەچێتەوە، هەندێكیش گوتوویانە: بڕوامان پێهێنا واتە: بە موحەممەد ﷺ كە خوێنەرەوەی قورئانە، بەڵام مانای یەكەمیان ڕاسترە، چونكە ڕاناو بۆ نیزیكترین باسكراو دەچێتەوە، مادام ڕێگرێك نەبێ.

٥)- ﴿ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدًا ﴾، هەرگیز ئێمە هاوبەش بۆ پەروەردگارمان دانانێین، واتە: هیچ كەس نە لە جندو، نە لە مرۆڤ و، نە لە فریشتان ناكەینە هاوبەش بۆ پەروەردگارمان، لە هیچ شتێكی پەروەردگارماندا، نە لە بەدیهێنەرایەتییدا، نە لە پەروەردگارێتییدا، نە لە خاوەندارێتییدا، نە لە پەرستراوێتییدا، تا كۆتایی.

٦)- ﴿ وَأَنَّهُۥ تَعَٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا ﴾، كە بە دڵنیایی مەزنیی پەروەردگارمان بەرزە، وشەی (أنَّه) لێرەوە تاكو دوازدە لە ئایەتەكان كە دێن، زۆربەیان بە (إنَّه)یان خوێندوونەوە، بەڵام ئەو موصحەفانەی لەبەردەستی ئێمەدان، بەپێی خوێندنەوەی (حفص)ن، بۆیە (حَفْص)و ژمارەیەك لە زانایان پێیان وابوە بە (أنَّه) بخوێندرێنەوە، هەڵبەتە نكووڵییشیان نەكردوە كە بە (إنَّه)ش دەخوێندرێنەوە.

شوێنەكانیش ئەو دوازدەیەن:

١- ئایەتی ژمارە (٣): (وَإِنَّهُ تَعَالَى جَدّ رَبِنا).

٢- هەروەها ئایەتی ژمارە (٤): (وَإِنَّهُ كَانَ يَقُولُ سَفِيْهُنا).

٣- ئایەتی ژمارە (٥): (وَإِنَّا ظَنَنَا).

٤- هەروەها ئایەتی ژمارە (٦): (وَإِنَّه كَانَ رِجَالٌ مِن الإِنْس).

٥- ئایەتی ژمارە (٧): (وَإِنَّهُم ظَنُّوا).

٦- ئایەتی ژمارە (٨): (وَإِنَّا لَمَسْنَا السَّمَاء).

٧- ئایەتی ژمارە (٩): (وَإِنَّا كُنَّا نَقْعُد مَقَاعِد للسَّمْع).

٨- ئایەتی ژمارە (١٠): (وَإِنَّا لَا نَدْرِي).

٩- ئایەتی ژمارە (١١): (وَإِنَّا مِنَا الصَّالِحُون).

١٠- ئایەتی ژمارە (١٢): (وَإِنَّا ظَنَنَّا أن لَنْ نُعْجِز الله فِي الأَرْض).

١١- ئایەتی ژمارە (١٣): (وَإِنَّا لَمَا سَمِعْنَا الهُدى أمَنَّا بِه).

١٢- ئایەتی ژمارە (١٤) شوێنی دوازدەیەم و کۆتایی کە بە هەردوو جۆرەکە خوێندراونەوە: (وأنَا مِنَا المُسْلِمُون)، (وإنَا مِنَا المِسْلِمُون).

ئنجا ئەگەر (أنَّه)بن، دەگێردرێنەوە سەر ئەو ڕستەیەی خوا تێیدا دەفەرموێ: ﴿قُلْ أُوحِىَ إِلَىَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ﴾، کە لێرەدا هەر دەبێ بە (أنَّـه) بخوێنرێتەوە، چونکە (أنّـه استمع) دەبێتە جێداری بکەر (نائب فاعل)، وەك لە ئایەتی ئایەتی (١٩)ی سووڕەتی (الأنعام) دەفەرموێ: ﴿وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ﴾، قوڕئانخوێنان لەسەر ئەوە یەکڕان، هەروەها لەسەر ئەوەش یەکڕان کە (إنا سمعنا)، هەر بە ژێر (کسرة) دەخوێنرێتەوە.

شایانی باسیشە هەر کام لە: (علقمة و یحیی و أعمش و حمزة وکسائي و ابن عامر و خَلَفْ و حَفْص و سُلَمي) هەموویان بە (أنَّ)یان خوێندوونەوە: (يَنْصِبُون

(أنَّ) في جَمِيْـع السّـورَة في اثْنَـي عَـشْر مَوضعـاً، کـه سـەرژمێرمان کـردن، **(القرطبـي)** وا دەڵـێ، کـه وەك گوتمـان: ئەگـەر بـه سـەر **(فتحـة)** بخوێندرێنـەوە، هەموویـان بـا دەدرێنـەوە سـەر ڕسـتەی یەکـەم.

بـەڵام ئەوانـی دیکـه کـه زۆربەیانـن بـه ژێـر **(کسر)**یـان خوێندوونـەوە، بـه **(إنَّ)**: **(القرطبـي)** دەڵـێ: ئەوەشـیان ڕاسـته **(وَهُـوَ الصَّـوَاب)**، کـه بـه بۆچوونـی مـن دەبووایـه گوتبـای: **(وَهُـوَ أَصْـوَب)**، چونکـه ئـەوی دیکـەش هـەر ڕاسـته، ئنجـا ئەگـەر بـه **(إنّـه)** بخوێندرێتـەوە، هەموویـان دەگێڕدرێنـەوە سـەر فەرمایشـتی خـوا، کـه لەسـەر زمـانی جنـد دەفەرمـوێ: **(فقَالـوُا إنَّـا سَـمِعْنَا قرآنـاً عَجَبَـاً)**، نـەك **(أُوحـيَ إليَّ أنّـه اسْـتمع)**، یـانی: دەگێڕدرێنـەوە بـۆ سـەر قسـەی **(جنـد)** و هەموویـان دەبـن بەوەي ڕاسـتەوخۆ قسـەی جنـدن، چونکـه بێگومـان ئـەو قسـەیه هـی جنـدە، بـەڵام هەمـوو قورئـان خوێنـەکان لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن، کـه ئـەو چـوار شـوێنه بـه **(أنّـه)** دەخوێندرێنـەوە:

١- **(أَنَّه اسْتَمَع نَفَرٌ مِنَ الجِن)**.

٢- **(وَأَنَّ لَو اسْتَقَامُوا)**.

٣- **(وَأَنَّ المَسَاجِد لله)**.

٤- **(وَأَن قَد أبْلَغُوا رِسَالَات رَبِهِم)**.

هەموویـان لەسـەر ئـەوە یەکدەنگن دەبێ **(أنَّ)** لەو چوار شـوێنەدا بە سـەر **(فَتْحة)** بخوێندرێنـەوە، هەروەهـا ڕاجیاییشـیان نیـه لـەوەدا کـه هەمـوو ئەو وشـانەی له دوای **(قول)**ەوە هاتوون، وەك: **(فَقَالُوا إنَّا سَمِعْنَا)** دەبێ به ژێر **(کسرةً)** بخوێندرێنەوە:

١- **(فَقَالُـوا إنّـا سَـمِعْنَا)**، ٢- **(قُـل إنَّمَـا أدْعُـوًا)**، ٣- **(قُـلْ إنْ أدْرِي)**، ٤- **(قُـلْ إنِّي لَا أمْلِـكُ)**، قورئانخوێنـان لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن کـه هەموویـان بـه ژێـری هەمزەکـه دەخوێندرێنـەوە، هەروەهـا ڕاجیاییشـیان نیـه، لەسـەر ئـەوە کـه هەموو ئەو ڕسـتانەی لـه دوای **(فـاء الجـزاء)**ەوە هاتـوون، وەك: ١- **(فـإنَّ لَـهُ نَـارَ جَهَنَّـم)**، ٢- **(فَإنَّـهُ يَسْـلِك مِـنْ بَـيْن يَدَيْـه)**، ئەوانـەش هەموویـان بـه ژێـری هەمزەکـه، بـه **(إنّ)** دەخوێندرێنـەوە.

ئەمە (**القرطبي**) لە تەفسیرەکەی خۆی[١] هێناویەتی.

(**فخرالدين الرازي**)یش هەر لەو بارەوە لە تەفسیرەکەیدا، وەك بنچینەیەك گوتوویەتی:

{**أجمعوا على أن قوله: (أنه استمع) بالفتح، وذلك لأنه نائب فاعل.. وأجمعوا على كسْر إنا في قوله: (إنا سمعنا قرآناً عجباً)، لأنه مبتدأ محكيٌ بعد القول، ثم هنا قراءتان، إحداهما: أن نحمل البواقي على الموضِعَيْنِ اللذين بينّا أنهم أجمعوا عليهما، فما كان من الوحي فُتِحَ، وما كان من قول الجن كُسِرَ، وكلّها من قول الجن إلاّ الآخرين وهما: (وأن المساجد الله)، (وأنه لما قام عبدالله) وثانيهما: فتح الكل، والتقدير: فآمنّا به وآمنّا بأنه تعالى جَدُّ ربّنا...**}[٢].

واتە: زانایان یەکدەنگن کە: (**أنه استمع**) بەسەر (**فتح**)، دەخوێندرێتەوە، چونکە جێگری بکەر (**نائب فاعل**)ە، هەروەها یەکدەنگن لەسەر بە ژێر (**كَسْر**) خوێندنەوەی: (**إنا سمعنا قرآناً عجباً**)، چونکە نیهادێکی گێڕراوەیە دوای گوتن (**قول**)، ئنجا لێرەدا دوو خوێندنەوە هەن:

یەکیان: کە سەرجەم شوێنەکانی دیکە بە پێی ئەو دوو جێیە دابنێین کە گوتمان لەسەریان یەکدەنگن، ئنجا هەرچی لەوەحییەوە بوو بەسەر (**فتح**) بێ و، هەرچی لە قسەی جند بوو بە ژێر (**كَسْر**) بێ کە هەمووشیان جگە لە دووەکەی کۆتایی، قسەی جندن کە بریتین لە: (**وأن المساجد لله**) و (**وأنه لماقام عبدالله**).

دووەمیان: کە هەموویان بەسەر (فتح) بخوێنرێنەوە بە بەمەزەننەکردنی: بڕوامان پێهێناو بڕوامان هێنا کە مەزنیی پەروەردگارمان بەرزە...

٧)- ﴿مَا ٱتَّخَذَ صَـٰحِبَةً وَلَا وَلَدًا﴾، نە هاوەڵی هەیە (هاوەڵی هاوسەر)و نە ڕۆڵەشی هەیە، هەڵبەتە ئەمە بەرپەرچدانەوەی قسەی جندە کافرەکان و، مرۆڤە هاوبەش بۆ خوا دانەرو بێبڕوایەکانە.

---

(١) ج٢٠، ص٩٨.

(٢) التفسير الكبير أو مفاتيح الغيب، المجلّد ١٥، الجزء الثلاثون، ص ١٤١.

وشـەی (جَـدُّ) بـە مانـای مەزنیـی (عَظمـة) دێ، چونکـە لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ گێڕدراوەتـەوە فەرموویەتـی: {کَانَ الرَّجُـلُ إِذَا قَـرَأَ الْبَقَـرَةَ وَآلَ عِمْـرَانَ جَـدَّ فِينَـا، أَيْ: عَظُمَ} (أخرجـه أحمـد ١٢٢٣٦، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: إسـناده صحيـح علـى شرط الشـيخين)، هـەر پیاوێـك ئەگـەر سـوورەتی (الْبَقَـرَةَ وَآلَ عِمْـرَانَ)ی خوێندبـان و زانیبانـی (لـە بـەری کردبـان یـان شـارەزایان بووایـە)، لـە چاوماننـدا گـەورەو مـەزن دەبـوو.

٨)- ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطًا﴾، هەروەها بە دڵنیایی نەفامەکەمان لەسەر خوا ﷻ قسەی زۆر دوور لە ڕاستییەوە دەکات، کە دەڵێن: (سَفِيهُنا) کەودەنەکەمان دەگونجێ مەبەست پێی تێکڕای نەفامەکانیان بێ، لە جندە کافرەکان، دەشگونجێ مەبەست پێ ئەوەیان بێ، کە لە هەموویان نەفامترە، کە ئیبلیسە.

(شَـطَط: أي قَـوْلاً ذَا شَـطَطٍ أي بُعـدٍ وجَـوْرٍ، شَـطِطَ الـدَّارُ: بَعُـدت)، کـە دەڵێن: (شَـطَطا) یـانی: قسـەیەکی زۆر دوور کەوتـووەوە لـە ڕاسـتیی کـرد لەسـەر خـواو پاڵدایـە لای خوا، کـە بریتیـە لـە پاڵوێدانـی هاوبـەش و هاوسـەرو ڕۆڵە بـۆ لای.

٩)- ﴿وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾، واتە: ئێمە پێمان وابوو مرۆڤ و جند لەسەر خوا ﷻ درۆ ناکەن (درۆ بە ناوی خواوە ناکەن، درۆ پاڵ نادەنە لای خوا یاخود درۆ بۆ خوا هەڵنابەستن)، (تَقُول) خوێنراوەتەوەش: (تَقَوَّلَ)، ئەو کاتەش: (كَذِباً، أي: قَوْلاً كَذِباً)، (كذباً) یانی: قسەیەکی درۆ، یاخود: (قَوْلاً مَكْذُوباً فِيْهِ) قسەیەك کە درۆی تێدابێ، ئەویش بریتیە لە پاڵدانی هاوسەرو ڕۆڵە بۆ لای خوا ﷻ، واتە: ئێمە پێشێ واماندەزانی مرۆڤ و جند هەرچی بیڵێن وایە، نەماندەزانی کە بەناوی خواوە درۆ دەکەن و درۆ دەدەنە پاڵ لای خوا.

١٠)- ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ﴾، بە دڵنیایی پیاوانێك لە مرۆڤان پەنایان دەبردە بەر پیاوانێك لە جندەکان، بۆچی پەنایان پێ دەبردن؟ لە کاتێکدا دەچوونە دەشت و ساراو چۆڵاییەك، شوێنێکی چۆڵ و بەسام، کابرا دەیگوت: پەنا دێنمە بەر گەورەکانی جندو ڕیش سپییەکانیان لە جندەکان چەپاڵەم بدەن و بمپارێزن.

١١)- ﴿ فَزَادُوهُمۡ رَهَقٗا ﴾، (بەڵام ئەو جندانەی پەنایان پێ دەبردرا)، مرۆڤە پەنابەرەكانیان هەر زیاتر گومڕا دەكرد، یان: ناڕەحەتییان زیاتر دەهێنانە سەرێ، یاخود: پیاوە مرۆڤەكان كە پەنایان دەبردە بەر پیاوانی جند، دەبوونە هۆی ئەوەی زیاتر تووشی ناڕەحەتییان بكەن و پتر گومڕا دەبوون و، لە خۆیانبایی دەبوون و دەیانگوت: تەماشا بكەن! مرۆڤەكانیش پەنا دێننە بەر ئێمە!.

١٢)- ﴿ وَأَنَّهُمۡ ظَنُّواْ كَمَا ظَنَنتُمۡ أَن لَّن يَبۡعَثَ ٱللَّهُ أَحَدٗا ﴾، (دیارە جند لە نێو خۆیاندا، ئەو قسەیە دەكەن و دەڵێن:) ئەی جندەكان! مرۆڤەكانیش پێیان وابوو، وەك چۆن ئێوە پێتان وایە، كە خوا هیچ كەس زیندوو ناكاتەوە، یاخود: خوا هیچ كەس نانێرێ بە پێغەمبەر ﷺ، چونكە وشەی (بَعث) مانایەكەی بەپێی سیاق و مەقام دەگۆڕێ، لێرەشدا هەردوو واتایەكە هەڵدەگرێ، واتە: كە خوا ﷻ كەس زیندوو ناكاتەوە، ئەو بیرۆكەیە هەبووە لەنێو مرۆڤان و لە نێو جندیشدا، كە خوا ﷻ كەس زیندوو ناكاتەوە، هەروەها ئەوەش هەر هەبووەو هەیە كە خوا ﷻ كەس نانێرێ وەك پێغەمبەر، پێیان وابووە لە دوای عیساوە، خوا هیچ پێغەمبەری دیكە نانێرێ.

لێرەدا ئەم دەقە دێنین لە (**الطبري**)ەوە كە لە (**قتادة**)وە دەیهێنێ، (**قتادة**) گوتوویەتی: (**ذُكِرَ لَنَا هَذَا الحَيّ مِنَ الْعَرَبَ كَانُوا إِذَا نَزَلُوا بِوادٍ قَالُوا: نَعُوذُ بِأَعَزِّ أَهْلِ هَذَا المَكَانِ، قَالَ الله:** ﴿ فَزَادُوهُمۡ رَهَقٗا ﴾ **أي: إِثْماً، وَازْدَادَتِ الجِنُّ عَلَيْهِم جُرْأَةً**) (**جامع البيان: ٣٥١٦٨**)، واتە: بۆمان باسكراوە كە عەرەبەكان ئەگەر دابەزیبانایە شوێنێك (شوێنێك لە كاتی سەفەریاندا)، دەیانگوت: پەنا دەبەینە بەر باڵادەسترین و بەهێزترینی خەڵكی ئەم شوێنە، واتە: كێ باڵادەستە، كێ سەرۆكە لە جندەكان، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَزَادُوهُمۡ رَهَقٗا ﴾، كە چی گوناهیان بۆ زیادكردن و جندەكانیش زیاتر بوێرییان لەسەریان پەیدابوو، مرۆڤەكان بۆیە گوناهیان بۆ زیاد بوو، چونكە هاوبەشیان بۆ خوا دانا، كە پەنایان بە جگە لە خوا گرت، جندەكانیش بۆیە زیاتر تووشی زیان بوون، چونكە ئەوانیش لە خۆبایی بوون و بوغڕا بوونیان تێدا زیاد بوو.

مەسەلەی دووەم:

جنـد دوای سـۆراغ و پشـكنینی ئاسـمان، بۆیـان دەركەوتـوە كـە ئاسـمان پڕكـراوە لـە ئێشـكچیی و بڵێسـە، كـە پێشـتر لـە چەنـد شـوێنێكی ئاسـمان دانیشـتوون، بـۆ گوێگرتـن لـە قسـەی فریشـتان، بـەڵام ئێسـتا ئـەو بوارەیـان نەمـاوەو نەشـیانزانیوە، ئایـا ئـەو گۆڕانكارییـە بـۆ خەڵكـی سـەر زەوی خێـرە یـان شـەڕە؟:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴿٨﴾
وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْـَٔانَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾ وَأَنَّا لَا
نَدْرِىٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴿١٠﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ ﴾، {خوێندراویشەتەوە: **(وإنَّا)**} بە دڵنیایی ئێمە ئاسمانمان پشكنی، **(الطبري)** دەڵێ: (**طَلَبْنَا السَّمَاءَ وَأَرَدْنَاهَا**) واتە: ئاسمانمان خواست و بۆی گەڕاین، (**طَلَبْنَا بُلُوغَهَا لِسمَاعِ أَهْلِهَا**)، ویستمان بیگەینێ بۆ ئەوەی گوێ لە دانیشتووەكانی بگرین كە فریشتەكانن، یاخود (**لَمَسْنَا السَّمَاءَ**) واتە: (**لَمَسْنَا خَبَرَ السَّمَاءِ، طَلَبْنَا خَبَرَهَا**) هەواڵی ئاسمانمان ویست و سۆراغمان كرد.

٢)- ﴿ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴾، كە چی بینیمان و لێمان هەڵكەوت، پڕكراوە لە پاسەوانی سەخت و توندو بڵێسەكان، (**حَرَس جَمْعُ حَارِس، مِثْلُ خَدم وَخَادِم**)، واتە: پاسەوانەكان، (**شَدِيْد**)یش سیفەتی (**حَرَس**)ە، كە ئەگەر مانایەكەی ڕەچاو كرابایە، دەبوو فەرمووبای: (**حَرَسًا شِدَادًا**)، چونكە (**حَرَس**) ناوی كۆیە، بەڵام لەبەر ئەوەی كێشی (**فَعِيْل**) بۆ تاك و بۆ كۆ، دێ، بۆیە بە (**شَدِيْد**) هاتوە، (**شُهُب**)یش كۆی (**شِهَاب**)ە، (**شِهَاب**) بە مانای بڵێسە دێ، (**شُهُب**) واتە: بڵێسەكان، واتە: ئێمە ئاسمانمان بینی دوای ئەوەی پشكنیمان و سۆراغمان كرد، پڕكراوە لە ئێشكچییان و بڵێسان، ئێشكچییەكان بە دڵنیایی فریشتەكانن، بڵێسەكانیش ئەوەی بۆ ئێمە زانراوە، ئەو پارچانەن كە لە ئەستێرەكان

و خڕۆکەکان جیا دەبنەوە، بەڵام ڕەنگە بڵێسەی دیکەی مەعنەوییش هەبن، کە ئێمە زانیاریمان لەو بارەوە نیە، گرنگ ئەوەیە ئەم وشە قورئانییە - کەپێشتر لە کورتە باسەکەشدا گوتمان - وەك چۆن پارچەکانی ئەستێرەکان و خڕۆکەکان دەگرێتەوە، ڕێگر نیە کە شتی دیکەش هەبێ، فریشتەکان بیگرنە شەیتانەکان، پلارو بڵێسەی مەعنەویی کە ئێمە نەزانین چۆنە؟!

بەڵام بەدڵنیایی خوا ﷻ ئەوەی بڕیوەتەوە، کە ئەستێرەکان وێڕای جوانیی بۆ ئاسمان، ئاسمانی نزیکتر لە ئێمە، بەکاریش دەهێنرێن بۆ بڵێسەباران و تیرباران کردنی شەیتانەکان، کەواتە: بێگومان پارچە ئەستێرەو خڕۆکەکان کە دەبنە بڵێسە، بەکاردەهێنرێن بۆ تیربارانکردنی شەیتانەکان، بەڵام ئایا وێڕای ئەوە شتی دیکەش هەیە، یان نا؟ ئایەتەکە ڕێی لێ ناگرێ شتی دیکەش هەبێ.

٣)- ﴿ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ ﴾، هەروەها بە دڵنیایی ئێمە پێشتر لە ئاسمان هەندێك نشینگەمان هەبوون بۆ گوێگرتن، **(وإنَّا كنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقاعِدَ كَائِنةٍ لِلسَّمِع)**، هەندێك نشینگەمان بوون کە بۆ گوێگرتن گونجاو بوون، بۆ ئەوەی تێیاندا بچینە بۆسەوەو، گوێ لە قسەی فریشتەکان بگرین، پێشتر وابووین.

٤)- ﴿ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْآنَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا ﴾، بەڵام هەر کەس ئێستا گوێ هەڵخا، [بۆ هەواڵی ئاسمان و لە قسەی فریشتەکان]، بڵێسەیەکی لە بۆسەدای چنگ دەکەوێ، لێ هەڵدەکەوێ، **(رَصَد، أي: رَاصِدَاً)**، بۆسە گرتوو، هەروەها **(رَصَد)** بە مانای لە بۆسەنراو **(مَرْصُود)**یش دێ.

٥)- ﴿ وَأَنَّا لَا نَدْرِىٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، هەروەها ئێمە ناشزانین ئایا ئەوانەی لەسەر زەویین، بەو گۆڕانکارییە زیانیان بۆ ویستراوە؟

٦)- ﴿ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴾، یان پەروەردگاریان سەر ڕاستیی و بە مراد گەیشتنی بۆ ویستوون، بەو گۆڕانکارییە، **(رَشَداً، أي: خَيْراً وَصَلَاحَاً، عَكْسَ الشَرّ وَالفَسَاد)**، **(رشد)** واتە: چاکەو بەرژەوەندیی، پێچەوانەی خراپەو زیان.

(القرطبي) لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا[1] ئـەم دەقـە دێنـی: (قِيلَ لِلزُّهْرِيِّ: أَكَانَ يُرْمَى فِي الْجَاهِلِيَّةِ؟ قَالَ: نَعَمْ، قُلْتُ: أَفَرَأَيْتَ قَوْلَهُ تَعَالَى: ﴿ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾ ﴾، قَالَ: غُلِّظَتْ وَشُدِّدَ أَمْرُهَا حِينَ بُعِثَ النَّبِيُّ ﷺ)، زوهریـی (کـە یەکێکـە لـە زانایانـی شـوێنکەوتووان) پێـی گوتـراوە: ئایا لـە سـەردەمی نەفامییشـدا (پێـش ڕەوانەکرانـی پێغەمبـەری کۆتایـی)، ئـەو بڵێسـانە هـەر هاویشـتراون بـۆ شـەیتانەکان؟ گوتوویەتـی: بەڵـێ، دەڵـێ: پێمگـوت: {ئـەو کەسـەی لـە زوهریـی پرسـیوە}، ئـەدی قسـەی خـوای بـەرز کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾ ﴾؟!.

ئێمـە پێشـتر چەنـد نشـینگەیەکمان لـە ئاسـمان هەبـوون بـۆ گوێگرتـن، هـەر کەسـێك ئێسـتا گـوێ بگـرێ بڵێسـەیەکی لـە بۆسـەدای بـۆ دانـراوە؟

زوهریـی گوتـی: ئێسـتا ئـەو پاراسـتن و پاسـەوانیی کردنـەی ئاسـمان بەهێزتر بـووەو، کارەکـەی زیاتـر قایـم کـراوە، دوای ئـەوەی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ ڕەوانکـراوە، وەك پێشـتریش باسـمان کـرد، ئـەو گۆڕانکارییـەی بـووە، هـەر ئەوەیـە کـە ئـەو بڵێسـانە زیاتر کـراون و، فریشـتەکان زیاتـر کـراون لـە دوای هاتنـی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، پێشـتریش گوتـم: لـە سـەردەمی هەمـوو پێغەمبەرانیشـدا هـەر وابـووە، بـەڵام ئـەو ماوەیـەی کەوتۆتـە نێـوان لـە دایکبوونـی عیسـا ؑ لـە یـەك (١)ی زایینـی تاکـو ڕەوانەکرانـی موحەممـەد ﷺ لـە (٦١٠) زایینـی، ئـەو مـاوەی (٦١٠) سـاڵە کـە شـەش سـەدە بـووە، جنـدەکان پێیـان وابـووە هـەر وابـووەو، لـەو فەترەیـەدا کـە وەحیـی نەهاتـوە، ئـەو ئێشـکگرتنە لـە ئاسـمان کەمبۆتـەوە، لەبـەر ئـەوەی وەحیـی نەهاتـوە بـۆ پێغەمبـەران، تاکـو مەترسـیی ئـەوە هەبـێ شـەیتانەکان دەسـتکاریی بکـەن و بیـدزن.

واتـە: بـەردەوام جۆرێـك لـە پاراسـتنی ئاسـمان و ئێشـکە لێگرتنـی هـەر بـووە، بـەڵام دوای ئـەوەی موحەممـەد پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ نێـردراوە، یەکجاریـی

---

(١) ج٢٩، ص١٢.

ئـەو ڕێیـە بەسـتراوە، کـە وەك گوتـم هەرچەنـدە سـەرنجی ئایەتـەکان دەدەیـن، ئـەو قەناعەتەمـان بـۆ پەیدادەبـێ، کـە وێـڕای ئـەو پارچـە ئەسـتێرەو خڕۆکانـەی دەیانبینیـن، کـە دێنـە نێـو مـەودای بەرگـە هـەوای زەوییـەوە، کـە کوردەواریـی خۆمـان دەڵـێ: ئەسـتێرەیەو ڕادەخـزێ، کـە لـە ڕاسـتییدا هەموویـان پارچـە ئەسـتێرەو پارچـە خڕۆکـەن، وێـڕای ئـەوە دەبـێ ئـەو فریشـتانە جۆرێکـی دیکـەش لـە دەرکـردن و، ڕێ لێگرتنـی شەیتانەکانیشـیان هەبـێ، کـە ئێمـە نایزانیـن چۆنـە، ڕێشـی تێدەچـێ کـە بەهـۆی جووڵـەی فریشـتەکانەوە، ژمـارەی ئـەو پارچـە بڵێسـانە، پارچـە نەیـزەك و خڕۆکانـەی دەبنـە بڵێسـە زیاتـر ببـێ.

ئنجا ئەگـەر ئێمـە تەماعـی ئەوەمـان هەبـێ لـە هەمـوو نهێنییەکانـی فەرمایشـتی خـوا تێبگەیـن و، لـە هەمـوو چەمـك و واتایەکانـی بـە تەواویـی حاڵیـی بیـن، مانـای وایـە تەماعێکـمان هەیـە لـە جگـە لـە جێـگای خۆیـدا، وەك عـەرەب دەڵێـن: (**طَمَـعٌ فِي غَـيْرِ مَطْمَـعٍ**)، بـەس خـوا ﷻ بـە هەمـوو نهێنییەکانـی فەرمایشـتی خـۆی زانایـە.

مەسەلەی سێیەم:

جندیش وەك مرۆڤان چاك و خراپیان تێدان و، كۆمەڵ و تاقمی زۆرو جۆراوجۆرن:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا ۝١١﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ﴾، بە دڵنیایی ئێمە چاكانمان لە نێودا هەن، (صَالِح) لە (صَلَح) ەوە هاتوە، (صَلَحَ) واتە: چاك بوو، (صَالِح) ناوی بكەر (**إسم فاعل**)ە، واتە: چاك، كەسێك كە چاكە دەكات، یانی: ئێمە چاكەكارمان تێدا هەن.

٢)- ﴿وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ﴾، هەروەها جگە لە چاكەكارانیشمان تێدا هەن، واتە: كەسانی خراپەكاریشمان هەن.

٣)- ﴿كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا﴾، پێشتر ئێمە (خاوەن) ڕێبازی جۆراجۆر بووین، وشەی (**طَرَائِق**) كۆی (**طَرِيْقة**)، (**طَرِيْقة الرَّجُلُ: مَذْهَبُهُ، القِدد: جَمْعُ قِدة، وَهِيَ دُرُوب وَأَجْنَاس مُخْتَلِفَة، وَالقِدَّة القِطْعَة**)، (**طَرِيْقة**) بە مانای ڕێبازو بەرنامەو ڕێ و شوێنێكە كە پیاو پێیدا دەڕوا، (**قِدَد**) كۆی (**قِدَة**)یەو، بە مانای جۆر دێ، یانی: ڕێ و شوێن و جۆرە جیاوازەكان، (**قِدَّة**)ش بە مانای پارچەیە.

كە دەفەرموێ: ﴿كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا﴾، (**قِدداً**) بۆ جەختكردنەوەی واتای (**طَرَائِق**)ە، واتە: ئێمە شوێنكەوتووی ڕێبازە جۆراو جۆرەكان، چونكە هەر ڕێبازێك بە پارچە (**قِدَّة**)یەك دانراوە، (**قِدّ**)یش بە زوێڵە چەرمێك دەگوترێ، كە لە پێستێكی دەباغ نەكراو دەبڕدرێ، بە كوردیی پێی دەڵێن: زوێڵ، بە عەرەبیی پێی دەڵێن: (**سِيْر**)، واتە: زوێڵە چەرم، پارچە چەرم كە لێی دەكرێتەوە بە باری درێژییدا، عەرەب دەڵێن: (**مَالَهُ قِدٌّ وَلَا قِحْفٌ**)، نە (**قِدّ**)ی هەیە، نە (**قِحْف**)ی هەیە، (**قِدّ**) دەفرێكە لە پێست دروست دەكرێ، (**قِحْف**)یش دەفرێكە لە دار دروست دەكرێ.

بـە کورتیـی: جنـدەکان ئـەو ڕاسـتییە ڕادەگەیەنـن، کـە ئێمـە هـەم خەڵکـی چاکەکارمـان هەیـە، هـەم خەڵکـی جیـا لەوەشـمان هەیـە، یـانی: خەڵکـی خراپەکاریشـمان هەیـەو، ئێمـە پێشـتر ڕێبازگەلـی جۆراوجـۆر بوویـن، واتـە: شـوێنکەوتەی ڕێبـازە جۆراوجـۆرەکان بوویـن.

منیـش بـۆم دەرکەوتـوە کـە جنـد زیاتـر شـوێنکەوتووی مرۆڤانـن، لە هەر شـوێنێك بـن، لـە دەوری جوولەکـەی مـرۆڤ، جنـدی جوولەکـە هـەن و، لـە دەوری جنـدی نەصرانیـی، هـی نەصرانیـی و، جنـدی مسـوڵمانیش لـە دەوری مسـوڵمانان هـەن، هەروەهـا لـە نێـو مسوڵمانانیشـدا وەك لایەنـە سیاسـییەکان و لایەنـە فکرییـەکان، جنـد زیاتـر کارتێکـراون بـە مرۆڤـان، چاکیـان شـوێن چاکیـان دەکـەون و، خراپیشـیان شـوێن خراپیـان دەکـەون.

هـەم بـە پێـی ڕواڵەتـی مانـای ئایـەت و فەرمـوودەکان، ئـەوە زانـراوەو، هـەم لـە ڕێـی تایبەتیـی خۆشـمەوە، کـە بـە شـێوەی ناڕاستەوخۆش پرسـیارم لێکـردوون، ئـەوان بەڕۆشـنیی ئـەوە ڕادەگەیەنـن، کـە ئێمـە زیاتـر لـە ژێـر کاریگەریـی مرۆڤەکاندایـن، چاکـمان لـە ژێـر کاریگەریـی چـاکی مرۆڤـان دایـەو، خراپیشـمان لـە ژێـر کاریگەریـی خراپـی مرۆڤاندایـە.

مەسەلەی چوارەم:

جند زانیویانە کە لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خوا دەرناچن، لە هەرجێیەکی سەر زەوی بن و، ئەگەر ڕاشبکەن و بیانەوێ لە مەودای ڕکێفی وی بچنە دەر، دەرباز نابن و، کاتێکیش گوێبیستی ڕێنمایی خوا بوون، یەکسەر بڕوایان پێ هێناوە، بابای بڕواداریش نە مەترسیی کەمکردنەوەی پاداشتی هەیەو، نە مەترسیی زیادە خستنەسەر گوناهەکانیشی هەیە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن نُّعۡجِزَ ٱللَّهَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَن نُّعۡجِزَهُۥ هَرَبٗا ﴿١٢﴾ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعۡنَا ٱلۡهُدَىٰٓ ءَامَنَّا بِهِۦۖ فَمَن يُؤۡمِنۢ بِرَبِّهِۦ فَلَا يَخَافُ بَخۡسٗا وَلَا رَهَقٗا ﴿١٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن نُّعۡجِزَ ٱللَّهَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە زانیمان کە لەسەر زەوی خوا ﷻ دەستەوسان ناکەین، لێرەدا وشەی (**ظن**) بە مانای دڵنیایی (**يقين**) و بە مانای زانیاریی (**علم**) دێ، چونکە بنچینەیەك هەیە پێشتریش باسمان کرد، کە دەڵێ: (**ظَنُّ المُؤْمِنِيْنَ يَقِيْنٌ، وَظَنُّ الكُفَّارِ شَكٌّ وَتَرَدّدٌ**)، کە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) گوتوویەتی: وشەی گومان هەر کاتێك بۆ ئەهلی ئیمان بەکارهاتبێ لە قورئاندا، بە مانای دڵنیایی و زانیارییە، بەڵام ئەگەر بۆ بێبڕوایان بەکارهاتبێ، بە مانای دوو دڵیی و دڵ لە دڵدانە.

کە جند دەڵێن: (**وإنَّا ظَنَنَّا أنْ لَنْ نُعْجِزَ اللهَ فِي الأرْضِ**)، (**الإِعْجَاز: جَعْلُ الغَيْرِ عَاجِزاً**)، واتە: دەستەوسانکردنی بەرانبەرو بێ دەسەڵات کردنی، یانی: ئێمە زانیمان کە ناتوانین لەسەر زەوی خوا بێ دەسەڵات و دەستە پاچە بکەین، واتە: لە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خوا دەربچین لەسەر زەوی.

٢)- ﴿ وَلَن نُّعۡجِزَهُۥ هَرَبٗا ﴾، هەروەها زانیشمان کە هەرگیز بە هەڵاتنیش خوا دەستەوسان ناکەین، واتە: زانیمان و دڵنیابووین کە نە لەسەر زەوی توانامان بەسەر خوادا هەیەو، نە بە ڕاکردنیش لێی دەرباز دەبین و لە دەسەڵاتی خوا قوتار دەبین.

٣)- ﴿ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا ٱلْهُدَىٰٓ ءَامَنَّا بِهِۦ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە هەر لەگەڵ گوێبیستی ڕێنمایی بووین، بڕوامان پێهێنا، وشەی (هُدَى) دەگونجێ مەبەست پێی قورئان بێ و، دەشگونجێ مەبەست پێی كۆی ئەو ئایین و بەرنامەیە بێ كە خوا ﷻ بۆ پێغەمبەری خۆی ﷺ دایبەزاندوە، وشەی (لَمَّا) وەك پێشتریش گوتوومانە: كاتێكی دیارییكراو دەگەیەنێ.

كــە دەڵێــن: ﴿ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا ٱلْهُدَىٰٓ ﴾، (أي: لَـمَّا سَـمِعْنا القُـرْآن الحَـاوِيَ عَـلَى الهُـدَى أَمَنَّـا بِـهِ مِـنْ غَـيْرِ تَلَعْثُـمٍ، وَذَلِـك لأنَّ المُؤْمِـنَ بِرَبِّـهِ لَا يَخَـاف نقصاً فِي أجْـرِهِ وَلَا زَيَـادَةً فِي وِزْرِهِ)، یـانی: هــەر كــە گوێـمان لــە قورئـانی ڕێنمایـی وەخۆگـر بـوو، بڕوامـان پــێ هێنــا، بەبــێ تەتەڵەكــردنی زمــان، ئەویــش لــە ســۆنگەی ئــەوەوە كــە بــڕوادار بــە پــەروەردگاری، نــە مەترســیی كەمكردنــەوەی پاداشــتەكەی و نــە زیــاد كــردنی گوناهەكــەی هەیــە.

٤)- ﴿ فَمَن يُؤْمِنۢ بِرَبِّهِۦ ﴾، بە دڵنیایی هەر كەسێك بڕوا بە پەروەردگاری بهێنێ، (مَنْ): (مَنْ)ی (الشَّرْطِيَّة)یە، یاخود مانای مەرج دەگەیەنێ، هەر كەسێك بە مەرجێك ئیمان بهێنێ بە پەروەردگاری.

٥)- ﴿ فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا ﴾، {ئەم (ف)ە بۆ وەڵامی مەرجەكەیە}، بە دڵنیایی مەترسیی كەمكردنەوەی نیە، مەترسی زیاد كردنیشی نیە، یانی: مەترسیی كەمكردنەوەی پاداشتی نیە، مەترسیی زیادكردنی پاداشتیشی نیە.

كــە دەفەرمــوێ: ﴿ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا ٱلْهُدَىٰٓ ءَامَنَّا بِهِۦ ﴾، ئەمــە ئــەوە دەگەیەنــێ كــە جندیــش وەك مرۆڤــان ئەركــدار كــراون، چونكــە دەڵێــن: هــەر لەگــەڵ گوێبیســتی فەرمانــی خــوا بوویــن، بڕوامــان پێهێنــا، دواییــش دەڵێــن: هــەر كەســێك بــڕوا بــە پــەروەردگاری بهێنــێ، نــە مەترســیی كەمكردنــەوەی پاداشــتی هەیــە، نــە مەترســیی زیادكردنــی ســزای هەیــە.

کەواتـە: جندیـش وەك مرۆڤـان - وەك پێشـتر گوتمـان و بەڵگەشـمان لـەو بـارەوە هێنانـەوە لـە نێـو کورتـە باسـەکەدا - ئەرکـدار کـراون و، ئەوانیـش دوێـنراون بـە بەرنامەکانـی خـواو، پێغەمبـەران بـۆ ئەوانیـش نێـردراون، کەواتـە: ئـەوەی هەندێـك لـە توێژەرەوانـی قورئـان گوتوویانـە لـە تەفسـیری ئـەو ئایەتـەدا کـە دەفەرمـوون: ﴿ وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا ٱلْهُدَىٰٓ ءَامَنَّا بِهِۦ ﴾، بـە دڵنیایـی ئێمـە کاتێـك گوێبیسـتی ڕێنمایـی بوویـن، بڕوامـان پێهێنـا، بـۆ وێنـە:

(**ابـن عاشـور**) لـە تەفسـیرەکەی خـۆی دا[1] دەڵـێ: (**وَهَـذَا لَا يَقْتَـضِي أَنَّ الْجِـنَّ مُكَلَّفُـونَ بِشَرَائِـعِ الْإِسْلَامِ**)، واتـە: ئەمـە خوازیـاری ئـەوە نیـە کـە جندیـش ئەرکـدار کـراون، پابەنـد کـراون بـە بەرنامەکانـی ئیسـلام، دەڵێیـن: بـە پێچەوانـەوە: ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئەوانیـش ئەرکدارکـراون بـە بـڕوا هێنـان بـە ئیسـلام و پابەندیـی بـە ئیسـلامەوە، مانـای ئایەتەکـەش زۆر ڕوونـەو پێـم وایـە (**ابـن عاشـور**) لـەوەدا خـراپ بەهەڵـەدا چـووە!.

هەرچەنـدە پێشـتریش لـەو بـارەوە دواویـن، بـەڵام ئەمـەش چەنـد بەڵگەیـەکی دیکـە بـە کورتیـی و گوشراویـی:

١- جندیش وەك مرۆڤان ئەرکدار کراون بە خواپەرستیی و لەسەریان پێویست کراوە بەندایەتیی بۆ خوا بکەن: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾**الذاريات**، واتە: جندو مرۆڤم تەنیا بۆ ئەوە هێناونەدی کە بمپەرستن.

٢- هەروەها خوا لە سوورەتی (**الرحمن**)دا سی و یەك (٣١) جاران جندو مرۆڤان دەدوێنێ، کە لە یەکێك لە دواندنەکانی دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا۟ مِنْ أَقْطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ فَٱنفُذُوا۟ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَٰنٍ ﴿٣٣﴾ ﴾، ئەی کۆمەڵی جندو مرۆڤ! ئەگەر توانیتان دەربچن لە سنوورەکانی ئاسمان و زەوی، دەربچن، بەڵام دەرناچن مەگەر بە دەسەڵات (دەسەڵاتەکەشتان نیە).

---

(١) التحرير والتنوير، ج:١٢، ص:٢٣٣.

بێگومانیــش جنــد و مــرۆڤ بــە مەبەســتی ڕاکــردن لــە ســزای خــوا هەوڵــی دەرچــوون لــە ســنوورەکانی ئاســمان و زەوی دەدەن.

٣- هەروەها خوا دەفەرموێ: ﴿سَنَفۡرُغُ لَكُمۡ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ ٣١﴾، واتە: خۆمانتان بۆ یەکلایی دەکەینەوە، ئەی دوو دروستکراوە قورسەکە، کە سەر زەویتان قورس کردوە، ئنجا مادام خوا خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ سزاو پاداشتی جندو مرۆڤ، کەواتە: دیارە هەردووکیان هەم سزاشیان هەیەو هەم پاداشتیشیان هەیە، ئەوەش زۆر ڕوونە، بەڵام نازانم **(إبن عاشور)** ڕەحمەتی خوای لێ بێ بۆچی ئەوەی گوتوەو، هەندێکی دیکەش لە زانایان جۆرێك لەو جۆرە بیرۆکەو ئیعتیقادانەیان هەبووە.

کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿فَمَن يُؤۡمِنۢ بِرَبِّهِۦ﴾، بـە دڵنیایـی هـەر کەسـێ بـڕوا بهێنـێ بـە پـەروەردگاری، ﴿فَلَا يَخَافُ بَخۡسٗا وَلَا رَهَقٗا﴾، نـە ترسـی کەمکردنەوە**(بَخْـس)**ی هەیـە، نـە ترسـی زێـدە خستنەسـەر **(رَهَـق)**ی هەیـە، **(البَخْـسُ: الغَـبْنُ فِي الأجْـرِ وَنَحْـوِه، وَالبَخْـس: الإنْقَـاص)**، (بخـس): بریتیـە لـە لـێ داشـکان و زیـان وەبـەر کەوتـن، لـە پاداشـت و وێنـەی ئـەوەدا، هەروەها**(بخس)**لـێ کەمکردنەوەشـە.

(رَهَـق: أي ظُلْـم فِي الأعْـمَال السَّـيئَة بِالإضَافَـة إليْهَـا)، **(رَهَـق)** واتـە: سـتەم و خسـتنە سـەری سـزای زیـاد، واتـە: نـە لـە پاداشـتی کـردەوە چاکەکانـی کـەم دەکـرێ و، نـە لـە سـزای کـردەوە خراپەکانیشـی زیـاد دەکـرێ.

مەسەلەی پێنجەم:

جندیش کەسانی بۆ خوا ملکەچ و هی لادەریشیان تێدان، بێگومان ملکەچان لەسەر ڕاستیی و بە مراد گەیشتن خەفتاون و، دەستگیریشیان کردوە، بەڵام کافران و لادەران و ستەمکاران دەبنە سووتەمەنیی دۆزەخ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَنَّا مِنَّا ٱلْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا ٱلْقَـٰسِطُونَ ۖ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ تَحَرَّوْا۟ رَشَدًا ﴿١٤﴾ وَأَمَّا ٱلْقَـٰسِطُونَ فَكَانُوا۟ لِجَهَنَّمَ حَطَبًا ﴿١٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَنَّا مِنَّا ٱلْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا ٱلْقَـٰسِطُونَ ﴾، هەروەها بە دڵنیایی ئێمە ملکەچانیشمان هەن و لادەرانیشمان هەن، (مُسْلم) لەسەر کێشی (**مُفْعِلْ**) ناوی بکەر (**إسم فَاعِل**)ە، واتە: ملکەچ، کەسێك مل و گەردنی خۆی کەچ کردوە بۆ خوا ﷻ، (**قَاسِط: إسْمُ فَاعل مِنْ قَسَط، قَسْطاً، وَقُسُوطاً أي: جَار، فَهُوَ كالظُّلْم**)، کەواتە: (**قَاسِط**)، واتە: ستەمکار یان لادەر، لە (**قَسَطَ، قَسْطاً، وَقُسُوطاً**)ەوە هاتوە، واتە: (**ظَلَمَ أو جارَ**) ستەمی کرد یان لایدا، واتە: ئێمە هەم ملکەچانمان هەن بۆ خوا ﷻ شوێنکەوتووانی ئیسلام و، هەم لادەران و ستەمکارانیشمان هەن.

٢)- ﴿ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ تَحَرَّوْا۟ رَشَدًا ﴾، هەر کەس ملکەچ و گەردنکەچ بووبێ (بۆ خوا ﷻ)، [(**مَنْ**) هەم بۆ تاك و هەم بۆ کۆش بەکاردێ]، ئا ئەوانەی ملکەچ بوون، لەسەر ڕاستیی خەفتاون، لە بە مراد گەیشتن و ڕێ ڕاستگرتن خەفتاون و بۆ ئەوە تێکۆشاون، (**التَّحَرّي: طَلَبُ الحَرَى وَالحَرَى جَانِب الشَّيء**)، (**حَرى**) بە مانای تەنیشتی شتێك دێ، ئنجا کەسێك بەرەو تەنیشتی شتێك بچێ، ڕووی لەو شتە کردوە، هەروەها (**التَحَرّي: طَلَبُ الحَرَى، وَهُوَ الشَّيءُ الَّذِي يَنْبَغِي أنْ يُفْعَل**)، بەمانای داواکردنی (**حَرَى**)یە، ئەویش بریتیە لەو شتەی پێویستە بکرێ، وەك لە عەرەبییدا دەگوترێ: (**بِالحَرِيِّ أنْ تَفْعَل كَذَا**) شایستەیە تۆ ئەوە بکەی، یان دەگوترێ: (**أحرى أن تَفْعل كَذا**)، وا باشترە تۆ فڵان شتە

بکەی، کەواتە: ﴿تَحَرَّوۡاْ رَشَدٗا﴾، بە دوای سەر ڕاستیی دا گەڕاون و سۆراغیان کردوە، لە بەمراد گەیشتن بە ئامانج گەیشتن، خەفتاون و پێشیگەیشتوون.

٣)- ﴿وَأَمَّا ٱلۡقَٰسِطُونَ فَكَانُواْ لِجَهَنَّمَ حَطَبٗا﴾، بەڵام ستەمکاران و لادەران ئەوانە بوونە سووتەمەنیی دۆزەخ.

گێڕدراوەتەوە لە (**حجاج بن یوسف الثقفي**) کە دەیەوێ سەعیدی کوڕی جوبەیر بکوژێ، کە یەکێك بووە لە زانایانی شوێنکەوتووان (تابعین)، پیاوێکی زۆر گەورەو زۆر صاڵح و زۆریش بوێر بووە، لێی دەپرسێ: لە بارەی منەوە چی دەڵێی؟ سەعیدیش کوڕی جوبەیریش دەڵێ: (**قَاسِطٌ عادلٌ**)، تۆ هەم (**قَاسِط**)ی هەم (**عَادل**)ی، خەڵکەکەی لەوێن، دەڵێن: (**مَا أحْسن مَا قَال**)، قسەیەکی چەند باشی لە بارەی (**حجاج**)ەوە کرد، (**فَقَالَ الْحَجّاجُ: يَا جَهَلَةُ! إِنَّهُ سَمَّانِي ظَالِمًا مُشْرِكًا، وَتَلَا لَهُمْ قَوْلَهُ تَعَالَى:** ﴿وَأَمَّا ٱلۡقَٰسِطُونَ فَكَانُواْ لِجَهَنَّمَ حَطَبٗا﴾، وقوله: ﴿ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ١﴾ **الأنعام**)، حەججاج بە سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێ: چۆنم ناو دەنێی؟ ئەویش دەڵێ: (**قاسطٌ عادلٌ**)، تۆ لادەری و ڕێ لارکەری، {(**عَدَل عَنِ الطَّرِيق أي: مَالَ**) لە ڕێیەکە لایدا}، خەڵکەکەی لەوێن دەڵێن قسەیەکی چەند باشی کرد!، حەججاجیش دەڵێ: ئەی نەفامەکان! منی بە ستەمکارو بە هاوبەش بۆ خوا دانەر ناوزەد کردوە! ئنجا قسەی خوای بەرزی خوێندەوە کە دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا ٱلۡقَٰسِطُونَ فَكَانُواْ لِجَهَنَّمَ حَطَبٗا﴾، بەڵام لادەران دەبنە سووتەمەنیی دۆزەخ، هەروەها قسەی خوای پەروەردگار کە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ١﴾ **الأنعام**، ئنجا ئەوانەی بێبڕوان، هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دادەنێن، یاخود ئەوانەی بێبڕوان بە پەروەردگاریان، لادەدەن، (**يَعْدِلُون أي: يَمِيْلُون، يَنْحَرِفُون**).

لێرە کە دەفەرموێ: ﴿فَكَانُواْ لِجَهَنَّمَ حَطَبٗا﴾، (**وَإِقْحَامُ فِعْلِ «كَانُوا» لِتَحْقِيقِ مَصِيرِهِمْ إِلَى النَّارِ حَتَّى كَأَنَّهُمْ كَانُوا كَذَلِكَ مِنْ زَمَنٍ مضى**)، (**كَانُوا**): کە خراوەتە

نێو ئەو ڕستەیەوە بۆ ساغکردنەوەی سەرەنجامەکەیانە کە بەرەو ئاگرە، وەك لە کاتی پێشترەوەش ئەوان هەر بەو شێوەیە بووبن.

لێرەدا قسەیەکی (**الزَّمَخْشَرِيُّ**) دێنین، کە (**محاسن التأویل**)[1] لێی خواستۆتەوە دەڵێ:

(**وَقَدْ زَعَمَ مَنْ لَا يَرَى لِلْجِنِّ ثَوَابًا أَنَّ اللَّهَ تَعَالَى أَوْعَدَ قَاسِطِيهِمْ وَمَا وَعَدَ مُسْلِمِيهِمْ، وَكَفَى بِهِ وَعِيدًا، أَيْ فَأُولَئِكَ تَحَرَّوْا رَشَدًا، فَذَكَرَ سَبَبَ الثَّوَابِ وَمُوجِبَهُ، وَاللَّهُ أَعْدَلُ مِنْ أَنْ يُعَاقِبَ الْقَاسِطَ وَلَا يُثِيبَ الرَّاشِدَ**)، زەمەخشەریی لە کۆمەڵی موعتەزیلە بووە، بەڵام لە ڕووی ڕەوانبێژییەوەو لە ڕووی تێگەیشتنی قورئانەوە، لە زۆر لە ئایەتەکان تێگەیشتنی زۆر وردو جوانی هەیە.

دەڵێ: هەندێك پێیان وابووە، جندەکان پاداشتیان نیە، بە بەڵگەی ئەوەی خوای بەرز هەڕەشەی کردوە لە لادەرەکانیان، بەڵام بەڵێنی نەداوە بە ملکەچەکانیان، فەرموویەتی: ﴿فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُولَٰٓئِكَ تَحَرَّوْا۟ رَشَدًا﴾، ئەوانەی ملکەچ بوون (بۆ خوا) لە ڕێی ڕاست و لەسەر ڕاستیی و بە مراد گەیشتن خەفتاون، بەڵام باسی پاداشتیان ناکات، ﴿وَأَمَّا ٱلْقَٰسِطُونَ فَكَانُوا۟ لِجَهَنَّمَ حَطَبًا﴾، بەڵام لادەرەکان دەبنە سووتەمەنیی دۆزەخ، (**الزَّمَخْشَرِيُّ**) دەڵێ: ئەوەندە بەسە کە بەڵێن و گفتی خوا هەبێ بۆ چاکەکانیان و ملکەچەکانیان، کە خوا فەرموویەتی: ﴿فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُولَٰٓئِكَ تَحَرَّوْا۟ رَشَدًا﴾، ئەوانە لەسەرڕاستیی و بە ئامانج گەیشتن خەفتاون، هۆکارو پێویستی پاداشتەکەی باسکردوون، دوایی دەڵێ: خوا لەوە دادگەرترە کە بابای لادەر، سزا بدات، بەڵام بابای سەر ڕاست و بە ئامانج گەیشتوو بە مراد گەیشتوو، پاداشت نەداتەوە، قسەکەشی زۆر جوان و بەجێیە، بەڵام ئەگەر سوورەتی (**الرّحمن**) بەبەڵگە بهێنرێتەوە - بە بۆچوونی من - بەڵگەکە بەهێزتریش دەبێ، لەسەر ئەوەی جندیش وەك مرۆڤانن و وەك چۆن سزا چاوەڕێیان دەکات، پاداشتیش چاوەڕێیان دەکات، چ لە دنیاو چ لە دوارۆژدا.

---

(١) ج٩، ص: ٣١٠.

مەسەلەی شەشەم:

ئەگەر بێت و مرۆڤ و جند لەسەر ڕاستە ڕێی خوا ڕاوەستاو بن، خوای بەخشەر ئاوی زۆرو زوڵاڵیان بەسەردا دەبارێنێ، تاکو بەوە تاقییان بکاتەوە، هەر کەسێکیش لە یادی خوا لادەر بێ، بە سزای سەختەوە گرفتاری دەکات:

﴿ وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُواْ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ﴿١٦﴾ لِّنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا ﴿١٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُواْ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ ﴾، هەروەها ئەگەر لەسەر ڕێباز ڕاوەستاو بوونایە، لێرەدا زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە دەبێ (**أَلَّو**) بەسەر (**فتح**) بخوێنرێتەوە، لێرەدا دەبێ (**أَنْ**) فەتحەی هەبێ، کە لە ئەسڵدا (**وأَنْ لو اسْتَقَامُوا**)یە، نابێ بگوترێ: (**وإن**)، بە دڵنیایی ئەگەر ڕاوەستاو بوونایە لەسەر ڕێباز، واتە: لەسەر ڕاستە ڕێی خوا، کێ ڕاوەستاو بووایە؟:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی (**قَاسِطُوْن**) بێ، یانی: لادەرەکان ڕاوەستاو بوونایە.

ب- دەگونجێ مەبەست مرۆڤەکان بن.

ج- دەشگونجێ مەبەست مرۆڤ و جند بێ، ئەگەر هەموویان ڕاوەستاو بوونایە، منیش ئەو مانایەی سێیەمم زیاتر بە دڵە، (**وَالإِسْتِقَامَةُ عَلَى الطَّرِيقَةِ: اسْتِقَامَةُ السَّيْرِ فِي الطَّرِيقِ، وَهِيَ السَّيْرُ بِالطَّرِيقِ دُونَ اعْوِجَاجٍ**)، (**إستقامة**) ئەوەیە لەسەر ئەو ڕێیە بە ڕێکیی بڕوا بەبێ لادان و خوارو خێچیی، ئەگەر وایانکردبایە:

٢)- ﴿ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ﴾، ئاوێکی زۆرو زوڵاڵمان پێ دەنۆشین، (**المَاءُ الغَدَقُ: المَاءُ الكَثِيْر**) ئاوی زۆر.

٣)- ﴿ لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ﴾، تاكو تێیاندا تاقییان بكەینەوە، (أي: لِنختَبِرَهم فيْه)، تاكو تاقییان بكەینەوە بەو ئاوە زۆرو زوڵاڵەی بۆمان دابەزاندوون، چونكە گوتراوە: ئاوو ئاوەدانیی، ئاو سەرچاوەی هەموو نیعمەتەكانی دیكەیە.

٤)- ﴿ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِ ﴾، هەر كەسێكیش لە یادی پەروەردگاری لابدات و ڕوو وەچەرخێنێ، (ذِكر) دەگونجێ:

أ- مەبەست پێی قورئان بێ.

ب- یان بەندایەتیی بۆ خوا بێ.

ج- یان بەرنامەی خوا بێ.

٥)- ﴿ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا ﴾،(خوا) دەیخاتە ئازارو سزایەكی سەخت و قورسەوە، خوێندراویشتەوە: (نَسْلُكهُ أي: نُدْخِلُهُ)، دەیخەینە نێو، سزایەكی قورس و بە زەحمەت، (عَذابًا صَعَداً أي: شَاقاً صَعْباً يَعْلُو المُعَذَّبَ ويَغلِبُهُ)، سزایەكی سەخت كە بەسەر بابای سزادراو و ئازاردراودا زاڵ دەبێ و دایدەپۆشێ.

لەو بارەوە ئەو قسەیەی خەلیفە عومەر ﷺ دەێنین، كە گوتوویەتی: (مَا تَصَعَّدَنِي شَيْءٌ مَا تَصَعَّدَتْنِي خطْبَةُ النِّكَاحِ، أي: مَا شَقَّ عَلَيَّ)، واتە: هیچ شتێكم هێندە لەسەر قورس نەبووە، وەك وتاری خوازبێنیی لەسەر دڵم قورسەو پێم زەحمەتە.

دەڵێم: پێم وایە پێ زەحمەتییەكەی لەبەر ئەوە بووە، عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، پیاوێكی یەكجار ڕاست و ساغ و بێ گرێ و گۆڵ و گرفت بووە، ئنجا لە خوازبێنییشدا دەبێ بەڕاستیی باسی ئەو كەسە بكەی كە ئافرەتەكەی بۆ دەخوازی، ئنجا كە سیفەتی خراپیشی بووبن، لەسەر دڵی قورس بووە، سیفەتە خراپەكانی باس نەكات و، ناشگونجێ باس بكرێ، وای تێدەگەم بۆیە پێی قورس بووە.

وشـەی (**صَعَـداً**) چاوگـە (**وِصِـفَ بِـه مُبَالَغـة أي: مشَـقّة**)، وەك زێدەڕۆیـی کـراوە بـە وەسـف، واتـە: قورسـایی و سـەختیی، (**صُعُـود**) یانـی: دەروویەکـی سـەختی کـە خەڵـك لێـی سـەردەکەوێ، (**الطـبري**) بـە ژمـارە: (٣٥٢١٧) لـە موجاهیـدەوە (**صَعَـداً**) ی بـە: (**مَشَـقّةً مِـنَ العَـذَاب**) سـزایەکی سـەخت، مانـا کـردوە، هەروەهـا (**الطـبري**) بـە ژمـارە: (٣٥٢٢١) لـە قەتـادەوە هێناویەتـی کـە گوتوویەتـی: (**صَعَـداً أي: عَذَابَـاً لَا رَاحَـةَ فِيّـه**)، سـزاو ئازارێـك کـە هیـچ ئاسـوودەیی و حەسـانەوەی تێـدا نیـە.

مەسەلەی حەوتەم:

مزگەوتەکانیش و ئەندامەکانی کڕنووش پێ بردنیش هی خوان، بۆیە شایستەی پەرستران تەنیا خوایە ﷻ:

خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ ﴾، بە دڵنیایی مزگەوتەکان (یان: ئەندامەکانی کڕنووش بردن) هی خوان، لێرەشدا قورئانخوێنەکان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە (**أَنَّ**) لێرەدا بە فەتحەی هەمزەکە دەخوێنرێتەوەو، بە دڵنیایی مزگەوتەکان هی خوان:

أ- (**مَسَاجِد**) کۆی (**مَسْجِد**)ە، کە ئەو شوێنەیە دروستکراوە بۆ نوێژ تێدا کردن و کڕنووش تێدا بردن.

ب- یاخود (**مَسَاجِد**) ئەو ئەندامانەن کە کڕنووشیان لەسەر دەبردرێ، کە حەوت ئەندامن: (نێوچەوان و هەردوو دەست و هەردوو ئەژنۆو هەردوو سینگی پێیەکان)، واتە: ئەو ئەندامانەی خوا بۆ مرۆڤی خولقاندوون و کڕنووشیان لەسەر دەبات، بەس هی خوان.

٢)- ﴿ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴾، کەواتە لەگەڵ خوادا لە کەسی دیکە مەپاڕێنەوە.

بێگومان وشەی (**مَسَاجِد**) زیاتر بە مانای کۆی (**مسجد**) مزگەوت هاتووەو، ئێمە لە سوورەتی (**النور**)دا باسێکی مزگەوتمان کردوە، لە تەفسیری ئایەتەکانی: (٣٦ و ٣٧ و ٣٨)دا، بۆیە لێرە ناچینە نێو وردەکارییەکانی باسی مزگەوت و، حوکمەکانی مزگەوت و، چۆنیەتیی مامەڵە کردن لەگەڵ مزگەوتدا.

مەسەلەی هەشتەم و کۆتایی:

کاتێك بەنـدەی خـوا موحەممـەد ﷺ هەڵسـا بـۆ لێپاڕانـەوەی خـواو بەندایەتیـی بـۆ کردنـی، جنـدەکان هێنـدە دەوریـان قەرەباڵـغ کـرد، نیزیـك بـوو کەڵەکـەی لەسـەر بکـەن و لەسـەری کۆببنـەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا۟ يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا ﴿١٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دوو بڕگەدا:

١)- ﴿ وَأَنَّهُۥ لَمَّا قَامَ عَبْدُ ٱللَّهِ يَدْعُوهُ ﴾، {خوێندراویشەتەوە: (**وَإِنَّه**)، (**نَافِع**) وای خوێندۆتەوە}، بە دڵنیایی کاتێك بەندەی خوا هەڵسا، لێی دەپاڕایەوە، لە کێ؟ بێگومان لە خوا ﷻ.

٢)- ﴿ كَادُوا۟ يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا ﴾، نزیك بوو کەڵەکەی لەسەر بکەن، واتە: جندەکان لەسەری کۆ ببنەوەو بکەونە سەر یەك لە دەوری پێغەمبەری خوا ﷺ، وشەی (**لِبَداً**) خوێندراویشەتەوە: (**لُبَداً**) یانی: جندەکان هێندە مکووڕ بوون و تامەزرۆ بوون، گوێیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ بێ، کە هەڵسا بۆ لێپاڕانەوەی خواو، قورئانخوێندن و، پەرستنی خواو، لە دەوری قەرەباڵغ بوون و چوونە نیزیکی، خەریك بوو بکەونە سەر یەك، چونکە (**لِبَداً**)، (**جَمْعُ لِبَدة أي: مُجتَمِعَة**)، شتێکی خڕبۆوە سەر یەك، یان (**لِبداً**) کۆی (**لُبْدة**)یە (**أي: جَمَاعَاتٍ، تَلَبَّدَ شَيءٌ عَلَى شَيءٍ أي اجْتَمَعَ**)، واتە: شتێك خڕبۆوە سەر یەك.

(**الطـبري**) ئـاوای مانـا لێکداوەتـەوەو دەڵـێ: (**كَادُوا يَكُونُـونَ عَـلَى مُحَمَّـدٍ جَمَاعَـاتٍ بَعْضُهَـا فَـوْقَ بَعْـضٍ؛ وَاحِدُهَـا: لِبْـدَةٌ، وَفِيهَـا لُغَتَـانِ: كَـسْرُ الـلَّامِ لِبَـدَةٌ، وَمَـنْ كَسَرَهَـا جَمَعَهَا: لِبَـدٌ؛ وَضَـمُّ الـلَّامِ لُبَـدَةٌ، وَمَـنْ ضَمَّهَـا جَمَعَهَـا: لُبَـدٌ بِضَـمِّ الـلَّامِ، أَوْ لَابِـدٌ؛ وَمَـنْ جَمَـعَ لَابِـدٌ قَـالَ: لُبَّـدًا، مِثْـلُ رَاكِـعٍ وَرُكَّعًـا**)، واتـە: خەریـك بـوو (جنـدەکان) کۆمـەڵ کۆمـەڵ لەسـەر یـەك کەڵەکـە بـن (لـە لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ)، (**لِبَـد**) کـۆی (**لِبَدَة**)یـە، کـە ئەویـش دوو لەهجـەی تێـدا هـەن:

(لِبدَة) کە بە (لِبَد) کۆ دەکرێتەوەو، (لُبْدة) کە بە (لُبَد) کۆ دەکرێتەوە، یاخود (لِبَد) تاکەکەی بریتیە لە (لابِد) و بە (لُبَّد)یش کۆ دەکرێتەوە، وەك (راکِع و رُکَّع)، واتە: رکووع بەرو رکووع بەرەکان.

ئنجا ئەمە دوو واتایان بۆ لێکداونەوە:

یەکەم: جندەکان خەریك بوون لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ کەڵەکە بن، بۆ ئەوەی گوێ لە قورئان بگرن، وەك (**الضحاك**) کە (**الطبري**) بە ژمارە (٣٥٢٢٩) لێیەوە هێناوە دەڵێ: (**كَادُوا يَرْكَبُونَهُ حِرْصًا عَلَى مَا سَمِعُوا مِنْهُ مِنَ الْقُرْآنِ**) خەریك بوو بچنە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ و کەڵەکە بن، لەبەر ئەوەی زۆر سوور بوون گوێیان لە قورئان بێ.

دووەم: هەندێکیش گوتوویانەو (**الطبري**) ئەم ڕایەی زیاتر پەسند کردوە، دەڵێ: (**وَأَوْلَى الْأَقْوَالِ بِالصَّوَابِ فِي ذَلِكَ قَوْلُ مَنْ قَالَ: ذَلِكَ خَبَرٌ مِنَ اللَّهِ عَنْ أَنَّ رَسُولَهُ مُحَمَّدًا ﷺ لَمَّا قَامَ يَدْعُوهُ، كَادَتِ الْعَرَبُ تَكُونُ عَلَيْهِ جَمِيعًا فِي إِطْفَاءِ نُورِ اللَّهِ**)، لە پێشترینی قسان لە ڕاستییەوە، قسەی کەسێکە گوتوویەتی: ئەمە هەواڵدانێکە لە خواوە، کە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ کاتێك هەڵساوە لە خوا پاڕاوەتەوەو خوای پەرستوە، عەڕەبەکان خەریك بوون هەموویان کەڵەکە بن لەسەر یەك، بۆ کوژانەوەی ئەو ڕووناکییەی خوا پێیدا ناردوە.

هەروەها لە (**قتادة**)ەوە هێناویەتی بە ژمارە: (٣٥٢٣٣) دەڵێ: (**لمَّا قَام النَّبيّ ﷺ تَلَبَّدَتِ الإِنْسُ وَالجِنُّ وَحَرَصُوا عَلَى أَنْ يُطْفِئُوا هَذَا النُّورَ الَّذِي أَنْزَلَهُ**)، کاتێك پێغەمبەر ﷺ هەڵسا (بانگەوازی کرد بۆ لای خواو خوای پەرست)، جندو مرۆڤ هەموویان لەسەر یەك کەڵەکە بوون، سوور بوون لەسەر ئەوەی ئەو ڕووناکییەی خوا ناردوویەتی، خەفەی بکەن و بیکوژێننەوەو لە بەینی بەرن.

هەرچەندە (**الطبري**) وا دەڵێ: بەڵام من وای تێدەگەم ئەو ڕایە ڕاستتر بێ کە باسی جندە، چونکە سوورەتەکە باسی جند دەکات، بەڵێ ئەوەش دەگرێتەوە، بێگومان کافرەکانی جندو مرۆڤیش گەلە کۆمەکێیان کردو خڕبوونەوە سەر یەك

لـە دژی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، بـەڵام لێرەدا سـیاقەکە زیاتـر ئـەو واتایـە پشتڕاسـت دەکاتـەوە، کـە هـەر باسـی جنـدەو ئەمـەش هـەر دەچێتـە نێـو مـەدح کردنـی جنـد، چونکـە ئایەتەکانـی دیکـەش هەموویـان مـەدح کردنیانـن، کە زۆر سـووربوون لەسـەر ئـەوەی گوێیـان لـە پێغەمبـەر بـێ و، پەیامـی خـوای لـێ وەربگـرن، کـە خەریـك بـوو لەسـەر یـەك کەڵەکـە بـبن بـۆ گـوێ لێگرتنـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە نـۆ ئایەتـی کۆتایـی سـوورەتی (**الجـن**) پێـك دێ، تـەوەری سـەرەکییان چەنـد ڕێنماییەکـی خـوای بـەرزو مەزنـە، بـۆ پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ، لـە دوو توێـی چـوار (٤) فەرمـان دا، کـە بـە (**قـل**) بڵـێ، دەسـت پـێ دەکـەن، هەروەهـا چەنـد ڕاسـتییەکی مەزنیشـیان لەگەڵـدا نێواخـن کـراون، کـە گرنگترینیـان ئەمانـەن:

١- هەر کەس سەرپێچیی خواو پێغەمبەرەکەی بکات، لە دۆزەخ دا بە هەمیشەیی دەمێنێتەوە.

٢- لە کاتی دیتنی سزای هەڕەشە پێ لێکرانیان دا، بێبڕوایان دەزانن کە چەند بێهێزو کەمن.

٣- خوای پەنهانزان جگە لە پێغەمبەران، هیچکەس لە پەنهان و نادیاری تایبەت بە خۆی ئاگادار ناکات، ئەویش دوای دانانی ئێشکچیی و پاسەوان لە فریشتان.

﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَدْعُواْ رَبِّى وَلَآ أُشْرِكُ بِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٠﴾ قُلْ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴿٢١﴾
قُلْ إِنِّى لَن يُجِيرَنِى مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٢﴾ إِلَّا بَلَٰغًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَٰلَٰتِهِۦ ۚ
وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴿٢٣﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوْاْ مَا
يُوعَدُونَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ أَضْعَفُ نَاصِرًا وَأَقَلُّ عَدَدًا ﴿٢٤﴾ قُلْ إِنْ أَدْرِىٓ أَقَرِيبٌ مَّا
تُوعَدُونَ أَمْ يَجْعَلُ لَهُۥ رَبِّىٓ أَمَدًا ﴿٢٥﴾ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾
إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُۥ يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا ﴿٢٧﴾ لِّيَعْلَمَ أَن قَدْ
أَبْلَغُواْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّهِمْ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ وَأَحْصَىٰ كُلَّ شَىْءٍ عَدَدًۢا ﴿٢٨﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(ئـەی موحەممـەد ﷺ) بڵـێ: تەنیـا لـە پـەروەردگارم دەپاڕێمـەوەو، هیـچ کـەس ناکەمـە هاوبەشـی (لـە پەرسـتندا) ﴿٢٠﴾ بڵـێ: بێگومـان مـن نەدوورخسـتنەوەی زیانتانـم بەدەسـتە، نەبـە مـرادو بـە ئامانج گەیشـتنتان ﴿٢١﴾ بڵـێ: بێگومـان هیچکەس لـە سـزای خـوا ناپارێـزرێ و، جگـە لـەو هیـچ پەناگەیـەك شـك نابـەم، (هیـچ شـتێکم لـە سـوودو زیانتـان بەدەسـت نیـە) ﴿٢٢﴾ مەگـەر گەیاندنـی پەیامێـك لـە خـواوەو، گەیاندنـی نامەکانـی و، هـەر کەسـێکیش سـەرپێچیی لـە خـواو پێغەمبەرەکـەی بـکات، بـە دڵنیایـی ئاگـری دۆزەخـی وەك سـزا بـۆ هەیـە، بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەبـێ ﴿٢٣﴾ بێبڕوایـان هـەر بـەردەوام دەبـن، تاکـو کاتێـك ئەوەیـان دی، کـە گفتیـان پـێ دەدرێ، بـاش دەزانـن کـێ پشـتیوانەکەی بـێ هێزتـرو ژمارەکـەی کەمـترە! ﴿٢٤﴾ بڵـێ: نازانـم ئایـا ئـەوەی بەڵێنتـان پـێ دەدرێ نیزیکـە، یـان پـەروەردگارم ماوەیەکـی زانـراوی بـۆ دادەنـێ؟ ﴿٢٥﴾ خـوا زانـای پەنهانـە هیچکـەس لـە پەنهانـی تایبەتـی خـۆی ئـاگادار نـاکات ﴿٢٦﴾ مەگـەر ئـەوەی پەسـندی بـکات لـە نێردراوێـك، بێگومـان ئەویـش ئێشـکچیی لـە پێـش دوو دەسـتیەوەو لەدوایـەوە دادەنـێ ﴿٢٧﴾ تاکـو بزانـێ کـە نامەکانـی پەروەردگاریـان بـە تەواویـی بـە خەڵـك گەیانـدوون و، خـواش دەوری ئـەوەی داوە کـە (فریشـتەکان) لـە لایانـەو، هەمـوو شـتێکی بـە ژمـاردن سـەرژمێر کـردوە ﴿٢٨﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک وشەکان

(لَن يُجِيرَنِى): هەرگیـز ناماپارێـزێ، (لَـنْ يَحْمِيَنِـي)، (الجَـارُ: مَـنْ يَقْـرُبُ مَسْـكَنُهُ مِنْـكَ) (جـار): ئەوەیـە خانووەكـەی لـە تەنیشـتتەوە بـێ، بـە كوردیـی دەڵێیـن: دراوسـێ، (اسْـتَجَرْتُهُ فَأَجَـارَنِي) واتـە: پەنـام پێـبرد، ئەویـش منـی پەنـا دا، ﴿وَإِنِّى جَارٌ لَّكُمْ ﴿٤٨﴾﴾، وەك لـە سـوورەتی (الأنفـال)دا هاتـوە، ئیبلیـس بـە بێبڕوایـەكان دەڵـێ: مـن پەنـادەری ئێـوەم، (أجَـارَهُ يُجِـيْرُهُ) واتـە: پەنـای دا، پەنـای دەدا.

(مُلْتَحَدًا): (إلْتَحَـدَ إلى كَـذَا: مَـالَ إلَيْـه)، واتـە: مەیلـی بـەلادا كـرد بـۆ لای چـوو، (مُلْتَحَـد: مُوْضِـعُ التِجَـاءٍ أو التِجَـاءٌ)، (مُلْتَحَـد): شـوێنی پەناپێـبردن، یاخـود خـودی پەناپێـبردن.

(أَمَدًا): (الأَمَـدُ: مُـدَّةٌ لَهَـا حَـدٌّ مَجْهُـول) ماوەیەكـە سـنوورێكی نەزانـراوی هەبـێ، (إذَا أُطْلِـقَ، وَقَـدْ يَنْحَـصِرُ)، ئەگـەر (أمَـد) بـە ڕەهایـی بگوتـرێ سـنوورێكی نەزانـراوی هەیـە، جـاری واش هەیـە مەبەسـت پێـی كاتێكـی دیاریكـراوە، (وَالفَـرْقُ بَـيْنَ الزَّمَـنِ وَالأمَـدِ أنَّ الثانِيَـة بِاعْتِبَـار الغَايَـة)، (زَمَـن وَأَمَـد) لـە زمانـی عەرەبییـدا بـە مانـای كاتێـك، ماوەیـەك، دێـن، بـەڵام (أمـد) بـە كاتێـك دەگوتـرێ سـنوورێكی هەبـێ.

(فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا): (أي: فَـلَا يُطْلِـعُ) واتـە: هیچكـەس لـە پەنهانەكـەی خـۆی ئـاگادار ناكاتـەوە.

(يَسْلُكُ): (أي: يُدْخِـلُ، أو يَجْعَـلُ)، ﴿يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا﴾، واتـە: ئێشـكچییان لـە پێـش دەسـتی و دواوەی دادەنـێ، دەگێـڕێ.

(رَصَدًا): (الرَّصَـدُ: الإسْـتِعْدَادُ للتَرَقُّـبِ، وَالرَّصَـدُ يُقَـالُ للراصِـدِ وَالمَجْمُـوع، وَالمَرْصُـودِ وَاحِـدَاً كَانَ أو جَمْعَـاً)، (رَصَدْ)هـەم بـە مانـای خـۆ ئامادەكـردن دێ بـۆ چاودێریـی، هەروەهـا بـە بابـای لـە بۆسـەدا بـوو دەگوتـرێ، هـەم بـۆ تـاك هـەم بـۆ كـۆش،

هەروەها (رَصَدْ) بە (مَرْصُود)یش دەگوترێ، واتە: کەسێك کە چاودێریی دەکرێ، بۆی لە بۆسەدان، تاك بێ یان کۆ بێ.

(وَأَحۡصَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ): واتە: هەموو شتێکی سەرژمێر کردوە، (أي: حَصَّلَهُ وَأَحَاطَ بِهِ)، واتە: دەوری داوەو سەرژمێری کردوە، (والإِحْصَاءُ: التَّحْصِيلُ بَالْعَدَد)، (إحصاء) ئەوەیە شتێك بێتە دەست بە ژمارە، کە ژمارەکەی چەندە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوای پەروەردگار لە کۆتایی سوورەتی (الجن)دا، چەند ڕێنماییەك بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ ڕادەگەیەنێ، کە سەرجەمیان چوار ڕێنمایی و ئامۆژگارییەن و، چەند ڕاستییەکیشیان تێواخن دەکات.

سەرەتا خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَدۡعُواْ رَبِّي ﴾، بڵێ: من تەنیا لە پەروەردگارم دەپاڕێمەوە، وەك زۆرجار گوتراوە: (إِنَّمَا: أَدَاةُ الحَصْرِ وَالإِثْبَات)، (إِنَّمَا) ئامرازی کورتهەڵهێنان و چەسپاندنە، واتە: کاتێك دەچێتە سەر ڕستەیەك، مانایەکەی دەچەسپێنێ و، لەو شتەشدا کە باسکراوە، کورتی هەڵدێنێ، ﴿ قُلۡ إِنَّمَآ أَدۡعُواْ رَبِّي ﴾، بڵێ من تەنیا لە پەروەردگارم دەپاڕێمەوە، ﴿ وَلَآ أُشۡرِكُ بِهِۦٓ أَحَدٗا ﴾، هیچکەسیش ناکەمە هاوبەشی، هاوبەشی خوا ﷻ چ لە زاتیدا، بڵێی زاتێکی دیکە هەیە جگە لە خوا، چ لە یەکێك لە سیفەتەکانیدا، وەك: بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و خاوەندارێتیی و، پەرستراوێتیی، یاخود یەکێك لە ناوو سیفەتەکانی دیکەی دا.

﴿ قُلۡ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا رَشَدٗا ﴾، بڵێ من هیچ زیانێك و هیچ بە مراد گەیاندنێکی ئێوەم بەدەست نیە، واتە: من خاوەنی لێ دوور خستنەوەی زیان نیم لە ئێوەو، بە ئامانج گەیاندن و بە مراد گەیاندنی ئێوەشم بەدەست نیە، ﴿ قُلۡ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٞ ﴾، ئەی موحەممەد ﷺ! بڵێ: بە دڵنیایی من لە

بەرانبەر خوادا، یانی: لە بەرانبەر سزای خوادا، هیچکەس پەنام نادات، (لَـن يَجِيرنِي، لَـنْ يَحْمِيَنِـي) ناماپارێـزێ، پەنـام نـادات، (مِـنَ اللـه) لـە بەرانبـەر خـوادا، لـە بەرانبـەر سـزای خـوادا.

﴿ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴾، هەرگیزیـش مـن جگـە لـەو، پەناپێبردنێکـی دیکـە شـک نابـەم، یـان پەنـا پێبراوێکـی دیکـە شـك نابـەم، (مُلتَحَـد) هـەم بـە مانـای پەنـا پێـبردن دێ، وەك: چـاوگ، هـەم بـە مانـای شـوێنی پەنـا پێـبردن دێ واتـە: پەناگـە، ئـەدی مـن چیـم بەدەسـتە بـۆ ئێـوە؟ ﴿ إِلَّا بَلَٰغًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَٰلَٰتِهِۦ ﴾، تاکـە شـتێك کـە بـۆ ئێـوەم بەدەسـتە، ئەوەیـە کـە لەلایـەن خـواوە پەیـام بگەیەنـم و، نامـەکان و بەرنامەکانـی خواتـان پـێ بگەیەنـم، واتـە: مـن تەنیـا گەیاندنـم لەلایـەن خـواوە بەدەسـتە، بـە تایبـەت نامـەو بەرنامەکانـی.

﴿ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾، هەر کەسێکیش سـەرپێچیی بـکات لـە خـواو پێغەمبەرەکـەی، ئـەوە بـە دڵنیایـی ئاگـری دۆزەخـی بـۆ هەیـە، بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەمێنێتـەوە، واتـە: هەرگیـز لێـی نایەتـە دەرێ.

هەڵبەتـە لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴾، هـەر کەسـێك سـەرپێچیی لـە خـواو پێغەمبەرەکـەی بـکات، واتـە: سـەرپێچیی یەکجارەکیـی، نـەك سـەرپێچییەکی بەشـیی (جـزئي)، بەڵکـو سـەرپێچییەکی گشـتیی کـە بـە هەمـوو شـێوەیەك سەرپێچیی بـکات لـە خـواو لـە پێغەمبـەری خـوا، واتـە: بێبـڕوا بـێ، ئـەوە ئاگـری دۆزەخـی بـۆ هەیـە، واتـە: ئەگـەر ببێتـە خاوەنـی شـتێك، دەبێتـە خاوەنـی ئاگـری دۆزەخ، کـە بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەمێنێتـەوە.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوْا۟ مَا يُوعَدُونَ ﴾، هەتـا کاتێـك ئـەوەی گفتیـان پـێ دەدرێ، بینییـان، یاخـود ئـەوەی هەڕەشـەیان پـێ لـێ دەکـرێ، دیتیـان ﴿ مَا يُوعَدُونَ ﴾، هـەم دەگونجـێ لـە (وعـد)ەوە بـێ، هـەم دەگونجـێ لـە (وعيـد)ەوە بـێ، (وَعَـدَهُ يَعِـدَهُ، وأوعَـدَهُ يُوعِـدُهُ)، بـەڵام هەردووکیـان کـرداری (مضـارع)ی نەزانراویان (يُوعَدُ)یـە، واتە:

کاتێك ئـەوەی بەڵێنیـان پـێ دەدرێ، بینیـان، ئنجـا بێگومـان ئـەوەی دەیبینـن، بـۆ ئـەوان زۆر جێـی ناڕەحەتییـە، بـەڵام ئەمـە وەك توانـج و بـە تەوسـەوەیە، واتـە: ئەگەر گفـت و بەڵێنێـك هەبـێ بـەوان بـدرێ، لـە ڕۆژی دواییـدا، هـەر ئەوەیـە کـە پێـی ناڕەحـەت بـن و، بریتیـە لـە سـزاو جەزرەبـەی خـوا، ئەگـەر (**یوعَـدون**) لـە (**وَعیـد**) یشـەوە هاتبـێ، واتـە: کاتێـك ئەوەیـان بینـی، کـە هەڕەشـەیان پێـی لـێ دەکـرێ، چییـان لـێ دێ؟ ﴿ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ أَضْعَفُ نَاصِرًا وَأَقَلُّ عَدَدًا ﴾، بـە دڵنیایـی دەزانـن کـێ پشـتیوانەکەی بێهێزتـرەو، کێـش ژمارەکـەی کەمـترە، لـەوێ حاڵیـی دەبـن، ئێسـتا کـە بـە قەڕەباڵغـی دەوروبـەری خۆیـان دەخـوڕن و، بـە زۆری ژمارەیـان دەخـوڕن، بـەڵام لـەوێ لێیـان حاڵیـی دەبـێ، کـێ پشـتیوانەکەی بێهێزتـرەو ژمارەکەشـی کەمـترە!

هەمیشـە بێبڕوایـەکان پێغەمبـەری خوایـان ﷺ هەڵدەپێچـاو، تەنگەتاویـان دەکـرد، بێنـە ئـەوەی خـوا هەڕەشـەی پـێ لێکردوویـن، بۆمـان بێنـە، کـوا؟ چـی لێهـات؟ بۆیـە خـوا ﷻ بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەفەرمـوێ و، بـۆ جـاری چـوارەم لـەو نـۆ ئایەتـە موبارەکـەدا وشـەی بڵـێ (**قُـل**) بەکارهاتـوە: ﴿ قُلْ إِنْ أَدْرِىٓ ﴾، بڵـێ: نازانـم، لێرەدا (**إنْ**) بـە مانـای (**مـا**)ی لابەرەیـە، ﴿ أَقَرِيبٌ مَّا تُوعَدُونَ أَمْ يَجْعَلُ لَهُۥ رَبِّىٓ أَمَدًا ﴾، ئایـا ئـەوەی بەڵێنتـان پـێ دەدرێ، نیزیکـە، یاخـود پـەروەردگارم ماوەیەکـی بـۆ دادەنـێ، یاخـود: (**تُوعَـدون**) بـە مانـای هەڕەشـەتان پـێ لـێ دەکـرێ، ئـەوەی هەڕەشـەتان پـێ لـێ دەکـرێ، نازانـم ئایـا نزیکـە، یاخـود پـەروەردگارم ماوەیەکـی دیارییکـراوی بـۆ دادەنـێ؟

﴿ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ ﴾، خـوا زانـای پەنهانـە بـە ڕەهایـی، زانـای نهێنییەکانـە، ﴿ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴾، هیچکـەس لـە نهێنیـی و پەنهانـی خـۆی ئـاگادار ناکاتـەوە، (**غَیْـب**) واتـە: پەنهـان، یـان: شـتێکی نابەرهەسـت، خـوا هیـچ کـەس لـە پەنهانـی خـۆی، پەنهانـی تایبـەت بـە خـۆی، ئـاگادار ناکاتـەوە، نەیفەرمـووە: (**فَـلَا يُظْهِـرُ عَـلى الغَيْـبِ أَحَـدَاً**)، هیچکـەس لـە پەنهـان ئـاگادار ناکاتـەوە، فەرموویەتـی: لـە پەنهانـی خـۆی (**غَيْبِـهِ**) چونکـە هەندێـك لـە شـتە پەنهانەکانـی دیکـە هـەن، خـوا ﷻ توانـای

داوە بە مرۆڤ پەییان پێ ببات، بۆ وێنە: دیاردەکانی کەشناسیی، باران کەی دەبارێ؟ هەروەها بەفرو تەرزە؟ کەشی ساڵ چۆن دەبێ؟ هەروەها خۆرگیران و مانگگیران، فلان ئەستێرە ئاوا جووڵە دەکات، فلان خرۆکە ئاوا، ئەوانەش بە نسبەت کاتی خۆیەوە پەنهان بوون، بەڵام ئێستا خوا توانایەکی داوە بە مرۆڤ کە ئەو پەنهانانە بزانێ، بەڵام پەنهانێکی تایبەت بە خوا، تەنیا خوا دەیزانێ، ئنجا ئەگەر ئەو پەنهانە بریتی بێ لە ڕۆژی دوایی، ئەوە دیارە تەنانەت جیبریلیش نەیزانیوە، وەك لە فەرمایشتەکەی ناسراو بە: (**حديث جبريل**)دا هاتوە، هەروەها لە سوورەتی (**الأعراف**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ ١٨٧﴾، جگە لە خۆی هیچکەس بۆ کاتەکەی نایدرەوشێنێتەوەو دەری ناخات، یاخود مەبەست پێی هەموو ئەو پەنهانانە بێ، کە تەنیا لەڕێی وەحییەوە دەزانرێن، ئەوە خوا ﷻ هیچکەس لە پەنهانی تایبەتیی خۆی ئاگادار ناکاتەوە.

﴿إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ﴾، مەگەر کەسێك پەسندی بکات لە نێردراوێك، ئنجا ئەو نێردراوە، چ فریشتە بێ، چ مرۆڤ بێت و پێغەمبەر بێ، واتە: (**رَسُول**) لێرەدا مەرج نیە تەنیا پێغەمبەر بێ، بەڵکو دەگونجێ مەبەست پێی فریشتەیەکی نێردراو بێ، کە خوا کاروبارەکانیان پێ دەسپێرێ، بە تایبەت وەحیی هێنان بۆ پێغەمبەران، کە هەموویان لە ڕێی جیبریلەوە بوون، ئەویش کۆمەڵێك فریشتەی زۆری لەگەڵدان، مەگەر نێردراوێك کە خوا پەسندی دەکات، لە هەندێك لە پەنهانی خۆی ئاگاداری بکاتەوە، ئەویش بە شێوەیەکی سنووردار، ئەوەی پێویستە ئەو نێردراوە لێی ئاگادار بێ، ﴿فَإِنَّهُۥ يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا﴾، ئەویش (ئەو نێردراوەش) خوا ﷻ هەم لە پێش دوو دەستەکەیەوە، هەم لە دوایەوە چاودێران دادەنێ، (**رَصَد**) بە مانای ئێشکچیی و چاودێر دێ، واتە: لێرەدا بەس ئەو واتایە هەڵدەگرێ، ئەگەرنا (**رَصَد**) بە مانای (**مَرْصُود**)یش دێ، چ تاکی (**مَرْصُود**) چ کۆیەکەی، (**مَرْصُود**)، واتە: بۆسە بۆدانراو چاودێرییکراو، بەڵام لێرە تەنیا مەبەست پێی چاودێرییکارەو، کەسێکە لە بۆسەدایە بۆ شتێك،

واتـە: ئـەو نێـردراوەش کـە خـوا پەسـندی دەکات و، لـە هەندێـك لـە پەنهانـی خـۆی ئـاگاداری دەکاتـەوە، ئەویـش هـەم لـە پێـش دوو دەسـتیەوە هـەم لەدوایـەوە - واتـە: لـە هـەر چـوار دەوری - ئێشـکچییان دادەنـێ، پاسـەوانان دادەنـێ، کـە مەبەسـت پێـی فریشـتەکانن، تاکـو ئـەو نهێنیـی و پەنهانـە لـەلای ئـەو نێردراوەیـە، دزە نـەکات و شـەیتانەکان نەتوانـن پـەی پـێ ببـەن.

ئنجا ئایـا بۆچـی خـوای بـەرز بـەو شـێوەیە دەکات؟ ﴿ لِّيَعْلَمَ أَن قَدْ أَبْلَغُواْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّهِمْ ﴾:

أ- تاکو (خوا) بزانێ (فریشتەکان) پەیامەکانی پەروەردگاری خۆیانیان گەیاندوون، واتە: تاکو لەسەر ئەرزی واقیع بزانرێ، ئەگەرنا خوا هەر دەزانێ، واتە: بۆ ئەوەی زانینەکەی خوا ﷻ لە دنیای واقیعدا بەرجەستە ببێ.

ب- یاخود: تاکو ئەو کەسە کە پێغەمبەری کۆتاییە ﷺ، بزانێ فریشتەکان بە تەواویی پەیامەکانی پەروەردگاریان پێ گەیاندوون، وەك هەموو پێغەمبەران، هەرگیز شەیتانەکان زەفەریان نەبردوە، بەو پەنهانەی لە لای فریشتەکانە.

﴿ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا دەوری ئـەوەی داوە کـە لەلایانـە، واتـە: لـە لای فریشـتەکانەو لـە ژێـر چاودێریـی خـوادان و، زانیاریـی خـوا ﷻ دەوری هەمـوو شـتێکیانی داوەو، هەمـوو شـتێکیان لـە بـارەوە دەزانـێ، ﴿ وَأَحْصَىٰ كُلَّ شَيْءٍ عَدَدًا ﴾، ژمـارەی هەمـوو شتێکیشـی زانیـوە، واتـە: هەمـوو شـتێکی لـە ڕووی ژمـارەوە سـەرژمێر کـردوەو، ئەنـدازەی ژمـارەی هەمـوو شـتێك دەزانـێ.

ئەمانـە ئایەتەکانـی کۆتایـی سـوورەتی (**الجـن**)ن، کـە وەك پێشـتریش گوتمـان: خـوا ﷻ وەك چەنـد ڕێنماییـەك بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ ڕادەگەیەنـێ و، چەنـد ڕاسـتییەکی زۆر گـەورەو مەزنیـش دەخاتـەڕوو، کـە ئێمـە بـە کورتیـی قسـەمان لـێ کـردن و، دواتـر لـە مەسـەلە گرنگـەکان دا وردتـر شـییان دەکەینـەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی و ڕێنماییکردنی، کە تەنیا خوا پەرستنی خۆی و هاوبەش دانەنانی و، بەدەست نەبوونی زیان دوورخستنەوەو، سوود گەیاندن و، بە جگە لە خواو، پەنا نەبردنی خۆی و، کورتکردنەوەی ئەرکی خۆی لە گەیاندنی پەیامی خوادا، بە خەڵك ڕابگەیەنێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَا أَدْعُوا رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِهِ أَحَدًا ﴿٢٠﴾ قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴿٢١﴾ قُلْ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ اللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِ مُلْتَحَدًا ﴿٢٢﴾ إِلَّا بَلَاغًا مِّنَ اللَّهِ وَرِسَالَاتِهِ ۚ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ﴿٢٣﴾ حَتَّىٰ إِذَا رَأَوْا مَا يُوعَدُونَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ أَضْعَفُ نَاصِرًا وَأَقَلُّ عَدَدًا ﴿٢٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە (١٠) بڕگەدا:

١)- ﴿ قُلْ إِنَّمَا أَدْعُوا رَبِّي ﴾، بڵێ: تەنیا لە پەروەردگارم دەپاڕێمەوە، ئەمە خوێندراویشەتەوە: (قَالَ إِنَّمَا أَدْعُوا رَبِّي)، (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی: من تەنیا لە پەروەردگارم دەپاڕێمەوە، ئەگەر بە (قُلْ)یش بخوێندرێتەوە، واتە: خوا فەرمانی پێ دەكات، ئەی موحەممەد ﷺ! بڵێ: من تەنیا لە پەروەردگارم دەپاڕێمەوە، دیارە لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە فەرموویەتی: {الدُّعَاءُ هُوَ العِبَادَةُ}، (**أخرجه أحمد: ١٨٤١٥، وابن أبي شيبة: ٢٩١٦٧، والبخاري في الأدب المفرد: ٧١٤، وأبو داود: ١٤٧٩، والترمذي: ٢٩٦٩، وقال: حسن صحيح**)، واتە: لە خوا پاڕانەوە، بریتیە لە خوا پەرستیی.

٢)- ﴿ وَلَا أُشْرِكُ بِهِ أَحَدًا ﴾، هیچ کەسێك ناکەمە هاوبەشی، هیچ کەسێك لە دروستکراوان، نە لە مرۆڤ و، نە لە جندو، نە لە فریشتان، کە دەفەرموێ: هیچ کەسێك ناکەمە

هاوبەشی، واتە: چ لە بەدیهێنەرایەتییدا، چ لە پەروەردگارێتیی و لە خاوەندارێتییدا، چ لە پەرستراوێتییداو، چ لە یەکێك لە ناوو سیفەتەکانی دا، ئەمەش دوو شتان دەگرێتە خۆی:

یەکـەم: ڕاگەیاندنـی پێغەمبـەر ﷺ بـۆ ئاییندکـەی و ڕێبازەکـەی کە لەسـەری دەڕوا، کـە ئـەوە ڕێبـازی منـە: تەنیـا خـوا دەپەرسـتم و، هیـچ کەسـێك ناکەمـە هاوبەشـی خـوا.

دووەم: تاکـو بێبڕوایـەکان و هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان، نائومێـد و تەمـا بڕاوبن، لـەوەدا کـە نەرمکێشـییان بـۆ بـکات، یاخـود بەلایانـەوە بچـێ و، لـە مەسـەلەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانەنانـدا خاتریـان بگـرێ، کـە هیـچ بوارێکـی تێـدا نیـە.

٣)- ﴿ قُلۡ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا رَشَدٗا ﴾، بڵێ: بە دڵنیایی هیچ زیان و سەر ڕاستییەکتانم بە دەست نیە، ئەمیش دیسان دەگونجێ بە (قَالَ)ش بخوێندرێتەوە، واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بە دڵنیایی من زیان و سەر ڕاستیی و بەئامانج گەیشتنی ئێوەم بەدەست نیە، (أي: لَا أَمْلِكُ لَكُمْ دَفْعَ ضَرّ عَنْكُمْ دِنْيَوِيّاً وَأُخْرَوِيّاً، وَلَا أَمْلِكُ لَكُمْ رَشَدَاً، الرَّشَدُ: مَصْدَرٌ، وَالرُّشدُ: اسْمٌ، وَالرُّشْدُ معْرِفَة الصَّوَابِ،أقول:[1] بَل الصَّحِيْح الرُّشْدُ نَيلُ المَطْلُوبِ وَبُلُوغُ الهَدَفِ)، واتە: من زیان دوور خستنەوەی ئێوەم بەدەست نیە، نە لە دنیاو نە لە دواڕۆژداو، هەروەها بە ئامانج گەیاندنی ئێوەشم بەدەست نیە، چونکە (رَشَدْ) چاوگە، بەڵام (رُشد) ناوە، (رُشد)یش بریتیە لە ناسینی ڕاستیی و سەر ڕاستیی، دەڵێم: بەڵکو باشتر وایە بڵێین (الرُشد) بریتیە لە بە ئامانج گەیشتن و بە مراد گەیشتن.

٤)- ﴿ قُلۡ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٞ ﴾، بڵێ: من هەرگیز هیچ کەسێك لە (سزای) خوا پەنام نادات، ئەمیش دیسان دەگونجێ بە (قَالَ) بخوێنرێتەوە، واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هیچ کەسێك لە (سزای) خوا پەنام نادات، (أَجَارَهُ يُجِيْرهُ: حَمَاهُ وَحَفِظَه وَرَعَاه)، واتە: پاراستی و لە پەنا خۆی گرت و چاودێریی کرد، (الطبري) ئاوای لێکداوەتەوە دەڵێ: (قُلْ لَهُمْ يَا مُحَمَد! إِنِّي لَنْ يَمْنَعَنِي مِنَ الله أَحَدٌ مِنْ خَلْقِهِ، إنْ أَرَادَ بِي أَمْرَاً، وَلَا يَنْصُرنِي مِنْهُ

---

(١) ئەمە قسەی خۆمە.

نَاصِرٌ)، واتە: ئەی موحەممەد ﷺ! پێیان بڵێ: هیچ کام لە دروستکراوەکانی خوا، ئەگەر خوا کارێکی بۆ من مەبەست بێ، نامپارێزێ لە (سزای) خوا و لە بەرانبەر خواداو، هیچ سەرخەرێك سەرم ناخات.

٥)- ﴿ وَلَنۡ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلۡتَحَدًا ﴾، هەرگیز من جگە لە خوا پەناگەیەکی دیکە، شك نابەم و دەستم ناکەوێ، **(الطبري)** ئاوای لێکداوەتەوە: **(وَلَنْ أجِدَ مِنْ دُوْنِ اللهِ مَلْجَأً ألْجَأُ إليْه)**، **(أخرجه: الطبري:** ٣٥٢٤٣، عن سفيان)، جگە لە خوا پەناگەیەکی دیکەم نیە، پەنای پێ بەرم، **(ملتَحَد)**ی بە **(مَلْجَأ وَنَصِيْر)**، **(أخرجه: الطبري: ٣٥٢٤٤ عن قتادة)** لێکداوەتەوە، واتە: پەناگەو پشتیوان.

٦)- ﴿ إِلَّا بَلَٰغٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَٰلَٰتِهِۦ ﴾، جگە لە گەیاندنێك لەلایەن خواوەو، ڕوونکردنەوەی نامەکانی و پەیامەکانی.

ئەم ڕستەیە چوار واتای بۆ کراون: **(الطبري)** ئەمەی بە دوو واتایان هێناوە:

١- **(يَقُولُ: إِلَّا أَنْ أُبَلِّغَكُمْ مِنَ اللَّهِ مَا أَمَرَنِي بِتَبْلِيغِكُمْ إِيَّاهُ، وَإِلَّا رِسَالَاتِهِ الَّتِي أَرْسَلَنِي بِهَا إِلَيْكُمْ؛ فَأَمَّا الرَّشَدُ وَالْخِذْلَانُ، فَبِيَدِ اللَّهِ، هُوَ مَالِكُهُ)**، واتە: من هیچ شتێکم بۆ ئێوە بەدەست نیە، مەگەر ئەوەی خوا فەرمانی پێکردووم، پێتان بگەیەنم و، ئەو نامەو پەیامانەی پێیدا ناردووم بۆ لای ئێوە پێتان بگەیەنم، بەڵام بە ئامانج گەیاندن، یاخود زەبوون کردن و پشت بەردان، تەنیا بەدەست خوایەو خوا خاوەنیەتی.

٢- **(الطبري)** واتایەکی دیکەشی هێناوە بۆ ئەم ڕستەیە: **(وَقَدْ يَحْتَمِلُ ذَلِكَ مَعْنًى آخَرَ، وَهُوَ أَنْ تَكُونَ إِلَّا حَرْفَيْنِ، وَتَكُونَ (لَا) مُنْقَطِعَةً مِنْ (إِنْ) فَيَكُونَ مَعْنَى الْكَلَامِ: قُلْ إِنِّي لَنْ يُجِيرَنِي مِنَ اللَّهِ أَحَدٌ، إِنْ لَمْ أُبَلِّغْ رِسَالَاتِهِ؛ وَيَكُونَ نَصْبُ الْبَلَاغِ مِنْ إِضْمَارِ فِعْلٍ مِنَ الْجَزَاءِ، كَقَوْلِ الْقَائِلِ: إِنْ لَا قِيَامًا فَقُعُودًا، وَإِنْ لَا إِعْطَاءً، فَرَدًّا جَمِيلًا، بِمَعْنَى: إِنْ لَا تَفْعَلِ الْإِعْطَاءَ، فَرَدًّا جَمِيلًا)**.

واتە: ئەمە لێرەدا واتایەکی دیکەش هەڵدەگرێ، ئەویش ئەوەیە کە دەفەرموێ: **(إِلَّا)**، **(إلاّ)** لە دوو پیتان پێکهاتبێ: **(إِنْ)** و **(لاَ)**، بەڵام **(إن)** لەگەڵ **(لَا)** دا دەغم کرابێ، مانای فەرمایشتەکە ئاوای لێ دێ، بڵێ: من هیچکەس لە خوا

نامپارێـزێ لـە بەرانبـەر (سـزای) خـوادا، ئەگـەر پەیامەکانـی خـوا نەگەیەنـم، ئنجـا وشـەی (بَلَاغٍ) بەهـۆی فیعلێکـەوە کـە مانـای جـەزای گرتۆتە خـۆی، مەنصـووب بووە، وەك کەسـێك دەڵـێ: (إِنْ لَا قِيَامًـا فَقُعُـودًا)، ئەگـەر بـە پێـوە نەبـێ، بـە دانیشـتنەوە، یـان یەکێـك دەڵـێ: (إِنْ لَا إِعْطَـاءً، فَـرَدًّا جَمِيـلًا)، یـان بەخشـین، یـان وەڵامدانەوەیەکـی جـوان، واتـە: ئەگـەر بەخشـین ئەنجـام نـادەی، لانـی کـەم وەڵامێکـی جـوان و پـۆزش هێنانەوەیـەك ئەنجـام بـدە.

٣- (مقاتل)یش ئەو ڕستەیەی ئاوا لێکداوەتەوە: (ذَلِكَ الَّذِي يُجِيرُنِي مِنْ عَذَابِهِ)، واتە: {ئەوە کە من پەیام لە لایەن خواوە بگەیەنم و نامەکانی خوا بگەیەنم}، ئا ئەوە من لە ئازارو سزای خوا پەنا دەدات.

٤- هەندێکی دیکەش ئاوایان لێکداوەتەوە: (لَسْتُ مُكَلَّفاً إِلاَّ بِتَبْلِيْغ رِسَالَاتِ اللهِ إِلَيْكُم)، من ئەرکدار نەکراوم، مەگەر بە گەیاندنی پەیامەکانی خوا بە ئێوە.

٧)- ﴿ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴾، هەر کەسێکیش سەرپێچیی لە خواو لە پێغەمبەرەکەی بکات.

٨)- ﴿ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾، ئەوە بە دڵنیایی ئاگری دۆزەخی بۆ دانراوە، کە بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، وشەی: (أَبَدَاً: تَأْكِيْدٌ للخُلُود إلى النِّهَايَة)، (أبداً) بۆ جەختکردنەوەی زۆر مانەوەیە تاکو کۆتایی، چونکە (خُلُوْد) یانی: زۆر مانەوە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾، واتە: بە بێ کۆتایی تێدا دەمێننەوە.

لێـرەدا مەبەسـت لـە سـەرپێچیی لـە خـواو پێغەمبەرەکـەی، سـەرپێچییەکی بەشـیی نیـە لـە شـتێك و دوو شـتاندا، بۆیـە (الطبري) وای لێکداوەتـەوە دەڵـێ: (وَمَـنْ يَعْـصِ اللَّـهَ فِيمَا أَمَـرَهُ وَنَهَـاهُ، وَيُكَـذِّبُ بِـهِ وَرَسُـولِهِ، فَجَحَـدَ رِسَـالَاتِهِ، فَإِنَّ لَـهُ نَـارَ جَهَنَّـمَ ﴿ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴾)، هـەر کەسـێ سـەرپێچیی لـە خـوا ﷻ بـکات، لـەوەدا کـە فەرمانـی پێکـردووەو لێـی قەدەغـە کـردووەو، خـوا ﷻو پێغەمبەرەکـەی ﷺ بـە درۆ دابنـێ و، نکووڵیـی بـکات لـە پەیامەکانـی، ئـا ئـەوە جێـگای دۆزەخـە.

٩)- ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوۡاْ مَا يُوعَدُونَ ﴾، هەتا کاتێك ئەوەی گفتیان پێ دەدرا بینییان، یاخود ئەوەی هەڕەشەیان پێ لێ دەکرا، بینییان، وەك (**الطبري**) دەڵێ: (**حَتَّى إِذَا عَايَنُوا مَا يَعدِهم ربُّهم مِنَ العَذَابِ وَقِيَامِ السَّاعَةِ**)، هەتا کاتێك لەگەڵ ئەوەدا ڕووبەڕوو بوونەوە کە پەروەردگاریان گفتیان پێ دەدا، لە ئازارو هاتنی ئاخیر زەمان.

١٠)- ﴿ فَسَيَعۡلَمُونَ مَنۡ أَضۡعَفُ نَاصِرٗا وَأَقَلُّ عَدَدٗا ﴾، ئەو کاتە دەزانن کێ پشتیوانەکەی بێهێزترەو ژمارەکەشی کەمترە، واتە: دەزانن کێ لە ڕووی سەربازانەوەو، لە ڕووی ئەوانەوە کە هاوکاری دەبن، بێهێزترەو، کێش ژمارەی کەمترە، بە دڵنیایی لێرەدا خوای پەروەردگار بەپێی عەقڵی ئەوان دەیاندوێنێ، ئەگەرنا بۆ سزادانی ئەوان پێویست بە قەڕەباڵغیی زۆریش ناکات، بەڵام خوای کاربەجێ بەپێی عەقڵی خۆیان دەیاندوێنێ و، بەپێی قسەی خۆشیان وەڵامیان دەداتەوە، کە ئەوان هەڕەشەیان دەکردو دەیانگوت: ئێمە ژمارەمان زۆرەو، کەس پێمان ناوێرێ و، ئێمە دەسەڵاتمان زۆرەو قەڕەباڵغییمان بە دەورەوە هەیە، بۆیە خوا بەپێی عەقڵی خۆیان دەیاندوێنێ.

مەسەلەی دووەم و کۆتایی:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی کە ڕایبگەیەنێ، نازانێ کات و ژوانگەی ئەو سزایەی گفتیان پێ دەدرێ، کەیە؟ چونکە بەس خوا پەنهانی تایبەت بە خۆی دەزانێ و، جگە لە نێردراوێکی پەسندیش، هیچ کەسی لێ ئاگادار ناکاتەوە، ئەویش پاسەوانانی فریشتە لە چوار دەوری دادەنێ، تاکو بزانێ پەیامەکانی خوایان گەیاندوون، خواش ﷻ هەموو شتێکی ئەوانی لە لا زانراو و ژمێردراوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ مَا تُوعَدُونَ أَمْ يَجْعَلُ لَهُ رَبِّي أَمَدًا ﴿٢٥﴾
عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ارْتَضَىٰ مِنْ رَسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ
مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا ﴿٢٧﴾ لِيَعْلَمَ أَنْ قَدْ أَبْلَغُوا رِسَالَاتِ رَبِّهِمْ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ
وَأَحْصَىٰ كُلَّ شَيْءٍ عَدَدًا ﴿٢٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿قُلْ إِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ مَا تُوعَدُونَ﴾، {خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ:} (ئەی موحەممەد ﷺ!) بڵێ: من نازانم ئایا ئەوەی گفتتان پێ دەدرێ، نیزیکە، واتە: کاتەکەی نیزیکەو زوو دێ.

٢)- ﴿أَمْ يَجْعَلُ لَهُ رَبِّي أَمَدًا﴾، یاخود پەروەردگارم کاتێکی دیاریکراوی بۆ دادەنێ، ئەمە وەك پێشتریش گوتمان، وەڵامی ئەو هەموو هەڵپێچان و داواکردن و داکۆکییکردنەی بێبڕوایانە، کە هەمیشە پێغەمبەری خوایان ﷺ هەڵدەپێچا، هەروەك چۆن کۆمەڵگایەکانی دیکەش پێغەمبەرانی خوایان هەڵپێچاون و، سەغڵەت و تەنگەتاویان کردوون، کە بۆچی سزامان بۆ نایەت؟ ئێوە ڕاست ناکەن، یان: ئەگەر ڕاست دەکەن، با سزا بێ، ئنجا کە لە ئایەتەکانی پێشێدا خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەمی ﷺ فەرموو، پێیان ڕابگەیەنێ کە ئەو تەنیا پەروەردگاری دەپەرستێ و کەس ناکاتە هاوبەشی و، پێشیان ڕابگەیەنێ کە هیچ زیان دوورخستنەوەیەکی ئەوان، یاخود بە ئامانج گەیشتنێکی ئەوانی بەدەست

نیە، هەروەها نەك زیان و سوودی ئەوانی بەدەست نیە، بەڵکو بۆ خۆشی هیچکەس لە بەرانبەر سزای خوادا - ئەگەر سەرپێچیی بکات - پەنای نادات و ناپارێزێ، ئەو جگە لە خوا پەناگەیەکی دیکە، شك نابات، تەنیا شتێك کە ئەو بۆ خەڵکی بەدەستە، ئەوەیە هەرچی خوا پێیدا ناردوە، بیگەیەنێ و پەیامەکانی خوایان لێ حاڵیی بکات و ڕوون بکاتەوە.

هەروەها ئەوەشی پێڕاگەیاندن: هەر کەسێك سەرپێچیی لە خواو پێغەمبەرەکەی بکات، سەرپێچیی یەکجارەکیی و گشتیی، بە دڵنیایی ئاگری دۆزەخی بۆ دانراوەو، تەنیا خاوەندارێتیی ئاگری دۆزەخ دەکات لە ڕۆژی دواییدا، کە بەهەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

ئنجا وەك ترساندنیان کە وا مەزانن ئەوە بەس هەڕەشەیە، یەکسەر خوا ﷻ دیمەنێکی قیامەتی هێنایە پێش و فەرمووی: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوۡاْ مَا يُوعَدُونَ ﴾، تاکو کاتێك ئەوەیان بینی کە بەڵێنیان پێ دەدرا، یان: هەڕەشەیان پێ لێدەکرا: ﴿ فَسَيَعۡلَمُونَ مَنۡ أَضۡعَفُ نَاصِرٗا وَأَقَلُّ عَدَدٗا ﴾، ئەو کاتە زۆر چاك دەزانن کێ پشتیوانەکەی بێهێزترەو ژمارەکەشی کەمترە، چونکە ئەوانە بەوە دەیاننازی کە: ئێمە قەڕەباڵغین و زۆرین، توانامان هەیەو دەسەڵاتمان هەیەو، پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانیشی کەم بوون، بەوە خۆیان بەسەردا هەڵدەکێشان، ڕاستیش بوو هاوەڵان کەمیش بوون و بە زۆریی هەژارو نەدارو ڕەش و ڕووت بوون، بۆیە کافرەکان دەیانگوت: ئێمە ژمارەشمان زیاترەو ماڵ و سامانیشمان زۆرترە، ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: کاتێك ئەوەی هەڕەشەیان پێ لێ دەکرێ، یاخود: بەڵێنیان پێ دەدرێ، دەیبینن، ئەو کاتە دەزانن کێ پشتیوانەکەی بێهێزترەو ژمارەکەی کەمترە!

دوای ئەوەی خوا فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کردوە، بەوە هەڕەشەیان لێ بکات، ئنجا پێی دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنۡ أَدۡرِيٓ أَقَرِيبٞ مَّا تُوعَدُونَ ﴾، بڵێ، دەشگونجێ (قَالَ) بێ، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (**إِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ**

مَـا تُوعَـدُون)، نازانـم ئایـا زوویـە ئـەوەی بەڵێنتـان پـێ دەدرێ، (**قَرِیْـب**) بـۆ شـوێن بەکاردەهێـنرێ، بـەڵام مەبەسـت پێـی زوویـە، وەك چـۆن (**بَعِیْـد**) بـۆ شـوێن بەکاردەهێـنرێ، واتـە: دوور، بـەڵام لـە ڕووی کاتـەوە، یـانی: درەنـگ، واتـە: ئـەوەی بەڵێنتـان پـێ دەدرێ و هەڕەشـەتان پێـی لـێ دەکـرێ، ئایـا زوویـە، یـان درەنگـە؟ مـن ئـەوە نازانـم! ﴿أَمْ يَجْعَلُ لَهُۥ رَبِّيٓ أَمَدًا﴾، یـان پـەروەردگارم کاتێکـی بـۆ دادەنـێ، ماوەیەکـی بـۆ دادەنـێ.

(أمـد): وەك پێشـتر گوتمـان لەگـەڵ کات (**زمـن**)دا یـەك واتایـان هەیـە، بـەڵام (**زَمَن**): ئەوەیـە کـە سـنوورێکی نەبـێ، کۆتاییەکـی دیارییکـراوی نەبـێ، بـەڵام (**أمَـد**) ئەوەیـە کۆتاییەکـی زانـراوی هەبـێ، ئنجـا زوو بـێ یـان درەنـگ.

وشـەـی (رَبِّــي) خــــوێندراویشەتەوە: (رِبِّــيَ): ﴿أَمْ يَجْعَلُ لَهُۥ رَبِّيٓ أَمَدًا﴾، خوێندراویشــەتەوە: (**أَمْ يَجْعـلُ لـهُ رَبِّيَ أمَـدا**).

٣)- ﴿عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا﴾، زانای پەنهانە، {خوا ﷻ زانای هەموو پەنهانێکە و هەرچی نهێنییە دەیزانێ}، هیچکەس لە پەنهانی خۆی ئاگادار ناکاتەوە، (**فَلَا يُظْهِرُ أي: فَلَا يُطْلِعُ، لَا يُطْلِعُ أحَداً مِن الخَلْقِ عَلَى الغَيْب الَّذي يَعْلَمهُ هُوَ**)، هیچ کام لە دروستکراوەکان، لە فریشتەو لە مرۆڤ و لە جند، لەو پەنهانەی خۆی کە تەنیا خۆی دەیزانێ و تایبەتە بە خۆی، کەس ئاگادار ناکاتەوەو بە هیچکەسی نازانێنێ، چونکە (**ظَهَرَ**) بە مانای دەرکەوت، (**أظْهَرَهُ**) واتە: دەریخست، بەڵام دیسان بە مانای (**أَطْلَعَهُ**)ش دێ، وای کرد بیزانێ، کە ئەگەر بمانەوێ بە کوردیی بیڵێین دەبێ بڵێین: پێی بزانێنێ، وا بکات بیزانێ.

دوایـی خـوا ﷻ کەسـانێك هەڵداوێـرێ لـەو حوکمـە، کـە خـوا هیچکـەس لـە پەنهانـی خـۆی ئـاگادار ناکاتـەوەو ئـەوان جیـا دەکاتـەوە:

٤)- ﴿إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ﴾، مەگەر نێرراوێك پەسندی بکات، نێردراوێك کە خوا پەسندی دەکات، واتە: لە لای خوای پەروەردگار قبووڵ و پەسند کراوبێ.

لێرەدا (رسول) دەگونجێ پێغەمبەرێك بێ، پێغەمبەرێکی بەشەرو، دەشگونجێ لێرەدا ئێرراوێکی فریشتە بێ، خوا ﷻ وشەی (رَسُول)ی هەم بۆ جیبریل بەکارهێناوە، کە پەیامی بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ هێناوە، کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ﴿١٩﴾ ذِى قُوَّةٍ عِندَ ذِى ٱلْعَرْشِ مَكِينٍ ﴿٢٠﴾ مُّطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ ﴿٢١﴾﴾التكوير، بێگومان ئەمە مەبەست پێی جیبریلە، چونکە جیبریل خوا ناردوویەتی و ڕەوانی کردوە، هەروەها موحەممەدیش ﷺ یەکێکە لە ڕەوانەکراوانی خوا لە مرۆڤەکان: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ﴾الفتح (٢٩).

کە دەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ﴾، (**أي إلاَّ مَن اصْطَفَاهُ مِنَ رَّسُولٍ لإطِّلَاعِه وَإظْهَارِه عَلَى بَعْض غَيْبِه**)، یانی: مەگەر ئەوەی خوا لە پێغەمبەرەکانی هەڵیبژاردوە، بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوەو هەندێك لە پەنهانی خۆی پێ بزانێنێ.

٥)- ﴿فَإِنَّهُۥ يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا﴾، بە دڵنیایی (خوا) هەم لە پێش دوو دەستەکانیەوە، هەم لە دوایەوە پاسەوان و ئێشکچییان دادەنێ، [(**الرازي**) لە (**مختار الصَّحاح**)دا هاتوە دەڵێ: (**الرَّصَدُ: الْقَوْمُ يَرْصُدُونَ كَالحَرَسِ، يَسْتَوِي فِيهِ الوَاحِدُ وَالجَمْعُ وَالمُذَكَّرُ وَالمُؤَنَّثُ وَرُبَّمَا قَالُوا أَرْصَادًا، وَالرَّاصِدُ لِلشَّيْءِ الرَّاقِبُ لَهُ**)، واتە: (**رَصَد**): بریتیە لە کۆمەڵە خەڵکێك کە چاودێریی دەکەن، وەك (**حَرَس**)، {کە کۆی (**حَارِس**)ەو (**رَصَد**)یش کۆی (**راصِد**)ە، (**حَرَس**) واتە: پاسەوانەکان ئێشکچییەکان، (**رَصَد**)یش واتە: ئەوانەی لە بۆسەدان و چاودێریی دەکەن}، وشەی (**رَصَد**) تاك و کۆو مێینەو نێرینەی تێدا یەکسانن و بۆ هەموویان بەکاردێ، دەگوترێ: (**هُوَ رصدٌ، هما رصد، هُمْ رَصَدٌ، هُنَّ رَصَدٌ، هِيَ رَصَدٌ**)، (**رَصَدُ**)ی شتێك واتە: چاودێرکاری ئەو شتە، کە چاودێریی دەکات و ئاگاداری دەبێ] هەندێک جاریش گوتوویانە: (**أرصاد**)، (**راصد**)یش بۆ شتێک چاودێرکارییەتی.

کە دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّهُۥ يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا﴾، لە پێش دوو دەستەکانیەوەو لە دوایەوە پاسەوانان دادەنێن، وشەی (**يَسْلُكُ**): (**سَلَكَهُ يَسْلُكُهُ أي: أدْخَلَهُ يُدْخِلُهُ**)، واتە: خستیە نێو دەیخاتە نێو، (**أي: يَجْعَلُ وَيَضَعُ عَلَى مَا**

حَوْلَهُ، وَذِكْرُ الأَمَامُ وَالخَلْفُ، لأَنَّهُمَا جِهَتَانِ أَكْثَرُ مَأْتِيّاً)، واتە: پاسەوانانی لە دەورە دادەنێ، بەڵام بۆیە پێشەوەو دواوەی باسکردوون، چونکە ئەو دوو لایە زیاتر شوێنی لێوە هاتنن، ئەگەرنا مەبەست ئەوەیە لە هەر چواردەورەیەوە، بەڵکو لە هەر شەش لایەکەیەوە ئێشکچییان دادەنێ، واتە: ڕاست و چەپ، پێش و دوا، سەرو خوار.

ئنجا ئایا دانانی ئەو ئێشکچیی و پاسەوانانە بۆ چییە؟ هەڵبەتە بۆ پاراستنیەتی، واتە: پاراستنی ئەو پەنهانەی خوا بەو نێردراوەدا ناردوویەتی، بۆ ئەوەی پارێزراو بێ، مەگەر کەسێك ئەو نێردراوە پێی ڕابگەیەنێ، ئەگەرنا دزە ناکات بۆ هیچکەس و شوێنێکی دی.

٦)- ﴿لِّيَعْلَمَ أَن قَدْ أَبْلَغُوا۟ رِسَـٰلَـٰتِ رَبِّهِمْ﴾، (ئەمە بە سێ واتایان لێکدراوەتەوە):

١- بۆ ئەوەی ئەو پەنهانەی نێردراوە، پارێزراو و سەلامەت بێ و دەستکاریی نەکرێ، تاکو (خوا ﷻ) بزانێ کە نێردراوەکان (ئەگەر فریشتەن، ئەگەر پێغەمبەرانن)، پەیامەکانی پەروەردگاریان گەیاندوون.

یەکێك بۆی هەیە بڵێ: بە دڵنیایی بەر لەوەی فریشتەکان پەیامەکان بگەیەنن بە پێغەمبەران، یان پێغەمبەران پەیامەکان بگەیەنن بە خەڵك، خوا هەر دەزانێ؟! دەڵێین: ئەو تەعبیرە لە زۆر شوێنی قورئان دا هاتوە، (لِيَعْلَمَ) واتە: بۆ ئەوەی خوا ﷻ دوای ئەوەی زانیویەتی، ئەو زانینەی لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستە ببێ و لە واقیعدا بێتە دی.

٢- واتایەکی دیکەی (لِيَعْلَمَ) ئەوەیە: (**لِيَعْلَمَ الرَّسُولَ أَنَّ الرُّسُلَ قَبْلَهُ قَدْ بَلَّغُوا**)، بۆ ئەوەی پێغەمبەری کۆتایی بزانێ {ئەگەر (**لِيَعْلَمَ**) ڕاناوەکەی بۆ (**رسُول**) بچێتەوەو (**رسُول**) یش مەبەست پێی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ بێ}، کە پێغەمبەرانی پێش ویش پەیامی خوایان بۆ هاتوەو بە سەلامەتیی بە پارێزراویی گەیاندوویانەو، شەیتانەکان دەستکارییان نەکردوە، کەواتە: ئەگەر گۆڕان و لادانێك لە کتێبە پێشووەکان داو لە پەیامی پێغەمبەرانی

پێشوودا ڕوویداوە، ئەوە لە ڕاستییدا مرۆڤەکان دەستکارییان کردوە، نەك شەیتانەکان دەستیان گەیبێتێ و دەستکارییان کردبێ، خوای پەروەردگار وەحیی و پەیام و سروشی خۆی بۆ هەر کام لە پێغەمبەران ناردوە، پاسەوان و ئێشکچیی لە فریشتان بە دەورەوە داناون، تاکو بە سەلامەتیی بگات.

٣- واتایەکی دیکەی (لِيَعْلَمَ) ئەوەیە: (لِيَعْلَمَ الكُفَّار...) تاکو بێبڕوایەکان بزانن کە پێغەمبەران پەیامەکانی پەروەردگاریان گەیاندوە، یانی: بێبڕوایەکان بزانن کە ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەیگەیەنێ، ڕێك پەیامی خوای پەروەردگارەو، گومانی ئەوەی پێ نەبەن کە ڕەنگە شەیتانەکان دەستکارییان کردبێ، وەك هەمیشە ئەو تۆمەتە لە لایەن بێبڕوایەکانەوە ئاڕاستەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکرا، دەیانگوت: موحەممەد ﷺ (سَاحِرٌ أو مَجْنُون)، جادووگەرە یان شێتە، یان دەیانگوت: شاعیرە، یان دەیانگوت: کاهینە، یان دەیانگوت: جندەکان دەستیان لێ وەشاندوە، ئەو تۆمەتانەیان بۆ هەڵدەبەستن، بۆیە خوا ﷻ ئەوەی فەرمووە، تاکو بێبڕوایەکان بزانن و دڵنیابن ئەوەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ پێیان ڕادەگەیەنێ، ڕێك فەرمایشتی خوای پەروەردگارە بێ کەم و زیاد.

٧)- ﴿وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ﴾، ئەو (خوا ﷻ) هەر چی لەلایانە، (فریشتەکانی لەلایانە، یان پێغەمبەران کە خوا پەیامی خۆییان پێڕادەگەیەنێ)، دەوری داون، واتە: خوا هەموو شتێکیان لە بارەوە دەزانێ، (أي أحَاطَ بِمَا عِنْد الرَّصَد مِن المَلَائِكَة أو بِمَا عِنْد الرُّسُلِ المُبَلِّغِيْن)، خوا ﷻ دەوری ئەوەی داوە لە لای ئەو فریشتانەیە، کە خوا بە پاسەوان ناردوونی، ئاگاداری هەموو شتێکیانە، یاخود: ئاگادارەو دەورەی هەموو ئەوەی داوە، لە لای ئەو پێغەمبەرانەیە، کە پەیامی خوایان پێ ڕاگەیەنراوە.

٨)- ﴿وَأَحْصَىٰ كُلَّ شَيْءٍ عَدَدًا﴾، خوا ﷻ ژمارەی هەموو شتێکی سەرژمێر کردوە، وشەی (عَدَدُ): (وَالْعَدَدُ: بِالْفَكِّ اسْمٌ لِمَعْدُودٍ، وَبِالْإِدْغَامِ مَصْدَرُ عَدَّ، وَأَحْصَى كُلَّ شَيْءٍ مَعْدُودًا)، وشەی (عَدَد) ئەگەر دوو دال (د)ەکە لێك بکرێنەوە، ناوی ئەو شتەیە کە دەژمێردرێ، دەگوترێ: (ما عَدَدُ الكُتُبِ) ژمارەی کتێبەکان چەندە؟ (عَدَد) ناوە بۆ ژمێردراو، بەڵام (عَدّ) چاوگی (عَدَّ)یە (عَدَه يَعُدُّهُ عَدّاً)، ژماردی، دەیژمێرێ، ژماردن، کەواتە: (عَدّ) واتە: ژماردن،

بەڵام (عَدَد) واتە: ژمارە، یاخود ژمێردراو، کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَحْصَىٰ كُلَّ شَيْءٍ عَدَدًا ﴾، واتە: ژمارەی هەموو شتێك ژمێردراوەكەی چەندە، خوای پەروەردگار هەمووی سەرژمێر کردوەو، هەمووی دەزانێ.

شایانی باسە: لێرەدا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴾، زانای پەنهانە، هەڵبەتە (**عَالِمِ الغَيْبِ**) خوێندراوەتەوەش: (**عَالِمُ الغَيْبِ**)، واتە: ئنجا ئەگەر (**عَالِمِ الغَيْبِ**) بێ، با دەدرێتەوەو دەگێڕدرێتەوە بۆ سەر (رَبِّي): ﴿ أَمْ يَجْعَلُ لَهُۥ رَبِّىٓ ﴾، بەڵام ئەگەر (**عَالِمُ الغَيْبِ**) بێ، ئەوە ڕستەیەکی دیکە دەست پێدەکات و دەسپێبکەوە (**إسْتِئْنَافِية**)یە.

کورتە باسێک لە بارەی پەنهان (غیب) و سنووری پەیپێبردنیەوە

لێرەدا زانایان زۆر قسەیان کردوە، ئایا مەبەست لەو پەنهان (غَیْب)ە چییە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا﴾، ئایا هیچ جۆرە پەنهانێک نازانرێ؟

وەڵامەکەی ئاوایە:

پێشێ خوا دەفەرموێ: ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ﴾، (خوا) زانای هەموو پەنهانێکە، (غَیْب) ئەلیف و لامی ناساندنی لەسەرەو جینسی غەیب دەگرێتەوە، واتە: هەرچی پەنهانە خوا دەیزانێ، بەڵام بۆ هی دوایە کە دەفەرموێ: هیچ کەسێکی ئاگادار ناکاتەوە لە پەنهانی خۆی، (غَیْب)ی بە (نَکِرَة) هێناوە، ﴿فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا﴾، هیچکەس ئاگادار ناکاتەوە لە پەنهانی خۆی، نەک لە هەرچی پەنهانە، بەڵکو پەنهانێک کە تایبەتە بە خۆیەوە، هیچکەسی لێ ئاگادار ناکاتەوە، مەگەر رەوانەکراوێک کە پەسندی بکات، کە مەبەست پێی فریشتەکانن کە پەیامی خۆییان پێدا دەنێرێ، یاخود پێغەمبەران کە خوا پەیامی خۆییان بۆ دەنێرێ.

بەڵێ، خوا ﷻ نەیفەرموە: هیچکەس لە هیچ پەنهانێک ئاگادار ناکاتەوە، بۆیە ئەگەر مرۆڤەکان توانییان هەندێک لە پەنهان بزانن، هەندێک لەو شتانەی شێردراوەن، بزانن، پەییان پێ ببەن.

أ- چ لە رێی زانستەوە، زانستی ئەزموونکاریی (**العلم التجريبي**)، بۆ وێنە:

١- بە مەزەندە دەڵێن: خۆر پێنج ملیار ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیوەو، دەوری پێنج ملیار ساڵی دیکەش دەگونجێ وزەمان پێ بدات، تاکو دەکوژێتەوە.

٢- هەروەها بە مەزەندە دەڵێن: زەوی چوار ملیارو ئەوەندە ساڵ تەمەنیەتی، هەروەها مانگ ئەوەندە ساڵە تەمەنیەتی.

هەڵبەتە ئەوەش هەمووی بە نیزیکخراوەیی و بە مەزەندەیە.

٣- هەروەها گەردووناسان دەڵێن: خۆر فڵان ڕۆژە، لە فڵان ساڵەدا دەگیرێ، لە فڵان شوێنی سەر زەوی، یان لەسەر زەوی هەمووی دادەگیرێ، یان مانگ لە فڵان کاتەدا دەگیرێ.

٤- لە ڕووی کەشناسییەوەش دەڵێن: فڵان کاتە باران دەبێ، یان نابێ، پلەی گەرمیی بەرز دەبێ یان نزم دەبێ، بای دێ یان بای نایەت، ئەوانەش هەموویان جارێ نەهاتوون، بەڵام لە ڕاستییدا ئەوانە، وشەی (پەنهانەکەی) (غَیْبه) نایگرێتەوە، چونکە خوا دەفەرموێ: پەنهانی خۆی، یانی: پەنهانێك کە تایبەتە بە خواوەو، خواش بە ڕەهایی نەیفەرمووە هیچ پەنهانێك خەڵك نایزانێ.

کەواتە: دەگونجێ لە ڕووی زانیارییەوە مرۆڤ بگاتە دەرککردنی هەندێك لە پەنهانەکان و شتە شێردراوەکان، وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، وێنەی خۆرگیران و مانگ گیران و حاڵەتەکانی کەشناسیی و...هتد، چونکە خوا ﷻ ئەو توانایەی داوە بە مرۆڤ، هەندێك شت بزانێ کە پەیوەندیی بە داهاتووەوە هەیە، یان پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە، بۆ وێنە: زانایان گوتوویانە: لە چاخی کامبەرییدا یەك لێشاو دروستکراوی ژیاندار پەیدا بوون، ئەوەندە ملیۆن ساڵە، لەمەو پێش، هەروەها گوتوویانە: ژیان لەسەر زەوی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەندە ملیۆن ساڵ لەمەوبەرو، سەرەتای دروستکرانی مرۆڤ لەسەر زەوی دەگەڕێتەوە بۆ (١٠٠٠٠- ٣٠٠٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر[١]،ئنجا هەرچەندە ئەوە مەزەندەیە، بەڵام گریمان ئەگەر زانیاریی پتر بەرەو پێشچوو و توانی کاتێکی

---

(١) sapiens: A Briet History of Humankind(کورتەیەک لە مێژووی مرۆڤایەتی).

وردیش دیاریی بکات، ئایا لەگەڵ ئەو فەرمایشتەی خوادا دژ دەوەستێ؟ بە دڵنیایی نەخێر!

چونکە خوا دەفەرموێ: خوا هیچ کەسێك لە پەنهانی خۆی ئاگادار ناکات، نەیفەرمووە لە پەنهان بە گشتیی، بۆیە دەگونجێ لە ڕووی زانستەوە، مرۆڤ بگاتە زانینی هەندێك لە پەنهانەکان.

ب- هەروەها لە ڕێی وەحییەوەش - جگە لە قورئان کە خوای پەنهانزان فەرموویەتی: ﴿فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ۝٢٦ إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ﴾ - پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ هەندێك شتی لە بارەی داهاتووی ئۆممەتەکەیەوە فەرمووە، کە ئەوە دەبێ و، ئەوە دەبێ و، ئاوا ڕوودەدا، ئەوانەش هەموویان پەنهانن، بەڵام لە ڕێی وەحییەوە خوای پەروەردگار پێغەمبەری خاتەمی ئاگادار کردووەتەوە.

ج- دیسان جگە لە ڕێی وەحیی لە ڕێی ئیلهامیشەوە، واتە: خرانە نێو دڵ و خورپە، دیسان دەگونجێ هەندێك شتی پەنهان و شێرراوە بزانرێ، بۆ وێنە: پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: {**إِنَّ فِي هَـذِهِ الأُمَّـة مُحَدَّثِـيْنَ وَإِنَّ مِنْهُـم عُمَـر**} (**أخرجـه البخـاري: ٣٦٨٩، مسـلم: ١٨٦٤**)، واتە: لەم ئۆممەتەدا (ئۆممەتی پێغەمبەری خاتەم ﷺ)، قسە بۆ کراو، {خورپە بۆ کراو} هەن، کە عومەر یەکێکیانە.

عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ) پیاوێکی زۆر دڵڕۆشن بووە، لە هەموو تەفسیرەکاندا باس دەکرێ، لە چەند هەڵوێستێکدا پێشنیاری کردوە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئاوا نەکەین؟ با ئاوا بکەین باشە! دوایی ئایەت بەپێی قسەکەی ئەو هاتوەتە خوارێ.

١- بۆ وێنە: بە دەوری کەعبەدا تەوافیان کردوە، بەر لەوەی دوو ڕکات نوێژەکەی لای مەقامی ئیبراهیم، پێغەمبەری خوا ﷺ دابنێ، عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: گوتم:

ئەی پێغەمبەری خوا! (أَلَا نَتَّخِذُ مَقَام إِبْرَاهِيْمَ مُصَلَّى)، {مەقامی ئیبراهیم و شوێنی ئیبراهیم لێی وەستاوەو، دیواری کەعبەی لەسەر بنیات ناوە، بەردێکی گەورەیە}، ئایا مەقامی ئیبراهیم نەکەینە نوێژگە، دوو ڕکات نوێژی لێ نەکەین؟ دوایی خوا ئایەتی ناردۆتە خوار: ﴿ وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى ﴿١٢٥﴾ ﴾البقرة، ئەو شوێنەی ئیبراهیم لێی وەستاوە بیکەنە نوێژگە، واتە: دوو ڕکات نوێژی لێ بکەن.

٢- هەروەها عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ) - وەك لە تەفسیری سووڕەتی (**التحريم**)دا هێنامان - لە خاتوو حەفصەی کچی و خاتوو عائیشە خوا لێیان ڕازی بێ تووڕە بووە، کە لە بەینی خۆیان دا ڕێککەوتوون و شتێکیان کردوە مایەی نیگەرانیی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، گوتوویەتی: (**عَسَى رَبُّهُ إِنْ طَلَّقَكُنَّ أَنْ يُبْدله أزواجاً خَيْراً مِنْكُنَّ**)، واتە: نیزیکە ئەگەر پێغەمبەر تەڵاقتان بدات پەروەردگاری ئافرەتانی دیکەی بە نسیب بکات، دوایی خوای پەروەردگار ئایەتی ناردۆتە خوار: ﴿ عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ ﴿٥﴾ ﴾التحريم.

٣- هەروەها لە کاتێکدا پێغەمبەری خاتەم ﷺ نوێژی لەسەر عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول کرد، کە سەرۆکی مونافیقەکانی مەدینە بوو، عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) چووە پێشی و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئەو کابرایە ئەو کەسە بوو کە ئاوای گوت و، ئاوای کردو ئاوای کرد، هەڵوێستەکانی و قسە خراپەکانی کە لە ژیانیدا کردوونی بەرانبەر بە پێغەمبەری خوا ﷺ و ئیسلام و مسوڵمانان، وەبیری هێنانەوە، پێغەمبەریش ﷺ زەردەخەنەی دەکرد هەتا عومەر لێ بۆوە، فەرمووی: عومەر! خۆت لابدە، خوا سەرپشکی کردووم و نوێژی لەسەر دەکەم، دوایی خوا ئایەتی نارده خوار: ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ﴿٨٤﴾ ﴾التوبة، لەمەودوا هەر کامێك لەوانە - کە دەزانی مونافیقە - ئەگەر مرد نوێژی لەسەر مەکەو، لەسەر گۆڕەکەشی مەوەستە.

هەروەها هەندێ حاڵەتی دیکەش لە عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) دەگێڕرێنەوە کە پێشنیاری کردوەو، دوایی ئایەتی خوای زاناو شارەزا وەك پێشنیارەکەی ئەو هاتۆتە خوار، ئەمەش مانای وایە مرۆڤ دەگونجێ خوا دڵڕوونییەکی پێ بدات و

هەندێ شتی بخاتە دڵ کە پەیوەندییان بە داهاتووەوە هەیە، یان جاری وا هەیە پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە، یان پەیوەندیی بە شتێکی نەزانراوەوە هەیە.

کەواتە: ئیلهامیش یەکی دیکەیە لەو ڕێیانەی مرۆڤ هەندێك لە شتە پەنهانەکانی پێ بزانێ[1].

بەڕاستیی دەبێ لەو ڕووەوە مسوڵمانان زۆر وریا بن، مادام خوا ﷻ زۆر بە ڕوونیی لێرە خۆی بە زانای پەنهان (**عالم الغیب**) ناساندوەو، لە سوورەتی (**هود**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، لە سوورەتی (**النّمل**)یش دا فەرموویەتی: ﴿ قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾**النّمل**، بڵێ پەنهانی ئاسمانەکان و زەوی جگە لە خوا کەس نایزانێ و هەستیش ناکەن کەی زیندوو دەکرێنەوە، یانی: ئەو پەنهانەی مرۆڤ دەستی نایگاتێ و لە ڕێی زانستیشەوە هەر نایزانن، هەروەها لە چەند شوێنێکی دیکەدا خوای پەروەردگار لە قورئان دا زانینی پەنهانی تایبەت کردوە بە خۆیەوە.

ئنجا ئەگەر مرۆڤەکان بەپێی ئەو توانایەی خوا پێیداون، هەندێك لە پەنهانی ئاسمانەکان و زەوییان زانی، ئەوە دژ ناوەستێ لەگەڵ ئەوەدا کە خوا فەرموویەتی، چونکە خوا هەموو پەنهانەکانی ئاسمانەکان و زەوی دەزانێ، بەڵام جاری وا هەیە مرۆڤەکان لە ڕێی ئەو توانایانەوەی خوا پێیداون، چ توانای زانستیی و ئەزموونیی، چ توانای ئیلهام و خورپە خرانە نێو دڵ، دەگونجێ هەندێك لە پەنهان بزانن پەنهانێکی بەشیی (**جزئي**) بزانن.

بەڵام دەبێ وریا بین! هەموو ئەوانەی لافی ئەوە لێ دەدەن پەنهان دەزانن، وەك: کاهین و عەڕڕاف و، فاڵچیی و، ئەستێرەوان و، قاوە گرەوەو،

---

(١) ئێمە لە بارەی پەنهان (غیب)ەوە، لە کۆتایی تەفسیری سوورەتی (هود)دا کورتە باسێکمان کردوە.

دەست خوێنەرەوەو، لەسەر لە نووسەر، هەموو ئەو جۆرە کارانە بۆ زانینی نادیار (غیب)، لە ئەفسانەو کڵاو لەسەری خەڵك نان و فریودانیان بەو لاوە، هیچی دیکە نین، بە تایبەت لەم ڕۆژگارەدا ئەستێرەناسیی و بورجەکان: ئەگەر فلان ئەستێرە لە فلانە بورجە دابێ، فلان شتە دەبێ، هەمووی درۆو دەلەسەو ئەفسانەیە، نکوولیی لەوە ناکەین، کە لەڕێی زانیاریی ئەزموونییەوە، مرۆڤ هەندێ شتی بۆ دەرکەوێ، بەڵام ئەوە کە فلان ئەستێرە ئەگەر بچێتە فلان کەلوو (برج)ەوەوە، پەیوەندیی هەیە بە فلانکەسەوەو وادەبێ و وا دەچێ، هیچ بنەمایەکی نیەو، مسوڵمانان نابێ بەدوای ئەو شتانە بکەون.

یان ئافرەتێك کە قاوە دەگرێتەوە، یان یەکێکی دیکە کە بە حیساب دەست دەخوێنێتەوە، یان یەکێکی دیکە بە هۆی لەوە شت دەزانێ! ئەوانە هەموویان پێچەوانەی ئەو ئایەتە موبارەکانەن کە خوا ﷻ دەفەرموێ: تەنیا خوا پەنهان دەزانێ، ئنجا زانینی هەندێك لە نهێنییەکانیش، بەشێوەیەکی جوزئی لە ڕێی ئەو ئامرازانەوە کە خوا بۆ مرۆڤی ڕەخساندوون، مادام ئامرازی زانستیی بن و جێی دڵنیایی بن، ئەوە لەگەڵ ئایەتەکەدا تێك ناگیرێ، پێغەمبەریش ﷺ هەڕەشەی کردوە لە کەسانێك کە دەچن بۆ لای کەسانی فاڵچیی و، قاوە گرەوە، بۆ زانینی بەخت و شانس، وەك لەو کورتە باسەدا کە لە کۆتایی سوورەتی (**هود**) کردوومانە، بە تەفصیل باسمان کردوە.

یەکێك لە فەرمایشتەکان پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوەیە کە دەفەرموێ: {**مَنْ أَتَى عَرَّافاً فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ فَصَدَّقَهُ، لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلاَةٌ أَرْبَعِينَ يَوْماً**}، (**أخرجه البخاري: ٢٢٣٠**)، واتە: هەر کەسێك بچێتە لای فاڵچییەك و ئەوەی دەیڵێ، بەڕاستی بزانێ، نوێژی چل ڕۆژی لێ وەرناگیرێ.

چونکە گوناهو هەڵەیەکی کردوە زۆر قورسەو کردەوە چاکەکانی بەهۆیەوە هەڵدەوەشێنەوە.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی لـە وردەکارییەکانـی فەرمایشـتی پـڕ لـە نهێنیـی بـێ سـنوری خـۆی، زیاتـر ئاگادارمـان بـکات و، دڵرۆشـنیی زیاترمـان پـێ بـدات، کاتێـك لـە فەرمایشـتی خـواوە ڕادەمێنیـن، کـە دەیخوێنینـەوە، یـان گوێـی بـۆ دەگریـن، تەوفیقـمان بـدات، ئـەوەی بـۆ دنیـاو دوارۆژمـان پێویسـتە، بـە شـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت لێـی تێبگەیـن، دواییـش بـە پێـی ئـەو تێگەیشـتنە ڕاسـت و دروسـتە، کاری پێبکەیـن، چ لـە خـودی خۆمانـدا، چ لـە چوارچێـوەو دەوروبـەری خۆمانـدا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

المزمل

دەستپێک

بەڕێـــــزان

ئەمـڕۆ کـە (١٨)ی شـەووالی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٦/١٠) ی زایینـی، لـە شـاری دێرینـی هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**الْمُزَّمِّـلُ**)، وەك عادەتـی خۆشـمان سـەرەتا پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە مـوبارەکە، لـە حـەوت (٧) بڕگـەدا دەخەینـە ڕوو:

پێناسەی سوورەتی (المزمل) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە تەنیـا نـاوی (**سـورة الْمُزَّمِّـلُ**)ی لێـنراوەو هـەر بـەو نـاوە نـاسراوە، (**الْمُزَّمِّلُ**)یـش -وەك دوایـی بـاسی دەکەیـن - سـیفەتی پێغەمبـەری خاتەمـە ﷺ واتـە: پۆشـەرو پێخـەف لـە خـۆوە پێـچ، یاخـود: خـۆ لـە نوێـن و پێخەفـەوە پێـچ، کـە دیـارە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ لـە کاتێکـدا خـوا ﷻ ئـەم سـوورەتە موبارەکـەی بـۆ دابەزانـدوە، لـە حاڵـەتی خەوتـن و پشـوودان و نوێـن لـە خـۆوە پێچـان و خـۆ لـە پێخەفـەوە پێچـان دا بـووە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

أ- ئەم سوورەتە بە ڕای زۆربەی هەرە زۆری نیزیك بە یەکدەنگیی زانایان، سوورەتێکی مەککەییە، جگە لە ئایەتی کۆتایی، ئایەتی ژمارە (٢٠): ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ ... ﴾، کە دەڵێن: ئەوە مەدینەییە، زۆربەی هەرە زۆری زانایان وادەڵێن.

ب- ڕایەکیش هەیە کە ئایەتی ژمارە (٢٠)یش ئایەتی کۆتایی سوورەتی (**الْمُزَّمِّلُ**)یش، هەر لە مەککە دابەزیوە، بەڵام دوای ساڵێك، وەك سووککردنی حوکمی شەو نوێژ لەسەر پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی، یاخود تەنیا لەسەر هاوەڵانی بەڕێزی، لە فەرزەوە بۆ پەسند (**مِنَ الْوُجوبِ إِلَى النَّدبِ**)، وەك لەم دەقانەوە دیارە:

١- دەقی یەکەم: {**عَنِ ابْنَ عَبَّاسٍ** رضي الله عنهما**، قَالَ: أَوَّلُ مَا نَزَلَ أَوَّلُ الْمُزَّمِّلِ كَانُوا يَقُومُونَ نَحْوًا مِنْ قِيَامِهِمْ فِي شَهْرِ رَمَضَانَ، وَكَانَ بَيْنَ أَوَّلِهَا وَآخِرِهَا قَرِيبٌ مِنْ سَنَةٍ**} (**جامع البيان: ٣٥٢٦٦**).

واتــە: عەبدوڵــڵای کــوڕی عەبباس رضي الله عنهما دەڵــێ: یەکەمیــن شــت کــە دابــەزی ســەرەتای ســوورەتی (**الْمُزَّمِّـلِ**) دابــەزی، هــاوەڵان عادەتیــان وابــوو بــە ئەنــدازەی شــەو نوێژێـك (تەراویحێـك) کـە لـە مانگـی ڕەمەزانـدا دەکـرێ، شـەونوێژیان دەکـرد، (بـەڵام نـەك هـەر لـە مانگێکـدا بەڵکـو لـە هەمـوو سـاڵەکەدا)و، مـاوەی نێـوان دابەزینـی ســەرەتای ئــەم ســوورەتەو کۆتاییەکــەی (ئایــەتی کۆتایــی) نیزیکــەی ســاڵێك بــوو، {یــازدە مانــگان هــاوەڵان (خــوا لێیــان ڕازی بــێ) هەمــوو شــەوەکان شــەونوێژیان کــردوە، بــەڵام دوای ســاڵێك خــوا ﷻ لەســەری ســووککردن و ئایــەتی ژمــارە (٢٠)ی کۆتایــی دابــەزی، کــە ســووککردنی ئــەو حوکمــەی تێدایــە}.

٢- دەقی دووەم: {**عَنْ قَتَادَةَ رحمه الله، قَالَ: قَامُوا حَوْلًا أَوْ حَوْلَيْنِ حَتَّى انْتَفَخَتْ سُوقُهُمْ وَأَقْدَامُهُمْ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَخْفِيفًا بَعْدُ فِي آخِرِ السُّورَةِ**} (جامع البيان: **٣٥٢٧٣**).

قەتـادە کـە یەکێکـە لـە زانایـانی شـوێنکەوتووان، ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوا لـە هەمـوو لایەکیـان بـێ، دەڵـێ: مـاوەی سـاڵێك یـان دوو سـاڵان، هـاوەڵان کـە لـە خزمـەت پێغەمبــەردا بــوون ﷺ شــەو نوێژیــان کــرد، هەتــا لاقیــان و پێیەکانیــان هەڵاوســان (بــەو واتایــەی زۆر مانــدوو بــوون)، دوایــی خــوا ﷻ ســووککردنی ئــەو حوکمــەی لــە ســوورەتەکەدا دابەزانــد.

٣- دەقی سێیەم: {**عَنِ الْحَسَنِ، قَالَ لَمَّا نَزَلَتْ** ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ﴾**، قَامَ الْمُسْلِمُونَ حَوْلًا، فَمِنْهُمْ مَنْ أَطَاقَهُ، وَمِنْهُمْ مَنْ لَمْ يُطِقْهُ، حَتَّى نَزَلَتِ الرُّخْصَةُ**} (جامع البيان:٣٥٢٧٦)،

حەسەنی بەصرِاییش کە یەکێکە لە زانایانی شوێنکەوتووان (ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ) دەڵێ: کاتێك ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ﴾، دابەزی، مسوڵمانان ماوەی ساڵێك جێبەجێیان کرد (شەو نوێژیان کرد زۆر بە خەستیی)، ئنجا هەیانبوو لە توانایدا هەبوو، هەشیانبوو لە توانایدا نەبوو، تاکو دوایی مۆڵەت دابەزی.

(**مَـن أَطَاقَـهُ**)، واتــە: لەگـەڵ خـۆ ئەزیەتدانیشــدا پێیــان کــراوە، بــەڵام هەبــووە لەگـەڵ خـۆ مانـدوو کردنیشـدا، بـاش بـۆی ئەنجـام نـەدراوە، بۆیـە خـوا ﷻ لەسـەری سـووککردن.

٤- دەقی چوارەم: کە (حاکم) هێناویەتی: {**قَوْلُهُ تَعَالَى**: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَ ﴾، **نَزَلَ بَعْدَ نُزُولِ صَدْرِ السُّورَةِ بِسَنَةٍ، وذَلِكَ حِينَ فُرِضَ قِيامُ اللَّيْلِ فِي أَوَّلِ الإِسْلامِ قَبْلَ فَرْضِ الصَّلَواتِ الخَمْسِ**}(جامع البيان: ٣٥٢٧٦)، واتە: قسەی خوای بەرز کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَ ﴾، ئەمە لە دوای سەرەتای سوورەتەکە بە ساڵێك دابەزی (هەروەك ڕیوایەتەکانی دیکەش دەڵێن)، ئەویش دوای ئەوەی شەو نوێژ پێویست کرا لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا، بەر لەوەی پێنج فەرزەکان فەرز بکرێن (دوای ئەوەی پێنج نوێژە فەرزەکان پێویست کران، پێویستبوونی شەونوێژ لە پێویستییەوە گۆڕا بۆ پەسندیی).

ج- بۆچوونێکی دیکەش هەیە هەندێك گوتوویانە: ئەم ئایەتەی ژمارە (٢٠)ی کۆتایی دوای دە(١٠) ساڵان دابەزیوە، کە ئەوەش دیسان هەر مانای وانیە لە مەدینەدا دابەزیوە، چونکە مادام ئەم سوورەتە لە سەرەتاوە دابەزیبێ، هەر لە سەرەتای ساڵی یەکەمدا، چونکە ئەمە دووەمین سوورەتە بە ڕای زۆربەی زانایان و بەڕای بەندەش کە دابەزیوە، هەشبووە گوتوویەتی: (**المدثر**) یەکەمین سوورەتە، بەڵام وەك دوایی باسی دەکەین، ئەم سوورەتە دووەمین سوورەتەو، دوای پێنج ئایەتەکەی سوورەتی (**العلق**) دابەزیوە.

ئنجا ئەگەر دوای دە ساڵانیش ئایەتی بیستەم دابەزیبێ، مانای وایە هەر لە قۆناغی مەککەدا بووە، چونکە قۆناغی مەککە سێزدە ساڵ بووەو، ئەگەر (المزمل) لە ساڵی دەیەمدا دابەزیبێ، مانای وایە سێ ساڵ پێش کۆچکردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە، ئایەتی کۆتایی سوورەتی (**الْمُزَّمِّلُ**)یش دابەزیوە.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:

ژمێرەران سێ ژمارەیان بۆ ئایەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکە داناون:

١- (**أهل المدينة**) گوتوویانە: هەژدە ئایەتە.

٢- (**أهل البصرة**) گوتوویانە: نۆزدە ئایەتە.

٣- بەڵام زۆربەیان زانایانی کووفەو ئەوانی دیکەش گوتوویانە: بیست ئایەتەو زۆربەی موصحەفەکانی لەبەر دەستی ئێمەدان، ژمارەی بیستیان تەبەننیی کردوە.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە دابەزین و لە موصحەفدا:

لە بارەی ڕیزبەندیی لە دابەزینەوەدا ڕاجیایی هەیە، بەڵام ئەوەی بەڕاست دێتە بەر چاوی بەندە، ئەوەیە کە ئەم سوورەتە دوای سەرەتای سوورەتی (العلق) دابەزیبێ، واتە: دوای ئەم پێنج ئایەتە موبارەکە:

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ ﴿٣﴾ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾﴾العلق، ئەم پێنج ئایەتە یەکەمین ئایەتانێك بوون کە دابەزینە سەر دڵی موبارەکی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ، بەڵام سوورەتی (العلق) هەمووی بە دڵنیایی لەو سەرەتایەوە دانەبەزیوە، چونکە دوایی خوا پشتیوان بێ کە دەیگەیەنێ باسیدەکەین کە ئەوە ناگونجێ چونکە، ئایەتەکانی دوایی کە بەمجۆرەن: ﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَىٰ ﴿٩﴾

عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ ﴿١٠﴾ أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ ﴿١١﴾ أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ ﴿١٢﴾ أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١٣﴾ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴿١٤﴾ ﴾العلق، ئەمانە هەموویان لە سالانی دواتردا دابەزیون، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئیسلامی تۆزێك بلاوکردۆتەوەو نەیارو دوژمنی بۆ پەیدابوون، ئەو ئایەتانەش زۆربەی زانایان دەڵێن: لە بارەی ئەبوو جەهلەوە هاتوون، ئەگەرنا لەو سەرەتایەوە نە پێغەمبەری خوا ﷺ بانگەوازەکەی بەو شێوەیە ئاشکرا کردووەو تەشەنەی سەندووەو، نە دوژمنان و ناحەزانیشی دژایەتییان کردوە، ئنجا دوای ئەو پێنج ئایەتە موبارەکە، پێمەوایە سوورەتی (المزمل) دابەزیوە، کە پێغەمبەر ﷺ گەڕاوەتەوە ماڵ و فەرموویەتی: (زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي)، داممپۆشن، داممپۆشن، دوای ئەوەی لە ئەشکەوتی حیڕادا جیبریلی بینیوەو سێ جاران بەخۆیەوە گوشیوە - وەك دوایی دەقەکە دێنین - جیبریل ئەم پێنج ئایەتەی بۆ خوێندوونەوەو پێغەمبەریش ﷺ ترساوەو نارەحەت بووەو، مەترسیی هەبووە دەستی لێوەشێنرابێ و، ئەو کەسەی دیتوویەتی شەیتانێك بێ! کە گەڕاوەتەوە بە خەدیجەی خێزانی خوا لێی ڕازی بێ گوتوە: داممپۆشن، ئنجا دوای ئەوەی پشوویەکی داوە، جارێ هەر لە نێو نوێن و پێخەفەکەیدا بووە کە خوا فەرموویەتی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ﴾، ئەی ئەو کەسەی بە نوێن خۆت داپۆشیوە! پێخەفت لەخۆوەت پێچاوە، خۆت لە پێخەفەوە پێچاوە! ﴿قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا﴾، شەو نوێژ بکە جگە لە کەمێکی... ئەم ئایەتانە هەموویان تاکو ئایەتی ژمارە نۆزدە، دابەزیون، ئایەتی ژمارە بیستیش ساڵێك دوای ئەوە، یاخود ڕیوایەتەکەی دیکە دەڵێ: دە ساڵ دوای ئەوە دابەزیوەو، هەردووکیان گونجاون، بەلام گرنگ ئەوەیە ئەو سوورەتە هەمووی لە مەککە دابەزیوە، ئەو نۆزدە ئایەتە یەکەمین ئایەتانێك بوون لە دوای پێنج ئایەتەکەی سەرەتای سوورەتی (العلق) کە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزیون، ئنجا پێمەوایە لە دوای سوورەتی (المزمل)، ئنجا سوورەتی (**المدثر**)و، دوایی سوورەتی (القلم): ﴿نٓ وَٱلْقَلَمِ ...﴿١﴾﴾، دابەزیوە، وەك کاتی خۆشی باسمان کرد، ئەوە بە نسبەت ڕیزبەندییەوە لە دابەزین دا.

ڕیزبەندییشی لە موصحەفدا ژمارە حەفتاو سێ (٧٣)یە، لە سوورەتی (الفاتحة) ەوە کە دێین لە نۆرەی حەفتاو سێدا، ئەم سوورەتە موبارەکە هەیە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە خوای بە بەزەیی عزوجل، بە میهرەبانانە دواندنی پێغەمبەرەکەی ﷺ دەستی پێدەکات: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ﴾، کە ئەمە وەکە زانایان دەڵێن: بریتیە لە: (مُلاطَفَة)، واتە: میهرەبانانە دواندن، دوای ئەوە خوا فەرمانی پێدەکات کە شەو نوێژو شەو بێداریی بکات، ئەویش خوا ﷻ سێ حاڵەتانی بۆ دیاریی دەکات، بە سێ جۆر: أ- نیوەی زیاتری شەو شەونوێژ بکات، کە دەکات دوو لەسەر سێی، وەك لە ئایەتی (٢٠)دا ئەم نیوە زیاترە ڕوونکراوەتەوە، چونکە لە ئایەتی یەکەمدا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ۝١ قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا ۝٢﴾، شەوگارەکە هەمووی هەڵسەوە، جگە لە کەمێکی، کەواتە: لە نیوە زیاتری و تاکو دوو لەسەر سێی (٣/٢)، ئەو کاتەش ئەوەی لە دوو لەسەر سێیەکە دەمێنێتەوە، کەمێکی شەوگارە، ﴿نِّصْفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا﴾ ب- نیوەی شەو هەڵسە، ج-یاخود کەمێکیش لە نیوەکەی کەم بکەوە، واتە: یەك لەسەر سێی، مانای وایە دەکات سێ حاڵەت:

أ- یان لە نیوەی زیاتری شەو هەڵسە بۆ شەو نوێژ.

ب- یاخود نیوەی.

ج- یاخود لە نیوەی کەمتری.

دواییش فەرمانی پێدەکات کە قورئان بە چاکیی و بە ڕێکیی بخوێنێتەوەو هەواڵیشی پێ دەدات کە فەرمایشتێکی گرانی دادەبەزێنێتە سەرو، فەرمانیشی پێدەکات بە یادی خوا کردن و، خۆ بەلای خوادا دابرین و خۆ یەکلایی کردنەوە بۆ یادی خواو پەرستشی خواو، پشت بە خوا بەستن و، خۆڕاگریی جوان لە بەرانبەر قسەی بێبڕوایان دا، دواتر هەڕەشە کردن لە بێبڕوایان بە

سـزای سـەختی ڕۆژی دوایـی باسـکراوەو، ئاماژەیەکیـش بـە سـەرەنجامی زیانبارانـەی فیرعـەون کـراوەو، کـە خـوا مووسـای (عَلَيْـهِ الصَّـلاةُ وَالسَّـلام) بـۆ لا نـاردوە لەگـەڵ هـاڕوونی بـرای (عَلَيْـهِ السَّـلام)دا، بـەڵام ئـەو لاملیـی کـردوەو سـەرەنجام سـەری خـۆی و شـوێنکەوتووانی بـە فەتـارەت چـووە، دواتـر بـاسی سـەختیی ڕۆژی دوایـی کـراوە، بـە ئاخیـر زەمـان و قیامەتـەوە، هـەردوو قۆناغەکـەی و ئـەوەش هەمـووی بـە بیرخەرەوە (تَذكِـرَة) دانـراوە.

لـە ئایـەتی کۆتایـی ژمـارە (٢٠)دا، خـوای میهرەبـان حوکمـی فـەرز بـوونی شـەو بێداریـی (شـەونوێژی) لەسـەر پێغەمبـەرو ﷺ هـاوەڵانی خـوا لێیـان ڕازی بـێ سـووك کـردوە، کـە پێشـتر لـە حاڵـەتی ئاسـایی دا فـەرز بـووە، دوایـی لـە نیـوەو دوو لەسـەر سـێ و سـێیەکی شـەوگارەوە کـە تێیـدا شـەو بێداریـی بکـەن، خـوای میهرەبـان ﷻ لەسـەری سـووك کـردوون، هەروەهـا لـە حاڵـەتی نائاسـایی دا، حاڵـەتی نەخۆشـیی و، سـەفەرو بازرگانیـی، جەنـگ و جیهـاد، بـۆی سـووك کـردوون، بـە لابـردنی یەکجاریـی، مەگـەر کەسـێك خـۆی بیـەوێ، واتـە: کـە پێشـێ خـوا ﷻ لـە هەمـوو حاڵەتانـدا شـەونوێژی لەسـەر فـەرز کـردوون، دوایـی خـوا ﷻ لـە حاڵـەتی نائاسـایی دا فـەرزی شـەونوێژی لەسـەر لابـردوون، حاڵەتـە نائاسـاییەکەش سـێ شـتی لـێ بـاس کـردوون:

أ- حاڵەتی نەخۆشیی.

ب- حاڵەتی سەفەرو بازرگانیی و مامەڵە.

ج- حاڵەتی دەرچوون بۆ جەنگ و جیهاد.

ئنجـا دوایـی خـوای بـە بەزەیـی لـە کـۆی حاڵەتـەکانی دیکەشـدا، بـە ڕای زۆربـەی زانایـان لـە فـەرزەوە گۆڕیویـەتی بـۆ پەسـندیی، واتـە: لـە حاڵـەتی نائاسـایی دا هـەر لەسـەری لابـردوون، بـەڵام لـە حاڵـەتی ئاسـایی دا بـۆی گۆڕیـون لـە فـەرزەوە بـۆ سـوننەت، واتـە: هـەر کەسـێك بیـەوێ، بیـکات، مانـای وایـە حوکمەکـەی یەکجاریـی لانەچـووە، تاکـو وەك هەندێـك لـە زانایـان دەڵێـن: نەسـخی بەسـەردا هاتبـێ،

چونکـە حوکمەکـە هـەر لەجێـی خۆیـەتی، بـەڵام خـوا ﷻ کـە پێشـێ هـاوەڵان وای لـێ حاڵیـی بـوون، ئەگـەر نەخۆشـیش بـن و، لـە سـەفەریش بـن بـۆ بازرگانیـی و، لـە جەنـگ و جیهادیشـدا بـن، هـەر دەبـێ شـەو نوێـژ بکـەن، خـوای پـەروەردگار بـۆی ڕوونکردنـەوە کـە نەخێـر لـەو حاڵەتـە نائاسـاییانەدا لەسـەرتان واجـب نیـە، لـە حاڵـەتی دیکەشـدا خـوا ﷻ بـەڕای زۆربـەی زانایـان کردوویـەتی بـە شـتێکی پەسـندو، هەندێـك لـە زانایانیـش دەڵێـن: شـەونوێژ ئێسـتاش کـەم و زۆر هـەر فـەڕزە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

پێنج تایبەتمەندییم لەم سوورەتەدا کەوتوونە بەر چاو:

یەکەم: فەڕزکردنی شەو بێداریی لەسەر پێغەمبەرو ﷺ و دیارییکردنی ئەندازەکەی بە سێ جۆرو، دواتر سووککردنی ئەو حوکمە لە حاڵەتی ئاسایی داو، لابردنی پێویستبوون (وجوب)ی لە حاڵەتە نائاساییەکانداو، گواستنەوەی بۆ حاڵەتی پەسند (نَدب)، کە ئەمە لە ئایەتەکانی (١ و ٢ و ٣) و ئایەتی ژمارە (٢٠)دا، هاتوە.

دووەم: ناوبردنی قورئان بە: ﴿ قَوْلًا ثَقِيلًا ﴾، واتە: فەرمایشتێکی قورس، گران، ئەمیش لە ئایەتی ژمارە (٥)دا هاتوە.

سێیەم: فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بە خوێندنی قورئان، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و بەڕێ و جێ: ﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾، لە ئایەتی ژمارە (٤)دا، کە دوایی ئێمە کورتە باسێك لە بارەی چۆنیەتیی قورئان خوێندنەوەو، مامەڵە کردن لەگەڵ قورئاندا دەکەین.

چوارەم: وەسفکردنی ڕۆژی دوایی بە سەر سپییکەری منداڵان: ﴿ يَوْمًا يَجْعَلُ ٱلْوِلْدَٰنَ شِيبًا ﴾، لە ئایەتی ژمارە (١٧)دا، ئەو ڕۆژەی سەری منداڵان سپی دەکات، لە حەژمەتان و لە ترسان و لە سامناکییان.

پێنجەم: پێکەوە بەراوردکردنی بازرگانیی و کاسبیی کردن، لەگەڵ جەنگ و تێکۆشان لە پێناوی خوادا، تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا ئەوە هاتوە، لە ئایەتی ژمارە (٢٠)دا.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

ئێمە کۆی بیست ئایەتەکانی ئەم سوورەتە، دەکەینە یەك دەرس، چونکە وەك باسمان کرد هەر بیست ئایەتەکە لە بارەی یەك بابەتەوە دەدوێن، کە فەرمان پێکردنی پێغەمبەرە ﷺ بە زیاتر لە خوا نیزیك بوونەوە، بەهۆی شەونوێژو، یادی خواو، خۆ بەلای خوادا دابڕین و، خۆڕاگرییەوە، لە بەرانبەر قسەو قاڵی ناحەزانیدا، هاو کات باسی هەندێك بابەتی دیکەش هەن، کە کراون بە نێواخنی ئەو بابەتە سەرەکییە.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

کاتێك سەرنجی ئەو بیست (٢٠) ئایەتە موبارەکە دەدەین، دەبینین لە ئایەتەکانی: (١ - ١١)دا، خوا ﷻ دە (١٠) فەرمانان بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات.

دووەم: لە ئایەتەکانی: (١١ - ١٩)دا، خوا ﷻ چەند هەڕەشەیەکی سەخت لە بێبڕوایان دەکات و، پێنج بابەتیان لەگەڵدا تێکهەڵکێش و تێواخن دەکات.

سێیەم: لە ئایەتی ژمارە (٢٠)دا، یازدە حوکم و ڕاستیی گرنگ خراونە ڕوو.

ئنجا با سەرەتا سەرنجێکی گشتیی ئایەتەکان بدەین، بەر لەوەی ئایەتەکان بخوێنین و، دواتر مانای گشتیی و مەسەلە گرنگەکانیان بخەینە ڕوو.

خوا ﷻ دوای ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و بە میهرەبانانە دەیدوێنێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ﴾، ئەی ئەو کەسەی خۆت لە نوێنیوە پێچاوە! یان پێخەفت لەخۆتەوە پێچاوە! ئنجا فەرمانی پێدەکات بە شەونوێژ کردن، شەو هەڵسانەوەو شەو بێداریی، جگە لە کەمێکی، ئنجا ئەو کەمەش بە نیوەی تەفسیر دەکات، واتە: شەوەکە هەمووی بێداربە، جگە لە کەمێکی، کەمەکەش بریتیە: لە نیوەی، یاخود لە نیوەشی کەم بکەوەو لە نیوەشی زیاتر شەونوێژ بکە، یاخود لەو نیوەیەی پشووی تێدا دەدەی، زیاد بکە، واتە: کەمتر لەنیوەی شەونوێژ بکەو، قورئان بەڕێکیی بخوێنە.

ئایا لەبەرچی خوا ﷻ ئاوا فەرمانی پێدەکات؟ دەفەرموێ: ئێمە لەمەودوا قسەیەکی قورس و گرانت دادەبەزێنینە سەر، ئنجا حیکمەتی شەو نوێژی بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو نوێژەی لە شەودا دەکرێ، زۆر کاریگەریی زیاترەو بێژەکانیشی یانی: ئەو قسانەی دەکرێن و ئەو ئایەتانەی دەخوێنرێن، ڕێکترو ڕاستتر مرۆڤ بۆی دەگوترێن، چونکە دنیا کش و مات و بێ هەست و خوست و دەنگە.

دوایـی خـوا ﷻ حیکمەتێـکی دیکـەی شـەونوێژ دەخاتـە ڕوو و دەفەرمـوێ: تـۆ لـە ڕۆژێـدا بـواری هاتـن و چوونێـکی دوورو درێـژت هەیـە، کەواتـە: شـەوەکە تەرخـان بکـە بـۆ زیاتـر لـە خـوا نیزیـك بوونـەوە.

دوایـی فەرمـانی پێـدەکات بـە نـاوی پـەروەردگاری هێنـانی و، خـۆ بـەلای خـوادا دابڕینـی، ئنجـا خـوا ﷻ خـۆی وەسـف دەکات بـە پـەروەردگاری ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا، کـە جگـە لـەو هیـچ پەرستراوێك نیـە، بۆیـە دەبـێ ئـەی پێغەمبـەری خاتـەم! بـەس ئـەو بـە پشـتیوانی خـۆت بگـری.

ئنجا بـۆ هەڵسـوکەوت لەگـەڵ بێبڕوایەکانیشـدا، فەرمـانی پێـدەکات بـە خۆڕاگریـی لەسـەر ئـەوەی دەیڵێـن، کـە بەشـێوەیەکی جـوان دووریـان لـێ بـکات.

ئنجـا ئایـا ئەوانـە لـە بەرانبـەر کوفـرو ملهوڕیـی و خراپەکارییانـدا، وەك بـەرزەکی بانـان بـۆی دەردەچـن؟ نەخێـر، بۆیـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: لـە مـن و لـەو بـە درۆ دانەرانـە بگـەڕێ، بـە درۆ دانـەرە خۆشـگوزەرانەکان، کەمێـك مۆڵەتیـان بـدە، کەمەکـەش یـان هـەر لـە دنیـادا، کـە دوایـی جەنگـی بـەدرو جەنگـەکانی دیکـە هاتنـە پێـش و خـوا ﷻ سـزای دان ئـەو ملهوڕانـەی خەڵـك و جەماوەرەکەیـان چەواشـە کردبـوو، یاخـود مەبەسـت پێـی ڕۆژی دواییـە، ئنجـا خـوا ﷻ هەڕەشـە دەکات لـەو بەدرۆدانـەرە خۆشـگوزەرانانە لەسـەر حیسـابی خەڵـکی ڕەش و ڕووت، وەك عـادەتی هەمیشـەیی حوکمڕانـە خۆسـەپێن و خۆشـگوزەرانەکان، بـەوە هەڕەشـەیان لـێ دەکات، کـە ئێمـە لـە ڕۆژی دوایـی دا کـۆت و پێوەنـدو، ئاگـری بڵێسـەدارو، خواردنێکی گـەروو گیـرو، ئازارێـکی بـە ئێشـمان لـە لایـە، لـە ڕۆژی دوایـی دا ئـەوە چاوەڕێیـان دەکات لـە دۆزەخـدا، ئنجـا خـوا ﷻ ئاماژەیەکیـش دەکات بـە ئاخیـر زەمـان و، ئـەو ڕووداوانـەی لـە ئاخیـر زەمانـدا ڕوو دەدەن، ئەوانیـش لـە لەرزینـەوەی زەویـی و، هـەژانی چیایـەکان و، وەك لمێـکی زۆر وردی ئـارد ئاسـایی لێهاتنیانـدا دەخاتـەڕوو.

ئنجـا خـوا ﷻ یەکسـەر ئـاوڕ دەداتـەوە لـە بێبڕوایـەکان و ڕوویـان تێـدەکات دەفەرمـوێ: ئێمـە پێغەمبەرێکـمان ناردۆتـە لاتـان، شـایەدو چاودێـرە بەسـەرتانەوە،

هـەر وەك چـۆن كاتی خـۆشی پێغەمبـەرو ڕەوانەكراوێكـمان بـۆ لای فیرعـەون نـارد، بـەڵام فیرعـەون سـەرپێچیی كـرد لـە پێغەمبەرەكـە، كـە مووسـا و هـاڕوونی بـرای بوون (**عَلَيْهِـما السَّـلام**)، ئێمـەش بـە گرتنێـكی تونـدو بـە ئێـش و ئـازار گرتمـان و سـزاماندا.

ئنجـا دووبـارە دەیانهێنێتـەوە لای ڕۆژی دوایـی و، سـەرنجیان ڕادەكێشـێتەوە بۆ لای قیامـەت و دەفەرمـوێ: ئایـا ئەگـەر بێبـڕوا بـن، چـۆن لـەو ڕۆژەدا خۆتـان دەپارێـزن لـە سـزای خـوا، كـە سـەری منـداڵانی گچكـە سـپیی دەكات، منداڵـی شـیرە خـۆرە لـە حەژمەتـان، لـە ترسـان سـەری سـپیی دەبـێ و، لـەو ڕۆژەدا ئاسـمان شـەق و پـەق و بـەش بـەش و پارچـە پارچـە دەبـێ و، بەڵێنێـك كـە خـوا داویـەتی، ئەنجامـدراو دەبـێ، دوایـی خـوا ئەمـە بـە بیرخـەرەوەو ئامۆژگاریـی نـاو دەبـات و، دەفەرمـوێ: هـەر كەسـێك بیـەوێ، بـەرەو پـەروەردگاری ڕێ دەگرێتـە بـەر.

لـە كۆتایـی ئـەم سـووڕەتەدا خـوا ﷻ ئـەو حوكمـەی پێشـێ بـۆ پێغەمبەرەكـەی ﷺو هـاوەڵانی بەڕێـزی دایـنا، كـە بریتـی بـوو لـە پێویسـت بـوونی شـەو بێداریـی، خـوا ﷻ وەك مۆڵەتێـك و سـووككردنێك دەفەرمـوێ: پـەروەردگارت دەزانـێ كـە تـۆو كۆمەڵێـك لـە بـڕواداران كـە لەگەڵتـدان، كەمـتر لـە دوو سـێیەكی شـەوو نیـوەی شـەوو سـێیەكی شـەو، هەڵدەسـتن شـەو بێداریـی دەكـەن، هـەر خـواش ئەندازەگیریـی شـەوو ڕۆژان دەكات و، زانیویـەتی كـە ئێـوە بۆتـان سـەرژمێر ناكـرێ، ئـەو كاتیـش وەك ئێسـتا سـەعات و ئامێـری كۆنتڕۆڵكـردنی كات نەبـوون، سـەعات ئەوەنـدە هەڵبسـتن، بەڵكـو بـە مەزەنـدەی خۆیـان تەماشـای خـۆرو مانـگ و ئەسـتێرانیان كـردوەو، جـاری واش بـووە هـەورو بـاران بـووەو ئاسـمانیش دیـار نەبـووە، هـەر بـە مەزەنـدە دایاننـاوە، بۆیـە دەفەرمـوێ: ئێسـتا خـوا ﷻ گەڕایـەوە سـەرتان بـە بەزەیـی، ئنجـا ئەوەنـدەی بۆتـان ئاسـان دەبـێ لـە قورئـان بیخوێنـن، واتـە: لـە شـەو نوێـژدا، هەروەهـا خـوا زانی كـە ئێـوە خەڵكتـان لـێ نەخـۆش دەبـێ، نەخۆشـتان دەبـن و، كەسـانێكی دیكـە بـە زەویـدا دێـن و دەچـن بـۆ بازرگانیـی و مامەڵـەو، كەسـانێكی دیكـە جەنـگ لـە پێنـاوی خـوادا دەكـەن، - ئەمـە یەكێكـە لـە هەواڵـە ئیعجازییـەكانی قورئـان بـۆ

داهاتوو - بۆیە ئەوەندەی بۆتان ئاسان دەبێ لێی بخوێنن، لە قورئان، یانی: لە شەونوێژداو، نوێژ بکەن و زەکات بدەن و، قەرزی باش لە خزمەت خوادا بکەن و، ئەوەی پێشیدەخەن بۆ خۆتان، ئا ئەوە باشترەو پاداشتی مەزنترە، داوای لێبوردنیش لە خوا بکەن، بە دڵنیایی خوا لێبووردەی بە بەزەییە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ﴿١﴾ قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٢﴾ نِّصْفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا ﴿٣﴾ أَوْ زِدْ عَلَيْهِ
وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴿٤﴾ إِنَّا سَنُلْقِى عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا ﴿٥﴾ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيْلِ هِىَ أَشَدُّ وَطْـًٔا وَأَقْوَمُ
قِيلًا ﴿٦﴾ إِنَّ لَكَ فِى ٱلنَّهَارِ سَبْحًا طَوِيلًا ﴿٧﴾ وَٱذْكُرِ ٱسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا ﴿٨﴾ رَّبُّ
ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذْهُ وَكِيلًا ﴿٩﴾ وَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهْجُرْهُمْ هَجْرًا
جَمِيلًا ﴿١٠﴾ وَذَرْنِى وَٱلْمُكَذِّبِينَ أُو۟لِى ٱلنَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلًا ﴿١١﴾ إِنَّ لَدَيْنَآ أَنكَالًا وَجَحِيمًا ﴿١٢﴾
وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣﴾ يَوْمَ تَرْجُفُ ٱلْأَرْضُ وَٱلْجِبَالُ وَكَانَتِ ٱلْجِبَالُ كَثِيبًا مَّهِيلًا ﴿١٤﴾
إِنَّآ أَرْسَلْنَآ إِلَيْكُمْ رَسُولًا شَٰهِدًا عَلَيْكُمْ كَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ رَسُولًا ﴿١٥﴾ فَعَصَىٰ فِرْعَوْنُ
ٱلرَّسُولَ فَأَخَذْنَٰهُ أَخْذًا وَبِيلًا ﴿١٦﴾ فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ ٱلْوِلْدَٰنَ شِيبًا ﴿١٧﴾
ٱلسَّمَآءُ مُنفَطِرٌۢ بِهِۦ ۚ كَانَ وَعْدُهُۥ مَفْعُولًا ﴿١٨﴾ إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذْكِرَةٌ ۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ
رَبِّهِۦ سَبِيلًا ﴿١٩﴾ ۞ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَىِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٌ مِّنَ
ٱلَّذِينَ مَعَكَ ۚ وَٱللَّهُ يُقَدِّرُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ۚ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنَ
ٱلْقُرْءَانِ ۚ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ ۙ وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِى ٱلْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ۙ
وَءَاخَرُونَ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ ۚ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَقْرِضُوا۟
ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ۚ وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا ۚ وَٱسْتَغْفِرُوا۟ ٱللَّهَ ۖ
إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌۢ ﴿٢٠﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، ئـەی خـۆ لـە پێخەفـەوە پێـچ! (١) شـەوگار هەڵسـە (بـۆ شـەونوێژ) جگـە لـە کەمێـکی (٢) نیـوەی (شـەو بخـەوە)، یـان هەندێـکی لـێ کـەم بکـەوە (و کەمـتر لـە نیـوەی شـەو بخـەوە) (٣) یـان لێـی زیـاد بکـە (زیاتـر لـە نیـوەی شـەو بخـەوە)و قورئانیـش بـە ڕێـك و پێکیـی (و تێوەڕامانەوە) بخوێنـەوە (٤) (چونکـە) ئێمـە لەمـەودوا قسـە (و ئەرك)ێـکی قورسـت دەخەینـە سـەر (شـان) (٥) بـە دڵنیایـی (خواپەرسـتیی) پێگەیشـتووی شـەوگار (لەسـەر دڵ) کاریگەرتـرو، بێژرانەکـەی تێـرو تەواوتـرە (٦) بێگومـان (ئـەی پێغەمبـەر!) لـە ڕۆژێـدا (بـواری) هاتـن و چـوون (و جـم و جۆڵێـکی زۆرو) دوورو درێـژت هەیـە (٧) نـاوی پەروەردگاریشـت بێنـەو، بـە یەکلایـی بوونـەوە خـۆتی بـەلادا دابڕە (٨) پـەروەردگاری ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوایـە، جگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێك (ی شایسـتەی پەرسـتران) نیـەو، تەنیـا ئـەو بـەکار پـێ سـپێردراو بگـرە (٩) لـە بەرانبـەر ئەوەشـدا کـە (بێبڕوایـان) دەیڵێـن، خـۆت ڕابگـرەو بـە واز لێهێنانێـکی جـوان وازیـان لێبێنـەو دووریـان لێبگـرە (١٠) لـە مـن و لـە بـە درۆ دانـەرە خـاوەن نـازو نیعمەتـە (خۆشـگوزەرانە)کان گـەڕێ و، کەمێـك مۆڵەتیـان بـدە (١١) بـە دڵنیایـی ئێمـە (لـە ڕۆژی دوایـی دا) کـۆت و زنجیـرەکان و، کڵپـە (ی ئاگر)مـان لـە لایـە (١٢) هەروەهـا خۆراکێـکی گـەروو گـرو ئازارێـکی بـە ئێـش (١٣) (ئـەوەش) لـە ڕۆژێکـدا کـە زەویـی و چیایـەکان دەهەژێـن (و دەلەرزنـەوە) چیایـەکان (هێنـدە وردو خـاش دەبـن) دەبنـە لمـی وردی هەڵـڕژاو (١٤) (ئـەی بێبڕوایـەکان!) ئێمـە نێردراوێکـمان بـۆ لاتـان ناردوە بەسـەرتانەوە چاودێـرە، وەك چـۆن نێردراوێکـمان نـاردە لای فیرعـەون (١٥) ئنجـا فیرعـەون سـەرپێچیی لـە پێغەمبەرەکـە (مووسـا) کـرد، ئێمـەش بـە گرتنێـکی قـورس گرتمـان (سـزایەکی سـەختمان دا) (١٦) (ئـەی بێبڕوایـەکان!) ئەگـەر بێبـڕوا بـوون چـۆن خۆتـان لـە سـزای ڕۆژێـك

دەپارێزن، کە منداڵان پیرو سەر سپیی دەکات ﴿١٧﴾ ئاسمان بەهۆیەوە شەق و پەق دەبێ، بەڵێنی وی (گفتی خوا) جێبەجێ کراوە ﴿١٨﴾ بەڕاستیی ئەمە بیرخەرەوەیە، ئنجا هەر کەس ویستی بەرەو پەروەردگاری ڕێی گرتەبەر ﴿١٩﴾ بێگومان پەروەردگارت دەزانێ کە تۆ (ئەی موحەممەد!) و کۆمەڵێك لەوانەی لەگەڵتن، کەمتر لە دوو سێیەکی شەوگارو، نیوەی و، سێیەکی هەڵدەستن بۆ شەونوێژ خواش ئەندازەگیریی شەوو ڕۆژ دەکات، دەزانێ کە مسۆگەر کاتەکەتان بۆ سەرژمێر ناکرێ، بۆیە بە چاوپۆشیی گەڕایەوە سەرتان، ئنجا ئێستا ئەوەندەی بۆتان سێنایە لە قورئان، لە شەونوێژدا بیخوێنن، خوا ﷻ زانیی لە مەودوا نەخۆشتان دەبن و، کەسانی دیکە بە زەویدا دەڕۆن بۆ بازرگانیی لە بەخششی خوا دەخوازن و، کەسانی دیکەش لە ڕێی خوادا دەجەنگن (و شەونوێژتان بۆ ناکرێ)، ئنجا ئەوەندەی بۆتان ئاسانە لێی بخوێنن (لە قورئان لە شەونوێژدا) و نوێژ بەرپا بکەن و، زەکات بدەن و، بە قەرزدانی باش قەرز بە خوا بدەن و، هەرچییەکیش لە چاکە بۆ خۆتانی پێشبخەن، لە لای خوا بە باشترو پاداشتی مەزنتر دەیبیننەوەو، داوای لێبوردنیش لە خوا بکەن، بێگومان خوا لێبوردەی بە بەزەییە ﴿٢٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلۡمُزَّمِّلُ): (زَمَّلَهُ: أخْفَاهُ، زَمَّلَهُ بِثَوبِهِ وَفِي ثَوبِهِ: لَفَّهُ، وَازَّمَّلَ وَتَزَمَّلَ: تَلَفَّفَ وَتَغَطَّى، وَهُوَ مُزَمِّلٌ أي مُتَلَفِّفٌ)، (زَمَّلَهُ)، واتە: پەنهانی کرد، (زَمَّلَهُ بِثَوبِهِ وَفِي ثَوبِهِ)، واتە: لە پۆشاکەکەیەوە پێچا، هەروەها (إزَّمَّلَ) و (تَزَمَّلَ) هەردووکیان یانی: خۆی تێوەپێچا، خۆی پێ داپۆشی، (وَهُوَ مُزَمِّلٌ أي مُتَلَفِّفٌ)، واتە: خۆی لە نوێنەوە پێچاوە، یان نوێنەکەی لە خۆی وەرگرتوە، دەشگونجێ مەبەست پۆشاك بێ، بەڵام زیاتر بۆ پێخەف و نوێن بەکاردێ.

(تَرۡتِيلًا): (رَتِلَ، يَرتَلُ، رَتَلاً أي: اسْتَوَى وَانتَظَمَ، وَحَسُنَ تَألِيفُهُ، وَرَتِلَ الثَّغرُ أَوِ الأَسنَانُ: انتظم، وَرَتَّلَ الكَلامَ أي: جَوَّدَ تِلاوَتَهُ)، (رَتِلَ، يَرتَلُ، رَتَلاً)، واتە: ڕێك بوو، ڕێك و پێك بوو، پێکهاتەکەی چاك بوو، دەگوترێ: (رَتِلَ الثَّغرُ أَوِ الأَسنَانُ)، واتە: دەم و ددانەکە زارو ددانەکە ڕێك و پێك بوو، (وَرَتَّلَ الكَلامَ) واتە: قسەکەی چاك کرد، جوانی کرد، بە ڕەوانیی و ڕێك و پێکیی کردی.

(نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ): (نَاشِئَةَ اللَّيل)، واتە: پێگەیشتووی شەو، (ما تَنْشَأُ فِي اللَّيل)، ئەوەی لە شەودا پێدەگات، (الإستِيقَاظ مِنَ النَّومِ وَالقِيَامُ لِلصَّلاَة)، هەڵسان و بێداربوونەوە لە خەوو هەڵسان بۆ نوێژ، بەڵام وەك دوایی باسی دەکەین، هەندێکیش (نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ)یان بە کاتەکانی شەو داناوە، هەندێکیش بەو کەسەی کە لە شەودا بێدار دەبێتەوەو هەڵدەستێ بۆ خواپەرستیی، هەندێکیش (نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ) یان ئاوا لێکداوەتەوە: (القِيامُ والإنتِصابُ لِلصَّلاة)، هەڵسان و ڕاوەستان بۆ نوێژ.

(وَطۡـٔٗا): (وَطِئَتُهُ بِرجلِي أَطَؤهُ، وَالمُواطَئَةُ: المُوافَقَةُ وَوَطِئَهُ: دَاسَهُ)، واتە: بەلاقم پێم لێنا، پێی لێ دەنێم، شێلام، (مُواطَئَةُ) بە مانای (موافقة) دێ، واتە: لەگەڵدا پێکەڵپێك بوون، ڕێکبوون، دەگوترێ: (وَطِئَهُ أي داسَهُ)، واتە: پێی لێنا.

(سَبۡحًا): (السَّبحُ: الـمَرُّ السَّرِيـعُ فِي المَـاءِ أَوِ الهَـواء)، (سَـبح): ڕۆیشـتنی خێرایـە لـە نێـو ئـاودا، (مەلەوانیـی)، یاخـود لـە نێـو هـەوادا (فڕیـن)، وەك دوایـی بـاس دەکەیـن (سَـبخاً)یش خوێندراوەتـەوە، (سَـبخاً: السَّـبخُ: السَّـعَةُ فِي التَّـصَرُّف)، فراوانیـی لـە هەڵـس و کـەوت دا.

(وَتَبَتَّلۡ): (تَبَتَّـل: أَي انقَطِـعْ فِي العِبـادَةِ وَالإخْـلاَصِ انقِطاعـاً يَختَصُّ بِهِ)، لە خواپەرسـتیی و لـە خـۆ سـاغکردنەوە بـۆ خـوادا خـۆت دابـڕە، خـۆ دابڕینێـك تایبـەت بـێ بـەو خـۆ سـاغکردنەوەوە، (البَتُـول: المُنقَطِعَـةُ عَـنِ النِّـكَاح)، (بَتُـول): سـیفەتی ئافرەتێکـە کـە خـۆی دابڕیـوەو دوور گرتـوە لـە هاوسـەرگیریی.

(هَجۡرًا جَمِيلًا): (الهَجـرُ وَالهِجْـرَانُ: مُفارَقَـةُ الإنْسَـانِ غَـيرَهُ بِالقَلـبِ وَاللِّسـانِ)، (هَجـرٌ) و (هِجـران)، هەردووکیـان چاوگـن، یـانی: دووریـی گرتنـی ئینسـان و لێجیابوونـەوەی لـە جگـە لـە خـۆی بـە دڵ یاخـود بـە زمـان.

(أُوْلِي ٱلنَّعۡمَةِ): (أُولِي: يَعنِـى أَصْحَـاب، النَّعْمَـة، يَعنـى: التَّنَعُّـم)، واتـە: خاوەنـانی نـازو نیعمـەت، خۆشـگوزەرانیی.

(وَمَهِّلۡهُمۡ): (المَهـلُ: التُّؤَـدَةُ وَالسُّـكُونُ)، (مَهـل): بریتیـە لـە بـە کاوەخۆیـی و ئارامیـی، کەواتـە: (مَهِّلهُـم) واتـە: مۆڵەتیـان بـدە، لێیـان بگـەڕێ، (مَهِّلْتُـهُ: قُلْـتُ لَـهُ مَهْـلاً، أَمهَلْتـهُ: رَفَقْـتُ بِـهِ)، (مَهَّلتُـهُ) واتـە: پێمگـوت (مَهـلاً) واتـە: ڕاوەسـتێ، یـان لەسـەرەخۆبە، (وَأَمهَلتُـهُ) واتـە: لەگەڵیـدا میهرەبـان و نـەرم بـووم.

(وَذَرۡنِي): (ذَرنِي: أَي دَعنِي وَاترُكنِي)، لێمگەڕێ و وازم لێبینە.

(أَنكَالًا): (أَنـكَال: جَمـعُ نِـكل، وَهُـوَ قَيـدُ الدَّابَّـةِ وَحَدِيـدَةُ اللِّجـام، لِكَونِهِـما مانِعَـين)، (أَنـكَال) کـۆی (نِـكل)ە، (نِـكل) بریتیـە لـە زنجیرێـك، یـان کۆتێـك کـە وڵاخـی پـێ دەبەسـترێ، هەروەهـا لغاوێـک کـە لـە زاری ئـاژەڵ، (بـە تایبـەت ئەسـپ و مایـن) دەکـرێ، تاکـو لـەوەڕ نەخـوات، بۆیـە زنجیـرو کۆتێـك کـە لەپێـی ئـاژەڵ دەکـرێ،

هەروەها لغاوێك كە لە زاری دەكرێ، پێیان گوتراوە: (نِكْل)، لەبەر ئەوەی هەردووكیان ڕێگرن، یەكیان ڕێگرە لەوەی ئاژەڵەكە بجووڵێ، ئەوی دیكە ڕێگرە لەوەی لەوەڕ بخوات.

(ذَا غُصَّةٍ): واتە: خاوەن (غُصّة)، (غُصّة: الشَّجَاتُ[1] الَّتي يُغَصُّ بِهَا الحَلْقُ)، (غُصّة): بریتیە لەوەی لە قوڕگ دەگیرێ و ناچێتە خوار، (ذَا غُصَّةٍ): واتە: خواردنێكی گەرووگیر، كە بە قوڕگدا ڕۆ ناچێ.

(تَرْجُفُ): (الرَّجْفُ: الإضْطِرابُ الشَّدِيد)، (رَجْف): بریتیە لە جووڵاندنەوەیەكی توند، بە كوردیی: هەژان و لەرزینی بۆ بەكاردێن.

(كَثِيبًا مَّهِيلًا): (رَمْلاً مُتَرَاكِمَاً، جَمْعُهُ أَكْثِبَة وَكُثُب وَكُثْبان)، (كَثِيبًا مَّهِيلًا)، بە لمێكی كەڵەكە بوو لەسەر یەك دەگوترێ، (كَثِيب) بە (أَكْثِبَة) و (كُثُب) و (كُثْبان) بە هەر سێكیان كۆ دەكرێتەوە، واتە: كۆمەڵە لم، (مَهِيل) واتە: هەڵڕژاو، یانی: لمێكە ئەگەر دەستی بدەیە، هێندە وردە لە نێوان پەنجەكانتدا هەڵدەڕژێ.

(وَبِيلًا): (طَعامٌ وَبِيل، وَكَلأٌ وَبِيل: يُخافُ وَبالُهُ مِنَ الوَبْلِ وَالوابِلِ، وَهُوَ المَطَرُ الثَّقِيلُ القِطَار)، دەگوترێ: خواردنێكی (وَبِيل) و لەوەڕێكی (وَبِيل)، واتە: مەترسیی لە سەرەنجامەكەی دەكرێ، (وَبِيل)، لە (وَبال) و (وَبْل)ەوە هاتوە، هەروەها لە (وابِل)ەوە، (وَبْل)و (وَبال)، هەردووكیان بە مانای بارانی دڵۆپە قورس، دێن.

(شِيبًا): (شَابَ يَشِيبُ شَيْباً وَشَيْبَةً: ابيَضَّ شَعرُهُ، شَابَ الرَّأسُ وَشَابَ الشَّعرُ، وَالشَّيْبُ بَياضُ الشَّعرِ، وَالشَّيبُ جَمْعُهُ أَشْيَب): (شَابَ يَشِيبُ شَيباً وَشَيْبَةً) واتە: سپیی بوو، یان پیر بوو، پیر دەبێ، پیر بوون، (إبيَضَّ شَعرُهُ)، مووەكانی سپیی بوون، (شَابَ الرَّأسُ وَشَابَ الشَّعرُ)، واتە: سەری سپیی بوو، مووەكانی سپیی بوون، (الشَّيبُ بَياضُ الشَّعرِ)، (شیب) چاوگەو بریتیە لە مووی سپیی، یان سەری

---

(١) ما اعترض ونشب في الحلق من عظم ونحوه، المعجم الوسيط، ص٤٧٤.

سپیی، کـۆی (شـیب) (أشـیَب)ە، (شَـیب) و (شَـیبَة) هەردووکیـان چاوگـن، (شِـیب) کۆیـە، کـۆی (أشـیَب)ە، (أشیَب) واتـە: کەسێك کـە سـەری سـپیی بـووە، کۆیەکـەی (شِـیب)ە، کەواتـە: ﴿ يَوۡمٗا يَجۡعَلُ ٱلۡوِلۡدَٰنَ شِيبًا ﴾، (وِلـدان) کۆیـەو (شـیب)یش کۆیـە، واتـە: ڕۆژێکـە منـداڵان پیـر دەکات، سـەریان سـپیی دەکات.

(مُنفَطِرُۢ بِهِۦ): (فَطَـرَ یَفْطُـرُ فَطـراً: شَـقَّ اللَّحـمَ، أو شَـقَّ الشَّـيَّ)، واتـە: گۆشـتەکەی بـڕی، دەیبـڕی، بڕیـن، یـان شـتەکەی قڵیشـاند، بـڕی، (انفَطَـرَ: أي انشَـقَّ)، (انفَطَـرَ) کـە (مُطـاوِع)ی (فَطَرَ)یـە، (فَطَـرَهُ یَفطُـرُهُ فَانفَطَـرَ)، واتـە: پچڕانـدی، یـان قڵیشـاندی لـەتی کـرد، ئەویـش لـەت بـوو.

(تَقُومُ أَدۡنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ)، (قَـامَ بِاللَّیـلِ أي: صَـلَّى بِاللَّیـل)، شـەوێ هەڵسـایەوە، شـەو نوێـژی کـرد واتـە: کەمـتر لـە دوو سـێیەکی شـەو هەڵدەسـتی (بـۆ شـەونوێژ).

(لَّن تُحۡصُوهُ): بۆتـان سـەرژمێر ناکـرێ، (الإحْصَـاءُ: التَّحصِیـلُ بِالعَدَد)، (إحصـاء) ئەوەیە ژمارەکـەی بزانـرێ، سـەرژمێر، (وَذَلِـكَ مِـن لَفـظِ الحَصَى)، ئەویـش لـە بێـژەی (حصى) وەیـە، کاتێ خـۆی شـتیان بـە دەنکـە چـەوان ژمـاردوە، بـە وردە بـەردان، کـە (حَصَى) ی پـێ دەڵێـن، وشـەی (إحْصَـاء)، لـەوەوە هاتـوە، واتـە: (العَـدُّ بِالحَصَى)، ژمـاردن بـە دەنکـە چـەو یـان وردە بـەرد.

(يَبۡتَغُونَ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ): لـە بەخشـشی خـوا دەخوازنـن، (الإبْتِغَـاءُ: الإجتِهَـادُ فِي الطَّلَـب)، (إبتِغَـاء) لەسـەر کێـشی (إفتِعـال)ە، واتـە: تێکۆشـان لـە داوا کردنـدا لـە هەوڵدانـدا بـۆ بژیـو، کـە خـوا نـاوی لێنـاوە بەخشـشی خـوا.

(وَأَقۡرِضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا): واتـە: قـەرزی بـاش بـە خـوا بـدەن، (القَـرْضُ: ضَرْبٌ مِـنَ القَطْـعِ)، (قَـرض): جۆرێکـە لـە بڕیـن، (مِقـرَاض): بۆیـە وای پێدەگوتـرێ، نینـۆك بـڕ لەبـەر ئـەوەی نینـۆکی پـێ دەبـڕدرێ یـان شـتی پـێ دەبـڕدرێ، (وَسُـمِّيَ مـا يُدْفَـعُ إلَى الإنْسَـانِ بِـشَرْطِ رَدِّ بَدَلِـهِ: قَرْضَـاً)، ئـەو ماڵـەی دەدرێ بـە کەسـێك بـە مەرجـی ئـەوەی دوایـی هاوتایەکـەی بگێڕدرێتـەوە، پێـی دەگوتـرێ: قـەرز.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

لە بارەی هاتنە خواری کۆی ئەم سوورەتە موبارەکە، هەر لە سەرەتاوە تاکو ئایەتەکانی دوایی و ئایەتی بیستەم و کۆتایی، ئێمە لەو بارەوە چەند دەقێك دێنین:

١- {عَن عَائِشَة رضي الله عنها، قَالَتْ: لمَا نَزَلَتْ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ۝١ قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا ۝٢﴾ قَامُوا سَنَةً، حَتَّى وَرَمَت أَقْدَامُهُم، فَأُنْزِلَت: ﴿فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ﴾} (أخرجه الحاكم في المستدرك: ج٢، ص٥٠٤، وقال: هذا حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه، وضعفه الذهبي، الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٤٢٨).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: کاتێك ئەم ئایەتانە دابەزین (بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ): ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ۝١ قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا ۝٢﴾، ماوەی ساڵێك شەو نوێژیان کرد هەتا پێیەکانیان ئاوسان (زۆر ماندوو بوون)، دوایی ئایەتی کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکە دابەزی، {وەك پێشتریش باسمان کرد، لە پێناسەکردنی ئەم سوورەتە موبارەکەدا}.

٢- هەر لەو بارەوە ئەم دەقەش دێنین کە تا ڕاددەیەك درێژە، بەڵام وێڕای ئەوەی تیشکمان بۆ دەخاتە سەر چەمك و واتای ئەو ئایەتە موبارەکانە، هەندێك شتی دیکەشی تێدان، زانینیان پێویستە:

{عَن قَتَادَة، عَنْ زُرَارَة، أَنَّ سَعْدَ بنَ هِشَامِ بنِ عَامِرٍ أَرَادَ أَنْ يَغْزُوَ فِي سَبيلِ اللهِ، فَقَدِمَ المَدِينَةَ، فَأَرَادَ أَنْ يَبِيعَ عَقَارًا لَهُ بهَا، فَيَجْعَلَهُ فِي السِّلَاحِ وَالْكُرَاعِ، وَيُجَاهِدَ الرُّومَ حتَّى يَمُوتَ، فَلَمَّا قَدِمَ المَدِينَةَ لَقِيَ أُنَاسًا مِن أَهْلِ المَدِينَةِ، فَنَهَوْهُ عن ذلكَ، وَأَخْبَرُوهُ أَنَّ رَهْطًا سِتَّةً أَرَادُوا ذَلِكَ فِي حَيَاةِ نَبِيِّ اللهِ ﷺ، فَنَهَاهُمْ نَبِيُّ اللهِ ﷺ، وَقَالَ: أَلَيْسَ لَكُمْ فِيَّ أُسْوَةٌ؟! فَلَمَّا حَدَّثُوهُ بذَلِكَ رَاجَعَ امْرَأَتَهُ، وَقَدْ كَانَ طَلَّقَهَا وَأَشْهَدَ عَلَى رَجْعَتِهَا،

فَأَتَى ابْنَ عَبَّاسٍ، فَسَأَلَهُ عن وِتْرِ رَسُولِ اللهِ ﷺ، فَقالَ ابنُ عَبَّاسٍ: أَلَا أَدُلُّكَ على أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ بوِتْرِ رَسُولِ اللهِ ﷺ؟ قالَ: مَنْ؟ قالَ: عَائِشَةُ، فَأْتِهَا، فَاسْأَلْهَا، ثُمَّ ائْتِنِي فَأَخْبِرْنِي بِرَدِّهَا عَلَيْكَ، قال: فَانْطَلَقْتُ إِلَيْهَا، فَأَتَيْتُ عَلَى حَكِيمِ بنِ أَفْلَحَ، فَاسْتَلْحَقْتُهُ إِلَيْهَا، فَقالَ: ما أَنَا بقَارِبِهَا؛ لأَنِّي نَهَيْتُهَا أَنْ تَقُولَ فِي هَاتَيْنِ الشِّيعَتَيْنِ شيئًا، فأَبَتْ فِيهِما إِلَّا مُضِيًّا، قالَ: فَأَقْسَمْتُ عَلَيْهِ، فَجَاءَ، فَانْطَلَقْنَا إِلى عَائِشَةَ، فَاسْتَأْذَنَّا عَلَيْهَا، فأذِنَتْ لَنَا، فَدَخَلْنَا عَلَيْهَا، فَقالَتْ: أَحَكِيمٌ؟ فَعَرَفَتْهُ، فَقالَ: نَعَمْ، فقالَتْ: مَنْ مَعَكَ؟ قالَ: سَعْدُ بنُ هِشَامٍ، قالَتْ: مَن هِشَامٌ؟ قالَ: ابنُ عَامِرٍ، فَتَرَحَّمَتْ عليه، وَقالَتْ خَيْرًا «قالَ قَتَادَةُ: وَكَانَ أُصِيبَ يَومَ أُحُدٍ»، فَقُلْتُ: يا أُمَّ المُؤْمِنِينَ! أَنْبِئِينِي عن خُلُقِ رَسولِ اللهِ ﷺ، قالَتْ: أَلَسْتَ تَقْرَأُ القُرْآنَ؟ قُلتُ: بَلَى، قالَتْ: فَإِنَّ خُلُقَ نَبِيِّ اللهِ ﷺ كَانَ القُرْآنَ. قَالَ: فَهَمَمْتُ أَنْ أَقُومَ وَلَا أَسْأَلَ أَحَدًا عَنْ شَيءٍ حتَّى أَمُوتَ، ثُمَّ بَدَا لِي، فَقُلتُ: أَنْبِئِينِي عن قِيَامِ رَسولِ اللهِ ﷺ، فَقَالَتْ: أَلَسْتَ تَقْرَأُ {يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ}؟ قُلتُ: بَلَى، قالَتْ: فإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ افْتَرَضَ قِيَامَ اللَّيْلِ فِي أَوَّلِ هَذِه السُّورَةِ، فَقَامَ نَبِيُّ اللهِ ﷺ وَأَصْحَابُهُ حَوْلًا، وَأَمْسَكَ اللَّهُ خَاتِمَتَهَا اثْنَيْ عَشَرَ شَهْرًا في السَّمَاءِ، حتَّى أَنْزَلَ اللَّهُ فِي آخِرِ هَذِهِ السُّورَةِ التَّخْفِيفَ، فَصَارَ قِيَامُ اللَّيْلِ تَطَوُّعًا بَعْدَ فَرِيضَةٍ، قَالَ: قُلْتُ: يا أُمَّ المُؤْمِنِينَ، أَنْبِئِينِي عَنْ وِتْرِ رَسولِ اللهِ ﷺ، فقالَتْ: كُنَّا نُعِدُّ لَهُ سِوَاكَهُ وَطَهُورَهُ، فَيَبْعَثُهُ اللَّهُ مَا شَاءَ أَنْ يَبْعَثَهُ مِنَ اللَّيْلِ، فَيَتَسَوَّكُ، وَيَتَوَضَّأُ، وَيُصَلِّي تِسْعَ رَكَعَاتٍ لاَ يَجْلِسُ فِيهَا إِلَّا فِي الثَّامِنَةِ، فَيَذْكُرُ اللَّهَ وَيَحْمَدُهُ وَيَدْعُوهُ، ثُمَّ يَنْهَضُ وَلَا يُسَلِّمُ، ثُمَّ يَقُومُ فيُصَلِّي التَّاسِعَةَ، ثُمَّ يَقْعُدُ فَيَذْكُرُ اللَّهَ وَيَحْمَدُهُ وَيَدْعُوهُ، ثُمَّ يُسَلِّمُ تَسْلِيمًا يُسْمِعُنَا، ثُمَّ يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ بَعْدَ مَا يُسَلِّمُ وَهو قَاعِدٌ، فَتِلْكَ إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً يا بُنَيَّ، فَلَمَّا أَسَنَّ نَبِيُّ اللهِ ﷺ، وَأَخَذَهُ اللَّحْمُ، أَوْتَرَ بِسَبْعٍ، وَصَنَعَ فِي الرَّكْعَتَيْنِ مِثْلَ صَنِيعِهِ الأَوَّلِ، فَتِلْكَ تِسْعٌ يَا بُنَيَّ، وَكانَ نَبِيُّ اللهِ ﷺ إِذَا صَلَّى صَلَاةً أَحَبَّ أَنْ يُدَاوِمَ عَلَيْهَا، وَكانَ إِذَا غَلَبَهُ نَوْمٌ، أَوْ وَجَعٌ عن قِيَامِ اللَّيْلِ، صَلَّى مِنَ النَّهَارِ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً، وَلَا أَعْلَمُ نَبِيَّ اللهِ ﷺ قَرَأَ القُرْآنَ كُلَّهُ فِي لَيْلَةٍ، وَلَا صَلَّى لَيْلَةً إِلى الصُّبْحِ، وَلَا صَامَ شَهْرًا كَامِلًا غيرَ رَمَضَانَ. قالَ: فَانْطَلَقْتُ إِلى ابْنِ عَبَّاسٍ فَحَدَّثْتُهُ بحَدِيثِهَا، فَقالَ: صَدَقَتْ، لو كُنْتُ أَقْرَبُهَا، أَوْ أَدْخُلُ

عَلَيْهَا لأَتَيْتُهَا حتَّى تُشَافِهَنِي بِهِ، قَالَ: قُلْتُ: لَوْ عَلِمْتُ أنَّكَ لا تَدْخُلُ عَلَيْهَا مَا حَدَّثْتُكَ حَدِيثَهَا}، (أخرجه مسلم، ٧٤٦ ، وأبو داود: ٣٤٢).

ئەم دەقەم بۆیە بە تەواوی هێنا، چونکە وێڕای ئەوەی باسی شەونوێژی پێغەمبەری تێدایە ﷺ، هەندێك شتی دیکەی زۆر گرنگیشی تێدایە.

قەتادە لە زوڕارەوە گێڕاویەتەوە کە سەعدی کوڕی هیشامی کوڕی عامیر ویستوویەتی بچێتە جەنگ لە پێناوی خواداو هاتۆتە مەدینە، زەوییەکی لەوێ هەبووە ویستوویەتی بیفرۆشێ و، پارەکەی بە چەك و بە وڵاخێ کە بۆ جەنگ و جیهاد بەکاری دێنێ، بدات و دژی ڕۆمەکان بجەنگێ، تاکو دەمرێ، کاتێك هاتۆتە مەدینە گەیشتۆتە کۆمەڵێك لە خەڵکی مەدینە، کە زانیویانە نیەتی ئاوای هێناوە، لەوە قەدەغەیان کردووەو هەواڵیشیان پێداوە، کە کاتی خۆی شەش کەس لە ژیانی پێغەمبەری خوادا ﷺ شتێکی ئاوایان ویست، {وەك کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (المائدة)دا، باسمان کرد لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾المائدة، لەوێ لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا باسمان کرد، کە کۆمەڵێك بەلای مێرگ و ئاوێکدا تێپەڕیون، ویستوویانە لەوێ بمێننەوەو واز لە ژیان و خێزان و ماڵ و حاڵ بێنن، بەڵکو هەندێکیان گوتوویانە: با خۆشمان بخەسێنین، دوایی گوتوویانە: بابچینەوە پرس بە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەین ئەگەر مۆڵەتی داین، ئەوجار دێینەوە، کاتێك گەڕاونەوەو هەواڵیان پێداوە، خوای پەروەردگار ئەو ئایەتەی دابەزاند بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ و ئەوەی لێ قەدەغە کردن}.

ئەویش لێی قەدەغە کردن و فەرمووی: ئایا بەس نیە من سەر مەشقتان بم؟ کاتێك ئەوەیان گێڕایەوە بۆ سەعدی کوڕی هیشامی کوڕی عامیر، گەڕایەوە بۆ لای ژنەکەی، ژنەکەی تەڵاق دابوو، (دیارە یەك تەڵاقی داوە)، شایەدیشی

لەسەر گرتن -کە ئەوە گێڕامەوە- دوایی چوو بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) لە بارەی نوێژی وەتری پێغەمبەری خواوە ﷺ پرسیاری لێکرد، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیش گوتی: ئایا زاناترین خەڵکی سەر زەوی بە نوێژی وەتری پێغەمبەری خوات ﷺ پێشانبدەم؟ گوتی: کێ؟ گوتی: عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، بچۆ لێی بپرسەو دوایی وەرەوە بۆ لام، هەواڵم پێ بدە داخۆ وەڵامەکەی چی بووە بۆ تۆ، (سەعدی کوڕی هیشامی کوڕی عامیر)، دەڵێ: چووم بۆ لای حەکیمی کوڕی ئەفلەح، داوام لێکرد لەگەڵم بێ بۆ لای دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، ئەویش گوتی: من لێی نیزیک ناکەومەوە، چونکە من لێم قەدەغە کرد لە بارەی ئەو دوو کۆمەڵەوە قسە بکات، {واتە: کۆمەڵەکەی عەلی ﷺ و، کۆمەڵەکەی **طەڵحە**و زوبەیر (خوا لێیان ڕازی بێ)، کە دوایی شەڕی جەمەلیان لە بەیندا قەوما، بە دەستی ناحەزان و خەڵکی موخەننەت، کە عەلی خەلیفەی مسوڵمانان بووو، **طەڵحە**و زوبەیریش کاتی خۆی بەیعەتیان پێدابوو، بەڵام دوایی داوایان لێکرد کە بکوژەکانی عوسمان ﷺ تەسلیم بکات، ئەویش نکووڵیی لەوە نەدەکرد، بەڵام دەیگوت: پێویستە جارێ دۆخەکە سەقامگیر بێ، ئەوەش بەسەرهاتێکی دوورو درێژە، ئنجا حەکیمی کوڕی ئەفلەح دیارە کاتی خۆی بە دایکمان عائیشەی گوتوە: قسە لە بارەی ئەو دوو کۆمەڵەوە مەکەو مەچۆ نێو ئەو ئاڵۆزییەوە، بەڵام بە قسەی نەکردوە، دیارە دایکمان عائیشەش خۆی بە بەرپرسیار زانیوە، چونکە بۆ صوڵح و ئاشتەوایی لە مەدینەوە چوون بۆ بەصرا، بەڵام دوایی ئەو شەڕەی لێ پەیدا بووە، کە دوایش دایکمان عائیشە زۆر پەشێمان بووەو زۆریش نارەحەت بووە}، دوایی من سوێندم لێ خواردو ئەویش هات (واتە: سەعدی کوڕی هیشامی کوڕی عامیر، سوێندی خواردوە لە حەکیمی کوڕی ئەفلەح کە هەر دەبێ لەگەڵم بێی، کە دەبێ حەکیمی کوڕی ئەفلەح نیزیکایەتیی و خزمایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ دایکمان عائیشەدا بووبێ خوا لێیان ڕازی بێ)، کاتێک مۆڵەتمان لێ وەرگرت و

چووینە لای، دایکمان عائیشە گوتی: ئەوە حەکیمە؟ (دیارە گوێی لە دەنگی بووە) و، ناسیی، گوتی: بەڵێ، گوتی: کێت لەگەڵدایە؟ گوتی: سەعدی کوڕی هیشام، گوتی: هیشام کێیە؟ گوتی: هیشامی کوڕی عامیر، ئەویش داوای کرد خوا لێی خۆش بێ و قسەی باشی کرد، «قەتادە دەڵێ: هیشامی کوڕی عامیر ئەوە بووە کە لە جەنگی ئوحودا شەهید بووە، واتە: بابی سەعد»، منیش پێمگوت: ئەی دایکی بڕواداران! هەواڵم پێ بدە لە بارەی ڕەوشتی پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەویش گوتی: قورئانێ ناخوێنی؟ گوتم: با، گوتی: ڕەوەشتی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان بوو (قورئان چی دەفەرموێ: ئەو وای دەکرد)، ویستم هەڵسم و لە بارەی هیچ شتێکی دیکەوە لە کەس نەپرسم، هەتا دەمرم، دوایی بۆم دەرکەوت و هاتە دڵم گوتم: هەواڵم پێ بدە لە بارەی شەونوێژی (شەو بێداریی) پێغەمبەری خواوە ﷺ دیسان گوتی: ئایا ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ﴾ت، نەخوێندوە؟ گوتم: با، گوتی: خوا عزوجل شەو نوێژی لە سەرەتای ئەم سوورەتەوە فەرز کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی ماوەی ساڵێك شەو نوێژیان کرد، بەو شێوەیەی خوا ﷻ دیاریی کردوە، (دوو لەسەر سێی، یان نیوەی، یان سێیەکی) و کۆتایی ئەم سوورەتەی دوازدە مانگان لە ئاسمانێ هێشتەوە، (ئایەتی بیستەم و کۆتایی)، هەتا دوایی لە کۆتایی ئەم سوورەتەدا، خوا ﷻ سووککردنی ئەو حوکمەی دابەزاندو، شەونوێژ لە فەرزەوە بوو بە سوننەت و پەسند.

ئنجا گوتم: ئەی دایکی بڕواداران! هەواڵم پێ بدە، دەربارەی سوننەتی وەتری پێغەمبەری خواوە ﷺ، ئەویش (دایکمان عائیشە) گوتی: ئێمە سیواك و ئاوی دەستنوێژمان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دادەنا، خوا عزوجل لە شەوێدا هەڵیدەستاند بێداری دەکردەوە، ئەوەندەی خوا بیەوێ، ئیدی سیواکی دەکردو دەستنوێژی دەگرت، نۆ ڕکات نوێژی دەکردن، تەنیا لە هەشتەمیاندا تەحییاتی دەخوێندو دادەنیشت، یادی خوای دەکردو، ستایشی خوای دەکردو لێی دەپاڕایەوە، دوایی هەڵدەستاو سڵاوی نەدەدایەوە، دوایی هەڵدەستا ڕکاتی

نۆیەمیشی دەکرد، ئنجا دووبارە دادەنیشتەوە، (واتە: تەحییاتی دەخوێند)، یادی خوای دەکردو ستایشی دەکردو لێی دەپاڕایەوە، دوایی سڵاوێکی دەدایەوە کە بە ئێمەی دەبیستاند، دوایی هەڵدەستایەوە دوو ڕکاتی دەکردن، دوای ئەوەی سڵاوی دەدایەوە، بە دانیشتنەوە دوو ڕکاتی دەکردن، ئەمە یازدە ڕەکات ئەی کوڕە شیرینەکەم! ئنجا دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتە تەمەنەوەو گۆشتی گرت، (واتە: کێشی قورس بوو بە حوکمی ئەوەوەی کەوتە تەمەنەوە)، وەترەکەی لە نۆوە کرد بە حەوت، لە دوو ڕکاتەکاندا هەروەك پێشێی دەکرد، ئەمە نۆ ڕکات، (واتە: لە یازدەوە کردنی بە نۆ)، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر نوێژێکی دەکرد، حەزی دەکرد لەسەری بەردەوام بێ.

ئنجا ئەگەر شەوێك خەوی بەسەردا زاڵ ببووایە، یاخود نەخۆشیی و ئازارێکی ببووایەو نەیتوانیبایە شەونوێژ بکات، بە ڕۆژێ دوازدە ڕەکاتی دەکردن (دوایی دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ:) نەمزانیوە پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو قورئانی لە هیچ شەوێکدا خوێند بێ و، نەشمزانیوە هیچ شەوێك تاکو بەیانیی شەو نوێژی کردبێ، هەروەها نەشمزانیوە هیچ مانگێك هەمووی بە ڕۆژوو بووبێ (ڕۆژووی سوننەت) جگە لە مانگی ڕەمەزان (کە فەرزە).

سەعدی کوڕی هیشامی کوڕی عامیر دەڵێ: منیش ڕۆیشتم بۆ لای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، قسەکانی عائیشەم بۆ گێڕانەوە، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس گوتی: ڕاست دەکات، ئەگەر لێی نیزیك بووبامەوەو چووبامە لای، (واتە: لەوانە بام کە بەبێ پەردە ببینم)، دەچووم بۆ لای تاکو بە زارەکیی قسەکەی لێ ببیستم و چاوم لە دەمی بێ کە قسەکەم بۆ دەگێڕێتەوە، سەعدی کوڕی هیشام[١] دەڵێ گوتم: ئەگەر زانیبامە تۆ لەوانە نیی بچی بۆ لای، قسەکەیم بۆت نەدەگێڕایەوە.

---

(١) کەواتە: سەعدی کوڕی هیشام مەحرەمی دایکی بڕواداران عائیشە بووە.

٣- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄، قَالَ: أَوَّلُ مَا نَزَلَ أَوَّلُ الْمُزَّمِّلِ كَانُوا يَقُومُونَ نَحْوًا مِنْ قِيَامِهِمْ فِي شَهْرِ رَمَضَانَ، وَكَانَ بَيْنَ أَوَّلِهَا وَآخِرِهَا قَرِيبٌ مِنْ سَنَةٍ} (**أخرجه أبو داود ١٣٠٥، والحاكم: ٣٨٦٤، هذا حديث صحيح الإسناد، ولم يخرجاه، تعليق الذهبي في التلخيص: صحيح**).

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس ﵄، دەڵـێ کاتێـك سـەرەتای سـوورەتی (**الْمُزَّمِّلِ**) دابـەزی، هـاوەڵان لـە خزمـەت پێغەمبـەردا ﷺ شـەونوێژیان دەکـرد، وەك چـۆن لـە مانگـی ڕەمەزانـدا بـە ئەنـدازەی ئـەوە، هەتـا کۆتایـی سـوورەتی (**الْمُزَّمِّلِ**) دابەزیـی و لـە نێـوان سـەرەتاو کۆتاییەکەیـدا، مـاوەی سـاڵێك بـوو.

مانای گشتیی ئایەتەكان

هەرچەنـدە ئـەم سـوورەتە پێشـتریش لـە پێناسـەکەیدا، تاڕاددەیەکی باش تیشـکمان خسـتە سـەر، بـەڵام لێـرەش دا دووبـارە تیشـکی دەخەینـەوە سـەر: خـوای پـەروەردگار لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، کـە پێشـتر باسـمان کـردو، تایبەتمەندییەکانیـمان خسـتنە ڕوو، سـەرەتا دەفەرمـوێ: ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، وەك هەمیشـە گوتوومانـەو دووبـارەی دەکەینـەوە، چونکـە مـادام ئـەم ڕسـتە موبارەکـە کـە ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ە، لـە سـەرەتای (١١٣) لـە سـوورەتەکاندا هاتـوەو، لـە سـوورەتی (النمل)یشـدا، جگـە لـە سـەرەتایەکەی لـە نێـو قەدێشـیدا هاتـوە، لـە سـەرەتای ئـەو نامەیـەدا کـە سـولەیمان (**عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) بـۆ شـاژنی سـەبەی دەنێـرێ، ئنجـا مـادام خـوا سـەدو چـواردە (١١٤) جـار ئـەم ڕسـتە موبارەکـەی دووبـارە کردۆتـەوە، ئێمـەش هەمیشـە واتایەکـەی و ئـەوەی پێوسـتە کـە لـە کاتی گوتنـی ئـەو ڕسـتەیەدا، لـە عەقـڵ و دڵـدا ئامـادە بکـرێ، دووبـارەی دەکەینـەوە، کـە دەڵێـی: (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، کە ئەوەش مەبەستی ئەوەیە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای باڵادەست دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ﴾، ئـەی ئـەو کەسـەی خـۆت لـە نوێـن و پێخەفـەوە پێچـاوە! هەندێکیـش گوتوویانـە: (الْمُتَزَمِّـلُ بِثِيابِـهِ)، ئـەی ئـەو کەسـەی پۆشـاکی خۆتـت لـە خۆتـەوە پێچاوە! بـەڵام لەڕاستییدا پۆشـاك هـەر لەبـەر مرۆڤـەو، کاتێـك کـە مـرۆڤ دەخـەوێ، عـادەت وایـە شـتێکی دیکـە بەخۆیـدا دەدات، بۆیـە: ﴿ ٱلْمُزَّمِّلُ ﴾، گەیەنـەری ئەوەیـە کـە شـتێکی زیـادە لـە بـەرگ و پۆشـاك لـەو کاتـەدا پێغەمبـەری خـوا ﷺ بەسـەر خۆیـدا دابـێ و خـۆی تێـوە پێچابـێ، بۆیـە (مُزَّمِّـل) واتـە: پێخـەف لـە خـۆوە پێـچ، یـان خـۆ لـە پێخـەف و نوێنـەوە پێـچ، ئەمـەش جۆرێکـە لـە لاواندنـەوەو میهرەبانانـە دوانـدنی خـوای پـەروەردگار بـۆ پێغەمبەرەکـەی ﷺ.

﴿ قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾، شـەو هەڵسـەوە جگـە لـە کەمێـکی، واتـە: جگـە لـە کەمێـکی شـەو، ئـەوی دیکـەی هەمـووی بێداربـەو تێیدا هەڵسـە، بـۆ قورئانخوێندن و شـەونوێژ کـردن و بەندایەتیـی بـۆ خـوا کـردن، ﴿ نِّصْفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا ﴾، تەنیـا نیـوەی هەڵمەسـتەوە، یاخـود لـەو نیوەیـەش کـە هەڵناسـتیەوە، کـەم بکـەوە ﴿ أَوْ زِدْ عَلَيْهِ ﴾، یاخـود لـە نیوەکـەش زیـاد بکـە، واتـە: هەمـوو شـەو بێداربـە، جگـە لـە کەمێـکی، دوایـی خـوا کەمەکـەش بـە نیـوە مانـا دەکات، واتـە: نیـوەی شـەو شـەونوێژ بکـەو نیوەشی بخـەوە، یاخـود لـەو نیوەیـەی دەخـەوی، کەمێـکی دیکـەشی لـێ کـەم بکـەوە، واتـە: لـە نیـوەشی زیاتـردا شـەونوێژ بکـە، ﴿ أَوْ زِدْ عَلَيْهِ ﴾، یاخـود ئـەو نیوەیـەی لـە شـەودا ئیسـڕاحەتی تێـدا دەکـەی و، دەخـەوی، لێـی زیـاد بکـە، واتـە: زیاتـر لـە نیـوەی بخـەوە، کەواتـە: یـەك لەسـەر سێی، یاخـود ئـەو دەوروبـەرە شـەونوێژ بکـە،

﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾، قوڕئانیش بخوێنە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك، چونکە (الثَّغْرُ المُرَتَّل)، واتە: زارو ددانێکی ڕێك و پێك، کەواتە: (ترتیل) ڕێك و پێك.

﴿ إِنَّا سَنُلْقِى عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا ﴾، بە دڵنیایی ئێمە لەمەودوا قسەیەکی قورس و گرانت دەخەینە سەر، یانی: فەرمایشتێك کە کۆمەڵێك ئەرکی گران و قورس دەگرێتە نێو خۆی، لەبەر ئەوەی لەمەودوا ئەرکێکی قورس دەخەینە سەر شانی تۆ، دەبێ باش خۆتی بۆ ئامادە بکەی، بەهۆی لە خوا نیزیکیی و بەندایەتیی بۆ خواوە، ئنجا ئایا شەونوێژ، چ ڕۆڵێك لەوەدا دەبینێ؟ ﴿ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيْلِ ﴾، بە دڵنیایی ئەو عیبادەت و خوا پەرستییەی لە شەودا دەکرێ و پێ دەگات، یاخود ئەو نەفسەی لە شەودا هەڵدەستێتەوە، چونکە (نَشَأ) بە مانای هەڵسا (نَهَض) ش دێ، یاخود ئەو کاتانەی لە شەودان (کاتەکانی شەو)، هەرسێ واتایەکەی هاتوون، ﴿ هِىَ أَشَدُّ وَطْـًٔا وَأَقْوَمُ قِيلًا ﴾، ئەو خواپەرستییەی لە شەودا دەکرێ و، ئەو نەفسەی بەشەو هەڵدەستێتەوەو، ئەو کاتانەی بە شەوێ خواپەرستییان تێدا دەکرێ، ﴿ هِىَ أَشَدُّ وَطْـًٔا ﴾، یانی: کاریگەریی توندترە، (وَطأ) بە مانای پێ لێنانی شتێکە، بەڵام لێرەدا یانی: (أَشَدُّ تَأثِيراً)، کاریگەریی زیاترە، ﴿ وَأَقْوَمُ قِيلًا ﴾، گوترانەکەشی ڕێکترە.

﴿ إِنَّ لَكَ فِى ٱلنَّهَارِ سَبْحًا طَوِيلًا ﴾، بە دڵنیایی تۆ لە ڕۆژێدا دەرفەتێکی دوور و درێژت بۆ هەیە، بۆ کارو کاسبیی و هەڵسان و دانیشتن و جم و جۆڵ، بۆیە شەوەکە تەرخان بکە بۆ خوا پەرستیی، ﴿ وَٱذْكُرِ ٱسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا ﴾، ناوی پەروەردگاریشت بێنەو، بەخۆدابڕین خۆت بەلای خوادا دابڕە، واتە: خۆتی بۆ یەکلایی بکەوە.

﴿ رَّبُّ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذْهُ وَكِيلًا ﴾، پەروەردگاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، جگە لەو هیچ پەرستراوێکی شایستەی پەرستران نیە، ئنجا بەس ئەو بە کار پێسپێردراو بگرە، (وَكِيل) لەسەر کێشی (فَعِيل)ە، بەڵام بە مانای (مَفعُول)

ە، واتـە: (مَوكُـول)، (مَوكُـولٌ إلَيـهِ)، كار پێسـپێردراو، بـا بـەس خـوا كار سـپێردراوت بـێ و پشـتت هـەر بـەو قایـم بـێ، ﴿ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ ﴾، خۆڕاگریـش بـە لەسـەر ئـەوەی دەیڵێـن، یـانی: ئـەوەی بێبڕوایـەكان دەیڵێـن، كـە پێغەمبەریـان ﷺ تۆمەتبـار دەكـرد بـەوەی جادووگـەرە، یـان شـێتە، یـان شـاعیرە، یـان كاهینـە، قورئانیشـیان تۆمەتبـار دەكـرد بـەوەی بـە نـاوی خـواوە هەڵبەسـتراوە، یـان شـیعرە، یـان قسـەی كاهینانـە، یـان قسـەی جادووگەرانـە، یـان قسـەی شـێتانە، ئنجـا لەسـەر ئـەوەی دەیڵێـن، خۆڕاگـرو پشـوو درێـژو بـە حەوسـەڵە بـە، ﴿ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ﴾، بـە شـێوەیەكی جوانیـش دوورییـان لـێ بگـرە، (هجـر) بریتیـە: لـە واز لـێ هێنـان، هەڵبەتـە مەبەسـت ئـەوە نیـە لەگەڵیانـدا بانگـەواز نـەكات و، بـە هیدایەتدانیانـەوە خەریـك نەبـێ، بـەڵام یـانی: واز لـەو قسـەو قاڵانەیـان بێنـەو، زۆر خـۆت بـەوەوە سـەرقاڵ مەكـەو سـەرگەرمی كاری خـۆت بـە.

﴿ وَذَرۡنِي وَٱلۡمُكَذِّبِينَ أُوْلِي ٱلنَّعۡمَةِ ﴾، لـە مـن و لـەو بـەدرۆ دانـەرە خـاوەن نیعمەتانـەش بگـەڕێ، لـە مـن و كـە بەدرۆدانـەرە خۆشـگوزەرانەكان بگـەڕێ، واتـە: بـۆ منیـان لێگـەڕێ ﴿ وَمَهِّلۡهُمۡ قَلِيلًا ﴾، ماوەیـەكی كـەم مۆڵەتیـان بـدە:

أ- یانی: ماوەیەكی كەم لە دنیادا مۆڵەتیان بدە، هەتا دوایی جەنگ و جیهاد دێتە پێشێ و بە سزای خۆیان دەگەن.

ب- یاخود: هەموو ژیانی دنیا ماوەیەكی كەمەو مۆڵەتیان بدە، لە ڕۆژی دوایی دا بە سزای خۆیان دەگەن، ﴿ إِنَّ لَدَيۡنَآ أَنكَالٗا وَجَحِيمٗا ١٢ وَطَعَامٗا ذَا غُصَّةٖ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە كۆت و پێوەندەكانمان لە لان (أَنكال) كۆی (نِكل)ە، كە لە بنەڕەت دا بریتیە لەو كۆت و پێوەند و ئاسنەی وڵاخی پێ دەبەسترێتەوە، بەڵام دوایی بە مانای كۆت و زنجیر بە گشتیی بەكارهاتوە، یانی: ئێمە كۆت و زنجیرەكانمان لەلان، ﴿ وَجَحِيمٗا ﴾، هەروەها ئاگری بڵێسەدارمان لەلایە، ﴿ وَطَعَامٗا ذَا غُصَّةٖ ﴾، دیسان خواردنێكی خاوەن گیر، گەرووگیر، خواردنێك كە لە گەروو دەگیرێ، ﴿ وَعَذَابًا أَلِيمٗا ﴾، هەروەها ئازارێكی بە ئێشیشمان لە لایە.

﴿ يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ ﴾، ئـەو ڕۆژەی زەویـی و چیایـەکان دەلەرزنـەوە، دەهەژێـن، ﴿ وَكَانَتِ ٱلۡجِبَالُ كَثِيبٗا مَّهِيلًا ﴾، چیایەکانیـش دەبنـە گردۆلکەی لمی هەڵڕژاو، یـان: لمێـکی زۆر وردو نـەرم، کـە ئەگـەر دەسـتی تێهەڵبـدەی، بـە نێـوان پەنجەکانتـدا بێتـە خـوار، ﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ رَسُولٗا شَٰهِدًا عَلَيۡكُمۡ ﴾، ئنجـا خـوا ﷻ ڕوو دەکاتـەوە بێبڕوایـەکان و دەفەرمـوێ: بـە دڵنیایـی ئێمـە نوێنەرێکـمان ڕەوانەکراوێکـمان بـۆ لای ئێـوە نـاردوە، بەسـەرتانەوە چاودێـرە، (کـە موحەممـەدە ﷺ)، ﴿ كَمَآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ رَسُولٗا ﴾، وەك چـۆن کاتی خـۆشی ڕەوانەکراوێکـمان بـۆ لای فیرعـەون نـارد، ﴿ فَعَصَىٰ فِرۡعَوۡنُ ٱلرَّسُولَ ﴾، ئنجـا فیرعـەون سـەرپێچیی لـە پێغەمبەرەکـە کـرد، کـە مووسـا بـوو و، هـاڕوونی بـراشی (عَلَيْهِما الصَّلاةُ وَ السَّلام) وەزیـرو هـاوکارو پشـتیوانی بـوو، ﴿ فَأَخَذۡنَٰهُ أَخۡذٗا وَبِيلٗا ﴾، ئێمـەش فیرعەونمـان بـە گرتنێـکی تونـد گـرت و، بـە سـزادانێکی تونـدو بـە ئێـش سـزادا.

﴿ فَكَيۡفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرۡتُمۡ يَوۡمٗا يَجۡعَلُ ٱلۡوِلۡدَٰنَ شِيبًا ۝١٧ ٱلسَّمَآءُ مُنفَطِرُۢ بِهِۦ ﴾، ئـەی بێبڕوایـەکان! ئەگـەر بێبڕوابـن ئـەو ڕۆژەی منـداڵان سـەر سـپیی دەکات، منـداڵان پیـر دەکات، چـۆن خۆتـان دەپارێـزن؟ (لـە سـزای ئـەو ڕۆژە)، ﴿ ٱلسَّمَآءُ مُنفَطِرُۢ بِهِۦ ﴾، بەهـۆی ئـەو ڕۆژەوە، یـان لـەو ڕۆژەدا، ئاسـمان شـەق و پـەق و لـەت دەبـێ، گـەردوون ئـەو سیسـتم و ڕێـك و پێکییـەی ئێسـتای نامێنـێ، ﴿ كَانَ وَعۡدُهُۥ مَفۡعُولًا ﴾، بەڵێنـی خـواش جێبەجـێ کـراوەو، هیـچ گومانتـان نەبـێ، ئـەوە هـەر دێتـە دی، ﴿ إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٞ ﴾، ئەمـە بیرخەرەوەیـە، واتـە: هەرچـی کـە باسـکرا، هەمـووی بیرخەرەوەیـەو ئامۆژگاریـی و پەنـدە، ﴿ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ﴾، ئنجـا هـەر کەسـێك ویسـتی بـەرەو پـەروەردگاری ڕێـی گرتـە بـەر، هـەر کەسـێك ویسـتی ڕێـی گرتـە بـەر لـە ڕابـردوودا، یاخـود هـەر کەسـێك دەیـەوێ بـا ڕێ بگرێتـە بـەر لـە داهاتـوودا.

لـە کۆتایـی دا خـوا ﷻ ئـەو حوکمـەی لـە ئایەتـەکانی پێشـێدا هـات، کـە بـە پلـەی یەکـەم ڕووی لـە پێغەمبـەری خاتەمـە ﷺ بـەڵام پێغەمبـەری خـوا سەرمەشـقی

مسـولْمانان و هـاوەڵانی بەڕێـزی بـووە، بـە پلـەی یەکـەم، ئنجـا دوایـی هەمـوو ئۆممـەتی، بۆیـە هەرچـی ئـەو کردوویـەتی، هاوەڵانیـش و بڕودارانیـش ئەنجامیـان داوە، دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَ ﴾، بێگومـان پـەروەردگارت دەزانـێ کـە تـۆو کۆمەڵێـك لەوانـەی لەگـەڵ تـۆ دان (لـە هاوەڵانـت)، کەمـتر لـە دوو سـێیەکی شـەوێ هەڵدەسـتن، هەروەهـا نیـوەی و یـەك لەسـەر سـێشی هەڵدەسـتن، واتـە: بـە سـێ جـۆر شـەو نوێـژ دەکـەن خـۆت و هاوەڵانـت:

أ- یان دوو لەسەر سێی تۆزێك کەمتری.

ب- یاخود نیوەی.

ج- یاخود یەك لەسەر سێی، ﴿ وَٱللَّهُ يُقَدِّرُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ﴾، خواش ئەندازەگیریی شەوو ڕۆژان دەکات، ﴿ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ ﴾، زانی کە ئێوە ناتوانن سەرژمێری بکەن، کاتەکەی کۆنتڕۆڵ بکەن، ﴿ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ﴾، بۆیە گەڕایەوە سەرتان و ئەو حوکمەی ئێوەی پێوە پابەند کردبوو، بۆی سووك کردن، ﴿ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ ﴾، ئێستا ئەوەندەی بۆتان ئاسانە لە قوڕئان بیخوێنن، واتە: لە شەونوێژدا بیخوێنن، چونکە ئامانجی سەرەکیی شەونوێژ، بریتیە لە خوێندنی قوڕئان تێیدا، خوا ﷻ زانی کە بۆتان سەرژمێرو کۆنتڕۆڵ ناکرێ، یاخود لە تواناتاندا نیە بەوە شێوەیە لەسەری بەردەوام بن، بۆیە ئێستا چەندەی بۆتان ئاسانە بیکەن، حوکمەکە لانەچووە، بەڵکو سووککردنی هاتۆتە سەر، کەواتە: هۆکارێکی ئەوەیە کە ناتوانن کۆنتڕۆڵی بکەن و سەرژمێری بکەن، هۆکارێکی دیکەی سووککردنی ئەو حوکمە: ﴿ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ ﴾، خوا زانی ئێوە لەمەودوا نەخۆشتان تێدا دەبن، ﴿ وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِى ٱلْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ﴾، هەروەها کەسانێکی دیکە کە بە زەویدا دەڕۆن، پێ بە زەویدا دەکوتن و سەفەر دەکەن، لە بەخششی خوا دەخوازن، واتە: بازرگانیی و کارو کاسبیی دەکەن، کشتوکاڵ دەکەن، ئاژەڵداریی دەکەن و بە زەویدا دەڕۆن، ﴿ وَءَاخَرُونَ يُقَـٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، هەروەها هەندێکی دیکەشتان

لە پێناوی خوادا جەنگ دەکەن، یانی: کاتێك دێ جەنگ و جیهاد دێتە پێش، ﴿ فَٱقۡرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنۡهُ ﴾، {دووبارەی دەکاتەوە}، کەواتە: ئەوەندەی بۆتان ئاسانە لێی (لە قورئان) بیخوێنن لە شەونوێژدا، واتە: ئەوەندەی بۆتان دەگونجێ شەونوێژ بکەن، چ لەگەڵ ئەو عوزرانەدا، چ بەبێ ئەو عوزرانە، هەردووکیان دەگرێتەوە، ﴿ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، نوێژیش بەرپا بکەن، واتە: پێنج نوێژە فەرزەکان بکەن، ﴿ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، زەکاتیش بدەن، ﴿ وَأَقۡرِضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنًا ﴾، هەروەها قەرزێکی باشیش بە خوا بدەن، قەرزی باشیش پێشتر باسمان کردوە لە تەفسیری سوورەتی (**الحديد**)داو، لەو بارەوە کورتە باسێکمان کردوە.

﴿ وَمَا تُقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُم مِّنۡ خَيۡرٖ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيۡرٗا وَأَعۡظَمَ أَجۡرٗا ﴾، ئـەوەش کـە بـۆ خۆتـانی پێـش دەخـەن لـە چاکـە، دوایـی لـە لای خـوا دەیبیننـەوەو، ئـەوە باشـترە بـۆ ئێـوە، پاداشـتەکەشی مەزنـترە، ﴿ وَٱسۡتَغۡفِرُواْ ٱللَّهَ ﴾، داوای لێبوردنیـش لـە خـوا بکـەن، لـە کـەم و کوڕییەکانتـان، هیـچ مرۆڤێـك لـە کـەم و کوڕیـی و لـە کـرچ و کاڵیـی بـەدەر نابـێ، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمُۢ ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا لێبـووردەی بـە بەزەییـە، ئێمـەش دەڵێیـن: (**نَسـتَغفِرُ اللـهَ العظيـم وَنَتُـوبُ إلَيـه**).

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکـردنی خـوا ﷻ بـە پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ، بـە شـەونوێژو شـەوبێداریی، چ نیـوەی، چ زیاتـری، چ کەمتری و، خوێندنـەوەی قورئـان بە شێنەیی و ڕێـك و پێـك و، هەواڵپێـدانی لـە لایـەن خـوای پـەروەردگارەوە، کـە لەمـەودوا قسـەیەکی گـرانی دەخرێتـە سـەرو، قورئـان خوێنـدنی شـەویش لـە شـەونوێژدا، کاریگەریـی لەسـەر دڵ و دەروون زیاتـرەو، بێژرانیـشی ڕێکترەو، لـە ڕۆژێشـدا بـواری جـم و جۆڵـی زۆری هەیـە، هەروەهـا فەرمـان پێکـردنی بـە یـادی خـوا کـردن و، خـۆ بـۆ یـەکلا کردنـەوەی و پشـت پـێ بەسـتنی:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ١ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ٢ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا ٣ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ٤ إِنَّا سَنُلۡقِي عَلَيۡكَ قَوۡلٗا ثَقِيلًا ٥ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ هِيَ أَشَدُّ وَطۡـٔٗا وَأَقۡوَمُ قِيلًا ٦ إِنَّ لَكَ فِي ٱلنَّهَارِ سَبۡحٗا طَوِيلٗا ٧ وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلۡ إِلَيۡهِ تَبۡتِيلٗا ٨ رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا ٩﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە یازدە بڕگەدا:

خـوا ﷻ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەدوێنـێ و، دوای: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، دەفەرمـوێ:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ﴾، ئەی نوێن لەخۆو پێچ! (الطبری) لە تەفسیرکەیدا دەڵێ: (یا أَيُّهَا لمُتَزَمِّلُ وهُوَ الْمُلْتَفُ بِثِيَابِهِ)، ئەی (مُتَزَمِّل)! کە ئەویش بریتیە لە لەخۆوە پێچی پۆشاکەکەی، کەسێك پۆشاکەکەی لەخۆوە پێچابێ.

پێشتریش گوتم: من زیاتر وای تێدەگەم کە مەبەست پێی نوێن و پێخەف لە خۆوە پێچان بێ، واتە: پێغەمبەری خاتەم ﷺ کاتێك گەڕاوەتەوە لە ئەشکەوتی (حیراء) دوای ئەوەی پێنج ئایەتی سەرەتای سوورەتی (العلق)ی بۆ دابەزین، کە بریتین لە: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ ﴿٣﴾ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿٥﴾﴾العلق.

ئەم پێنج ئایەتە یەکەمین ئایەتانێك بوون، کە دابەزینە سەر دڵی موبارەکی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ لە یەکەم دیداری لەگەڵ جیبریلدا، کە بەسەرهاتەکەی لە صەحیحی بوخاریی و موسلیم و سیرەی ئیبنو هیشام و سەرچاوەکاندا هاتوە، خوا پشتیوان بێ دوایی کە دەگەینە سوورەتی (العلق)، لەوێ، درێژەی ئەو بەسەرهاتە باس دەکەین[1]، ئنجا دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەگەڕێتەوە، وەك پێشتریش فەرموودەکەمان هێنا، دەفەرموێ: دامپۆشن، بە خەدیجەی هاوسەری دەڵێ، خوا لێی ڕازی بێ، چونکە جۆرێك لە لەرزو ترس و حاڵەتی شڵەژانێك دایدەگرێ و، لە خۆی دەترسێ، تاکو دەفەرموێ: لە خۆم ترسام، دایکمان خەدیجەش (خوا لێی ڕازی بێ) دڵنیای دەکاتەوە، کە شەیتان هەرگیز زەفەر بە تۆ نابات، لەبەر ئەوەی تۆ پیاوێکی چاکەکاری، ئیدی کۆمەڵێك ئاکاری بەرزو جوانی لێ دەژمێرێ، دوایی لەگەڵ خۆی دا دەیبات بۆ لای کورە پوورەکەی (وەرەقەی کوڕی نەوفەل)، کە پیاوێکی بەتەمەن بووەو، بۆتە نەصرانیی، لەسەر ئایینی نەصرانیی بووە، پێغەمبەریش ﷺ بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوەو، ئەویش دڵنیای دەکاتەوە کە جندو شەیتان دەستیان لێ نەوەشاندوە، بەڵکو ئومێد دەکات پێغەمبەری ئەو خەڵك و کۆمەڵگایەو دوا پێغەمبەری خوا بێ، کە هەموو دنیا چاوەڕێیان دەکرد.

---

(١) لە کتێبی: (ژیاننامەی پێغەمبەری خوا)دا بە درێژیی باسمان کردوە، بڕوانە بەرگی یەکەم لە چاپی چوارەم.

ئنجا ئـەم: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ﴾ە، کاتێـك بـووە کـە پێغەمبـەری خوا ﷺ لە ئەشـکەوتی حیـراء ڕاسـتەوخۆ گەڕاوەتـەوە، بـەڵام: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ﴾، ڕەنگـە مەبەسـت پێـی: بـە پۆشـاکی خـۆ خـۆ داپۆشـەر بـێ، وەك دوایـی بـاسی دەکەیـن، هەڵبەتـە دەشـگونجێ - وەك هەندێـك لـە توێـژەران و ڕوونکـەرەوانی قورئـان گوتوویانـە - ئەمەیـان مەبەسـت پێـی ئـەوە بـێ کـە بـە پۆشـاکی خـۆی داپۆشـیوەو، ئەویدیکەیـان مەبەسـت پێـی ئەوەبـێ کـە بـە نوێـن و پێخـەف داپـۆشراوە، بـەڵام بۆیـە دەڵێـم: ئەمەیـان مەبەسـت پێـی خـۆ داپۆشـینی پێغەمبـەرە ﷺ بـە نوێـن و پێخـەف، چونکـە کـە لـە ئەشـکەوتی حیـراء گەڕاوەتـەوە، فەرموویـەتی: (زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي)، داميپۆشـن! داميپۆشـن!، ئنجا کەسـێك دادەپـۆشرێ کـە پێخەفێـکی بەسـەردا بـدرێ، بـەڵام ئەویدیکـە (المدثـر) دەگونجـێ ئینسـان بـە پۆشـاکی خـۆی، کراسـێك شـتێکی خـۆی بەسـەر دەم و چـاوی خۆیـدا، بـدات و، بیـەوێ پشـوویەك بـدات.

ئەو وشەیەش دوو واتای هەن:

أ- یەکیان ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەدا خوا ئاوا دواندوویەتی و، ئەوە جۆرێکیشە لە لاواندنەوەو، بە میهرەبانیی دواندن، بە عەرەبیی پێی دەڵێن: (مُلاطَفَة)، کە هەر ئەو حاڵەتەی مرۆڤی لەسەرە، بۆی بکرێتە پێناس، وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ وەك لە صەحیحی بوخارییدا هاتوە، جارێك کە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب ﷺ، لەگەڵ فاتیمەی هاوسەری دا، کە کچی پێغەمبەرە ﷺ (خوا لێی ڕازی بێ)، نیگەرانییەکیان دەبێ، عەلی دەچێتە مزگەوت، پێغەمبەری خواش ﷺ دەچێ بۆ لای فاتیمەو دەفەرموێ: کوا ئامۆزات؟ کوا عەلی ﷺ؟ دەڵێ: بە تووڕەیی چووە دەر، ئەویش دەچێ و دەبینێ لەسەر خۆڵەکەی مزگەوتێ ڕاکشاوەو خۆڵی بە کەلەکەیەوە نووساوە، ئیدی پێی دەفەرموێ: {قُمْ يَا أَبَا تُرَابٍ[1]}، هەڵسە ئەی بابی گڵ! ئنجا عەرەب دەڵێن: کەسێك کە لە حاڵەتێك دایەو ئەو حاڵەتەی بۆ دەکرێتە پێناس، ئەمە جۆرێکە لە (مُلاطَفَة) میهرەبانیی لەگەڵ نواندن و پێشاندانی ئەوە کە خۆشیدەوێ و نازی هەڵدەگرێ و لێی تووڕە نیە.

---

(١) رواه البخار ي: ٦٢١٨

ب- زانایان واتایەکی دیکەشیان لێگرتوە، لە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ﴾، کە (طبري) ئەویشی هێناوەو دەڵێ: (وَصَفَهُ بِأَنَّهُ مُتَزَمِّلُ النُّبُوَّةِ وَالرِّسالَة)، خوا وەسف و پێناسەی کردوە بەوەی پێغەمبەرایەتیی و ڕەوانەکراوێتیی هەڵگرتوەو لەخۆوە پێچاوە، بەڵام دوایی ڕای یەکەم زاڵ دەکات و دەڵێ: (أولَى القَولَين بِالصَّوابِ الأَوَّل)، لە پێشترین قسە لەڕاستییەوە، قسەی یەکەمە.

ئنجا کە خوای پەروەردگار ئاوا پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەدوێنێ، با بزانین چی پێ دەسپێرێ؟

٢)- ﴿ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴾، شەو هەڵسەوە، جگە لە کەمێك، (قُم) کرداری فەرمانەو لە (قَامَ)ەوە هاتوە، (قَامَ، يَقُومُ، قُم)، هەڵسا، هەڵدەستێ، هەڵسە، چاوگەکەی (قِيَام)ە، کەواتە: ﴿ قُمِ ٱلَّيۡلَ ﴾، شەو هەڵسەوە، بەڵام بۆچی شەو هەڵسێتەوە؟ ئەمە بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، هەروەها دواییش دێ، مەبەست ئەوە نیە، بەس شەو هەڵسێ و هیچی دی، بەڵکو شەو هەڵسەوە، زاراوەیەکە لە قورئاندا بەکار هاتوەو هەڵسانەوەی شەو، هەڵسانەوەیە بۆ شەونوێژ، شەونوێژ کردن و شەوبێداریی، ﴿ قُمِ ٱلَّيۡلَ ﴾، شەوگار هەمووی هەڵسەوە، ﴿ إِلَّا قَلِيلٗا ﴾، مەگەر کەمێکی.

دوایی خوا ﷻ ئەو کەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەفەرموێ:

٣)- ﴿ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا ﴾، تەنیا کەمێکی هەڵمەستەوە، یان کەمێکیشی لێ کەم بکەوە، یانی: هەموو شەوەکە بێداربە، جگە لە نیوەی، نیوەی شەو بێداربەو نیوەشی بخەوەو پشوو بدە، ﴿ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا ﴾، یان ئەو نیوەیەش کە هەڵاوێردراوە لە هەڵسانەوە، واتە: ئەو نیوەش کە مۆڵەتدراوی پشووی تێدا بدەی و تێیدا بخەوی، ئەویش کەمێکی لێ کەم بکەوەو، بیخە سەر نیوەکەی دیکە کە تێیدا بێدار دەبی، واتە: لە نیوەی زیاتر بێداربەو شەونوێژی تێدا بکە.

٤)- ﴿ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ﴾، یاخود ئەو نیوەیە (کە هەڵداوێردرێ لە شەو بێداریی)، زیادەشی بخە سەرێ و، بە ڕێك و پێکییش قورئان بخوێنە، واتە: زیادە لە نیوەی شەویش پشوو بدەو بخەوە، مانایەکەی ئاوای لێدێتەوە:

کــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ سەرپشــك كــراوە لــە نێــوان چەنــد حاڵەتێــك داو، ئــەو حیکمــەت و دووربینیــی و وردبینیــی و لێزانییــە، بــەس لــە خــوای پــەروەردگار دەوەشــێتەوە، کــە لــە دوو ســێ ڕســتەی کورتــدا خــوای بــەرزو مــەزن، هــەم پێغەمبەرەکــەی ﷺ دەلاوێنێتــەوەو میهرەبانانــە دەیدوێنــێ، هــەم فەرمانی پــێ دەکات بــە شــەو بێداریــی، هــەم بــۆی دیاریــی دەکات شــەو بێدارییەکــەی چەنــد بــێ، هــەم بــۆی دیاریــی دەکات کاتی پشــوودان و خەوتــن و ئیســراحەتیشی چەنــد بــێ و، ســێ حاڵــەت و ئەگــەری دەخاتــە بــەردەم:

حاڵەتی یەکەم: نیوەی شەو بێداربەو نیوەشی بخەوە.

حاڵــەتی دووەم: زیاتــر لــە نیــوەی شــەو بێداربــە، تاکــو نیزیکیــی دوو لەســەر ســێی شــەو، وەك خــوا لــە ئایــەتی کۆتایــی دا دەفەرمــوێ: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَ ﴾، کەواتــە: حاڵــەتی دووەم بــۆ پێغەمبــەری خــوا ﷺ ئەوەیــە کــە دوو لەســەر ســێی شــەو، یــان زیاتــر لــە نیــوەی شــەو تاکــو دەوری دوو لەســەر ســێ بێداربــێ و، یــەك لەســەر ســێی، یاخــود تۆزێــك لــە یــەك لەســەر ســێی شــەوگار زیاتــر بخــەوێ.

حاڵــەتی ســێیەم: ئەوەیــە کــە ئــەو نیوەیــەی هەڵیــواردوە لــەوەی تێیــدا بێــدار بــێ، ئــەو نیوەیــەی پشــووی تێــدا دەدات و تێیــدا دەخــەوێ، هەندێــکی دیکــەشی بــۆ زیــاد بــکات، واتــە: زیاتــر لــە نیــوەی شــەو پشــوو بــدات و بخــەوێ.

کەواتە: پێغەمبەری خوا ﷺ سێ بژاردەی خراونە بەردەم بۆ شەونوێژ:

یەکەم: نیوەی شەو.

دووەم: زیاتر لە نیوەی شەو، هەتا دوو لەسەر سێی.

سێیەم: یەك لەسەر سێی شەوگار.واتە: یان نیوەی شەو بێدار بێ و شەونوێژ بکات و نیوەشی بخەوێ، یان زیاتر لە نیوەی هەتا دەوری دوو لەسەر سێی بێدار بێ و، یەك

لەسەر سێی بخەوێ، یاخود یەك لەسەر سێی شەو شەونوێژ بکات و بێدار بێ و، دوو لەسەر سێی شەو شتێك کەمتر یان زیاتر بخەوێ و پشوو بدات.

﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾، قورئانیش بە ڕێکیی بخوێنەوە، وشەی (رَتّل) پێشتریش باسمان کرد، لە شیکردنەوەی وشەکاندا: (رَتِلَ، يَرتَلُ، رَتَلاً، أي: **استَوَى وَانتَظَمَ وَحَسُنَ تَأليفُهُ، وَرَتِلَ الثَّغرُ أو الأَسنانُ، فَهُوَ مُرَتَّلٌ، وَرَتَّلَ الكَلامَ أي جَوَّدَ تِلاوَتَهُ**)، (**رَتِلَ، يَرتَلُ، رَتَلاً**)، واتە: ڕێك بوو، نارێکیی تێدا نەبوو، ڕێك و پێك و چاك بوو، دەگوترێ: (**رَتِلَ الثَّغرُ أَوِ الأَسنانُ**)، زار یاخود ددانەکان ڕێك و پێك بوون و پاش و پێش و بەرزیی و نزمییان نەبوو، دەگوترێ: (**ثَغرٌ مُرَتَّل**)، یان زارێکی ڕێك، یاخود زارو ددانێکی ڕێك، هەروەها دەگوترێ: (**رَتَّلَ الكَلامَ أي جَوَّدَ تِلاوَتَهُ**)، واتە: جوانی خوێند، قسەکەی جوان کردو بە ڕێکیی کردی، کەواتە: ﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾، واتە: قورئان بە ڕێك و پێکیی بخوێنەوە، بابزانین زانایان چۆنیان ئەم ڕستە موبارەکە ڕوون کردۆتەوە؟:

١- (**الطبري**) دەڵێ: (**بَيِّنِ القُرآنَ إذَا قَرَأتَهُ تَبييناً، وَتَرَسَّلْ فِيهِ تَرَسُّلاً**)، کاتێك قورئانت خوێند بە چاکیی ڕوونی بکەوەو، بەشێنەیی و بە کاوەخۆ بیخوێنە، بە پەلە پرووزە نا.

٢- دیسان (**الطبري**) لە حەسەنی بەسرایییەوە بە ژمارە (٣٥٢٧٨) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: ﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾، (**إقرَأهُ قِراءَةً بَيِّنَةً**)، بیخوێنەوە بە خوێندنەوەیەکی ڕوون {کە پیت و وشەکان هەر کامیان مافی خۆی پێ بدرێ}.

٣- هەروەها (**الطبري**) لە موجاهیدەوە ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ، بە ژمارە (٣٥٢٨٠) هێناویەتی: ﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾، (**بَيِّنِ القُرآنَ تَبييناً بَعضَهُ عَلَى أَثَرِ بَعضٍ تُؤَدَةً**)، واتە: قورئانێ ڕوون بکەوە هەندێکی بە دوای هەندێکیدا بە شێنەیی و بە کاوەخۆ، نەك بە پەلە پەل.

شایانی باسە: ئێمە دوایی کورتە باسێکی باش لە بارەی قورئان خوێندنەوە دەکەین.

ئنجا خوا ﷻ حیکمەتی ئەوە کە بۆچی پێغەمبەری خوا ﷺ نیوەی، یان دوو لەسەر سێی، یاخود یەك لەسەر سێی شەو بێدار بێ و قورئان بە ڕێکیی بخوێنێ؟ ڕووندەکاتەوە:

٥)- ﴿ إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا ﴾، ئێمە لەمەودوا قسەیەکی قورس دەخەینە سەر تۆ، **(الطبري)** لە قەتادەوە بە ژمارە (٣٥٢٨٨) لە ڕوونکردنەوەی ﴿ قَوْلًا ثَقِيلًا ﴾ قسەیەکی قورسدا، دەڵێ: (**ثَقِيلٌ: وَاللهِ فَرَائِضُهُ وَحُدُودُهُ**)، سوێند بە خوا فەرزەکانی خواو سنوورەکانی خوا قورسن.

هەندێکی دیکە گوتوویانە: قورسیی فەرمایشتی خوا، مەبەست پێی مانا ڕواڵەتەکەشیەتی، وێڕای ئەوەی لە ڕووی نێوەڕۆك و مەعنەوییەوە قورسە، هەر لە کاتی دابەزینیشی دا قورس بووە، بۆ سەر پێغەمبەری خاتەم ﷺ وەك لەو کورتە باسەدا کە لە سوورەتی یونوس دا لە بارەی وەحییەوە کردمان، کە ئەویش لە ئەسڵدا لە مەوسووعەی: (**الإسلامُ كما يَتَجَلَّى في كِتاب الله**) لە بەرگی شەشەمی وەرمانگرتبوو و لە تەفسیری سوورەتی (یونس)دا پوختمان کردبۆوە، کۆمەڵێك فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ و، کۆمەڵێك دەقی سوننەتمان هێناون، بۆمان وێنا دەکەن، کە کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ وەحیی بۆ هاتوە، چەندە قورس بووە لەسەری! یەکێك لەوانە دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: - وەك لە (**صحيح البخاري و صحيح مسلم**)دا هاتوە - پێغەمبەری خوام دەبینی لە ڕۆژی ساردی زستاندا، کاتێك وەحیی بۆ دادەبەزی، زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی بە دەم و چاودا دەهات، وەك گەوهەرو مرواریی بوون، ئەو دڵۆپە ئارەقانەی پێیدا دەهاتن.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ کە پرسیاری لێکراوە چۆن وەحییت بۆ دێ؟ فەرموویەتی[1]: جاری وا هەیە فریشتەکە بۆم دەچێتە سەر شێوەی پیاوێك و وەحییم بۆ دەنێرێ، جاری واش هەیە لە شێوەی دەنگی زەنگوڵەدا بۆم دێ، {ئەو فریشتەیە دەنگە دەنگێکی دێتە گوێی پێغەمبەری خوا ﷺ وەك دەنگی

---

(١) {أَحْيَانًا يَأْتِينِي مِثْلَ صَلْصَلَةِ الجَرَسِ، وَهُوَ أَشَدُّهُ عَلَيَّ، فَيُفْصَمُ عَنِّي وَقَدْ وَعَيْتُ عَنْهُ مَا قَالَ، وَأَحْيَانًا يَتَمَثَّلُ لِي المَلَكُ رَجُلاً فَيُكَلِّمُنِي فَأَعِي مَا يَقُولُ، قَالَتْ عَائِشَةُ: وَلَقَدْ رَأَيْتُهُ يَنْزِلُ عَلَيْهِ الْوَحْيُ فِي الْيَوْمِ الشَّدِيدِ الْبَرْدِ فَيَفْصِمُ عَنْهُ، وَإِنَّ جَبِينَهُ لَيَتَفَصَّدُ عَرَقًا} (أخرجه مالك: ٤٧٥، وأحمد: ٢٥٢٩١، والبخاري: ٣٠٤٣، ومسلم: ٢٣٣٣).

زەنگوڵـە، یـان دەنگـی زەردەواڵـە، یـان دەنگـی هەنـگ}، دوایـی کۆتایـی دێ و مـن دەزانـم چـی گوتـراوە، {واتـە: خـوای پـەروەردگار لـە ڕێـی ئـەوەوە دەیخاتـە نێـو دڵـی}، ئـەو جۆرەیـان قورسـترینیەتی، جـاری واشـە فریشـتەکە بـۆم دەچێتـە سـەر شـێوەی پیاوێـك و تێدەگـەم چـی دەڵـێ، عائیشـە گوتوویـەتی: لـە ڕۆژی زۆر ساردا بینیومـە وەحیـی بـۆ هاتـوە، نێوچـەوانی ئارەقـەی دەرداوە.

هەروەهـا لـە دەقـی دیکـەی سـوننەتدا هاتـوە، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەگـەر سـواری حوشـتر بووبـێ جـاری وابـووە، حوشـترەکە یەکسـەر یـەخ بـووە، لەبـەر ئـەوەی پێغەمبـەر ﷺ لـەو حاڵەتـەدا زۆر قـورس بـووە، حوشـترەکەی یـەخ بـووەو سـینگی داداوەتـە سـەر زەوی.

لـە دەقێـکی دیکـەدا هاتـوە - لـە (**صحيح البخاري**)دا - زەیـد کـوڕی سـابیت خـوا لێـی ڕازی بـێ دەگێڕێتـەوە، کـە جارێـك پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەحیـی بـۆ هـات و ڕانی لەسـەر ڕانـم بـوو، گوتـم ئێسـتا ڕانـم ورد دەبـێ، ئەوەنـدە قـورس بـوو.

کـە دیـارە ئەمـە قورسـیی ڕواڵەتییـە کاتێـك وەحییەکـە دابەزیـوە، قورسـیی مەعنەوییـشی ئەوەیـە، کـە پەیامەکـە بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ هاتـوە، جێبەجێکردنی فـەرزەکانی و سـنوورەکانی و ئەرکـەکانی، پێویسـتییان بـە مانـدوو بـوون دەکات، پێویسـتییان بـە خوێـن و ئارەقـە دەکات، بـە کـۆچ و کۆچبـار دەکات، بـە قسـە پێگوتـران دەکات، بـە نارەحەتیـی تەحەممـول کـردن دەکات، کەواتـە: حیکمەتێـکی ئـەوە کـە خـوا ﷻ فەرمـانی بـە پێغەمبەرەکـەی ﷺ کـردوە شـەوبێداربێ و شـەونوێژ بـکات و قورئـان بـە ڕێکیـی بخوێنـێ، ئەوەیـە کـە ئامـادە بـێ بـۆ وەرگرتنـی ئـەو فەرمایشـتە قورسـەی دەخرێتـە سـەر شـانی و، ئـەو ئەرکـە قورسـەی پێـی دەسـپێردرێ، چونکـە کەسـێك بیـەوێ کۆڵێـکی قـورس بخاتـە سـەر شـانی خـۆی، دەبـێ بـاش خـۆی بـۆ ئامـادە بـکات و مەشـق و پرۆڤـەی بـاش بـکات، بـۆ ئـەوەی جەسـتەی بەهێـز بـێ و بـۆی هەڵبگیـرێ.

ئنجا خوا ﷻ حیکمەتی ئەنجامدانی شەونوێژ ڕوووندەکاتەوەو دەفەرموێ:

٦)- ﴿ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ هِيَ أَشَدُّ وَطۡـٔٗا وَأَقۡوَمُ قِيلًا ﴾، بە دڵنیایی خواپەرستییەك كە لە شەودا ئەنجام دەدرێ، كاریگەریی زیاترە (لەسەر دڵ و دەروون) و بێژرانەكەی ڕێكترە.

وشەی ﴿ نَاشِئَةَ ﴾، زانایان بە سێ واتا لێكیان داوەتەوە:

یەكەم: ئەو خوا پەرستییەی بە شەو ئەنجام دەدرێ.

دووەم: كاتەكانی شەو كە خواپەرستییان تێدا دەكرێ.

سێیەم: ئەو كەسەی بە شەو هەڵدەستێتەوەو جێگایەكەی بەجێ دەهێڵێ.

بەڵام واپێدەچێ مانای یەكەمیان گونجاوتر بێ، ئەگەرنا هەر سێ مانایەكە لە خودی خۆیاندا ڕاستن، بەڵام ئەوەی یەكەمیان زیاتر لەگەڵ ئەوەدا كە دوایی دێ، دەگونجێ كە دەفەرموێ: ﴿ هِيَ أَشَدُّ وَطۡـٔٗا وَأَقۡوَمُ قِيلًا ﴾، واتە: ئەو خوا پەرستییەی لەشەودا دەكرێ، هەم كاریگەریی زیاترەو، هەم ئەو قسانەش كە تێیدا دەكرێن، وشەكان كە تێیدا دەگوترێن، ئایەتەكان كە دەخوێندرێنەوە، ڕێكترو ڕاستتر دیارن.

بەڵام ئەوەش هەر گونجاوە كە بگوترێ: ﴿ نَاشِئَةَ ﴾، مەبەست پێی كاتەكانە، واتە: كاتەكانی شەو، ئەو خوا پەرستییەی تێیاندا دەكرێ، كاریگەریی زیاترەو، ئەو قورئانەی تێیاندا دەخوێنرێ و بێژرانەكەی ڕێكترە.

هەروەها ئەگەر بشگوترێ: ﴿ نَاشِئَةَ ﴾، واتە: (**النَّفسُ الَّتي تَنهَضُ فِي اللَّيْلَ**)، ئەو كەسەی بە شەو هەڵدەستێ خوا پەرستیی دەكات، خوا پەرستییەكەی و قورئان خوێندنەكەی، كاریگەریی لەسەر دڵی زیاترەو قورئانەكەش كە دەیخوێنێ ڕێكترە، هەر گونجاون.

وشەی ﴿ وَطۡـٔٗا ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**وِطاءً**) بە هەردوو جۆر خوێندراوەتەوە، ﴿ وَطۡـٔٗا ﴾، لە (**وَطِأَ، يَطَأُ**)، واتە: پێی لەسەر دانا، پێی لەسەر دادەنێ، دوایی

(وَطْء) بۆ کاریگەریی دانان لەسەر هەر شتێك بەکارهاتوە، (وَطْأً أَي: ثِقَلاً)، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: {اللَّهُمَّ اشْدُدْ وَطْأَتَكَ عَلَى مُضَرَ}، (أخرجه البخاري: ٧٧١، ومسلم: ٦٧٥)، واتە: ئەی خوایە! زەبری خۆت لەسەر موزەڕ (قوڕەیش) توند بکە.

بەڵام (وِطاءً: يَعنِي مُوَافَقَةً)، واتە: ئەو قسەیەی بە زار دەگوترێ، زیاتر لەگەڵ دڵدا دێتەوەو پێکەڵپێك دەبن و پێکەوە گونجاو دەبن لە شەودا، کە دنیا بێ هەست و کش و ماتە.

لە بارەی ﴿نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ﴾ەوە، (الطبري) بە ژمارە (٣٥٢٩٩) لە موجاهیدەوە هێناویەتی، دەڵێ: (كُلُّ شَيءٍ بَعدَ العِشاءِ فهُوَ ناشِئَةٌ)، هەر شتێك لە دوای نوێژی خەوتنان پێی دەگوترێ: (ناشِئَةٌ)، هەم نەفسی مرۆڤەکە کە هەڵدەستێتەوە، هەم کاتەکە، هەم خواپەرستییەکەی تێیدا ئەنجام دەدرێ.

هەر (الطبري) لە ئیبنو زەیدەوە بە ژمارە (٣٥٣٠٠) هێناویەتی، لە بارەی (ناشِئَةٌ)ەوە دەڵێ: (أَيُّ ساعَةٍ مِنَ اللَّيلِ قامَ، فَقَد نَشَأَ)، هەر کاتێك لە شەودا هەڵسێتەوە، پێی دەگوترێ: (نَشَأَ).

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿أَشَدُّ وَطۡـًٔا﴾، ئەگەر (وَطْأً) بێ، واتە: (أَشَدُّ ثِقَلاً) قورسترە، یان (تَأْثِيراً) کاریگەرترە، بەڵام ئەگەر (وِطاءً) بێ، یانی: (مُوَافَقَةً) یانی: گونجاوترە، ئەو خوا پەرستییەی بەشەو دەکرێ، گونجاوترە بۆ نێوان ڕووح و جەستەو پێکەوە گونجاوییان.

﴿وَأَقۡوَمُ قِيلًا﴾، بێژرانەکەشی ڕێکترە، یەکێك لە زانایان دەڵێ: (أَثْبَتُ فِي القَلبِ وَأَصوَبُ قِراءَةً)، لە دڵدا چەسپاوترەو لە خوێندنەوەشدا ڕاسترو ڕێکترە، موجاهید کە (الطبرى) بە ژمارە (٣٥٣٢١)ەوە، لێی هێناوە، دەڵێ: (أَجدَرُ أَن تُواطِئَ سَمعَكَ وَقَلبَكَ)، واتە: (ئەو شەونوێژەی لە شەودا دەکرێ و، ئەو قورئانەی لە شەودا دەخوێنرێ و، ئەو خواپەرستییەی لە شەودا دەکرێ)، شایستەترە بەوەی دڵ و

گوێت یەك بن، یانی: ئەو قسەیەی دەكرێ هەم گوێت چاك وەری بگرێ، هەم لە دڵیشتدا باش بچەسپێ.

٧)- ﴿ إِنَّ لَكَ فِي ٱلنَّهَارِ سَبۡحًا طَوِيلًا ﴾، بە دڵنیایی بۆ تۆ لە ڕۆژدا هەیە، جم و جۆڵێكی درێژ، (سَبح) لە ئەسڵدا بە مانای ڕۆیشتنە بەنێو هەوادا، یان بەنێو ئاودا، بەنێو ئاودا پێی دەگوترێ: مەلەو، بەنێو هەوادا پێی دەگوترێ: فڕین، بەڵام دوایی بۆ هەر جۆرە جم و جۆڵێك بەكارهێنراوە، بۆیە زانایان گوتوویانە: ﴿ إِنَّ لَكَ فِي ٱلنَّهَارِ سَبۡحًا طَوِيلًا ﴾، (**أي فَراغاً طَويلاً تَتَقَلَّبُ فِيهِ**)، بۆشایی و كاتێكی زۆرت هەیە كە تێیدا هەڵس و كەوت بكەی، وشەی ﴿ سَبۡحًا ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**سَبْخاً**)، (**أي: سَعَةً لِقَضَاءِ حَوائِجِكَ**)، فراوانیی بۆ جێبەجێ كردنی كارەكانت، كەواتە: (**سَبْخ**) بە مانای فراوانیی دێ و، (**سَبْح**) بە مانای هاتن و چوون دێ، واتە: لە ڕۆژگاردا فراوانیی بۆ تۆ هەیە، ئەگەر بە (**سَبخاً**) بخوێندرێتەوە، یانی: مەوداو دەرفەتێكی درێژت بۆ هاتن و چوون و كردنی، كاروبارەكانت و هەڵسوكەوتی نێو خەڵك هەیە، ئەگەر (**سَبْحاً**)ش بێ، واتە: لە ڕۆژێدا بۆشاییەكی زۆرت هەیە، هاتن و چوونێكی باش هەیە، كە بێی و بچی و، شەوەكە تەرخان بكەی بۆ خواپەرستیی.

دوایی خوا ﷻ ئەركێكی دیكەی زۆر گەورەو گرنگ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەسپێرێ:

٨)- ﴿ وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلۡ إِلَيۡهِ تَبۡتِيلًا ﴾، ناوی پەروەردگاریشت بێنە (باس بكە) و بە خۆ دابڕینێكی باش خۆت بۆ لای خوا دابڕە، (**أي: انقَطِع إلَيهِ انقطاعاً**)، خۆت دابڕە بە لای خوادا بۆ خواپەرستیی و خۆی بۆ یەكلایی بكەوە، بە یەكلایی كردنەوەیەكی باش، وەك بە دایكمان مەریەم دایكی عیسا خوا لێی ڕازی بێ و سەلامی خوا لەسەر عیسا بێ، گوتراوە: (**مَريَمُ البَتُول، البَتُولُ: المُنقَطِعَةُ إلَى الله**)، ئافرەتێك كە خۆی دابڕیوە بۆ لای خوا، وازی لە هاوسەرگیریی و خۆشییەكانی ژیانی دنیا هێناوە (یانی: خۆشییە جەستەییەكان).

قەتادە وەك (**الطبري**) بە ژمارە (**٣٥٣٤٧**) لێیەوە وەرگرتووە، ﴿ وَتَبَتَّلۡ إِلَيۡهِ تَبۡتِيلًا ﴾ی ئاوا لێكداوەتەوە: (**أَخْلِص لَهُ العِبَادَةَ وَالدَّعوَةَ**)، هەم پەرستنت، هەم بانگەوازت بۆ خوا ساغ بكەوەو بەشی كەسی پێوە مەهێڵە.

٩)- ﴿رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ﴾، پەروەردگاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، خوێندراوەتەوەش: (رَبِّ المَشرِقِ وَالمَغرِبِ)، واتە: پەروەردگاری خودی ڕۆژهەڵات و خودی ڕۆژئاوا، یاخود: پەروەردگاری خەڵکێك کە لە ڕۆژهەڵاتی زەویین و، خەڵکێك کە لە ڕۆژئاوای زەویین.

١٠)- ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، بێجگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە، هیچ پەرستراوێك کە شایستەی پەرستران بێ نیە، ئەگەرنا پەرستراوی پووچ و ساختە زۆرن.

١١)- ﴿فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا﴾، کەواتە: تەنیا ئەو بەکار پێ سپێردراو بگرە، تەنیا خوا ﷻ بە کارپێسپێردراوی خۆت و سەرپەرشتیاری خۆت بگرەو، کاروباری خۆت هەمووی بەو بسپێرەو، بەس پشت بەو ببەستە.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکـردن بـە پێغەمبـەر ﷺ کـە لەسـەر قسـەو قاڵـی بێبڕوایـان خۆڕاگـر بـێ و، دوورییـان لـێ بگـرێ بـە شـێوەیەکی جـوان و، بـە درۆ دانـەرانی خۆشـگوزەران بـۆ خوا لێبگـەڕێ و کەمێـك مۆڵەتیـان بـدات و، دڵنیـا بـێ کـە خـوا کـۆت و زنجیـرو ئاگـری بڵێسـەدراو خـواردنی گەرووگیـرو ئـازاری بـە ئێـش و ژانی لەلایـەو، ڕۆژی دواییـش زەویـی و چیایـەکان دەهەژێـن و چیایـەکان دەبنـە لمـی هەڵـڕژاو:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ۝١٠ وَذَرۡنِي وَٱلۡمُكَذِّبِينَ أُوْلِي ٱلنَّعۡمَةِ وَمَهِّلۡهُمۡ قَلِيلًا ۝١١ إِنَّ لَدَيۡنَآ أَنكَالٗا وَجَحِيمٗا ۝١٢ وَطَعَامٗا ذَا غُصَّةٖ وَعَذَابًا أَلِيمٗا ۝١٣ يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ وَكَانَتِ ٱلۡجِبَالُ كَثِيبٗا مَّهِيلًا ۝١٤﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾، خۆشت ڕابگرە لەسەر ئەوەی دەیڵێن، یەکێکی دیکە لەو ئەرکانەی خوا بە پێغەمبەریان دەسپێرێ، ئەوەیە کە دەفەرموێ: ﴿وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾، لەسەر ئەوەی دەیڵێن خۆڕاگربە، بەدڵنیایی ڕاناوی شێرراوەی: ﴿يَقُولُونَ﴾، بۆ بێبڕوایان و ناحەزانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەچێتەوە، واتە: ئەوەی ناحەزانت دەیڵێن، خۆڕاگربە لە بەرانبەریداو پاشەکشە مەکە لە ڕێبازی خۆت، لە گەیاندنی پەیامی خوای پەروەردگار.

٢)- ﴿وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا﴾، بەشێوەیەکی جوانیش دوورییان لێبگرە، **(هجر)** بریتیە لە دووریی گرتن، کۆچکردن و دوور کەوتنەوە لە شتێك، کە پێشتر لێی نیزیك بووە، کەواتە: ﴿وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا﴾، واتە: دوورییان لێبگرە، بەدڵنیایی مەبەست لە دووریی گرتن لێرەدا، دووریی گرتنی جەستەیی نیە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێنەکراوە کە هەر لە سەرەتاوە لە مەککە کۆچ بکات، بەڵکو مەبەست دووریی گرتنی مەعنەوییە، واتە: زۆر لەگەڵیان پێوە مەچۆ، هەروەها مەبەست لە واز لێهێنانێکی جوان

(**هجراً جميلاً**)، دیسان ئەوە نیە کە بانگیان نەکات بۆ لای خواو، پەیامی خوایان پێ نەگەیەنێ و، وتووێژیان لەگەڵدا نەکات، بەڵکو یانی: شەڕە قسەیان لەگەڵدا مەککەو، وەك شێوازی بێ نەزاکەت و ناشیرینی ئەوان لە خۆت مەوەشێنەوەو، واز لە تەعبیرو وشە نارێکەکانیان، بهێنە، کە هەر شایستەی خۆیانن و وەك ئەوان مەکە.

لێرەدا (**الطبري**) لە قەتادەوە بە ژمارە (**٣٥٣٥١**) دەقێك دێنێ، بە چاکم زانی ئاماژەیەکی پێ بکەم، قەتادە ڕەحمەتی خوای لێبێ گوتوویەتی:

(**بَرَاءَة نَسَخَت ما ها هُنا وأُمِرَ بِقِتالِهِم، حَتَّى يَشهَدُوا أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ الله، وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ الله، لا يُقبَلُ مِنهُم غَيرُهَا**)، واتە: سوورەتی بەڕائە ئەمەی نەسخ کردۆتەوەو، فەرمانی پێکراوە (لە سوورەتی بەڕائەدا) بە جەنگان لە دژیان هەتا شایەتمان دێنن، بەوەی جگە لە خوا هیچ پەرستراوێك نیەو، بەوەش کە موحەممەد ڕەوانەکراوی خوایە، جگە لەوەیان لێ وەرناگیرێ.

دەڵێم: ئێمە لە تەفسیری سوورەتی بەڕائە (**التوبة**)دا باسمان کرد، کە زۆرێك لە زانایان بۆ لابەر (**ناسخ**) ئاماژە دەکەن بە ئایەتی ژمارە پێنجی سوورەتی (**التوبة**) لەوێ کورتە باسێکمان لەو بارەوە کردوە، کە بە ناهەق ناویان لەو ئایەتە ناوە: ئایەتی شمشێر (**آيَةُ السَّيف**) لە کاتێکدا وشەی (**سَيف**) لە قورئاندا هەر نەهاتوە، وشەی (**أَسلِحَة**) هاتوە، بەڵام وشەی (**سَيف**) لە قورئاندا نەهاتوە، ئایەتی ژمارە پێنجیش لەوێ قسەمان لێکردوە، کە لەڕاستییدا هیچ پەیوەندیی نیە بە نەسخکردنەوەو لابردنی ئەم ئایەتەو هەموو ئەو ئایەتانەی دیکەوە، کە باسی چاوپۆشییکردن و لێبوردن و واز لێ هێنان و مۆڵەت دان، ئەوانە دەکەن! چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هەر بەردەوام بووە، لە مەککەش و لە مەدینەش لەسەر واز لێهێنانی قسەی نارێك و ڕووبەڕوو نەبوونەوە، لەگەڵ خەڵکدا بە شێوازێك کە شایستەی پێغەمبەری خاتەم نیە ﷺ، بەردەوام پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ دەغەڵ و مونافیقەکان و، لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکان و، لەگەڵ هاوبەش

بـۆ خـوا دانـەران و، لەگـەڵ مسـوڵمانانی لاریشـدا، هـەر بـەو شـێوەیە مامەڵـەی کـردوە: بـەردەوام چاوپۆشـیی کـردوەو، بـە سینگ فراوانیـی و ڕەوشـتبەرزیی هەڵـس و کـەوتی کـردوە، کەواتـە: ماقـووڵ نیـە بگوتـرێ: ئایـەتی ژمـارە پێنجـی سـوورەتی (التوبـة) هەرچـی ئایەتـەکانی دیکـە، کـە فەرمـان دەکـەن بـە ڕەوشـت جوانیـی و، لێبوردەیـی و، سـنگ فراوانیـی و، ڕەحـم و بەزەیـی و، نـەرم و نیانیـی، هەموویـانی نەسـخ کردوونـەوە، چونکـە ئـەوە شـتێکی ڕیشـەدارە لـە پێغەمبـەری خاتەمـدا ﷺ و، لـە هـەر مسـوڵمانێکدا کـە شـوێنی ئـەو دەکـەوێ، کـە هـەر دەبـێ ڕازاوە بـێ بـە ڕەوشـتی جـوان و، سـینگ فراوانیـی و میهرەبانیـی و لێبوردەیـی و چاوپۆشـیی[1].

٣)- ﴿ وَذَرۡنِي وَٱلۡمُكَذِّبِينَ أُوْلِي ٱلنَّعۡمَةِ ﴾، لە منیش و لە بە درۆ دانەرە خاوەن نازو نیعمەتەکان بگەڕێ.

٤)- ﴿ وَمَهِّلۡهُمۡ قَلِيلًا ﴾، کەمێك مۆڵەتیان بدە، لە من و لەوان بگەڕێ، یانی: ئەوان بۆ من لێگەڕێ، ئەوان بۆ من واز لێ بێنە، ﴿ وَٱلۡمُكَذِّبِينَ أُوْلِي ٱلنَّعۡمَةِ ﴾، بە درۆ دانەرە خاوەن نازو نیعمەتەکان، (نِعمة)، یانی: چاکە، بەڵام (نَعمَة) و (تَنَعُّم) یانی: خۆشگوزەرانیی و خۆشڕابواردن، بۆیە زانایان گوتوویانە: ﴿ أُوْلِي ٱلنَّعۡمَةِ ﴾، یانی: (أَهْلُ التَّنَعُّمِ)، ئەوانەی خۆش ڕادەبوێرن و خۆشگوزەرانن، هەڵبەتە بە زۆریی ئەوانە بە ماڵی حەڕام لەسەر حیسابی خەڵك خۆش ڕادەبوێرن و خۆشگوزەرانن، ﴿ وَمَهِّلۡهُمۡ قَلِيلًا ﴾، ئەمە دوو واتای هەن:

أ- کەمێك دوایان بخە بۆ ئەو سزاو ئازارەی بۆم ئامادە کردوون، هەتا دەگەنە کاتی خۆی، واتە: لێیانگەڕێ تاکو ڕۆژی دوایی، یان تاکو مەرگیان دێ و لە قۆناغی بەرزەخدا دەکەونە نێو سزاو مەینەتیی و ئازارو ئەشکەنجەوە..

---

(١) لـە پێشـەکی گشـتیی ئـەم تەفسـیرەدا، کـە لـە چاپـی دووەمیـدا لـە بەرگـی یەکـەم دا دەڵـی و، بـە جیـاش لـە کتێبـی (قورئانـی مـەزن) و لـە کتێبـی: [هیـچ ئایەتێکـی مەنسـووخی لـە قورئانـدا نیـە] دا بەدرێژیـی باسـی نەبوونـی هیـچ ئایەتێکـی مەنسـوخم لەقورئانـدا کـردووە.

ب- کەمێك مۆڵەتیان بدە، هەتا ئەم قۆناغی مەککە بەسەر دەچێ و قۆناغێکی دیکە، کە گواستنەوەو کۆچ کردنە لە مەککەوە بۆ مەدینە، دێتە پێشێ و ئیسلام قەوارەی سیاسیی پەیدادەبێ و، فەرمان بە مسوڵمانان دەکات بەرگریی لەو قەوارەیەی خۆیان بکەن بە هێزو چەك، ئەو کاتە ئەو زلە زلانەی تۆ ئەزیەت دەدەن و نارەحەتت دەکەن، بە سزای خۆیان دەگەن، لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەهلی ئیمان لەگەڵ ئەهلی کوفردا، وەك لە جەنگی بەدردا ڕوویدا.

٥)- ﴿ إِنَّ لَدَيْنَآ أَنكَالًا وَجَحِيمًا ﴾، بە دڵنیایی ئێمە کۆت و پێوەندەکان و بڵێسەی ئاگرمان لەلایە، ﴿ أَنكَالًا ﴾، **(أنكال)** کۆی **(نِكل)**ە، کە بە مانای کۆت و زنجیرە، ئەوەی لە پێی ئاژەڵ دەکرێ، **(نِكل)** بەوە دەگوترێ، ئەو زنجیرو کۆت و پێوەندەی لە پێی ئاژەڵ دەکرێ، بۆ ئەوەی تەکان نەدات و نەجووڵێ و نەڕوات، **(جَحِيم)** واتە: بڵێسە سەوزەکەی ئاگر، بڵێسەی ئاگرمان لەلایە.

٦)- ﴿ وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ ﴾، خواردنێکی خاوەنگیر، **(يَعنِي طَعاماً يُغَصُّ بِهِ آكِلُهُ)**، خواردنێك بخۆرەکەی لە قوڕگی دەگیرێ و گەرووگیرە، ئیبنو عەبباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ، وەك **(الطبری)** بە ژمارە **(٣٥٣٦٦)** لێوەی هێناوە، دەڵێ: **(شَوكٌ يأْخُذُ بِالحَلقِ فَلا يَدخُلُ وَلا يَخرُجُ)**، دڕکێکە لە قوڕگ دەگیرێ، نە دەچێتە خوارو نە دێتەوە دەرێش، واتە: ئێمە کۆت و پێوەندەکانمان لە لان و، بڵێسەی ئاگرمان لە لایەو، خواردنێکی گەرووگیرمان لە لایە.

٧)- ﴿ وَعَذَابًا أَلِيمًا ﴾، هەروەها ئازارێکی بە ئێش و ژانیشمان لە لایە، کەواتە: هەڵیانگرە بۆ ئەو کات و ئەو کاتە تووشی دەردی خۆیان دێن.

ئنجا ئایا ئەو زارو ئازارە، ئەو کۆت و زنجیرو بڵێسەی ئاگرو خواردنی گەرووگیرو ئازارە بە ئێشە کەنگێیە؟.

٨)- ﴿ يَوْمَ تَرْجُفُ ٱلْأَرْضُ وَٱلْجِبَالُ ﴾، ئەو ڕۆژە (واتە: لە دوای ئەو ڕۆژەوە) دێ، کە زەویی و چیایەکان دەلەرزنەوە، دەهەژێن.

٩)- ﴿وَكَانَتِ ٱلْجِبَالُ كَثِيبًا مَّهِيلًا﴾، چیایەکانیش دەبن بە کۆ لمی هەڵڕژاو، (**كثيباً: رَملاً سائِلاً مُتَناثِراً**)، لمێکی شلی ڕژاو، لم ئەگەر زۆر ورد بێ، کە چەنگی تێهەڵدەدەی لەنێو پەنجەکانت دێتە خوارێ، یاخود ئەگەر هەندێکی لێبگری، ئەوەی دیکە بەدوایدا دێ، (**مَهيل**) لەوەوە هاتوە، کە ئەگەر هەندێکی لێوەربگری، ئەوی دیکە بەدوایدا دێ، چونکە خۆی ناگرێ: (**عَنِ ابنِ عَبَّاسٍ** ﷺ (**الكَثِيبُ المَهِيل**): **اللَّيِّنُ الَّذِي إذا مَسِستَهُ تَتَابَعَ وَيَنْهَالُ**)، واتە: (**الكَثِيبُ المَهِيل**) یانی: کۆمەڵە لمێکی نەرمی وا کاتێك تۆ دەستی بگەیەنیە، بە دوای یەکدا دێ، (**يَنهال**) واتە: بە دوای یەکدا دەڕووخێ و دەڕمێ، چیایەکانیش ئاوایان لێ دێ، کە ئەوەش یەکێکە لە دیمەنەکانی ڕۆژی ئاخیر زەمان، واتە: قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی، کە لە دوای فووی یەکەم کردن بە کەڕەنادا دێتە دی، دواییش فووی دووەمی پێدا دەکرێ و قیامەت دێ، ئنجا ئەو سزاو ئازارانە لەوێ هەن، دەشگونجێ مەبەست پێی ئەوەبێ کە ڕۆژی دوایی ئەوەی تێدا دەقەومێ، بەڵام ئەوانە هەر لەگەڵ مردن، لە قۆناغی بەرزەخ دا ئەو سزاو ئازارانەیان هەن.

کورتە باسێک لە بارەی

ئەدەبەکانــی قورئانخوێنــدن و، پێناســـە و حوکــم و گرنگــی و پلــەکان و چۆنییەتــی قورئــان خوێندنــەوە و ئەدەبەکانــی قورئــان خوێندنــەوە

تەوەرەی یەکەم:

برگەی یەکەم: نیەتی خۆ ساغکردنەوە:

یەکێك لـە ئەدەبـەکانی قورئانخوێنـدن، بریتیـە لـە ساغکردنەوەی نیازو مەبەست لــە کاتی قورئانخوێنــدن دا، کــە مــرۆڤ تەنیــا وەك پەرستشــێك بــۆ خــوا ئەنجامــی بــدات.

بەڵــێ: یەکەمیـن و بناغـەی ئـەدەب و ڕەوشـتە بـەرزەکانی قورئانخوێنـدن، ئەوەیـە کـە مـرۆڤ دڵـی خـۆی سـاغ و صـاف بکاتـەوەو، هیـچ هانـدەرو پاڵنەرێـکی نەبـێ بـۆ ئـەو قورئانخوێندنـە، ئـەوە نەبـێ کـە خـوا لێـی ڕازی بـێ، کە ئـەوە فەرمایشـتی خوایە دایبەزانـدوە، هـەر خـودی خوێندنەوەکـەی، خـوا پەرسـتییەو چاوەڕێـی پاداشـتی لـە بەرانبـەردا دەکـرێ.

لەوبـارەوە ئـەو فەرمایشـتەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دێنیـن: {عَـنْ جَابـِرِ بْـنِ عَبْـدِ اللـهِ رَضِيَ اللـهُ عَنْهُـمَا، قَـالَ: دَخَـلَ النَّبـِيُّ ﷺ المسْـجِدَ، فـإِذَا فِيـهِ قَـومٌ يَقـرَؤُونَ القُـرآنَ، قَـالَ: اقْـرَؤُوا القُـرآنَ، وابْتَغـوا بـه اللـهَ، مِـنْ قَبـلِ أنْ يَـأتِيَ قَـومٌ يُقِيمُونَـه إقَامَـةَ القِـدْحِ، يتَعَجَّلونـه، وَلاَ يَتَأَجَّلُونَـهُ}، (أخرجـه أحمـد: ١٤٨٥٥، وأبـو يعـلى: ٢١٩٧، والبيهقـي في شـعب الإيمـان: ٢٦٤٣، ٢٦٤٤)، واتـە: جابیـری کـوڕی عەبدوڵـڵا (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ)، دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ ڕۆژێـك چـووە مزگـەوت، کۆمەڵێـك

قورئانیـان دەخوێنـد، فەرمـووی: قورئـان بخوێنـن و خـوا (عَـزَّ وَجَـلَّ)ی پـێ بخـوازن، {رەزامەندیـی خـواو پاداشـتی خـوای پـێ بخـوازن}، بـەر لـەوەی کۆمەڵێـك بێـن وەك پەلیـك ڕاسـتی دەکـەن، بـەڵام پەلـەی پێدەکـەن و، چاوەڕێـی پاداشـتەکەی لـە ڕۆژی دوایـی دا ناکـەن.

بڕگەی دووەم: خوێندنی بە تێوەڕامان و تێگەیشتنەوە:

ئەدەبێـکی دیکـەی قورئانخوێنـدن، ئەوەیە کە بابـای قورئانخوێن بە تێگەیشـتنەوەو بـە تێڕامانـەوە بیخوێنێتـەوە، بـۆ ئەوەی لـە یەك کاتـدا دوو بەهـرەی لێوەربگرێ:

أ- لێتێگەیشتنی قورئان، کە ئەوە گەورەترین ئامانج و مەبەستە لە ژیانی دنیاداو هۆکاری کارپێکردن و جێبەجێکردنی قورئانیشە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.

ب- پاداشت وەرگرتنەوە لە ڕۆژی دوایی دا، کەواتە: مەسەلە بەس خوێندنی قورئان نیە، بەڵکو دەبێ بە ڕێکیی و بە شێنەیی و بە تێوەڕامان و بیرکردنەوەوە بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو دوو ئامانجە بپێکێ: هەم لێی تێبگات و لێی بەهرەمەند بێ، کە لە ڕاستییدا قورئان بۆ لێتێگەیشتن و لێ بەهرەمەند بوون، دابەزێنراوە: ﴿كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٩﴾﴾ص، هەروەها بۆ ئەوەی پاداشتەکەشی دەستبکەوێ، چونکە بە ئەندازەی ئەوەی مرۆڤ لە قورئان بەهرەمەند دەبێ و، لێی تێدەگات و چاکی دەخوێنێ بە خشووعەوەو بە ئەدەبەوە، پاداشتیشی دەبێ، لەو بارەوەش چەند دەقێك دێنین:

١)- {جَاءَ رَجُلٌ إِلَى عَبْدِ اللهِ بنِ مَسْعُودٍ ﷺ، فَقَالَ: إِنِّي لأَقْرَأُ الْمُفَصَّلَ فِي رَكْعَةٍ، فَقَالَ عَبْدُ اللهِ: هَذًّا كَهَذِّ الشِّعْرِ! إِنَّ أَقْوَامًا يَقْرَؤُونَ الْقُرْآنَ لا يُجَاوِزُ تَرَاقِيَهُمْ، وَلَكِنْ إِذَا وَقَعَ فِي الْقَلْبِ فَرَسَخَ فِيهِ، نَفَعَ}، (قَالَ عبدالله بن يوسف الجديع: أَثَرٌ صَحِيحٌ، أخرجه: البخاري ومسلم، والترمذي: ٦٠٢، والنسائي: ١٠٠٤).

واتـە: پیاوێـك هاتـە لای عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود ﷺ گـوتی: مـن هەمـوو موفەسسـەڵ لـە ڕکاتێکـدا دەخوێنـم (ئـەو سـوورەتانەی زوو زوو نێوانیـان دەکەوێتـێ،

کـە لـە سـوورەتی (ق)ەوە دەسـت پێدەکـەن، تاکـو سـوورەتی (النـاس))، عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود پێـی گـوت: گوتنێـك وەك گوتنـی شـیعر؟ کەسـانێك قوڕئـان دەخوێنـن لـە گەروویـان ئەودیـو نابـێ، {واتـە: تێکـەڵ بـە دڵ و دەروونیـان نابـێ، یاخـود تێکـەڵ بـە عەقـڵ و هۆشـیان نابـێ}، بـەڵام قوڕئـان ئەگـەر کەوتـە نێـو دڵ و چەسـپی، ئنجـا سـوود بـە خاوەنەکـەی (بـە خوێنەرەکـەی) دەگەیەنـێ.

٢)- {قَالَ أَبُو جَمْرة: قُلْتُ لابْن عَبَّاسٍ: «إِنِّي رَجُلٌ سَرِيْعٌ القِرَاءَةِ، وَرُبَّمَا قَرَأْتُ القُرْآنَ فِي لَيْلَةٍ مَرَةً أو مَرَتَيْنِ»، فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: «لأن أَقْرَأَ بِسُورَةٍ وَاحِدَةٍ أَعْجَبَ إِلَيَّ مِنْ أنْ أَفْعَلَ ذَلِكَ الَّذِي تَفْعَلُ، فَإِن كُنْتَ فَاعِلاً وَلَا بُدَّ، فَاقْرَأْ قِرَاءَةً تُسْمِعُ أُذُنَيْكَ، وَيَعْيَهُ قَلْبُكَ} (أثر صحيح، أخرجه البيهقي في شعب الإيمان: ٢١٥٩).

واتـە: ئەبـوو جەمـرە - یەکێـك بـووە لـە زانایـان - دەڵـێ: بـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباسـم گـوت (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ)، مـن پیاوێکـم زۆر بـە خێرایـی دەخوێنـم، جـاری واهەیـە هەمـوو قوڕئـان لـە شـەوێکدا دەخوێنـم، بەڵکـو جـاری واهەیـە دوو جـارانی دەخوێنـم! عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ، گـوتی: ئەگـەر سـوورەتێك بخوێنـم بـە شـێنەیی پێـم باشـترە لـەوەی وەك تـۆ بکـەم، ئەگـەر هـەر واشـدەکەی بـە جۆرێـك قوڕئـان بخوێنـە کـە گوێیەکانـت ببیسـتن و دڵیشـت تێـی بـگات.

٣)- {عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرو بنِ العَاص رَضِيَ الله عَنْهُمَا: أَنَّهُ كَانَ يَخْتِمُ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ فَقَالَ لَهُ النَّبِيّ ﷺ: «اقْرَأ الْقُرْآنَ فِي كُلِّ شَهْرٍ، قَالَ: قُلْت: يَا نَبِيَّ اللَّهِ! إِنِّي أُطِيق أَفْضَلَ مِنْ ذلِكَ؟ قَالَ: فَاقْرَأه فِي كُلِّ عِشرِينَ قُلْت: يَا نبيَّ اللَّهِ! إِنِّي أُطِيق أَفْضَل مِنْ ذَلِكَ؟ قَالَ: فَاقْرَأْهُ فِي كُلِّ عَشْر، قُلْت: يَا نَبِيَّ اللَّهِ! إِنِّي أُطِيق أَفْضَلَ مِنْ ذلِكَ؟ قَالَ: فَاقْرَأه فِي كُلِّ سَبْعٍ، وَلاَ تَزِدْ عَلَى ذَلِكَ} (أخرجه البخاري: ٤٠٦٦، ٤٠٧٦٧، ومسلم: ١٠٥٩).

واتـە: لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەمـڕی کـوڕی عاصـەوە (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ) گێڕدراوەتـەوە، کـە لـە هەمـوو شـەواندا قوڕئـانی خەتـم کـردوە، (هەمـوو قوڕئـانی

خوێندوە)، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو: قورئان هەمووی لە ماوەی مانگێکدا بخوێنن، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! لەوە باشترم لە توانادا هەیە، فەرمووی: لە هەر بیست شەوێکدا (بیست ڕۆژ)دا هەموو قورئان بخوێنە، (واتە: هەر ڕۆژێ یان شەوێ جوزئو نیوێك)، گوتم ئەی پێغەمبەری خوا! لەوە باشترم لە توانادا هەیە، فەرمووی: لە هەر دە شەودا قورئان خەتم بکە، (واتە: هەر شەوو ڕۆژێ دە (١٠) جوزء)، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! لەوە زیاترم لە توانادا هەیە، فەرمووی: لە حەوت ڕۆژاندا هەموو قورئان بخوێنەو لەوە زیاد مەکە.

واتە: لەوە زیاتر مەخوێنە کە لە ماوەی حەفتەیەکدا تەواوی بکەی، واتە: هەر ڕۆژەی چوار جوزئو شتێك.

هەر لەو بارەوە ئەم دەقەش دێنین، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە عەبدوڵڵای کوڕی عەمڕی کوڕی عاصی هەر لەو بەسەرهاتەی پێشوودا فەرموو: (**لا يفقه القران مَن قرأه في أقلَّ من ثلاث**) هەر کەسێك لە ماوەی سێ شەو کەمتردا هەموو قورئان بخوێنێ، لێی تێناگات.

کەواتە: نابێ هەموو قورئان لە ماوەی سێ شەو کەمتردا بخوێنرێ، واتە: شەوو ڕۆژی دە(١٠) جوزء، لەوە زیاتر نابێ بخوێنرێ، چونکە پێغەمبەر دەفەرموێ ﷺ کەسێك لە شەوێك دا دە جوزئان زیاتر بخوێنێ، لێی تێناگات، کە لێی تێنەگەیشتی مانای وایە گەورەترین ئامانجی قورئان کە لێتێگەیشتنە، نایەتە دی.

بڕگەی سێیەم: دەبێ قورئان لە شوێنێکی بێدەنگ بخوێنرێ:

دەبێ شوێنی قورئان تێدا خوێندن، شوێنێك بێ ئارام بێ و هێمنیی تێدابێ و، ئەو شوێنانەی دەنگیان تێدا بەرز دەکرێتەوەو دەنگە دەنگ و گاڵە گاڵ دێ، قورئان نە خوێنرێ، لەو بارەشەوە ئەم دەقە دێنین:

{عَـن عَبْـدِ اللـهِ بْـنِ عُمَـرَ رَضِيَ اللـه عَنْهُـمَا: أَنَّ النَّبِـيَّ ﷺ اعْتَكَـفَ وَخَطَـبَ النَّـاسَ فَقَـالَ: أَمَـا إِنَّ أَحَدَكُـمْ إِذَا قَـامَ فِي الصَّلاَةِ ، فَإِنَّـهُ يُنَاجِـي رَبَّـهُ ، فَلْيَعْلَـمْ أَحَدُكُـمْ مَـا يُنَاجِـي

رَبَّهُ، وَلاَ يَجْهَرْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ بِالْقِرَاءَةِ فِي الصَّلاَةِ)، (حديث صحيح، أخرجه: أحمد: ٤٠٢٨، والطبراني في الكبير: ٣٥٧٢).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لە خۆی و باوکی ڕازی بێ) گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ چۆتە ئیعتیکافەوە، دوایی وتاری بۆ خەڵك داوەو فەرموویەتی: بزانن! یەکێك لە ئێوە کە هەڵدەستێ بۆ نوێژێ، پەروەردگاری دەدوێنێ، ئنجا با یەکێك لە ئێوە بزانێ ئەوەی پەروەردگاری پێ دەدوێنێ، چییە، (واتە: با هۆش و گۆش و دڵ ئامادەیی هەبێ، نەك هەر قسان ڕیز بکات)، با هیچ کامێکتان بەسەر ئەوی دیکەتان لە کاتی قورئان خوێندن و، لە کاتی نوێژدا دەنگ بەرز نەکاتەوە، کەواتە: قورئان دەبێ لە کەش و هەوایەکی هێمن و ئارام و کش و ماتدا بخوێنرێ، نەك لە شوێنێکدا کە دەنگە دەنگ و قەرەباڵغیی لێبێ، مەگەر بە ناچاریی بێ.

برگەی چوارەم: دەبێ مرۆڤ بەر لەوەی دەست بە قورئانخوێندن بکات، خۆی بۆ ئامادە بکات:

ئەدەبێکی دیکەی قورئانخوێندن، ئەوەیە کە مرۆڤ دڵی بێداربێ و عەقڵی هۆشیار بێ و، هیچ شتێکی نەبێ کە دڵ بێداریی و عەقڵ هۆشیارییەکەی لێ تێکبدات، وەك سەغڵەتیی بەهۆی میزو پیسایییەوە، یان کە خواردن داندرابێ و چاوەڕێی بکەن، یاخود هەر کارێکی دیکە کە سەرقاڵ و مەشغووڵی بکات، وا باشە کارەکەی بکات و دوایی بێتە سەر نوێژەکەی و سەر قورئانخوێندنەکەی، بۆیەش پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**لَا صَلاةَ بِحَضْرَةِ الطَّعَامِ، وَلَا هُوَ يُدَافِعُهُ الأَخْبَثَانِ**}، (**أخرجه مسلم: ٥٨٩**) کە مەبەست لە (**الأَخْبَثَان**) میزو پیسایین، واتە: نوێژ نابێ بکرێ لە کاتێکدا کە خواردن ئامادەیە، هەروەها لە کاتێکیشدا کە دوو شتە پیسەکان سەغڵەتی دەکەن.

برگەی پێنجەم: پێویستە قورئانخوێندنەکەی دەست پێبکات بە پەنا بە خوا گرتن، لە شەیتانی دوور خراوە لە بەزەیی خوا:

ئەوەش خوا ﷻ بە ڕوون و ڕاشکاویی لە سووڕەتی (النحل)، لە ئایەتی ژمارە (٩٨)دا دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْءَانَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ﴿٩٨﴾ ﴾النحل، هەر کاتێك قورئانت خوێند، پەنا بە خوا بگرە لە شەیتانی دوورخراوە لە بەزەیی خوا.

ئنجا ئێمە لە دوو کورتە خاڵدا، باسی (**إستِعاذَة**)، دەکەین:

یەکەم: حوکمی (إستِعاذَة)، واتە گوتنی: (**أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيم**)، دووەم: چۆنیەتیی و شێوازەکەی چۆنە؟.

خاڵی یەکەم: حوکمی گوتنی (**إستِعاذَة**)، لە لای زۆربەی هەرە زۆری زانایان شتێکی پەسندە، کە لە کاتی هەر قورئان خوێندنێك دا، چ لە نێو نوێژدا، چ لە دەرەوەی نوێژدا، (**إستِعاذَة**) بگوترێ: (**أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجِيم**)، چونکە هەم خوای بەرز فەرمانی پێکردووە، هەم لەبەر ئەوەش کە چەسپاوە پێغەمبەری خوا ﷺ بەر لەوەی قورئان لە نوێژێدا بخوێنێ (**أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجِيم**) ی فەرمووە، ئەوەش کۆمەڵێك لە هاوەڵان لێیان گێردراوەتەوە، لەوانە: (**أَبو سَعِيد الخُدري و عَبدُ الله ابنُ مَسعُود و جُبَيرُ بن مُطعِم و أَبُو أُمَامَةُ الباهِلي**)و جگە لەوانەش، کە (**إستعاذة**) کردن شتێکی پەسندە.

هەندێك لە زانایانیش گوتوویانە گوتنی: (**أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجِيم**) لە سەرەتای قورئانخوێندنەوە، فەرزە، بەڵام زۆربەی زانایان بە شتێکی پەسندیان داناوە.

خاڵی دووەم: چۆنیەتیی و شێوازی (**إستعاذة**) چۆنە؟

دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: (**الإستِعاذَةُ جائِزَةٌ بِكُلِّ ما تَحقَّقَ بِهِ امتِثالُ الأَمْر**[1])، پەنا بە خوا گرتن لە سەرەتای قورئان خوێندندا، بە هەر شێوەیەك

(١) ئەمە قسەی نوسەری کتێبەکەیە.

کـە فەرمانەکـەی پـێ جێبەجـێ بکـرێ، دروسـتە، بـەڵام ئـەوەی تێکـڕای قورئانخوێنـان لەسـەری ڕێککەوتـوون، لـە ڕووی ڕیوایەتـەوە، ئەوەیـە کـە بگوتـرێ: (**أَعُـوذُ بِاللـهِ مِـنَ الشَّـيطانِ الرَّجِيـم**)، پەنـا بـە خـوا دەگـرم لـە شـەیتانی دوور خـراوە، زۆربـەی هـەرە زۆری شـەرعزانانیش لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن.

بـەڵام ئایـا (**أَعُـوذُ بِاللـهِ مِـنَ الشَّـيطانِ الرَّجِيـم**) بـە دەنگـی بـەرز بگوتـرێ، یـان بـە دەنگـی نـزم؟ هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: ئەگـەر قورئانخوێندنەکـە بـە دەنگـی بەرزبـێ، دەبـێ ئەویـش بەدەنگـی بەرزبـێ، واتـە: ئەگـەر قورئانخوێندنەکـە کـە لـە نوێژدایـە بـە دەنگـی بـەرزە، یـان لـە دەرەوەی نوێـژ بـە دەنگـی بـەرزە، ئەویـش بـە دەنگـی بـەرز بـێ و، ئەگـەر بـە دەنگـی پەنهـان بـێ، ئەویـش بـە دەنگـی پەنهـان بـێ.

بڕگـەی شەشـەم: دەبـێ بابـای قورئانخوێـن لـە کاتی قورئـان خوێندنەکەیـدا دەنگـی خـۆی خـۆش و جـوان بـکات:

قورئانخوێـن دەبـێ ئەوەنـدەی بتوانـێ، دەنگـی خـۆی خـۆش بـکات بـەڵام بەبـێ زۆر لـە خـۆ کـردن، لـەو بـارەوەش ئێمـە سـێ دەقـان دێنیـن:

١)- {**عَنِ البَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ** ﵁، **قَالَ: قَالَ: رَسُوْل الله: زَيِّنوا الْقُرْآنَ بِأَصْوَاتِكُمْ، فَإِنَّ الصَّوْتَ الْحَسَنَ يَزِيدُ الْقُرْآنَ حُسْنًا**}، (**أخرجه أحمد: ج٤، ص٢٨٥،٢٨٣، والبخاري في أفعال العباد: ٢٥٠، ٢٥٤، ٢٥٦، وأبو داود: ١٤٦٦**) واتە: بەڕائی کوڕی عازیب ﵁ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: قورئان بە دەنگەکانتان جوان بکەن، {لە بێژەیەکی دیکەدا هاتوە قورئان بە دەنگەکانتان چاك بکەن}، چونکە دەنگی چاك و خۆش، جوانیی قورئان زیاد دەکات.

٢)- {**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ** ﵁، **أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللهِ** ﷺ: **لَمْ يَأْذَنِ اللهُ لِشَيْءٍ مَا أَذِنَ لِلنَّبِيِّ أَنْ يَتَغَنَّى بِالْقُرْآنِ**} (**أخرجه البخاري: ٤٧٣٥، ٤٧٣٦، ٧٠٤٤**) واتە: ئەبوو هورەیرە ﵁ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی خوا ﷻ گوێی نەگرتوە (گوێبیست نەبووە) بۆ هیچ شتێك وەك گوێبیستی پێغەمبەر ﷺ دەبێ کاتێك دەنگی بە قورئان دەلارێنێتەوەو بە دەنگی خۆش دەیخوێنێ.

٣)- {عَن أَبِي مُوسَى ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: لَوْ رَأَيْتَنِي وَأَنَا أَسْتَمِعُ قِرَاءَتَكَ الْبَارِحَةَ، لَقَدْ أُوتِيتَ مِزْمَارًا مِنْ مَزَامِيرِ آلِ دَاوُدَ}، (أخرجه البخاري: ٥٠٤٨، ومسلم: ٧٩٣)، واته: ئەبوو مووسا ﷺ گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووە: ئەگەر دەتبینیم دوێنێ شەو گوێم بۆ قورئانخوێندنەکەت گرتبوو، تۆ ئاوازێك لە ئاوازەکانی داوودت پێدراوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەنگی ئەبوو مووسای ئەشعەریی کە قورئانی خوێندوە، بە دەنگی خۆشی داوودی چواندوە، کاتێك کە میزمارەکانی خوێندوون، کاتێك زەبووری خوێندوە.

برگەی حەوتەم: دەبێ کەسێك کە قورئان دەخوێنێ، بە ملکەچانە بیخوێنێ، بەڵکو ئەگەر بگونجێ لەگەڵیشیدا بگری، بەڵام بەبێ زۆر لە خۆکردن و ڕووەڕبایسیی:

ئایا بەڵگە لەسەر ئەوە چییە؟ خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ ٱلْحَدِيثِ كِتَٰبًا مُّتَشَٰبِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٢٣﴾﴾الزمر، واتە: خوا باشترین فەرمایشتی دابەزاندوە، کتێبێکە وێکچوویە، دووبارەکراوەیە، ئەوانەی ترس و سامی پەروەوردگاریان هەیە، پێستیان مووچڕکەی پێدادێ، دوایی پێستیان و دڵیان نەرم دەبێ بۆ لای یادی خوا، ئەوە ئەو ڕێنماییەی خوایە، کە هەر کەسێکی بیەوێ پێی ڕاستە ڕێ دەکات و، هەر کەسێك خوا گومڕای بکات (لەبەر ئەوەی شایستەی گومڕاییە)، هیچ ڕێپێشاندەرو بە ئامانج گەیەنەرێکی نابێ.

هەروەها خوا ﷻ لە سوورەتی (الحدید)دا، دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ ...﴿١٦﴾﴾الحدید، واتە: ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە ئەوانەی بڕوادارن، دڵیان بۆ یادی خواو ئەو هەقەی دایبەزاندوە نەرم بێ و ترس و لەرزی تێدابێ و، ﴿وَلَا يَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلُ فَطَالَ

عَلَيْهِمُ ٱلْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَسِقُونَ ﴿١٦﴾ ﴾الحدید، وەك ئەوانە نەبن کە کتێبیان پێ درابوو، ماوەیەکی درێژیان بەسەردا چوو، دڵیان ڕەق بوو، زۆریشیان لاڕێ بوون؟

هەروەها لەو بارەوە با چەند دەقێکی سوننەتیش بێنین:

دەقی یەکەم: {عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ مَسْعُودٍ ﷺ، قَالَ: قَالَ لِي النَّبِيُّ ﷺ: «اقْرَأْ عَلَيَّ»، قُلْتُ: أَقْرَأُ عَلَيْكَ، وَعَلَيْكَ أُنزِلَ؟ قَالَ: فَإِنِّي أُحِبُّ أَنْ أَسْمَعَهُ مِنْ غَيْرِي، فَقَرَأْتُ عَلَيْهِ سُورَةَ النِّسَاءَ حَتى بَلَغْتُ قَوْلَهُ تَعَالَى: ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾ ﴾النساء، قَالَ: أَمْسِكْ، فَإِذا عَيْنَاهُ تَذْرِفَانِ} (أخرجه البخاري: ٤٥٠٦، وغيره) عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم: قورئانم بەسەردا بخوێنە (بۆم بخوێنە)! گوتم: قورئان بەسەرە تۆدا بخوێنم لە کاتێکدا بەسەر تۆدا دابەزێنراوە؟ فەرمووی: حەز دەکەم لە جگە لە خۆم بیبیستم، منیش لە سوورەتی (النساء)م بەسەردا خوێند، هەتا گەیشتمە ئەو شوێنەی دەفەرمووێ: ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾ ﴾النساء، چی دەبێ کاتێك لە هەر کۆمەڵێك شایەدێکمان هێناو تۆشمان وەك شایەد بەسەر ئەم ئۆممەتەوە هێنا! ئنجا فەرمووی: بەسە، کە تەماشام کرد چاوەکانی فرمێسکیان پێدا دەهات، لە بێژەیەکدا دەڵێ: سەرم بەرز کردەوە تەماشام کرد فرمێسکەکانی دەهاتنە خوارێ.

دەقی دووەم: {عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: إِنَّ أَبَا بَكْرٍ رَجُلٌ رَقِيْقٌ، إِذَا قَرَأَ غَلَبَهُ الْبُكَاءُ} (أخرجه البخاري: ٦٥٠، وهو في الصحيحين بمعناه عن عائشة نفسها)، واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) گوتی: بێگومان ئەبوو بەکر پیاوێکی دڵنەرمە، ئەگەر قورئان بخوێنێ، گریان بەسەریدا زاڵ دەبێ، واتە: خۆی ڕاناگرێ دەگریەت و فرمێسکی دێ.

دەقی سێیەم: {وَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنِ شَدَّادٍ: سَمِعْتُ نَشِيجَ عُمَرَ بنِ الخطَّابِ ﷺ وَأَنَا فِي آخِرِ الصُّفُوفِ فِي صَلاَةِ الفَجْرِ، يَقْرَأُ: ﴿ قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُواْ بَثِّي وَحُزْنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾ ﴾يوسف}، (أخرجه ابن أبي شيبة: ٣٥٦٥)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی شەدداد دەڵێ: گوێم لە گریانی عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ بوو، من لە کۆتایی ڕیزەکان بووم لە نوێژی بەیانییدا (سوورەتی یوسوفی دەخوێند، گەیشتە ئەو شوێنەی کە دەفەرموێ:) ﴿ قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُواْ بَثِّي وَحُزْنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾ ﴾يوسف، گوتی: من سکاڵای خەم و پەژارەی خۆم تەنیا بۆ لای خوا دەبەم و، شتێکیش لە لایەن خواوە دەزانم کە ئێوە نایزانن.

ئەوەش قسەی یەعقووبە (عَلَيْه الصَّلاةُ وَالسَّلام) کە بە کوڕەکانی خۆی فەرموو.

بڕگەی هەشتەم: پێویستە مرۆڤ کاتێك قورئان دەخوێنێ، بزانێ ئەوەی دەیخوێنێ، خۆیشی پێی دوێنراوە:

بۆ وێنە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، بزانە کە خوا لەگەڵ تۆشیەتی، چونکە تۆش یەکێکی لە بڕواداران، لەو بارەوەش با تەماشای ئەم شەش دەقە بکەین:

دەقی یەکەم: {عَنْ حُذَيْفَةَ ﷺ، قَالَ صَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ ذَاتَ لَيْلَةٍ، قَالَ: فَافْتَتَحَ الْبَقَرَةَ فَقَرَأَ حَتَّى بَلَغَ رَأْسَ الْمِائَةِ، فَقُلْتُ: يَرْكَعُ، ثُمَّ مَضَى حَتَّى بَلَغَ الْمِائَتَيْنِ، فَقُلْتُ: يَرْكَعُ، ثُمَّ مَضَى حَتَّى خَتَمَهَا، قَالَ فَقُلْتُ يَرْكَعُ، قَالَ: ثُمَّ افْتَتَحَ سُورَةَ آلِ عِمْرَانَ حَتَّى خَتَمَهَا، قَالَ فَقُلْتُ: يَرْكَعُ، قَالَ: ثُمَّ افْتَتَحَ سُورَةَ النِّسَاءِ فَقَرَأَهَا، قَالَ: ثُمَّ رَكَعَ، قَالَ: فَقَالَ فِي رُكُوعِهِ: سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ، قَالَ: وَكَانَ رُكُوعُهُ بِمَنْزِلَةِ قِيَامِهِ، ثُمَّ سَجَدَ، فَكَانَ سُجُودُهُ مِثْلَ رُكُوعِهِ، وَقَالَ فِي سُجُودِهِ: سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى، قَالَ: وَكَانَ إِذَا مَرَّ بِآيَةِ رَحْمَةٍ سَأَلَ، وَإِذَا مَرَّ بِآيَةٍ فِيهَا عَذَابٌ تَعَوَّذَ، وَإِذَا مَرَّ بِآيَةٍ فِيهَا تَنْزِيهٌ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ سَبَّحَ}، (أخرجه أحمد: ٢٣٣٠٩، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم رجاله ثقات).

واتـە: حوزەیفـەی کـوڕی یەمـان ، دەڵـێ: لـە خزمـەت پێغەمبـەردا ﷺ شـەوێك نوێـژم کـرد، سـووڕەتی (**البقـرة**)ی دەسـتپێکرد، خوێنـدی هەتـا گەیشـتە ئایەتی سـەدەم، گوتـم: ڕەنگـە لـە کۆتایـی ئایـەتی سـەدەمدا بچێتـە ڕکـووع، دوایـی ڕۆیشـت هەتـا دوو سـەدی تـەواو کـرد، گوتـم: ڕەنگـە ئەوجـارە بچێتـە ڕکـووع، دوایـی ڕۆیـی هەتـا سـووڕەتی (**البقـرة**)ی تـەواو کـرد، (کـە (٢٨٦) ئایەتـە)، گوتـم: ڕەنگـە لـە کۆتایـی سـووڕەتی (**البقـرة**)دا بچێتـە ڕکـووع، بـەڵام دەسـتی بـە سـووڕەتی (آل عمـران) کـرد (هـەر لـەو ڕکاتـەدا) هەتـا سـووڕەتی (**آل عمران**)یـشی تـەواو کـرد، گوتـم: ڕەنگـە دوای سـووڕەتی (**آل عمـران**) بچێتـە ڕکـووع، دوایـی سـووڕەتی (**النسـاء**)شی دەسـت پێکـردو، ئەویـشی تـەواو کـرد، ئنجـا چـووە ڕکـووع، لـە ڕکووعەکەشـیدا دەیفەرمـوو: (**سُـبْحَانَ رَبِّيَ العَظِيـم**) پاکیـی بـۆ پـەروەردگاری مەزنـم و، ڕکووعەکـەی بـە ئەنـدازەی ڕاوەسـتانەکەی بـوو، (کـە ئـەو سـێ سـووڕەتە موبارەکـەی خوێنـدوون)، دوایـی کڕنـووشی بـرد، کڕنووشـەکەشی بـە ئەنـدازەی ڕکووعەکـەی بـوو، لـە کڕنووشـەکەیدا دەیفەرمـوو: (**سُـبْحَانَ رَبِّيَ الأَعـلَى**) پاکیـی بـۆ پـەروەردگاری بـەرزم، (حوزەیفـە) دەڵـێ: دوایـی کـە بـە لای ئایەتێکـدا تێدەپـەڕی کـە بـاسی بەزەیـی خـوای دەکـرد، داوای بەزەیـی خـوای دەکـردو، کاتێـك بـە لای ئایەتێکـدا دەڕۆیـی بـاسی سـزای خـوای دەکـرد، پەنـای بـە خـوا دەگـرت و، کاتێـك بـە لای ئایەتێکـدا دەڕۆیـی، بـە پـاك گرتنـی خـوای تێدابـوو، خـوای بـە پـاك دەگـرت، واتـە: کارلێـکی لەگـەڵ ئایەتەکانـدا دەکـرد، بـەس ئـەوە نەبـوو بیانخوێنـێ.

دەقـی دووەم: (**عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاس رَضِيَ اللـه عَنْهُـمَا، عَـنِ النَّبِـيِّ كَانَ إِذَا قَـرَأَ سَـبِّحِ اسْـمَ رَبِّـكَ الأَعْـلَى، قَـالَ: سُـبْحانَ رَبِّيَ الأَعْـلَى**)، (**أخرجـه أحمـد: ٢٠٦٦، وأبـو داود: ٨٨٣، والطـبراني في الكبـير: ٥٣٣٣**)، واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباس خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ گوتوویـەتی: پێغەمبـەر ﷺ کاتێـك سـووڕەتی (**سَـبِّحِ اسْـمَ رَبِّـكَ الأَعْـلَى**)ی دەخوێنـد دەیفەرمـوو: (**سُـبحانَ رَبِّيَ الأَعـلَى**)، پاکیـی بـۆ پـەروەردگاری هـەرە بـەرز.

دەقی سێیەم: {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، إِذَا قَرَأَ: أحدكم: سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى فَلْيَقُلْ: سُبحانَ رَبِّيَ الأَعلَى، وَإِذَا قرأ: ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝١﴾ [سورة القيامة:١] فَأَتَى عَلَى آخِرِهَا: ﴿أَلَيۡسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحۡـِۧيَ ٱلۡمَوۡتَىٰ ۝٤٠﴾القيامة يَقُولُ: سُبْحَانَكَ وَبَلَى}، (أثر صحيح، أخرجه ابن الضريس في فضائل القرآن: ١٣، والبيهقي في شعب الإيمان: ٢١٠٠، قلت: إسناده صحيح).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و باوکی ڕازی بێ)، دەڵێ: ئەگەر یەکێکتان (سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى)ی خوێند، با بڵێ: (سُبحانَ رَبِّيَ الأَعلَى)و، کاتێك (لا أقسم بيوم القيامة)ی خوێندو گەیشتە کۆتاییەکەی: ﴿أَلَيۡسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحۡـِۧيَ ٱلۡمَوۡتَىٰ ۝٤٠﴾القيامة، با بڵێ: پاکیی بۆ تۆ و با، یانی: پاکیی بۆ پەروەردگارم، با، ئەو خوایەی مرۆڤی دروستکردوە دەتوانێ زیندووشی بکاتەوە.

دەقی چوارەم: {عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ السَّائِبِ رضي الله عنه، قَالَ: أَخَّرَ عُمَرُ كَرَّمَ اللهُ وَجْهَهُ العِشَاء الآخِرَة، فَصَلَّيْتُ، وَدَخَلَ فَكَانَ فِي ظَهْرِي، فَقَرَأْتُ: ﴿وَٱلذَّٰرِيَٰتِ ذَرۡوٗا ۝١﴾الذاريات، حَتَّى أَتَيْتُ عَلَى قَوْلِهِ: ﴿وَفِي ٱلسَّمَآءِ رِزۡقُكُمۡ وَمَا تُوعَدُونَ ۝٢٢﴾الذاريات فَرَفَعَ صَوْتَهُ حَتَّى مَلأَ المَسْجِدَ: «أَشْهَدُ»}، (أثر حسن، أخرجه أبو عبيد في فضائل القرآن ص١٤٩، قلت: وهذا إسناد حسن).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی سائیب ﷺ دەڵێ: عومەر خوا ڕێز لە ڕووی بگرێ، نوێژی خەوتنانی دواخست، منیش نوێژم کرد، لە کاتێکدا ئەو هات لە پشتمەوە بوو، من سوورەتی: ﴿وَٱلذَّٰرِيَٰتِ ذَرۡوٗا ۝١﴾م دەخوێند، هەتا گەیشتمە قسەی خوای بەرز کە دەفەرموێ: ﴿وَفِي ٱلسَّمَآءِ رِزۡقُكُمۡ وَمَا تُوعَدُونَ ۝٢٢﴾الذاريات، لە ئاسمان بژیوی ئێوە هەیەو ئەوەی بەڵێنتان پێدەدرێ، عومەر ﷺ بە دەنگی بەرز کە مزگەوتی پڕ کرد، فەرمووی: (أشهد) شایەدیی دەدەم (بژیوی ئێمە لە ئاسمانەو، ئەوەی بەڵێنیشمان پێدەدرێ لە ئاسمانە).

دەقی پێنجەم: [عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها: أَنَّهَا قَرَأَتْ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَىٰنَا عَذَابَ ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾ ﴾الطور، فَقَالَتْ: أَللَّهُمَّ مُنَّ عَلَيْنَا وَقِنَا عَذَابَ السَّمُومِ]، (أخرجه البيهقي في شعب الإيمان: ٢٩٠٢، وابن أبي شيبة: ٦٠٣٥، وإسناده صحيح).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) لێی گێردراوەتەوە کاتێك ئەو ئایەتەی دەخوێند: ﴿ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَىٰنَا عَذَابَ ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾ ﴾الطور، خوا چاکەی لەگەڵ کردین و لە ئازاری گڕە با ئێمەی پاراست، دەیگوت: ئەی خوایە! چاکەم لەگەڵ بکەو، لە ئازاری گڕەبا چەپاڵەم بدە.

دەقی شەشەم: زانایان گوتوویانە: لە کاتێکدا دەگاتە: ﴿ فَبِأَيِّ حَدِيثٍۭ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ ﴿١٨٥﴾ ﴾الأعراف، هەروەها سوورەتی (المرسلات) ئایەتی (٥٠): ﴿ فَبِأَيِّ حَدِيثٍۭ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾، با بڵێ: (آمَنْتُ بِاللهِ وَكِتَابِهِ)، بڕوام بە خواو بە کتێبەکەی هێنا.

هەروەها کاتێك کە دەگاتە فەرمایشتی خوای بەرز: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨﴾ ﴾التين، بڵێ: (بَلَى، وَأَنا عَلَى ذَلِكَ مِنَ الشَّاهِدِين)، با منیش لەسەر ئەوە لە شایەدانم.

هەروەها کاتێك دەگاتە فەرمایشتی خوا: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿١٣﴾ ﴾الرحمن، کە (٣١) جار دووبارە بۆتەوە، بڵێ: (وَلا بِشَيء مِن نِعمَةِ رَبِّنا نُكَذِّب)، هیچ کام لە چاکەکانی پەروەردگارمان بە درۆ دانانێین، کە لەو بارەوە (عبدالله بن یوسف الجدیع) دەڵێ: (فيها حَدِيثٌ مَرفُوعٌ حَسَنٌ).

هەروەها کە ئەو ئایەتانە دەخوێنێ: ﴿ ءَأَنتُمْ تَخْلُقُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾الواقعة، هەروەها: ﴿ ءَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ ٱلزَّٰرِعُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾الواقعة، هەروەها: ﴿ ءَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ ٱلْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ ٱلْمُنزِلُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾الواقعة، هەروەها: ﴿ ءَأَنتُمْ أَنشَأْتُمْ شَجَرَتَهَآ أَمْ نَحْنُ ٱلْمُنشِـُٔونَ ﴿٧٢﴾ ﴾الواقعة، لە هەموو ئەوانەدا بڵێ: (بَل أَنْتَ يَا رَبّ)، بەڵکو تۆ ئەی پەروەردگار!

لێرەدا (**عبدالله بن یوسف الجُدیع**) قسەیەکی گرنگ دەکات، دەڵێ: مەرجیش نیە ئەو قسانەی لە کاتی خوێندنی ئەو ئایەتانەدا دەکرێن، تەوقیفیی بن، واتە: لە پێغەمبەرەوە ﷺ پێمان گەیبن، بەڵکو دەگونجێ مرۆڤ بە کۆشش و بیر کردنەوەی خۆی، لە چوارچێوەی سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەردا ﷺ وشەیەك بڵێ، هەر ئەوەش لەو شتانە دەفامرێتەوە کە لە عومەرەوە خوا لێی ڕازی بێ و، لە عائیشەوەو لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازیی بێ) گێڕدراونەوە، لە نوێژو لە جگە لە نوێژدا، بەڵام ئەوەندە هەیە نابێ بە شێوەیەك بێ، ببێتە جۆرێك لە غەڵبە غەڵب لە قوڕئان خوێندنەکەداو، بەسەر قوڕئان خوێندنەکەدا زاڵ ببێ، هەموو ئەو تەعبیرانەش بۆ ئەوەن کە مرۆڤ زیاتر کارلێك لەگەڵ ئایەتەکان دا بکات و، ئاگای لێیان بێ، نەك هەر بخوێنێ و نەزانێ چی خوێندوە!.

برگەی نۆیەم: خۆپاراستن لە هەر شتێك کە دژو ناکۆکە لەگەڵ قوڕئانخوێندنەکەدا، بگرە هەر قسەو ڕەفتارێك جگە لە قوڕئانخوێندنەکە:

وەك قسە کردن لەگەڵ خەڵکی دیکەداو، کە یەکێك سڵاو دەکات، وەڵامدانەوەی، یاخود یەکێك کە دەپژمێ تەشمیتی بکات، خۆی بڵێ: (**الحمد لله**) ئەویش بڵێ: (**یرحمك الله**)، هەرچەندە هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەوانە هەڵاوێردراون، لە قسە کردن لەگەڵ مرۆڤاندا، چونکە کە سڵاوی لێکرا، پێویستە وەڵام بداتەوە، هەروەها کە کەسێك لە پەنای پژمیی و ستایشی خوای کرد، دەبێ بڵێ: (**یرحمك الله**)، وەڵامی سڵاو هەندێك دەڵێن: فەرزەو هەندێك دەڵێن: سوننەتە، هەڵبەتە لە حاڵەتی ئاسایی دا فەرزە وەڵامی سڵاو بدرێتەوە، بەڵام لە حاڵەتی قوڕئان خوێندندا، سڵاو کردنەکە هەر سوننەت نیە، تاکو وەڵامەکەشی فەرز بێ[1]!.

---

(١) ئەو سەرچاوەیەی من لێم وەرگرتوە، دەڵێ: بە فەرمانی شەرع پابەندەو دەبێ وەڵامی سڵاو بداتەوەو بابای پژمیو تەشمیت بکات، {واتە: بڵێ: (یرحمك الله)، ئەگەر ئەو گوتی: (الحمد لله)}، بەڵام من پێم وایە سڵاو کردنەکە لە بابای قوڕئانخوێن سوننەت نیە، تاکو وەڵامەکەی پێویست بێ.

با لەو بارەوە سەرنجی ئەم دوو دەقە بدەین:

یەکەمیان: (عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَوْنٍ قَالَ: كَانَ مُحَمَّدُ بْنُ سِيرِينَ، يَكْرَهُ أَنْ يَقْرَأَ الرجلُ الْقُرْآنَ إِلاَّ كَمَا أُنْزِلَ، يَكْرَهُ أَنْ يَقْرَأَهُ، ثُمَّ يَتَكَلَّمَ، ثُمَّ يَعُودَ فَيَقْرَأَ)، (أثر صحيح، أخرجه أبو عُبيد في فضائل القرآن ص١٩٠، بإسناد صحيح).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەون ڕەحمەتی خوای لێبێ، دەڵێ: ئیبنو سیرین پێی ناخۆش بوو پیاوێك، (هەڵبەتە ئەم حوکمە بۆ پیاوو ئافرەت یەکسانە، بەڵام سیاقەکە وا هاتوە)، قورئان بخوێنێ، مەگەر بەو شێوەیەی دابەزێنراوە، پێی ناخۆش بوو قورئان بخوێنێ، دوایی قسە بکات و، دوایی بگەڕێتەوەو قورئان بخوێنێتەوە، واتە: نابێ قسەی دیکە تێکەڵ و نێواخنی قورئان خوێندنەکە بکرێ.

بەڵام بێگومان ئەگەر قسەیەك لە میانی قورئانخوێندنەکەدا بکرێ، کە لە بابەتەکە نەچێتە دەر، وەك پێشتر لە ئەدەبی هەشتەمدا باسمان کرد، وەك بە پاکگرتنی خوا ﷻ و، ستایشکردنی خواو، پاڕانەوە لە خواو، داواکردنی بەزەیی خواو، پەنا بە خوا بردن لە تووڕەیی خوا، یان لە سزاو ئازاری ڕۆژی دوایی، یاخود ئایەتێك بەشێوەی پرسیار هاتوەو پێویستیی بە وەڵام هەیە، وەك:

أ- ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨﴾ ﴾التين، دەگوترێ: (بَلَى وَأَنَا على ذَلِكَ مَعَ الشَّاهِدِين).

ب- ﴿ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧىَ ٱلْمَوْتَىٰ ﴿٤٠﴾ ﴾القيامة، دەگوترێ: (سُبْحَانَكَ وَبَلَى)، یان (سُبْحَانَكَ بَلَى وأَنَا مَعَ الشَّاهِدِين)، ئەوە بە خراپ دانانرێ، بەڵکو شتێکی باشەو یەکێکە لە ئەدەبەکانی باش قورئانخوێندن، چونکە ئەوە مایەی کارلێککردنە لەگەڵ قورئانداو، مانای باش لێ تێگەیشتنی قورئانە.

دەقی دووەم: (عَنْ نَافِعٍ قَالَ كَانَ ابنُ عُمَرَ رَضِيَ اللّه عَنْهُمَا إِذَا قَرَأَ الْقُرْآنَ، لَمْ يَتَكَلَّمْ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْهُ، فأخَذْتُ عَلَيْهِ يَوْماً، فَقَرَأَ سُورَةَ الْبَقَرَةِ حَتَّى انْتَهى إِلَى مَكَانٍ، قَالَ تَدْرِي فِيمَا أُنْزِلَتْ؟ قُلْتُ: لَا، قَالَ: أُنْزِلَتْ فِي كَذَا وَكَذَا ثُمَّ مَضَى)، (أخرجه البخاري: ٤٢٥٣، والبيهقي في شعب الإيمان: ٢١٣٣).

نافیـع دەڵـێ: عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ)، کـە قوڕئـانی دەخوێنـد قسـەی نەدەکـرد تاکـو لێدەبـۆوەو تـەواوی دەکـرد، ڕۆژێـك ئـەوەم لـێ بـەدی کـرد، سـوورەتی (البقـرة)ی خوێنـد، تاکـو گەیشـتە شـوێنێك، دوایـی ئـاوڕی لێدامـەوەو گـوتی: دەزانی لـە بـارەی چییـەوە هاتۆتـە خـوار ئـەو ئایەتـە؟ گوتـم: نەخێـر، گـوتی: لـە بـارەی فڵان شـت و فڵان شـتەوە هاتـە خـوار، {ئـەوەی گـوت وەك ڕوونکردنـەوە بـۆ مـن}، دوایـی ڕۆیشـت و لەسـەر قوڕئانخوێندنەکـە بـەردەوام بـوو.

ئنجا (**أَبُـو عُبَيـد الهَـرَوي**) لـە بـارەی ئەو قسـە کردنـەی عەبدوڵڵای کوڕی عومـەرەوە خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ، گوتوویـەتی: (**إِنَّمَـا رَخَّـصَ ابْـنُ عُمَـر فِي هَـذَا؛ لأنَ الَّـذِي تَكَلَّـمَ بِـه، مِـنْ تَأْوِيْـل القُـرْآن وَسَـبَبِه، وَلَـوْ كَانَ الـكَلَامُ مِـنْ أَحَادِيْـث النَّـاسِ وَأَخْبَارِهِـم، كَانَ عِنْـدِي مَكْرُوُهَـاً، أَنْ تُقْطَـعَ القِـرَاءَةُ بِـه**)[1]، واتـە: ئەبـوو عوبەیـدی هەڕەویـی گوتوویـەتی: بۆیـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر ئـەوەی وەك مۆڵـەت وەرگرتـوە لـەو بـارەوە، چونکـە ئـەوەی پێـی دواوە هـەر لـە ماناکـردنی قوڕئـان و لـە هـۆی هاتنـە خـواری قوڕئانـەو، ئەگـەر قسـەیەکی دیکـە بووایـە لـە قسـەی خەڵـك و هەواڵـەکانی خەڵـك، بـە لای منـەوە شـتێکی ناپەسـند بـوو قوڕئانخوێنـدن بـۆ ئـەوە ببـڕدرێ.

بڕگـەی دەیـەم: کاتێـك مـرۆڤ قوڕئـان دەخوێنـێ، ئەگـەر باویشـکی هـات، دەبـێ ئەوەنـدەی دەتوانـێ، باویشـکەکەی بەرپـەرچ بداتـەوە:

لەو بارەشەوە ئەم دەقە دێنین:

{**عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ ﷺ، عَـنِ النَّبِـيِّ ﷺ قَـالَ: إِنَّ اللَّـهَ يُحِـبُّ الْعُطَـاسَ، وَيَكْـرَهُ التَّثَـاؤُبَ، فَـإِذَا عَطَـسَ، فَحَمِـدَ اللَّـهَ، فَحَـقٌّ عَـلَى كُلِّ مُسْـلِمٍ سَـمِعَهُ أَنْ يُشَـمِّتَهُ، وَأَمَّـا التَّثَـاؤُبُ، فَإِنَّمَـا هُـوَ مِـنَ الشَّـيْطَانِ، فَلْـيَرُدَّهُ مَـا اسْـتَطَاعَ، فَـإِذَا قَـالَ: هَـا، ضَحِـكَ مِنْـهُ الشَّـيْطَانُ**}، (**أخرجـه البخـاري: ٣١١٥، ومسـلم: ٢٢٩٤، واللفـظ للبخـاري**)، واتـە: ئەبـوو هورەیـرە ﷺ لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ گێڕاویەتـەوە کـە فەرموویـەتی: بێگومـان خـوا پژمینـی

---

(١) فضائل القرآن، ص١٩١.

خۆشدەوێ و باویشکی دەدزێ، (حەزی لە باویشك نیە)، ئنجا هەر کات یەکێك لە ئێوە پژمیی و ستایشی خوای کرد، پێویستە لەسەر هەر مسوڵمانێك کە گوێبیستی دەبێ، پێی بڵێ: (يَرحَمُكَ الله)، خوا لێت خۆش بێ، بەڵام باویشکدان لە شەیتانەوەیە، هەر کات یەکێك لەئێوە باویشکی هاتێ، با ئەوەندی دەتوانێ بیگێڕێتەوە، چونکە کاتێك یەکێکتان دەڵێ: ها، شەیتان پێی پێدەکەنێ.

بڕگەی یازدەیەم: ڕەچاوکردنی شوێنەکانی وەستان و دەستپێکردن:

یەکی دیکە لە ئەدەبەکانی چاك قورئانخوێندن و جوان قورئانخوێندن و بە ڕێکیی خوێندنی، کە خوا فەرمانی پێکردوە: ﴿ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ﴾، ئەوەیە کە ڕەچاوی شوێن و حوکمەکانی وەستان و دەستپێکردن بکات، لە کاتی قورئان خوێندندا، واتە: دەبێ وریا بێ: لە کوێ دەوەستێ و لە کوێش دەست پێدەکاتەوە، با چەند وێنەیەك بێنینەوە لەو بارەوە، بۆ شوێنێك کە دروست نیە تێیدا بوەستی:

أ- ﴿ فَوَيۡلٌ لِّلۡمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ﴾الماعون، وەستان لەوێ حەرامە، چونکە خوا نەیفەرمووە: سزای سەخت بۆ نوێژکەران، بەڵکو فەرموویەتی: سزای سەخت بۆ نوێژکەرانێك کە لە نوێژەکانیان بێ ئاگان، ﴿ فَوَيۡلٌ لِّلۡمُصَلِّينَ ﴿٤﴾ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ﴿٥﴾ ﴾الماعون، بۆیە حەرامە لەوێ بوەستی، با سەرە ئایەتیش بێ.

ب- هەروەها ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ ... ﴿٤٣﴾ ﴾النساء، حەرامە لەسەر ﴿ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾، بوەستی، چونکە خوای پەروەردگار نەیویستوە بفەرموێ: ئەی بڕوادارینە! توخنی نوێژێ مەکەون، بەڵکو فەرموویەتی: بڕوادارینە! بە سەرخۆشیی توخنی نوێژێ مەکەون.

مەیمونی کوڕی میهران ڕەحمەتی خوای لێ بێ قسەیەکی هەیە، دەقەکەی بە عەرەبیی دێنین: (إِنِّي لأَقْشَعِرُّ مِن قِرَاءَةِ أَقْوَامٍ يَرَى أَحَدُهُمْ حَتْمًا عَلَيْهِ أَنْ لَا يَقْصُرَ عَنِ العَشْرِ، إِنَّمَا كَانَتِ القُرَّاءُ تَقْرَأُ القَصَصَ إِنْ طَالَتْ أَو قَصُرَت، يَقْرَأُ أَحَدُهُم اليَوْم:

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ (١١) ﴾البقرة،: قَالَ ويَقُوم فِي الرَّكْعَة الثَّانِيَة، فَيَقْرأ: ﴿ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ... (١٢) ﴾البقرة)، (أخرجه: الداني، ص ١٣٥) واتە: من مچوڕكم پێدادێ لە قوڕئان خوێندنی كۆمەڵانێك، یەكێكیان پێی وایە كە پێویستە دەبێ دە (١٠) ئایەتان هەر بخوێنێ، ئنجا كە دە (١٠) ئایەتەكەی تەواو كردن، دەوەستێ، ئەویدیكە هەڵدەگرێ بۆ ڕكاتێكی دیكە!، بەڵام قوڕئانخوێنەكان عادەتیان وابوو (ئەوانەی سەرمەشقی ئێمەن)، بەسەرهاتێك، یاخود كۆمەڵە ئایەتێكیان دەخوێندن، درێژ بان یان كورت بان، هەتا دەگەیشتە كۆتایی مەبەستەكە، بەڵام یەكێكیان لەم ڕۆژگارەدا ئەوەندە دەخوێنێ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ (١١) ﴾البقرة، ئەگەر پێیان بگوترێ: تێكدان لە زەوییدا مەكەن، دەڵێن: ئێمە تەنیا چاكسازییكارین، لەوێ دەوەستێ، لەبەر ئەوەی كۆتایی ئایەتی ژمارە (١١)یە، دوایی لە ڕكاتی دووەمدا دەخوێنێ: ﴿ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ... (١٢) ﴾البقرة، ئاگاداربن! هەر ئەوانن تێكدەر، ئەمەش شتێكی نەگونجاوە، چونكە ئەوە تەواوكەری ئایەتەكەی پێشییە.

بڕگەی دوازدەیەم: خۆڕازاندنەوە بە ئەدەب و ڕەوشتەكانی قوڕئان:

هەروەها پێویستە بابای قوڕئانخوێن خۆی بە ڕەوشت و ئەدەبەكانی قوڕئان بڕازێنێتەوە، چونكە بێگومان قوڕئان هەموو ئەدەب و ڕەوشتە بەرزەكانی تێدان، ئەوانەی مرۆڤ پێیان لە خوا نیزیك دەبێتەوە، چ لە ڕووی پەرستن و مامەڵەوە لەگەڵ خوادا ﷻ، چ لە ڕووی مامەڵەوە لەگەڵ خەڵكی خواداو، چۆنیەتیی هەڵسوكەوتی لەگەڵیاندا، بێگومان بابای قوڕئانخوێن لە خەڵكی دیكەی زیاتر لێی چاوەڕێ دەكرێ، واتە: بابای شارەزای قوڕئان، دەبێ ڕازاوەبێ بە ڕەوشت و ئەدەبە بەرزەكانی كە قوڕئان فەرمانیان پێدەكات، هەروەك لەم دەقەدا كە پێشتریش هێنامان، زۆر جوان و درەوشاوەیە:

{عَن سَعد بن هِشَام، أَنَّهُ سَأَلَ عَائِشَة رَضِيَ اللهُ عَنْهَا: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ! أَنْبِئِينِي عَنْ خُلُقِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ ؟ قَالَتِ: أَلَسْتَ تَقْرَأُ الْقُرْآنَ؟ قُلْتُ: بَلَى، قَالَتْ: فَإِنَّ خُلُقَ

رَسُولِ اللّٰهِ ﷺ كَانَ الْقُرْآنَ]، (أخرجه أحمد: ٥٣، ومسلم: ٧٤٦)، کە ئێمە پێشتر بەسەرهاتەکەیشیمان باسکردوە.

واتە: سەعدی کوڕی هیشام لە دایکمان عائیشەی (خوا لێی ڕازی بێ) پرسیوە ئەی دایکی بڕواداران! لە بارەی ڕەوشتی پێغەمبەری خواوە ﷺ هەواڵم پێ بدە، دایکمان عائیشەش (خوا لێی ڕازی بێ) گوتوویەتی: ئایا قورئان ناخوێنی؟ واتە: شارەزای قورئان نی؟ گوتم: با، گوتی: ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان بوو.

بە دڵنیاییش ئێمە بۆ شارەزایی لە ڕەوشتی پێغەمبەری خوا ﷺ، وێڕای ئەوەی تەماشای قورئان دەکەین، دەبێ تەماشای سیرەو ژیاننامەی پێغەمبەری خواش ﷺ بکەین، کە هەرچی قورئان فەرموویەتی، پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی و لەخۆیدا بەرجەستەی کردوە.

تەوەری دووەم: پێناسەو حوکم و گرنگیی و پلەکان و چۆنیەتیی قورئانخوێندن:

١- چاك قورئانخوێندن (**تجويد القُرآن**):

ئەم بڕگەیەش لە دوو بەندا دەخەینەڕوو:

أ)- پێناسەی تەجوید: (**التَّجوِيدُ: مَصدَرٌ مِن جَوَّدَ تَجوِيداً، وَالإسمُ مِنهُ الجَودَةُ ضِدُّ الرَّدائَة، يُقالُ: جَوَّدَ فُلانٌ فِي كَذَا، إذَا فَعَلَ ذَلِكَ جَيِّداً، فَهُوَ عِنْدَهُم عِبَارَةٌ عِنِ الإتْيَانِ بِالقِرَاءَةِ مُجَوَّدَةَ الأَلفَاظِ، بَرِيئَةً مِنَ الرَّدَائَةِ فِي النُّطْقِ، وَمَعنَاهُ انتِهاءُ الغايَةِ فِي التَّصحِيحِ وَبُلُوغُ النِّهايَةِ فِي التَّحسِينِ**)[1].

واتە: تەجوید چاوگە لە (**جَـوَّدَهُ تَجوِيـداً**) واتە: چاکی کرد بە چاککردن، ناوی ئەو کردارەش بریتیە لە (**جَـودَة**)، واتە: باشیی، دژی (**رَدائة**)یە بە مانای خراپیی، دەگوترێ: (**جَـوَّدَ فُـلانٌ فِي كَـذَا، إذَا فَعَـلَ ذلِـكَ جَيِّـداً**)، ئەگەر کەسێك کارێکی باشی کرد، دەگوترێ: (**جَـوَّدَ فُـلانٌ فِي كَـذَا**)، فڵانکەس لە فڵان بوارەوە باشی کرد، زانیاری تەجویدیش لە لای شارەزایان و پسپۆڕانی قورئانخوێندن، بریتیە لەوەی

---

(١) (النَّشر في القِراءَات العَشر) ج١، ص٢١٠.

ئـەو قوڕئانخوێندنـە بـاش ئەنجـام بـدرێ، بێـژەکانی بـە چاکیـی بگوترێـن و دوور بـن لـە خراپیـی لـە گـۆ کردنـداو، مەبەسـتیش لـە زانیـاری تەجویـد ئەوەیـە کـە قوڕئـان بەوپـەڕی ڕاسـت و دروسـتی بخوێـنرێ، بگەیەنرێتـە ئەوپـەڕی چـاك قوڕئانخوێنـدن.

هەر (**ابن الجزري**) لە سەرچاوەی ئاماژە پێکراودا[1]، دەڵێ:

(وَهـيَ حِليَـةُ التِّـلاوَةِ وَزِينَـةُ القِرائَـةِ، وَهُـوَ إعْطَـاءُ الحُـرُوفِ حُقُوقَهَـا، وَتَرتِيبُهـا مَراتِبَهـا، وَرَدُّ الحَـرفِ إلَى مَخرَجِـهِ وَأَصلِـهِ، وَإلحاقُـهُ بِنَظِيرِهِ، وَتَصحِيحُ لَفظِـهِ، وَتَلْطِيْـف النُّطـقِ عَـلَى حـالِ صِيغَتِـهِ، وَكَـمالِ هَيئَتِـهِ، مِـن غَـيرِ إسرافٍ وَلا تَعسُّـفٍ وَلا إفْـراطٍ وَلا تَكَلُّـف).

واتـە: زانیاریـی تەجویـد بریتیـە لـە جوانیـی و خشـڵی قوڕئانخوێنـدن و، ڕازاوەیـی قوڕئـان خوێنـدن، ئەویـش بریتیـە لـەوەی پیتـەکان مـافی خۆیـان پـێ بـدرێ و، بـە شـێوەی خۆیـان لـە پێگـەی خۆیانـدا ڕیـز بکرێـن و، هـەر پیتێـك کـە گـۆ دەکـرێ، بگێڕدرێتـەوە بـۆ بنچینەکـەی، لـە چۆنیەتیـی گـۆ کردنـداو، پەیوەسـتکردنی بـە هاوشـێوەکەیەوەو، بێژەکـەی بـە چاکیـی ڕاسـت بکـرێ و، بـە ڕێکیـی بگوتـرێ و، لەوپـەڕی حاڵـەتی تەواوییـدا، بەبـێ تێپەڕانـدن و زێدەڕۆیـی، هەروەهـا بەبـێ لـێ تێپەڕانـدن و سـنوور بەزێنیـی، هەروەهـا بەبـێ زۆر لـە خـۆ کـردن.

واتـە: پیتـەکان و وشـەکان چۆنـن، بـەو شـێوەیە، نـە کەمتەرخەمیـی لـە گوتنیانـدا بـکات و نەزێدەڕۆییـش بـکات، بـۆ وێنـە: پیتێـك گیـرە (شَـدَّة)ی هەیـە، یەکێـك نابـێ شـەددەکە لـە بیـر بـکات، وەك: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢﴾ الفاتحة، وشـەی (**رَبِّ**) گیـرە (شَـدَّة)ی هەیـە، ناگونجـێ بڵـێ: (**الحَمـدُ لِلّـهِ رَبِ العَالَمِين**)، بەڵکـو دەبـێ شـەددەکە گـۆ بـکات، بـەڵام نابـێ زێدەڕۆییـشی تێـدا بـکات و گیرەکـە بکاتـە دوو سـێ گیـرە، بـۆ وێنـە: (**الحَمـدُ لِلّـهِ رَبّْ العَالَمِين**)، ئـەوەش هـەر هەڵەیـە، بێگومانیـش زانیاریـی بـاش قوڕئانخوێنـدن (علـم التجویـد) زانایـانی ئیسـلام زۆر گرنگییـان پێـداوە.

---

(١) إبنُ الجَزَرِي فـي (النَّشرِ فـي القِراءَاتِ العَشر) ج١، ص٢١٢.

چونکـە لـە بنچینـەدا زانیاریـی بـاش قورئانخوێنـدن، دەچێتـەوە نێـو خوێندنـەوەی قورئـان بـە ئیعرابـەوە، چونکـە وشـەی ئیعـراب لـە ئەسـڵدا بـە مانـای ڕوونکردنەوەیە، ئنجا بێگومـان کاتێـك ڕسـتەیەك بـە گشـتیی و، وشـەکانی کـە پێکهاتەکانتـی، هەروەهـا ئـەو پیتانـەش کـە وشـەکانیان لـێ پێکدێـن، بـە ڕێکیـی خوێندرانـەوە، هـەم ڕسـتەکە بـە ڕێکیـی خوێندرایـەوە، هـەم وشـەکانی، هـەم پیتـەکانی، مانـای وایـە ئـەو ڕسـتەیە بـە ئیعرابـەوە گوتـراوە، واتـە: بـە ڕوونکردنـەوەوە.

ب- جۆرەکانی بەهەڵەداچوون لە قورئانخوێندن دا:

بە هەڵەداچوون لە قورئانخوێندندا، بە گشتیی دەگونجێ بۆ سێ جۆران دابەش بێ:

یەك: چاك گۆ نەکردنی پیتەکان: بۆیە زانیاریی تەجوید واتە: باش قورئانخوێندن بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دانراوە کە پیتەکان چاك گۆ بکرێن و، بەو شێوەیە ببێژرێن کە لە زمانی عەرەبییدا هەن و ڕێزمانی عەرەبیی گوتوویەتی.

دوو: بواری دووەمی بە هەڵەدا چوون لە قورئانخوێندن دا، ئەوەیە کە وشەکان بە هەڵە گۆ بکرێن، زانایانیش زانیاریی (**صَرْف**)یان – یانی: زانیاریی گۆڕینی وشەکان لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێك - بۆ ئەو مەبەستە داناوە، هەروەها زانیاریی (نحو)شیان داناوە، بۆ زانینی پێگەی وشەکە لە ڕستەدا، واتە: وشەکە لە زاتی خۆیدا، زانیاریی (صرف) لێی دەکۆڵێتەوەو، پێگەی وشەکەش لە نێو ڕستەدا، زانیاریی (نحو) کە ڕێزمانیشی پێ دەڵێن، لەوە دەکۆڵێتەوە.

سێ: بواری سێیەمی بەهەڵەداچوون لە قورئانخوێندندا، ئەوەیە کە ڕستەکە بەگشتیی، لە کوێ بوەستی و لە کوێ دەست پێ بکەی؟ بۆیە زانایان زانیارییەکی دیکەیان بۆ ئەوە داناوە پێی دەگوترێ: (**عِلمُ الوَقفِ وَالإبتِدَاء**)، زانیاریی وەستان و دەستپێك، کە جاری وا هەیە پیتەکانیش شوێنی دەرچوونیان چاك ڕەچاو کراوە، واتە: (**مخارج الحروف**)، هەروەها وشەکەش بە باشیی بێژراوەو شوێنی لە ڕستەکەشدا چاك ڕەچاو کراوە، بەڵام لە شوێنی خۆیدا وەستان ناکرێ، یاخود لە شوێنێکدا دەوەستێ، کە جێگای خۆی نیە.

٢)- حوکمی چاك قورئانخوێندن:

خـوا ﷻ فەرمـانی کـردوە کـە لـە قورئـان ورد بینـەوەو تێـوەی ڕامێنیـن و، لێـی تێبگەیـن، هەروەهـا پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ هـانی مسـوڵمانانی داوە کـە قورئـان زۆر بخوێنـن و، چـاك تێـوەی ڕامێنـن، ئنجـا بێگومـان چـاك قورئانخوێنـدن هـۆکارە بـۆ لـێ تێگەیشـتنی و، هـاوکارە بـۆ تێوەڕامـانی و پەنـد لێوەرگرتنـی، بـۆ وێنـە خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (الشُّعَراء)دا دەفەرمـوێ: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾﴾الشعراء، واتە: بـە دڵنیایـی ئـەم قورئانـە دابەزێـنراوی پـەروەردگاری جیهانییانـە، گیـانی ئەمینـدار دایبەزانـدوە، بـۆ سـەر دڵـی تـۆ، تاکـو لـە ترسـێنەران و وریاکـەرەوان بـی (بـۆ هەمـوو خەڵـکی)، بـە زمانێـکی عەرەبیـی ڕۆشـن.

بـە دڵنیاییـش چـاك قورئانخوێنـدن (**تجویـد**) هـۆکاری ڕۆشـن دەرخسـتنی بێـژەکانی قورئانـە، چونکـە خـوا قورئـانی بـە زمانێـکی عەرەبیـی ڕۆشـن دابەزاندوەو، ڕۆشـنیی ئەو زمانـە عەرەبییـەش لـە کاتێکدایـە کـە پیتەکانـی و وشـەکانی و ڕسـتەکانی، هەروەهـا شـوێنی وەسـتان و دەسـتپێکردنی، بـەو شـێوەیە بـێ کـە لەگـەڵ مانـاو مەبەسـتەکانی قورئانـدا بێتـەوەو، ئـەوەش ئـەرکی تەجویـدەو، لێـرەش دوو دەق لـە زانایانـەوە دێنین، لـە بـارەی حوکمـی چـاك قورئانخوێندنـەوە:

یەکەمیان: **(قَالَ الإمام أبو مُحَمَّدُ البَغَوي: إنَّ النَّاسَ كَمَا أنَّهُمْ مُتَعَبِّدُون بِاتِّبَاع أَحْكَامِ القُرآن وَحِفْظ حُدُودِهِ، فَهُمْ مُتَعَبِّدُونَ بِتِلَاوَتِهِ وَحِفْظِ حُرُوفِهِ، عَلَى سَنَنِ خَطِّ المُصْحَفِ الإمَامِ الَّذِي اتَّفَقَت الصَّحَابَة عَلَيْه رَضِيَ اللهُ عَنْهُم، وَأنْ لَا يُجَاوِزُوا فِيْمَا وَافَقَ الخَطُّ عَمَّا قَرَأَ بِهِ القُرَّاء المَعْرُوفُونَ، الَّذِيْن خَلَفُوا الصَّحَابَة وَالتَّابِعِين، وَاتَّفَقَتِ الأُمَّة عَلَى اخْتِيَارِهم)**[1].

واتـە: پێشـەوا ئەبـوو موحەممـەدی بەغەویـی گوتوویـەتی: خەڵـك وەك چـۆن پابەنـد (موڵـزەم) کـراون بـە پەرستشـەوە (پەرسـتنی خـوای پـەروەردگار)، بەهـۆی شـوێنکەوتنی حوکمـەکانی قورئانـەوەو، پاراسـتنی سـنوورەکانی، بەهەمـان شـێوەش

(١) تفسير البغوي: ج١، ص٣٧.

خواپەرست کراون بەوەی بیخوێننەوەو، پیتەکانی بپارێزن، لەسەر ئەو ڕێ و شوێنەی موصحەفی پێشەوا، (کە لەسەردەمی عوسماندا ﷺ)، بە یەکدەنگیی هاوەڵان بەو شێوەیە لە دوو توێی دوو بەرگدا کۆکرایەوەو هاوەڵان لەسەری یەکدەنگ بوون، هەروەها کەسانێك کە قورئان دەخوێنن لەسەریان پێویستکراوە، لەو شێوە نووسینە تێنەپەڕێنن کە قورئانخوێنە ناسراوەکان پێیان خوێندوە، کە جێی هاوەڵان و تابیعینیان گرتۆتەوەو، ئۆممەتی ئیسلام لەسەر هەڵبژاردنیان یەکدەنگ بووە، شایانی باسە: هەندێك لە زانایان بۆ پێویست بوونی چاك قورئانخوێندن، ئەو فەرمایشتەی خوایان بە بەڵگە هێناوەتەوە: ﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴿٤﴾ ﴾المزمل، واتە: بە ڕێك و پێكیی قورئان بخوێنە.

دووەم: (قَالَ أَبُو جَعْفر النَحّاس: وَالقِرَاءَة بِالتَّرْتِيل وَالمُكْثِ وَاجِبَة بِنَصِ القُرْآنِ، وَالتَّرْتِيْلُ: التَّبِيْنُ، قَالَ فَمِنَ التَّبِيْنُ تَفْصِيْل الحُرُوف وَالوَقْفُ عَلَى مَا تَمَّ مَعْنَاهُ مِنْها، وَثَبَتَ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ حَثَّ أَنْ يُقْرَأَ القُرْآنُ كَمَا أُنْزِل، كَمَا فِي حَدِيْث صَحِيْح فِي فَضْل عَبْدِ الله بْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، أَنَّ النَّبِيّ ﷺ سَمِعَهُ يَقْرَأُ فقَالَ: مَنْ أَحَبَّ أَنْ يَقْرَأَ الْقُرْآنَ غَضًّا كَمَا أُنْزِلَ، فَلْيَقْرَأْهُ عَلَى حَرْفِ ابْنِ أُمِّ عَبْدٍ)[1].

واتە: ئەبوو جەعفەری نەححاس (کە یەکێکە لە شارەزایان و ڕوونکەرەوانی قورئان) دەڵێ: خوێندنی قورئان بە ڕێك و پێكیی و بە شێنەیی (بەبێ پەلە کردن)، فەرزە بە دەقی قورئان [ئاماژە دەکات، بە دەقی قورئان کە دەفەرموێ: ﴿ وَقُرْءَانًا فَرَقْنَٰهُ لِتَقْرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَٰهُ تَنزِيلًا ﴿١٠٦﴾ ﴾الإسراء، واتە: قورئانێکە ڕوونمان کردۆتەوە تاکو بە شێنەیی بەسەر خەڵکیدا بخوێنیەوەو پلە پلە وردە وردە دامانبەزاندوە]، (تَرتِيل)یش بریتیە لە ڕوونکردنەوە، لە ڕوونکردنەوەی قورئانیشە کە پیتەکان لێك بپچڕێنرێن (هەر پیتە مافی خۆی پێ بدرێ)و، لەو شوێنەش وەستان بکرێ کە مانایەکەی تەواو ببێ، لە پێغەمبەریشەوە ﷺ چەسپاوە کە

---

(١) القطع والإئتناف للنحاس: ص٧٣، ٧٤.

فەرمانی کـردوە، قورئـان بـەو شـێوەیەی دابەزێـنراوە بخوێـنرێ، وەك لـەو فەرمـوودە صەحیحـەدا لـە بـارەی پایـە بەرزیـی عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوودەوە ﷺ هاتـوە، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ گوێـی لێبـووە قورئـانی خوێنـدوەو فەرموویـەتی: {مَـنْ أَحَـبَّ أَنْ يَقْـرَأَ الْقُـرْآنَ غَضًّـا كَـمَا أُنْـزِلَ، فَلْيَقْـرَأْهُ عَـلَى حَـرْفِ ابْـنِ أُمِّ عَبْـدٍ} **(أخرجـه أحمـد: ٣٥، وابـن ماجـة ١٣٨، قلـت: وإسـناده جيـد، ولـه طـرق عـدة)**، واتـە: هـەر کەسـێك حـەز دەکات قورئـان بخوێنـێ بـە تـەڕو تازەیـی وەك دابەزێـنراوە، بـا بەشـێوەی خوێنـدنی **(ابـنِ أُمِّ عَبْـد)** {ئەمـە کونیـەو نازنـاوی عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود بـووە}، بیخوێنـێ.

ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی قورئانخوێنـدن بـەو شـێوەیەی دابەزێـنراوە، فـەرزە، ئـەو شـێوەیەش پێـی دابەزێـنراوە، ئەوەیـە کـە شـارەزایان و پسـپۆڕانی ئـەو بـوارە باسـیان کـردوە.

٣)- چۆنیەتیی زەبتکردنی چاك قورئانخوێندن:

هـەر لـە بـارەی چـاك قورئانخوێنـدن **(تجويـد)**ەوە پرسـیار دەکـرێ: ئایـا ئـەوە چـۆن زەبـت دەکـرێ؟ ئـەو سـەرچاوەیەی ئـەم کورتـە باسـەی لێـوە دێنیـن، چەنـد قسـەیەکی لـێ نەقـڵ دەکەیـن، کـە لـەو بـارەوە کـردوونی:

(چـاك قورئانخوێنـدن بـە ڕەچـاو کـردنی بنەمایـەکانی کـە لـە لایـەن پێشـەوایانی قورئانخوێنـەوە، دانـراون و دەسـتەبەر دەبـێ، وێـڕای پشتبەسـتن بـە وەرگرتنـی چۆنیەتیـی قورئانخوێنـدن، لـە کەسـێك کـە شـارەزاو پسـپۆڕ بـێ لـە قورئانخوێنـەکانی کـە چـاك قورئـان دەخوێنـن، بەپێـی ئـەو بنەمایانـە کـە باسـکران و، دروسـت نیـە، مسـوڵمان کەمتەرخەمیـی بـکات لـەوەدا کـە ئەوەنـدەی لـە توانایـدا هەیـە، ئەگـەر ئـەوەی بـۆ نەگونجـا کـە لـە زاری بابایـەکی چـاك قورئانخوێنـەوە ڕاسـتەوخۆ لێـی وەربگـرێ، بەپێـی توانـا هـەوڵ بـدات گـوێ بگـرێ لـە قورئـان خوێنێـکی بـاش بگـرێ، بەهـۆی هـۆکارە ئامـرازەکانی کـە ئێسـتا ڕەخسـاون، «مەبەسـتی تۆمارکـەر **(مُسـجِّلة)** و ئـەو ئامێرانەیـە کـە بەکاردەهێنرێـن»، یاخـود بەهـۆی وەرگرتنـی لـەو کتێـب و نامیلکانـەوە کـە لـەو بـارەوە دانـراون).

ئێستاش با ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ ببینین، کە ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی بە تەواوییش قورئانخوێندن لە خەڵکی پسپۆڕی خۆیەوە وەربگرێ، بەپێی توانا هەر لەسەری پێویستە هەوڵبدات: {قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: **الْمَاهِرُ بِالْقُرْآنِ مَعَ السَّفَرَةِ الكِرَامِ البَرَرَة، وَالَّذِي يَقْرَأُ القُرْآنَ وَيَتَتَعْتَعُ فِيهِ وَهُوَ عَلَيْهِ شَاقٌّ، لَهُ أَجْرَانِ**} (**أخرجه البخاري: ٤٤٥٣، ومسلم: ٧٧٩٨**) واتە: بابای شارەزا لە قورئان (کە چاك دەزانێ بیخوێنێ و چاکی لێ تێدەگات)، لەگەڵ نوێنەرە بەڕێزە چاکەکارەکانە (فریشتەکان)، بەڵام کەسێك قورئان دەخوێنێ و زمانی تێیدا هەڵدەنگوێ (تەتەڵە دەکات) و لەسەریشی قورسە، دوو پاداشتی هەن (پاداشتی خوێندنەکەی و پاداشتی زەحمەت پێوە کێشانەکەشی).

کەواتە: ئەویش هەرچۆن بێ خاوەنی پاداشتەو، نابێ کەسێك لەبەر ئەوەی نازانێ چاك قورئان بخوێنێ، هەر نەیخوێنێ، چونکە ئەگەر هەر نەیخوێنێ، لەبەر ئەوەی هەڵەی تێدا دەکات، بێگومان ئەگەر هەڵەی تێدا نەکات و بە هەڵەوە نەیخوێنێ، فێری ڕاستەکەش نابێ، زانایانیش گوتوویانە: (**مَا لَا يُدْرَكُ كُلُّهُ لَا يُتْرَكُ بَعْضُهُ**)، ئەوەی مرۆڤ فریای هەمووشی ناکەوێ، هەندێکیشی واز لێ ناهێنرێ، خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ... ﴿٢٨٦﴾ ﴾ البقرة، خوا هیچ کەس ئەرکدار ناکات، مەگەر بەوەی لە توانایدا هەیە.

٤)- پلەکانی چاك قورئانخوێندن:

زانایان گوتوویانە قورئان بە چوار پلە دەخوێنرێ، بەڵام وەك نووسەری ئەو کتێبەش گوتوویەتی: هەر دەبنەوە سێ پلە:

پلەی یەکەم: کە باشترین پلەیەتی، پێی دەگوترێ: (**التَّحقِيق**) ئەویش بریتیە لەوەی هەر پیتە مافی خۆی پێ بدرێ، لە درێژ کردنەوەو دەرخستنی و، بەجێهێنانی جووڵەکانی: ژێرو بۆرو زەنەو سەرو، گرتنەکان (**تشديدات**)، هەروەها

دەنگ پێ لاراندنەوە (غُنَّة)کان و، پیتەکان لێك بپچڕێنرێن و، بەو شێوەیەی ئەو زانیارییە تایبەتە دەڵێ ئاوا گۆ بکرێن[1].

پلەی دووەم: پێی دەگوترێ: (الحَدْر): (**وَهُوَ عِبارَةٌ عَن عَن إدراجِ القِراءَة وَسُرعَتِها وَتَخفِيفِهَا بِالقَصرِ والتَّسْكِيْنِ وَالإِخْتِلَاسِ وَالبَدَلِ وَالإدغامِ الكَبِيرِ وَتَّخفِيفِ الهَمزِ وَنَحوِ ذلِك**)، (الحدر): بریتییە لەوە کە قورئانەکە بە مەیلەو خێرایی و بە سووکیی بخوێنرێ، لە ڕووی کورتکردنەو زەنەدارکردن و تێکدا جۆشکردن و سووککردنی هەمزەو وێنەی ئەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ مافی خۆ بدرێ، بەس مەرج نیە مەددەکان بگەیەنرێنە ئەوپەڕیان، هەروەها حاڵەتەکانی دیکەی قورئان خوێندن، بەڵام هەر دەبێ لای کەمی مافی خۆیان پێ بدرێ.

پلەی سێیەم: پێی دەگوترێ: (التَّدوِير): (**هُوَ مَرتَبَةُ التَّوَسُّطِ بَينَ التَّحقِيقِ وَالحَدْر**)، ئەویش پلەیەکی میانجییە لە نێوان تەحقیق و حەدردا، (**ابنُ الجَزَرِي**)، گوتوویەتی: (**وَهُوَ المُختارُ عِندَ أكثَرِ أَهلِ الأَدَاء**)، هەر ئەوەش بژاردەیە لەلای زۆربەی قورئانخوێنان (کە میانجیی بێ، نە وابێ مافی پیت و وشەکان بدرێ بە زیادەوە، نە واش بێ بەلای کەمیشدابێ، بەڵکو میانجیی).

پلەی چوارەم: دەڵێ: (**التَّرتِيل: وَهُوَ القِراءَةُ المُبَيِّنَةُ المُفَسِّرَةُ المُستَوعِبَةُ لِأَحكامِ التِّلاوَةِ، وَهِيَ قِرَاءَةُ التَّدَبُّرِ الَّتِي نَزَلَ القُرءَانُ بِالأَمرِ بِهَا**)، (تَرتِيل): بریتییە لە خوێندنەوەی قورئان بە شێوەیەکی ڕوونکراوەو ئاشکراکراو، کە حوکمەکانی قورئانخوێندن هەموویان وەخۆ بگرێ، کە بریتییە لە قورئانخوێندن بەشێوەی تێوەڕامان، بەو شێوەیەی قورئان پێی دابەزیوەو فەرمانی پێ داوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ﴿٤﴾ ﴾المزمل، دوایی: نووسەری کتێبەکە دەڵێ: (**وَالَّذِي أَمِيلُ إِلَيهِ أَنَّ التَّحقِيقَ وَالتَّدوِيرَ جَمِيعاً مِن جُملَةِ التَّرتِيلِ**)، واتە: ئەوەی بەلایدا دەچم ئەوەیە کە هەر کام لە تەحقیق و تەدویر هەر بریتین لە تەرتیل،

---

(١) (**النَّشر فِي القِرَاءَاتِ العَشر**)ی (**ابن الجزري**) ج١، ص: ٢٠٥ .

واتە: کە خوا دەفەرموێ: قورئان بە تەرتیل بخوێنە، چ بەشێوەی تەحقیق بێ، چ بەشێوەی تەدویر بێ، کە تەدویر حاڵەتێکی میانجییە لە نێوان حەدرو تەحقیقدا، هەر دەبنەوە بە تەرتیل.

٥-برگەی پێنجەم و کۆتایی: چۆنیەتیی خوێندنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ قورئان:

لەو بارەوەش بە هێنانەوەی دوو دەقان ئیکتیفا دەکەین:

یەکەمیان: {عَنْ أُمِّ المُؤمنين حَفْصَةُ رَضِيَ اللهُ عَنْها قَالَتْ: ما رَأَيْتُ رَسولَ اللهِ ﷺ صَلَّى فِي سُبْحَتِهِ قَاعِدًا، حتَّى كَانَ قَبْلَ وَفَاتِهِ بعَامٍ، فَكَانَ يُصَلِّي فِي سُبْحَتِهِ قَاعِدًا، وَكَانَ يَقْرَأُ بالسُّورَةِ فيُرَتِّلُهَا حَتَّى تَكُونَ أَطْوَلَ مِن أَطْوَلَ منها} (أخرجه مالك: ٣٠٣، ومسلم: ٧٣٠، والترمذي: ٣٧٣، والنسائي: ١٦٥٨)، واتە: دایکی بڕواداران حەفصە کچی عومەری کوڕی خەتتاب خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوام ﷺ نەدیوە نوێژی سوننەتی بە دانیشتنەوە کردبێ، هەتا ساڵێك پێش کۆچی دوایی، ئەو کاتە نوێژە سوننەتەکەی بە دانیشتنەوە دەکردو، سوورەتێکی کە دەخوێند بە چاکیی دەیخوێند، بە شێوەیەك کە درێژتر دەبوو لە سوورەتێکی لە خۆی درێژتر، واتە: ئەگەر کەسێکی دیکە سوورەتێکی درێژتر لەو سوورەتەی پێغەمبەری خوای ﷺ خوێندبایە، ئەو سوورەتەی ئەو دەیخوێند، لەبەر ئەوەی مافی خۆی چاك پێدەدا، لە سوورەتە لە هی خۆی درێژترەکە، دیارتر دەبوو.

دەقی دووەم: {عَنْ أُمِّ المُؤْمِنِيْن أُمِّ سَلَمَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا: كَانَت تَصِفُ قِرَاءَةَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، قِرَاءَةً مُفَسَّرَةً حَرْفًا حَرْفًا، وسُئِلَ أنَسٌ: كيفَ كَانَتْ قِرَاءَةُ النَّبيِّ ﷺ؟ فَقالَ: كَانَتْ مَدًّا، ثُمَّ قَرَأَ: «بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ»، يَمُدُّ بِبِسْمِ اللَّهِ»، ويَمُدُّ بالرَّحْمَنِ»، ويَمُدُّ بالرَّحِيمِ»} (أخرجه أحمد: ١٢٢٩٨، والبخاري في أفعال العباد: ٤٧٥٨، وأبو داود: ١٦٦٥، والنسائي: ١٠١٤، وابن ماجه: ١٣٥٣)، واتە: ئوممو سەلەمە (خوا لێی ڕازی بێ)، کە وەسفی قورئان خوێندنی پێغەمبەری ﷺ دەکرد، دەیگوت پێغەمبەری خوا ﷺ قورئانخوێندنەکەی ڕوون بوو، پیت پیت، ئەنەسی کوڕی مالیکیش

پرسیاری لێکراوە دەربارەی چۆنیەتیی قورئانخوێندنی پێغەمبەر ﷺ، گوتوویەتی: (پێغەمبەری خوا ﷺ) کە قورئانی دەخوێند، دەنگی پێ درێژ دەکردەوە، (ماقی خۆییانی بە پیتەکان دەدا)، دوایی ئەنەسی کوڕی مالیك ئەوە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ کە قورئانی دەخوێند بۆ وێنە: (**بِسمِ اللهِ الرَّحمان الرَّحِيم**)ی خوێندوە، (**بِسمِ اللهِ**)ی درێژ دەکردەوە، دوایی (**الرَّحمان**)ی درێژ دەکردەوە، دوایی (**الرَّحِيم**)ی درێژ دەکردەوە، واتە: نەك بەسەر یەکەوەو وشەکان تێك بپەستێ.

ئەمیش بوخاریی بە ژمارە (٤٥٥٩) هێناویەتی.

ئەمە کورتەیەك بوو لە ئەدەبەکانی قورئانخوێندن.

لە کۆتایی دا دوو سەرنج دەخەمە ڕوو:

سەرنجی یەکەم: بە دڵنیایی ئەدەب و ڕێزو ویقاری بابای قورئانخوێن لە کاتی قورئان خوێندنەکەیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەندازەی ئیمانەکەی، بۆیە هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ لێیان گێڕدراوەتەوە گوتوویانە: ئێمە ئیمانمان پێ دەدرا، پێش ئەوەی لە قورئان شارەزا بین و قورئان بخوێنین[1]، بۆیەش لێرەوە ئامۆژگاریی هەموو براو خوشکانی مسوڵمانم دەکەم، کە ئەگەر دەتانەوێ وەك پێویست ڕێزو هەیبەت و ویقاری فەرمایشتی خوا، لە دڵ و دەروونتاندا هەبێ و لێی بەهرەمەند بن و، چاك لێی تێبگەن، هەوڵبدەن: ئیمانەکەتان مەحکەمتربێ و، خوا ناسییەکەتان باشتر بێ و، خۆشەویستییتان بۆ خواو، پشت بەستنتان بە خواو، سام و هەیبەتتان بەرانبەر بە خواو، مل کەچییتان بۆ خوا ﷻ زیاتر بێ، چونکە بێگومان هەتا ئیمان مەحکەمترو ڕۆچووتر بێ، هەم تێگەیشتنی مرۆڤ

---

(١) {عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَقْرَأُ الْقُرْآنَ، فَلا أَجِدُ قَلْبِي يَعْقِلُ عَلَيْهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِنَّ قَلْبَكَ حُشِيَ الإِيمَانَ، وَإِنَّ الإِيمَانَ يُعْطَى الْعَبْدَ قَبْلَ الْقُرْآنِ} أخرجه أحمد: ٦٦٠٤.

بۆ فەرمایشتی خواو، هەم ڕێزو هەیبەت و حورمەتی بۆ فەرمایشتی خوا، لە دڵ و عەقڵیدا زیاتر دەبێ.

سەرنجی دووەم: زانایان وەك بنچینەیەك دایاننـاوە: (**كُلُّ شَيءٍ جَاوَزَ حَدَّهُ انقَلَبَ ضِدَّهُ**)، ئەم بنچینەیەش لە زۆربەی حاڵەتاندا ڕاستە، هەر شتێك لە سنووری خۆی تێپەڕی، پێچەوانە دەبێتەوە، بۆیە پسپۆڕو زانایان لە بارەی چاك قورئانخوێندنەوەش گوتوویانە: زێدەڕۆییكردن لە هەق پێدانی پیتەكان و وشەكان و بڕگەكانی قورئانخوێندندا، خراپە، هەروەك چۆن كەمتەرخەمیی خراپە.

ئنجا لێرەدا ئامۆژگاریی هەر براو خوشكێكی مسوڵمان دەكەم و دەڵێم: هەتا بۆتان دەكرێ چاك قورئان بخوێنن، بەڵام بزانن كە چاك قورئانخوێندن، هەنگاوێكە لە هەنگاوەكانی مامەڵەی ڕاست و دروستكردن لەگەڵ قورئاندا، پێشێ دەبێ چاكی بخوێنی، بەڵام چاك خوێندنەكەی بۆ چاك لێ تێگەیشتنیەتی و، چاك لێ تێگەیشتنەكەشی بۆ چاك كار پێكردنیەتی، ئەویش بۆ ئەوەیە كە ڕەزامەندیی خوای پێ وەدەست بێنین، هەم لە دنیادا خۆمان بەو قورئانە چاك و پاك بكەین و هەم دەوروبەرمان و، سەرەنجامیش لە ڕۆژی دوایی دا، پاداشتی خوای لەسەر وەربگرینەوە، كەواتە: دەبێ وریابین، زێدەڕۆیی نەكەین و هەموو ژیان و تەمەنمان خەرج بكەین بۆ چاك قورئانخوێندن، ئەدی كەنگێ لێی تێدەگەی؟ كەنگێ كاری پێدەكەی؟ كەنگێ كۆمەڵگاو دەوروبەری خۆتی پێ پاك و چاك دەكەی؟ وەك لە كتێبی: (با لە خزمەت قورئاندابین)دا بە تەفصیل باسی ئەوەم كردوە، كەواتە: با بەشێك لە تەمەن و كات تەرخان بكەین، چاك قورئان بخوێنین، بەڵام با نەچین لە هەموو تەمەنماندا هەر خەریكی چاك قورئانخوێندن بین، چونكە ئەگەر بە هەموو تەمەنت خەریكی چاك قورئانخوێندن بووی، مانای وایە بەس خەریكی بەشێك و مافێك لە مافەكانی قورئان بووی لەسەرت، كە بریتیە لەوەی چاكی بخوێنی، بەڵام بێگومان چاك خوێندنەكەی قورئان، ئامرازە بۆ چاك لێ تێگەیشتنی و، چاك لێ تێگەیشتنیشی هۆكارە بۆ چاك كار پێ كردنی و جێ بە جێكردنی.

مەسەلەی سێیەم:

دواندنی خوا ﷻ بۆ خەڵك، كە نێردراوێكی بۆ ناردوون بەسەریانەوە شایەدە، لە ڕۆژی دوایی دا، وەك چۆن نێردراوێكی نارده لای فیرعەون - كە مووسا بوو عَلَيْه السَّلام - بەڵام فیرعەون یاخیی بوو، بۆیە خواش بە توندیی سزای دا، ئنجا هۆشداریی پێدانیان بە بڕوایانی كۆمەڵگای پێغەمبەری خوا ﷺ، كە ئەگەر بێبڕوا بن، چۆن خۆیان بۆ لە سزای ئەو ڕۆژە دەپارێزن كە لە حەژمەت و بیمناكیی ئەو ڕۆژە، سەری منداڵان سپی دەبێ، ئەوەش پەندو بیرخەرەوەیە، بۆ هەر كەس كە بیەوێ بەرەو پەروەردگاری ڕێ بگرێتە بەر:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ رَسُولٗا شَٰهِدًا عَلَيۡكُمۡ كَمَآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ رَسُولٗا ﴿١٥﴾ فَعَصَىٰ فِرۡعَوۡنُ ٱلرَّسُولَ فَأَخَذۡنَٰهُ أَخۡذٗا وَبِيلٗا ﴿١٦﴾ فَكَيۡفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرۡتُمۡ يَوۡمٗا يَجۡعَلُ ٱلۡوِلۡدَٰنَ شِيبًا ﴿١٧﴾ ٱلسَّمَآءُ مُنفَطِرُۢ بِهِۦۚ كَانَ وَعۡدُهُۥ مَفۡعُولًا ﴿١٨﴾ إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٞۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ﴿١٩﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

خوا ﷻ ڕوو دەكاتە خەڵكی ڕۆژگاری پێغەمبەری كۆتایی ﷺ و لە پشت ئەوانیشەوە، هەموو كۆمەڵگایەكانی بەشەرو دەفەرموێ:

١)- ﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ رَسُولٗا شَٰهِدًا عَلَيۡكُمۡ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە نێردراوێكمان نارده لای ئێوە، بەسەرتانەوە شاهێدە، بەسەرتانەوە چاودێرو بەڵگەیە، ڕوونكەرەوانی قورئان هەندێكیان گوتوویانە: لێرەدا ڕووی دواندن لە هاوبەش بۆ خوا دانەرانە، بەڵام هەندێكیان گوتوویانە: ڕووی دواندن لە كۆمەڵگای پێغەمبەرە ﷺ بە گشتیی بە بڕوادارو بێبڕواوە.

بەڵام پێم وایە هەرچەندە دەگونجێ بڵێین: لێرەدا ڕووی دواندن لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانەو، دەشگونجێ بڵێین: تەنیا لە كۆمەڵگای پێغەمبەری كۆتاییە

ﷺ، بـەڵام دەشـگونجێ بڵێیـن: ڕووی دوانـدن لـە کـۆی مرۆڤایەتییـە، چ کۆمەڵـگای ڕۆژگاری پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ کـە لـە نێویانـدا ژیاوە، چ کۆمەڵگایـەکانی دیکـە لـە ڕۆژگاری خۆیـدا، چ کۆمەڵگایـەکانی دیکـە، تاکـو ژیـانی مـرۆڤ لەسـەر زەوی بـەردەوام بـێ، ﴿شَٰهِدًا عَلَيْكُمْ﴾، واتـە: شـایەدو بەڵگەیـە، چاودێـرە بەسـەرتانەوە، چاودێـرو بەڵگـەی ئـەوە کـە هەرچـی خـوا ویسـتوویەتی بـە ئێـوە بـگات لـە پەیامەکـەی، پێـی گەیانـدوون.

٢)- ﴿كَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ رَسُولًا﴾، وەك چۆن نێردراوێکمان نارده لای فیرعەون، ئەمە وێنە هێنانەوەیەکە بۆ بێبڕوایەکان، لەبەر ئەوەی بەسەرهاتی مووسا (**عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) لەگەڵ فیرعەوندا زۆر زانراوو باو بووە، بۆیە خواش ﷻ بە کورتیی ئاماژەی پێ کردوە، کە کاتێ خۆی ئێمە ڕەوانەکراوێکمان نارده لای فیرعەون و، ئەی کۆمەڵگایەکەی ئێستاش! ئەوە نێردراوو ڕەوانەکراوێکمان - کە موحەممەدە ﷺ --- نارده لای ئێوەش، ئنجا ئەوەی فیرعەون کردی لەگەڵ نێردراوی خوادا، کە بریتی بوو لەسەر پێچییکردنی و یاخیی بوونی، کە سەرەنجام تووشی سزای سەختی خوا بوو، ئێوە ئاوا مامەڵە مەکەن لەگەڵ نێردراوو ڕەوانەکراوی خوادا، بۆیە دەفەرموێ: ﴿كَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ رَسُولًا﴾، وەك چۆن نێردراومان نارده لای فیرعەون، دیارە (**رَسُول**) لێرەدا بە نەناسراو (**نکرة**) هاتووەو (أل)ی ناساندنی لەسەر نیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوە کە عیبرەت و پەندەکە لە ناردنی پێغەمبەرو ڕەوانکراودایە، نەك لە ناسرانی، هەر کەسێك لەلایەن خواوە ڕەوانە بکرێ، با زۆر ناسراویش نەبێ، مادام نوێنەرو نێردراوی خوایە، دەبێ بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ کە شایستەیە، لەگەڵ نوێنەرو نێردراوی خوادا بکرێ، کەواتە: ئێوە کە دەڵێن: موحەممەد ﷺ چۆن دەبێ خوا ﷻ بیکاتە ڕەوانەکراوی خۆی، لە حاڵێکدا خەڵکی دیکەی زلە زلەو ناسراو هەن؟! ئەو قسەیەتان پووچەو، هەر کەسێك خوا بیکاتە نێردراوی خۆی و پێغەمبەری خۆی، عیبرەت بەوەیە کێ نوێنەری خوایە، نەك خوا کێی کردۆتە نوێنەری خۆی، کێ نوێنەری خوایە، کێ ڕەوانەکراوی خوایە، هەر کەسێك خوا بە شایستەی ئەوەی بزانێ بیکاتە نوێنەرو نێردراوی خۆی، دەبێ بەو

شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، کە لەگەڵ ڕەوانەکراوی خوادا دەکرێ، وەك لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُۥ ... ﴿١٢٤﴾ ﴾الأنعام، واتە: خوا زاناترە پەیامی خۆی لە کوێدا دادەنێ، هەر کەسێك خوا پەیامی خۆی پێ سپاردو، کردی بە نوێنەری خۆی، بەڕەوانەکراوی خۆی، دیارە شایستەیە، چونکە خوا کاری نابەجێ ناکات، پاکیی بۆ خوا.

٣)- ﴿ فَعَصَىٰ فِرْعَوْنُ ٱلرَّسُولَ ﴾، فیرعەون سەرپێچیی لە نێرراوو پێغەمبەرەکە کرد، لێرەدا ئەلیف و لامی سەر ﴿ ٱلرَّسُولَ ﴾، بۆ ناساندنە، بەڵام ناساندنی عەهدیی، واتە: فیرعەون سەرپێچیی لە پێغەمبەرەکە کرد، وەك زۆر جار گوتوومە: (أل)ی (عهد) لە بەرانبەری (کە)ی کوردیی دایە، (پێغەمبەرەکە)، ﴿ فَعَصَىٰ فِرْعَوْنُ ٱلرَّسُولَ ﴾.

٤)- ﴿ فَأَخَذْنَٰهُ أَخْذًا وَبِيلًا ﴾، ئێمەش گرتمان بە گرتنێکی توند و سەخت.

(وَالْوَبِيلُ: فَعِيلٌ صِفَةٌ مُشَبَّهَةٌ مِنْ وَبُلَ الْمَكَانُ، إِذَا وَخِمَ هَوَاؤُهُ أَوْ الْمَرْعَى كَلَوءُهُ)، وشەی (وَبِيل) سیفەتی چوێنراوە بە کردارەوەو لە (وَبُلَ)ەوە هاتوە، (وَبُلَ الْمَكَانُ) واتە: شوێنەکە دەردەدار بوو، یان ئاوو هەوایەکەی تێکچوو، یاخود (وَبُلَ المَرعَى) واتە: لەوەڕگایەکە تێکچوو، بە جۆرێك کە هەر ئاژەڵێك لێی بخوات، سەرەنجامی باش نابێ و پێی ناتەندروست دەبێ.

کەواتە: لە ئەصڵدا (وَبِيل) لە (وَبُلَ)ەوە هاتوە، هەروەك (وَابِل)یش بە بارانی دڵۆپە قورس دەگوترێ، ئەویش هەر لەبەر قورسیی و سەختیی، بەکورتیی خوا دەفەرموێ: فیرعەون کە سەرپێچیی لە پێغەمبەرەکە کرد (پێغەمبەرەکەش مووسا (عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام) بوو، هاڕوونی براشی لەگەڵیدا بووە، وەزیرو هاوکاری بوو)، ئێمە بە گرتنێکی توندو سەخت گرتمان و سزاماندا، کەواتە: ئێوەش پەند لە فیرعەون وەربگرن، سەرپێچیی لە پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خواوە مەکەن، کە موحەممەدە ﷺ.

ئنجا دوای ئەوەی سەرنجی ڕاکێشان بۆ مێژوو بۆ بەسەرهاتی مووسا (**عَلَيْه الصَّلاةُ وَالسَّلام**)و، ڕەوانەکرانی بۆ لای فیرعەون و، سەرپێچییکردنی لە مووساو، سزادرانی فیرعەون و گەلەکەی لە لایەن خوای دادگەرەوە، ئەمجارە سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ ڕۆژی دوایی و دەفەرموێ:

٥)- ﴿ فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا ﴾، ئایا ئێوە ئەگەر بێبڕوا بوون (ئەی خەڵکینە!) چۆن لە (سزای) ڕۆژێك خۆتان دەپارێزن کە منداڵان پیر دەکات، سەری منداڵان سپیی دەکات؟.

(**وِلْدَان**) کۆی (**وَلَد**)و کۆی (**مَولُود**)ە، واتە: منداڵان، ڕۆڵەکان، (**شیب**)یش کۆی (**أَشيَب**)ە، واتە: مرۆڤی سەر سپیی، یان پیر، (**الشِيبُ: كِنايَةٌ عَن هَولِ يَومِ القِيامَةِ**)، (**شِيْب**) واتە: پیریی، کینایەیە بۆ سامناکیی ڕۆژی دوایی دا، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْمًا ﴾، پرسیار کردنەکە بۆ دەستەوسان کردن و سەرزەنشتکردن (**للتعجيز والتوبيخ**)ەو، وشەی ﴿ يَوْمًا ﴾، دەبێتە بەرکار (**مَفْعُول بِه**) بۆ ﴿ تَتَّقُونَ ﴾، (**كَيف تَتَّقُونَ يَوماً**)، چۆن خۆتان لە ڕۆژێك دەپارێزن؟ دیارە خۆ پاراستن لە ڕۆژەکەش، خۆ پاراستنە لەو شتانەی لەو ڕۆژەدا ڕوو دەدەن، واتە: (**كَيف تَتَّقُونَ عقاب وعَذَابَ يَومٍ**)، چۆن خۆتان لە سزاو ئازاری ڕۆژێك دەپارێزن؟ کە ئەو ڕۆژە چۆنە؟ ﴿ يَوْمًا يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا ﴾، منداڵان سەر سپی دەکات.

٦)- ﴿ السَّمَاءُ مُنفَطِرٌ بِهِ ﴾، لەو ڕۆژەدا (یان بە هۆی ئەو ڕۆژەوە) ئاسمان شەق و پەق دەبێ، (**الإنفِطارُ: الإنشِقاقُ**)، شەق و پەق بوون، لەت و پەت بوون، لێرەدا ﴿ بِهِ ﴾، أ-یان بە مانای (**فِيه**)ە، واتە: لەو ڕۆژەدا ئاسمان، گەردوون شەق و پەق دەبێ، یاخود ﴿ بِهِ ﴾، (**ب**) بۆ هۆکارە، واتە: بە هۆی ئەو ڕۆژەوە ئاسمان شەق و پەق و لەت و پەت دەبێ، ج-یاخود (**ب**) بە مانای (ل)ە، (**أي مُنفَطِرٌ لَهُ**)، واتە: لە ئەنجامی ئەو ڕۆژەدا، ئاسمان شەق و پەق دەبێ، وشەی (**سماء**) هەرچەندە مێینەی مەجازیی (**المؤنث المجازي**)یە، بەڵام فەرموویەتی: ﴿ مُنفَطِرٌ بِهِ ﴾ و نەیفەرمووە: (**مُنفَطِرَةٌ بِهِ**)، چونکە:

أ- وشەی ئاسمان مێینەی مەجازییەو، مێینەی مەجازییش جاری وا هەیە دەگونجێ ڕەچاو نەکرێ، بە پێچەوانەی مێینەی ڕاستەقینەوە.

ب- بەڵام هەندێك لە شارەزایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: (**سماء**) هەم بە نێرینە (**مذكّر**) دێ و هەم بە مێینە (**مؤنث**)ش.

ج- یاخود لەبەر ئەوەی وشەی (سَماء) مانا کراوە بە سەربان (سقف) و سەقفیش نێرینەی مەجازییە.

٧)- ﴿كَانَ وَعْدُهُۥ مَفْعُولًا﴾، بەڵێنی خواش ئەنجام دراوە، (**وَعدُ اللهِ بِمَجيِّ الحِسابِ كَائِنٌ لا مُحالَةَ، أو وَعدُ اللهِ بِنَصرِ اللهِ لِلمُسلِمينَ عَلَى الكُفَّارِ، مَنَفَّذٌ**)، بەڵێنی خوا بە هاتنی سزاو پاداشت هیچ بواری تێدانیە، دێ، یاخود: بەڵێنی خوا بە سەرخستنی مسوڵمانان بەسەر نامسوڵماناندا، شتێکی مسۆگەرە.

٨)- ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذْكِرَةٌ﴾، بە دڵنیایی ئەمە (ئەم سوورەتە)، کۆی ئەم ئایەتانە بیرخەرەوەو ئامۆژگارییە.

٩)- ﴿فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا﴾، ئنجا کەسێك بیەوێ بەرەو پەروەردگاری، ڕێی گرتە بەر، هەر کەس ڕێ بگرێتە بەر بەرەو پەروەردگاری لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئایەتانەدا، ئەوە ویست و خواستی خۆیەتی، هەر کەسێك بیەوێ ڕێ لەبەردەمیدا ئاچووغ و تەختەو، دەتوانێ ڕێ بەرەو پەروەردگاری بگرێتە بەرو، بەندایەتییەکی ڕاست و دروست بۆ خوا بکات، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دوایی دا سەرفراز بێ.

مەسەلەی چوارەم و كۆتایی:

هەواڵدانی خوا ﷻ كە ئاگاداری شەو بێداریی پێغەمبەرەكەی ﷺ و كۆمەڵێك لە هاوەڵانیەتی (خوا لێیان ڕازی بێ)، كە: دوو لەسەر سێ و، نیوەو، سێیەك (٣/٢ و ٢/١ و ٣/١)ی شەو هەڵدەستنەوەو، دەشزانێ كە بە وردیی بۆیان حیساب ناكرێ، هەروەها خوا دەشزانێ كە لەمەودوا نەخۆشیی و بازرگانیی و جەنگیش دێنە پێشێ، بۆیە بۆی ئاسان و سووك كردوون، كە ئەوەندەی بۆیان دەكرێ لە قورئان، لە شەو نوێژدا بیخوێنن، بەڵام لە هەموو حاڵاندا بە پێنج نوێژەكان و بە زەكاتدان و سامان بەخشینەوە پابەندبن و، با دڵنیاش بن ئەوەی پێشی دەخەن چاكترە بۆیان، لەلای خواو، با داوای لێبوردنیش لە خوا بكەن، بۆ هەڵەو پەڵەكانیان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ وَطَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَ ۚ وَٱللَّهُ يُقَدِّرُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ۚ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ ۚ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ ۙ وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِى ٱلْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ۙ وَءَاخَرُونَ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ ۚ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ۚ وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا ۚ وَٱسْتَغْفِرُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌۢ ﴿٢٠﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە لە حەڤدە بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ ﴾، بە دڵنیایی پەروەردگارت دەزانێ تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ!) كەمتر لە دوو سێیەكی شەوو، نیوەی شەو و، سێیەكی شەو هەڵدەستیەوە، واتە: هەڵدەستیەوە بۆ شەونوێژ، ئەمە ڕوونكردنەوەی فەرمایشتی خوایە كە لە سەرەتای ئەم سوورەتەوە فەرمووی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ﴿١﴾ قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا

﴿ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا ٣ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ ﴾، کە لەوێ بە تەعبیرێك هێناویەتی و، لێرەش بە تەعبیرێکی دیکە هێناویەتی، هی ئێرە دەتوانین بڵێین: ڕوونکردنەوەی زیاتری تێدایە، خوا دەفەرموێ: پەروەردگارت دەزانێ کە تۆ کەمتر لە دوو سێیەکی شەو هەڵدەستیەوەو، نیوەشی و، یەك لەسەر سێشی، واتە: جاری وایە دوو لەسەر سێی، یان کەمتری و، جاری وا هەیە نیوەی و، جاری واش هەیە یەك لەسەر سێی، چونکە ئەو کاتە وەك ئێستا ئەو ئامرازانە نەبوون کە بە وردیی کاتیان پێ کۆنترۆڵ دەکرێ.

٢)- ﴿ وَطَآئِفَةٞ مِّنَ ٱلَّذِينَ مَعَكَ ﴾، کۆمەڵێکیش لەوانەی لەگەڵتدان، یانی: هاوەڵانیش بە گشتیی (خوا لێیان ڕازی بێ)، نەیانتوانیوە بەو شێوەیە شەونوێژ بکەن، کە دوو لەسەر سێی شەو، یان کەمترو، نیوەی، یاخود سێیەکی، بەڵام دیارە کۆمەڵێکیان لە پیاوان و ئافرەتان پێغەمبەری خوا ﷺ هەرچی کردوە، موو بە موو لە خزمەتیدا بوون و شوێنی کەوتوون.

ئـەم سـێ وشـەیە: ﴿ ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ وَنِصۡفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ ﴾، بـەو جـۆرەش خوێندراونـەوە: **(أَدنَى مِـن ثُلُثَـي اللَّيْـلِ وَنِصفِـهِ وَثُلُثِـهِ)** و (الطَّبَرِي) دەڵـێ: **(قِراءَتـانِ مَعرُوفَتـانِ صَحِيحَتـا المَعنَـى)**، ئنجـا ئەگـەر ئـاوا بخوێندرێتـەوە: ﴿ تَقُومُ أَدۡنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ وَنِصۡفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ ﴾، واتـە: لـە دوو لەسـەر سـێی شـەو کەمـترو، نیـوەی و، سـێیەکی.

بـەڵام ئەگـەر ئـاوا بخوێندرێتـەوە: **(أَدنَى مِـنْ ثُلُثَـي اللَّيْـلِ وَنِصفِـهِ وَثُلُثِـهِ)**، واتـە: کەمـتر لـە دوو لەسـەر سـێی شـەو و، کەمـتر لـە نیـوەی و، کەمـتر لـە یـەك لەسـەر سـێی، چونکـە ئـەو کاتـە مانـای وایـە: **(نِصفِـهِ وَثُلُثِـهِ)**، بادەدرێنـەوە سـەر: ﴿ ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ ﴾ و ئـەو کاتـە ﴿ مِن ﴾، بەسەروانیشـدا دێتـەوە، واتـە: کەمـتر لـە نیـوەی شـەو و، کەمـتر لـە یـەك لەسـەر سـێی شـەو.

٣)- ﴿ وَٱللَّهُ يُقَدِّرُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ ﴾، خواش ئەندازەگیریی شەو و ڕۆژان دەکات، واتە: **(يَعْلَمُ مَقادِيرَ اللَّيْلِ وَالنَّهارِ عَلَى حَقائِقِهَا، وَأَنتُم تَعلَمُونَ بَالتَّحَرِّي وَالإجتِهاد)**، خوا ئەندازەی شەو و ڕۆژان وەك چییەتیان دەزانێ، بەڵام ئێوە بەهۆی پشکنین و هەوڵدان و تێکۆشان (بەهۆی نیشانەکانی ئاسمانەوە ئەوە دەزانن).

٤)- ﴿ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ ﴾، خوا زانی شەو بێدارییتان بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ، لە نێوان ئەو سێ کاتانەدا، حەسەنی بەصرایی کە (**الطَّبَري**) بە ژمارە (٣٥٣٩٣) لێی خواستۆتەوە، گوتوویەتی: (**عَلِمَ أَن لَن تُطِيقُوهُ**)، خوا زانی لە تواناتاندا نیە، کە سەرژمێرو ئەندازەگیریی ئەو کاتانە بکەن، کە بۆ شەونوێژ تێیان دا بێدار دەبنەوەو هەڵدەستنەوە.

٥)- ﴿ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ﴾، ئنجا (خوا) گەڕایەوە سەرتان، (**عادَ عَلَيكُم بِالعَفوِ**)، خوا گەڕایەوە سەرتان بە لێبوردن، خوا گەڕایەوە سەرتان لە قورسکردنەوە بۆ سووککردن و، لە زەحمەتەوە بۆ ئاسانیی.

٦)- ﴿ فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْءَانِ ﴾، ئێستا ئەوەی بۆتان ئاسانە لە قورئان بیخوێنن.

ئنجا ئایا ئەمە مەبەست پێی خودی قورئانخوێندنەکەیە، یاخود مەبەست پێی شەو نوێژەکەیە، کە قورئانی تێدا دەخوێنرێ؟ هەردووکیان دەگونجێن.

لێرەدا خوا ﷻ قورئانخوێندنی بە نوێژ داناوەو، لە سوورەتی (**الإسراء**)یش نوێژی بەیانیی بە قورئانخوێندن داناوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ أَقِمِ الصَّلَوٰةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَىٰ غَسَقِ الَّيْلِ وَقُرْءَانَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْءَانَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا ﴿٧٨﴾ ﴾الإسراء، کە مەبەست پێی نوێژی بەیانییە، واتە: ئەو نوێژی بەیانییەی قورئانی تێدا دەخوێنرێ، لەبەر ئەوەی پایەی هەرە گەورەی نوێژ، بریتیە لە قورئان تێدا خوێندنی، ئەوەندی بۆتان ئاسانە لە قورئان بیخوێنن، واتە: لە شەونوێژدا، زانایان هەندێکیان گوتوویانە: (**نُسِخَ التَّقْدِيرُ بِمِقْدَارٍ، وَبَقِيَ أَصْلُ الْوُجُوبِ**)، ئەوە کە ئەندازەگیریی بکرێ (بە دوو لەسەر سێ، یان بە نیوە، یان بە یەك لەسەر سێ)، لابرا، بەڵام ئەصڵی شەوبێدارییەکە کە پێویستە، هەر مایەوە، ئەوەش جۆرێکە لە سووککردن و دەستکارییکردن نەك نەسخ بە واتا باوەکەی، بەڵکو شتێك کە بە موتڵەقیی باسکراوە، ئێستا بەنددار (**تَقِييدٌ**) کراوە، کە ئەوەش هەندێك لە زانایان زاراوەی وشەی نەسخیان بۆ بەکارهێناوە، بەڵام لە ڕاستییدا وشەی نەسخ بەپێی واتای باوی کە ئێستا بەکاردەهێنرێ، ئەوە ناگرێتەوە،

چونکـە حوکمەکـە هـەر لەجێـی خۆیـەتی، بـەڵام لەجیـاتی ئـەوەی سـێ ئەگەریـان بخرێنـە بـەر دەم، دوو لەسـەر سـێی شـەو، و نیـوەی و، یـەك لەسـەر سـێی، ئـەو سـێ ئەنـدازەو، ئـەو سـێ سـنوورەیان بـۆ لابـراون، لەبـەر ئـەوەی خـوا زانیویـەتی بۆیـان ناکـرێ، هەڵبەتـە پێشـتریش هـەر زانیویـەتی کـە لەسـەری پێویسـت کـردوون، بـەڵام پێشـتر پێویسـت بـووە زۆر زیاتـر خۆیـان مانـدوو بکـەن، بـەڵام دوایـی خـوا ﷻ لەسـەری سـووك کـردوون، هـەم لەبـەر ئـەوەی لـە توانایـان دا نابـێ، هـەم لەبـەر سـێ پاسـاوی دیکـەش، کـە دوایـی باسـیان دەکات.

٧)- ﴿عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ﴾، خوا زانی کە لەنێو ئێوەدا کەسانی نەخۆش دەبن.

٨)- ﴿وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي ٱلْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ﴾، هەروەها کەسانێکی دیکەش پێ بە زەویدا دەکوتن، (سەفەر دەکەن و دێن و دەچن بە زەویدا) لە بەخششی خوا دەخوازن.

ئـەوەی بینیومـەو سـەرەنجمداوە لـە هەمـوو تەفسـیرەکاندا دەڵێن: لێرەدا مەبەسـت پێـی مامەڵـەو بازرگانییـە، بـەڵام پێـم وایـە: لـەم سـیاقەدا بـە زەوییـدا ڕۆیشـتن و داوا کـردن لـە بەخشـشی خـوا تایبـەت نیـە بـە بازرگانیـی و مامەڵـەوە، بەڵکـو:

أ- ئاژەڵداریی دەگرێتەوە، شوان و گاوان ئاژەڵەکانیان و، وشترەوان وشترەکانیان دەبەنە دەشت و کێوو، پێ بە زەوییدا دەکوتن و لە بەخششی خواش داوا دەکەن، بەهۆی بەخێو کردنی ئەو ئاژەڵانەوە کە خوا بژیویان پێ بدات.

ب- هەروەها کەسێك کە بۆ کشت و کاڵ دەردەچێ لە ماڵ، کشت و کاڵ بکات، کشت و کاڵەکەش چ دەغڵ و دان و دانەوێڵەیە، چ باخ و ڕەزە، چ تەڕەکارە، هەرچی هەیە، هەمووی دەگرێتەوە.

ج- دیسان هەر جۆرە بە زەوییدا ڕۆیشتنێکی دیکەش، وەك دەرهێنانی کانزایەکان و، دار هێنان و، هەر دەرچوونێکی دیکە، هەمووی دەگرێتەوە.

٩)- ﴿ وَءَاخَرُونَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، (هەروەها خوا زانی کە) کۆمەڵێکی دیکەشتان لە پێناوی خوادا دەجەنگن.

واتە: خوا زانیی لەمەودوا سێ حاڵەتتان بۆ دێنە پێش:

یەکەم: هەندێکتان نەخۆش دەبن، بابای نەخۆش فەڕزەکانیشی بە زەحمەت بۆ دەکرێن، چ جای شەونوێژی بۆ بکرێ.

دووەم: هەندێکی دیکەتان دەردەچن و بە زەوییدا دەڕۆن لە بەخششی خوا دەخوازن، کارو کاسبیی دەکەن، ئنجا بازرگانییە، کشت و کاڵە، ئاژەڵدارییە، هەرچی هەیە.

سێیەم: هەندێکی دیکەشتان لە پێناوی خوادا دەجەنگن، جەنگکردن لە پێناوی خواشدا جاری وایە پێویست دەکات بە شەوو ڕۆژ سەرقاڵ بی و، لە بەرانبەر دوژمندا سەنگەر بگری و، لە بۆسەدابی و، ناتپەڕژێتە سەر ئەوەی فەڕزەکانیش بەو شێوەیەی لە حاڵەتی ئاسایی دا دەکرێن، ئەنجام بدەی، چ جای شەو نوێژ، بۆیە خوا لەسەری سووککردن، (الطَّبَري) دەڵێ: (وَهَذَا تَخْفِيفٌ مِنَ اللّهِ عَزَّ وَجَلَّ عَنْ عِبَادِهِ، فَرْضَهُ الَّذِي كَانَ فَرَضَ عَلَيْهِمْ)، واتە: ئەمە سووککردنە لە خواوە لەسەر بەندەکانی، ئەو پێویستەی لەسەری پێویست کردبوون، لەسەری سووك کردن.

١١)- ﴿ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ ﴾، کەواتە: ئەوەی ئاسانە لێی بخوێنن، ئەم (ف)یە: (فَرْعَ عَلَى الحالاتِ الثَّلاث)، بۆ لق لێکردنەوەیە لەسەر سێ حاڵەتی پێشێ، واتە: خوا زانیی: کە نەخۆشتان لە نێودا دەبن و، کەسانێك بە زەویدا دەڕۆن و لە بەخششی خوا داوا دەکەن و، کەسانێك لە پێناوی خوادا دەجەنگن، بۆیە: ﴿ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ ﴾، لێی بخوێنن ئەوەندەی بۆتان ئاسان دەبێ، کەواتە: نوێژی شەو هەر بەردەوامە، بەڵام سووککراوە بەپێی حاڵ و مەقام، لە حاڵەتی ئاسایی دا بە شێوەی ئاسایی دەکرێ و، لە حاڵەتی نائاسایی دا، ئەوەندەی گونجاوو ئاسانە، با ئەنجام بدرێ.

١٢)- ﴿ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾، نوێژە (فەرزە)کەش، بەرپا بکەن، ﴿ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾، (أل)ی ناساندنی لەسەرە، واتە: (**أَقِيمُوا الصَّلاةَ المَفرُوضَةَ**)، نوێژی پێویست ئەنجام بدەن، واتە: پێنج نوێژە فەرزەکان.

١٣)- ﴿ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، هەروەها زەکاتە (زانراوە)کەش بدەن، (أل)ی ﴿ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾یش، (أل)ی ناساندنەو بۆ (عهد)ە، واتە: زەکاتەکە، زەکاتی زانراوی شەرعیی بدەن.

١٤)- ﴿ وَأَقْرِضُواْ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ﴾، هەروەها قەرزێکی باش بە خوا بدەن، واتە: ماڵ و سامانی جگە لە ماڵ بەخشینی فەرزیش کە زەکاتە، هەر ببەخشن.

١٥)- ﴿ وَمَا تُقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا ﴾، هەر چاکەیەکیش بۆ خۆتان پێش بخەن لە لای خوا دەیبیننەوە، ئەو چاکترەو پاداشتی مەزنترە.

وشەی ﴿ مِّنْ خَيْرٍ ﴾، (خَير) لێرەدا بە پلەی یەکەم مانای چاکەو ماڵ و سامان بەخشینە، بەڵام هەر چاکەیەکی دیکەش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی دیکە: ﴿ هُوَ خَيْرًا ﴾، ﴿ خَيْرًا ﴾، لێرەدا ناوی هەڵبژاردن (**إسم تَفضِيل**)ە، وەك چۆن ﴿ وَأَعْظَمَ أَجْرًا ﴾، بۆ هەڵبژاردنە، واتە: ئەوەی پێش خۆتانی دەخەن لە دنیاداو ئەنجامی دەدەن و، ئەوەی بەڕێی دەکەن بۆ قیامەت لە چاکە، ماڵ بەخشینە هەرچی هەیە ﴿ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ ﴾، لەلای خوا دەیبیننەوە، ﴿ هُوَ خَيْرًا ﴾، ئەوە باشترە لەوەی لە دنیادا بەهەرەی لێ وەردەگرن، ﴿ وَأَعْظَمَ أَجْرًا ﴾، پاداشتیشی مەزنترە، لێرەدا مەبەست پێی بەراوردکردن نیە لەگەڵ جگە لە خۆیدا، بەڵکو یانی: بە ڕەهایی ئەوە باشترەو، پاداشتێکی مەزنی هەیە.

١٦)- ﴿ وَٱسْتَغْفِرُواْ ٱللَّهَ ﴾، داوای لێبوردنیش لە خوا بکەن، (بۆ کەم و کوڕییەکانتان).

١٧)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا لێبوردەی بە بەزەییە.

كورتە باسێك لە حەوت سەرنج دا

بەڕێـــزان!

كۆتایی ئەو دەرسەشمان: تەفسیر كردن و لێكدانەوەی ئەم ئایەتە موبارەكە، بە كورتە باسێك دێنین، لە حەوت سەرنجی خێرادا:

سەرنجی یەكەم:

لێرەدا كە خوا فەرمان دەكات بە شەونوێژ، فەرمانەكە هەر لەجێی خۆی دایەو، لانەبراوە و نەسخ نەبۆتەوە، بەڵام فەرمانەكە بۆ بە پەسند دانان (**إستحباب**)ەو، هەر لە سەرەتاوەش وابووەو، ئەوەش ڕای ژمارەیەك لە زانایانە كە دەڵێن: شەونوێژ لەسەر پێغەمبەری خواش ﷺ فەرز نەبووەو، لەسەر هاوەڵانیشی فەرز نەبووە، بەڵكو خوا وەك شتێكی پەسندو چاك فەرمانی پێكردوە، هەندێكیش دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەری فەرز بووە، بەڵام بۆ هاوەڵانی و بۆ مسوڵمانانی دیكەش، شتێكی پەسندو چاكە، گرنگ ئەوەیە فەرمانەكە هەر لەجێی خۆیەتی، بەڵام وەك دوایی باس دەكەین، ئاسانكاریی و سووككاریی تێدا كراوەو ئەم ئایەتەی كۆتایی خوا ﷻ میهرەبانیی و بەزەیی و چاوپۆشیی لەو فەرمانەدا بەكارهێناوە، وەك پێشتر لەهۆی هاتنە خوارەوەیدا باسمان كرد، ئەویش دوای ساڵێك، دوای ئەوەی ساڵێك پێغەمبەری خوا ﷺ و بەشێك لە هاوەڵانی كە لە خزمەتیدا بوون، بەو شێوەیەی خوا فەرمانی پێ كردبوون، ئەو شەو نوێژەیان كردو، بەو شێوەیە قورئانیان تێدا خوێند، خوای پەروەردگار لەسەری سووككردن، هەم لەبەر ئەو سێ حاڵەتە نائاساییەی كە بۆیان دێنە پێش، هەم لەبەر ئەوەش كە زانی باش بۆیان كۆنترۆڵ ناكرێ.

سەرنجی دووەم:

کە دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ ﴾، ئـەوەی بۆتـان ئاسـانە لـە قورئـان بیخوێنـن، ئەمـە تەعبیـر کردنـە لـە نوێـژ کـردن، بـە قورئانخوێنـدن، وەك لـە سـوورەتی (الإسراء)یشـدا هاتـوە: ﴿ وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا ... ﴿١١٠﴾ ﴾الإسراء، دەنگـت زۆر بـەرز مەکـەوە بـە نوێژەکـەت و دەنگیـش زۆر نـزم مەکـەوە، (صَلاة) لەوێـدا بـە مانـای قورئـان خوێندنـە، لێـرەش کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ ﴾، واتـە: ئەوەنـدەی بۆتـان ئاسـان دەبـێ شـەونوێژ بکـەن، ئـەو شـەونوێژەی قورئـانی تێـدا دەخوێنـن.

سەرنجی سێیەم:

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَءَاخَرُونَ يُقَـٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، ئەمـە لە بەڵگـەو موعجیزەکانی پێغەمبەرایەتییـەو هەواڵدانـە لـە نادیـار (غیـب)، چونکـە لـە مەککەدا جەنـگ نەبووە، ڕای بەهێزتریـش ئەوەیـە کـە ئـەم سـوورەتە هەمـووی مەککەییـە، ئەوەنـدە هەیـە ئـەم ئایـەتی بیسـتەم و کۆتاییـە سـاڵێك، دوای نـۆزدە ئایەتەکـەی دیکـە دابەزیـوە، ئـەم سـوورەتی (المزمـل)ەش وەك باسـمان کـرد، سـەرەتای دابەزینـی قورئانـە، جگـە لـە پێنـج ئایەتەکـەی سـەرەتای سـوورەتی (العلـق)، کەواتـە: هـەر لـە سـاڵی یەکەمـدا خـوا هەواڵـی بـە مسـوڵمانان داوە، کاتێـك دێ جەنـگ و جیهادتـان بـۆ دێتـە پێـش و، ڕووبـەڕوو بوونـەوەو بەرەنگارییتـان لەگـەڵ ئەهلی کوفـردا، دەبێ، ئـەوەش هەواڵدانە بـە نادیـار، چونکـە تەنیـا خـوا ﷻ زانیویـەتی، ئـەو پێغەمبـەرەی ﷺ ناردوویـەتی و بـەردەوام لـە شـاری مەککـەدا هـاوەڵانی ئەشـکەنجە دراون و کـوژراون، کاتێـك دێ - ئـەو پێغەمبـەرەی ﷺ بانگەوازەکـەی ئـەو کاتـە لـە نێـو شـاخەکان و شـیوەکانی مەککـەدا قەتیـس کـراوە - قـەوارەی سیاسـیشی بـۆ دروسـت دەبـێ و، جەنـگ و جیهادیشـیان لەسـەر پێویسـت دەبـێ، بۆیـەش ئـەوە بـە ئیعجازێـکی مێژوویـی لـە قەڵـەم دەدرێ.

سەرنجی چوارەم:

دەرچـوون لـە مـاڵ، بـە مەبەسـتی دابیـن کـردن و دەسـتەبەر کـردنی بژیـو، چ بەهـۆی مامەڵـەو بازرگانییـەوە بـێ، چ بـە هـۆی کشـت و کاڵـەوە بـێ، چ بەهـۆی ڕەزداریـی و باخدارییـەوە بـێ، چ بەهـۆی ئاژەڵدارییـەوە بـێ، شـتێکی زۆر گرنگـە، چونکـە خـوا ﷻ لەگـەڵ (جەنـگ لـە پێنـاوی خـوادا) خسـتوونیە تەرازوویەکـەوە، یـانی: چ بچـی ڕزق و بژیـو پەیـدا بکـەی، چ بچـی لـە پێنـاوی خـوادا فیداکاریـی و جەنـگ و خەبـات بکـەی، لـە ئاسـت و ڕیزێـك دان و هاوکووفـن.

سەرنجی پێنجەم:

ئەبـوو حەنیفـە ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ، ئـەم ڕسـتەیەی بـە بەڵگـە هێناوەتـەوە لەسـەر ئـەوەی خوێنـدنی سـوورەتی فاتیحـە، مـەرج نیـە لـە نوێـژدا، بـەڵام زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان دەڵێـن: خوێنـدنی سـوورەتی فاتیحـە لـە هەمـوو ڕکاتـەکانی نوێـژدا فـەرزەو مەرجـە، ئەبـوو حەنیفـە دەڵـێ: خـوا فەرموویـەتی: ﴿ فَٱقۡرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِ ﴾، ﴿ فَٱقۡرَءُواْ مَا تَيَسَّرَ مِنۡهُ ﴾، بـەڵام زۆربـەی زانیـان دەڵێـن: لێـرەدا خـوا فەرمانێـکی گشـتیی کـردوە، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەوەی ڕوونکردۆتـەوە وەك لـە صەحیحـی بوخاریـی و موسـلیمدا هاتـوە: {لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ} **(أخرجه البخاري: ٧٢٣، ومسلم: ٣٩٤)**، واتـە: هـەر کـەس **(فَاتِحَةِ الْكِتَابِ)**، نەخوێنـێ، واتـە: سـوورەتی فاتیحـە لـە هـەر ڕکاتێـکی نوێژەکـەی دا، نوێژەکـەی بەرناکـەوێ، بـە دڵنیاییـش ڕای زۆربـەی زانایـان ڕاسـتەو، ئەبـوو حەنیفـەش نەیگوتـوە باش نیـە فاتیحە بخوێـنرێ، بەڵکـو گوتوویـەتی مـەرج نیـە، واتـە: نوێژکـەر ئەگـەر سـوورەتی فاتیحـە نەشـخوێنێ، بەڵکـو بـە ئەنـدازەی چەنـد ئایەتێـك بخوێنـێ، ئـەو پایـەی نوێژەکـەی هاتۆتـە دی، بـەڵام ڕای زۆربـەی زانایـان ڕاسـتە.

سەرنجی شەشەم:

شەونوێژ - وەك پێشتر لە كاتی تەفسیركردنی سوورەتی سەجدەدا، كورتە باسێكمان لە بارەوە كرد - پلەو پایەیەكی زۆر گەورەو گرنگی هەیە لە ئیسلامداو، گرنگە مرۆڤی مسوڵمان، كەم یان زۆر شەو بێدار بێ، تەنانەت زانایان گوتوویانە: ئەگەر دوو ڕكاتیش بێ، هەرچەندێكی بۆی بگونجێ، واباشە شەو بێداریی هەبێ، كە من پێموایە شەو بێدارییەكە مەرجیش نیە، تەنیا بە نوێژ بێ، ئەگەر تەنیا قورئانیش بخوێنێ، یان یادی خواش بكات، چونكە جاری وایە شوێنەكەی وایە، یان حاڵەكەی وایە، ناتوانێ نوێژ بكات، ئەگەر هەر یادی خوا بكات، یان بپاڕێتەوە، یان سەرگەرمی زانستیش بێ، ئەوە هەر بە شەوبێداریی بۆی لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام بە دڵنیایی شەونوێژ كردن حاڵەتە ئەسڵییەكەیە.

سەرنجی حەوتەم و كۆتایی:

هەرچەندە زانایان ڕاجیاییان هەیە لەوەدا: ئایا شەونوێژ لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ فەرز بووە، یان سوننەت بووە؟، بەڵام بەپێی ئایەتەكەی سوورەتی (الإسراء) كە دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَتَهَجَّدۡ بِهِۦ نَافِلَةٗ لَّكَ عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامٗا مَّحۡمُودٗا ٧٩ ﴾الإسراء، لە شەوێشدا هەڵسەوە و واز لە خەو بێنە، (یاخود: خۆت ئەزیەت بدەو شەونوێژ بكە)، ﴿ نَافِلَةٗ لَّكَ ﴾، ئەمە زیادەیەكە بۆ تۆ، هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە ئەصڵدا شەونوێژ لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ پێویست نەبووە، بەڵام خۆی پێوە پابەند كردوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ پێگە بەرزەكەی وای خواستوە، كە ئەو شتانەی خەڵكی دیكە وەك سوننەت تەماشایان دەكات، ئەو وەك فەرز لەسەر خۆییان پێویست بكات، هەڵبەتە وشەی: ﴿ نَافِلَةٗ ﴾، وەك چۆن دەگونجێ بە مانای زیادە لە فەرزبێ، دەشگونجێ بە مانای زیادە بێ، بۆ تۆ لەوەی لەسەر خەڵك فەرز كراوە، لەسەر ئۆممەتەكەت، دانراوە، تۆ ئەو زیادەیەشت لەسەر

فـەرز کـراوە، واتـە: وشـەی ﴿ نَافِلَةً ﴾، مـەرج نیـە تەنیـا مەبەسـت پێـی پەسـند (منـدوب) بـێ، کـە لـە بەرانبـەر فـەرز دایـە.

بـەڵام بێگومـان دەشـگونجێ ئـەو وشـەیە بـە بەڵگـەی ئـەوەش بهێنرێتـەوە کـە پێغەمبـەری خاتەمیـش ﷺ شـەونوێژی لەسـەر فـەرز نەبووە، بـەڵام خوای پـەروەردگار بـۆی پەسـند کـردوە، ئەویـش خـۆی بـەو پەسـندەوە مولـزەم و پابەنـد کـردوە، گرنـگ ئەوەیـە ئـەوەی لـەم ئایەتـە موبارەکـەدا هاتـوە، مەسـەلەی لابـردن (نسـخ)ی هـەر تێـدا نیـە.

بەڵکـو مانـای ئـەو ئایەتـە موبارەکـەو کـۆی حوکمی شـەونوێژ کـە لێـی وەردەگیرێ چەنـد ئەگەرێـکی هەن:

١- خوای کاربەجێ هەر لەسەرەتاوە وەك پەسند (مندوب) فەرمانی پێکردوون شەونوێژ بکەن، نەك وەك ئەرکێکی پێویست.

٢- خوای میهرەبان هەر لە بەراییەوە بۆ کاتێکی دیارییکراو، ئەو ئەرکەی پێ سپاردوون، بە پێغەمبەری خوا ﷺو هاوەڵانی و، تەنیا لەو سەرەتایەوەش پێویست بووەو، دوایی خوا حوکمەکەی سووك کردوەو کردوویەتی بە پەسند، بە تایبەت لە حاڵەتە تایبەتەکانی وەك: نەخۆشیی و سەفەرو جەنگ و جیهاددا.

٣- هەر لەسەرەتاوەش شەونوێژ سوننەت و پەسند بووەو، دوایی خوای بە بەزەیی ئەو کە پەسندەشی لەسەر سووك و ئاسان کردوون، کە بەپێی تواناو بۆ لوانیان پێی هەڵسن، هەم بەهۆی نەتوانینی کۆنترۆڵکردن (**ضبط**)ی کاتەکەو، هەم بەهۆی هاتنەپێشی: نەخۆشیی و، سەفەری داواکردنی بژیوو بەخششی خواو، جەنگ و جیهادەوە.

ئێمـە لێـرەدا کۆتایـی بـە تەفسـیری سـوورەتی (المزمـل) دێنیـن و لـە خـوای پـەروەردگار دەپاڕێینـەوە، کـە بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی یارمەتییـمان بـدات و دەڵێیـن: خوایـە! بـە نـاوە هـەرە چاکەکانـت و سیفەتە هـەرە بـەرزو پەسـندەکانت،

لێت دەپارێینەوە کە هەرچی فەرمانت پێکردوە لە فەرمایشتی خۆتداو، هەرچی پێغەمبەری خاتەم ﷺ جێبەجێی کردوە، لە ژیانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دا، تەوفیقمان بدەی ئێمەش بەو شێوەیە تێبیگەین کە خۆت فەرمانت پێکردوەو، بەو شێوەیەش بیکەین کە پێغەمبەرەکەت ﷺ کردوویەتی و ئەنجامی داوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

الْمُدَّثِّر

دەستپێک

بەڕێـــــــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٢١)ی شـەووالی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٦/١٣) ی زایینـی، لـە شـاری دێرینـی هەولێـر خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن، بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (الْمُدَّثِّرُ)، سـەرەتاش لـە حـەوت (٧) بڕگـەدا، پێناسـەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە دەکەیـن و نێوەڕۆکەکـەی دەخەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (المدثر) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە تەنیـا بـە نـاوی (سُورَةُ الْمُدَّثِّرُ) نـاسراوە، کـە بـە مانـای (خـۆ لـە پۆشـاکەوە پێـچ)ەوە، دێ، مەبەسـتیش پێـی پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەدە ﷺ.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بـە یەکدەنگیـی زانایـان ئـەم سـوورەتە مەککەییـەو لـە شـاری مەککـە دابەزیـوە، لـەو بـارەوەش ئـەم دەقـە دێنیـن:

{عَـنْ عَبْـدِ اللـهِ بْـنِ عَبَّـاسٍ ﷺ قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ الْمُدَّثِّـرُ فِي مَكَّـةَ} **(أخرجـه ابـن الضريـس والنحـاس وابـن مردويـه والبيهقـي، وأخـرج ابـن مردويـه عـن إبـن الزبـير مثلـه، الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب: ج٣، ص١٧٣، وفتـح القديـر للشـوكاني: ج٥، ص٣٩١).**

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس ﷺ گوتوویەتـی: سـوورەتی (**الْمُدَّثِّرُ**) لـە مەککە دابەزیـوە، ئنجـا (**إبـن مردویـە**) هەمـان قسـەی لـە عەبدوڵڵای کـوڕی زوبەیریشـەوە (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) گێڕاوەتـەوە، هـەر کام لـە (**ابـن عبـاس و ابـن الزّبـیر و ابـن عُمَـر وابـن عَمْـرٍو**)و لـە پێـش هەمووشـیانەوە (**إبـن مسـعود**) هـەر پێنجیـان ناویـان عەبدوڵڵاییـەو، بـە عەبادیلـە نـاسراون، هەمووشـیان زۆر زانـاو شـارەزا بـوون، بـە تایبـەت (**إبـن مسـعود**) و لـە دوای ئـەو (**إبـن عبـاس**)، ئنجـا دوایـی (**ابـن الزبـیر وابـن عُمَـر وَابْـنُ عَمْـرٍو**) (خـوا لێیـان ڕازی بـێ).

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمـارەی ئایەتەکانـی بـە لای زانایانـی (**أهـل المدينـة**)ەوە، لـە ژماردنـی دووەمیانداو، بـە لای زانایانـی (**أهـل الشـام**)ەوە پەنجـاو پێنـج (٥٥)ە، بـەڵام زانایانـی: (**أهـل البـصرة وأهـل الكوفـة و أهـل المدينـة**)ش لـە ژماردنـی یەکەمیانـدا - دیـارە دوو جـاران ئایەتەکانیـان سـەرژمێر کـردوون - بـە پەنجـاو شـەش (٥٦)یـان دانـاوەو، ئـەو موصحەفانـەی لەبـەر دەسـتی ئێمـەن، ژمـارەی دووەمیـان تەبەنیـی کـردوون کـە پەنجـاو شـەش (٥٦)ە.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

لـە موصحـەف دا ڕیزبەندییەکـەی حەفتـاو چـوار (٧٤)ەو، له دابەزینیشـدا ڕاجیایی هەیـە لـە بـارەی ڕیزبەندییەکەیـەوەو، ئـەوەش پێویسـتیی بـە توێژینەوەیەکـی ورد دەکات، کـە هەوڵدەدەیـن لـە چەنـد خاڵێکـدا کـورت و پوختـی بکەینـەوەو، لـەو بـارەوە سـێ ڕا هـەن:

١- جابیری کوڕی عەبدوڵڵا (خوا لێیان ڕازی بێ) گوتوویەتی: سووڕەتی (**الْمُدَّثِّر**) یەکەمین سووڕەتە دابەزیبێ، تەنانەت پێش (**العلق**)یش و، لەو بارەوە ئەم دەقە هەیە:

{عَنْ يَحْيَى بْنِ أَبِي كَثِيرٍ قَالَ: سَأَلْتُ أَبَا سَلَمَةَ بْنَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَنْ أَوَّلِ مَا نَزَلَ مِنَ الْقُرْآنِ؟ فَقَالَ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ١ قُمۡ فَأَنذِرۡ ٢﴾ قُلْتُ: يَقُولُونَ: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١﴾؟ فَقَالَ أَبُو سَلَمَةَ: سَأَلْتُ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ عَنْ ذَلِكَ، وَقُلْتُ لَهُ مِثْلَ مَا قُلْتَ لِي، فَقَالَ جَابِرٌ: لَا أُحَدِّثُكَ إِلَّا مَا حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «جَاوَرْتُ بِحِرَاءٍ، فَلَمَّا قَضَيْتُ جِوَارِي، هَبَطْتُ فَنُودِيتُ فَنَظَرْتُ عَنْ يَمِينِي فَلَمْ أَرَ شَيْئًا، وَنَظَرْتُ عَنْ شِمَالِي فَلَمْ أَرَ شَيْئًا، وَنَظَرْتُ أَمَامِي فَلَمْ أَرَ شَيْئًا، وَنَظَرْتُ خَلْفِي فَلَمْ أَرَ شَيْئًا، فَرَفَعْتُ رَأْسِي فَرَأَيْتُ الْمَلَكَ الَّذِي جَاءَنِي بِحِرَاءٍ قَاعِدٌ عَلَى كُرْسِيٍّ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، فَجَئِثْتُ مِنْهُ حَتَّى هَوَيْتُ إِلَى الْأَرْضِ، فَجِئْتُ إِلَى أَهْلِي، فَقُلْتُ: زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي، فَزَمَّلُونِي، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ١ قُمۡ فَأَنذِرۡ ٢﴾} (أخرجه البخاري: ٤٦٣٨، ومسلم: ١٦١، وأحمد: ١٤٣٢٦).

واتە: یەحیای کوڕی ئەبی کەسیر دەڵێ: لە ئەبوو سەلەمەی کوڕی عەبدوڕڕەحمانم پرسی لە بارەی یەکەمین شتێکەوە کە لە قورئان دابەزیوە؟ ئەویش گوتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ١﴾ە، گوتم: دەڵێن: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١﴾ [واتە: سەرەتای سوورەتی (العلق)، ئەو چەند ئایەتە دابەزیون یەکەمجار]، ئەبوو سەلەمە گوتی: لەو بارەوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵام پرسی؟ وەك تۆ ئێستا دەڵێی، منیش وامگوت، بەڵام جابیر گوتی: بۆت باس ناکەم، جگە لەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی باس کردووم، فەرمووی: چوومە ئیعتیکافەوە لە نێو ئەشکەوتی (حِرَاءٍ)دا، دوای ئەوەی خەڵوەو ئیعتیکافەکەم تەواو بوو، {(جِوَارِ) لە ئەسڵدا بە مانای دراوسێیەتیی کردنە، بەڵام مەبەست پێی چوونە ئیعتیکاف و خەڵوەو ڕامان و بیرکردنەوەو جۆرێك لە پەرستشی خوای پەروەردگارە}، دابەزیم بانگکرام تەماشای لای ڕاستم کرد، هیچم نەدی و، تەماشای لای چەپم کرد، هیچم نەدی و، تەماشای دواوەی خۆم کرد، هیچم نەدی و، سەرم بەرز کردەوە بینیم ئەو فریشتەیەی کە لە (حِرَاءٍ) هاتبوو، لەسەر کورسییەك بوو لە نێوان ئاسمان و زەوی، منیش لە ترس و حەژمەتانی بە چۆکدا کەوتم، گەڕامەوە بە

ماڵـەوەم گـوت: دامپۆشـن دامپۆشـن، دایانپۆشـیم، ئنجـا ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ١ قُمۡ فَأَنذِرۡ ٢ ﴾، دابـەزی.

٢- دایکمان عائیشه (خوا لێی ڕازی بێ) گوتوویەتی: یەکەمین شت کە دابەزیوە، پێنج ئایەتی سەرەتای سوورەتی (العلق)ن، ئنجا دوایی سوورەتی (المُدَّثِّرُ) دابەزیوە، دیارە مەبەستیش لە پێنج ئایەتی سەرەتای سوورەتی (العلق)، ئەم پێنج ئایەتەیە: ﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ٥ ﴾.

٣- سوورەتی (العلق) واتە: پێنج ئایەتی سەرەتای سوورەتی (العلق) دابەزیون، ئنجا (المزمل) دابەزیوە، ئنجا (المُدَّثِّرُ) دابەزیوە، کە وەك دوایی باسی دەکەین و ڕوونی دەکەینەوە، ئەم ڕایە ڕاستەو، دواتر چۆنیەتیی پێکەوە گونجانی ئەو دەقانەی سوونەتیش ڕوون دەکەینەوە.

لێرەدا دەپرسین:

ئایـا بۆچـی ئـەم ڕایـەی سـێیەم هەڵدەبژێریـن و، چـۆن ئـەم دەقانـە پێکـەوە دەگونجێنیـن؟

دەڵێین:

أ- ڕای ڕاسـت و لەگـەڵ عەقڵ و واتـاو سرووشـتی ئایەتـەکان دا گونجـاو، ئەوەیـە کـە ڕیزبەندیـی دابەزینـی سـوورەتەکانی سـەرەتای قورئـان، بـەم جـۆرە بووبـێ:

١- سوورەتی (العلق)، پێنج ئایەتی سەرەتای کە خوێندمانەوە.

٢- سوورەتی (المزمّل)، ئایەتەکانی: (١ - ١٩) دوای ساڵێکیش ئایەتی ژمارە: (٢٠).

٣- سوورەتی (المُدَّثِّرُ)، ئایەتەکانی: (١ - ١٠) لە سەرەتاوە، دواتر ئایەتەکانی: (١١ ٥٦).

٤- سوورەتی (القلم)، ئایەتەکانی: (١ - ٥٢).

ب- بۆ چۆنیەتیی پێکەوە گونجانی ئەم دەقانەش، (**السیوطي**) لە کتێبە ناودارەکەی خۆی (**الإتقان في علوم القرآن**)دا، پێنج ئەگەری هێناون، پێنج ڕێی تەئویل کردن و پێکەوە گونجاندنی ئەو سێ ڕا جیاوازەی پێکەوە هێناون:

{١- السؤالُ في حَدِيْث جَابِرَ كَانَ عَنْ نُزُولِ سُورَةٍ كَامِلَةٍ، فَبَيّنَ أن المُدَّثِّرُ نَزَلَتْ بِكَمَالِهَا قَبْلَ تَمَامِ سُورَة (اِقْرَأْ)، فَإِنَّ أوَّلَ مَا نَزَلَ مِنْهَا صَدْرُهَا.

٢- أَنَّ مُرَادَ جَابِر بَالأَوْلِية، أوْليةٌ مَخْصُوصَةٌ بِمَا بَعْدَ فَتْرَةِ الوَحِي، لَا أَوْلِية مُطْلَقَة.

٣- أنَّ الْمُرَادَ أَوْليةٌ مَخْصُوصَة بِالأمْرِ بِالإنْذَار، وَعَبَّرَ بَعْضُهُمْ عَنْ هَذَا بِقَوْله: أَوَّلُ مَا نَزَلَ للنبوةِ: ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ۝١ ﴾، وَأَوَّلُ مَا نَزَلَ للرِّسَالَة: ﴿ يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ ۝١ ﴾.

٤- أنَّ الْمُرَادَ أَوَّلُ مَا نَزَل بِسَبَبٍ مُتَقَدِّم، وَهُوَ مَا وَقَعَ مِنَ التَّدَثُّرِ الناشِيء عَنِ الرُّعْبِ، وَأمّا اِقْرَأْ فَنَزَلَت ابْتِدَاءً بَغَيْرِ سَبَبٍ مُتَقَدِّم.

٥- أنَّ جَابِرَ اسْتَخْرَجَ ذَلِكَ بِاجْتِهَادِه، وَلَيْسَ هُوَ مِنْ رِوَايَتِه فَيُقَدَّمُ عَلَيْهِ مَا رَوَتْهُ عَائِشَة رَضِيَ الله عَنْهُما، ثُمَّ قَال: وَأَحْسَنُ الأجْوَبة: الأوَّلُ وَالأخِيْر}[1].

واتە: بۆ چۆنیەتیی پێکەوە گونجاندنی ئەو دەقانە، ئەو پێنج ڕێیەمان لە پێشن:

١- ئەو پرسیارەی لە جابیر کراوە، وەك لێرەدا جابیر هێناویەتی، لە بارەی دابەزینی یەکەمین سوورەت بووە، بە تەواویی، جابیریش (خوا لێیان ڕازی بێ)، ڕوونی کردۆتەوە کە سوورەتی (**الْمُدَّثِّرْ**) بە تەواویی دابەزیوە، بەر لەوەی سوورەتی (**العلق**) بە تەواویی دابەزێ، واتە: دوای ئەوەی پێنج ئایەتەکەی سەرەتای سوورەتی (**العلق**) دابەزیون، ئنجا سوورەتی (**الْمُدَّثِّرْ**) دابەزیوە بە تەواویی، دواتریش لە ئایەتی شەشەم هەتا کۆتایی سوورەتی (**إقرأ**) دابەزیوە.

---

(١) الإتقان في علوم القرآن، كە (الآلوسي)، خاوەنی: (روح المعاني) بەرگی (١٥)، جوزئی (٢٩)، لاپەڕە: ١٦٥،١٦٦، لێی وەرگرتوە.

٢- مەبەستی جابیر لە یەکەمین شتێك کە لە قورئان دابەزیوە، یەکەمین بوونێکی تایبەتە، ئەویش بریتیە لە یەکەمین ئایەتانێك کە لە دوای پچڕان و وەستانی وەحیی، دابەزیون، نەك یەکەمین دابەزین بەڕەهایی.

٣- مەبەست لە یەکەم بوونی دابەزینی قورئان بە لای جابیرەوە، یەکەم بوونێکی تایبەتە، بە: دوای ترساندن و ئاگادار کردنەوە، ئنجا هەندێکیان ئاوا تەعبیریان لەوە کردوە، گوتوویانە: یەکەمین شتێك کە دابەزی بۆ ناساندنی موحەممەد ﷺ پێغەمبەرو فەرمان پێکردنی، سووڕەتی (**إقرأ**) بوو، ئەو پێنج ئایەتەی سەرەتای سووڕەتی (**العلق**) بوون، بەڵام یەکەمین شتێك کە دابەزی وەك ڕەوانەکراو، هەروەها گەیەنەری پەیامی خوا، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١﴾ بوو.

٤- جابیر کە گوتوویەتی: یەکەمین شتێك کە لە قورئان دابەزیوە، مەبەستی یەکەمین شتێك بووە کە لە قورئان دابەزیوە، بەهۆی هۆکارێکی پێشووەوە، ئەویش بریتی بووە لەوەی کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بە پۆشاکەکەی یاخود بە نوێنەکەی خۆی داپۆشیبوو، نوێنەکەی لە خۆیەوە پێچابوو، بەڵام سووڕەتی (**إقرأ**) پێنج ئایەتی سەرەتای سووڕەتی (**العلق**) بەبێ هۆکارێك ڕابردبێ، دابەزیوە، بەڵام ئەوەی بە هۆکارێکی پێشووەوە دابەزیوە، سووڕەتی (**المُدَّثِّر**) بووە، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی ترساوەو، گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوەو گوتوویەتی: دامپۆشن، خۆی لە نوێنەوە یاخود خۆی لە پۆشاکەکەیەوە پێچاوە، خوای پەروەردگار سووڕەتی (**المُدَّثِّر**)ی بۆ دابەزاندوە، کە: لە نوێنێ وەرە دەرێ! یاخود لەنێو پۆشاکەکەت کە خۆت تێ پێچاوە، وەرە دەر!.

٥- جابیر (خوا لێی ڕازی بێ) بە کۆششی خۆی ئەوەی هەڵهێنجاوەو ئەوە لە گێڕدرانەوەی وی نیە، بۆیە ئەوەی عائیشە گێڕاویەتەوە خوا لێی ڕازی بێ، پێش ئەوە دەخرێ کە جابیر بە تێگەیشتنی خۆی هەڵیهێنجاوە، (**السیوطي**)یش خۆی گوتوویەتی: باشترین وەڵام هی یەکەم و کۆتایین.

منیش هەر کام لەو پێنج وەڵامەم پێ چاکن، بەڵام دیسان دەشگونجێ کۆشش بکرێ: ئایا یەکەمیان باشترە، یاخود دووەمیان، یان سێیەمیان، یان چوارەمیان، یاخود پێنجەمیان؟.

ئەوەی ماوەتەوە لەو بارەوە بیڵێم ئەوەیە: (**السيوطي**) باسی ئەوەی نەکردوە کە لە دوای سوورەتی (**العلق**)، سوورەتی (**المزمل**) دابەزیوە، بەڵام پێشتریش باسم کردو ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، ناگونجێ سوورەتی (**المُدَّثِّر**) پێش سوورەتی (**المزمل**) کەوتبێ، لەبەر دوو هۆکاران:

١- لە فەرمایشتەکاندا زیاتر ئەوە هاتوە: (**زمِّلوني، زمِّلوني**)، کەواتە: پێش ئەوەی سوورەتی (**المُدَّثِّر**) دابەزێ، سوورەتی (**المزمل**) دابەزیوە، پێشتریش گوتمان (**تزمُّل**) ئەوەیە کە پۆشاك و پێخەف بەخۆ دابدرێ، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: (**زمِّلوني**)، کەواتە: کەسێک جگە لە خۆی پۆشاکێکی پێداداوە، لێفەیەك جاجمێك ئەوەی ئەو کاتە هەبووەو خەڵك وەك نوێن و پێخەف بەکاریهێناوە.

٢- لە دوای ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ١﴾ خوا ﷻ هەر فەرمان بە خودی پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات، کە خوا پەرستیی بکات، شەونوێژ بکات و شەو بێداریی بکات و، فەرمانی پێ دەکات بە کۆمەڵێ شت کە زیاتر پەیوەستن بە خودی خۆیەوەو، جارێ ئێستا فەرمانی پێنەکراوە ئەو پەیامەی خوا بگەیەنێ بە خەڵك، بەڵام دوایی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ١ قُمۡ فَأَنذِرۡ ٢﴾، مرۆڤیش بەر لەوەی دەست بە چالاکیی نێو خەڵك بکات، دەبێ خۆی قایم و مەحکەم بکات، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُزَّمِّلُ ١ قُمِ ٱلَّيۡلَ إِلَّا قَلِيلٗا ٢ نِّصۡفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصۡ مِنۡهُ قَلِيلًا ٣ أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ٤ إِنَّا سَنُلۡقِي عَلَيۡكَ قَوۡلٗا ثَقِيلًا ٥ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيۡلِ هِيَ أَشَدُّ وَطۡـٔٗا وَأَقۡوَمُ قِيلًا ٦ إِنَّ لَكَ فِي ٱلنَّهَارِ سَبۡحٗا طَوِيلٗا ٧ وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلۡ إِلَيۡهِ تَبۡتِيلٗا ٨ رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا ٩ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱهۡجُرۡهُمۡ هَجۡرٗا جَمِيلٗا ١٠﴾،

لـە حاڵێك دا جارێ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ ئەركدار نەكراوە بـە گەیانـدنی پەیام، ئـەو پەیامـەی خـوا پێیـدا نـاردوە بیگەیەنـێ بـە خەڵـك، بەڵكـو ئەوانـە هەموویـان ئامۆژگاریـی و ڕێنماییـن بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ كـە پەیوەندیـی لەگـەڵ خـوای پـەروەردگاردا مەحكەمـتر بـكات، بـە شـەو نوێـژو قورئانخوێنـدن بـە ڕێكیـی و یـادی خـوا كـردن و پشـت بـە خـوا بەسـتن و خۆڕاگریـی، دوایـی لـە قۆناغێكـی دیكـەدا: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢﴾، ئـەی ئـەو كەسـەی پۆشـاكت لـە خۆتـەوە پێچـاوە، یـان خـۆت لـە پێخـەف و پۆشـاكەوە پێچـاوە! هەڵسـەو بترسـێنەو ئـاگادر بكـەوە، بێگومانیـش خـۆ پـەروەردە كـردن و خـۆ ڕاهێنـان و خـۆ مەحكـەم كـردن، لـە پێـش كار لەسـەر خەڵـك كـردن و، دەسـتكردنە بـە جموجۆڵـی نێـو خەڵـك و كۆمەڵـگا.

پێنجەم: نێوەڕۆكی ئەم سووڕەتە:

ئێمە لە شەش خاڵدا باسی نێوەڕۆكی ئەم سووڕەتە دەكەین:

١- لە حەوت ئایەتەكانی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمُزَّمِّلُ ۝١ قُمِ ٱلَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا ۝٢ نِّصْفَهُۥٓ أَوِ ٱنقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا ۝٣ أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ۝٤ إِنَّا سَنُلْقِى عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا ۝٥ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيْلِ هِىَ أَشَدُّ وَطْـًٔا وَأَقْوَمُ قِيلًا ۝٦ إِنَّ لَكَ فِى ٱلنَّهَارِ سَبْحًا طَوِيلًا ۝٧﴾دا، حەوت ئەرك خراونە سەر شانی پێغەمبەری خاتەم كە بریتین لە:

١- ﴿قُمْ﴾، هەڵسە،

٢- ﴿فَأَنذِرْ﴾، (خەڵك) بترسێنەو وریا بكەوە.

٣- ﴿وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ﴾، پەروەردگارت بە گەورە بگرە، بە مەزن بگرە،

٤- ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ﴾، پۆشاكت پاك بكەوە،

٥- ﴿وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ﴾، واز لە پیسیی و خراپە بهێنە،

٦- ﴿ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴾، کاتێك دەبەخشی، مەبەخشە کە بەخشینەکەت بە زۆر بزانی، یاخود کە فەرمانبەریی بۆ خوا ئەنجام دەدەی، بە زۆری مەزانە.

٧- ﴿ وَلِرَبِّكَ فَٱصْبِرْ ﴾، خۆڕاگریش بە بۆ پەروەردگارت.

٢- لە سێ ئایەتەکانی: (٨ - ١٠)دا، باسی ڕۆژی قیامەت کراوە: ﴿ فَإِذَا نُقِرَ فِي ٱلنَّاقُورِ ﴿٨﴾
فَذَٰلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ ﴿٩﴾ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ غَيْرُ يَسِيرٍ ﴿١٠﴾ ﴾.

٣- لە بیست ئایەتەکانی: ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُۥ مَالًا مَّمْدُودًا ﴿١٢﴾
وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمْهِيدًا ﴿١٤﴾ ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ ﴿١٥﴾ كَلَّآ إِنَّهُۥ كَانَ لِأَيَٰتِنَا عَنِيدًا
﴿١٦﴾ سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا ﴿١٧﴾ إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴿١٨﴾ فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿١٩﴾ ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿٢٠﴾
ثُمَّ نَظَرَ ﴿٢١﴾ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ أَدْبَرَ وَٱسْتَكْبَرَ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ ﴿٢٤﴾ إِنْ هَٰذَآ
إِلَّا قَوْلُ ٱلْبَشَرِ ﴿٢٥﴾ سَأُصْلِيهِ سَقَرَ ﴿٢٦﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سَقَرُ ﴿٢٧﴾ لَا تُبْقِي وَلَا تَذَرُ ﴿٢٨﴾ لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ
﴿٢٩﴾ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ ﴾دا، باسی یەکێك لە کافرە ملهوڕەکان، کراوە، کە خوا چوار جۆرە چاکەی ناوازەی پێداون، کەچی ئەو بێبڕوا بووە بە ئایەتەکانی خوا، پاشان خوا ﷻ نۆ قسەو هەڵوێستی خراپی لێ دەگێڕێتەوە، دوایی هەڕەشەی لێ دەکات بە دۆزەخ، کە بە سێ وەسف پێناسەی دەکات.

٤- لە حەوت ئایەتەکانی کۆتایی: ﴿ وَمَا جَعَلْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةً ۙ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ
إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيَسْتَيْقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِيمَٰنًا ۙ وَلَا يَرْتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟
ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۙ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْكَٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ
مَن يَشَآءُ وَيَهْدِي مَن يَشَآءُ ۚ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ۚ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ ﴿٣١﴾ كَلَّا وَٱلْقَمَرِ
﴿٣٢﴾ وَٱلَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ ﴿٣٣﴾ وَٱلصُّبْحِ إِذَآ أَسْفَرَ ﴿٣٤﴾ إِنَّهَا لَإِحْدَى ٱلْكُبَرِ ﴿٣٥﴾ نَذِيرًا لِّلْبَشَرِ ﴿٣٦﴾ لِمَن
شَآءَ مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ ﴿٣٧﴾ ﴾دا، چەند بابەتێکی جۆراو جۆر باسکراون.

٥- لە یازدە ئایەتەکانی: ﴿ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّآ أَصْحَٰبَ ٱلْيَمِينِ ﴿٣٩﴾ فِي جَنَّٰتٍ
يَتَسَآءَلُونَ ﴿٤٠﴾ عَنِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٤١﴾ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُوا۟ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمْ

نَكُ نُطْعِمُ ٱلْمِسْكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلْخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿٤٦﴾ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلْيَقِينُ ﴿٤٧﴾ فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴿٤٨﴾ ﴾دا، باسی سەرەنجامی بێبڕوایانی تاوانبار کراوەو، هۆکاری چوونە نێو دۆزەخیان بە چوار شتان باسکراوە.

٦- لە هەشت ئایەتەکانی: ﴿ فَمَا لَهُمْ عَنِ ٱلتَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ ﴿٤٩﴾ كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ ﴿٥٠﴾ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍۭ ﴿٥١﴾ بَلْ يُرِيدُ كُلُّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ أَن يُؤْتَىٰ صُحُفًا مُّنَشَّرَةً ﴿٥٢﴾ كَلَّا ۖ بَل لَّا يَخَافُونَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ﴿٥٣﴾ كَلَّآ إِنَّهُۥ تَذْكِرَةٌ ﴿٥٤﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿٥٥﴾ وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ ﴿٥٦﴾ ﴾دا، بە سەرزەنشتکردنەوە، باسی هۆکاری دوورکەوتنەوەو سڵەمینەوەی بێبڕوایان لە قورئان و، هەندێك لە بڕو بیانووەکانیان کراوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

ئێمە بۆ ئەم سوورەتە پێنج (٥) تایبەتمەندییمان خستوونەڕوو:

١- تەنیا لەم سوورەتەدا، لە دوو توێی حەوت ئایەت دا، حەوت فەرمانی گەورەو گرنگ بە پێغەمبەری خوا ﷺ کراون: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ﴿١﴾ قُمْ فَأَنذِرْ ﴿٢﴾ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴿٣﴾ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴿٤﴾ وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ﴿٥﴾ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴿٦﴾ وَلِرَبِّكَ فَٱصْبِرْ ﴿٧﴾ ﴾.

٢- تەنیا لەم سوورەتەدا، باسی ئەوە کراوە، کە نۆزدە (١٩) فریشتە دۆزەخ بەڕێوە دەبەن و سەرپەرشتیی دەکەن: ﴿ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ ﴾.

٣- تەنیا لەم سوورەتەدا، باسی ئەوە کراوە، کە دانانی ژمارەی فریشتە دۆزەخەوانەکان بە نۆزدە (١٩)، حەوت جۆرە کاریگەریی و دەرهاویشتەی جۆراوجۆری هەن: ﴿ وَمَا جَعَلْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةً ۙ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيَسْتَيْقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِيمَٰنًا ۙ وَلَا يَرْتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۙ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْكَٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ۚ وَمَا هِىَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ ﴿٣١﴾ ﴾.

٤- تەنیا لەم سوورەتەدا، باسی دانپێداهێنانی تاوانباران، بە چوار هۆکارەکانی چوونە دۆزەخیان کراوە، لەم ئایەتانەدا: ﴿ قَالُواْ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ ٱلْمِسْكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلْخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿٤٦﴾ ﴾.

٥- تەنیا لەم سوورەتەدا، بێبڕوایانی ڕوو وەرگێڕ لە یادی خوا ﷻ، چوێنراون بە کەرە کێوییە سڵەمیوەوەکان لە شێر، یان ڕاوچییان: ﴿ فَمَا لَهُمْ عَنِ ٱلتَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ ﴿٤٩﴾ كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ ﴿٥٠﴾ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ ﴿٥١﴾ ﴾دا.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:

ئێمە کۆی پەنجا و شەش (٥٦) ئایەتەکەی ئەم سوورەتە بۆ دوو دەرسان دابەش دەکەین:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ٣٧)، کە پێنج بابەتی سەرەکیی دەگرنە خۆیان:

١- حەوت فەرمانکردن بە پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو توێی حەوت ئایەت دا.

٢- باسی قیامەت و دژواریی ڕۆژی دوایی.

٣- باسی بابایەکی ملهوڕی خۆ بەزلگر لە بەرانبەر خواو پەیامەکەی دا، کە ئەو بابا ملهوڕە نۆ سیفەت و هەڵوێستی خراپی لێ خراونەڕوو، لە حاڵێکدا خوا ﷻ ئەوی نوقمی چاکەو نیعمەتەکانی خۆی کردوە.

٤- باسی حیکمەتی نۆزدە (١٩) بوونی ژمارەی فریشتە دۆزەخەوانەکان، کە خوا ﷻ حەوت دەرهاویشتەی دانانی سەرپەرشتیارەکانی دۆزەخی لە فریشتان بە نۆزدە، خستوونەڕوو.

٥- خواردنی سێ سوێند لەسەر ئەوەی ئاگری دۆزەخ، گەورەترین و سامناکترین شتە، یاخود تاکە شتی یەکجار بێرەزاو گەورەو ترسناکە.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (٣٨ - ٥٦)، کە چوار بابەتی سەرەکیی گرتوونە خۆی:

١- هەر کەسە لە دۆزەخ دا بارمتەی کردەوەکانیەتی، جگە لە هاوەڵانی دەستە ڕاست کە لە بەهەشتەکانی خوادان، لە باخە ڕازاوەو نەبڕاوەکاندان.

٢- هۆکارەکانی چوونە نێو دۆزەخی تاوانباران، چوار هۆکاری سەرەکیین، کە بریتین لە: أ-نوێژ نەکردن، ب- خواردن نەدان بە هەژارو نەدار، ج- تێرژانە نێو قسە پووچ و بە تاڵ، لەگەڵ ئەهلی کوفرو شیرکدا، د- بێبڕوایی بە ڕۆژی سزاو پاداشت.

٣- چوواندنی بێبڕوایانی پشتهەڵکەر لە بەرنامەی خوا، بە کەرە کێویانی سڵەمیوەوە لە شێر یان ڕاوچییان، کە وەك گوتم: تەنیا لێرەدا بێبڕوایانێك کە لە یادی خوا دەسڵەمنەوە، لە بەرنامەی خوا دەسڵەمنەوەو لێی دوور دەکەونەوە، چوێندراون بەو کەرە کێویانەی کاتێك شێر دەبینن دەسڵەمنەوەو ڕادەکەن، یاخود کاتێك ڕاوچییان دەبینن، چونکە **(قسورة)** هەم بە مانای شێر هاتوەو، هەم بە مانای کۆمەڵێك تیر هاوێژو ڕاوچییش هاتوە.

٤- برِو بیانووی کافران لەسەر برِوا نەهێنانیان و، ڕوونکردنەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی بێبڕواییان، واتە: ئەوان بیانوو دەهێننەوە کە ئێمە لەبەر فلان شت و فلان شت برِوا ناهێنین، بەڵام خوا ﷻ چییەت و نێوەڕۆکی هۆکاری بێبڕواییەکەیان دەخاتەڕوو، تاکو ئەو برِو بیانووانەی دەیانهێننەوە بە ڕواڵەت، خوای پەنهانزان لەوەدا بە درۆیان بخاتەوە، کە هۆکاری بێبڕواییتان ئەوە نیە کە دەڵێن، بەڵکو هۆکارە ڕاستەقینەکەتان ئەوەیە: ﴿ بَل لَّا يَخَافُونَ ٱلۡأٓخِرَةَ ﴿٥٣﴾ ﴾، بەڵکو ئەوانە برِوایان بە دیداری خواو بە مەنزڵگای کۆتایی نیەو، حیسابیان نەکردوە بۆ ئەو ڕۆژە کە بە خزمەت خوای پەروەردگار دەگەنەوەو بە دیداری دەگەن، ئەوەیە وایان لێ دەکات بیر لە پەیامی خواو لە فەرمایشتی خوا، نەکەنەوە، کە بە پێغەمبەری کۆتایی خۆیدا ناردوویەتی، ئەگەرنا ئەگەر دڵنیابان و زانیبایان، کاتێك دێ دەچنەوە خزمەت خوا، ئێستا کە خوا دەفەرموێ: پێغەمبەرێکم ناردوەو کۆتا پەیام و بەرنامەی خۆمم پێدا ناردوە، تەماشای ئەو پەیام و بەرنامەیان دەکرد، کە ئەگەر هەر تێوەی ڕاهابان و تەماشایان کردبایە، تەماشاکردنێکی بە دڵ و، بە مەبەستی ئەوە کە پێی ئاشنا بن و لێی شارەزا بن، ئەو کاتە ئەو هەڵوێستە نەرێنییەیان نەدەبوو، کە لێی بسڵەمنەوە، وەك چۆن کەرە کێوی کاتێك شێر دەبینێ، دەسڵەمێتەوەو لێی ڕادەکات!!

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە سی و حەوت (٣٧) ئایەت پێکدێ و، پێنج بابەتی سەرەکیی دەگرنە خۆیان کە بە خێرایی چاویان پێدا دەخشێنینەوە:

١- حەوت فەرمانکردن بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ، لە حەوت ئایەتی یەکەمدا.

٢- لە سێ ئایەتی دوای ئەواندا، ئایەتەکانی: (٨، ٩، ١٠) باسی قیامەت و دژوارییەکەی و، قورسیی و زەحمەتییەکەی بۆ بێبڕوایان کراوە.

٣- لە بیست ئایەتەکانی: (١١ - ٣٠)دا، باسی بابایەکی ملهوڕی خۆ بەزلگر لە بەرانبەر خواو پەیامەکەیدا کراوە، کە زۆربەی هەرە زۆری ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: مەبەست پێی (**ولید بن المغیرة**)یە و، دواییش هەر بە بێبڕوایی مردوە.

٤- باسی حیکمەتی نۆزدە (١٩)بوونی ژمارەی فریشتە دۆزەخەوانەکان، لە ئایەتی ژمارە (٣١)دا.

٥- لە شەش ئایەتەکانی: (٣٢ - ٣٧)دا، خواردنی سێ سوێند لەسەر ئەوەی ئاگری دۆزەخ گەورەترین و سامناکترین شتە، کە یەخەی بێبڕوایان و هاوبەش بۆ خوا دانەران دەگرێ.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ﴿١﴾ قُمْ فَأَنذِرْ ﴿٢﴾ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴿٣﴾ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴿٤﴾ وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ﴿٥﴾
وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴿٦﴾ وَلِرَبِّكَ فَٱصْبِرْ ﴿٧﴾ فَإِذَا نُقِرَ فِى ٱلنَّاقُورِ ﴿٨﴾ فَذَٰلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ
﴿٩﴾ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ غَيْرُ يَسِيرٍ ﴿١٠﴾ ذَرْنِى وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُۥ مَالًا مَّمْدُودًا
﴿١٢﴾ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمْهِيدًا ﴿١٤﴾ ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ ﴿١٥﴾ كَلَّآ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ لِءَايَٰتِنَا
عَنِيدًا ﴿١٦﴾ سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا ﴿١٧﴾ إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴿١٨﴾ فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿١٩﴾ ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ

(٢٠) ثُمَّ نَظَرَ (٢١) ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ (٢٢) ثُمَّ أَدْبَرَ وَٱسْتَكْبَرَ (٢٣) فَقَالَ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ (٢٤) إِنْ
هَٰذَآ إِلَّا قَوْلُ ٱلْبَشَرِ (٢٥) سَأُصْلِيهِ سَقَرَ (٢٦) وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سَقَرُ (٢٧) لَا تُبْقِى وَلَا تَذَرُ (٢٨) لَوَّاحَةٌ
لِّلْبَشَرِ (٢٩) عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ (٣٠) وَمَا جَعَلْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةً ۙ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً
لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيَسْتَيْقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِيمَٰنًا ۙ وَلَا يَرْتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ
وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۙ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْكَٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ
وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ۚ وَمَا هِىَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ (٣١) كَلَّا وَٱلْقَمَرِ (٣٢) وَٱلَّيْلِ
إِذْ أَدْبَرَ (٣٣) وَٱلصُّبْحِ إِذَآ أَسْفَرَ (٣٤) إِنَّهَا لَإِحْدَى ٱلْكُبَرِ (٣٥) نَذِيرًا لِّلْبَشَرِ (٣٦) لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن
يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ (٣٧) ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، ئەی خۆ لە پۆشاکەوە پێچ! (١) هەڵسە (خەڵك) بترسێنەو وریا بکەوە (٢) پەروەردگاریشت (بە دڵ و زمان و کردەوە) بە گەورە بگرە (٣) پۆشاکیشت پاك بکەوە (٤) هەروەها لە پیسیی و خراپە دووربە (٥) منەتیش مەکە پێت زۆر بێ (کە دەبەخشی، یان فەرمانبەریی بۆ خوا دەکەی) (٦) بۆ پەروەردگاریشت خۆ ڕابگرە (٧) هەر کات فوو بە کەڕەنادا کرا (بۆ جاری دووەم و قیامەت هات) (٨) ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی سەختە (٩) بۆ بێبڕوایان ئاسان نیە (١٠) لە من و ئەو کەسە بگەڕێ کە بە تاك دروستم کردوە (١١) سامانێکی زۆرو فراوانیشم پێداوە (١٢) هەروەها کوڕانێکی هەمیشە ئامادە (لە لای لە کۆڕو مەجلیسیدا) (١٣) بە ئامادەکردنێکی تەواویش (هەموو هۆکارەکانی ژیان و گوزەرانم) بۆ ساز کردوون (١٤) ئنجا (وێڕای بێبڕوایی) بە تەمایە بۆیشی زیاد بکەم! (١٥) نەخێر (با واز لەو خەیاڵپڵاوە بهێنێ)، چونکە ئەو ناحەزو

سەرپێچییکاری ئایەتەکانمە ﴿١٦﴾ لەمەودوا وەهەوراز(ی سزا)ی سەختی هەڵدەگێرم ﴿١٧﴾ چونکە ئەو بیری کردەوە (چ تۆمەتێك بۆ ئایەتەکانم هەڵبەستێ!) و تەگبیر (وقسە)یێکی سازکرد ﴿١٨﴾ بە کوشتبچێ چۆنی ساز کرد! ﴿١٩﴾ ئنجا (دووبارە) بە کوشتبچێ چۆنی ساز کرد ﴿٢٠﴾ دوایی تێڕاما (چی بڵێ لە دژی قورئان؟) ﴿٢١﴾ دوایی (ڕووی) خۆی گرژ کردو خۆی مۆنکرد ﴿٢٢﴾ ئنجا پشتی هەڵکردو خۆی بە زلگرت ﴿٢٣﴾ گوتی: ئەم (قورئان)ە تەنیا جادوویە دەگێڕڕێتەوەو دەگوازرێتەوە ﴿٢٤﴾ ئەم (قورئان)ە بەس قسەی مرۆڤە ﴿٢٥﴾ لەمەودوا دەیخەمە سەقەر (ئاگری دۆزەخ)ەوە ﴿٢٦﴾ چ شتێك پێی زانینیوی سەقەر چییە! ﴿٢٧﴾ (ئاگرێکە هیچ ئەندامێك) ناهێڵێ (نەیسووتێنێ) و (هیچکەسیش) وازلێ ناهێنێ (سزای نەدات) ﴿٢٨﴾ زۆر (سووتێنەرو) پێست ڕەشهەڵگێڕەرە ﴿٢٩﴾ نۆزدە (فریشتە)ی بەسەرەوەن (و سەرپەرشتییکارنی) ﴿٣٠﴾ هاوەڵانی ئاگر(ی دۆزەخ)یشمان تەنیا لە فریشتان داناون، ژمارەکەشیان تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی ئەوانەی بێبڕوا بوون، داناوە، تاکو ئەوانەی کتێبیان پێدراوە دڵنیابن (کە قورئانیش وەك کتێبەکانیان لە خواوەیە)، بڕوادارانیش بڕوای زێدە بێتە سەر بڕوایەکەیان و، ئەوانەی کتێبیان پێدراوەو بڕوادارانیش دوو دڵ نەبن (بەرانبەر بە قورئان)و، تاکو ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایەو، بێبڕوایانیش بڵێن: خوا مەبەستی لەم وێنەیە چییە؟ بەو شێوەیە خوا هەر کەسێکی بوێ گومڕای دەکات و، هەر کەسێکیشی بوێ ڕاستە ڕێی دەکات و، سەربازەکانی پەروەردگاریشت تەنیا خۆی دەیانزانێ و ئەو (ژمارەی)ەش (نۆزدە) بەس بیرخەرەوەیە بۆ بەشەر ﴿٣١﴾ بێگومان وانیە (کە بێبڕوایان دەڵێن) سوێند بە مانگ ﴿٣٢﴾ هەروەها سوێند بە شەوگار کە ڕادەبرێ ﴿٣٣﴾ دیسان سوێند بە بەرەبەیان کە ڕووناك دادێ ﴿٣٤﴾ ئەو (دۆزەخ)ە تاکی (شتە) گەورەو بێڕەزایەکانە ﴿٣٥﴾ ترسێنەرو ورياکەرەوەی بەشەرە ﴿٣٦﴾ بۆ هەر کام لە ئێوە کە بیەوێ پێشبکەوێ، یان دوابکەوێ ﴿٣٧﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلۡمُدَّثِّرُ): (أَصْلُهُ المُتَدَثِّر، وَهُوَ المُتَدَرِّعُ دِثَارَهُ، الدِّثارُ ما يُتَدَثَّرُ بِهِ، الدِّثَارُ: مَا يُلْبَسُ فَوْقَ الشِّعَار)، (مُدَّثِرُ) لە بنچینەدا (مُتَدَثِّر) [(ت)یەکە لە (د)ەکەدا دەغم کراوەو، بۆتە (مُدَّثِّر)] ئەویش کەسێکە پۆشاکەکەی خۆی لە خۆوەی پێچاوە، (دِثَارُ)یش ئەوەیە کە خۆی پێدا دەپۆشێ، (دِثَارُ) ئەوەیە لە سەرووی (شِعَار)ەوە خۆی پێدا دەپۆشێ، [(شِعَار) ئەوەیە لەسەر پێست دەپۆشێ] بەڵام (دِثَار) ئەوەیە لەسەر ئەو بێ، واتە: پۆشاکی دەرەوە.

٢- (قُمۡ): هەڵسە، (القِيَامُ للشَّيء: المُرَاعَاةُ للشَّيءِ وَالحِفْظُ لَهُ، وَالعَزْمُ عَلَى الشَّيء)، کە دەفەرموێ: (قُمْ) واتە: هەڵسە، هەڵسان بۆ شتێك بریتیە لە ڕەچاوکردنی ئەو شتەو پاراستنی ئەو شتە، هەروەها هەڵسان بۆ شتێك بریتیە لە دڵی خۆساغکردنەوە لەسەر ئەنجامدانی شتێك.

(فَأَنذِرۡ): (الإِنْذَارُ: إِخْبَارٌ فِيْهِ تَخْوِيْفٌ)، (إِنْذَار): هەواڵ پێدانێکە ترساندنی تێدا بێ، (كَمَا أَنَّ التَّبْشِيْر إِخْبَارٌ فِيْه سُرُور)، هەروەك وشەی (تَبْشِيْر) هەواڵ پێدانێکە مایەی دڵخۆشیی بێ.

(وَٱلرُّجۡزَ): (الرُّجْزُ: الصَّنَمُ والذَّنْبُ وَالخُبْثُ، وَالعَذَابُ وَالشِّرْك)، وشەی (رُجز): هەندێکیان بە (رِجز)یان هێناوە، بە مانای بت و گوناهو پیسیی و سزا و هاوبەش بۆ خوا دانانیش دێ.

(فَٱهۡجُرۡ): (هَجَرَ يَهْجُر هَجْراً، تَبَاعَدَ)، کەواتە: (فاهْجُر) لێی دووربکەوەوە، چونکە (هَجَرَ يَهْجُر هَجْراً) واتە: لێی دوورکەوتەوە لێی، دوور دەکەوێتەوە، دوور کەوتنەوە.

(وَلَا تَمْنُن): واتـە: منـەت مەکـە، (مَنَّ عَلَيْـه يَمُـنُّ منًـا: أنْعَـمَ عَلَيْـه نِعْمَـةً طَيِّبَـةً، وَمـنَّ عَلَيْـه مَنًـا: فَخَـرَ بِنِعْمَتِـه حَتَّـى كَدَّرَهَـا)، (مَـنَّ عَلَيْـه) بـە دوو واتايـان دێ، (مَـنَّ عَلَيْـه يَمُـنُّ منًـا: أنْعَـمَ عَلَيْـه نِعْمَـةً طَيِّبَـةً) واتـە: چاکەیەکـی باشـی لەگەڵـدا کـرد، شـتێکی باشـی پێـدا، بـەڵام وێـڕای ئـەوەش (مَـنَّ عَلَيْـه) واتـە: شـانازیی کـرد بـەو چاکەیـەی لەگەڵیـدا کـرد بـوو، پێشـینان گوتوویانـە: منەتـی لەسـەر کـرد، بەچاویـدا دایـەوە.

(ٱلنَّاقُورِ): (الصُّـوُر، نَقَـرَ بِفُـلاَنٍ: دَعَـاهُ مِـن بَيْنِ القَـوْمِ، ونَقَـرَ بِلِسَـانِهِ: صَـوَّتَ)، (نَاقُـور) بـە مانـای (صـور) دێ، واتـە: بووقیـی یـان کەڕەنـا، دەگوتـرێ: (نَقَـرَ بفـلانٍ) واتـە: لـە نێـو خەڵکەکـەدا بانگـی کـرد، هـاواری لێکـرد، دەگوتـرێ: (نَقَـرَ بِلِسَـانِهِ: صَـوَّتَ) واتـە: دەنگـی لـە زمانـی هێنـا، وەك فیکـە کێشـان.

(عَسِيرٌ): (صَعْـب وشَـدِيْد)، (عَسِـير): بـە مانای قـورس و زەحمـەت دێ، پێچەوانەکەی (يَسِـيْر)ە، واتە: ئاسـان و سـێنا.

(وَحِيدًا): (الوَحِيْـدُ: المُنْفَـرِدُ)، ﴿ ذَرۡنِي وَمَنۡ خَلَقۡتُ وَحِيدٗا ١١ ﴾المُدَّثِـر، واتـە: لـە مـن و لـەو کەسـە گـەڕێ کـە بـە تـاك دروسـتم کـردوە، لەنێـو خەڵکیـدا تاکـە، دەگوتـرێ: (وَحْـدٌ و وَحِيْـدٌ و أَوْحَـد) بـۆ پیاوێکـی تـاك، (وَحْـدَاء) بـۆ ئافـرەت، ئەگـەر گوتمـان (فُلاَنَـةٌ وَحْـدَاء بَـيْن النِسَـاء)، فـڵان ئافرەتـە لەنێـو ئافرەتانـدا تاکـە، بـەڵام بـۆ پیـاوان دەگوتـرێ: (أَوْحَـد) و (وَحْـد) و (وَحِيـد)، واتـە: تـاك.

(مَّمۡدُودٗا): (المَـادَةُ: الزِّيَـادَةُ المتَّصِلَـة، مَـدَّ اللـه فِي عُمُـرِهِ، أي: أَطَالَـهُ)، (مَـادَّة): بریتیـە لـە زیادبوونێکـی پەیوەسـت، دەگوتـرێ: (مَـدَّ اللـه فِي عُمُـرِهِ) واتـە: تەمەنـی زیـاد کـرد، (المَمْـدُودُ: المَبْسُـوط) واتـە: فراوانکـراو، درێژکـراو، (المَـدُّ: الجَـرُّ) بـە مانـای ڕاکێشـانی شـتێك دێ.

(شُهُودٗا): (حُضُـوراً، شَـهِدَ: حَـضَرَ، شَـاهِد: حَـاضِر)، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَبَنِينَ شُهُودٗا ﴾، واتـە: کوڕانێـك هەمیشـە لـە کـۆڕو مەجلیسـەکەیدا ئامـادەن، (شَـهِدَ) بـە مانـای (حَـضَرَ) واتـە: ئامادەبـوو، (شَـاهِد) بـە مانـای (حَـاضِر) واتـە: ئامـادە.

(وَمَهَّدتُّ): (أي: سَوَّيْتُ وَهيَّأْتُ)، ﴿ وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمۡهِيدٗا ﴾، بە سازکردنێکی باش هەل و مەرجەکانم بۆ سازکردن، هۆکارەکانم بۆ رەخساندن.

(عَنِيدٗا): (العَنِيْدُ: المُعْجَبُ بِمَا عِنْدَهُ)، (عَنِيد): کەسێك بەوەی لەلایەتی زۆر سەرسام بێ، (المُعَانِدُ: المُباهِي بِمَا عِنْدَهُ)، کەسێك خۆی بەو شتەوە هەڵکێشێ کە لە لایەتی، دەسەڵاتە، سامانە، هەر شتێك هەیە، (العَنُوْد: الَّذِي يُعْنِدُ عَنِ القَصْدِ) کەسێك کە لە مەبەست لادەدا، (العَنِيْدُ: العَادِلُ عَنِ الطَّرِيْقِ)، (عنید) کەسێك کە لە رێ لادەدا، کەواتە: (العَنُود وَالعَنِيْد) واتایان زۆر لێك نیزیکە، (العَنِيْد) کەسێکە کە لە رێ لادەدا، بەڵام (العَنُوْد) کەسێکە لە ئامانج لادەدا.

(سَأُرۡهِقُهُۥ): بە بەرزایی هەڵدەگێرم، (رَهِقَهُ الأَمْرُ: غَشِيَهُ بِقَهْرٍ)، (رَهِقَهُ الأَمْرُ) واتە: (عَلَاهُ وَغَطَاهُ)، لە رووی دەسەڵات بەسەردا فەرز کردنەوە، داپۆشی.

(صَعُودًا): (عَقَبَةٌ شَاقَّةٌ)، واتە: دەروویەکی سەخت، کە دەفەرموێ: ﴿ سَأُرۡهِقُهُۥ صَعُودًا ﴾، واتە: بە هەورازێکی سەخت و دەروویەکی سەختی هەڵدەگێرم لە دۆزەخدا.

(فَكَّرَ): (التَّفَكُّرُ: جَولَانُ الفِكْرَة بِحَسَبِ نَظَرِ العَقْل)، (فَكَّر) واتە: بیری کردەوە، ئنجا بیرکردنەوە بریتیە لە جووڵەی بیر بە هۆی سەرنجدانی عەقڵەوە، عەقڵ تەماشای شتێك بکات و چاوی پێدا بگێرێ و بیری لێبکاتەوەو رامێنێ.

(وَقَدَّرَ): (القَدَرُ وَالتَّقدِيرُ: تَبيِيْن كَمِيَّة الشَّيء، وَقَدَرتُهُ وَقَدَّرتُهُ)، (قَدَر) و (تَقْدِيْر) بریتیە لە روونکردنەوەی ئەندازەی شتێك، دەگوترێ: (قَدَرتُهُ وَقَدَّرتُهُ)، واتە: هەم بە گیرەو، هەم بەبێ گیرە (شَدَّة)، هەردووکیان بە مانای ئەندازەی شتەکەم دیاریکرد، (وَالتَّقْدِيرُ: التَّفَكُّرُ فِي الأَمْرِ بِحَسَبِ نَظَرِ العَقْل، وَبِنَاء الأَمْرِ عَلَيْهِ)، (تقدیر): بریتیە لە بیرکردنەوە لە شتێك بەهۆی سەرنجدانی عەقڵەوەو، دواییش شتێك لەسەر ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیە بنیات بنرێ.

(نَظَرَ): (النَّظَـرُ: تَقْلِيْـبُ البَـصَرِ، وَالبَصِـيْرَة لإِدْرَاكِ الـشَّيء وَرُؤْيَتِـه)، (نَظَـر): بریتیـە لـە چاوپێدا گێـڕان، یاخـود دڵ پێدا گێـڕان بـۆ زانینـی شـتێك و بینینـی شـتێك.

(عَبَسَ): (العُبُـوسُ: القُطُـوبُ)، (عَبَـسَ) بـە مانـای: ڕووی گرژکـرد، دێ، (وَقَـدْ يُـرَادُ بِـه التَأمُّـل وَالفَحْـص)، جـاری واش هەیـە مەبەسـت لـەو ڕوو گرژکردنـە، ڕامـان و پشـکنینی شـتێکە، ئنجـا (العُبُوسُ: قُطُـوبُ الوَجْـهِ مِـنْ ضِيْـق الصَّـدْرِ)، (عُبُـوس): بریتیـە لـە ڕوو گرژکـردن لـە ئەنجامـی سینەو دڵتەنـگ بـوون دا، لـە حاڵێـك دا کەسێك لـە بەرانبـەر شـتێکدا دامـاوەو وەسـتاوە.

(وَبَسَرَ): (البَـسْرُ: الإِسْـتِعْجَالُ بَالـشَّيء قَبْـلَ أَوَانِـهِ)، (بـسر): بریتیـە لـە پەلەکـردن لـە شـتێك پێـش ئـەوەی کاتـی خـۆی بـێ.

(أَدْبَرَ): (دَبَـرَ فُـلَانُ القَـوْمَ: صَـارَ خَلْفهُـم) واتـە: فلانکـەس کەوتـە دوای خەڵکەکـە، بـەڵام (أَدْبَـرَ: أي أَعْـرَضَ وَوَلَّى دُبُـرَهُ)، واتـە: پشـتی هەڵکـردو پاشـی تێکـرد.

(سِحْرٌ): (الخِـدَاعُ، وَتَخيِيْـلاتٌ لَا حَقِيْقَـة لَهَـا، وَالسِّـحْرُ: إسْـتِجْلَابُ مُعَاوَنَـةِ الشَّـيْطَانِ)، وشـەی (سِـحْر) بـە مانـای فێـڵ و، بـە مانـای خەیاڵێـك خسـتنە بەرچـاوی کەسێك، ئـەو خەیاڵـە ڕاسـتیی نەبـێ، هەروەهـا (سِحْر) بریتیـە لـە هەوڵـدان بـۆ پەیداکردنـی هاوکاریـی شـەیتانەکان، ئێمـە لـە تەفسـیری سـووڕەتی (البقـرة)دا، لـە لێکدانـەوەی ئـەو ئایەتـە موبارەکـەدا کـە باسـی هـاڕووت و مـاڕووت دەکات، کورتـە باسێکمان لـە بـارەی جـادووەوە کـردوە.

(يُؤْثَرُ): (المَاثِـرُ: مَـا يُـرْوَى مِـنْ مَـكَارِمِ الإنْسَـان، وَيُؤْثَـر أي: يُـرْوَى)، (يُؤْثَـر) بـە مانـای (يُـرْوَى) دەگێڕدرێتـەوە، (مَاثِـر): کـۆی (مَأثَرة)یـە، ئەوەیـە کـە لـە ڕەوشـتە بەرزەکانـی مرۆڤێـك و چاکەکانـی دەگێڕدرێتـەوە.

(سَقَرَ): (سَـقَرَتْهُ الشَّـمْسُ، صَقَرَتْـهُ: لَوَّحَتـهُ وَآذَابَتْـهُ، وَسَـقَر: عَلَـمٌ لِجَهَنَّـم)، لـە زمانـی عەرەبییـدا دەگوتـرێ: (سَـقَرَتهُ الشَـمْسُ وصَقَرَتـهُ)، بـە (سـین و صـاد) (أي: لَوَّحتـهُ

وأذَابَتْـهُ)، واتــە: ڕەشــی هەڵگێــڕاو تواندیــەوە، وشــەی (سَــقَر) ناوێکــی ناســینە بــۆ دۆزەخ، یەکێــك لــە ناوەکانیەتــی.

(عِدَّتَهُمْ): (**العِدَّةُ: الشَّيءُ المَعْدُود**)، (**عِدَّة**): بریتیە لە شتێکی ژمێردراو.

(فِتْنَةً): (**إِخْتِبَــار وَعَــذَاب**)، (**فِتْنَــة**) بــە مانــای تاقیکردنــەوەو، بــە مانــای ســزاو ئــازار دێ، واتــە: کردوومانــە بــە مایــەی ســزاو ئــازار، یاخــود کردوومانــە بــە مایــەی تاقیکردنــەوە، تاقیکردنــەوەش زیاتــر لەگــەڵ ئــەو ســیاقەدا دەگونجــێ.

(أَسْفَرَ): (**السَّـفْرُ: كَشْـفُ الغِطَـاء، أَسْـفَر: أَشْرَقَ لَوْنُـهُ، أَسْـفَرْتُ: دَخَلْـتُ فِي الصبـاح أي: أَصْبَحْـتُ**)، وشــەی (**سَـفْر**) بــە مانــای لابردنــی پۆشــاك لەســەر شــتێك، دێ، (**أَسْـفَرَ: أَشْرَقَ لَوْنُـهُ**) واتــە: ڕەنگەکــەی ڕوون بــوو، (**أَسْـفَرْتُ: دَخَلْـتُ فِي الصَّبَـاح وَأَصبحْـتُ**)، (**أسْـفَرْتُ**) بــە مانــای کەوتمــە کاتــی ڕووناکیــی بەرەبەیــان و، کەوتمــە بەرەبەیــان، (**إِسْـفَار**) لــە فەرمایشــتی پێغەمبــەردا ﷺ هاتــوە. (**أَسْـفِروا بالصـلاة**) واتــە: نوێــژ بکــەن لــە کاتێکــدا دنیــا تۆزێــك ڕوونــاك دادێ، (**الإِسْـفارُ بِصَّلَاة الصُّبْحِ**)، ئەبــوو حەنیفــە ڕای وایــە: دەبــێ نوێــژی بەیانــی کاتێــك بکــرێ دنیــا ڕوونــاك داهاتبــێ، هەندێکــی دیکــە لــە زانایــان دەڵێــن: واتــە: وا باشــە نوێــژی بەیانــی کاتێــك بکــرێ، دنیــا ڕوونــاك دانەهاتبــێ، واتــە: لــە ســەرەتای کاتەکەیــەوە بکــرێ.

(الْكُبَرِ): (**جَمْـعُ الكُـبْرَى، مِثْـلُ أُوَل جَمْـع أُولَى**)، (**كُـبَر**) کــۆی (**كُبْرَى**)یــە، (**كُـبَر**) واتــە گەورەترینــەکان، (**كُـبْرَى**) واتــە: گەورەتــر، بــۆ مێینەیــە، مێینــەی مەجازیــی، وەك (**أُوَل**) کــۆی (**أُوْلَى**)یــە، (**أُوْلَى**) واتــە: باشــتر، (**أُوَل**) واتــە: باشــترینەکان.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

یەکەم: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢﴾، کە پێشتریش هێنامان، بەڵام لێرەشدا بە بۆنەی هۆی هاتنە خوارەوەوە، جارێکی دیکە ئەو ڕیوایەتە دێنین:

{عَنْ جَابِرِ بن عبد الله رضي الله عنهما: أُحَدِّثُكُمْ مَا حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، قَالَ: جَاوَرْتُ بِحِرَاءَ شَهْرًا، فَلَمَّا قَضَيْتُ جِوَارِي نَزَلْتُ فَاسْتَبْطَنْتُ بَطْنَ الْوَادِي، فَنُودِيتُ فَنَظَرْتُ أَمَامِي وَخَلْفِي، وَعَن يَمِينِي، وَعَن شمالي، فَلَم أر أَحَدًا، ثُمَّ نُودِيتُ فَنَظَرْتُ فَلَمْ أَرَ أَحَدًا، ثُمَّ نُودِيتُ فَرَفَعْتُ رَأْسِي، فَإِذَا هُوَ عَلَى الْعَرْشِ فِي الْهَوَاءِ -يَعْنِي جِبْرِيلَ ﷺ- فَأَخَذَتْنِي رَجْفَةٌ شَدِيدَةٌ، فَأَتَيْتُ خَدِيجَةَ فَقُلْتُ: دَثِّرُونِي، فَدَثَّرُونِي فَصَبُّوا عَلَيَّ مَاءً، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢﴾}، (أخرجه البخاري: ٤، ٣٢٣٨، ٤٩٢٢، ٤٩٢٤، ٤٩٢٥، ٤٩٢٦، ٤٩٥٤، ٦٢١٤، ومسلم: ١٦١، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٨).

واتە: جابیری کوڕی عەبدوڵڵا (خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: ئەوەتان بۆ باس دەکەم، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی باسکردین، فەرمووی: مانگێك لە ئەشکەوتی (حِرَاءَ)دا بووم بۆ ئیعتیکاف و پەرستش، (بەو شێوەیەی زانیویەتی)، کاتێك مانگەکەم تەواو کرد، دابەزیم، کە کەوتمە نێو قووڵایی شیوەکە بانگکرام، تەماشای پێشەوەی خۆم و، دواوەی خۆم و، لای ڕاست و لای چەپم کرد، کەسم نەبینی، دووبارە بانگکرام دیسان سەرنجم دا کەسم نەبینی، دووبارە بانگکرام سەرم بەرز کردەوە، تەماشام کرد لەسەر تەختێکە لە هەوادا، واتە: جیبریل ﷺ لەرزینەوەیەکی سەخت گرتمی، هاتمەوە لای خەدیجە، گوتم: دامپۆشن، دایان پۆشیم و ئاویان بەسەردا کردم [بۆ ئەوەی حاڵەتەکەم نەمێنێ، دیارە دوایی چۆتە نێو نوێنەوە] ئنجا خوا (عَزَّ وَجَلَّ) ئەو ئایەتە موبارەکانەی دابەزاندن: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢﴾، ئەی ئەو کەسەی خۆت لە نوێنەوە پێچاوە، خۆت داپۆشیوە! هەستە خەڵك بترسێنە و وریا بکەوە.

دووەم: بە نسبەت ئەو بیست ئایەتانەی لە بارەی کافرێکی ملهوڕەوە دابەزیون: ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُ مَالًا مَّمْدُودًا ﴿١٢﴾ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيدًا .... عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ ﴾، لەو بارەوە چەند دەقێك هاتوون، ئێمە چواریان لێ دێنین، کە لە ڕووی سەنەدەوە، ڕەنگە تۆزێك باشتر بن لەوانی دیکە:

١-{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ، قَالَ: إِنَّ الوَلِيدَ بْنَ المُغِيرَةِ جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَرَأَ عَلَيْهِ الْقُرْآنَ، فَكَأَنَّهُ رَقَّ لَهُ، فَبَلَغَ ذَلِكَ أَبَا جَهْلٍ فَأَتَاهُ، فَقَالَ: يَا عَمُّ! إِنَّ قَوْمَكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَجْمَعُوا لَكَ مَالًا لِيُعْطُوكَهُ، فَإِنَّكَ أَتَيْتَ مُحَمَّدًا لِتَعْرِضَ لِمَا قِبَلَهُ، قَالَ: قَدْ عَلِمَتْ قُرَيْشٌ أَنِّي مِنْ أَكْثَرِهَا مَالًا، قَالَ: فَقُلْ فِيهِ قَوْلًا يَبْلُغُ قَوْمَكَ أَنَّكَ مُنْكِرٌ لَهُ، قَالَ: وَمَاذَا أَقُولُ؟ فَوَاللهِ مَا فِيكُمْ رَجُلٌ أَعْلَمُ بِالشِّعْرِ مِنِّي، لَا بِرَجَزِهِ وَلَا بِقَصِيدِهِ مِنِّي، وَلَا بِأَشْعَارِ الْجِنِّ، وَاللهِ مَا يُشْبِهُ هَذَا الَّذِي يَقُولُ شَيْئًا مِنْ هَذَا، وَوَاللهِ إِنَّ لِقَوْلِهِ الَّذِي يَقُولُ لَحَلَاوَةً، وَإِنَّ عَلَيْهِ لَطَلَاوَةً، وَإِنَّهُ لَمُثْمِرٌ أَعْلَاهُ مُغْدِقٌ أَسْفَلَهُ، وَإِنَّهُ لَيَعْلُو وَمَا يُعْلَى، وَإِنَّهُ لَيُحَطِّمُ مَا تَحْتَهُ، قَالَ: وَاللهِ مَا يَرْضَى قَوْمُكَ حَتَّى تَقُولَ فِيهِ، قَالَ: فَدَعْنِي أُفَكِّرْ، فَلَمَّا فَكَّرَ، قَالَ: هَذَا سِحْرٌ يُؤْثَرُ، يَأْثُرُهُ عَنْ غَيْرِهِ، فَنَزَلَتْ قَوْلِهِ تَعَالَى: ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُ مَالًا مَّمْدُودًا ﴿١٢﴾ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيدًا .... عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ ﴾} (أخرجه: الواحدي في أسباب النزول: ص٢٩٥، والحاكم في المستدرك: ج٢، ص٥٠٧،٥٠٦، وعنه البيهقي في شُعَبِ الإيمان: ص١٣٣، ودلائل النبوة: ج٢، ص١٩٩، قال مؤلِّفا الإستيعاب في بيان الأسباب: وهذا سندٌ ضعيفٌ، قال: الحاكم: هذا حديث صحيح على شرط البخاري ومسلم ولم يخرجاه ووافقه الذهبي)، کەواتە: ڕاجیایی هەیە لە ڕووی سەنەدەکەیەوە.

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە گێڕدراوەتەوە، کە وەلیدی کوڕی موغیرە هاتوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و ئەویش قورئانی بەسەردا خوێندۆتەوەو ئەویش دڵی بۆی نەرم بووە، ئەوەش بە ئەبوو جەهل گەیشتۆتەوەو هاتوە بۆ لای و گوتوویەتی: ئەی مامە! خەڵکەکەت پێیان وایە پارەت بۆ کۆ بکەنەوەو بتدەنێ، چونکە تۆ چوویە لای موحەممەد و تەماعت لەوەدایە کە لەلایەتی، (واتە: لێی بەهرەمەند بی لە ڕووی ماددییەوە)، وەلیدی کوڕی موغیرەش

گوتوویەتی: قورەیش دەزانن کە من لە هەموویان ماڵ و سامانم زیاترە! ئەویش گوتی: کەواتە قسەیەکی وا لە بارەی موحەممەدو قورئانەوە بکە، کە بگاتەوە خەڵکەکەت و بزانن تۆ نکوولیی لێ دەکەی، (نکوولییکەری، وی و ڕقت لێیەتی)، ئەویش گوتی: سوێند بەخوا هیچ پیاوێکتان تێدا نیە لە من لە شیعر شارەزاتر بێ و، هیچ کامێکتان تێدا نیە لە من لە ڕەجەزو قەصید (کە دوو جۆری شیعرن)، شارەزاتر بێ و، لە من شارەزاتر بێ لە شیعرەکانی جند، بە خوا ئەوەی دەیڵێ وەك هیچ کام لەوانە ناچێ و، سوێند بە خوا ئەوەی دەیڵێ، زۆر شیرینەو، زۆر ڕازاوەیە، وەك درەختێك وایە کە سەرەکەی زۆر بەردارەو، خوارێشی زۆر بەرهەمدارەو، ئەو قسەیەی ئەو دەیڵێ بەرز دەبێتەوەو سەر دەکەوێ و، هیچ قسەیەك بەسەریدا سەرناکەوێ و، هەر قسەیەك بکەوێتە بەرانبەری تێکی دەشکێنێ، ئەبوو جەهلیش دەڵێ: ئاخر خەڵکەکەت ڕازی نابن، هەر دەبێ قسەیەکی لە دژ بکەی، ئەویش دەڵێ: لێم گەڕێ با بیر بکەمەوە، کاتێك بیر دەکاتەوە دەڵێ: ئەمە جادوویەو لە جگە لە خۆیەوە دەیگێڕێتەوە، ئیدی لەو بارەوە ئەو ئایەتە موبارەکانە دابەزین: ﴿ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُۥ مَالًا مَّمْدُودًا ﴿١٢﴾ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمْهِيدًا .... عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾﴾.

٢- هەر لەو بارەوە ئەم ڕیوایەتەش دێنین: {عَنِ ابنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، قَالَ: ثُمَّ إنَّ الوَلِيدَ بْنَ الْمُغِيرَةِ اجتَمَعَ إلَيْهِ نَفَرٌ مِن قُرَيْشٍ، وَكَانَ ذَا سِنٍّ فِيهِم، وَقَدْ حَضَرَ المَوْسِمَ فَقَالَ لَهُمْ: يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ، إنَّهُ قَدْ حَضَرَ هَذَا المَوْسِمُ، وَإنَّ وُفُودَ العَرَبِ سَتَقْدَمُ عَلَيْكُمْ فِيهِ، وَقَدْ سَمِعُوا بِأَمْرِ صَاحِبِكُمْ هَذَا، فَأَجْمِعُوا فِيهِ رَأْيًا وَاحِدًا، وَلَا تَخْتَلِفُوا فَيُكَذِّبَ بَعْضُكُمْ بَعْضًا، وَيَرُدَّ قَوْلُكُمْ بَعْضُهُ بَعْضًا، فقَالُوا: فَأَنْتَ يَا أَبَا عَبْدِ شَمْسٍ، فَقُلْ وَأَقِمْ لَنَا رَأْيًا نَقُولُ بِهِ، فقَالَ: بَل أَنْتُمْ فَقُولُوا أَسْمَعْ، فقَالُوا: نَقُولُ كَاهِنٌ، فقَالَ: لَا وَاَللَّهِ مَا هُوَ بِكَاهِنٍ، لَقَدْ رَأَيْنَا الْكُهَّانَ فَمَا هُوَ بِزَمْزَمَةِ الْكَاهِنِ وَلَا سَجْعِهِ، فقَالُوا: فَنَقُولُ: مَجْنُونٌ، قَالَ: مَا هُوَ بِمَجْنُونٍ، لَقَدْ رَأَيْنَا الْجُنُونَ وَعَرَفْنَاهُ، فَمَا هُوَ بِخَنْقِهِ، وَلَا تَخَالُجِهِ، وَلَا وَسْوَسَتِهِ، فقَالُوا: فَنَقُولُ: شَاعِرٌ، قَالَ: مَا هُوَ بِشَاعِرٍ، لَقَدْ عَرَفْنَا الشِّعْرَ كُلَّهُ رَجَزَهُ وَهَزَجَهُ وَقَرِيضَهُ وَمَقْبُوضَهُ وَمَبْسُوطَهُ، فَمَا هُوَ بِالشِّعْرِ، قَالُوا: فَنَقُولُ: سَاحِرٌ، قَالَ:

مَا هُوَ بِسَاحِرٍ، لَقَدْ رَأَيْنَا السُّحَّارَ وَسِحْرَهُمْ، فَمَا هُوَ بِنَفْثِهِمْ وَلَا عَقْدِهِمْ ، قَالُوا: فَمَا نَقُولُ يَا أَبَا عَبْدِ شَمْسٍ؟ قَالَ: وَاللَّهِ إِنَّ لِقَوْلِهِ لَحَلَاوَةً، وَإِنَّ أَصْلَهُ لَعَذِقٌ، وَإِنَّ فَرْعَهُ لَجُنَاةٌ (قَالَ ابْنُ هِشَامٍ: وَيُقَالُ لَغَدِقٌ)، وَمَا أَنْتُمْ بِقَائِلِينَ مِنْ هَذَا شَيْئًا إِلَّا عُرِفَ أَنَّهُ بَاطِلٌ، وَإِنَّ أَقْرَبَ الْقَوْلِ فِيهِ لَأَنْ تَقُولُوا سَاحِرٌ، جَاءَ بِقَوْلٍ هُوَ سِحْرٌ يُفَرِّقُ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَأَبِيهِ، وَبَيْنَ الْمَرْءِ وَأَخِيهِ، وَبَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجَتِهِ، وَبَيْنَ الْمَرْءِ وَعَشِيرَتِهِ، فَتَفَرَّقُوا عَنْهُ بِذَلِكَ، فَجَعَلُوا يَجْلِسُونَ بِسُبُلِ النَّاسِ حِينَ قَدِمُوا الْمَوسِمَ، لَا يَمُرُّ بِهِمْ أَحَدٌ إِلَّا حَذَّرُوهُ إِيَّاهُ، وَذَكَرُوا لَهُمْ أَمْرَهُ. فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى فِي الْوَلِيدِ بْنِ الْمُغِيرَةِ وَفِي ذَلِكَ مِنْ قَوْلِهِ: ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴾، وَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى فِي النَّفَرِ الَّذِينَ كَانُوا مَعَهُ يُصَنِّفُونَ الْقَوْلَ فِي رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، وَفِيمَا جَاءَ بِهِ مِنَ اللَّهِ تَعَالَى: (كَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى الْمُقْتَسِمِينَ: ﴿ (٩٠) ٱلَّذِينَ جَعَلُوا۟ ٱلْقُرْءَانَ عِضِينَ (٩١) فَوَرَبِّكَ لَنَسْـَٔلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ (٩٢) ﴾ حجر، فَجَعَلَ أُولَئِكَ النَّفَرُ يَقُولُونَ ذَلِكَ فِي رَسُولِ اللَّهِ ﷺ لِمَن لَقُوا مِن النَّاسِ، وَصَدَرَتْ العَرَبُ مِن ذَلِكَ المَوْسِمِ بِأَمْرِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَانْتَشَرَ ذِكْرُهُ فِي بِلَادِ العَرَبِ كُلِّهَا) (قلنا وهذا سندٌ ضعيف شيخ بن إسحاق مجهول وهو عند الطبري في جامع البيان: ج٢٩، ص٢٦).

واتـە: عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس ﷺ گێڕاویەتـەوە کـە وەلیـدی کـوڕی موغیـرە، لەگـەڵ کۆمەڵێـك لـە زلـە زلانـی قورەیـش، کـە ئـەو لـە هەموویـان بەتەمەنـترو خـاوەن پێگەتـر بـوو، دانیشـت، لـە کاتێکـدا کاتـی حـەج و عومـرە هاتبـوە پێشـێ، بەپێـی عـادەت و نەرێتـی سـەردەمی نەفامیـی هـۆزی قورەیـش و عەرەبـەکان، وەلیـدی کـوڕی موغیـرە گوتـی: شـاندەکانی عـەرەب دێـن بـۆ لاتـان و هەواڵـی ئـەو هاوەڵەشـتانیان بیسـتوە، (واتـە: موحەممـەد ﷺ)، بۆیـە لەسـەر یـەك ڕا کۆببنـەوەو، باڕاجیاییتـان نەبـێ، هەندێکتـان هەندێکتـان بـە درۆ دابنێـن و، هەندێکتـان قسـەی هەندێکتـان هەڵبوەشێننەوە، گوتیـان: ئـەی بابـی عەبـدو ششـەمس تـۆ ڕایەکـمان پـێ بڵـێ، تاکـو ئێمـەش تەبەنیـی بکەیـن و پێـی هەڵسـین، ئەویـش گوتـی: ئێـوە بیڵێـن: منیـش گوێتـان بـۆ دەگـرم، داخـۆ ڕاتـان چییـە؟

گوتیـان: دەڵێیـن: کاهینـە (فاڵچییـە)، گوتـی: کاهیـن نیـە، ئێمـە کاهینەکانمـان بینیـون، ئـەوە قسـەکردن و زەمزەمـەو دەنگـە دەنگـی کاهینـان نیـە.

گوتیان: دەڵێین: شێتە، گوتی: شێت نیە، شێتی مان بینیوەو دەزانین، ئەو وەك شێتان حاڵەتی تەنگەنەفەسیی و، حاڵەتی وەسوەسە کردن و هاوسەنگی تێکچوونی نیە.

گوتیان: دەڵێین: شاعیرە، گوتی: شاعیریش نیە، شیعر دەزانین بە هەموو جۆرەکانی شیعرەوە، **(رجز)**ی و **(هزج)**ی و **(قَرِیض)**ی و **(مَقْبُوض)**ی و **(مَبْسُوط)**ی، (ئەمانە جۆرەکانی شیعرن بە عەرەبیی)، ئەو قسەیەی ئەو دەیڵێ شیعر نیە.

گوتیان: دەڵێین: جادووگەرە، گوتی: جادووگەریش نیە، جادووگەرانمان بینیون، جادووەکەیانمان بینیوە، فووکردنیان و گرێ لە شت دانیشیانمان بینیوە.

گوتیان: ئەی ئەبوو عەبدو شەمس تۆ چی دەڵێی؟

گوتی: سوێند بە خوا ئەو قسەیەی دەیڵێ، (واتە: قورئان) زۆر شیرینە، بنکەکەی زۆر بەرهەمدارەو، بەرو میوەکەشی نیزیکەو، ئێوە هیچ کام لەو قسانە لە بارەیەوە ناکەن، مەگەر دەزانرێ کە قسەیەکی بێ بنەمایە، بەڵام نیزیکترین قسە کە لە بارەیەوە بکەن، ئەوەیە بڵێن: جادووگەرە، چونکە کورو بابان لێك دەکات، براو برا لێك دەکات، پیاوو ژنان لێك دەکات، پیاوو خزمانی لێك دەکات، ئیدی بڵاوبوون و ئەو قسەیان تەبەننیی کردو، کاتێك کاتی حەج و عومرە هات، بە لای هەر کەسێکدا تێپەڕیبوون، دەیانترساندو، ئەوەیان بۆ باسدەکرد کە ئەوە جادووگەرە، ئنجا خوا ﷻ لە بارەی وەلیدی کوڕی موغیرەوە، ئەو ئایەتانەی ناردنە خوار: ﴿ ذَرۡنِي وَمَنۡ خَلَقۡتُ وَحِيدٗا ﴿١١﴾ ﴾، لە بارەی ئەوانەشەوە کە لەگەڵی بوون، لە بارەی پێغەمبەری خوا ﷺ و لە بارەی قورئانەوە، قسەکانی خۆیانیان پۆلێن دەکردن، ئەم سێ ئایەتەی سووڕەتی **(الحجر)** هاتنە خوار: ﴿ كَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَى ٱلۡمُقۡتَسِمِينَ ﴿٩٠﴾ ٱلَّذِينَ جَعَلُواْ ٱلۡقُرۡءَانَ عِضِينَ ﴿٩١﴾ فَوَرَبِّكَ لَنَسۡـَٔلَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٩٢﴾ ﴾، واتە: وەك دامانبەزاندە سەر دابەشکەران، ئەوانەی قورئانیان بەش بەش کرد، سوێند بە پەروەردگارت لە هەموویان دەپرسینەوە،

واتــە: پۆلێنیــان دەکــرد: جادوویــە، کاهینــە، شــیعرە، ئنجــا ئەوانــە هــەر کاتێــك دەگەیشـتنە خەڵـك، ئـەو قسـەیان دەکـردو، لـە دوای ئـەو مەوسـیمەی ئـەو سـاڵەوە، نـاوو ناوبانگـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بڵاوبـۆوە، (هەڵبەتـە زیاتـر بـە لایەنـی خراپـەو نەرێنیــی دا).

٣- ڕیوایەتێکی دیکەش لە بارەی ئەم ڕستە موبارەکەوە: ﴿إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ﴾، دێنین، لە قەتادەوە، دەڵێ:

(زَعَمُـوا أَنَّـهُ قَـالَ: وَاللَّـهِ لَقَـدْ نَظَـرْتُ فِيـمَا قَـالَ الرَّجُـلُ، فَإِذَا هُـوَ لَيْـسَ بِشِـعْرٍ، وَإِنَّ لَـهُ لَحَـلَاوَةً، وَإِنَّ عَلَيْـهِ لَطَـلَاوَةً، وَإِنَّـهُ لَيَعْلُـوُ وَمَـا يُعْـلَى، وَمَـا أَشُـكُّ أَنَّـهُ سِـحْرٌ، فَأَنْـزَلَ اللَّـهُ فيـه: ﴿فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ نَظَرَ ﴿٢١﴾ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ﴾، قَبَـضَ مَـا بَـيْنَ عَيْنَيْـهِ وَكَلَـحَ)[1].

قەتـادە گوتوویەتـی: پێیـان وابـووە خـوا لـەو بـارەوە فەرموویەتـی: ﴿إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ﴾، کـە وەلیـدی کـوڕی موغیـرە گوتوویەتـی: سـەرنجی ئـەو قسـەیەم داوە کـە ئـەو پیـاوە دەیڵـێ، تەماشـام کـرد شـیعر نیـەو، تەماشـام کـردوە شـیرینایەتیی هەیـەو، جوانیـی و ڕەونەقـی هەیـەو، سـەردەکەوێ و هەرگیـز ژێـر ناکـەوێ، بـەڵام دوو دڵییش نیـم کـە جادوویـە، ئیـدی لـەو بـارەوە خـوا ئـەوەی نـاردە خـوار: ﴿فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ نَظَرَ ﴿٢١﴾ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ﴾، واتـە: نێوچەوانـی گـرژ کـرد.

٤- هەر لەو بارەوە ئەو دەقەش دێنین: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾﴾، لە من و ئەو کەسە بگەڕێ کە بە تەنیا دروستم کردوە، یاخود: بە تاك دروستم کردوە، هەردووك واتایەکەی هەن: (عَنْ مُجَاهِد رَحِمَهُ الله قَالَ: نَزَلَتْ فِي الْوَلِيدِ بْنِ الْمُغِيرَةِ، وَكَذَلِكَ فـي الخَلْق كُلِّهِمْ: ﴿ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾﴾)[2].

---

(١) جامـع البيـان: ج٢٢، ص٩٨، قلنـا: وهـذا مرسـل صحيـح الإسـناد، الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب: ج٣، ص ٤٩٧ -٤٩٩.

(٢) جامـع البيـان: ج٢٩،، ص: ٩٦، قلنـا: وهـذا مرسـل صحيـح الإسـناد، وذكـره السـيوطي في الـدر المنثـور: ج: ، ص: ٣٢٩، وزاد نسـبته لعبـد بـن حميـد وابـن المنـذر وابـن أبي حاتـم.

واتـە: موجاهیـد گوتوویەتـی: ئـەوە لـە بـارەی وەلیـدی کـوڕی موغیـرەو لـە بـارەی تێکـڕای خەڵکـەوە، هاتۆتـە خـوارێ، واتـە: وەلیـدی کـوڕی موغیـرەو جگـە لـە ئەویـش دەگرێتــەوە، چونکــە خــوا هەموویانــی بــە تــاك دروســتکردوون، بــەو واتایــە کــە دروسـتی کـردوون، تەنیـا بـووە، بـەڵام ئەگـەر مانـای ئەوەبـێ: کـە خـوا دروسـتیکردوە لـە نێـو خەڵکـدا، تاکـەو، کۆمەڵێـك شـتی پێـداوە لەنێـو خەڵکەکەیـدا تـاك بۆتـەوە، دیـارە هـەر وەلیـد دەگرێتـەوەو، هەروەهـا کەسـێکی دیکـەی وەك وەلیدیـش بـێ دەیگرێتــەوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سـەرەتا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، کـە ئـەوەش مەبەسـتی ئەوەیە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای توانادار دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ﴾، خـوا ﷻ بانگـی پێغەمبـەری ﷺ خاتـەم دەکات و بـە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ﴾، دەیدوێنـێ، لـە سـوورەتی پێشـوودا بـە (**يـا أيهـا المُزّمـل**)، دوانـدی، هەندێـك لـە زانایـان (**المُزّمـل والمُدّثِر**)یـان بەیـەك واتـا هێنـاون، واتـە: کەسـێك کـە خـۆی بـە پۆشـاکەکەی داپۆشـیوە، بـەڵام وەك پێشـتریش گوتـم: وای تێدەگـەم، کـە (**تَزَمُّـل**) خـۆ بــە نوێــن و پێخــەف داپۆشــین بــێ و، (**المُزّمّل**)یــش ئەســڵەکەی (**المُتَزَمِّــل**)ە، واتــە: کەسـێك کـە خـۆی داپۆشـیوە بـە نوێـن و پێخـەف، بـەڵام (**تَدَثُّـر**) خـۆ بـە پۆشـاکی

خۆ داپۆشینە، واتە: پۆشاکی سەرەوەی کە لەسەر جلان لەبەر دەکرێ، چونکە لە (**دِثار**)ەوە هاتوە، (**شِعار**)یش ئەو پۆشاکەیە کە لەسەر پێست لەبەر دەکرێ، (**ما يلي الشَّعْرَ**)، لەسەر پێست و مووەکان، بەڵام (**دِثار**) ئەوەیە کە بەسەر دیوی دەرەوەی جەستەدا دەدرێ، بەسەر پۆشاکدا دەدرێ.

بە هەرحاڵ خوا پێغەمبەری خاتەم ﷺ لێرەدا دەدوێنێ، بەپێی ئەو حاڵەتەی لەسەری بووە کە بریتی بووە لە: خۆ داپۆشینی بە پۆشاکێك، یاخود: پۆشاك لە خۆوە پێچانێکی، ئنجا ئەمە جۆرێك لە لاواندنەوەو دڵخۆشکردن و میهرەبانیی لەگەڵ نواندنی تێدایە، بە عەرەبیی پێی دەگوترێ: (**مُلاَطَفَة**) واتە: لوتف و میهرەبانیی لەگەڵ نواندن.

وەك گێڕراوەتەوە:

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێك دەچێ بۆ ماڵی فاتیمەی کچی، کە هاوسەرەکەی عەلی کوڕی ئەبی تالیبی ئامۆزای بووە (خوا لێیان ڕازی بێ)، پێغەمبەری خوا ﷺ لێی دەپرسێ عەلیی لە کوێیە؟ فاتیمەش هەواڵی پێدەدا کە یەکدییان تووڕە کردووەو زویر بووەو، چۆتە مزگەوت، کە دەچێ تەماشا دەکات عەلی لەسەر زەوی مزگەوتەکە پاڵکەوتووەو ڕاکشاوە، گڵ و خۆڵ بە تەنیشتیەوە نووساوە، پێی دەفەرموێ: (**قُمْ يَا أَبَا تُرَاب**)، هەڵسە هەی بابی گڵ، واتە: گڵت پێوە نووساوە، کە ئەمە جۆرێك لە (**مُلاطفة**)و لاواندنەوەو، دڵخۆشکردن و میهرەبانیی لەگەڵ نواندنە، ئنجا دوای ئەو جۆرە بانگکردنە، لێرەدا خوا ﷻ حەوت ئەرك و فەرمان ئاراستەی پێغەمبەرەکەی دەکات:

١- ﴿ قُمْ ﴾، فەرمانی یەکەم: هەڵسە، هەڵسان دەگونجێ مەبەست پێی مانا ڕواڵەتییەکەی بێ، واتە: هەڵسەو لە جێگا وەرە دەرێ و ڕامەکشێ، دەشگونجێ مەبەست پێی مانا مەعنەوییەکەی بێ، واتە: خۆت گورج و گۆڵ بکەو بڕیار بدە، ئیرادەی خۆت بخەگەڕ.

٢- ﴿ فَأَنذِرْ ﴾، فەرمانی دووەم: یەکسەر دوای هەڵسان و بڕیاردانت، و خۆ گورج و گۆڵ کردنت، وریا بکەوە و بترسێنە نەیفەرمووە کێ بترسێنێ، واتە: خەڵك بە گشتیی بترسێنە، وریایان بکەوە کە سەرەنجامێك چاوەڕێیان دەکات، بەپێی جۆری گوزەراندنی ژیانی دنیایان، خەڵك وریا بکەوەو بترسێنە، لێیان حاڵیی بکە، کە مرۆڤ، وەك ئاژەڵ و دروستکراوەکانی دیکە، تەنیا بۆ ئەم قۆناغەی ژیان دروست نەکراوە، بەڵکو لێرە دانراوە بۆ تاقیکردنەوە، بەڵام دوایی قۆناغی دیکە چاوەڕێی دەکەن، کە قۆناغی بەرزەخە، پاشان قیامەتە، دوایی نیشتەجێ بوونە، ئەگەر بڕوادارو چاکەکار بووبێ لە بەهەشت داو، ئەگەر بێبڕوا خراپەکار بووبێ، یاخود بڕواشی هەبووبێ، بەڵام زۆر خراپەکار، لە گوناهەکانی پاك نەبووبێتەوە، لە دۆزەخدا، تاکو پاك دەبێتەوە.

٣- ﴿ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴾، فەرمانی سێیەم: پەروەردگاریشت بە گەورە بگرە، بە گەورە گرتنی پەروەردگار واتە: بە دڵ خوای پەروەردگارت بە ڕەهایی بە گەورە بزانە و، بە زمان تەعبیر لەوە بکە، کە لە دڵ و عەقڵ و هۆشتدا جێگیر بووەو، بە کردەوەش لە دنیای واقیعدا گەورەیی و مەزنیی ڕەهای خوا، لە ژیانی خۆتدا بەرجەستە بکە، کەواتە: ﴿ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴾، پەروەردگارت بە گەورە بگرە، واتە: بە دڵ و بە زمان و بە کردەوە، هەڵبەتە کە دەفەرموێ: بە گەورە بگرە، بێگومان خوا هەر گەورەیە، بەڵام یانی: تۆ دەرکی گەورەیی خوا بکە، هەم بە عەقڵ و دڵ، هەم بە زمان دەری ببڕە، هەم بە کردەوەش ئەوە لە خۆتدا بەرجەستە بکە.

٤- ﴿ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴾، فەرمانی چوارەم: پۆشاکەکەشت پاك بکەوە، پۆشاك پاککردنەوە، هەم مانای ڕواڵەتیی هەیە، کە بەرگ و پۆشاکت خاوێن بێ، هەم مانای مەعنەوییشی هەیە، وەك لە هەموو زمانان دا هەیە، لە کوردییدا دەڵێ: فڵانکەس دامێنی پاکە، پەرێزی پاکە، فڵانکەس پۆشاك پاکە، مەبەستیان پۆشاکی ڕواڵەتیی نیە، واتە: کردارو ڕەفتارو ئاکاری پاك و چاکە، لێرەش هەردوو واتایەکە دەگرێتە خۆی، هەڵبەتە پاك و خاوێنی ڕواڵەتیی، پەیوەستیشە بە پاك و خاوێنیی دەروونیی و مەعنەوییەوە، هەر کەسێك لە ناخیدا پاك بێ، ناخەکەی پاڵی پێوە دەنێ، ڕواڵەتی خۆشی پاك ڕابگرێ.

وەك زانایانـی دەروونـنـاس و كۆمەڵنـاس دەڵێـن: ئـەوە ڕاسـتییەكی زانسـتییە، ئـەو كەسـەی ناخـی پیـس بـێ، دەربەسـت نیـە، ڕواڵەتیشـی پیـس بـێ، بەڵـێ جـاری وا هەیە كەسـێك بـە ڕواڵـەت خـۆی پـاك و خاوێـن ڕادەگـرێ، بـەڵام ناخیشـی پیسـە، بـەڵام ئـەوە هـەر شـتێكی كاتییـە، ئەگەرنـا كەسـێك دەتوانـێ بـەردەوام بـێ لەسـەر پـاك و خاوێـن ڕاگرتنـی ڕواڵەتـی، كـە ناخیشـی پـاك بـێ، ناخیشـی بـە چـی پـاك دەبـێ؟ بـە ئیـمان و تەقـواو لـە خـوا نزیكیـی، هـەروەك بـە كوفـرو سـتەم و سـیفەتە خراپـەكان، ناخـی مـرۆڤ پیـس دەبـێ و، ئـەو كاتـە دەربەسـت نابـێ ڕواڵەتەكەشـی پیـس بـێ.

زۆر كـەس وادەزانـێ كـە خەڵكـی ڕۆژئـاواو ڕۆژهـەڵات، ئەوانـەی ئەهلـی كوفـرن، زۆر پـاك و خاوێـنن، بـەڵام كەسـێك لەگەڵیـان تێكـەڵ بـێ لـە نزیكـەوە، ئنجـا دەزانـێ كـە بۆنـی ناخۆشـیان لـێ دێ و ڕواڵەتێكـی زۆر ڕووكەشـی خۆیـان پـاك ڕادەگـرن، بـەڵام زۆریـان هـەر بـە ئـاو تـارەت ناگـرن و لـە ئەنجامـی ئـەوەدا چـاك خاوێـن نابنـەوە، هەروەهـا پیـاوەكان خۆیـان سـوننەت ناكـەن و گەلێـك شـتی دیكـەش، بـۆ وێنـە: خۆیـان ناپارێـزن لـە خواردنـەوەو خواردنـە پیسـەكان: لـە شـەڕاب و گۆشـتی بـەرازو جۆرەكانـی جـرو جانـەوەر، ڤایرۆسـی كۆرۆنـا، زۆر لـە شـارەزایان دەڵێـن: لـە خواردنـی گۆشـتی شەمشـەمە كوێـرە (**الخفـاش**)، (لـە هەنـدێ شـوێن چەكچەكیلـەی پـێ دەڵێـن)، لـەوەوەدا كەوتـوە، هەروەهـا لـە خواردنـی قالۆنچـەو مـارو دووپشـك ئـەو شـتە پیسـانەوە، بـەڵام ئینسـانی مسـوڵمان و بـڕوادار هـەر لـە ڕێـوە هەمـوو شـتێكی پیسـی لـێ قەدەغەیـە، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ ﴿١٥٧﴾﴾ **الأعـراف**، واتـە: پێغەمبـەری خـوا شـتە پـاك و چاكەكانیـان بـۆ حـەڵاڵ دەكات و، شـتە پیـس و زیانبەخشـەكانیان لـێ قەدەغـە دەكات.

٥- ﴿وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ﴾، فەرمانی پێنجەم: واز لە (**رُجْز**) بێنە، (**الرُّجز**) أ- بە مانای گوناهو دێ، ب- بە مانای هاوبەش بۆ خوا دانان دێ، ج- بە مانای بت و سەنەم پەرستیی دێ، د- بە مانای هەموو جۆرەكانی پیسییش دێ، كە دەفەرموێ: ﴿وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ﴾، یانی: هەرچی جۆری پیسییە، یاخود گوناح و تاوانە، یان شیرك و بتپەرستییە لێی دووربكەوەوە.

٦- ﴿ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴾، فەرمانی شەشەم: منەت مەکە، چونکە ئەو شتەی بەخشیوتە بە زۆری دەزانی، ئەوە ڕێکترین و ڕاسترین واتایە، ئەگەرنا چەند واتایەکی دیکەشی هەن، وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسیان دەکەین، ﴿ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴾، (**مَنَّ عَلَيْه**) واتە: چاکەیەك کە لەگەڵیدا کرد بووی، بەچاویدا دایەوەو باسیکرد، ﴿ تَسْتَكْثِرُ ﴾، (**كَثِيْر**) بە مانای زۆر، (**إسْتِكْثَار**) واتە: بە زۆر دانان، واتە: لەبەر ئەوەی بە شتێك هاوکاریی کەسێکت کردوە، ماڵێکت پێ بەخشیوە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە بە زۆری دەزانی، منەتی لەسەر مەکە، هەڵبەتە هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴾، واتە: ئەو چاکەو فەرمانبەرییەی بۆ خوا ئەنجامی دەدەی، پێت زۆر نەبێ، ئنجا لە دڵی خۆتدا جۆرێك لە منەتت لە دڵدا پەیدا ببێ، بەڵام من پێم وایە مانای یەکەمیان گونجاوترە.

٧- ﴿ وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ ﴾، ئەمەش ئەرك و فەرمانی حەوتەمە، واتە: خۆڕاگر بە بۆ پەروەردگارت، واتە: لەبەر بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پەروەردگارت خۆڕاگرو پشوو درێژ بە، کەم حەوصەڵە مەبەو چیکڵدانەت گچکە نەبێ.

ئنجا خوا ﷻ لە سێ ئایەتەکانی: (٨ - ١٠)دا، باسێکی ڕۆژی دوایی دەکات، دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ ﴾، (**النَّاقور**): بریتییە لە هەر شتێك دەنگی لێ بێ، (**نَقَرَ**) واتە: پەنجەی لە شتێکداو زرینگەی لێ هات، (**نَقْر**) بریتییە لە پەنجەدان لە شتێك، یاخود شتێکی ڕەق لە شتێك ڕابکێشی، (**النَّاقور**) بریتییە لەو کەڕەنایەی فریشتەیەك کە خوا ﷻ بۆی تەرخان کردوە، فووی پێدا دەکات و، دەنگ و هاڕژێکی زۆر گەورەی لێ دێ.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ نَفْخَةٌ وَاحِدَةٌ ﴿١٣﴾ ﴾الحاقة، (**الصور**) بریتییە لە کەڕەنا، بە عەرەبیی (**بوق**)ی پێ دەڵێن، ئنجا ئایا چ شێوەیەکی هەیە؟ هەندێ گوتوویانە: بە شێوەی قۆچی حەیوانە، گرنگ ئەوەیە ئامێرێکە خوا فریشتەیەکی بۆ تەرخانکردوەو دوو جاران فوو بە کەڕەنادا دەکات، جاری یەکەم دوای فووی یەکەم، ئاخیر زەمان دەقەومێ و، دوای جاری دووەم ئەم

گەردوونـە دەپێچرێتـەوەو نامێنـێ، یـان بـە جۆرێکـی دیکـە دروسـت دەبێتـەوە، وەك دەفەرمـوێ: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾﴾ **الزمر**، فـوو بـە صـووڕدا کـرا، (واتـە: بـۆ جـاری یەکـەم) هـەر کـەس لـە ئاسـمانەکان و زەویـدا هەیـە مـرد، جگـە لـەوەی خـوا بیـەوێ، دوایـی بـۆ جارێکـی دیکـە فوویەکـی دیکـەی پێـدا کـرا، هەمووپـان هەڵسـانەوەو تەماشـایان دەکـرد.

لـە دوای فـووی دووەم قیامـەت دەقەومـێ، وەك چـۆن لـە دوای فـووی یەکـەم ئاخیـر زەمـان و کۆتایـی هاتنـی ئـەم ژیانـە ئـەم گەردوونـە، ڕوودەدا.

ئنجا دەفەرمـوێ: هـەر کاتێـك فـوو بـە کەڕەنـادا کـرا: ﴿فَذَٰلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ﴾، ئـەوە لـەو ڕۆژەدایـەو، ڕۆژێکـی سـەخت و زەحمەتـە، ﴿عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ غَيْرُ يَسِيرٍ﴾، ڕۆژێکـی سـەخت و زەحمەتـە لەسـەر بێبڕوایـان، ﴿غَيْرُ يَسِيرٍ﴾، نـا ئاسـانە، ئەمـە هـەر جەختکردنـەوەی قورسـیی و زەحمەتیـی ئـەو ڕۆژەیـە لەسـەر بێبڕوایـان.

ئنجـا خـوا ﷻ لـە بیسـت ئایەتەکانـی: (١١ - ٣٠)دا، باسـی یەکێـك لـە بێبـڕوا سـەرکێش و کەللـەڕەق و نەسـەلمێن و خۆبەزلگرەکانمـان بـۆ دەکات، کـە زۆربـەی هـەر زۆری ڕوونکەرەوانـی قورئـان گوتوویانـە: (**الوليـد بـن المغيرة**)یـە.

خـوا ﷻ کۆمەڵێـك لـە چاکەکانـی خـۆی کـە لەگەڵیـدا کـردوون، بـاس دەکات و دەخاتـەڕوو، دوایـی هەڵوێسـتی زۆر کەللەڕەقانـەو، نەسـەلمێنانەو خۆبەزلگرانـەی ئەو لـە بەرانبـەر قورئانـدا دەخاتـەڕوو، دواییـش خـوا ﷻ باسـی سـزای خـۆی دەکات کـە بـۆ ئـەو کافـرە ملهـوڕو نەسـەلمێن و خـۆ بەزلگـرەی دانـاوە، کـە لەگـەڵ ئەوەشـدا زانیویەتـی قورئـان فەرمایشـتی خوایـەو دوورە لـە قسـەی مرۆڤـەوە، کەچـی بڕواشـی پـێ نەهێنـاوە، بەڵکـو زۆری بیرکردۆتـەوەو ڕامـاوە، چ شـتێك، چ تۆمەتێـك پـاڵ بداتـە لای قورئـان و پێغەمبـەری خـوا ﷺ، کـە خەڵکـە سـادە لـەوح و فامکاڵەکـە، کڵاو لەسـەر بنـێ و، چاوپێچکیـان بخاتـە سـەرچاوو، قەناعەتیـان پـێ بهێنـێ بـڕوا

بــەوە نەهێنــن، کــە قورئــان فەرمایشــتی خوایــەو، پەیامێکــە خــوای پــەروەردگار بــە پێغەمبــەری کۆتایــی خــۆی موحەممــەد ﷺ دا ناردوویەتــی بــۆ تێکــڕای مرۆڤایەتیــی.

دەفەرمــوێ: ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴾، لــە مــن و لــەو کەســە گــەڕێ کــە بــە تەنیــا دروســتم کــردوە، ئنجــا ئــەم بــە تەنیــا دروســتکردنە، واتــە:

أ- تەنیا خۆم دروستمکردوە، هیچکەس دەستی لە هێنانە دی دا نەبووە، کە ئەگەر ئەو واتایە بێ، ئەوە بۆ هەموو مرۆڤەکانی دیکەش هەر وایە، هەموو مرۆڤەکان هەر خوا خوڵقاندوونی و هێناونیە دی، ئەوە ئەگەر **(وحیداً)** پەیوەست ببێتەوە بە بکەر **(فاعل)**ەوە کە خوای پەروەردگارە.

ب- بەڵام ئەگەر **(وحیداً)** پەیوەست بێتەوە بە بەرکار**(مفعول)**ەوە، واتە: ئەو کەسەی دروستمکردوە، بە شێوەیەکی تاك دروستم کردوەو، ئەو شێوەیەکی تاکی هەیە لە نێو خەڵکدا.

ئنجا شێوە تاکییەکەی چی بووە؟:

١- پیاوێکــی زۆر زمانــزان و شــارەزا بووە، وەك پێشــتر لە هۆی هاتنــە خوارەوەکەیدا باســمان کرد.

٢- زۆر شارەزای شیعر بووە.

٣- زۆر ساماندار بووە.

٤- زۆر خاوەن ڕۆڵەو وەچە بووە، هەندێك دەڵێن: دوازدە کوڕی بوون، هەندێك دەڵێن: یازدە بوون، هەندێك دەڵێن: سێزدە بوون.

٥- پیاوێکی قسە ڕۆیشتوو بووەو خەڵك چاك گوێی بۆ گرتوە.

٦- پیاوێکی بلیمەت بووە، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێك لە قەومەکەی خۆی دەپرسێ؟ ئێوە چۆن تەماشای قورئان دەکەن؟ ئەوانیش دەڵێن: جادوویە، دەڵێ: نەخێر، بە قسەی

جادووگەران ناچێ، دەڵێن: کاهینە، دەڵێ: نەخێر من شارەزای کاهینانم، ئەو قسەیە بە هی کاهینان ناچێ، دەڵێن: شیعرە دەڵێ: لە قسەی شاعیرانیش ناچێ، دەڵێن: قسەی شێتانە، دەڵێ: نەخێر وەك قسەی شێتان ناچێ.

دوایـی ئـەوان دەڵێـن: ئـەدی چییـە؟ دەڵـێ هیـچ کام لەوانـە نیـە، بـەڵام بـۆ چەواشـەکردنی خەڵکـی، وا باشـە بڵێیـن: جادوویـە، ئـەوەش مانـای وایـە پیاوێکـی بلیمـەت و شـارەزاو سـەرناس و حەقیقەتـزان بـووە، بـەڵام بەداخـەوە زانینـی بـۆ ڕاسـتییەکان نەبۆتـە هـۆی ئـەوەی ڕێـی خـوا بگرێتـە بـەر، بۆچـی؟ چونکـە زانیارییـەکانی تەنیـا زانیارییـەك بـوون لـە عەقڵیـدا بـوون و تێکـەڵ بـە دڵ و دەروونـی نەبـوون و، نەبوونـە قەناعەتێکـی نێـو دڵـی، بۆیـەش نەبوونـە هـۆی ئـەوەی دڵەکـەی ڕادەسـتی خـوا بـێ.

ئنجا دەفەرمـوێ: ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴾، لە مـن و لـەو کەسـە گـەڕێ کـە بـە تەنیـا، بـە تـاك دروسـتمکردوە، ﴿ وَجَعَلْتُ لَهُۥ مَالًا مَّمْدُودًا ﴾، مـاڵ و سـامانێکی دوورو درێـژو فراوانـم بـۆ ڕەخسـاندوە، هەندێـك لـە زانایـان دەڵێـن: مەبەسـت ئەوەیـە زەویـی و زارێکـی زۆری بـووەو پانتاییەکـی زۆری هەبـووە، هەندێکیـش دەڵێـن: مەبەسـت ئـەوە بـووە مـاڵ و سـامانێك بـووە، بـەردەوام بەرهەمـی بـۆ هاتۆتـەوە، ﴿ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴾، هەروەهـا کوڕانێکـی ئامـادە، کوڕانێـك هەمیشـە لـە کـۆڕو مەجلیسـەکەیدا ئامـادە بـوون، لەبـەر ئـەوەی بابیـان سـەروەت و سامانی زۆر بـووە، پێویسـتیی بـەوە نەدەکـرد بـڕۆن بـۆ سـەفەرو بازرگانیـی و مامەڵـەو کاسـبیی، (**شُـهُود**) کـۆی (**شَـاهد**)ە، بـە مانـای (**حَـاضِر**) واتـە: هەمیشـە ئامادەبـوون لـە کـۆڕو مەجلیسـەکەیدا.

﴿ وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمْهِيدًا ﴾، ئامادەسـازییم بـۆ کـرد، بـە ئامادەسـازییەکی بـاش، واتـە: زەمینـەم بـۆ خۆشـکرد زەمینـەی سـەروەتمەندیی، زەمینـەی دەوڵەمەندیـی، زەمینـەی قسەڕۆیشـتوویی و، خـاوەن پێگـەی کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی بـوون لەنێـو

کۆمەڵگاکـەی خۆیـدا، ﴿ ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ ﴾، دوایـیـش تەماعـی ئـەوەی هەیـە، هـەر بـۆی زیـاد بکـەم، ﴿ كَلَّآ إِنَّهُۥ كَانَ لِأَيَٰتِنَا عَنِيدًا ﴾، بـا واز بێنـێ (لـەو جـۆرە بیرکردنەوەو خەیاڵپـڵاوە)، چونکـە ئـەو نەسـەلەمێن بـوو بەرانبـەر بـە ئایەتەکانـی ئێمـە، (**عَنِيـد**) واتـە: دوژمنـکار، واتـە: ناحـەزو دوژمنـکار بـووە بەرانبـەر بـە ئایەتەکانـی ئێمـە.

﴿ سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا ﴾، لەمــەودوا بــە هــەورازی هەڵدەگێـرم، (**إرْهَـاق**) بریتیـە لـەوەی کەسێك حاڵەتێـك لەسـەر کەسێك پێویسـت بـکات و ناچـاری بـکات، ئەویـش لـە بـن ئـەو حاڵەتـەدا زۆر نارەحـەت بـێ، (**رَهَـقْ**) بـە مانـای (**غَشَـيان**) و داپۆشـینی بەڵایـەك، گرفتێـك، دێ بـۆ کەسێك، (**إرْهَـاق**) لەسـەر کێشـی (**إفْعَـال**) واتـە: کەسێك ئـەوەی پـێ بـکات، (**صَعُود**)یـش واتـە: دەروویيەکـی سـەخت، یاخـود هەورازێکـی بـەرز، کـە هەندێـك لـە زانایـان و ڕوونکەرەوانـی قورئـان دەڵێـن: خـوا لـە دۆزەخـدا سـزایەکی بـۆ دانـاوە، بریتیـە لـەوەی بـە شـاخێکی بـەرز هەڵدەگـەڕێ تاکـو دەگاتـە سـەرێ، دوایـی لەسـەر ڕا خلـۆر دەبێتـەوەو، جارێکـی دیکـە دەبـێ تێهەڵچێتـەوەو بـەو شـێوەیە بـەردەوام بـێ.

یاخـود: ﴿ سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا ﴾، واتـە: لەمـەودوا تووشـی سـزاو ئازارێکـی سـەختی دەکـەم، وێنـەی بـە شـاخ و بـە هـەورازی سـەخت هەڵگـەڕان، بۆچـی؟ ﴿ إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴾، لـە سـۆنگەی ئـەوەوە ئـەو بیـری کـردەوەو ئەندازەگیریـی کـرد، ﴿ فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴾، بـە کوشـت بچـێ چۆنـی ئەندازەگیریـی کـرد! ﴿ ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴾، ئنجـا بەکوشـت بچـێ چۆنـی ئەندازەگیریـی کـرد! دیـارە بیرکردنـەوەو ئەندازەگیریـی کردنەکـەی هەمـوو لـە بەرانبـەر قورئانـدا بـووە، ئایا چ قسـەیەك لـە بـارەی قورئانەوە بڵـێ، کـە خەڵکـە سـادەو لاسـاییکەرەوەکەی کۆمەڵـگای خـۆی پـێ هەڵخەڵەتێنـێ و چەواشـەیان بـکات!!.

وەك لـە هـۆی هاتنـە خوارەوەکـەی دا باسـمان کـرد، هەندێـك لـە زلـە زلانـی قورەیـش لێـی کۆدەبنـەوە - لـە وەلیـدی کـوڕی موغیـرە - دەڵێـن: ئـەی ئەبـوو عەبدو

شەشەمس! تۆ لە هەموومان بە تواناتری، چۆنی تێدەگەی و چی بڵێین؟ ئەویش دەڵێ: ئێوە چۆنی تێدەگەن؟ ئەوانیش وەك پێشتر ئاماژەم پێدا باسی شیعرو جادوو و قسەی شێت و قسەی کاهینان دەکەن، ئەویش ئەوانە هەموویان ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ: قورئان هیچ کام لەوانە نیەو، قورئان قسەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەرە، وەك قسەی بەشەران نیەو، هیچ قسەیەك لە بەرانبەریدا خۆی ناگرێ، دەڵێن: ئاخر دەبێ شتێك هەر بڵێین لە دژی قورئان، دەڵێ: ئنجا ئەگەر شتێك هەر بگوترێ، نیزیکترین شت ئەوەیە بگوترێ: جادوویە، چونکە موحەممەد بەهۆی ئەو قسەیەوە، براو برایان لێك دەکات، باب و کوڕان لێك دەکات، ژن و مێردان لێك دەکات، پیاوو عەشیرەت و خزمی لێك دەکات، بڵێن جادوویە لە هەموویان نیزیکترە، واتە: بۆ چەواشەکردنی خەڵکی ئەو قسەیە زیاتر دەچێتە عەقڵی خەڵکەوە، ئەگەرنا زانیویەتی جادوو نیە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ نَظَرَ﴾، دوایی سەرنجی داو ڕاما، ﴿ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ﴾، ئنجا ڕووی خۆی گرژ کردو مۆن بوو، ڕەنگی خۆی ترش و تاڵ کرد، وەك کەسێك کە دەیەوێ گرفتێك چارەسەر بکات و بۆی چارەسەر نابێ، ئەویش هەر تەماشای قورئانی دەکرد، هیچ شوێنی تانە لێدانی تێدا نەبوو، بۆیە ڕووی خۆی گرژو تاڵ کردو، هەر خەریکی بیرکردنەوە بوو، ﴿ثُمَّ أَدْبَرَ وَٱسْتَكْبَرَ﴾، دوایی پشتی کردە قورئان و ئیسلام و ئیمان، خۆی بە زلگرت، ﴿فَقَالَ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ﴾، گوتی: ئەم قورئانە تەنها جادوویەکە دەگێڕدرێتەوە، ﴿يُؤْثَرُ﴾ واتە: (**يُحكى، يُروى**)، دەگێڕدرێتەوە دەماو دەم، ﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّا قَوْلُ ٱلْبَشَرِ﴾، ئەم قورئانە تەنیا قسەی مرۆڤانە، خۆشی سەدا سەد دڵنیا بووە قسەی مرۆڤان نیە، چونکە خۆی پێشتر وای بەو بڕیار بەدەست و قسە بەدەستانەی قوڕەیش گوت، کە لە دەوری کۆبووبوونەوە.

بۆیەش خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿سَأُصْلِيهِ سَقَرَ﴾، لەمەودوا دەیخەمە نێو ﴿سَقَرَ﴾ەوە، ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سَقَرُ﴾، چ شتێك بە تۆی زانانەوە ﴿سَقَرَ﴾ چییە؟،

واتــە: چ شــتێك وای لــە تــۆ كــردوە بزانــی ﴿سَقَرَ﴾ چییــە؟، ﴿سَقَرَ﴾ یەكێكــە لــە ناوەكانــی دۆزەخ، تەعبیــری: (**سَـقَرَتْهُ الشَّـمْسُ، وصقَرَتْـهُ**)، واتــە: (**أحرَقَتـهُ**) سـووتاندی، (**سـقر**)یش ئاگرێكـی سـووتێنەرە، بـەڵام لێـرەدا یەكێكـە لـە ناوەكانـی دۆزەخ، كـە خـوا ئـاوا پێناسـەی دەكات و دەفەرمـوێ: ﴿لَا تُبْقِي وَلَا تَذَرُ﴾، نـە هیـچ شـتێك دهێڵـێ، نـە هیـچ شـتێك واز لێدێنـێ، واتـە: هـەر شـتێكی بیخرێتـە نێـو، هیـچ شـوێنێكی لـێ ناهێڵـێ كـە نەیسـووتێنێ، ﴿وَلَا تَذَرُ﴾، هیـچ كەسـێكیش كـە دەیخرێتـە نێـو، دەسـتبەرداری نابـێ و لێـی ناگـەڕێ كـە سـزای نـەداو نەیسـووتێنێ، واتـە: هـەر كەسـێكی بخرێتـە نێـوی، هەمـوو شـوێنێكی دەسـووتێنێ و هیـچ كەسـێكیش جـەب نـادات.

﴿لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ﴾، (**بَـشَر**) واتـە: پێسـتی ڕووی مـرۆڤ یـان پێسـتی دەرەوەی، یـانی: پێسـتی دەرەوەی جەسـتەی مرۆڤ ڕەش هەڵدەگێڕێ، دەیسـووتێنێ و ڕەشیهەڵدەگێڕێ لـە قۆناغـی یەكەمـدا، دوایـی زیاتـر دەیسـووتێنێ، هەندێكیش گوتوویانـە: ﴿لَوَّاحَةٌ﴾، واتــە (**مُحرقَـةٌ**) دەیسـووتێنێ، پێسـتی ڕوو و دەرەوەی مـرۆڤ دەسـووتێنێ، ﴿عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ﴾، نـۆزدەی لەسـەرن، واتـە: نـۆزدە فریشـتە، یاخـود نـۆزدە جـۆرە فریشـتە، یاخـود نـۆزدە كۆمەڵـە فریشـتە، هـەر سـێ واتایـەكان گونجـاون، دەگونجـێ نـۆزدە فریشـتە بەسـەر هەمـوو دۆزەخـەوە بـن، سەرپەرشـتیی بكـەن، وەك سەرپەرشـتیاران، دەگونجـێ نـۆزدە جـۆرە فریشـتە بـن، دەشـگونجێ نـۆزدە كۆمەڵـە فریشـتە بـن.

ئنجـا لێـرەدا - وەك دواییـش باسـی دەكەیـن - ئەبـوو جەهـل گوتوویەتـی: موحەممـەد هەڕەشـەمان لێـدەكات دەڵـێ: دۆزەخ نـۆزدە فریشـتەی بەسـەرەوەن، ئێـوەش خەڵكێكـی زۆرن، ئایـا هـەر بـە دە نەفـەران بـە یەكێكیـان ناوێـرن! گوایـە یەكێكیـان گوتوویەتـی: ئەگـەر هـەر نـۆزدە بـن، مـن بـەو شـانەم نۆیـان بـەولادا دەخـەم، بـەو شـانەش نۆیـان بـەو لادا دەخـەم، یـەك دەمێنێتـەوە، ئایـا ئێـوەش بەهەمووتـان بـە یەكێـك ناوێـرن؟ وایانزانیـوە فریشـتەش وەك مرۆڤانـن.

گوایە یەکێکی دیکەیان گوتوویەتی: ئەگەر هەر نۆزدە بن، بۆ منیان لێگەڕێن.

یەکێکـی دیکەیـان گوتوویەتـی: هەژدەیـان بـۆ مـن لێگەڕێـن و هەمووشـتان بـە یەکێکـی هـەر دەوێـرن، بێگومـان وەك گاڵتـە پێکـردن ئـەو قسـانەیان کـردوون.

بۆیــە خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ وَمَا جَعَلْنَآ أَصْحَـٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَـٰٓئِكَةً ﴾، ئێمــە هاوەڵانــی ئاگرمـان تەنیـا بـە فریشـتە دانـاون، یـانی: وامەزانـن وەك مرۆڤانـن، فریشـتەکانیش هێــزو توانایەکیــان هەیــە، بــەس خــوا دەزانــێ چەنــدە! بــۆ وێنــە: پێغەمبــەری خــوا ﷺ جیبریلــی بینیــوە، دووجــاران بینیویەتــی، جارێــك لەســەر زەوی و جارێــك لــە ئاســمان، فەرموویــەتی: کــە بینیــم ئاســۆی پڕکــرد بــوو، شەشســەد باڵــی هەبــوو، هەروەهــا لــە ســەرچاوە مێژووییەکانــدا هاتــوە، کــە شــارەکانی گەلــی (لــوط) خــوای باڵادەسـت جیبریـل یـان فریشـتەیەك، یـان چەنـد فریشـتەیەکی نـاردن، باڵیـان خسـتە ژێــر شــارەکەیانەوە، باڵیــان لەبــەر ڕا کــردن، شــارەکەیانیان بــە هەمــوو شــتێکەوە بــەرز کــردەوە بــەرەو ئاســمان، ئنجــا ســەرنخوونیان کــردەوە، بۆیــە خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ وَٱلْمُؤْتَفِكَةَ أَهْوَىٰ ﴿٥٣﴾ ﴾النّجـم، (خــوا) شــارە هەڵگێڕدراوەکانــی بەرداونــەوە، (**المؤتَفِكات**) واتــە: (**المنقَلِبات**) (**أهـوى**) واتـە: (**أسقَط**)، کەواتــە: بەرزکرانــەوەو دوایــی بەرداونــەوە، هێــزی فریشــتان بــەس خــوا دەزانــێ ســنوورەکەی چەنــدە؟.

بۆیـە خـوا دەفەرمـوێ: ئێمـە هاوەڵانـی ئاگرمـان تەنیـا لـە فریشـتان دانـاون، ﴿ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، ژمارەکەشـیانمان تەنیـا، وەك تاقیکردنـەوە دانـاوە بـۆ ئەوانـەی بێبـڕوان، تاکـو بۆیـان ببێتـە تاقیکردنـەوە، ئایـا بـڕوا دێنـن، یـان بـڕوا ناهێنـن؟، یاخـود: بـۆ ئـەوە زیاتـر تووشـی ئـازارو سـزاو مەینەتیـی بـبن، بەهـۆی بـە درۆ دانــان و گاڵتەپێکردنیانــەوە بــە ژمارەکەیــان، ﴿ لِيَسْتَيْقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ ﴾، بـۆ ئـەوەی ئەوانـەی کتێبیـان پێـدراوە، دڵنیاییـان زیاتـر بـێ، چونکـە لـە کتێبەکانـی خۆشـیاندا هەیـە، کـە نـۆزدە فریشـتە سەرپەرشـتیی دۆزەخ دەکـەن، ﴿ وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِيمَـٰنًا ﴾، ئەوانــەش کــە بڕوایــان هێنــاوە ئیمانیــان زیــاد بــێ، چونکــە هەتــا ئایەتێـك بێتـە خـوارو ڕاسـتییەك باسـبکرێ، لـەو ڕاسـتییانەی پەنهـان و نادیـارن و

ئەوانیش بڕوای پێ بهێنن، مانای وایە بڕوایان بە شتێکی دیکەی زیاتر هێناو، بڕوایەکەیان پتەوتر دەبێ.

﴿ وَلَا يَرْتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾، هەروەها تاکو ئەوانەی کتێبیان پێدراوەو، بڕوادارانیش دوو دڵ نەبن، بزانن فەرمایشتی خوا کە کاتی خۆی بۆ مووسای ناردوەو، بۆ داوودی ناردوەو، بۆ عیسای ناردوەو پێشتریش بۆ ئیبراهیم و، لە کۆتاییدا بۆ موحەممەد هەر کامیان کاتی خۆی فەرموویەتی: فریشتە دۆزەخەوانەکان نۆزدە فریشتەن، لە پەیمانی کۆندا هاتوەو، لە پەیمانی نوێدا هاتوە، کاتی خۆی وای فەرمووە، ئێستاش لە دوا فەرمایشتی خۆیدا کە قورئانە هەر وا دەفەرموێ، چونکە ڕاستییەکان گۆڕانیان بەسەردا نایەت.

﴿ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْكَٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ﴾، هەروەها تاکو ئەوانەی دڵیان نەخۆشی تێدایەو بێبڕوایەکانیش بڵێن: خوا چی ویستوە، بەم وێنەیە، چی ویستوە بەم وێنە هێنانەوەیە، کە نۆزدە فریشتە سەرپەرشتیی دۆزەخ دەکەن؟ کەواتە: ئەوە کە خوا ژمارەی دۆزەخەوانەکانی لە فریشتان بە نۆزدە داناون، ڕاگەیاندنی ئەم ڕاستییە حەوت دەرهاویشتەی هەن:

١- ئەوانەی بێبڕوان زیاتر بۆیان دەبێتە مایەی تاقیکردنەوە، یان مایەی سزاو ئازار.

٢- ئەوانەی کتێبیان پێدراوە، دڵنیاییان بۆ پەیدادەبێ، ئەم قورئانەش هەر لەو سەرچاوەیەوە هاتوە، کە کتێبەکانی دیکەی لێوە هاتوون، کە خوای پەروەردگارە.

٣- ئەوانەی بڕوایان هێناوە، بڕوایان زیاد دەبێ، کاتێك دەبینن ئەوەی لە کتێبی ئەواندا هاتوە، لە هەموو کتێبەکانی پێشووشدا هاتوە، پاشان بەهۆی ئەوەوە کە ڕاستییەکی دیکەش دادەبەزێ و، ئەوان بڕوای پێ دێنن و نادیارو پەنهانیشە، ئەوەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ئیمانیان، کەواتە: هەم بەهۆی ئەوەی کتێبەکەیان ئەوەی لە کتێبە پێشووەکاندا هاتوە، بەڕاستی دادەنێ و، بەهۆی ئەوەوەش کە بڕوا بە شتێکی دیکەی نادیارو پەنهان دێنن، لە هەردوو ڕووەوە ئیمانیان زیاد دەبێ.

٤و٥- ئەوانەی کتێبیان پێدراوەو، بڕوادارانیش دوو دڵ نابن، هیچ دوو دڵییەکیان نابێ، کە ئەم قورئانەش هەر فەرمایشتی خوایە ﷻ، کتێبەکانی دیکەش فەرمایشتی خوا بوون، خوا ﷻ کتێبەکانی دیکەی بۆ قۆناغە جۆراو جۆرەکانی بەشەر ناردوون، ئەم قورئانەشی بۆ مرۆڤایەتیی ناردوە، بە درێژایی و زەمان و بە پانایی زەمین.

٦و٧- دەرهاویشتەی شەشەم و حەوتەم، تاکو ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، هەروەها بێبڕوایەکانیش، واتە: هەم مونافیقەکان کە دڵیان نەخۆشیی تێدایە، مەرجیش نیە مونافیقیش بن، بەڵکو هەر کەسێك گومان و دوو دڵیی لە دڵدا هەبێ، ئەویش هەر نەخۆشییە، هەروەها بێبڕوایەکانیش ڕەخنەبگرن و بڵێن: ﴿مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا﴾، خوا چ مەبەستێکی بووە لە هێنانەوەی ئەم وێنەیەدا؟.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُ﴾، ئاوا بەو شێوەیە خوا ﷻ هەر کەسێکی بیەوێ گومڕای دەکات و، هەر کەسێکی بیەوێ ڕاستە ڕێی دەکات، هەر کەسێکی بیەوێ گومڕای دەکات، واتە: دوای ئەوەی بەرنامەی خواو هیدایەتی خوا ڕەفز دەکات، گومڕا دەبێ، بەڵام بۆچی خوا گومڕا کردنەکەی پاڵداوەتە لای خۆی؟ چونکە بە ویستی ڕەهاو گشتگیری خوایە، پاشان ئەو گومڕابوونە بەپێی سیستەم و یاسایەك کە خوا لە ژیانی بەشەردا دایناوە، هاتۆتە دی.

خوا ﷻ وای داناوە هەر کەسێك ئەو هیدایەتەی دایدەبەزێنێ و بە پێغەمبەردا ﷺ دەینێرێ، هەر کەسێك قبووڵی بکات، ڕاستە ڕێی دەکات و هەر کەسێك ڕەفزی بکات، گومڕا دەبێ، خواش هەر کام لە ڕاستە ڕێ بوونەکەو، گومڕا بوونەکەی پاڵداونە لای خۆی، چونکە بەپێی سیستەم (نظام)ێك کە خوا لە ژیانی بەشەردا دایناوە، دێنە دی، ئەگەرنا خوا بە زۆر ملی کەس ناگرێ، بفەرموێ: وەرە نابێ بە ڕێی ڕاست دا بڕۆی!، ئەو هەموو پێغەمبەرانەی ناردوون، خەڵك ڕێی ڕاست بگرێ، کەواتە: مەبەست لە گومڕاکردنەکە ئەوەیە کە بەپێی ویستی

خـوا دێتـە دی، بەپێـی سیسـتمێك كـە خـوا لـە ژیانـی بەشـەردا دانـاوە، دێتـە دی، بـەڵام مرۆڤـە گومڕایـەكان خۆیـان ڕێـی گومڕایـی دەگـرن، هـەروەك مرۆڤـە بـە مـراد گەیشـتوو و ڕێ ڕاسـت گرتـووەكان، خۆیـان هیدایەتـی خـوا هەڵدەبژێـرن، ئـەوەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بـە ئامانـج بگـەن و ڕاسـتە ڕێ بگرنـە بـەر.

﴿وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ﴾، ئـەو نـۆزدە فریشـتانەش بـەس سەرپەرشـتیی دۆزەخ دەكـەن، بـەڵام بـا پێیـان وانەبـێ، سـەربازەكانی پـەروەردگارت بـەس ئـەو نۆزدەیـەن، بەڵكـو: سـەربازەكانی پـەروەدگارت تەنیـا خـۆی ژمارەیـان دەزانـێ، ﴿وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ﴾، ئـەم ئاگـری دۆزەخـەش كـە بـاس دەكـرێ (سَـقَر)، یاخـود: ئـەو ژمـارە نۆزدەیـەی فریشـتەكانیش كـە بـاس دەكـرێ، تەنیـا بیرخەرەوەیـەو پەنـدو ئامۆژگارییە بـۆ مرۆڤـەكان.

﴿كَلَّا وَالْقَمَرِ﴾، نەخێـر واز بێنـن، یاخـود: ئـەوەی دەیڵێـن، وانیە، سـوێند بە مانگ، ﴿وَاللَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ﴾، سـوێند بـە شـەوگاریش، كـە پشـت دەكاتـەوەو دەڕواو كۆتایـی دێ، ﴿وَالصُّبْحِ إِذَا أَسْفَرَ﴾، سـوێند بـە بەرەبەیـان، كـە ڕووناك دادێ و ڕۆشـن دەبێتـەوە، ﴿إِنَّهَا لَإِحْدَى الْكُبَرِ﴾، ئـەو ئاگـرەی خـوا ئێـوەی پـێ دەترسـێنێ، گەورەتریـن و بێزەزاترینـی شـتەكانە، ﴿الْكُبَرِ﴾، كـۆی (كُبْرَى)یـە، واتـە: هـەرە گـەورە، بـەڵام بـە بـاری مێینـەدا، ئەگەرنـا بـە بـاری نێرینـەدا (أكـبَر)، (أكـبَر وكُـبْرَى) لـە بەرانبـەری یەكـن، ئنجـا خـوا كـە دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّهَا لَإِحْدَى الْكُبَرِ﴾، ئـەم ﴿إِنَّهَا﴾یـە دەشـگونجێ بچێتـەوە بـۆ ژمـارەی نـۆزدەی فریشـتەكان كـە بەسـەر دۆزەخ ڕادەگـەن، دەشـگونجێ بچێتـەوە بـۆ ئاگـری دۆزەخ، یاخـود بچێتـەوە بـۆ باسـی قیامـەت و ڕۆژی دوایـی، ﴿إِنَّهَا لَإِحْدَى الْكُبَرِ﴾، واتـە: گەورەترینـی شـتە گەورەكانـە، یاخـود تاكـە شـتی هـەرە گەورەیـە، ﴿نَذِيرًا لِلْبَشَرِ﴾، ترسـێنەرەو ورياكەرەوەيـە بـۆ مرۆڤـەكان.

بـۆ كـێ؟ كـێ لـەو ترسـاندن و ئاگاداركردنەوەیـە بەهرەمەنـد دەبـێ؟ ﴿لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ﴾ بـۆ هـەر كامێـك لـە ئێـوە بیـەوێ بـەرەو پێشـەوە بچـێ، یـان

بەرەو دواوە بچێ، بەرەو پێشەوە بچێ لە ئیمان و چاکەکارییدا، یاخود بەهۆی کوفرو تاوانەوە بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، یان هەر بە گشتیی بەرەو پێشەوە بچێ، یاخود بەرەو دوا بچێ، هەندێکیش گوتوویانە: بەرەو پێشەوە بچێ لە تاعەتداو، دوا بکەوێ لە گوناهو تاوان، بۆ هەر کامێك لە ئێوە لە تاعەت و چاکەدا بەرەو پێشەوە بچێ، بەڵام لە گوناهو تاواندا بەرەو دواوە بچێ، واتە: گوناهو تاوان نەکات، یاخود: لە تاعەت و فەرمانبەرییدا بەرەو پێشەوە بچێ، یان بیەوێ بەرەو دواوە بچێت و فەرمانبەریی بۆ خوا نەکات، بۆ هەر کامێك لەوان ئەمە ترسێنەرو وریاکەرەوەیە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا بە پێغەمبەرەکەی (موحەممەد ﷺ)، کە هەڵسێ و خەڵکی بترسێنێ و پەروەردگاری (بە عەقڵ و دڵ و زمان و کردەوە) بە گەورە بگرێ و، پۆشاکی پاك بکات و لە خراپەو پیسیی دوور بێ و، بەهۆی بە زۆر دانانی بەخشین یان چاکەکەیەوە، منەت نەکات و، بۆ پەروەردگاری خۆڕاگر بێ و، باسی قیامەت کە لە دوای فووکردنی دووەم بە کەڕەنادا دێ و، لەسەر کافرانی قورس و سەخت دەبێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ۝١ قُمۡ فَأَنذِرۡ ۝٢ وَرَبَّكَ فَكَبِّرۡ ۝٣ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ ۝٤ وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ ۝٥ وَلَا تَمۡنُن تَسۡتَكۡثِرُ ۝٦ وَلِرَبِّكَ فَٱصۡبِرۡ ۝٧ فَإِذَا نُقِرَ فِي ٱلنَّاقُورِ ۝٨ فَذَٰلِكَ يَوۡمَئِذٖ يَوۡمٌ عَسِيرٌ ۝٩ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ غَيۡرُ يَسِيرٖ ۝١٠﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ﴾، ئەی ئەو کەسەی خۆت لە پۆشاکەوە پێچاوە، یان بە پۆشاکەکەت خۆت داپۆشیوە! تەبەریی لە ئیبراهیمەوە هێناویەتی - کە یەکێکە لە ڕاوییەکان - گوتوویەتی: (**كَانَ مُتَدَثِّرًا فِي قَطِيفَةٍ**)[1] لەو کاتەدا کە خوا ﷻ پێغەمبەری ﷺ ئاوا دواندوە، خۆی داپۆشیوە بە قەتیفەیەك، قەتیفە جۆرە قوماشێکە، یانی: قوماشێکی بەسەر خۆیدا داوە، وەك بەتانیی و لێفەیەك، ئەمە مانای ڕواڵەتی ڕستە موبارەکەکەیە، واتە: (**يَا أَيُّهَا النَّائِم**) ئەی ئەو کەسەی نوستووی! دیارە بە زۆریی وایە مرۆڤ کە نووست، خۆی بە شتێك دادەپۆشێ.

---

(١) جامع البيان: ٣٥٤٠٧.

واتایەکی دیکەشی هەیە: (يَا أَيُّهَا الْمُتَدَثِّرُ النُّبُوَّةَ وَأَثْقَالَهَا)، ئەی ئەو کەسەی پێغەمبەرایەتیی و ئەرکە قورسەکانی پێغەمبەرایەتییت لە ئەستۆ گرتوون، بە فەرمانی خوا!

٢)- ﴿ قُمْ فَأَنذِرْ ﴾، هەڵسەو وریا بکەوە، هەڵسەو بترسێنە، (إِنْذَارٌ: إِخْبَارٌ مَعَ تَخْوِيفٍ) هەواڵ پێدانێکە لەگەڵ ترساندندا، هەندێکیش گوتوویانە: (إِعْلَامٌ مَعَ تَخْوِيفٍ) واتە: ئاگادارکردنەوەیە لەگەڵ ترساندندا، لە قەتادەوە هاتوە کە ئەم ڕستەیەی: ﴿ قُمْ فَأَنذِرْ ﴾ ئاوای مانا کردوە: (قُمْ مِنْ نَوْمِكَ فَأَنْذِرْ عَذَابَ اللَّهِ قَوْمَكَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا بِاللَّهِ، وَعَبَدُوا غَيْرَهُ)[1] واتە: لە خەوەکەت هەڵسەو، خەڵکەکەت لە سزاو ئازاری خوا بترسێنە، ئەو خەڵکەی هاوبەشیان بۆ خوا داناوەو جگە لە خوایان پەرستوە.

٣)- ﴿ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴾، پەروەردگاریشت بە گەورە بگرە، (أَيِ: صِفْهُ بِصِفَاتِ التَّعْظِيمِ)، وەصفی بکە بە سیفەتەکانی بە مەزنگرتن، مەبەست لە بە گەورەگرتن و بە گەورەزانینی خوا، کە خوا هەر خۆی گەورەیە، بە گەورەیی ڕەهاو بێ سنوورو، مەزنە بە مەزنیی ڕەهاو بێ سنوورو، بەرزە بە بەرزیی ڕەهاو بێ سنوورو، پاکە و چاکە بە ڕەهایی و بێ سنوور، بەڵام مەبەست ئەوەیە تۆ ئەو ڕاستییە دەرك بکەو لە عەقڵ و دڵی خۆتدا جێگای بکەوە، بۆیە زانایان گوتوویانە: ﴿ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴾ (أَيِ: كَبِّرْ رَبَّكَ اعْتِقَاداً وَقَوْلاً وَعَمَلاً بَاطِناً وَظَاهِراً)، پەروەردگارت لەلا بەرزو گەورەو مەزن بێ، بە بڕوا پێبوون و، بە قسەو دەربڕین و، بە کردەوەو، بە پەنهانیی و بە ڕواڵەت.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴾، لە جیاتی ئەوەی بفەرموێ: (كَبِّرْ رَبَّكَ)، لێرەدا بەرکار (مَفْعُول بِهِ)ەکە پێشخراوە، بۆچی؟ (قُدِّمَ عَلى عامِلِهِ لِإِفادَةِ الإِخْتِصاصِ، أَيْ: لا تُكَبِّرْ غَيْرَهُ، وهو قَصْرُ إِفْرادٍ، أَيْ: دُونَ الأَصْنامِ) واتە: تەنیا پەروەردگارت بە گەورە بگرە، بە عەقڵ و دڵ و بە کردەوەکان، جگە لەو بە گەورە مەگرە، کە مەبەست پێی بت و صەنەمەکان و پەرستراوەکانی دیکەن.

---

(١) جامع البيان: ٣٥٤١٦.

ئایا وشەی ﴿فَكَبِّرْ﴾ بۆچی پیتی (ف)ی خراوەتە سەر؟ **(ودَخَلَتِ الفاءُ عَلى (كَبِّرْ) إيذانًا بِشَرْطٍ مَحْذُوفٍ يَكُونُ (كَبِّرْ) جَوابَهُ، فالتَّقْدِيرُ: مَهْما يَكُنْ شَيْءٌ فَكَبِّرْ رَبَّكَ)**، واتە: وشەی **(ف)** بۆیە چۆتە سەر **(كَبِّرْ)**، بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوە، کە ئەمە وەڵامی مەرجێکی قرتێنراوە، **(كَبِّر)** دەبێتە وەڵامی ئەو مەرجە قرتێنراوەو ئاوای لێدێتەوە: هەر شتێك ببێ، تۆ هەر تەنیا پەروەردگارت بە گەورە بگرە.

٤)- ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ﴾، پۆشاکەکەشت پاك بکەوە، **(ثِيَاب)** واتە: بەرگ و پۆشاك، ئەمیش دوو واتایان دەگەیەنێ:

یەکەم: مەبەست لە پۆشاك خود **(ذات)**ە، واتە: خودی خۆت پاك بکەوە، ناخی خۆت پاك بکەوە، بژاری بکە لە هەرچی سیفەتی خراپ و نەگونجاوە.

دووەم: یاخود مەبەست لە **(ثِيَاب)** پۆشاکی ڕواڵەتییەو، مەبەست پێی پاك و خاوێن ڕاگرتنی پۆشاکە، ئنجا ئەگەر مرۆڤ پابەند بکرێ، پۆشاکەکەی پاك و خاوێن ڕابگرێ، بێگومان جەستەی زیاتر لێی داوا دەکرێ پاکی ڕابگرێ، کەسێکیش لێی داوا بکرێ جەستەی پاك ڕابگرێ، دڵ و دەروونی و ناخی زیاتر لێی داوا دەکرێ پاکی ڕابگرێ.

پێشتریش باسم کرد، کە پاك و خاوێنی ڕووح و جەستە، یاخود دەروون و دەر، یان پەنهان و ئاشکرا، دوو شتی پێکەوە پەیوەستن و، مەگەر چۆن ئەگەرنا هەر کەسێك ناخەکەی و ڕووحەکەی پاك بێ، ئەو ناخ پاکیی و ڕووح پاکییە، پاڵی پێوە دەنێ، ڕواڵەتی خۆشی پاك ڕابگرێ، هەم جەستەی، هەم پۆشاکی، هەم خانووبەرەی، هەم ژینگەی، هەم شوێنی تێدا ژیانی، تەسکی یاخود فراوانی.

بۆیە لە ڕاستییدا پیس و پۆخەڵیی و پشتگوێخستنی پاك و خاوێنیی، چ پاك و خاوێنیی جەستە، چ بەرگ و پۆشاك، چ بەرو پێش دەرگاو ماڵ، پێچەوانەی پاکیی و خاوێنیی ناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤە، لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: **{إنَّ اللهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الجَمَال}** **(أخرجه مسلم: ١٤٧)**، واتە: خوا جوانەو جوانی خۆش دەوێ.

٥)- ﴿وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ﴾، واتە: واز لە پیسیی بهێنە، وشەی (**الرُّجز**)، هەروەها (**الرِّجز**) کە لە لای زۆربەی زانایان بە هەردووکیان خوێندراوەتەوە: (**الرُّجز**) و (**الرِّجز**) مانایەکەیان یەکە، هەندێکیش گوتوویانە: (**الرِّجز**) بە ژێر (**کسرة**)، (**العَذَابُ وَالنَّجَاسَةُ وَالمَعْصِيَة**) یانی: ئازارو پیسیی و سەرپێچیی، بەڵام (**رُجز**) بریتیە لە بت و صەنەم، هەندێکیش گوتوویانە: بەڵکو (**الرُّجز**) و (**الرِّجز**) هەردووکیان بە مانای ئازار و پیسیی و سەرپێچی و بت و صەنەمیش دێن.

کە دەفەرموێ: ﴿فَٱهۡجُرۡ﴾ (**والهَجْرُ: تَرْكُ الْمُخالَطَةِ وعَدَمُ الإِقْتِرابِ مِنَ الشَّيْءِ. والهَجْرُ هُنا كِنايَةٌ عَنْ تَرْكِ التَّلَبُّسِ بِالأحْوالِ الخاصَّةِ بِأنْواعِ الرُّجْزِ**)، (**هَجْر**): بریتیە لە وازهێنانی تێکەڵیی و نیزیک نەبوونەوە لە شتێك، لێرەش مەبەست پێی وازهێنانە لە تێکەڵیی و نیزیکیی لەو حاڵەتە تایبەتانەی، دەلالەت لەسەر پیسیی و گوناهو تاوان و نارێکیی دەکەن.

٦)- ﴿وَلَا تَمۡنُن تَسۡتَكۡثِرُ﴾، ئەم ڕستەیە بە سێ جۆر مانا کراوە:

أ- منەتیش مەکە، ئەوەی دەیبەخشی بە زۆری بزانی.

ب- منەت مەکە، ئەوەی ئەنجامی دەدەی بۆ خوای پەروەردگار پێت زۆربێ.

ج- چاکە لەگەڵ خەڵکدا مەکە، شتێکیان پێبدەی، بۆ ئەوەی چاکتر لە شتەکەی پێت داون، وەری بگریێ، کە بە دڵنیایی ئەوە ڕەوشتێکی نارێکە، هەرگیز لە پێغەمبەری خوا ﷺ ناوەشێتەوە، مەگەر ئەوە بۆیە بەو گوترابێ، واتە: ئەی خەڵکی دیکە! وا مەکەن، ئەگەرنا پێغەمبەری خوا ﷺ کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٖ ۝٤﴾ القلم، واتە: تۆ لەسەر ڕەوشتێکی مەزنی، ئەوەش کە تۆ شتێك بدەی بە کەسێك، بەڵام بۆیە بیدەیە شتێکی چاکترت لە بەرانبەردا بداتێ، ئەوە هەڵسوکەوتێکە هەرگیز لە پێغەمبەری خوا ﷺ نەوەشاوەتەوە، کە ئەگەری ئەوە دابنرێ، پێغەمبەر ﷺ شتێکی وای کردبێ و، خوای کاربەجێش پێی بفەرموێ: وامەکە.

هەروەها ئەوانی دیکەش هەروا: خوا فەرمانی پێکردوە، هەڵسێ و خەڵك وریا بکاتەوەو بترسێنێ و، تەنیا پەروەردگاری بە گەورە بگرێ، بە دڵ و بە زمان و بە کردەوەو، بەرگ و پۆشاکی خۆی پاك و خاوێن ڕابگرێ و، واز لە پیسیی و سەرپێچیی و بت و صەنەم و بێنێ، مەرج نیە ئەوانەی بووبن بەڵکو واتە: خۆتیان لێ دوور بگرە، ئەوی دیکەش: ﴿ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴾، واتە: کە چاکەت لەگەڵ کەسێکدا کرد، بەهۆی بەزۆر دانانی ئەو چاکەیەوە، ئنجا چاکەکە ماددیی بوو و شتێکت پێ بەخشیبوو، یان مەعنەویی بوو و هاوکارییەکت کرد بوو، بەهۆی ئەوەوەی ئەو چاکەیەت کردوە لەگەڵ جگە لە خۆتداو بە زۆری دەزانی، منەت مەکە.

ئایا منەت بریتیە لە چی؟ (**الـمَنُّ: تَذْكِيرُ الْمُنْعِمِ الْمُنْعَمَ عَلَيْهِ بِإِنْعامِهِ**)، منەت بریتیە لە بیرخستنەوەی بابای چاکەکار بۆ چاکە لەگەڵدا کراو بە چاکەکەی.

ئەوەش شتێکی خراپە، بۆیە عەرەب گوتوویانە: (**الْمِنَّةُ تَهْدِمُ الصَّنِيْعَةَ**)، منەتکردن چاکە هەڵدەوەشێنێتەوە، کەواتە: کە چاکەت لەگەڵ کەسێکدا کرد باسی مەکەو، بە چاوی دا دامەدەوە، بگرە لەملاو لەولاش باسی مەکە، چونکە ئەگەر پێی بگاتەوە، پێی ناخۆش دەبێ، ئەوەش وەك ئەوە وایە هەر چاکەت لەگەڵدا نەکردبێ، بەڵکو ڕەنگە ئەو کەسەی چاکەت لەگەڵدا کردوە، سەد خۆزگە بخوازێ، ئەو چاکەیەت هەر لەگەڵ نەکردبایە.

کە دەفەرموێ: ﴿ تَسْتَكْثِرُ ﴾: (**الإِسْتِكْثارُ: عَدُّ الشَّيْءِ كَثِيراً**)، (**إستكثار**): بریتیە لەوەی تۆ شتێك بە زۆر بزانی و پێت زۆر بێ.

بۆ ئەم ڕستەیەش سێ واتا دانراون:

أ- واتایەکیان ئەوەیە: تۆ منەت لەسەر خەڵك مەکە، بەهۆی ئەوەوە کە ئەو هیدایەتەی خوایان پێ دەگەیەنی، پێت زۆربێ، بێگومان هیدایەتەکە زۆرە، بەڵام گەیاندنەکەی خۆتت بۆ ئەوان و زەحمەتیی و ناڕەحەتییەکەی خۆتت بۆ ئەوان، پێ زۆر نەبێ و، بەهۆی ئەوەوە منەتیان لەسەر بکەی!.

ب- واتایەکی دیکەشی ئەوەیە کە بە هۆی ئەو پێغەمبەرایەتییەوەی خوا بەتۆی بەخشیوە، منەت لەسەر خەڵکی مەکە، پاداشتیان لێوەربگری.

ج- هەندێکیش لە زانایان ئاوایان لێکداوەتەوە: (**لَا تَعُدَّ مَا أَعْطَيْتَهُ كَثِيْراً، فَتُمْسِكَ عَنِ الإِزْدِيادِ فِيهِ**) ئەوەی بەخشیوتە پێت زۆر نەبێ، تاکو دوایی واز لە بەخشین بێنی و بڵێی زۆرم بەخشیوە، با چیدیکە نەبەخشم.

ئەو واتایانە هەموویان هەن، بەڵام وەك گوتم ئەوەی زیاتر دێتە زەینەوە، ئەوەیە: بەهۆی ئەوەوە، بە زۆری دەزانی منەت مەکە، ئنجا ئەو شتەی بەخشیوتە، چ بەخشینی ماددیی بێ، چ بەخشینی مەعنەویی بێ.

٧)- ﴿ وَلِرَبِّكَ فَٱصۡبِرۡ ﴾، تەنیاش بۆ پەروەردگارت خۆڕاگر بە، واتە: کە خۆت ڕادەگری، با خۆڕاگرتنەکەت تەنیا لەبەر پەروەردگارت بێ و، چاوەڕێی پاداشتی ئەو بە.

٨)- ﴿ فَإِذَا نُقِرَ فِي ٱلنَّاقُورِ ﴾، ئنجا هەر کات فوو بە (**نَاقُور**)دا کرا، (**النَّاقُورُ: مَا يُنْقَرُ فِيْهِ**) ناقوور شتێکە فووی پێدا دەکرێ و دەنگ و زرینگەی لێ دێ، لە شوێنی دیکەش دا خوا فەرموویەتی: (**صور**) کەڕەنا.

٩)- ﴿ فَذَٰلِكَ يَوۡمَئِذٖ يَوۡمٌ عَسِيرٌ ﴾، ئەوە لەو ڕۆژەدایە کە ڕۆژێکی سەختە.

١٠)- ﴿ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ غَيۡرُ يَسِيرٖ ﴾، لەسەر بێبڕوایەکان ئاسان نیە، ﴿ غَيۡرُ يَسِيرٖ ﴾، واتە: ئاسان نیە، ئەوەش هەر جەختکردنەوەی مانای (**عَسِيْر**)ە، واتە: سەخت و قورسە و ئاسان نیە، ئەمەش وەك فەرمایشتی خوایە کە دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ ١٤٠ ﴾**الأنعام**، گومڕا بوون و ڕێی ڕاستگرتوو نەبوون، کە ئەوەی دوایە جەختکردنەوەی مانای ئەوەی پێشەوەیە.

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر چەمك و واتای ئەم دە ئایەتە موبارەکە، دەقێکی سوننەت دێنین، کە پێشتریش هێنامان:

{عَـنْ جَابِـرٍ رَضِيَ اللـهُ عَنْـهُ، قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللّـهِ ﷺ، وَهُـوَ يُحَـدِّثُ عَـنْ فَـتْرَةِ الوَحِـي، بَيْنَـا أَنَـا أَمْـشِي سَـمِعْتُ صَوْتـاً مِـنَ السَّـمَاءِ، فَرَفَعْـتُ رِأْسِي، فَـإِذَا الْمَلَـكُ الَّـذِي جَـاءَنِي بِحِـرَاءٍ جَالِـسٌ عَـلَى كُـرْسِيٍّ بَـيْنَ السَّـمَاءِ وَالْأَرْضِ، فَجُئِثْـتُ مِنْـهُ فَرَقًـا، حَتَّـى هَوَيْـتُ إِلَى الْأَرْضِ، فَجِئْـتُ أَهْلِي فَقُلْـتُ لَهُـمْ: زَمِّلُـونِي زَمِّلُـونِي، فَزَمَّلُـونِي، فَأَنْـزَلَ اللّـهُ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ﴿١﴾ قُمْ فَأَنذِرْ ﴿٢﴾ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴿٣﴾ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴿٤﴾ وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ﴿٥﴾ ﴾، قَـالَ: ثُـمَّ تَتَابَـعَ الْوَحْـيُ} (أخرجـه البخـاري: ٤، ومسـلم: ١٦١، والطـبري: ٣٥٤٠٨).

واتـە: جابیـر (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە باسـی ماوەیەك پچڕانـی وەحیـی بـۆ کرانـی دەکـرد، فەرمـووی: لـە کاتێکـدا دەڕۆیشـتم گوێـم لـە دەنگێـك بـوو لـە سـەرێوە، سـەرم بـەرز کـردەوە، ئـەو فریشـتەیەی لـە ئەشـکەوتی (حِـرَاء)دا هاتبـوو بـۆ لام ئـەو بـوو، لەسـەر کورسـییەك دانیشـتبوو لـە نێوان ئاسـمان و زەوی دا، [پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی] بەهـۆی ترسـان لـەوەوە دانیشـتم و، هاتمـەوە بـۆ لای خێزانـم، گوتـم داپۆشـن داپۆشـن، ئیـدی دایانپۆشـیم، خـواش ئـەوەی دابەزانـد: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ﴿١﴾ قُمْ فَأَنذِرْ ﴿٢﴾ ﴾، واتـە: ئـەی ئـەو کەسـەی خـۆت لـە پۆشـاکەوە پێچـاوە! هەڵسـەو (خەڵـك) وریـا بکـەوە، تاکـو دەگاتـە ئـەو شـوێنە: ﴿ وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ﴿٥﴾ ﴾، دواییـش وەحیـی بـەردەوام بـوو.

دەربـارەی ئـەو ڕسـتە موبارەکـە، کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴿٤﴾ ﴾، پێشـتریش باسـمان کـرد، کـە جـاری وا هەیـە پاکیـی پۆشـاك، وەك تەعبیرێکـی ڕەمزیی بەکاردەهێـنرێ بـۆ پاکیـی ئـەو کەسـە، دەگوتـرێ: (فُـلانٌ نَقِـيُّ الثِّيَـاب)، فڵانکـەس پۆشـاکی پاکـە، (طَاهِـرُ الذيـلِ) ئەنگوچکـی (دامێنـی) پاکـە، کـە مەبەسـت پاکیـی و چاکیـی خـودی خۆیەتـی، ئـەم ئایەتـە موبارەکـە: ﴿ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴿٤﴾ ﴾، بەپێـی مانـا ڕواڵەتییەکـەی بـێ: پۆشـاکی خـۆت پـاك بکـەوە، تاکـە ئایەتێکـە لـە هەمـوو قورئانـدا لـە بـارەی پاکیـی بـەرگ و پۆشـاکەوە، خـوای پـەروەردگار زۆر باسـی پاکـی کـردوە، بـەڵام پاکیـی بـەرگ و پۆشـاك، تەنیـا لـەم ئایەتـە موبارەکـەدا هاتـوە.

هەروەها لە بارەی ئەو ئایەتە موبارەکەوە کە دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِذَا نُقِرَ فِي ٱلنَّاقُورِ ﴾، ئەم فەرموودەیە هاتووە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «كَيْفَ أَنْعَمُ وَصَاحِبُ الْقَرْنِ قَدِ الْتَقَمَ الْقَرْنَ وَحَنَى جَبْهَتَهُ، يَنْتَظِرُ مَتَى يُؤْمَرُ فَيَنْفُخُ؟ » فَقَالَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ: فَمَا تَأْمُرُنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «قُولُوا: حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الوَكِيلُ، عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا} (أخرجه الترمذي: ٢٦٣٩ عن أبي سعيد الخدري، وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي، ورواه الطبري: ٣٥٤٧٦).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: چۆن چێژ وەربگرم، لە حاڵێکدا خاوەنی کەڕەنا، کەڕەنایەکەی بەدەمەوە گرتوە، (ئەو کەڕەنایەی دووجاران فووی پێدا دەکرێ) و، نێوچەوانیشی بەسەردا نوشتاندۆتەوە، گوێی هەڵخستوە کەی فەرمانی پێدەکرێ، فووی پێدا بکات! هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ خوا لێیان ڕازی بێ گوتیان: فەرمانمان بە چی پێدەکەی؟ فەرمووی بڵێن: (حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ)، خوامان بەسەو باشترین کارپێسپێردراو ئەوە، (عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا) پشتمان تەنیا بە خوا بەستوە.

مەسەلەی دووەم:

باسـی کافرێکـی ملهـوڕ کـە خـوا چاکـەی زۆری لەگەڵـدا کـردووەو، لـە سـامان و کوڕانـی زۆری پێـداوە، کەچـی لـە حاڵێـك دا دژایەتیـی ئایەتەکانـی خـوای کـردوە، بەهیـواش بـووە خـوا هـەر بـۆی زیـاد بـکات!، هەروەهـا زۆری بیرکردۆتـەوەو ڕامـاوەو خـۆی گـرژو مـۆن و مـرچ کـردوە، کـە شـتێك لـە بـارەی قورئانـەوە بڵـێ، بـۆ چەواشـەکاریی خەڵـك و سـەرەنجام گوتوویەتـی: قورئـان جادوویـەو قسـەی بەشـەرە، خـواش هەڕەشـەی لێکـردوە بـە هاویشـتنە دۆزەخـەوە، کـە ئەوپـەڕی بەهێـزو سـووتێنەرەو، نـۆزدە فریشـتەی بەسـەرەوەن وەك سەرپەرشـتیار:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُ مَالًا مَّمْدُودًا ﴿١٢﴾
وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيدًا ﴿١٤﴾ ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ ﴿١٥﴾ كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيدًا
﴿١٦﴾ سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا ﴿١٧﴾ إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴿١٨﴾ فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿١٩﴾ ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿٢٠﴾
ثُمَّ نَظَرَ ﴿٢١﴾ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ ﴿٢٤﴾ إِنْ هَٰذَا
إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ ﴿٢٥﴾ سَأُصْلِيهِ سَقَرَ ﴿٢٦﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ ﴿٢٧﴾ لَا تُبْقِي وَلَا تَذَرُ ﴿٢٨﴾ لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ
﴿٢٩﴾ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست بڕگەدا:

١)- ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴾، لە من و لەو کەسە بگەڕێن کە بە تاك دروستم کردوە، ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ ﴾، واتە: (دَعْنِي وَإِيَّاهُ)، لەمن و لەو گەڕێن.

وشەی (وَحِيْداً):

أ- دەگونجێ بگەڕێتەوە بۆ خوای پەروەردگار، واتە: تەنیا خۆم دروستمکردوە، ئەو کاتەش بۆ وەلیدی کوڕی موغیرە، کە ئەم ئایەتانەی لە بارە هاتوونە خوارو، بۆ جگە لە ئەویش وەك یەکن، هەموو کەس تەنیا خوا دروستیکردوە.

ب- دەشگونجێ (وَحِيْداً) بگەڕێتەوە بۆ بابای دروستكراو، (أي: الوَحِيدُ المُنْفَرِدُ عَن غَيْرِهِ فِي مَكَانٍ أَوْ حَالٍ أَوْ شُهْرَةٍ أَوْ قِصَّةٍ)، لە حاڵێكدا تاك بووەوەیە، تاكە لە ڕووی كاتەوە، لە ڕووی شوێنەوە، لە ڕووی حاڵەوە، لە ڕووی ناوبانگەوە، لە ڕووی بەسەرهاتەوە.

یـانی: دەگونجـێ (وحیـداً) پەیوەسـت بـێ بـە بكـەر (فاعـل)ەوەو، دەشـگونجێ پەیوەسـت بـێ بـە بـەركار (مفعـول)ەوە.

٢)- ﴿ وَجَعَلْتُ لَهُۥ مَالًا مَّمْدُودًا ﴾، ماڵ و سامانێكی فراوانم پێداوە، (الْمَمْدُودُ: اسْمُ مَفْعُولٍ مِنْ مَدَّ الَّذِي بِمَعْنَى: أَطَالَ، أو زَاد)، (ممدود) ناوی بەركارە لە: (مَدَّ) بە مانای درێژی كردەوە، یان زیادی كرد.

(مَمْدُود):

أ- هەندێك گوتوویانە: (مَبْسُوط) ماڵ و سامانێكی فراوان.

ب- هەندێكیش گوتوویانە: مەبەست پانتایی ئەو زەوی و زارانەیە كە هەیبوون، زەوی و زاری زۆری هەبوون، لە مەككەوە تاكو دەگاتەوە تائیف.

ج- هەندێكیش گوتوویانە: (مَمْدُودٌ) یانی: ماڵ و سامانێك كە بەردەوام دێتە سەری، واتە: وەبەرهێنانی هەبووەو بەردەوام بەرهەمی بۆ هاتۆتەوە.

٣)- ﴿ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴾، كوڕانێكیشم بۆ ڕەخساندوون ئامادەن، (شُهُود جَمْعُ شَاهِد أي: حَاضِر، أي: لَا يُفَارِقُونَهُ)، واتە: كوڕانێكی ئامادە كە هەمیشە ئامادەن لە كۆڕو مەجلیسیدا، لێی جیانابنەوە، هەندێك گوتوویانە: دە كوڕی هەبوون، هەندێكیش گوتوویانە: سێزدە كوڕی هەبوون.

ئـەم ئایەتانـە كـە دوایـی تەواویـان دەكەیـن، وەك لـە هـۆی هاتنـە خوارەوەكەشـدا باسـمان كـرد، زۆربـەی هـەرە زۆری ڕوونكـەرەوان لەسـەر ئـەوە یەكدەنگـن كـە لـە بـارەی وەلیـدی كـوڕی موغیـرەوە هاتوونـە خـوار.

لـەو بـارەوە (**الطـبري**) لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباسـەوە (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) هێناویەتـی (**قَـالَ: أَنْـزَلَ اللـهُ فِي الوَلِيْدِ بنِ المُغِـيْرَة، قَوْلَـهُ:** ﴿ ذَرۡنِي وَمَنۡ خَلَقۡتُ وَحِيدٗا ﴾)، (جامع البيـان: ٣٥٤٩١)، گوتوویەتـی: خـوا لـە بـارەی وەلیـدی کـوڕی موغیـرەوە ئـەو فەرمایشـتەی خـۆی دابەزانـدوە.

(**الطـبري**) لـە تەفسـیری ئـەو ئایەتـە موبارەکـەدا: ﴿ ذَرۡنِي وَمَنۡ خَلَقۡتُ وَحِيدٗا ﴾، گوتوویەتـی: (**كِلْ يَـا مُحَمَّـدُ أَمْـرَ الَّـذِي خَلَقْتُـهُ فِي بَطْـنِ أُمِّـهِ وَحِيـدًا، لَا شَيْءَ لَـهُ مِـنْ مَـالٍ وَلَا وَلَـدٍ إِلَيَّ. وَذُكِـرَ أَنَّـهُ عُنِـيَ بِذَلِـكَ: الوَلِيـدُ بْـنُ المُغِـيرَةِ المَخْزُومِـيُّ**)، (الطـبري: ٣٥٤٩١) واتـە: ئـەی موحەممـەد ﷺ ئـەو کەسـەی لـە زگـی دایکیـدا بە تەنیـا دروسـتمکردوەو، هیـچ شـتێکی نەبـوو لـە مـاڵ و سـامان و ڕۆڵـە، کارەکـەی بـە مـن بسـپێرەو، باسـکراوە ئـەو کەسـە مەبەسـت پێـی وەلیـدی کـوڕی موغیـرەی ئەلمەخزوومییـە.

٤)- ﴿ وَمَهَّدتُّ لَهُۥ تَمۡهِيدٗا ﴾، ژیان و گوزەرانم بۆ فراوانکردوەو هەموو ئامادەسازییەکم بۆی کردوە، (**أَي: بَسَطْت لَهُ فِي العَيْش بَسْطاً، وَالتَّمْهِيدُ: هُنَا مُسْتَعَارٌ لِتَيْسِيرِ أُمُورِهِ وَنَفَاذِ كَلِمَتِهِ فِي قَوْمِهِ، بِحَيْثُ لَا يَعْسُرُ عَلَيْهِ مَطْلَبٌ**)، واتە: ژیان و گوزەرانم بۆ فراوانکردوە، هەموو ئامادەسازییەکم بۆ کردوە، (**تمهيد**)یش خوازراوەتەوە بۆ کاروبار ئاسان بوونی و قسە ڕۆیشتوویی لە نێو خەڵکەکەیدا، بەشێوەیەك هیچ شتێکی پێ زەحمەت نەبووە ئەنجامی بدات، هەم سەروەت و سامانی هەبووە، هەم خەڵکەکە ڕێزی گرتوەو، بە قسەیان کردوە، کوڕانی زۆریش بوون و، پشت و قوەتی چاکیشی بووە.

٥)- ﴿ ثُمَّ يَطۡمَعُ أَنۡ أَزِيدَ ﴾، دواییش بە تەمابووە بۆی زیاد بکەم! (**ثُمَّ: للتَرْتِيْب الرُتبِيّ**)، (**ثم**) بۆ ڕیزبەندیی پلەپلەییە، واتە: دوای هەموو ئەو شتانەش، ئنجا تەماحی وایە بۆی زیاد بکەم، (**الطَّمَعُ: طَلَبُ الشَّيْءِ الْعَظِيمِ**)، (**طَمَع**): بریتیە لە داواکردنی شتێکی مەزن، کە (**الطبري**) ئاوای مانا لێکداوەتەوە: (**ثُمَّ يَرْجُو أَنْ أَزِيدَهُ مِنَ الْمَالِ وَالْوَلَدِ عَلَى مَا أَعْطَيْتُهُ**) دوایی بە هیوایەو ئومێدەوارە، لە ماڵ و سامانێك کە پێمداوەو لە ڕۆڵانێك کە پێمداون، وێڕای ئەوە هی دیکەشی بدەمێ و بۆی زیاد بکەم.

٦)- ﴿ كَلَّآ إِنَّهُۥ كَانَ لِآيَٰتِنَا عَنِيدًا ﴾، نەخێر، چونکە ئەو بۆ ئایەتەکانمان دژو سەرپێچییکار بووە، (**كَلَّا**)، (**كَلِمَةُ رَدْعٍ وَزَجْرٍ**)، (**كَلَّا**) وشەیەکە بۆ بەرپەرچدانەوەو تێخوڕین بەکاردێ، هەروەها جاری واش هەیە بۆ هەڵوەشانەوە (**إِبْطَال**) بەکاردێ، لێرەدا (**الطبري**) دەڵێ: (**كَلَّا يَقُولُ: لَيْسَ ذَلِكَ كَمَا يَأْمَلُ وَيَرْجُو مِنْ أَنْ أَزِيدَهُ مَالًا وَوَلَدًا، وتَمْهِيدًا فِي الدُّنْيَا**)، ئەوە ڕاست نیە کە بە هیوایەو ئومێدەوارە بۆی زیاد بکەم لە ماڵ و سامان لە ڕۆڵان و، لە زەمینە بۆ خۆشکردن لە ژیانی دنیادا (ئەوە خەیاڵپڵاوە).

﴿ إِنَّهُۥ كَانَ لِآيَٰتِنَا عَنِيدًا ﴾، (**إِنَّ**): هەرچەنـدە بـۆ جەختکردنەوەیـە، بـەڵام لێـرەدا بـۆ هۆکاردۆزیـی (**تعليـل**)ە، واتـە: بۆیـە بـا بـە تەمـای ئـەوە نەبـێ، چونکـە ئـەو لـە بەرانبـەر ئایەتەکانـی ئێمـەدا کەللـەڕەق (**عَنِيْـد**) بـووە، (**العَنِيْـدُ: الشَّـدِيدُ العِنَـاد، وَالعِنَـادُ مُخَالَفَـةُ للصَّـوَاب**)، (**عنيـد**) یـانی: خـاوەنی کەللەڕەقیـی سـەخت، عینادیـش واتـە: زۆر سـەرپێچییکارە بـۆ شـتێکە کـە ڕاسـتە، دژی ڕاسـتیی و حەقـە، هەندێکیـش گوتوویانـە: (**عَنِيـدًا: مُعَانِـدًا لِلحَـقِّ مُجَانِبًا لَـهُ، كَالبَعِـيرِ العَنُـوُد**)، (**جامـع البيـان: ٣٥٥١١**)، واتـە: (**عَنِيـدً**) یـانی: ناحـەزی هـەق و دوور لـە هـەق، وەك حوشـتری عەنـوود، کـە بـە حوشـترێك دەگوتـرێ: عەنـوود، جەنـە بگـرێ و مـل نـەدا بـۆ بـارو سـواریی.

٧)- ﴿ سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا ﴾، لەمەودوا بە هەورازی هەڵدەگێرم، یاخود: تووشی کارێکی زەحمەتی دەکەم، یاخود: تووشی سزایەکی ماندووکەرو سەختی دەکەم، (**سَأُكَلِّفُهُ مَشَقَّةً مِنَ الْعَذَابِ، لَا رَاحَةَ لَهُ مِنْهَا**)، واتە: زەحمەتییەك لە سزادانی دەخەمە سەری، لێی ئاسوودە نابێ.

(**الإِرْهَـاق: الإِتْعَـابُ وَتَحْمِيـل مَـا لَا يُطَـاق**)، (**إرهـاق**) بـە مانـای ماندووکردنـە و شـتێك بخەیـە سـەر شـانی کەسـێك نەتوانـێ.

(**الصَّعُـودُ: جَبَـلٌ مِـنْ نَـارٍ يُصْعَـدُ فِيـهِ سَبْعِينَ خَرِيفًـا، ثُـمَّ يَهْـوِي كَذَلِـكَ مِنْـهُ أَبَـداً**)، (**صَعُـود**) چیایەکـە لـە ئاگـر، ئـەو کەسـە حەفتـا پایـز (واتـە: حەفتـا سـاڵ)، خەریکـی سـەرکەوتن دەبـێ، ئنجـا دوای سـەرکەوتنە سـەری، لـە سـەرێرا بەردەبێتـەوەو دووبارە تێهەڵدەچێتـەوە، بـەو شـێوەیە هـەر خەریکـی پێهەڵگـەڕان و کەوتنـە خـوارەوە دەبێ.

٨)- ﴿ إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴾، بە دڵنیایی ئەو بیری کردەوەو ئەندازەگیریی کرد، (**فَكَّرَ: أَعْمَلَ فِكْرَهُ وَكَرَّرَ نَظَرَ رَأْيِهِ، لِيَبْتَكِرَ عُذْرًا يُمَوِّهُهُ وَيُرَوِّجُهُ عَلَى الدَّهْمَاءِ فِي وَصْفِ الْقُرْآنِ، بِوَصْفِ كَلَامِ النَّاسِ، لِيُزِيلَ مِنْهُمُ اعْتِقَادَ أَنَّهُ وَحْيٌ أُوحِيَ بِهِ إِلَى النَّبِي ﷺ**)، واتە: عەقڵی خۆی بەکارهێناو تێفکریی، تاکو لە لای خۆیەوە پۆزشێك بهێنێتەوەو، خەڵکی سادەی پێ چەواشە بکات و کڵاویان لەسەر بنێ، چاوپێچکیان بخاتە سەرچاو، بە جۆرێك قورئان وەسف بکات، گوایە: قسەی خەڵکە، تاکو ئەوە کە بڕوایان وابێ وەحیی خوایە بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺلە دڵیاندا لایبەرێ.

٩)- ﴿ فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴾، بە کوشت بچێ چۆنی ئەندازەگیریی کرد! چۆن ئاوا تێوە ڕاماو ئەندازەگیریی کرد، (**قَدَّرَ: أي جَعَلَ قَدراً لما يَخْطُرُ**) ئەندازەی دانا بۆ ئەوەی بە مێشکی دادێ.

١٠)- ﴿ ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴾، جارێکی دیکەش دووبارە بە کوشت بچێ، چۆن ئەندازەگیریی کرد، (**قُتِلَ: دُعَاءٌ عَلَيْهِ بِأَنْ يَقْتُلَهُ قَاتِلٌ**)، (**قُتِل**) نزاکردنە لە دژی کە بکوژێك بیکوژێ، کە مەبەست پێی ئەوەیە زوو لە بەین بچێ و بمرێ، (**وَهَذَا الدُّعَاء مُسْتَعْمَلٌ فِي التَّعْجِيْب**)، ئەم نزایە وەك چۆن بە مانای بە کوشت بچێ، زوو بە هیلاك بچێ، دێ، بە مانای ئەوەش دێ: کەسێك شتێکی کردبێ، جێی سەرسوڕمان بێ، واتە: سەرتان لێی سوڕ بمێنێ، چۆن بیری کردەوەو ئاوا ڕاما، قسەیەك ساز بکات لە دژی قورئان، کە خەڵکێك بچێتە عەقڵیەوە.

١١)- ﴿ ثُمَّ نَظَرَ ﴾، دوایی جارێکی دیکە سەرنجیدا، ئەمە لێرەدا وا پێدەچێ مەبەست پێی سەرنجدانی چاو (**نَظَرُ العَيْن**) بێ، تاکو ئەوە زیادە بێ لەسەر ئەوەی ڕابرد، پێشێ هەمووی باسی بیرکردنەوەو عەقڵی خۆ بەکارهێنان و ئەندازەگیریی کردن و ڕامان بوو، بەڵام ئەمەیان سەرنجدانی چاوو تێفکرینە، هەندێکیش گوتوویانە: (**نَظَر**) واتە: دووبارە سەرنجی دایەوە بە عەقڵ.

١٢)- ﴿ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ﴾، دوایی ڕووی خۆی گرژ کردو خۆی مۆن و ترش و تاڵ کرد، (**عَبَسَ: قَطَّبَ وَجْهَهُ لَمَّا اسْتَعْصَى عَلَيْهِ مَا يَصِفُ بِهِ الْقُرْآنَ**)، ڕووی خۆی گرژ کرد لەبەر

ئەوەی بۆی زەحمەت بوو، نەیزانی قورئان بە چی وەسف بکات، خەڵکی پێ ئیقناع بکات، کە قورئان وەحیی خوا نیە.

(بَسَرَ: مَعْنَاهُ كَلَحَ وَجْهُهُ وَتَغَيَّرَ لَوْنُهُ، خَوْفًا وَكَمَدًا، حِينَ لَمْ يَجِدْ مَا يَشْفِي غَلِيلَهُ مِنْ مَطْعَنٍ فِي الْقُرْآنِ)، واتە: ڕووی گرژو تاڵ و مۆن بوو، ڕەنگی گۆڕا لە ترسان و لە خەفەتان کاتێك شتێکی نەبینی، ئاوی دڵی بدات، لەوەدا کە تانەیەك لە قورئان دا، بدۆزێتەوە.

١٣)- ﴿ ثُمَّ أَدْبَرَ وَٱسْتَكْبَرَ ﴾، دوایی پشتی هەڵکردو خۆی بە زلگرت، ﴿ أَدْبَرَ وَٱسْتَكْبَرَ ﴾، (أَدْبَرَ عَنِ إِيْجَاد مَطْعَنٍ فِي القُرْآن إِلى العِنَاد وَالإِسْتِكْبَار)، واتە: وازی لەوە هێنا کە شوێنێکی تانەدان لە قورئاندا بدۆزێتەوە، وازی لەوە هێناو گواستیەوە بۆ کەللەڕەقیی و خۆ بەزلگریی، پێشێ ویستوویەتی تانەیەك لە قورئاندا بدۆزێتەوە، عەیب و ڕەخنەیەك کە خەڵکی پێ ئیقناع بکات، ئنجا کە ئەوەی نەدۆزیوەتەوە، داویەتە ملهوڕیی و خۆ بەزلگریی.

کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَدْبَرَ وَٱسْتَكْبَرَ ﴾، خوازراوەتەوە بۆ وێناکردنی ئەو کەسە، لە زیاتر پشتهەڵکردنی لە بڕوا پێ هێنان و بەڕاست دانانی پێغەمبەری خوادا ﷺ، وەك لە شوێنی دیکەدا خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ ﴿٢٢﴾ ﴾النازعات، دوایی پشتی هەڵکردو هەوڵی دا، کە لە بارەی فیرعەونەوەیە لە دژی مووسا عليه السلام موعجیزەکانی.

١٤)- ﴿ فَقَالَ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ ﴾، گوتی: ئەمە بەس جادوویەکە دەگێڕدرێتەوە، واتە: (سِحْرٌ يُرْوى وَيُحْكى) هەر جادوویەکە دەماو دەم نەقڵ بووە، جادوویەکی گێڕدراوەیەو لە پێشینانەوە نەقڵ کراوەو، ئەم جادووە خەڵك فێری بووە، کە دەفەرموێ: ﴿ فَقَالَ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ ﴾، ئەم (ف)ە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو قسەیەی بە دڵدا هاتوە، یەکسەر کردوویەتی، بەبێ ئەوەی زمانی لێی گیر بکات و، زمانی لێ هەڵبنگوێ.

١٥)- ﴿ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا قَوْلُ ٱلْبَشَرِ ﴾، ئەمە تەنیا قسەی مرۆڤە، دیارە ئەمە جەختکردنەوەو داکۆکییکردنە لەسەر قسەکەی پێشێ، بۆیە پێویستیی بە بادانەوەو گێڕانەوە نەکردوە بە (و)ی بادانەوە (عَطف).

١٦)- ﴿ سَأُصْلِيهِ سَقَرَ ﴾، (خوا ﷻ دەفەرمویّ:) لەمەودوا دەیخەمە (سَقَر)ەوە، (سَقَر: **عَلَمٌ لجَهَنَّم إذْ لَمْ يَنْصَرِف**)، (سَقَر)، ناوی ناسرانە بۆ دۆزەخ، بۆیە بە نەگۆڕاو (**غير منصرف**) هاتوە، چونكە هەم ناوی (عَلَم)ە، هەم بە مێینەی مەجازییش لە قەڵەم دەدرێ.

١٧)- ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سَقَرُ ﴾، چی بە تۆی زاناندوە (سَقَر) چییە؟ ئەوەش پێشاندنی مەزنیی ئەو دۆزەخەیە كە نازناوی (سَقَر)ە، (**تَهْوِيْل لِشَأنَهَا بأنَّها لَا يُحِيْط بِهَا وَصفٌ**)، زۆر زەبەلاح و بێڕەزایەو، هیچ وەسفێك ناتوانێ دەوری بدات.

١٨)- ﴿ لَا تُبْقِي وَلَا تَذَرُ ﴾، ناهێڵێ و لێش ناگەڕێ، (**لَا تُبْقِي أَحَدَاً مِنْهُم إلاَّ أَحْرَقَتْه، وَلَا تَتَرُكُ مِنْ أحَدٍ مَكَاناً إلَّا نَالَتْهُ**)، هیچ كامیان ناهێڵێ نەیسووتێنێ و، شوێنی هیچ یەكێكیشیان ناهێڵێ، مەگەر دەیگاتێ، كەواتە: هەمووان دەسووتێنێ و، هەموو ئەندامەكانی جەستەشیان دەسووتێنێ.

١٩)- ﴿ لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ ﴾، سووتێنەری پێستە، ڕەشهەڵگێڕەری ڕوو و پێستیانە، (**مُغَيِّرَةٌ للجُلُوْد حَتَّى تُسَوِّدَهَا**)، پێستەكان دەگۆڕێ هەتا ڕەشهەڵدەگەڕێن، یاخود: سووتێنەرە بۆ پێستیان، دەگوترێ: (**لَوَّحَتْهُ الشَّمْس وَلَاحَقْتُه أي: غَيَّرتهُ وَأحْرَقَتهُ**)، خۆرەكە گۆڕی و سووتاندی.

٢٠)- ﴿ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴾، نۆزدەی بەسەرەوەن، یانی: نۆزدە فریشتەی بەسەرەوەن، سەرپەرشتیی دەكەن، یاخود: نۆزدە كۆمەڵ لە فریشتە، یاخود: نۆزدە جۆر لە فریشتەكان.

كۆتایی ئەم مەسەلەش بە دەقە دەهێنین، كە (**الطبري**) هێناویەتی و پێشتریش هێنامان:

(عَـنْ عِكْرِمَـةَ أَنَّ الْوَلِيـدَ بْـنَ الْمُغِـيرَةِ جَـاءَ إِلَى النَّبِـيِّ ﷺ فَقَـرَأَ عَلَيْـهِ الْقُـرْآنَ، فَكَأَنَّـهُ رَقَّ لَـهُ، فَبَلَـغَ ذَلِـكَ أَبَـا جَهْـلٍ، فَأَتَـاهُ فَقَـالَ: يَـا عَـمُّ إِنَّ قَوْمَـكَ يُرِيـدُونَ أَنْ يَجْمَعُـوا لَـكَ مَـالًا لِيُعْطُوكَـهُ، فَإِنَّـكَ أَتَيْـتَ مُحَمَّـدًا لِتَعْـرِضَ لِـمَا قِبلَـهُ، قَـالَ: قَـدْ عَلِمَـتْ قُرَيْـشٌ أَنِّي مِـنْ أَكْثَرِهَـا مَـالًا، قَـالَ: فَقُـلْ فِيـهِ قَـوْلًا يَبْلُـغُ قَوْمَـكَ أَنَّـكَ مُنْكِـرٌ لَـهُ، وَأَنَّـكَ كَارِهٌ لَـهُ، قَـالَ: وَمَـاذَا أَقُـولُ؟ فَوَاللـه مَـا فِيكُـمْ رَجُـلٌ أَعْلَـمَ بِالشِّـعْرِ مِنِّـي، لَا بِرَجَـزِهِ، وَلَا بِقَصِيـدِهِ، وَلَا بِأَشْـعَارِ

الْجِنِّ، وَاللَّـهِ مَا يُشْبِهُ هَـذَا الَّـذِي يَقُـولُ شَـيْئًا مِـنْ هـذا، وَاللـهِ إِنَّ لِقَوْلِـهِ الَّـذِي يَقُـولُ لَحَـلَاوَةً، وَإِنَّ عَلَيْـهِ لَطَـلَاوَةً، وَإِنَّـهُ لَمُثْمِـرٌ أَعْـلَاهُ، مُغْـدِقٌ أَسْـفَلُهُ، وَإِنَّـهُ لَيَعْلُـو وَمَـا يُعْـلَى، وَإِنَّـهُ لَيَحْطِـمُ مَـا تَحْتَـهُ قَـالَ: وَاللَّـهِ لَا يَـرْضَى قَوْمُـكَ حَتَّـى تَقُـولَ فِيـهِ، قَـالَ: فَدَعْنِـي حَتَّـى أُفَكِّـرَ، فَلَـمَّا فَكَّـرَ قَـالَ: هَـذَا سِـحْرٌ يُؤْثِـرُ، يَأْثُـرُهُ عَـنْ غَـيْرِهِ، فَنَزَلَـتْ: ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴾)[1].

واتـە: عیکریمـە دەڵـێ: وەلیـدی کـوڕی موغیـرە چـوو بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ ئەویـش قورئانـی بەسـەردا خوێنـدەوە، وەك دڵـی نـەرم بـوو بـێ، ئـەوە بـە ئەبـوو جەهـل گەیشـتەوەو هـات بـۆ لای وەلیـدی کـوڕی موغیـرە گوتـی: مامـە! خەڵکەکەت دەیانـەوێ مـاڵ و سـامانت بـۆ کـۆ بکەنـەوەو بتدەنـێ، گوتـی: بۆچـی؟ گوتـی: چونکـە تـۆ بۆیـە دەچـی بـۆ لای موحەممـەد ﷺ تەماعـت لـەو مـاڵ و سـامانەی دایـە کـە هەیەتـی، ئەویـش گوتـی: قورەیـش دەزانـن کـە مـن لـە هەموویـان دەوڵەمەندتـرم، گوتـی: قسـەیەك بکـە لـە دژی قورئـان خەڵکەکـەت بزانـن تـۆ نکوولیـی لـەوە دەکەی کـە موحەممـەد گوتوویەتـی و ڕقـت لێیەتـی، ئەویـش گوتـی: ئنجا چـی بڵێم؟ سـوێند بـە خـوا هیـچ پیاوێکتـان نیـە لـە مـن زاناتـر بـێ لـە شـیعر، لـە جـۆری ڕەجەزی شـیعر لـە جـۆری قەصیـدی، هەروەهـا لـە شـیعری جنـد، بـە خـوا ئـەوەی دەیڵـێ: وەك هیـچ کام لـەوە ناچـێ، بـە خـوا ئـەو قسـەیەی دەیڵـێ شـیرینایەتیی و تـام و چێـژی هەیـەو ڕەونەقـی هەیـە، سـەرەوەی بـەردارەو خـوارەوەی بەرهەمـدارە، هـەر شـتێك لەگەڵـی ڕووبـەڕوو بێتـەوە، دەیخاتـە ژێـر خـۆی و دەیشـکێنێ و، هەمیشـە بـەرز دەبـێ و، هیـچ شـتێك بەسـەریدا سـەرناکەوێ، ئەبـوو جەهـل گوتـی: خەڵکەکـەت ڕازی نابـن، هەتـا قسـەیەکی لـە دژ نەکـەی (لـە دژی ئـەوەی موحەممـەد دەیڵـێ)، ئەویـش گوتـی: لێمگـەڕێ بـا بیـری لێبکەمـەوە، کاتـێ بیـری کـردەوە، گوتـی: جادوویـە لـە جگـە لـە خۆیـەوە فێـری بـووە، ئیـدی لـەو بـارەوە خـوا ﷻ ئـەو ئایەتانـەی ناردنـە خـوار.

---

(١) جامع البيان: ٣٥٥٢١، وقال المحقق: إسناده مرسل.

مەسەلەی سێیەم:

بە نۆزدە(١٩) دانانی ژمارەی فریشتە دۆزەخەوانەکان، چەندان حیکمەت و ئامانجی تێدان: تاقیکردنەوەی بێبڕوایان، دڵنیاکردنی خاوەن کتێبان و، زیادکردنی ئیمانی بڕواداران و، دوو دڵ نەبوونی کتێب پێدراوان و بڕواداران و، گوتنی دڵنەخۆش و بێبڕوایان: خوا مەبەستی لەو وێنەیە چی بووە؟ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەش کە گومڕاکردن و ڕاستە ڕێ کردن تەنیا بە دەست خوایەو، جگە لە خۆیشی هیچکەس ژمارەی سەربازەکانی نازانێ و، ئاگری دۆزەخیش گەورەترین بیرخەرەوەیە بۆ بەشەر:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلْنَآ أَصْحَـٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَـٰٓئِكَةً ۙ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيَسْتَيْقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِيمَـٰنًا ۙ وَلَا يَرْتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۙ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْكَـٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَـٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ۚ وَمَا هِىَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ ﴿٣١﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە (١٠) بڕگەدا:

١)- ﴿وَمَا جَعَلْنَآ أَصْحَـٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَـٰٓئِكَةً﴾، ئێمە هاوەڵانی ئاگری دۆزەخمان تەنیا فریشتەکان داناون، ئەمە ڕاستییەکە خوا ڕایدەگەیەنێ و، ئەوانەی سەرپەرشتیی دۆزەخ دەکەن، کە خوا بە هاوەڵانی ئاگر (أصحابُ النَّار) ناویان دەبات، واتە: هاوەڵانی ئاگر بەو واتایەی سەرپەرشتیی ئاگری دۆزەخ دەکەن، مشووری سزادراوان لە دۆزەخ دا دەخۆن و کاروباریان هەڵدەسووڕێنن، تەنیا فریشتەن و هیچ جۆرە دروستکراوێکی دیکەی خوا نین، ئەمە هەم ڕاستییەکە ڕادەگەیەنرێ و، وێڕای ئەوەش وەڵام و بەرپەرچدانەوەی قسەی هەندێك لە بێبڕوایەکانە، بۆ وێنە: **طه‌بەریی** لە قەتادەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێ کە یەکێکە لە زانایانی شوێنکەوتووان هێناویەتی، کە گوتوویەتی:

(ذُكِرَ لَنَا أَنَّ أَبَا جَهْلٍ حِينَ أُنْزِلَتْ هَـذِهِ الْآيَةُ قَالَ: يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ! مَا يَسْتَطِيعُ كُلُّ عَشَرَةٍ مِنْكُمْ أَنْ يَغْلِبُوا وَاحِدًا مِنْ خَزَنَةِ النَّارِ وَأَنْتُمُ الدُّهْمُ؟ فَصَاحِبُكُمْ يُخْبِرُكُمْ أَنَّ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ). (جامع البيان: ٣٥٥٤٣، إسناده مرسل).

واتـە بۆمـان باسـكراوە كـە ئەبـوو جەهـل كاتێـك ئـەم ئايەتـە موبارەكـە دابەزيـوە، گوتوويەتـی: ئـەی كۆمەڵـی قورەيـش! ئايـا هـەر دە (١٠)كەسـتان بەسـەر يەكێـك لـە دۆزەخەوانـەكان دا زاڵ نابـن، {هـەر دە (١٠) كەسـتان بـە يەكێـك لـە فريشـتە دۆزەخەوانـەكان ناوێـرن}، لـە حاڵێكـدا ئێـوە ژمارەيەكـی زۆرن؟ چونكـە هاوەڵەكەتـان {مەبەسـتی پێغەمبـەرە ﷺ}، هەواڵتان پێدەدا كە (دۆزەخ) نۆزدە فريشـتەی بەسـەرەوەن.

واتـە: هـەر دە (١٠) كەسـتان بـۆ يەكێـك لـە فريشـتەكان بچـن، ئێـوە ژمارەيەكـی زۆرن، هەمـوو ئـەو نـۆزدە فريشـتانە، ئەگـەر هـەر بـە دە نەفـەران بـە يەكێكـی بوێـرن، نـەوەد (٩٠) كەسـتان دەوێ و زۆريشـتان دەمێننـەوە! بۆيـە خـوا دەفەرمـوێ: ئێمـە سەرپەرشـتيارانی ئاگـری دۆزەخـمان تەنيـا فريشـتە دانـاون، هێـزی فريشـتانيش لەگـەڵ هێـزی جگـە لـە خۆيـان دا بـەراورد ناكـرێ.

٢)- ﴿وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا﴾، ژمارەكەشيانمان - كە نۆزدەيە - تەنيا وەك تاقيكردنەوە داناوە، بۆ ئەوانەی بێبڕوان، واتە: باسكردنی ژمارەی فريشتە دۆزەخەوانەكانمان وەك تاقيكردنەوە، يان وەك مايەی سزا بەوجۆرە داناوە، چونكە (**فِتنة**) بە مانای جەرباندن و ئيمتيحان دێ و، بە مانای ئازارو سزاش دێ، بەڵكو لە هەندێ سياقی ديكەدا مانای ديكەش دەگەيەنێ، بەڵام لێرەدا ئەو دوو واتايە هەڵدەگرێ.

يـانی: ئێمـە ئـەم ژمارەيەمـان كـە باسـكردوە، بـۆ ئـەوە بـووە بێبڕوايەكانـی پـێ تاقـی بكەينـەوە، ياخـود: بێبڕوايەكانـی پـێ تووشـی سـزاو ئـازار بكەيـن، چونكـە ئـەوان نكووڵيـی لـێ دەكـەن، يـان گاڵتـەی پـێ دەكـەن و سـەرەنجام شايسـتەی سـزادران دەبـن، ئنجـا يەكێـك لـە حيكمەتەكانـی ئـەو ژمـارەی نۆزدەيـە، بريتيـە لـە تاقيكرانـەوەی ئەوانـەی پێـی بێبـڕوان،

٣)- ﴿ لِيَسْتَيْقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ ﴾، تاکو ئەوانەی کتێبیان پێدراوە، مسۆگەرو دڵنیابن، (وَالإِسْتِيقَانُ مِنْ شَأْنِهِ أَنْ يَعْقُبَهُ الْإِيمَانُ إِذَا صَادَفَ قَلْبَاً بَرِيْئَاً) دڵنیابوون لە شتێك لە بارانی دا هەیە، ئیمان پەلکێش بکات و ئیمانی بەدوادا بێ، ئەگەر ئەو دڵنیابوونە لە دڵ و دەروونێکی پاك و بێگەرددا بێ.

قسـەکەی جوانـە ئەگەرنـا جـاری وا هەیـە، کەسـێك لـە شـتێکیش دڵنیایـە، بـەڵام نکووڵیـی لێـدەکات، وەك خـوا ﷻ لـە سـووڕەتی (النَّمـل)دا لـە بـارەی (آل فرعـون) ەوە، دەفەرمـوێ: ﴿ وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ﴿١٤﴾ ﴾، نکووڵییـان لـە موعجیزەکانـی مووسـا عليه السلام کـرد {فیرعـەون و شـوێنکەوتووانی}، هەرچەنـدە لـە دڵـی خۆشـیاندا مسـۆگەریان کردبـوو و لێیـان دڵنیـا بـوون (کـە لەلایـەن خـواوەن)، بـەڵام بەهـۆی سـتەم و خۆسـەپاندن و خـۆ بەرزکردنـەوەوە بەسـەر خەڵکـدا بـە ناهـەق، ئامـادە نەبـوون مـل بـدەن بـۆ پەیامەکـەی مووسـا، ئەگەرنـا دەیانزانـی موعجیـزەو بەڵگەکانـی هـەق و ڕاسـتن.

کەواتـە: مـەرج نیـە هـەر کاتێـك دڵنیایـی (يقـين) پەیـدا بـوو، ئیـمان پەیـدا ببـێ، ئەگـەر دڵ و دەروونێکـی پـاك یەقینـی بچێتـێ، لـە بـارەی شـتێکەوە، ئیمانیـش بـەدوای خۆیـدا دێنـێ، بـەڵام ئەگـەر دڵ و دەروونەکـە موخەننـەت و پیـس بـێ، هەیـە خـۆر بـە نیوەڕاسـتی ئاسـمانەوە دەبینـێ، بـەڵام نکووڵیـی لێـدەکات، لەبـەر ئـەوەی دڵەکـەی موخەننـەت و پیسـە.

کەواتـە: حیکمەتـی دووەمـی باسـکرانی ژمـارەی نـۆزدەی ئـەو فریشـتانەی سەرپەرشـتیی دۆزەخ دەکـەن، ئەوەیـە کـە ئەوانـەی کتێبیـان پێـدراوە، دڵنیـا بـن، دڵنیاییەکـەش بەهـۆی ئەوەیـە تەماشـا دەکـەن، لـە کتێبەکانـی خۆشـیاندا هـەر ئـەو ڕاسـتییە باسـکراوە: (أَي: لِيَسْتَيْقِنَوا صِدْقَ الرَّسُولِ فِيْمَا يَقُولُ عَنِ اللهِ لِمَوَافَقَتِهِ لِكُتُبِهِمْ)، تاکـو ئەوانـەی کتێبیـان پێـدراوە دڵنیابـن، دڵنیایـی لـە دڵیانـدا پەیدابـێ، لـە بـارەی ئـەوەوەی پێغەمبـەری خاتـەم (موحەممـەد ﷺ)، لەلایـەن خـواوەو بـە نـاوی ویـەوە ڕایدەگەیەنـێ، چونکـە لەگـەڵ ئـەوەی لـە کتێبەکانیـان دا هەیـە، ڕێـك دێتەوە،

وشـەی یـانی: دڵنیایـی، بـەڵام (إسْتِيْقَان) کـە (س و ت)ی لـێ زیـاد کـراون، (يَقِـنَ) واتـە: دڵنیابـوو، (يَقِـنَ) لەسـەر کێـشی (فَـرِحَ)، بـەڵام (إسـتَيقَنَ) کـە (سـين وتـاء) چوونـە سـەر (يَقـِنَ)، بـۆ بەهێزکردنـی واتاکەیەتـی و زێدەڕۆییکردنـە تێیـدا، بنچینەیەکـی ڕێزمانییـە (زِيَـادَةُ المَبْنَـى تَـدُلُّ عَـلَى زِيَـادَة المَعْنَـى)، (إسـتيقَنَ) واتـە: دڵنیایـی داواکـرد بـۆی بـێ، کـە مەبەسـت پێـی هێـزی دڵنیاییەکەیـە.

ئنجـا خـوا حیکمـەت و دەرهاویشـتەی سـێیەمی ڕاگەیاندنـی ئـەو ڕاسـتییە، کـە فریشـتە دۆزەخەوانـەکان نـۆزدەن، دەخاتـەڕوو:

٤)- ﴿ وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِيمَـٰنًا ﴾، هەروەها ئەوانەش کە ئیمانیان هێناوە، ئیمانی دیکە بخەنە گەڵ ئیمانەکەیان، ئەمە واتایەکەی ئاوایە: ئەوانەی ئیمانیان هێناوە بە خوای پەروەردگار، پاشان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و بە قورئان و، بە هەرچی کە پێغەمبەری خوا ﷺ و قورئان لەلایەن خوای پەروەردگارەوە دەیهێنن، ئەوە ئەسڵی ئیمانەکەیان هەیە، هەر شتێکی دیکەش کە دێ و، قورئان هەواڵی پێدەداو، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕایدەگەیەنێ، ئیمانی پێ دێنن، کەواتە: ئەسڵی ئیمانەکەیان هەیەو، دوایی کە ئیمان بە شتێکی دیکەش دێنن، دەبێتە هۆی زیادبوونی ئیمانیان، بە تایبەتیی ئیمان بۆ شتی پەنهان بەکاردەهێنرێ، ئەگەرنا کەس ناڵێ: ئیمانم بە بوونی ڕۆژێ هەیە، یان ئیمانم بەو گڵۆپ و بلاجکتۆرە هەیە، ئیمان بە بوونی شتێکە کە نادیارە، ئیمان یانی: دانپێداهێنانی بوونی شتێك کە نادیارو پەنهانە، ئنجا خوا پەنهانە، فریشتەکان پەنهانن، جند پەنهانن، ڕۆژی دوایی پەنهانە، بەهەشت پەنهانە، دۆزەخ پەنهانە، هەروەك پێغەمبەرایەتیی موحەممەدیش ﷺ هەرچەندە لە قورئانداو لە سیرەکەیدا بەرجەستە بووە، بەڵام چۆنیەتیی دابەزینی جیبریل بۆ سەر موحەممەد ﷺ و وەحیی بۆ هێنانی، ئەویش پەنهانە.

ئنجا حیکمەتی چوارەم و پێنجەم دەخاتەڕوو:

٥)- ﴿ وَلَا يَرْتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾، هەروەها بۆ ئەوەی ئەوانەی کتێبیان پێدراوەو بڕوادارانیش دوو دڵ نەبن، (إرتياب) دژی ئیمان و دڵنیاییە، واتە: دوو دڵیی و

دڵ لە دڵدان، کەواتە: حیکمەتی چوارەم و پێنجەمی ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە، ئەوەیە کە ئەوانەی کتێبیان پێدراوە، هەروەها بڕوادارانیش واتە: مسوڵمانان، تووشی دوو دڵیی نەبن، خاوەن کتێبەکان لەبەر ئەوەی ئەو ڕاستییە لە کتێبەکانیان دا هاتوە، بڕوادارانیش لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلەیە لە کتێبە پێشووەکاندا باسکراوە، بەڵام ئەگەر خوا ﷻ ژمارەیەکی دیکەی باسکردبایە، دەبووایە یان بڵێن: ئەوەی لە کتێبە پێشووەکاندا هاتوە، ڕاست نیە، یان لەوەی خۆیان دەکەوتنە دوو دڵیی، بەڵام ئێستا کە ئەوەی لە کتێبە پێشووەکاندا بەیان کراوە، هەر ئەوەش لە قورئاندا بەیان کراوە، نەك تەنیا ئەوە، بەڵکو زۆر ڕاستیی دیکەش هەن بەو شێوەیەن، بە تایبەتیی لە بارەی بەسەرهاتی هەندێك لە پێغەمبەرانەوە **علیهم السلام** ئەو کاتە ئەوە دەبێتە هۆی لاچوونی دوو دڵیی و دڵ لە دڵدان.

ئنجا دوو حیکمەتی دیکەی شەشەم و حەوتەمیش دەخاتە ڕوو:

٦)- ﴿ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْكَٰفِرُونَ ﴾، هەروەها تاکو ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایەو بێبڕوایانیش بڵێن، ئەوانەی پێشێ جگە لە یەکەمیان، سەرجەم دەرهاویشتەی باش بوون، کە بریتی بوون لە: زیاتر گەیشتنە دڵنیایی ئەوانەی کتێبیان پێدراوەو، زیادکردنی ئیمانی ئیمانداران و، دوو دڵ نەبوونی کتێب پێدراوان و، بڕواداران، بەڵام وێڕای ئەو پێنجە، دوو دەرهاویشتەی دیکەشی هەن، بەباری نەرێنیی دا، کە بریتیە لەوەی دڵنەخۆش و بێبڕوایان بڵێن:

٧)- ﴿ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ﴾، خوا مەبەستی چی بووە لەو وێنەیە؟ پیتی (ل) لە وشەی: ﴿ وَلِيَقُولَ ﴾دا (**لَام العِلّة**)یە، لامی هۆکارە، بەڵام مانای سەرەنجام دەگەیەنێ، هەروەك لە سووڕەتی (**القصص**)دا لە بارەی هەڵگرتنەوەی مووسا ﷺ لە صندووقەکەدا، وەك مەلۆتکەیەك لەلایەن ماڵی فیرعەونەوە، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱلْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا ﴿٨﴾ ﴾**القصص**، واتە: شوێنکەوتووانی فیرعەون، دارو دەستەی فیرعەون هەڵیانگرتەوە، بۆ ئەوەی سەرەنجام بۆیان ببێ بە دوژمن و بەمایەی

دڵتەنگیی، هەڵبەتە ئەوان بۆ ئەوەیان هەڵنەگرتەوە وابێ، هیچکەس شتێك ناكات، زیانی بۆ وی ببێ، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرەنجامەکەی وابوو، وایفەرمووە، واتە: (ل)ی (لیقول) لە شێوەی (ل)ی هۆكار دایە، بەڵام مانای سەرەنجام دەگەیەنێ.

وشـەی (مـاذا) لـە ﴿ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ ﴾دا، لـە دوو پیـت پێكهاتـوە: (ما) و (ذا)، واتـە: (مَـا الْأَمْـرُ الَّـذِي أَرَادَهُ اللَّـهُ بِهَـذَا الـكَلامِ، فِي حَـالِ أَنَّـهُ مَثَـلٌ)؟: ﴿ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ﴾، خـوا ﷻ چـی ویسـتوە بـەم قسـەیە لـە حاڵێكـدا وێنەیەكـە هێنراوەتـەوە؟ (مَثَل)یـش بـە مانـای وێنـە هێنانـەوە دێ و، بـە مانـای وەسـفیش دێ، واتـە: (مَـا الَّـذِي أَفَـادَهُ هَـذَا المَثَـل الَّـذِي هُـوَ عِبَـارةٌ عَـن عـدد تِسْـعَة عَـشر؟)، ئـەو وێنەیـە كـە بریتیـە لـە ژمـارەی نـۆزدە، چـی گەیانـد، چ سـوودێكی گەیانـدو خـوا چ مەبەسـتێكی هەیـە لـە پشـتیەوە؟ واتـە: ئەوانـەی دڵییـان نەخۆشـیی تێدایـەو، بێبڕوایـان لـە هەمـوو شـتێكی خـوا لـە گومانـدان، ئەگەرنـا ئـەوەی خـوا ﷻ دەیفەرمـوێ، ئەگـەر مـرۆڤ پێشـتر خـوای ناسـیبێ، ئـەو كاتـە دەزانـێ خـوا ﷻ خاوەنـی ئـەو پـەڕی زانیاریـی و حیكمـەت و میهرەبانیـی و پەنهانزانییـەو، هەرچـی بیفەرمـوێ، لـە سـەدا سـەد (١٠٠/١٠٠)وایـە.

بـەڵام ئـەوان چونكـە خوایـان نەناسـیوەو، لـە پشـت پـەردەوە تەماشـای خـوای پەروەردگاریـان كـردوە، بۆیـە گوتوویانـە: ئەگـەر ڕاسـت بـێ، خـوا فەرموویێتـی، ئایـا مەبەسـتی پێـی چییـە؟! هەڵبەتـە ئـەوان مەبەسـتیان ئـەوە بـووە، ئـەو قسـەیە قسـەیەكی نـا لۆژیكییـەو قسـەیەكی سـەیرە، بۆیـە ناگونجـێ خـوا فەرموویێتـی، یـانی: مەبەسـتیان بـە هەڵەدانانـی قسـەكەو، لـە پشتیشـیەوە بـە درۆدانانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـووەو، بـە موخەننەتیـی قسـەیان كـردوە، بـەڵام بـە حیسـابی خۆیـان، بەپێـی عەقڵـی مسـوڵمانان دواون، واتـە: گریـمان خـواش ئـەوەی فەرموویـێ، بـەڵام وەرن بزانـن مەبەسـتی ئـەو وێنەیـە چییـەو خـوا ﷻ چـی مەبەسـت بـووە؟ یـانی: هیـچ حیكمەتێكـی تێـدا نیـە، هیـچ سـوودو ئامانجێـك ناهێنێتـە دی، خـواش ناگونجـێ قسـەی بـێ حیكمـەت كـە ئامانجێـك نەهێنێتـە دی، بـكات، كەواتـە: ئـەوە قسـەو فەرمایشـتی خـوا نیـە، مەبەسـتیان ئـەوە بـووە.

بۆیـە خـوا ﷻ پێشـێ حیکمەتەکانـی خسـتنەڕوو، پێنـج حیکمەتـی خسـتنەڕوو، دوایـی دەفەرمـوێ: هەروەهـا ئێمـە هاوەڵانـی ئاگـری دۆزەخمان لـە فریشـتان داناون، تاکـو ئـەو دەرهاویشتەیەشـی هەبـێ، کـە دڵنەخـۆش و بێبڕوایـان بڵێـن: ئـەو وێنەیـە هیـچ سـوودو حیکمەتێـکی نیـە! ئەوانـەی دڵیـان نەخۆشـیی تێدایـە، مـەرج نیـە تەنیا مونافیقـەکان بـن، هـەر کەسـێك گومـان و دوو دڵییەکـی لـە دڵـدا هەیـە، نەخۆشـیی ئـارەزوو و گومانـانی لـە دڵـدا هەیـەو، دڵ و دەروونەکـەی، سیفەتە خراپـەکان پڕیـان کـردوە، کەسـانی ئـاواش عـەوداڵ و شـەیدای هـەق نیـن، چونکـە ئـەو هەقـە ئەگـەر بێـت و بچەسـپێ، ئـەوان ئـەو ڕاوەیـان لـێ تێکدەچـێ، [ڕاوچـی خـراپ لـە ئـاوی لێڵـدا ڕاو دەکات] و، ئـەوان دزن و بازاڕەکەیـان بـە ئاڵۆزیـی دەوێ، بازاڕێـك هێمـن و ئـارام بـێ، ناتوانـن دزیـی تێـدا بکـەن، [دز بـازاڕی ئاڵـۆزی دەوێ]، بۆیـە دژی ئـەو حەقـەن، لەبـەر ئـەوەی نیەتیـان خراپـەو دڵیـان نەخۆشـیی تێدایـە، ئەوانـەی دڵیـان نەخۆشـیی تێدایـەو بێبڕوایـان، هەرچەنـد تەماشـای فەرمایشـتی خـوا بکـەن، هیـچ حیکمـەت و واتایەکـی چاکـی تێـدا نابینـن، لـە پشـت پـەردەی ڕەشـەوە تەماشـای هـەر شـتێك بکـەی، بـە ڕەشـی دەبینـی.

٨)- ﴿كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِي مَن يَشَآءُ﴾، وەك ئەو گومڕاکردنەو ڕاستە ڕێکردنە سەرسوڕهێنەرانەیە، گومڕاکردن و ڕاستە ڕێ کردنی خوا ئاوایە، خوا هەر کەسێکی بیەوێ گومڕای دەکات و، هەر کەسێکی بیەوێ ڕاستە ڕێی دەکات.

گومـڕا کردنـی خـواش بـۆ خەڵـك، ئـەوە نیـە خـوا ﷻ خەڵـك ناچـار بـکات، ڕێـی هەڵـە بگـرن، چونکـە خـوا ﷻ ئـەو هەمـوو پێغەمبەرانـەی ناردوون و، ئـەو کتێبانەی دابەزانـدوون و، هێنـدە هەڕەشـەی کـردوە لـە خەڵـك کـە ڕێـی هەڵـە مەگـرن و، هێنـدە دڵخۆشـی کـردوون بـە بەهەشـت و ترسـاندوونی بـە دۆزەخ، مانـای وایـە خـوا زۆری مەبەسـتە خەڵـك ڕێـی ڕاسـت بگـرێ، گومـان لـەوەدا نیـە، ئـەدی یـانی چـی: ئـاوا خـوا هـەر کەسـێکی بیـەوێ گومـڕای دەکات و، هـەر کەسـێکی بیـەوێ ڕاسـتە ڕێـی دەکات؟ واتـە: بەپێـی سیسـتم (**نظام**)ێـك کـە خـوا لـە ژیانـی بەشـەردا دایناوە،

کاتێ خوا هیدایەت دەنێرێ، هەر کەسێ هیدایەتەکەی خوا ڕەفز بکات، مانای وایە گومڕا دەبێ، بۆیەش گومڕابوونەکەی پاڵداوەتە لای خۆی، لەبەر ئەوەی بەپێی سیستمی خوایەو بەپێی ویستی خوایە، چونکە لە ژیانی بەشەردا ویست و سیستمی خوای پەروەردگار گشتگیرە بۆ هەموو شتێك، بەڵام کە سیستم و ویستی خوا گشتگیرە بۆ هەموو شتێك، خوا ویستێکی جوزئییشی بە مرۆڤەکان داوە، بایی ئەوەندەی کردەوەی چاکی پێ بکەن، تاکو پاداشتیان هەبێ و، کردەوەی خراپی پێ بکەن و لەسەری سزا بدرێن.

ئنجا کە دەفەرموێ: خوا هەر کەسێکی بیەوێ گومڕای دەکات، واتە: بەپێی یاسای خوا، هەر کەسێك هیدایەت قبووڵ نەکات، خوا گومڕای دەکات، وەك چۆن کەسێك ژەهر بخواتەوە، لە ئەنجامی ژەهر خواردنەکەدا دەمرێ، ئنجا تۆ بۆت هەیە بڵێی: ئاوا ژەهر خەڵکی دەمرێنێ! کە ژەهرەکە نەیمراندووەو، مرۆڤەکە ژەهرەکەی خواردۆتەوەو، دەرهاویشتەکەی ئەوە بووە کە پێی مردوە، بەهەمان شێوەش کە بابای بێبڕوا هیدایەتی خوای بۆ دێ و، ڕەفزی دەکات، سەرەنجام گومڕا دەبێ، وەك خوا لە سوورەتی (**فُصِّلَت**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّواْ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ﴿١٧﴾ ﴾، گەلی (**ثمود**)مان ڕێنمایی کردبوو، لێرەدا ﴿ فَهَدَيْنَٰهُمْ ﴾، واتە: ڕێنماییمان کردبوون، ڕێی ڕاستمان پێشان دابوون، ﴿ فَٱسْتَحَبُّواْ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ﴾، کەچی کوێرییان بەسەر بەرچاوڕوونییدا هەڵبژارد.

﴿ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴾، ئایا هیدایەت دەدات، لێرەدا یانی چی؟ یانی: ڕاستە ڕێ دەکات، نەك بە مانای ڕێنمایی دەکات و ڕێیان پێ نیشان دەدا، چونکە خوا ڕێی پێشانی کافران و مسوڵمانان داوە، ڕێی پێشانی ئەوانە داوە کە ڕاستە ڕێ بوون و، ئەوانەش کە گومڕابوون، ڕێپێشاندانەکە بۆ هەمووانە، بەڵام لێرەدا: ﴿ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴾، واتە: دەخاتە سەر ڕاستە ڕێ و، بە ئامانج دەگەیەنێ و، ڕاستە ڕێ دەکات، خوا کێ ڕاستە ڕێ دەکات؟ کەسێك کە هیدایەتی خوا قبووڵ بکات، پەیام و

بەرنامەی خوا قبووڵ بکات، خوا لە پاداشتی ئەوەدا ڕاستە ڕێی دەکات، کەسێك کە پێی دەگوترێ: ئەوە ڕێی ڕاستەو، ڕێیە ڕاستەکەی گرت، بەرهەمی دەست دەکەوێ و پێی دەگاتە ئامانج، بەڵام کەسێك پێی بگوترێ: ئەوە ڕێی ڕاستە، کەچی بچێ ڕێی لار بگرێ، تووشی زیان دەبێ، لەبەر ئەوەی ڕێیە ڕاستەکەی پێشان دراوەو، وەری نەگرتوەو پەیڕەویی لێ نەکردوە.

کەواتە: وەك جاری دیکەش باسمان کردوە، پاڵدانی هەر کام لە: گومڕایی و ڕاستە ڕێ کردن، بۆ لای خوا ﷻ، مەبەست پێی ئەوەیە، لە ڕێ لادانی مرۆڤەکان و ڕاستە ڕێ بوونیان، بە ویستی گشتیی خوای پەروەدگارە، بە پێی سیستەم (**نظام**)ێك کە خوا لە ژیانی بەشەردا دایناوە، کە بریتیە لەوەی هەر کەسێك هیدایەتی خوا وەربگرێ، ڕاستە ڕێ دەبێ و، هەر کەسێ هیدایەتی خوا ڕەفز بکات، گومڕا دەبێ.

٩)- ﴿ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ﴾، سەربازەکانی پەروەردگاریشت تەنیا خۆی دەیانزانێ، لێرەدا ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ دێنین کە دەفەرموێ: {**أَطَّتِ السَّمَاءُ وَحُقَّ لَهَا أَنْ تَئِطَّ، مَا فِيهَا مَوْضِعُ أَرْبَعِ أَصَابِعَ، إِلَّا عَلَيْهِ مَلَكٌ سَاجِدٌ**} (**أخرجه أحمد: ٢١٥١٦، تعليق شعيب الأرنؤوط: حسن لغيره، والترمذي ٢٣١:٢، وحسَّنه الألباني**)، واتە: ئاسمان جیڕەو، نەقەی لێهات و شایستەشیەتی نەقەو جیڕەی لێبێ، چونکە شوێن چوار پەنجەی لێ نیە، مەگەر فریشتەیەك کڕنووشی تێدا بردوە، یانی: ئاسمان پڕە لە فریشتەکانی خوا، وەك فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەیگەیەنێ.

١٠)- ﴿ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ ﴾، ئەمە تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ مرۆڤ.

بۆ (**هي**) ڕوونکەرەوانی قوڕئانیشەش واتایان بۆ لێکداوەتەوە:

أ- بەڵام وا پێدەچێ لە هەموویان نیزیکتر ئەوە بێ کە (**هِيَ**)، ڕاناوێك بێ بگەڕێتەوە بۆ (**سَقَر**)، (**أي: وَمَا سَقَر وَصِفَتُهَا إلاَّ تَذْكِرَة للنَّاس**)، یانی: (**سَقَر**) و وەسفی (**سَقَر**) کە خوا باسی کرد، تەنیا بیرخەرەوەو پەندو ئامۆژگارییە بۆ خەڵك.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: (هِيَ) دەچێتەوە بۆ (عِدَّتهُم) واتە: ژمارەی فریشتەکانی دۆزەخەوان کە نۆزدەیە، تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ مرۆڤ.

ج- هەندێکیش گوتوویانە: (هِيَ) دەچێتەوە بۆ سەربازەکانی خوا، واتە: سەربازەکانی خوا کە بەس خۆی ژمارەیان دەزانێ، تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ مرۆڤ، خوا باسی دەکات.

د- هەندێکیش گوتوویانە: (هِيَ) دەچێتەوە بۆ ئاگری دنیا، هەندێك لە زانایان وایانگوتوە، واتە: ئاگری دنیا تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ مرۆڤ، تاکو بزانن کە ئاگری دۆزەخ لەوەش بەهێزترو بەتینترەو تەحەممولی ناکەن، کەواتە: با بەهۆی ئیمان و تەقواوە خۆیانی لێ بپارێزن.

هـ- هەندێکیش گوتوویانە: (هِيَ) دەگەڕێتەوە بۆ کۆی قسەی ڕابردوو، بە تەئویلی بەسەرهات (قصة) یاخود سیفەت، واتە: ئەوەی ڕابرد، ئەو بەسەرهاتە، یان کۆی ئەو قسەیە بیرخەرەوەیە بۆ مرۆڤ.

و- هەندێکیش گوتوویانە: (وَمَا هِيَ إلاَّ ذكرى للبشر) واتە: ئەو ئایەتە قورئانییانە تەنیا بیرخەرەوەن بۆ خەڵك.

بەڵام ئەوەی زیاتر گونجاوە لەگەڵ ڕەوت (سیاق)ەکەدا، ئەوەیە کە: ئەوەی باسکرا لە بارەی (سَقَر)ەوە - کە یەکێکە لە ناوەکانی دۆزەخ - هەروەها سیفەتەکەی تەنیا بیرخەرەوەو ئامۆژگارییە بۆ مرۆڤەکان، تاکو خۆیانی لێ بپارێزن.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

بەرپەرچدانەوەی خوا بۆیان و، سوێند خواردنی بە مانگ و شەوگاری ڕۆیشتوو و سپێدەی ڕوون، کە ئەوە گەورەترین شتەو ترسێنەری بەشەرە، بۆ هەر کەسێکیان حەز بکات پێشبکەوێ، یان دوابکەوێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا وَٱلْقَمَرِ ﴿٣٢﴾ وَٱلَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ ﴿٣٣﴾ وَٱلصُّبْحِ إِذَآ أَسْفَرَ ﴿٣٤﴾ إِنَّهَا لَإِحْدَى ٱلْكُبَرِ ﴿٣٥﴾ نَذِيرًا لِّلْبَشَرِ ﴿٣٦﴾ لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ ﴿٣٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ كَلَّا وَٱلْقَمَرِ ﴾، نەخێر، سوێند بە مانگ، زۆرجار گوتوومانە: (**كَلَّا: حَرْفُ رَدْعٍ وَإِبْطَالٍ لِكَلَامٍ سَابِقٍ أو لِكَلَامٍ لَاحِقٍ**)، (**كَلَّا**): پیتێکە بەکاردێ بۆ بەرپەرچدانەوەو هەڵوەشاندنەوەی قسەیەکی پێشتر، یان قسەیەك کە دێ، لێرەدا (**كَلَّا**) واتە: ئەوەی ئێوە نکووڵیی لێ دەکەن، لە پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ، یاخود ڕاستیەتیی قورئان، یاخود هاتنی ڕۆژی دوایی و سزاو پاداشت، یاخود سزادرانی ئێوە بە ئاگری دۆزەخ (**سَقَر**) - کە ئەوانەش و جگە لە ئەوانەش دەگرێتەوە - وانیە وەك ئێوە دەڵێن، یاخود (**كَلَّا**) بە مانای وازبێنن لەوەی تاکو ئێستا کردووتانە، (**وَالقَمَر**) سوێند بە مانگ.

٢)- ﴿ وَٱلَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ ﴾، سوێندیش بە شەوگار کاتێك دەڕواو پشت دەکاتەوە، خوێندراویشتەوە: (**والَّيْلِ إِذا دَبَر**)، هەردووکیان بە مانای پشتی هەڵکردو کۆتایی هات.

٣)- ﴿ وَٱلصُّبْحِ إِذَآ أَسْفَرَ ﴾، سوێندیش بە بەرەبەیان کاتێك ڕووناك دەکاتەوە، یان ڕووناك دەبێتەوە.

٤)- ﴿ إِنَّهَا لَإِحْدَى ٱلْكُبَرِ ﴾، بە دڵنیایی ئەوە هەرە گەورەترینە، خوێندراویشەتەوە: (**لَاحْدَى الكُبَر**)، هەردوو خوێندنەوەکە هاتوون، (**مَعْنَى إِحْدَى أَنَّهَا الْمُتَوَحِّدَةُ الْمُتَمَيِّزَةُ مِنْ بَيْنِ الْكُبَرِ فِي الْعِظَمِ، لَا نَظِيرَ لَهَا، كَمَا يُقَالُ: هُوَ أَحَدُ الرِّجَالِ، لَا يُرَادُ: أَنَّهُ وَاحِدٌ مِنْهُمْ، بَلْ يُرَادُ: أَنَّهُ مُتَوَحِّدٌ فِيهِمْ بَارِزٌ ظَاهِرٌ**).

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّهَا لَإِحْدَى ٱلْكُبَرِ ﴾، کـە دوایـی باسـی دەکەیـن ڕاناوەکـەی بـۆ چـی دەچێتـەوە؟ واتـە: ئـەو شـتە لەنێـو شـتە گەورەکانـدا، تاکـە (**إِنَّهَـا الْمُتَوَحِّـدَةُ الْمُتَمَيِّـزَةُ مِـنْ بَيْنِ الْكُبَرِ**)، (**كُبَر**) کـۆی (**كُبرى**)یـە، (**كُبْرى**) واتـە: گەورەتریـن، بـەڵام بـە بـاری مێینـەدا، ﴿ لَإِحْدَى ٱلْكُبَرِ ﴾، واتـە: تـاك بووەوەیـەك و جیابووەوەیەکـە لـە نێـو گەورەکانـدا لـە مەزنییـدا و وێنـەی نیـە، هـەروەك دەگوتـرێ: (**هُـوَ أَحَـدُ الرِّجَـالِ**) ئـەو تاکـی پیاوانـە، مەبەسـت ئـەوە نیـە یەکێکـە لـە پیاوان، بەڵکـو مەبەسـت ئەوەیـە لـە نێویانـدا تاکـەو ئاشـکرایەو وێنـەی نیـە، پێشـینانی خۆشـمان دەڵێـن: فڵانکـەس تاکـە یـان تـاکی نیـە، واتـە: کەسـێکی دیکـە هاوکـووف و وێنـەی نیـە.

٥)- ﴿ نَذِيرًا لِّلْبَشَرِ ﴾، ترسێنەرو ورياکەرەوەیە بۆ مرۆڤان.

٦)- ﴿ لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ ﴾، بۆ هەر کامێك لە ئێوە کە بیەوێ بەرەو پێشەوە بچێ، یان بەرەو دواوە بگەڕێتەوە.

لێرەدا خوا ﷻ سوێندی خواردوە بە سێ شتان:

١- سوێندی خواردوە بە مانگ.

٢- سوێندی خواردوە بە شەوگار، کاتێك پشت هەڵدەکات و دەڕوا.

٣- سوێندیشی خواردوە بە بەرەبەیان، کاتێك ڕووناك دەبێتەوە، (**إِسْفَار: إِضَاءة**) ڕوونکردنەوە، (**إِذَا أَسْفَرَ**) کاتێك ڕوون دەبێتەوەو شەبەق دەدا.

سـوێندی بـەو سـێ شـتانە خـواردوە، بێگومـان خـوا، یـەك سـوێندیش بخـوات لەسـەر شـتێك، هـەر گەورەیـە، چ جـای سـێ سـوێندان بخـوات، ئنجـا لێـرەدا سـێ سـوێندی خـواردوون، دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّهَا لَإِحْدَى ٱلْكُبَرِ ﴾، ئـا ئـەوەی باسـکرا، لـە نێـو شـتە گەورەکانـدا گەورەترینـە، یـان تاکـەو وێنـەی نیـەو، ترسـێنەرە بـۆ مرۆڤـەکان، بـۆ هـەر کامێـك لـە ئێـوە بیـەوێ بـەرەو پێشـەوە بـێ، یاخـود بـەرەو دواوە بگەڕێتـەوە.

ئنجـا ئایـا ئـەو (**إحْـدى الكُـبَر**)ە، چییـەو (**إنَّــها**) ڕاناوەکـەی بۆچــی دەچێتــەوە؟ زانایــان زۆر قســەیان لێکــردوە:

أ- بەڵام وا پێدەچێ ئەویش هەر بچێتەوە بۆ (**سَقَر**) ئەو ئاگری دۆزەخەی ناوی (**سَقَر**) ی لێندراوە (**سقَرَته الشَّمسُ: أحرَقَته وسوَّدته**) یانی: خۆرەکە سووتاندی و ڕەشی کرد، یانی: ئەو ئاگری دۆزەخە، لە نێو شتە گەورەکاندا تاکەو لە هەموویان گەورەترە.

ب- ئەگەری دووەم ئەوەیە کە ڕاناوی (**إنها**) بچێتەوە بۆ ژمارەی نۆزدە، کە خوا ﷻ بۆ دۆزەخەوانەکانی داناوە، خوا ﷻ نۆزدە فریشتەی بەسەر دۆزەخەوە داناون.

ج- یاخود دەچێتەوە بۆ سەربازەکانی خوا.

د- یاخود دەچێتەوە بۆ ئاگری دنیا.

هـ- یاخود دەچێتەوە بۆ ئایەتەکان.

و- یان دەچێتەوە بۆ بەڵگەو بوڕهانەکان، کە خوا ﷻ دەیانهێنێتەوە.

بـەڵام ئـەوەی لـە هەموویـان زیاتـر پێدەچێ، ئەوەیـە کـە ڕاناوەکـە بچێتـەوە بـۆ (**سَـقَر**)، واتــە: ئـەو ئاگـری دۆزەخ و (**سَـقَر**)ە، کـە خـوا بەشــەری پــێ دەترســێنێ و دەیکاتــە پەندێـك، گەورەترینـی نێـو شـتە گەورەکانـە، کـە تاکـی نیـەو وێنـەی نیـە، واتـە: مانایەکـەی ئـاوای لێدێتـەوە: (**إنَّها لَعُظْمـى العَظائِـمِ في حـالِ إنْذارِهـا لِلْبَـشَرِ**)، ئەو شـتە مەزنترینـی مەزنەکانـە، گەورەترینـی گەورەکانـە، بێڕەزاترینـی شـتە گەورەکانـە، لـە حاڵێکیشـدا کـە ترسـێنەرو ورياکەرەوەيـە بـۆ مرۆڤـان.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ﴾، بـۆ هـەر کامێـك لـە ئێوە بیەوێ بـەرەو پێشــەوە بچــێ، یــان بــەرەو دواوە بگەڕێتــەوە، زانایــان چەنــد واتایەکیــان بــۆ لێکداونەوە:

١- بۆ هەر کەسێك لە ئێوە بیەوێ بەرەو ئاگری دۆزەخ بچێ، بەهۆی ئەو کردەوە خراپانەوەی ئەنجامیان دەدا، ئەو کردەوە خراپانەی بەرەو دۆزەخی دەبەن، یاخود لە

دۆزەخ دوور بکەوێتەوە بەهۆی خۆ دوورگرتنیەوە لەو کردەوانەی، لە دۆزەخی دوور دەخەنەوە، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمایشتێکدا فەرموویەتی: {**حُفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ، وَحُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ**} (**أخرجه مسلم: ٢٨٢٢، وابن حبان: ٧١٦**)، واتە: بەهەشت بە ناڕەحەتییان، دەورە دراوە و ئاگر(ی دۆزەخ)یش بە ئارەزووان ئابلۆقەدراوە کەسێك بیەوێ بەرەو بەهەشتێ بچێ، دەبێ ناڕەحەتییان تەحەممول بکات، بەڵام کەسێك بە دوای ئارەزووان بکەوێ، دیارە بەرەو دۆزەخ دەچێ.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ**} (**أخرجه البخاري: ١٣٥١، ومسلم: ١٠١٦**)، واتە: خۆتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن، ئەگەر بە لەتکە خورمایەکیش بێ، کەواتە: بەخشین کەم و زۆری دەبێتە هۆی دوور خستنەوەی مرۆڤ لە ئاگری دۆزەخ، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {**مَنْ صَامَ يَوْمًا فِي سَبِيلِ اللهِ بَعَّدَ اللهُ وَجْهَهُ عَنِ النَّارِ سَبْعِينَ خَرِيفًا**}[1] واتە: کەسێك ڕۆژێك لەبەر خوا بە ڕۆژوو بێ، خوا حەفتا ساڵ دەم و چاوی لە ئاگر دوور دەخاتەوە، کەواتە: بە ڕۆژوو بوون، هەروەها هەموو تاعەت و پەرستشەکان، مایەی لە خوا نزیکبوونەوەی مرۆڤن، کەسێکیش لە خوا نزیك بێ بێگومان لە بەهەشتی خوا نزیك دەبێ و، شایستەی چوونە بەهەشت دەبێ، لە دۆزەخ و تووڕەیی خوا دوور دەبێ.

٢- بۆ هەر کەسێك لە ئێوە کە بیەوێ لە فەرمانبەرییدا پێش بکەوێتەوە، یاخود بیەوێ دوا بکەوێ، (**جامع البيان: ٣٥٥٧٣، عن ابن عباس** رضي الله عنهما).

٣- (**الطبري**) ڕایەکی دیکەی سێیەمیشی هێناوە: (**التقَدُّمُ فـي الطَّاعَة وَالتَّأخر عَنِ المَعْصِيَة**)، واتە: چوونە پێش لە فەرمانبەرییداو، هاتنەدوا لە گوناهو سەرپێچییدا، واتە: بۆ هەر کەسێك لە ئێوە کە بیەوێ لە تاعەت و فەرمانبەرییدا بەرەو پێشەوە بچێ و، خۆی لە گوناهان دوابخات و دووربگرێ.

---

(١) أخرجه البخاري: ٢٦٨٥، ومسلم: ١١٥٣، والترمذي: ١٦٢٣، والنسائي: ٢٢٤٥.

٤- دەشگونجێ بڵێین: خوا ﷻ لێرەدا بە گشتیی دەفەرموێ: بۆ هەر کەسێك لە ئێوە بیەوێ بەرەو پێشەوە بچێ، ئەوە ڕێی لەبەردەمدا ئاچووغەو، ئەو ئاگری دۆزەخە پەندو ئامۆژگارییەو بیرخەرەوەو ترسێنەرە بۆی و، هاندەرە بۆ بەرەو چاکە چوون و بەرەو تاعەت چوونی، هەروەها هەر کەسێکیش بیەوێ بەرەو دواوە بچێ، بەرەو دواوە بگەڕێتەوەو لە خوا دووربکەوێتەوە، ئەویش خوای پەروەردگار ئازادی کردوە، بەڵێ ترساندووشیەتی بە دۆزەخ، بەڵام دیسان ناچاری نەکردوە کە بەبێ ویستی ئازادانەی خۆی، لە خوا پەرستیی و چاکەکاریی دوابکەوێ.

ئەگەرنا ئەو کاتە ئازایەتیی نەدەبوو، ئەگەر خوا ﷻ مرۆڤی بەبێ ویستی ئازادانەی خۆی و بە ناچاریی بەرەو بەهەشت هێنابـاو، لە دۆزەخێ دوورخستبایەوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە: خەتابارو گوناهبار نەدەبوو ئەگەر خوا ڕێی پێشکەوتن بەرەو بەهەشتی لێگرتبایەو، ناچاری کردبایە لە کردەوەی باش و بەرەو بەهەشت هاتن دواکەوتبایە.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە لە نۆزدە ئایەتی کۆتایی سوورەتی (المُدَّثِّر) پێك دێ، ئایەتەکانی: (٣٨ - ٥٦)، کە چوار بابەتی سەرەکییان گرتوونە خۆیان:

١- بارمتەی کردەوەی خۆبوونی هەر مرۆڤێك لە دۆزەخ داو، دەربازبوونی هاوەڵانی دەستە ڕاست.

٢- خستنەڕووی چوار هۆکاری سەرەکیی بۆ چوونە دۆزەخ، لە لایەن تاوانبارانەوە:

أ- نوێژنەکردن.

ب- خواردن نەدان بە نەدار.

ج- ڕژانە نێو قسەی پووچ و بۆش.

د- بێبڕوایی بە ڕۆژی دوایی.

٣- ڕاکردنی بێبڕوایان لە قورئان، وەك سڵەمینەوەی کەرەکێوییان لە شێرو ڕاوچیی و، داواکردنی نامەی تایبەت بۆ هاتن لە خواوە، تاکو بڕوا بێنن!

٤- پێناسەکردنی قورئان بە بیرخەرەوەو ئامۆژگاریی.

﴿ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّآ أَصْحَٰبَ ٱلْيَمِينِ ﴿٣٩﴾ فِى جَنَّٰتٍ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٤٠﴾ عَنِ ٱلْمُجْرِمِينَ
﴿٤١﴾ مَا سَلَكَكُمْ فِى سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُوا۟ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ ٱلْمِسْكِينَ ﴿٤٤﴾
وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلْخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴿٤٦﴾ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلْيَقِينُ ﴿٤٧﴾ فَمَا
تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴿٤٨﴾ فَمَا لَهُمْ عَنِ ٱلتَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ ﴿٤٩﴾ كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ
﴿٥٠﴾ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍۭ ﴿٥١﴾ بَلْ يُرِيدُ كُلُّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ أَن يُؤْتَىٰ صُحُفًا مُّنَشَّرَةً ﴿٥٢﴾ كَلَّا ۖ بَل لَّا

يَخَافُونَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ﴿٥٣﴾ كَلَّآ إِنَّهُۥ تَذْكِرَةٌ ﴿٥٤﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿٥٥﴾ وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ
أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ ﴿٥٦﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{هەمـوو کـەس (لـە دۆزەخ دا) بارمتـەی ئەوەیـە کـە کردوویەتـی ﴿٣٨﴾ جگـە لـە هاوەڵانـی ڕاسـتە ﴿٣٩﴾ لـە باخانێـك(ی نـاوازە)دان لـە نێـو خۆیانـدا دەپرسـن ﴿٤٠﴾ لـە بـارەی تاوانبارانـەوە (پێیـان دەڵێـن:) ﴿٤١﴾ چـی ئێـوەی خسـتە سـەقەرەوە؟ ﴿٤٢﴾ (تاوانبـارەکان) گوتیـان: ئێمـە لـە نوێژکـەران نەبوویـن ﴿٤٣﴾ خواردنیشـمان نـەدەدا بـە نـەدار ﴿٤٤﴾ لەگـەڵ تێڕژاوان(یـش لـە قسـەی خـراپ و پـووچ)دا تێدەڕژایـن (و بەشـداریان دەبوویـن) ﴿٤٥﴾ ڕۆژی سـزاو پاداشتیشـمان بـە درۆ دادەنـا ﴿٤٦﴾ هەتـا مـردن(ی جێـی دڵنیایی)مـان بـۆ هـات ﴿٤٧﴾ ئنجـا تـکای تـکاکاران سـوودیان پـێ ناگەیەنـێ ﴿٤٨﴾ ئایـا (بێبڕوایـان) چییانـە ڕوو وەرگێـڕن لـە (قورئـانی) بیرخـەرەوە؟ ﴿٤٩﴾ وەك کەرەکێوییانـی سـڵەمیوەوەن ﴿٥٠﴾ کـە لـە شـێر ڕایکـردوە ﴿٥١﴾ بەڵکـو هـەر کەسـێك لـەوان، دەیـەوێ لاپـەڕە کراوەکانـی پـێ بدرێـن ﴿٥٢﴾ نەخێـر (ڕاسـت ناکـەن) بەڵکـو لـە مەنزڵـگای کۆتایـی ناترسـن ﴿٥٣﴾ نەخێـر (ڕاسـت ناکـەن) بـە دڵنیایـی ئـەو (قورئـان)ە بیرخەرەوەیـە ﴿٥٤﴾ ئنجـا هـەر کـەس ویسـتی بیـری دەکەوێتـەوە ﴿٥٥﴾ مەگـەر خـواش بیـەوێ ئەگەرنـا بیریـان ناکەوێتـەوە، بـەس ئـەو شایسـتەی پارێزلێکرانـەو شایسـتەی لێبوردنـە ﴿٥٦﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(رَهِينَةٌ): (الرَّهْنُ: مَا يُوضَعُ وَثِيْقَةً للدَّيْن، وَالرِّهَانُ مِثْلُهُ لَكِنْ يَخْتَصُّ بِمَا يُوضَعُ فِي الخِطَارِ، وَجَمْعُ الرَّهْنِ: رُهُنٌ، ورُهُون، وَرِهَان)، (رَهِيْنَة) واتە: بارمتە کە لە وشەی (رَهْن)ەوە هاتوە، (رَهْن) بریتیە لە شتێك کە لە بەرانبەر قەرزێکدا دادەنرێ، خانوویە، زەوییە، هەر شتێکە، (رِهَان)یش هەر هەمان واتای هەیە، بەڵام (رِهَان): بۆ شتێك دادەنرێ کە گرەوی لەسەر کرابێ، یاخود پێشبڕکێی لەسەر کرابێ، وشەی (رَهن) بە (رُهُن و رُهُون و رِهَان) کۆ دەکرێتەوە.

(يَتَسَآءَلُونَ): (السُّؤَالُ: إسْتِدْعَاءُ مَعْرِفَةٍ، أو مَا يُؤَدِّي إلى المَعْرِفَة)، (سؤال): بریتیە لە خواستنی زانست، یاخود شتێك کە ببێتە هۆی پەیدابوونی زانست، (السُّؤالُ: طَلَبُ المَالِ)، هەروەها (سؤال) بە داواکردنی ماڵ و سامانیش دەگوترێ، بۆیە کوردەواریی خۆمان هەر (سَائِل)ی عەرەبییە، بە: سواڵکەر، سوئالکەر، داواکەر، داوای هاوکاریی لە خەڵککەر، مانایان کردوە.

(نَخُوضُ): (الخَوْضُ: الشُّرُوعُ فِي المَاءِ وَالمُرُورُ فِيْهِ، وَيُسْتَعَارُ فِي الأُمُورِ وَأَكْثَرُ مَا وَرَد فِي القُرْآنِ، فِيْمَا يُذَمُّ الشُّروعُ فِيْهِ)، (خَوْض): لە بنچینەدا بریتیە لە دەستپێکردنی چوونە نێو ئاوو، بە نێو ئاوو باتڵاغ دا ڕۆیشتن، دوایی خوازراوەتەوە بۆ چوونە نێو کاروبار، بەڵام بە زۆریی لە قورئاندا وشەی (خَوْض) بەکارهێنراوە، بۆ ئەو شتانەی خراپە مرۆڤ بچێتە نێویان.

(ٱلْيَقِينُ): (اليَقِيْنُ: مِنْ صِفَةِ العِلْم فَوْقَ المَعْرِفَةِ وَالدِّرَايَة، وَاليَقِيْنُ: سُكُونُ الفَهْمِ مَعَ ثَبَاتِ الحُكْمِ، وَاسْتُعِيرَ هُنَا للمَوْت)، (يَقِيْن): لە سیفەتی زانیارییە، لە سەرووی زانست و زانینەوەیە، یەقین بریتیە لە چەسپانی تێگەیشتن لەگەڵ چەسپاویی بڕیاردا کە دەدرێ، بەڵام لێرە خوازراوەتەوە بۆ مردن، لەبەر ئەوەی مردن

شتێکی مسۆگەرەو جێی دڵنیاییەو کەس تێیدا دوو دڵ نیە، کە هەر دەمرێ، بەس کاتەکەی نازانێ.

(ٱلشَّٰفِعِينَ): (الشَّفْعُ: ضَمُّ الشَّيءِ إلى مِثْلِهِ، وَالشَّفَاعَةُ: الإنْضِمَامُ إلى آخَرَ نَاصِراً لَهُ وَسَائِلاً عَنْهُ)، وشەی (شَفْع): بریتیە لەوەی شتێك لەگەڵ هاووێنەی خۆیدا جووت بکرێ، (شَفْع) واتە: دووان، ﴿وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ ۝٣﴾ الفجر، واتە: سوێند بە جووت و بە تاك، (شَفَاعَة): بریتیە لەوەی کەسێك بچێتە پاڵ کەسێك سەری بخات و داواو تکای بۆ بکات.

(حُمُرٌ): (جَمعُ حِمَار، وَيُجْمِعُ بِـ(حَمِيْر وَأحْمِرة)، وَالمَقْصُودُ هُنَا الحُمرُ الوَحْشِيَّة)، (حُمُر) کۆی (حِمَار)ە واتە: کەر، بە کەری کێویی و بە کەری ماڵیی دەگوترێ، (الحُمُرُ الوَحْشِيَّة وَالحُمُرُ الأهْلِيَّة)، کەرە کێوییەکان و کەرە ماڵییەکان، ئنجا وەك چۆن (حِمَار) بە (حُمُر) کۆ دەکرێتەوە، بە (حَمِيْر)یش کۆ دەکرێتەوە، ﴿إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ ۝١٩﴾ لقمان، هەروەها بە (أحْمِرَة)ش کۆ دەکرێتەوە، بەڵام لە قورئان دا (أحمِرة) نەهاتووەو تەنیا (حُمُرٌ وَحَمِيْر) هاتوون، لێرەدا مەبەست لە (حُمُر) کەرە کێوییەکانن، ئەوانەی بەڵەکن و خەت خەتن.

شایانی باسە: خواردنی گۆشتی کەرە کێویی ڕەوایە، کە هەر گژوگیا دەخوات لە دەشت و کێو، بەڵام گۆشتی کەری ماڵیی کە جگە لە گژوگیا، شتی دیکەش دەخوات و سرووشتی جیایە، خواردنی گۆشتی کەری ماڵیی خراپە، بۆیە شەریعەت قەدەغەی کردوە، لەبەر ئەوەی زیانی هەیە، بێگومان شەریعەت هیچ شتێك قەدەغە ناکات، ئەگەر زیانی نەبێ و، هیچ شتێك ڕەوا ناکات کە سوودی نەبێ و باش نەبێ.

(مُّسۡتَنفِرَةٞ): (جَمْعُ نَافِر: نَافَرَ وَاسْتَنْفَرَ ونَفَرَ مِثْل عَجِبَ وَاسْتَعْجَبَ، وَبِالْفَتْحِ مُسْتَنفَرَة أي: مُنَفَّرة مَذْعُورَة)، (نَافَرَ وَاسْتَنْفَرَ ونَفَرَ) واتە: سڵەمیەوە، وەك (عَجِبَ وَاسْتَعْجَبَ) سەری سوڕما، هەردووکیان بە مانای (سەری سوڕما)ن، بەڵام

(مُسْتَنْفِرَة) یـانی: سـڵەمیوەوەو ئەگـەر فەرمووباشـی: (نَافِـرَة) یـانی: سـڵەمیوەوەو دوورکەوتـووەوەو ڕاکـردوو، هـەر دەگونجا، بـەڵام (مُسْتَنْفِرَة) واتـە: زۆر بـە توندیـی دەسـڵەمنەوەو ڕادەکـەن و هەڵدێـن، بۆیـەش بـە کـۆ هێناویەتـی، لەبـەر ئـەوەی ئـەوی دیکـەش کۆیـە (كأنهُـم)، (حُمُـر)، وەك کەرانـی سـڵەمیوەوەو ڕاکـردوو وان، هەروەهـا (مُسْتَنْفَرة)ش خوێندراوەتـەوە، واتـە: سـڵەمێنراوەو دەرکـراو ترسـێندراوو، ناچارکـراو بـە ڕاکـردن.

(قَسْوَرَةٍ): بـە مانـای شـێر (الأسَـد) دێ، هەروەهـا بـە مانـای تیرهاوێژانیـش دێ، ئـەو کاتـەش: (قَسْوَرة: جَمْـعُ قَسْـوُر: الرَّامِـي)، تیرهاوێـژ، (قَسْـوَرة) کۆیەکەیانـە، وەك دوایـی باسـی دەکەیـن، بـەڵام لێـرەدا (قسـورة) یـان زیاتـر بـە شـێر لێکداوەتـەوە.

(صُحُفًا مُّنَشَّرَةً): (صُحُـف: جَمْـعُ صَحِيْفَـة)، واتـە: لاپـەڕە، پـەڕ، (مُنَـشَّرَة) واتـە: (مَفْتُوحَـة أو مَقْـرُوءَة) کـراوە، یـان خوێنـدراوە، هـەر کامێکیـان داوا دەکات کـە نامەیەکـی کـراوەی بـۆ بـێ، ئنجا هـی هەموویـان، دەبنـە نامـەکان، نامەکراوەکانیـش کـە کـۆ دەبنـەوە، دەبنـە (مُنَـشَّرَة) نامـە کـراوەکان.

(ذَكَرَهُۥ): (أي ذَكَـرَ اللـه)، ڕانـاوی (ه) بـۆ خـوا دەچێتـەوە، واتـە: یـادی خـوا دەکاتـەوە، یاخـود: (ذَكَـرَ القـرآن) قوڕئـان دێنێتـەوە یادی خـۆی و پەنـدی لێوەردەگرێ.

(أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ): (أَهْـلُ الـشَّيء مُسْـتَحِقُّهُ)، ئەهلـی شـتێك بریتیـە لـە هـەر کەسـێك پێـی شایسـتە بـێ بـەو شـتە، (وَأَصْلُـهُ أنَّـهُ مُـلَازم الـشَّيء وخَاصَّتُـهُ وَقَرَابَتُـهُ)، لـە بنچینەدا ئەهـل بریتیـە لـە شـتێك کـە بـەردەوام لەگـەڵ شـتێکدا بـێ و، تایبـەت بـێ پێیـەوەو لێـی نزیـك بـێ، کـە دەفەرمـوێ: (أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ) واتـە: (حَقِيْـقٌ بِـأن يُتَّقَـى، وَأهْـلُ المَغْفِرَة: حَقِيْـقٌ بِـأن يَغْفِـرَ)، خـوا شایسـتەیە بـەوەی پارێـزی لـێ بکـرێ و، شایستەشـە بـەوەی ببـوورێ و چاوپۆشـیی بـکات لـە بەندەکانـی.

مانای گشتیی ئایەتەکان

لـە کۆتایـی ئـەم سـووڕەتەدا، خـوای بـەرز چـوار بابەتـی گـەورەو گرنـگ دەخاتـەڕوو، کـە یەکەمیـان ئەوەیـە:

﴿ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ﴾، هەمـوو کەسـێك بـە هـۆی ئـەوەوەی کردوویەتـی، بارمتەیـە، حەپسـەو هێشـتراوەیە، لـە کـوێ؟ باسـی نەکـردوە بـەڵام بێگومـان لـە دۆزەخـدا هێشـتراوەیە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ إِلَّآ أَصْحَـٰبَ ٱلْيَمِينِ ﴾، ﴿ فِى جَنَّـٰتٍ ﴾، جگـە لـە هاوەڵانـی ڕاسـتە، لـە نێـو باخـەکان دان، ئنجـا مـادام هاوەڵانـی ڕاسـتە لـە نێـو باخەکانـدان و جیاکراونـەوە، لـەو ڕەهـن کرانـە، بەهـۆی کـردەوە خراپەکانیانـەوە، کەواتـە: ئـەوان (هـاوەڵانی چەپـە) بارمتـەو ڕەهنـی کـردەوە خراپەکانـی خۆیانـن لـە دۆزەخـدا، بۆیـەش خـوا ﷻ نەیفەرمـووە: (**كُلُّ نَفْـسٍ بِمَـا كَسَـبَتْ مِـنَ الأَعْـمَالِ السَّـيِّئَةِ رَهِينَـةٌ فِي نَـارِ جَهَنَّـمِ**)، هـەر کەسـە بـە هـۆی کـردەوە خراپـەکانی کـە وەدەسـتی هێنـاون، لـە ئاگری دۆزەخ دا بارمتەیـە، چونکـە دواییەکـەی ئـەوە دەگەیەنـێ، بارمتەیـە (**رهينـة**)، واتـە: بارمتەیـە لـە دۆزەخـدا.

ئـەوەش کـە کردوویەتـی، (**كَسَبَت**) هـەم بـۆ چاکیـش بـەکاردێ، هـەم بـۆ خراپیش، بـەڵام بەپێـی سـیاق دەزانیـن کـە لێـرەدا مەبەسـت پێـی وەدەسـتهێنانی کـردەوەی خراپـە.

﴿ إِلَّآ أَصْحَـٰبَ ٱلْيَمِينِ ﴾، جگـە لـە هاوەڵانـی ڕاسـتە، ئەوانـەی بـە دەسـتی ڕاسـتیان لیسـتی کردەوەکانیـان دەدرێتـەوە، یاخـود ئەوانـەی دەخرێنـە لای ڕاسـت.

﴿ فِى جَنَّـٰتٍ يَتَسَآءَلُونَ ۝٤٠ عَنِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، ئـەوان لـە چەنـد باخێکـی نـاوازەدان، (**يَتَسـائَلونَ**) وشـەی (**تَسـائُل**) لەسـەر کێشـی (**تَفاعُـل**) یـانی: لـە یەکـدی دەپرسـن، پێشـێ لـە یەکـدی دەپرسـن، ئنجـا ڕووی پرسـیار لـە تاوانبـاران دەکـەن، یاخـود: لـە

بارەی تاوانبارانەوە لە یەکدی دەپرسن، لەبەینی خۆیاندا لەیەکدی دەپرسن، لە بارەی تاوانبارانەوە، ئنجا ڕوو لە تاوانباران دەکەن و دەڵێن:

﴿ مَا سَلَكَكُمْ فِى سَقَرَ ﴾، چ شتێك ئێوەی خستە نێو ئاگری دۆزەخەوە؟ هەندێك لە زانایان گوتوویانە: (يَتَسَاءَلُون)، هەرچەندە لەسەر کێشی (تَفَاعُل)ەو بۆ هاوبەشیی و بەشدارییە، بەڵام هەر مەبەست پێی پرسیارکردنە، واتە: (يَسْئَلُوْنَ عَنِ الْمُجْرِمِيْن)، لە تاوانبارەکان دەپرسن: ﴿ مَا سَلَكَكُمْ فِى سَقَرَ ﴾، چ شتێك ئێوەی خستە نێو سەقەرەوە؟.

ئنجا دێتە سەر بابەتی دووەم:

﴿ قَالُواْ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ ٱلْمِسْكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلْخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾، تاوانباران چوار کردەوەی خراپی سەرەکیی خۆیان باس دەکەن و دەڵێن: بەهۆی ئەو چوار کردەوەوە خراینە دۆزەخەوە:

﴿ قَالُواْ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ﴾، گوتیان: ئێمە لە نوێژکەران نەبووین، واتە: هۆکاری یەکەمی چوونە نێو دۆزەخمان ئەوەیە، ئێمە بەندایەتییمان بۆ خوا ئەنجام نەدەدا، کە دەفەرموێ: ﴿ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ﴾، بە دڵنیایی دینداریی و مسوڵمانەتیی لە نوێژەوە دەست پێناکات، بەڵکو لە بووناسییەوەو لە تێڕوانینی ڕاست و دروست و، دوایی لە ئیمان و عەقیدەوە، دەست پێدەکات ئیمان بە خوا ﷻ و، ئیمان بە پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ و، ئیمان بە پێغەمبەران و، بە فریشتەکانی خواو، بە کتێبەکانی و، بە ڕۆژی دوایی، ئنجا دوایی نۆرە دێتە سەر پەرستشەکان، کە لە هەموویان گرنگتر نوێژە، بەڵام بۆچی ئەوان دەڵێن: ﴿ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ﴾، ئێمە لە نوێژکەران نەبووین؟ چونکە نوێژکەرەکان تێڕوانین و بووناسییەکی ڕاستیان هەیە، ئیمان و عەقیدەیان هەیە، پەرستشەکانیان هەن و بەندایەتییان بۆ خوا هەیە، هەموو ئەو شتانەیان هەن.

﴿ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ ٱلْمِسْكِينَ ﴾، هەروەها ئێمە لەوانە نەبووین خواردن بدەین بە نەدار.

﴿ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلْخَآئِضِينَ ﴾، دوای ئـەوەی وازلێهێنانـی دوو کـردەوەی هەرەچـاك دەخەنـەڕوو، کـە بریتیـن لـە: نوێژکـردن و خـواردن دان بـە نـەدار، واتـە: فەوتاندنـی مافـی خـواو مافـی خەڵـك، واتـە: نەبوونـی خواپەرستیی و خەڵـك دۆسـتیی، ئنجـا دوو خراپـەی دیکـەش بـاس دەکـەن، کـە ئەگـەر دووەکانی پێشـێ چواندنـی دوو ئەرکـی گـەورەو گرنـگ بـوون، ئـەو دووانـەی دیکـەش، ئەنجامدانـی دوو خراپـەی زۆر پیـس و بێـڕەزان:

یەکەمیـان: ﴿ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلْخَآئِضِينَ ﴾، ئێمـە عادەتمـان وابـوو لەگـەڵ تێرژاوانـدا تێدەڕژایـن، واتـە: هـەر کـۆڕو مەجلیسـێك قسـەی خراپـی تێدا کرابایـە، وەك گاڵتەپێکـردن و تانـەدان لـە قورئـان و لـە پێغەمبـەرو لـە ئیسـلام و هـەر قسـەیەکی دیکـەی خـراپ کرابایـە، ئێمـە لەگـەڵ تێرژاوانـدا تێدەڕژایـن، پێشـتریش گوتمـان: (خَـوض) لـە ئەسـڵدا بریتیـە لـە چوونـە نێـو ئـاو، یـان چوونـە نێو باتڵاغ و شـتێکی شـل، بـەڵام دوایـی خوازراوەتـەوە بـۆ چوونـە نێـو قسـەی خـراپ، واتـە: لەگـەڵ ئەوانـەدا کـە تێدەڕژانـە نێـو قسـەی خـراپ، ئێمـەش تێدەڕژایـن و سـەرمان بـۆ دەلەقانـدن.

دووەمیـان لـە کـردەوەی خـراپ کـە ئەنجامـمان دەدا: ﴿ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾، ئێمـە بـە ڕۆژی سـزاو پاداشـت بێبـڕوا بوویـن و بـە درۆمـان دادەنـا، کەواتـە: ئـەوە چـوار گوناهەکـە:

١- نوێژ نەکردن.

٢- خواردن نەدان بە نەدار.

٣- قسەی خراپ کردن لەگەڵ قسەی خراپ کەرانداو، بێبڕوایی لەگەڵ بێبڕوایانداو دژایەتیی کردنی ئیسلام لەگەڵ دژایەتیی کەراندا.

٤- بڕواپێ نەبوون و بە درۆ دانانی سزاو پاداشت.

﴿ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلۡيَقِينُ ﴾، (يقين) یانی: دڵنیایی، بەڵام لێرەدا بە مانای مردن (موت) ە، چونکە مردن هەموو کەسێك لێی دڵنیایە، بۆیە ئەو وشەیەی بۆ بەکارهاتوە، وەك لە سوورەتی (الحجر)یشدا دەفەرموێ: ﴿ وَٱعۡبُدۡ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأۡتِيَكَ ٱلۡيَقِينُ ﴿٩٩﴾ ﴾، واتە: پەروەردگاری خۆت بپەرستە تاکو یەقینت بۆ دێ، ئنجا ئەگەر یەقین بە مانای مردن بێت، مردن بۆ مرۆڤ دێ، بەڵام دەشگونجێ بە مانای دڵنیایی بێ، واتە تاکو دڵنیاییت بۆ دێ، بەو واتایەی دڵنیا دەبی کە بەرەو مەرگ دەچی، لێرەش ﴿ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلۡيَقِينُ ﴾، تاکو ئێمە دڵنیا بووین و دڵنیاییمان بۆ هات کە تازە ژیانی دنیا بەجێ دێڵین، هەتا ئەو کاتە، ئێمە هەر لەسەر ئەو چوار کردەوە خراپە بەردەوام بووین.

﴿ فَمَا تَنفَعُهُمۡ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴾، ئەم (ف)یە دەگونجێ (فاء التفريع) بێ، واتە: بینا لەسەر ئەوەی ڕابرد، تکای تکاکاران سوودیان پێناگەیەنێ، یاخود لێرەدا (ما) بۆ لابردن (نفي) نیە، بەڵکو (ما الإستفهامية)یە: ﴿ فَمَا تَنفَعُهُمۡ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴾، ئایا تکای تکاکاران چ سوودێکیان پێ دەگەیەنێ؟ واتە: هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێ، بۆیەش تکاکاران تکایان بۆ ناکەن، چونکە دەزانن تکاکردن سوودیان پێناگەیەنێ و بێ سوودە، ئەوانەش کە تکا دەکەن: فریشتەکانن و پێغەمبەرانن و شەهیدانن و زانایانن، قسەی بێ جێ ناکەن، یانی: قسەیەك ناکەن جێ نەگرێ و تکایەك ناکەن وەرنەگیرێ.

ئنجا بابەتی سێیەم خراوەتە ڕوو.

کە بریتیە لە هەڵوێستی خراپ و نەرێنییانەی بێبڕوایەکان لە بەرانبەر قورئانداو دەفەرموێ: ﴿ فَمَا لَهُمۡ عَنِ ٱلتَّذۡكِرَةِ مُعۡرِضِينَ ﴾، ئەوە چییانە پشت هەڵکردوون، ڕوو وەچەرخێنن لە بیرخەرەوە، واتە: ڕوو وەچەرخێنن لە قورئانی بیرخەرەوە.

﴿ كَأَنَّهُمۡ حُمُرٞ مُّسۡتَنفِرَةٞ ﴿٥٠﴾ فَرَّتۡ مِن قَسۡوَرَةِۭ ﴾، وەك کەرانی سڵەمیوەون کە لە شێر ڕادەکەن، یاخود لە ڕاوچییان ڕادەکەن، یانی: بێبڕوایان وەك کەرە کێوییانیی

سـڵەمیوەوەن کـە شـێرێك دەبینـن، ڕادەکـەن، یاخـود: ڕاوچییـان دەبینـن، لێیـان ڕادەکـەن، تاکـو ڕاویـان نەکـەن، بێبڕوایانیـش لـە قوڕئـان دووردەکەونـەوە، قوڕئانێـك کـە ڕاسـتییەکانیان دەخاتـەوە بیـرو، پەنـدو ئامۆژگارییـە بۆیـان، کەچـی ئـاوا لێـی ڕادەکـەن!.

﴿ بَلْ يُرِيدُ كُلُّ ٱمْرِيٍٕ مِّنْهُمْ أَن يُؤْتَىٰ صُحُفًا مُّنَشَّرَةً ﴾، بەڵکـو - زیـاد لـەوەش - هـەر مرۆڤێـك لـەوان، دەیـەوێ لاپـەڕە کراوەکانـی بـۆ بێـن، لاپـەڕە کراوەکانـی پـێ بدرێـن، واتـە: دەیانـەوێ نامـەی کراوەیـان بـۆ بـێ، وەك دوایـی بـاس دەکەیـن، دەیانگـوت: دەبـێ نامەیەکـمان بـۆ بـێ: لـە خـوای پـەروەردگارەوە، بـۆ فڵانکەسـی کـوڕی فڵانکـەس! موحەممـەد ﷺ پێغەمبـەری منـەو بـڕوای پـێ بێنـە!.

﴿ كَلَّا ۖ بَل لَّا يَخَافُونَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ﴾، خـوا دەفەرمـوێ: بـا وازبێنـن، یاخـود: ئـەو داوایـەی دەیکـەن داوایەکـی بـێ جێیـەو پووچـە، ﴿ بَل لَّا يَخَافُونَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ﴾، بەڵکو هـۆی بـڕوا نەهێنانیـان بـە قوڕئـان، بـە پێغەمبـەر، بـە ئیسـلام، ئەوەیـە کـە ترسـی ڕۆژی دواییـان نیـە، ترسـی مەنزڵـگای کۆتاییـان نیـە.

ئنجا بابەتی چوارەم باس دەکات.

لـە سـێ ئایەتـی کۆتاییـدا و دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُۥ تَذْكِرَةٌ ﴾، جارێکـی دیکـەش بـا وازبێنـن، لـەو قسـانە، یـان وازبێنـن لـە کوفـرو بێبڕوایـی، ﴿ إِنَّهُۥ تَذْكِرَةٌ ﴾ بەدڵنیایـی ئـەو (قوڕئـان)ە بیرخەرەوەیـە، ئامۆژگاریـی و پەنـدە.

﴿ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴾، ئنجـا هـەر کەسـێك بیـەوێ دەکەوێتـەوە یـادی، چـی دەکەوێتـەوە یـاد؟ خـوای دەکەوێتـەوە یـاد، یاخـود: ﴿ ذَكَرَهُۥ ﴾، هـەر کەسـێك بیـەوێ قوڕئانـی دەکەوێتـەوە یـاد.

﴿ وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾، ناشـکەوێتەوە یادیـان، خـوا ﷻ یـان قوڕئـان، مەگـەر خـوا بیـەوێ، ﴿ هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ ﴾، ئـەو (خـوا) شایسـتەی پارێزلێکرانـەو شایسـتەی لێبوردنیشـە.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾، ناکەوێتەوە یادیان و بیریان ناکەوێتەوە، یاخود پەندی لێوەرناگرن، مەگەر خوا بیەوێ، بۆ ئەوەیە کە مرۆڤەکان بزانن هیچ شتێك لە ویستی ڕەهای خوای پەروەردگار بەدەر نیەو، مرۆڤەکان ناتوانن هیچ هەنگاوێك بنێن، لە ژێر چەتری ویستی ڕەهای خوای پەروەردگاردا نەبێ، بەڵام خوا بە ویستی ڕەهای خۆی، ویستێکی بەشیی (**جزئي**) یشی بە مرۆڤەکان داوە، بایی ئەوەندەی چاکەی پێبکەن، یان خراپەی پێبکەن و، شایستەی سزاو پاداشت بن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

جگە لە هاوەڵانی ڕاستە، هەموو کەس بارمتەی کردەوە خراپەکانیەتی (لە دۆزەخدا)، بەڵام ئەوان لە باخاندا لە یەکدی دەپرسن لە بارەی تاوانبارانەوە: (پێیان دەڵێن:) چی ئێوەی خستە دۆزەخەوە؟ ئەوانیش چوار هۆکاران دەخەنەڕوو: نوێژنەکردن و، هاوکاریی نەکردنی نەدار لە خواردن پێدانداو، قسەی خراپ کردن لەگەڵ قسەی خراپکەرانداو، بەدرۆ دانانی ڕۆژی سزاو پاداشت، هەتا مردنیان بۆ هاتووەو، سەرەنجام لە فریانەهاتنی تکای تکاکاران بۆیان:

خوا دەفەرمووێ: ﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّا أَصْحَابَ الْيَمِينِ ﴿٣٩﴾ فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءَلُونَ ﴿٤٠﴾ عَنِ الْمُجْرِمِينَ ﴿٤١﴾ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ ﴿٤٢﴾ قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ ﴿٤٤﴾ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ ﴿٤٦﴾ حَتَّى أَتَانَا الْيَقِينُ ﴿٤٧﴾ فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَاعَةُ الشَّافِعِينَ ﴿٤٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ﴾، هەموو کەسێك بەوەی کردوویەتی بارمتەیە، (**الرَّهْنُ: الوَثَاقُ وَالْحَبْسُ، وَمِنْهُ الرَّهْنُ فِي الدَّيْنِ، وهذا مِنَ العَامُ المُرَادِ بِهِ الخُصُوصُ، بِالقَرِينَةِ وَالبَاءُ لِلمُصَاحَبَةِ لَا لِلسَّبَبِيَّةِ**)، (**رَهْن**): بە مانای بەستنەوەو حەپس کردن دێ، لەویشەوەیە بارمتەی قەرز، کەسێك قەرزی لەسەر کەسێکە، بابای قەرزدار دەڵێ: با ئەم وڵاخەم لە لای تۆ بێ، یان ئەو فەڕشەم لە لای تۆ بێ، یان ئەو زەوییەم بەدەست تۆوە بێ، تاکو قەرزەکەت دەدەمەوە.

ئنجا لێرەدا: ﴿كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ رَهِينَةٌ﴾، بە گشتیی هاتوە، بەڵام مەبەست پێی تایبەتە، بە هۆی بەڵگەو نیشانەیەکەوە کە ناچارمان دەکات، واتە: هەرچەندە دەفەرموێ: ﴿كُلُّ نَفۡسِۭ﴾، هەموو کەسێك بارمتەی کردەوەکانی خۆیەتی، کە مەبەست پێی نێو دۆزەخە، بەڵام بە دڵنیایی هەموو مرۆڤەکان ناچنە دۆزەخ و، بەڵگەو نیشانەمان هەیەو بەڵگەکەش ئەوەیە، کە دوایی خوا (**أَصْحَابُ الْيَمِيْنِ**) جیا دەکاتەوە لەو حوکمە.

کە دەشفەرموێ: ﴿بِمَا كَسَبَتۡ﴾، (**ب**) لێرەدا بۆ هۆکاریی نیە، بەڵکو بۆ هاوەڵێتیی و لەگەڵدا بوونە.

واتە: هەموو کەسێك لە جوغزی حوکمی کردەوەکەی خۆیدا بارمتەیە، (**الطبري**) ئاوای مانا لێکداوەتەوە دەڵێ: (**كُلُّ نَفْسٍ مَأْمُوَرةٍ مَنْهِيَّةٍ، بِمَا عَمِلَ مِنْ مَعْصِيَةِ اللهِ فِي الدُّنْيَا، رَهِيْنَةٌ فِي جَهَنَّمَ**)، هەموو کەسێکی کە فەرمان پێکراوەو قەدەغە لێ کراوە، بەهۆی ئەوەوەی لە دنیادا سەرپێچیی لە خوا کردوە، لە دۆزەخدا بارمتەیەو حەپس کراوە.

(**الطبري**) لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) بە ژمارە (٣٥٥٧٥) هێناویەتی، لە تەفسیری: ﴿كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ رَهِينَةٌ﴾دا، دەڵێ: (**مَأْخُوذَةٌ بِعَمَلِهَا**)، هەموو کەسێك بە کردەوەکەی خۆی گیراوە، واتە: سزا دەدرێ و لە دۆزەخدا دەهێڵدرێتەوە.

دەشگونجێ بگوترێ: هەموو کەسێك بارمتەی کردەوەکانی خۆیەتی، ئەگەر چاکن، ئەگەر خراپ، هەموو کەسێك لە گرەوی کردەوەکانی خۆیدایەو، چارەنووسی بەستراوەتەوە بە کردەوەکانیەوە، ئەگەر کردەوەکانی چاك بن دەیبەنە بەهەشت و، ئەگەر خراپ بن دەیبەنە دۆزەخ، دەشگونجێ ئەو مانایەشی لێ بدرێ و لە ڕووی ڕێزمانییەوە ئەو مانایەش دەگەیەنێ، بەڵام ڕەوت (سیاق)ەکە ئەو مانایە زیاتر ساغ دەکاتەوە، کە مەبەست پێی هەموو کەسێکی تاوانبارە، کە بارمتەو

حەپسە بەهۆی کردەوە خراپەکانیەوە، لە دۆزەخدا، بە نیشانەو بەڵگەی ئەوەی دوایی خوا هاوەڵانی ڕاستە جیا دەکاتەوە لەوان.

شیکردنەوەیەکی وشەی (رَهِينَةٌ):

(رَهِينَةٌ: مَصْدَرٌ بِوَزْنِ فَعِيْلَةٍ كَالشَّتِيمَةِ، فَهُوَ مِنَ الْمَصَادِرِ الْمُقْتَرِنَةِ بِهَاءٍ كَهَاءِ التَّأْنِيثِ، مِثْلَ الْفُعُولَةِ وَالفَعَّالَةِ، وَلَيْسَ هُوَ مِن بَابِ فَعِيلٍ الَّذِي هُوَ وَصْفٌ بِمَعْنى الْمَفْعُول، مثيل قَتِيلَةٍ، إِذْ لَوْ قَصَدَ الوَصْف، لَقِيل رَهِيْن، لِأَنَّ فَعَيْلًا بِمَعْنَى مَفْعُولٍ، يَسْتَوِي فِيهِ الْمُذَكَّرُ وَالْمُؤَنَّثُ، إِذَا جَرَى عَلَى مَوْصُوفِهِ)، واتە: وشەی (رَهِينَةٌ) چاوگە لەسەر کێشی (فَعِيْلَةٍ)، وەك (شَتِيمَةِ)، {بە مانای جنێو (شتم)}، ئنجا وشەی (رَهِينَةٌ) لەو چاوگانەیە، کە (هاء)ێکی لەگەڵدایە وەك (هاء)ی مێینە، وەك (فعولة وفعّالة) ئەوانیش بەهەمان شێوە هەر چاوگن، لێرەدا (رَهِينَةٌ) لە جۆری (فَعِيْل) ێك نیە کە وەسف بێ بە مانای (مَفْعُول)، وەك (قَتِيْلَة)، چونکە ئەگەر مەبەست وەسف بووایە، دەگوترا: (رَهِيْن): (كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِيْن)، چونکە (فعيل) کە بە مانای (مفعول) بێ، نێرینەو مێینەی تێدا یەکسانن، کاتێ دەبێتە وەسف بۆ وەسفکراوەکەی.

واتە: کە دەفەرموێ: (كُلُّ نفسٍ) هەرچەندە (نفس) مێینەی مەجازییە، بەڵام بۆیە نەگوتراوە: (رَهِينَةٌ)، چونکە وشەی (رَهِيْن) لەسەر کێشی (فعيل) ئەگەر بە مانای بەرکار (مفعول) بێ، بۆ مێینەو نێرینە وەك یەکە: (إِمْرَأَةٌ رَهِيْن، وَرجُلٌ رَهِيْن)، بەڵام لێرەدا (رهينة) بە مانای چاوگە، واتە: (كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهْنٌ)، هەموو کەسێك بەوەی کردوویەتی، بارمتەیە یان بارمتەکراوە.

٢)- ﴿إِلَّآ أَصۡحَٰبَ ٱلۡيَمِينِ﴾، جگە لە هاوەڵانی ڕاستە، هاوەڵانی ڕاستەش ئەوانەن، بە دەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکانیان دەدرێتەوە، ئەو واتایە لە قورئان دا هاتوە: ﴿فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴿١٩﴾﴾ الحاقة، هەندێکیش گوتوویانە: (أصحاب اليمين) ئەوانەن لە لای ڕاست ڕادەگیرێن، بەڵام مادام خوا لە قورئاندا ڕوونی کردۆتەوە، کەواتە:

نامەدرانەوە بە دەستی ڕاست، نیشانەی چوونە بەهەشتەو، بە دەستی چەپ، نیشانەی چوونە دۆزەخە.

ئنجا **(الطبري)** لە تەفسیرەکەی خۆیدا لە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) بە ژمارە (٣٥٥٨١) هێناویەتی، گوتوویەتی: **(أَصْحَابُ الیَمِیْنِ هُمُ الوِلْدَان أولاد المُسْلِمِیْن)** هاوەڵانی ڕاستە بریتین لە منداڵەکان، منداڵانی مسوڵمانان، ئەوانەی نەباڵغن لە کوڕو کچ، هەر **(الطبري)** لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) بە ژمارە (٣٥٥٨٥) هێناویەتی، گوتوویەتی: **(أَصْحَابُ الیَمِیْنِ هُمُ المَلَائِكَة)**، هاوەڵانی ڕاستە، بریتین لە فریشتەکان، بۆیەش **(الطبري)** ئەو دوو ڕایانە دێنێ، دەڵێ: **(لأَنَّهُمْ لَمْ يَقْتَرِفُوا ذُنُوبَاً، وَلَمْ يَعْرِفُوْهَا، وَلَوْ عَرَفُوْهَا لَمْ يَكُونُوا لِيَسْأَلُوهُم)**، واتە: هاوەڵانی ڕاستە (چ منداڵەکان بن، منداڵی نەباڵغیی مسوڵمانان، چ فریشتەکان بن)، لەبەر ئەوەی گوناهیان نەکردوون، بۆیە نازانن گوناح چییە؟ ئەگەر زانیبایان، لە تاوانبارانیان نەدەپرسی (بۆچی چوونە دۆزەخ؟)، چونکە دەیانزانی گوناهیان کردوون و، شارەزای گوناهان دەبوون و پێویستی نەدەکرد بپرسن.

بەڵام پێم وایە **(أَصْحَابُ الیَمِیْنِ)** هەر ئەوانەن، کە بە دەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکانیان دراوەتەوە، لە قورئاندا خوا ﷻ **(أَصْحَابُ الیَمِیْنِ)** هەر بەو واتایە بەکارهێناوە، بەڵێ ئەو دوو واتایەش، کە **(الطبري)** هێناونی لە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب (خوا لێی ڕازی بێ) و، لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێ)، ڕێیان تێدەچێ، بەڵام مادام خوا ﷻ لە قورئاندا **(أَصْحَابُ الیَمِیْنِ)**ی لە چەند شوێنان پێناسە کردوون، کە ئەو بڕوادارانەن بەدەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکانیان دەدرێتەوە، هەر بەوە تەفسیر بکرێ باشە.

٣)- ﴿ فِي جَنَّٰتٖ يَتَسَآءَلُونَ عَنِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ مَا سَلَكَكُمۡ فِي سَقَرَ ﴾، ئەوانە لە چەند باخێکدان، لە تاوانباران دەپرسن، چ شتێك خستنیە نێو سەقەرەوە؟ ﴿ يَتَسَآءَلُونَ ﴾ لەسەر کێشی **(تَفَاعُل)**ە، واتە: لە یەکدی دەپرسن، ﴿ مَا سَلَكَكُمۡ فِي سَقَرَ ﴾، چ شتێك ئێوەی خستە

نێو سەقەرەوە (أي: مَا أَدْخَلَكُمْ فِي سَقَر؟)، چ شتێك ئێوەی ئاخنیە نێو ئاگری دۆزەخەوە، بۆیە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ﴿ يَتَسَآءَلُونَ ﴾ لێرەدا هەر بە مانای پرسیار دەکەن (يَسْئَلُوْن)ە، (يَسْئَلُون عَنِ المُجْرِمِيْن)، هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ يَتَسَآءَلُونَ ﴾، واتە: لە نێو خۆیاندا دەپرسن و مشت و مڕ دەکەن لە بارەی تاوانبارەکانەوەو دوایی ڕوویان تێدەکەن: ﴿ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ ﴾، چ شتێك ئێوەی خستە نێو سەقەرەوە؟ هەردوو واتایەکە هاتوون:

یەکەم: هـــاوەڵانی دەستە ڕاســت هەندێکیان لە هەندێکیان دەپرسن، لە بارەی تاوانبارەکانەوە.

دووەم: ئەوەیە لێرەدا ڕێژگەی (**تَفَاعُل**) کە بۆ هاوبەشییە، بەکارهێنراوە بۆ مانای دووبارەکردنەوەی کردارێك، واتە: زۆر لە یەکدی دەپرسن، هەر کامێکیان زۆر لەوی دیکە دەپرسێ، ئنجا هەر کردارێك زۆر دووبارە ببێتەوە، دەیخەنە سەر کێشی (**تَفَاعُل**).

کاتێك ئەوان لێیان دەپرسن: چ شتێك ئێوە خستە نێو سەقەرەوە؟

ئەوانیش ئاوا وەڵام دەدەنەوەو چوار هۆکاران دەخەنەڕوو:

هۆکاری یەکەم:

٤)- ﴿ قَالُواْ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ﴾، گوتیان: ئێمە لە نوێژکەران نەبووین.

هۆکاری دووەم:

٥)- ﴿ وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ ٱلْمِسْكِينَ ﴾، ئێمە عادەتمان وانەبوو خواردن بدەین بە نەدار.

هۆکاری سێیەم:

٦)- ﴿ وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ ٱلْخَآئِضِينَ ﴾، ئێمە لەگەڵ تێرژاواندا تێدەڕژاین، واتە: هەر کەسێك قسەی خراپی کردبایە، ئێمەش بەشدارییمان دەکرد، بە تایبەت دژایەتیی ئیسلام و گاڵتەکردن بە قورئان، توانج و پلار گرتن لە پێغەمبەری خوا ﷺ.

هۆکاری چوارەم:

٧)- ﴿ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾، ئێمە عادەتمان وابوو ڕۆژی سزاو پاداشتمان بە درۆ دادەنا.

٨)- ﴿ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلْيَقِينُ ﴾، تاکو یەقینمان بۆ هات، (الْيَقِيْنُ: اسْمُ مَصْدَرِ يَقِنَ كَفَرِحَ، إِذَا عَلِمَ عِلْمَاً لَا شَكَّ مَعَهُ وَلَا تَرَدُّدَ)، (يَقِيْنٌ) ناوی چاوگە لەسەر کێشی (فَرِحَ)، ئەگەر زانیارییەکی زانیی هیچ دوو دڵیی تێدا نەبێ، کەواتە: ﴿ حَتَّىٰٓ أَتَىٰنَا ٱلْيَقِينُ ﴾، هەتا زانیارییەکی جێی دڵنیاییمان بۆ هات، کە تازە ئەوە ژیانی دنیا بەجێ دێڵین، ئنجا دەستبەرداری ئەو کردەوە خراپانە بووین، ئەویش بە ناچاریی و بۆیان نەدەکرا، یاخود وشەی (يَقِيْنٌ) بە مانای دڵنیاییە، بەڵام خوازراوەتەوە بۆ مردن، چونکە هەموو کەس لە مردن دڵنیایە، هەموو کەس دەزانێ دەمرێ، بۆیە وشەی (يَقِيْنٌ) بۆ مردن بەکارهێنراوە.

٩)- ﴿ فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَٰعَةُ ٱلشَّٰفِعِينَ ﴾، ئنجا تکای تکاکاران هیچ سوودیان پێناگەیەنێ، تکاکارانیش پێغەمبەرانن و فریشتەکانن و زانایانن و شەهیدانن، دەشگونجێ لێرەدا (ما) بۆ پرسیارکردن (مَا الإِسْتِفْهَامِيَة) بێ، واتە: (فَأَيُّ نَفْعٍ تَنْفَعُهُمْ شَفَاعَةَ الشَّافِعِيْنَ!)، ئایا چ سوودێکیان پێدەگەیەنێ، تکای تکاکاران؟ کەواتە: تکاکاران تکایان بۆ ناکەن، چونکە ئەگەر پێغەمبەرانن، ئەگەر فریشتەکانن، ئەگەر شەهیدانن، ئەگەر زانایانن، پێشوەخت دەزانن ئایا خوا ﷻ مۆڵەتی لەسەر کێیە تکای بۆ بکرێ؟ بۆیە قسەیەك ناکەن جێ نەگرێ و، لەوێ قسەی بێ جێ ناکەن.

(الزمخشري) لە تەفسیرکردنی ئەو ڕستەیەدا، کە لە سەرەتای سوورەتی (النساء)دا هاتوە: ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۝١ ﴾، دەڵێ: (هُوَ كَقَوْل (تَداعَيْنا) إِذَا كَانَ المُتَكَلِّم مُفْرَداً يُقَالُ دَعَوْتُ وَإِذَا كَانَ مُتَعَدِّدَاً يُقَالُ تَدَاعَيْنَا، ونَظِيْرُهُ: رَمَيْتهُ وَتَرَامَيْنَا، وَرَأَيْتُ الهِلَال وَتَرَاْيْنَاهُ، وَلَا يَكُوْن هَذَا التَفَاعُل مِنَ الجَانِبَيْن، أي: هُو فِعْل وَاحِدٌ مِنْ جَانِبٍ وَاحِد فِي العَدَد الكَثِيْر، وَعَلَى هَذَا يَكُونُ مَفْعُول يَتَسَاءَلُون مَحْذُوفاً، يَدُلُّ عَلَيْه قَوْلُهُ: (عَنِ المُجْرِمِين)، وَالتَقْدِيْر: يَتسَاءَلونَ المُجْرِمِيْن عَنْهُم، أي عَن سَبَبِ حُصُولِهِم فِي سَقَر).

(الزَّمخشري) زانایەکی زۆر زەبر دەست بووە، لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبیی و ڕووی ڕەوانبێژییەوە، خوا پاداشتی بداتەوەو ڕەحمەتی خوای لێ بێ، هەندێك لە زانایان هەستیارییەکی زێدە لە پێویستیان هەیە بەرانبەری، بەهۆی ئەوەوە کە لە پەیڕەوانی قوتابخانەی موعتەزیلە بووە، بەڵام وەك لە کتێبی سێیەمی مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیعدا)، لە باسی موعتەزیلەدا، باسمان کردوە، لە ڕاستییدا هەموو ئەوانەی پێیان گوتراوە: (**أهلُ الحديث و أشاعِرة و ماتريدية و معتزلة و جبرية و قدرية و شيعة**)، ئەوانە هەموویان هەندێ بیرو بۆچوونیان هەبوون جیاواز بوون و، مەرج نیە هیچ کامیان تەواو لەسەر هەق بووبێ.

بەڵێ زۆرینەی مسوڵمانان ئەوانەبوون کە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ و چوار جێنشینە سەر ڕاستەکانی (**أبو بكر وعمر وعثمان وعلي**) و، هاوەڵانی بە گشتیی (خوا لێیان ڕازی بێ) و خزمان و بنەماڵەی بە گشتیی (خوا لێیان ڕازی بێ) ڕۆیشتوون، بەڵام هەر کەسێ گوترا: موعتەزیلە بووە، هیچ خێری پێوە نەبێ و، هەر کەسێ گوترا: ئەهلی حەدیس بووە، هەموو شتێکی خێر بێ، وانیە، دەبێ هەر کەسە وەك خۆی تەماشا بکرێ، لە نێو ئەهلی حەدیسدا ئەوانەی بانگەشەی ئەوەیان کردوە، زۆر بە دوای ڕێبازی پێغەمبەری خوا دەکەون، کەسانی بە کەڵك نەهاتووش هەن و، کەسانی زۆر چاکیش هەن، وەك ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و زانایانی دیکەی بەرجەستە، بەڵام کەسانی دیکەش هەبوون کە ڕەشایی بوون و بە گەڵ کەوتوون.

هەروەها لە نێو موعتەزیلەش دا کەسانێك هەبوون، وەك (**الزمخشري**) کە قورئانی بۆ تەفسیر کردووین و (**الكشاف**) تەفسیرێکی زۆر نایابەو، شتی زۆر باشی خستۆتەڕوو، لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە، بەڵام دیارە هەڵەو پەڵەش هەبووە لە هەموو لایەکەوە، قوتابخانەی موعتەزیلەش بە گشتیی تێپەڕاندنی هەبووە لە پشت بەستن بە عەقڵدا، لەسەر حیسابی وەحیی و نەقڵ، خاڵە بێهێزە

گەورەکەیـان ئەوەیـە، بـەو هۆیەشـەوەیە کـە هەندێـك هەڵـەی دیکەشـیان بـوون، بـەڵام وێـڕای ئـەوە، هەندێـك چاکەشـیان بـوون، لـە بەرانبـەر هەندێـك هەڵــەو پەڵـەی ئەوانـەدا، کـە خۆیـان بـە شـوێنکەوتەی ڕێبـاز و حەدیـس زانیـوە.

(الزمخشري) لـە تەفسـیری ئـەو ئایەتـەی سـوورەتی **(النسـاء)**دا دەڵـێ: ئەمـە وەك ئەوەیـە بڵێـی: **(تَداعَيْنَـا)** بانگـمان کـرد، ئەگـەر بابـای قسـەکەر، یـەك بـێ دەڵـێ: **(دَعـوتُ)** بانگـم کـرد، بـەڵام ئەگـەر زۆر بـن، دەڵـێ: **(تَداعَيْنَـا)** مانایەکـەی ئـەوە نیـە: یەکدییـمان بانگکـرد، بەڵکـو یـانی: هەمووـمـان بانگـمان کـرد، هەروەهـا **(رميتُـهُ)** واتـە: هاویشـتم، بـەڵام **(ترامَيْنَا)** واتـە: هەمووـمـان هاویشـتمان (نـەك بەیەکدییمانـەوە نـا)، هەروەهـا **(رأيـتُ الهـلال)** مانگـی یـەك شـەوەم بینـی، **(وترأَيْنـاهُ)** واتـە: هەمووـمـان بینیـمان، ئەمـەش مەبەسـت پێـی ئـەوە نیـە **(تفاعُـل)** بـێ لـە دوو لایەنـەوە، بەڵکـو کردارێکـە لەیـەك لاوە، بـەڵام ژمارەیەکـی زۆر ئـەو کردەوەیـە ئەنجـام دەدەن، بۆیـە بـەرکاری **(يتسـاءَلون)** لێـرەدا قرتێنـدراوە، چـی دەیگەیەنـێ؟ وشـەی **(عَـنِ المُجْرِمِـيْن)**: **(يَتَسَـاءَلُوْن عَـنِ المُجْرِمِـيْن)**، واتـە: هەمووـیـان دەپرسـن، نـەك لـە یەکـدی دەپرسـن، بەڵکـو هەمووـیـان دەپرسـن لـە تاوانبـاران، دەپرسـن لـە تاوانبـاران لـە بـارەی خۆیانـەوە، **(أي: عَـنْ سَـبَبِ حُصُولِهِـمْ فِي سَـقَر)**، لـە بـارەی هـۆکاری ئامادەبوونیانـەوە لـە سـەقەردا.

لـە کۆتایـی ئـەم دەرسـەدا ئـەم فەرمایشـتەی پێغەمبـەر ﷺ دێنین، کـە دەفەرموێ: **{يَمُـوتُ الْمَـرْءِ عَـلَى مَـا عَـاشَ عَلَيْـهِ، وَيُبْعَـثُ عَـلَى مَـا مَـاتَ عَلَيْـهِ}** **(أخرجـه مسـلم: ٨٣)**، واتـە: هـەر مرۆڤێـك لەسـەر ئـەوە دەمـرێ کـە لەسـەری ژیـاوەو، لەسـەر ئـەوەش زینـدوو دەکرێتـەوە کـە لەسـەری مـردوە، کەواتـە: مـرۆڤ لەسـەر چـی بـژی لەسـەر ئـەوەش دەمـرێ و، لەسـەر چیـش بمـرێ، هـەر لەسـەر ئـەوەش زینـدوو دەکرێتـەوە، بۆیـە مـرۆڤ دەبـێ وریـا بـێ، کردەوەکانـی دەبنـە پێناسـەی و دەبنـە هـۆکاری ئەوەی بـۆ کـوێ بچـێ؟.

لە ڕاستییدا مرۆڤ ئەگەر شەیتان فێڵی لێ نەکات و کڵاوی لەسەر نەنێ، نابێ بێجگە لە ئیمان و کردەوەی چاکی خۆی، پشت بە هیچ شتێکی دیکە ببەستێ، وەك: ئەگەر خوا بۆی نووسیبم دەچمە بەهەشتێ، هەر دەچم! چونکە ڕەنگە خوا بۆی نووسیبی دەچیە بەهەشت، بەڵام بەهۆی ئیمان و کردەوەی باشی خۆتەوەو، ئەگەر ئیمانت هەبێ و کردەوەی باشت هەبێ، خوا بەهەشتی بۆ نووسیوی و، کەسێك بێ ئیمان و کردەوە خراپ بێ، خوا دۆزەخی بۆ نووسیوە، کەواتە: ئیمان و کردەوەی باشمان، ئاوێنەیەکە، سەرەنجام و چارەنووسی خۆمان لەوێدا دەبینین، چونکە قەدەری خوا پەنهانە، بەڵام ئیمان و کردەوەی خۆمان، دیارەو ئاشکرایە.

مەسەلەی دووەم:

سەرسوڕمان لـە هـۆکاری ڕوو وەرگێڕانـی بێبڕوایـان لـە قوڕئانـی بیرخـەرەوە، کـە وەك کەرەکێوییانـی سـڵەمیوەوە، کـە لـە ترسـی شـێر ڕادەکـەن، هەڵدێـن و، هـەر کامێکیـان داوای نامەیەکـی کـراوە دەکات! لـە خـوای بـێ وێنـەوە بـۆی بـێ، ئنجـا بـڕوا دێنـێ، بـەڵام هـۆکار نەترسـانیانە لـە ڕۆژی دوایـی، نـەك نەبوونـی بەڵگـەی ئیقناعکـەر:

خـوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَا لَهُمْ عَنِ ٱلتَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ ﴿٤٩﴾ كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ ﴿٥٠﴾ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ ﴿٥١﴾ بَلْ يُرِيدُ كُلُّ ٱمْرِيٍٕ مِّنْهُمْ أَن يُؤْتَىٰ صُحُفًا مُّنَشَّرَةً ﴿٥٢﴾ كَلَّا بَل لَّا يَخَافُونَ ٱلْآخِرَةَ ﴿٥٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ فَمَا لَهُمْ عَنِ ٱلتَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ ﴾، ئەوە چییانە ڕوو وەرگێڕن لە بیرخەرەوە، پیتی **(ف)** لێرەدا: **(الْفَاءُ لِتَرْتِيبِ إِنْكَارِ إِعْرَاضِهِمْ عَنِ التَّذْكِرَةِ عَلَى مَا قَبْلَهُ، مِنْ مُوجِبَاتِ الْإِقْبَالِ عَلَيْهَا)**، **(ف)** بۆ بنیاتنانی نکووڵییکردنە لە پشت هەڵکردنیان لە قوڕئانی بیرخەرەوە، لەسەر ئەوەی ڕابردوە، لە داخوازیی و هاندەرەکانی ڕوو تێکردنی، واتە: لە حاڵێکدا کۆمەڵێك هاندەرو پاڵنەر هەن، بۆ ئەوەی ڕوو لە قوڕئانی بیرخەرەوە بکەن و بڕوای پێ بێنن، لە باوەشی بگرن و پێشوازیی لێ بکەن، ئایا ئەوان چییانە کە ڕووی لێوەردەگێڕن و پشتی تێدەکەن؟!.

واتایەکـەی ئـاوای لێدێتـەوە: **(أَيُّ شَيْءٍ حَصَـلَ لَهُـمْ حَـالَ كَوْنِهِـمْ مُعْرِضِـينَ عَـنِ القُـرْآنِ الَّـذِي هُـوَ مُشْـتَمِلٌ عَـلَى التَّذْكِـرَةِ الكُـبْرَى)**، چ شـتێك بۆیـان پەیـدا بـووە لـە حاڵێکـدا ئـەوان ڕوو وەرگێـڕن، لـەو قوڕئانـەی بیرخسـتنەوەی هـەرە مـەزن و گـەورەی گرتۆتـە خـۆی؟

ئنجا خـوا ﷻ حاڵەتـی ڕووەوەرگێـڕان و ڕووەوەچەرخاندنیـان لـە قورئـان، وێنـا دەکات لـە دیمەنێکـدا، کـە ئـەوان لـە ژیانـی ئاسـایی خۆیانـدا زۆریـان بینیـوەو، ئێسـتاش ئێمـە کەسـێك لـە دارسـتان و جەنگەڵەکانیشـدا نـەژی و ئـەو دیمەنـە نەبینـێ، بـەڵام لـە فیلـم و تەلەفزیۆنـدا زۆر دەبیـنرێ، ئەویـش بریتیـە لـە ڕاکـردن و سـڵەمینەوەی کەرەکێوییـان لـە شـێر کـە پەلاماریـان دەدا.

٢)- ﴿ كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ ﴾، دەڵێ کەرەکێوییەکانی سڵەمیوەوەن، **(حُمُر)** کۆی **(حِمار)**ە، **(مُسْتَنْفِرَةٌ)**ش سیفەتی **(حُمُر)**ە، **(مُسْتَنْفِرَةٌ)** کە خوێندراویشەتەوە: **(مُستَنفَرة)**، **(مُسْتَنْفِرَةٌ)** ناوی بکەر **(إسم فاعل)**ە، واتە: سڵەمیوەوەو ڕاکردوو، **(نافِرةٌ، منجَفِلة)** سڵەمیوەتەوەو ڕایکردوە، **(مُستَنفَرة)**ش ناوی بەرکار **(إسم مفعول)**ە، واتە: **(مُنَفَّرةٌ مذعورة)**، سڵەمێندراوەتەوەو ترسێندراوەو دوورخراوەتەوە.

٣)- ﴿ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ ﴾، لە شێر ڕایانکردوەو هەڵاتوون، ئنجا مادام دوایی دەفەرموێ: لە شێر ڕایانکردوە ئەو کەرەکێوییانە، کەواتە: خوێندنەوەی: **(مُسْتَنْفِرَة)** ڕاسترەو لەگەڵ ڕستەی دوایی دا باشتر دێتەوە، چونکە کەرەکان خۆیان سڵەمیونەوەو ڕایانکردوە لە شێر.

خاوەنـی تەفسـیری **(الكَشَّـاف)** دەڵـێ: **(المُسْـتَنْفِرَةُ: الشَّـدِيدَةُ النِّفَـارِ، كَأَنَّهَـا تَطْلُـبُ النِّفَـارَ مِـنْ نُفُوسِـهَا فِي جَمْعِهَـا لَـهُ، وَحَمْلِهَـا عَلَيْـهِ)**، واتـە: زۆر دوورکەوتـووەوەو زۆر سـڵەمیوەوە، وەك سـڵەمینەوە لـە خۆیـان داوا بکـەن، لـە خـۆ بـۆ کـۆ کردنـەوەی خـۆ بـۆ تـاودانی دا، واتـە: زۆر لـە خۆیـان دەکـەن بسـڵەمنەوە، ئەگـەر **(مُسـتَنفَرة)**ش بـێ، واتـە: سـڵەمێندراوەو ترسـێندراو.

وشەی **(قَسْوَرَةٌ)**ش بە دوو واتایان هاتوە:

أ- بە مانای شێر هاتوە، **(لأنّ الأسَد يَقْسِرُ الحَيْوَانَات)**، چونکە شێر ئاژەڵەکانی دیکە ناچار دەکات و بەسەریان دا زاڵ دەبێ و ڕاویان دەکات.

ب- هەروەها **(قَسْوَرَة)** دەشگونجێ کۆی **(قَسْور)** بێ، بە مانای **(الرَّامِي)** تیرهاوێژ، ڕاوچیی، واتە: کۆمەڵێکی تیر ئەنداز لە ڕاوچییان، **(الطبري)** بە ژمارە (٣٥٦١٠) لە ئەبی

حەمزەوە هێناویەتی، کە گوتوویەتی: (**سَأَلْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ عَنِ القَسْوَرَةِ؟ فَقَالَ: مَا أَعْلَمُهُ بِلُغَةِ أَحَدٍ مِنَ الْعَرَبِ: الْأَسَد، هِيَ عِصَبُ الرِّجَالِ**)، واتە: پرسیارم کرد لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ) لە بارەی (**قَسْوَرَة**)ەوە، ئەویش گوتی: نەمزانیوە لە زمانی هیچ کام لە عەڕەباندا (**قَسْوَرَة**) بە مانای شێر هاتبێ، بەڵکو مەبەست کۆمەڵێکە لە پیاوان، واتە: لە تیرئەندازو ڕاوچییان.

بەڵام هەر (**الطبري**) بە ژمارە (٣٥٦١١) دیسان هێناویەتی: (**عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ** رضي الله عنهما: **أَنَّهُ سُئِلَ عَنْ قَوْلِهِ:** ﴿ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ ﴾، **قَالَ: « هُوَ بِالْعَرَبِيَّةِ: الْأَسَدُ، وَبِالْفَارِسِيَّةِ: شَارْ، وَبِالنَّبَطِيَّةِ: أَرَيَا، وَبِالْحَبَشِيَّةِ: قَسْوَرَةٌ**)، لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس رضي الله عنهما پرسراوە لە بارەی: ﴿ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ ﴾، واتە: ئەو کەرەکێوییانەی لە (**قَسْوَرَة**) ڕایانکردوە؟ ئەویش گوتوویەتی: (**قَسْوَرَةٌ**) بە عەڕەبیی پێی دەگوترێ: (**الأَسَدُ**) و، بە فارسیی پێی دەگوترێ: شار، (شار هەر مەبەست شێرە بە کوردیی و بە فارسیی، بەڵام لەبەرئەوەی پیتی (ی) لە عەڕەبییدا نیە، واتە: (**يَاء الإِمَالَة**)، دەگونجێ بڵێی: شارو دەگونجێ بڵێی: شێر)، بە زمانی (**نَبْطِي**)یش شێر ئاریای پێدەڵێن و، بە حەبەشەییش قەسوەرەی پێدەڵێن.

کورتەی واتای ئەم ئایەتە موبارەکانەش ئەوەیە، کە خوا تعالى بێبڕوایەکان دەچوێنێ بە کەرەکێوییانەوە، کاتێ کە شێر دەبینن و، شێر پەلاماریان دەدات و ڕادەکەن، یان کاتێ کەرەکێویی ڕاوچییان دەبینن، کاتی خۆی بە تیروکەوانەوە بۆیان دانیشتوون و ئێستاش بە تفەنگەوە، ڕادەکەن و دەسڵەمنەوە، واتە: ئەوانیش ئاوا لە قورئان دەسڵەمنەوەو دووردەکەونەوە، وەك چۆن کەرەکێویی لە ترسی شێر ڕادەکەن، لە حاڵێکدا کە شێر دەیەوێ کەرەکێوییان ڕاو بکات و بیانخوات، بەڵام ئەم قورئانە دەیەوێ هیدایەتیان بدات!!.

ئنجا خوا تعالى لەو وێچواندنە، پێهەڵاتر دەچێ و دەفەرموێ:

٤)- ﴿بَلۡ يُرِيدُ كُلُّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُمۡ أَن يُؤۡتَىٰ صُحُفٗا مُّنَشَّرَةٗ﴾، واته: {کافرەکان نەك هەر وەك کەرەکێوییان کە لە شێر ڕادەکەن، لە قورئان دەسڵەمنەوە}، بەڵکو هەر مرۆڤێك لەوان دەیەوێ نامە کراوەکانی پێ بدرێن، خوێندراویشەتەوە: (صُحْفاً)، (مُنَشَّرة)ش خوێندراوەتەوە: (مُنْشَرة)، لێرەدا (صُحُف) یان (صُحْف) بە بۆر (ضَمَّة) یان بە زەنە (سکون): (جَمْعُ صَحِيْفَة، وَالصَّحِيْفَةُ: الكِتَاب) هەردووکیان کۆی (صَحِيْفَة)ن و ئەویش بە مانای نووسراو دێ، واته: لاپەڕەیەك، یان پەڕەیەك کە نووسرابێ.

٥)- ﴿كَلَّاۖ بَل لَّا يَخَافُونَ ٱلۡأٓخِرَةَ﴾، نەخێر، بەڵکو لە دوامەنزڵگا ناترسن، (كَلاَّ): (كَلِمَة الرَّدعِ وَالإِبْطَال)، (كَلاَّ) وشەی بەرپەرچدانەوەو پووچەڵکردنەوەی داواکارییەکەیانە، واته: ئەوەی دەیڵێن، با وازی لێ بێنن، چونکە ئەوە داوایەکی بێ جێیە، کە هەر کامێکیان نامەیەکی لە خوای بەرزەوە بۆ بێ، ئەوانە دیارە لە کەوڵی خۆیان دەرچوون و، ئەگەر لە ئیمان هێنان بگەڕێن، پەکیان لەسەر ئەوە نەکەوتوە خوا نامەیان بۆ بنێرێ، خوا نامەیەکی گشتیی بۆ هەموو مرۆڤایەتیی ناردوە، کە قورئانەو، نێردراوێکی گشتییشی ناردوە بۆ هەموو مرۆڤایەتیی، کە موحەممەدە ﷺ و کۆتا نێردراوو پێغەمبەری خوایە، وەك چۆن قورئانیش کۆتا فەرمایشت و کتێبی خوایە، ئەگەر لە ئیمان بگەڕێن، ئەوە هەم نوێنەری خواو، هەم فەرمایشتی خوا، هەن، ئەگەر لە بەهانەش بگەڕێن، وەڵامی ئەو بەهانەشیان بدرێتەوە، بەهانەیەکی دیکە دەگرن.

بۆیە خوا دەفەرموێ: (كَلاَّ) یانی: با وازبێنن، ﴿بَل لَّا يَخَافُونَ ٱلۡأٓخِرَةَ﴾، بەڵکو لە مەنزڵگای کۆتایی ناترسێن، (الأخِرَة صِفَة مَوْصُوف مَحْذُوف: الدَّارُ الأخِرَة، أو المَنْزِلَةُ الأخِرَة)، (الآخِرَة) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە: مەنزڵگای کۆتایی و پێگەی کۆتایی، یانی: لە ڕۆژی دوایی ناترسێن و، ئەوەیە وای لێکردوون و جورئەتی پێداون، بڕوا بە پەیامی خوا نەکەن و، بڕوا بە پێغەمبەری خوا نەهێنن.

لە بارەی ئەوەوە کە داوایان کردوە نامەیان بۆ بێ، (الطبري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا بە ژمارە: (٣٥٦٢٢) لە قەتادەوە ئەم دەقەی هێناوە: (قَالَ: قَدْ قَالَ قَائِلُونَ

مِـنَ النَّـاسِ: يَـا مُحَمَّـدُ ﷺ! إِنْ سَرَّكَ أَنْ نَتَّبِعَـكَ، فَأْتِنَـا بِكِتَـابٍ خَـاصٍّ، إِلَى فُـلَانٍ وَفُـلَانٍ، نُؤْمَـرُ فِيـهِ بِاتِّبَاعِـكَ، قَـالَ قَتَـادَةُ: يُرِيـدُونَ أَنْ يُؤْتُـوا بَـرَاءَةً بِغَـيْرِ عَمَـلٍ)، قەتـادە ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ گێڕاویەتـەوە: بێژەرانێـك لـە خەڵـك گوتیـان: ئـەی موحەممـەد ﷺ! ئەگـەر دڵخـۆش دەبـی بـەوەی شـوێنت بکەویـن، نووسراوێکـمان بـە تایـەت بـۆ بێنە، بـۆ فلانکـەس و فلانکـەس {واتـە: لـە خـوای پـەروەردگارەوە بـۆ فلانکـەس} فەرمانمـان پـێ بکـرێ لـەو نـووسراوەدا بـە شـوێنکەوتنی تـۆ، قەتـادە گوتوویەتـی: ویسـتوویانە ئەسـتۆپاکییان لـە سـزا بـۆ دەربـبـڕدرێ، بـێ ئـەوەی کـردەوەی بـاش بکـەن، بـێ ئـەوەی ئیـمان بێنـن و پابەنـد بـن!!.

لـە سـوورەتی (الإسراء)یشـدا هاتـوە کـە یەکێـك لـە بیانووەکانیـان ئـەوە بـووە، گوتوویانــە: ﴿وَلَن نُّؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَـٰبًا نَّقْرَؤُهُۥ ﴿٩٣﴾﴾، ئەگـەر بەرزیـش بیـەوە لەبەرچـاوی ئێمـە بـۆ ئاسـمان، هەرگیـز بـڕوات پـێ ناهێنیـن، هەتـا نووسراوێکـمان بـۆ نەهێنـی بیخوێنینـەوە.

لەوێـدا ڕوونکەرەوانـی قورئـان گوتوویانـە: کافـرەکان گوتوویانـە: دەبـێ نامەیەکـمان بـۆ بـێ: (مِـن ربِّ العَالَمِـيْنَ إلى فُـلَانِ بـن فُـلَان إنَّ مُحَمَّـداً رَسُـولِي فآمِـن بِـه)، لـە پـەروەردگاری جیهانییانـەوە بـۆ فلانکەسـی کـوڕی فلانکـەس! موحەممـەد ڕەوانەکـراوی منـە، بـڕوای پـێ بێنـە! بۆیـە خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: بـا واز بێنـن لـەو داوایـەو لـەو قسـانە، بەڵکـو هـۆکاری بـڕوا نەهێنانیـان ئەوەیـە، کـە ترسـی ڕۆژی دواییـان نیـە، ترسـی مەنزڵـگای کۆتاییـان نیـە.

هـەر (الطبري) بـە ژمـارە (٣٥٦٢٤) لـە قەتـادەوە ئەمەشـی هێنـاوە: (إِنَّمَا أَفْسَـدَهُمْ أَنَّهُـمْ كَانُـوا لَا يُصَدِّقُـونَ بِالْآخِـرَةِ، وَلَا يَخَافُونَهَـا، هُـوَ الَّـذِي أَفْسَـدَهُمْ)، واتـە: ئـەوەی ئـەو بێبڕوایانـەی تێکـدا بـوو، ئەوەبـوو کـە مەنزڵـگای کۆتاییـان بەڕاسـت نەدەزانـی و، ترسـیان لێـی نەبـوو، ئـەوە بـوو تێکیدابـوون و جورئەتـی پێدابـوون بـەدەم بانگـەوازی خـواوە نەچـن.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

بــە دڵنیایــی قورئــان بیرخــەرەوەو ئامۆژگارییــەو، هــەر کــەس بیــەوێ یــادی دەکات و پەنــدی لێوەردەگــرێ و، پەندیشــی لێوەرناگــرن ئــەی مرۆڤــەکان! مەگــەر خــوا بیــەوێ، هــەر ئەویــش شایســتەی پارێزلێکــران و لێبوردنــە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُۥ تَذۡكِرَةٞ ﴿٥٤﴾ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴿٥٥﴾ وَمَا يَذۡكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ هُوَ أَهۡلُ ٱلتَّقۡوَىٰ وَأَهۡلُ ٱلۡمَغۡفِرَةِ ﴿٥٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ كَلَّآ إِنَّهُۥ تَذۡكِرَةٞ ﴾، نەخێر (با وازبێنن) بە دڵنیایی ئەو (قورئان)ە، بیرخەرەوەو ئامۆژگارییە، (**رَدْعٌ ثَانٍ لاقْتِرَاحِهِمْ نُزُول كِتَاب سَمَاوِيٍّ لِكُلِ امْرِئٍ مِنْهُم ، وَالمَعْنى: لَا نُنَزِلُ كِتَابَاً، ذَلِك أن القُرآن تَذْكِرَة وَمَوْعِظَةٌ نَعِظُهُم بِه**)، ئەمە بەرپەرچدانەوەو هەڵوەشانەوەی دووەمەو، پەیوەستە بە پێشنیارکردنیان بە دابەزینی نووسراوێکی ئاسمانیی بۆ هەر کامێك، واتە: ئێمە هیچ نووسراوێك دانابەزێنین، چونکە قورئان بیرخەرەوەو ئامۆژگارییە ئامۆژگاریی ئەوانی پێ دەکەین.

یـانی: ئەگـەر بـە دوای هـەق و ڕاسـتییدا بگەڕێـن، ئـەوە قورئـان وەڵامیانـەو، ئەگـەر لـە بیانـووش بگەڕێـن، ڕێـی بیانـوو گرتـن ناگیـرێ، وەك گوتـراوە: (ئەگـەر دز دز بـێ، تاریکـە شـەو زۆرە)، هەروەهـا گوتـراوە: (کەسـێك بـە تۆبزیـی بنێـری بـۆ مـازوو چنین، لـە دارێ هــەر هەڵناڕوانــێ)، واتــە: تەماشــای درەختــەکان نــاکات، داخــۆ مازوویــان پێـوەن، یـان نـا؟ کەسـێك لـە بیانـوو گرتـن بگـەڕێ، ڕێـی بیانـوو گرتـن ناگیـرێ.

کەواتــە: وشــەی (**كَلَّا**) وەك گوتــراوە: (**رَدْعٌ وَزَجــرٌ وَإِبْطَــالٌ لــكَلَامٍ سَــابِق**)، بەرپەرچدانــەوەو تێخوڕیــن و هەڵوەشــانەوەی قســەیەکی پێشــوویە، کــە ئــەوە بــوو پێشــنیاریان کــرد بــوو: نامــەی تایبەتییــان لــە خــواوە بــۆ بــێ.

﴿إِنَّهُۥ تَذۡكِرَةٞ﴾، ڕاناوی سەر (إنَّه)، بە دڵنیایی هەر دەگەڕێتەوە بۆ قورئان، واتە: نەخێر با وازبێنن، بە دڵنیایی ئەو، (قورئان) بیرخەرەوەیە.

٢)- ﴿فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾، هەر کەسێك بیەوێ بیری دێتەوەو دێتەوە یادی، یاخود هەر کەسێك بیەوێ پەندی لێوەردەگرێ، چی بیر دەکەوێتەوە؟ خوای بیر دەکەوێتەوەو ڕاستییەکانی بیردەکەونەوە بە گشتیی.

٣)- ﴿وَمَا يَذۡكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾، بیریشیان ناکەوێتەوە مەگەر خوا بیەوێ.

ئەگەر یەکێك بڵێ: خوا فەرموویەتی: ﴿كَلَّآ إِنَّهُۥ تَذۡكِرَةٞ﴾، بەڵام دوایی دەفەرموێ: ﴿فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾، ﴿تَذۡكِرَةٞ﴾ش مێینەی مەجازییە، ئەدی بۆچی خوا فەرموویەتی: ﴿فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾؟ بە ڕاناوی نێرینە هێناویەتی؟ زانایان دەڵێن: ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ قورئان، (**فَمَن شَاءَ ذَكَرَ القُرآنَ**)، هەر کەس بیەوێ پەند لە قورئان وەردەگرێ، یاخود: ﴿فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ﴾، ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ خوا ﷻ، واتە: قورئان بیرخەرەوەیە بۆ مرۆڤەکان کە خوایان لەیاد بێ، ئنجا هەر کەسێك بیەوێ خوای دەکەوێتەوە یاد.

﴿وَمَا يَذۡكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾، یادی خواش ناکەنەوە، خوایان ناکەوێتەوە بیر، یاخود پەند وەرناگرن لە قورئان مەگەر خوا بیەوێ.

دوایی ئەمە زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

٤)- ﴿هُوَ أَهۡلُ ٱلتَّقۡوَىٰ﴾، بەس ئەو (خوا) شایستەی پارێزلێکرانە، (**هُوَ أهلٌ أن يُتَّقَى**) ئەو شایستەی ئەوەیە پارێزی لێ بکرێ.

٥)- ﴿وَأَهۡلُ ٱلۡمَغۡفِرَةِ﴾، بەس ئەویش شایستەی لێبوردنە، (**وَهُوَ أهلٌ لأنْ يَغْفِرَ لِمَن اتَّقَى**)، هەر ئەویش شایستەی ئەوەیە لە کەسێك ببوورێ کە پارێزی لێ بکات.

کورتە باسێکئازادیی مرۆڤ لە نێوان ویستی ڕەهای خواو ویستی جوزئی خۆیدا

لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾، نایەتەوە یادیان، یاخود: پەندی لێوەرناگرن مەگەر خوا بیەوێ، دوای ئەوەی فەرموویەتی: ﴿ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴾، هەر کەسێك بیەوێ خوای دەکەوێتەوە یاد، یاخود: پەند لە قورئان وەردەگرێ، یان: ڕاستییەکانی قورئانی دێنەوە یاد، دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾، یادیشی ناکەنەوەو نایەتەوە بیریان، یان: پەندی لێوەرناگرن مەگەر خوا بیەوێ، بە ڕواڵەت جۆرێك لە تێکگیرانیان لە نێوان دا هەیە!.

ئنجا زانایان زۆریان قسە لەو بارەوە کردوە، کە ئایا ویستی خوا ﷻ، پەیوەندیی لەگەڵ ویستی مرۆڤدا چۆنە؟ ئایا هەر کات مرۆڤ ویستی کارێك بکات، دەبێ لەو کاتەدا خوا بیەوێ ئەو کارە بکات، ئنجا بۆی دەکرێ، یاخود ئەمە چ واتایەکی دیکەی هەیە؟ چونکە ئەگەر وابێ و کاتێ مرۆڤ بیەوێ کارێ بکات، لەو کاتەدا خوا بیەوێ و، ئەگەر لەو کاتەدا خوا نەیەوێ، کارەکەی بۆ نەکرێ، لە ڕاستییدا بەوە حاڵەتی جەبر ڕوودەدا، چونکە لە بەرانبەر ویستی خوادا، ویستی مرۆڤ هیچ نیە!! دەڵێین: نەخێر، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئێوە نایەتەوە یادتان و پەند وەرناگرن، مەگەر خوا بیەوێ، واتە: خوا بیەوێ کە ئێوە بتوانن بێتەوە یادتان و، بشتوانن نەیەتەوە یادتان، یان بتانەوێ پەند وەربگرن، پەندی لێ وەربگرن و، نەتانەوێ پەند وەرنەگرن، پەند وەرنەگرن، واتە: خوا ﷻ بە ویستی ڕەهای خۆی، ئەو ویستەی بە ئێوە داوە، کە بتوانن چاکەو خراپەی پێ هەڵبژێرن.

لەو بارەوە بە باشم زانی ئەم عیبارەتەی (محمد حسین طباطبائي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، بێنم، دەڵێ: (هذا دَفْعٌ لِمَا يُمْكِن أنْ يَتوهَّمُوه مِن قَوْلِه تَعالَى: ﴿ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴾ أنَّ الأمْرَ إليْهِم، وَأنَّهُمْ مُسْتَقِلُّون فِي إرَادَتِهِمْ وَمَا يَتَرَتَّبُ عَلَيْهَا مِنْ أفْعَالِهِمْ، فَإنْ لَمْ يَشَاءُوا الذِّكْرَ، وَلَمْ يَذْكُروا، غَلَبُوهُ تَعَالَى فِيْمَا أرَاد، وَأعْجَزُوْه فِيْمَا شَاءَ مِنْ ذِكرِهِم.

وَالمُحَصَّلُ مِنَ الدفْعِ أنَّ حُكْمَ القَدَرِ جَاء فِي أفْعَالِهِمْ كَغَيْرِهَا مِنَ الحَوَادِث، وَتَذَكُّرهُم إنْ تَذَكَّروا، وَإنْ كَانَ فِعْلًا اخْتِيَارِيًاً صَادِراً عَنْهُم بِاخْتِيَارِهِم مِنْ غَيْرِ إكْرَاه، فَالْمَشِيْئَةُ الإلَهِيَةُ مُتَعَلِّقَة بِه بِمَا هُوَ اخْتِيَارِيٌّ، بِمَعْنَى أنَّ اللّه تَعَالَى يُرِيْد بِإرَادَةٍ تَكْوِيْنِيةٍ أنْ يَفْعَل الإنْسَانَ الفِعْلَ الفُلَانِيَّ بِإرَادَتِه وَاخْتِيَارِه، فَالْفِعْلُ الإخْتِيَارِيُّ مُمْكِنٌ بِالنِّسْبَة إلى الإنْسَان، وَهُوَ بَعَيْنِه مُتَعَلِّقُ الإرَادَة الإلَهِية، ضَرُورِيُّ التَّحَقُّقِ بِالنِّسْبَة إليْهَا، وَلَوْلَاها لَمْ يَتَحَقَّقْ).

واتە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾، {لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ﴿٣٠﴾ ﴾الإنسان}، ئەمە بۆ پاڵپێوەنان و دوورخستنەوەی ئەوەیە، کە ڕەنگە بە خەیاڵیان دا بێ کاتێ خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ ﴾، هەر کەسێ بیەوێ پەند وەردەگرێ (لە قورئان، یان خوای دەکەوێتەوە یاد)، بۆ ئەوەی وا نەچێتە خەیاڵیانەوە کارەکە تەنها بەدەست ئەوانەو، ئەوان سەربەخۆن لە ویستنیانداو، لەوەدا کە لەسەر ویستنەکەیان بنیات دەنرێ، هەر کات ویستیان خوایان دەکەوێتەوە یاد، یان پەند لە قورئان وەردەگرن و، بەسەر ویستی خوای بەرزدا زاڵ دەبن، لەوەدا کە ویستوویەتی و خوا دەستەوستان دەکەن، {یانی: ئەگەر نەیانویست، یاد ناکەنەوەو پەند وەرناگرن و بەسەر خوادا زاڵ دەبن، کە ویستوویەتی یاد بکەنەوە، بە پێچەوانەشەوە: ئەگەر خوا ﷻ نەشیویستبێ یاد بکەنەوە، ئەوان ئەگەر بیانەوێ، هەر یاد بکەنەوە، یان هەر پەند وەربگرن}.

---

(١) الميزان: ج:٢٠، ص: (١٠٠ ، ١٠١).

پوختەی ئەوەش کە لەو بەرپەرچدانەوەیە دێتە دەست، ئەوەیە کە قەدەری خوا ﷻ لە کردەوەکانیاندا، وەك قەدەری خوایە لە هەموو ڕووداوەکانی دیکەدا، بۆیە پەند وەرگرتنیان، ئەگەر پەند وەربگرن، هەرچەندە کارێکی ئازادانەی خۆیانە ئەنجامی دەدەن و، بە ویستی ئازادانەی خۆیانە بەبێ ناچارکران، بەڵام ویستی خوا ﷻ پەیوەستە بەو کردەوانەوەی مرۆڤ بە ویستی ئازادانەی خۆی ئەنجامیان دەدا، واتە: خوای بەرز بە ویستی تەکوینیی خۆی، ویستوویەتی: مرۆڤ فڵان کارە بە ویستی خۆی و بە هەڵبژاردنی خۆی بکات.

کەواتە: کارە هەڵبژێردراوەکە کە مرۆڤ ئەنجامی داوە، بە نسبەت مرۆڤەوە، کارێکی گونجاو (ممکن)ەو دەگونجا ببێ و، دەگونجا نەبێ، بەڵام هەر ئەوەیە کە ویستی خوای پەروەردگاریش پێوەی پەیوەستە، ئنجا ئەگەر ویستی خوای عزوجل نەبووایە، کە لە ئەزەلدا ویستوویەتی مرۆڤ بە هەڵبژاردنی خۆی کارەکان بکات، ئەو کاتە ئەو کارەی مرۆڤ نەدەبوو. (چ چاك بێ، چ خراپ بێ).

دەڵێم بە کورتیی: خوا ﷻ لە ئەزەلدا ویستوویەتی مرۆڤەکان بە ویستی ئازادانەی خۆیان بڕوا بێنن، یان بڕوا نەهێنن، ئنجا کە بڕوایان هێنا، چاکە بکەن بەپێی بڕوایەکەیان، یاخود گوناح بکەن، کە بڕواشیان نەهێنا، بەهەمان شێوەو، بڕوا نەهێنان هەر خراپەکاریی پەلکێش دەکات، ئنجا ئەو ویستنەی خوای پەروەردگار کە لە ئەزەلدا ویستوویەتی مرۆڤ ئازاد بێ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾، واتە ئێوە ناتوانن پەند وەربگرن و یادی خوا بکەن، مەگەر خوا بیەوێ، بەڵام خوا لە ئەزەلدا ویستوویەتی کە مرۆڤەکان بتوانن بە ویستی ئازادانەی خۆیان، یادی خوا بکەن، یان یادی نەکەن.

کەواتە: ئەگەر یادی خواتان کرد، ئەوە بە ویستێکی بەشیی (**جزئي**) ئەو یادی خوایەتان کردوە، یاخود ئەو پەندو عیبرەتەتان لە قورئان وەرگرتوە، خواش ئەو ویستە جوزئییەی بۆ ڕەخساندوون، بە ویستی گشتیی خۆی، ئەگەر

یـادی خواشـتان نەکـرد، بـە ویسـتی ئازادانـەی خۆتـان، یـان پەندتـان لـە قورئـان وەرنەگـرت، بـەو ویسـتە جوزئییـەی خـوا پێـی داون و، بـەو هەڵبژاردنـە جوزئییـەی خـوا پێیـداون بـۆ تاقیکردنەوەتـان، ئێـوە ئـەو پەندەتـان وەرنەگرتـوەو ئـەو یـادی خوایەتـان نەکـردوە.

کەواتـە: لـە هـەردوو حاڵانـدا ویسـتی گشـتیی و ڕەهـای خـوا لـە ئارادایـە، بـەڵام ویسـتی خـوا، نـەك بـۆ تـاك تاکـی کـردەوەکان، لـەو کاتـەدا کـە مـرۆڤ ئەنجامیـان دەدا، بەڵکـو خـوا ﷻ مرۆڤـی وا خوڵقانـدوە ویسـتێکی پێـداوە، بـەو ویسـتە دەتوانـێ چاکـە بـکات و خراپـە بـکات.

ئەم وێنەیە تەنیا بۆ نیزیکخستنەوەیە لە عەقڵ:

مامۆسـتایەك قوتابییەکـی خـۆی فێـری زانیاریـی بـکات، هەمـوو جۆرەکانـی زانیاریـی و، بینێـرێ بـۆ شـوێنێك کـە هەمـوو ئـەو پرسـیارانەی لێـی دەکرێـن، بتوانـێ وەڵامیـان بداتـەوە، وەڵامەکانیـانی فێـر بـکات، ئنجـا بینێـرێ، کەواتـە: لـە کاتێکـدا هـەر پرسـیارێکی لـێ دەکـرێ، ئـەو وەڵام دەداتـەوە، بەپێـی ئـەو زانیارییەی مامۆسـتایەکەی فێـری کـردوە، وەڵام دەداتـەوە، بـەڵام مامۆسـتایەکەی لـەوێ نیـە، بـەردەوام پێـی بڵـێ: ئـاوا بڵـێ، بەڵکـو یەکجـار فێـری کـردوەو ئەویـش وەڵام دەداتـەوە، خـواش ﷻ لـە ئەزەلـدا کـە مرۆڤـی خوڵقانـدوە، ویسـتێکی پێـداوە، بتوانـێ بـەو ویسـتەو، بـەو هەڵبژاردنـەی خـۆی چاکـە بـکات، یـان خراپـە بـکات، بۆیـە هـەر چاکەیـەك و، هـەر خراپەیـەك بـکات، بەپێـی ئـەو ویسـتەیە کـە خـوا پێیـداوە، کەواتـە: ویسـتە جوزئییەکـەی مـرۆڤ، لـە ژێـر ڕکێفـی ویسـتە گشـتییەکەی خـوای پـەروەردگار دایـە، هەرچەنـدە کاراو سـەربەخۆو ئازادیشـە!.

دیـارە مەسـەلەی قـەدەر یەکجـار وردو ئاڵـۆزەو پێـم وایـە بـە یـەك وشـە ئـەو مەتەڵـە حـەل دەبـێ، ئەویـش ئەوەیـە کـە بگوتـرێ: خـوا لـە ئەزەلـدا دەزانـێ کـە مـرۆڤ چـی دەکات و، بـە ویسـتی خـوا دەیـکات، بـەڵام مـرۆڤ هەرچی دەیـکات یان

نایکات، بە ویستی ئازادانەی خۆیەتی و خوای پەروەردگار ویستێکی جوزئیی بە مرۆڤ داوەو، بەو ویستە جوزئییە دەتوانێ چاك بكات و خراپە بكات، دەتوانێ ڕاست بڕواو چەوت بڕوا.

لە كۆتایی ئەم دەرسەدا ئەم دەقە دێنین: {عَنِ أَنَسٍ رضي الله عنه، «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَرَأَ هَذِهِ الآيَةَ: ﴿هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ ۝٥٦﴾، فَقَالَ: قَدْ قَالَ رَبُّكُم أَنَا أَهْلٌ أَنْ أُتَّقَى فَلا يُجْعَلَ مَعِي إِلَهًا، فَمَنِ اتَّقَانِي فَلَمْ يَجْعَلْ مَعِي إِلَهًا، فَأَنَا أَهْلٌ أَنْ أَغْفِرَ لَهُ} (أخرجه الترمذي ٣٣٢٨، والنسائي ٦٥٠، وابن ماجه ٤٢٩٩، وأبو يعلى ٣٣١٧، وصححه الحاكم، وسكت عنه الذهبي، وقال الترمذيُّ: حسن غريبٌ، وقال مُخَرِّجُ أحاديث تفسير فتح القدير للشوكاني ج٥ ص٤٠٤: ضعيفٌ).

واتە: ئەنەسی كوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ ۝٥٦﴾، دوایی فەرمووی: پەروەردگارتان فەرموویەتی: من شایستەی ئەوەم پارێزم لێ بكرێ، هیچ پەرستراوێك لەگەڵ مندا دانەنرێ، ئنجا هەر كەسێك پارێزی لە من كردو هیچ پەرستراوی لەگەڵ مندا دانەنان، من شایستەی ئەوەم لێی ببوورم.

هەڵبەتە خوا ﷻ یەكێك لە سیفەتەكانی ئەوەیە كە كاربەجێیەو كارزانە، هەر كەسە بەپێی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەكات، بەڵێ خوا ﷻ هەموو سیفەتەكانی بێ سنوورن، لێبوردنی خوا سنووری نیە، بەزەیی خوا سنووری نیە، هەروەها هەموو سیفەتەكانی دیكەشی ڕەهاو بێ سنوورن، بەڵام خوا ﷻ هەر كەسە بەپێی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەكات، وەك دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ۝٥٦﴾ **الأعراف**، واتە: بە دڵنیایی بەزەیی خوا لە چاكەكارانەوە نیزیكە، واتە: كەسێك بیەوێ بەزەیی خوای لێ نیزیك بێ، دەبێ چاكەكار بێ، بەڵام كەسێك خراپەكار بێ، خوا وەك چۆن ڕەحمەتی هەیە، تووڕەیی و غەزەبیشی هەیە، وەك چۆن پاداشتی هەیە، سزاشی هەیە، هەر بۆیە هەموو

ئەوانەی دڵی خۆیان بەوە خۆشدەکەن کە خوا بەزەیی زۆرە، لێبوردنی زۆرە، چاوپۆشیی زۆرە، میهرەبانیی زۆرە، کە بە دڵنیاییی وایە، بەڵام هەموو ئەوانەی بەوە خۆیان هەڵخەڵەتاندوە، کە مادام خوا بەزەیی زۆرە، با ئێمەش شایستەی بەزەیی خوا نەبین، خوا بەزەیی هەر پێمان دادێ!! لە ڕاستییدا شەیتان کڵاوی لەسەرناون، چونکە بێگومان خوا کاری نابەجێ ناکات، وەك پیرەمێردی شاعیر دەڵێ:

کاکە خوا کاری نابەجێ ناکا   تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا

دەبێ شایستەی بەزەیی خوا بی، ئنجا خوا بەزەیی پێتدا دێ، بەڵام ئەگەر کارێك بکەی شایستەی تووڕەیی و جەزرەبەو سزای خوا بێ و پێشت وابێ: خوا چاکەت لەگەڵدا دەکات، بەهەڵەداچووی، چونکە پێچەوانەی حیکمەتی خوایە، بەو جۆرە مامەڵە بکات.

بە نسبەت مەسەلەی قەدەریشەوە کە شتێکمان لێ باسکرد، دووبارەی دەکەمەوە: مەسەلەی قەدەر، وەك لە عەقیدەی (**الطحاوي**)یش دا هاتوە، نهێنیی خوایە لە دروستکراوەکانیداو، تواناکانی مرۆڤ سنووردارن و عەقڵی مرۆڤ ناتوانێ سیفەتە بێ سنوورەکانی خوا لە خۆیدا جێ بکاتەوەو وەخۆییان بگرێ، قەدەریش لە لایەکەوە پەیوەستە بە زانیاریی ئەزەلیی و بێ سنوورو بێ کۆتایی خواوە، هەروەها پەیوەستە بە حیکمەتی بێ سنووری خواو، بە ویستی بێ سنوورو ڕەهای خواو، دەسەڵاتی بێ سنوورو ڕەهای خوای پەروەردگارەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە لە ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دا بۆمان دەردەکەوێ، وەك لە کتێبی پێنجی مەوسووعەی (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)دا باسم کردوە، ئیمان بە قەدەر، پوختەکەی ئەوەیە کە تۆ دڵنیابی و، لە سەدا سەد (١٠٠/١٠٠) بزانی کە: خوا هیچ شتێك نەبووە نەیزانێ و، ویستی خوا ﷻ دەوری هەموو شتێکی داوەو، خوا هەموو شتێك دەتوانێ، بەڵام وێڕای ئەوەش خوا خاوەنی ئەوپەڕی حیکمەت و لێزانییەو، خوا ﷻ کە

ویستەکەی ڕەهایەو هیچ شتێك بەبێ ویستی خوا نابێ، ئەو ویستە ڕەهایەی خوا، ویستوویەتی مرۆڤێك بخوڵقێنێ، هەروەها جندیش، کە خاوەنی ویستێك بن، بەو ویستەیان بتوانن چاکە بکەن و خراپە بکەن: ﴿فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ﴿٢٩﴾﴾الكهف، وەك چۆن خوا ویستێکی ڕەهای هەیە، مرۆڤیش ویستێکی جوزئیی هەیە، بایی ئەوەی شایستەی پاداشت و سزا بێ.

ئنجا کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ﴿٣٠﴾﴾الإنسان، یان لێرەدا دەفەرموێ: ﴿وَمَا يَذْكُرُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾، ناتانەوێ تاکو خوا نەیەوێ، بیرتان ناکەوێتەوە تاکو خوا نەیەوێ، مەبەست پێی ئەوەیە کە خوا لە ئەزەلدا وایداناوە تۆ بتوانێ بتەوێ چاکە بکەی و، بتوانی بێتەوە یادت و پەند وەربگری، یان بە پێچەوانەوە: بتوانی نەتەوێ چاکەی بکەی و بتەوێ خراپە بکەی.

ئنجا کە دەگوترێ: ئایا خوا لە ئەزەلدا نەیزانیوە، کە فلانکەس بێبڕوا دەبێ و خراپە دەکات و دەچێتە دۆزەخ، ئنجا ئایا ئەو مرۆڤە چی بۆ دەمێنێتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: خوا لە ئەزەلدا زانیویەتی مرۆڤ بە ویستی ئازادانەی خۆی، ئەو ویستەی خوا پێی داوەو ئازادەو، هیچ کۆت و بەندێکی لەسەر نیە، دەتوانێ بەو ویستەی ئیمان بێنێ، دەشتوانێ کوفر بکات: ﴿فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ﴿٢٩﴾﴾الكهف، کەواتە: ئەو ویست و خواستە جوزئییەی بە مرۆڤ دراوە، گونجاوە بۆ هەردووك بارەکان، چ بۆ باری ئیمان پێهێنان، چ بۆ باری کوفر کردن، هەروەها بۆ باری ڕاست ڕۆیشتن یان چەوت ڕۆیشتن، کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: ناتانەوێ تاکو خوا نەیەوێ، بە دڵنیایی خوا لە ئەزەلدا ویستوویەتی، کە ئێمە بتوانین بمانەوێ چاکە بکەین، یان بمانەوێ خراپە بکەین.

لێرەدا دێینە کۆتایی ئەم دەرسەمان و کۆتایی تەفسیرکردنی ئەم سووڕەتەش و، سوپاسی بێ پایان و ستایشی شایستەی خوای بەرزی مەزن دەکەین، کە تەوفیقی داین تاکو ئێستا لەسەر ڕوونکردنەوەو چەمك و واتای ئایەتە بەرزو بە پێزەکانی

سـوورەتە موبارەکەکانـی کۆتـا فەرمایشـتی خـۆی بەردەوامـمان بـکات و، لێشـی داوا دەکەیـن کـە هەتـا کۆتایـی تەفسـیرکردنی قورئـان، لـەو بەخشـش و لوتـف و بەزەییـە بێسـنوورەی خـۆی پێـمان ببەخشـێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

القِيَامَةِ

دەستپێک

بەڕێــــزان!

ئەمــڕۆ کــە ڕۆژی (٢٤)ی شــەووالی (١٤٤١)ی کۆچییــە، بەرانبــەر: (٢٠٢٠/٦/١٦)ی زایینــی، لــە شــاری هەولێــر، خــوا ﷻ پشــتیوان بــێ دەســت دەکەیــن بــە تەفســیر کردنــی ســوورەتی (القِيَامَــة)، وەك عادەتــی خۆمــان ســەرەتا دێینــە ســەر پێناســە و خستنەڕووی نێوەڕۆکــی ســوورەتی (القِيَامَة) و، لــە حــەوت (٧) بڕگــەدا پێناســەی ئــەم ســوورەتە موبارەکــە دەکەیــن:

پێناسەی سوورەتی (القیامة) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئــەم ســوورەتە تەنیــا بــە نــاوی ســوورەتی (القِيَامَــة) نــاسراوە، لەبــەر ئــەوەی لــە ســەرەتاکەیەوە، وشــەی (القِيَامَــة) هاتــوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بــە یەکدەنگیــی زانایــان ئــەم ســوورەتە مەککەییــەو، واش پێدەچــێ لــە ســوورەتەکانی ســەرەتای قورئــان بــێ، بــە بەڵگــەی ئــەوە کــە خــوا لــە نێــو ئــەم ســوورەتەدا، بــە پێغەمبــەری خاتــەم ﷺ دەفەرمــوێ: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ﴿١٩﴾﴾، ئــەم ئایەتــە موبارەکانــەش، لێیــان دەفامرێتــەوە، کــە لــە ســەرەتای سرووش بــۆ کرانیــەوە

پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ خوا بەو شێوەیە ڕێنمایی کردوە و، ئامۆژگاریی کردوە، چۆن مامەڵە بکات لەگەڵ دابەزێنرانی وەحییدا، هەروەها ڕیزبەندیی دابەزینیشی ئەوە دەگەیەنێ.

بەڵام ئەو ژمارەیەی دانراوە بۆ ڕیزبەندییەکەی، وا پێدەچێ زۆرتر بێ و، پێم وایە ئەم سوورەتە زووتر دابەزیوە.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

زۆربەی ژمێرەرانی ئایەتەکان قورئان، ژمارەی ئایەتەکانی بە سی و نۆ (٣٩) دادەنێن، بەڵام هەندێکیش کە ئەهلی کوفەیان لە نێودان بە چل (٤٠)یان داناوە و، زیاتریش ژمارە چل (٤٠) تەبەنیی کراوە، لەو موصحەفانەدا کە لەبەر دەستی ئێمەدان.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە دابەزین و لە موصحەف دا:

لە دابەزین دا ژمارەی سی و یەك (٣١)یان بۆ داناوە، واتە: پێش سوورەتی (**الهُمَزة**)و، دوای سوورەتی (**القارعة**)، لە موصحەفیشدا ژمارە پەنجاو حەوت (٧٥)، هەڵبەتە ڕیزبەندیی سوورەتەکان لە دابەزین داو بەو شێوەیە ڕیزکردنیان، شتێکی ئیجتیهادییە، واتە: تەوفیقییە تەوقیفیی نیە، بۆیە دەگونجێ قسەی تێدا بکرێ و زانایان زۆریان قسە، لەو بارەوە کردوە، منیش ڕام وایە ڕیزبەندیی دابەزینی ئەم سوورەتە، دەبێ لە سی و یەك (٣١) کەمتر بێ و پێم وایە ئەم سوورەتە لە سوورەتە سەرەتایەکانە کە دابەزێندراون.

چونکە هەر لە سەرەتاوە خوا ﷻ پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ فێر کردوە، چۆن مامەڵە بکات لەگەڵ دابەزێنرانی وەحییداو، چۆن ئارام بگرێ،

تاکو جیبریل ئایەتەکانی بۆ دەخوێنێتەوە و، پەلە نەکات لە دەم و زار پێ جووڵاندنیان و، مەترسیی ئەوەی نەبێت نەتوانێت چاك وشەکان، کۆنترۆڵ بکات و، لەبەریان بکات، دوایی لە بیری بچنەوە، خوا ﷻ لەم ئایەتانەدا ئەم دڵنیاییەی پێداوە، وەك و دوایی باسی دەکەین، بۆیە من پێم وایە کە دەگونجێ، ڕیزبەندییەکەی زۆر لەوە کەمتر بێت، بۆ وێنە: لە هەشت نۆ دە سوورەتەکەی سەرەتا بێت.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە ناوو نێوەڕۆکی زۆر پێکەوە جووتن، تەوەری سەرەکیی ئەم سوورەتە، بریتیە لە باسی ڕۆژی دوایی، بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەتەوە، ئاماژەیەکیش بە حاڵەتی مردن و سەرەمەرگی مردنی بابای بێبڕوا کراوە، کە ئەویش قۆناغێکە بەرەو ژیانی بەرزەخ و ڕۆژی دوایی.

شایانی باسە لە میانی ئەو باس و خواسەدا، ئامۆژگاریی پێغەمبەری خوا ﷺ کراوە بۆ گوێگرتن لە وەحیی و، وەرگرتنی لە جیبریل، لە کاتێکدا بەسەریدا دەخوێنێتەوە، لە کۆتاییشدا خوای پەروەردگار، بە سەرزەنشتکردنەوە ڕەخنەی لە بابای کافر گرتوە، کە چۆن پێیوایە پشتگوێ دەخرێ و سزاو پاداشتی نابێ، لە حاڵێکدا لە تۆویلکەیەکەوە هاتوە، بۆتە خوێن پارە، پاشان نێرو مێ، ئایا خوایەك ﷻ، پەروەردگارێك کە بەو هەموو قۆناغانەدا هێناویەتی، ناتوانێ زیندووی بکاتەوە؟ بیژیەنێتەوە؟ بێگومان، با.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئێمە شەش (٦) تایبەتمەندیی ئەم سوورەتەمان کەوتوونە بەرچاو:

١- سوێند خواردن بە (**النَّفْس اللَّوَّامَة**): ﴿ لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۝١ وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢ ﴾، واتە: خودێکی سەرکۆنەکەر و ڕەخنەگر، کە لە هەموو قورئان دا تەنها لێرەدا هاتوە.

٢- باسی ڕێکخستنەوەی سەرەپەنجەکان: ﴿ بَلَىٰ قَـٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّىَ بَنَانَهُۥ ۝٤ ﴾، هەرچەندە هەندێکیشیان گوتوویانە: (**بَنان**) کۆی (**بَنَانَة**)یە، بە مانای پەنجە هەمووی دێ، بەڵام زۆربەیان دەڵێن: بە مانای (**أنامل**) دێ، واتە: سەرە پەنجەکان (**رؤوس الأصابع**).

٣- باسی کۆکرانەوەی خۆرو مانگ لە ئاخیر زەماندا: ﴿ وَجُمِعَ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۝٩ ﴾.

٤- هۆشداریدان بە پێغەمبەری خوا ﷺ، کە لە کاتی وەرگرتنی قورئاندا پەلە نەکات: ﴿ لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ۝١٦ ﴾، هەڵبەتە لە سوورەتی (**طه**)شدا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ ۝١١٤ ﴾، پەلە مەکە لە قورئان، بەرلەوەی سرووشەکەی بۆ لای تۆ تەواو بێ، بەڵام لێرەدا وردەکاریی زیاتری لەو بارەوە گوتوە، لەوێ بەشێکی لە ئایەتێك بۆ تەرخانکراوە، لە سوورەتی (**طه**)دا، بەڵام لێرەدا لە دوو توێی چوار ئایەتدا، خوا ﷻ ئەوەی باسکردوە، وا پێدەچێ ئەوەی سوورەتی (**طه**)، دوایی هەر جەختکردنەوەی ئەوە بێ، کە لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە، وەك بیرخستنەوەی پێغەمبەری خاتەم بێ، بۆ ئەوەی پەلە نەکات.

٥- باسی تەماشاکردنی بڕواداران بۆ خوا، لە ڕۆژی قیامەتدا، واتە: بینینیان بۆ خوا ﷻ بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە، بەو شێوەیە نا کە ئێستا بۆ ئێمە زانراوەو، بەو توانا سنووردارانەی ئێمە نا، بەو توانا جەستەییە خاکییانە، ئەویش لە ئایەتی: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ۝٢٢ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ۝٢٣ ﴾، لەو ڕۆژەدا چەند ڕوویەك درەوشاوەو پڕشنگدارن، تەماشای پەروەردگاری خۆیان دەکەن.

٦- چەند وتەعبیرێکی ناوازە، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون، بەپێی ئەوەی ئێستا لە یادمە: یازدە دانەن:

١- ﴿ بَرِقَ ٱلْبَصَرُ ﴾، بە (بَرَقَ)ش خوێنراوەتەوە: (بَرِقَ البَصَر)، (بَرِق) واتە: سەرسام بوو، یان چاو ئەبلەق بوو، بەڵام (بَرَقَ) بە مانای تیشکی دا، بریقەی دا.

٢- ﴿ وَخَسَفَ ٱلْقَمَرُ ﴾، مانگ خەفە بوو، شەوقی نەما.

٣- ﴿ كَلَّا لَا وَزَرَ ﴾، نەخێر هیچ پەنایەك نیە، هیچ شوێنێك و پەناگەیەك نیە مرۆڤ خۆی تێدا پەنا بدات.

٤- ﴿ وَلَوْ أَلْقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ ﴾، هەرچەندە بیانووەکانی خۆشی بهاوێ، فڕێ بدات.

٥- ﴿ نَّاضِرَةٌ ﴾. درەوشاوە.

٦- ﴿ بَاسِرَةٌ ﴾. گرژو مۆن.

٧- ﴿ فَاقِرَةٌ ﴾، بەڵایەکی بێ ڕەزا، پشت شکێن، کەمەر شکێن.

٨- ﴿ ٱلتَّرَاقِىَ ﴾، کۆی (تَرقوة)یە، هەموو مرۆڤێك دوو (تَرقوة)ی هەن، بە کوردیی چۆڵەمەی پێدەڵێن، ئەو دوو ئێسقانەی لە دەوری قوڕگن.

٩- ﴿ مَنْ رَاقٍ ﴾، کێ چارەسەری دەکات، کێ دوعای بۆ دەکات، یاخود کێ بەرزی دەکاتەوە ڕووحەکەی.

١٠- ﴿ وَٱلْتَفَّتِ ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ﴾، لاق لە لاق ئاڵا، ئەو کاتەی کە مرۆڤ دەکەوێتە حاڵەتی گیانەڵا، لاقەکانی تێك دەئاڵێن.

١١- ﴿ يَتَمَطَّىٰٓ ﴾، (**يتبختر**) ئەوەیە کە بە فیزو کەشخەوە و بە خۆ ڕاوشاندنەوە بڕوا، وشەی (**مَطى**) بە مانای پشت دێ، ﴿ يَتَمَطَّىٰٓ ﴾، پشتی خۆی بادەداو فیزو کەشخە دەکات.

١٢- ﴿ سُدًى ﴾، (**مُهْمَل**) پشتگوێ خراو، وێڵکراو.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان:

ئێمـە کـۆی چـل ئایەتەکـە دەکەیـن بـە یـەك دەرس، چونکـە هەمـووی یـەك بابەتـی پێکـەوە پەیوەسـتە و باسـی ڕۆژی دواییـە، بـە هـەردوو قۆناغـی کۆتایـی هاتنـی ژیانـی دنیـاو، هەڵسـێنرانەوەو زیندووکرانـەوەی مردووانـەوە، واتـە: ئاخیـر زەمـان و قیامـەت، هەروەهـا بـە پێشەکییەکەشـیانەوە کـە بریتیـە، لـە کەوتنـە حاڵەتـی گیانـەڵاو سـەرەمەرگی مـرۆڤ.

دەرسی ئەم سوورەتە

پێناسەی ئەم دەرسە

وەك پێشـتر گوتمـان: کـۆی چـل (٤٠) ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتە دەکەینـە یـەك دەرس، کـە دوازدە (١٢) بابەتـی یـەك لـە دوای یـەك دەگرنـە خۆیـان:

١- باسی مسۆگەربوونی زیندووکرانەوە لە ئایەتەکانی: (١ - ٤) دا.

٢- هۆکاری نکووڵییکردنی بێبڕوایان لە قیامەت بریتیە لە تاوانباریی گوناهبارییان، لە ئایەتەکانی: (٥ و٦)دا ئەم ڕاستییە خراوەتە ڕوو.

٣- هەندێك لە ڕووداوەکانی ئاخیر زەمان و، بێ دەرەتـانیی مـرۆڤی بێبڕوا، لە ئایەتەکانی: (٧ - ١٢)دا.

٤- هەواڵپێدرانی مرۆڤی کافر بە کردەوەکانی و، بێ سوود بوونی پۆزش و بیانووەکانی، لە ئایەتەکانی: (١٣ - ١٥)دا.

٥- ڕێنمایی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ، کە لە وەرگرتنی وەحیی دا پەلە نەکات و، زار بە وشەکان نەجووڵێنێ، لە ترسی ئەوەی چاك فەرمایشتەکەی خوا وەرنەگرێ و، دڵنیایی پێدانی لەوە کە خوا قورئان لەعەقڵ و دڵیدا کۆدەکاتەوە و بۆشی ڕووندەکاتەوە، لە ئایەتەکانی: (١٦ - ١٩)دا.

٦- حەزکردن و پێخۆشبوونی مرۆڤان لە دنیاو، پشتگوێ خستنی قیامەت، ئەمیش لە ئایەتەکانی: (٢٠ و٢١)دا.

٧- ڕووگەش بوونی بڕواداران و تەماشاکردنیان بۆ خوای پەروەردگاریان، لە ڕۆژی دواییداو لە بەهەشتدا، لە ئایەتەکانی: (٢٢ و٢٣)دا.

٨- نائومێد بوونی بێبڕوایان و، دڵ پڕ بوونیان لە سام و هەژمەت و ترس و لەرز، لە ئایەتەکانی: (٢٤ و ٢٥)دا.

٩- باسی سەرە مەرگی بابای بێبڕوا، لە ئایەتەکانی: (٢٦ - ٣٠) و ئەوەی لێی ڕوودەدا لە حاڵەتی سەرەمەرگ و گیانەڵادا.

١٠- خستنەڕووی خراپترین کردەوەکانی بابای بێبڕوا، کە چوار کردەوەی سەرەکین، لە ئایەتەکانی: (٣١ - ٣٣)دا.

١١- نکووڵییکردن لە بێبڕوایی کافران، بە زیندووکردنەوەو سزاو پاداشت، واتە: ڕەخنەگرتن و نکووڵییکردن لە بێبڕوایی کافرەکان، بەرانبەر بە زیندووکرانەوەو هەبوونی سزاو پاداشت، لە ئایەتی ژمارە (٣٦)دا.

١٢- بەڵگەهێنانەوە لەسەر زیندوو کرانەوە لە ئایەتەکانی: (٣٧ - ٤٠)دا.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴿١﴾ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ﴿٢﴾ أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجۡمَعَ عِظَامَهُۥ
﴿٣﴾ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ﴿٤﴾ بَلۡ يُرِيدُ ٱلۡإِنسَٰنُ لِيَفۡجُرَ أَمَامَهُۥ ﴿٥﴾ يَسۡـَٔلُ أَيَّانَ يَوۡمُ ٱلۡقِيَٰمَةِ
﴿٦﴾ فَإِذَا بَرِقَ ٱلۡبَصَرُ ﴿٧﴾ وَخَسَفَ ٱلۡقَمَرُ ﴿٨﴾ وَجُمِعَ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ ﴿٩﴾ يَقُولُ ٱلۡإِنسَٰنُ يَوۡمَئِذٍ أَيۡنَ ٱلۡمَفَرُّ
﴿١٠﴾ كَلَّا لَا وَزَرَ ﴿١١﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡمُسۡتَقَرُّ ﴿١٢﴾ يُنَبَّؤُاْ ٱلۡإِنسَٰنُ يَوۡمَئِذِۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ ﴿١٣﴾ بَلِ ٱلۡإِنسَٰنُ
عَلَىٰ نَفۡسِهِۦ بَصِيرَةٞ ﴿١٤﴾ وَلَوۡ أَلۡقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ ﴿١٥﴾ لَا تُحَرِّكۡ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعۡجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيۡنَا جَمۡعَهُۥ
وَقُرۡءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأۡنَٰهُ فَٱتَّبِعۡ قُرۡءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيۡنَا بَيَانَهُۥ ﴿١٩﴾ كَلَّا بَلۡ تُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ ﴿٢٠﴾
وَتَذَرُونَ ٱلۡأٓخِرَةَ ﴿٢١﴾ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ ﴿٢٣﴾ وَوُجُوهٞ يَوۡمَئِذِۭ بَاسِرَةٞ ﴿٢٤﴾ تَظُنُّ أَن يُفۡعَلَ
بِهَا فَاقِرَةٞ ﴿٢٥﴾ كَلَّآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ ﴿٢٦﴾ وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ ﴿٢٧﴾ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلۡفِرَاقُ ﴿٢٨﴾ وَٱلۡتَفَّتِ ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ
﴿٢٩﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡمَسَاقُ ﴿٣٠﴾ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ ﴿٣١﴾ وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٣٢﴾ ثُمَّ ذَهَبَ إِلَىٰٓ
أَهۡلِهِۦ يَتَمَطَّىٰٓ ﴿٣٣﴾ أَوۡلَىٰ لَكَ فَأَوۡلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوۡلَىٰ لَكَ فَأَوۡلَىٰٓ ﴿٣٥﴾ أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَن يُتۡرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾ أَلَمۡ

بِكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ ﴿٣٩﴾ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَادِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧىَ الْمَوْتَىٰ ﴿٤٠﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، نەخێـر (ئـەوەی بێبڕوایـان دەیڵێـن، کـە زینـدوو ناکرێنـەوە ڕاسـت نیـە)، سـوێند دەخـۆم بـە ڕۆژی هەڵسـانەوە ﴿١﴾ هەروەهـا وانیـە (کـە دەڵێـن) سـوێند دەخـۆم بـە نەفسـی زۆر سـەرکۆنەکار (زینـدوو دەکرێنـەوە) ﴿٢﴾ ئایـا مـرۆڤ (ی بێبـڕوا) پێـی وایـە ئێسـکەکانی کۆناکەینـەوە! ﴿٣﴾ بـا، بـە توانایـن سـەرە پەنجەکانیشـی ڕێکبخەینـەوە ﴿٤﴾ بەڵکـو مـرۆڤ (ی بێبـڕوا) دەیـەوێ، لـەو (تەمـەن)ەدا کە لـە پێشـیەتی، تاوانباریی بـکات (و لەسـەر خراپەکاریی بـەردەوام بـێ) ﴿٥﴾ (بۆیـە بـە نکوولّییکردنـەوە) دەپرسـێ: ڕۆژی هەڵسـانەوە کەیـە؟ ﴿٦﴾ هـەر کات چـاو ئەبڵـەق بـوو ﴿٧﴾ مانگیـش خەفـەو بـێ شـۆق بـوو ﴿٨﴾ خۆرو مانگیـش کۆبوونـەوە (ئـەو ڕۆژە مەزنـە دێ) ﴿٩﴾ (لـەو ڕۆژەدا) مـرۆڤ (ی بێبـڕوا) دەڵـێ: کـوا هەڵاتـن؟ ﴿١٠﴾ بـا وازبێنـێ (ڕێـی هەڵاتـن نیـە و) هیـچ پەنایـەك نیـە ﴿١١﴾ لـەو ڕۆژەدا سـەقامگیربوون (و گیرسانەوە)، تەنیا بـەرەو لای پەروەردگارتـە ﴿١٢﴾ لـەو ڕۆژەدا مـرۆڤ (ی بێبـڕوا) هەواڵـی پێـدەدرێ، بـەوەی پێشیخسـتوەو دوای خسـتوە ﴿١٣﴾ بەڵکـو مـرۆڤ (ی بێبـڕوا) بەسـەرخۆیەوە چاودێـرو شـایەدە ﴿١٤﴾ هەرچەنـدە پـۆزش و بیانووەکانیشـی بـاوێ (و بخاتـەڕوو) ﴿١٥﴾ (ئـەی موحەممـەد ﷺ! لـە کاتـی سروش بـۆ کرانـت دا)، زمانتـی پـێ مەجووڵێنـە، تاکـو پەلـەی لـێ بکـەی ﴿١٦﴾ بـە دڵنیایـی کۆکردنـەوەی (قوڕئـان لـە عەقـڵ و دڵـت دا)و خوێندنـەوەی لەسـەر ئێمەیـە ﴿١٧﴾ ئنجـا هـەر کات خوێندمانـەوە، شـوێن خوێندنەوەکـەی بکـەوە ﴿١٨﴾ دواییـش بـە دڵنیایـی ڕوونکردنەوەکـەی لەسـەر ئێمەیـە ﴿١٩﴾ وازبێنـن (ئـەی بێبڕوایـەکان!)، بەڵکـو

(هـۆی بێبڕواییتـان ئەوەیـە کـە) ژیانـی پەلـەو زوو تێپـەڕ(ی دنیا)تـان خۆشـدەوێ ﴿٢٠﴾ (ژیانـی) مەنزڵـگای کۆتاییـش واز لـێ دێنـن ﴿٢١﴾ لـەو ڕۆژەدا ڕووانێـك گـەش و درەوشـاوەن ﴿٢٢﴾ تەماشـاکەری پەروەردگاریانـن ﴿٢٣﴾ ڕووانێکیـش هـەن گـرژو مۆنـن ﴿٢٤﴾ (خاوەنەکانیـان) پێیـان وایـە (بەڵایەکـی) کەمـەر شـکێنیان بەسـەر دێ ﴿٢٥﴾ بـا واز بێنـن هـەر کات (یەکیـان) ڕووحیـی گەیشـتە چۆڵەمـە (ئێسـقانە)کانی (سـەروو سـینە) ﴿٢٦﴾ گوتـراش: کـێ نوشـتەی (چارەسـەری) بـۆ دەکات؟ ﴿٢٧﴾ ئەویـش پێی وابوو ئـەوە (حاڵەتـی) جیابوونەوەیـە ﴿٢٨﴾ هەروەهـا لاقیـش لـە لاق ئـاڵا ﴿٢٩﴾ لـەو ڕۆژەدا بـردن و ئامادەکـردن تەنیـا بـۆ لای پەروەردگارتـە ﴿٣٠﴾ ئنجـا ئـەو کەسـە (بێبڕوایـە) نـە (بـڕوای بـە پێغەمبـەر هێنـاوەو) بـە ڕاسـتیی دانـاوەو نـە نوێـژی کـردوە ﴿٣١﴾ بەڵکـو (پێغەمبـەرو پەیامەکـەی) بـە درۆ دانـاوەو پشـتی هەڵکـردوە ﴿٣٢﴾ دواییـش بـە فیـزو خۆبادانـەوە چۆتـە لای خێـزان و کـەس و کاری ﴿٣٣﴾ سـزای سـەخت و هـاوار بـۆ تـۆ، سـزای سـەخت و هـاوار ﴿٣٤﴾ ئنجـا سـزای سـەخت و هـاوار بـۆ تـۆ، سـزای سـەخت و هـاوار ﴿٣٥﴾ ئایـا مـرۆڤ (ی بێبـڕوا) پێـی وایـە، بـە پشـتگوێ خراویـی وازی لـێ دەهێـنرێ؟ ﴿٣٦﴾ ئایـا (سـەرەتای دروسـتبوونی) تۆویلکەیـەك نەبـوو لـە تۆوێـك کـە دەڕێـژرێ؟ ﴿٣٧﴾ دوایـی خوێنپارەیـەك بـوو (خـوا) دروسـتیکردو ڕێکیخسـت! ﴿٣٨﴾ ئنجـا دوو جووتـی نێـرو مێـی لـێ پەیـدا کـردن ﴿٣٩﴾ ئنجـا ئایـا ئـەو (بەدیهێنـەرە مـەزن)ە، بـە توانـا نیـە کـە مـردووان بژیەنێتـەوە؟ (ئێمـەش دەڵێیـن: بـا، لەسـەر ئـەوە لـە شـایەدانین) ﴿٤٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱللَّوَّامَةِ): ڕێژگەی زێدەڕۆییە، لە (لائِم)ەوە هاتوە، (لائِم): لۆمەکەر، ڕەخنەگر، سەرکۆنەکەر، (اللَّومُ: عَذْلُ الإنْسَانِ بِنِسْبَتِهِ إلى مَا فِيْه لَوْمٌ، يُقَالُ لُمتُهُ فَهُوَ مَلُومٌ، وألَامَ فَهُوَ مُلِيْمٌ، أي إسْتَحَقَّ اللَّوْمَ، وَاللَّوَّامَةُ صِيْغَةُ المُبَالَغَةِ مِنْ لائِم)، (لَوْمُ): بریتیە لە ڕەخنەگرتن لە مرۆڤ، بە هۆی پاڵدانی بۆ شتێك، كە جێی ڕەخنەو گلەییە، (لُمْتُهُ فَهُوَ مَلُومٌ) بە کوردییش ئێمە هەر بەکاری دێنین، دەڵێین: لۆمەم کرد، واتە: گلەییەم لێ کرد، ئەو گلەیی لێکراوە، بەڵام کە دەگوترێ: (أَلامَ فَهُوَ مُلِيْمٌ)، واتە: کارێکی کرد کە ڕەخنەی لێ بگیرێ، لۆمە بکرێ، شایستەی گلەیی و لۆمە لێکردن بێ، وشەی (اللَّوَامَة) وەك گوتمان: ڕێژگەی زێدەڕۆییە لە (لائِم) واتە: ڕەخنەگر، سەرکۆنەکەر، (لَوَّامَة) زۆر ڕەخنەگر.

(بَنَانَهُۥ): (بَنَانَ: جَمْعُ: بَنَانَة، بَنَانَة أي: أَطْرَافُ الأَصَابِع)، سەری پەنجەکان، سەرە پەنجەکان پێیان دەگوترێ: (بَنَانَة)، بە یەکێکیان (بَنَانَة) دەگوترێ و بە کۆ (بَنَان).

(لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ): بۆئەوەی تاوان بکات لەوەی لە پێشیەوەیەتی، (ظَرْفٌ بِمَعْنَى قُدَّام، وَيُسْتَعْمَلُ اسْمَ فِعْلٍ بِمَعْنَى إحْذَر وَتَبَصَّر: أَمَامَك، وَفَجَرَ يَفْجُرُ فُجُوراً، انْبَعَثَ فِي المَعَاصِي غَيْرَ مُكتَرِثٍ، وَفَجَرَ أَمْرُ القَوْمِ أي: فَسَدَ، وفَجَرَ فِي يَمِينِهِ أي: كَذَبَ)، وشەی (أَمَام) زەرفە بە مانای پێشەوە دێ، وەك (قُدَّام)، بەکاریش دەهێنرێ، وەك ناوی کردار، ئەگەر بگوترێ: (أَمَامَكَ) واتە: وریا بە، ئاگات لە خۆت بێ، وشەی (فُجُور)، (فَجَرَ يَفجُرُ فُجُوْرَاً)، چووە نێو گوناهانانەوە، بەبێ ئەوەی گوێی پێ بدات، دەگوترێ: (فَجَرَ أَمْرُ القَوْم أي: فَسَدَ)، کاری خەڵکەکە تێکچوو، (وفَجَرَ فِي يَمِنِه أي: كَذَبَ)، واتە: لە سوێندەکەیدا درۆی کرد.

(أَيَّانَ): (عِبَارَةٌ عَن وَقْتِ الشَّيءِ وَيُقَارِبُ مَعْنَى: مَتَى، أَصْلُهُ: أيُّ أَوَانٍ أي: أيّ وَقْتٍ، ﴿ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، ڕۆژی هەڵسانەوە کەنگێیە، دەڵێ: (أَيَّانَ): بریتیە لە کاتی

شـتێك، مانایەکـەی لـە (مَتَـى)وە نزیکـە، ئەصلـی (أَيَّـانَ): (أيُّ أوَانٍ، أوَان أي: الوَقْـت)، چ کاتێـک، کـەی، کەنگـێ.

(بَرِقَ ٱلْبَصَرُ): (الـبَرْقُ: لَمعـانُ السَّـحَابِ)، (بَـرْق): بریتیـە لـە برووسـکەی هـەور، کـە لـە نێـو هـەور دێتـە دەر، (يُقَـالُ بَـرِقَ وَأَبْـرَقَ)، هـەم (بَـرِقَ)ی بـۆ بـەکاردێ، واتـە: هـەم بـە (ثُـلاَثِي)، هـەم بـە (رُبَاعِـي)، (أَبـرَقَ)، واتـە: برووسـکەی دا، ئەمـە ئەگـەر (برِقَ) بـێ، بەڵام (بَـرَقَ أي: لَمَـعَ)، واتـە: بریسـکایەوە، ئـەوەی دیکـە واتـە: تیشـکی دایـەوە، (بَرِقَ ٱلْبَصَرُ) (أي: اضْطَرَبَـتِ العَـيْنُ)، چاوەکـە ئەبڵـەق بـوو، یاخـود سـوورا، بـەڵام (بَـرَقَ البَـصَرُ)، واتـە: چاوەکـە ئەوەنـدە زەق بـوو، بریسـکەی دا.

(وَخَسَفَ ٱلْقَمَرُ): مانگەکـە خەفـە بـوو، بـێ شـوق بـوو، (الخُسُـوفُ للقَمَـر، وَالكُسُـوفُ للشَّـمْس)، هەندێـك گوتوویانـە: وشـەی (خُسُـوف) بـۆ مانگـە، بـەڵام (كُسُـوف) بـۆ خـۆرە، هەندێکیـش گوتوویانـە: (كُسُـوف) بـۆ هەردووکیانـە، هەندێکیـش گوتوویانـە: (كُسُـوف) بـۆ هەردووکیانـە، ئەگـەر شـۆقیان نەمـا، بـەڵام (خُسُـوف) بـۆ کاتێکـە، کـە کەمێـك لـە تیشـکەکەیان نەمێنـێ و خەفـە بـبن.

(ٱلْمَفَرُّ): (مَوْضِـعُ الفِـرَار، وَالفِـرَارُ نَفْسُـهُ وَوقْتُـهُ)، ﴿أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ﴾، (لِلثَّلَاثَـة)، (مَفَـرّ) هـەم بـە شـوێنی ڕاکـردن دەگوتـرێ، هـەم بـە خـودی ڕاکـردن، هـەم بـە کاتـی ڕاکـردن، کەواتـە: ﴿أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ﴾، واتـە: ڕاکـردن لـە کوێیـە؟ یاخـود شـوێنی ڕاکـردن، یاخـود کاتـی ڕاکـردن نیـە، نـە کاتـی هەیـە، ڕاکـردن لـەو ڕۆژەدا، نـە شـوێنی هەیـە، نـە خۆشیشـی هەیـە.

(لَا وَزَرَ): (الـوَزَرُ: المَلْجَـأُ الَّـذِي يُلْتَجَـأُ إِلَيْـهِ مِـنَ الجَبَـل)، (وَزَر): ئـەو پەناگەیـە کـە لـە چیـا پەنـای پـێ دەبـردرێ، ئەشـکەوت و پەنـاو بنهۆڵێـك، (الـوِزْرُ: الثُّقْـلُ، تَشْـبِيْهاً بـوِزْرِ الجَبَـلِ)، (وِزْر) بـە مانـای قورسـییە، چوێنـراوە بـە قورسـایی چیـاوە.

(ٱلْمُسْتَقَرُّ): (القَـرَارُ وَالثُّبُـوتُ، لِـكُلِّ نَبَإٍ مُسْـتَقَرٌّ أي: غَايَـةٌ وَنِهايـة، وَالمَقَـرُّ جَمْـعُ: المَقَـار، مَـكَانُ الإسـتِقْرَار)، (مُسْـتَقَرّ): بـە مانـای چەسـپان، واتـە: لێـرەدا چاوگـە، بـە مانـای چەسـپاویی و سـەقامگیر بـوون، وەك خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ لِكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ ﴾الأنعام، بۆ هـەر هەواڵێـك وەسـتانێك هەیـە، نشـینگەیەك هەیـە، مەبەسـت پێـی ئامانجەکەیـەو شـوێنەکەیە کـە دەیگاتـێ، (مَقَر)یـش کـە بـە (مَقَـار) کـۆ دەکرێتـەوە، شـوێنی تێـدا نیشـتەجێ بوونـە، (مَقَـرّ) لەگـەڵ (مُسْـتَقَرّ) ماناکەیـان یەکـە، بـەڵام (مَقَـر) پیتەکانـی کەمـترن لـە (مُسْـتَقَر)، یاخـود (مُسْـتَقَر) بـە مانـای خـودی سـەقامگیر بـوون و لـێ وەسـتان، بـەڵام (مَقَـر) بـە مانـای شـوێنی تێـدا سـەقامگیر بـوون و تێـدا وەسـتان.

(بَصِيرَةٌ): (البَصِـيْرَةُ: قُـوَّةُ الإِدْرَاكِ وَالفِطْنَـة، وَالعِلْـمُ وَالخُـبْرَة، وَالحُجَّـةُ، وَالرَّقِيْـبُ، وَالعِبْرَة) (بصیرة): هـەم بـە مانـای هێـزی زانیـن و پـەی پێـبردن دێ، هـەم بـە مانـای زانیاریـی و شـارەزایی دێ، هـەم بـە مانـای بەڵگـە دێ، بـە مانـای چاودێـر دێ، هەروەهـا بـە مانـای پەنـد و عیبرەتیـش دێ.

(مَعَاذِيرَهُۥ): (عَـذَرَ فُلَانَـاً فِيْـمَا فَعَلَـهُ عُـذْراً وَمَعْـذِرَةً: رَفَـعَ عَنْـهُ اللَّـومَ فِيْـه)، دەگوتـرێ: (عَـذَرَ فُلَانَـاً فِيْـمَا فَعَلَـهُ عُـذْراً وَمَعْـذِرَةً) واتـە: ڕەخنـەی لـێ نەگـرت و گلەیـی لەسـەر لابـرد، (مَعَاذِيْـر: اسْـمُ جَمْـعِ مَعْـذِرة) (مَعَاذِيْـر) نـاوی کـۆی (مَعْذِرة)یـە، (وَجَمْـعُ مَعْذِرة: مَعَاذِيْـر)، بـەڵام کـۆی (مَعْـذِرة) (مَعَـاذِرة)ە بەبـێ (یـاء)، بـەڵام (مَعَاذِيْـر) نـاوی کـۆی (مَعْذِيْرة)یـە، کـە بـە مانـای پـۆزش و پاسـاو هێنانەوەیـە.

(قُرْءَانَهُۥ): (قِرَاءَتَـهُ)، خوێندنەوەکـەی (قُـرْآن: كِتَـابُ اللـه المُنَـزَّلِ عَـلَى مُحَمَّـدٍ ﷺ)، قفەرمایشـتی دابەزێنـدراوی خوایـە بـۆ سـەر موحەممـەد، بـەڵام کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴾، (أي قِرَاءَتَـهُ)، هـەرکات خوێندمانـەوە شـوێن خوێندنەوەکەی بکـەوە.

(نَّاضِرَةٌ): (النَّـضْرَةُ: الحُسْـنُ كَالنَّضَـارَةِ، وَنَـضْرَةُ النَّعِيـم: رَوْنَقُـهُ، وَنَـضَّرَ اللـهُ وَجْهـه أي: حَسَّـنَهُ، وَأَخْـضِرُ نَـاضِرٌ أي: غَـضٌّ حَسَـنٌ) (نَـاضِرَةٌ) یانـی: جوانیـی و چاکیـی وەك (نَضَارَة)،

(نَـضْرَةُ النَّعِيْـم) ڕەونـەق و درەوشـاوەیی، نـازو نیعمـەت، (نَـضَّرَ اللـهُ وَجْهَـهُ) واتـە: خـوا ڕووی ڕەش بـکات، دەگوتـرێ: (أَخْـضَرُ نَـاضِرٌ) سـەوزێکی دڵخۆشـکەر، یـان جـوان و بـە ڕەونـەق.

(بَاسِرَةٌ): (البَـسْرُ: اسْـتِعْجَالُ بِالـشَّيءِ قَبْـلَ أَوَانِـهِ)، (بَـسْر): بریتیـە لـە پەلەکـردن لـە شـتێك پێـش کاتـی خـۆی، هەروەهـا (بَاسِرَةٌ) بـە مانـای (كَالِحَـة)، ڕووە گـرژو مۆنـەکان دێ ﴿ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ ﴾ (بَـسَرَ يَبْـسُرُ بَـسْرَاً وَبُسُـوراً، أَظْهَـرَ العُبُـوسَ)، واتـە: گـرژی و مۆنـی دەرخسـت.

(فَاقِرَةٌ): (الجَمْـعُ: فَوَاقِـر، الدَّاهِيَـة، الفَقَـارَةٌ: وَاحِـدَةٌ مِـنَ عِظَـامِ السُّلْسِـلَة العَظْمِيَّـة الظَّهْرِيَـة المُمْتَـدَّةِ مِـنَ الـرَّأْسِ إِلى العُصْعُـصْ، وَمَجْمُوعُهَـا ثَـلاَثٌ وَثَلاَثُـونَ فِقَـارَة)، (فَاقِـرَة) بـە (فَوَاقِـر) کۆدەکرێتـەوە، واتـە: بـەڵا، بەڵایەکـی بێـڕەزا، لـە چییـەوە هاتـوە؟ (فَقَـارَة) کـە (فَقْرَة)شـی بـۆ بەکاردێنـن، یەکێکـە لـە ئاڵقەکانـی زنجیـرە ئێسـکی پشـت، کـە لـە سـەرەوە تاکـو کلێنجـە درێـژ دەبێتـەوەو، سـی و سـێ بڕگەیـە، کـۆی (فَقَـارَة)ش (فقـارات)ە، دواتریـش زیاتـر باسـی دەکەیـن.

(التَّرَاقِيَ): (جَمْـعُ الترْقُـوة، مُقَـدَّم الحَلْـقِ فِي أَعْـلَى الصَّـدْر)، بـە کوردیـی چۆڵەمـەی پـێ دەڵێـن، ئێسـکی چۆڵەمـە، ئـەو دوو ئێسـقانەی لەمـلاو لـەولای قوڕگـن، هەمـوو مرۆڤێـك دوو (تَرْقُـوَة)ی هـەن، دوو چۆڵەمـەی هـەن، بـەڵام بۆیـە کـۆ کراوەتـەوە، چونکـە دوانـە (مُثَنَّى)کـەی قورسـە بڵێـی: (تَرْقُوَتَـان)، بۆیـە بـە کـۆ هاتـوە، وەك لـە سـوورەتی (التحریـم) هاتـوە، ﴿ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ﴾، چونکـە (مثنّى)یـە کەی قورسـە بڵێـی: (فَقَـد صَغَـتْ قَلْبَاكُـمَا).

(رَاقٍ): (رَقِيْـتُ فِي الـدَّرَجِ وَالسُّـلَّمِ، أَرْقَـى رَقِيَـاً وَارْتَقَيْـتُ أي: صَعَـدْتُ)، کـە بـە پەیـژە یـان قاندرمـە کەسـێك سـەرکەوێ، دەگوتـرێ: (رَقِيْـتُ فِي الـدَّرَج)، بـە قاندرمەکـەدا، (وَالسُّـلَّم) بـە پەیژەکـەدا، (أَرْقَـى رُقِيَّـاً وَارْتَقَيْـتُ)، واتـە: سـەرکەوتن، بـەڵام (رَقَيْـتُ مِـنَ الرُّقْيَـةِ)، (رَقَيْـتُ) یانـی: دووعـام بـۆ کـرد، (يُقَـالُ كَيْـف رَقيُـكَ وَرُقيَتُـكَ، فَـالأَوَّلُ مَصْـدَرُ،

وَالثَّانِي اسْمٌ)، هـی یەکەمیـان (**رَقِيْك**)چاوگـە، ئـەوەی دووەمیـان نـاوە.

(وَٱلْتَفَّتِ): (**لَفَـتَ الـشَّيءَ، يَلْفِـتُ لَفْتَـاً: لَـوَّاهُ عَـلَى غَـيْرِ وَجْهِـهِ**)، (**لَفَـتَ الـشَّيءَ، يَلْفِـتُ لَفْتـاً**) شـتەکەی بـادا، تێکـی ئاڵانـد، لەسـەر جگـە لـە ڕووی خـۆی سـووڕاندیی، ﴿ وَٱلْتَفَّتِ ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ﴾، لاقـەکان تێکـەوە پێچـران، تێـك بـا هەڵـدران، لاق لـە لاق ئـاڵا.

(ٱلْمَسَاقُ): (**مَصْـدَرٌ مِيْمِـيٌّ، أَي: السَّـوْقُ، أن تَسْـيرُ مَـاشِي أَمَـامَ مُسَـيِّرِهِ إلى حَيْـثُ يُرِيْـدُ مُسَـيِّرُه**)، (**مَسَـاق**): چاوگێکـی میمییـە، بـە مانـای لێخوڕیـن، یـان بـردن، (**سَـوْق**): بریتیە لـەوەی بابایەکـی پێـڕۆ، بـڕوا لـە پێـش کەسێکەوە کـە لێـی دەخـوڕێ، یاخـود پێـش خـۆی داوە، بـەرەو ئـەو شـوێنەی بابـای پێشـخۆدەر دەیـەوێ.

(يَتَمَطَّىٰ): (**يَمُـدُّ مَطَـاهُ أَي: ظَهْـرَهُ**)، (**مطـى**) بـە مانـای پشـت دێ، (**يَتَمَطَّـى**)، واتـە: پشـتی خـۆی درێـژ دەکاتـەوە، (**المَطِيَّـةُ: مَـا يُرْكَـبُ مَطَـاهُ مِـنَ البَعِيْرِ، وَامْتَطَيْتُـهُ: رَكِبْـتُ مَطَـاهُ، وَالمَطْـو: الصَّاحِـبُ المُعْتَمَـدُ عَلَيْـهِ**)، (**مَطِيَـة**): هـەر شـتێکە کـە مـرۆڤ سـواری پشـتی ببـێ، لـە حوشـترو جگـە لـە حوشـتریش، (**إمْتَطَيْتُـهُ**) واتـە: سـواری پشـتی بـوو، (**مَطْـو**)، ئـەو هاوەڵەیـە پشـتی پـێ دەبەسـترێ و نهێنیـی لا دادەنـرێ.

(أَوْلَىٰ لَكَ): (**الوَيْـلُ: القُبْـحُ، وَقَـدْ يُسْـتَعْمَلُ فـي التَّحَـسُّر**) (**وَيْـل**): یانـی: خراپیـی و ناخۆشـیی، بەکاریـش دەهێـنرێ بـۆ خەفـەت و دڵنارەحەتـی و پەشـێمانیی، (**الأَوْلَى: أَفْعـلُ تَفْضِيْـلٍ أَي: الأحَـقّ وَالأَجْـدَرُ وَالأقْـرَب**)، (**أَوْلَى**) کـرداری هەڵبژاردنـە، واتـە: شایسـتەتر، لێوەشـاوەترو، نزیکـتر، واتـە: سـزا لـە تـۆ نزیکـتر بـێ.

(سُدًى): (**أَسْـدَى الـشَّيءَ أَهْمَلَـهُ، السُّـدى: المُهْمَـلُ للوَاحِـد وَالجَمْـع**)، (**أَسْـدَى الـشَّيءَ**) شـتەکەی پشـتگوێ خسـت و وێـڵ کـرد، (**سُـدَى**) پشـتگوێخراو، هـەم بـۆ تـاك و هـەم بـۆ کـۆش بەکاردەهێـنرێ.

(نُطْفَةً): (المَاءُ الصَّافِي، وَالجَمْعُ: نِطَاف، وَالنُّطْفَةُ: القَطْرَة، وَالنُّطْفَةُ المَنِيُّ، وَالجَمْعُ: نُطَف)، بە ئاوێكی ساف دەگوترێ، ئەو كاتە بە (نِطَاف) كۆدەكرێتەوە، واتە: ئاوە سافەكان، هەروەها بە دڵۆپە ئاویش دەگوترێ، بە تۆویش دەگوترێ، ئەو كاتە ئەگەر بە تۆو بگوترێ، بە (نُطَف) كۆ دەكرێتەوە.

(يُمْنَىٰ): (أَمْنى الحَاجُّ: أَتَى مِنىً، وأَمْنَى: أي أَنْزَلَ المَنِيَّ وَالنُّطْفَة)، (أَمْنى الحَاجُّ) واتە: حاجیەكان چوون بۆ مینا، كە شوێنێكە لە نزیك مەككە، هەروەها (أَمْنَى) واتە: تۆوی ڕشت، بەو واتایەش دێ.

(عَلَقَةً): (الجَمْعُ: عَلَق، طَورٌ مِنْ أَطْوَارِ الجَنِيْنِ، وَهِيَ قطعة الدَّمِ الَّتِي يَتَكَوَّنُ مِنْهَا)، (عَلَقَة) بە (عَلَق) كۆدەكرێتەوە، قۆناغێكە لە قۆناغەكانی پێگەیشتنی كۆرپەلە، كە بریتیە لە پارچە خوێنێكی وشك، یان پارچە خوێنێك كە پێكەوەیە، دوایی دەبێتە (مُضْغَة)، دوایی قۆناغەكانی دیكە دەبڕێ، تاكو دەبێتە كۆرپەلەو لە دایك دەبێ.

(فَخَلَقَ): (أي: قَدَّرَ، أو أَوْجَدَ وَأَبْدع)، (خَلَقَ): هەم بە مانای ئەندازەگیری كرد، هەم بە مانای پەیدای كردو دایهێنا.

(فَسَوَّىٰ): (سَوَّىٰ الشَّيءَ: قَوَّمَهُ وَعَدَّلَهُ وَجَعَلَهُ سَوِيًّا)، (سَوىَّ الشَّيءَ) واتە: ئەو شتەی ڕێكخست و، چاكی كردو، ڕێك و پێكی كرد.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

١- لـە بـارەی هاتنەخـوارەوەی ئـەو ئایەتـە موبارەکانـەوە: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾﴾، ئـەم دەقـە دێنیـن:

{عَنِ ابنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: فِـي قَوْلِه عَزَّ وَجَلَّ: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾﴾، قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم إِذَا نَزَلَ جِبْرِيلُ بِالوَحيِ وَكَانَ مِمَّا يُحَرِّكُ بِهِ لِسَانَهُ وَشَفَتَيْهِ فَيَشْتَدُّ عَلَيْهِ، وَكَانَ ذَلِكَ يُعْرَفُ مِنْهُ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾﴾، أَخذَهُ، ﴿إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾﴾، قَالَ: عَلَيْنَا أَنْ نَجْمَعَهُ فِي صَدْرِكَ، وَقُرْآنَهُ، ﴿فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ﴾، فَإِذَا أَنْزَلْنَاهُ فَاسْتَمِعْ لَهُ، ﴿ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ﴾، عَلَيْنَا أَنْ نُبَيِّنَهُ بِلِسَانِكَ، قَالَ: فَكَانَ إِذَا أَتَاهُ جِبْرِيلُ أَطْرَقَ، فَإِذَا ذَهَبَ، قَرَأَهُ كَمَا وَعَدَهُ اللهُ}، (أخرجه البخاري: ٤٩٢٧، ٤٩٢٨، ٤٩٢٩، ٥٠٤٤، ٧٥٢٤، مسلم: ٤٤٨).

واتـە: ئیبنـو عەبباس (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، دەڵـێ: ئـەو ئایەتـە موبارەکـە، لـەو بـارەوە هاتـە خـوار، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کاتـێ جیبریـل وەحیـی بـۆ دەهێنـا، [لەکاتێکـدا ئـەو قورئانەکـەی پـێ دەفەرمـوو]، زمـان و لێوەکانـی خـۆی پـێ دەجووڵانـدن و، ئـەوەش لەسـەری قـورس دەبـوو، واتـە: گۆیـێ دەکـرد، ئنجـا ئـەوەی لـێ دەزانـرا، بۆیـە (**تلفظ**) ی خـوای بـەرز ئـەوەی نـاردە خـوار، فەرمـووی: زمانتـی پـێ مەجووڵێنـە، تاکـو پەلـەی لـێ بکـەی، (لـە وەرگرتنـەوەی) بـە دڵنیایـی کـۆ کردنـەوەی و، خوێندنـەوەی لەسـەر ئێمەیـە، دڵنیابـە ئێمـە لـە سینەی تـۆدا کـۆی دەکەینـەوەو، خوێندنەوەکەشـی ئنجـا کاتـێ خوێندمانـەوە تـۆش شـوێن خوێندنەوەی بکـەوە، کاتێـك دامانبەزانـد گوێـی بـۆ بگـرە، لەسـەرمانە بـە زمانـی خـۆت ڕوونـی بکەینـەوە، گوتـی: لـەوەودوا کاتـێ جیبریـل دەهـات، (پێغەمبـەر ﷺ)گوێـی دەگـرت، کاتـێ جیبریـل دەڕۆیشـت، وەك خـوا بەڵێنـی پێدابـوو، ئـاوا دەیخوێنـدەوە، (نـەك لـەو کاتـەدا دەمـی پـێ بجووڵێنـێ).

٢- لە بارەی هاتنە خوارەوەی ئەم دووە ئایەتەوە: ﴿ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٥﴾ ﴾، ئەم دەقە دێنین:

{عَـنْ سَـعِيْدِ بْـنِ جُبَـيْرٍ قَـالَ: قُلْـتُ لابْـنِ عَبَّـاسٍ رَضِيَ اللـهُ عَنْهُـمَا: ﴿ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٤﴾ ﴾، هَـلْ قَالَـهُ رَسُـول اللـهِ ﷺ وَأَنْزَلَـهُ اللـهُ عَزَّوَجَـلَّ؟ قَـالَ: قَالَـهُ رَسُـولُ اللـهِ ثُـمَّ أَنْزَلَـه اللـه} (أخرجـه النَّسـائي في تفسـيره: ٦٥٨، والطـبراني في الكبـير: ١٢٢٩٨، والحاكـم في المسـتدرك: ج٢ ص٥١٠، الواحـدي في الوسـيط: ج٤ ص٣٩٤، قـال الحاكـم هـذا حديـثٌ صحيـح الإسـناد، ووافقـه الذهبـي)[1].

واتـە: سـەعیدی کـوڕی جوبەیـر دەڵـێ: لـە عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباسـم (خـوا لێیان ڕازی بـێ)، پرسـی، کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٤﴾ ﴾، ئایـا پێغەمبـەری خـوا ئـەوەی فەرمـوو، دوایـی خـوا دایبەزانـد؟ گوتـی: بەڵـێ پێغەمبـەری خـوا فەرمـووی، دواییـش خـوا ئـەوەی دابەزانـد.

واتـە: پێغەمبـەری خـوا ئـەوەی بـەو بێبڕوایـە فەرمـووە، کـە زۆریـان گوتوویانـە: ئەبـوو جەهلـە، وەکـو دوایـی باسـی دەکەیـن، دواییـش خـوای پـەروەردگار، ئـەوەی پێغەمبەرەکـەی ﷺ پێـی فەرمـووە، کردوویەتـی بـە ئایـەت و دایبەزاندۆتـە سـەرێ و، لـە زمانـی پێغەمبـەرەوە ﷺ گێڕاویەتـەوە.

---

(١) الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣ ص٤٨٢ - ٤٨٤.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا پشـتیوان بـێ، لـە کۆتایـی تەفسـیری ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، کورتـە باسێکی تـا رادەیـەك تێـرو تەسـەل، لـە بـارەی رۆژی دواییـەوە دەکەیـن، واتـە: رۆژی دوایـی بـە گشـتی، هـەم پێشـەکی رۆژی دوایـی، هـەم قۆناغـی یەکەمـی رۆژی دوایی، کـە تێکچوونـی ئـەم گەردوونەیـە ئاخیـر زەمـان، هـەم قۆناغـی دووەمـی رۆژی دوایی، کـە زینـدوو بوونەوەیـەو، هاتنـە پێشـی سـزاو پاداشـتە، ئنجـا سـەرەنجام قۆناغـی سـێیەمی رۆژی دوایـی، کـە نیشـتەجێ بوونـی هـەر کام لـە بڕوادارانـی چاکـەکارو، بێبڕوایانـی خراپـەکارە، یەکەمیـان لـە بەهەشـتدا، دووەمیشـیان لـە دۆزەخـدا.

بۆیــە ئێمــە ئێســتا بــە خێرایــی بــە تەفسـیرو ڕوونکردنــەوەی ئــەم ئایەتــە موبارەکانـەدا دەڕۆیـن، بایـی ئەوەنـدەی چەمـك و واتـای گشـتیی ئایەتـە موبارەکەکان ڕۆشــن بێتــەوە، بــەڵام لەبــەردەم ڕۆژی دواییــدا، کــە ئــەم ســوورەتە وەکــو پێشــتر گوتمـان، هەمـووی لـەو بارەوەیـەوە بـە گشـتیی، زۆر هەڵوەسـتە ناکەیـن و، حەواڵـەی ئـەو کورتـە باسـەی دەکەیـن.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾

بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

دەسپێکردنم بە ناوی خوایە، ئەوەش مەبەستی ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەمکارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.٣ - بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەیکەم.

٣- ئەم کارە بە توانا و یارمەتی خوای زانا و توانا دەکەم

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝١ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢﴾، لـە بـارەی (لا) کـە لێـرەدا هـەم لـە پێـش: ﴿أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾دا، هاتـوە، هـەم لـە پێـش: ﴿أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ﴾دا هاتـوە، وەك دواییـش لـە مەسـەلە گرنگەکانـدا، زیاتـر دەچینـە نێـو وردەکارییەکەیـەوە، زانایـان ڕاجیاییـان هەیـە، بـەڵام زۆربەیـان ڕایـان وایـە، ئـەم (لا)یـە بـۆ لابردنـی سـوێند نیـە، هەرچەنـد بـە ڕواڵـەت وا دێتـە بەرچـاو، بـەڵام هیـچ زانایەکـی موعتەبـەر نەیگوتـوە ئـەم (لا)یـە بـۆ لابردنـی سـوێندە، (لَا: لَيْسَـت لِنَفِـي القَسَـم)، ئێمـە لـەو بـارەوە لـە سـووڕەتی **(الواقعـة)**دا، لـەو شـوێنەی دەفەرمـوێ: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ۝٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ۝٧٦ إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ ۝٧٧ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ۝٧٨ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ۝٧٩ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٨٠﴾، لـە کاتـی تەفسـیرکردنی ئـەو ئایەتـە موبارەکانـەدا، لـەو بـارەوە کورتـە باسـێکمان کـرد، لـە بـارەی هەمـوو ئـەو (لَا)یانـەوە، کـە لـە پێـش ئـەو سـوێندانەدا هاتـوون و، گوتمـان: هیـچ کام لەوانـە مەبەسـت پێـی لابردنـی سـوێندەکە نیـە، بـە تایبـەت، بـە بەڵگـەی ئایەتەکـەی سـووڕەتی **(الواقعـة)**، کـە لـەوێ زۆر ڕوونـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ۝٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ۝٧٦﴾، کەواتـە: سـوێندەو خـوا خواردوویەتـی، دەفەرمـوێ: سـوێندێکی مەزنیشـە، کەواتـە: (لَا) مەبەسـت پێـی شـتێکی دیکەیـە و، زانایـان لـەو بـارەوە ڕاجیاییـان هەیـە:

ا- هەندێکیان گوتوویانە: (لَا) بۆ لابردنی قسەیەکی دیکەیە بگوترێ: بڵێی بە نسبەت ئەوە، کە لە سووڕەتەکانی پێشتردا باسکراوە، هەڵبەتە دەبێ بگوترێ: ئەو قسەیە، خوا ﷻ بەرپەچی دەداتەوەو لای دەبات، قسەیەکی هەڵەی بێبڕواو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانە بەپێی سیاق لێرەدا، یانی: وانیە وەك ئێوە دەڵێن: ئەی بێبڕوایەکان کە زیندوو نابنەوەو، ژیانی دنیا تاکە دەرفەتێکی ژیانەو، دوایی لێپرسینەوەو سزاو پاداشت نیە، وانیە وەك ئێوە دەڵێن: ﴿أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾، سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت، جارێکی دیکەش

دووبارەی دەکەمەو، وانیە کە ئێوە دەیڵێن: ﴿وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ﴾، سوێند دەخۆم بە نەفسی، یان خودی زۆر ڕەخنەگر، یان زۆر گلەییکەر، واتە: گلەییکەر لە خۆی.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: (لَا) لێرەدا هەر لامی سوێندە، بەڵام فەتحەکەی تێر (**إشباع**) کراوە، لە بنچینەدا (**لَأُقْسِمُ**) بوە، (**لَأُقسِمُ بِیومِ القیامة**)، فەتحەکە شێوەی ئەلیف (ا) ی وەرگرتوە.

ج- هەندێکیش گوتوویانە: ئەمە بۆ لابردنی سوێندەکەیە، بەڵام بەو واتایەی ئەو بابەتە هەندە ڕوونە، یاخود ڕۆژی قیامەت هێندە گەورەیە، پێویست ناکات سوێندی پێ بخۆم.

بەڵام وەك گوتم ئەو ڕایە ڕایەکی بێهێزە، دواییش لەو بارەوە زیاتر وردەکاریی باس دەکەین.

خوا دەفەرموێ: وانیە وەك ئێوە دەڵێن، سوێند دەخۆم بە ڕۆژی هەڵسانەوە، (**القِیَامَة**) واتە: هەڵسانەوە، (**قَامَ یَقومُ قِیَامَاً**)، ئنجا (**قیامة**) ناوە و، (**قِیَام**) چاوگە، ئەم قیامەتە ناوە بۆ ئەو ڕۆژە، کە خەڵك تێیدا هەڵدەستنەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿يَوۡمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦﴾**المطففین**، ئەو ڕۆژەی خەڵك بۆ پەروەردگاری جیهانییان هەڵدەستێنرێ، ڕاست دەبنەوە.

﴿وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ﴾، وانیە وەك ئێوە دەڵێن، سوێند دەخۆم بە خودێکی، زۆر گلەییکەر، زۆر ڕەخنەگر، واتە: زۆر ڕەخنە لە خۆی دەگرێ، زۆر لۆمەی خۆی دەکات، گلەیی لە خۆی دەکات، ئەوەش دوایی قسەی ڕوونکەرەوانی قورئانی لە بارەوە دێنین، کە ئایا مەبەست پێی نەفسێکی تایبەتە، کە گلەیی لە خۆی دەکات، لەبەر ئەوەی کەمتەرخەمیی کردوە، لە فەرمانبەری بۆ خوادا، یاخود مەبەست پێی هەموو جۆرە نەفسەکانە، کەسێک کە چاکەکاریش بووە، گلەیی لە خۆی دەکات بۆچی چاکەی زیاتری نەکرد؟ ئەوەی خراپەکاریش بووە، گلەیی لە خۆی دەکات، بۆچی خراپەشی کرد، ئەوەی چاکەو خراپەی تێکەڵ کردوون، گلەیی لە خۆی دەکات، بۆچی خراپەی تێکەڵ بە چاکە کردوە؟ گرنگ ئەوەیە

خـوا ﷻ سـوێند دەخـوات بـە نەفسـێکی ڕەخنەگـر و، گلەییەکـەر واتـە: لـە خـۆی، وەڵامـی سـوێندەکە (مُقْسِـمٌ عَلَيْـهِ) سـوێند لەسـەر خوراوەکـەش دیـار نیـە، بـەڵام ئایەتەکانـی دوایـی دەیگەیەنـن.

﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُۥ ﴾، ئایا مـرۆڤ پێـی وایە ئێسـکەکانی کۆناکەینەوە، کەواتـە: سـوێند لەسـەر خوراوەکـە بریتیـە لـە زیندووتـان دەکەینـەوە، واتـە: ﴿ لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ۝١ وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢ ﴾، (لَتُبعَـثُنَّ) بـە دڵنیایـی زینـدوو دەکرێنـەوە، هەڵدەسـتێنرێنەوە، ﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُۥ ﴾، ئایـا مـرۆڤ پێـی وایـە ئێسـکەکانی کـۆ ناکەینـەوە؟

شـایانی باسـە لـەم سـوورەتە موبارەکەدا، شـەش جـاران وشـەی (الإنسـان) دووبارە بۆتـەوە و، لـە هـەر شـەش سـیاقەکەدا وشـەی (الإنسـان) ناگونجـێ مەبەسـت پێـی ئینسـانی بـڕوادار بـێ، بەڵکـو مەبەسـت پێـی ئینسـانی بێبڕوایـە، چونکـە ئینسـانی بێبـڕوا پێـی وایـە، خـوا ئێسـکەکانی کۆناکاتـەوە و، زینـدووی ناکاتـەوە، بـەڵام ئینسـانی بـڕوادار ئـەوە لـە لای روونـە وەک ئەلیـف و بێیـە، کـە خوایـەك بتوانـێ ئـەو هەمـوو کـەون و کائیناتـە بخوڵقێنـێ، مرۆڤێـك کـە خـۆی دروسـتی کـردوە، دەشـتوانێ دروسـتی بکاتـەوە.

(سُبْحَانَ اللـه) کـە مـرۆڤ دایـە نەفامیـی، هیـچ مەخلووقێـك لـە مـرۆڤ نەفامتر نابێـت، هـەروەك چـۆن ئەگـەر ڕووی لـە چاکـە کـرد، هیـچ مەخلووقێـك لـە مـرۆڤ چاکـتر نابێـت، فریشـتەکانیش ڕێـزی دەگـرن و سـڵاوی لـێ دەکـەن، بە پێچەوانەشـەوە کـە دایـە وە لـە نەفامیـی و کەودەنیـی، هیـچ شـتێك پێـش مـرۆڤ ناکەوێتـە نەفامیـی و کەودەنیـی نەزانییـدا، ئەگەرنـا خوایـەك توانیبێتـی ئـەو هەمـوو کـەون و کائیناتـە دروسـت بـکات، هەروەهـا خـودی مرۆڤیـش دروسـت بـکات، ئایـا دروسـتکردن بـە زەحمەتـترە، یاخـود دروسـتکردنەوە؟ وەك جـاری دیکـە باسـمان کـردوە، بابـای سـەنعەتکار کـە شـتێك دروسـت دەکات، بـۆ وێنـە: گۆزەکەرێـك، گـۆزە دروسـت

دەكات، یان كەسێك كە ئامێرێك دروست دەكات، كۆمپیوتەرێك دروست دەكات، هەر شتێك لەو شتانەی هەن، تەلەفزیۆنێك دروست دەكات، كورسیی و مێزێك دروست دەكات، ئایا دوای ئەوەی ئەو ئامێرە ئەو كەلوپەلە تێكدەچێ، یاخود كۆن دەبێ، ناتوانێ چاكتر لە خۆی دروستی بكاتەوە؟ بێگومان با.

بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُۥ ﴾، ئایا ئینسان، واتە: ئینسانی بێبڕوا، ئەلیف و لامە كە بۆ ناساندنە، بەڵام بۆ ناساندنی عەهدیی، ئایا مرۆڤەكە واتە: مرۆڤە بێبڕوایەكە، كە مەبەست پێی كۆی مرۆڤانی بێبڕوایە، پێی وایە كە ئێسكەكانی كۆناكەینەوە، بۆچی باسی ئێسكان دەكات؟ چونكە پەیكەری ئێسقان، قاڵبی جەستەی مرۆڤە، ئێسكەكان پتەوترن، ئەگەر ئێسكەكان دوای ئەوەی دەڕزن، پرتوكاو دەبن، خوا بتوانێ زیندوویان بكاتەوە، گۆشت و دەمارو ئەوانی دیكە، ئاسانترن و لە پێشترن بۆ ئەوە كە خوا بتوانێ دروستیان بكاتەوە.

بۆیە دەفەرموێ: ﴿ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ﴾، (بَلَى) بە مانای (با) دێ لە زمانی كوردییدا، نەك بە مانای بەڵێ، با (بَلَى)ش بریتییە لە چەسپاندنی شتێكی لابراو لە ڕابردوودا، كە بریتیە لە: ﴿ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُۥ ﴾ كە ئێسكەكانی كۆدەكەینەوە، (بَلَى) با كۆیان دەكەینەوە، ﴿ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ﴾، ئێمە تواناداریـن سەرە پەنجەكانیشی ڕێك بخەینەوە، ئنجا (بَنَانة) كۆی (بَنَانَة)یە، واتە: تاكەكەی (بَنَان) یە، یانی: سەرە پەنجە، هەندێكیان بە پەنجە (أُصبُع)یان لێكداوەتەوە، بەڵام لە ئەسڵدا بە مانای سەری پەنجە دێ، ﴿ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ﴾، با ئێسكەكانی كۆدەكەینەوەو، تواناداریـن سەرە پەنجەكانیشی ڕێك بخەینەوە، بۆ سەرە پەنجەكان فەرموویەتی ڕێكیان بخەینەوە، چونكە وردەكارییەكی زۆر لەسەرە پەنجەكانی مرۆڤدا هەیە، كە ئێستا دوای ئەوەی زانیاریی بەرەو پێشەوە چووە پێگەیشتوە، پێشتر وایان دەزانی تەنها (إبهام) پەنجە گەورە، واتە: بەڵام ئێستا بۆیان دەركەوتووە، هەموو پەنجەكان، نەك هەر هی دەست، پەنجەكانی پێش،

هەموو سەرە پەنجەیەک، کە پێی دەگوترێ: (بَصْمَة)، مۆرێك و خەتمێکی هەیە، کە هیچکەس لە هی هیچکەس ناچێ، وەك دوایی لەو بارەوە زیاتر قسە دەکەین.

ئەوە ئیعجازێکی عیلمییە، بۆچی خوا نەیفەرمووە: با دەتوانین چاو دروست بکەینەوە، کە چاو وردەکاریی زیاتری تێدایە بە ڕواڵەت، یان نەیفەرموو: گوێ، یان دڵ، یان گورچیلە، یان مێشك؟ لەبەر ئەوەی بە سەرە پەنجەکانەوە خەڵك دەناسرێتەوە، واتە: دەتوانین سەرە پەنجەکانیشیان ڕێك بخەینەوە، کە بە سەرە پەنجەکانیان دەیانناسینەوە.

﴿ بَلْ يُرِيدُ ٱلْإِنسَٰنُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ ﴾، بەڵکو مرۆڤ واتە: مرۆڤی بێبڕوا، دەیەوێ تاوانباریی بکات لە پێشیەوە، (أَمَام: ظَرف لِزمَن المُسْتَقْبل)، (أمام) زەرفە بۆ کاتی داهاتوو، واتە: دەیەوێ هەر بە گوناح و تاوان بیداتە بەر، وەك چۆن لە ڕابردوودا خراپەی کردوە، لە داهاتووشدا هەر خراپە بکات.

﴿ يَسْـَٔلُ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، بۆیە دەپرسێ ڕۆژی هەڵسانەوە کەنگێیە؟ (أيَّانَ: أيُّ آنٍ)، لەوەوە هاتوە مانایەکەی لە (مَتَى)وە نیزیکە، چ کاتێك ڕۆژی هەڵسانەوە دێ؟ چونکە دەیەوێ بە خراپەو تاوان بیداتە بەر، بۆیە نکوولیی دەکات لە ڕۆژی دوایی، هەڵبەتە لێرەدا: ﴿ يَسْـَٔلُ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، ئەم پرسیارکردنە پرسیارکردنی نکووڵیلێکردنە (الإِسْتِفْهامُ الإِنْكَارِي)، یەکێك بە یەکێك دەڵێت: کەی تۆ زانای؟ واتە: تۆ زانا نی، یان یەکێك لە یەکێك تووڕە دەبێ، دەڵێ کەی تۆ بەشەری؟ واتە: تۆ بەشەر نی لەو سیفەتەتدا، لێرە ئەو پرسیارە پرسیارکردنی نکووڵیلێکردنە، واتە: ڕۆژی هەستانەوە نایەت.

ئنجا خوا وەڵام دەداتەوە: ﴿ فَإِذَا بَرِقَ ٱلْبَصَرُ ﴿٧﴾ وَخَسَفَ ٱلْقَمَرُ ﴿٨﴾ وَجُمِعَ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ﴿٩﴾ يَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ ﴾، خوا ﷻ نافەرموێ: فڵان ڕۆژە دێ ڕۆژی دوایی، لە هیچ شوێنێکی قورئان خوا وای نەفەرمووە، چونکە تەنیا خۆی دەزانێت کەنگێ

دێ، بـەڵام هەندێـك لـە نیشـانەكانی بـاس دەكات دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِذَا بَرِقَ ٱلْبَصَرُ ﴾، هـەر كاتێـك چـاو ئەبڵـەق بـوو، (بـرِقَ) لـە (بَـرْق)ەوە هاتـوە، واتـە: برووسـكەی هـەور، بـەڵام (بَـرِقَ) واتـە: (إندَهَـشَ وَتَحَـيَّرَ)، ئەبڵـەق و سەراسـیمە بـوو، ئـەوە خوێندەوەیەكـە، خوێندراویشـەتەوە: (فَإِذَا بَـرَقَ البَـصَر)، (بَـرَقَ) واتـە: (لَمَـعَ)، تیشـكی دا، ئەگـەر مـرۆڤ چـاو زۆر بكاتـەوە، چـاوی بریسـكەی دێ.

﴿ وَخَسَفَ ٱلْقَمَرُ ﴾، كاتێك مانـگ خەفـە بـوو، شـۆقی كـەم بـوو، زانایـان گوتوویانە: (خُسُـوف) بـۆ مانـگ بـەكاردێ، (كُسُـوف) بـۆ خـۆر، هەندێكیـش گوتوویانـە: (كُسُـوف) بـۆ مانـگ و خـۆر بـەكاردێ، ئەگـەر شـۆقەكەیان یەكجاریـی نەمـا، بـەڵام (خُسُـوف) بـۆ حاڵەتێكـە شـۆقیان كـەم بێتـەوە.

﴿ وَجُمِعَ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ﴾، هـەر كاتێـك خـۆرو مانـگ كۆبوونـەوە پێكـەوە، ئەمـە لـە نیشـانەكانی هاتنـی ئاخیـر زەمانـە، كـە قۆناغـی یەكەمـی ڕۆژی دواییـە.

﴿ يَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ ﴾، لـەو ڕۆژەدا دیسـان مـرۆڤ، مرۆڤـی بێبـڕوا، مرۆڤـە بێبڕوایەكـە دەڵـێ: ﴿ أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ ﴾، هەڵاتـن لـە كوێیـە؟ لێـرەدا یەكسـەر خـوا ﷻ لـە ئاخیـر زەمانـەوە، لـە قۆناغـی یەكەمـی ڕۆژی دواییـەوە، دەیبـات بـۆ قۆناغـی دووەم واتـە: قیامـەت و هەڵسـانەوە، چونكـە لـەوێ مـرۆڤ دەڵـێ: بـۆ كـوێ بچـم، هەڵاتـن و شـوێنی بـۆ لاهەڵاتـن؟ ﴿ يَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ ﴾، ﴿ ٱلْمَفَرُّ ﴾، هـەم بـە مانـای (فِـرَار) هاتـوە، كـە چاوگـە، واتـە: هەڵاتـن لـە كوێیـە؟ هـەم بـە مانـای شـوێنی بـۆ هەڵاتـن (مَـكَانُ الفِـرَار) و، هـەم بـە مانـای كاتـی تێـدا هەڵاتـن (وقـتُ الفِـرار)، كـە لـە ڕاسـتییدا لـەو ڕۆژەش دا نـە هەڵاتـن هەیـە، نـە شـوێنی بـۆ هەڵاتـن هەیـە، نـە كاتـی تێـدا هەڵاتـن هەیـە، بۆیـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّا لَا وَزَرَ ﴾، واتـە: نەخێـر، (كَلَّا: كَلِمَـةُ رَدْعٍ وَزَجْـرٍ، وَإِبْطَـال)، وشـەیەكە بـۆ تێوەخوڕیـن و بەرپەرچدانـەوەو هەڵوەشـاندنەوە، واتـە: نەخێـر بـە هیـچ جۆرێـك ﴿ لَا وَزَرَ ﴾، واتـە: (لَا مَلْجَأَ)، (وَزَر)، بـە مانـای پەناگـە دێ، هیـچ پەناگەیـەك نیـە، هیـچ شـوێنێكی خـۆ تێگرتـن نیـە.

﴿ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمُسْتَقَرُّ ﴾، نیشـینگەو نیشـتەجێ بـوون لـەو ڕۆژەدا بـۆ لای پەروەردگارتــە، واتــە: تەنیــا لــەو شــوێنەو، بــە بڕیــاری پــەروەردگار ســەقامگیریی هەیـەو، خەڵـك لـەو شـوێنە کـۆ دەبێتـەوەو نیشـتەجێ دەبێـت، دەگیرسـێتەوە کـە پـەروەردگار ویسـتی لەسـەر بـێ.

﴿ يُنَبَّؤُا۟ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ ﴾، لـەو ڕۆژەدا مـرۆڤ (مرۆڤـی بێبـڕوا، ئەمـە جـاری پێنجەمـە باسـی مـرۆڤ بکـرێ، لـەم سـووڕەتە موبارەکـەدا)، هەواڵـی پێـدەدرێ، ﴿ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ ﴾، بـەوەی پێشـی خسـتوەو ئـەوەی دوای خسـتوە، بـەوەی پێشیخسـتوە لـە چاکـە، یاخـود دوای خسـتوە لـە چاکـە نەیکـردوە، یاخـود بـەوەی پێشیخسـتوە لـە چاکـە، لـە سـەردەمی ژیانـی خۆیـدا ئەنجامـی داوەو، بـەوەی کـە دوایخسـتوە لـە شـوێنەواری چاکـە و کـە کارێکـی باشـی کـردوە لـە دوای بەجـێ دەمێنـێ وەك شـوێنەوار، یاخـود: ﴿ بِمَا قَدَّمَ ﴾، لـەوەی پێشـی خسـتوە لـە چاکـەو لـە خراپـەو، ﴿ وَأَخَّرَ ﴾، لـەوەی دوایخسـتوە لـە چاکـەو لـە خراپـە، جـاری وا مـرۆڤ چاکەیـەك دەکات، یـان جـاری وایـە لـە چاکەیەکـدا کەمتەرخەمـی دەکات، جـاری وایـە گوناهێـك دەکات، یـان جـاری وایـە لـە گوناهێـك دەپرینگێتـەوە، مـرۆڤ هەواڵی پێـدەدرێ بـە هەمـوو هەڵسـوکەوت و جموجۆڵەکانیـی.

﴿ بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴾، بەڵکـو مـرۆڤ چاودێرەو، بەڵگـەو شـایەدە بەسـەر خۆیەوە.

﴿ وَلَوْ أَلْقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ ﴾، هەرچەنـدە بیانووەکانـی پاسـاوەکانی، فرێبـداو بیانخاتـە گـۆڕێ، بـەڵام سـەرەنجام بـۆ خـۆی شـایەدیی لەسـەر خـۆی دەدات.

ئنجـا خـوا ﷻ لـەم چـوار ئایەتـەدا، ئایەتەکانـی: (١٦ - ١٩) باسـێك نێواخنـی ئـەم باسـە دەکات، دیـارە لـەو کاتـەدا کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ خـوا ئەمـەی بـۆ سرووش کـردوە، دەبـێ ئـەو پەلـەی کـرد بـێ و، زمانـی پـێ جووڵانـد بـێ، وشـەکان کـە جیبریـل بـۆی وەحیـی کـردوون، ئەویـش، گـۆی پێکـردوون بـۆ ئـەوەی کـە بزانـێ

ئایا بە ڕەوانیی وەری گرتوون، یان نا؟ بۆیە خوا ﷻ ڕێنمایی پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات و دەفەرموێ:

﴿ لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴾، زمانتی پێ مەجووڵێنە بەو قورئانەی بۆت دێ، تاکو پەلەی لێ بکەی، ﴿ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴾، بە دڵنیایی کۆکردنەوەی قورئان لە عەقڵ و دڵتداو، خوێندنەوەکەشی لەسەر ئێمەیە، ﴿ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴾، ئنجا ئەگەر خوێندمانەوە تۆش شوێن خوێندنەوەکەی بکەوە.

﴿ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ﴾، دوایيش ڕوونکردنەوەکەی لە عەقڵ و دڵتداو، لێ تێگەیشتنت بۆی، لەسەر ئێمەیە.

هەڵبەتە هەندێك لە زانایان وایان لێکداوەتەوە، کە ئەمە هەر مەبەست پێ بابای بێبڕوایە، کە لە ڕۆژی دوایيدا خوا پێی دەفەرموێ: دانپێدانانی هەڵە و کەم و کوڕییەکانت، یان قسە کردن لە بارەی گوناهو تاوانەکانتەوە، زمانتی پێ مەجووڵێنەو پەلەی لێمەکە، لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوەی کردەوەکانت، و بەسەردا خوێندنەوەی کردەوەکانت، ئنجا هەر کاتێك ئێمە بۆمان خوێندیەوە، تۆش شوێن خوێندنەوەکەی بکەوە، دوایيش ڕوونکردنەوەی گوناهو تاوانەکانت لەسەر ئێمەیە، ئەم مانایەشیان لێکداوەتەوە، بە حیساب بۆ ئەوەی ئەم چوار ئایەتە موبارەکە، لەگەڵ ئەو سیاقەدا کە تێیدا هاتوون، نەبنە نێواخنێکی نەگونجاو، بەڵام لە ڕاستییدا ئەو مانا لێکدانەوەیە ڕاست نیە، وەك دوایی باسی دەکەین، چونکە لە سوورەتی (**طه**)شدا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ ۖ وَقُل رَّبِّ زِدْنِى عِلْمًا ﴿١١٤﴾ ﴾، پەلە مەکە لە کاتێکدا، کە قورئانت بۆ دەخوێندرێتەوە پێش ئەوەی بۆت سرووش بکرێ و، بڵێ پەروەردگارم زانیارییم بۆ زیاد بکە، بەڵام وا پێدەچێ لە سەرەتای دابەزینی وەحییەوە بووبێ، بۆیە پێم وایە کە ئەم سوورەتە، وەك پێشتر باسم کرد لە هەشت، نۆ، دە، سوورەتی یەکەمە و، هەر لە سەرەتاوە خوا ﷻ ڕێنمایی پێغەمبەری کردوە و، ئامۆژگاریی

کـردوه چـۆن لەگـەڵ بـۆ دابەزێنرانـی وەحییـدا مامەڵـە بـکات، نـەك وەك هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: ئـەم سـوورەتە لـە ڕیزبەندیـی سـی و ئەوەندەمیـن بـێ.

﴿كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ﴾، واز بێنـن ئـەی مرۆڤـە بێبڕوایـەکان، بەڵکـو ئێـوە ژیانـی زوو تێپـەڕی دنیاتـان خـۆش دەوێ.

﴿وَتَذَرُونَ الْآخِرَةَ﴾، مەنزڵـگای کۆتایـی وازدێنـن و وێـڵ دەکـەن، لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە، کـە ئەگـەر مـرۆڤ ژیانـی دنیـای خۆشـبوێ، لـە بەرانبەریـدا دواڕۆژ وێـڵ بـکات، ئـەوە خراپـە، ئەگەرنـا دونیاشـت بـە ئەنـدازەی ئـەوەی دەیهێنـێ خۆشـت بـوێ، گرنگیـی و بایەخـی پـێ بـدەی، بـەڵام لەسـەر حیسـابی ڕۆژی دوایـی نەبـێ، وەك دوایـی باسـی دەکەیـن، ئـەوە خـراپ نیـە، چونکـە خـوا ﷻ مەدحـی هەندێـك لـە بەندەکانـی خـۆی کـردوە، کـە دەڵێـن: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ (٢٠١) أُولَٰئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ (٢٠٢)﴾البقرة، هەندێـك لـە بەندەکانـی خـوا هـەن، دەڵێـن: پەروەردگارمـان! لـە دنیـادا چاکەمـان پـێ ببەخشـەو، لـە دواڕۆژیشـدا چاکەمـان پـێ ببەخشـە و، لـە سـزای ئاگـر بمانپارێـزە، ئەوانـە پشـك و بەشـیان هەیـە لـەوەدا، کـە بـە دەسـتیان هێنـاوە.

ئنجـا خـوا ﷻ باسـی ڕۆژی دوایـی دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ﴾، ڕووانێـك هـەن گـەش و درەوشـاوەن، واتـە: کەسـانێك هـەن ڕووەکانیـان گـەش و درەوشـاوەن.

﴿إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾، واتـە: تەماشـاکەرن بـەرەو پەروەردگاریـان، واتـە: تەماشـای پەروەردگاریـان دەکـەن، بـۆ پەروەردگاریـان دەڕوانـن، کـە ئەمـەش یەکێکـە لـەو بەڵگانـەی، زۆرینـەی زانایانـی ئیسـلام بـە بەڵگەیـان دێننـەوە، لەسـەر ئـەوە کـە لـە ڕۆژی دواییـدا ئەهلـی ئیـمان، لـە بەهەشـت دا خـوای پـەروەردگار دەبینـن، بـەڵام بـەو شـێوەو چۆنیەتییـە خـوا دەزانـێ، نـەك پێکهاتـەی جەسـتەی ئێمـە وەک هـی

ئێستا وابێ، وەك دوایی باسی دەکەین، ئنجا بەو قەیدە، ئەو کاتە ئەوەی کە موعتەزیلە گوتوویانە و شیعەش شوێنیان کەوتوون، هەروەها هەندێکی دیکە لە زانایانی هاوچەرخی دیکە دەڵێن: کە مرۆڤ ناتوانێ خوا ببینێ، بەڵێ مرۆڤ بەم پێکهاتەی ئێستای ناتوانێ خوا ببینێ، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤ دەگۆڕێ.

﴿ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ ﴾، ڕووانێك هەن لەو ڕۆژەدا گرژو تاڵن، مۆرو ڕەش و برشن، ﴿ تَظُنُّ أَن يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ ﴾، پێیان وایە بەڵای کەمەرشکێنیان لەگەڵدا ئەنجام بدرێ، بەڵای پشت شکێن، ﴿ فَاقِرَةٌ ﴾، بە (**فَوَاقِر**) کۆدەکرێتەوە، واتە: بەڵایەك زۆر بێزەزا بێ و، مرۆڤ بکەوێنێ و پشتی بشکێنێ.

﴿ كَلَّآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِىَ ﴾، ئنجا خوا ﷻ یەکسەر دەیانگوازێتەوە بۆ قۆناغی سەرە مەرگ، سەرە مەرگی هەر کەسێك و، دەفەرموێ: (**كَلَّا**) با واز بێنن، یان واز بێنن، یان ئێوە ڕاست ناکەن کە زیندوونابنەوە، ﴿ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِىَ ﴾، هەر کاتێك گەیشتە چۆڵەمەکان، (**بَلَغَت**) ئەم ڕاناوی مێینەیە، ئەو (**تَاء التَّأنِيث**)ە دەچێتەوە بۆ دروستکراوێکی مێینە بە مەجازیی، کە بریتیە لە نەفس یان ڕووح گەیشتە چۆڵەمەکان (**التَّراقي**)، کۆی (**تَرقوة**)یە، بە کوردیی دەڵێین: چۆڵەمە، ئەو دوو ئێسکەی بەرانبەر یەکدین و، دەوری قوڕقوڕاگەیان گرتوە، هەموو مرۆڤێك دوو تەرقوەی هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەگەر تەرقوە بە (**مُثَنَّى**) بگوترێ قورسە (**إذا بَلَغَتِ التَّرقوَتان**)، ئەگەر ڕووح گەیشتە دوو چۆڵەمەکان، لەبەر ئەوەی قورسە، بۆیە بە کۆ هێنراوە، هەروەك لە سوورەتی (**التحريم**)یشدا خوای کارزان بە دوو هاوسەرەکەی پێغەمبەرەکەی ﷺ، حەفصەو عائیشە دەفەرموێ: ﴿ إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ﴿٤﴾ ﴾، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بێگومان دڵەکانتان لایانداوە، ئەگەرنا لە بنچینەدا (**قَلباكُما**) یە، بەڵام لەبەر ئەوەی (**مُثنى**) قورسە، بۆیە عەرەب ئەو وشانەی قورسن لەسەر زمان، بە (**مُثَنىً**) نایانهێنن بەڵکو کۆیان دەکەنەوە.

﴿ وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ ﴾، گوتـراش: کـێ چارەسـەر دەکات، کـێ هەیـە دوعـا بخوێنـێ چارەسـەر بـکات، دەواو دەرمانێکـی پێیـە؟ ئـەوە واتایەکـی، یاخـود: ﴿ وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ ﴾، (مَـن يَرفَـعُ هـذه النَّفـس؟)، کـێ ئـەم نەفسـە دەکاتـەوە و دەیبـات بـەرەو شـوێنی خـۆی؟

﴿ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلۡفِرَاقُ ﴾، پێـی وابـوو کـە ئـەوە تـرازان و جیابوونەوەیـە، (ظَـنَّ) دەگونجـێ بـە مانـای: پـێ وابـوون و گومـان بـێ، دەشـگونجێ بە مانـای زانیاریـی و جێـی دڵنیایی بـێ، واتـە: دڵنیـا بـوو تـازە جیادەبێتـەوە لـە کـەس و کاری، لـەم ژیانـە دنیاییـە جیادەبێتـەوە، یاخـود: زانـی ڕووحیـی لـە جەسـتەی جیـا دەبێتـەوە.

ئەگـەر (ظَـن) هـەر بـە مانـای گومـان بـێ، مـرۆڤ لەبـەر ئـەوەی کـە تاکـو دەمرێ تەمایەکـی بـە ژیـان هـەر هەیە.

﴿ وَٱلۡتَفَّتِ ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ﴾، لاق لـە لاق ئـاڵا، لـە سـەرە مەرگـدا مـرۆڤ لاقەکانـی پێکـەوە دەژەنـێ، یاخـود: دوای ئـەوەی کـە دەمـرێ، لاقەکانـی لـە کفنـدا پێکـەوە دەپێچرێـن.

﴿ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡمَسَاقُ ﴾، لـەو ڕۆژەدا بـردران بـەرەو پەروەردگارتانـە، (مَسَـاق) چاوگێکـی میمییـە، بـە مانـای (سَـوق)، لێخـوڕدران، بەڕێکـران، بـردران، لـەو ڕۆژەدا بـەرەو پەروەردگارتـان، یاخـود (مَسَـاق) دەگونجـێ بـە مانـای نـاوی شـوێن بـێ، ئـەو شـوێنەی خەڵکـی بـۆ (سـوق) دەکـرێ و بـەڕێ دەکـرێ و بـۆ دەبـردرێ لای پەروەردگارتانـە، یانـی: ئـەو شـوێنەیە پـەروەردگارت دیـاری کـردوە.

ئنجـا خـوا ﷻ دێتـە سـەر هـۆی سـەرەنجام خراپـی بابـای بێبـڕوا، کـە چـوار گوناهانـی لەسـەر تۆمـار دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَا صَدَّقَ ﴾، ئـەو کەسـە ئـەو بێبڕوایـە بەڕاستی نەزانـی، لێرەدا بەرکارەکـەی قرتێنراوە، بۆچـی؟ ئەگـەر فەرمووبای: (فَـلاَ صَـدَّق الرَّسُـول)، تەنیـا ئـەوەی دەگرتـەوە، واتـە: پێغەمبـەری بەڕاسـت نەزانـی، ئەگـەر فەرمووبـای: (فَـلاَ صَـدَّقَ القُـرآنَ) تەنیـا قورئانـی دەگرتـەوە، قورئانـی بەڕاسـت

نەزانـی، ئەگـەر فەرمووبـای: (فَـلاَ صَـدَّقَ القِيَامَـةَ)، ڕۆژی هەڵسـانەوەی بەڕاسـت نەزانـی، بـەڵام لێـرە: ﴿ فَلَاصَدَّقَ ﴾، واتـە: بەڕاسـتی نەزانـی، هـەم خـوای بـە ڕاسـت نەزانـی، هـەم پێغەمبـەری خـوا ﷺ هـەم کتێبـی، خـوا، هـەم دیـداری خـوا، هیـچ کام لەوانـەی کـە پێویسـت بـوو بەڕاسـتیان بزانـێ، ئیمانـی پێیـان هەبـێ، هیچیانـی بەڕاسـت نەزانـی و، ئیمانـی پێیـان نەبـوو.

﴿ وَلَاصَلَّىٰ ﴾، نوێژیشـی نەکـرد، هەمیشـە نوێـژ کردنـی مـرۆڤ و، بەندایەتـی مرۆڤ بـۆ خـوا، زادەو بەرهەمـی بڕوایەتـی بـە خـوا، بۆیـە کەسـێك کـە نوێـژ ناکات، دەبـی پێشـێ سـەرنجی بێبڕواییەکـەی بـدەی، دیـارە بەڕاسـت نەزانینـی هەیـە، بۆیـە نوێـژی نیـە، لـە دڵ و دەروونیـدا بێبڕوایـی هەیـە، بۆیـە ناپابەندیـی هەیـە لـە ڕواڵـەت و جەسـتەیدا.

﴿ وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾، بەڵکـو بێبـڕوا بـوو بـە درۆی دانـاو، پشتیشـی هەڵکـرد، واتـە: لـە جیاتـی ئـەوەی تەصدیقـی هەبـێ و بەڕاسـت بزانـێ، (تَكذِيْـب) بـە درۆ دانانـی هەبـوو، لـە بەرانبـەر نوێـژ کـردن دا، لـە جیاتـی نوێـژ کـردن و بەندایەتـی بـۆ خـوا هەبـێ، پشـت هەڵکـردن و ڕوو وەرچەرخاندنـی هەبـوو.

﴿ ثُمَّ ذَهَبَ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ يَتَمَطَّىٰٓ ﴾، دواییـش چـۆوە بـۆ لای خێـزان و کـەس و کاری، بـە فیـزو کەشـخەوە و بـە پشـت بادانـەوە، (مَطـى) بـە مانـای (ظَهَـر)ە، (يَتَمَطَّـى) واتـە: (يُمَـدُّ ظَهْـرَهُ)، پشـتی درێـژ دەکـردەوەو خـۆی ڕادەوەشـاند بـە فیـزو کەشـخەوە، ئەمـە دەگونجـێ بـە سـیفەتی خراپـی پێنجەمـی و، بـە تاوانـی پێنجەمـی دابـنرێ، دەشـگونجێ بگوتـرێ: ئـەوە هـەر عادەتـی بـوو، پێـش ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ پەیامـی خـوای بـۆ بێنـێ، پێـش ئـەوەش کـە خـوا لـە میانـی کۆتـا فەرمایشـتی خۆیـدا بیدوێنـێ، ئـەو سـیفەتە خراپـەو، سیفەتە خراپەکانـی دیکـەش، هـەر عادەتـی بـوون، بۆیـە لـە ڕیـزی تاوانەکانـی دا دانانـرێ، ئـەو تاوانانـەی، لـە دوای دوێنرانـی لەلایـەن پێغەمبـەرەوە ﷺ لەسـەری تۆمـار کـراون.

بۆیەش وا دەڵێین: چونکە خوا ﷻ دوایی چوار جاران وشەی [سزای سەخت بۆ تۆ بێ] دووبارە دەکاتەوە، لە بەرانبەر ئەو چوار تاوانەیدا و، دەفەرموێ: ﴿ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰٓ ﴾، (أَوْلَى) صیغەی هەڵبژاردن (تَفْضِيْل)ە لە (وَيْل)، واتە: سزای سەختتر بۆ تۆ سزای سەختتر، دوایی سزای سەختتر بۆ تۆ، سزای سەختتر، دەشگونجێ (أولى) لە (ويل)ەوە نەهاتبێ و، صیغەی (تَفْضِيْل) ی (وَيْل) نەبێ، بەڵکو (أَوْلَى) بە مانای (أَقْرَب)، واتە: (أَقْرَبُ لَكَ فأقرَب، ثُمَّ أَقْرَبُ لَكَ فأَقْرَب)، چی لێی نیزیکتر بێ، دیارە سزای خوای دادگەر، واتە: سزاو جەزرەبەی خوا لە تۆ نیزیکتر بێ، جارێکی دیکەش سزاو جەزرەبەی خوا لە تۆ نیزیکتر بێ، ئنجا سزاو جەزرەبەی خوا لە تۆ نزیکتر بێ، جارێکی دیکەش سزاو جەزرەبەی خوا لە تۆ نیزیکتر، ئەوە چواران، لە بەرانبەر ئەو چوار تاوانەیدا، خوا ﷻ چوار جار هەڕەشەی سزای سەختتر، یاخود لێ نیزیکتر بوونی سزای سەختی خوای لێ دەکات.

﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴾، ئەمە جاری شەشەمە کە وشەی مرۆڤ لێرە دێ: ئایا مرۆڤ پێی وایە بە وێڵکراویی وازی لێ بهێنرێ؟ ﴿ سُدًى ﴾، واتە: (مُهمَل)، تاك و بۆ کۆ نێرینەو مێینە و، بۆ دووان، بۆ هەمووی بەکاردەهێنرێ، دەگوترێ: (رَجلٌ سُدى، إمرأةٌ سُدى، ناقةٌ سُدى، بعيرٌ سُدى، إبلٌ سُدَى)، ئایا مرۆڤ پێی وایە بە وێڵکراویی وازی لێ بهێنرێ و کەس نەڵێ لە کوێ بووی و چیت کرد و چۆنت کرد و چۆن ژیای؟

﴿ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَىٰ ﴾، ئایا تۆویلکەیەك نەبوو لە تۆوێك کە دەڕژێنرێ، ﴿ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴾، دوایی بوو بە خوێنپارەیەك، خوا دروستی کردو ڕێکی خست، قۆناغ قۆناغ.

﴿ فَجَعَلَ مِنْهُ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ﴾، هەر لەو تۆوەی دەڕژێندرێتە نێو منداڵدانەوە، لەگەڵ هێلکۆڵەی ئافرەتدا یەکدەگرن، لەوە جووتی نێرو مێیانی لێ دروست کرد،

(نُطْفَة) مەبەست پێی ئاوی پیاو بێ، واتە: (حَيمَن) زیندەوەری تۆویی، چونکە وەك دوایی باس دەكەین، پێشتریش باسمان كردوە، هۆی نێربوون و مێبوونی، كۆرپەلە ئاوی پیاوە، كە وەك زانایانی شارەزا دەڵێن: ئاوی پیاو (حَيمَن)ەكانی دوو جۆرن، كە بە (XY) یان (XX) ڕەمزەكەیانە، بەڵام هی ئافرەت هەمووی هەر (XX)ە، ئنجا ئەگەر هی پیاو (XY) بێ، لەگەڵ (XX)ی ئافرەتدا دەبێتە نێر، بەڵام ئەگەر هی پیاو (XX) بێ، لەگەڵ (XX)ی ئافرەتدا مێینە دروست دەبێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ فَجَعَلَ مِنْهُ ﴾، واتە: لەو مەنییە لە تۆوی پیاو، جووتی دروست كرد، ﴿ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ﴾، نێرو مێ.

﴿ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧىَ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾، ئایا ئەوە [واتە: خوایەك ﷻ كە ئەوە حاڵ و سیفەتیەتی]، توانادار نیە كە مردووان بژێنێتەوە؟ دواییش باسی دەكەین، وا باشە لێرەدا بگوترێ: (**سُبْحَانَكَ بَلى**) پاكیی بۆ تۆ با، یان: (**سُبْحَانَكَ بَلى وَأَنَا عَلَى ذَلِكَ مَعَ الشَّاهِدِيْن**)، پاكیی بۆ تۆ، با، من لەسەر ئەوە لە شایەدانم، شایەدیی دەدەم كە خوا ﷻ مرۆڤی بە هەموو ئەو قۆناغانەدا هێنابێت، دوای ئەوەی دەشمرێ، ئەو مردووانەی بەو شێوەیە دروستیكردوون، زیندوویان بكاتەوەو جارێكی دیكە ژیانیان پێ ببەخشێتەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سـوێند خواردنـی خـوا ﷻ بـە ڕۆژی قیامـەت و بـە نەفسـی سـەرکۆنەکار (کـە ڕۆژی دوایـی دێ) و، هەڵوەشـاندنەوەی گومـانی مرۆڤـی بێبـڕوا، کـە خـوا پێـی زینـدوو ناکرێتـەوەو، ئێسـکەکانی پـێ کۆناکرێنـەوە! لـە حاڵێـك دا خـوا توانایە سـەرە پەنجەکانیشـی ڕێـك بخاتـەوە، بـەڵام بابـای بێبـڕوا چونکە هەر چـاوی لـە تاوانبارییە، بۆیـە نکووڵیـی لـە ڕۆژی قیامـەت و سـزاو پاداشـت و لێپرسرانـەوە دەکات:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝١ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢ أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجۡمَعَ عِظَامَهُۥ ۝٣ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ۝٤ بَلۡ يُرِيدُ ٱلۡإِنسَٰنُ لِيَفۡجُرَ أَمَامَهُۥ ۝٥ يَسۡـَٔلُ أَيَّانَ يَوۡمُ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝٦﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگە:

١)- ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾، وەك پێشتر باسمان کرد، زانایان لە بارەی (لَا) کە لە پێش: ﴿أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾ و لە پێش: ﴿أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ﴾دا هاتوە، لێرەدا هەروەها لە شوێنەکانی دیکەش لە قورئان دا، مشتومڕیان زۆر کردوە: أ- هەندێکیان گوتویانە: (لا) بۆ لابردنی سوێندە، سوێند ناخۆم بە ڕۆژی قیامەت و، سوێند ناخۆم بە نەفسی سەرکۆنەکار، بەڵام پێشتر گوتمان: ئەو ڕایە ڕاست نییە و، لە کاتی تەفسیرکردنی ئایەتەکانی سوورەتی (**الواقعة**)دا، کە ئەو ئایەتە موبارەکانەمان بەوجۆرە تەفسیر کردیە: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ۝٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ۝٧٦﴾، وانیە وەك ئێوە دەڵێن، سوێند دەخۆم بە ڕێ و شوێنی ئەستێرەکان و، ئەگەر بزانن ئەوە سوێندێکی مەزنە، کەواتە: خوا سوێندەکەی خواردوەو بڕاوەتەوە، بۆیە ئەو ڕایە هەڵەیە، کە دەڵێ ئەم (لَا)یە بۆ لابردنی سوێندەکەیە.

ئنجا کە وایان گوتوە، گوتوویانە: لەبەر ئەوەی ئەو شتە ئەوەندە ڕوونە، بۆیە خوا سوێندی لەسەر ناخوات، یاخود سوێند پێخوراوەکە هێندە گەورەیە، بۆیە خوا لەوە گەورەتری دەزانێ، بەڵام ئەو دوو پاساوە ڕاست نین و، لە ڕاستیدا ئەمە سوێندەو خوراوە، ئەی (لَا)یەکە مەبەست پێی چییە؟

ب- بەشێک گوتوویانە: (**لَا زَائِدة للتَّأْكِيد مِثْلُ لِئَلَّا يَعلَمَ**)، وەك پێشتر باسمان کرد لە کۆتایی سوورەتی (**الحديد**)دا واتە: (**لِيَعلَمَ**)، واتە: (لَا)یەکە زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوە، یەکێك لە عادەتەکان لە زمانی عەرەبییدا، ئەوەیە جاری وایە (لَا) زیاد دەکەن، بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو شتە، کەواتە: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾ یانی: زۆر بە جەختکردنەوە وە سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت.

ج- ڕایەکی دیکە لە بارەی (لا)وە، دەڵێ: (**رَدٌّ لِكَلَامٍ سابق**)، ئەمە بەرپەرچدانەوەی قسەیەکی پێشترە، کە لە ڕاستیدا من ئەو ڕایەم، نەك هەر لێرەدا بەڵکو لە ئایەتەکەی سوورەتی (**الواقِعة**)داو، لە هەموو شوێنەکانی دیکەشدا کە دێنێ، بۆ نموونە: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ١ ﴾البلد، لە هەموو شوێنەکاندا (لَا) مەبەست پێی بەرپەرچدانەوەی قسەیەکی پێشترە، کە کراوە یاخود بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ و، گونجاوە لەگەڵ ئەو سیاقەدا، بۆ وێنە لێرە: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾، وانیە وەك ئێوە دەیڵێن کە زیندوو ناکرێنەوە، سوێند دەخۆم بە ڕۆژی هەڵسانەوەو، وانیە وەك ئێوە دەیڵێن، سوێند دەخۆم بە نەفسی سەرکۆنەکار، کە ڕەخنە لە خۆی دەگرێ.

د- ڕایەکی دیکەش هەیە کە (**لَأُقسِمُ**)، ئەلیف (ا) ەکە هەر فەتحەیە، بەڵام تێر کراوە، واتە: (**لَأُقسِمُ بِيَومِ القِيَامَة**)، سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت، گرنگ ئەوەیە من تەنها ئەو ڕایە پێم هەڵەیە، کە دەڵێ: (لا) بۆ لابردنی سوێندەکەیە، وەك گوتم ڕوونترین بەڵگەش لەو بارەوە، ئایەتەکەی سوورەتی (**الواقِعة**)یە، کە لەوێ خوا ﷻ دوای ئەوەی دەفەرموێ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٌ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ٧٦ ﴾، نەخێر سوێند دەخۆم بە ڕێ و شوێنی ئەستێرەکان و، ئەگەر بشزانن ئەمە

سوێندێکی مەزنە، ئنجا سوێندی مەزن خوا ﷻ دەیخوات، هەروەها سوێند خواردن بە ڕۆژی دوایی، ڕۆژی دوایی ئەوە دێنێ سوێندی پێ بخۆی، لە شوێنی دیکەشدا خوا سوێندی پێ خواردوە، هەروەها نەفسێك کە ڕەخنە لە خۆی، لە خاوەنەکەی دەگرێ شایستەی ئەوەیە سوێندی پێ بخورێ.

٢)- ﴿ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ﴾، وانیە (وەك ئێوە دەڵێن)، سوێند دەخۆم بە نەفسێك کە زۆر ڕەخنە گرە، زۆر لۆمەکارە، زۆر گلەییکەرە، لە کێ؟ هەڵبەتە لە خۆی، لێرەدا زانایان پرسیویانە: ئایا سوێند لەسەر خوراوەکە چییە؟ سوێند پێ خوراوەکە دیارە، ڕۆژی قیامەتە، دووەمیش نەفسی گلەییکارو ڕەخنەگرە، بەڵام ئایا سوێند لەسەر خوراوەکە (**مُقْسَمٌ عَلَيْه**) چییە؟ ئەوەی سوێندی لەسەر خوراوە، یان سوێندی بۆ خوراوە، زانایان گوتوویانە: ئەوشتەی بە سیاق دەزانرێ، وەک: (**لَتُبْعَثُنَّ أو لَنَجْمَعَنَّ عِظَامَ الإنْسَان**) بە دڵنیایی زیندوو دەکرێنەوە، یاخود ئێسکەکانی مرۆڤ کۆدەکەینەوە، چونکە دوایی دەفەرموێ:

٣)- ﴿ أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجۡمَعَ عِظَامَهُۥ ﴾، ئایا مرۆڤ، (مرۆڤی بێبڕوا) پێی وایە ئێسکەکانی کۆ نەکەینەوە؟ بێگومان لە ئەسڵدا ئاوایە: (**أَنْ لَنْ نَجْمَعَ عِظَامَه**)، بەڵام نوون (ن) ە لە لام (ل) ەکە دا دەکرێ، (**لَنْ**) یش بۆ جەختکردنەوەی لابردنە، هەڵبەتە بەپێی بیرو بڕوایی مرۆڤی کافر، ئایا ئەو بەدڵنیایی پێی وایە ئێمە ئێسکەکانی کۆناکەینەوە؟! واتە: بابای بێبڕوا پێی وایە بە تەئکید خوا ئێسکەکانی کۆ ناکاتەوە، یانی: (**لَنْ**) بەپێی ئیعتیقادو بۆ چوونی بای بێبڕوایە، ئنجا ئایا لێرەدا مەبەست پێ لە (**الإنْسَان**) چییە؟ (**أل**)ی ناساندنی لەسەرە، ئایا ئەو (**أل**)ە بۆ ڕەگەز (جنس) ە، واتە: کۆی مرۆڤان پێیان وایە، یاخود (**أل**)ی ناساندنە و بۆ (عهد)ە، واتە: مرۆڤە بێبڕوایەکان پێیان وایە.

هەڵبەتە ئەگەر بشگوترێ: مەبەست کۆی مرۆڤانە لەو ڕۆژگارەدا، یاخود لەو کۆمەڵگایەدا، ek خەڵکەکە زۆرینەی هەرە زۆری ڕایان وابووە، تۆزێ ڕێی تێدەچێ، بەڵام ڕای ڕاستر ئەوەیە (**أل**)ە کە بۆ ناساندنە و، ناساندنی عەهدییە واتە: مرۆڤە

بێبڕوایەکە، مرۆڤە بێبڕوایەکان پێیان وایە ئێسکەکانیان کۆ ناکەینەوە، چونکە تەنانەت لە کۆمەڵگای پێغەمبەریش دا، کەسانێك هەبوون بڕوایان بە زیندوو بوونەوەو بە سزا و پاداشت هەبووەو، لە سەرتاسەری دنیاشداو، لەو ڕۆژگارەشدا هەمیشە خاوەن کتێبەکان و، کەسانێك کە خواناس بوون و بڕوایان بە ڕۆژی دوایی هەبووە، هەر هەبوون.

٤)- ﴿ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ﴾، با ئێمە تواناداریـن سەرەپەنجەکانیشی ڕێك بخەینەوە.

زانایان باسیان کردوە، کە بۆچی خوا ﷻ باسی ئێسکەکان دەکات، (عِظَام) کۆی (عَظْم) ە، واتە: ئێسك، بۆچی باسی ئەندامەکانی دیکە ناکات؟ لەبەر ئەوەی پەیکەری ئێسکی قالبی مرۆڤە و، پتەوترین شت لە مرۆڤیشدا ئێسکەکانن، ئنجا ئێسکەکان دوای ئەوەی دەڕزن و دەپڕتووکێن، خوا بتوانێ کۆیان بکاتەوە، مانای وایە ئەندامەکانی دیکە: گۆشت و ڕەگ و دەمارو چەوریی و ئەوانە، ئاسانتر جارێکی دیکە پەیدا دەکرێنەوە.

وشـەی (بلـی) ش: (**حَـرْفُ إبْطَـالٍ للنَّفِـي الَّـذِي دَلَّ عَلَيْـه، لَـنْ نَجْمَـعَ عِظَامَـه**)، ئـەوان گوتوویانـە: خـوا ئێسـکەکانمان کۆناکاتـەوە ئـەوەش لابردنـی (**نفـي**) ە، ئنجـا (**بَـلَى**) پیتێکـە بـۆ پووچەڵکردنـەوەی لابردنـە، هـەروەک بـۆ پێناسـەی (**بَـلَى**) گوتـراوە: (**حَـرْفٌ إثْبَـاتٍ فِي جَـوَابِ النَّفِـي**)، پیتێکـە بـۆ چەسـپاندن لـە وەڵامـی لابردنـدا، ئـەوان پێیـان وابـووە ئێسـکەکانیان کۆناکرێنـەوە، خـواش دەفەرمـوێ: بـا، بەڵکـو زیـاد لـەوەش تواناداریـن، کـە سـەرە پەنجەکانیشـیان ڕێـك بخەینـەوە.

وشـەی (**بَنَـان**) کۆیـە تاکەکـەی (**بَنَانَة**)یـە، واتـە: یـەك سـەرە پەنجـە، (**بَنَـان**) سـەرە پەنجـەکان، ئایـا بۆچـی خـوا ﷻ وشـەی (**تَسْـوِيَة**)ی بەکارهێنـاوە. ﴿ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ﴾؟ چونکـە: (**التَّسْـوِيَة: تَقْوِيـمُ الـشَّيءِ وَإتْقَـانُ الخَلْـقِ**)، (**تَسْـوِيَة**): بریتیـە لـە ڕێـک و ڕاسـتکردنی شـتێك و ورد دروسـتکردنی، ئنجـا (**بَنَـان**) کـە نـاوی کـۆی (**بَنَانَـة**) یـە، ئایـا بـە مانـای پەنجـە دێ، یـان بـە مانـای سـەرە پەنجـە (**أنملـة**) بەدڵنیاییـی مانـای دووەمیـان ڕاسـتترە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ ﴾، بـا ئێمـە تواناداریـن سـەرە پەنجەکانـی ڕێـك بخەینـەوە، هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: (**أَنْ نَجْعَـلَ أَصَابِعَهُـم مُلتَحِمَـةً مُنْدَمِجَـةً بَعْضُهـا بِبَعْـضٍ مِثْـلُ الحَافِـر**)، واتـە: دەتوانیـن پەنجەکانیـان پێکـەوە بلکێیـن و، هەندێکیـان لەگـەڵ هەندێکیانـدا دەمـج بکەیـن و، پێکیانـەوە جۆشـدەین، وەك سـمی وڵاخ! بـەڵام لـە ڕاسـتییدا بێگومـان (**نُسَـوِيَّ بَنَانـة**)، یانـی: سـەرە پەنجەکانی دروسـت بکەینـەوە، دوای ئـەوەی لـە بەیـن چـوو بـوون.

یەکێـك بـۆی هەیـە، بپرسـێ: بۆچـی خـوا ﷻ لـەو هەمـوو ئەندامـە سەرسـوڕهێنەرانەی جەسـتەی مرۆڤـدا، باسـی سـەرە پەنجەکانـی کـردوە؟ وا پێدەچـێ یەکێـك لـە حیکمەتەکانـی باسـی ڕێکخسـتنەوەی سـەرە پەنجـەکان، ئـەوە بـێ کـە ئێسـتا زانسـت دەریخسـتوە، سـەرە پەنجـەی هیـچ کەسـێك کـە بەعەرەبـی پێـی دەگوتـرێ: (**بَصْمَـة**) بەکوردیـی: پەنجەمـۆر، کەهـی هیـچ کەسـێك لـە پەنجەمـۆری کەسـێکی دیکـە ناچـێ.

لـەو بـارەوە (**د. محمـد راتـب النابلـسي**) لـە تەفسـیری (**النابلـسي**)[1]دا، دەڵـێ: (**البَنَانُ هِـيَ الأَصَابِـعُ الإِبْهَـام لَـهُ شَـكْلٌ وَلَـهُ خُطُـوطٌ فِيْهَـا دَوَائِـرُ وَمُلْحَنَيَـاتٌ وَجُـزرٌ وَنُتُوئَـاتٌ وَفُـرُوْعٌ، وَلَيْـسَ فِي الأَرْضِ إِنْسَـانٌ يُشْـبِه إِبْهَامُـهُ إِبْهَـامَ إِنْسَـانٍ آخَـر، صَـوَرُوُا الإِبْهَـام وَكَـبَّروهُ بِحَجْـم مِـتْر مُرَبَّـعٍ، وَعَرَضُـوُا عَلَيْـه مِلْيُـونَ صُـوْرَة، فَـمَا اتَفَقَـتْ صُـورَةٌ مَـعَ الصُّـورَةِ الأُوْلَى، حَتَّـى إِنَّ بَعْـضَ المُجْرِمِيْنَ فِي أَمْرِيْـكَا قَطَـع أَجْـزَاء مِـنْ أَجْزَائِهِـمْ الأخْـرَى، وَجَعَلُوْهَـا عَـلَى إِبْهَامِهِـمْ، لَكِـن بعـد أَرْبَعـة أَشْـهُرٍ ظَهَـرت الخُطُـوط نَفْسُـها عَـلَى الأَجْـزَاء الجَدِيْـدَة**).

واتـە: (**بَنَـان**) بریتیـن لـە پەنجـەکان، [لـە ڕاسـتییدا بریتیـن لـە سـەری پەنجـەکان، چونکـە (**أَصَابِـع**) پەنجەکانـە]، دوایـی دەڵـێ: (**إِبْهَـام**) واتـە: سـەری پەنجـە، وێنەیەکی هەیـە، هەندێـك هێڵـی تێـدان و، هەندێـك بازنـەی تێـدان و هەندێـك قـۆرت و پێچـی تێـدان و، هەندێـك دوورگـەی تێـدان و، هە[illegible]

(١) ج١٠، ص١٨٠.

پۆپـی تێـدان، لـە هەمـوو سـەر زەوی مرۆڤێـك نیـە، سـەرە پەنجەكـەی لـە هـی مرۆڤێكـی دیكـە بچـێ.

زانایـان وێنـەی سـەرە پەنجەیەكیـان گـرت و، بـە ئەنـدازەی مەتـر چـوار گۆشـەیەك(م٢) گەورەیـان كـرد، دوایـی یـەك ملیـۆن وێنـەی سـەرە پەنجـەی خەڵكـی دیكەیـان هێنـا، لەگەڵیـان دا بـەراورد كـرد، لـەو یـەك ملیۆنـە هیچیـان لـەوەی یەكـەم نەچـوون، [هەڵبەتـە ئـەوە بـەس بـۆ ئەزمـوون بـووە، ئەگەرنـا ئێسـتا دەركەوتـوە لـە هەمـوو سـەر زەویـدا، سـەرە پەنجـەی هیچكـەس وەك هـی یـەك دیكـە ناچـێ، نـەك هـەر لـە ملیۆنێـك بەڵكـو لـەو حـەوت هەشـت ملیـارەی كـە لەسـەر زەویـن] هەتـا هەندێـك لـە تاوانبـاران ئەوانـەی كەتـن و تـاوان دەكـەن لـە ئەمریـكا، هەندێـك بەشـیان لـە ئەندامەكانـی دیكـەی خۆیانیـان بڕیـن و، لەسـەر سـەرە پەنجەكانیانیـان دانـان، پێیانـەوە لكانـدن، بـەڵام دوای چـوار مانـگان هێـڵ و هەمـان شـێوەی كـە لەسـەر پەنجـەكان خـوا دروسـتی كـردوون، لـەو ۆارچـە ئازادانەشـدا كـە پێانـەوە لكانـدوون، دەركەوتنـەوە.

كەواتـە: حیكمەتەكـە ئەوەیـە، یـان حیكمەتێكـی ئەوەیـە كـە ئـەو وردەكارییـەی لـەو سـەرە پەنجانـەدا هەیـە و زانسـت تـازە دەریخسـتوە و ئیعجازێكـی عیلمییـە، بـۆ ئـەوەی ئەگـەر یەكێـك پێـمان بڵـێ: ئـەو گۆشـت و ئێسـقانانە هەموویـان تێكـەڵ دەبـن و، هەیـە هـەر هەمـووی دەبێتـەوە خـاك و خـۆڵ، ئایـا خـوای زانـا و شـارەزا یـەك بەیـەك دەیانناسـێتەوە و لەیەكیـان جیادەكاتـەوە؟ دەگوتـرێ: دنیـادا بەهـۆی سـەرە پەنجەكانیانـەوە لێـك دەكرێنـەوە، لەوێشـدا بـە هەمـان شـێوە.

٥)- ﴿ بَلْ يُرِيدُ ٱلْإِنسَـٰنُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ ﴾، بەڵكو مرۆڤ (مرۆڤی بێبڕوا)، دەیەوێ: لە ڕۆژگاری پێشەوەیدا هەر تاوانكاریی بكات. ﴿ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ ﴾، بە دوو شێوە مانایان كردوە.

١- (أي: يُكَذِّبَ بِمَا هَو قُدَّامَ هُ مِنَ اليَوْمِ الأخِرِ)، وشەی (لِيَفجُرَ)یان بە (يُكَذِّبَ) لێكداوەتەوە، ئەوەی لە پێشیەوەیەتی (لە ڕۆژی دوایی) بە درۆی دابنێ.

٢- (يُرِيدُ أَنْ يَفْجُرَ فِي الْمُسْتَقْبَلِ مِنَ الزَّمَن)، کە ئەمە [ئەم مانایە زیاتر دەچێتە عەقڵ و دڵەوە]، بەڵکو مرۆڤی بێبڕوا دەیەوێ لە ڕۆژگاری داهاتوویدا، وەکو ڕابردووی هەر بەردەوام بێ لەسەر گوناح، (ليفجر أَمَامَهُ) واتە: ئەو ڕۆژگارەی لە پێشیەوەیەتی هەر بە گوناح بیداتە بەر.

٦)- ﴿ يَسْـَٔلُ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، بۆیە دەپرسێ ڕۆژی هەڵسانەوە کەنگێیە؟

لێرەدا با تۆزێك تیشکی بخەینە سەر ئەو سێ وشەیە:

أ- (الفُجُـــوْر):

(فِعْـلُ السُّـوءِ الشَّـدِيْدِ ويُطْلَـقُ عَـلَى الكَـذِبَ، لِـذَا وصِفَـت اليَمِـيْنُ الكَاذِبَـةُ بَالفَاجِـرَة، وَكَـذَبَ: فَجَـرَ)، (فجـور): بریتیـە لـە کردەوەیەکـی زۆر خـراپ و بـۆ درۆش بەکاردەهێنرێ، هـەر بۆیـە سـوێندی درۆ بـە (اليَمِـيْنُ الفَاجِـرة) سـوێندی فاجیـر وەصـف کـراوە، (وَكَـذَبَ أي: فَجَـرَ)، درۆی کـرد یانـی: فجـووری کـرد.

ب- (أَمَـــام):

(أَمَـامَ: أَصْلُـهُ اسْـمُ قُبَالَـةِ مَـنْ أُضِيْـفَ إِلَيْـهِ) (أَمَـام): ڕیشـەکەی بریتیـە لـە نـاو، نـاوە بـۆ پێـش ئـەو کەسـەی پاڵدراوەتـە لای، (أَمَـام فُلَانٍ) واتـە: ئـەوەی لـە پێـش ویەوەیە، (وَهُـوَ ضِـدُّ الخَلْـفِ وَيُطْلَـقُ عَـلَى الزَّمَـانِ المُسْـتَقْبل مَجَـازاً)، (أَمَـام) پێشـەوە پێچەوانـەی (خَلْـفَ)ە، دوایـی وشـەی (أمـام) بەکاردەهێـنرێ بـۆ کاتـێ کـە دادێ، هـەروەك چـۆن (خَلْـف) بەکاردەهێـنرێ بـە مەجـاز بـۆ کاتـێ تێپەڕیـێ بـۆ ڕابـردوو، لەبەرئـەوەی مـرۆڤ کـە بـە شـوێنێکدا دەڕوات، ئـەو شـوێنەی لێـی تێدەپـەڕێ، دەکەوێتـە پشـتی، بـەڵام ئـەو شـوێنەی بـۆی دەچـێ دەکەوێتـە پێشـی، ئنجـا ئـەو دووە لـە ئەسـڵدا نـاوی شـوێنن، (أَمَـام) شـوێنێکە لـە پێشـەوەیە و، (خَلْـف) شـوێنێکە لـە پشـتەوەیە، بـەڵام دوایـی (أَمَـام وخَلْـف) بەکارهێـنراون، [(أَمَـام) و (قُـدَام)، (خَلْـف) و (وَرَاء)]، لـە نـاوی شـوێنەوە خوازراونـەوە بـۆ نـاوی کات، (أَمَـام) بـۆ کاتێکـە لـە پێشـتەوەیەو پێـی

نەگەیشتووی و، (وَرَاء) یاخود (خَلْف)یش بۆ کاتێکە لێی تێپەڕیوی و بەجێتهێشتوە.

کە دەفەرمووێ: (أَمَامَه) ڕاناوەکەی دەچێتە بۆ مرۆڤ، واتە: ئەوەی لە داهاتووی ئەو مرۆڤە دایە، ئەوەی ماوە لە تەمەنی، (فَيُمْضِي قُدُماً رَاكِبَاً رَأْسَهُ لَا يُقْلِعُ عَمَّا هُوَ فِيْه)، ملی لێناوە بابای تاوانبار، سواری سەری خۆی بووەو، واز تاوانە ناهێنێ، کە لە پێشیەوەیەتی، کەواتە: کە دەفەرمووێ: ﴿ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ ﴾، واتە: بۆ ئەوەی تاوان بکات لەو کاتەدا کە لە پێشیەوەیەتی و ماوە و لە داهاتووشدا بەردەوام بێت، یاخود: مەبەست پێی بەدرۆ دانانە، واتە: ئەوەی لە داهاتوویە بە درۆی دابنێ کە ڕۆژی دواییە.

ج- (أيَّـــان):

وەك پێشتر گوتوومانە دەڵێ: (أَيَّان: اسْمُ إِسْتِفْهَامٍ عَنِ الزَّمَان البَعِيد، أَيْنَ آنُ كَذَا، أو أَيُّ آنٍ، وَهُوَ لِطَلَبِ تَعيْين أجل حُلُولِ يَوْم القِيَامَة)، (أَيَّان) ناوی پرسیارکردنە لە کات کاتی دوور، (أَيَّانَ) لە چیەوە هاتوە؟ (أَيْنَ آنُ كَذَا) کاتی فلانە شتە کەنگێیە؟ یاخود (أَيُّ آنٍ) چ وەختێك؟ لە ئەسڵدا بۆ داواکردنی دیاریکردنی کاتی هاتنی ڕۆژی دواییە، ﴿ أَيَّانَ يَوْمُ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، واتە: ڕۆژی هەڵسانەوە کاتەکەی کەنگێیە، ئنجا خوا دەفەرمووێ: بابای بێبڕوا دەیەوێ بە گوناح و تاوان بیداتە بەر لە داهاتوودا، بۆیە دەپرسێ؛ کاتی هاتنی ڕۆژی هەڵسانەوە کەنگێیە نکوولیی لێ دەکات، بۆ ئەوەی هەر لەسەر گوناح و تاوان بچێ و بەردەوام بێ.

مەسەلەی دووەم:

کاتێک دوایی دێ، چاو ئەبڵەق دەبێ و، مانگ خەفە دەبێ و، خۆرو مانگ پێکەوە کۆ دەکرێنەوە، ئنجا لەو کاتەدا مرۆڤی بێبڕوا دەڵێ: کوا ڕاکردن؟ یان شوێنی بۆ لاڕاکردن؟ واتە: دەرفەت نیە، پێی دەگوترێ: هیچ پەناگەیەك نیەو سەقامگیر بوون هەر لە لای پەروەردگارتەو، مرۆڤیش هەواڵی چاکەو خراپەی پێدەدرێ و، هەرچەندە پۆزش و بیانوو بهێنێتەوە، بەڵام خۆی بەسەر خۆیەوە چاودێرە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ ﴿٧﴾ وَخَسَفَ الْقَمَرُ ﴿٨﴾ وَجُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ ﴿٩﴾ يَقُولُ الْإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ ﴿١٠﴾ كَلَّا لَا وَزَرَ ﴿١١﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ ﴿١٢﴾ يُنَبَّأُ الْإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ ﴿١٣﴾ بَلِ الْإِنسَانُ عَلَىٰ نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ ﴿١٤﴾ وَلَوْ أَلْقَىٰ مَعَاذِيرَهُ ﴿١٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ ﴾، وەڵام دەداتەوە: کە لە ئایەتی پێشوودا بابای بێبڕوا دەپرسێ: ڕۆژی هەڵسانەوە کەیە؟ لێرەدا خوا هەر کاتێك چاو ئەبڵەق بوو، (**بَرِقَ أي: دَهِشَ وَتَحَيَّرَ**)، واتە: سەرسام بوو، ئەبڵەق بوو، وشەی (**بَرِقَ**) خوێندراویشەتەوە (**بَرَقَ**)، (**بَرَقَ أي: لَمَعَ، لَمَعَ مِنْ شِدَّةِ شُخُوصِهِ**)، چاو لە ئەنجامی زۆر کرانەوەی و ئەبڵەق بووندا، بریسکەی دێ، کاتێك چاو سەرسام و، ئەبڵەق بوو، یاخود بریسکەی هات، وشەی (**البَصَر**)یش (**أل**)ی ناساندنی لەسەرەو بۆ جینسە، واتە: هەموو چاوەکان، چاوی هەر کەسێك لەو ڕۆژەدا ئەبڵەق دەبێ، یاخود سەرسام دەبێ، یان هێندە دەکرێتەوە، بریسکەی دێ.

٢)- ﴿ وَخَسَفَ الْقَمَرُ ﴾، مانگیش ڕووناکییەکەی خەفە بوو، کەم بوو و کوژایەوە، وەك پێشتر گوتمان: (**الخُسُوفُ للقَمَر وَالكُسُوف للشَّمْسو أوِ الكُسُوف لِكلَيْهِمَا**)، (**الخسُوف**) واتە: ڕووناکیی کەم بوون، یان ڕووناکیی نەمان، بۆ مانگە، بەڵام (**الكُسُوف**) بۆ خۆرە، خۆرەکە ڕووناکیی نەماو، هەروەها ەندێك گوتوویانە: بۆ هەردووکیانە.

٣)- ﴿ وَجُمِعَ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ ﴾، کاتێك مانگ و خۆر پێکەوە کۆ کرانەوە، لە ئایا چییدا پێکەوە کۆ کرانەوە و چۆن؟ هەندێك گوتوویانە: لە نەمانی شەوق و ڕووناکییان دا پێکەوە کۆ کرانەوە، یانی: مانگ ڕووناکییەکەی نەماو، خۆریش تیشکەکەی نەما، ئەوە، ب- ﴿ وَجُمِعَ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ ﴾، خۆرو مانگ پێکەوە کۆ کرانەوە، لە کاتێکدا خوا ﷻ بیەوێ کۆتایی بەم ژیانە دنیایە بێنێ، بەم گەردوونە بێنێ، لە ئەسڵدا کۆمەڵەی خۆر لە خۆر جیابوونەوە، بۆیە بە دەوریدا دەخولێنەوە، مانگ لە زەوی جیابۆتەوە، بۆیە بە دەوریدا دەخولێتەوە، ئنجا لە ڕۆژی دواییدا خوا ﷻ -وەك ئایەتەکەی سوورەتی (الأنبياء) ئاماژەی پێدەکات- وا پێدەچێ ئەم گەردوونە بچێتەوە نێو یەك بە جۆرێك لە جۆرەکان، وەك دەفەرموێ: ﴿ يَوۡمَ نَطۡوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلۡكُتُبِۚ كَمَا بَدَأۡنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥۚ وَعۡدًا عَلَيۡنَآۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ١٠٤ ﴾، ئەو ڕۆژەی ئاسمانەکان، وەك چۆن تۆماری نووسراوەکان دەپێچرێتەوە ئاوا دەپێچرێنەوە، وەکو چۆن یەکەمجار دروستمان کردوون دەیگێڕینەوە، ئەمە بەڵێنێکە لەسەر ئێمە، بە دڵنیایی ئێمە ئەنجامدەرینی.

ئنجا ئایا یەکەم جار گەردوونە چۆن دروست بوو؟ لە کتێبەکانی خۆمدا، لە مەوسووعە [ئیێمان و عەقیدەی ئیسلامی داو، وە لە کتێبی: [خواناسی ئاین، ئیمان] داو، دواجار زۆر بە ڕوونیی، لە مەوسوعەی: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد، لەبەر تیشکی ڕۆشنایی زگماك و عەقڵ و زانست و وەحیی دا) باسمان کردوە، نوێترین بیرۆدزە لەوبارەوە ئەوەیە کە ئەم گەردوونە، لە یەکەیەکی بچووکی یەکجار بچووکەوە، یەکجار گەرم، کە سینگۆلارتی(sinularity)ی پێ دەڵێن، واتە: تاکی گەردوونیی، یان هێلکەی گەردوونیی، یان تۆوی گەردوونیی، ئەو سینگۆلاریتییە تەقیوەتەوەو، لە ئەنجامدا ئەو گەردوونە بەم شێوەیە دروست بووە، واتە: گەردوون لە نەبوونەوە هاتوە، چونکە ئەم سینگۆلارتییە کە دەڵێن هێندە بچووك، بووە نەك لە گەردیلە بچووکتر، بەڵکو لە ئەلیکترۆن بچووکتر، کە تا ئێستا خەڵك نەك هەر ئەلیکترۆنی نەبینیوە، گەردیلەشی نەبینیوە، بەڵکو

گـەرد (molcule) یشـی نەدیـوە کـە لـە ملیۆنـان گەردیلـە پێـك دێ، کەچـی ئـەو سـینگۆلارتیە لـە ئەلیکترۆنیـش بچوکـتر بـووە.

خـوا ﷻ ئامـاژە بـەوەش دەکات، لە سـوورەتی (الأنبیـاء)دا دەفەرمـوێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَآءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾، ئایـا ئەوانـەی بێبـڕوان نابینـن و نازانـن، کـە ئاسـمانەکان و زەوی جۆشـدراو بـوون، لێکـمان جیـا کردنـەوەو، هەمـوو ژیانداریکیشـمان لـە ئـاو دروسـت کـرد، ئایـا هـەر بـڕوا ناهێنـن؟ کـە لـە یـەك ئایەتـدا خـوا ﷻ باسـی سـەرەتای دروسـتبوونی گـەردوون و، سـەرەتای دروسـتبوونی ژیـان دەکات، ئنجـا دەگونجـێ دوایـی خـۆر و کۆمەڵەکـەی خـۆی هەموویـان، جارێکـی دیکـە بچنـەوە نێـو خـۆر، ئـەو کاتـەش زەوی و مانـگ کۆدەبنـەوەو، خـۆر کۆمەڵەکـەی خـۆی بـە خۆیـەوە دەلکێنـێ، بـە پێـی ئـەو ئایەتـە موبارەکـە.

٤)- ﴿ يَقُولُ الْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ ﴾، مرۆڤ لەو ڕۆژەدا دەڵێ: پەناگەی ڕاکردن لە کوێیە؟ لە هەموو ئەم سوورەتەدا، وشەی (الإنسان) وەك پێشتر گوتمان مەبەستی ئینسانی بێبڕوایە، چونکە بە سیاقەکان دا ئەوە دیار و ڕوونە: سەرەتا کە دەفەرمووێ: ﴿ أَيَحْسَبُ الْإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُۥ ﴾، هەر دیارە ئینسانی بێبڕوا پێی وایە، خوا ئێسکەکانی کۆ ناکاتەوە، ﴿ بَلْ يُرِيدُ الْإِنسَٰنُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُۥ ﴾، بەڵکو ئینسان دەیەوێ لە پێشیەوە، هەر بەرەو لە گوناح و تاوان مل بنێ.

ج- هەروەها لێرەش کە دەفەرموێ: ﴿ يَقُولُ الْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ ﴾، بەدڵنیایی ئەوە ئینسانی بێبڕوایە، کە دەڵێ: ڕاکردن لە کوێیە، ئەگەرنا ئینسانی بڕوادار لەو ڕۆژەدا، بە ئاواتی خۆی دەگات و، شادەمان و، دڵخۆشە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ﴿٣٩﴾ ﴾عبس، واتە: لەو ڕۆژەدا ڕووانێکی ڕوون و گەشاوە هەن، دەم بە پێکەنین و دڵخۆشن، بەڵام ئەوە ئینسانی بێبڕوایە کە دەڵێ: ﴿ أَيْنَ الْمَفَرُّ ﴾، ڕاکردن لە کوێیە؟ وشەی (**مَفَرّ**)یش چاوگە بە مانای ڕاکردن (**فِرار**)، (**أيْنَ الفِرار**) ڕاکردن لە کوێیە؟

حەسەنی بەصرایی خوێندویەتەوە: (**أينَ المِفَر، المِفَر: اسْم مَكَانٍ وَمَصْدرٌ**)، ناوی شوێنەو چاوگیشە، بەڵام زۆربەیان بە (**مَفَر**)یان خوێندۆتەوە.

٥)- ﴿كَلَّا لَا وَزَرَ﴾، نەخێر [وازبێنە لە گەڕان بە دوای ڕاکردندا]، هیچ پەناگەیەک نییە، (**لَا وَزَر، الوَزَر: المَكَان الَّذِي يُلْجَأ إلَيْهِ للتَوَقِي مِنْ إصَابَة مَكْرُوه مِثْل الجِبَال وَالحُصُون**)، (**وزرة**) ئەو شوێنەیە کە پەنای پێ دەبردرێ بۆ خۆپاراستن، لە شتێکی خراپ و ناخۆش، وەك چیایەکان و قەڵایەکان، واتە: هیچ پەنایەك نیە، وەزیریش بۆیە پێی دەگوترێ: وەزیر، چونکە حوکمڕان بەهێز دەکات، حوکمڕان پەنای پێدەبات بۆ ڕاوێژکردن و بەهرە وەرگرتن لە عەقڵ و ڕاوبۆ چوونی، واتە: نەخێر هیچ شوێنی ڕاکردن و پەنا پێبردن و خۆ تێگرتن نیە، لێرەدا پێویستە بزانرێ کە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەت پێکەوە دەمج کراون، چونکە ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن: چاو ئەبڵەق دەبێ، مانگ خەفە دەبێ، خۆرو مانگ پێکەوە کۆدەبنەوە، هەموویان لە ڕۆژی دواییدا دەبن، هەڵبەتە چاو ئەبڵەق بوونەکە، دەشگونجێ لە قیامەتیشدا ببێ، بەڵام بێگومان مانگ خەفە بوون و، شۆق نەمانی و، پێکەوە کۆبوونەوەی خۆرو مانگ، لە ئاخیر زەماندایە، لە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دواییدایە، بەڵام کە مرۆڤ دوایی دەڵێ: ﴿أَيْنَ الْمَفَرُّ﴾، ڕاکردن لە کوێیە؟ ئەوە لە قۆناغی قیامەت و هەڵسانەوەدایە، یانی: لێرەدا وەك و لە هەندێك شوێنی دیکەش دا ئەوە هەر هەیە، خوای موتەعال هەردوو قۆناغەکەی ئاخیر زەمان و قیامەت پێکەوە باس دەکات، پێکەوەیان ئاوێتە دەکات، چونکە ئەوانەی دیکە کە دێن، هەموویان مەبەست پێیان، ئەو ڕووداوانەن کە لە قیامەتدا دەقەومن.

٦)- ﴿إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ﴾، لەو ڕۆژەدا نشینگە و سەقامگیر بوون و، گیرسانەوە بۆ لای پەروەردگارتە، ئەمە ڕێمان لێدەگرێ بڵێین: ﴿يَقُولُ الْإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ﴾، مرۆڤ دەڵێ: ڕاکردن لە کوێیە، کە لەگەڵ ئاخیر زەمانیشدا دەگونجێ، هەروەها: ﴿كَلَّا لَا وَزَرَ﴾،نەخێر هیچ پەناگەیەک نییە، کە ئەمەش لەگەڵ ئاخیر زەماندا هەر دەگونجێ، بەڵام کە دوایی دەفەرموێ: ﴿إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ﴾، نیشتەجێ بوون و گیرسانەوە تەنیا بۆ لای پەروەردگارتە، هەروەها دوایی کە دەفەرموێ: ﴿يُنَبَّأُ الْإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ﴾،

لەو ڕۆژەدا ئینسان هەواڵی پێدەدرێ، بەوەی کە پێشیخستوەو دوایخستوە،دوایی دەفەرمووێ: ﴿ بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴾، بەڵکو مرۆڤ بەسەرخۆیەوە چاودێرەو شایەدە، هەرچەندە بیانووەکانی بخاتەڕوو، ئەمانە هەموویان بەدڵنیایی بە تەئکید لە قۆناغی ڕۆژی قیامەتدا دێنە دی.

(المُسْتَقَر: مَصْدرٌ مِيمِيٌّ مِن اسْتَقرَّ إذَا قَرَّ فِي المَكَان وَلَمْ يَنْتَقل)، (مُستقر) چاوگی میمییە و لە (استقرّ)ەوە هاتوە، (إسْتَقَر أي: قَرَّ)، لە شوێنەکە چەسپا و لانەچوو، کەواتە: ﴿ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمُسْتَقَرُّ ﴾، واتە: گیرسانەوەو نیشتەجێ بوون لەو ڕۆژەدا بۆ لای پەروەردگارتە، (**مَوْضِعُ قَرَارِهِمْ مِن جَنَّة أو نَارٍ مُفَوضٌ إلى مَشِيَئَة الله سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى**)، نیشتەجێ بوونیان لە لای پەروەردگاریانە، یاخود: شوێنی نیشتەجێ بوونیان، لە بەهەشتدا، یاخود لە ئاگردا، عایدی ویستی خوای پاک و بەرزە.

٧)- ﴿ يُنَبَّؤُا۟ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ ﴾، مرۆڤ هەواڵی پێدەدرێ، بەوەی پێشیخستوەو بەوەی دوایخستوە:

هەڵبەتە لێرەدا دەگونجێ مەبەست پێی مرۆڤ بێ بە گشتیی، چونکە مرۆڤەکان هەموویان بە چاك و خراپەوە هەواڵیان پێدەدرێ و، لە ڕاستییدا چاك و خراپەکانیان دەخرێنەوە بەرچاویان، بەڵام بەپێی سیاق دەڵێین، لێرەدا مەبەست پێی ئینسانی بێبڕوایە، واتە: ئینسانە بێبڕوایەکان، لەو ڕۆژەدا هەواڵیان پێدەدرێ بەوەی پێشیانخستوە لە خراپان، لە تاوان و سەرپێچیەکان و، دوایان خستوە لە فەرمانبەریی و چاکەکان، ئەگەر مەبەست پێی ئینسانی بێبڕوا بێ، دەبێ ئاوا تەفسیر بکرێ، ئەوەی کە پێشیخستوە لە گوناهو تاوان، ئەوەی دوای خستوە لە فەرمانبەریی و لە گوێڕایەڵی بۆ خوا ﷻو بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.

٨)- ﴿ بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴾، **بەڵک و مرۆڤ بەسەر خۆیەوە چاودێرە**، ئەمە گواستنەوەیەکە بۆ بەرزبوونەوە لە نێوەڕۆکی ئەوەی کە فەرمووی: ﴿ يُنَبَّؤُا۟ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ ﴾، لەو ڕۆژەدا مرۆڤ، (مرۆڤی بێبڕوا) هەواڵی پێدەدرێ بەوەی کە پێشی

خستووەو دوایخستووە، بەڵکو زیاتر لەوەش، ﴿ بَلِ ٱلۡإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦ بَصِيرَةٞ ﴾، هەواڵی پێدەدرێ هیچ، بەڵکو زیاد لەوەش.

أ- مرۆڤ خۆی بەسەر خۆیەوە چاودێرە، (بَصِيْرَة) یانی: (بَصِيرٌ بِنَفْسِه) بە خۆی بۆ خۆی شارەزاو ئاگادارە، بۆچی فەرموویەتی: (عَلَى نَفْسِه)، بە (عَلَى) بەرکاری خواستووە؟ (لِتَضْمِيْنِ مَعْنَى الْمُرَاقَبَة، مِثْل: ﴿ ٱقۡرَأۡ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفۡسِكَ ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكَ حَسِيبٗا ١٤ ﴾الإسراء، (أي: شَاهِدٌ بِمَا صَدَرَ عَنْهُ مِنَ الأَعْمَال السَّيِّئةِ وَالتَاءُ للمبَالَغَة مِثْل العَلاَّمَة)، واتە: لەو ڕۆژەدا مرۆڤ چاودێرە بەسەر خۆیەوە و بۆیە بە (عَلَى) بەرکاری خواستوە، تاکو مانای چاودێریکردنی بخرێتە نێو، واتە: چاودێرە بەسەر خۆیەوە، بەڵگەیە بەسەر خۆی و چاودێریشە، وەك: ﴿ ٱقۡرَأۡ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفۡسِكَ ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكَ حَسِيبٗا ١٤ ﴾الإسراء، واتە: ئەمڕۆ تۆ بەسی لێپرسینەوە لەگەڵ خۆتدا بکەی، واتە: لەو ڕۆژەدا مرۆڤ شایەدیی لەسەر خۆی دەدات، لە کردەوە خراپەکانیی، (بَصِيْرَة)ش (تاء)ی خراوەتە سەر، بۆ زێدەڕۆییە، وەك (عَلاَّمَة) زۆر زانا.

ب- واتایەکی دیکەی: مرۆڤ لەو ڕۆژەدا بەڵگەیە لەسەر خۆی، (بَصِيْرَة) بە مانای (حُجَّة) دێ، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ قَدۡ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمۡۖ ١٠٤ ﴾الأنعام، لە پەروەردگارتانەوە بەڵگە ڕۆشنەکانتان بۆ هاتوونـ

ج- ڕایەکی دیکەش هەیە: (هُنَاكَ مَنْ هو عَلَيْه بَصِيْرَةٌ وَهم الْمَلاَئِكَة)، کەسانێك هەن بەڵگەن بەسەریەوە، کە مەبەست پێ فریشتەکانن، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ بَلِ ٱلۡإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦ بَصِيرَةٞ ﴾، ئەمە دوو واتای هەن:

١- خواڕسکێك کە خوا مرۆڤ لەسەر خولقاندوە، لە زاتی خۆیدا ئەوە دەزانێ، کە لە خوای نزیك دەخاتەوەو، هەروەها ئەوەش کە لە خوای دوور دەخاتەوە.

٢- مەبەست لە مرۆڤ ئەندامەکانی کە شایەدیی لێدەدەن، وەك لە سوورەتی (**فُصلت**) دا خوای پەروەردگار باسی کردوە، ﴿ ٱلۡيَوۡمَ نَخۡتِمُ عَلَىٰٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَتُكَلِّمُنَآ أَيۡدِيهِمۡ وَتَشۡهَدُ أَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ یس.

٩)- ﴿ وَلَوۡ أَلۡقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ ﴾، هەرچەندە (مرۆڤ) پاساوەکانی و بیانووەکانیشی فڕێبدات، وشەی (**مَعَاذِيْرة**) کۆیەو بەهۆی پاڵدرانە لاوە کراوە بە ناسراو، (**يَعْنِي جَمْعٌ مُعَرَّفٌ بالإضَافَةِ**)، ئەمە مانای گشتیی دەگەیەنێ، واتە: هەرچەندە مرۆڤ تێکڕای بیانوو و پاساوەکانی خۆی فڕێبدات، بەڵام دواجار خۆی بەسەر خۆیەوە شایەدە، ئەمە لێرەدا هەمووی دەبێتە حاڵ، بۆ ڕاناوێک کە لە نێو (**بَصِيْرَة**)دا شێردراوەتەوە، یاخود لە (**يُنَبأُ**)دا شێردراوەتەوە، لە حاڵێکدا کە بەڵگەکانی فڕێ دەدا، بیانووەکانی دێنێتەوە ئەو مرۆڤە، بەڵام بۆ خۆی بەسەر خۆیەوە شایەدە.

وشـەی (**مَعَاذِيـر**) دەڵـێ: (**اسْـمُ جَمْـع للمَعْـذِرَةَ، كَالْمَنَاكِـر اسْـمُ جَمْـع للمُنْكَـر، لَا جَمْـعٌ، لأنَّ الجَمْـعَ مَعَـاذِر، وَقِيْـلَ مَعَاذِيْـر جَمْـعُ مِعْـذَار، وَهُـوَ سَـتْرٌ أي: وَلَـوْ أرْخَـى سُـتُورَهُ**)، (**مَعَاذِيْـر**) یـان نـاوی کـۆی (**مَعْذِ**)یـە، واتـە: پۆزشـەکان، وەك چـۆن (**مَنَاكِـر**) نـاوی کـۆی (**منكـر**)ە واتـە: خراپـەکان، نـەك کـۆ بـێ بەڵکـو نـاوی کۆیـە، چونکـە کـۆی (**مَعْذِ**) (**معـاذر**)ە، بـە ژێـر (**كَسر**)، هەندێکیـش گوتوویانـە: (**مَعَاذِيْـر**) کـۆی (**مِعْـذار**) ە، (**مِعْذار**)یـش بـە مانـای پـەردە دێ، واتـە: هەرچەنـد مـرۆڤ پەردەکانـی دابداتـەوە لـە کاتـی گوناهـو تاوانـدا، بـەڵام خـۆی بەسـەر خۆیـەوە شـایەدە .

دەشـگونجێ: ﴿ وَلَوۡ أَلۡقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ ﴾، حـاڵ نەبێـت لـە (**بَصِـيْرة**) لـە (**يُنَبَّـأُ**)، بەڵکـو ڕسـتەیەکی دەسـت پێکـردن بـێ، (**أي: وَلَـوْ ألْقَـى مَعَاذِيْـرَهُ مَـا قُبِلَـتْ مِنْـهُ**)، هەرچەنـدە پۆزشـەکانی خـۆی فڕێبـدات و بیانخاتـەڕوو، بـەڵام لێـی وەرناگیرێـن، چونکـە ئەندامەکانـی خـۆی بەسـەریەوە بەڵگـەو شـایەدن.

شـایانی باسـە شـەش جـاران وشـەی (**الإنسـان**) لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا هاتـوە، لـە ئایەتەکانـی (٣،٥،١٠،١٣،١٤،٣٦،) دا و لـە هەموویانـدا یـان مەبەسـت پێـی مرۆڤـی

بێبڕوایە، یان بابایەکە دەستی هیدایەتی خوای پێ نەگەیشتوە، یان لەبەر ئەوەی ئەو کاتە مرۆڤەکان هەموویان لەو جۆرە بوون، ئەم سێ ئەگەرە هەن، بەڵام ئەگەری یەکەمیان لە هەموویان بەهێزترە، کە مەبەست پێی مرۆڤی بێبڕوایە.

(إبن العربي) لەم دوو ئایەتە موبارەکە: ﴿ بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴿١٤﴾ وَلَوْ أَلْقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ ﴿١٥﴾ ﴾، چەند حوکمێکی وەرگرتوون، من چواریانم هێناون[1]:

١- دەڵێ: ئەم ئایەتە موبارەکە بەڵگەی تێدایە، لەسەر ئەوەی کەسێك، بۆ خۆی دانپێدا بنێ، لەسەری بە بەڵگە حیسابە، چونکە دانپێداهێنانی مرۆڤ وەك گوتراوە: (**الإقْرارُ سيد الأدِلّة**)، دانپێداهێنان گەورەی هەموو بەڵگەکانە و، ئەوە شایەدیی دانە لەسەر خۆ.

٢- هەروەها لەم ئایەتە موبارەکە وەردەگیرێ، کە دانپێداهێنان تەنیا هی کەسێك کە ئەرکدار(**مكلّف**) کرابێ، واتە: عاقڵ و باڵغ بێ وەردەگیرێ، وەك بەڵگە، ئەویش بە مەرجێك ڕێلێگرتن (**حَجْر**) نەخرابێتە سەر، واتە: تەصەڕووف کردن و هەڵسوکەوت کردنی لێ قەدەغە نەکرابێ.

٣- هەروەها بەڵگەی تێدایە، لەسەر ئەوەی مرۆڤ ئەگەر دانیشی بە شتێکدا هێنابێ، بە تایبەت لەو سنوورو سزایانەدا، کە پەیوەندییان بە نێوان خۆی و خواوە هەیە، دەتوانێ لێی پاشگەز بێتەوە، هەروەك و لەو فەرمایشتەدا، کە صەحیحی بوخاریی و موسلیم دا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ماعیز کە دێت و دان بە زینادا دێنێ، چوار جاران ڕەتی دەکاتەوە، دوای ئەوەی چوار جار دان پێدا دێنێ، دەپرسێ: ئایا شێتی؟ دەڵێ: نەخێر، دەفەرمووێ: ئایا هاوسەرداری؟ دەڵێ: بەڵێ، دواییش کە لەژێر سزادرانەکەدا ڕادەکات، وەك لە (**سنن أبي داود**) دا هاتوە، هاوەڵان شوێنی دەکەون، لە کاتی بەرد باران کردنەکەدا ڕادەکات، کردنەکەدا، یەکێکیان شەویلاگەی حوشترێکی پێدادەداو دەیخات، دوایی تەواوی دەکەن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویێ: {**هَلَّا تَرَكْتُمُوهُ لَعَلَّهُ أَنْ يَتُوبَ فيَتُوبَ الله عَلَيْهُ**}واتە: بۆ چی وازتان لێنەدەهێنا، بەڵکو دەگەڕایەوە (بۆ لای خوای

---

(١) أحكام القرآن: ج٤، ص١٨٧٨ - ١٨٨٢.

بەبەزەیی) و، خواش تۆبەی لێوەردەگرت، کەواتە: ئەگەر مرۆڤ لە دانپێداهێنانی خۆی پەشێمان بێتەوە، سزای لەسەر لادەچێ، ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە.

٤- لە ڕۆژی قیامەتدا پۆزش هێنانەوە سوودی نیە، وەك لە سوورەتی (**الروم**) ئایەتی (٥٧)دا، خوا زۆر بە ڕوونیی دەفەرموێ: ﴿فَيَوْمَئِذٍ لَّا يَنفَعُ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَعْذِرَتُهُمْ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٥٧﴾﴾، واتە: لەو ڕۆژەدا پۆزش هێنانەوە سوود ناگەیەنێ بە ستەمکاران، ئەوانەی ستەمیان لە خۆیان کردوە، هەروەها داواشیان لێ ناکرێ، گلەیی خوا لەسەر خۆیان لابەرن.

مەسەلەی سێیەم:

فەرمانکردنـــی خـــوا ﷻ بـــە پێغەمبەرەکـــەی ﷺ، کـــە پەلـــە نـــەکات و زمـــان نەجووڵێنـێ لـە کاتـی وەرگرتنـی قورئـان لـە جیبریـل دا، بەڵکـو پـاش خوێندنـەوەی جیبریـل بـۆ قورئـان، ئەویـش شـوێنی بکـەوێ بـە دوایـداو، دڵنیـاش بـێ خـوا لـە عەقـڵ و سـینەی دا کـۆی دەکاتـەوەو ڕوونیشـی دەکاتـەوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ﴿١٩﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ﴾، زمانتی پێ مەجووڵێنە، تاکو پەلەی لێ بکەی، ئەم چوار ئایەتە موبارەکە، باسی بابەتێك دەکەن کە جیایە، لە باسی سەرەکیی ئەم سوورەتە موبارەکە، کە باسی ڕۆژی دوایی و قیامەتە، خوا ﷻ ئەم مەسەلەیەی نێواخنی ئەم بابەتە کردوە، دیارە لەو کاتەدا، کە جیبریل ئەم ئایەتە موبارەکانەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ خوێندوونەوە، پێغەمبەر ﷺ لەبەر سوور بوونی و، زیادە گرنگیی و بایەخدانی بەوەی ڕێك وەك و جیبریل ئایەتەکان بڵێتەوە، لەگەڵیدا گۆی کردون، بێژتوونی، خوا ﷻ ڕێنمایی کردوە، کە زمانی پێ نەجووڵێنێ، ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ﴾، ڕاناوەکە بۆ قورئان دەچێتەوە، بەڵێ پێشتر باسی قورئان نەکراوە، بەڵام هەر دیارە، ئەوەی بەسەریدا خوێندراوەتەوە، هەر قورئان بووە و ئەوەش لە قورئاندا زۆرە، جاری وایە خوا ﷻ باسی شتێکی نەکردوە، یەکسەر ڕاناوێکی بۆ لا دەگێڕێتەوە، لەبەرئەوەی بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ.

یەکێـك لـە زانایـان تـاوای مانـا لێکداوەتـەوە: (لَا تُحَرِّكْ بِالْقُرْآنِ لِسَانَكَ، عِنْدَ إِلْقَاءِ الْوَحِيِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُقْضَى إِلَيْكَ وَحِيُهُ، لِتَأْخُذَهُ عَلَى عَجَلَةٍ مَخَافَةَ أَنْ يَنْفَلِتَ مِنْكَ، أَو

لِمَزِيْد حُبِّكَ وحِرصِكَ عَلَى أَدَاءِ الرِّسَالَة)، واتە: زمانت بە قورئان مەجووڵێنە، لە کاتێکدا وەحییت بۆ دەنێردرێ، بەر لەوەی سرووشکرانەکە تەواو بێ، زمانتی پێ مەجووڵێنە، تاکو بەپەلە وەریبگری، لە ترسی ئەوەی وشەیەکت لە دەست بچێ، یان لەبەر زێدە سوور بوونت و، گرنگیی و بایەخدانت بەوەی، پەیامی خوا ﷻ وەربگری و دوایی بیگەیەنی.

٢)- ﴿ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴾، بە دڵنیایی کۆکردنەوەی و خوێندنەوەی لەسەر ئێمەیە، واتە: کۆکردنەوەی لە دڵ و سینەی تۆداو، لە عەقڵ و دڵی تۆدا، هەروەها خوێندنەوەشی بە زمانی تۆ لەسەر ئێمەیە.

٣)- ﴿ فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴾، ئنجا کە خوێندمانەوە، تۆش شوێن خوێندنەوەکەی بکەوە.

٤)- ﴿ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ﴾،ینجا بەدڵنیاییەوە ڕوونکردنەوەشی لەسەر ئێمەیە ئەمە دوو واتای هەن:

١- واتە: ڕوونکردنەوەی واتایەکانی بۆ تۆ لەسەر ئێمەیە، خوا دەفەرموێ: ئەوە کاری منە، کە مانایەکانی بۆ تۆ ڕوون بکەمەوە و تێتبگەیەنم.

٢- واتە: گەیاندن و ڕوونکردنەوەی بۆ خەڵك بە زمانی تۆ، لەسەر زمانی تۆ، بە خەڵکی بگەیەنین، ئەوەش لەسەر ئێمەیە.

مانای لێکدانەوەیەکی دیکە و هەڵوەشاندنەوەی

لێرەدا هەندێك لە زانایان، بە جۆرێکی دیکە ئەم ئایەتانەیان مانا کردوون، وەك لە مانا گشتییەکەشیدا هەر باسمان کرد، گوتوویانە: لێرەدا ڕووی دواندن لە مرۆڤی گوناهکارە، ئنجا ئەگەر ڕووی دواندن لە مرۆڤی گوناهکاربێ و، دواندنەکەی لە قیامەت دا بێ، ئەو کاتە ئەم چوار ئایەتە نابنە شتێکی نامۆ

و، نابنـە مەسـەلەیەکی دیکـەی جیـا، لـە بابەتـە سـەرەکییەکەی ئـەم سـوورەتەو، لەگەڵـی دا نێواخـن و ئاوێتـە کرابـن، ئاوایـان لێکدەدەنـەوە: ئـەی مرۆڤـی تاوانبـار! کـە لێپرسینەوەت لەگەڵـدا دەکـرێ، زمانتـی پـێ مەجووڵێنـە، بـە خوێندنەوەی لیسـتی کردەوەکانـت، تاکـو پەلـە بکـەی، چونکـە لەسـەر ئێمەیـە لیسـتی کردەوەکانـت، کـە گوناهەکانتـی تێـدا کۆکراونـەوە، کۆکردنـەوەی گوناهـەکان لەسـەر ئێمـە بـووە لـەو لیسـتەداو، خوێندەوەشیان بەسـەرتدا لەسـەر ئێمەیـە، ئنجـا هـەر کاتێـك ئێمـە بەسـەرماندا خوێندیـەوە، تـۆش شـوێن خوێندنەوەکـەی بکـەوە، دواییـش لەسـەر ئێمەیـە بـۆت ڕوون بکەینـەوە، چییـت کـردوەو چییـت نەکـردوە!

هەڵبەتـە ناڵێـم: ئـەم مانـا لێکدانەوەیـەش لـە ڕووی ڕێزمانیـی و ڕواڵەتـی ئایەتەکـەوە، بـەڵام بـە پێـی سـەرنجدانی نێوەڕۆکـی ئایەتـەکان و سیاقی ئایەتـەکان، هەروەهـا هاتنـە خواریشـی، کـە پێشـتر باسـمان کـردو، دواییـش ئـەو ئایەتـەی دیکـەی سـوورەتی (طـه)، کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ ۖ وَقُل رَّبِّ زِدْنِى عِلْمًا ﴿١١٤﴾﴾، کاتێـك قورئانـت بـۆ دادەبەزێـنرێ، پەلـەی لێمەکـە، پێـش ئـەوەی سروشـکرانەکەی تـەواو بـێ، تـۆ بڵـێ پـەروەردگارم زانیارییـم بـۆ زیـاد بکـە.

ئەوانـە هەموویـان ڕێگـرن لـەوەی ئـەو مانایـە لێـك بدرێتـەوە و، هیچ پێویسـتیش بـەو جـۆرە مانـا لێکدانەوەیـە نـاکات، ئـەوە زیاتـر لـە کاردانـەوەی تۆمەتیـی و گومانـە دەسـتکاریکرانی قورئانـدا گوتـراوە، وەك (**الألـوسي**) لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا[1] هێناویەتـی، دەڵـێ: (**وَقَـدْ انْدَفَـع بِـه اعْـتِرَاضُ بَعْـضِ الزَّنَادِقَـةِ وَشرذمـة مِـنْ قُدَمَـاء الرَّافِضَة وَالطَّعْـنِ فِي القُـرْآن**)، واتـە: بـەو شـێوە مانـا لێکدانەوەیـە، ڕەخنەگرتنـی هەندێـك لـە زەندایقـەکان و، کۆمەڵێکـی کـەم لـە پێشـینەکانی ڕافیـزە [واتـە: شـیعە] و تانەدانیـان لـە قورئـان بـەو جـۆرە مانـا لێکدانەوەیـە، بەرپـەرچ دەدرێتـەوە.

---

(١) (روح المعاني): ج١٥، ص٢٠٣.

کـە گوتوويانـە: (**أَنَّـهُ لَا وَجْـه لِوُقُـوْع:** ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ﴾، **فِي أَثْنَـاء أُمُوْر الْأخِـرَة، وَلَا رَبْـطَ فِي ذَلِـكَ بِوَجْـه مِـنَ الوُجُـوه، وَجَعَلُـوْا ذَلِـكَ دَلِيْـلًا لِـمَا زَعَمُـوْه مَـن أن الْقُـرْآنَ قَـدْ غُـيِّرَ وَبُـدِّلَ وَزِيْـدَ فِيْـهِ وَنُقِـصَ مِنْـهُ**)، واتـە: هیـچ ڕوويەکـی لۆژيکـی نيـە، کـە ئـەم ئايەتـە موبارەکانـە: ﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ﴾ تاکـو کۆتايـی، بخزێنرێنـە نێـو بابەتێـك کـە باسـی ڕۆژی دوايـی دەکات و، هيـچ پێکـەوە پەيوسـتيەکيان نيـەو، ئەوەيـان کردۆتـە بەڵگـە لەسـەر ئـەوەی گومانيـان بـردوە، کـە قورئـان گـۆڕاوەو دەسـتکارييکراوەو، لێـی زيـاد و کـەم کـراوە.

دەڵێـن: بەڵکـو ئەمـە قسـەيەکە خـوا نێواخنـی کـردوە، لەسـەر شـێوەی ئاوڕدانـەوەو، ميهرەبانيـی نوانـدن لەگـەڵ پێغەمبەرەکەيـدا ﷺ.

هـەر ئـەو مەسـەلەيە (**فخـر الديـن الـرازي**)ش لـە تەفسـيرەکەی خۆيـدا[1]، ئامـاژەی پێـداوە و دەڵـێ: (**زَعَـمَ قَـوْمٌ مِـنْ قُدَمَـاءِ الرَّوَافِـضِ أَنَّ هَـذَا الْقُـرْآنَ قَـدْ غُـيِّرَ وَبُـدِّلَ وَزِيـدَ فِيـهِ وَنُقِـصَ عَنْـهُ، وَاحْتَجُّـوا عَلَيْـهِ بِأَنَّـهُ لَا مُنَاسَـبَةَ بَـيْنَ هَـذِهِ الْآيَـةِ وَبَـيْنَ مَـا قَبْلَهَـا، وَلَـوْ كَانَ هَـذَا التَّرْتِيـبُ مِـنَ اللَّـهِ تَعَـالَى، لَـمَا كَانَ الْأَمْـرُ كَذَلِـكَ**).

واتــە: کۆمەڵێــك لــە ڕافيزەکانــی پێشــوو، پێيــان وا بــووە قورئــان گــۆڕدراوەو دەسـتکاريی کـراوەو، لێـی زيـاد و کـەم کـراوە، ئەوەشـيان بـە بەڵگـە هێناوەتـەوە، کـە ئـەم ئايەتـە لەگـەڵ ئايەتەکانـی پێشـووی دا، هيـچ پێکـەوە گونجـاو نيـن و، ئەگـەر ئـەو ڕيزبەنديـی ئايەتانـەو، ئـەو فەرمايشـتە لەلايـەن خـوای بـەرزەوە بووايـە، بـەو شـێوەيە نەدەبـوو، [بـەڵام ديـارە ئايەتـەکان دەسـتکاری کـراون و پـاش و پێـش کـراون، ياخـود گـۆڕدراون].

دوايـی (**الـرازي**) شـەش بەڵـگان دێنێتـەوە لەسـەر پێکـەوە گونجاويـی ئايەتـەکان، کـە بـە پێويسـتم نەزانـی ئاماژەيـان پـێ بـدەم، گرنـگ ئەوەيـە -ئـەو قسـەيە کـە

---

(١) ج١٥، ص٢٠٧، ٢٠٨.

ڕیزبەندیی ئایەتەكان بەوجۆرەک هەن، بەڵگەی دەستكاتیكرانی قورئانە-قسەیەکی پووچە و، لە ڕاستییدا خوا ﷻ جاری وا هەیە، لە نێو چەقی بابەتێكدا ئاماژە بە بابەتێكی دیكە دەكات، یاخود بابەتێكی دیكەی لەگەڵ نێواخن دەكات، ئەوەش نەك هەر ناكرێتە بیانوو بەڵگەو دەستچیلەی لە قورئان كەوتنە گومان، بەڵكو ئەوە زیاتر دەرخەری ئەوەیە كە خوا ﷻ بەو شێوەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ، لە واقیعی ژیانی خۆیدا ژیاوە، بەو شێوەیە دواندوویەتی، لەو كاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ كە جیبریل قورئانەكەی بۆ دابەزاندوە، پەلەی كردوەو، ویستوویەتی یەكسەر بەپەلە بیڵێتەوە، ئیدی خواش ﷻ هۆشداریی پێداوەو ڕێنمایی كردوە، چۆن لەگەڵ دابەزێندرانی قورئاندا مامەڵە بكات!

سەرنجی ئەو سێ تەفسیرانەشم دا، كە هی شیعانن و لە لا من:

١- تەفسیری (**الميزان**): هی (**محمد حسين الطباطبائي**)

٢- تەفسیری (**كاشف**): هی (**محمد جواد مغنيية**)

٣- تەفسیری (**نمونه**): هی (**ناصر مكارم شيرازي**)و چەند زانایەكی دیكە.

بە باشم زانی ئەو دوو سێ دێڕە، لە تەفسیری (نمونە)[1] بگوازمەوە دەڵێ: (**إن آيات درزمصمن بيانگر أصالت قرآن وحفظ آن أزهر كونه تحريف ودگرگوني أست، چرا كه خداوند وعده جمع تلاوت وبيان آن را داده أست**)، واتە: ئەم ئایەتانە ئەوە دەگەیەنن و، ڕوونكەرەوەی، ڕەسەنایەتی قورئانن و پاراستنی قورئان، لە هەر جۆرە گۆڕان و دەستكاریی كردنێك، چونكە خوا، گفتی خوێندنەوەو كۆكردنەوەی قورئانی بە پێغەمبەر ﷺ داوە، كەواتە: ئەم كۆكردنەوەی لە دڵ و سینەیدا، هەم خوێندنەوەی و، هەم ڕوونكردنەوەی و هەم پاراستنی قورئان دەگەیەنێ.

---

(١) ج٢٥، ص٢٩٩.

لـە پێشـەكی گشـتی ئـەم تەفسیرەشـدا كورتـە باسـێكی چـڕو پڕمـان لـە بـارەی قورئانــەوە كــردوە: مانــای قورئــان و، كۆكرانــەوەی قورئــان، پارێزرانــی قورئــان و، كۆمەڵێـك مەسـەلەی دیكـەی پەیوەسـت بـە قورئـا[1]

لەچاپـی دووەمـی ئـەم تەفسـیرەدا ئـەو بابەتـە كەوتۆتـە بەرگـی یەكەمـەوە، بەجیـاش بـە ناونیشـانی: [قورئانـی مـەزن لـە نـۆزدە تـەوەردا] چـاپ و بڵاوكراوەتـەوە

مەسەلەی چوارەم:

سەرزەنشتکردنی بێبڕوایان، کە تەنیا ژیانی زوو تێپەڕی دنیایان خۆشدەوێ و دوارۆژ وێڵ دەکەن، لەو ڕۆژەش دا خەڵك دەبنە دوو بەش: کەسانێکی شادمان و ڕووگەش و تەماشاکەری خوا ﷻ و، کەسانێکی ڕەنگ و ڕوو تڵخ و مەینەتبارو، چاوەڕێی بەڵای کەمەرشکێنکەر:

خوا دەفەرموێ: ﴿كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ (٢٠) وَتَذَرُونَ الْآخِرَةَ (٢١) وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ (٢٢) إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ (٢٣) وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ (٢٤) تَظُنُّ أَنْ يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ (٢٥)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ﴾، نەخێر بەڵکو ژیانی زوو تێپەڕی دنیاتان خۆشدەوێ. (كَلاَّ) وەك زۆرجار گوتوومانە: (كَلِمَةُ رَدْعٍ وَزَجْرٍ وَإِبْطَال)، وشەیەکە بۆ تێوەخوڕین و بەرپەرچدانەوە، و هەڵوەشاندنەوەی قسەیەك، کە لەو ڕەوتە دەفامرێتەوە، بەکاردەهێنرێ، (كَلاَّ) واتە: وانیە وەك ئێوە گومان دەبەن و خەیاڵ دەکەن، یاخود وازبێنن لەوەی ئێوە خەریکنی کە باوەشتان بە دونیادا کردوە، ﴿بَلْ تُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ﴾، بەڵکو ئێوە ژیانی زوو تێپەڕی دنیاتان خۆشدەوێ.

کە ئەوە لێرەدا وا پێدەچێ ئاماژە بێ بەوەی ئەو قورئانە وانیە وەك ئێوە گومانی پێ دەبەن، بەڵام ئێوە ژیانی زوو تێپەڕی دونیاتان خۆشدەوێ و، ئەوەش کە چەشمەند سازی لێڵ کردوون. ئان وانییە کە قیبلە لە ئارادا نەبێ، بەڵام ئێوە بۆیە نکووڵیی لێ دەکەن، چونکە تەنیا ژیانی دونیاتان خۆشدەوێ و، باوەشکردنتان بە دنیادا، وای لێکردوون نکووڵیی لە ڕۆژی دوایی بکەن، بۆ ئەوەی ئەو چێژ وەرگرتنەی بە حەرامیی لە دنیادا بۆتان ڕەخساوە، دەستبەرداری نەبن.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ﴾، خوێنراویشـەتەوە: (كَلاَّ بَـلْ يُحِبُّـونَ العَاجِلَـةَ)، ئەگـەر (تُحِبُّـونَ) بـێ، واتـە: ڕووی دوانـدن لەبێبڕوایانـە بەشـێوەی دوێـنراو، بـەڵام ئەگـەر (يُحِبُّونَ) بێ، مەبەسـت هـەر بێبڕوایانـن و بەشـێوەی نادیـار قسـەیان لەبـارە کـراوە. (العاجلـة)ش سـیفەتی وەسـفکراوێکی قرتێـنراوە: واتـە: (الحَيَـاة العَاجِلـة)، ﴿كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ﴾، واتـە: ژیانـی زوو تێپـەڕی دنیـاو بەپەلەتـان خۆشـدەوێ.

٢)- ﴿وَتَذَرُونَ ٱلْآخِرَةَ﴾، مەنزڵگای کۆتاییش وێڵ دەکەن، خوێندراویشەتەوە (يَذَرُونَ)، (تَذَرُون) واتە: ژیانی مەنزڵگای کۆتایی وێڵ دەکەن، ئەگەر (يَذَرونَ) بێ واتە: ئەوان، مەنزڵگای کۆتایی وێڵ دەکەن و پشتگوێ دەخەن، (الآخِرة)ش دیسان سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، واتە: (الحَيَاةَ الآخِرة) یان (المَرْحَلةَ الآخِرَة، المَنْزِلَةَ الآخِرة)، قۆناغی دوایی، پێگەی کۆتایی وێڵ دەکەن.

شـایانی باسـە: لێـرەدا وەك زانایـان گوتوویانـە: ئـەوەی سەرزەنشـتکردنەکەی پێـوە پەیوەسـتە، بریتیـە لـە خۆشویسـتنی دنیـاو، وێڵکردنـی ڕۆژی دوایـی، ئەگەرنـا کۆکردنـەوەی هەردووکیـان، بـە شـێوەیەکی هاوسـەنگ، نـەك هـەر سەرزەنشـتکراو نیـەو، مرۆڤـی لەسـەر سەرزەنشـت ناکـرێ و ڕەخنـەی لێناگیـرێ، بەڵکـو شـتێکی ویسـتراوو پێویستیشـە، وەك خـوا ﷻ لـە سـووڕەتی (البقـرة)دا، مەدحـی کۆمەڵێـك لـە بەنـدە چاکەکانـی خـۆی دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿٢٠١﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ۚ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٠٢﴾﴾، هەروەهـا لـە مرۆڤـەکان هـەن، کەسـانێك دەڵێـن: پەروەردگارمـان! لـە دنیـادا چاکەمـان پـێ بـدەو، لـە ڕۆژی دواییشـدا چاکەمـان پـێ بـدە و، لـە ئـازاری ئاگـر بمانپارێـزە، [دوایـی دەفەرمـوێ:] ئـا ئەوانـە پشـك و بەشـیان هەیـە، لـەوەدا کـە بەدەسـتیان هێنـاوەو، خـواش لێپرسـینەوەی خێرایـە.

هەروەهـا لـە سـووڕەتی (القصـص)دا، کـە (بنـو إسرائيـل) ئامۆژگاریـی قـاڕوون دەکـەن، قاڕوونیـش هـەر لـە گەلـی مووسـا عليه السلام بـووە و، لێیـان گەڵگەڕاوەتـەوە

و ستەمی لێکردوون: ﴿إِنَّ قَـٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ ﴿٧٦﴾﴾، لێیان هەڵگەڕاوەتەوە بەهۆی سەروەت و سامانی حەڕامەوە، کە وەسەریەکی ناوە لە پەنای حوکمڕانێتی، خۆسەپێنانەی فیرعەون دا، وەك هەموو ئەو دەوڵەمەندانەی بە درێژایی مێژوو و، ئێستاش لە واقیعی ئێستاماندا، وەك گەنەو قرنوو، زیندەوەرە مشەخۆرەکان لەسەر خوێنی خەڵکی دیکە دەژین و، لە پەنای دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن و دەسەڵات و هەموو شت بۆ خۆ قۆرخکەردا، لەگەڵیان دەبنە شەریکە دزو سەروەت و سامانی حەڕام وەسەریەك دەنێن، قاڕوونیش یەکێك بووە لەوانە، ئەگەرنا لە ئەسڵدا قاڕوون لە گەلی مووسا ﷺ بووە و، لە وەچەی ئیسرائیل بووە، بەڵام لێیان هەڵگەڕاوەتەوە: ﴿إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾﴾ البقرة، کاتێك خەڵکەکەی پێیان گوت: زۆر دڵخۆش مەبە، تێمەپەڕێنە لە دڵخۆشیدا (بە ژیانی دنیا)، چونکە خوا زۆر دڵخۆشانی بە ژیانی دنیاو، خۆشناوێن و، لەوەشدا کە خوا پێیداوی مەنزڵگای کۆتایی داوا بکە، واتە: سەروەت و سامانەکەت بکە بە ئامرازێك و هۆکارێك بۆ وەدەستهێنانی ژیانی هەتا هەتایی لە ڕۆژی دواییدا، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە سەروەت و سامانەکەت لە پێناوی خوادا، بە خەڵکی موستەحەق و شایستە ببەخشی، خزمەتی خەڵکی پێ بکەی، دوایی پێی دەڵێن: ﴿وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ﴿٧٧﴾﴾ البقرة، بە هۆی ماڵ و سامانەکەتەوە خراپەو تێکدان لە زەویدا داوا مەکە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾﴾ البقرة، بێگومان خوا تێکدەرانی خۆشناوێن.

کەواتە: پشت لە دنیا کردن شتێکی پەسند نیە، بەڵام لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ ﴿٢٠﴾ وَتَذَرُونَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ﴿٢١﴾﴾، ئەوە ئەگەر هەردووکیان بن: خۆشویستنی دنیا و وێڵکردنی ڕۆژی دوایی ئەگەرنا ئینسان ئەگەر ژیانی دنیای خۆشبوێ، بەڵام لەسەر حیسابی ڕۆژی دوایی نەبێ، خراپ نیە، بەڵکو

خـوای پـەروەردگار مەدحـی ئـەو بەندانـە دەکات، داوا لـە خـوا دەکـەن، چاکـەی دنیاشـیان پـێ ببەخشـێ و، هـی ڕۆژی دواییـش، چاکـەی دنیـا بێگومـان هەمـوو شـتێکی چـاك و سـوود بەخـش لـە دنیـادا دەگرێتـەوە؛ لـە سـەروەت و سـامانی حەڵاڵ، مـاڵ و منداڵـی بـاش، جێگـەو ڕێگـەی چـاك، بـەرگ و پۆشـاك، لـە خـواردن و خواردنـەوەی بـە سـوود، هەمـوو ئـەو نیعمەتانـەی ژیانـی دنیـای مـرۆڤ پێویسـتیی پێیانـە، هـەروەك شـتە مەعنەوییەکانیـش دەگرێتـەوە؛ ئیـمان و تەقـوا و تاعـەت و چاکـەو ڕەوشـتی بـەرزو جـوان و...هتـد.

٣)- ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ﴾، لەو ڕۆژەدا ڕووانێك هەن، واتە: کەسانێك هەن ڕووەکانیان گەش و خۆشن.

دەڵێ: (**تَنْكِير وُجُوه للتَّنْوِيْع وَالتَّقسِيْم**) لێرەدا کە (**وُجُوه**) بە (**نَكِرة**) هاتوە، واتە: نەناسراو و نەزانراو، ئەمە بۆ جۆراو جۆرکردن و دوایی دابەش کردنە، چونکە دەفەرموێ: ﴿وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ﴾، هەروەها ڕووانێك لەو ڕۆژەدا گرژ و مۆن و تڵخن.

٤)- ﴿إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾، سەرنجی پەروەردگاریان دەدەن، (**النَّضْرَةُ: حُسْنُ الوَجْهِ مِنْ أَثَرِ النِّعْمَةِ، وفِعْلُهُ كَكَرُمَ وَفَرِحَ وَنَصَرَ، وَكُنِّيَ بِنَفرَةِ الوَجِه عَنْ فَرَحِ أَصْحَابِهَا وَنَعِيْمِهم**)، (**نَضرَة**): بریتیە لە ڕووی گەش و جوان، لە ئەنجامی نازو نیعمەتدا، کرداری ڕابردووی (**نَضْرَة**) بە سێ جۆر هاتوە:

١- (**نَضُرَ: كَظُمَ**)

٢- (**نَضِرَ: فَرِحَ**)

٣- (**نَضَرَ: نَصَرَ**)

مەبەسـت لـە (**نَـضْرَة الوَجـه**) ڕووی گـەش و جـوان، دڵخۆشـیی خاوەنـی ئـەو ڕووانەیـە، مـرۆڤ کـە دڵـی خـۆش بـوو، ڕووشـی گـەش و جـوان و درەوشـاوە دەبـێ، کـە دەفەرمـوێ: ﴿إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾، واتـە: ئـەو ڕەوانـە تەماشـای پەروەردگاریـان دەکەن ئـەو ڕووانـە، کـە ئەمـە دوایـی زیاتـر قسـەی لەسـەر دەکەیـن.

٥)- ﴿ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ ﴾، هەروەها ڕووانێك هەن لەو ڕۆژەدا، گرژو مۆن و تاریك و تاڵخن، بۆچی؟

٦)- ﴿ تَظُنُّ أَن يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ ﴾، دڵنیان كە (بەڵایەكی) كەمەر شكێنیان لەگەڵدا بكرێ. (**تَظُنُّ**) لێرەدا بە مانای (**تَسْتَيْقِنُ، تَعْلَمُ**) دڵنیاییە، ئەو ڕووانە دڵنیان و دەزانن، ﴿ أَن يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ ﴾، كە بەڵایەكی كەمەرشكێن و پشت شكێنیان بەسەر بێ و، ئازارو ئەشكەنجەیەكی پشت شكێن بدرێن، (**فَاقِرة**) كە بە (**فواقِر**) كۆدەكرێتەوە، یانی: پشتشكێن، بڕگە شكێن.

كە دەفەرموێ: (**تَظُنُّ**) زۆربەی هەر زۆری زانایان، (**تَظُنُّ**)یان لێرەدا بە مانای (**تَسْتَيْقِنُ، تَعْلَمُ**) دڵنیان دەزانن، لێكداوەتەوە، یانی: دڵنیان شتێكیان لەگەڵدا دەكرێ پشت شكێنە، كە مەبەست پێی ئازاردران و ئەشكەنجەدرانە لە دۆزەخدا.

(**المعجم الوسيط**)[1] ئاوا باسی (**فاقِرة**) دەكات: (**الفَاقِرة: الدَّاهِيَةُ وَالجَمْعُ فَوَاقِر، وَالفَقَارَةُ وَاحِدَةٌ مِنْ عِظَامِ السِلْسِلَة العَظْمِيَّةِ الظَّهْرِيَة مُمْتَدَّة مِنَ الرَّأسِ إلى العُصْعُص، وَعِدّتُهَا فِي الإنسَان ثَلَاثٌ وَثَلَاثُون فَقَارَة: سَبْعٌ فِي العُنُقِ، وَاثْنَتَا عَشْرَةَ فِي الظَّهْر بَيْنَ الأَضْلَاع، وَخَمْسٌ فِي البَطْن، وَخَمْسٌ فِي العَجُز، وأَرَبع في العُصْعُص، وَالجَمْع: ثلاث و ثلاثون فَقَارةً**)، دەڵێ: (**فاقِرة**) بەڵایەكە، بەڵایەكی مەزن، بە (**فواقِر**) كۆ دەكرێتەوە، واتە: بەڵایەكان، ئازارە كەمەر شكێنەكان، واتە: دەترسێ بەڵایەكی كەمەرشكێنی بەسەر بێ، (**فاقِرة**) لە (**فقارة**)ەوە هاتوە، كە یەكێكە لە ئێسكەكانی زنجیرە ئێسكی پشت، كە لە سەرەوە تاكو كلێنجە درێژ دەبێتەوە، لە مرۆڤدا ژمارەی ئەو ئێسكانە، (بە كوردیی بڕبڕەیان پێ دەڵێین)، سی و سێ، دانەن: حەوتیان لە گەردندا، (ملی ئینسان، ئنجا ئەو كەسە چ ملی درێژ بێ و، چ كورت بێ، هەمووی حەوت بڕگەی تێدایە)، دوازدەیان لە پشتدان لە نێوان پەراسووەكان دا، پێنج بڕگەشیان دەكەونە ئاقاری سك، [لە خوار پەراسووەكانەوە، ناوچەی سك] پێنجیشیان دەكەونە لای، كلۆمت (لەگەن)، چواریشیان دەكەونە كلێنجە، سەرجەمیان دەكەنە سی و سێ.

---

(١) ص٦٩٧.

کورته باسێک:

بینینی بڕواداران بۆ خوای بەرز وبێ وێنه لەبەهەشت دا

خـوای عـز وجـل فەرموویەتـی: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ ﴾، [واتـە: کەسـانێك لـەو ڕۆژەدا ڕوویـان گـەش و خۆشـە] تەماشـای پەروەردگاریـان دەکـەن، دەڕواننـە پەروەردگاریـان، شـایانی باسـە ئێمـە لـە تەفسـیری سـوورەتی (**الأنعام**)، لـە کاتـی تەفسـیرکردنی ئایەتـی ژمـارە (٣): ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ ۖ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾ ﴾، کورتـە باسـێکمان لـە بـارەی بینینـی خـواوە، لـە دنیـاو دوارۆژدا کـردوە، کـە دواتـر کـراوە بـە نامیلکەیەکیـش، لەوێـدا ئـەوەی بـە پێویسـتمان زانیـوە لـەو بـارەوە باسـمان کـردوە، هەروەهـا لـە تەفسـیری سـوورەتی (**یونـس**) یـش لـە کاتـی تەفسـیرکردنی ئایەتـی ژمـارە (٢٦)دا: ﴿ لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ۖ وَلَا يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلَا ذِلَّةٌ ۚ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾، لەوێـش دیسـان لـە بـارەی بینینـی خـوای بـەرزو بـێ وێنـەوە، کورتـە باسـێکمان کردوە، قسـەی کۆتایـی خۆمـان لـەو بـارەوە کـردوە، بۆیـە لێـرە بـە پێویسـتی نازانیـن جارێکـی دیکـە لەوبـارەوە بدوێینـەوە.

بـەڵام ئەوەنـدە دەڵێیـن: کـە هەندێـك لـە زانایـان، کـە زیاتـر سـەر بـە قوتابخانـەی موعتەزیلـەن، ڕایـان وایـە کـە خـوا ﷻ لـە ڕۆژی دواییشـدا نابینـرێ، بڕوادارانیـش لـە بەهەشـتدا نایبینـن و، ئـەم ئایەتـەو ئایەتەکانـی دیکـەو فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، بـە جۆرێـك تەئویـل و مانـا دەکـەن، کـە ئـەوە نەگەیەنـن ئەهلـی ئیـمان لـە بەهەشتیشـدا خـوای بـەرزی مـەزن بـە چـاوی سـەر دەبینـن.

شـیعەش کـە لـە ڕاسـتییدا لـە زۆر ڕووی فیکرییەوە، لە ژێـر کاریگەریـی موعتەزیلە دان، ئەوانیـش هـەر ڕایـان وایـە، بۆیـە لـە تەفسـیرە شـیعییەکاندا، بـە توانـج و پلارەوە باسـی زۆرینـەی مسـوڵمانان دەکـەن، کـە بـە ئەهلـی سـوننەو جەماعـەت نـاوزەد

کراون، کە ئەوەش ناوێکی مێژوویە، ئەگەرنا لە قورئان و سوننەت و زۆرینەی مسوڵمانان هەر بە مسوڵمانان ناوزەد کراون و ناسێنراون وەك لە بەرگی دووەمی مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیع دا)، بە تەفصیل لەو بارەوە قسەم کردوە، شیعەش پێیان وایە خوا ﷻ لە بەهەشتیشدا نابینرێ، بەڵام ئێمە دەڵێین: یەکەم: ئایەتەکان لەوبارەوە زۆر ڕوونن،

بۆ وێنە: ئەو ئایەتەی دەفەرمووێ: ﴿وُجُوهٌ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ ﴿٢٣﴾﴾، لەو ڕۆژەدا ڕووانێك هەن گەش و خۆشن، سەرنجی پەروەردگاریان دەدەن، بۆ پەروەردگاریان دەڕوانن. ئەمەش دەقێکی ڕوون و ڕاشکاوە لەوبارەوە هیچ مشت و مڕ هەڵناگرێ.

دووەم: فەرمایشتەکانی پێغەمبەریش ﷺ، کە ئێمە دوایی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، لەو بارەوە کەم نین و زۆر بە ڕوونیی ئەوە دەگەیەنن و، لەو دوو کورتە باسەدا کە لە سوورەتی (**الأنعام**) و سوورەتی (**يونُس**)دا هێناومن، لەوبارەوە فەرمایشتەکانیشم هێناون، دواییش بۆ زیاتر جەختکردنەوە، سەرنجی چوار لەو فەرمایشتانە دووبارە دەدەینەوە، بەڵام پێویستە لێرەدا لە شتێك وریا بین، کە من پێم وایە ئەوە دەبێتە کلیلی کردنەوەی ئەو ئیشکالەی نێوان ئەوانەی نکووڵیی دەکەن لەوەی خوا لە بەهەشتیشدا ببینرێ، وەك چۆن لە دنیادا نابینرێ و ئەوانەی دەڵێن: خوا لە بەهەشتدا دەبینرێ، ئەویش ئەوەیە: کە هیچ گومانی تێدانیە ئەگەر ئێمەی مرۆڤ، ئێستا چۆنین، لە قیامەت و ڕۆژی دواییشدا هەر وابین، بە دڵنیایی وەك چۆن لێرە تەحەمولی بینینی خوای پەروەردگار ناکەین، وەک مووسا عليه السلام خۆی ڕانەگرت بۆ دەرکەوتنی خوا، کە لە سوورەتی (**الأعراف**)دا هاتوو: ﴿وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِي وَلَٰكِنِ ٱنظُرۡ إِلَى ٱلۡجَبَلِ فَإِنِ ٱسۡتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوۡفَ تَرَىٰنِيۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلۡجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكّٗا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقٗاۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ تُبۡتُ

إِلَيْكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤٣﴾ ﴾، کە ئێمە لەو کورتە باسانەدا کە ئاماژەمان پێدان، بە تایبەتی لە کورتە باسی سوورەتی (**الأنعام**)دا، بە تەفصیلّ قسەمان لەسەر ئەو ئایەتە موبارەکە کردووە، لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (**الأعراف**) یشدا دووبارە قسەمان لێکردۆتەوە، کە دەقی واتایەکەی ئاوایە:

کاتێك مووسا ﷺ هات بۆ ژوانگەی ئێمەو پەروەردگاری دواندیی، گوتی پەروەردگارم خۆتم پێشان بدە با تەماشات بکەم، فەرمووی هەرگیز ناتوانی ببینی، بەڵام تەماشای چیایەکە بکە، ئنجا ئەگەر خۆی ڕاگرت تۆش دەتوانی ببینی، کاتێك پەروەردگاری بۆ چیایەکە دەرکەوت، سووتاندی وردو خاشی کرد، مووساش بێهۆش کەوت، کاتێك هاتەوە هۆش خۆی گوتی: پەروەردگارم! بۆ لای تۆ گەڕامەوەو من یەکەمینی بڕوادارانم، (واتە: یەکەمینی بڕوادارانم کە تۆ بە چاوی سەر لە دنیادا نابینرێی).

ئنجا ئەگەر مرۆڤ ئێستا چۆنە لە ڕۆژی دواییشدا هەر وابێ، هەر بەو پێکهاتە جەستییەوە بێ، کە ئێستا ئێمە نەك هەر تەحەممولی بینینی خوای پەروەردگار ناکەین، وەك مووسا ﷺ نەیکردوە، بەڵکو تەحەممولی بینینی هەندێك لە جۆرەکانی تیشك ناکەین، هەندێك جۆرە تیشك هەیە، ئەگەر مرۆڤ تەماشای بکات کوێری دەکات، هەروەها هیچکەس ناتوانێ خولەکێك یان چەند خولەکێك لە خۆرەوە ڕابمێنێ، لە کاتێکدا کە خۆر پەردەی لەبەر نیەو تەم ومژ نیە، کەواتە: هەندێك لە دروستکراوەکانیش ئێمە بەم پێکهاتەی جەستەییەی ئێستامان ناتوانین چاك بیانبینین و، خۆمان ڕابگرین بۆ تیشك و ڕەونەق و شەبەقیان، چ جای خوا ﷻ، هەڵبەتە خوا (**لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْء**) هیچ شتێك وەك خوا نیە، بەڵام ئێمە لە ڕۆژی دواییدا بە جۆرێکی دیکە دروست دەکرێینەوە، وەك خوای کاربەجێ لە سوورەتی (**الواقعة**)دا کە پێشتر قسەمان لێکرد، فەرموویەتی: ﴿ وَنُنشِئَكُمْ فِى مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾ ﴾، بە جۆرێك دروستتان دەکەینەوە کە نایزانن.

کەواتە: ئێمە بە جۆرێکی دیکە دروست دەکرێینەوە و، ئەم جۆرە دروستکرانەوەیەی دیکە تەحەمولی ئەوە دەکات، کە خوای بێ وێنە ببینێ، ئنجا ئەوانەی گوتوویانە: خوای پەروەردگار مرۆڤ ناتوانێ ببینێ بە چاوی سەر، ئەگەر هەر وەك ئێستا بین ڕاستە، ئەوانەش کە گوتوویانە: مرۆڤ دەتوانێ خوا ببینێ، دەبێ بگوترێ: لە حاڵێکدا خوا ﷻ مرۆڤ بە جۆرێکی دیکە دروست دەکاتەوە کە خۆی فەرموویەتی، لەگەڵ ژیانی بەردەوام و بێ کۆتایی بەهەشتدا بگونجێ، لەو کاتەدا مرۆڤ بەو پێکهاتە جەستەیی و ڕووحییەو تازەیەوە، کە خوای پەروەردگار لە بەهەشتداو بۆ ژیانێکی هەمیشەیی دەیخولقێنێ، دەتوانێ تەحەمولی بینینی خوا ﷻ بکات.

ئێستاش با چوار فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەی بینینی خوای پەروەردگارەوە، لە لایەن بڕوادارانەوە لە بەهەشتدا بخەمەڕوو:

فەرموودەی یەکەم: {عَنْ أَبِي بَكرِ بنِ عَبْدِ اللَّهِ بنِ قَيْسٍ عَن أَبِيهِ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: جَنَّتَانِ مِن فِضَّةٍ آنِيَتُهُمَا وَمَا فِيهِمَا، وَجَنَّتَانِ مِنْ ذَهَبٍ آنِيَتُهُمَا وَمَا فِيهِمَا، وَمَا بَيْنَ الْقَوْمِ وَبَيْنَ أَنْ يَنْظُرُوا إِلَى رَبِّهِمْ عز وجل إِلَّا رِدَاءُ الكِبرِيَاءِ عَلَى وَجْهِهِ فِي جَنَّةِ عَدْنٍ}، (أخرجه البخاري: ٤٨٧٨، في كتاب التفسير باب ومن دونهما جنتان، مسلم: ١٨٠، في كتاب الإيمان باب إثبات الرؤية في الآخرة ربهم، والنسائي في الكبرى: ٧٧٦٥ و ابن ماجه: ١٨٦ في المقدمة باب في ما أنكرهُ الجهمية، وأحمد: ج ٤، ص: ٤٢٢ في مسند، ابن حبان: ٧٣٨٦و أبو يعلى: ٧٣٣١، والطيالسي: ٥٢٩)، واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: دوو باخ لە زیون قاپ و قاچاغەکەیان و هەرچی تێیاندا هەیەو، دوو باخ قاپ و قاچاغ و هەرچی تێیاندا هەیە لە زێڕن و، لە نێوان خەڵکەکە، [واتە: ئەوانەی لەو باخانەدا] و، ئەوە کە تەماشای پەروەردگاریان (جل وعز) بکەن، تەنیا پۆشاکی مەزنایەتی خوای پەروەردگارە لەسەر ڕووی لە بەهەشتی عەدن دا.

فەرموودەی دووەم: {عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رضي الله عنه، قَالَ: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جُلُوسًا، فَنَظَرَ إِلَى القَمَرِ لَيْلَةَ البَدرِ فَقَالَ: إِنَّكُم سَتَرَوْنَ

رَبَّكُمْ عِيَانًا، كَمَا تَرَوْنَ هَذَا الْقَمَرَ، لَا تُضَامُونَ فِي رُؤْيَتِهِ، فَإِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَلَّا تُغْلَبُوا عَلَى صَلَاةٍ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا فَافْعَلُوا، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ ﴿٣٩﴾﴾ق} (أخرجه البخاري: ٥٥٤، مسلم: ٦٣٣، أبو داود: ٤٧٢٩، والترمذي: ٢٥٥١، والنسائي في الكبرى: ٧٧٦١، ابن ماجه: ١٧٧و وإبن حبان: ٧٤٤٢و ٧٤٤٣و ٧٤٤٤، والحميدي: ٧٩٩)، واتە: جەریری کوڕی عەبدوڵڵا (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبووین، لە شەوی بەدردا [شەوی چواردەو پازدەدا] تەماشای مانگی کرد فەرمووی: ئێوە پەروەردگارتان بە ئاشکرا دەبینن، وەك چۆن ئەم مانگە دەبینن، تووشی زیان نابن، بەهۆی بینینیەوە، [یاخود تووشی نوقسانی نابن]، ئنجا ئەگەر توانیتان پێش خۆرهەڵاتن و پێش خۆرئاوا بوون نوێژ بکەن، بیکەن. [واتە: ئەوە دەبێتە زەمینە خۆشکەر بۆ ئەوەی بچنە بەهەشت]، دوایی ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ ﴿٣٩﴾﴾ق، بە ستایشکردنەوە پەروەردگارت بە پاك بگرە، پێش خۆرهەڵاتن و پێش خۆرئاوا بوون.

فەرموودەی سێیەم: {عَنْ أَبِي رَزِينٍ الْعُقَيْلِيِّ قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَكُلُّنَا يَرَى رَبَّهُ؟ قَالَ ابْنُ مُعَاذٍ: مُخْلِيًا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ: نَعَمْ يَا أَبَا رَزِينٍ، قَالَ: وَمَا آيَةُ ذَلِكَ فِي خَلْقِهِ؟ قَالَ: يَا أَبَا رَزِينٍ أَلَيْسَ كُلُّكُمْ يَرَى الْقَمَرَ، قَالَ ابْنُ مُعَاذٍ: لَيْلَةَ الْبَدرِ مُخْلِيًا بِهِ. قُلْنَا: بَلَى. قَالَ: فَاللَّهُ أَعْظَمُ، قَالَ ابْنُ مُعَاذٍ قَالَ: فَإِنَّمَا هُوَ خَلْقٌ مِنْ خَلْقِ اللَّهِ يَعْنِي الْقَمَرَ، فَاللَّهُ أَجَلُّ وَأَعْظَمُ}، (أخرجه أحمد: ١٦٢٣١، وأبو داود: ٤٧٣١، وابن ماجه: ١٨٠، والحاكم: ٨٦٨٢، وقال: صحيح الإسناد، والطيالسي: ١٠٩٤، وعبد الله بن أحمد في السنة: ٤٥١).

ئەبوو ڕەزینی عوقەیلیی دەڵێ: گوتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا هەر کامێکمان پەروەردگاری دەبینێ، {(ابْنُ مُعَاذ) کە یەکێکە لە ڕاوییەکان، ئەوەندەشی لێ زیاد کردوە گوتوویەتی: لە ڕۆژی قیامەتدا بە تەنیا خوا دەبینێ بە تایبەت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەڵێ ئەی ئەبا ڕەزین، ئەبوو ڕەزین

گوتی: ئنجا نیشانەی ئەوە چییە لە دروستکراوەکانی خوادا، [بەڵگە چیە کە ئێمە دەتوانین خوا ببینین]، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی ئەبا ڕەزین ئایا هەمووتان مانگ نابینن؟ {(ابْنُ مُعَاذٍ) کە یەکێکە لە ڕاوییەکان ئەوەندەشی بۆ زیاد کردوە گوتوویەتی: لە شەوی چواردەو پازدەدا بە تایبەت هەر کامێکتان بە تایبەت مانگ نابینێ؟] گوتمان: با، فەرمووی: خوا مەزنترە لەوە، (ابْنُ مُعَاذٍ) دەڵێ: فەرمووی: مانگ دروستکراوێکە لە دروستکراوەکانی خوا، خوا مەزنترو بەرزترە.

فەرموودەی چوارەم: {عَنْ صُهَيْبٍ قَالَ: فَيُكْشَفُ الحِجَابُ فَيَنْظُرونَ إِلَيْهِ، فَوَاللهِ مَا أَعْطَاهُمُ اللَّهُ شَيْئاً أَحَبُّ إِلَيْهِمْ مِنَ النَّظَرِ، وَلاَ أَقَرَّ لِأَعْيُنِهِمْ}، **(أخرجه مسلم: ١٨١، والترمذي: ٢٥٥٢، ٣١٠٥، والنسائي في الكبرى: ٧٧٦٦، وابن ماجه: ١٨٧، وابن حبان ٧٤٤١)**، واتە: صوهەیبی ڕۆمیی (خوا لێی ڕازی بێ) لە درێژەی فەرمایشتێکدا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پەردە لا دەدرێ بڕواداران تەماشای دەکەن، تەماشای خوای پەروەردگار دەکەن، سوێند بە خوا، خوا هیچ شتێکی پێ نەداون لە لایان خۆشەویستتر بێ و، بۆ ئەوان زیاتر جێی شادمانیی و دڵخۆشیی بێ لە تەماشاکردن و بینینی خوا ﷻ.

ئەمە ئەم چوار فەرموودەیە هەر کامێکیان چ جای هەر چواریان پێکەوە، کە فەرموودەی دیکەش لەو بارەوە هەن و، پێشتر هێناومانن هەموویان بەڵگەن لەسەر ئەوە کە بڕواداران لە بەهەشتدا خوا ﷻ دەبینن، بەڵام بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە، نەك بەو شێوەیەی ئێستا، کە هەموو ئەوانەی نکووڵییان کردوە لەوەی خوا لە بەهەشتدا ببینرێ، پێیان وابووە وەک چۆن ئێستا ئێمە لە دنیادا، بەو هەستەوەرانەمان شت دەبینین، لەوێش بەو شێوەیە و لەو کات و شوێنەدا کە لەسەر زەوی بۆمان ڕەخسێنراوە، هەروا دەبێ، بەڵام نەخێر لە بەهەشتدا هەموو شتەکان جیا دەبن؛ کات جیا دەبێ، شوێن جیا دەبێ و پێکهاتەی ئێمەش جیا دەبێ.

مەسەلەی پێنجەم:

باسی کەوتنە حاڵەتی گیانەڵای بابای بێبڕواو، هەوڵدان بۆ چارەسەری بێ هوودەو دڵنیابوونی لەماڵئاوایی لە ژیانی دنیاو، لاق لێک ئاڵانی و بەرەو لای پەروەردگاری بەڕێکرانی:

خوا دەفەرمووێ: ﴿كَلَّآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ ﴿٢٦﴾ وَقِيلَ مَنْۜ رَاقٍ ﴿٢٧﴾ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلْفِرَاقُ ﴿٢٨﴾ وَٱلْتَفَّتِ ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ﴿٢٩﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمَسَاقُ ﴿٣٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿كَلَّآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ﴾، نەخێر هەرکات (ڕووح) گەیشتە چۆڵەمەکان (**كَلَّا**) وشەیەکە بۆ بەرپەرچدانەوە، هەڵوەشانەوە، واتە: وازبێنن یاخود: وانیە وەك ئێوە دەڵێن، ﴿إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ﴾، کاتێك گەیشتە چۆڵەمەکان (**التَّرْقُوَة**) دوو ئێسکن لەملاولای سینە و قوڕقوڕاگە بەنێویاندا دەڕواو، هەموو مرۆڤێك دوو تەرقوەی هەن، پێشتریش گوتمان بۆیە لێرە خوا ﷻ بە کۆ هێناونی، چونکە هێنانیان بە شێوەی (**مُثَنَّى**) قورسە، (**كَلَّا إِذَا بَلَغَتِ التَّرْقُوَتَان**)، هەر کاتێك ڕوح گەیشتە هەردوو چەڵەمەکان، لێرەدا دیارە ڕاناوی (**ت**) ی (**بَلَغَت**) بۆ شتێکی مێینەی مەجازییە، پێشتر باس نەکراوە پێشتر، بەڵام بە سیاق و بە سەلیقە دەزانین کە مەبەست پێ ڕووحە، چونکە بابەتەکە باسی گیانەڵاو ڕووح کێشانە، کەواتە: ڕاناوەکە بۆ ڕووح دەچێتەوە، هەروەك لە سوورەتی (**الواقعة**)شدا خوا ﷻ بێ ئەوەی پێشتر باسی نەفس یان ڕووح بکات، ڕاناوەکە بۆ لا گێڕاوەتەوە کە دەفەرمووێ: ﴿فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ ﴿٨٣﴾﴾، دەبووایە کاتێك گەیشتە قوڕقوڕاگە، لێرە دەفەرمووێ: ﴿بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ﴾، لەوێ دەفەرمووێ: ﴿ٱلْحُلْقُومَ﴾، دیارە ئەو ئێسکەی چەڵەمەش دەوری قوڕگ (**حُلْقُوم**) دەدەن.

٢)- ﴿وَقِيلَ مَنْۜ رَاقٍ﴾، گوترا کێ چارەسەر دەکات؟ واتە: (**مَنْ مُعَالِجٌ لَهُ**)، کێ چارەسەری دەکات؟ ئێمە پێشێ تەفسیرکردنە خێرایەکە تەواو دەکەین، دوایی دێینە سەر وردەکارییەکان.

٣)- ﴿ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلْفِرَاقُ ﴾، گومانیشی برد کە جیابوونەوەیە، واتە: جیابوونەوەی ڕووحی لە جەستەی و بەجێهێشتنی ئەوە بۆ دنیا، یاخود یەقینی وا بووە، (ظَنَّ) لێرەدا بە مانای گومان دەگونجێ تەفسیر بکرێ و، دەشگونجێ بە مانای دڵنیابوون و زانیارییش تەفسیر بکرێ، هەردوو واتاکە دەگونجێن، ئەگەر بگوترێ: مەبەست لە (ظَن) لێرەدا یەقینە، واتە: لەو کاتەدا مرۆڤ کە دەکەوێتە حاڵی خۆی، لەوە دڵنیا دەبێ کە تازە کۆتاییەتی، بەڵام ئەگەر مەبەست لە (ظن) گومان بێ، ئەوە پێش ئەوەیە دڵنیابێ کە دەمرێ، چونکە حاڵەتی گیانکێشان و کەوتنە گیانەڵا یەك شت نیە بە یەك چرکە، بەڵکو هی وا هەیە چەند ڕۆژێك بە ڕووح کێشانەوە دەبێ و، هی وا هەیە چەند سەعاتێك پێوەی دەبێ، ئنجا لە سەعاتەکانی یەکەمدا لە کاتەکانی یەکەمدا گومانی هەیە، بەڵام دوایی وردە وردە ئەم گومانەی دەبێتە زانیاریی، دوایی دەبێتە یەقین و دڵنیایی.

کە دەفەرموێ: ﴿ أَنَّهُ ٱلْفِرَاقُ ﴾، ڕاناوی (أنَّهُ) ڕاناوی حاڵە (ضَمِيْرُ الشَّأن أي: الأَمْرُ العَظِيْم: فِرَاقُ الحَيَاة)، واتە: کارە مەزنەکە و ڕووداوەکەی لێی دەقەومێ بریتیە لە جیابوونەوە لە ژیانی دنیا، بەجێهێشتنی دنیا.

٤)- ﴿ وَٱلْتَفَّتِ ٱلسَّاقُ بِٱلسَّاقِ ﴾، لاقیش لە لاق ئاڵا، لاق هەمووی (رِجل)ی پێ دەڵێن، لە ئەژنۆ بەرەو لای خوار پێی دەگوترێ: لوولاق (سَاق)، لە ئەژنۆ بەرەو سەر پێی دەگوترێ: ڕان (فَخِذْ)، بە هەمووشی دەگوترێ: (رِجل)، بە خوارێشی دەگوترێ: (قَدَم) واتە: پێ، کەواتە: ئنجا لێرەدا مەبەست پێی لە ئەژنۆ بەرەو ژێرە، کە بە کوردیی پێی دەڵێین: لاق یان لوولاك، کاتێك لوولاك لە لوولاك ئاڵقا، (الزمخشري) ئاوای مانا لێك داوەتەوە دەڵێ: (وَالْتَفَتْ سَاقُه بِساقِهِ وَالْتَوَتْ عَلَيْهَا عِنْدَ عَلْزِ المَوْت) واتە: لاقی لە لاقی ئاڵقاوە، وە پێکەوە تێك باهەڵدران، لە کاتی هەڵ لەرزینی مردندا، (عَلْز: الرِّعْدَةُ تَأْخُذُ المَرِيْض)، ئەو لەرزینەیە کە تووشی بابای نەخۆش دێ، دەلەرزێ و دەهەژێ و دەکەوێتە حاڵەتی گیاندان.

٥)- ﴿ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمَسَاقُ ﴾، لێخوڕدران، یاخود بردران، یاخود بەڕێکران لەو ڕۆژەدا بەرەو پەروەردگارتە، (المَسَاق: السَّوْق)، (المَسَاق) لێرەدا چاوگی میمییە، واتە: بردران

یاخود بەڕێکران، یان لێخوڕدران، لەو ڕۆژەدا بەرەو لای پەروەردگارتاتە، (أل)ی سەر (المَسَاق) بۆ ناساندنە و جینسە، واتە: لێخوڕان و بەڕێکرانی هەموو مرۆڤەکان بۆ لای پەروەردگارە، هیچ کەس بە هیچ لایەکی دیکەدا ناچێ.

لە بارەی ﴿ وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ ﴾، واتە: کێ چارەسەر دەکات، کێ نوشتە دەکات، کێ دوعا دەکات؟ (**الطبري**) لە (**أبو قلابة**)ەوە بە ژمارە: (٣٥٧٨٢) هێناویەتی:﴿ مَنْ رَاقٍ ﴾، **قَالَ هَلْ مِنْ طَبِيبٍ شَافٍ**) ئایا هیچ پزیشکێکی چارەسەرکەر هەیە.

هەروەها لە (**إبن زيد**)ەوە بە ژمارە (٣٥٧٨٠)، هێناویەتی دەڵێ: (**وَقَالَ أَهْلُهُ: مَنْ ذَا يَرْقِيهِ لِيَشْفِيَهُ مِمَّا قَدْ نَزَلَ بِهِ، وَطَلَبُوا لَهُ الأَطِبَّاءَ وَالمُدَاوِينَ، فَلَمْ يُغْنُوا عَنْهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ الَّذِي قَدْ نَزَلَ بِهِ شَيْئاً**)، واتە: کێ دوعای بۆ دەکات تاکو چارەسەری بکات لەوەی دابەزیوەتە سەری، پزیشکان و چارەسەرکەرانیان بۆ خواستن، بەڵام، لە بەرانبەر کاری خوادا کە دابەزیوەتە سەری هیچ سوودیان پێ نەگەیاند.

ئەمە واتایەکی: ﴿ مَنْ رَاقٍ ﴾، واتە: (**مَنْ يرْقِه**) کێ دووعای بۆ دەکات، (**مَنْ يُعَالِجه**) کێ چارەسەری دەکات؟ (**راق**) لە (**رقية**)ەوە هاتوە، کە دوعایان خوێندوە بۆ کەسێك لە ڕووی مەعنەوییەوە، ئنجا دوایی بۆ هەموو جۆرە چارەسەرێك ئەو وشەیە بەکارهاتوە.

هەندێکی دیکەش گوتوویانە: ﴿ مَنْ رَاقٍ ﴾، واتە: (**مَنْ يَصْعَدُ بِرُوحِه**)، کێ ڕووحەکەی بەرز دەکاتەوە؟ هەر (**الطبري**) بە ژمارە (٣٥٧٨٩) هێناویەتی دەڵێ: (**قَالَتِ المَلَائِكَة مَنْ يَصْعَدُ بِهَا مَلَائِكَة الرَّحْمَة أو مَلَائِكَةُ العَذَاب؟**)، کێ ڕووحەکەی بەرز دەکاتەوە، فریشتەکانی بەزەیی یان فریشتەکانی سزاو ئازار؟

بە نسبەت وشەی (**التراقي**) یەوە: (**التَّرَاقِيَ: جَمْعُ تَرْقُوَةٍ وَهِيَ ثُغْرَةُ النَّحْرِ، وَلِكُلِّ إنْسَانٍ تَرْقُوَتَانِ عَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ شِمَالِهِ، والجمع لِقَصْدِ تَخْفِيفِ اللَّفْظِ مثل: ﴿ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ﴿٤﴾ ﴾التحريم، وَاللَّامُ فِي التَّرَاقِي مِثْلُ اللَّامِ فِي الْمَسَاقُ فَيُقَالُ: هِيَ عِوَضٌ عَنِ الإِضَافَة**).

(**تَرَاقِـي**) کـۆی (**تَرْقُوَة**)یـە کـە بریتیـە لـە ئێسـقانی سـینگ، هەمـوو مرۆڤێـك دوو ئێسـقانی سـینگی هـەن، بـە کوردیـی پێیـان دەگوتـرێ: چۆڵەمـە، لـە لای ڕاسـت و لای چەپـی، بۆیـەش گوتـراوە: (**تَرَاقِـي**) بـۆ ئـەوەی، بێژەکـە لەسـەر زمـان سـووك بـێ، وەك چـۆن خـوا ﷻ لـە سـووڕەتی (**التحریـم**)دا دەفەرمـوێ: ﴿فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ۝٤﴾، لـە جیاتـی (**قَلْبَاكُـما**)، دوو دڵەکانتـان، دەفەرمـوێ: (**قُلوبُکُـما**) دڵەکانتـان، چونکـە ئـەوە لەسـەر زمـان سـووکترە، (**أل**)ی سـەر (**تَرَاقِي**)یـش وەك (**أل**)ی سـەر (**المَسَـاق**) ئەمـە (**عِـوَضٌ عَـنِ الإِضَافَـة**)، بـۆ ناسـاندنەو، قەرەبـووی پاڵوێـدان دەکاتـەوە، لـە جیاتـی بفەرمـوێ: (**إِذَا بَلَغَـت تَرَاقِيَهُـم**)، فەرموویەتـی: ﴿إِذَا بَلَغَتِ ٱلتَّرَاقِيَ﴾، (**أل**)ەکـە بـۆ ناسـاندنەو قەرەبـووی پاڵوێـدراو (**مُضَـاف إليْـه**) دەکاتـەوە.

مەسەلەی شەشەم:

هۆکارەکانی مەینەتباریی بابای کافر: بەڕاست دانەنانی پێغەمبەر ﷺ و نوێژ نەکردن و بەدرۆ دانان و، پشت هەڵکردن و، بە فیزو خۆبادانەوە، بەرەو لای خێزان و کەس و کاری، بوون، سزای سەختیش شایستەیەتی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ ﴿٣١﴾ وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٣٢﴾ ثُمَّ ذَهَبَ إِلَىٰ أَهْلِهِۦ يَتَمَطَّىٰ ﴿٣٣﴾ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ ﴾، ئنجا بەڕاستی داناو نەنوێژی کرد. دوای ئەوەی کە خوا ﷻ باسی حاڵەتی دژوارو سەختی گیانەڵای بابای بێبڕوای کرد، ئنجا یەکێك لەو بێبڕوایانە بە نموونە وەردەگرێ، کە بۆچی تووشی ئەو سزایە بووە و، بۆچی تووشی ئەو حاڵەتە دەبێ، لەکاتی ڕووح کێشران و دواییش تووشی ئازاری سەخت دەبێ هۆکارەکان دەخاتەڕوو دەفەرموێ: ﴿ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ ﴾، ئەم (ف)ە: (**تَفْرِيعٌ عَلَى**: ﴿ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمَسَاقُ ﴾، **أَي: فَارَقَ الحَيَاةَ وَسِيقَ إِلَى لِقَاءِ اللَّهِ خَالِيًا مِنَ الْعُدَّةِ لِذَلِكَ اللِّقَاءِ**) واتە: ژیانی دنیای بەجێ هێشت و بەڕێکرا بەرەو دیداری خوا، لە حاڵێکدا هیچ شتێکی پێ نیە لە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو دیدارە، ﴿ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ ﴾، حاڵی وا بووە کە دنیای بەجێهێشتوە، نە بەڕاستیی زانیوە چی بەڕاستی نەزانیوە؟ خوا بەرکارەکەی قرتاندوە، نەیفەرموە: (**فَلَا صَدَّقَ الْقُرْآن**) یان (**فَلَا صَدَّقَ الرَّسُولَ**) یان (**فَلَا صَدَّقَ القِيَامَة**)، قرتاندوویەتی بۆ ئەوەی هەموویان و زیاتریش بگرێتەوە، چونکە ئەو کەسە نە پێغەمبەری بەڕاست زانیوە، نە قورئانی بەڕاست زانیوە کە فەرمایشتی خوایە، نە دیداری خوای بەڕاست زانیوە کە دەچێتەوە خزمەت خوا، ئنجا ئەگەر دیاریی کردبایە هەر یەکێکیان دەبوو، بەڵام ئێستا کە بەرکارەکە قرتێنراوە، هەموو ئەوانە دەگرێتەوەو جگە لە ئەوانەش دەگرێتەوە.

﴿ وَلَا صَلَّىٰ ﴾، نوێژیشـی، لێـرەدا گرنگیـی و پێگـەی نوێژمـان بـۆ دەردەکـەوێ، کـە لـە دوای ئـەوە کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: هـۆکاری ئـەوەی ئـەو مرۆڤـە تووشـی ئـەو حاڵەتـە بـووە، ئەوەیـە کـە ئەهلـی تەصدیـق نەبـووە، ئەهلـی بەڕاسـت زانیـن نەبـووە، نـە بـۆ خـواو، نـە بـۆ پێغەمبـەری خـوا، نـە بـۆ کتێبـی خـواو، نـە بـۆ ڕۆژی دوایـی، یەکسـەر دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَا صَلَّىٰ ﴾، نوێژیشـی نەکـردوە.

٢)- ﴿ وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴾، بەڵکو [لە بری بەڕاست زانینو نوێژکردن] بە درۆ دانان و پشت هەڵکرن هەبووە بۆ خواو، بۆ پێغەمبەری خوا ﷺو، بۆ فەرمایشتی خواو، بۆ دیداری خوا، ﴿ وَتَوَلَّىٰ ﴾، هەروەها لە جیاتی نوێژ کردنیش پشت هەڵکردن و ڕوو وەچەرخاندن و ڕوو وەرگێڕانی هەبووە، (**كَذَّبَ: أي كَذَّبَ بِكُلِّ مَا يَجب التَصْدِيْق به**)، هەرچی کە پێویست بوە بە ڕاستیی بزانێ، ئەو بە درۆی زانیوە بە درۆی داناوە، (**تَوَلَّى: التَوَلِّي الإعْرَاضُ**) پشت هەڵکردن و ڕوو وەرگێڕان و پشتکردنەوەیە.

٣)- ﴿ ثُمَّ ذَهَبَ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ يَتَمَطَّىٰٓ ﴾، دوایيش چۆتە لای کەس و کاری بە خۆبادان و فیزو خۆ کەشخەکردنەوە، واتە: کە لە کۆڕو مەجلیسی قەومەکەی هەڵساوە و چۆتەوە لای ماڵ و خێڵ و خزمی، بە فیزو کەشخەوە ڕۆیوە، وەك شتێکی زۆر گرنگی کرد بێ، کە لەو کۆڕو مەجلیسەی خۆیاندا کوفر و، بێبڕوایی کردوە، ناحەزایەتیی پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمایشتی خواو ئایین و بەرنامەی خوای کردوە و، بە فیزو کەشخەوە، ڕۆیوە، وەک ڕۆڵێکی گرنگی گێڕابێ و، کارێکی گەورەی ئەنجام دابێ.

(**ويَتَمَطَّـى: يَمْـشِي الْمُطَيْطَـاءَ وَهِـيَ التَّبَخْـتُرُ، وَأَصْـلُ يَتَمَطَّـى: يَتَمَطَّـطُ، أَيْ يَتَمَـدَّدُ لِأَنَّ الْمُتَبَخْـتِرَ يَمُـدُّ خُطَـاهُ**)، وشـەی (**مَطَـى**) بـە مانـای (**ظَهْـر**) پشـت، دێ، کەواتـە: (**يَمْـشِي الْمُطَيْطَـاءَ**) بـە پشـت ڕاکێشـانەوە دەڕوا کـە بریتیـە لـە فیـزو کەشـخە، وشـەی (**يَتَمَطَّـى**) لـە ئەسـڵدا (**يَتَمَطَّـطُ**)ە، (**تَمَطَّـط**) پشـتی خـۆی درێـژ کـردو ڕاکێشـا، چونکـە بابـای فیـزو کەشـخەکردن، کـە هەنگاوەکانـی بەریـن دەکات و بـە فیـزو کەشـخەوە خـۆ بـا دەدات.

کەواتە: ئەو کەسە چوار گوناهی هەبوون:

یەکەم: نەبوونی بەڕاست دانان.

دووەم: نەبوونی نوێژ.

سێیەم: بە درۆ دانان.

چوارەم: پشت هەڵکردن و ڕوو وەرگێران.

خواش ﷻ چوار جاران باسی سزای سەختی بۆ دەکات، لە بەرانبەر ئەو چوار کردەوە خراپەیدا، کە دوواییان بریتین لە وازهێنانی ئەرکەکان و، دووانیشیان بریتین لە شکاندنی قەدەغەکان، واتە: ئەو کەسە بە هەردوو باری چواندنی ئەرکەکان و شکاندنی قەدەغەکان دا هەر تاوانبار بووە، هەروەها بە هەردوو باری لە ڕووی تیۆریەوەو لە ڕووی کردەییەوە، لە ڕووی فکریی تیۆرییەوەو بە ڕاست زانینی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە درۆ دانانی هەبووە، لە ڕووی کردەییەوەش نوێژی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پشت هەڵکردنی هەبووە، بۆیە خواش ﷻ چوار جاران وشەی (**أولى**)ی بۆ بەکاردێنێ، واتە: سزای هەرە سەخت.

٤)- ﴿ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٥﴾ ﴾، سزای هەرە سەخت بۆتۆ، ئنجا سزی هەرە سەخت بۆتۆ سزای هەرە سەخت. لەبارەی ﴿ أَوْلَىٰ ﴾وە زانایان چەند واتاتیەکیان داناون: یەکەم: (**وَهِيَ كَلِمَةُ تَوَعُّدٍ تَجْرِي مَجْرَى الْمَثَلِ اسْمُ تَفْضِيلٍ مِنْ وَلِيَ، وَفَاعِلُهُ ضَمِيرٌ مَحْذُوفٌ عَائِدٌ عَلَى مُقَدَّرٍ مَعْلُومٍ فِي الْعُرْفِ، فَيُقَدِّرُهُ كُلُّ سَامِعٍ بِمَا يَدُلُّ عَلَى الْمَكْرُوهِ، مِثْل: قَارَبَكَ مَا تَكْرَهُ**)، ﴿ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴾، واتە: ئەمە وشەی هەڕەشەیە وەك پەند (**مَثَل**) وایە و لە ئەسڵدا ناوی هەڵبژاردنە لە (**وَلِي**)ەوە هاتوە، (**وليَ**) واتە: (**قَرُبَ**)، نزیک کەوتووم، بکەرەکەی بریتیە لە ڕاناوێکی قرتێنراو، دەگەڕێتەوە بۆ شتێکی ئەندازەگیریی کراوی زانراو، بەپێی عورف و باو، هەر بیسەرێك بۆ خۆی ئەندازەگیریی دەکات و دایدەنێ، بەخۆرێک ناخۆشیی و ناڕەحەتی بگەیەنێ، وەك (**قَارَبَكَ مَا تَكْرَهُ**) ئەوەی پێت ناخۆشە

لێت نزیك بێ، دووەم: هەندێکی دیکە ئاوایان لێکداوەتەوە: (أَوْلَى لَكَ: أي وَلِيَكَ الوَيْلُ)، وەیل و سزای سەخت لە تۆ نزیك بێ، سێیەم: هەندێکی دیکە ئاوایان لێکداوەتەوە، (أَوْلَاكَ الله مَا تَكْرَهُ)، خوا لێتەوە نیزیك بخات، ئەوەی ئەتۆ پێت ناخۆشە.

چـوارەم: ئەبـوو عەلـی فارسـیی گوتوویەتـی: (إنَّ أَوْلى عَلَـمٌ لِمَعْنَـى (الْوَيْـلِ لَـكَ) وَهُـوَ الْهَـلَاكُ، فَأَصْـلُ تَصْرِيفِـهِ أَوْيَـلُ لَـكَ، أَيْ أَشَـدُّ هَـلَاكًا لَـكَ فَوَقَـعَ فِيـهِ الْقَلْـبُ (لِطَلَـبِ التَّخْفِيـفِ) وَالْـكَافُ خِطَـابٌ لِلإِنسَـانِ الْمُـصَرحِ بِـهِ غَـيْرَ مَـرَّةٍ فِي الْآيَـاتِ السَّـابِقَةِ)،واتە: (أَوْلى) کراوەتـە بـە نـاو بـۆ مانـای (وَيْـل) واتـە: [سـزای سـەخت بۆتـۆ]، (أَوْلى) لـە ئەسـڵدا (أَوْيَلُ)یـە، واتـە: وەیلـتر و سـزای سـەختتر و، خراپتریـن فەوتانـدن بـۆ تـۆ، بـەڵام دوایـی (أَوْيَـلُ) قەلـب و گێڕانـەوەی تێـدا ڕوویـداوە، بـۆ ئـەوەی سـووك بـێ، کراوەتـە (أَوْلى)، ئنجـا (أَوْيَـلُ) کـە کراوەتـە بـە (أَوْلى)، (ك)ەکـەش بـۆ دواندنـی مرۆڤـە، ئـەو مرۆڤـەی لـە ئایەتـە پێشـووەکاندا باسـکراوە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴾، ئـەم (ف)ە جەخـت کردنەوەیـە بـۆ (أَوْلى)ی یەکـەم، واتـە: سـزای هـەرە سـەخت بـۆ تـۆ سـزای هـەرە سـەخت، بۆیـەش بـە (ف) هاتـوە (ف)ی بـەدوا داهاتـن، تاکـو ئـەوە بگەیەنـێ کـە ئـەوەی دوعـای لـێ دەکـرێ، خراپـە لـە دوای خراپـە بەسـەریدا بـێ، چـوار جاریـش دووبـارە کراوەتـەوە.

زانایـان لـە بـارەی حیکمەتـی ئـەوە کـە بۆچـی چـوار جـاران وشـەی (أَولى) دووبارە کراوەتـەوە، دوو جاریـان بە (ف):

أ- هەندێکیان گوتوویانە: (الوَيْلُ لَكَ فِي الحَيَاةِ وَفِي المَمَاتِ، وَعِنْدَ البَعْثِ، وَعِنْدَ دُخُولِ النَّار)، سزای سەخت بۆ تۆ، یان سزای سەختتر بۆ تۆ لە ژیانی دنیادا و، لە کاتی مردنتداو، لە کاتی هەڵسێنرانەوەو زیندوو کرانەوەداو، لە کاتی چوونە نێو ئاگرتدا.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: حیکمەتی ئەو کارە ئەوەیە، ئەو کەسە بە چوار خەسڵەتی زۆر خراپ پێناسە کراوە: ﴿ فَلَا صَدَّقَ ﴾، ﴿ وَلَا صَلَّىٰ ﴾، ﴿ وَلَٰكِن كَذَّبَ ﴾، ﴿ وَتَوَلَّىٰ ﴾، ئنجا هەرەشەکەشی چوار جاران هاتوە، هەر هەڕەشەیەك و، هەر سزایەکی سەخت

لە بەرانبەر خەسڵەت و کردەوەیەکی خراپیدا، بۆیەش بە فیز ڕۆیشتنەکەی حیساب نەکراوە، چونکە پێش ئەوەی پێغەمبەری خواش ﷺ بانگی بکات بۆ لای خوا، هەر عادەتی دا بووە، واتە: دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا- ﷺ بانگی کردوە بۆ لای خوا، ئەو سیفەتەی تێدا زیاد نەبووە ئەو کردەوە خراپە، تاکو ئەویش سزایەکی لە بەرانبەردا دابنرێ، بەڵکو ئەو سیفەتەی هەر هەبووە.

{عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: سَأَلْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ عَن قوله: ﴿ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٤﴾ ﴾ **أَشَيْءٌ قَالَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِأَبِي جَهْلٍ مِن قِبَلِ نَفْسِهِ، أَمْ أَمَرَهُ اللَّهُ بِهِ؟ قَالَ: بَلْ قَالَهُ مِنْ قِبَلِ نَفْسِهِ، ثُمَّ أَنْزَلَهُ اللَّهِ}، (أخرجه النسائي في التفسير: ٦٥٨، والحاكم في المستدرك: ج ٥، ص:٥١٠، والطبراني في الكبير: ١٢٩٩٨، وإسناده صحيح على شرط البخاري ومسلم)**، سەعیدی کوڕی جوبەیر خوا لێی ڕازی بێ، کە زانایەکی گەورەی جیلی شوێنکەوتووانە، دەڵێ: لە کوڕی عەبباسم پرسی (خوا لێیان ڕازی بێ)، لە بارەی فەرمایشتی خواوە کە دەفەرموێ: ﴿ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٥﴾ ﴾، ئایا ئەمە شتێکە پێغەمبەری خوا بە ئەبوو جەهلی گوتوە، لەلایەن خۆیەوە، یان خوا ﷻ فەرمانی پێکردوە بیڵێ؟ ئەویش گوتی: بەڵکو بۆ خۆی گوتوویەتی، دوایش خوا ﷻ دایبەزاندوە.

کەواتە: ئەم ئایەتانە، لە بارەی ئەبوو جەهلەوە هاتوونە خوار و ڕووی دواندن لەوە، بەڵام دیارە لە پشت ئەویشەوە، هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە وەك دین.

لەو بارەوە ئەم دوو دەقەش دێنین:

١- {عَنِ إبْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ رَسُوْل الله ﷺ قَالَ: إِذَا مَشَتْ أُمَّتِي الْمُطَيْطَاءَ، وَخَدَمَتْهُمْ فَارِسُ وَالرُّومُ، كَانَ بَأْسُهُمْ بَيْنَهُمْ} (أخرجه الترمذي: ٢٠١٦١، وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ)، لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتەوە کە فەرموویەتی: هەر کاتێك ئوممەتی من بە خۆبادانەوە ڕۆیشت و،

فارس و ڕۆم خزمەتیان، ئەوە شەڕو کێشەو دووبەرەکیی دەکەوێتە نێوان خۆیان، واتە: هەر کاتێك وایان لێهات بە فیزو کەشخە بە زەویدا بڕۆن، کەسێك بە فیزو کەشخەو خۆبادانەوە بە زەویدا دەڕوا، کە سەر بەرز نەکاتەوە بۆ لای خوا، ئەگەر مرۆڤ خوا ببینێ خۆی دەناسێ، هەرکەسیش خوا بناسێ، خۆی دەناسێ و، فیزو کەشخەو خۆ ڕاوەشاندن لە خۆی ناوەشێنێتەوە.

هەروەها ئەم دەقە ئاماژەشە بەوە کاتێك دێ، دەوڵەتی موسڵمانان فراوان دەبێ و، مسوڵمانان دەسەڵاتیان دەبێ و، فارس و ڕۆم کە ئەو کاتە دوو دەوڵەتی هەرە ناودار بوون، دوو دەوڵەتی زلهێزی ئەو ڕۆژگارەیان بوون، پێغەمبەر ﷺ هەواڵیداوە و موژدەی داوە، کاتێك دێ ئەوانە خزمەتیان دەکەن، بەڵام دوایی موسڵمانان وایان لێ دێ، بوغرا دەبن و لە کەوڵی خۆیان دەردەچن، ئنجا کێشەو شەڕ دەکەوێتە نێوان خۆیان، ڕێك ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی وا هاتۆتە دی.

٢- [قَالَ قَتَادَةُ: فَأَخَذَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِيَدِهِ فَقَالَ: ﴿ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ ﴿٣٥﴾ ﴾، فَقَالَ يَا مُحَمَّد مَا تَسْتَطِيعُ أَنْتَ وَلَا رَبُّكَ لِي شَيْئًا، إِنِّي لَأَعَزُّ مَنْ بَيْنَ جَبَلَيْهَا. فَلَمَّا كَانَ يَوْمُ بَدْرٍ أَشْرَفَ عَلَى الْمُسْلِمِينَ فَقَالَ: لَا يُعْبَدُ اللَّهُ بَعْدَ هَذَا الْيَوْمِ أَبَدًا. فَضَرَبَ اللَّهُ عُنُقَهُ، وَقَتَلَهُ شَرَّ قِتْلَةٍ] **(أخرجه الطبري ٣٥٨٣٩، وإسناده مرسل ورواه عبدالرزاق في تفسيره ٣٦١٩ عن قتادة مرسلاً).**

قەتادە یەکێکە لە زانایانی شوێنکەوتووان، بۆیەش ئەوەی کە هێناویەتی بە **(مُرسل)** لە قەڵەم دەدرێ، **(مُرسل)** ئەوەیە پاڵ نەدرابێتەلای یەکێك لە هاوەڵان، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی ئەبو جەهلی گرت، (ڕۆژێك دیارە لە مەککە دەستی گرتوە)، پێی فەرموو: سزای هەرە سەخت بۆ تۆ، دوایی سزای هەرە سەخت بۆ تۆ، سزای هەرە سەخت بۆ تۆ، پاشان سزای هەرە سەخت بۆ تۆ، ئەویش گوتی: ئەی موحەممەد! نە تۆ و نە پەروەردگارت لە بارەی منەوە هیچتان پێ ناکرێ، من باڵا دەسترین کەسم کە لە نێوان دوو چیایەکان دا دەڕوات، [واتە: لە مەککە،] کاتێك ڕۆژی بەدر جەنگی بەدر هات، ئەبوو جەهل ڕووی کردە

خەڵکەکە (ئەوانەی هێنابوونی بۆ شەڕ لە دژی ئیسلام)، گوتی: لەمڕۆ بەدواوە خوا هەرگیز ناپەرستریّ، [ئەو خەیاڵ پڵاوەی کرد] بۆیەش خوا لە گەردەنی دا [واتە: بەهۆی هاوەڵانەوە]و، بەخراپترین جۆری کوشتن لە بەینی برد.

مەسەلەی حەوتەم و کۆتایی:

پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانە لە مرۆڤی بێبڕوا، کە پێی وایە وێڵ دەکرێ و لێی ناپرسرێتەوە، لە حاڵێك دا خوا لە تۆویلکەیەکی نێو تۆو دروستی کردوە، کە دەڕژێندرێتە نێو منداڵدانەوە، کە کردوویەتی بە خوێنپارەو ڕێکیخستوەو، دوو جووتی نێرو مێی لێ هێناونە دی، بێگومان خوای بەدیهێنەری بەو جۆرە وەسف کراویش، مردووانی پێ دەژیێنرێنەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ ﴿٣٩﴾ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَن يُحْيِيَ الْمَوْتَىٰ ﴿٤٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴾، ئایا مرۆڤ پێی وایە وێڵ بکرێ و بە وێڵکراوی وازی لێ بهێنرێ؟ پرسیارکردنەکە پرسیارکردنی نکووڵیلێکەرانەیە، (تَرك) بریتیە لە وازلێهێنانی شتێك بە ویستی خۆ، بە ویستی بابای واز لێهێنەر، بەڵام دوایی بەکاردەهێنرێ بۆ پشتگوێخستن و وێڵکردن و گرنگیی پێ نەدان، وشەی (سُدى: **اسْمٌ بِمَعْنَى الْمُهْمَلِ**) ناوە بە مانای وێڵکراو، (**وَيُقَالُ سُدَى وَسَدَى وَالضَّمُّ أَكْثَرُ، وَهُوَ اسْمٌ يَسْتَوِي فِيهِ الْمُفْرَدُ وَالْجَمْعُ يُقَالُ: إِبِلٌ سُدى، وَجَمَلٌ سُدًى وَيُشْتَقُّ مِنْهُ فِعْلٌ فَيُقَالُ: أَسْدَيْتُ إِبِلِي**)، وشەی (سُدى) ناوە بە مانای (**الْمُهْمَلِ**)، وێڵکراو پشتگوێخراو، بە بۆر (ضَمّ) هاتوەو، (سُدى) هەم بەسەر (فەتح) یش (سَدى)، بەڵام زیاتر بە بۆر (سُدى) بەکاردێ، ئەویش ناوێکە تاك و کۆو، نێرو مێ

تێیدا یەکسانن، بۆ هەموویان هەر وشەی (**سُدى**) بەکاردەهێنرێ، دەگوترێ: (**إِبِلٌ سُدَى، وَجَمَلٌ سُدَى**)، حوشترانێك كە وێڵكراون و حوشترێك كە وێڵكراوە، وشەی (**أَسْدَيْتُ**) واتە: (**أَهْمَلْتُ**) لەو وەرگیراوە، (**أَسْدَيْتُ إِبِلِي**) وشترەكانم وێڵكردن.

كەواتــە: لێــرەدا وشــەی (**الإنســان**) وەك هــەر پێنــج جارەكــەی ڕابــردوو و، ئەمجــارەش كــە جــاری شەشــەمە كۆتاییــە لــەم ســوورەتەدا هاتــوە، واتــە: مرۆڤــی بێبــڕوا، مرۆڤــی دوور لــە خــوا، ئایــا مرۆڤــی بێبــڕوا پێــی وایــە بــە وێڵكراویــی و وازی لــێ بهێنــرێ و، پشــتگوێ بخــرێ، كــەس پێــی نەڵــێ چیــت كــردو چۆنــت كــرد، ســزاو پاداشــت ڕووی تێنــەكات؟ ئەمــە وەك ئــەو ئایەتــە موبارەكــەی ســوورەتی (**المؤمنــون**) ە كــە دەفەرمــوێ: ﴿ أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ١١٥ ﴾، ئایــا پێتــان وایــە ئێوەمــان بــە هەوەنتــە هێناوەتــە دی و، بــۆ لای ئێمــە ناگێردرێنــەوە؟

٢)- ﴿ أَلَمۡ يَكُ نُطۡفَةٗ مِّن مَّنِيّٖ يُمۡنَىٰ ﴾، ئایا ئەو مرۆڤە تۆویلكەیەك نەبوو لە تۆوێك كە دەڕژێنرێ، دەڕژێندرێتە نێو منداڵدانەوە؟ (**نُطْفَة**) بە ئاوی كەم دەگوترێ و بەوە دەگوترێ كە لە ئەنجامی یەكگرتنی (**حَيْمَن**)ی پیاو و هێلكۆڵەی ئافرەتدا پێك دێ، زیندەوەرێك پێك دێ كە (**نُطفة**)یە، دوایی ئەو زیندەوەرە دەچێتە نێو منداڵدانی ئافرەتەوە، بۆیە دەفەرموێ: (**يُمنى**) واتە: (**يُقذف**) هەروەها بە (**تُمنى**)ش خوێندراوەتەوە واتە: (**تُقذف**)، فڕێ دەدرێتە نێو منداڵدانەوە.

٣)- ﴿ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةٗ فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴾، دوایی خوێنپارەیەك بوو، خوا هێنایە دی و ڕێكیخست، یاخود: (**خَلَقَ**) واتە: (**قَدَّرَ**) ئەندازەگیریی كرد، (**فَسَوَّى**) ڕێكیخست، هەڵبەتە بەركاری هەر كام لە (**خَلَقَ وسَوَّى**) قرتێندراون، واتە: (**فَخَلَقَهُ فَسَوَّاهُ**) ئەوەی ئەندازەگیری كرد و ڕێكیخست.

٤)- ﴿ فَجَعَلَ مِنۡهُ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ﴾، ئنجا لەو (لەو نوتفەیە) جووتی نێرو مێی هێنانە دی.

٥)- ﴿ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧيَ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾، ئایا ئەوە، توانادار نییە کە مردووان بژیەنێتەوە؟ (أَلَيْسَ ذَلِكَ الَّذِي أَنْشَأَ خَلْقَ البَدِيْعِ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يُحِيَ الموتَى؟)، ئایا ئەو زاتەی ئەو دروستکراوە سەرسورهێنەرەی هێناوەتە دی، ناتوانێ مردووان بژیێنێتەوە؟

کە دەفەرموێ: ﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴾، (الطبري) لە موجاهیدەوە بە ژمارە: (٤٥٨٤٤) هێناویەتی؛ (قَالَ: لَا يُؤْمَرُ وَلَا يُنْهَى) واتە: نە فەرمانی پێ بکرێ و نە شتی لێ قەدەغە بکرێ، پێی وایە وا دەبێ، (عَلَقَة) بە کوردیی دەڵێین: خوێنپارە، (القِطْعَةُ الصَغِيْرَةُ مِنَ الدَّمِ المُتَعَقِّد)، پارچەیەکی گچکەیە لە خوێنێکی پەیوەست، کە یەکێکە لە قۆناغەکانی دروست بوونی کۆرپەلە.

کە دەفەرموێ: (فَسَوّى: التَّسْوِيَة جَعْلُ الشَّيءِ سَوَاءً أي: مُعَدَّلاً مُقَوَّماً)، بریتیە لە شتێك ڕێکبخەیی و هاوسەنگی بکەی.

کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧيَ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾، (الطبري) بە ژمارە: (٣٥٨٤٦) هێناویەتی لە قەتادەوە، لە وەڵامی ئەوەدا کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧيَ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾، گوتویەتی: {ذُكِرَ لَنَا أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إذَا قَرَأَهَا قَالَ: سُبْحَانَكَ وَبَلَى}، (إسناده مرسلٌ وذكره الألباني في صفة صلاة النبي ﷺ وعزاه لأبي داود ٨٨٨٤. وَقَالَ سَنَدُهُ صَحِيحٌ)، واتە: بۆمان گێڕدراوەتەوە و باسکراوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك ئەوەی دەخوێند، دەیفەرموو: پاکیی بۆ تۆ و با.

ئەو زاتەی ئەوەی هێناوەتە دی، دەشتوانێ مردووان بژیێنێتەوە، واتە: سوونەتە کاتێك مرۆڤ ئەو سورەتە دەخوێنێتەوەو دەگاتە ئەم ئایەتە موبارەکە: ﴿ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧيَ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾، بڵێ (سُبْحَانَكَ وَبَلَا)، پاکیی بۆ تۆ و با، یاخود بڵێ: (سُبْحَانَكَ وَبَلَى، وَأَنَا عَلَى ذَلِكَ مِنَ الشَاهِدِيْن)، واتە: پاکیی بۆتۆو با، منیش لەسەر ئەوە سایەدمانم. زانایان گوتوویانە: مەرج نیە هەر ئەو دەقە بگوترێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەقی دیکەشی فەرموون، بە پێی گونجاوی لەگەڵ ئایەتەکاندا، گرنگ ئەوەیە لە وەڵامی ئەوەدا کە خوا دەپرسێ، دەبێ وەڵامێك بدەیەوە لەگەڵ پرسیارەکەدا پڕ بە پێست و گونجاو بێ.

کورتە باسێک لە بارەی ڕۆژی دواییەوە[1]

خوا پشتیوان بێت ئەو کورتە باسە لە شەش تەوەردا دەخەینە ڕوو:

تەوەری یەکەم: مانای بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی.

تەوەری دووەم: گرنگیی و پێگەی بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی.

تەوەری سێیەم: بەڵگەکانی ڕاستیی هاتنی ڕۆژی دوایی، کە حەوت بەڵگە دێنینەوە.

تەوەری چوارەم: پێشەکیی و قۆناغەکانی ڕۆژی دوایی، لە سێ بڕگەدا.

١- مردن و بەرزەخ وەك پێشەکیی.

٢- قۆناغی یەکەم دوای فووی یەکەم، دیارە ئەویش لە دوو خاڵدا:

أ- ناوەکانی قۆناغی یەکەم ئاخیرزەمان (**الساعة**).

ب- ڕووداوەکانی قۆناغی یەکەم ئاخیرزەمان.

٣- قۆناغی دووەم دوای فووی دووەم کە قیامەتە، ئەویش لە دوو خاڵدا:

أ- ناوەکانی قیامەت.

ب- ڕووداوەکانی قیامەت.

تەوەری پێنجەم: حەوت مەسەلەی گرنگی پەیوەست بە قیامەتەوە.

تەوەری شەشەم و کۆتایی: قۆناغی سێیەمی ڕۆژی دوایی، کە بەڕێکرانی هەر کام لە ئیماندارانی چاکەکارە بۆ بەهەشت و، بێبڕوایانی خراپەکارە بۆ دۆزەخ.

---

(١) ئەو کورتە باسە، ڕاستەوخۆ، بەڵام بە کورتکراوەیی و گوشراویی لە مەوسووعەی (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله) هێناومە، کە کاتی خۆی لە زیندانی ئەمریکایەکاندا نووسیومە، لە کتێبی هەشتەم (الكتاب الثامن): (الايمان بالله و اليوم الإخر والحث مختصر حول القدر) (الطبعة الثانية، دار الحكمة، لندن، ٢٠١٨ز).

تەوەری یەکەم: مانای بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی:

دەگونجێ لەو بارەوە زۆر شت بگوترێ، بەڵام پوختەو گوشراوەکەی ئەوەیە: بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی، بریتیە لە بەڕاست زانین و، قەناعەت هەبوون لە دڵەوەو، بەڕاست زانینی بە زار، بەوە کە ڕۆژێك دێ، ئەم ژیانە دنیاییەی ئێستامان تێیداین، کۆتایی پێ دێ و لاپەڕەی ژیانی دنیا دەپێچرێتەوە و، لاپەڕەی ژیانێکی دیکە کە ژیانی مەنزڵگای کۆتاییە دەکرێتەوە، کە مرۆڤ هەروەها جندیش لەوێدا بە سزا و، یان پاداشتی کردەوەکانی خۆی دەگات، ئنجا کردەوەکان ئەگەر خراپ بووبن سزا، ئەگەر چاك بووبن پاداشت، بەڵام دەبێ بەڕاست زانینێك و قەناعەت پێ هێنانێك بێ، خاوەنەکەی وا لێ بکات، کارلێك بکات لەگەڵ ئەو ڕۆژە مەزنەداو، ئەو ڕووداوانەی تێیدا ڕوودەدەن، بە شێوەیەك هەموو جموجۆڵێکی خۆی ئاگا لێ بێ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئیمان هەبوونە بە ڕۆژی دوایی و بە دیداری خوادا، جموجۆڵ و هەڵسوکەوتەکانی بکات، ئنجا جموجۆڵ و هەڵسوکەوت و کردەوەکانی چ ئەو بیرو خولیایانەی لە مێشکیدا دێن و دەچن، چ ئەو نیازو مەبەستانەی بە دڵیدا دێن، چ ئەو وشانەی بەسەر زمانیدا دێن، یاخود بە پەنجەی دەیاننووسێ، یاخود بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی نووسین، چ تێکڕای کردەوەو هەڵسوکەوتەکانی کە بە ئەندامەکانی و، وە جەستەی ئەنجامیان دەدات، هەروەها بڕواهێنانێك و بەڕاست زانینێك، کە مرۆڤ حیسابێکی زۆر ورد بکات بۆ هەموو کاتەکانی تەمەنی، بەڵکو هەموو تاوەکانی تەمەنی، کە تاکە دەستمایەینی لەم ژیانە دنیاییە کورتە، بەڵام زۆر گەورەو گرنگەدا.

هەڵبەتە وشەی ڕۆژ (یَوْم)، لە زمانی عەرەبییدا -وەك زۆرجار باسمان کردوە- واتە: ماوەیەك لە کات، ئنجا چ درێژ بێ و، چ کورت بێ، هەموو فەرهەنگەکانی زمان وا دەڵێن، (یَوْم) جاری وا هەیە لە بەرانبەریدا شەو هەیە، ئەو کاتە

(يَـوْم) بـە مانـای (**النَّهَـار**) دێ، شـەویش (**اللَّيْـل**)، جـاری واش هەیـە وشـەی (**يَـوْم**) بـۆ هـەردوو دیـوی شـەوو ڕۆژ بـەکاردێ، کـە دیـارە بـۆ ئێمـەی خەڵکـی سـەر زەوی شـەوو ڕۆژ ماوەکەیـان (٢٤) سـەعاتە، دوازدە بـە دوازدە بـە شـێوەی هاوکۆیـی دابەش دەبـن، کـورت و درێژیشـیان دەبـێ، بـەڵام لـە ئەسـڵی زمانـی عەرەبیـدا (**يَـوْم**) واتـە: ماوەیـەك لـە کات، هـەر بۆیـە لـە قورئانـدا خـوای پـەروەردگار ڕۆژی خـۆی بـە هـەزار سـاڵ (**ألـف سـنة**) دانـاوە وەک لـە سـوورەتی (**الحـج**)دا هاتـووە: ﴿ وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ ۚ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ ﴾، هەروەهـا لـە سـوورەتی (**السجدة**)شـدا: ﴿ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥٓ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٥﴾ ﴾، واتـە: ڕۆژێـك لـەلای پـەروەردگارت بـە ئەنـدازەی هـەزار ساڵە، لـەوەی ئێـوە دەیژمێـرن، هەروەهـا لـە سـوورەتی (**السجدة**)شـدا هـەر ئـەوە دووبـارە بۆتـەوە، بەڵکـو لـە سـوورەتی (**المعـارج**) لـە ئایەتـی ژمـارە (٤) خـوای زانـا و دانـا ڕۆژێکـی لای خـۆی، یـان ڕۆژێـك کـە فریشـتەکان و جیبریـل تێیـدا بەرزدەبنـەوە، بـە پەنجـا هـەزار سـاڵی وەك ئێمـەی دانـاوە: ﴿ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾ ﴾.

کەواتـە: (**يَـوْم**) واتـە: ماوەیـەك لـە کات، (**اليَـوْم الآخِـر**) ڕۆژی دوایـی، واتـە: ئـەو کاتـەی ئـەو ڕووداوانـەی تێدا دێتـە دی، کـە دابـەش دەبـێ بـۆ دوو قۆنـاغ: قۆناغـی ئاخیـر زەمـان (**السَّـاعة**) و، قۆناغـی هەڵسـانەوە و سـزاو پاداشـت و لێپرسانـەوە (**القِيَامـة**).

تەوەری دووەم: گرنگی و پێگەی بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی:

بڕواهێنـان بـە ڕۆژی دوایـی یەکجـار گرنگیـی و بایەخێکـی گـەورەی پێـدراوە، بەڵکـو لـە قورئانـدا هەمیشـە بڕواهێنـان بـە خـوا یەکـەم هاتـوە، دوای ئـەو بڕواهێنان بـە ڕۆژی دوایـی (**يُؤْمِنُـون بِاللـه وَاليَـوْم الأخِـر**)، (**أَمَـنَ بِاللـه وَاليَـوْم الأخِـر**)، ئەمـە لـە قورئانـدا زۆر دووبـارە بۆتـەوە، دەتوانیـن بڵێیـن: گرنگیـی و پێگـەی ڕۆژی دوایـی لـە چەنـد شـتێکدا بەرجەسـتە دەبـێ:

١- خوا ﷻ زۆر باسی ڕۆژی دوایی کردوە و، باسی ئەو ڕووداوانەی تێیدا ڕوودەدەن و، ئەو کارەساتانەی دەقەومن، وەك دوایی ئاماژەیان پێ دەکەین، هەر شتێکیش خوا ﷻ لە کتێبی خۆیدا زۆر باسی کرد بێ، مانای وایە بە ئەندازەی زۆر باسکرانی، پێگەو گرنگیی و بایەخی هەیە.

٢- هەمیشە خوا ﷻ ئیمان بە ڕۆژی دوایی لەگەڵ ئیمان بە خوادا پێکەوە باس دەکات، پێشتریش ئاماژەم پێدا، هەمیشە لە دوای بڕوا بە خوا هێنان، باسی بڕوا بە ڕۆژی دواییە، (**يُؤْمِنُون بِالله وَاليَوْم الأخِر**)، کە ئەمە لە قورئاندا زۆر دووبارە بۆتەوە.

٣- ڕۆژی دوایی ناوی زۆر بۆ بەکارهاتوون، زیاتر لە بیست (٢٠) ناو، وەك دوایی باسیان دەکەین، هەڵبەتە هەردوو قۆناغەکە (**السَّاعَة وَالقِيَامة**) ناوەکانیان زیاتریشن، بەڵام وشەی (**اليوم الأخِر**) بۆ هەردوو قۆناغەکە بەکاردێ، زیاتر لە بیست (٢٠) ناوی بۆ بەکارهاتوون.

٤- خوا ﷻ ئەوەندە باسی ڕۆژی دوایی کردوە، کە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ)، ژمارەیەك لەو سیفەت و ناوانەی خوا بۆ ئەو ڕۆژە بەکاریهێناون، کردوویانن بە ناوصنیشان بۆ هەندێك لە سوورەتەکان، وەك (**الزُّمَر، الجاثية، الواقعة، التغابن، الحاقة، القيامة، النبأ، التكوير، الإنفطار، الإنشقاق، الغاشية، الزلزلة، القارعة**)، هەڵبەتە گرنگیی و بایەخی بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی لە ژیانی مرۆڤدا، لە دوای بڕواهێنانە بە خوا و،

بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی لە هەموو پایەکانی دیکەی ئیمان، بەشەکانی دیکەی ئیمان کاریگەری زیاتر لە ژیانی مرۆڤدا، چونکە بڕواهێنان بە خوا، بناغەو سەرچاوەی ئیمانە، ئنجا ئەگەر بڕوا بە خوا هێنان سەرەتایەو دەستپێکە، بڕوا بە ڕۆژی دوایی هێنانیش مەصیرو سەرەنجامە، بگرە بڕوا بە ڕۆژی دوایی هێنانیش هەر بڕوا بە خوا هێنانە، خوا دەفەرموێ: ئێوەم بۆ تاقیکردنەوە لێرە داناوە، دواییش دەفەرموێ: ڕۆژێك دێ بە دیداری من دەگەنەوەو، لەگەڵ سزاو پاداشتی کردەوەکانی خۆتاندا ڕووبەڕوو دەبنەوە.

هەر بۆیەش خوا ﷻ لە قورئاندا زۆر گرنگیی داوە بە ڕۆژی دوایی و پەیوەست بوونی بە ژیانی مرۆڤەوە، بۆ وێنە: زۆر باسی ئەو ڕووداوە سامناکانەی کردوە، کە لە ڕۆژی دواییدا دەقەومن، بە جۆرێك کە موچڕکە بە پێستی مرۆڤدا دێنن، هەروەها خوا زۆر هۆشداریی داوە بە مرۆڤەکان کە زۆر ئاگایان لەو ڕۆژە بێ، خۆیانی بۆ ساز بکەن، دیسان خوا هۆشداریی داوە بە مرۆڤەکان، کە ئەو ڕۆژەیان لە بیر نەچێت و وێڵی نەکەن و نەخافڵێن، دیسان خوا ﷻ زۆر باسی سەرەنجامی مرۆڤەکانی کردوە لەو ڕۆژەدا، کە ئەگەر چاکەکار بن لە بەهەشتدا نیشتەجێ دەبن و، خراپەکار بن تووشی دۆزەخ دەبن، لە زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئاندا، خوای پەروەردگار ئەو ڕاستییانەی خستوونە ڕوو، بۆ وێنە:

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ وَٱلْمِيزَانَ ۗ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٌ ﴿١٧﴾ يَسْتَعْجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا ٱلْحَقُّ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِى ٱلسَّاعَةِ لَفِى ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ ﴿١٨﴾ ﴾ **الشورى**.

هەروەها لە سوورەتی **(الشورى)** ئایەتی (٤٧)دا: ﴿ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۚ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ ﴿٤٧﴾ ﴾.

هەروەها لە سوورەتی **(الدُخان)**دا ئایەتەکانی (٤٠ - ٤٢): ﴿ إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ مِيقَٰتُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٠﴾ يَوْمَ لَا يُغْنِى مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْـًٔا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ ٱللَّهُ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٢﴾ ﴾.

دیسان لە گەلێك لە سووڕەتەکانی دیکەدا، خوای موتەعال باسی ڕۆژی دوایی و گەورەیی و گرنگیی و کاریگەریی ڕۆژی دوایی کردوە.

تەوەری سێیەم: بەڵگەکانی بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی:

لە قورئاندا خوای باڵادەست و مەزن زۆر بەڵگەی هێناونەوە، کە ئێمە حەوتیانمان لێ گوڵبژێر کردوون و، بە کورتیی بەسەریاندا دەڕۆین:

١- خوا ﷻ ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، بە هەق و حیکمەت دروستیکردوون و، ئەمەش خوازیاری ئەوەیە ڕۆژی دوایی هەبێ، تاکو ئەو هەق و حیکمەتەی خوا ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانی بۆ دروست کردووە، کە بریتییە لەوەی ئەو مرۆڤەی تێیاندا کراوە بە جێنشینی خوا، بە سزاو پاداشتی خۆی بگات، خوا دەفەرمووێ: ﴿ مَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَمَّآ أُنذِرُوا۟ مُعْرِضُونَ ﴿٣﴾ ﴾**الأحقاف**، ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانمان بە حەق و بۆ کاتێکی دیاریکراو نەبێ نەهێناونە دی، ئەوانەش کە بێبڕوان لەوەی پێی ترسێنراون و وریاکراونەوە پشت هەڵکردوون.

لە گەلێك ئایەتی دیکەدا خوای میهرەبان ئەم ڕاستییەی بەیان کردوە، کە دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی بە حەق و بە حیکمەت، خوازیاری ئەوەیە دەبێ ڕۆژی دوایی هەبێ.

٢- هاتنە دی دادگەریی خوای بەرز و، نەبوونی زوڵم لە خوای پاکی بێ وێنەدا، خوازیاری ئەوەیە کە دەبێ ڕۆژی دوایی بێت، واتە: بەبێ هاتنی ڕۆژی دوایی دادگەریی خوا ناچەسپێ و، ئەو زوڵمەشی کە لە خوای دادگەردا نیەو، خوا هەمیشە داکۆکیی لەسەر ئەوە دەکات، کە خوا ستەم لە بەندەکانی ناکات، ئنجا بە هۆی هاتنە دی ڕۆژی دواییەوە، ئەو ستەمەش نایەتە بەرچاو، ئەگەرنا ئەگەر بێت و ڕۆژی دوایی نەبێ، ئەوانەی چاکەیان کردوە، نەك هەر لە دنیادا پاداشتی خۆیان وەرناگرنەوە، بەڵکو تووشی ئازارو سزاو ئەشکەنجەو

جەزرەبەش دێن، هەروەها ئەوانەش کە خراپەو ستەم و تاوانیان کردوە، نەك هەرکەس سزایان نادات، بەڵکو زۆرجار خەڵات و شاباشیش دەکرێن، ئەوەش زوڵمە، و لایەقی خوای کاربەجێ نیە، بۆیە دەبێ ڕۆژێك هەبێ دادگەری خوای تێدا بچەسپێ و، زوڵمیشی تێدا لابچێ، بۆیەش خوا ﷻ لە سوورەتی (ص)دا ئایەتی (٢٨)دا دەفەرموێ: ﴿ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾ ﴾، یان ئایا ئەوانەی بڕوایان هێناو کردەوە باشەکانیان ئەنجام دان، وەك تێکدەران لە زەوی دا تەماشا دەکەین، یان ئایا پارێزکاران وەك تاوانباران تەماشا دەکەین؟

هەروەها لە سوورەتی (القلم) دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّـٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٣٤﴾ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٥﴾ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾، واتە: بەدڵنیایی پارێزکاران لە لای پەروەردگاریان باخە پڕ نازو نیعمەتەکانیان هەن، ئایا بۆ خوا ملکەچان وەك تاوانباران تەماشا دەکەین، چیتانە چۆن بڕیار دەدەن؟

هەورەها لە سوورەتی (**الجاثية**) خوا دەفەرموێ: ﴿ أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٢١﴾ وَخَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ وَلِتُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾، واتە: یان ئایا ئەوانەی خراپەکانیان ئەنجام داون، پێیان وایە وەك ئەوانەیان دادەنێین، کە بڕوایان هێناوەو کردەوە باشەکانیان ئەنجام داون، ژیان و مردنیان وەك یەك دەبێ! ئەوە خراپترین شتە کە ئەوان بڕیار دەدەن، خوا ئاسمانەکان و زەوی بە حەق هێناونە دی، بۆ ئەوەش کە هەر کەسە بەپێی ئەوەی کردوویەتی سزاو پاداشت بدرێتەوە.

٣- هاتنە دی بەڵێنی خوای بەرز، خوازیاری ئەوەیە کە ڕۆژی دوایی بێ، خوا ﷻ فەرمانی بە ئێمەی مرۆڤ کردوە پابەند بین بە بەڵێنەکانمانەوە، کە گفتمان دا بیهێنینە دی، بۆ وێنە: ﴿ وَأَوْفُوا۟ بِٱلْعَهْدِ ۖ إِنَّ ٱلْعَهْدَ كَانَ مَسْـُٔولًا ﴿٣٤﴾ ﴾**الإسراء**، هەروەها لە سوورەتی (**النَّحل**): ﴿ وَأَوْفُوا۟ بِعَهْدِ ٱللَّهِ إِذَا عَـٰهَدتُّمْ وَلَا تَنقُضُوا۟ ٱلْأَيْمَـٰنَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا ﴿٩١﴾ ﴾.

ئنجا خوا ﷻ بێگومان هەموو سیفەتە بەرزو باشەکانی هەن و، دووره لە هەرچی کەم و کوڕیی و لەکەو هەڵەو پەڵەیە، یەکێك لە سیفەتە باشەکانیش بریتیە لە هێنانە دی بەڵێن و پەیمان، کە خوا فەرمانی بە بەندەکانی کردوە وابن، جا بۆ خۆی چۆن وا نابێ؟ وەك و خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ ﴿١١١﴾ ﴾التوبة، واتە: کێ لە خوا وەفادارترە بە بەڵێن و پەیمانی خۆی!

هەروەها لە سوورەتی (الزُّمَر)دا دەفەرموێ: ﴿ وَعْدَ ٱللَّهِ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ ٱلْمِيعَادَ ﴿٢٠﴾ ﴾، ئەوە بەڵێنی خوایە، خوا بەڵێنی خۆی دواناخات.

لە سوورەتی (الزُّمَر)یش دا هاتووە بەهەشتیەکان کە دەچنە بەهەشت دەڵێن: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَـٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾ ﴾، ستایش بۆ ئەو خوایەی بەڵێنەکەی خۆی لەگەڵدا ڕاست بردینە سەرو، سەرزەمینی بەهەشتی پێداین، لە هەر شوێنێك بمانەوێ نیشتەجێ دەبین، باشترین پاداشت پاداشتی ئەوانەیە کە کردەوەی چاکیان کردوون، کەواتە: ناگونجێ بەڵێنی خوا ڕاست دەرنەچێ و، خواش بەڵێنی داوە، مرۆڤەکان زیندوو بکاتەوەو، سزاو پاداشتیان هەبێ، بۆیە بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنەی خوا ﷻ بێتە دی، دەبێ ڕۆژی دوایی هەبێ.

٤- لە لەیەك جیاکردنەوەی ئەهلی هەق و ئەهلی باتیڵ، ئەوانەی هەقڕەو بوون، ئەوانەی کەچەوتڕەو بوون و، ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی تێیاندا کەوتوونە کێشەو مشتومڕەوەو، حاڵیی بوونی بێبڕوایان کە درۆیان دەکرد، کاتێک نکووڵییان دەکرد لە ڕۆژی دوایی، هەموو ئەوانە، خوازیاری هەبوونی ڕۆژی دوایین، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ ۙ لَا يَبْعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُ ۚ بَلَىٰ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٨﴾ لِيُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى يَخْتَلِفُونَ فِيهِ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَـٰذِبِينَ ﴿٣٩﴾ ﴾النَّحل، بێبڕوایەکان زۆر بە سەختیی و بە خەستیی

سوێندیان خوارد بە خوا، کە هەر کەسێ بمرێ خوا زیندووی ناکاتەوە، [خوا دەفەرموێ:] با بەڵێنە لەسەری و هەقەو چەسپاوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، تاکو ئەوەی تێیدا کەوتوونە ڕاجیایی بۆیان ڕوون بکاتەوە، بۆ ئەوەی بێبڕوایەکانیش بزانن کە درۆیان دەکرد، [کە دەیانگوت: سزاو پاداشت و لێپرسینەوە نیە].

لە سوورەتی (**الزُّمَر**)یشدا دەفەرموێ: ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ عَٰلِمَ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِى مَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٤٦﴾﴾، واتە: بڵێ ئەی خوایە پەیداکەری ئاسمانەکان و زەوی، زانای پەنهان و ئاشکرا، تۆ لە نێوان بەندەکانت دا دادوەریی دەکەی، لەوەدا کەتێیدا کەوتوونە ڕاجیایی و کێشەو مشت و مڕەوە.

هەروەها خوا ﷻ ئەو ڕۆژەی ناوناوە بە (**يَومُ الفَصل**) ڕۆژی لێك جیاکردنەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿إِنَّ يَوْمَ ٱلْفَصْلِ مِيقَٰتُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٠﴾﴾**الدُّخان**، واتە: ڕۆژی لێك هەڵاواردن، ژوانگەی هەموویان تێکڕایانە.

٥- تاقیکردنەوەی خوا بۆ مرۆڤ و بۆ جند، لەو ژیانە دنیاییەدا، خوازیاری هەبوونی ڕۆژی دواییە، تاکو بە سزاو پاداشتی پڕ بە پێستی کردەوەکانیان بگەنەوە، ئەوەش کە خوا ئێمەی لێرە داناوە بۆ تاقیکردنەوە ئەوە دیارە، وەك خوا لە سوورەتی (**الكهف**) و-٧- لە سوورەتی (**هود**)، هەم لە سوورەتی (**المُلك**) -٢- دا ئەو حەقیقەتەی بەیان کردوە.

بۆ وێنە لە سوورەتی (**المُلك**)دا دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٢﴾﴾، واتە: (خوا) ئەو زاتەیە مردن و ژیانی ڕەخساندوون، تاکو تاقیتان بکاتەوە، کامەتان کردەوەی باشترە.

ئنجا مادام ئێمە بۆ تاقیکردنەوە لێرە داندرابین، دەبێ شوێنێك هەبێ ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیەی تێدا وەربگرینەوە.

٦- عەوداڵیی و تینوێتی مرۆڤ لە قووڵایی زگماکیەوە، بۆ دیداری خوا ﷻ و بۆ ژیانێکی نەبڕاوەی هەمیشەیی، ئەو دووانەش هەردووکیان خوازیاری ئەوەن کە دەبێ ڕۆژی

دوایی هەبێت، واتە: مرۆڤ هەم لە دەروونیەوە تینوویە بۆ دیداری خوا ﷻ، ئەمە لە زگماك و خۆڕسكی دا چەسپێنراوە، هەم تینوویە بۆ ژیانێكی هەمیشەیی و نەبڕاوە، ئەمەشیان كە لە دنیادا دەستی ناكەوێ، دەبێ شوێنێكی دیكە هەبێ، كە ئەویش كە دیارە ڕۆژی دواییە، هەروەها مرۆڤ عەودالّ و تینوویە بۆ ئەوە موڵكێكی فراوانی هەبێ، ژیانێكی پڕ نازو نیعمەت و خۆشیی و، دوور لە گرفتی هەبێ، ئەوەشی لە دنیادا دەست ناكەوێ و لە ڕۆژی دواییدایە.

بـە نسـبەت ئـەوەوە كـە مـرۆڤ بـۆ دیـداری خـوای پـەروەردگار عەودالّـەو تینوویـە، خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ مَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ ٱللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ لَأٓتٍۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ۝٥ ﴾ **العنكبوت**، واتـە: هـەر كەسـێك بـە ئومێـدی دیـداری خوایـە، كاتێـك خـوا دیـاری كـردوە بـۆ دیـداری خـۆی دێ و، خـوا بیسـەری زانایـە.

هەروەهـا خـوای بـەرز دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱطْمَأَنُّواْ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنْ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ۝٧ أُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ۝٨ ﴾ **یونـس**، ئەوانـەی بـە ئومێـدی دیـداری ئێمـە نیـن و ژیانـی دنیایـان پەسـند كـردوەو دڵیـان پێـوە بەسـتراوەو پـێ ئـارام گرتـوو بـوە، ئەوانـە لـە نیشـانەكانی ئێمـە بـێ ئـاگان، ئەوانـە جێگـەو ڕێگەیـان ئاگـر(ی دۆزەخ)ە نەهـۆی ئـەوەوە كـە دەیانكـرد.

بـە نسـبەت ئـەوەوەش كـە مـرۆڤ پێـی خۆشـە بـە دیـداری خـوای بـەرز و مـەزن بـگات، بـە دیـدار گەیشـتنی خـواش بریتیـە لـە دیتنـی خـوای بـەرزی مـەزن، بـەو شـێوەیەی بـۆ خـوا شایسـتەیە، هـەر بۆیـەش مووسـا ﷺ كاتێـك گفتوگـۆ لەگـەڵ خـوای تـاک و پاكـدا دەكات، داوا دەكات ببینـێ، بـەڵام خـوا پێـی دەفەرمـوێ: (**لَـنْ تَـرَانِي**)، واتـە: لـەم ژیانـە دنیاییـەدا بـە پێكهاتـە جەسـتەییە خاكییـەوە ناتوانـی ببینـی، بـەڵام بێگومـان ئـەو ئاواتـەی مووسـا ﷺ و هەمـوو بەنـدە بـۆ خـوا صوڵحـاوەكان لـە بەهەشـتدا دێتـە دی، هـەر بۆیـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ۝٢٢ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ۝٢٣ ﴾ **القیامـة**، لـەو ڕۆژەدا ڕووانێـك هـەن، گـەش و درەوشـاوەن، بـۆ

پەروەردگاریـان دەڕوانـن، ئـەوە بـە نسـبەت ئیماندارانـەوە لـە بەهەشـتدا، بـەڵام بـە نسـبەت بێبڕوایانـەوە دەفەرمـوێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمۡ عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ١٥ ثُمَّ إِنَّهُمۡ لَصَالُواْ ٱلۡجَحِيمِ ١٦ ﴾المطففين، بـا واز بێنـن ئـەوان لـەو ڕۆژەدا پەردەپـۆش دەکرێـن لـە پەروەردگاریـان، بێبـەش دەکرێـن لـە دیـداری پەروەردگاریـان، ئنجـا ئـەوان دەخرێنـە نێـو دۆزەخـەوە، واتـە: بێبـەش کرانیـان لـە دیـداری پـەروەردگار ئازارەکـەی زیاتـرە، لـە خرانـە نێـو دۆزەخـەوە.

ئـەوەس کـە مـرۆڤ حـەز لـە ژیانـی هەتـا هەتایـی دەکات، دیسـان زۆر ئاشـکرایە هـەر کەسـێك لـە خـۆی ورد بێتـەوە، ئیبلیـس هـەر لـەو ڕێیـەوە زەفـەری بـە ئـادەم و حـەووا بـرد، کـە پێیگوتـن: ﴿ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا مِنَ ٱلۡخَٰلِدِينَ ٢٠ ﴾الأعـراف، پەروەردگارتـان لێـی قەدەغـە نەکـردوون، لـەم درەختـە بخـۆن، مەگـەر نەبـادا ببنـە دوو فریشـتە، یاخـود ببنـە هـەر مـاو، واتـە: ژیانـی هەمیشـەییتان دەسـت بکـەوێ، کـە ڕێـك ئـەوەی ئیبلیـس پێـی گوتـن بـە پێچەوانـەوە بـوو و، ئەگـەر لێیـان نەخواردبایـە وەك فریشـتە دەژیـان و، ژیانـی هەمیشـەییان دەبـوو، خـوا ﷻ ئەمـەش لـە دنیـادا دەسـت ناکـەوێ و دنیـا شـوێنی تاقیکردنەوەیـە، بـەڵام لـە بەهەشـت دا خـوا دەفەرمـوێ: (خَالِدِيْنَ فِيْهَا أَبَداً)، دەفەرمـوێ: ﴿ وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ وَأَنتُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٧١ ﴾الزخـرف، ئـەوەش تەنیـا لـەوێ دەسـت دەکـەوێ و، مسـۆگەر ئەوانـەش هەموویـان خوازیـاری ئـەوەن دەبـێ، ڕۆژی دوایـی هەبـێ.

٧- کەواتە بەڵگە لەسەر هەبوونی ڕۆژی دوایی، ئەو هەموو هاندەرو خوازیارو پاڵنەرانەن، ئنجا هیچ پەرچێکیش نیە لەبەردەم هاتنی ڕۆژی دواییدا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ سَأَلَ سَآئِلُۢ بِعَذَابٖ وَاقِعٖ ١ لِّلۡكَٰفِرِينَ لَيۡسَ لَهُۥ دَافِعٞ ٢ مِّنَ ٱللَّهِ ذِي ٱلۡمَعَارِجِ ٣ ﴾المعارج، داواکەرێك داوای ئازارێکی داکەوتووی کرد، بۆ بێبڕوایەکان بەرپەرچدەرەوەیەکی نیە، (هیچ ڕێگرێکی لەبەردەمدا نیە)، لەلایەن خوای خاوەن پایە بەرزەکانەوەیە، هەروەها لە سووڕەتی (الطور)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَٰقِعٞ ٧ مَّا لَهُۥ مِن دَافِعٖ ٨ ﴾،

بە دڵنیایی ئازارو سزای پەروەردگارت داکەوتوتوە دێ، هیچ بەرپەرچ دەرەوەیەکی نیە، هەروەها فەرموویەتی: ﴿إِذَا وَقَعَتِ ٱلْوَاقِعَةُ ۝١ لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ ۝٢﴾ **الواقعة**، هەر کاتێك ڕووداوەکە ڕوویدا، هیچ کەسێك نابێ لەو کاتەدا بڕوا بە ڕوودانەکەی نەکات، یاخود بە درۆی دابنێ، یاخود درۆ بکات ك بڵێ ڕوونادات.

تەوەری چوارەم: قۆناغەکانی ڕۆژی دوایی و پێشەکییەکەی:

هەڵبەتـە ئێمـە وەك پێشـتر ئامـاژەم پێـدا، مـردن و قۆناغـی بـەرزەخ وەك و پێشـەکیی ڕۆژی دوایـی وایـە، ئنجـا قۆناغەکانـی دیکەشـی سـێ قۆناغـن:

١- قۆناغی یەکەم لە دوای فووی یەکەم دێتە دی، کە ئاخیر زەمان ڕوو دەدات.

٢- قۆناغی دووەم لە دوای فووی دووەم دێتە دی، کە قیامەت و هەڵسانەوە ڕوو دەدات.

٣- قۆناغی سێیەمیش دوای سزاو پاداشت و لێپرسرانەوە ڕوو دەدات، کە بریتیە لە نیشتەجێ بوونی بڕواداران لە بەهەشتداو، بێبڕوایان و خراپەکاران لە دۆزەخ دا.

کەواتـە: ئێمـە ئـەم تـەوەرەی چوارەمـە، لـە سـێ برگـەدا بـە گشـتیی پێشـکەش دەکەیـن:

یەکەم: پێشەکی ڕۆژی دوایی:

پێشـەکی ڕۆژی دوایـی سـەرەتا بریتیـە لـە مـردن، (**مَنْ مَـاتَ فَقَـدْ قَامـت قِيَامَتُـه**)، واتـە: کەسـێك مـرد قیامەتـی ئـەو هاتـوە، پاشـان بریتیـە لـە ژیانـی بـەرزەخ، دوای مـردن قۆناغـی بـەرزەخ دەسـت پێـدەکات، خـوای پـەروەردگار ئـەو دووەی، واتـە: هـەم مـردن، هـەم قۆناغـی بەرزەخـی لـە سـوورەتی (**المؤمنـون**)دا بەیـان کـردوون دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ۝٩٩ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّآ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ۝١٠٠﴾، هەتـا کاتـێ یەکێکیـان مردنـی بـۆ هـات، گوتـی: پـەروەردگارم بمگێڕنـەوە، بەڵکـو کـردەوەی بـاش

بکەم، لەوەدا کە بەجێمهێشتوە، واتە: لەو ژیانە دنیاییەدا کە بەجێمهێشتوە، بمگێڕنەوە بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی باش بم، بەڵام وەڵامی دەدرێتەوە (كَلَّا) وازبێنە لەو قسەیە، لەو داواکارییە، ئەوە قسەیەکە خۆی بێژەریەتی، واتە: کەس گوێی لێ ناگرێ، قسەیەکی بەلاشە دەیکات ص، لە پشتیانەوە پەردەیەك هەیە، تاکو ئەو ڕۆژەی تێیدا زیندوو دەکرێنەوە.

ئێمە لە سوورەتی (**المؤمنون**)دا کورتە باسێکمان لە بارەی بەرزەخ و ژیانی بەرزەخەوە کردوە، وشەی بەرزەخ (**الحائل والحاجز بين شيئين**)، بریتیە لە نێوان و پەردەیەك لە نێوان دوو شتاندا، ژیانی بەرزەخیش بۆیە پێی گوتراوە: بەرزەخ، چونکە دەکەوێتە نێوان ژیانی دنیاو ژیانی ڕۆژی دواییەوە بەڵگەش لەسەر ئەوە کە مردن و ژیانی بەرزەخ، پێشەکی و ڕێخۆشکەرە بۆ ڕۆژی دوایی، ئەوەیە کە خوا ﷻ یەکسەر لە دوای مردن و ژیانی بەرزەخ، باسی ڕۆژی دوایی دەکات، بۆ وێنە:

هەر لەو ئایەتانەی سوورەتی (**المؤمنون**)دا، کە دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ فَإِذَا نُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ ﴾، یەکسەر باسی فووی تێکرانی کەرەنا دەکات، کە دووجاران فوو بە کەرەنادا دەکرێ، جارێکیان ئاخیر زەمان، واتە: تێکچوونی گەردوون بەدواییدا دێ، جاری دووەمیش قیامەت و هەڵسانەوەو زیندوو کرانەوە، دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ ﴾**المؤمنون**، هەرکاتێك فوو بە کەرەنادا کرا، لەو ڕۆژەدا نە ڕەچەڵەکیان لە نێواندا هەیە، نە کەس لە کەس دەپرسێ، کەس داواکاریی لە کەس ناکات، چونکە دەڵێ سوودی نیە، ﴿ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٢﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فِى جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴿١٠٣﴾ ﴾**المؤمنون**،

ئنجا هەر كەس كردەوەكانی قورس بن، یان كێشراوەكانی تای تەرازووەكانی قورس بن، ئەوانە سەرفرازن و، هەر كەسێك كێشراوەكانی یان تای تەرازووەكانی سووك بن، ئەوانە كەسانێكن خۆیان لە دەستداوەو لە دۆزەخدا دەمێننەوە.

دووەم: قۆناغی یەكەمی ڕۆژی دوایی:

فووی یەكەم بە كەڕەناداو، پێچرانەوەی لاپەڕەی ژیانی دنیا، ڕۆژی دوایی بە گشتیی دەبێتە ئەو دوو قۆناغە: (**السَّاعَة**) و (**القِيَامة**)، (**السَّاعة**) واتە: ئاخیر زەمان، كۆتایی پێكهاتنی ئەم گەردوون و ژیانە دنیاییە، ئەمە لە دوای فووی یەكەم دێتە دی، قۆناغی دووەم واتە: هەڵسانەوەو زیندووكرانەوەو لێپرسرانەوە (**القيامة**) دوای فووی دووەم دێتە دی، خوا ﷻ لە سوورەتی (**الزُّمَر**)دا زۆر بە ڕوونیی باسی ئەو دوو فووە دەكات: ﴿وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾﴾، واتە: فوو بە كەڕەنادا كرا هەر كەس لە ئاسمانەكان و هەر كەس لە زەویدا هەیە، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ ئەگەرنا هەموویان مردن، ئەمەی یەكەمیان ئاخیر زەمانە (**الساعة**)، دوایی فوویەكی دیكەی پێداكرا، واتە: بە كەڕەنادا، ئەمە فووی دووەمە: ﴿فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ﴾، یەكسەر هەموویان هەڵسابوونە پێ دەیانڕوانی، كەواتە: ئەوە قیامەتە هەڵسانەوە، لە سوورەتی (**النَّازعات**)یشدا دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تَرْجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ ﴿٦﴾ تَتْبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴿٧﴾﴾، ئەو ڕۆژەی ئەو لەرزینەوە تایبەتە دەقەومێ، واتە: ئەم زەوییە دەلەرزێتەوەو هەرچی مەخلوقاتی لەسەری دەژی دەفەوتێ، وەك دەفەرموێ: ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ﴿٢٦﴾ وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ﴿٢٧﴾﴾**الرحمن**، ئنجا فووی دووەم: ﴿تَتْبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴿٧﴾﴾**النَّازعات**، شوێنكەوتووشی بەدوادا دێ، كە مەبەست پێی فووی دووەمە.

ئنجا قۆناغی یەكەمی ڕۆژی دوایی، خوا ﷻ ناوی زۆری بۆ بەكارهێناون، كە من سێزدەم كەوتوونە بەرچاو:

١- الواقعة.

٢- الخافضة الرافعة.

٣- القارعة.

٤- الحاقة.

٥- الطامة الكبرى.

٦- الصاخة.

٧- الزلزلة.

٨- يوم الأزفة.

٩- الساعة.

١٠- النبأ العظيم.

١١- الوعد الحق.

١٢- يوم الوعيد.

١٣- الفزع الأكبر.

هەموو ئەوانە لە ئایەتەکانی قورئاندا هاتوون.

شتێکی دیکە کە پێویستە باسی بکەین، بریتییە لە ئەو ڕووداوانەی لە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دواییدا ڕوو دەدەن و، ڕووداوی زۆر گەورەی تێدا ڕوو دەدەن، کە دەتوانین لە حەڤدە خاڵدا سەر ژمێریان بکەین بەخێرایی:

١- فوو کردن بە کەڕەنادا، بۆ جاری یەکەم کە پێشتر باسمان کرد.

٢- شەق و پەق بوونی ئاسمان و لێکبوونەوەی و، ڕاوەستانی فریشتەکان لەلا تەنیشتەکانی، وەك لە سوورەتی (**الحاقة**)دا هاتوە.

٣- پێچرانەوەی ئاسمان وەك چۆن تۆمارێك کە شتی تێدا نووسراوە دەپێچرێتەوە، وەک لە سوورەتی (**الأنبياء**)دا هاتوە.

٤- پچڕانی ڕست و دەزووی نێوان ئەستێرەکان و خڕۆکەکان، نەمانی شەوق و تیشکیان، کە لە سوورەتی (**التكوير والإنفطار**)دا هاتوە.

٥- کوژانەوەی خۆرو نەمانی تیشکەکەی و، پێچرانەوەی وەك چۆن مێزەرێك دەپێچرێتەوە، وەك لە سوورەتی (**التكوير**)دا هاتوە.

٦- خەفە بوونی مانگ و پەلکێشکرانی بەرەو خۆر، کۆبوونەوەی لەگەڵ خۆردا، وەك لە سوورەتی (**القيامة**)دا هاتوە.

٧- لەرزینەوە زەوی بە شێوەیەك کە زۆر سەرسووڕهێنەرەو، دەرهاویشترانی هەرچی تێیدایە، وەك لە سوورەتی (**الزلزال**)دا هاتوە.

٨- بەرزکرانەوەی ئاسمان و زەوی و چیایەکان و پێکدادانیان، وردو خاش بوونیان، وەك لە سوورەتی (**الحاقة**)دا هاتوە.

٩- پان ڕاخرانی زەوی و هەڵخرانی چیایەکان و، تەخت بوونیان لەگەڵ زەوی و بوونە تۆزو غوباریان، وەك لە سوورەتەکانی (**الإنشقاق و التكوير و الوقعة** ...)دا هاتوە.

١٠- تەقینەوەی دەریایەکان و گڕگرتنیان، وەك لە سوورەتی (**الإنفطار**)دا هاتوە.

١١- مردنی هەر کەسێك کە لە ئاسمان و زەویدا هەیە، جگە لەوەی خوا هەڵیواردوون، وەك لە سوورەتی (**الزمر**) ئایەتی (٦٨)دا هاتوە.

١٢- کۆبوونەوەی ژیاندارانی کێوی هەموویان پێکەوە، دیارە لە سام و دەهشەتی ئەو ڕۆژە، وەك لە سوورەتی (**التكوير**)دا هاتوە.

١٣- وێڵکردنی خەڵك بۆ بەنرخترین جۆری ماڵ و سامانیان، وەك لە سوورەتی (**التكوير**) دا هاتوە.

١٤- دانانی هەر مێینەیەك بۆ حەملەکەی وەك مرۆڤ و جند و ئاژەڵ، وەك لە سوورەتی (**الحج**)دا هاتوەو، لە سوورەتی (**المزمل**)یشدا ئاماژەی پێکراوە.

١٥- بڵاوبوونەوەی خەڵك وەك پەپوولەی پەرش و بڵاو، وەك لە سوورەتی (**القارعة**)دا هاتوە.

١٦- چاو ئەبڵەق بوونی بێبڕوایان و دانهێنانیان بە هەڵەو کەم و کوڕیی خۆیاندا، کە ئاگایان لەو ڕۆژە نەبوو، وەك لە ئایەتی ژمارە: (٩٧) سوورەتی (**الأنبياء**) و ئایەتی ژمارە: (٧) لە سوورەتی (**القيامة**)دا هاتوە.

١٧- هەڵگیرانی عەرش و بارەگای خوا لەو ڕۆژەدا، لەلایەنی هەشت لە فریشتەکان یان هەشت لە جۆرە فریشتەکانەوە، وەك لە سوورەتی (**الحاقة**)دا هاتوە.

دەتوانین بڵێین: ئەمانە ڕووداوە سەرەکییەکانی قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایین، کە بریتیە لە قۆناغی ئاخیر زەمان.

سێیەم: قۆناغی دووەمی ڕۆژی دوایی:

بریتیە لە فوو پێداکردنی دووەم بە کەڕەنادا، هەڵسێنرانەوەو بڵاوکرانەوەو کۆکرانەوەو لێپرسرانەوە، لە مرۆڤ و، پێشتر ئاماژەمان پێدا کە خوا ﷻ لە سوورەتی (**الزمر**) ئایەتی (٦٨)دا، باسی هەردوو قۆناغەکە دەکات و دەفەرموێ: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾﴾......ئنجا بۆ جارێکی دیکە فووی پێداکرا، یەکسەر هەموویان هەڵسابوون، تەماشایان دەکرد، لە سوورەتی (**القيامة**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴿١﴾﴾، نەخێر وانیە سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت، واتە: ڕۆژی هەڵساندنەوە، ڕۆژی سزاو پاداشت چەسپێنران بەسەر مرۆڤ و جند دا، خوای پەروەردگار زۆر باسی ئەو قۆناغەی دووەمی ڕۆژی دوایی کردوە، کە بریتیە لە قیامەت و سزاو پاداشت، سەپێنران سزا بەسەر تاوانباران و خراپەکاراندا، درانەوەی پاداشت بە چاکەکاران، ئەو ناوانەش کە خوا ﷻ لە قورئان دا بەکاریهێناون، بۆ ئەو قۆناغەی دووەمی ڕۆژی دوایی، واتە: قۆناغی قیامەت، بیست و چوار (٢٤) ناوم لێ هەڵبژاردوون، کە ئەمانەن:

١- يوم القيامة.

٢- يوم عظيم.

٣- يوم يقوم الناس لرب العالمين.

٤- الساعة.

٥- يوم البعث.

٦- يوم التلاق.

٧- يوم تبلى السرائر.

٨- الغاشية.

٩- يوم التناد.

١٠- يوم الجمع.

١١- يوم التغابن.

١٢- يوم النشور.

١٣- يوم الوعيد.

١٤- يوم الخلود.

١٥- الوعد الحق.

١٦- يوم الخروج.

١٧- يوم الحشر.

١٨- يوم الدين.

١٩- يوم الفصل.

٢٠- يوم الكبير.

٢١- يوم الفتح.

٢٢- الفزع الأكبر.

٢٣- يوم الحساب.

٢٤- يوم الحسرة.

هەندێك لـە ناوەكانیـش، خـوا ﷻ بـۆ هـەردوو قۆناغەكـە بەكاریهێنـاون، ئەمـە چونکـە وەسـفەکە هـەردووک قۆناغەكـە دەگرێتـەوە.

ئـەو ڕووداوانـەی لـە قۆناغـی دووەمـی ڕۆژی دواییـدا ڕوو دەدەن، واتـە: قۆناغـی قیامـەت و هەڵسـێنرانەوەو سـزاو پاداشـت، دەتوانیـن لـە پـازدە خاڵـدا بیانخەینـە ڕوو، کـە هـەروەك و سـەرژمێر سـەرژمێریان دەکـەم و بەسـەریاندا دەڕۆم:

١- فوو کردن کەڕەنادا بۆ جاری دووەم لە لایەن ئیسرافیلەوە، وەك و لە ئایەتی (٦٨) ی (**الزمر**)دا هاتوە: ﴿ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾، هەروەها لە ئایەتی (٤٩) لە سوورەتی (**يس**) و، ئایەتی (١٩) لە سوورەتی (**الصافات**) و، ئایەتی (١٣) لە سوورەتی (**النازعات**)،یش دا هاتوە ئەم فووی دووەمە لە هەر کام لە سوورەتەکانی: (**الصافات و النازعات**)دا (**زَجرةٌ واحدة**) هاتوە، یەك تێخوڕین و، لە سوورەتی (**يس**) دا بە (**صيحةٌ واحدة**) ئەک هاڕژن هاتوە و، هەر کامیان ناون بۆ ئەو دەنگ و هاڕژنە بێڕەزایەی، بەهۆی فووپێداکردنی کەڕەنادا لەلایەن ئیسرافیلەوە دێتە دی.

٢- گۆڕانی ئاسمانەکان و زەوی و دووبارە دروست بوونەوەیان بە شێوەیەکی دیکە، وەکو لە سوورەتی (**إبراهيم**)دا ئاماژەی پێکراوە: ﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَاوَاتُ وَبَرَزُوا لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ ﴾، کە کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (**إبراهيم**) بە تەفصیلّ قسەمان لێکردوە.

٣- زیندوو کردنەوەی خوا بۆ جندو مرۆڤ تێکڕایان و هەڵسێنرانەوەیان، سەرسووڕمانی بێبڕوایانێك کە ئەگەریان دانەنابوو ڕۆژی دوایی بێ، وەك لە ئایەتەکانی: (١٩- ٢٢) لە سوورەتی (**الصافات**) و ئایەتی (٦٩) لە سوورەتی (**الزمر**)دا، وە جگە لە ئەوانیش دا هاتوە.

٤- هاتنەدەر لە گۆڕەکان و بە خێرایی کۆبوونەوە لە شوێنی دیاریکراو دا، بۆ خڕکردنەوەی خەڵك و لێپرسرانەوەیان و، ئامادەبوونی هەر کامێکیان لە کورتترین ماوەدا، وەك لە ئایەتەکانی: (٤١ - ٤٤) لە سوورەتی (ق)و، ئایەتی (٤٣) لە سوورەتی (**المعارج**)دا هاتوە.

٥- سوێند خواردنی بێبڕوا تاوانبارەکان کە لە دنیادا تەنیا سەعاتێك ماونەوە، ماوەیەکی کەم و،، ڕاستکردنەوەی ئەوانەی زانیاریی و ئیمانیان هەیە، بۆیان کە ئەو بۆچوونەتان هەڵەیە،

بەڵكو مانەوەتان لە دنیاداو لە قۆناغی بەرزەخ دا، هەتا پێش قیامەت بووە **(إلى يَوْم البَعث)** وەك لە ئایەتەكانی (٥٥ و ٥٦) سوورەتی **(الروم)**دا هاتوە.

٦- دەركەوتنی نهێنییەكان و شتە پەنهانەكان هەموویان و ڕوونبوونەوەی ڕاستییەكان بۆ خەڵك، وەك و خۆیان كە هەن، واتە: بۆ مرۆڤ و بۆ جند، وەك لە ئایەتی (٩) لە سوورەتی **(الطارق)** و ئایەتی (١٦) لە سوورەتی **(غافر)** و، ئایەتی (١٨) لە سوورەتی **(الحاقة)**دا هاتوە.

٧- ڕۆشن بوونەوەی سەر زەمینی لێپرسرانەوەو تێدا كۆكرانەوەی خەڵك، بە ڕووناكی خوا كە هیچ شتێك وەك خوا **(تبارك وتعالى)** نییە، وەك و لە ئایەتی (٦٩)ی **(الزمر)**دا هاتوە، ﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْىٓءَ بِٱلنَّبِيِّۦنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾.

٨- دانرانی تۆماری كردەوەكانی مرۆڤ و جند، هێنرانی پێغەمبەران و شەهیدان، یاخود شایەدەكان بۆ شایەدییدان، وەك و لە ئایەتی (٦٩)ی سوورەتی **(الزمر)** و، ئایەتی (٤٩) ی سوورەتی **(الكهف)**دا هاتوە.

٩- لێپرسرانەوەی مرۆڤ و جند تێكڕایان، هەروەها ئەو پێغەمبەرانەی بۆیان ڕەوانە كراون، كە لە ئایەتەكانی: (٦ و ٧)ی سوورەتی **(الأعراف)**دا هاتوە.

١٠- كێشرانی كردەوەی مرۆڤەكان بە تەرازووە دادگەرەكانی خوا، كە تەنانەت دەنكە خەرتەلەش حیساب دەكات، بەڵكو هەر شتێك بە ئەندازەی گەردێك قورس بووبێ لە چاك و خراپ، حیسابی دەكات، وەك لە ئایەتی (٤٧)ی سوورەتی **(الأنبياء)**و، ئایەتەكانی: (٦ - ٨)ی سوورەتی **(الزلزلة)**دا هاتوە.

١١- دیارییكردنی سەرەنجامی بەندەكان، ئەرێنیی بێ یان نەرێنیی، بەپێی قورسایی، یاخود سووكیی تەرازووەكانیان، وەك و لە دوو ئایەتی (٨ و ٩) سوورەتی **(الأعراف)** و ،ئایەتەكانی: (٦ - ٩)ی سوورەتی **(القارعة)**دا هاتوە.

١٢- دادوەریی کردن و حوکمدان بەسەر بەندەکاندا بەشێوەیەکی دادگەرانە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە، بە پێی کردەوە تۆمارکراوەکانیان و شایەدیی لەسەر درانیان، وەك لە ئایەتی (١٧)ی سوورەتی (**غافر**) و، ئایەتی (٥٤)ی (**يس**) و، ئایەتی (٤٧)ی (**الأنبياء**) و ئایەتی (٦٩)ی سوورەتی (**الزمر**) دا هاتوە.

١٣- دابەشکرانی نامەی کردەوەکان و تۆمارەکان، کە کردەوەکانیان تێدا تۆمارکراون، بۆ هەر کەسەو تۆمارو نووسراوێکی تایبەت بەخۆی، وەك و لە ئایەتی (١٠)ی سوورەتی (**التكوير**)و دوو ئایەتی (١٤و١٣)ی سوورەتی (**الإسراء**)دا هاتوە.

١٤- پێدرانی ئەهلی ئیمان، بە دەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکانیان و، وێدرانی تاوانباران و بێبڕوایان نامەی کردەوەکانیان بە دەستی چەپیان، یاخود لەلای پشتەوەیان ڕا، وەك لە ئایەتەکانی: (١٩ - ٢٥) لە سوورەتی (**الحاقة**)داو، ئایەتەکانی: (٦ - ١٥) لە سوورەتی (**الإنشقاق**)دا هاتوە.

١٥- ڕۆشنبوونی ڕووی بڕواداارانی سەرکەوتوو و، پێکەنینیان و دڵخۆش بوونیان و گەڕانەوەیان بۆ لای کەس وکاریان، کە چاوەڕێیان دەکەن بە دڵخۆشییەوە، بە پێچەوانەوەش، ڕەش و تڵخ هەڵگەڕانی ڕووی بێبڕوایانی زیانبارو، باری تەمی خەم لێ نیشتن لەسەر دەم و چاویان، بەهۆی زانینیان کە چ سەرەنجامێکی دژوارو سەختیان هەیەو، چۆن ژیانی دنیایان بە شێوەیەك گوزەراندوە، کە ئێستا جگە لە پەشێمانیی و بەدبەختیی هیچی دیکە نەچنەوە.

تەوەری پێنجەم: حەوت مەسەلەی گرنگی پەیوەست بە قیامەتەوە:

١- تاوانباران لەو ڕۆژەدا زۆر ترس و دڵەڕاوکێیان تووش دەبێ، کاتێك لیست و نامەی کردەوەکان و تەرازووەکان دادەنرێن، زۆر سەریان سووڕ دەمێنێ کە چۆن تەرازووی دادگەری خوا، تەنانەت شتی وردیش دەخوێنێتەوە، وەك لە سوورەتی (**الكهف**) ئایەتی (٤٩)دا دەفەرموێ: ﴿ وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ فَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَٰوَيْلَتَنَا

مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ۚ وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴿٤٩﴾ ﴾.

واتــە: کتێــب دانــدرا، (لیســتی کــردەوان دانــدرا)، تاوانبــاران دەبینــی زۆر تــرس و لەرزیـان هەیـە لـەوەی تێیدایـە، دەڵێـن: ئـەی هـاوار بـۆ ئێمـە ئەو نـووسراوە چییـە، هیچ گچکەیـەك و گەورەیـەك بەجـێ ناهێڵـێ مەگـەر سـەر ژمێری کـردووەو، ئـەوەی کردبوویان بـە ئامادەکراویـی و بـە ئامادەیـی بینیـان و پەروەردگاریشـت سـتەم لـە کـەس نـاکات.

پێشـتریش باسـمان کـردوە، کـە مەسـەلەی ئامادەکرانـی کـردەوەکان لەلایـان، ئێسـتا دوای ئـەوەی زانیاریـی تەکنۆلۆجیـا بـەرەو پێشـچووە، زیاتـر لێـی تێدەگەیـن، لـە چەمك و واتـای ئـەوە کـە هـەر خـودی کردەوەکـە بـە دەنـگ و وێنـەوە ئامـادە دەکـرێ، کـە هـەم لێـرە ئامـاژەی پـێ دەکات و، هـەم لـە سـوورەتی (**الجاثیـة**)دا: ﴿ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾، هەروەهـا لـە سـوورەتی (**الزلزلـة**)دا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لِّيُرَوْا۟ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٦﴾ ﴾، تاکـو کردەوەکانیـان پێشـان بدرێـن، خـودی کـردەوەکان.

٢- بەرجەستە بوونی کردەوەکان و ئامادەکرانیان، کە پێشتریش ئاماژەمان پێدا ژمارەیەك لە ئایەتەکانی قورئان ئەمە دەگەیەنن، أ- ئەم ئایەتەی سوورەتی (**الکهف**): ﴿ وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا ﴿٤٩﴾ ﴾، ئەوەی کە کردبوویان بە ئامادەکراوی بینیان. ب- بە ئامادەیی بینییان، لە سوورەتی (**الجاثیة**) دەفەرموێ: ﴿ هَٰذَا كِتَٰبُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾، ئەمە نووسراوەکەی ئێمەیە بە هەق و ڕاستیی قسەتان لەسەر دەکات، ئێمە ئەوەی دەتانکرد نوسخەمان لەبەر دەگرتەوە، کۆپیمان دەکرد. ج- هەروەها لە سوورەتی (**الزلزلة**)شدا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٦﴾ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾، لەو ڕۆژەدا خەڵك دەردەچن بەپرژو بڵاویی تاکو کردەوەکانیان پێشان بدرێن، هەر کەسێك بە قورسایی گەردیلەیەك چاکەی کردبێ، دەیبینێتەوە، (خودی کردەوەکە دەبینێتەوە) و، هەر کەسێك بە قورسایی گەردیلەیەك خراپەی کرد بێ، خودی کردەوەکە دەبینێتەوە.

٣- لێپرسینەوەی خوا ﷻ بۆ بەندەکانی زۆر خێرایە، زۆرێک لە ئایەتەکان ئەو ڕاستیەیان ڕوونکردۆتەوە، بۆ وێنە: أ- لە سوورەتی (**الأنعام**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّۚ أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ ﴿٦٢﴾ ﴾، واتە: دوایی گێڕدرانەوە بۆ لای خوا، سەرپەرشتیاری هەقیان، ئاگادار بن حوکم و بڕیار هەر هی ئەوە و، ئەویش لە هەموو لێپرسەرەوان خێراترە، ب- هەروەها لە سوورەتی (**غافر**)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡۚ لَا ظُلۡمَ ٱلۡيَوۡمَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: ئەمڕۆ هەر کەسە بەپێی ئەوەی کردوویەتی سزاو پاداشت دەدرێتەوە، ئەمڕۆ ستەم نیە، بە دڵنیایی خوا زۆر لێپرسینەوەی خێرایە.

کەمتر بینیومە لە تەفسیرەکاندا باسی حیکمەتی ئەوە کرابێ، بۆچی خوا هێندە باسی خێرایی لێپرسینەوەی خۆی دەکات، بەڵام ئێمە ئێستا ڕەنگە باشتر دەرکی ئەو حیکمەتە بکەین، کە ژمارەی بەشەر هێندە زۆر بووە، ئێستا[1] نزیکەی هەشت ملیار مرۆڤ لەسەر زەویە، هەر خوا دەزانێ چەند ملیار بەشەر بەڕێکراون، چەند ملیاری دیکەش دێن، تا خوا ژیانی دنیای مرۆڤ دەپێچێتەوە، ئەو هەموو ملیار ملیارانە، بێگومان ئەگەر خوا زۆر بە خێرایی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکات، دەبێ چەند درێژ بێ ڕۆژی سزاو پاداشت و لێپرسینەوە.

٤- شایەدیی دانی جەستەی مرۆڤی بێبڕوا، یاخود تاوانبار و لەسەری و، مۆرکرانی زاریی، ئەویش لە چەند ئایەتێك لە قورئاندا بەیان کراوە، کە خوا ﷻ لە ڕۆژی دواییدا جەستەی مرۆڤ و ئەندامەکانی لەسەر مرۆڤ دەکاتە شایەد، بە تایبەت مرۆڤی بێبڕوا، یاخود مرۆڤی تاوانبارو خەتابار، با بڕواداریش بێ و، مۆریش بەسەر زاریەوە دەنرێ و، زمانی دەگیرێ، خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ نَخۡتِمُ عَلَىٰٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَتُكَلِّمُنَآ أَيۡدِيهِمۡ وَتَشۡهَدُ أَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾، ئەمڕۆ مۆر بەسەر زاریانەوە دەنێین و، دەستەکانیان دەماندوێنن و، پێیەکانیان شایەدیی دەدەن بەوەی وە بەدەستیان دەهێنا.

لە سوورەتی (**فصلت**)دا ڕوونتر ئەمە باس دەکات و دەفەرموێ: ﴿ وَيَوۡمَ يُحۡشَرُ أَعۡدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمۡ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيۡهِمۡ سَمۡعُهُمۡ وَأَبۡصَٰرُهُمۡ وَجُلُودُهُم

---

(١)١٧/ ربيع الأول/١٤٤٥- ٢٠٢٣/١٠/٢

بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٠﴾ وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ۖ قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾ ﴾، ئەو ڕۆژەی دوژمنانی خوا بەرەو ئاگر کۆدەکرێنەوە، هی پێشیان ڕادەگیرێ، تاکو هی دوایان، پێیان دەگەنەوە [خڕ دەکرێنەوە سەر یەك]، هەتا کاتێك گەیشتنە لای، واتە: [لای ئاگری دۆزەخ]، بیستنیان و چاوەکانیان و پێستەکانیان شایەدییان لەسەر دان بەوەی کە دەیانکردو، بە پێستەکانیانیان گوت: بۆچی شایەدیمیان لەسەر دەدەن؟ گوتیان: ئەو خوایە ئێمەی هێناوەتە گۆ، کە هەموو شتێك دێنێتە گۆو، هەر ئەویش یەکەمجار دروستی کردن و، بۆ لای ویش دەگێڕدرێنەوە.

٥- بەرگرییکردنی هەر کەسێك لە خۆی و، مشت و مڕ کردنی و، پەنا پێبردنی بێبڕوایان و دەغەڵەکان بە سوێندی بە درۆو نکووڵییکردن، ئەمیش لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا خوا ﷻ خستویەتیە ڕوو، بۆ وێنە لە سوورەتی (**النحل**)دا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ تَأْتِى كُلُّ نَفْسٍ تُجَٰدِلُ عَن نَّفْسِهَا وَتُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١١١﴾ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە هەر کەسێك دێ، بەرگریی لە خۆی دەکات، شەڕە قسە لەسەر خۆی دەکات، هەر کەسە بەپێی ئەوە کە کردوویەتی پڕ بە پێست، سزاو پاداشت دەدرێتەوەو ستەمیان لێ ناکرێ.

ب- لە سوورەتی (**الأنعام**)یش دا دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴿٢٣﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۚ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾، ئەو ڕۆژەی تێکڕایان خڕ دەکەینەوە، دوایی بەوانەی هاوبەشیان داناوە دەڵێین، کوا ئەو هاوبەشانەتان کە پێتان وابوو هاوبەشن؟ دوایی بەڵایەکەیان هەر ئەوە بوو گوتیان: سوێند بە خوا پەروەردگارمان! ئێمە هاوبەش دانەر نەبووین، (خوا دەفەرموێ:) سەرنج بدە، چۆن درۆ لەسەر خۆیان دەکەن. ج-ئەوەی هەڵیان دەبەست لێیان ون بوو، کە بریتی بوو لە ئەوانە کە بە هاوبەشیان دانابوو، هەروەها لە سوورەتی (**المجادلة**)دا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ ۖ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: خوا تێکڕایان کۆدەکاتەوە، ئنجا سوێندی بۆ دەخۆن، وەك و چوێند سوێند بۆ ئێوە دەخۆن (سوێندی بە درۆ)و، پێیان وایە لەسەر شتێکن، ئاگاداربن ئەوانن درۆزنی ڕاستەقینە.

لێرەدا قسە لەسەر مونافیقەکانە.

٦- ڕاکردنی مرۆڤ لەو ڕۆژەدا لە برا ئەوڕۆژەی و لە دایکیی و لە بابی، لە هاوسەری و لە ڕۆڵەکانی، وەك و لە سوورەتی (**عبس**)دا دەفەرمویّ: ﴿ يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾ لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ ﴿٣٧﴾ ﴾، لەو ڕۆژەدا مرۆڤ لە دەست برای ڕادەکات، [نەوەك داوای شتێکی لێ بکات، یان ئەگەر داوای لێ بکات، لێی ڕادەکات،] و لە دەست دایکی ڕادەکات و، لە دەست بابی ڕادەکات و، لە هاوسەرەکەی ڕادەکات و لە ڕۆڵەکانی ڕادەکات، [بە کوڕو کچەوە،] بۆ هەر کامێك لەوان حاڵێك هەیە، بێ ئاگا و، سەرقاڵی دەکات لەوەی بپەڕژێتە سەر جگە لەخۆی.

٧- بابای تاوانبار لەو ڕۆژەدا خۆزگە دەخوازێ کە نیزیکترین کەسانی خۆی بکاتە بەلاگێڕی خۆی، ڕۆڵەکانی، هاوسەرەکەی، برایەکەی، خزم و عەشیرەتەکەی، کە پاڵ دەدرێتە لای و، هەر کەسێك کە لە زەویدا هەیە و، تێکڕای خەڵکی سەر زەوی، وەك لە سوورەتی (**المعارج**)دا دەفەرمویّ: ﴿ يَوْمَ تَكُونُ ٱلسَّمَآءُ كَٱلْمُهْلِ ﴿٨﴾ وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ﴿٩﴾ وَلَا يَسْـَٔلُ حَمِيمٌ حَمِيمًا ﴿١٠﴾ يُبَصَّرُونَهُمْ ۚ يَوَدُّ ٱلْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِى مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍۭ بِبَنِيهِ ﴿١١﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَأَخِيهِ ﴿١٢﴾ وَفَصِيلَتِهِ ٱلَّتِى تُـْٔوِيهِ ﴿١٣﴾ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ يُنجِيهِ ﴿١٤﴾ كَلَّآ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژە کە ئاسمان، وەك کانزای تواوەی لێ دێ و، چیایەکان وەك خوریی شکتراوەیان لێ دێ و، هیچ نیزیکێك و دڵسۆزێك لە هیچ نیزیکێك و دڵسۆزێکی دیکەی هیچ شتێك داوا ناکات، [چونکە داواکایەکی بێ سوودە،] پێشانیان دەدرێن [وەنەبێ نایانبینن،] تاوانبار لەو ڕۆژەدا خۆزگە دەخوازێ کە لە سزاو ئازاری ئەو ڕۆژە کوڕەکانی بکاتە بەلاگێڕ، [هەڵبەتە ئەگەر کوڕەکان بکاتێ کچەکان زیاتر دەکاتێ، بەپێی عورف و بیرکردنەوەی هەموو کۆمەڵگا بێبڕوایەکان، کە فەرق دەکەن لە نێوان کوڕو کچ دا،] هەروەها هاوسەرەکەی و برایەکەشی بکاتە بەلاگێڕو، ئەو عەشیرەت و هۆزەی گرتوویەتە خۆی کاتی خۆی، [ئەوانیش هەموویان بکاتە بەلاگێڕی خۆی،] هەموو ئەوانەی لە زەویدا هەن، بیانکاتە بەلاگێڕی خۆی، دوایش ئەوە دەربازی بکات، نەخێر، [لەو ڕۆژەدا کەس ناکرێتە بەلاگێڕی کەس، قەرەبوو فدیە لە کەس وەرناگیرێ].

تەوەری شەشەم و کۆتایی: قۆناغی سێیەمی ڕۆژی دوایی:

لێخـوڕدران و بەڕێکرانـی بێبڕوایـان بـەرەو دۆزەخ و، بـە حورمەتـەوە بەڕێکرانـی پارێـزکاران بـەرەو بەهەشـت و، نیشـتەجێبوونی هـەر کام لـە بێبڕوایانـی خراپـەکار لـە دۆزەخـدا، لـە شـوێنی خۆیانـدا، بڕوادارانـی پارێزکاریـش هـەر کەسـەو لـە مەقـام و پێگـەو شـوێنی خۆیـدا، لـە زۆر شـوێنی قورئانـدا خـوای پـەروەردگار ئـەم ڕاستییانەی بەیـان کـردوون و، ئێمـە ئیکتیفـا دەکەیـن بـەو ئایەتانـەی لـە سـوورەتی (الزمـر)دا هاتـوون، ئەویـش هـەر دەیانخوێنینـەوە چونکـە کاتـی خـۆی بـە تەفصیـڵ قسـەمان لەسـەر کـردوون، کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْىٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٦٩﴾ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٧٠﴾ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُوا۟ بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧١﴾ قِيلَ ٱدْخُلُوٓا۟ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٢﴾ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ ۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾ وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ۖ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾.

ئێمە هەروا بە کورتیی ڕاستە مانایەکەیان دەکەین:

[دوای کۆکرانـەوەی خەڵـك،] سـەر زەوی ڕۆشـن بـۆوە بـە ڕووناکیـی پـەروەردگارت و، کتێـب دانـدرا، (لیسـتەکانی کـردەوان دانـدران) و، پێغەمبـەران و شـاهیدەکان هێـنران و، بـە حـەق دادوەرییـژان لـە نێـوان داکـرا، بـێ ئـەوەی سـتەمیان لـێ بکـرێ

و، هـەر کەسـەو بـە پێـی ئـەوەی کردوویەتـی، پڕبـە پێسـتی کردەوەکانـی خـۆی سـزا یـان پاداشـتی درایـەوە، خـواش زاناتـرە بـەوەی دەیانکـرد . ئەوانـەی بێبـڕوان بـەرەو دۆزەخ کۆمـەڵ کۆمـەڵ بەڕێکـران، هەتـا کاتێـك گەیشـتنە لای دۆزەخ دەرگاکانـی کتوپـڕ کرانـەوەو، دۆزەخەوانـەکان لێیـان پرسـین: ئایـا پێغەمبەرانێـك لـە خۆتـان نەهاتنـە لاتان، ئایەتەکانـی پەروەردگارتانیـان بەسـەردا دەخوێندنـەوەو، لـە دیـداری ئەمڕۆتـان وریایـان دەکردنـەوەو دەیانترسـاندن؟ گوتیـان: بـا، بـەڵام وشـەی سـزا، [بڕیـاری سـزا] لەسـەر بێبڕوایـان پێویسـت بـووە، گوتـرا: بچنـە نێـو دەروازەکانـی دۆزەخـەوە، بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەمێننـەوە، خراپتریـن جێگـەو شـوێنی تێـدا مانـەوەی خـۆ بەزلگرانـە.

هەروەهـا ئەوانـەی پارێزیـان لـە پەروەردگاریـان کردبـوو، بـەرەو بەهەشـت کۆمـەڵ کۆمـەڵ بەڕێکـران، هەتـا کاتێـك گەیشـتنە لای بەهەشـت، پێـش گەیشـتنیان دەروازەکانـی بەهەشـتیان بـۆ کرابوونـەوەو، بەهەشـتەوانەکان (سەرپەرشـتیارانی بەهەشـت) گوتیـان: سـەلامتان لـێ بـێ ئێـوە پـاك و چاکـن، بـە هەمیشـەیی بچنـە نێـو بەهەشـتەکانەوە، ئەوانیـش گوتیـان: سـتایش بـۆ ئـەو خوایـەی بەڵێنـی لەگـەڵ ڕاسـت بردینـە سـەرو، سـەر زەمینـی بەهەشـتی پێدایـن، لـە هـەر شـوێنێك کـە بمانـەوێ تێیـدا نیشـتەجێ دەبیـن، وە باشـترین پاداشـت پاداشـتی کارکردنـە بـۆ خـواو، تـۆ فریشـتەکان دەبینـی دەوری عەرشـی خوایـان داوە، بـە ستایشـکردنەوە پەروەردگاریـان بـە پـاك دەگـرن و، بـە هـەق دادوەرییـان لـە نێوانـدا کـراو، گوتـرا: سـتایش بـۆ خـوای پـەروەردگاری جیهانییـان.

هەڵبەتـە لێـرەدا خـوای پـەروەردگار بـۆ هەردووکیـان وشـەی (**سیق**)ی بەکارهێناوە واتـە: بەڕێکـران، بـەڵام لـە سـوورەتی (**مریـم**)دا بۆمـان دەردەکـەوێ، بەڕێکرانـی تاوانـکاران بـۆ دۆزەخ جیایـە، لـە بەڕێکرانـی پارێـزکاران بـۆ بەهەشـت، دەفەرمـوێ:
﴿يَوۡمَ نَحۡشُرُ ٱلۡمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحۡمَٰنِ وَفۡدٗا ٨٥ وَنَسُوقُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرۡدٗا ٨٦﴾،
ئـەو ڕۆژەی پارێـزکاران، بـەرەو (خـوای) خـاوەن بەزەیـی وەك و شـاند بـەڕێ دەکەیـن بـە ڕێـزو حورمەتـەوە، تاوانبارانیـش بـەرەو دۆزەخ لێدەخوڕیـن بـە تینوێتـyی،

کەواتـە: ئـەوەی لـە سـوورەتی (**الزمـر**)دا بـە گشـتیی هاتـوە، لـە سـوورەتی (**مریـم**)دا ڕوونکراوەتـەوە کـە ئـەو دوو بەڕێکرانـە لـە یـەك جیـان.

ئنجـا ڕووداوەکانـی قۆناغـی سـێیەم، واتـە: بەڕێکرانـی پارێـزکاران بـۆ بەهەشـت و، تاوانـکاران بـۆ دۆزەخ، کۆمەڵێـك ڕووداوی تێـدا دەبـن، کـە مـن هـەروا بـە خێرایـی لـە چـواردە خاڵـدا ئاماژەیـان پێدەکـەم:

١- کۆتایی پێهاتنی لێپرسانەوەو دابەشکرانی لیستی کردەوەکان، ئەوەش سەرەتای بەڕێکرانە بەرەو بەهەشت و دۆزەخ، وەك لە سوورەتی (**الزمر**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْىٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾.

٢- بەڕێکرانی هەر کام لە مرۆڤەکان بەرەو بەهەشت و دۆزەخ بە گشتیی، کە دیارە هەر کامیان کۆمەڵ کۆمەڵ بە ڕێ دەکرێن، وەك و لە ئایەتەکانی سوورەتی (**الزمر**)دا هاتووە، کە پێشتر خوێندماننەوە، ئایەتەکانی: (٧١ - ٧٣)، ئەویش دیارە بەهۆی ئەوەوەیە کە مرۆڤەکان لە دنیادا شوێن کێ کەوتن، چ بەرنامەیەك، چ سەرکردەیەك و، چ کەسێك بکەنە پێشڕەوی چاوساغی خۆیان، لە قیامەتدا لەگەڵ ئەو دەبن، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {**الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ**} (**أخرجه البخاري: ٥٨١٩، ومسلم: ٦٨٨٨**)، واتە: مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە خۆشیدەوێ، واتە: لە دنیادا، هەورەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُم مَنْ يُخَالِل**} (**أخرجه أحمد: ٨٣٩٨، وحسَّنهُ الألباني**)، واتە: مرۆڤ بەپێی دینی دۆست و خۆشەویستەکەی خۆی دەبێ، [لە ڕۆژی دوایی دا] هەر کامێکتان با باش سەرنج بدات لەگەڵ کێ دا دەبێ!

٣- چۆنیەتی بەڕێکرانی بێبڕوا خۆ پێ گەورەکان بەرەو دۆزەخ، جیایە لە چۆنیەتیی بەڕێکرانی پارێزکاران بەرەو بەهەشت، کە پێشتریش ئاماژەمان پێدا: ﴿يَوْمَ نَحْشُرُ ٱلْمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحْمَٰنِ وَفْدًا ﴿٨٥﴾ وَنَسُوقُ ٱلْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا ﴿٨٦﴾ ﴾**مريم**، وشەی (**وَفْد**) کۆی (**وَافِد**)ە و بە (**وُفُود**)یش کۆدەکرێتەوە، ناوە بۆ کەسانێك کە سواری وڵاخ

بوون، بەرەو لای حوکمڕان و پادشایەك دەچن بەڕێزو حورمەتەوە، بەڵام (وِرد) ناوە بۆ کۆمەڵێکی تینوو کە دەبرێنە سەر ئاو، زیاتر بۆ ئاژەڵیش بەکاردەهێنرێ.

٤- ئەهلی ئیمانی پارێزکار لەلایەن فریشتەکانەوە پێشوازیان لێ دەکرێ، بەڵام بێبڕوایانی تاوانبار سەرزەنشت دەکرێن و ڕووی ڕەخنەو گلەییان تێدەکرێ، کە لە ئایەتەکانی سوورەتی (الزمر)دا خوای پەروەردگار بە نسبەت بێبڕوایانەوە فەرمووی: ﴿ قِيلَ ٱدْخُلُوٓا۟ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٢﴾ ﴾، بەڵام بە نسبەت پارێزکارانەوە: ﴿ وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ ﴾الزمر.

٥- دۆزەخ لە بێبڕوایەکان زۆر تووڕە دەبێ و خەریکە بپچڕێ لە داخ و خەفەتان، بەڵام بەهەشت بۆ پارێزکاران نیزیك دەخرێتەوەو، دەڕازێندرێتەوە تاك لە دوورەوە پێ دڵخۆش بن، وەك خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿ وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٦﴾ إِذَآ أُلْقُوا۟ فِيهَا سَمِعُوا۟ لَهَا شَهِيقًا وَهِىَ تَفُورُ ﴿٧﴾ تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ ٱلْغَيْظِ ۖ كُلَّمَآ أُلْقِىَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ﴿٨﴾ ﴾الملك.

به نسبەت بڕوادارانیشەوە: ﴿ وَأُزْلِفَتِ ٱلْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ غَيْرَ بَعِيدٍ ﴿٣١﴾ ﴾ق، ﴿ وَإِذَا ٱلْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ ﴿١٣﴾ ﴾التكوير، (أُزلِفَت) یانی: نیزیك خرایەوە، هەندێکیش گوتوویانە: ڕازێنرایەوە.

٦- خوا ﷻ سڵاو دەکات لە بەهەشتییەکان و پیرۆزباییان لێ دەکات، بەڵام ئەهلی ئاگری دۆزەخ، خوا نە تەماشاین دەکات و، نە دەیاندوێنێ، بەڵکو تووڕەیی و غەزەبی خوا لەسەریان دادەبەزێ، وەك و خوا ﷻ لە بارەی ئیماندارانەوە دەفەرموێ: ﴿ تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُۥ سَلَٰمٌ ۚ وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا ﴿٤٤﴾ ﴾الأحزاب، هەروەها لە سوورەتی (یس)دا دەفەرموێ: ﴿ سَلَٰمٌ قَوْلًا مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ ﴿٥٨﴾ ﴾.

بەڵام بە نسبەت بێبڕوایانەوە: ﴿ وَٱمْتَٰزُوا۟ ٱلْيَوْمَ أَيُّهَا ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٥٩﴾ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَٰنَ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعْبُدُونِى ۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾ ﴾یس.

٧- بێبڕوایانی جند، واتە: (شەیتانەکان) و، کافرەکانی مرۆڤ هەموویان پێکەوەر بەرەو دۆزەخ بەرێ دەکرێن، وەکو دەفەرموێ: ﴿ فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَالشَّيَاطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا (٦٨) ﴾ مریم، سوێند بە پەروەردگارت بێبڕوایەکان و شەیتانەکان پێکەوە بەرێ دەکەین، دوایی لەسەر چۆکان لە دەوری دۆزەخ ئامادەیان دەکەین، لە سوورەتی (الشعراء)یشدا خوای پەروەردگار دیسان باسی هەردووکیان دەکات: ﴿ فَكُبْكِبُوا فِيهَا هُمْ وَالْغَاوُونَ (٩٤) ﴾، واتە: هەموویان لەپەوڕو دەخرێنە نێو دۆزەخەوە.

٨- بێبڕوایان بە پێی ڕیزبەندیی خراپیی کردەوەکانیان و، سەختیی کوفرو بێبڕواییەکەیان، دیارە دەخرێنە دۆزەخەوە، وەك لە سوورەتی (مریم)دا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى الرَّحْمَٰنِ عِتِيًّا (٦٩) ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِالَّذِينَ هُمْ أَوْلَىٰ بِهَا صِلِيًّا (٧٠) ﴾، ئێمە لە هەر کۆمەڵێك کامەیان پتر لە (خوای) بەبەزەیی یاخیی بووبێ، دەری دەکێشین، دوایی ئێمە زاناترین بەکەسانێک کە دەبێ پێشتر بخرێنە نێو ئاگری دۆزەخەوە، کەواتە: هەر کامێکیان بەپێی کردەوەی خۆی زووتر دەخرێتە دۆزەخ، [یاخود سزایەکەی قورستر دەبێ].

٩- مرۆڤ و جند دەچنە سوێی دۆزەخ، بەڵام دوایی خوا پارێزکاران دەرباز دەکات، بێبڕوایانی ستەمکار لەوێدا بەجێدێڵێ: ﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا (٧١) ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا (٧٢) ﴾ مریم، واتە: هیچ کامێك لە ئێوە نیە، مەگەر دەچێتە سوێی دۆزەخ، ئەوە بڕیاری پەروەردگارتەو بڕاوەتەوە، دوایی ئەوانەی پارێزگاریان کردوە دەربازی دەکەین و ستەمکارانیش لەسەر چۆکان بە لەپەو ڕوو کەوتوویی لەوێدا بەجێدێڵین.

١٠- بێبڕوایان هەر کە دەچنە نێو ئاگر، دەست دەکەن بە نەفرین لە یەکدی کردن و، حاشا لە یەکدی کردن، ئەمیش لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە: خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ فِي النَّارِ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا (٣٨) ﴾ الأعراف، واتە: .... هەر کاتێك کۆمەڵێك دەچن نەفرین لە کۆمەڵەکەی پێشیان دەکەن، هەروەها لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرمووێ: ﴿ إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُوا

مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَ وَتَقَطَّعَتۡ بِهِمُ ٱلۡأَسۡبَابُ ﴿١٦٦﴾ ﴾، واته: کاتێك ئەوانەی پەیڕەوییان لێکرابوو، دوورییان کرد لەوانەی کە شوێنیان کەوتوون و، ئازارو سزای خۆیان بینی، پەیوەندیەکانیان لە نێوان دا پچڕان.

١١- داواکردنی بێهێزە هەڵخەڵەتێنراوەکان و بەکرێگیراوەکان، لەسەرکردە و گەورەکانیان کە سوودێکیان پێ بگەیەنن، ئەگەر کەمیش بێ، وەك و ئەوەی سزایان لەسەر سووك بکەن، بەڵام وەڵامدرانەوەیان بە وەڵامێکی ساردو سڕ، ئەمیش لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە: لە سوورەتی (**ابراهیم**)دا دەفەرموێ: ﴿ وَبَرَزُواْ لِلَّهِ جَمِيعًا فَقَالَ ٱلضُّعَفَٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا لَكُمۡ تَبَعًا فَهَلۡ أَنتُم مُّغۡنُونَ عَنَّا مِنۡ عَذَابِ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍۚ قَالُواْ لَوۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ لَهَدَيۡنَٰكُمۡۖ سَوَآءٌ عَلَيۡنَآ أَجَزِعۡنَآ أَمۡ صَبَرۡنَا مَا لَنَا مِن مَّحِيصٖ ﴿٢١﴾ ﴾، واته: هەموویان تێکڕا کەوتنە گۆڕێ بۆ خوا ﷻ، بێهێزەکان بەوانەی خۆیان بە زلگرت بوو گوتیان: ئێمە لە دنیادا شوێنکەوتووی ئێوە بووین، ئایا هیچ لە سزای خوامان لە کۆڵ دەکەنەوە؟ گوتیان: ئەگەر خوا ئێمەی ڕاستە ڕێ کردبایە، ئێمەش ئێوەمان ڕاستە ڕێ دەکرد، یەکسانە نارەحەتیی دەربڕین، یان خۆمان ڕابگرین، هیچ ڕێی دەرباز بوونمان نیە.

١٢- دووریی کردنی ئیبلیس لە شوێنکەوتووەکانی و، ڕاگەیاندنی بۆ چەند ڕاستییەکی زۆر تاڵ و سەرزەنشتکردنی بۆیان، وەك لە سوورەتی (**ابراهیم**)دا هاتوە، ئیبلیس دەڵێ: ﴿ وَقَالَ ٱلشَّيۡطَٰنُ لَمَّا قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمۡ وَعۡدَ ٱلۡحَقِّ وَوَعَدتُّكُمۡ فَأَخۡلَفۡتُكُمۡۖ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيۡكُم مِّن سُلۡطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوۡتُكُمۡ فَٱسۡتَجَبۡتُمۡ لِيۖ فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوٓاْ أَنفُسَكُمۖ مَّآ أَنَا۠ بِمُصۡرِخِكُمۡ وَمَآ أَنتُم بِمُصۡرِخِيَّۖ إِنِّي كَفَرۡتُ بِمَآ أَشۡرَكۡتُمُونِ مِن قَبۡلُۗ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٢٢﴾ ﴾.

١٣- ئەهلی ئیمان و تەقوا ستایشی خوا بەرز دەکەن، کەمڕاستە ڕێی کردوون، خواش دڵ و دەروونیان پاك دەکاتەوە، لە کینەو بوغز بەرانبەر یەکدیی و، برایەتیەکەیان بەردەوام دەبێ و خۆشەویستیشیان بەردەوام دەبێ، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾ وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلّٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي هَدَىٰنَا لِهَٰذَا

وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ لَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ وَنُودُوٓا۟ أَن تِلْكُمُ ٱلْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ ﴾الأعراف، هەروەها لە سوورەتی (**الزخرف**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾، لەو ڕۆژەدا ئەوانەی لە دنیادا پێکەوە دۆست و نیزیکی یەکدی بوون، هەموو لێك دەبنە دوژمن جگە لە پارێزکاران.

١٤- هاتنی خوا ﷻو فریشتەکانی، بەرەو ئەو شوێنەی کە پاك و پیسانی لێ دەبێ و، خەفەت خواردنی بابای بێبڕوا لەسەر ئەوە کە لە دەستی چووەو، موژدە دانی خوا ﷻ بە ئەهلی ئیمان، بەوە کە لێیان ڕازیەو دەیانخاتە بەهەشتەکەی خۆیەوە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا ﴿٢٢﴾ وَجِاْىٓءَ يَوْمَئِذٍۭ بِجَهَنَّمَ ۚ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴿٢٣﴾ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَيَاتِى ﴿٢٤﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٥﴾ وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴿٢٩﴾ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴿٣٠﴾ ﴾الفجر، واتە: ئەوە پەروەردگارت هات و فریشتەکانیش ڕیز ڕیز، ئەو ڕۆژە دۆزەخ دەهێنرێ، ئینسان (واتە: ئینسانی بێبڕوا)، بیری دێتەوە پەند وەردەگرێ، بەڵام پەند وەرگرتن و وەبیرهاتنەوە هیچ سوودێکی نیە، دەڵێ: خۆزگە شتێکی باشم بۆ ئەم ژیانەی ئێستا پێش خستبایە، لەو ڕۆژەدا هیچ کەسێك ئەو سزا نادات، وەك کە خوا سزای ئەویدا، هیچ کەسێك سزا نادات، هیچ کەسێك وەك ئەو کەلەپچە دەکرێ ئاوا کەلەپچە ناکات، بەڵام ئەی نەفسی ئارامگرتوو بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت، تۆش ڕازی ئەویش لە تۆ ڕازی، بچۆ نێو بەندەکان، بچۆ نێو باخ و گوڵ و گوڵزارو بەهەشتەکەمەوە کە بۆم ئامادە کردووی.

ئەمە کورتەیەك بوو لە باسی ڕۆژی دوایی، وەك گوتم لەبەر ڕۆشنایی ئەو کتێبەدا، کە کتێبی هەشتەمی مەوسووعەی (**الإسلام كما يتجلى في كتاب الله**)، هەڵبەتە من زۆر بە خولاصەیی بە گوشراوی هێناومە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

الإنسان

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمــڕۆ کــە (٢٨)ی شــەووالی ســاڵی (١٤٤١)ی کۆچییــە، بەرانبــەر (٢٠٢٠/٦/٢٠)ی زایینــی، لــە شــاری هەولێــر، خــوا پشــتیوان بــێ دەســت دەکەیــن بــە تەفسیری ســووڕەتی (**الإنســان**)، ســەرەتاش وەك عادەتــی خۆمــان، پێناســەو نێوەڕۆکــی ئــەم ســووڕەتی موبارەکــە لــە حــەوت بڕگــەدا دەخەینــەڕوو:

پێناسەی سووڕەتی (الإنسان) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:

ئــەم ســووڕەتە چەنــد ناوێــکی هــەن، وەك هەندێــك لــە ســووڕەتەکانی دیکــەی قورئــان، نــاوی هــەرە باویــان بریتیــە لــە: (**ســورَةُ الإنســانِ**)، بــەڵام چەنــد ناوێــکی دیکــەشی بــۆ بــەکار هێنــراون: ١- (**سُــورَة هَــل أَتَى عَــلَى الإنســانِ**)، ٢- (**سُــورَةُ الدَّهــر**)، ٣- (**ســورَةُ الأَمْشَــاج**)، ٤- (**ســورَةُ الأَبْـرَار**)، هەموویــان دەبنــە پێنــج نــاو، بــەڵام نــاوی زانراوتــری (**ســورَةُ الإنْســانِ**)ە، لــەو بــارەوەش دوو دەق دێنیــن:

دەقــی یەکەمیــان: {**عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ** ﷺ**: أَنَّ النَّبِـيَّ** ﷺ **كَانَ يَقْـرَأُ فِي صَـلاةِ الصُّبْحِ يَـوْمَ الْجُمُعَـةِ:** ﴿الٓمٓ ۝١ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ لَا رَيۡبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢﴾ **السـجدة فِي الرَّكْعَـة الأُولَى، وفِي الثَّانِيَـة:** ﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ ۝١﴾ **الإنســان**} (**أخرجـه البخـاري: ٨٩١، ١٠٦٨، ومسـلم: ٢٠٣٢، والنسـائي: ٩٥٤**).

واتــە: ئەبــوو هورەیــرە ﷺ گێڕاویەتــەوە کــە پێغەمبــەر ﷺ لــە نوێــژی بەیانیــانی ڕۆژی جومعــە لــە ڕکاتی یەکــەم دا (لــە دوای فاتیحــە) ســووڕتی: ﴿الٓمٓ ۝١ تَنزِيلُ

﴿ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢﴾﴾ی خوێندەوە، لە ڕکاتی دووەمدا (دوای سوورەتی فاتیحە) سوورەتی: ﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ ...﴿١﴾﴾ی خوێندوە.

دەقی دووەم: {عَنْ أَبِي ذَرٍّ ﷺقَالَ: قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ ...﴿١﴾﴾الإنسان، حَتَّى خَتَمَهَا، ثُمَّ قَالَ: إِنِّي أَرَى مَا لَا تَرَوْنَ، وَأَسْمَعُ مَا لَا تَسْمَعُونَ، أَطَّتِ السَّمَاءُ وَحُقَّ لَهَا أَنْ تَئِطَّ، مَا فِيهَا مَوْضِعُ أَرْبَعِ أَصَابِعَ إِلَّا وَمَلَكٌ وَاضِعٌ جَبْهَتَهُ سَاجِدًا لِلَّهِ، وَاللَّهِ لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ، لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيراً، وَمَا تَلَذَّذْتُمْ بِالنِّسَاءِ عَلَى الْفُرُشِ، وَلَخَرَجْتُمْ إِلَى الصُّعِدَاتِ تَجْأَرُونَ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ»} (أخرجه أحمد: ج٥، ص١٧٣، والترمذي: ٢٣١٢، وابن ماجه: ٤١٩٠، وَصَحَّحَهُ الألباني في صحيح سنن ابن ماجه: ٣٣٧٨).

واتە: ئەبوو زەڕ ﷺدەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم سوورەتەی خوێندۆتەوە: ﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ ﴿١﴾﴾الإنسان، تاکو تەواوی کردوە، دوایی فەرموویەتی: ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن و، ئەوەی من دەیبیستم ئێوە نایبیستن، ئاسمان جیڕەی هات (یان نقەی هات)، شایستەی ئەوەشە جیڕەی بێ، چونکە هیچ شوێنی چوار پەنجەیەك نیە لە ئاسمان دا، مەگەر فریشتەیەك نێو چاوانی بۆ خوا خستۆتە سەر زەوی و کڕنووشی بردوە، سوێند بە خوا ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە زانیباتان، زۆر بە کەمیی پێدەکەنین و زۆریش دەگریان و، لەگەڵ ئافرەتاندا لەسەر جێگا نەدەخەوتن و چێژتان لێ وەرنەدەگرتن و، وەدەشت و کێوان دەکەوتن (دەچوونە بەرزاییان) و لە خوا (عزَّ وَجَلَّ) دەپاڕانەوەو لەبەری دەکوڕووزانەوە.

کە دەفەرموێ: (أَطَّتِ السَّمَاءُ، أَطَّ يَئِطُّ أَطًّا وأَطِيطاً: صوَّتَ، قَالُوا: شَجانِي أطِيْط الرِّكَاب، وَأَطَّ الظَّهرُ: صوّت مِنْ ثِقَل الحِمْل)، وشەی (أَطَّ يَئِطُّ)، ئنجا (أَطّاً وأَطِيطاً)، هەردووکیان چاوگن، واتە: (صوَّتَ)، دەنگی لێهات، عەرەب گوتوویانە: (شَجَانِي

أطِيْـط الـرُّكَّاب)، واتـە: غوربەتیـی بـۆ هێنـام، سـۆزی جووڵانـدم جیـڕەی بـارەکان (نقـەی بـارەکان)، (**وَأَطَّ الظَّهْـرُ: صـوَّت مِـنْ ثِقَـل الحِمْـل**)، پشـتی وڵاخەکـە جیـڕەی هـات، ئەگـەر بارێـکی قـورسی بخرێتـە سـەر، نقـەی دێ، جیـڕەی دێ و پێـی دەگوتـرێ: (**أطِيْـط**).

دووەم: شوێنی دابەزینی:

لەبـارەی شـوێنی دابەزینـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەوە، مشـتومڕی زۆر لـە نێـو زانایانـدا بـووە، مشـتومڕە زۆرەکـەش لـە هەندێـك گێڕدراوانـەوە سـەری هەڵـداوە، ئەگەرنـا بـە بۆچـوونی بەنـدە، هـەر کەسـێك سـەیری نێـوەڕۆکی سـوورەتەکە بـکات، دڵنیـا دەبـێ ئـەم سـوورەتەش سـوورەتێکی مەککەییـە، چونکـە هـەم شـێوازەکەی هـەم نێوەڕۆکەکـەی، پێکەڵپێکـە لەگـەڵ شـێواز (شـێوازی دەربڕیـن)و، نێـوەڕۆکی واتـاو مەبەسـتەکانی قورئـانی مەککەیـی.

ئنجـا جێـی سـەرنج ئەوەیـە کـە هـەر کام لـە لایەنگـرانی دوو ڕایـەکان واتـە: ئەوانـەی گوتوویانـە: مەککەییـەو، ئەوانـەش کـە گوتوویانـە: مەدینەییـە، گوتوویانـە: ئـەو ڕایـە ڕای زۆرینەیـە، بـەڵام زۆربەیـان ڕایـان وایـە کـە ئـەم سـوورەتە مەککەییـە.

زۆریـش پێـم سـەیر بـوو کـە (**القرطبـي**) لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا دەڵـێ: ئـەم سـوورەتە مەدینەییـە بـەڕای زۆرینـە، کـە وەك دوایـی بـاسی دەکـەم شـیعە ئەوەیـان کردۆتـە بیانـوو و دەسـتەچیلەی بـە مەدینەیـی لـە قەڵـەم دانی ئـەو سـوورەتە، هەڵبەتـە لەبـەر مەبەسـتێك کـە دوایـی ڕوونی دەکەمـەوە، بـەڵام شـێوازو نێـوەڕۆکی ئـەم سـوورەتە بـە ئاشـکرا پێـمان دەڵێـن: ئـەم سـوورەتە مەککەییـە، ئنجـا وەك (**محمـد الطاهـر بـن عاشـور**) لـە تەفسـیرەکەی خـۆی دا گوتوویەتـی: ڕەنگـە هانـدەری بـە مەدینەیـی دانـانی ئـەم سـوورەتە، ئـەو گێڕاوانەبـن کـە دەڵێـن: ﴿ وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾ ﴾،

لەبارەی خواردن پێدانی عەلی و فاتیمەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) بە نەدارو هەتیوو دیل، هاتۆتە خوارێ، بەڵام زانایانی فەرموودەناس، تێکڕای ئەو ڕیوایەتانەیان بە درۆو هەڵبەستراو داناون.

کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو گێڕانەوەی دەڵێن: ئەو ئایەتانە لە بارەی عەلیی و فاتیمەوە (**رضي الله عنهما**) هاتوونە خوارێ:

سەرەتا سەرنج ڕادەکێشم بۆ قسەیەکی (**الشوكاني**) لە (**فتح القدير**)دا کە ئەویش ئەو ڕیوایەتانە دێ، بەڵام لە دوایی دەرهێنەر (**مُخرِّج**)ی دەقەکانی تەفسیری (**فتح القدير**)[1] گوتوویەتی: (**أخرجه ابن الجوزي في الموضوعات: ج١، ص٢٩٠**)، واتە: ئەم دەقە (**ابن الجوزي**) لە (**الموضوعات**)دا هێناویەتی.[2]

هەروەها لە پەراوێزی تەفسیری (**الكشاف**)یشدا، بە تەخریجی (**الحافظ ابن الحجر العسقلاني**)[3]، بەژمارە: ١٢٥٨ بەهەمان شێوە هاتوە.

دیسان لە پەراوێزی (**تفسير القرطبي**)یش دا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم دەقە هەڵبەستراوە.

لێرەدا دەمەوێ تۆزێك وردەکاریی ئەوە باس بکەم کە بۆچی هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەم سوورەتە مەدینەییە، کە لەڕاستییدا هیچی وەك قورئانی مەدینەیی ناچێ، نە نێوەڕۆکی، نە شێوازەکەی، ئنجا ئەوە دەبێ عیبرەت و پەندێکی گەورەی لێ وەربگیرێ و، هەر لە خۆوە هەرچی لە کتێبان دا هات، یەکسەر وەرنەگیرێ بەبێ ڕامان و لێوردبوونەوە، چونکە ئەو گێڕراوەیە تەفسیری (**الكشاف**) هێناویەتی و ئاشکراشە، زەمەخشەریی فەرمووده‌ناس (**محدِّث**) نەبووە، بۆیە بۆ سەنەدی فەرموودەکان پشتی پێ نابەسترێ و هەندێك، گێڕراوەی

---

(١) لە بەرگی (٥)ی تەفسیرەکەیدا لاپەڕە (٤٢٣)، لە دەقی ژمارە: (٢٨٠٦)دا.

(٢) (الموضوعات) ناوی کتێبێکە (إبن الجوزي) نووسیویەتی لە بارەی ئەو دەقانەوەی بەزاری پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵبەستراون.

(٣) ج٤، ص٦٧٠.

دیکەش دێنێ کە پێەوانەی عەقڵ و مەنطیقن و، پێچەوانەی ڕووحی قورئان و سوننەتن، وێڕای ئەوەی لەڕووی سەنەدیشەوە هیچ پشت ڕاستکراوە نین، بەڵام جێی سەرسوڕمان ئەوەیە کە (**القرطبي**) لە تەفسیرەکەی خۆی (**الجامع لأحكام القرآن**)دا[1] ئەو گێڕراوەیەی بە دوورو درێژی هێناوەو، دواییش لەسەر زمانی (**الترمذي الحكيم أبو عبد الله**) لە کتێبی (**نوادر الأصول**)دا، ڕەخنەی ئەو دەقە دەکات، بەڵام مادام ڕەخنەی دەکات، بۆچی هەمووی بە دوورو درێژیی هێناوە؟!

(**القرطبي**) دەڵێ: (**وَقَدْ ذَكَرَ النَّقَّاشُ وَالثَّعْلَبِيُّ وَالْقُشَيْرِيُّ وَغَيْرُ وَاحِدٍ مِنَ الْمُفَسِّرِينَ فِي قِصَّةِ عَلِيٍّ وَفَاطِمَةَ وَجَارِيَتِهِمَا، حَدِيثًا لَا يَصِحُّ وَلَا يَثْبُتُ، رَوَاهُ لَيْثٌ عَنْ مُجَاهِدٍ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ**)[2] واتە: هەرکام لە (**نقّاش**) و (**ثعْلبي**) و (**قُشيري**) و ژمارەیەك لە ڕوونکەرەوانی دیکەش لە بەسەرهاتەکەی (**علي وفاطمة**) و کەنیزەکەکەیان دا، قسەیەکیان هێناوە کە ڕاست و چەسپاو نیە، (**ليث**) لە (**مجاهد**) لە (**ابن عباس**) ەوە هێناویەتی.

ئنجا ئەوە جێی دەستخۆشییە کە لەسەرەتاوە گوتوویەتی: ڕاست و چەسپاو نیە، بەڵام بۆچی لە تەفسیرەکەیدا سێ لاپەڕو نیوی پێ گرتوون؟! بەسەرهاتەکەش بەگشتیی بەمجۆرەیە گوایە: ئەم دوو ئایەتە موبارەکە: ﴿يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ وَيَخَافُونَ يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا ﴿٧﴾ وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينٗا وَيَتِيمٗا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾﴾، بەو بۆنەوە هاتوونە خوار:

کە ڕۆژێك حەسەن و حوسەین (خوا لێیان ڕازی بێ) نەخۆش دەکەون، پێغەمبەری خواش ﷺ سەردانیان دەکات و، خەڵکی عەرەب بە گشتیی سەردانیان دەکەن، عەلی بابی حەسەن و حوسەین خوا لە هەموویان ڕازی بێ دەدوێنن، (**جابر الجعفي**) لە (**قنبر**) خزمەتکاری عەلی (خوا لێیان ڕازی بێ)، ڕیوایەتەکە ئاوا دێنێ، دەڵێ: حەسەن و حوسەین نەخۆش بوون تاکو هاوەڵانی پێغەمبەر

---

(١) ج١٩، ص ٩٩-١٠٢.

(٢) الجامع لأحكام القرآن: برقم: ٦٢٠٨.

ﷺ سەردانی حەسەن و حوسەینیان کرد، ئەبوو بەکر (خوا لیی ڕازی بێ) گوتی: ئەی بابی حەسەن! ئەگەر شتێکت لەخۆت گرتبایە (نەزرێکت کردبایەو) هەر لەخۆ گرتنێك کە جێبەجێ نەکرێ هیچ نیە، شتێك لەخۆت بگرە بۆ ئەوەی حەسەن و حوسەین چاك بنەوە، عەلییش ﷺ دەڵێ: ئەگەر ئەم دوو کوڕەم چاك بوونەوە، لە خۆمی دەگرم: سێ ڕۆژان وەك سوپاسگوزاریی بۆ خوا بەڕۆژوو بم، کەنیزەکێکی نەوبییشیان دەبێ (واتە: هی لای حەبەشە) ئەویش دەڵێ: ئەگەر ئەو دوو گەورەیەم چاکبوونەوە، منیش سێ ڕۆژان وەك سوپاسکردن بۆ خوا بە ڕۆژوو دەبم، فاتیمەش (خوا لێی ڕازی بێ) ئەویش بەهەمان شێوە دەڵێ: ئەگەر ئەم دوو کوڕەم چاك بوونەوە، سێ ڕۆژان بەڕۆژوو دەبم، دوای ئەوەی چاك دەبنەوە، لە ماڵی عەلییدا ﷺ، هیچ شتێکیان نابێ، عەلی دەچێ بۆ لای شەمعوونی کوڕی حاریەی خەیبەریی (کە جوولەکەیەك بووە) سێ ڕبە جۆی لێ قەرز دەکات و، دەیانهێنێتەوە لە لایەکی ماڵییان دادەنێ.

فاتیمەش هەڵدەستێ یەکێك لەو سێ ڕبەیە دەهاڕێ و دەیکاتە نان، ئنجا عەلی نوێژ لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ دەکات و دێتەوە ماڵێ، خواردنەکەی لەپێش دادەنێن، (لە گێڕاوەیەکی دیکەدا هاتووە کە کەنیزەکەکە ئەو ڕبە جۆیەی کردۆتە پێنج نان، پێنج خوولکە) و لە پێشیان دادەنرێن (بە حیساب دوویان بۆ عەلی و فاتیمە، دووشیان بۆ حەسەن و حوسەین، یەکیشیان بۆ کەنیزەکەکەیان، ئەوە پێنج) بەڵام نەدارێك دێ دەڵێ: ئەی بنەماڵەی پێغەمبەری خوا ﷺ! هیچ شتێکمان نیەو، من یەکێکم لە نەدارەکانی ئۆممەتی موحەممەد ﷺ زۆریشم برسییە، خواردنم بدەنێ خوا خواردنتان پێ بدات لە سفرەکانی بەهەشت، ئنجا عەلی ﷺ شیعرێکی هەشت نۆ دە بەیتی، دەڵێ و بانگی فاتیمە دەکات و مەدحی دەکات و دەڵێ: ئەو خواردنە بێنە، فاتیمەش بەهەمان شێوەو خواردنەکە دەدەن بەوو، ئەو شەوو ڕۆژە هیچیان نابێ بیخۆن.

ڕۆژی دووەمیش ڕبەی دووەمی جۆیەکە دەکەنە پێنج کولێرەو دایاندەنێن و، دوای ئەوەی عەلی ﷜ لە مزگەوت دەگەڕێتەوە کە بەڕۆژووش بوون، هەتیوێك دێ داوای خوارد دەکات، دیسان عەلی چەند شیعرێك دەڵێ و، فاتیمەش لە وەڵامیدا چەند شیعرێك دەڵێ و، ئەوجارەش کولێرەکان دەدەن بە هەتیوەکە.

ڕۆژی سێیەمیش دیلێك دێ، کە ئەوە ڕۆژی سێیەمەو بە ڕۆژوون و هیچیشیان نەخواردوەو، بۆ بەربانگ دایانناوەو ڕبەی سێیەمی جۆیەکەیان کردۆتە کولێرەو دیلەکە داوای خواردنیان لێ دەکات، عەلی ﷜ چەند شیعرێك دەڵێ، وەك هاندانی فاتیمەو فاتیمەش (خوا لێی ڕازی بێ) لە وەڵامیدا چەند شیعرێك دەڵێ، ئیدی سێ شەوو سێ ڕۆژان بە برسیەتیی دەمێننەوەو بە ڕۆژووش بوون، دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەچێ تەماشا دەکات حەسەن و حوسەین کە تازەش لە نەخۆشیی چاك بوونەوەو سکیان بە پشتیانەوە نووساوە، عەلی و فاطیمەش بەهەمان شێوە سکیان بە پشتیانەوە نووساوەو زۆر زۆر برسیین، ئەویش ﷺ بۆیان دەگریاو زۆر نارەحەت دەبێ و دەفەرموێ: بنەماڵەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە برسان دەمرن! ئنجا جیبریل دادەبەزێ و سووڕەتی: ﴿هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ ﴿١﴾﴾، دەخوێنێتەوەو، دەڵێ: ئەی موحەممەد! پیرۆزباییت لێبێ ئەم سووڕەتە بگرە، ئەوە بە بۆنەی ئەو هەڵوێستەی عەلی و فاتیمەی هاوسەری (خوا لێیان ڕازی بێ)، هەردوو کوڕەکەیان حەسەن و حوسەین و کەنیزەکەیانەوە دابەزیوە!

شایانی باسیشە: من سێ تەفسیری شیعەکانم لەلان: ١- (**تفسير الميزان**)و ٢- (**تفسير الكاشف**)و ٣- تەفسیری (نمونە).

١- تەفسیری (**الميزان**) کە هی موحەممەد حوسێن تەباتەبائییە[1]، ئەو ڕیوایەتە دێنێ، بێ ئەوەی قسەی لەسەر بکات بەڵکو دەڵێ: ئەوە لە سەرچاوەکانی ئەهلی سوننەتدا هاتوە.

---

(١) ج٢ ص ٣٣٢.

٢- تەفسیری (نمونه)[1]ش، بەهەمان شێوە ئەو ڕیوایەتە دێنێ و سێ چوار لاپەڕەشی لەسەر دەڕواو، قسەی لەبارەوە دەکات، دوایی دەڵێ: (راستی عجیب أست هرجای آیه و ریوایتی منتهی به فضائل علی و أهل بیت میشود، گروهی دادو فریاد بلند میکنندو حساسیت فوق العادهٌ نیشان میدهند: گوئی إسلام به خطر أفتاده است!).

واتـە: بەڕاستی جێـی سەرسوڕمانە! لەهەر شـوێنێك ئایەتێـك، یاخـود گێڕدراوەیەك ببێتـە مایـەی باسـکردنی سـیفەتە باشـەکانی عەلیـی و ئەهـلی بەیـت، (واتـە: خزمـانی پێغەمبـەر ﷺ) هەندێـك هاواریـان لـێ بەرزدەبێتـەوەو هەسـتیاریی زیـاد لە پێویسـت پێشـان دەدەن، وەك بڵێـی ئیسـلام کەوتبێتـە مەترسـییەوە!

ئەوە قسەی تەفسیری نموونەیە.

٣- تەفسیری (**کاشف**)یش[2] کە هی موحەممەد جەواد موغنییەیە، دەڵێ: (**وَفِي كَثِيرٍ مِنْ التَفَاسِيْرِ أن هَذِه الأيَات نَزَلَتْ فِي حَق الإمَام عَلِي بِن أبِي طَالِب ونُثْبِتُ عِبارَةَ الرازِي بِنَصِّهَا**)، واتە: لەزۆر لە تەفسیرەکاندا هاتوە کە ئەم ئایەتانە لە بارەی ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە رضي الله عنه دابەزیون و، ئێمە عیبارەتەکەی فەخرەددینی ڕازیی دەقەکەی دێنین، (دوایی دەقەکەی دێنێ کە ئەوە لەوبارەوە هاتۆتە خوار).

لێـرەدا مـن پێشـێ چەنـد قسـەیەکی (**الترمـذي الحكيـم**) دێنـم، نـەك (**إمـام الترمـذي**) خـاوەن (**سـنن الترمـذي**).

(**الترمـذي الحكيـم**) کتێبێـکی هەیـە بەنـاوی: (**نـوادر الأصـول**)، سـێ تێبینیـی لەسـەر ئـەو دەقـە دەخاتـە ڕوو، سـەرەتاش دەڵـێ:

دەڵـێ: (**فَهَـذَا حَدِيـثٌ مُـزَوَّقٌ مُزَيَّـفٌ، قَـدْ تَطَـرَّفَ فِيـهِ صَاحِبُـهُ حَتَّـى تَشَـبَّهَ عَـلَى الْمُسْـتَمِعِينَ، فَالْجَاهِـلُ بِهَـذَا الحَدِيـثِ يَعَـضُّ شَـفَتَيْهِ تَلَهُّفًـا أَلَّا يَكُـونَ بِهَـذِهِ الصِّفَـةِ، وَلَا يَعْلَـمُ**

---

(١) ج٥ ص ٣٢٨ - ٣٣٠.

(٢) ج٧، ص٢٨٣.

أَنَّ صَاحِبَ هَـذَا الْفِعْـلِ مَذْمُـومٌ)، واتـە: ئەمـە قسـەیەکی ڕازێـنراوەی پووچـە، خاوەنەکـەی کـە هەڵیبەسـتوە زۆر زێدەڕۆیـی تێـدا کـردوە، بـە جۆرێـك ئەوانـەی بیبیسـتن کەسێك نەشـارەزا بـێ، ڕەنگـە لێـوی خـۆی بگـەزێ و بڵـێ: بریـا منیـش خـاوەنی ئـەو سـیفەتانە بوومایـە، نازانـێ کەسێك وابـکات (ئـەوەی لـەو گێڕدراوەیەدا هاتوە) سـەرزە نشـتکراوە.

ئنجـا لەوبـارەوە سـێ بەڵـگان دێنـێ، منیـش جگـە لـە دەقـەکان کـە بەبەڵگەیـان دێنێتـەوە یەکسـەر تەرجومـەی کوردیـی دەکـەم:

١- خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿...وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلْعَفْوَ... ﴿٢١٩﴾﴾ البقرة، لێت دەپرسن: چی ببەخشن؟ بڵێ: ئەوەی زیادەو ئاسان بەدەستتانەوە دێ، دەڵێ: (**وَهُوَ الْفَضْلُ الْذِي يَفْضُلُ عَنْ نَفْسِكَ وَعِيَالِكَ**)، ئەویش ئەوەیە کە لە خۆت و لە ماڵ و خێزانت زیادە (ئەوە ببخشە). بەڵام ئەوەی خۆت پێویستییت پێیەتی، ببەخشی و خێزان و منداڵت برسیی و ئاتاج بکەی، ئەوە شتێکی چاکت نەکردوەو، لەوبارەوەش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتوە کە فەرموویەتی: {**خَيْرُ الصَّدَقَةِ مَا كَانَ عَنْ ظَهْرِ غِنًى**} (**أخرجه البخاري: ١٣٦٠، وأبو داود: ١٦٧٦، والنسائي: ٢٥٤٤**)، باشترین خێر کردن ئەوەیە کە لە حاڵەتی هەبووندا بێت، یانی: هەتبێت و بە دەستتەوە بێ و لە خۆت و خێزانت زیاد بێ.

هەر لەوبارەوە حەدیسێکی دیکەی پێغەمبەریش ﷺ هاتوە دەفەرموێ: {**ابْدَأْ بِنَفْسِكَ فَتَصَدَّقْ عَلَيْهَا، فَإِنْ فَضَلَ شَيْءٌ فَلأَهْلِكَ، فَإِنْ فَضَلَ عَنْ أَهْلِكَ شَيْءٌ فَلِذِي قَرَابَتِكَ، فَإِنْ فَضَلَ عَنْ ذِي قَرَابَتِكَ شَيْءٌ فَهَكَذَا وَهَكَذَا**} (**الحديث فيه قصة ذكرها البخاري دون المتن: ٢٠٣٤، ومسلم: ٩٩٧، وابن حبان: ٣٣٣٩**)، یانی: ئەگەر ماڵ و سامانێکت هەبوو خەرجی بکەی، پێشێ بۆ مەسرەفی خۆتی بەکاربێنە، ئنجا ئەگەر شتێک زیاد بوو با بۆ خێزانت بێ کە ژیاندن و، بەڕێوەبردنی لەسەر تۆیە، منداڵ و خێزانت بێ، ئنجا ئەگەر لە خێزانت شتێک زێدە بوو بابۆ خزمانت بێ، ئنجا ئەگەر لەخزمانیشت شتێک زێدە بوو، بەولاولادا ببەخشە.

خوای پەروەردگاریش لەسەر هاوسەرەکان و مێردەکانی فەرز کردوە نەفەقەی خێزان و منداڵەکانیان بکێشن، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {**كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يُضَيِّعَ مَنْ**

يَقُوتُ} (أخرجه أحمد: ٦٤٩٥، وأبو داود: ١٦٩٢، والحاكم: ١٥١٥، والبزار: ٢٤١٥، وابن حبان: ٤٢٤٠، والنسائي في الكبرى: ٩١٧٧)، واتە: مرۆڤ ئەوەندە گوناحەی بەسە، کە ئەوەی دەبێ بیژیەنێ و نەفەقەی بکێشێ، زایەی بکات و پشتگوێی بخا.

کەواتـە: بـە پێـی ئایەتـەکان و بەپێـی فەرمایشـتەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەوە شـتێکی پەسـند و ستایشـکراو نیـە تاکـو مـەدح بـێ بـۆ عەلـی و فاطیمـە خـوا لێیـان ڕازی بـێ.

٢- ئایا هیچ عاقڵێك پێی وایە عەلی ﷺ هێندەی نەزانیبێ بچێ دوو کوڕی پێنج شەش ساڵەی خۆی، سێ شەوو ڕۆژان برسیی بکات کە تازە لە نەخۆشیی هەڵساونەوە، هەتا سکیان بە پشتیانەوە بنووسێتەوەو چاویان قووڵ بن و، پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیان بگری؟! ئنجا باشە ئەوە عەلی ﷺ ئەو کارەی کرد و خەڵکی بەسەر خۆیدا هەڵبژارد: ڕۆژێك نەدارێك و، ڕۆژێك هەتیوێك و، ڕۆژێك دیلێك، بەڵام ئایا بۆی هەیە خێزانیشی ئەرکدار بکات بەوە؟ ئنجا ئەوە خێزانیشی لەگەڵیدا هاوکار بوو کە فاتیمەیە ﷺ، ئایا بۆیان هەیە دوو منداڵی نەباڵقیی پێنج شەش ساڵە، سێ شەوو سێ ڕۆژان برسیی بکەن، ئەوە چییە، خێر دەکەن؟ بەڕاستیی گێڕدراوەی وا هەر خەڵکی کەودەن و نەزان ڕەواجی لەلای هەیەو عەلی و فاتیمە (خوا لێیان ڕازی بێ) لێیان ناوەشێتەوەو، گومانی وایان پێ نابەین کە کاری وایان پاڵ بدرێتە لا.

٣- ئایا کێ ئەو هەموو شیعرانەی لەبەر کردن؟ کە نزیکەی سی چل بەیتە شیعرە، کێ لەوێ بوو ئەو هەموو شیعرانە لەبەر بکات؟ هی عەلی ﷺ، کە فەرمان بە فاتیمە دەکاو مەدحی دەکاو هانی دەدات، کە ئەو ڕۆژە ئەو خێرە بکەن، فاتیمەش هەر بەشیعر وەڵامی دەداتەوەو هەرسێ ڕۆژەکان، هەم عەلی شیعر دەڵێ و، هەم فاتیمە شیعر دەڵێ، بەو حاڵەتی برسییەتییەش.

منیش ڕەخنەکانیم زۆر پێ بەجێن و ئەو قسەیەشیم پێ بەجێیە، کە دەڵێ: ئەم جۆرە ڕیوایەتانە واپێدەچێ کەسانێك کە سجن کراون و ساڵانی زۆر لە سجنی زاڵمەکاندا

ماونەوەو هیچ ئیشیان نەبووە، دانیشتوون ئەو حیکایەتانەیان هەڵبەستوون و، پاڵیانداوونە لای پێغەمبەری خوا ﷺ.

لە کۆتایی دا دەڵێم:

تەفسیری **(القرطبي)** هەر باشە کە بەسەرهاتەکەی هێناوە باسی سەنەدەکەی کردوە، کە هیچ نیەو ڕاست نیە، بەڵام تەفسیری **(الكَشَّاف)** هێناویەتی بێ ئەوەی قسە لە سەر سەنەدەکەی بکات، هەروەها فەخرەددینی ڕازیی هێناویەتی و گەلێك لە تەفسیرەکانی دیکەش هێناویانە، ئنجا شیعەکانیش هێنانی لە تەفسیرەکانی زانایانی دیکەی ئیسلام دا جگەلە شیعە[1]، ئەوە دەکەنە بیانوو و دەستەچیلەی ئەوەی ئەو گێڕراوانە ڕاستن، چونکە ئەها نەیارەکانی خۆشمان هێناویانن!

ئنجا بەڕاستی ئەو قسەیەی تەفسیری (نمونە) کە لەزۆر جێی دیکەش دا ئەو جۆرە قسانە دەکات، بە دڵڕەشییەك و گومانی خراپ پێ بردنێکی زۆرەوە، بە لە پشت پەردەیەکی ڕەش تەماشاکردنێکی زۆرەوە، باسی زۆربەی زانایانی ئیسلام و زۆربەی مسوڵمانان دەکات، ئەگەرنا کەی وایە، هەرکاتێك مەدحی عەلی کرابێ و مەدحی فاتیمە کرابێ (خوا لێیان ڕازی بێ) زانایانی دیکەی ئیسلام

---

(١) من ئەگەر ناچار نەبم وشەی ئەهلی سوننە بەکارناهێنم، چونکە شیعە ئەوە شیعەیە، شیعەو خەواریج و مورجیئەو موعتەزیلەو قەدەرییە، بەڵام زۆرینەی مسوڵمانان پێویست ناکات وەك کۆمەڵێك و تائیفەیەك لە بەرانبەر تائیفەو کۆمەڵەکانی دیکەدا باس بکرێن، بەڵکو دەبێ بڵێین: مسوڵمانان بە گشتیی، وەك من لە مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیعدا) لە بەرگی دووەمدا، باسم کردوە، کە لە ڕاستییدا زۆرینەی مسوڵمانان ستەمیان لێ دەکرێ، ئەگەر ناوێکیان بۆ هەڵبدرێ وەك (أهل السنة) یان (أهل السنة والجماعة)، چونکە ئەوە ناوێکی مێژوویيەو نابێ زۆرینەی مسوڵمانانی تێدا قەتیس بکرێن و، مەرجیش نیە هەرکەس ئەو ناوە مێژووییەی هەڵگرتوە، لەگەڵیدا گونجاوو پڕ بەپێست بێ، بۆیە سەلامەتر وایە هەر ئەو ناوە بەکاربێنین کە خوا بۆ مسوڵمانانی بەکارهێناوە: ﴿...هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلْمُسْلِمِينَ ...﴾ (٧٨) الحج.

بە حەسادەت و هەستیاریی وەریانگرتوە؟ ئەوە درۆو دەلەسەیەکی زۆر گەورەیە، چەندان فەرمووده هەن لە هەردووك صەحیحی بوخاریی و موسلیمدا لە دایکمان عائیشەوە رضي الله عنها، لە ئەبوو هورەیرە رضي الله عنه کە شیعە زرۆیان ڕق لێیە، بەڵکو لە ئەبوو بەکرەوەو لە عومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێ، چەندان فەرمووده هەن کە مەدحی عەلی و فاتیمەو خزمان و بنەماڵەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن، بۆیە ئەوە هەمووی لە هەمبانەی خۆدا گوێز ژماردنەو گومانی خراپ پێ بردنە.

بەڕێـــزان!

ویستم ئەو ڕوونکردنەوانە بدەم لە بارەی بڕگەی دووەمی پێناسەو نێوەڕۆکی ئەم سووڕەتەوە، کە شوێنی دابەزینی ئەم سووڕەتەیە، کە بەدڵنیایی ئەم سووڕەتە سووڕەتێکی مەککەییەو، بە مەدینەیی لە قەڵەمدانی هەر بەهۆی ئەو ڕیوایەتەوەیە کە باسمان کردو، ئەو ڕیوایەتەش ئەسڵ و ئەساسی نیەو، لەگەڵ پێگەو پلەی عەلی رضي الله عنه و تێگەیشتنی لە دین، هەروەها پێگەی فاتیمەی کچی پێغەمبەردا (خوا لێی ڕازی بێ)، ناگونجێ و، لە جیاتی ئەوەی مەدح بێ بۆ عەلی و فاتیمە خوا لێیان ڕازی بێ، زەم و کەم و کوڕییەکی گەورەیە، کەسێك دوو منداڵی نەباڵغیی خۆی کە تازە لە نەخۆشیی چاك بوونەوە، سێ شەوو سێ ڕۆژان برسی بکات و هیچیان نەداتێ، ئنجا ئایا ئەو کۆمەڵگایە کەسی تێدا نەبووە بەزەیی بەو منداڵانەدا بێ کە لە برسان نەمرن؟! کەواتە: جگە لەوەی ئەو گێڕدراوەیە هیچ سەنەدێکی نیە، لەگەڵ عەقڵ و زگماك و لۆژیك و، لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەریش ﷺ دا ناگونجێ.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمێرەرانی ئایەتەکانی قورئان، لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە، سی و یەك (٣١)ەو، هیچ مشتومڕیان لەو بارەوە نیە.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

ئـەم سـوورەتە لـە موصحەفـدا ڕیزبەندییەکـەی حەفتاو شـەش (٧٦)ە، لە سـوورەتی فاتیحـەوە کـە دێـی، ئـەم سـوورەتە حەفتـاو شـەش (٧٦)مینـە، لـە دابەزینیشـدا وا پێدەچێ ژمارەکـەی سـی (٣٠) یـان سـی و یـەك (٣١) بـێ، کەواتـە: جابیـری کـوڕی زەیـد کـە دەڵـێ: ژمارەکـەی نـەوەد و هەشـت (٩٨)ە، ڕاسـت نیـەو، بۆیـە ئـەو ژمارەیـەی دانـاوە، چونکـە بـە مەدینەیـی ئەژمـاری کـردوە، کـە واش نیـە وەك باسـمان کـرد، شـایانی باسیشـە: (ابـن مسـعود ﷺ) لـە ڕیزبەندیـی موصحەفەکەیـدا، لـە سـوورەتە مەککەییـە لـە پێشـەکانی ئەژمـار کـردوە و، ڕەنگـە ژمـارەی ڕیزبەندییەکـەی لـە سـی (٣٠)یـش کەمـتر بـێ.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە سێ تەوەری گرتوونە خۆی:

تـەوەری یەکـەم: خسـتنە ڕووی ئەو ڕاسـتییە کە مـرۆڤ لە دوای نەبـوون هێنراوەتە دی، بەمەبەسـتی تاقیکرانـەوەو لـە نوتفەیـەکی تێکـەڵ خـوا دروسـتیکردوەو، بیسـەرو بینـەری کـردوەو، ڕێـی ڕاسـتیشی پێشـان داوە، چ سوپاسـگوزار بـێ، چ ناسـوپاس، لـە ئایەتـەکانی: ١ و ٢ و ٣ دا.

تـەوەری دووەم: بـە کورتیـی باسـکردنی سـزای بێبڕوایـان و، بـە درێژیـی باسـکردنی پاداشـتی بـڕواداران و بەشـێك لـە کـردەوە باشـەکانیان، ئەمـە زۆربـەی سـوورەتەکەی گرتۆتـەوە، لـە ئایەتـەکانی: ٤ - ٢٢ دا.

تـەوەری سـێیەم: چەنـد ڕێنماییـەك بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە سـەرجەم پێنـج ڕێنماییـن و، ڕوونکردنـەوەی چەنـد ڕاسـتییەکیش ئەمیـش لـە نـۆ ئایەتـەکانی کۆتایـی: ٢٣ - ٣١ دا هاتـوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی هەن:

١- بەرچاوترین تایبەتمەندیی ئەم سوورەتە، بریتیە لە باسکردنی نازو نیعمەتەکانی بەهەشت، بەشێوازی تێکهەڵکێش، بە شێوازی لێککێشانەوە (**إطناب**) کە سەرجەم بیست و یەك (٢١) جۆرە نازو نیعمەتی بەهەشت بۆ چاکەکاران باسکراون، وەك دوایی سەرژمێریان دەکەین.

٢- دووەمین تایبەتمەندیی ئەوەیە کە چەند وشەیەك لەم سوورەتەدا هاتوون، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

١/ ﴿نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ﴾، لە ئایەتی (٢)دا.

٢/ ﴿كَافُورًا﴾، لە ئایەتی (٥)دا.

٣/ ﴿مُسۡتَطِيرٗا﴾، لە ئایەتی (٧)دا.

٤/ ﴿قَمۡطَرِيرٗا﴾، لە ئایەتی (١٠)دا.

٥/ ﴿زَمۡهَرِيرٗا﴾ ، لە ئایەتی (١٣)دا.

٦/ ﴿قَوَارِيرَاْ مِن فِضَّةٖ﴾، لە ئایەتی (١٦)دا.

٧/ ﴿زَنجَبِيلًا﴾، لە ئایەتی (١٧)دا.

٨/ ﴿سَلۡسَبِيلٗا﴾، لە ئایەتی (١٨)دا.

٩/ ﴿وَمُلۡكٗا كَبِيرٗا﴾، لە ئایەتی (٢٠)دا.

١٠/ ﴿شَرَابٗا طَهُورًا﴾، لە ئایەتی (٢١)دا.

١١/ ﴿وَشَدَدۡنَآ أَسۡرَهُمۡ﴾، لە ئایەتی (٢٨)دا.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی بۆ دوو دەرس:

ئێمە کۆی سی و یەك (٣١) ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە موبارەکە، بۆ دوو دەرسان دابەش دەکەین:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ٢٢)، کە هەردوو بابەتی یەکەم و دووەم دەگرنە خۆیان و، کە پێشتر باسمان کردن.

دەرسی دووەم: لە نۆ (٩) ئایەت پێك دێ، ئایەتەکانی: (٢٣ - ٣١)، کە بابەتی سێیەم دەگرێتە خۆی، کە بریتیە لە ڕوونکردنەوەی چەند ڕاستییەکی مەزن بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و، پێنج ڕێنمایی و ئامۆژگاریی، وێڕای سەرەنجامی کۆتایی بۆ هەرکام لە بڕواداران و بێبڕوایان، ئەمە پوختەی پێناسەو نێوەڕۆکی ئەم سووڕەتە بوو.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان دوو بابەتی گەورەو گرنگی گرتوونە خۆی، لە دووتوێی بیست و دوو ئایەتدا.

بابەتی یەکەمیان: کە لە سێ ئایەتی یەکەم دایە، خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە ماوەیەك تێپەڕیوە بەسەر مرۆڤدا، باسکراو نەبووە، واتە: لە دونیای واقیعدا بوونی نەبووە، دوایی خوا ﷻ لە نوتفەیەکی تێکەڵ دروستی کردوە، بە مەبەستی تاقیکردنەوە، بۆیە توانای بیستن و بینیی پێداوە، دوایی ڕاستەڕێی کردوە هەم لە ڕووی زگماکییەوە، هەم لەڕووی عەقڵەوە، هەم لە ڕووی وەحیی بۆ ناردنیشەوە، بە هۆی پێغەمبەرانەوە (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) کە سەرەنجام مرۆڤ یان سوپاسگوزار دەبێ، یان سپڵەو بێ ئەمەگ.

بابەتی دووەم: کە ئەم دەرسەمان گرتوویەتە خۆی، لە نۆزدە ئایەتی دوایی ئایەتەکانی: (٤ - ٢٢)، پێکدێ، خوا ﷻ لەو نۆزدە ئایەتەدا بە کورتیی باسی سزای بێبڕوایان دەکات، کە زنجیرو کۆت و پێوەندو ئاگری بە کڵپەی بۆ داناون. دوایی خوا ﷻ بە درێژیی دێتە سەر باسی پاداشتی چاکەکاران، کە کەمتر وایە لە قورئاندا هێندە باسی نازو نیعمەتەکان کرابێ بۆ چاکەکاران، کە وەك پێشتر گوتمان: خوا سەرجەم بیست و یەك (٢١) نازو نیعمەتی لەو نۆزدە ئایەتەدا خستوونەڕوو، وەك پاداشت بۆ چاکەکاران لە بەهەشتدا، سەرەتا باسی ئەو خواردنەوانەی دەیانخۆنەوە، پاشان وەك نێواخنێك بۆ ئەو نازو نیعمەتانە، خوا باسی سێ لە کردەوە باشەکانیان دەکات:

١- شتێکیان کە لەسەر خۆیان پێویست کردوەو لە خۆیانیان گرتوە، پێی وەفاداربوون.

٢- خواردن و خۆراکێك کە حەزیان لێکردوە، یان پێویستییان پێی بووە، بەخشیویانە بە نەدارو هەتیوو دیل و، لە دڵی خۆشیاندا گوتوویانە: کە ئەمە تەنیا لەبەر ڕەزامەندیی خواو لەبەر دیداری خوا پێتان دەدەین و، هیچ چاوەڕوانییەکمان لێتان نیە.

٣- باسی ترسی خۆیان کردوە لە ڕۆژێکی گرژو ناهەموار و سەخت و دژوار، خواش ﷻ لە بەرانبەر ئەوەدا لە خراپەی ئەو ڕۆژە چەپاڵەی داون و پاراستوونی و، وای لێکردوون تووشی ڕوو گەشیی و دڵخۆشیی بن.

ئنجا دووبارە دێتەوە سەر باسی ئەو نازو نیعمەتانەی پێیان دەدات لە بەهەشتدا، کە هەم باخیان پێدەدات، هەم پۆشاکی ئاوریشم و، پاڵدەدەنەوە لەسەر تەختەکان، کە لەوێدا نە خۆر دەبینن، نە سەرما دەبینن، لق و پۆپی درەختەکان بەسەریاندا شۆڕ بوونەوەو سێبەرەکەیان نزیکەو، میوەکەیان بە ئاسانیی دەچنرێ و، لاوانێکی تازە پێگەیشتوو بەسەریانەوە دەگەڕێن، بە قاپی زیوین و بە پەرداخی بلوورینەوەو، ئەو خواردنەوەیە تێیاندایە ئەندازەگیریی کراوە بەپێی ئارەزوویان، لەوێدا لە شەڕابێك دەخۆنەوە زەنجەبیلی لەگەڵ تێکەڵکراوە، کە لە سەرچاوەیەکە ئەو سەرچاوەیە پێی دەگوترێ: سەلسەبیل، لاوانێکی هەمیشە لاو بەسەرسەریانەوە دەگەڕێن، ئەگەر تۆ بیانبینی وا دەزانی گەوهەرو مرواریین پرژو بڵاو کراونەوە، ئەگەر تۆ ئەوێ، ببینی موڵك و قەڵەمڕەوێکی زۆر فراوان دەبینی، پۆشاکێك کە لەسەرەوە لەبەریان کردوە، هەم ئاوریشمی تەنکە، هەم ئاوریشمی ئەستووری سەوزەو، بە بازنەی زێڕ ڕازێنراونەوە، پەروەردگاریشیان خواردنەوەیەکی پاك و پاککەرەوەیان پێدەدات، پێشیان دەگوترێ: ئەمە پاداشتێکە دراوتانەتەوە، هەوڵ و کۆششی ئێوە نرخێنراو و سوپاسکراوە، ئەمە نێوەڕۆکی دەرسی یەکەمە کە لە بیست و دوو ئایەتەکانی: (١ - ٢٢) پێکدێ.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ هَلْ أَتَىٰ عَلَى الْإِنسَانِ حِينٌ مِّنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْئًا مَّذْكُورًا ﴿١﴾ إِنَّا خَلَقْنَا
الْإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا ﴿٢﴾ إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ
إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴿٣﴾ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَلَاسِلَا وَأَغْلَالًا وَسَعِيرًا ﴿٤﴾ إِنَّ
الْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِن كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ﴿٥﴾ عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ
يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا ﴿٦﴾ يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا ﴿٧﴾ وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ
حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾ إِنَّا
نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا ﴿١٠﴾ فَوَقَاهُمُ اللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ الْيَوْمِ وَلَقَّاهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا ﴿١١﴾
وَجَزَاهُم بِمَا صَبَرُوا جَنَّةً وَحَرِيرًا ﴿١٢﴾ مُّتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا
﴿١٣﴾ وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا ﴿١٤﴾ وَيُطَافُ عَلَيْهِم بِآنِيَةٍ مِّن فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ
قَوَارِيرَا ﴿١٥﴾ قَوَارِيرَ مِن فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ﴿١٦﴾ وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴿١٧﴾ عَيْنًا
فِيهَا تُسَمَّىٰ سَلْسَبِيلًا ﴿١٨﴾ ۞ وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا ﴿١٩﴾ وَإِذَا
رَأَيْتَ ثَمَّ رَأَيْتَ نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا ﴿٢٠﴾ عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٍ
وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا ﴿٢١﴾ إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمْ جَزَاءً وَكَانَ سَعْيُكُم مَّشْكُورًا ﴿٢٢﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. ئایا ماوەیەك لە کات بەسەر مرۆڤدا تێپەڕ بووە کە شتێکی باسکراو نەبوو؟ ﴿١﴾ ئێمە مرۆڤمان لە تۆویلکەیەکی ئاوێتە دروستکرد، تاقیدەکەینەوە (بۆیە) بە بیسەرو بینەرمان گێڕا ﴿٢﴾ ئێمە ڕێ (ی ڕاست)مان پێشان داوە، ئنجا یان سوپاسگوزار دەبێ یان سپڵەو ناسوپاس؟

(٣) ئێمە لە ڕۆژی دوایی دا بۆ (سزادانی) بێبڕوایان زنجیرو کۆت و پێوەندەکان و بڵێسە (ی ئاگر)مان ساز کردوە (٤) بە دڵنیایی چاکەکارانیش (لە بەهەشتدا) لە پێکێك (ی مەی) دەخۆنەوە کافووری ئاوێتەیە (٥) کانییەکە بەندەکانی خوا لێی دەخۆنەوەو، پێی تێراو دەبن، بە هەڵقوڵاندنێکی سەرسوڕهێنەر لە هەر جێیەکیان بوێ، هەڵیدەقوڵێنن (٦) (ئەوانە لە دنیادا عادەتیان وابوو) لە خۆگیراویان جێبەجێ دەکردو، لە ڕۆژێك دەترسان کە زیان (و مەترسیی)ەکەی بەربڵاوو گشتگیر بوو (بۆ سزاباران) (٧) خواردنێکیش کە خۆشیان دەویست دەرخواردی نەدارو هەتیوو دیلیان دەدا (٨) (لەبەر خۆشیانەوە دەیانگوت): تەنیا لەبەر دیداری ڕووی خوا (و ڕەزامەندییەکەی) دەرخواردتان دەدەین (بۆیە) هیچ پاداشت و سوپاسکردنێکمان لێتان ناوێ (٩) ئێمە لە لایەن پەروەردگارمانەوە مەترسیی ڕۆژێکی گرژ (و ترش و تاڵ)ی سەخت و بێزەزامان هەیە (١٠) ئنجا (بەهۆی ئەوەوە) خوا لە خراپەو زیانی ئەو ڕۆژە پاراستنی و گەشیی و شادمانیی پێدان (١١) لە سۆنگەی خۆڕاگرییشیانەوە باخێك (ی ناوازە) و (پۆشاکی) ئاوریشمی پێدان (١٢) (دەیانبینی) لەسەر تەختان پاڵیانداوەتەوە، لەوێدا (تیشکی) خۆرو سەرماو زوقم نابینن (١٣) سێبەرەکانی (لق و پۆپەکانی نێو باخەکە) لێیانەوە نزیکن (و بەسەریاندا شۆڕ بوونەوە)و میوەکانیشی بە دەستەمۆ کران، ئاسانکراون (بۆ لێکردنەوە) (١٤) دەفرە زیوینە (پڕ خۆراکە خۆش و بە تامەکان) و پەرداخە بلوورییە (پڕ شەڕابەکان)یان بەسەرەوە دەگێڕدرێن (١٥) پەرداخە بلوورییە زیوەکان خواردنەوەکەیان بەڕێکیی تێدا ئەندازەگیریی کراوە (هەر کەسە بە ئەندازەی ئارەزووی) (١٦) هەروەها پێکێك (ی مەی)یان پێ دەنۆشرێ، زەنجەبیلی ئاوێتە کراوە (١٧) کانییەکی تێدایە پێی دەگوترێ: سەلسەبیل (١٨) لاوانێکی بەلاویی هێشتراوە (بۆ خزمەتکردن) بەسەریانەوە دەگەڕێن، کاتێك دەیانبینی بە گەوهەری پڕژاویان تێدەگەی (١٩) ئەگەر ئەوێش ببینی، موڵك و قەڵەمڕەوێکی گەورە (و فراوان) دەبینی (٢٠) پۆشاکی ئاوریشمی سەوزی

تەنك و ئەستووریان پۆشیوەو، بە بازنە زیوینەکان ڕازێنراونەوەو، پەروەردگاریان خواردنەوەیەکی پاك و پاککەرەوەی داونێ ﴿٢١﴾ بێگومان (ئەی بڕوادارینە!) ئەمە پاداشتی ئێوەیەو، هەوڵ و کۆششتان (لە ژیانی دنیادا) سوپاسکراوو نرخێنراوە ﴿٢٢﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(حِينٌ): (هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ)، (**الحِيْنُ: وَقْتُ بلُوغُ الشَّيءِ وَحُصُولِه، وَهُوَ مُبهَمُ المَعنَى وَيَتَخَصَّصُ بالمُضَاف إلَيهِ**)، (**الحِينُ: الزَّمَانُ المُطْلَق**)، وشەی (**حِين**) کاتی پێگەیشتنی شتێکە، (**حِين**) مانایەکەی نەزانراوە، بەڵام تایبەت دەکرێ بەوەوە کە پاڵ دەدرێتە لای، هەروەها وشەی (**حِين**) بە مانای کاتی ڕەهاش بەکارهاتوە.

(ٱلدَّهْرِ): (**الدَّهْر: إسْمٌ لِمُدَّةِ العَالَمِ مِن مَبْدَءِ وجُودِ إلَى انقضائِهِ**)، وشەی (**دَهر**): ناوە بۆ کاتی تەمەنی دنیا لە سەرەتایەوە تاکو کۆتایی دێ، (**ثُمَّ يُعَبَّرُ بِهِ عَنْ كُلِّ مُدَّةٍ كَثِيرة**)، دوایی (**دَهر**)، بەکاردەهێنرێ بۆ هەر ماوەیەکی زۆر.

(أَمْشَاجٍ): (**أَخْلاَطٍ مِنَ الدَّم**)، (**أمْشَاج**)، چەند شتێکی تێکەڵ لەخوێن، (**أَمْشَاج**) کۆی (**مَشِيج**)ە، وەك چۆن (**أَخْلاَط**)، کۆی (**خَلِيط**)ە، واتە: چەند شتێکی تێکەڵ و پێکەوە ئاوێتەکراو، لێرەدا دەڵێ: چەند تێکەڵەیەك لە خوێن، ئەوەش یەکێکە لە واتایەکان، ئەگەرنا دەگونجێ مەبەست لە (**أمْشَاج**)، تێکەڵبوونی ئاوی پیاوو ئافرەت بێ، کە بە هەردووکیان نوتفە پێك دێنن و مرۆڤ لەوە دروست دەبێ، لە نێو منداڵدانی ئافرەتدا گەشە دەکات و بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ، دەگوترێ: (**مَشَجَ، يَمْشُجُ، مَشْجاً، أي: خَلَطَهُ، وَمَشَجَ بَيْنَهُمَا: خَلَطَ**)، (**مَشَجَ، يَمْشُجُ، مَشْجاً، أي: خَلَطَ، يَخْلُطُ خَلْطاً**)، تێکەڵیکرد، تێکەڵ دەکات، تێکەڵکردن، (**وَمَشَجَ بَينَهُما أي: خَلَطَ**)، واتە: دوو شتی پێکەوە تێکەڵکردن.

(أَعْتَدْنَا): (أَعْـدَدْتُ هَـذَا لَـكَ أَي: جَعَلْتُـه بِحَيـثُ تَعُـدُّهُ وَتَتَناوَلُـه بِحَسَـبِ حاجَتِـكَ إِلَيْـهِ، وَأَعْتَدنـا أَي: هَيَّئنـا)، (أعْتَدْنَـا)، دەگوتـرێ: (أَعـدَدتُ هَـذَا لَـكَ) ئـەو شـتەم دانـاوە بیژمێـری و بەپێـی پێویسـتیی خـۆت دەسـتی بگەیەنیـەو لێـی بەهرەمەنـد بی، بۆیـە (أعْتَدْنَـا) لەگـەڵ (أعدَدْنَـا) یـەك واتایـان هەیـە، بەمانـای (هَيَّئنَـا) واتـە: ئامادەمـان کـرد، سـازمان کـردوە.

(مِزَاجُهَا): (المِـزَاجُ: مـا يُمْـزَجُ بِـهِ، مَـزَجَ الـشَّرَابَ، أَي: خَلَطَـهُ) (مِـزاج)، شـتێکە لەگەڵـی تێکـەڵ دەکـرێ، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مِزَاجُهَا كَافُورًا ﴾، واتـە: ئـەوەی لەگەڵـی تێکەڵکـراوە (کافـوورە)، شـەرابەکە هەیـە، بـەڵام ئەندازەیـەك کافـووری لەگەڵـدا تێدەکـرێ، دوایـی لـە شـوێنی دیکـە دەفەرمـوێ: ﴿ كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴾، یانـی: جارێـك کافـوور تێکـەڵ بـە شـەرابەکەیان دەکـرێ، جارێـك زەنجەبیـلی تێکـەڵ دەکـرێ، کـە دوایـی بـاسی هـەرکام لـە کافـوورو زەنجەبیـل دەکەیـن و پێناسـەیان دەکەیـن دەگوتـرێ: (مَـزَجَ الـشَّرَابَ أَي خَلَطَـهُ)، واتـە: تێکەڵـی خواردنەوەکـەی کـرد.

(كَافُورًا): (الكَافُـورُ: أَكْـمَامُ الثَّمَـرَةِ أَي: الَّتِـي تُكفِـرُهُ، ثَمَـرُ الكافُـورَ الَّـذِي هُـوَ مِـن طِيـبٍ)، (كَافُـور): لـە ڕووی زمانەوانییـەوە بـە دوو واتایـان هاتـوە:

أ- بەو گوڵە دەگوترێ کە لە درەخت، پەیدا دەبێ و دوایی دەبێتە میوە، کە گوڵ دەکات، گوڵەکە پێی دەگوترێ: (كَافُور).

ب- جۆرێکە لە بۆنی خۆش.

(يُفَجِّرُونَهَا): ئاوەکـە ڕادەکێشـن، (الفَجـرُ: شَـقُّ الـشَّيء شَـقاً واسِـعاً، كَفَجـرِ الإنسـانِ السِّـكرَ، وَهُـو مـا يُسَـدُّ بِـهِ النَّهـرُ)، (فَجْـر): ئەوەیـە شـتێك لـەت بکـرێ بـە لەتکـردن و لێـك جیاکردنەوەیـەکی فـراوان، وەك ئـەوەی مـرۆڤ ئـەو شـتەی بـەری ئـاوی پـێ دەگـرێ، بیتەقێنـێ و شـەقی بـکات بـۆ ئـەوەی ئاوەکـە بـێ، (سِـكْر) (مـا يُسَـدُّ بِـهِ النَّهـرُ)، (سِـكْر) ئەوەیـە بـەری جۆگەلـەی پـێ دەگیـرێ، ئەوانەی خـاوەن بـاخ و خاوەن کشـتوکاڵن و ئاودێریـی دەکـەن دەزانـن، جـاری وایـە ئـەو ئـاوەی لـە جۆگەلەیەکـەوە

دێ، لە بناوانێ دەبێ شتێکی تێباوێی بۆ ئەوەی بەری بگرێ و ئاوەکە نەیەت، ئەگەر پێویستییت پێی نەبێ، ئنجا کە ویستت ئاوەکە بەردەیەوە ئەو پەرچە لادەبەی، یاخود شەقی دەکەی، ئەوە پێی دەگوترێ: (**سِکر**)، ئەو پەرچەی ئاوەکەی پێ دەبەسترێ، (**فَجر**)یش ئەوەیە کە ئەوەی ئاوەکەی پێ بەستراوەو بەری پێ گیراوە، لایبەری، یان شەقی بکەی.

(يُوفُونَ بِالنَّذْرِ): واتە: ئەوەی لەخۆیان گرتوە، جێ بەجێی دەکەن، (**الوَافِي: الَّذِي بَلَغَ التَّمَام**)، (**وَافِي**): ئەوەیە گەیشتبێتە حاڵەتی تەواو بوون، دوایی ئێمە پێناسەی (**نَذر**) دەکەین لەڕووی زاراوەی شەرعییەوە، هەر لە ڕووی زمانەوانییەوەش: (**النَّذرُ: أَنْ تُوجِبَ عَلَى نَفْسِكَ ما لَيسَ بِواجِبٍ لحُدُوثِ أَمرٍ**)، (ئەمە یەکێکە لە پێناسەکان) (**نَذر**) ئەوەیە شتێك لەسەر خۆت پێویست بکەی لە ئەصڵدا پێویست نیە، بەهۆی ڕوودانی کارێکەوە، تۆ شتێك لەسەر خۆت پێویست دەکەی تاکو خوا ﷻ بەڵایەکت لەکۆڵ بکاتەوە، یاخود نیعمەتێکت بۆ بێنێتە پێش.

(مُسْتَطِيرًا): (**يُقَالُ فَجرٌ مُستَطِير أَي: فاشٍ، وَغُبارٌ يُستَطارُ أَي: يَنتَشِرُ**)، (**مُستَطِير**) واتە: بڵاوبووەوە، پەرە گرتوو، تەشەنە سەندوو، دەگوترێ: (**فَجرٌ مُستَطِير**) واتە: سپێدەیەك شەبەق و ڕووناکییەکەی بڵاوبۆتەوە (**فاشٍ**)، (**فَشَى، يَفشُو، فَهُوَ فاشٍ**)، واتە: بڵاو بۆوە (**وَغُبارٌ يُستَطارُ**) تۆزو خۆڵێك یان تۆزو گەردێك کە بڵاودەکرێتەوە.

(عَبُوسًا): (**العُبُوسُ: قُطُوبُ الوَجْهِ مِن ضِيقِ الصَّدْرِ**)، (**عَبُوس**) ڕووتاڵ، ڕووگرژ، (**عُبوس**) بریتیە لە ڕوو گرژ بوون لە ئەنجامی سینە تەنگ بووندا، مرۆڤ کە ڕووی گرژ دەبێ، لەبەر ئەوەیە خەفەتێك و ناڕەحەتییەکی هەیە.

(قَمْطَرِيرًا): (**القَمْطَرِيرُ: الشَّدِيدُ**)، (**قَمطَرِير**) و (**قَمَاطِير**)، بە مانای توندو سەخت دێ و، بە مانای ئەو پەڕی ڕوو گرژیی دێ.

(وَلَقَّىٰهُمْ): (لَقِيْتُ بِهِ كَذَا استَقبَلتُهُ بِهِ، لَقَّاهُم: أَي أَعْطَاهُم، أَو جَعَلَهُم يَلقَونَ)، (لَقِيْتُ بِهِ كَذَا)، پێشـوازییم لـێ کـرد بـەو شـتە، (لَقَّاهُـم: أَي أعطاهُـم)، پێیـدان (لَقَّاهُـم: أَي جَعَلَهُـم يَلقَـونَ)، وای لێکـردن تـووشی ئـەوە بـبن، یـان ئـەو شـتە وەدەسـت بێنـن، کەواتـە: ﴿وَلَقَّىٰهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا﴾، یانـی: خـوا وای لێکـردن ڕوو گەشـیی و دڵخۆشـییان بـۆ بڕەخسـێ.

(نَضْرَةً وَسُرُورًا): (النَّضْرَةُ: الحُسْنُ كَالنَّضارَةِ)، جوانیـی و بـە ڕەونەقیی، (وَنَضرَةُ النَّعيم: رَونَقُـهُ، وَنَضَرَ وَجهُـهُ نَضْرةً، فَهُوَ نـاضِرٌ)، (نَـضرَةُ النَّعِيـم) واتـە: جوانیـی و بەدەویـی کـە بەهـۆی نـازو نیعمەتـەوە لـە مرۆڤـدا ڕەنـگ دەداتـەوە، دەگوتـرێ: (نَـضَرَ وَجْهُـهُ نَـضْرَةً فَهُـوَ نَـاضِرٌ)، ڕووی دروەشـایەوەو گەشـایەوە، ئـەو ڕوو گـەش و ڕوو خۆشـە، (السُّرُورُ: مـا يَنكَتِمُ مِنَ الفَـرَح)، (سُرُور): بریتیـە لـەو شـادمانییەی شـێردراوەیە لـە دەروونی مرۆڤـدا.

(مُتَّكِـِٔينَ): (المُتَّـكَأُ: المَـكَانُ الَّـذِي يُتَّـكَأُ عَلَيْـهِ)، (مُتَّـكَأ): ئـەو شـوێنەیە شـانی لەسـەر دادەدرێ، لەسـەری پاڵدەدرێتـەوە، (إِتِّـكاءٌ: جِلسَـةٌ بَـينَ الجُلُـوسِ وَالإضطِجـاعِ يَسْـتَنِدُ فِيـهِ الجالِـسُ عَـلَى مِرفَقِـهِ وَجَنبِـهِ وَيَمُـدُّ رِجلَيـهِ)، (إِتِّـكاء): دانیشـتنێکە لـە نێـوان دانیشـتن و پاڵکەوتـن (ڕاکشـان)دا، بابـای دانیشـتوو سـەنگ دەداتـە سـەر ئانیشـکی و سـەر تەنیشـتی و لاقەکانیـشی ڕادەکێشـێ، بە کوردیی دەڵێین: شـان دادان، یاخـود پاڵدانەوە، بـەڵام ئەگـەر ڕابکشـێ، دیـارە لەسـەر تەنیشـت یـان لەسـەر پشـت ڕاکشـاوە.

(عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ): (أَرَائِـك) کـۆی (أَرِيكَة)یـە، (أَرِيكَـة) پێشـتریش لە تەفسـیری سـوورەتی (الواقعـة)دا وردتـر پێناسـەمان کـردوە، (سَرِيـرٌ عَلَيـهِ وِسَـادَةٌ وعليهـا سِترٌ وَهُـوَ حَجَلَتُـهُ)، (أَرِيكَـة) بریتیـە لـە تەختێـك کـە باڵنجێـکی لەسـەر بـێ و، پەردەیـەکی بەسـەرەوە بـێ کـە پێـی دەگوتـرێ: (حَجَلَـة).

(زَمْهَرِيرًا): (الزَّمهَرِيـرُ: الـبَردُ القَـوِيُّ وَشِـدَّةُ الـبَرد)، (زمهريـر) بـە سـەرمای زۆرو، بـە بـە زوقـم دەگوتـرێ، سـەرمایەکی سـەخت، بـە کوردیـی دەگوتـرێ: سـەرماو زوقـم.

(وَدَانِيَةً): (أَي: قَرِيبَـةً)، نیزیکـن، (ظِلَالُهـا) سـێبەرەکان، کـە سـێبەرەکانی لـق و پۆپەکانـن، کەواتـە: لـق و پۆپـەکان نیزیکـن و شـۆڕبوونەوە بەسـەریاندا.

(وَذُلِّلَتْ): (ذُلِّلَـت: أَي: سُـهِّلَت)، ئاسـانکراون و دەسـتەمۆ کـراون میوەکانیـان بەسـێنایی دەچنرێـن.

(قُطُوفُهَا): (قُطُـوف) کـۆی (قِطـف)ە، ئەویـش ئەوەیـە کـە دەچـنرێ، (قَطْـف) بریتیە لـە پڕۆسـەی چنینەکـە، بـەڵام (القِطـف: المَقطُـوف) ئـەوەی دەچـنرێ و لێدەکرێتـەوە لـە میـوە، (قُطُـوف: جَمـعُ قِطـف، مـا يُجنَـى مِـنَ الشَّـجَرَة)، (قطـوف) ئەوەیـە کـە لـە درەختەکـە دەچـنرێ و لێدەکرێتـەوە لـە میوەکـەی.

(بِئَانِيَةٍ): (آنِيَـة: جَمـعُ إنـاء، مـا يُوضَـعُ فِيـه الـشَّيءُ، وَجَمـعُ الجَمـعُ أَواني)، (آنِيَـة) کـۆی (إنـاء)ە، (إنـاء) بـە کوردیـی دەڵێیـن: قـاپ، جـام، دەفـر، هـەر شـتێکە شـتێکی تێبکـرێ، بەزۆریـی بـۆ قـاپ بەکاردەهێـنرێ، کـە شـتێکی خەسـت و تونـدی تێبکـرێ وەك میـوە، یـان خـواردنی دیکـە، بـەڵام کـووپ و پـەرداخ ئەوانـەن شـتی شـلەمەنییان تێبکـرێ، شـەرابە ئـاوە هەرچـی هەیـە، (إنـاء) تاکـە، واتـە: قـاپ، دەفـر، جـام، بـە (آنِيَـة) کۆدەکرێتـەوە، بـەڵام (أَوانِي) کـۆی کـۆ: (جَمـعُ الجَمـع)ە.

(وَأَكْوَابٍ): (أَكـوَاب: جَمـعُ الكُـوب قَـدَحٌ لَا عُـروَةَ لَـهُ)، (أَكْـوَاب) کـۆی (کُـوب)ە، کـە بریتیـە لـە جامێـك، یـان پەرداخێـك هەنگڵـی نەبـێ، دەسـتەگیرەی نەبـێ، دەسـتی بگیـرێ.

(قَوَارِيرَا۠): (قَوَارِيـر: جَمـعُ قـارُورة)، (قَوَارِيـر) کـۆی (قارُورَة)یـە، (قـارُورَة) بـە شووشـە دەگوتـرێ، بـە شـتی ڕوون و بلووریـی دەگوتـرێ، (القَـارُورَةُ: وِعَـاءٌ مِـنَ زُجَـاجٍ تُحْفَـظُ فِيـهِ السَّـوَائِلُ وَوِعَـاءُ الطِّيـبِ)، (قـارُورَة) کۆیەکـەی (قَوَارِيـر)ە، دەفرێکـە لـە شووشـە، شـتی شـلەمەنیی تێـدا دەپارێـزرێ، هەروەهـا ئـەوەی بـۆنی خـۆشی تێـدا دەپارێـزرێ: شووشـەی گـوڵاو، شووشـەی میسـك.

(كَأْسًا): (الـكَأْسُ: القَـدَحُ مَـادَامَ فِيـهِ الخَمْـر)، (كَأس) پەرداخێکـە مـەی تێدابـێ و مێینـەی مەجازییـە، هەروەهـا (كَأس) بـە خـودی مـەی و شـەڕابەکەش دەگوتـرێ.

(زَنجَبِيلًا): (الزَّنجَبِيـلُ: نَبَـاتٌ مِـنَ الفَصِيلَـةِ الزَّنجُبارِيَّـةِ لَـهُ عُـرُوقٌ غِـلاظٌ تَـضْرِبُ فِي الأَرضِ حرِّيفَـةُ الطَّعـم)، (زَنجبيـل): ڕووەکێکـە لـە جـۆری ڕووەکـە زەنجبارییـەکان (لـە وڵاتی زەنجبـار هـەن) ڕەگـی گـەورەی هـەن بـە زەویـدا دەچنـە خـوار، تامەکـەی تیـژە، (شـێوەی بیبـەر).

(سَلْسَبِيلًا): (السَّلْسَـبِيلُ: الـشَّرَابُ السَّـهْلُ المـرور فِي الحَلـقِ لعُذُوبَتِهِ، وَالسَّلسَـبِيلُ: الخَمرُ، وَسَلسَـبِيلُ: إِسـمٌ عَـينٍ فِي الجَنَّـةِ، أَو وَصـف لِـكُلِّ عَـينٍ عَذْبَـةٍ سَرِيعَـة الجـري)، وشـەی (سلسـبيل): زانایـان بەچەنـد واتایەکیـان لێکداوەتـەوە،

یەکەم: خواردنەوەیەکە بە ئاسانیی لە گەروو دەچێتە خوار، بەهۆی شیرینی و زوڵاڵییەوە، ئەمە مانا ئەسڵییەکەیەتی، لە (سَلس)ە هاتوە.

دووەم: سەلسەبیل جۆرێکە لە مەی (شەڕاب).

سێیەم: سەرچاوەیەکە لە بەهەشت.

چوارەم: ناوە بۆ ئاوی هەر کانیاوێك کە بە خێرایی دەڕوات و شیرن و زوڵاڵە.

(وِلۡدَٰنٞ): (وِلْـدَان) کـۆی (وَلِيـد)ە، بـە خزمەتـکاری گەنـج ولاو دەگوتـرێ کـە تـازە دەگاتـێ، لەبـەر ئـەوەی تەمەنەکـەی لـە لـە دایـك بوونـەوە نیزیکـە، نـەك تـازە لـە دایـك بووبـێ، کـە بەکەڵـکی خزمەتکـردن نایـەت، بەڵکـو مەبەسـت لاوی تـازە پێگەیشـتوویە.

(مُّخَلَّدُونَ): (مُخَلَّـد) هێڵـدراوە، ئاشکراشـە هەمـوو ئەوانـەی لـە بەهەشـت دان، دەهێڵدرێنـەوە، بـەڵام مەبەسـت ئەوەیـە بـە گەنجیـی و لاویـی دەهێڵدرێنـەوەو ناکەونـە تەمەنـەوە.

(**لُؤۡلُؤٗا مَّنثُورٗا**): (اللُّؤلُـؤُ: الـدُّرُّ، وَهُـوَ يَتَكَـوَّنُ فِي الأَصـدافِ مِـن رَوَاسِـبَ أَو جَوَامِـدَ صَلبَـةٍ لَمَّاعَـةٍ مُسـتَدِيرَةٍ فِي بَعْـضِ الحَيْوَانَـاتِ الدُّنِيَـا مِـنَ الرَّخَوِيَّـات، وَاللُّؤلُـؤُ: جَمـعٌ والمفـرد: لُؤلُـؤَة، وَتُجمَـعُ اللُّؤلُـؤَةُ بِـا لَئَـالِيء)، لـە قورئانـدا وشـەی (**لُؤلُـؤ**) هاتـوە، (**لُؤۡلُؤٗا مَّنثُورٗا**)، (**لُؤلُـؤ**) بەمانـای گەوهـەر دێ، لـە نێـو قۆزاخـان دا لـە مـاددە نیشـتوو و ڕەقـەکان کـە بریقـەدارن دروسـت دەبـێ، شـێوەیەکی خـڕ وەردەگـرێ، لـە هەندێـك لـە ژیانـدارە نەرمـەکان دا کـە لـە دەریاکانـدا هـەن، پێشـتریش باسـمان کـردوە لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە ئـەو ژیانـدارە مەترسییەکی بـۆ دێ، جـۆرە ماددەیـەك دەڕێـژێ لیکێـك بـۆ خـۆ پاراسـتن و لـە ئەنجامـدا، ئـەو لیکـە بـە دەوری ئـەو تەنـە نامۆیـەی هاتۆتـە نێـو جەسـتەیەوە، قەتماغـە دەبەسـتێ و دەبێتـە ئـەو گەوهـەرە، کـە دوایـی دەیبینیـن بـە نرختریـن شـتە لـەو شـتانەی تاکـو ئێسـتا لـە دەسـتی مرۆڤـدا هـەن، وشـەی (**لُؤلُـؤ**) کۆیـەو تاکەکـەی (**لُؤلُؤَة**)یـەو، بـە (**لَئَالِيء**)یـش کـۆ دەکرێتـەوە.

(**عَٰلِيَهُمۡ**): (**عَـلَى فِي الإرتِفَـاعِ فِي الأَمْكِنَـةِ وَالأَجْسَـامِ، عَالِيَهُـم أَي: فَوْقَهُـم**)، هـەم بـە (**عَالِيَهُـم**) هـەم (**عَالِيهِـم**) خوێنراوەتـەوە، وشـەی (**عـلى**) بـە مانـای بەرزبـۆوە، بـۆ شـوێنەکان و بـۆ جەسـتەکان بەکاردەهێـنرێ، کەواتـە: (**عَٰلِيَهُمۡ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضۡرٞ وَإِسۡتَبۡرَقٞ**) واتـە: لەدیـوی دەرەوەیـان لەسـەر پۆشـاکیان پۆشـاکی ئاوریشـمی تەنـك و ئەسـتووری سـەوز هەیـە.

(**سُـندُس وَإِسـتَبرَق**): ئاوریشـمی تەنـك و ئەسـتوور، تەنکەکـە (**سـندس**)ی پـێ دەگوتـرێ و ئەسـتوورەکە (**إِسـتَبرَق**)ی پـێ دەگوتـرێ، کـە لـە (سـتبرك)ی فارسـییەوە هاتـوەو بـە کوردییـش دەڵێـن: ئەسـتوور.

(**وَحُلُّوٓاْ**): (**جُعِـلَ لَهُـم حُـلِيٌّ**)، واتـە: بۆیـان کـرا بـە خشـڵ، (**وَحُلُّوٓاْ أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٖ**) واتـە: ڕازێندرانـەوە، بۆیـان کـرا بـە خشـڵ، بازنـە زیوینـەکان.

(أَسَاوِرَ): کـۆی (أَسـوِرَة)یە، ئەویـش کـۆی (سِـوَار)ە، بـە مانـای بـازن، کەواتـە: (أسَاوِرَ): کـۆی کۆیـە، خـوا ﷻ لێـرەدا بـۆ پیـاوان و ئافرەتـان ئـەم تەعبیـرە بەکاردێنـێ کـە بـە بـازنی زیوییـن دەڕازێنرێنـەوە، لـە هەندێـك شـوێنی دیکـەدا فەرموویـەتی: بـازنی زێـڕ، یـان بـە گەوهـەر دەڕازێنرێنـەوە، هەندێـك لـە زانایـان وەك پێشـتریش بـاسی ئەوەمـان کـردوە، گوتوویانـە: واتـە: هاوسـەرەکانیان (ژنەکانیـان) دەڕازێنـەوە بـە بـازنی زێـڕو زیـوو بـە گەوهـەر، وایانزانیـوە کـە وەك چـۆن زێـڕو زیـو لـە پیـاوانی ئۆممـەتی پێغەمبـەر ﷺ لـە دنیـادا قەدەغەیـە، بەهەشـتیش وەك دونیایـە! بـەڵام لـە بەهەشـتدا هەرچـی لـە دونیـادا قەدەغـە بـووە لـە نـازو نیعمەتـەکان، هەمـووی ڕەوایـە، یەکێـك لەوانـە شـەڕاب، کـە لـە دونیـادا قەدەغەیـە لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ سـەرخۆش دەکات و سـەر ئێشـە و دەرهاویشـتەی خراپـی هەیـە، بـەڵام شـەڕابی بەهەشـت خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: ﴿ لَّا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ ﴿١٩﴾ ﴾ **الواقعـة**، نـە سەرئێشـەی پـێ دەگـرن، نـە عەقڵیـشی پـێ لەدەسـت دەدەن، کەواتـە: لێـرە کـە بـاسی بـازنی زیـو دەکات و، لـە شـوێنی دیکـە بـاسی بـازنی زێـڕ دەکات، بـۆ پیـاوان و ئافرەتانیشـە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ ئـەم سـوورەتە موبارەکـەش وەك تێکـڕای سـوورەتەکانی دیکـەی قورئـان، بـەو ڕستە موبارەکـە دەسـت پێـدەکات: ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، جگـە لـە سـوورەتی (التوبـة) (البرائـة) کـە ئـەو ڕسـتە موبارەکـەی لەپێشـەوە نیـە:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، مەبەسـتیش ئەوەیـە:

١ - ئەم کارە تەنیا بە ناوی خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم

ئنجـا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا ﴾، ڕواڵـەتی واتایەکـەی ئاوایـە: ئایـا بەسـەر مرۆڤـدا هاتـوە ماوەیـەك لـە کات کـە شـتێکی باسـکراو نەبووبـێ؟ بـەڵام زانایـان لەسـەر ئـەوە یەکدەنگـن کـە ﴿ هَلْ ﴾، هەرچەنـدە ئامـڕازی پرسـیار کردنـە (أَداةُ الإِستِفهام)، بـەڵام لێـرەدا مەبەسـت پێـی پرسـیار کردنێـك نیـە کـە لـە بەرانبەریـدا چاوەڕوانیـی وەڵام بکـرێ، بەڵکـو پرسـیار کردنێکـە کـە لایەنـە بەرانبەرەکـە دانی پێـدا بێنـێ. (إِستِفهامٌ تَقرِيـري)، واتـە: لایـەنی بەرانبـەر ناچـارە دانی پێـدا بێنـێ، (إِقـرار) واتـە: دان پێـدا هێنـان، بـەڵام (تَقرِيـر) یـانی: بەرامبەرەکـەت وا لێبکـەی دانی پێـدا بێنـێ. (دانپێپێداهێنـان)، هیـچ کەسـیش نکووڵیـی لـەوە نـاکات کـە کاتێـك بـووە مـرۆڤ نەبـووە، چ وەك تـاك تـاکی مرۆڤـان، چ وەك تێکـڕای مرۆڤـان، هەڵبەتـە بـەر لـەوەی زانسـت بـەرەو پێشـەوە بچـێ کاتی خـۆی لـە ڕۆژگارانی زوودا، ئەوانـەی پێیـان گوتـراوە: (الدهريـون) یـان (زنادقـة)، کـە

ئێستا پێیان دەگوترێ: (الملحدون)، ئەوانە پێیان وابووە کە مرۆڤ لەسەر زەوی هەر بووەو بێ سەرەتایە، بەڵام زانستی ئێستا گاڵتەی بەو قسەیە دێ، بەڵکو گاڵتەی بەوەش دێ کە بڵێی زەویش هەر بوو (أزلي) بووە، زەویش تەمەنێکیان بۆ دیاریکردووەو دەڵێن: زەوی دەوری چوار ملیارو هەشتسەد ملیۆن ساڵ لەوەو پێش لەخۆر جیا بۆتەوە، بەڵکو خۆریش بەهەمان شێوەو دەڵێن: دەوری پێنج ملیار (٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠) ساڵ لەمەو پێش پەیدابووە، بەڵکو گەردوونیش و دەڵێن: سێزدە ملیارو حەوتسەد هەشتسەد ملیۆن ساڵ لەمەو پێش، لە شتێکی زۆر بچووکەوە بەناوی: تاکی گەردوونیی، هێلکەی گەردوونیی، تۆوی گەردوونیی، بە ئینگلیزیی پێی دەڵێن: (سینگۆلاریتی sungolarity)، تەقیوەتەوەو گەردوونی لێ دروست بووە، ئەوەش پێی دەگوترێ: بیردۆزەی تەقینەوەی مەزن، (**نظرية الإنفجار العظيم**) (**bing bang**) کە نوێترین و پشت پێ بەستراوترین بیردۆزەیە بۆ دروستبوونی گەردوون و سەرەتای گەردوون، کەواتە: ئەم گەردوونە کاتێک بووە هیچی هەر نەبووە، نەک تەنیا خۆر و کۆمەڵەی و خرۆکەی زەوی، چ جای مرۆڤ[1]، ئەوانە هەموویان نەبوون (**عدم**) پێش بوونیان کەوتووە.

بۆیە هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ﴿ هَلْ ﴾، بەمانای (قَد)ە، یانی: (**قَد أَتَى عَلَى الإنسانِ حِينٌ مِنَ الدَّهرِ**)، بە دڵنیایی کاتێک بەسەر مرۆڤدا تێپەڕیوە ﴿ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا ﴾، شتێکی باسکراو نەبووە، وەک کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (ناوی لە کوولەکەی تەڕدا نەبووە)، یانی: بوونی نەبووە، شتێک کە بوونی نەبوو، ناویشی نابێ و باسیش ناکرێ.

﴿ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ ﴾، ئێمە مرۆڤمان لە نوتفەیەکی تێکەڵ (ئاوێتە) دروستکردوە، تاقیدەکەینەوە، ﴿ فَجَعَلْنَـٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴾، بۆیە گێڕاومانە بە بیسەر و بینەر، مرۆڤ لە نوتفەوەوە هاتووە (**نطفة**)ش بە: (**مَاءٌ**

---

(١) پێشتیش باسمان کرد، ڕاسترین ڕاو بیردۆزیش لەبارەی پەیدابوونی مرۆڤەوە لەسەر زەوی، ئەوەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٠٠٠ ١٠٠-٠٠٠ ٣٠٠) ساڵ پێش ئێستا.

قَلِيـل)، ئاوێـکی کـەم (تنۆکـە ئاوێـك)، ماناکـراوە، کـە ئێسـتا زانسـت دەریخسـتوە مـرۆڤ لـە هەمـوو تنۆکـە ئاوەکـەش دروسـت نابێـت، هـەر وەك پێغەمبەریـش ﷺ فەرموویـەتی: {**مَـا مِـنْ كُلِّ الْـمَاءِ يَكُـونُ الْوَلَـدُ، وَإِذَا أَرَادَ اللَّـهُ خَلْـقَ شَيْءٍ لَـمْ يَمْنَعْـهُ شَيْءٌ**} (**أخرجـه مسـلم: ٣٦٢٧**)، لـە هەمـوو ئاوەکـە مـرۆڤ دروسـت نابـێ، هەرکاتێکیـش خـوا شـتێکی ویسـت هیـچ شـتێک ڕێـی لـێ ناگـرێ. بەڵکـو لـە بەشـێکی زۆر کەمـی، دروسـت دەبـێ زیندەوەرێکـی تۆویـی (**حَيـوانٌ مَنَـوِي**) و هێلکۆڵـەی نێـو ئـاوی ئافـرەت (**بُوَيضَـة**)، ئـەو دووانـە یەکدەگـرن و نوتفەیـان لـێ پێـك دێ، ئـەو نوتفەیـەش دەچێتـە نێـو منداڵدانـەوەو لەوێـدا قۆناغـەکانی: (**نُطفَـة**) و (**علقَـة**)و (**مُضغَـة**) و ... هتـد، ئـەو قۆناغانـە هەموویـان دەبـڕێ و دوایـی دەبێتـە کۆرپەلـە (**جنين**)و لـە دایـك دەبـێ، وەك لەسـەرەتای تەفسـیری سـوورەتی (**المؤمنـون**)دا، باسـێکی تـا ڕاددەیـەك تێـرو تەسـەلمان لەبـارەی چۆنیەتیـی دروسـتبوونی مرۆڤـەوە کـردوە، هـەم ئـادەم و هـەم حـەووا و هـەم وەچەکەیـان.

﴿ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ ﴾، ئێمـە ڕێیەکەمـان پێشـان دا، واتـە: ڕێـی ڕاسـتمان پێشـان داوە ﴿ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴾، ﴿ إِمَّا ﴾، بـۆ درێـژەدان بـە قسـەو ڕوونکردنـەوەی قسـە بەکاردەهێـنرێ، ﴿ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴾، یـان سوپاسـگوزار دەبـێ، یـان سـپڵەو ناسـپاس دەبـێ، ئەگـەر ئـەو ڕاسـتە ڕێیـەی خـوا پێشـانی داوە، بیگرێتـە بـەرو هیدایـەتی خـوا قبووڵـکا، ئـەوە سوپاسـگوزار دەبـێ و، ئەگـەر هیدایەتەکـەش ڕەفـز بـکات، ئـەوە سـپڵەو ناسـپاس و سـەرگەردان و بـێ مـراد دەبـێ.

ئنجـا خـوا ﷻ دێتـە سـەر بـاسی سـەرەنجامی هـەر کام لەوانـەی سپاسـگوزار دەبـن، یـان سـپڵەو ناسـپاس دەبـن، بـەڵام سـپڵەو ناسـپاس و بێبڕوایـان پێـش دەخـات و بەیـەك ئایەتیش دەیبڕێنێتەوەو دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَا۟ وَأَغْلَٰلًا وَسَعِيرًا ﴾، ئێمـە بـۆ بێبڕوایـان زنجیـرەکان و کـۆت و پێوەنـدەکان و کڵپـەی ئاگرمـان ئامـادە کـردوە، خـوا ﷻ زۆر بـە کورتیـی بـاسی ئـەو سـزاو جەزرەبەیـە دەکات، کـە چاوەڕێـی بێبڕوایـان دەکات، بێبڕوایانێـك کـە سـپڵەو ناسـپاس دەبـن و هیدایـەتی خـوا ڕەفـز دەکـەن

و، ڕاستە ڕێی خوا ناگرنە بەر، سەرەنجام لە تاقیکردنەوەیەك دا کە خوا ئەوانی تێخستوە، دەکەون و دەرناچن و، لەسەر بوونەکەی خۆیان قەرزدار دەبنەوە.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی پاداشتی سوپاسگوزاران کە بە (أبرار) (چاکەکاران) ناویان دەبات و، لە ئایەتی (٤) هەتا کۆتایی ئایەتی (٢٢)، چەند شتێکی دیکەشی تێواخن کراون، ئەگەرنا ئەو (١٨) ئایەتە هەمووی باسی پاداشتی چاکەکارانە.

﴿إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِن كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا﴾، بە دڵنیایی چاکەکاران لەپێکێك دەخۆنەوە ئاوێتەکانی کافوورە، وشەی ﴿كَأْسٍ﴾، هەم بەو دەفرە دەگوترێ کە شلەمەنییەکی پێ دەخورێتەوە، بەتایبەتی مەی (**خمر**) هەم بە خودی خواردنەوەو شەڕابەکەش دەگوترێ، (**مِزاج**)یش یانی: (**ما يُمْزَجُ بِشَيء**)، ئەوەی لەگەڵ شتێکدا تێکەڵ دەکرێ، واتە: ئەو شەڕابەی دەیخۆنەوە، کافووری لەگەڵ تێکەڵ کراوە، کافووریش وەك دوایی باسی دەکەین ماددەیەکی سپییە، لە جۆرە درەختێك پەیدادەبێ یەکیان سپییەو زۆریش بۆنخۆشە، بێگومان هەموو ئەو شتانەش کە خوا باسیان دەکات، لە بەهەشتدا، جیان لەوەی دنیا، چونکە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: کافوور تامەکەی تاڵە، بەڵام هەرچییەك خوا لەبەهەشتدا باسی دەکات، تەنیا لەناودا لەگەڵ ئەوانەی دونیا یەك دەگرنەوە، وەك عەبدوڵلای کوڕی عەبباسیش (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) گوتوویەتی.

خوا ﷻ باسی ئەو شەڕابە دەکات کە ئەوان ئەو پێکەی لێی دەخۆنەوەو کافووری لەگەڵ تێکەڵ کراوە، دەفەرموێ: ﴿عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ ٱللَّهِ﴾، سەرچاوەیەکە بەندەکانی خوا لێی دەخۆنەوە، بۆچی دەفەرموێ: ﴿يَشْرَبُ بِهَا﴾؟

أ- هەندێك گوتوویانە: ﴿بِهَا﴾، یانی (**منها**)، ئەم (**ب**)ە بە مانای (من)ە، چونکە پیتەکان جار جار شوێنی یەکدی دەگرنەوە، (**ب**) لەجیاتی (من) بەکار دێ و (من) جاری وایە لەجیاتی پیتێکی دیکە بەکار دێ، هەندێك لە زانایان وایان لێکداوەتەوە.

ب- بەڵام هەندێکیان گوتوویانە: ﴿يَشۡرَبُ بِهَا﴾، ﴿يَشۡرَبُ﴾، خۆی بە (من) بەرکار دەخوازێ، بەڵام لێرەدا بۆیە بە (ب) بەرکاری خواستوە، تاکو وێڕای مانایەکەی خۆی کە بریتیە لە خواردنەوە، مانایەکی دیکەشی بخرێتە نێوو وە خۆی بگرێ، کە بریتیە لە: تێر ئاو بوون (إرتواء)، یانی: (يَشرَبُ وَيَرتَوي بِها عِبَادُ الله)، ئەو سەرچاوەیەی لێی دەخۆنەوەو پێی تێر ئاو دەبن، بەندەکانی خوا، ﴿يُفَجِّرُونَهَا تَفۡجِيرٗا﴾، خۆیان شەقی دەکەن و ئاوەکە دەبەن، (تَفجِير) لە (فَجر)ەوە هاتوە، واتە: شەقکردن و لەتکردن، واتە: ئاوەکە دەگوازنەوەو جێگۆڕکێی پێ دەکەن بە جێگۆڕ پێکردنێکی سەرسوڕهێنەر، بۆ هەر شوێنێکی بیانەوێ، دەیبەن.

ئنجا خوا ﷻ باسی چەند کردەوەیەکی باشیان دەکات و، چەند کردەوەیەکی باش نێواخن دەکات لەگەڵ نازو نیعمەتەکانی بەهەشتدا، تاکو بزانرێ خوا لە گۆترە ئەوانە ئاوا پاداشت ناداتەوەو، هەروەها لە گۆترەش بێبڕوایەکان سزا نادات، چونکە کارەکانی خوا هەموویان لەجێی خۆیاندان، دەفەرموێ: ﴿يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ﴾، ئەوانە لە خۆگرتنیان جێبەجێ دەکەن، (نذر) هەر شتێکە ئینسان لەخۆی دەگرێ، (**النَّذرُ: أَن يُوجِبَ الإنسانُ عَلَى نَفسِهِ ما لَيسَ بِواجِبٍ، تَقَرُّباً إلى اللهِ سُبحانَهُ وَتَعَالَى**)، نەزر ئەوەیە ئینسان شتێك لەسەر خۆی پێویست بکات، کە لە ئەسڵدا لەسەری پێویست نیە، تاکو خۆی پێ لە خوا نیزیك بکاتەوە، بە کوردیی دەگوترێ: لە خۆگرتن، ئەوەی لە خۆیانیان گرتوە جێبەجێی دەکەن، ﴿وَيَخَافُونَ يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا﴾، لە ڕۆژێکیش دەترسێن زەرەرو زیانەکەی زۆر بەربڵاوە، تەشەنە سەندوویە.

﴿وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينٗا وَيَتِيمٗا وَأَسِيرًا﴾، خواردنێك لەگەڵ خۆشویستنیشیدا، (لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو خواردنەیان خۆشدەوێ) دەرخواردی نەدارو هەتیوو دیلی دەدەن، نەیفەرموە: (**يُؤتُونَ الطَّعام**)، لە قورئاندا بەزۆریی وشەی: (**يُطعِمُونَ**) بەکارهاتوە، واتە: ئەو کەسە دادەنێن و خواردنەکەی دەرخوارد دەدەن، یانی: تەنیا ئەوە نیە خواردنەکەی پێ بدەن، بەڵکو دایدەنێن

بەڕێزو حورمەتـەوەو خواردنەکـەی دێننـە پێشـێ، چونکـە ئەگـەر تەنیـا خواردنەکەیان وێبـدەن، تەنیـا جەسـتەو گەدەیانیـان تێـر کـردوون، بـەڵام ئەگـەر بەڕێـزو حورمەتـەوە دایانبنێـن و دوو قسـەی خۆشیشـیان لەگـەڵ بکـەن و خواردنەکەشـیان پـێ بـدەن، ڕووحیشـیان تێـر کـردوون، کـە نەمبینیـوە لـە تەفسـیرەکاندا ئامـاژە بـەوە بکـرێ: بۆچـی خـوا ﷻ بەزۆریـی وشـەی (**إطعـام**) بەکاردێنێـی، دەرخـوارد دان؟ چونکـە لـە نیزیکـەوە دایاندەنێـن لـە شـوێنی خۆیـان و خواردنەکەیـان بـۆ دادەنێـن، لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ بـەر لـەوەی جەسـتە بـێ، ڕووحـە، ڕووحەکـەشی پێویسـتیی بـە تێـر کـردن هەیـەو، بـە ڕێـز لێگرتـن ڕووحەکـە تێـر دەبـێ، ئنجـا خواردنەکەشـیان دەدەنـێ بـۆ جەسـتەیان.

ئنجـا کـە ئـەو خواردنەشـیان پێـدەدەن لەبـەر خۆیانـەوە دەڵێـن: ﴿ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ ﴾، ئـەم قسـەیە زۆربـەی هـەرە زۆری تەفسـیرەکان دەڵێـن: لـە دڵـی خۆیانـدا وایـان گوتـوە، بـەڵام خـوا دەریخسـتوە، چونکـە کەسـێك کـە هاوکاریـی دەکـەی، ئەگـەر بڵێـی: لەبـەر خـوا هاوکارییـت دەکـەم، ڕەنگـە لەسـەر دڵـی قـورس بـێ، هەرچەنـدە لەبـەر خوایـە، بـەڵام نابـێ وا بگوتـرێ، بۆیـە دەبـێ بڵێیـن: لەبـەر خۆیانـەوە وایانگوتـوە، یـان لـە دڵـی خۆیانـدا وایانگوتـوە، بـەڵام خـوا ﷻ ئاشـکرای کـردوە.

هەندێـك لـە زانایانیـش گوتوویانـە: بۆیـە وادەڵێـن تاکـو بیکەنـە پاسـاوو بەڵگـەی ئـەوەی پێیـان وانەبـێ هیـچ چاوەڕوانییەکیـان لێیـان هەیـە، ﴿ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ ﴾، تەنیـا لەبـەر ڕووی خـوا، لەبـەر ڕەزامەندیـی خـوا، یاخـود بـە مەبەسـتی بـە دیـدار گەیشـتنی خـوا لـە بەهەشـتدا، ئێمـە ئـەو خواردنەتـان پـێ دەدەیـن ﴿ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا ﴾، نـە پاداشـتمان لێتـان دەوێ نـە سوپاسـکردن، واتـە: نـە چاکـە دانـەوەی ماددیـی، نـە چاکـە دانـەوەی مەعنەویـی، هیـچ کامیانمـان لێتـان نـاوێ.

ئنجـا هەرچەنـدە ئەگـەر وەك بەڵگـە هێنانـەوەی ئـەوە گوترابـێ، کـە هیـچ چاوەڕوانییەکیـان لێیـان نیـە، ئـەوەش ڕێـی تێدەچـێ، بـەڵام زیاتـر ئـەو مانایـە ڕاسـتە کـە لـە دڵـی خۆیانـدا وایـان گوتبـێ، یـان لەبـەر خۆیانـەوە وایانگوتبـێ.

﴿ إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا ﴾، ئێمە ترسی ڕۆژێکی گرژی سەختمان هەیە لە لایەن پەروەردگارمانەوە، واتە: ئەو ڕۆژە ڕوو گرژو سەخت و بێڕەزایەی پەروەردگارمان دەیهێنێتە پێش، ئێمە ترسی ئەو ڕۆژەمان هەیە، بۆیە هەرچی پێمان وابێ لە مەترسیی ئەو ڕۆژەمان دوور دەخاتەوەو، لە سزاو جەزرەبەی خوا دەمانپارێزێ، ئەنجامی دەدەین و، یەکێك لەو کارانەش بریتیە لە خێرو چاکەو هاوکاریی کردنی خەڵك.

﴿ فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمِ ﴾، لە ئەنجامی ئەوەش دا، خوا لە خراپەی ئەو ڕۆژە چەپاڵەی دان و پاراستنی ﴿ وَلَقَّىٰهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا ﴾، (لَقَّاهُم: أَي جَعَلَهُم يَلقَونَ)، وای لێکردن بگەنە ڕوو گەشیی و دڵخۆشیی، ﴿ نَضْرَةً ﴾، واتە: درەوشاوەیی دەم و چاو، گەشیی دەم و چاو، ﴿ وَسُرُورًا ﴾، (سرور) (فَرَحٌ مُنكَتِمٌ فِي القَلب)، دڵخۆشییەك کە لە دڵدا شێردراوە بێ، هەمیشەش مرۆڤ کە دڵی خۆش بوو، ڕووشی گەش دەبێ، کەسێکیش دڵی پڕ خەفەت و مەینەتیی بوو، دەم و چاویشی تاریك دەبێ و ڕەش دادەگەڕێ و، تەمی خەمی لێ دەنیشێ.

ئنجا خوا ﷻ دێتەوە سەر باسی پاداشتی ئەو چاکەکارانەو دەفەرمووێ: ﴿ وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُوا۟ جَنَّةً وَحَرِيرًا ﴾ بە هۆی خۆڕاگرییانەوەش باخ و ئاوریشمی بە پاداشت دانەوە، ﴿ جَنَّةً ﴾، واتە: باخێکی زۆر ناوازە، چونکە بە نەزانراو (نکرة) هاتوە، واتە: باخێك کە لە وەسف نایەت، هەمیشە خوای بەرز کە هەندێك شت بە نەناسراو دێنێ، بۆ ئەوەیە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕابکێشێ کە ئەو شتە وەسف ناکرێ، یانی: باخێکی زۆر ناوازە ﴿ وَحَرِيرًا ﴾، هەروەها ئاوریشمێکی ناوازەش، ئەو ئاوریشمەش بۆ بەرگ و پۆشاکیان، بۆ نوێن و پێخەفیان، بۆ هەموو ئەو کەل و پەلانەی بەکاریان دێنن و قوماشیان پێویستە، ئەوانە سەرتاپایان و سەرلەبەری شتەکانیان ئاوریشمە، ﴿ مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ ﴾، لەوێدا پاڵیان داوەتەوە شانیان داداوە لەسەر تەختان، (أرائِك) کۆی (أَرِيكَة)یە، واتە: تەختێك کە داندراوە بۆ لەسەر پاڵدانەوەو شان لەسەر دادان، ﴿ مُّتَّكِـِٔينَ ﴾، کۆی (مُتَّكِئ)

ە، ئەویش کەسێکە شانی داداوە، بە کوردیی دەڵێن: شان دادان، یان پاڵدانەوە، کە بریتیە لە حاڵەتێك لە نێوان دانیشتن و ڕاکشاندا، ئەویش ئەوەیە: مرۆڤ سەنگ دەداتە سەر ئانیشکی و سەر تەنیشتی و هەردووك لاقەکانی ڕادەکێشێ، واتە: وانیە کە دابنیشێ چوار مەشقیی، هەروەها واش نیە کە ڕابکشێ لەسەر پشت، یان لەسەر تەنیشت، بەڵکو نیوەی یەکەمی جەستەی بەرز دەبێ و نیوەی دووەمیشی ڕادەکێشێ، ﴿ مُتَّكِئِينَ فِيهَا ﴾، لەو بەهەشتەدا ﴿ عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ ﴾، لەسەر تەختان ﴿ لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا ﴾، لەوێدا (بەهەشتدا) نایبینن ڕاناوەکە بۆ بەهەشت دەچێتەوە، بۆ باخەکە ﴿ شَمْسًا ﴾، خۆر نابینن ﴿ وَلَا زَمْهَرِيرًا ﴾، هەروەها سەرماو زوقمیش نابینن، کەش و هەوای بەهەشت وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە و لە ئایەتەکانیشدا دەردەکەوێ، نە سەرمایە، مرۆڤ پێویستیی بەوە بێ خۆی لێ بپارێزێ و، نە گەرماشە پێویستیی بە خۆ فێنككردنەوە بێت، لە شوێنەوارێکدا هاتوە، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود رضي الله عنه گوتوویەتی: {الْجَنَّةُ سَجْسَجٌ لاَ قَرٌّ فِيهَا ، وَلاَ حَرٌّ} (أخرجه ابن أبي شيبة: ٣٥١٠٣)، کەش و هەوای بەهەشت وەك ئەو کاتەیە کە لە کەشێکی خۆشی ساڵدا، لای بەرە بەیان یان لای ئێوارە، شەماڵ و شنەیەکی بای فێنك دێ، نە وایە سەرما بێ و، نە واشە گەرما بێ.

﴿ وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا ﴾، سێبەرەکانی (ئەو باخە) لێیان نیزیکن، هەڵبەتە سێبەرەکان هی لق و پۆپەکانن، کەواتە: لق و پۆپەکان شۆڕ بوونەوە بەسەریانداو سێبەریان بەسەردا کردوون، ئەگەرنا بەهەشت گەرمای لێ نیە، تاکو خەڵك پێویستیی بە بەر سێبەر بێ، کەواتە: لێرەدا ﴿ ظِلَالُهَا ﴾، مەبەست پێی لق و پۆپەکانی دارو درەختەکانە، وەك لە سوورەتی (الرحمن)دا دەفەرموێ: ﴿ ذَوَاتَآ أَفْنَانٍ ﴿٤٨﴾ ﴾ الرحمن، هەردووك باخەکان خاوەن لق و پۆپ و چڵی نەرم و ناسکن. ﴿ وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا ﴾، (قُطُوف) کۆی (قِطف)ە، یانی: چنراو ئەوەی دەچنرێ، یانی: (جَنَى)، چنراوو میوەی لێکراوەی ئەو درەختانە، (ذُلِّلَت) واتە: (سُهِّلَت) ئاسانکراون، شۆڕ بوونەوە بە شۆڕ کردنەوەیەکی نایاب.

﴿ وَيُطَافُ عَلَيْهِم بِـَٔانِيَةٍ مِّن فِضَّةٍ ﴾، قاپانێکی لە زێریان بەسەرەوە دەگێردرێن، (آنِيَة) کۆی (إناء)ە، قاپ، دەفر، (أواني)یش کۆی کۆیە، (إناء) بریتیە لە دەفرێك خواردنی تێدا بێ، ئنجا میوەی تێدایە گۆشتی تێدایە، بە دەفرانی زیویین بەسەریانەوە دەگێردرێ، بێگومان دەفرەکانیش خاڵیی نین و شتیان تێدایە، بۆیە بەسەریانەوە دەگەڕێن.

﴿ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا۠ ﴾، (أكواب) کۆی (كوب)ە، واتە: گۆزە و سوڕاحیی ئەوەی شلەمەنییەك شەڕابێکی تێدایەو لێیەوە دەکرێتە نێو کاسەکانەوە (پەرداخەکانەوە)، هەندێکیش گوتوویانە: (أكواب) هەر خودی پەرداخەکانن ﴿ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا۠ ﴾، کووپەکانیش لە شووشەن، یاخود لە ماددەیەکی بلوورییین ﴿ قَوَارِيرَا۠ مِن فِضَّةٍ ﴾، شووشانێك لە زیو، بۆیە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و باپی ڕازی بێ) گوتوویەتی: ئەو شتانەی خوا باسی کردوون لە بەهەشتدا، ئەگەر هەموویان وێنەیان هەبێ لە دنیادا، بەڵام ﴿ قَوَارِيرَا۠ مِن فِضَّةٍ ﴾، وێنەی نیە، چونکە ئێمە شووشەی زیوینمان نەبینیوە، ئەگەر شووشە بێ شووشەیەو، ئەگەر زیو بێ زیوە، ئنجا هەندێك لە زانایان گوتوویانە: شووشەیە، بەڵام وەك زیو سپییە، چونکە (قَوارِير) کۆی (قارُورَة)یە، ئەویش بریتیە لە شووشەیەك کە بۆنی خۆشی تێ دەکرێ، یاخود شلەمەنییەکی کەم و گرانبەهای تێدا هەڵدەگیرێ، ﴿ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ﴾، ئەوانە ئەو شتەی تێیان کردوە، ئەو شەڕابە، ئەو خواردنەوەیە، ئەندازەگیرییان کردوە بە ئەندازەگیرییەکی ڕێك، واتە: هەر کەسە چەندەی پێ دەخورێتەوە، چەندەی ئارەزوویە، ئەوەندەی بۆ تێکراوە، نەك زیاد بێ و پێی ناڕەحەت بێ و ناچاربێ بیخواتەوە، یاخود کەم بێ و هی دیکەی پێویست بێ و بڵێ: دووبارە بۆم تێبکەنەوە.

﴿ وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴾، هەروەها پێکێکیان شەڕاب دەدرێتێ، کە زەنجەبیلی لەگەڵ تێکەڵ کراوە، ﴿ عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّىٰ سَلْسَبِيلًا ﴾ (ئەو پێکە شەڕابە خواردنەوەیەی دەیاندرێتێ) لە سەرچاوەیەکە لەوێدا (لە باخەکەدا، لە

بەهەشـتدا) پێـی دەگوتـرێ: سەلسـەبیل، ئەمیـش وەك دواتریـش بـاسی دەکەیـن واتـە: شـلەمەنییەك کـە بـە ئاسـانیی لـە گـەروو بچێتـە خـوارو، زۆریـش خـۆش و بـە تـام و زولاڵ بـێ.

﴿ وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ ﴾، لاوانێـکی هێڵـراوە (بە گەنجیـی و بە لاویی هێڵراوە) بەسـەریانەوە دەگەڕێـن، (وِلـدَان) کـۆی (وَلِیـد)ە، ئەمیـش هەرچەنـدە (فعیـل)ی بـە مانـای (مفعـول)ە، یـانی: لـە دایـك بـوو، بـەڵام مەبەسـت پێـی ئەوەیـە کـە تەمەنیـان هەڵنەکشـیوەو لاوو گەنجـن و تـازە دەگەنـێ، ﴿ مُّخَلَّدُونَ ﴾، کـۆی (مُخَلَّـد)ە، ئەمیـش هەرچەنـدە هەندێکیـان گوتوویانـە: یـانی: بازنەیـان لـە دەسـت کـراوەو، هەندێکیـان گوتوویانـە: گوارەیـان لـە گـوێ دایـە، بـەڵام (مُخَلَّـد) واتـە: هێڵـراوە، یـانی: (مُبَقَّـونَ)، هێڵراونـەوە، واتـە: هـەر بـە گەنجیـی دەهێڵرێنـەوەو تەمەنیـان بەسـەردا ڕەت نابـێ، هەڵبەتـە بەهەشـتییەکان هەموویـان هـەر وان، بـەڵام ئەوانـەی خزمـەت دەکـەن، ئینسـان وای لـە قالـب خۆشـترە کەسـێك کـە خزمـەتی دەکات، تەمـەنی کـەم بـێ، بـۆ ئـەوەی پێـی سـەغڵەت نەبـێ، فەرمـانی پـێ بـکات: ئـەوەم بـۆ بکـەو ئـەوەم بـۆ مەکـە! ﴿ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا ﴾، ئەگـەر تـۆ ئـەو لاوانـەی خزمەتیـان دەکـەن، بیانبینـی پێـت وایـە گەوهـەری پرژێنـدراون، گەوهـەری پـرژو بـڵاون، گەوهـەرو مرواریـی کـە لـە سـپیی و سـافییان دەدرەوشـێتەوە، ئەو گەنـج و لاوە خزمـەت چییانە، وەك گەوهـەری پرژێـنراوو بڵاوکـراوە دێنـە بـەر چـاو، ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ثَمَّ ﴾، ئەگـەر تـۆ ئـەوێ ببینـی، ﴿ ثَمَّ ﴾، یـانی: (هُنـاكَ)و زەرفی شـوێن (ظـرف مـكان)ە، یـانی: (إِذَا رَأَیـتَ هُنـاكَ)، ئەگـەر ئـەوێ ببینـی ﴿ رَأَيْتَ نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا ﴾، نـازو نیعمەتێـکی زۆرو موڵـك و دەسترۆیشـتوویەکی زۆر، دەبینـی، لێرەدا (ملـك) بەمانـای دەسترۆیشـتووێتییە، واتـە: وەك چـۆن حوکمڕانێـك، پادشـایەك قەڵەمڕەوییـەکی زۆر لەبـەر دەسـتی دا هەیـە، تـۆش بابـای بەهەشـتیی بەوجـۆرە دەبینـی، هەڵبەتـە ئـەوەش بـۆ نیزیکخسـتنەوەیە لـە عەقڵـی ئێمـە، ئەگەرنـا بەهەشـت لەگـەڵ دونیـادا بـەراورد ناکـرێ.

﴿ عَٰلِيَهُمۡ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضۡرٞ وَإِسۡتَبۡرَقٞۖ ﴾، ﴿ عَٰلِيَهُمۡ ﴾، یانی: (**فَوقَهُم**)، لەسەرروویانەوە، پۆشاکی ئاوریشمی تەنکی سەوز، هەروەها ئاوریشمی ئەستووری سەوز هەیە، واتە: پۆشاکەکەیان کە لەسەرەوەیانەوو بەخۆیانی دادەدەن، ئاوریشمە، چ تەنك، چ ئەستوور، بەڵام بە ڕەنگی سەوز ﴿ وَحُلُّوٓاْ أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٖ ﴾، ڕازێنراونەوەش بە بازنە زیوییەکان ﴿ وَسَقَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ شَرَابٗا طَهُورًا ﴾، پەروەردگاریشیان خواردنەوەیەکی زۆر پاك و پاککەرەوەی پێدان.

﴿ إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمۡ جَزَآءٗ ﴾، پێیان دەگوترێ: ئەوە پاداشتی ئێوە بوو، لەسەر کردەوەکانی ڕابردووتان ﴿ وَكَانَ سَعۡيُكُم مَّشۡكُورًا ﴾، هەوڵدان و تێکۆشانەکەشتان سوپاسکراو بوو، نرخێندراو بوو، بە هەند گیراو بوو.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

کاتێـکی زۆر پێـش دروسـتکرانی مـرۆڤ تێپەڕیـوە، شـتێکی باسـکراو نەبـووە، دوایـی خـوا پـاش دروسـتکردنی (ئـادەم لـە خـاك و) وەچەکـەی لـە تۆویلکەیـەکی ئاوێتـە بـە مەبەسـتی تاقیکردنـەوە، دروسـتیکردو بـە بیسـەرو بینـەری گێـڕاو، ڕاسـتەڕێی پێشـاندا، چ سوپاسـگوزار بـێ، چ سـپڵەو ناسـپاس:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ﴿١﴾ إِنَّا خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٍ أَمۡشَاجٖ نَّبۡتَلِيهِ فَجَعَلۡنَٰهُ سَمِيعَۢا بَصِيرًا ﴿٢﴾ إِنَّا هَدَيۡنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرٗا وَإِمَّا كَفُورًا ﴿٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ هَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ ﴾، ئایا ماوەیەك لە کات بەسەر مرۆڤدا تێپەڕیوە؟ ئەم پرسیار کردنە پرسیار کردنی پێپێلێنان، پێ چەسپاندن (**إستِفهامٌ تَقرِيري**) ەو، ئاڕاستەی کەسێکی نادیارییکراو کراوە، مەبەستیش پێی چەسپاندنە، واتە: بە دڵنیایی ماوەیەك لە ڕۆژگار بەسەر مرۆڤدا تێپەڕیوە.

٢)- ﴿ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ﴾، کە شتێکی باسکراو نەبوو، (**أَيْ: كَانَ مَعْدُومًا فِي زَمَنٍ سَبَقَ، والْمَعْدُومُ لاَ يُذْكَرُ**)، واتە: نەبوو بووە لە ماوەی ڕابردوودا پێش ئەوەی دروست ببێ، شتی نەبووش باس ناکرێ و ناوی ناهێندرێ، ﴿ لَمۡ يَكُن شَيۡـٔٗا مَّذۡكُورًا ﴾، (**شَيْئا**) شتێك (**مَذكُوراً**) یانی: (**الْمُعَيَّنُ الَّذِي هُوَ بِحَيْثُ يُذْكَرُ**)، شتێکی دیارییکراو کە باس بکرێ، کەواتە: ماوەیەکی زۆر کە بەس خوا دەیزانێ، بەسەر تاك تاکی مرۆڤان و تێکڕای مرۆڤاندا تێپەڕیوەو لەپێش واندا ماوەیەکی زۆر تێپەریوە، بگرە ماوەیەکی بێکۆتایی، چونکە خوا

ﷻ بوونەکەی بێ سەرەتایە، کەواتە بێ سەرەتا کات (وقت) تێپەڕیوە، کە مرۆڤ شتێك نەبووە بوونی ببێ، باس بکرێ و ناوی بهێنرێ، واتە: ئەی مرۆڤ! بەبێ کۆتایی و سنوور کات تێپەڕیوە، تۆ نەبووی، ئێستاش لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەبی و بوونێکت پێ دەدرێ، دوایی دووبارە لەڕووی جەستەییەوە نەبوون (عدم)ت بەسەردا دێتەوە!

ئنجا ئەی مرۆڤ! خوایەك ﷻ بەبێ سەرەتا کاتی بەسەر تۆدا گوزەراندبێ، دوایی تۆی دروست کردبێ، لە ماوەیەکی کەمی کاتدا دەبی، کە تەمەنە دونیاییەکەتە، ئنجا ئەو تەمەنەت کە دەڕوات و ئەو قۆناغەی دنیات بەسەر دەچێ، ئایا دەگونجێ پێت وابێ رەحمەتە جارێکی دیکە خوا لە قۆناغێکی دیکەدا، بە شێوەیەکی دیکە بوونت پێ بداتەوە؟ بەدڵنیایی نەخێر، بۆیە زانایان لێرەدا گوتوویانە: (**هَل: فِي الِاسْتِفْهَامِ مِثْلُ (قَدْ) فِي الْخَبَرِ**)، ﴿هَلْ﴾، لە پرسیار کردندا وەك (قَد) وایە، لە هەواڵدان دا، وەك: (**قَد جَاءَكُم رَسُولٌ مِن رَبِّكُم**)، (قَد) بۆ ساغکردنەوەیە دەڵێن: ﴿هَلْ﴾، لە پرسیار کردندا، هەمان مانای (قَد) دەگەیەنێ لە هەواڵداندا، کەواتە: بە دڵنیایی کاتێکی زۆر بەسەر مرۆڤدا تێپەڕیوە شتێکی باسکراو نەبووە.

زانایان دەڵێن: (**وَالْمَعْنَى: هَلْ يُقِرُّ كُلُّ إِنْسَانٍ مَوْجُودٍ، أَنَّهُ كَانَ مَعْدُومًا زَمَانًا طَوِيلًا، فَلَمْ يَكُنْ شَيْئًا يُذْكَرُ؟**)، ئایا هەر مرۆڤێك دان دان بەوەدا دێنێ (یانی: پێویستە دانی پێدا بێنێ) کە شتێکی نەبوو بووە لە ماوەیەکی زۆرداو، شایانی باس نەبووەو باسکراو نەبووە؟

(**الدَّهْر: الزَّمَنُ الطَّوِيلُ أَوِ الزَّمَنُ الْمُقَارِنُ لِوُجُودِ الْعَالَمِ الدُّنْيَوِيِّ**)، (دَهْر) بریتیە لە ماوەیەکی درێژ، یاخود ئەو کاتەی جووت و بەراورد دەبێتەوە لەگەڵ بوونی ئەم گەردوون و ژیانە دنیاییەدا.

(**وَالْحِينُ: مِقْدَارٌ مُجْمَلٌ مِنَ الزَّمَانِ يُطْلَقُ عَلَى سَاعَةٍ وَعَلَى أَكْثَرَ**)، (حِيْن)، ﴿حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ﴾، ماوەیەکی نەزانراوە لە کات، بۆ ماوەیەکی کەم بەکار دەهێندرێ و، بۆ ماوەیەکی زۆریش.

ئنجا خوا ﷻ دێته سەر باسی چۆنیه دتیی روستکردنی مرۆڤ:

٣- ﴿ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ ﴾، ئێمه مرۆڤمان له نوتفەیەکی تێکەڵ دروستکردوه، ﴿ أَمْشَاجٍ ﴾:

أ- یان کۆی (مِشْج)ە، (مِثلُ عِدل، أي ممشُوج)، (عِدل)، واته: لابار، (مِشج)یش بەمانای (مَمشُوج) دێ، یانی: تێکەڵ.

ب- یاخود ﴿ أَمْشَاجٍ ﴾، کۆی (مَشَج)ە، وەك (سَبَب) یانی: هۆکار، که به (أسباب) کۆدەکرێتەوە.

ج- یان کۆی (مَشِج)ە، وەك (كَتِف) یانی: شان که به (أكتاف) کۆدەکرێتەوە، که دەفەرموێ: ﴿ نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ ﴾، تۆویلکەیەکی تێکەڵ، ئەمە ئەو واتایەش هەڵدەگرێ، که له توخمەکانی زەوی تێکەڵە، بەڵام باشتر وایه ئاوا لێك بدرێتەوە: تێکەڵەیەك له ژیانداری تۆویی و هێلکۆڵەی نێو ئاوی ئافرەت، ئەو دووانه تێکەڵ دەبن، ئەوانیش هەر کامێکیان له کۆمەڵێکی زۆر له خانەو گەردو گەردیلەکان، پێکدێن.

٤)- ﴿ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴾، تاقیدەکەینەوە ئنجا گێڕاومانه بەبیسەری بینەر، ﴿ نَّبْتَلِيهِ ﴾، له شوێنی حاڵدا دانیشتوه، یانی: له حاڵێکدا ئێمه تاقیدەکەینەوە ﴿ فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴾، ئنجا گێڕامان به بیسەری بینەر، واته: توانای بیستنمان پێداو توانای بینینیشمان پێدا، چونکه ئەگەر ئەو توانایانەی نەبن، شت ببیستێ و بزانێ و شت ببینێ، توانای تاقیکرانەوەی نابێ.

ئنجا خوا نەیفەرموە: (فَجَعَلْنَاهُ سَامِعاً مُبْصِراً)، بەڵکو بە صیغەی زێدەڕۆیی هێناویەتی، فەرموویەتی: ﴿ سَمِيعًا ﴾، زۆر بیسەر ﴿ بَصِيرًا ﴾، زۆر بینەر، چونکه هەر کام له هێزی بیستن و دیتن له مرۆڤدا، زیاتر له ئەرکێکیان هەیه، ئەوە نیه بەس ببیستن و ببینن بەو دوو هێزەیان، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێ چەندان جۆره شت ببیستێ، چەندان جۆره دەنگ ببیستێ، هەم وەحیی پەیامی خوا ببیستێ،

هـەم پێکـەوە قسـەی یەکـدی ببیسـتن، دەتـوانی چەنـدان جـۆرە دەنـگ ببیسـتێ و لێیـان تێبـگات، هەروەهـا مـرۆڤ دەتوانـێ چەنـدان جـۆرە ڕەنـگ و قەبـارەو شـێوەو دیمـەن ببینـێ.

٥)- ﴿ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ ﴾، ئێمە ڕێی ڕاستمان پێشاندا، لێرەدا هیدایەت بە مانای پێشاندانە، واتە: ئێمە ڕێی ڕاستمان پێشاندا ﴿ ٱلسَّبِيلَ ﴾، (أل)ی ناساندنی لەسەرە، واتە: ئێمە ڕێیەکەمان پێشاندا، ڕاستە ڕێیەکە، کە ڕاستەڕێی خوایە، لێرەدا ناگونجێ (أل) بۆ تێکڕا (**جنس**)بێ، واتە: هەموو ڕێیەکانمان پێشاندان، نا، بەڵکو یانی: ڕێی ڕاستمان پێشاندا، ڕێیەکەمان پیشاندا، بەرنامەو ڕێبازەکەی خۆمان.

٦)- ﴿ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴾، ئنجا یان سوپایگوزار دەبێ، یاخود سپڵەو ناسپاس، یانی: (**أَرشَدناهُ إِلَى الطَّرِيقِ السَّوِيِّ المُوصِل إِلَى الهَدَف، إِن أَرادَ سالِكُهُ الوُصُولَ**)، ئێمە ڕێی ڕاستی بە ئامانج گەیەنەرمان پێشان داوە، ئەگەر بابای پێدا ڕۆیشتووی بیەوێ پێی بگاتە ئامانج و شوێنی مەبەست.

وشـەی ﴿ إِمَّا ﴾، لـە ﴿ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴾دا (**إِمَّا: حَـرْفُ تَفْصِيـلٍ، بَسِـيط، أَو مُرَكَّـبٌ مـن: إِن وَمـا، (إِن) الشَّرطِيـة و(مـا) النافيـة المتجردتـين مِـنَ العَمَـل**)، ﴿ إِمَّا ﴾، یـان پیتێـکی سـادەیە هـەر خۆیـەتی، یاخـود پیتێکی لێکـدراوە، لـە (**إن**)ی شـەرتییە لەگەڵ (ما) ی لابـەرە، بـەڵام لێـرەدا نـە (**إن**)ەکـە مانـای مـەرج دەگەیەنـێ و، نـە (ما)یەکـە مانـای لابـردن دەگەیەنـێ، بەڵکـو بـە هەردووکیـان مانـای تەفصیـل پێـدان و ڕوونکردنـەوەی شـتێك دەگەیەنـن، کەواتـە: واتایەکـەی ئـاوای لێدێتـەوە: (**إِنَّـا هَدَيْنَـاهُ السَّـبِيلَ فِي حَـالِ أَنَّـهُ مُـتَرَدِّدٌ أَمْـرُهُ بَـيْنَ أَحَـدِ هَذَيْـنِ الوَصْفَـيْنِ: شَـاكِرٍ أَوكَفُـورٍ**)، ئێمـە ڕێـی ڕاسـتمان پێشـان داوە لەحاڵێکـدا ئـەو کارەکـەی لەنێـو ئـەو دووانـەدا دێ و دەچـێ، لەنێـو ئـەو دوو وەسـفەدا: یـان سوپاسـگوزار دەبـێ، یاخـود نـا سـوپاس، بەدڵنیایـی کەسـێك هیدایـەت و ڕێنمایـی خـوا بگرێتـە بـەر، ڕێـی ڕاسـتگرتو و دەبـێ و سوپاسـگوزارە، کـە سـێکیش هیدایـەت و ڕێنمایـی خـوا ڕەفـز بـکات، گومڕایـەو سـپڵەیە.

کورتە باسێک لە بارەی چییەتی مرۆڤەوە

ئایا جەوهەرو چییەتی مرۆڤ لەچیدا شێردراوەتەوە؟ ئێمە لە سێ بڕگەدا زۆر بە گوشراویی ئەو باسە دەکەین:

١)- بە پێی ئایەتی: ﴿ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ **الحجر**، هەروەها سوورەتی (ص)یش ئایەتی (٧٢)، ئەو ڕستە موبارەکە لە هەرکام لەو دوو سوورەتەدا هاتوە، واتە: هەرکاتێك ڕێکمخست و لە ڕووحی خۆم فووم بەبەردا کرد، بۆی بە کڕنووشدا بکەون.

﴿ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ ﴾، ئنجا هەر کاتێك جەستەکەیم ڕێکخست و سازو ئامادە کرد ﴿ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي ﴾، لەڕووحی خۆشم، (لەو ڕووحەی بەس خۆم دەزانم چییە؟ یان: دروستکراوی تایبەتی خۆمە) فووم بەبەردا کرد، ئێوە بۆی بە کڕنووشدا بکەون، ڕووی دواندن لە فریشتەکانە، کەواتە: فریشتەکان فەرمانیان پێکراوە بۆ ئادەم بە کڕنووشدا بکەون، کڕنووشی ڕێز لێ گرتن، دوای ئەوەی خوا ﷻ پاش ڕێکخستنی جەستەکەی ئادەم، ڕووحیشی بەبەردا دەکات.

هەروەها لە سوورەتی سەجدەشدا خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ سَوَّىٰهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِۦ... ﴿٩﴾ ﴾ **السجدة**، واتە: ئنجا ڕێکیخست و لە ڕووحی خۆی فووی بەبەرداکرد...

بێگومان ئایەتەکانی: (٢٩)ی (**الحجر**) و (٧٢)ی (ص) لە بارەی بابی مرۆڤایەتیی ئادەمەوە (**عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلام**) دەدوێن و، ئایەتی (٩)ی سوورەتی (**السجدة**)ش لە بارەی وەچەی ئادەمەوە دەدوی کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ سَوَّىٰهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِۦ... ﴿٩﴾ ﴾ **السجدة**، دوایی خوا جەستەکەی ڕێکخست و لە ڕووحی خۆی (کە تایبەتە بەخۆیەوە، یان دروستکراوێکی تایبەتیی خۆیەتی) فووی بەبەردا کرد.

ئنجا ئێمـە لـەم ئایەتـە موبارەکانـە - وێنەی دیکەشیان هـەن - ئـەو ئەنجامگیرییە دەکەیـن کـە وەك چـۆن هەویـر بریتیـە لـە: (ئـارد + ئـاو = هەویـر)، بـە هەمـان شـێوە مرۆڤیـش لـە: جەسـتەیەکی خاکیـی و ڕووحێـکی خوایـی پێکهاتـوە، هەڵبەتـە خاکەکـەش و ڕووحەکـەش هـەر دووکیـان دروسـتکراوی خـوان، کـە دەزانیـن خاکەکـە چییـەو چۆنـە، بـەڵام نازانیـن ڕووحەکـە چییـەو چۆنـە؟ بۆیـەش خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (الإسراء)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْـرِ رَبِّى ... ﴿٨٥﴾ ﴾ الإسراء، لـە بـارەی ڕووحـەوە پرسـیارت لـێ دەکەن؟ بڵـێ: ڕووح لـە کاری پەروەردگارمە، واتـە: تەنیـا خـۆی دەزانـێ جەوهـەرو چییەتەکـەی چۆنـە، کاتێـك ڕووح و جەسـتە پێکـەوە دەبـن، مرۆڤـی خـاوەنی ژیـان و زینـدوو هەیـە، بـەڵام بـە جیـا بوونەوەیـان و بەپێکـەوە کۆنەبوونەوەیـان و لـە یـەك دابڕانیـان، حاڵـەتی مـردن ڕوو دەدات و، نـە ڕووحەکـە بەتەنیـا مرۆڤـەو نـە جەسـتەکەش، بەڵکـو مـرۆڤ بریتیـە لـە کـۆی ڕووح و جەسـتە، ئـەوەی بـۆ ئێمـە زانـدراوە لـەم ژیانـە دونیاییـەدا.

٢)- بە پێی ئایەتی: ﴿ قُلْ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ ﴿١١﴾ ﴾ السجدة، خوا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەفەرموێ: بڵێ: فریشتەی مەرگ کە پێتان سپێردراوە وەفاتتان پێ دەکات (وەرتان دەگرێ) دوایی بۆ لای پەروەردگارتان دەگێڕدرێنەوە.

لێرەدا ئاوا دەفەرموێ و، لە ئایەتەکەی سوورەتی (الزمر)یش دا دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَاۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّىۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾ الزمر، خوا نەفسەکان وەردەگرێ لە کاتی مردنیانداو، ئەوەی نەمردبێ لەکاتی خەوتنیاندا، ئنجا ئەوانەی مردنی بۆ بڕیارداون دەیانگرێتەوە، (ئەوانەی لە خەودا ڕووحەکانیان وەردەگرێ، ئەگەر مردنی بۆ بڕیاردابن، ڕووحەکان لە لای خۆی گل دەداتەوە) ئەوانەی دیکەش دەنێرێتەوە تاکو کاتێکی دیارییکراو، بێگومان لەوەدا نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێك بیر بکەنەوە.

دیسان ئەو ئایەتەش کە خوێندمانەوە: ﴿ هَلْ أَتَىٰ عَلَى الْإِنسَانِ حِينٌ مِّنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْئًا مَّذْكُورًا ﴾، ئایا بەسەر مرۆڤدا کاتێك لە ڕۆژگار تێپەڕیوە (یان بە دڵنیایی کاتێکی زۆر لە پێش مرۆڤ دا تێپەڕیوە) شتێکی باسکراو نەبووە.

ئەمانــە هەموویــان لێیــان وەردەگیــرێ کــە جەوهــەرو چییــەتی مــرۆڤ و کاکڵ و نێـوەڕۆکی مـرۆڤ، لـە ڕووحەکەیـدا شـێردراوەتەوەو جەسـتەکەی زیاتـر دەوری توێـکڵ و دیکـۆرو ڕواڵـەت دەبینــێ.

٣)- ئایەتەکانی: (١٢ و ١٣ و١٤)ی سووڕەتی (**المؤمنون**) کە ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (**المؤمنون**)دا کورتە باسێکمان کرد، لەبەر ڕۆشنایی واندا، لەبارەی دروستبوونی مرۆڤەوە، هەم ئادەم و حەووا سەلامی خوایان لەسەر بێ و، هەم وەچەکەیان، ئەمەش دەقی ئایەتەکانە: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾ **المؤمنون**، واتە: بە دڵنیایی ئێمە مرۆڤمان لە خوڵاسەو پوختەیەکی قوڕێ دروست کردوە، دوایی گێڕاومانە بە نوتفە (نطفة)، لە نشینگەیەکی مەحکەم و قایم دا (مەبەست پێی منداڵدانی دایکە) دوایی نوتفەکەمان دروست کرد بە خوێنپارە، ئنجا خوێنپارەکەمان گێڕا بە پارچە گۆشتێکی زارجوو ئاسا، ئنجا پارچە گۆشتەکەی زارجوو ئاسامان گێڕا بە ئێسقانەکان، ئنجا ئێسقانەکانمان بە گۆشت داپۆشین، دوای ئەوەش بە دروستکراوێکی دیکە دروستمان کرد. کە بە ڕای زۆربەی زانایان مەبەست پێی ڕووح بەبەردا کردنیەتی، واتە: پێشێ هەر ژیانی هەبووە، هەر لە قۆناغی (نطفة)ەوە، بەڵکو پێش (نطفة)ش هەر لەوکاتەوەی زیندەوەری تۆویی بووە لە نێو مەنیی بابدا، هەروەها هێلکۆڵە بووە لەنێو مەنیی دایکدا، هەر لەوکاتەوە ژیاندار بووە، ئنجا زیندەوەری تۆویی (**حَیمَن**)، ئەو زیندەوەرەی دەبێتە مرۆڤ، یەکێکە لە: پێنج سەد ملیۆن (٥٠٠٠٠٠٠٠٠) دانە، کە لە هەر ئاو هاتنێکی پیاودا هەن و، قەبارەکەی بە ئەندازەی سانتیمەتر سێجایەکە (١ سم^{3})، یەکێك لەوانە لەگەڵ هێلکۆڵەی نێو ئاوی ئافرەتدا، یەك دەگرێ و بە هەردووکیان

(نطفة) پێك دێنن، دوایی ئەو نوتفە (نطفة)یە دەبێتە عەلەقەو، عەلەقە دەبێتە **موضغە**و، **موضغە** دەبێتە ئێسقان و، ئێسقان بە گۆشت دادەپۆشرێ، ﴿ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَ﴾، ئنجا کردمان بە دروستکراوێکی دیکە، بۆچی دەفەرموێ: دروستکراوی دیکە؟ چونکە تاکو ئەو کاتە هەر ژیاندار بووە، بەڵام ئەوجار دەبێتە گیانلەبەر، بۆیەش زۆر جاران لە کتێب و نووسراوەکانی خۆمدا گوتوومە: هەڵەیە - مەگەر وشەی ڕووح بەمانای ژیان (حیاة) بەکار بێ - ئەگەرنا هەڵەیە بۆ جگەلە مرۆڤ بگوترێ: ڕووح لەبەر، چونکە گیانلەبەر تەنیا مرۆڤەو، ئەوانەی دیکە ژیاندارو ژیانلەبەرن، ئەوەی ڕووحدار و ڕووح لەبەر بێ، تەنیا مرۆڤە، خوا وشەی ڕووحی تەنیا بۆ مرۆڤ بەکار هێناوە، ئەوانەی دیکە هەموویان بەس ژیانیان هەیە، هەروەها مرۆڤیش بەر لەوەی ڕووحی بەبەردا بکرێ، کاتێ: نوتفەیە، عەلەقەیە، **موضغە**یە، لە هەموویان دا ژیاندارە، بەڵام دوایی لە قۆناغێکی دیکەدا ڕووحی بەبەردا دەکرێ.

دوایـی کـە دەفەرمـوێ: ﴿فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ﴾، بەرزیـی و بەپێزیـی و بەرەکەتداریـی بـۆ خـوای باشـترینی بەدیهێنـەران، ئەمـەش دیسـان ئـەوە دەگەیەنـێ: کـە مـرۆڤ دوای ئـەوەی خـوا بـەو قۆناغانـەدا تێیدەپەڕێنـێ، ئنجـا جەوهـەرو چییەتێـکی پەیـدا دەبـێ کـە لـە ڕووحەکەیـدا پەنهانـەو شـێردراوەیە.

کەواتـە: مـرۆڤ لـەم ژیانـە دنیایـەدا لە دوو بـەش پێك هاتـوە: جەسـتەیەکی خاکیی و، ڕووحێـکی خوایـی پەنهـانی چییـەت نەزانـراو، کـە بـە هەردووکیـان مـرۆڤ مرۆڤـەو، بـە جیـا بوونـەوەی ڕووح لـە جەسـتە، جەسـتەکە دەبێتـەوە بـە خـاك، خەڵـك خـوا خوایـەتی زوو لـە کـۆڵ خـۆی بکەنـەوەو لەبـەر چاویـان ون بـێ، ڕووحەکـەش دەچێتـە ئـەو شـوێنەی خـوای پـەروەردگار بـۆی دیاریـی کـردوە، چ چاکـەکار چ خراپـەکار بـوو بـێ، بـەڵام ئـەوەش مانـای ئـەوە نیـە کـە ئـەو مرۆڤـە کۆتایـی پـێ هاتـوە، چونکـە ئـەو ڕووحـە لـە قۆناغـی بەرزەخـدا بەپێـی ئایەتـەکان و حەدیسـەکانیش، جەسـتەیەکی دیکـە دەپۆشـێ، پاشـان لـە قیامەتیـش جەسـتەیەکی دیکـە دەپۆشـێ، بەڵـێ خـوای باڵادەسـت بـاسی زینـدوو کرانـەوەی جەسـتەکان دەکات، بـەڵام بەدڵنیایـی ئـەو

ماددەیەی جەستەی مرۆڤانی لێ پێك دێ لە قیامەتدا، چ هی بڕودارانی چاكەكار، چ هی بێبڕوایانی خراپەكار، واتە: چ بەهەشتییەكان چ دۆزەخییەكان، جەستەكە لە ماددەیەكی دیكە پێك دێ، جگە لەو ماددەیەی ئێستا ئێمە دەیبینین، وەك ئایەتەكەی سوورەتی (**الواقعة**) ئاماژەی پێ دەكات و، كاتی خۆی كورتە باسێمان لەو بارەوە كرد، دەفەرموێ: ﴿...وَنُنشِئَكُمْ فِي مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾﴾ **الواقعة**، بەجۆرێك دروستتان دەكەینەوە، كە ئێوە نایزانن، واتە: ئێستا نازانن ئەوێ چۆنە، ئەو جەستەیەو، پەیوەندیی نێوان جەستەو ڕووح و، ئەو ماددەیەی جەستەتانی لێ دروست دەكرێ، بۆ ژیانێكی نەبڕاوەی هەتا هەتایی، ژیانێك كە تێیداكات تەمەنت بەسەردا ناڕوات، چ لە بەهەشت داو چ دۆزەخ دا.

کورتە باسێک لە بارەی چەمک و واتای هیدایەتەوە

چەند جارێکی دیکەش هەر باسمان کردوە، بەڵام لێرەش بە کورتیی دەڵێین: وشەی (**هدایة**) لە قورئاندا بەلای کەمەوە[1] بە سێ واتایان بەکار هاتوەو، دەبێ زۆر وریا بین، ئەو سێ واتایە ئەگەر بێت و تێکەڵیان بکەین، کە بە مانای گشتیی و، بە مانای تایبەت و، بەمانای تایبەتی تایبەت (**بِمَعنى: عام، بِمَعنى: خاص، بِمَعنى: أَخَصّ**)، ئەگەر بێت چەمك و واتایەکانیان تێکەڵ بکەین، دەگەینە هەندێك ئەنجامگیریی و هەندێك تێگەیشتن لە ئایەتەکانی قورئان، کە هەڵەیەو مانایەکە هەڵە دەردەچێ.

ئێستاش سەروتیشك دەخەینەسەر ئەو سێ مانایەی هیدایەت:

١- مانای یەکەمی هیدایەت: یەکەمین مانایەك کە وشەی هیدایەتی بۆ بەکارهاتوە، مانایەکی گشتییە کە بریتیە لە ڕێنمایی کردنی خوا ﷻ، ڕاستەڕێ کردنی خوا بۆ هەموو دروستکراوەکان، وەك لە سوورەتی (**طه**)دا هاتوە: ﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ ﴾، واتە: (موسا) گوتی: پەروەردگارمان ئەو زاتەیە کە بوونی بە هەموو شتێك داوەو دواییش ڕێنمایی کردوە، لێرەدا ﴿ هَدَىٰ ﴾، بەمانای: (ڕاستەڕێی کرد) واتە: پابەندی کردوە بەو ڕاستەڕێیەوەی بۆی داناوە، ئەوە بە نسبەت هەموو شتەکانەوە، هەر لە گەردیلەوە تاکو کەهکەشان، خوا سیستمێکی داناوەو، دوای ئەوەی بوونی بە هەر شتێك داوە، خستوویەتە سەر سیستمێکیش، سەر ڕێیەك و پابەندیش کراوە بەو ڕێیەوە،

---

(١) بۆیە دەڵێم: بەلی کەمەوە، چونکە ئەگەر وردتر سەرنج بدەین، وێڕای ئەو سێ واتایە لە قورئاندا وشەی (هدى،هداية) بەدوو واتای دیکەش بەکەرهاتووە: ا- هیدایەتی غەریزەیی، بۆ وێنە خوا فەرموویەتی:

٥- هیدایەتی بەهەشتیان بەرەو جێگاو ڕێگاکانی خۆیان لە بەهەشتدا، وەک خوا فەرموویەتی:

هەر لە[1] گەردیلە وەبگرە هەتا دەگاتە کەهکەشانەکان و گەلە کەهکەشانەکان، یانی: لە بچووکترین شتەوە بگرە تاکو گەورەترین شت، هەمووی خوا سیستمێکی بۆ داناوەو، پابەندیشی کردوە بەو سیستمەوە.

لە سوورەتی (الأعلى)دا خوا دەفەرموێ: ﴿سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ۝١ ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ۝٢ وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ ۝٣﴾ الأعلى، واتە: ناوی پەروەردگاری هەرە بەرزت بە پاك بگرە، ئەو زاتەی هەموو شتێکی هێناوەتە دی، ئنجا ڕێکیخستوە، ئەوکەسە (هەموو شتێکی) ئەندازەگیریی کردوەو ڕاستەڕێی کردوە.

هیچ شتێك نیە خوا نەیهێنابێتە دی، هەر شتێکیشی هێناوەتە دی، ڕێکیخستوەو هەموو شتێکیشی ئەندازەگیریی کردوە، ئنجا خستووشیەتە سەر سیستم (نظام) ێك کە پێەوە پابەند کراوە، بەو مانا گشتییە بۆ هیدایەت، جەستەی ئێمەش هەر وایە، هەموو خانەکانی جەستەمان کە بەمەزەندە جەستەی مرۆڤ لە (١٠٠) تریلیۆن (١٠[١٢]) خانە زیاتر پێکهاتووەو، هەر کامێك لەو خانانەش لە: (١٠٠) تریلیۆن گەردیلە زیاتر پێکهاتوە، ئنجا هەموو گەردیلەکان کە خانەکان پێکدێنن و، هەموو خانەکان کە شانەکان پێکدێنن و، هەموو شانەکان کە ئەندامەکان پێکدێنن و، هەموو ئەندامەکان کە کۆئەندامەکان پێکدێنن و، هەموو کۆئەندامەکان کە جەستە پێکدێنن، هەموو ئەوانە خوا عزوجل بێ ئەوەی هەڵبژاردنی خۆمانی تێدابێ، ویستی خۆمانی تێدابێ، ڕێکیخستوون و ئەندازەگیریی کردوون، ئەو هەموو جۆرە خانانەش لە جەستەی مرۆڤدا هەن، خڕۆکە سپییەکان و خڕۆکە سوورەکان، ئنجا کارگەی دروستکردنی خڕۆکە سوورەکان، لەنێو مۆخدا، لەنێو ئێسقاندا، ئەم هەموو کۆئەندامانەی خوا بۆ مرۆڤی خوڵقاندوون، کە هیچ

---

(١) تێکڕای توخمەکان (عناصر) کە ژمارەیان سەدونۆ (١٠٩) زیاترەو، لەگەردیلەکان پێکدێن و، پێکهێنەری سەرجەم شتەکانیشن، مانای وایە گەردیلە (ذرة - atum) یەکەمین خشتی ماددەو سەرجەم دیاردەکانیەتی. بڕوانە: الموسوعة العلمية الشاملة، ص ٢٤ - ٣٢، رئيس التحرير: أحمد شفيق الخطيب.

کامیان بە پێی ویستی مرۆڤ کار ناکات: لێدانی دڵمان، کار کردنی گورچیلەکانمان، کارکردنی گەدەو ڕیخۆڵەکان، کۆئەندامی هەناسەو، هەموو کۆئەندامەکانی دیکەو هەموو ئەو پێکهاتانەی دیکە جەستەی مرۆڤ، هەروەها هی هەموو ژیانداران بە تێکڕا، بەڵکو بێ ژیانانیش هەموویان خوا ﷻ هێناونیە دی، دواییش ڕێکیخستوون و، بەو شێوەیە ڕێك و، پێکی کردوون، هەرشتێك لە تەواوترین حاڵەتی خۆیدایە، پاشان ئەندازەگیریی کردوون، دوایی ڕێنماییشی کردوون و، پابەندیشی کردوون بەو ڕێیەوەی بۆی داناون، ئەوە مانای یەکەمی هیدایەت.

٢- مانای دووەمی هیدایەت: بریتیە لە مانایەکی تایبەت بە ئەرکداران (**خاصٌ بالمُكَلَّفين**)، ئەوانیش مرۆڤ و جندن، وەك لە سوورەتی (**البقرة**) دا خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ﴿١٥٩﴾ ﴾البقرة، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی بەڵگە ڕۆشنەکان و ڕێنمایی ئێمە دوای ئەوەی ڕوونمان کردۆتەوە لە کتێبدا، دەیشارنەوەو پەنهانی دەکەن، ئائەوانە خواو نەفرینکەران نەفرینیان لێدەکەن.

هەروەها هەر لە سوورەتی (**البقرة**)دا خوا فەرموویەتی: ﴿ شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ ...﴿١٨٥﴾ ﴾، واتە: مانگی ڕەمەزان کە قورئانی تێدا دابەزێنراوە ڕێنماییە بۆ خەڵك، کەواتە: مانای دووەمی هیدایەت بریتیە لە ڕێ پێشاندانی خوا بۆ مرۆڤ و جند، کە چۆن بژین و ماوەی ژیانی دونیایان چۆن بگوزەرێنن؟ کە بە شێوەیەك بێ لە تاقیکردنەوی خوا دەربچن و، بەشێوەیەك بێ سەربەرزانە ئەم ماوە کورتەی ژیانی دونیا تێپەڕێنن و، شایستەی ئەوە بن خوا لێیان خۆشبێ و لێیان ڕازی بێ و، بیانخاتە بەهەشتەکانی خۆیەوە.

٣- مانای سێیەمی هیدایەت: مانایەکی تایبەتترەو ئەویش پەیوەستە بە بڕواداران و پارێزکارانەوە، بۆ وێنە: خوا ﷻ لە سوورەتی (**البقرة**)دا دەفەرموێ:

﴿ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ۝٢ ﴾البقرة، واتـە: ئـەو کتێبـە هیـچ دوو دڵیـی تێدانیـە، ڕێنماییـە بـۆ پارێـزکاران، واتـە: ڕاسـتەڕێ کـەرو بـە ئامانـج گەیەنـەرە بـۆ پارێـزکاران، لێـرەدا وشـەی: ﴿ هُدًى ﴾، بـە مانـای بـە ئامانـج گەیانـدن و ڕاسـتەڕێ کـردن هاتـوە، هەروەهـا لـە سـوورەتی (موحەممـەد)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْا۟ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ۝١٧ ﴾محمد، واتـە: ئەوانـەی هیدایـەتی خوایـان وەرگرتـوە و ڕاسـتەڕێ بـوون، خـوا ڕێنماییـان بـۆ زیـاد دەکات بەرچـاو ڕوونییـان بـۆ زیـاد دەکات و پارێزکارییشـیان پـێ دەبەخشـێ، هەروەهـا بـەو واتـای سـێیەم و تایبەتترەیـە کـە ئێمـە لـە سـوورەتی فاتیحـەدا خـوا فێـری کردوویـن لێـی بپاڕێینـەوەو بڵێیـن: ﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ۝٦ ﴾، ﴿ ٱهْدِنَا ﴾، یـانی: بەردەوامـمان بکـە لەسـەر ڕێـی ڕاسـت، نـەك: ڕێـی ڕاسـتمان پیشـان بـدە، خـوا ڕێـی ڕاسـتی پیشـان داویـن، ﴿ ٱهْدِنَا ﴾، واتـە: بمانخـە سـەر ڕێـی ڕاسـت، ئنجـا تـۆی بـڕوادار لەسـەر ڕێـی ڕاسـتی، بـەڵام بـۆ لەسـەر ڕێـی ڕاسـت بـوون، لـە هەمـوو تـاوەکانی تەمەنـداو، لـە هەمـوو هەڵوێسـتەکانداو، لـە هەمـوو هەڵـس و کەوتەکانـدا، حەوجێـمان بـەوە هەیـە کـە لەسـەر ڕێـی ڕاسـت بیـن، ئـەو پاڕانەوەیەمـان بـەو مەبەسـتەیە.

مەسەلەی دووەم:

خـوای دادگـەر زنجیـرو کـۆت و بڵێسـەی ئاگـری بـۆ بێبڕوایـان سـاز کـردوون و، بـڕوادارانی چاکەکاریـش پێـکی مـەی کافـوور تێکـراو دەخۆنـەوە، کـە لـە کانییـەکی نێو بەهەشـت دەردێ و، بەویسـتی خۆیـان ئاوەکـەی ڕادەکێشـن و، بـۆ ئـەولاو لای دەبـەن، ئەویـش لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە پابەنـدن بـەوەوەی لەخۆیـان گرتـوەو، تـرسی سـزای ڕۆژی دواییـان هەبـووەو، خواردنێـکی خۆشویسـتراویان بـە: نـەدارو هەتیـوو دیـل داوەو لەبـەر خۆشـیانەوە گوتوویانـە: تەنیـا لەبـەر خـوا دەرخواردتـان دەدەیـن و، هیـچ چاوەڕوانییەکـمان لێتـان نیـەو، ئێمـە تـرسی ڕۆژێـکی گـرژو دژوارو بێڕەزامـان هەیـە:

خـوا فەرموویـەتی: ﴿إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلٗا وَسَعِيرًا ٤ إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ يَشۡرَبُونَ مِن كَأۡسٖ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ٥ عَيۡنٗا يَشۡرَبُ بِهَا عِبَادُ ٱللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفۡجِيرٗا ٦ يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ وَيَخَافُونَ يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا ٧ وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينٗا وَيَتِيمٗا وَأَسِيرًا ٨ إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءٗ وَلَا شُكُورًا ٩ إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوۡمًا عَبُوسٗا قَمۡطَرِيرٗا ١٠﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دە بڕگەدا:

لـە ئایەتـەکانی پێشـێدا خـوا بـاسی کـرد کـە ماوەیـەکی زۆر تێپەڕیـوەو مـرۆڤ شـتێکی باسـکراو نەبـووە، دوایـی خـوا لـە نوتفەیـەکی تێکـەڵ مرۆڤـی هێناوەتـە دی، بـە مەبەسـتی تاقیکردنـەوەو، گێڕاویـەتی بـە بیسـەرو بینـەر، ئنجـا ڕێـی ڕاسـتیشی پێشـانداوە، ڕاسـتە ڕێیەکـەی خـۆی، چ سوپاسـگوزار بـێ، چ سـپڵەو ناسـپاس، ئنجـا خـوا ﷻ بـاسی سـەرەنجامی هەردووکیـان دەکات، بـەڵام ناسـپاس و بێبڕوایـەکانی پێشخسـتوون و دەفەرمـوێ:

١- ﴿إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلٗا وَسَعِيرًا﴾، بە دڵنیایی ئێمە بۆ بێبڕوایەکان زنجیرەکان و کۆت و پێوەندەکان و بڵێسەی ئاگرمان ئامادە کردوە.

(أَعتَدْنا)و (أَعدَدنا)، هەردووکیان یانی: (هَيَّئنا) سازمان کردوە، ئامادەمان کردوە.

(سَلاَسِل) کۆی (سِلسِلة)یە، واتە: زنجیر، (**السَّلاَسِلُ: الْقُيُودُ الْمَصْنُوعَةُ مِنْ حِلَقِ الْحَدِيدِ**)، (سَلاَسِل): ئەو کۆتانەن کە لە ئاڵقەکانی ئاسن، دروستکراون، هەرچەندە وشەی (قَيْد) زیاتر بۆ کۆتێك کە لە دەست و لە گەردن دەکرێ، بەکاردێ.

(**الأَغْلاَلُ: جَمْعُ غُلٍّ بِضَمِّ الْغَيْنِ، وَهُوَ حَلْقَةٌ كَبِيرَةٌ مِنْ حَدِيدٍ تُوضَعُ فِيهِ رَقَبَةِ الْمُقَيَّدِ**)، (أَغلال) کۆی (غُلّ)ە، کە بازنەیەکی ئاسنی گەورەیە (جاری واش هەیە لە چەرم دروست دەکرێ) گەردنی بابای گیراو، یان کۆتکراوی تێدەخرێ، لە گەردنی دەئاڵێ و سەریشی بەرز دەکاتەوە.

لە بارەی سزای بێبڕوایانەوە، خوا ﷻ هەر بە کورتیی براندوویەتەوە، کە ئەوانە خوا زنجیرەکان و کۆت و پێوەندی بۆ ئامادە کردوون و، کڵپەی ئاگریشی بۆ ساز کردوون.

(**السَّعِيرُ: النَّارُ الْمُسَعَّرَةُ، أَيِ الَّتِي سَعَّرَهَا الْمُوقِدُونَ بِزِيَادَةِ الْوَقُودِ، فَهُوَ فِي الْأَصْلِ وَصْفٌ بِمَعْنَى اسْمِ الْمَفْعُولِ جُعِلَ عَلَمًا عَلَى جَهَنَّمَ**)، (سَعِير) واتە: ئاگرێکی خۆشکراو، ئەوانەی دایانگیرساندوە بەهۆی ئەوەوە کە سووتەمەنییان بۆ زیاد کردوە، خۆشیان کردوە، وشەی (سَعِير) لە ئەصڵدا وەسفەو بە مانای ناوی بەرکار هاتوە، یانی: (مُسَعَّرَة) خۆشکراوو بڵێسەدار کراو، کراوە بە ناوێکی ناسینەوە بۆ دۆزەخ.

ئنجا یەکسەر خوا ﷻ دێتە سەر باسی پاداشتی چاکەکاران و دەفەرموێ:

٢- ﴿إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ يَشۡرَبُونَ مِن كَأۡسٖ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا﴾، بە دڵنیایی چاکەکاران لە پێکێك دەخۆنەوە کافووری لەگەڵ تێکەڵ کراوە، وشەی: ﴿كَانَ﴾، کە دەفەرموێ: ﴿كَانَ مِزَاجُهَا﴾، ئاماژەیە بۆ ئەوە کە هەمیشە ئەو کافوورەی لەگەڵ

تێکەڵ دەکرێ و لێی جیانابێتەوە، چونکە عادەتی خەڵك وابووە کە لە دونیادا (لە ژیانی دنیایاندا) لەبەر ئەوەی کافوور گران بووە، یان جاری وایە دەست نەکەوتوە، مەرج نیە هەموو جارێ کافووریان تێکردبێ، بەڵام خوا دەفەرموێ: ﴿كَانَ مِزَاجُهَا﴾، یانی: بزانن ئەوەی بەهەشتێ هەمیشە کافووری تێدەکرێ، وەك دنیا نیە دەستنەکەوێ، یان نرخەکەی زۆر گران بێ، تەنیا جار جار تێی بکەن، یان کەمی تێبکەن.

(**الـكَأْسُ: الإِنَـاءُ الَّـذِي فِيـهِ الـشَّرابُ و إِن لَـم يَكُـن فيـه شَرَابٌ، لا يُسَـمَّى كَأْسَـاً**) ئەمـە ڕای یەکێـك لـە زانایانـە، (**كَأس**): بریتیـە لـەو دەفـرەی شـەڕاب (مـەی)ی تێدابـێ، ئەگـەر مـەی تێـدا نەبـێ، پێـی ناگوتـرێ (**كَأس**).

هەندێکیـش لـە زانایـان دەڵێـن: چ شـەڕابی تێدابـێ چ تێیدانەبـێ، هەردووکیشـیان بـە جیاجیـا، هـەر پێیـان دەگوتـرێ: (**كَأس**)، واتـە: خودی شـەڕابەکە کـە دەخورێتەوەو، خـودی دەفرەکـەش کـە شـەڕابەکەی تێدایـە.

زانایـان لەسـەر کافـوور زۆر قسـەیان کـردوە، بـۆ وێنـە لـە: (**المعجـم الوسـيط**)دا هاتـوە: (**الكافـورُ: شَـجَرٌ مِـنَ الفَصِيلَـةِ الغارِيـةِ يُتَّخَـذُ مِنـهُ مـادَّةٌ شَـفَّافَةٌ بَلُورِيَّـةُ الشَّـكلِ يَميـلُ لَونُهـا إِلَى البَيـاضِ رائِحَتُـه عَطْرِيَّـة وَطَعمُهَـا مُرٌّ، وَهُـوَ أَصنـافٌ كَثِيرَةٌ، وَالجَمـعُ كَوافِير**)[1]، واتـە: کافـوور درەختێکـە لـە جـۆری غارییـە[2]، کـە ماددەیـەکی ڕوونی بلووریـی لێوەردەگیـرێ، ڕەنگەکـەی بـەلای سـپیەتیی دایـە، بۆنێـکی خـۆشی هەیـەو، تامەکـەی تاڵـە، ئەویـش زۆر جـۆری هـەن و، وشـەی کافـوور بـە (**كوافـير**) کۆدەکرێتـەوە.

(**إبـن عاشـور**)یش لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا[3] دەڵـێ: (**الكافـور: زَيـتٌ يُسْـتَخْرَجُ مِـنْ شَـجَرَةٍ تُشْـبِهُ الدِفْـلَى تَنْبُـتُ فِي بِـلَادِ الصِّـينِ وَجَـاوَةَ، يَتَكَـوَّنُ فِيهَـا إِذَا طَالَـتْ مُدَّتُهَـا**

---

(١) المعجم الوسيط: ص٧٩٢.

(٢) (الغـار: جَمـعُ غِـيَران، شَـجَرٌ يَنبُـتُ بَرِّيًّـا مِـن سَـواحِلِ الشَّـامِ وَالغُـورِ وَالجِبـالِ السَّـاحِلِيَّةِ دائِـمُ الخَـضرَةِ) واتـە: (غار)بـە (غِـيران) کۆدەکرێتـەوە، لـە ناوچـەی غـوور، لـە چیایەکانی کەنار، هەمیشـە سـەوزە. یـانی: کەنـاری شـام و سـووریە، مەبەسـتیش کەنـاری دەریـای سـپی نێوەڕاسـتە.

(٣) التحرير والتنوير: ج١٢، ص٣٨٠.

نَحْوًا مِنْ مِائَتَيْ سَنَةٍ، فَيُغَلَّى حَطَبُهَا وَيُسْتَخْرَجُ مِنْهُ زَيْتٌ يُسَمَّى الْكَافُورَ، وَالْكَافُورُ أَبْيَضُ اللَّوْنِ ذَكِيُّ الرَّائِحَةِ مُنْعِشٌ)، واتە: کافوور ڕۆنێکە دەردەهێنرێ لە درەختێك شێوەی دیفلا دەکات (ئەویش جۆرە درەختێکە)، کە لە وڵاتی چین و جاوەدا هەیە، کاتێك ئەو زەیتەش لەو درەختە پەیدادەبێ کە دووسەد (٢٠٠) ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕێ، ئنجا داری ئەو درەختە دەکوڵێنرێ و ئەو ڕۆنەی پێی دەگوترێ: کافوور لێی دەردەهێنرێ، کافوور ڕەنگەکەی سپییەو بۆنێکی خۆشی هەیەو بووژێنەرەوەیە.

کە خوا ﷻ دەفەرموێ: کافووری لەگەڵ تێکەڵ دەکرێ، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: کافوور تامەکەی تاڵە! بەڵام بێگومان هیچ شتێکی بەهەشت وەك هی دنیا نیەو، ئەو شتانەی خوا بۆمان باس دەکات لە بەهەشتدا، سیفەت و لایەنە چاکەکانی کە لە دنیادا هەیانن، تێیدان و، لایەنە خراپەکانیشی تێدانین.

دوایی خوا ﷻ پێناسەی ئەو کانیی و سەرچاوەیەمان بۆ دەکات، کە ئەوان پێکی مەی لێ دەخۆنەوەو دەفەرموێ:

٣- ﴿عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ﴾، سەرچاوەیەکە بەندەکانی خوا لێی دەخۆنەوە. لەبارەی (**ب**)ی سەر (**بها**) دوە، زانایان چوار ڕایان هێناون:

أ- هەندێك لە زانایان لە بارەی (ب)ی ﴿يَشْرَبُ بِهَا﴾، وە گوتوویانە: زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوەو یانی: (**يَشرَبُهَا**).

ب- هەندێکی دیکە گوتوویانە: لێرەدا (ب) بە مانای (من)ە، یانی (**يَشرَبُ مِنهَا**) واتە: لەو کانیی و سەرچاوەیە دەخۆنەوە.

ج- زۆریشیان گوتوویانە: (**يَشرَبُ: ضُمِّنَ مَعنَى (يَلتَذُّ) أو (يرتوي) لِذا عُدِّيَ لِلباء**)، (**يَشرَبُ**) واتە: دەیخۆنەوە، مانای: (چێژی لێوەردەگرن)، یاخود (پێی تێر ئاو دەبن)ی خراوەتە نێو، بۆیە بە (ب) بەرکاری خواستوە، کەواتە: ﴿يَشْرَبُ بِهَا﴾، واتە: (**يَشرَبُونَ أي: يُجْرُونَهَا حَيثُ شاءُوا فَيَشُقُّونَهَا شَقًّا مِنهَا، وَيَلتَذُّونَ بِها ويرتوون بها**).

د- هەندێکیش گوتوویانە: ﴿يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ﴾، (ب)ەکە ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ پەرداخ (**كأس**)ەکە، یانی: بەندەکانی خوا بەو پەرداخە لەو کانییە دەخۆنەوە.

٤)- ﴿يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا﴾، دەیتەقێننەوە بە تەقاندنەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی تەقاندنەوە نیە، واتە: بۆ هەر شوێنێکیان بوێ (ئەو کانیی و سەرچاوەیە) ئاوەکەی دەبەن، واتە: بەردەوام لەبەر دەستیان دایە، نەك هەمیشە پێویست بکات بچن لە کانییە کە ئاو بێنن، بەڵکو بۆ هەر شوێنێکیان بوێ ئاوەکەی دەگوازنەوە.

ئنجا خـوا ﷻ دێتـە سـەر بـاسی ئـەوەی بۆچـی ئەوانـە ئـەوە پاداشـتیانەو، بـاسی هەندێـك لـە کردەوەکانیـان دەکات و، ئێواخنـی دەکات لەگـەڵ پاداشـتەکەیانداو دەفەرمـوێ:

٥)- ﴿يُوفُونَ بِالنَّذْرِ﴾، ئەوانە عادەتیان وابوو نەزریان جێبەجێ دەکرد، وشەی (نَذر) بە مانای پێویست کردنە، بۆیە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ﴿يُوفُونَ بِالنَّذْرِ﴾، واتە: هەرچی خوا لەسەری پێویست کردوون، جێبەجێی دەکەن، وەك لە قەتادەوە (**الطبري**) بە ژمارە (٣٥٨٨٢) هێناویەتی دەڵێ: (**يُوفُونَ بِطاعَةِ اللهِ وبِالصَلاة وبالحَجِّ وَبَالعُمرَة**)، واتە: فەرمانبەریی بۆ خواو نوێژو حەج و عومرە جێبەجێی دەکەن.

بـەڵام زۆربـەی زانایـان دەڵێـن: (نَـذر) مانایەکـەی تایبەتـەو هێنـدە گشـتیی نیـە هەمـوو شـتێك بگرێتـەوە، (**القرطبـي**) ئـاوا پێناسـەی (نَـذر) دەکات لـە تەفسـیرەکەی خـۆی دا[1]، دەڵـێ: (**النَّـذْرُ: هُـوَ إِيجَـابُ الْمُكَلَّـفِ عَـلَى نَفْسِـهِ مِـنَ الطَّاعَـاتِ مَـا لَـوْ لَـمْ يُوجِبْـهُ لَـمْ يَلْزَمْـهُ**)، (نـذر): بریتیـە لەوەی بابـای ئەرکـدار هەندێك لـە فەرمانبەرییەکان لەسـەر خـۆی پێویسـت بـکات، کـە ئەگـەر لەسـەر خـۆی پێویسـت نەکردبـان، لەسـەری پێویسـت نەدەبـوون، بـۆ وێنـە کەسـێك دەڵـێ: خوایـە! فـڵان شـتەم بـۆ ببـێ، یـان فـڵان بەڵایـەم لـێ دوور بکەوێتـەوە، یـان فـڵان خێـرەم بەقسـمەت بـێ، یـان فـڵان کەسـەم لـەو نەخۆشـییە چـاك بێتـەوە، ڕۆژوو گرتنـی سـێ ڕۆژانـم لەسـەر

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج١٩، ص٩٧.

نـەزر بـێ، یـان ئەوەنـدە پارەیـە دەکەمـە خێـر، یـان حەیوانێـك سـەر دەبـڕم، ئـەوە پێـی دەگوتـرێ: نـەزر، واتـە: لەسـەرخۆ پێویسـت کـردن.

(الطـبري)ش ئـاوا پێناسـەی (نـذْر) دەکات، دەڵـێ: **(النَّـذرُ: هُـوَ كُلُّ مـا أَوجَبَهُ الإنسـانُ عَـلَى نَفسـه مِـن فِعـلٍ)**، نـەزر بریتیـە لـە هـەر کردەوەیـەك ئینسـان لەسـەر خـۆی پێویسـتی بـکات، گرنـگ ئەوەیـە ئەوانـە: ﴿ يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ ﴾، ئـەوەی لەخۆیـان گرتـوە و لەسـەر خۆیـان پێویسـت کـردوە، پێـی وەفـادار دەبـن، واتـە: جێبەجێـی دەکـەن، چونکـە **(یوفـون)** بەمانـای جێبەجیـێ دەکـەن بـە تەواویـی.

٦)- ﴿ وَيَخَافُونَ يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا ﴾، هەروەها لە ڕۆژێك دەترسێن خراپەو زیانەکەی بەربڵاوە، **(مُستَطِير)**، **(الطبري)** لە قەتادەوە بە ژمارە (٣٥٨٨٤) هێناویەتی دەڵێ: **(إِسْتَطَارَ واللهِ شَرُّ ذَلِكَ اليوم حَتَّى مَلأَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرض)** واتە: سوێند بە خوا زیان و خراپەی ئەو ڕۆژە (بەڵاو گرفتاریی ئەو ڕۆژە) وا بڵاو بۆتەوە ئاسمانەکان و زەوی گرتوونەوە، دەگوترێ: **(اسْتَطَارَ الصَّدْعُ فِي الْقَارُورَةِ وَالزُّجَاجَةِ وَاسْتَطَالَ: إِذَا امْتَدَّ، كانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيراً أَيْ: عَالِياً دَاهِياً فَاشِيًّا)** ئەگەر گۆزەیەك شووشەیەك بشکێ و درزێکی تێبێ و درزەکە بڵاوبێتەوە، دەگوترێ: **(اسْتَطَارَ الصَّدْعُ)**، واتە: شکاوییەکە پەرەی گرت و تەشەنەی کرد لە شووشەکەدا، یاخود لەو دەفرەدا کە شکاوە، واتە: درێژ بۆوە، **(مُستَطِيراً)** واتە: بەرزەو بڵاوەو درێژ بووەوەیە.

٧)- ﴿ وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينٗا وَيَتِيمٗا وَأَسِيرًا ﴾، هەروەها خواردنێك وێڕای خۆشویستنی دەرخواردی نەدارو هەتیوو دیل دەدەن، **(الطبري)** ئاوای لێکداوەتەوە:: **(كَانَ هَؤلاءِ الأَبرَارُ يُطعِمُونَ الطَّعَامَ عَلى حُبِّهِم إِيَّاهُ وَشَهوَتِهِم لَهُ المسكين واليتيم والأسير)**، واتە: ئا ئەو چاکەکارانە خواردنێك کە خۆشیاندەویست و بۆیشی ئارەزوومەند بوون، دەرخواردی ئەو سێ جۆرە کەسانەیان دەدا: نەدارو، هەتیوو، دیل.

(للطـبري) بـە ژمـارە (٣٥٨٨٥) لـە موجاهیـدەوەی هێنـاوە کـە گوتوویـەتی: ﴿ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ﴾، واتـە: **(وَهُـم يَشـتَهُونَهُ)**، لـە حاڵێکـدا ئارەزوویـان دەکـرد، هەندێکیـش ﴿ عَلَىٰ

حُبِّهِۦ ﴾، یان ئاوا لێکداوەتەوە: وێڕای خۆشویستنیان بۆ خوا، واتە: بە هاندەری خۆشویستنی خواوە ئەو خواردنەیان دەبەخشی، بەڵام مانای یەکەمیان زیاتر بە عەقڵەوە دەنووسێ.

(الطبري) دەڵێ: (المِسكينُ: ذَوِي الحاجَةِ الَّذِينَ أَذَلَّتْهُمُ الحاجَة، وَاليَتِيمُ هُوَ الطِّفلُ الَّذِي قَد مَاتَ أَبُوهُ وَلَا شَيءَ لَهُ)، (مِسْكِين): کەسانێکی خاوەن پێداویستیین کە پێداویستییەکەیان زەبوونی کردوون، (یتیم) ئەو منداڵەیە باپی مردوەو هیچ شتێکیشی نیە.

(أسیر)یش قەتادە (الطبري) بە ژمارە (٣٥٨٨٨) لێیەوە هێناوە: (كَانَ أَسرَاهُم يَومَئِذٍ المُشرِكُون، وَأَخوكَ المُسلِم أَحَقُّ أَن تُطعِمَهُ) ئەو کاتە دیلەکانیان خەڵکی موشریك بوون، بەڵام برای مسوڵمانت شایستەترە خواردنی پێ بدەی.

هەروەها (الطبري) بە ژمارە (٣٥٨٩١) لە موجاهیدەوە هێناویەتی: (الأَسِيرُ: المَسجُونُ)، دیل یانی: حەپسکراو، بەندیی.

بەڵام (الطبري) دەڵێ: (الصَّوابُ أنَّه عامٌّ لِلفَرِيقَينِ)، ڕای ڕاست ئەوەیە کە گشتگیرە بۆ هەردووك کۆمەڵەکە، هەم دیل دەگرێتەوەو هەم بابای گیراوو بەند کراویش دەگرێتەوە.

واتە: ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگادا پێویستییان بە هاوکاریی هەیە، خوا ﷻ لێرەدا باسی نەدار (مِسكين) کردوەو، لە شوێنی دیکە باسی هەژار (فقير) دەکات و، باسی ڕێبوار (إبن السبيل) دەکات، بەڵام لێرەدا ئەو سێیەی هێناون، چونکە ئەو کەسانەی ئەوکاتە لەو قۆناغەدا لە کۆمەڵگەدا پێویستییان بە هاوکاریی و دەستگرۆیی هەبووە، ئەو سێ جۆرە کەسە بوون.

٨)- ﴿ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ ﴾، (لە دڵی خۆیاندا دەڵێن، یان لەبەر خۆیانەوە دەڵێن:) ئێمە تەنیا لەبەر ڕووی خوا خواردنتان دەرخوارد دەدەین، (الطبري) گوتوویەتی: ﴿ لِوَجْهِ

﴿ٱللَّهِ﴾، (يَعْنُونَ طَلَبَ رِضَا اللّهِ، وَالْقُرْبَةَ إِلَيْهِ)، (لوجه الله) مەبەستیان پێی وەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خواو لە خوا نزیك كەوتنەوەیە.

(الطبري) لە موجاهیدەوە بە ژمارە (٣٥٨٩٥) هێناویەتی: (قَالَ: أَمَا إِنَّهُمْ مَا تَكَلَّمُوا بِهِ، وَلَكِنْ عَلِمَهُ اللَّهُ مِنْ قُلُوبِهِمْ، فَأَثْنَى بِهِ عَلَيْهِمْ، لِيَرْغَبَ فِي ذَلِكَ رَاغِبٌ)، گوتوویەتی: ئاگاداربن! كە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا﴾، ئەو قسەیان نەكردوە، بەڵكو لە دڵیاندا بووەو خواش كە لە دڵیاندا بووە دەریخستوەو كردوویەتی بە ستایش بۆیان، تاكو بەهۆی ئەوەوە كەسێك كە ئارەزوومەندە بۆ چاكە، چاكە بكات.

هەروەها (الطبري) لە سەعیدی كوڕی جوبەیریش بە ژمارە (٣٥٨٩٦)، هەمان قسەی هێناوە، كە ئەو قسەیەیان لە دڵی خۆیاندا كردوە.

دەڵێم: دەگونجێ لەبەر خۆیانەوەش كردبیان، بەدەنگی پەنهان و كەپ.

هەندێكیش لە زانایان گوتوویانە: ئەو قسەیان گوتوە تاكو حاڵییان بكەن كە هیچ چاوەڕوانییەكیان لێیان نیە، ئنجا ئەگەر بەو پاساوە بێ، ڕێی تێدەچێ، بەڵام كە لە دڵی خۆیاندا وایانگوتبێ، یان لەبەر خۆیانەوە وایانگوتبێ، بێ ئەوەی ئەوان گوێبیست بن، ئەو مانایە باشترە.

﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ﴾، ئێمە تەنیا لەبەر ڕووی خوا، لەبەر ڕەزامەندیی خواو پاداشتی خوا، یاخود بۆ ئەوەی بە دیداری خوا بگەین، بۆیە خواردنتان دەرخوارد دەدەین.

٩)- ﴿لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا﴾، نە پاداشتمان لێتان دەوێ، نە سوپاسكردن، پاداشت (**جزاء**)ەكە ئەوەیە بە شێوەی مادديی بێ، سوپاسكردن (**شكور**)یش ئەوەیە بە شێوەی مەعنەویی بێ، یان: پاداشت ئەوەیە ئەوانیش چاوەڕوانییان هەبێ، ڕۆژێك هاوكارییەكی ئاوایان بكەن، (**شكور**)یش ئەوەیە خۆیان بە منەتباریان بزانن و سوپاس و ستایشیان

بکەن، بۆیە دەگێڕنەوە دەڵێن: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کە خێرێکی دەکرد، خواردنێکی بۆ کەسێك دەنارد، هاوکارییەکی دەکرد، بەو کەسەی پێیدا دەنارد دەیگوت: گوێی لێبگرە داخۆ نزامان بۆ دەکات، قسەیەك دەکات؟ ئنجا ئەگەر هاتبایەوەو گوتبای: ئا وای گوت، دایکمان عائیشەش هەمان نزای بۆ دەکردەوەو بۆی دەپاڕایەوە دەیگوت: با لە پاداشتەکەم کەم نەبێتەوە، چونکە ئەگەر سوپاسم بکات، دەبێ منیش سوپاسەکەی بکەمەوەو، ئەگەر دوعام بۆ بکات، هەمان دوعای بۆ دەکەمەوە، بۆ ئەوەی پاداشتەکەم لەجێی خۆی بێ و کەم نەکات.

١٠)- ﴿ إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا ﴾، (دەڵێن:) بە دڵنیایی ئێمە لە پەروەردگارمان دەترسین ڕۆژێکی ڕووگرژی سەخت و بێزەزا. ئنجا ئایا مەبەست ئەوەیە: ڕۆژەکە گرژو سەخت و بێڕەزایە؟ یان مرۆڤ تێیدا ڕوو گرژ دەبێ؟

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) **(الطبري)** بە ژمارە (٣٥٨٩٧) لێیەوە هێناوە دەڵێ: **(يَعبِسُ الكافِرُ يومَئِذٍ حَتَّى يَسِيلَ مِن بَينِ عَينَيهِ عَرَقٌ مِثْلُ الْقَطْرَانِ)**، لەو ڕۆژەدا بابای بێبڕوا ڕووی گرژ دەبێ، هەتا لەنێو هەردوو چاوانی (لە نێو چەوانی) ئارەقێکی وەك قەترانی ڕەش دێتە خوار (لە ئەنجامی پەستیی و توورەیی دا).

وشەی ﴿ قَمْطَرِيرًا ﴾، **(الطبري)** لە **(إبن عباس)**ەوە بە ژمارە: (٣٥٩٠٠) هێناویەتی: **(يُقبِّضُ ما بَينَ العَينَينِ)**، واتە: نێوان دوو چاوان گرژ دەکات.

بەڵام **(إبن زيد)** **(الطبري)** بە ژمارە (٣٥٩٩١) لێیەوە هێناوە: **(الْقَمْطَرِيرُ: هُوَ الشَّدِيدُ)**، **(قمطرير)** واتە: سەخت، هەروەها لە **(إبن عباس)**ەوە هاتوە: **(الْقَمْطَرِيرُ: الطَّوِيلُ)**، **(قمطرير)** ڕۆژێکی درێژ، کەواتە: دەتوانین بڵێین: ﴿ قَمْطَرِيرًا ﴾، یانی: سەخت و بێڕەزاو توندو بەهێزو، خوا ئەو ڕۆژە دەچوێنێ بە کەسێکەوە کە ڕووی گرژ کردوە، دەشگونجێ بڵێین: بابای کافر تێیدا ڕوو گرژو ناڕەحەت و مەینەتبار دەبێ.

پێشـتریش ئامـاژەم پێـدا لێـرەدا کـە خـوا ﷻ وشـەی (**إطعـام**)ی بەکارهێنـاوە: ﴿ إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ ﴾، ﴿ وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ ﴾، خواردنیـان دەرخـوارد دەدەن، لـە بـەر ئەوەیـە کـە خـواردن پێـدان (**إعطاء الطّعام**) ئەوەیـە بـە کەسێك دا بـۆی بنێـری، یـان پارەیـەکی بدەیـە خـواردنی پـێ بکـڕێ، بـەڵام خـواردن دەرخـوارد دان (**إطعـام**) ئەوەیـە ئەوکەسـە دابنێـی و خواردنەکـەی پـێ بـدەی، بەدڵنیایـی ئـەو کاتـە بـەر لـە جەسـتەکەی، ڕووحەکـەی تێروپـڕ دەکـەی بەهـۆی ڕێـز لێگرتنـەوە، بۆیـەش خـوا ﷻ ئـەم تەعبیـرەی بەکارهێنـاوە لێـرەو لـە زۆر شـوێنی دیکـەی قورئانـدا، تاکـو ئـەوە بگەیەنـێ کـە بابـای برسـیی و ئاتـاج، تەنیـا ئـەوە نیـە خواردنەکـەی وێبـدەی و گـەدەو جەسـتەی تێربکـەی، بەڵکـو دەبـێ ڕێـزو حورمەتیـشی لـێ بنێـی و دڵیـشی بدەیـەوەو لـە پەنـای خـۆتی دابنێـی، ئـەو کاتـەش ڕووحیـشی تێـر دەبـێ، وەك چـۆن جەسـتەی تێـر دەبـێ.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

پاراستنی خوا ﷻ بۆ چاکەکاران لە خراپەو دژواری ڕۆژی قیامەت و، ڕەخساندنی گەشیی و شادمانیی بۆیان و، پاداشتدانەوەیان بە باخ و ئاوریشم و، پاڵدانەوەیان تێیدا (لەنێو بەهەشتدا) لە سەر تەختان لە جەوێکی نەساردو نەگەرمداو، بۆلا شۆڕبوونەوەی سێبەری لق و پۆپەکانی درەختەکانی ئەو باخەو، ئاسانکرانی چنینی میوەکان و، قاپی زیوینی پڕ لە خۆراك بەسەرەوە گێڕدران و، پەرداخی بلوورینی پڕ شەڕابی ئەندازەگیریی کراوو، پێ نۆشرانی پێکی زەنجەبیل تێکراو، لەسەرچاوەی سەلسەبیل و، لاوانی بە لاویی هێڵدراوە بەسەرەوە گەڕانیان بۆ خزمەت کردن، کە وەك گەوهەرو مرواریی پڕژاو دەیانبینی و، هاتنە بەر نیگای نیعمەت و موڵکێکی فراوان و، پۆشینی بەرگی ئاوریشمی سەوزی تەنك و ئەستوورو، ڕازێنرانەوەیان بە بازنە زیوینەکان و، پێ نۆشینی پەروەردگاریان، خواردنەوەیەکی پاککەرەوەو، گوترانی: ئەمە پاداشتتانەو هەوڵ و تێکۆشانتان سوپاسکراوو نرخێنراوە:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمِ وَلَقَّىٰهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا ﴿١١﴾ وَجَزَىٰهُم
بِمَا صَبَرُوا۟ جَنَّةً وَحَرِيرًا ﴿١٢﴾ مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ ۖ لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا ﴿١٣﴾ وَدَانِيَةً
عَلَيْهِمْ ظِلَـٰلُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا ﴿١٤﴾ وَيُطَافُ عَلَيْهِم بِـَٔانِيَةٍ مِّن فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا۠ ﴿١٥﴾
قَوَارِيرَا۟ مِن فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ﴿١٦﴾ وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴿١٧﴾ عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّىٰ
سَلْسَبِيلًا ﴿١٨﴾ وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَٰنٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا ﴿١٩﴾ وَإِذَا رَأَيْتَ ثَمَّ رَأَيْتَ
نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا ﴿٢٠﴾ عَـٰلِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ ۖ وَحُلُّوٓا۟ أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٍ وَسَقَىٰهُمْ
رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا ﴿٢١﴾ إِنَّ هَـٰذَا كَانَ لَكُمْ جَزَآءً وَكَانَ سَعْيُكُم مَّشْكُورًا ﴿٢٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست بڕگەدا:

بەڕێـــــزان!

خـوا ﷻ لـە ئایەتـەکانی پێشـێدا، بـاسی هەندێـك لـەو نـازو نیعمەتانـەی کـرد بـە بروادارانیـان دەبەخشـێ، کـە بـە: ﴿ٱلۡأَبۡرَارَ﴾، چاکـەکاران پێناسـەی کـردن، وشـەی (أَبْرَار)یـش کـە خـوای پـەروەردگار کردوویـەتی بـە ناوونیشـانی سـەرەکیی ئـەو بەنـدە چاکانـەو دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ يَشۡرَبُونَ مِن كَأۡسٖ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا﴾، (أَبْـرَار) کـۆی (بَـرّ)ەو، (بـارّ) بـە (بَـرَرَة) کۆدەکرێتـەوە، هـەرکام لـە (بَـرّ)ە، (بَـارّ) یـش یـانی: چاکـەکار، خـوا لـە ئایەتـەکانی پێشـێدا بـاسی هێندێـك لـە پاداشـتیانی کـرد، هـی ئـەو چاکەکارانـە، دوایـی هاتـە سـەر خسـتنەڕووی هەندێـك لـە کـردەوەو خەسـڵەتە باشـەکانیان، کـە هۆکارێـك بـوون بـەو پاداشـت و بـەو نـازو نیعمەتـە بگـەن، ئنجـا دووبـارە خـوا ﷻ بـە بۆنـەی ئـەوەوەی ئـەوان گوتیـان: ﴿إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءٗ وَلَا شُكُورًا ۝٩ إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوۡمًا عَبُوسٗا قَمۡطَرِيرٗا ۝١٠﴾، ئێمـە تەنیـا لەبـەر ڕووی خـوا خواردنتـان دەرخـوارد دەدەیـن و، هیـچ پاداشـتیك و هیـچ سوپاسـکردنێکمان لێتـان نـاوێ، ئێمـە مەترسـیی ڕۆژێـکی گـرژو ناخـۆش و ناهەمـوار و سـەخت و دژوارمـان هەیـە، لـە لایـەن پەروەردگارمانـەوە کـە مەبەسـت پێـی ڕۆژی دواییـە، بـەو بۆنـەوە، خـوا فەرمـووی:

١)- ﴿فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمِ﴾، ئنجا (بینا لەسەر ئەوەی ڕابرد) خوا لە خراپەو زیانی ئەو ڕۆژە چەپاڵەی دان، پاراستنی. یانی: کە ئەوان گوتیان: مەترسیی ڕۆژێکی دژوارمان هەیە لە لایەن پەروەردگارمانەوە بۆمان بێتە پێش و، ڕۆژی سزاو جەزرەبەی خراپەکارانە، پێشێ باسی ئەوەیان کرد کە پاڵنەرو هاندەری ئێمە داوا کردنی ڕەزامەندیی خواو دیداری خوایە، دواییش باسی ئەوەیان کرد ئێمە مەترسیی ڕۆژێکی دژوارمان هەیە، کەواتە: ئێمە بە دوو هاندەران ئەوکارە دەکەین: أ- ڕازییکردنی خواو وەدەست هێنانی پاداشتی خواو، نیزیك کەوتنەوە لە خواو، ئەنجامدانی بەندایەتیی بۆ خوا. ب- هاندەری

دووەمیش ئەوەیە کە خوا ﷻ هەڕەشەی کردوە لە خراپەکاران و یەکێك لە خراپەکانیش نەبەخشینی ماڵ و سامانە بۆ کەسانێك کە بۆی ئاتاجن و پێویستییان پێیەتی، ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمِ ﴾، لە ئەنجامی ئەوەدا، خوا لە خراپەی زیان و نارەحەتیی و ناهەمواریيەکانی ئەو ڕۆژە، چەپاڵەی دان و پاراستنی.

٢)- ﴿ وَلَقَّىٰهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا ﴾، ڕووگەشیی و شادمانییشی پێبەخشین، (**لَقَّاهُم**) ڕوونکەرەوانی قورئان بە (**أَعطاهُم**) و (**ءاتاهُم**) لێکیان داوەتەوە، واتە: پێیدان، پێی بەخشین، ڕووگەشیی و شادمانیی پێ بەخشین، بەڵام ئەوە ڕاست نیەو (**ولَقَّاهُمْ مَعْنَاهُ: جَعَلَهُمْ يَلْقَوْنَ نَضْرَةً وَسُرُورًا**)، واتە: وایلێکردن تووش بن و وەدەست بێنن، ڕووگەشیی و دڵخۆشیی، ڕووگەشیی و دڵخۆشییش دوو شتی پێکەوە پەیوەستن، وەك چۆن خەم و نارەحەتیی و ڕوو گرژیی، یان: خەمباریی و تەمی پەژارە لە دەم و چاو نیشتنیش، دوو شتی پێکەوە پەیوەستن، ئینسان کە دڵی خۆش بوو، ڕووشی گەش دەبێ و، ئەگەر خەم و نارەحەتیی لە دڵ و دەروونا هەبوو، دەم و چاویشی تاریك و لێڵ دەبێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَّىٰهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا ﴾، وای لێکردن هەم ڕووگەشیی و، هەم شادمانیی و دڵخۆشییان بۆ دەستەبەر بێ و پێیان بگەن.

٣)- ﴿ وَجَزَىٰهُم بِمَا صَبَرُوا۟ جَنَّةً وَحَرِيرًا ﴾، بەهۆی ئەوەوەش کە خۆیان ڕاگرت (لەسەر جادەی شەریعەت و، خۆیان ڕاگرت بۆ ئەنجامدانی ئەرکە شەرعییەکانیان) پاداشتی دانەوە بە باخ و ئاوریشم.

بێگومان نازو نیعمەتەکانی کە خوا بۆ چاکەکارانی داناون لە بەهەشتدا، لە قەدەر بەخششی بێ سنووری خواو، بەزەیی بێ سنووری خواو، کەرەمی بێ سنووری خوان، بۆیە بەزۆر جۆرو شێوازی دەربڕین، تەعبیر دەکات لەو نازو نیعمەتە، لێرەدا دەفەرموێ: پاداشتی دانەوە بەهۆی زۆریی خۆڕاگرییەکەیانەوە، بەهۆی ئەوەوەی خۆیان ڕاگرت، کە بەدڵنیایی خۆڕاگرتنەکەیان لەسەر فەرمانبەریی بۆ خواو پابەندیی بە شەریعەتەوە بووەو، لەسەر ڕۆیشتن لەسەر

جادەی شـەرع و گوێڕایەڵیـی بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـووە، خـوا پاداشـتی دانـەوە بـە بـاخ و ئاوریشـم، باخەکـە دیـارە جێـگاو ڕێگایەکەیـەو، ئاوریشـمیش بـۆ بـەرگ و پۆشـاکەکەیانە، بـەڵام هـەر ئەوەنـدەش نیـەو، واپێدەچـێ ئاوریشـم پێکهاتـەی سـەرەکیی کـەل و پەلەکانیـان بـێ، بـە کوردیـی دەڵێیـن: ئاوریشـم و، بـە فارسـیی دەڵێـن: (أبریسـم)و لـە یەکدییـەوە هاتـوون، (**الحَرِيـرُ: اسْمٌ لِخُيُـوطٍ مِـن مُفْـرَزَاتِ دُودَةِ القَـزِّ**)، (**حريـر**) نـاوە بـۆ ئـەو دەزووانـەی کرمـی ئاوریشـم وەك لیـك دەریـان دەكات، دوایـی وەك قۆزاخەیـەك بـە دەوری خۆیـدا دەیچنـێ و، سـەرەنجام بەخـۆی تێیـدا دەخنکـێ، بـەڵام ئـەو لیکـەی بـە دەوری خۆیـدا کردوویەتـە قۆزاخـە، ئـەو دەزووە دەبێتـە دەزوویـەك کـە باشـترین جـۆری پۆشـاکی لـێ دەچـنرێ.

٤)- ﴿ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ ﴾، لەوێدا [ڕاناوەکە بۆ بەهەشت دەچێتەوە، یان بۆ باخەکە]، پاڵیانداوەتەوە، لەسەر تەختان.

﴿ مُتَّكِـِٔينَ ﴾، کـۆی (مُتَّكِـئ)ە، ئەویـش نـاوی بکـەر (**اسـم فاعـل**)ە، لـە (**إتَّـكَأَ، يَتَّكِـئُ، إتِّكَائَـاً، فَهُـوَ مُتَّكِـئٌ**)، بـە کوردیـی ئـەم وشـەیە بـە پاڵدانـەوەو، شـاندادان، مانای دەکەیـن، پێشـتریش گوتوومانـە: (**وَالِاتِّـكَاءُ: جِلْسَـةٌ بَـيْنَ الْجُلُـوسِ وَالإِضْطِجَـاعِ، يَسْـتَنِدُ فِيهَـا الجَالِـسُ عَـلَى مِرْفَقِـهِ وَجَنْبِـهِ، وَيَمُـدُّ رِجْلَيْـهِ، وَهِـيَ جِلْسَـةُ ارْتِيَـاحٍ**)، (**إتِّـكاءُ**) بریتیـە لـە جـۆرە دانیشـتێك کـە لـە نێـوان دانیشـتنی ئاسـایی و ڕاکشـاندایە، بابای پاڵـداوەوە، سـەنگ دەخاتـە سـەر ئانیشـکی و سـەر تەنیشـتی و لاقەکانیـشی ڕادەکێشـێ، ئەمـەش دانیشـتنی پشـوودان و ئاسـوودەییە.

﴿ ٱلۡأَرَآئِكِ ﴾یـش کـۆی (**أَرِيكَة**)یـە، ئەویـش بـە قەنەفـەو تەخـت دەڵێـن، کـە خەڵـك لەسـەری دادەنیشـێ، ئـەوەی ئێسـتا بـۆ ئێمـە دیـارە، کورسـیی و قەنەفەیـە، بـەڵام کاتی خـۆی تەخـت هەبـووە کـە ڕەنگـە ئێسـتا کەمـتر بەکاربهێـنرێ، تەخـت مـرۆڤ توانیویـەتی لەسـەری ڕاکشـێ، لەسـەری پاڵداتـەوەو جێـی نەفەرێـك یـان زیاتریـشی لەسـەر دەبێتـەوە، یەکێـك لـە ڕوونکـەرەوانی قورئـان ئـاوا پێناسـەی ﴿ ٱلۡأَرَآئِكِ ﴾، دەکات:

(الأَرَائِكِ: جَمْعُ أَرِيكَةٍ بِوَزْنِ سَفِينَةٍ، الأَرِيكَةُ: سَرِيرٌ عَلَيْهِ وِسَادَةٌ مَعَهَا سِتْرٌ وَهُوَ حَجَلَتُهُ، وَهِيَ كِلَّةٌ تُنْصَبُ فَوْقَ السَّرِيرِ لِتَقِيَ الحَرَّ وَالشَّمْسَ، وَلَا يُسَمَّى السَّرِيرُ أَرِيكَةً، إِلَّا إِذَا كَانَ مَعَهُ حَجَلَةٌ)،

واتە: ﴿ٱلۡأَرَآئِكِ﴾، كۆی (أَرِيكَةٍ)یە، لەسەر كێشی (سَفِينَة)، بریتیە لە تەختێك كە باڵنجێك یان سەرینێكی لەسەرە، پەردەیەكی بەسەردا دراوە، كە پێی دەگوترێ: (حَجَلَة)، ئەویش بە كوردیی پێی دەگوترێ: (پەردە كوللە)[1]، كە پۆشاكێكە بەسەر ئەو تەختەدا دەدرێ، بۆ ئەوەی لە گەرماو لە تیشكی خۆر بیپارێزێ.

(المعجم الوسيط)[2] ئاوا پێناسەی مانای (كِلَّة) دەكات: (الكِلَّةُ: سِتْرٌ رَقِيقٌ مُثَقَّبٌ يُتَوَقَّى بِهِ مِنَ البَعُوضِ وَغَيْرِهِ وَالجَمعُ كِلَل)، (كِلَّة): پۆشاكێكی تەنكی كونكونە (بەڵام كونەكانی زۆر وردن) خۆی پێ دەپارێزرێ لە مێشووڵەو جگەلە مێشووڵەش، (كِلَّة)ش بە (كِلَل) كۆدەكرێتەوە.

٥)- ﴿لَا يَرَوۡنَ فِيهَا شَمۡسٗا وَلَا زَمۡهَرِيرٗا﴾، لەو باخەدا (یان لەو بەهەشتەدا) نە خۆری تێدا دەبینن، نە سەرماو زوقم.

ئێمە لە دنیادا پێویستییمان بە خۆرە، خوای پەروەردگار ڕۆژی بۆ داگیرساندووین، هەم تیشكمان دەداتێ هەم ڕووناكیی، لە شەویشدا خوا ﷻ لەبەر ئەوەی شەو كاتی پشوودان و ئیسراحەتە، هەم مانگی بۆ داگیرساندووین، بۆی ڕووناك كردووینەوە، هەم ئەستێرەكانیش، مرۆڤیش بە لاساریكردنەوەی دروستكراوی خوا، لەكاتێكدا بیەوێ شەو ڕووناك بێ، لامپاو لۆكسێك، گڵۆپێك هەڵدەكات (لامپاو لۆكس كاتی خۆی هەبوون) بەڵام لەكاتی خەوتندا شتێكی كەم شۆق پێدەكات، مۆمێك، گڵۆپێكی سفر، بەڵام لە بەهەشتدا بەدڵنیایی نە پێویستیی بە خۆر هەیە بە ڕۆژێ، نەبە شەو پێویستیی بە مانگ و ئەستێران هەیە، خوا

---

(١) كِلَّة: پۆشاكی سەر تەخت و شوێنی خەوتن و پشوودان.

(٢) ص: ٧٩٦.

ﷻ بـە جۆرێـکی دیکـە جـەوی بەهەشـت ڕوونـاك دەكاتـەوەو، بەهەشـتییەكانیش خەویـان نیـە، تاکـو پێویسـتییان بـە کاتێـك بـێ، دنیـا تاریـك و کـش و مـات بـێ و تێیـدا بخـەون، چونکـە پرسـیار کـراوە لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەربـارەی خـەو (خەوتـن) لەبەهەشـتدا فەرموویـەتی: بەهەشـت خـەوی تێـدا نیـە، چونکـە: {«النَّـوْمُ أَخُـو الْمَـوْتِ»} (**أخرجـه البيهقـي في شـعب الإيمـان: ٤٧٤٥، والديلمـي: ٦٩٠٧**)، واتــە: نوسـتن بـرای مردنـە، مرۆڤـەكان لـە دنیـادا بۆیـە پێویسـتییان بـە خـەو هەیـە، تاکـو مانـدوو بـوون و شـەكەتیی جەسـتەیان دەرچـێ و خانەكانیـان تـازە ببنـەوە، بـەڵام لـە بەهەشـتدا ئـەو ماندوویەتیـی و شـەكەتیی و ناڕەحەتییـەی لـێ نیـە، تاکـو مـرۆڤ پێویسـتیی بەسـەر خـەوو پشـوودان هەبێـت بـۆ دەرکـردنی ماندوویەتیـی جەسـتەی.

﴿ وَلَا زَمْهَرِيرًا ﴾، هەروەهـا سەرماشـی تێـدا نابینـن، وشـەی (**زَمْهَرِيـر**) هەندێكیـان بـە (**الـبَرْدُ القـارِس**) واتـە: سـاردییەكی زۆر، یـان سـەرماو زوقـم و، هەندێكیـان بـە: (**الـبَرْدُ الشَّـدِيد**)، سـەرمایەكی تونـد، مانایـان کـردوە.

٦)- ﴿ وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا ﴾، سێبەرەكانی وی (سێبەری درەختەكانی ئەو بەهەشتە) بە سەریانەوە نیزیكن، یەكێك لە ڕوونكەرەوانی قورئان تەعبیرەكەشیم پێ جوانە، دەڵێ: (**كِنَايَةٌ عَنْ تَدَلِّي الْأَدْوَاحِ الَّتِي مِنْ شَأْنِهَا أَنْ تُظَلِّلَ الْجَنَّاتِ فِي مُعْتَادِ الدُّنْيَا، وَلَكِنَّ الجَنَّةَ لَا شَمْسَ فِيهَا فَيُسْتَظَلُّ مِن حَرِّهَا، وَالمَقْصُودُ تَدَلِّي أَفنانِ الجَنَّة**).

واتـە: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا ﴾، لەحاڵێكـدا کـە سـێبەرەكانی ئـەو باخانـە لێیـان نیزیكـن، مەبەسـت پێـی شـۆڕ بوونـەوەی لـق و پۆپەكانە، لـق و پۆپەكان كاتێـك شـۆڕ دەبنـەوە، سـێبەر لـەوەی لـە ژێریـان دایـە دەكـەن، لـە دونیـادا وایـە، بـەڵام لەبەهەشـتدا لەبـەر ئـەوەی خـۆری تێدانیـە، خەڵـك خـۆی لـە گەرمایەكـەی بپارێـزێ و بچێتـە نیسـێ و سـێبەران، بۆیـە مەبەسـت لـە نیزیكیـی سـێبەرەكانی، شـۆڕبوونەوەو نیزیكیـی لـق و پـۆپ و چڵـەكانی دارو درەختـەكانی بەهەشـتە.

دەشـگونجێ لـق و پۆپـەکان سێبەریشـیان هەبـێ، بـەڵام بـەو واتایـە نـا لەبـەر گەرمـا، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی دیمەنێـکی جوانـە، بێگومـان ئێمـە هەرگیـز ناتوانیـن ئـەو نـازو نیعمەتـەی لـە بەهەشـتدا هەیـە، ئێسـتا وێنـای بکەیـن و بیهێنینـە بـەر چـاوی خۆمـان، چونکـە سیسـتمی بەهەشـت و ڕۆژی دوایـی بـە گشـتیی هەمـووی جیایـە لەهـی ئێـرە، هـەر بۆیـەش خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (السـجدة)دا بـە یـەك ڕسـتەی کـورت بـۆ کەسـێك بیـر بکاتـەوە، ئێمـەی لـەو ڕاسـتییە حاڵیـی کـردوە، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾السـجدة، واتـە: هیچکـەس نازانـێ ئـەوەی بـۆی پەنهـان کـراوە، لـەوەی مایـەی شـادمانیی و دڵخۆشـییەتی، مایـەی ئەوەیـە چـاوی فرمێسـکی شـادیی پێـدا بـێ، هیچکـەس چییـەتی ئـەوە نازانـێ، هەروەهـا پێغەمبەریـش ﷺ هـەر لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو فەرمایشـتەی خـوادا، جـوانی بـۆ ڕوونکردووینـەوە کـە دەفەرمـوێ: {إِنَّ فِي الجَنَّةِ مَـا لا عَـيْنٌ رَأَتْ، وَلا أُذُنٌ سَـمِعَتْ، وَلا خَطَـرَ عَـلَى قَلْـبِ بَـشَرٍ}، (أخرجـه أحمـد: ٨١٢٨، والبخـاري: ٣٠٧٢، ومسـلم: ٢٨٢٤، والترمـذي: ٣١٩٧) واتـە: ئـەوەی لـە بەهەشـتدا هەیـە، نـە هیـچ چاوێـك دیتوویـەتی، نـە هیـچ گوێیـەك بیسـتوویەتی، نـە بەسـەر دڵ و بیـرو خەیاڵـی هیـچ کەسیشـدا هاتـوە.

چونکە هەر شتێك هەبێ:

١- یان مرۆڤ خۆی ڕاستەوخۆ دەیبینێ.

٢- یان ئەگەر نەیبینێ، دەیبیستێ، وەك دەڵێن: جارێك کابرایەك گوتوویەتی: فڵان شتە زۆر خۆشە، گوتوویانە: خواردووتە؟ گوتوویەتی: نەخێر بەڵام کاکم لە شار خواردوویەتی، کەواتە: کاکی بۆی گێڕاوەتەوە!

٣- یان ئەگەر بۆشی نەگێڕنەوە، بە بیرو خەیاڵیدا بێ.

ئنجا ئـەوەی لـە بەهەشـتدا هەیـە، نـە چـاو دیتوویـەتی، نـە گـوێ بیسـتوویەتی، نـە بـە خەیاڵـی هیـچ کەسیشـدا هاتوە!

ئەوەشم بۆیە گوت، تاکو وانەزانین کە بەهەشت تەنیا ئەوشتانەی تێدان خوا بۆی خستووینە ئەو قاڵبە تەعبیریانەوە، کە عەقڵی ئێمە هەر لەوانە تێدەگات، ئەگەرنا خوا ﷻ چۆن ئێمە حاڵیی بکات؟ ئەوەی بۆ ئێمە خۆشە: سێبەرە، ئاوی سازگارەو، تاڤگەیە، باخ و باخاتە، جۆگەو جۆبارە، کۆشکی زێڕ و زیوە، یانی: ئەوەی بۆ ئێمە زانراوەو لێی حاڵیی دەبین ئەو شتانەن، بۆیە خوا ﷻ کە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت باس دەکات و وەسف دەکات، هەر دەیانخاتە قاڵب و چوار چێوەی ئەو وشەو دەربڕینانەی کە ئێمە بەکاریان دێنین، بەڵام وێڕای ئەوە بە ئاماژەش پێمان دەفەرموێ: ئەوەی لەوێ هەیە، هیچکەس نایزانێ، واتە: وامەزانن نازو نیعمەتی بەهەشت بەس ئەوەندەیە، کە خوای پەروەردگار بەو وشانە تەعبیری لێ دەکات، وامەزانن نازو نیعمەتەکانی ئەو بەهەشتەی خوای بەخشەرو میهرەبان، دایناوە بۆ دۆستانی خۆی، بۆ بەندە چاکەکارەکان، هەر وەك ئەوانەی دونیان[1]! عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لەخۆی و بابی ڕازی بێ)، تەعبیرێکی جوان بەکاردێنێ، کاتێ خۆی لە تەفسیری سوورەتی (**البقرة**)شدا باسمان کرد[2]، لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿...وَأُتُوا۟ بِهِۦ مُتَشَٰبِهًا... ﴿٢٥﴾﴾، نیعمەتەکانی بەهەشتێ، یان خواردن و خواردنەوەکانی بەهەشتییان بۆ هێنران، وێکچوون، یان وەك هی دونیایە دەچوون، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس

---

(١) شەوێك بێ ئەوەی بەداڵغەو خەیاڵی ئەوەو بخەوم، خەونم بە دوو لە مامۆستایانی دۆست و ناسراوەوە کۆچکردووەوە بینی، لێم پرسین: ئەرێ مامۆستایان! بەهەشت جگە لەوەی خوا لە قورئان و پێغەمبەرەکەی لە سوننەتی باسیان کردوە، هیچی دیکەی تێدایە؟! یەکیان گوتی: هەر ئەوەیە کە باسکراوە، بەڵام ئەوی دیکەیان گوتی: بەڵێ شتی دیکەشی تێدایەو بۆ تۆش باسی زۆر شت دەکرێ.

مامۆستایەکی تەعبیر زان (مُعَبِّر)یش گوتی: هی یەکەمیان زۆر ئاگاداری حاڵ و باڵی بەهەشت نیە، بەڵام هی دووەمیان حاڵی باشە.

(٢) هەروەها لە تەفسیری چەند سووڕەتێکی دیکەش دا ئەو مەسەلەیەمان باسکردوە، بەتایبەت سووڕەتی (السجدة) و سووڕەتی (الواقعة).

دەڵـێ: ئـەوەی خـوا بـاسی دەکات لـە نـازو نیعمەتـەکانی بەهەشـت، لەگـەڵ ئـەوەی دنیـادا، تەنیـا لـە نـاودا یـەك دەگرنـەوە، تەنیـا ناوەکەیـان وەك یەکـە، بـۆ وێنـە: خـوا بـاسی ئـاو دەکات، بـەڵام ئـاوی بەهەشـت لەگـەڵ ئـاوی ئێـرە، بـەس ناوەکەیـان ئـاوەو لـە نـاودا یـەك دەگرنـەوە، یـان کـە بـاسی شـەڕاب دەکات، یـان بـاسی میـوە دەکات، یـان بـاسی گۆشـت دەکات، یـان بـاسی کۆشـك و تـەلار دەکات، یـان بـاسی دارو درەخت دەکات، تەنیـا لـە ناوەکـەدا لەگـەڵ ئەوانـەی دنیایـە دا یـەك دەگرنـەوە، بـەڵام لـە نێوەڕۆکـدا جیاوازییـان ئاسـمان و ڕێسـمانە.

٧)- ﴿ وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا ﴾، میوەکانیشی بە دەستەمۆ کران مل پێ کەچکراون، (**قُطُوف**) کۆی (**قِطف**)ە، واتە: چنراو، ئەو میوەیەی دەچنرێ، بەڵام (**قَطْف**) چنینە، کردارەکەیە (**قَطَفَ، يَقطِفُ، قَطْفاً، فَهُوَ قِطفٌ**)، واتە: چنی، دەیچنێ، چنین، ئەو چنراوە، دەفەرموێ: چنراوەکان، میوەکان، مل پێ کەچکراون، بە مل پێ کەچکردنێکی نایاب، یەکێك لە زانایان دەڵێ: (**سُهِّلَتْ لَهُم قَطفُ قُطُوفِ تِلكَ الأَدواح**)، چنینی میوەکانی لقەکانی ئەو درەختانەیان بۆ ئاسانکراون.

٨)- ﴿ وَيُطَافُ عَلَيْهِم بِآنِيَةٍ مِّن فِضَّةٍ ﴾، هەروەها قاپە زیوینەکانیان بەسەرەوە دەگێڕدرێن، (**آنِيَة**) کۆی (**إناء**)ەو (**أواني**)یش کۆی (**آنِيَة**)یە، واتە: کۆی کۆیە، چونکە وشەی (**يُطافُ عليهم**) بەسەریانەوە دەگێڕدرێن، لە (**طَوافُ**)ەوە هاتوە (**الطَّوافُ: مَشيٌ مُكَرَّرٌ على شَيءٍ أَو بَينَ أشياءَ**)، (**طواف**): لە ڕۆیشتنێکی دووبارە کراوەیە بە دەوری شتێکدا یاخود لە نێوان چەند شتێکدا، (**آنِيَة**)ش وەك گوتمان: (**جَمعُ إناء، مِثلُ أَكسِية جَمعُ كساء، وَهُوَ اسمٌ لِكُلِّ وِعاءٍ يُنتَفَعُ بِهِ**)، (**آنِيَة**) کە کۆی (**إناء**)ە، [بە کوردیی دەڵێین: دەفر، قاپ، بەپێی جیاوازیی لەهجەکانی زمانی کوردیی ئەو وشانە بەکار دەهێندرێن، بەڵام بە عەرەبیی دەگوترێ: (**إناء**)] وەك چۆن (**أكسية**) کۆی (**كِساء**)ە، (**آنِيَة**)ش کۆی (**إناء**)ە، کە بریتیە لە هەر دەفرێك سوودی لێ ببینرێ، شتی تێبکرێ، بێگومان ئەو قاپ و دەفرانەش کە بەسەریانەوە دەگێڕدرێن، قاپ و دەفری خاڵیی نین، ئنجا یان میوەیان تێدان، یان گۆشتیان تێدایە، یان ئەو خواردنانەیان تێدان کە بەس خوا دەزانێ ﷻ.

لێرەدا دەفەرمـوێ: ﴿وَيُطَافُ عَلَيۡهِم بِـَٔانِيَةٖ مِّن فِضَّةٖ﴾، بـەڵام لـە سـووڕەتی (الزخـرف) دا بـە جۆرێـکی دیکـە تەعبیـر لـەوە دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿يُطَافُ عَلَيۡهِم بِصِحَافٖ مِّن ذَهَبٖ وَأَكۡوَابٖۖ وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ وَأَنتُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٧١﴾، واتـە: بەسـەریانەوە دەگێڕدرێـن بـە قاپـانی زێڕینـەوەو بـە گۆزانـەوەو لەوێـدا هەیــە هەرچــی نەفســەکان بیخــوازن و، چــاوەکان چێــژی لێوەربگــرن و، ئێــوە بەهەمیشــەیی تێیــدا دەمێننــەوە.

کەواتـە: لـە سـووڕەتی (**الزخـرف**)دا بـاسی قـاپ و دەفـری زێڕیـن دەکات، (**أَكْوَاب**)یـش کـە دەگێڕدرێتـەوە بـۆ سـەر (**صِحـاف**) وا دیـارە ئەوانییـش بەهەمـان شـێوە هەر لـە زێڕن.

٩)- ﴿وَأَكۡوَابٖ كَانَتۡ قَوَارِيرَا۠﴾، هەروەها بە گۆزانەوە کە ڕوون و بلوورین، (**أَكْوَاب**) کۆی (**كُوب**)ە، (**الأَكْوَابَ تُحْمَلُ فِيهَا الخَمْرُ لِإِعَادَةِ مَلْءِ الكُؤُوسِ**)، کووبەکان ئەوانەن کە شەڕابیان تێدا هەڵدەگیرێ، بۆ پڕ کردنەوەی پەرداخەکان، کەواتە: کووب یانی: سوراحیی، گۆزە، شەربەی گچکە، ئەو وشانە بەکاردەهێنرێن بۆ ئەو دەفرانەی خواردنەوەیەکیان تێدایە، ئنجا بە نسبەت ئێمەی خەڵکی دنیاوە، ئاوە، ماستاوە، دۆیە، شەربەتە، گرنگ ئەوەیە شلەمەنییەکی خواردنەوەیان تێدایەو، پەرداخەکانیان لێ پڕ دەکرێنەوە، کەواتە: (**كُوب**) کە بە (**أكواب**) کۆدەکرێتەوە، گەورەترە لە (**كَأس**) کە پەرداخەو لێی پڕ دەکرێ و پێی دەخورێتەوە، ئنجا ئایا ئەو کووبانە لە چ ماددەیەکن؟ ﴿وَأَكۡوَابٖ كَانَتۡ قَوَارِيرَا۠﴾، ﴿قَوَارِيرَا۠﴾، بە (ئەلیف) خوێندراوەتەوە: (**قَوارِيرا**) هەروەها بە تەنوینیش خوێنراوەتەوە: (**كانَت قَوارِيراً**)، هەروەها لە هی دواییش دا: (**قَوارِيراً مِنْ فِضَّةٍ**) یان (**قَوارِيرَا مِن فِضَّةٍ**) بە تەنوین و بەبێ تەنوینیش خوێندراونەوە، (**قَوارِير**)یش کۆی (**قارُورَة**)یە، (**قارُورَة**)ش بریتیە لە دەفرێك لە شووشە دروستکرابێ، یاخود دەفرێکی ڕوونی بلوورین، گرنگ ئەوەیە ماددەکەی زۆر ڕوون و درەوشاوەبێ.

١٠)- ﴿قَوَارِيرَاْ مِن فِضَّةٖ قَدَّرُوهَا تَقۡدِيرٗا﴾، ئەو دەفرە بلوورییە شووشە ئاسایانەش لە زیون، بە ئەندازەگیرییەکی ورد ئەندازەگیریی کراون. عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ لێی گێڕدراوەتەوە گوتوویەتی: ئەوەی خوا لە بەهەشتدا باسی کردوە،

هەمووی وێنەکەی لە دنیادا دەزانین، جگەلە: ﴿ قَوَارِيرَاْ مِن فِضَّةٍ ﴾، نازانین، چۆن دەفرێك شووشەش بێ و زیویش بێ! ئەوە بەس لەوێ هەیە، دەشگونجێ مەبەست ئەوەبێ زیوەکەی هێندە ڕوونە، وەك شووشە وایە، چۆن شووشە شتی تێڕا دیارە، چونکە زیو شتی لەو دیوو ئەو دیو دیار نیەو ڕوون (**شفاف**) نیە، بەڵام سپیی و درەوشاوەیە، ﴿ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ﴾، واتە: ئەو ئەو خواردنەوەی تێیاندایە، ئەندازەگیرییان کردوە بە ئەندازەگیریی کردن، یانی: خزمەتکارە بەسەرەوە گەڕاوەکان، ئەو خواردنەوە و مەیەی لە گۆزەو دەفرەکاندا هەیە، ئەندازەگیرییان کردوە، پێکەڵپێك لەگەڵ ئارەزووی ئەوانەدا کە بەسەریانەوە دەگەڕێن و پێیان دەدەن، واتە: ڕێك بە ئەندازەی خۆی، چەندەی پێخۆشە، ئەوەندە، نەك لێی زیاد بێ و بە تۆبزیی بیخواتەوە، یان تێیدا بیهڵێتەوە، یان کەم بێ و پێویست بەوە بکات دووبارە داوا بکات.

١١)- ﴿ وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴾، هەروەها پێیان دەنۆشێنرێ پەرداخێك لەوێدا کە بەردەوام تێکەڵکراوەکەی زەنجەبیلە، واتە: شەڕابەکەیان لەگەڵ زەنجەبیلدا ئاوێتە دەکرێ، پێشتریش باسی زەنجەبیلمان کرد، کە یەکێك لە زانایان ئاوای پێناسە دەکات: (**المعجم الوسيط**)[1] دەڵێ: (**الزَّنْجَبيلُ: نَبَاتٌ مِن الفَصِيْلَة الزَّنْجَبارِيّة، لَه عُرُوق غِلَاظٌ تَضْرب فِي الأرْض، حرِيْفةُ الطَّعْم**)، زەنجەبیل ڕووەکێکە لە جۆری ڕووەکە زەنجەبارییەکان، ڕەگی ئەستووری هەن بە زەویدا دەچنە خوارێ، تامەکەی تیژە (شێوەی بیبەر دەکات). ئەو زەنجەبیلەی ئێمە لە دونیادا دەیخۆین، سوودی زۆرن و لە سەرچاوە پزیشکییەکاندا باسکراون[2].

---

(١) ص ٤٠٢.

(٢) بۆ وێنە: (موسوعة: الإعجاز العلمي في القرآن الكريم والسنة المطهّرة) لە لاپەڕە: (٨٧٣)دا ژمارەیەکی زۆرێ لە سوودەکانی زەنجەبیل باسکردوون، وەك:

١- گوشراوی ئاوەکەی دەرمانێکی باشە بۆ نەخۆشییەکانی چاو.

٢- هاوکارە بۆ فراوانکردنی ڕەگ و دەمارەکانی خوێن.

٣- ماددەیەکی ئارەقە پێکەرو جەستە گەرمکەرە.

٤- بۆ بووژاندنەوەی دڵ و چالاککردنی هەناسەدان بەکاردێ.

﴿ وَيُسْقَوْنَ فِيهَا كَأْسًا ﴾، لەو بەهەشتەدا پەرداخێکیان دەدرێتێ، پەرداخە مەیێکیان پێ دەنۆشێنرێ، ﴿ كَانَ مِزَاجُهَا زَنجَبِيلًا ﴾، بەردەوام زەنجەبیلی لەگەڵ تێکەڵکراوە، کرداری (کان)ش بۆ ئەوەیە، کە هەمیشە وایەو بەردەوام زەنجەبیل ئاوێتەی خواردنەوەکەیان دەکرێ، نەك وەك هی دنیا لە بەرکەمیی بەس جاروبار بێ!

١٢)- ﴿ عَيْنًا فِيهَا تُسَمَّىٰ سَلْسَبِيلًا ﴾، ئەو پەرداخەش لە شەرابی سەرچاوەیەکە لەوێدا (لە بەهەشتدا) پێی دەگوترێ: سەلسەبیل.

(سَلسَبِيل)یش: (**شراب سَهلُ المُرُورُ فِي الحَلْقِ لعذوبته**)، خواردنەوەیە لەبەر سازگاریی و شیرینیی شەرابەکە، بە ئاسانیی لە گەروو دەچێتە خوار، لەبەر خۆشیی و بە تامییان.

یاخود وشەی (**سَلسَبِيل**)، ناوی سەرچاوەیەکە لە بەهەشتدا.

کە فەرمووی: ﴿ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا ﴾، (**إبن زيد**) وەك (**الطبري**) بە ژمارە: (٣٥٩٤٣) لێیەوە هێناوە، دەڵێ: (**قَدَّرُوها: لِرِيِّهم عَلَى قَدَرِ شُربِهِم أهل الجَنَّة**)، واتە: ئەو شلەمەنییەی تێیانکردوە (ئاوە، شەرابە، هەرچی هەیە) ئەندازەگیرییان کردوە بە ئەندازەی تێراو بوونی ئەهلی بەهەشت، نە لێیان کەمەو نە لێیان زیاد دەبێ، رێك بە ئەندازەی تێراو بوون و تەسەل بوونیانە.

٥- بایەکان لە جەستە دەردەکات.
٦- دژی تێش و ژانی سکەو ئازاری ریخۆڵە هێمن دەکاتەوە.
٧- کوڵێنراوەکەی بۆ دەردەکانی سەرماو کۆکە باشە.
٨- مورەببایەکەی بۆ نەخۆشییەکانی سینە بەسوودە.
٩- دەگونجێ لەگەڵ چای و هەنگوین دا بخورێ و بەگشتیی بەهێزکەرە.
١٠- ئارەزوو پەیداکەر (مُشَهّي)ە و چالاککەرە بۆ گەدەو هەرس.
١١- بۆ خراپ هەرسکردن (سوء الهضم) بەسوودە.
١٢- گەرمیی جەستە هێمن دەکاتەوە و تینوێتیی کەم دەکاتەوە.
١٣- کاریگەریی ژەهر لە سەر جەستە کەم دەکاتەوە.

١٣)- ﴿ وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ ﴾، لاوانێکی بە لاویی هێڵراوەش بەسەریانەوە دەگەڕێن، (**وِلدان**) کۆی (**وَلِيد**)ە، ئەویش (**فَعِيلٌ بِمَعنَى المَفعُولِ وَيُطلَقُ عَلَى الصَّبِيِّ**)، وەك (**المعجم الوَسِيط**)[1] هێناویەتی.

(**وِلـدان**) کـۆی (**وَلِيـد**)ە لەسـەر کێـشی (**فَعِيـل**)و، بەمانـای مەفعوولـە، واتـە: (**مَولُـود**) لـە دایـك بـوو، مەبەسـت پێـی کـوڕی گەنجـی تـازە پێگەیشـتوویە (لاو)، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مُّخَلَّدُونَ ﴾، واتـە: هێڵـدراوەن، یـانی: بـە گەنجیـی و بـە لاویـی هێڵـدراوەن، ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە خەیـاڵ نەکـرێ دوایـی دەکەونـە تەمەنـەوەو تەمەنیـان هەڵدەچـێ، بەڵکـو هـەر لـەو تەمەنـەدا دەمێننـەوە.

زانایان بۆ (**مُخلَّدون**) سێ واتایان داناون:

١- (**الطبري**) دەڵێ: (**مُخَلَّدُون: دائِمٌ شَبَابُهُم لا يَتَغَيَّرُونَ عَنْ تِلْكَ السِّنِّ، وَذُكِرَ عَنِ الْعَرَبِ أَنَّهَا تَقُولُ لِلرَّجُلِ إِذَا كَبِرَ وَثَبَتَ سَوَادُ شَعْرِهِ: إِنَّهُ لَمُخَلَّدٌ؛ أَي ثَابِتُ الْحَالِ**)، (**مُخَلَّدُون**) واتە: لاوێتییەکەیان بەردەوامەو لەو تەمەنە ناگۆڕێن، عەرەب عادەتیان وایە پیاوێك کە دەکەوێتە تەمەنەوە، بەڵام مووەکانی هەر ڕەشن، دەڵێن: (**إِنَّهُ لَمُخَلَّدٌ**)، واتە: حاڵی چەسپاوەو ناگۆڕێ.

٢- واتایەکە دیکەی (**مُخَلَّدُون**) بریتییە لە: (**مُسَوَّرُون**)، واتە: بازنیان لە قۆڵ و دەست کراون.

٣- واتایەکی دیکەی بریتیە لە: (**مُقَرَّطُون**)، یانی: (**مُحَلَّونَ الخَلَدَة وهي جَمعُ خِلدَة، وَهُوَ القِرْطُ وَجَمعُ القِرطِ: أَقراط**)، واتە: بەگواران ڕازێنراونەوە، (**خَلَدة**) کۆی (**خِلْدَة**)یە یانی: گوارە. حاڵی بەهەشتیش جیایە لەهی دنیاو ئەوانەی خزمەتی بەهەشتییەکان دەکەن، خوای کاربەجێ بەرگ و پۆشاك و خشڵی جوان و سەرنج ڕاکێشیان پێ دەپۆشێ.

---

(١) ص ٤٤٢.

١٤)- ﴿ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا ﴾، ئەگەر تۆ بیانبینی وادەزانی گەوهەری پرژوبڵاون. ئەو لاوانەی بەسەر بەهەشتییەکانەوە دەگەڕێن، هەم بە دەفرو قاپی زیوینەوە کە پڕن لە خۆراك و، هەم بە گۆزەی پڕ لە شەڕابەوەو بە پەرداخە وە، ئەوانەی شەڕابەکەیان تێدەکەن یان ئەو شلەمەنییانەیان تێدەکەن، ئەگەر تۆ بیانبینی: ﴿ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا ﴾، بە گەوهەری پرژ و بڵاویان تێدەگەی، (**لُؤْلُؤ**) کۆی (**لُؤْلُؤَة**)یە، (**مَنثُوراً، أي: مُبعثراً**)، واتە: تۆ وادەزانی گەوهەرن پرژێندراون و بڵاوکراونەوە، هێندە جوانن.

١٥)- ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ثَمَّ رَأَيْتَ نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا ﴾، ئەگەر ئەوێش ببینی نازونیعمەت و دەسترۆیشتوویيەکی زۆر گەورە دەبینی. ﴿ رَأَيْتَ ثَمَّ ﴾، ئەگەر تەماشای ئەوێ بکەی و، چاو بەوێدابگێڕی. (**ثَمَّ، هُناك**) ئەوێ، ﴿ رَأَيْتَ نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا ﴾، نازو نیعمەت و موڵك و قەڵەمڕەوو دەسترۆیشتوویەکی فراوان و گەورە دەبینی، کرداری ﴿ رَأَيْتَ ﴾، لێرەدا بە (**لازم**) هاتوە نەك بە بەرکارخواز (**مُتَعَدِّي**) یانی: ئەگەر تەماشا بکەی و سەرنج بدەی بۆ ئەوێ، لەوێ نازو نیعمەت و موڵك و قەڵەمڕەوێکی فراوان دەبینی، (**مِثلَ أَحوالِ المَلِكِ الكَبِيرِ المُتَنَعِّمِ صاحِبُهُ**)، لەوێ وەك حاڵی موڵك و قەڵەمڕەوێکی گەورە کە خاوەنەکەی پڕ نازو نیعمەتە (ئاوای دەبینی).

١٦)- ﴿ عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ ﴾، لە سەریانەوە (دیوی دەرێیان) پۆشاکی ئاوریشمی تەنك و ئەستووری سەوزە. ﴿ عَالِيَهُمْ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**عَالِيهِم**)، واتە: (**فَوقَهُم**)، لەسەرروويانەوە لە دیوی دەرەوەیانەوە ﴿ خُضْرٌ ﴾، بە (**خُضْرٍ**)یش خوێندراوەتەوەو، ئەوکاتەش دەچێتەوە بۆ (**سندسٍ**)،و دەبێتە سیفەتی (**سندسٍ**) واتە: پۆشاکەکە لە ئاوریشمی تەنکی سەوزە.

(**السُّندُسُ: مَا رَقَّ مِنَ الدِّيبَاجِ، وَالإِستَبرَقُ: مَا غَلُظَ مِنَ الدِّيبَاجِ**)، (**سندس**) پۆشاکێکە لە ئاوریشم بەڵام بە تەنکیی (ئەگەر دەزووەکانی باریك بن پۆشاکەکە تەنك دەبێ) (**إستبرق**)یش ئاوریشمی ئەستوورەو قوماش ئەگەر دەزووەکانی ئەستوور بن، بێگومان پۆشاکەکەش ئەستوور دەبێ، ئەوانیش لە هەردوو شێوەکەیان پۆشیوە، ئنجا ئەگەر بە: ﴿ عَالِيَهُمْ ﴾، بخوێنرێتەوە، یانی: (**حالَ كَونِهِم**

یَعلُوهُـم ثِیـابٌ)، لـە حاڵێکـدا کـە لەسـەرەوەیان پۆشـاك هەیـە، پۆشـاکی ئاوریشـمی تەنـك و ئاوریشـمی ئەسـتووری سـەوز، بـەڵام ئەگـەر بـە: (عَالِیهِـم) بخوێنرێتـەوە، ئەوکاتـە (عالِیهِـم) دەبێتـە گوزارەیـەکی پێشـکەوتوو ﴿ثِیَابُ﴾یـش دەبێتـە نیهادێـکی دواکەوتـوو، واتـە: پۆشـاکی ئاوریشـمی تەنـك و ئەسـتووری سـەوز، لەسـەریانەوەیە.

١٧)- ﴿وَحُلُّوٓاْ أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٍ﴾، ڕازێندراونەوەش بە بازنی زیویین، (أَسَاوِر) کۆی (أَسوِرَة)یەو کۆی (سِوار)ە، یانی: بازن، کە لە (دوستواری) فارسییەوە هاتوە، (وَهُوَ حُلِيٌّ أُسطوانِيُّ الشَکل فَارِغُ الوَسَطِ)، بازن خشڵێکی شێوە خڕو بازنەییەو نێو قەدەکەی بۆشە، لە دەست و قۆڵ دەکرێ.

لێرەدا خـوا ﷻ بـۆ هەمـووانی فەرمـووە بـۆ پیـاوان و ئافرەتـانی بەهەشـت، بەڵکـو لـەم سـیاقەدا تەنیـا بـاسی پیـاوان کـراوە، هەندێـك لـە توێـژەرەوان و لێکۆڵـەرەوانی قورئانیـش گوتوویانـە: مەبەسـت پێـی ئەوەیـە ژنـان و هاوسـەرانیان وان! وایانزانیـوە بەهەشـتیش وەك دنیـا وایـە، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ: ڕۆژێـك زێـڕو ئاوریشـمی لـە تەنیشـت خـۆی دانـان و فەرمـووی: ئـەم دووانـە بـۆ مێینـەکانی ئۆممەتـم حەڵاڵـن و بـۆ نێرینـەکانی حەرامـن[1]، وایانزانیـوە بەهەشـتیش وەك دنیـا وایـەو لەوێـش زێـڕو ئاوریشـم لـە پیـاوان قەدەغـەن، نـا، تەنیـا لـە دنیـادا لێیـان قەدەغـەن و لـە بەهەشـت دا، ئـەو شـتانە هەموویـان بـۆ هەمـوو لایـەك ڕەوان.

١٨)- ﴿وَسَقَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ شَرَابٗا طَهُورًا﴾، پەروەردگاریان خواردنەوەیەکی پاك و پاککەرەوەی پێ نۆشین.

ئایـا ئـەو شـەڕابە چۆنـە؟ بـەس خـوا دەزانـێ و بـاسی نەکـردوە چۆنـەو چییـە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە (طَهُـور): (الطَّاهِـرُ فِي نَفْسِـهِ وَالْمُطَهِّـرُ لِغَـيرِهِ)، لـە خـودی خۆیـدا پاکـەو پاککەرەوەشـە بـۆ جگەلـە خـۆی.

---

(١) {عَـنْ أَبِي مُـوسَى قَـالَ قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ إِحِـلَّ لإِنَـاثِ أُمَّتِـي الْحَرِيـرُ وَالذَّهَـبُ وَحُـرِّمَ عَـلَى ذُكُورِهَـا} أخرجـه أحمـد: ١٩٥٢٥، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: حديـث صحيـح بشـواهده.

١٩)- ﴿إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمْ جَزَآءً﴾، (پێیان دەگوترێ:) ئا ئەمە پاداشتی ئێوە بوو.

٢٠)- ﴿وَكَانَ سَعْيُكُم مَّشْكُورًا﴾، هەوڵ و کۆششی ئێوەش سوپاسکراوو نرخێندراو بوو، یاخود ﴿مَّشْكُورًا﴾، یانی: (**كُنتُم مَشكُورِينَ عَلَيْهِ**)، ئێوە سوپاسکراو بوون لەسەری، خودی کۆششەکە بۆ خۆی دەنرخێنرێ و سوپاس دەکرێ و خاوەن و بکەرەکەیشی، هەردوو واتایەکەش ڕاستن: هەم خودی کۆششەکە بۆ خۆی نرخێنراوەو پێی زانراوە و سوپاس دەکرێ، هەم خاوەنەکەیشی سوپاس و تەقدیر دەکرێ.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرســەمان لــە نــۆ (٩) ئایــەتی کۆتایــی ســوورەتی (الإنســان) پێکهاتــوە، ئایەتـەکانی: (٢٣ - ٣١) کـە تێیانـدا ڕاسـتییەکی یەکجـار مـەزن بـە پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺ ڕاگەیەنـراوەو، پێنـج ئـەرکی گرنگیـشی لـەو ئایەتانـەدا پـێ سـپێردراون، لـە چـوار ئایەتـەکانی: (٢٣ و ٢٤ و ٢٥ و ٢٦)دا.

دوایـی لـە سێ ئایەتـەکانی: (٢٧ و٢٨ و ٢٩)دا، پێنـج ڕاسـتیی لەبـارەی بێبڕوایانـەوە خراونـە ڕوو و، ئامۆژگارییـەکی گـەورەو گرنگیشـیان کـراوە.

لەهــەردوو ئایــەتی: (٣٠ و ٣١)ی کۆتاییشــدا، دوو هەواڵــی یەکجــار مــەزن بــە هەمــوو لایــەك بــە مرۆڤایەتیــی و بــە جندیــش ڕاگەیەنــراون:

﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ تَنزِيلًا ﴿٢٣﴾ فَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ ءَاثِمًا أَوْ كَفُورًا ﴿٢٤﴾ وَٱذْكُرِ ٱسْمَ رَبِّكَ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٢٥﴾ وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَٱسْجُدْ لَهُۥ وَسَبِّحْهُ لَيْلًا طَوِيلًا ﴿٢٦﴾ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمْ يَوْمًا ثَقِيلًا ﴿٢٧﴾ نَّحْنُ خَلَقْنَٰهُمْ وَشَدَدْنَآ أَسْرَهُمْ ۖ وَإِذَا شِئْنَا بَدَّلْنَآ أَمْثَٰلَهُمْ تَبْدِيلًا ﴿٢٨﴾ إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذْكِرَةٌ ۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ﴿٢٩﴾ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٣٠﴾ يُدْخِلُ مَن يَشَآءُ فِى رَحْمَتِهِۦ ۚ وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًۢا ﴿٣١﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بێگومـان (ئـەی موحەممـەد!) ئێمـە پلەپلـە بـە دابەزانـدن (یـَکی سەرسـوڕهێنەر) قورئانمـان دابەزاندۆتـە سـەرت ﴿٢٣﴾ دەجـا بـۆ حوکـم و بڕیـاری پـەروەردگارت خۆڕاگربـەو، بـە قسـەی هیـچ گوناهبارێـك، یـان سـپڵەیەکیان مەکـە ﴿٢٤﴾ لـە بەیانیـی و ئێوارەشـدا نـاوی پـەروەردگارت بێنـە ﴿٢٥﴾ لـە شەوێشـدا کڕنـووشی بـۆ ببـە (نوێـژ بـۆ خـوا بکـە)و، بـە شـەوگارێکی درێـژ بەپاکی بگـرە ﴿٢٦﴾ بـە دڵنیایـی ئـەو (بێبڕوای)انـە، (ژیـانی دونیـای) زوو تێپەڕیـان خۆشـدەوێ و ڕۆژێـکی سـەخت و قـورس لـە دوایانـەوە (کـە چاوەڕێیانـە) وێـڵ دەکـەن ﴿٢٧﴾ ئێمـە دروسـتمان کـردوون و ئەندامەکانیانمـان مەحکـەم پێکـەوە بەسـتوون و، ئەگـەر بشـمانەوێ بـە هاووێنـەکانی خۆیـان دەیانگۆڕیـن ﴿٢٨﴾ بێگومـان ئەمـە بیرخەرەوەیـە، ئنجـا هـەر کـەس ویسـتی بـەرەو پـەروەردگاری ڕێـی (ڕاسـتی) گرتـە بـەر ﴿٢٩﴾ ناتانەوێـش مەگـەر خـوا بیـەوێ، بێگومـان خـوا زانـای کاربەجێیـە ﴿٣٠﴾ هـەر کەسێکی بیـەوێ دەیخاتـە نێـو بەزەییەکەیـەوەو، سـتەمکارانیش سـزاو ئازارێـکی بـە ئێـشی بـۆ دانـاون ﴿٣١﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(نَزَّلْنَا): (أنزلنـاهُ مُتَدَرِّجـاً مُنَجَّـماً، وَالنُّـزُولُ هُـوَ انحِطـاطٌ مِـن عُلُـوٍّ، وَالتَّنزِيـلُ: يَختَـصُّ بِالمَوضِـعِ الَّـذِي يُشِـيرُ إلَيـهِ إنزالُـهُ مُفَرَّقـاً، وَمَـرَّةً بَعـدَ أُخـرَى، والإِنْـزَالُ عـامٌّ)، وشـەی (نَزَّلْنَـا) واتـە: پلـە پلـە بـەش بـەش دامانبەزانـدوە، (نُـزُول): ئەوەیـە شـتێك لـە شـوێنێكی بـەرزەوە بچـێ بـۆ شـوێنێکی نـزم، بـەڵام (تَنْزِيـل) تایبەتـە بـەو شـتەی ئامـاژەی بـۆ دەکـرێ، کـە دابەزاندنەکـە جیاجیـاو جـار لـە دوای جـار بـێ، بـەڵام (إنْـزَال) دابەزاندنی بـە گشـتییە (چ پلـە پلـە دابـەزێ، چ بـە یەکجـار دابـەزێ).

(لِحُكْمِ رَبِّكَ): (الحُكْمُ بِشَيءٍ، أَنْ تَقْضِيَ بِأَنَّهُ كَذَا، أو لَيسَ بِكَذَا)، حوکم بە شتێك ئەوەیە بڕیار بدەی ئەو شتە وایە، یان بڕیار بدەی وانیە، ئەوە پێی دەگوترێ حوکم، هەروەها (حُكْمُ رَبِّك: أَي شَرعُهُ) بەرنامەی خوا، کەواتە: (حكم) هەم بە مانای بڕیار دێ، هەم بە مانای بەرنامەش.

(ثَقِيلًا): (الثِّقَلُ والخِفَّةُ مُتَقَابِلاَنِ)، قورسیی و سووکیی دوو شتی دژی یەکن، (ثَقِيلًا) واتە: قورس و گران، کە لە ئەصڵدا بۆ شتە بەرهەستەکانە، بەڵام دوایی دەخوازرێتەوە بۆ واتایەکی مەعنەوییش، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمْ يَوْمًا ثَقِيلًا ﴾ واتە: ڕۆژێکی سەخت و دژوار لە دوای خۆیان وێڵ دەکەن و پشتگوێی دەخەن.

(وَشَدَدْنَآ أَسْرَهُمْ): (الشَّدُّ: التَّوثِيقُ)، (شَدّ) بریتیە لە گرێدانی شتێك، ئنجا (الأَسْرُ) أسرُ الشَّدُّ بِالقِدِّ)، (أسر): بریتیە لە توندکردنی شتێك بە چەرم، (وَشَدَدْنَآ أَسْرَهُمْ)، (إشَارَةٌ إلى حِكمَةِ اللهِ تَعَالَى فِي تَرَاكِيبِ الإنسَانِ)، (وَشَدَدْنَآ أَسْرَهُمْ) ئاماژەیە بە حیکمەتی خوای بەرز، لە پێکهاتەکانی جەستەی مرۆڤدا، کە بە ژێیەکان و ماسوولکەکان و جومگەکان، ئەندامەکانی جەستە پێکەوە بەستراون.

(بَدَّلْنَآ): (الإِبْدَالُ وَالتَّبْدِيلُ وَالتَبَدُّلُ وَالإِستِبدال: جَعلُ شَيءٍ مَكَانَ آخَر)، ئەم چوار وشەیە: (إِبْدَال) و (تَبْدِيل) و (تَبَدُّل) و (اسْتِبْدَال) هەر چواریان واتایان ئەوەیە شتێك لە شوێنی شتێکی دیکە دابنرێ.

(أَمْثَٰلَهُمْ): (جَمعُ مِثل وَهُوَ الشَّبهُ وَالنَّظِير، وَالمَثَلُ: المِثلُ)، (أَمْثَالهُم) واتە: وێنەکانیان، ئەوان لابەرین و هاووێنەی ئەوان بێنینە شوێنی ئەوان، یاخود ئەوان لابەرین و بەجۆرێکی دیکە لەوێنەی خۆیان دروستیان بکەینەوە، کە مەبەست پێی ڕۆژی دواییە، (مَثَل)یش یانی: (مِثْل) واتە: وێنە، وەك.

(تَذْكِرَةٌ): (التَّذكِيرُ، التذكرَة ما تُستَذكِرُ بِهِ الحاجَة والتَّذكِرَة: ما يَدعُوا إِلَى الذِّكرِ وَالعِبرَة).

(**تذكرة**) سێ مانای هەن:

١- بیرخستنەوە.

٢- ئەوەیە بەهۆیەوە پێویستییەك بیربێتەوە.

٣- ئەوەیە ببێتە هۆی بیرهاتنەوەو پەندوەرگرتن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لە کۆتایی سوورەتی (**الإنسان**)دا، ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەیدوێنێ و دەفەرموێ: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ تَنزِيلًا﴾، بە دڵنیایی ئێمە وردە وردە قورئانمان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، بە دابەزاندنێکی سەرسوڕهێنەر دابەزاندۆتە سەرت.

(إنّا) لە ئەصڵدا (إنّنَا)یە، بە دڵنیایی ئێمە، (نَحْنُ) واتە: ئێمە، بە دڵنیایی ئێمە قورئانمان پلە پلە دابەزاندۆتە سەرت، (نَزَّلْنَا) (تَنْزِيْل): بریتیە لە دابەزینی شتێك، وردە وردەو، پلە پلە، ﴿تَنزِيلًا﴾، واتە: بە دابەزاندنێکی سەرسوڕهێنەر، دابەزاندنێك کە شایستەی خوایە ﷻ ئاوا دایبەزێنێ، بەگوێرەی بۆنەو بەپێی کات و شوێنەکان و ڕووداوەکان.

ئنجا ئەمە:

١- ڕاستییەکە خوا ﷻ دەیخاتە ڕوو بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ، کە لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا قورئانی دابەزاندۆتە سەر دڵ و سینەی موبارەکی: ﴿نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾﴾ الشعراء.

٢- لە هەمان کاتدا بەرپەرچدانەوەشە بۆ بێبڕوایەکان کە دەیانگوت: شەیتانەکان یان کەسانی دیکە، قورئان فێری موحەممەد ﷺ دەکەن.

٣- هەروەها بەرچاو ڕوونیی و دڵنیاییشە بۆ بڕواداران، کە بزانن سەرچاوەی لێوە هاتنی قورئان، خوای بەرزی بێ وێنەیە.

﴿ فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ ﴾، کەواتـە: تـۆ بـۆ حوکمـی پـەروەردگارت خۆڕاگربـە، ئـەوەی پـەروەردگارت بڕیـاری دەدات ئـاوا بـێ، یـان ئـاواو نەبـێ، چونکـە: (**الحُكْمُ: أَن تَقْضِيَ عَلَى الشَّيءِ بِأَنَّهُ كَذَا أَو لَيسَ بِكَذَا**)، حوکـم - ئـەوە یەکـێ لـە واتـا باوەکانیـەتی - کـە بڕیـار بـدەی و دادوەریـی بکـەی ئـەو شـتە وایـە، یـان وانیـە.

یاخـود (**حکـم**) یـانی: بەرنامـەی خـوا، شـەریعەتی خـوا، ئەویـش هـەر بڕیـارەکانی خـوای پـەروەردگاری تێـدان، ئـەو شـتە حەڵاڵـەو ئـەو شـتە حەڕامـە، ئـەو شـتە چاکەو ئـەو شـتە خراپـە، یـانی: بـۆ بڕیـارو بەرنامـەی پـەروەردگارت خۆڕاگربـە، ﴿ وَلَا تُطِعۡ مِنۡهُمۡ ءَاثِمًا أَوۡ كَفُورٗا ﴾، گوێڕایەڵیـی هیـچ گوناهبارێـك یـان سـپڵەیەك لـەوان مەکـە لـە بێبڕواییـەکان، دوایـی ڕوونی دەکەینـەوە بۆچـی خـوا ﷻ بێبڕوایـەکانی بـە دوو وشـە هێنـاون و پێناسـەی کـردوون؟ ﴿ ءَاثِمًا ﴾، واتـە: گوناهبـار، ﴿كَفُورٗا ﴾، واتـە: سـپڵە، یاخـود بێبـڕوا، (**کفـور**) هـەردوو واتایەکـەی هـەن.

﴿ وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلٗا ﴾، نـاوی پەروەردگاریشـت بێنـە (نـاوی پـەروەردگارت بـاس بکـە) بەیانیـان و ئێـواران، ئنجـا ئایـا تەنیـا مەبەسـت پێیـان بەیانیـان و ئێوارانـە؟ کـە هەندێـك گوتوویانـە: مەبەسـت پێیـان نوێـژی بەیانیـی و نوێـژی ئێوارەیـە، یاخـود مەبەسـت ئەوەیـە لـە بەیـانی تاکـو ئێـوارەو، لـە ئێـوارە تاکـو بەیـانی، لـە یـادی پـەروەردگارت بـێ ئـاگا مەبـە!

ئـەوی دیکەش کە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَٱسۡجُدۡ لَهُۥ وَسَبِّحۡهُ لَيۡلٗا طَوِيلًا ﴾، هەروەهـا لـە شەوگاریشـدا کڕنـووش ببـە بـۆ پـەروەردگارت و، بـە درێژایـی شـەو بەپـاکی بگـرە.

هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەوە ئاماژەیە بە کاتی پێنج نوێژەکان:

١- ﴿ بُكْرَةً ﴾، واتە: نوێژی بەیانی.

٢و٣- ﴿ وَأَصِيلًا ﴾، واتە: نوێژەکانی نیوەڕۆو عەسر.

٤و٥- ﴿ وَمِنَ ٱلَّيْلِ ﴾، واتە: نوێژەکانی شێوان و خەوتنان.

﴿ وَسَبِّحْهُ لَيْلًا طَوِيلًا ﴾، ئەمەش ئاماژەیە بە شەونوێژ.

بـەڵام مـن وای تێدەگـەم مەبەسـت ئەوەیـە: بەیانیـان و ئێـواران کـە دوو کاتی زۆر سـەرەنجڕاکێش و دڵ بزوێنـن، زیاتـر نـاوی پـەروەردگارت بێنـەو یـادی بکـە، هەروەهـا لـە شەوێشـدا کڕنـووشی بـۆ ببـەو، خواپەرسـتیی شـەویش ئەنجـام بـدە، چ نوێـژی فـەرز کـە نوێـژەکانی شـێوان و خەوتنـان بگرێتـەوە، چ شـەونوێژ، ئنجـا ئەویـش چ بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێویسـت بـوو بـێ، وەك ڕایـەکی زانایـان هەیـە، یاخـود پەسـند و سـوننەت، کـە پێشـتر لـە تەفسـیری سـوورەتی (**المزمل**)دا قسـەمان لەبـارەوە کـرد.

﴿ وَسَبِّحْهُ لَيْلًا طَوِيلًا ﴾، بـە درێژایـی شـەویش، لـە شـەوێکی درێـژدا پـەروەردگارت بـە پـاك بگـرە، ئایـا بۆچـی ئـەوە بـکات؟ تاکـو بتوانـێ خۆڕاگـر بـێ، چونکـە ئـەوەی وزەو توانـاو بڕسـت دەدات بـە مرۆڤـی مسـوڵمان، لەبەرامبـەر دژایەتیـی کـرانی دا لەلایـەن ناحەزانیـەوە، دوژمنـانی خـواو پێغەمبـەری خـوا ﷺ، ئـەو هێـزە مەعنەویـی و ڕووحییەیـە، کـە بەهـۆی خواپەرسـتیی شـەوو ڕۆژو، بەهـۆی یادی خـوا کـردن و، پەیوەندیـی تونـدو تـۆڵ و گـەرم و گـوڕ لەگـەڵ خـوادا، وەدەسـتی دێنـێ.

کەواتـە: خـوای پـەروەردگار لـەم چـوار ئایەتـە موبارەکـەدا، ڕاسـتییەکی زۆر مـەزنی بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ خسـتە ڕوو، کـە بریتیـە لـەوەی: ئـەوە خوایـە کـە قورئـانی بـەش بـەش و بـە پلەپلـە دابەزاندۆتـە سـەری.

هەروەها پێنج ئەرکیشی پێ سپاردن:

یەکەم خۆڕاگرتن بۆ حوکمی پەروەردگاری.

دووەم: گوێڕایەڵیی نەکردنی بۆ هەر گوناهبارو سپڵەو ناسپاسێك، یان بێبڕوایەك لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان.

سێیەم: یادی پەروەردگار کردنی و ناوی پەروەردگاری هێنانی لە بەیانیان و ئێواران دا.

چوارەم: بە شەوگار کڕنووش بۆ بردنی، کە مەبەست پێی شەو نوێژە.

پێنجەم: بە شەوگارێکی درێژ بەپاکگرتن و ستایش کردنی خوا ﷻ.

ئنجا باسی بێبڕوایەکان دەکات و، ئەوانیش پێنج ڕاستییان لە بارەوە دەخاتە ڕوو، ئامۆژگارییەکیشیان دەکات، هی پێغەمبەری خوا ﷺ: ڕاستییەکی بۆ خستە ڕوو، ڕاستییەکی یەکجار مەزن و، پێنج ئەرکیشی خستنە سەر شان، بەڵام هی بێبڕوایەکان: پێنج ڕاستییان لە بارەوە دەخاتە ڕوو و، ئامۆژگارییەکیشیان دەکات:

ڕاستیی یەکەم: ﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانە ژیانی زوو تێپەڕی دنیایان حەزلێیە، ئەو بێبڕوایانەی ڕۆژگاری تۆ، ئەی موحەممەد و ڕۆژگارەکانی دیکەش، ئەوە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو بێبڕواو هاوبەش بۆ خوا دانەران و پشت لە خوایانە ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ ﴾، (**عاجِلة**) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێندراوە (**يُحِبُّونَ الحَياةَ العاجِلَة، أو النِّعمَةَ العاجِلَة**)، ژیانی بەپەلەو زوو تێپەڕی دنیایان خۆشدەوێ و حەزیان لێیە، یان نازو نیعمەتی زوو تێپەڕ.

ڕاستیی دووەم: ﴿ وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمۡ يَوۡمًا ثَقِيلًا ﴾، لە پشتیانەوەش ڕۆژێکی قورس، ڕۆژێکی دژوارو سەخت و بە زەحمەت، وێڵ دەکەن و پشتگوێ دەخەن.

ڕاستیی سێیەم: ﴿ نَّحۡنُ خَلَقۡنَٰهُمۡ ﴾، ئێمە ئەوانمان هێناوەتە دی، لە نەبوونەوە.

ڕاستیی چوارەم: ﴿ وَشَدَدۡنَآ أَسۡرَهُمۡ ﴾، (**أي: وَثَّقْنا رَبْطَهُم**)، ئێمە ئەندامەکانیانمان پێکەوە بەستوون، مرۆڤ ئەگەر سەرنجی جەستەی خۆی بدات سەری سوڕدەمێنێ: پێکەوە بەسترانی ئەو هەموو ئەندامانەی، جەستەی مرۆڤ لەو

هەمـوو کۆئەنـدام و ئەندامانـە پێکـدێ: کۆئەندامەکانـی: مێشـک و دەمـارەکان، دڵ و خوێـن، هەناسـەدان، هـەرس، بەرگریـی، پێسـت، ئێسـکەکان، بینیـن، بیسـتن، قسـکردن ....هتـد، هەروەهـا ئەندامەکانـی: سـەرو پشـت و سـك و چـوار پەل، هـەرکام لەوانەش لـە چەنـدان بـەش پێـك دێ، هـەر دەسـتێك، هـەر لاقێـك لـە چەنـدان بـەش پێـك دێ، هەروەهـا سـەر لـە چەنـدان ئەنـدام پێـك دێ، پاشـان سـك و هەنـاوو پشـت، کـە بڕگـەکانی پشـت سـی و سـێ (٣٣) بڕگـەن، حەوتیـان لـە گەردنـداو، دوازدەیـان لـە پشـتداو، پێنجیـان لـە ئاسـتی سـك داو، پێنجـی دیکەیـان لـە خوارتـرو، چواریـان لـە کلێنجـەدا، هەموویـان سـی و سـێ بڕگـەن: (٧+١٢+٥+٥+٤=٣٣) هەروەهـا ئـەو هەمـوو ئێسـقانانەی دیکـە، ئنجـا ئـەو هەمـوو ژێ و بەسـتەرو ماسـوولکانە، ئنجـا ئـەو هەمـوو جومگانـە، خـوا ﷻ جەسـتەی مرۆڤـی پێکـەوە بەسـتوە، بـە هـۆی جومگەکانـەوەو، بەهـۆی دەمارەکانـەوەو، بەهـۆی ماسـوولکەکانەوەو، بەهـۆی بەسـتەرو ژێیەکانـەوە.

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَشَدَدۡنَآ أَسۡرَهُمۡ ﴾، **(أي: قَوَّينا ربطهم، أي: رَبْط أعضائهم)** واتـە: بـە توندیـی بەیەکمانـەوە بەسـتوون، یـانی: پەیوەسـتیی ئەندامەکانیانمـان تونـدو تـۆڵ کـردوە ئەگەرنـا مـرۆڤ ئەگـەر ئـاوا مەحکـەم نەبووایـە هـەروا ڕۆیشـتبایە ئەندامێـکی لـێ کەوتبایـە خـوارێ، پەنجەیـەکی لـەولا لـێ کەتبایـەو، قۆڵێـکی لـەولا لـێ کەوتبایـە، بەکەڵـك نەدەهـات، بـەڵام مـرۆڤ زەبـری زۆر گـەورەشی پێدەکـەوێ، زۆر بـە زەحمـەت ئـەو ئەندامانـەی لێـك هەڵدەوەشـێن، خـوا ﷻ هێنـدە بـە قایمیـی و مەحکەمیـی پێکیـەوە بەسـتوون، ئەگـەر زەبرێکیـشی پـێ بکـەوێ، خـوا جەسـتەی مرۆڤـی وا خولْقانـدوە، دوایـی خـۆی چـاك دەکاتـەوە و دووبـارە پێکـەوە پەیوەسـت دەبێتـەوە.

ڕاسـتیی پێنجـەم: لـە بـارەی بێبڕواکانـەوە، دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا شِئۡنَا بَدَّلۡنَآ أَمۡثَٰلَهُمۡ تَبۡدِيلًا ﴾، هـەر کاتـێ ویسـتمان بـە هاووێنـەکانی خۆیـان دەیانگۆڕیـن، ئەمـەش دوو واتـای هـەن:

أ- ئەوان دەبەین و وێنەی ئەوانیان دێنینە جێ، ئەو لابردنەش دیسان دوو حاڵەتی هەن:

١- بە مردنی ئاسایی دەمرن، ئەو جیلە دەڕوات جیلێکی دیکەیان دێنینە جێ.

٢- یاخود بە بەڵایەکی کت و پڕو ناگەهان لە بەینیان دەبەین و کۆمەڵگایەکی دیکە دێنینە شوێنیان.

ب- یان مەبەست پێی دواڕۆژە واتە: ئەگەر بمانەوێ لایان دەبەین لە دنیادا، دوایی لە قۆناغی بەرزەخ و پاشان لە قیامەتدا بە هاووێنەی خۆیان دروستیان دەکەینەوە، بێگومان لە ماددەیەکی دیکەو بە شێوەیەکی دیکە، بەڵام هەر لەو شێوەی خۆیاندا، بەڵام بە پێکهاتەیەکی دیکەو لە ماددەیەکی دیکەی گونجاو لەگەڵ ژیانی بەرزەخ و پاشان قیامەتی نەبڕاوەدا.

ئنجا خوا ئامۆژگارییەکیشیان دەکات و دەفەرموێ: ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٞ﴾، بە دڵنیایی ئەمە بیرخەرەوەیە، ئامۆژگارییە، پەندە، ﴿فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلٗا﴾، ئنجا هەر کەسێك ویستی بەرەو پەروەردگاری ڕێی ڕاستی گرتە بەر، بەهۆی وەرگرتنی ئەو ئامۆژگاریی و بیرخەرەوەیەوە، کە لە دوو توێی کۆتا فەرمایشتی خوادا بەرجەستەیە.

ئنجا خوای بەرز، دوو ڕاستیی مەزن بە هەموو لایەك ڕادەگەیەنێ لە کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکەدا:

یەکەم: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾، ناشتانەوێ ڕێ بەرەو خوا بگرنە بەر، مەگەر خوا بیەوێ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا﴾، بە دڵنیایی خوا زانای کارزانە، کەواتە: کاتێك کە ڕێ بەرەو خوا دەگریە بەر، بزانە کە بە ویستی خوایەو، کاتێك پشت لە خوا دەکەی، بزانە هەر بەویستی خوایە، بەڵام دەبێ وریا بین! هەمیشە ڕەزامەندیی خوا ﷻ لەگەڵ بەرنامەکەی دایە، واتە: ئەگەر بەپێی بەرنامەی خوا بڕۆی، خوا لێت ڕازییە، بەڵام ئەگەر پشت لە بەرنامەی خوا بکەی، بە ویستی خوایە، بەڵام خوا لێت تووڕەیە،

وەك دەفەرموێ: ﴿ ...وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُواْ يَرْضَهُ لَكُمْ ... ﴿٧﴾ ﴾ الزمر، خوا بۆ بەندەكانی بێبڕوایی (یان سپڵەیی) پەسند ناكات، بەڵام ئەگەر سوپاسگوزاریی بكەن، بۆتان پەسند دەكات، دەبێ وریا بین! هەموو شتێك بە ویستی خوایە، بەڵام هەمیشە ڕەزامەندیی خوا لەگەڵ ویستی خوادا نیە، ویستی خوا وەك ئاسمان وایە، هەرچی بیكەی، بە ویستی خوایەو لەژێر سێبەری ویستی خوادایە، بەڵام بۆ ئەوەی بزانی ئایا خوا لەو شتە ڕازییە یان ڕازی نیە؟ دەبێ تەماشا بكەی شەریعەتی خوا چی دەڵێ، بەهۆی شەریعەتی خواوەو، لە ئاوێنەی شەریعەتی خوادا، ئێمە ڕەزامەندیی خوا دەبینین، ئەمەش بۆ ئەوەیە: هەموو كەس بزانێ كە هەرچی دەیكا، بە ویستی خوایە، بێبڕوایەكان پێیان وانەبێ كاتێك ڕێ بەرەو خوا ناگرنە بەر، خوایان دەستەوسان و دەستەپاچە كردوەو، شتێكیان كردوە خوایان بێ دەسەڵات كردوە، نا، كەسێك كافریش دەبێ، هەر بە ویستی خوا كافر دەبێ، بەڵام خوا پێی ناخۆشە، ئەگەر ئیمانیش بێنێ، هەر بە ویستی خوا ئیمان دێنێ و خواش پێی خۆشە ﷻ.

دووەم: ﴿ يُدْخِلُ مَن يَشَآءُ فِى رَحْمَتِهِۦ ﴾، هەر كەسێك (خوا) بیەوێ دەیخاتە بەزەیی نێو خۆیەوە، خوا كێی دەوێ بیخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە؟ كەسێك بە دوای پێغەمبەرەكەی بكەوێ، كە (**رَحْمَةٌ لِلعالَمِين**)ەو، كەسێك بە دوای پەندو ئامۆژگارییەكەی بكەوێ، كە (**ذِكرٌ لِلعالَمِين**)ە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴾، ستەمكارانیش سزاو ئازارێكی بەئێشی بۆ داناون. (**ظالِمِين**) كۆی (**ظالِم**)ەو ناوی بكەر (**اسْم فَاعِل**)ە، واتە: ئەوانەی ستەمیان كردوە، ئەوانە خوا ئازار و سزایەكی بە ئێشی بۆ داناون، كەواتە: خوا كەسانێك دەخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، شایستە بن و، ئەوانەش شایستەن كە شوێن بەرنامەكەی دەكەون و، پەیڕەویی لە پێغەمبەرەكەی ﷺ دەكەن و بەرەو خوا دەڕۆن، ئەوانە شایستەی ئەوەن خوا بیانخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، بەڵام ئەوانەی ستەم دەكەن: ستەم لە خۆشیان دەكەن و، لە بەرنامەی خواش دەكەن و، لە پێغەمبەری خواش دەكەن، ئەوانە خوا ئازارێكی بە ئێشی بۆ داناون، چونكە خوا ﷻ كاربەجێیەو هەر كەسە بەپێی خۆی و پڕ بە پێستی خۆی، مامەڵەی لەگەڵدا دەكات.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

جەختکردنـەوەی خـوا ﷻ لـە سـەر ئـەوە کـە قورئـانی پلـە پلـە دابەزاندۆتـە سـەر پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ و، فەرمـان پێکـردنی بـە خۆڕاگریـی بـۆ بڕیـارو بەرنامــەی خــواو گوێڕایەڵیــی و فەرمانبەریــی نەکــردنی هیــچ گوناهــکارو ســپڵەو بێبڕوایـەك و، یـادی خـوا کـردنی بـە بەیانیـان و ئێـواران و، لـە شـەوگاردا نوێژکـردن و کڕنـووش بـۆ خـوا بـردنی، بـە درێژایـی شـەوو بـە پـاك گرتنـی خـوا:

وەك خــوا ﷻ دەفەرمــوێ: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ تَنزِيلًا ﴿٢٣﴾ فَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ ءَاثِمًا أَوْ كَفُورًا ﴿٢٤﴾ وَٱذْكُرِ ٱسْمَ رَبِّكَ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٢٥﴾ وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَٱسْجُدْ لَهُۥ وَسَبِّحْهُ لَيْلًا طَوِيلًا ﴿٢٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ تَنزِيلًا ﴾، بە دڵنیایی ئێمە خۆمان قورئانمان بە دابەزاندنێك (پلە پلەو پچڕ پچڕ) دابەزاندۆتە سەرت.

(**إنْزَال**) بریتیـە لـە دابەزانـدن، کـە دەگونجێ وردە وردەبـێ، یاخود بـە یەکجارەکیی بـێ، بـەڵام (**تَنْزِيـل**) (**نَـزَّلَ يُنَـزِّلُ تَنزِيـلاً**)، لەسـەر کێـشی (**تَفعِيـل**) ئەوەیـە شـتێك وردە وردە، یـان بـەش بـەش دابەزێـنرێ لەسـەرێ بـۆ خـوارێ، ئنجـا ئایـا مەبەسـت لـەم تەعبیـرە چییـە؟ لـە وەڵام دا دەڵێیـن:

١- ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەیە بۆ پتر دڵنیا کردنەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ چونکە پێغەمبەری خوا هەر دڵنیا بووە، بەڵام زیاتر دڵنیا کردنی وەك چۆن ئیبراهیم (**عَلَيْهِم الصَّلَاة وَالسَّلَام**) فەرمووی: ﴿ ... وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى ...﴿٢٦٠﴾ ﴾البقرة، بەڵام بۆ ئەوەی

دڵم ئۆقره بگرێ.. چونکه کاتێك مرۆڤ لەگەڵ پڕوپاگەندەو قسەو قسەڵۆکی ناحەزاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، عەجایب نیە شەیتان جۆرێك لە خوتخوتەو خەیاڵی خراپی بە دڵدا بێنێ، بۆیە خوا ﷻ لێرەدا ئاوا دەفەرموێ و، لە سوورەتی (یونُس)یش دا دەفەرموێ:
﴿ فَإِن كُنتَ فِى شَكٍّ مِّمَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ فَسْـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقْرَءُونَ ٱلْكِتَـٰبَ مِن قَبْلِكَ ۚ لَقَدْ جَآءَكَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿٩٤﴾ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٩٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٩٧﴾ ﴾ يونس، ﴿ فَإِن كُنتَ فِى شَكٍّ مِّمَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ فَسْـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقْرَءُونَ ٱلْكِتَـٰبَ مِن قَبْلِكَ ﴾، وەك کاتی خۆی لە تەفسیر کردنی سوورەتی (یونوس)دا باسمان کرد: یانی: ئەگەر لە دوو دڵیی دای لە بارەی ئەوەوەی دامانبەزاندۆتە سەرت، لەوانە بپرسە کە لە پێش تۆدا کتێبیان دەخوێندەوە، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی: {لَا أَشُكُّ وَلَا أَسأَلُ}[1]، نە لە دوو دڵیی دام و نە دەشپرسم، بەڵام بۆچی خوا وایفەرمووە؟ یان بۆ زێدە دڵنیایی کردنی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ، یان لە پشت پێغەمبەری خواوەش، مەبەست پێی بڕواداران و شوێنکەوتووانیەتی، واتە: لە دوو دڵییدا مەبن لەوەدا کە دادەبەزێتە سەر پێغەمبەرەکەتان موحەممەد ﷺ.

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ لَقَدْ جَآءَكَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴾، بـە دڵنیایـی لـە پەروەردگارتـەوە هەقـت بـۆ هاتـوە، ئنجا لـە دوو دڵان مەبـە، ﴿ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴾، هەروەهـا لەوانـەش مەبـە کـە ئایەتـەکانی خوایـان بـە درۆ دانـان، (بێگومـان پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەوانـە نەبـووە، بـەڵام واتـە: وەك ئـەو هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرانـە مەبـە، کـە ئایەتـەکانی خـوا بـە درۆ دادەنێـن) ئەگەرنـا لـە زیانبـاران دەبی (وەك ئـەوان) ئەمـە لەبـەرڕا هاویشـتن (**تعریـف**) ە بـۆ ئـەوان و لـە پەنـاڕا قسـە گوتنـە بـەوان.

---

(١) أخرجه عبدالرزاق: ١٠٢١١ .

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتۡ عَلَيۡهِمۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوۡ جَآءَتۡهُمۡ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ ﴿٩٧﴾ ﴾، ئەمـەش دیسـان بـۆ زیاتـر ئۆخـژن و دڵنیایـی خسـتنە دڵـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ و بڕوادارانـە، کـە ئایـا ئەوانـە بۆچـێ بـڕوا بـە قورئـان ناهێنـن، هەرچەنـدە هـەق و ڕاسـتە؟ دەفەرمـوێ: بـە دڵنیایـی ئەوانـەی وشـەی پەروەردگارتیـان لەسـەر پێویسـت بـووە، (کـە دەبـێ سـزا بدرێـن، لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە هیدایـەتی خوایـان ڕەفـز کـردوەو بڕیـاری خوایـان لەسـەر جێبەجـێ بـووە) ئەوانـە: ﴿ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوۡ جَآءَتۡهُمۡ كُلُّ ءَايَةٍ ﴾، بـڕوا ناهێنـن هـەر چەنـدە هەرچـی نیشـانەیەو موعجیزەیـە بۆیـان بـێ ﴿ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ ﴾، هەتـا ئـازاری بـە ئێـش و ژان نەبینـن کەواتـە: تـۆ بەهـۆی بـڕوا نەهێنـانی وانـەوە، مەکـەوە دوو دڵییـەوە، چ مەبەسـت پێـی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ بـێ، چ مەبەسـت شـوێنکەوتووانی بـێ.

بـە تایبـەتی لـەم ڕۆژگارەی ئێسـتای ئێمـەدا[1] ئـەو ئیشـکال و دوو دڵییـە زۆرە، چونکـە کەسـێك تەماشـای بارودۆخـی مسـوڵمانان دەکات، دەبینـێ: لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە دواکەوتـوون:

١- لە ڕووی سیاسییەوە، پرژو بڵاون و بێ سەرو بەرن، بێ سەرن، بێ سێبەرن.

٢- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، دەبینێ هەزراو یەك ناوو نیشان و لێك دابڕان و لێك ترازانیان هەن.

٣- لە ڕووی فیکرییەوە، تەماشایان بکات، دواکەوتوون و لاساییکردنەوەی کوێرانە زۆرە لەنێویاندا.

---

(١) ئێسـتا ئەمـڕۆ ئێمـە لـە (٢٢)ی مانگـی (٦) واتـە: حوزەیـرانی سـاڵی (٢٠٢٠)ی زاینیـی دایـن، بەرانبـەر (١)ی مانگـی (ذي القَعـدَة)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچیـی.
ئەوە کاتی گوتنەوەو تۆمارکردنی دەرسەکان بووە و، ئێستاش: / ربیع الأول.
١٤٤٥ ك - بەرانبەر: ٢٠٢٣/٩/٥ ز، یە.

٤- لە ڕووی ئابوورییەوە، تەماشایان بکات، هەژاری و نەداریی، ئەگەر هەبێ بەزۆریی لە وڵاتانی مسوڵماننشین دا هەیە.

٥- لە ڕووی هێزو توانای سەربازییەوە، تەماشایان، بکات هەموو وڵاتیان داگیر کراوە بە بنکە سەربازییەکانی زلهێزان.

٦- لە ڕووی تەکنۆلۆجیاو پیشەسازییەوە تەماشایان بکات، بۆ هەموو شتێك ئاتاج و موحتاجی جگە لە خۆیانن.

٧- لەڕووی زانستییەوە، تەماشایان بکات، هەر زۆر کۆڵەوار و نەشارەزاو دواکەوتوون و ... هتد.

ئنجا کەسێك بڕوایەکی دامەزراوی نەبێ بە قورئان و بە پێغەمبەری خوا ﷺ و بە ئیسلام، ئەگەر لە واقیعی مسوڵمانانەوە تەماشای ئیسلام بکات دەڵێ: دیارە ئیسلام ئایینێکی هەڵەیە، بۆیە واقیعی مسوڵمانان ئاوا دواکەوتوو شل و شێواوەو هێندە بەجێماون، هەروەها کەسێك زۆر لە قورئان و سووننەت شارەزا نەبێ و، ئیمانێکی مەحکەمی نەبێ بە ئیسلام، شارەزاییەکی قووڵ و وردیشی نەبێ بە ژیانی ڕۆژئاواییەکان زۆر پێیان سەرسام (**معجَبْ**) دەبێ، وەك بەداخەوە هەندێ کەس بە سەفەر دەچێ بۆ ئەوێ و دوایی کە دێتەوە، دەست و پێی خۆی ناناسێتەوە، وا دەزانێ ئەوان لە هەموو شتێکدا تێرو تەواون! نازانێ، کە ئەوان هەرچەندە لەڕووی شارستانێتیی ماددییەوە بەرەو پێش چوون، لە ڕووی ژیانی دنیاوە بەرەو پێش چوون و، ژیانی ماددیی خۆیان باش ڕێکخستوە، لە ڕووی سیاسیی و، ئیداریی و، ئابووریی و، کۆمەڵایەتیی و، تەکنۆلۆجییەوە، بەڵام ئەوە مانای وانیە لەهەموو ڕوویەکەوە پێشکەوتوون، ئەوان لەڕووی پەیوەندییان لەگەڵ خوادا ﷻ و، ئەو حیکمەتەی مرۆڤی بۆ لەسەر زەوی دانراوەو، لەو ژیانە کاتییەدا دانراوە، داخۆ چی دەکات و چۆن دەژی و پەیوەندیی لەگەڵ خواو خەڵك دا چۆن دەبێ؟ لەوڕووەوە زۆر دواکەوتوون، هەروەها لەڕووی ئینسانییەوە، کە بە ڕەوشتی بەرز

و سیفەتە بەرزەکان لە نێو خۆداو، لەگەڵ گەلان و کۆمەڵگاکانی دیکەدا، مامەڵە بکرێ، زۆر بەجێماون، دیسان لەڕووی مەعنەوییەوە کە ئاوڕبدەنەوە لە ناخی خۆیان و، بزانن کە مرۆڤ تەنیا جەستەکەی نیەو ژیان بەس تێرکردنی گەدەو داوێن و گیرفان نیە، بەڵکو ڕووح و عەقڵ و هەست و ناخیشە، لەو ڕووانەوە زۆر بەجێماون.

ئنجا ئەگەر کەسێك بە قووڵیی شارەزای دنیا نەبێ و ئیمانێکی مەحکەمیشی نەبێ، هەرکات واقیعی شل و شێواوی مسوڵمانان ببینێ، ئیشکال و گرێ و گۆتاڵی دەرووني بۆ دروست دەبێ، بۆیە خوا ﷻ لێرەو لە سوورەتی (یونوس) و لە چەند شوێنی دیکەدا، ئەم دڵنیاییە دەداتە ئەهلی ئیمان، کە ئەم قورئانە خوا دایبەزاندوە، لێرەش ئەمە:

أ- دڵنیاکردنەوەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دابەزێنەری قورئان بۆ سەری، خوای پەروەردگارە، نەك وەك بێبڕوایەکان درۆو دەلەسە دەکەن، گوایە جگەلە خوا قورئانی بۆ موحەممەد ناردوە.

ب- هەروەها بۆ دڵ بەهێز کردنی پێغەمبەریشە ﷺ بۆ بەرەنگاریی ئەوەی لە داهاتوودا دێتە ڕێی، کە تۆ بزانە ئەوە فەرمایشتی خوایەو بەرنامەی خوایە بۆی لای تۆ دابەزیوە.

بۆیە دەفەرموێ:

٢)- ﴿ فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ ﴾، دەجا خۆڕاگربە بۆ بڕیاری پەروەردگارت، وشەی (**حكم**) دوو واتای هەن:

١- (**حكم**) ئەوەیە: بڕیار بدەی ئەو شتە ئاوایە، یان بڕیار بدەی ئەو شتە وانیە، ئەوە حوکمی پێ دەڵێن و بە کوردیی پێی دەگوترێ: بڕیاردان.

٢- هەروەها (**حكم**) بەمانای بەرنامەش هاتوە، یانی: بۆ بڕیاری پەروەردگارت خۆڕاگربەو، بۆ بەرنامەی پەروەردگارت خۆڕاگربەو دەستی لێ شل مەکە، (**إبن عاشور**) وای

لێکداوەتەوە دەڵێ: (أيْ فاصبِر فِي كُلِّ ما حَكَمَ بِهِ رَبُّكَ، سَواءٌ كانَ ذَلِكَ تَكْلِيفًا خاصًّا بِكَ مِنَ العِباداتِ والطّاعاتِ، أوْ مُتَعَلِّقاً بِالغَيْرِ، وهو التَّبْلِيغُ وأداءُ الرِّسالَةِ وتَحَمُّلُ المَشاقِّ النّاشِئَةِ مِن ذَلِكَ)، واتە: خۆڕاگربە بۆ هەر شتێك كە پەروەردگارت بڕیاری لەسەر داوە (یاخود بڕیاری لەسەر دەدات) چ ئەركدار كردنێك بێ بۆ خۆت، لە پەرستشەكان و فەرمانبەرییەكان، یاخود ئەركدار كردنێك بێ پەیوەست بێ بە جگەلە خۆتەوە، كە بریتیە لە گەیاندن و ڕوونكردنەوەی پەیامی خواو، خۆڕاگرتن بۆ ئەو نارەحەتییانەی لەوەوە پەیدا دەبن.

(الطبري)یـش ئـاوای لێكدەداتـەوە: (يَقُـولُ: اصْـبِرْ لِـمَا امْتَحَنَـكَ بِـهِ رَبُّـكَ مِـنْ فَرَائِضِـهِ، وَتَبْلِيـغِ رِسَـالَاتِهِ، وَالقِيَـامِ بِمَـا أَلْزَمَـكَ القِيَـامَ بِـهِ، فِي تَنْزِيلِـهِ الَّـذِي أَوْحَـاهُ إِلَيْـكَ)، واتـە: خۆڕاگربـە بـەوەی پـەروەردگارت تـۆی پـێ تاقیكردۆتـەوە لـە ئەركـەكان كـە خستوونیە سـەر شـانت، لـە گەیانـدنی پەیامـەكانی و، هەڵسـان بەوەی پـەروەردگارت تـۆی پێـوە پابەنـد كـردوە، پێـی هەڵـسی، لـەو دابەزێـنراوەدا كـە بـۆ لای تـۆی سروش كـردوە.

٣)- ﴿ وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ ءَاثِمًا أَوْ كَفُورًا ﴾، لەوان (ئەو بێبڕوایانەی دژی تۆن) بە قسەی هیچ گوناهكارێك یان هیچ سپڵەیەكیان مەكە.

(الطّاعَـةُ: امْتِثَـالُ الطَّلَـبِ بِفِعْـلِ المَطْلُـوبِ، وبِالكَـفِّ عَـنِ المَنهِـيِّ، إذ كانَ الكُفّـارُ يَطلُبُونَ مِـن النَّبِـيِّ ﷺ فِعـلَ مـا يَرغَبُـون، وَالكَـفَّ عَـمَّا لا يُرِيـدُون)، واتـە: (طاعَـة): بریتیـە لـە جێبەجێكـردنی داواكـردنی كارێـك كـە داواكـراوەو، دەسـتبەردار بـوونی شـتێك كـە ڕێگریـی لێكـراوە، چونكـە بێبڕوایـەكان ئـەوەی ئارەزوویـان بـوو لـە پێغەمبەریـان ﷺ داوا دەكـرد، دەیانگـوت: وابكـە، ئـەوەش كـە حەزیـان لـێ نەبـوو و پێیـان ناخـۆش بـوو دەیانگـوت مەیكـە.

ئـەوەی پێیـان خۆشـبوو، بتپەرسـتیی بـوو، زوڵـم و سـتەم و خراپەكاریـی بـوو، ئـەوەش كـە پێشـیان ناخۆشـبوو، خـوا بـە یەكگرتـن و بەندایەتیـی كـردن بـۆ خـواو، پابەندیـی بـە شـەریعەتی خـواوە بـوو، ئنجـا خـوا ﷻ فەرمـانی پێـدەكات كـە بـە قسـەی هیـچ گوناهكارێكیـان یاخـود هیـچ بێبڕوایەكیـان مەكـە، لێـرەدا یەكـێ لـە

ڕوونکـەرەوانی قورئـان دەڵـێ: (لِلْإِشَارَةِ بِالوَصْفَيْنِ إِلَى أَنَّ طَاعَتَهُمْ تُفْضِي إِلَى ارْتِكَابِ إِثْمٍ أَوْ كُفْرٍ، لِأَنَّهُمْ بِذَلِكَ يَأْمُرُونَهُ وَيَنْهَوْنَهُ غَالِبَاً، فَهُمْ لَا يَأْمُرُونَ إِلاَّ بِمَا يُلَائِمُ صِفَاتِهِمْ)، واتە: ئـەو تەعبیـرە ئـەوە دەگەیەنـێ کـە فەرمانبەریـی و گوێڕایەڵیـی کـردنی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـۆ ئـەوان، سـەر دەکێشـێ بـۆ گوناهکـردن، یاخـود سـپڵەیی و بێبـڕوا بـوون، چونکـە ئـەو شـتانەی ئـەوان فەرمانیـان پـێ دەکـردن و، ئـەو شـتانەی لێیـان قەدەغـە دەکـرد، بەپێـی سـیفەتەکانی خۆیـان بـوون.

ئـەوەی خۆیـان پێیـان خۆشـبوو فەرمانیـان پێدەکـردو، ئـەوەش کـە خۆیـان حەزیان لـێ نەدەکـرد، ڕێیـان لـێ دەگرت.

بۆیــەش دەفەرمــوێ: ﴿ءَاثِمًا أَوْ كَفُورًا﴾، هیــچ گوناهکارێکیــان یاخــود هیــچ بێبڕوایەکیـان، چونکـە بێبڕوایـەکان لـە نێـوان ئـەو دوو حاڵـەدا بـوون: یـان گوناهـکار بـوون، یاخـود سـپڵەو بێبـڕوا بـوون، واتـە: بـە قسـەی هیـچ کامیـان مەکـە، بێبڕوایەکان هەیانبـووە زۆر خەریـکی گوناهکـردن بـووە، هەشـیان بـووە ڕەنگـە تـۆزێ خـۆی لـە گوناهـان پاراسـتبێ، بـەڵام سـپڵەو ناسـپاس بـووە.

هەندێـك لـە زانایانیـش گوتوویانـە: ئەمـە مەبەسـت پـێ دوو کـەسی تایبـەت بوون لـە بێبڕواییـەکان، کـە بریتـی بـوون لـە: أ- (عُتْبَـةُ بـنُ رَبِيعَـة)، ب- ئـەوی دیکەشـیان (الوَلِيـدُ ابـنُ المُغِيرَة)، گوتـراوە: (عتبَـةُ ابـنُ رَبِيعَـة) پێشـنیاری بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـردوە کچێـکی هەبـووە جوانتریـن ئافرەتـانی عـەرەب بـووە، گوتوویـەتی: خـۆم دەیکەمـە هاوسـەرت و مارەییشـم لێـت نـاوێ، هـەر پێشکەشـت دەکـەم.

وەلیـدی کـوڕی موغیـرەش کەسـێکی زۆر سـاماندار بـووە و گوتوویـەتی: ئـەی موحەممـەد! هەرچـی لـە ماڵ و سامانی من دەتـەوێ، بۆخـۆتی ببە، بـەڵام هەردووکیان بـەو مەرجـەی پێغەمبـەری خـوا دەسـت هەڵبگـرێ لـەو پەیـام و بەرنامـەی خـۆی!

کەواتــە: دەگونجــێ لــە ئەسـڵ دا مەبەسـت پێـی ئـەو دوو کەسـە بـێ، بـەڵام ئەگـەر مەبەسـتیش ئـەو دوو کەسـە بـێ و، هـۆی هاتنـە خـواری هەڵوێسـتی ئـەو

دووانـە بـێ، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە هـەر کەسـێکی دیکـەش وەك خـاوەنی ئـەو دوو سـیفەتانەبێ، هــەر دەیگرێتــەوە.

(الطـبري) لـە **(قتـادة)** وە بـە ژمـارە: (٣٥٩٧٤) هێناویـەتی، دەڵـێ: ئـەم ئایەتـە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ ءَاثِمًا أَوْ كَفُورًا ﴾، **(نَـزَلَ فِي عَـدُوِّ اللـهِ أَبِي جَهْـل)**، لەبـارەی دوژمنـی خـوا ئەبـوو جەهلـەوە هاتۆتـە خـوار، هەروەهـا **(الطـبري)** هـەر لـە قەتـادەوە بـە ژمـارە: (٣٥٩٧٥) هێناویـەتی دەڵـێ: **(أَنَّـهُ بَلَغَـهُ قـال أَبُـو جَهْـلٍ: لَـئِنْ رَأَيْـتُ مُحَمَّـدَاً يُصَـلِّي لَأَطَـأَنَّ عَـلَى عُنُقِـهِ، فَأَنـزَلَ اللـهُ:** ﴿ وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ ءَاثِمًا أَوْ كَفُورًا ﴾) واتــە: قەتـادە پێـی گەیشـتوە کـە ئەبـوو جەهـل گوتوویـەتی: ئەگـەر موحەممـەد ببینـم نوێـژێ دەکات، پـێ لەسـەر مـلی دادەنێـم، خـواش ﷻ ئـەو ئایەتـە موبارەکـەی نـاردە خـوار، کـە بـە قسـەی هـەر گوناهکارێـك، یاخـود هـەر سـپڵەو ناسپاسـێك و بێبڕوایەکیـان مەکـە.

(الطبري)یـش لـە تەفسیرەکەی خـۆی دا[1] دەڵـێ: **(يَقُـولُ: وَلَا تُطِـعْ فِي مَعْصِيَـةِ اللَّـهِ مِـنْ مُـشْرِكِي قَوْمِـكَ، آثِمًـا يُرِيـدُ بِرُكُوبِـهِ مَعَاصِيـهِ، أَوْ كَفُـورًا: يَعْنِـي جَحُـودًا لِنِعَمِـهِ عِنْـدَهُ، وَآلَائِـهِ قِبَلَـهُ، فَهُـوَ يَكْفُـرُ بِـهِ، وَيَعْبُـدُ غَـيْرَهُ)**، واتـە: ئـەی موحەممـەد ﷺ! لـە سـەر پێچیـی کـردنی خـوادا، گوێڕایەڵیـی هیـچ گوناهکارێـك لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرانی خەڵکەکـەت مەکـە، کـە دەیـەوێ لەسـەر گوناهـو تـاوان و سـەرپێچیی خـوا بـەردەوام بـێ، یاخـود سـپڵەو ناسپاسـێك کـە چاکـەکانی خـوا نادیـدە دەگـرێ و، ئـەو چاکانـەو نیعمەتانـەی خـوا پێیـداون، لـە بەرانبەریانـدا سـپڵەیە، خـوا چاکـەی لەگـەڵ کـردوە، کەچـی ئـەو جگەلـە خـوا دەپەرسـتێ.

٤)- ﴿ وَٱذْكُرِ ٱسْمَ رَبِّكَ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾، ناوی پەروەردگاریشت بێنە بەیانیان و ئێواران.

٥)- ﴿ وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَٱسْجُدْ لَهُۥ ﴾، هەروەها لە شەوگاریشدا کڕنووشی بۆ ببە، واتە: لە شەوێدا شەو نوێژ بکە.

---

(١) جامع البيان: ج١٤، ص٤٣٦.

٦)- ﴿ وَسَبِّحْهُ لَيْلًا طَوِيلًا ﴾، هەروەها شەوگارێكی درێژیش پەروەردگارت بە پاك بگرە، واتە: زیاتر خەریكی كاری خۆت بەو، بەیانیان و ئێواران خوا بە پاك بگرە، هەروەها لە شەوگاردا كڕنووشی بۆ ببەو، شەوێكی درێژیش خوا بە پاك بگرە، زانایان گوتوویانە: (**أذكُرْ اللهَ بِأنواعِ الذِّكرِ فِي كُلِّ أَوقاتِ طَرَفَيهَا الصَّباحِ وَالمَساءِ، أَوِ المَقصُودُ بِهِ الصَّلاة**)، ناوی خوا بێنە بە جۆرەكانی یادكردن، لە ئەمسەرو ئەو سەری بەیانیان و ئێوارانی هەمووكاتەكان دا، یاخود مەبەست پێ نوێژ كردنە.

هەندێكیش گوتوویانە:

أ- (**بُكرَة**) مەبەست پێی نوێژی بەیانییە.

ب- (**أَصِيل**)یش مەبەست پێی نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارەیە.

ج- ﴿ وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَٱسْجُدْ لَهُۥ ﴾، مەبەست پێی هەردووك نوێژی شێوان و خەوتنانە.

د- ﴿ وَسَبِّحْهُ لَيْلًا طَوِيلًا ﴾، ئەمیش مەبەست پێی شەونوێژە، ئەوە ڕایەكی زانایانە، كە ئەو وشانە ئاماژەن بەو نوێژانە، بەڵام من پێموایە: مەبەست بەگشتیی یادی خوای بەرزە، بە دڵ و بە زمان و بە كردەوەش، یادكردنی خوایەو خوا لەبیر بوونەو، بەپاكگرتنی خوایەو ستایشكردنی خوایەو، ملكەچییە بۆ خوا ﷻ.

وەك دەبینین لەم چوار ئایەتە موبارەكەدا، خوا ڕاستییەك بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ ڕوون دەكاتەوە، كە ئەو زاتەی قورئانی پلە پلە دابەزاندوەتە سەرت و بۆت دادەبەزێنێ، خوای پەروەردگارتە، دوایی پێنج ئەركی پێ دەسپێرێ:

١- خۆ ڕاگرتن بۆ بڕیارو بەرنامەی خوای پەروەردگار.

٢- گوێڕایەڵیی نەكردنی بۆ هەر گوناهكارو، هەر سپڵەو ناسپاسێكی بێبڕوایەكان.

٣- باسی ناوی پەروەردگار كردنی، بەیانیان و ئێواران.

٤- لە شەوێدا كڕنووش بردنی بۆ خوا.

٥- لە شەوێکی درێژدا بە پاککرتنی خوا ﷻ.

کەواتـە: ئـەی موحەممـەد! بـۆ ئـەوەی لـە قـەدەر ئـەو ڕاسـتییە مەزنـە بی کـە پێـمان ڕاگەیانـدی، کـە دابەزاندنـی پلـە پلەیـی قورئانـە بـۆ سـەرت، دەبـێ ئـەو ئەرکانـە جێبەجـێ بکـەی و، ئـەو ئەرکانـەش زۆربەیـان دەچنـەوە نێـو ئـەوەی مـرۆڤ زیاتـر خـۆی ئامـادەو بەهێـز بـکات، لـە ڕووی پەیوەندییـەوە لەگـەڵ خـواداو، لـە ڕووی ئیمانیـی و ڕووحیـی و مەعنەوییـەوە، هەڵبەتـە ئـەوە بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ و بـۆ شـوێنکەوتووانیشی هـەر وایـەو، ئێمـە بـە ئەنـدازەی ئـەوە کـە لەگـەڵ خـوادا پەیوەندیـی تونـدو تـۆڵ و گـەرم و گوڕمـان دەبـێ و، بەنـدەی سـاغ و پـاك و چـاك دەبیـن، خۆڕاگریـش دەبیـن لـە بەرامبـەر ناحەزانـدا، لـە بەرانبـەر مەینەتیـی و ئازارەکانـدا کـە ناحـەزانی ڕێـی خـوا، بۆمـان دێننـە پێـش، خـوا لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی.

مەسەلەی دووەم:

بێبڕوایـان پـڕ بـە دڵ حـەز بـە ژیـانی بـە پەلـەو زوو تێپـەڕی دنیایـان دەکـەن و، مەنزڵـگای دوایـی، وێـڵ و فەرامـۆش دەکـەن، خـواش ﷻ خـۆی هێناونیـە دیـی و، ئەندامـەکانی پێکـەوە پەیوەسـت کـردوون، هەرکاتێکیـش بیـەوێ بـە هاووێنـانی خۆیـان دەیانگـۆڕێ، ئـا ئـەوەش بیرخـەرەوەو ئامۆژگارییـەکی مەزنـە، بـۆ هـەر کەسـێك گـەرەکی بـێ بـەرەو پـەروەردگاری ڕێـی ڕاسـت بگرێتـە بـەر:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمْ يَوْمًا ثَقِيلًا ﴿٢٧﴾ نَّحْنُ خَلَقْنَٰهُمْ وَشَدَدْنَآ أَسْرَهُمْ ۖ وَإِذَا شِئْنَا بَدَّلْنَآ أَمْثَٰلَهُمْ تَبْدِيلًا ﴿٢٨﴾ إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذْكِرَةٌ ۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ﴿٢٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

خـوا ﷻ لـە ئایەتـەکانی پێشـەوەدا - وەك پێشـتریش باسـمان کـرد - ڕاسـتییەکی گـەورەو گرنگـی بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ ڕاگەیانـدو، دوایـی پێنـج ئەرکیـشی خستنە سـەر شـانی، لـەم سێ ئایەتـە موبارەکەشـدا، خـوا ﷻ پێنـج ڕاسـتیی گـەورەو گرنـگ لەبـارەی بێبڕوایانـەوە ڕادەگەیەنێ، ئامۆژگارییەکیشـیان دەکات، یەکەمـی ئـەو ڕاسـتییانەش ئەوەیـە کـە دەفەرمـوێ:

١)- ﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ يُحِبُّونَ ٱلْعَاجِلَةَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانە (بێبڕوایانی ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا ﷺ و هەر کەسێکی دیکەی وەك ئەوان بێ) (ژیانی) زوو تێپەڕیان خۆشدەوێ، (ژیانی) بە پەلەیان خۆشدەوێ.

(**عاجِلَـة**) سـیفەتی وەسـفکراوێکی قرتێنـدراوە، یـانی: (**يُحِبُّونَ الحَيـاةَ العَاجِلَـة**)، یـان (**يُحِبُّـونَ الـدَّارَ العاجِلَـة**)، ژیـانی زوو تێپەڕیـان خۆشـدەوێ، یاخـود مەنزڵـگای زوو تێپـەڕو پەلەیـان خۆشـدەوێ، کـە مەبەسـت ژیـانی دنیایـە، ئەمـەش ڕوونکردنـەوەی

ئەوەیە کە بۆچی خوای کارزان بە پێغەمبەری خاتەمی فەرموو ﷺ: ﴿وَلَا تُطِعْ مِنْهُمْ ءَاثِمًا أَوْ كَفُورًا﴾، گوێڕایەڵیی هیچ گوناهکارێك و هیچ سپڵەو ناسپاسێکیان مەکە.

کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ﴾ یانی: ئەوانەی ئامادەن، لە عەقڵ و دڵی بابای دوێنراودا، کە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ و بڕواداراتێکن کە لە خزمەتی دابوون کاتی خۆی، دوای وانیش هەر کەسێك کە بەڕێی پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ بڕوات و، لەگەڵ کەسانێکدا ڕووبەڕوو بێتەوە کە باوەش بە دنیا دەکەن و، تەنیا حیسابی ژیانی زوو تێپەڕی دنیا دەکەن و، هیچ گرنگیی و بایەخێك بە مەنزڵگای کۆتایی ڕۆژی دوایی نادەن.

یەکێك لە ڕوونکەرەوانی قورئان دەڵێ: ﴿يُحِبُّونَ﴾، خۆشیاندەوێ، پەیوەستە بە شتێکی قرتێنراوەوە وەك: (**يُحِبُّونَ نَعِيمَ العاجِلَة**)، یان (**مَنافِعَ العاجِلَة**)، یان (**شَهَواتُ العاجِلَة**)، نازو نیعمەتی ژیانی زوو تێپەڕی دنیا، یان سوودو کەڵکەکانی ژیانی زوو تێپەڕی دنیا، یان خۆشییەکانی ژیانی زوو تێپەڕی دنیایان خۆشدەوێ، چونکە خۆشویستن پەیوەست نابێتەوە بە خودی ژیانی دنیاوە، بەڵکو پەیوەست دەبێ بەو شتانەوەی لە ژیانی دنیادا دەبن، لە نازو نیعمەت و، خۆشیی و لەززەت و، ئەو بەرژەوەندییە ماددییانەی دەهێنرێنە دی، لەسەر حیسابی ڕۆژی دوایی، چونکە پێشتریش باسمان کرد کە ئەوەی خراپە، ئەوەیە: خۆشویستنی ژیانی دنیاو گرنگیی و بایەخ پێدانی: یەکەم: زیاد لە پێویست بێ، دووەم: لەسەر حیسابی مەنزڵگای کۆتایی بێ، چونکە دوایی خوا وەك خستنەڕووی ڕاستیی دووەم دەفەرموێ: ﴿وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمْ يَوْمًا ثَقِيلًا﴾، لە پشتیانەوەش ڕۆژێکی گران و قورس وێڵ دەکەن (گرانیی و قورسیی خوازراوەتەوە بۆ سەختیی و دژواریی، یانی: ڕۆژێکی سەخت و دژوار) لە پشت خۆیانەوە وێڵ دەکەن و پشتگوێ دەخەن (کە مەبەست پێی ڕۆژی دواییە) بە تایبەتی قیامەت و زیندووکرانەوەو لێپرسرانەوە، ئنجا لە جیاتی ئەوەی خوا ﷻ بفەرموێ: (**يُحِبُّونَ الدُّنيَا**)، فەرموویەتی: ﴿يُحِبُّونَ

ٱلْعَاجِلَةَ ﴾، کـە ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی ئـەو بێبڕوایانـە نـەزان و نەفامـن، چونکـە هـەر لەبـەر ئـەوەی ژیـانی دنیـاو ڕابواردنـەکانی و خۆشـییەکانی هەڵیدەبژێـرن، کـە بەپەلەیـەو زوویـە، واتـە: ئـەوەی وایکـردوە دنیـا پەرسـتەکان، ژیـانی دنیـا هەڵبژێـن، ئەوەیـە کـە ئێسـتا لەبـەر دەسـتیانەو بـە پەلەیـە، بـەڵام بابـای عاقـڵ شـتێك بـا لـە دوایێـش بـێ؛ مـادام چاکـتر بـێ، هەڵیدەبژێـرێ بەسـەر شـتێکدا بـا ئێسـتاش بـێ، بـەڵام ئـەو گرنگیـی و بایەخـەی نەبـێ.

دووبـارەشی دەکەینـەوە: ئـەوەی لێـرەدا شـوێنی ڕەخنـە لێگرتنـە، ئەوەیـە کـە ئـەو ژیانـە دنیاییـە زوو تێپـەڕە، خۆشبویسـترێ و بـاوەشی پێـدا بکـرێ و گرنگیـی و بایەخـی پـێ بـدرێ، لەسـەر حیسـابی ڕۆژی دوایـی، ئەگەرنـا بـە ئەنـدازەی خـۆی گرنگیـی دان بـە ژیـانی دنیـاو بایـەخ پێـدانی، وەك شـوێنی تێـدا تاقیکرانـەوە، خـوا ﷻ لـە چەنـدان ئایەتـدا، هەروەهـا پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ لـە چەنـدان فەرمایشـتدا، نـەك هـەر ڕێیـان پێـداوە، بەڵکـو فەرمانیشـیان پێکـردوە، بـۆ وێنـە:

١- خوای بەرزی مەزن دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿٢٠١﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ...﴿٢٠٢﴾ ﴾البقرة، واتە: (لە مرۆڤەکان) هەیانە دەڵێ: پەروەردگارمان! لە دنیادا چاکەمان پێ ببەخشەو لە دوارۆژیشدا چاکەمان پێ ببەخشەو لە ئازاری ئاگر چەپاڵەمان بدە، ئەوانە لەوەی وەدەستیان هێناوە پشك و بەشیان هەیە...

٢- لە سوورەتی (**القصص**)دا هاتوە کە خەڵکەکەی قارون بە قارون دەڵێن: ﴿ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ...﴿٧٧﴾ ﴾**القصص**، لەوەدا کە خوا (لە دنیادا) پێیداوی (لە ئازو نیعمەتی دونیا)، مەنزڵگای دوارۆژی پێ داوا بکەو، بەشی خۆشت لە دونیا فەرامۆش مەکە.

٣- هەروەها لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتوە کە مسوڵمان پێویستە گرنگیی بە ژیانی دونیاشی بدات، بە ئەندازەی ئەوەی دەیهێنێ، بۆ وێنە: (**نعم المال الصالح للمرء**

الصالح) سامانی باش باشترینه بۆ مرۆڤی چاك، بەڵام ئەوەی هەڵەیە لە مامەڵە لەگەڵ ژیانی دنیادا، ئەوەیە کە مرۆڤ تەنیا دنیا ببینێ و دوارۆژ پشتگوێ بخات، یاخود زیاد لە پێویست و زیاد لە قەبارەو نرخی خۆی، گرنگیی بە ژیانی دنیا بدات، کە بێگومان زیاد لە ئەندازەی خۆی، لەسەر حیسابی ڕۆژی دواییە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَيَذَرُونَ وَرَآءَهُمْ﴾، (يَـذَرُونَ) واتـە: (يَدَعُـونَ، يَتْرُكُـونَ) واز دێنـن، وێـڵ دەکـەن لـە پشـتیانەوە ﴿يَوْمًا ثَقِيلًا﴾، ڕۆژێـکی قـورس، وشـەی (ثَقِيـل) پێچەوانـەی (خَفِيـف)ەو (ثَقِيـل) واتـە: قـورس و گـران لـە کێشـدا، بـەڵام لێـرەدا خوازراوەتـەوە بـۆ سـەختیی و دژواریـی و نارەحەتیـی، ئنجـا ئەگـەر بگوتـرێ: (يَـومٌ خَفِيـف) ڕۆژێـکی سـووك، مەبەسـت ئـەوە نیـە کـە کێـشی کـەم بـێ، چونکـە کات (زمـن) ناکێـشرێ، بەڵکـو وشـەی سـووك (خفيـف) خوازراوەتـەوە بـۆ واتایـەکی دیکـەی گونجـاو لەگـەڵ ڕەوت (سـياق)ەکەدا، وەك: ئاسـان.

ئنجـا کـە خـوای زانـاو کارزان دەفەرمـوێ: لـە پشـتیانەوە **(وراءهـم)** هـەر چەنـدە مـرۆڤ کـە دەڕوا بـەرەو داهاتـوو دەڕوات و داهاتـوو لـە پێشـیەوەیەتی، بـەڵام وشـەکانی: **(وَرَاء)** و **(أَمـام)** جـاری وایـە جێگۆڕکەیـان پـێ دەکـرێ، ئایـا لێـرەدا بۆچـی وشـەی پشـت، دواوە **(وَرَاء)** بەکارهاتـوە؟ لەبـەر ئـەوەی ئەوانـە ژیـانی دوارۆژیـان نەویسـتوە، ئینسـان ئەگـەر شـتێکی نەویسـت، نادیـدەی دەگـرێ و پشـتگوێی دەخات، یـانی: دەیخاتـە پشـتەوەو، شـتێکیش کـە لـە پشـتیەوە بـێ، نایبینـێ، بـەو واتایـەی وەك چـۆن شـتێك کـە فـڕێ دەدرێتـە پشـتەوە، مـرۆڤ نایبینـێ، ئەوانیـش ئـاوا ژیـانی ڕۆژی دواییـان فەرامـۆش کـردوەو پشـتگوێ خسـتووەو وێـڵ کـردوە.

ئنجا خوا باسی ڕاستی سێیەم دەکات و دەفەرموێ:

٣- ﴿نَّحْنُ خَلَقْنَٰهُمْ﴾، ئێمە ئەوانمان هێناوەتە دی، ئێمە پەیدامان کردوون، وشەی **(خَلْق)**:

أ- هەم بە مانای پەیدا کردن لە نەبوونەوە دێ **(الإيجادُ مِنَ العَدَم)**.

ب- هەم بە مانای ئەندازەگیریی کردن دێ، واتە: ئێمە لە نەبوون پەیدامان کردوون و ئەندازەگیرییمان کردوون، چ ئەو کاتەی لە منداڵدانی دایکیاندا بوون، چ دوایی بە هەموو شێوەکانی ئەندازەگیریی ئەندازەگیرییمان کردوون.

ئنجا ڕاستیی چوارەم خراوەتەڕوو:

٤)- ﴿وَشَدَدْنَآ أَسْرَهُمْ﴾، ئێمە پەیوەستیی و تۆکمەییانمان قایم و پتەو کردوە. (**الأَسْرُ: الرَّبطُ، وَأُطلِقَ هُنا عَلَى الإِحكامِ وَالإِتقان**) (**أَسر**) بە مانای گرێدان و قایم کردن (**رَبط**)ە، (**ما يُشَدُّ بِا السَّيرِ**)، (**أَسْر**) هەرشتێکە کە بە(**سير**) ببەسترێ و قایم بکرێ، (**سير**)یش بریتیە لە زێڵووی چەرم، کە شتیان پێ بەستوەو قاییم بووە، لە جیاتی پەت و بەن، (**أسر**)یش بەمانای قایمکردن (**رَبط**)ە، کەواتە: ﴿وَشَدَدْنَآ أَسْرَهُمْ﴾، یانی: (**قَوَّينَا رَبْطَهُم**)، پەیوەستبوونیانمان بە هێز کردوەو بە توندیی پێکمانەوە بەستوون، (**شَدّ**) بریتیە لە گرێدان، (**شَدَّهُ يَعنِي: عَقَدَهُ**) گرێیدا، بەستی، قاییمی کرد، ئەمەش ڕاستییەکی زۆر گەورەو گرنگی لایەنی کارئەندامزانیی (**فَسْلجي**) تێدایە!

مـرۆڤ ئەگـەر تەماشـای خـۆی بـکات، دەزانـێ چـۆن خـوا ﷻ جەسـتەی لـە خانـەکان دروسـتکردوە، زانایـان توێکاریـی (**تشريـع**) بەمەزەنـدە دەڵێـن: جەسـتەی هـەر مرۆڤێـك لـە زیاتـر لـە سـەد تریلیـۆن خانـە پێکهاتـوە (تریلیۆنێـك هـەزار ملیـارە) واتـە: سـەد هـەزار ملیـار (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠) ($١٠^{١٤}$) خانـە پێکهاتـوە، هـەر خانەیەکیـش لـە زیاتـر لـە سـەد تریلیـۆن گەردیلـە پێکهاتـوە، ئنجـا وەك چـۆن گەردیلـەکان و گـەردەکان، (مۆلکۆلـەکان (**molcols**)) خانـەکان پێـك دێنـن، دوایـی خانەکانیـش شـانەکان (**أنسـجة**) پێـك دێنـن، ئنجـا شـانەکانیش ئەنـدام (**عضـو**) پێکدێنـن و، ئەندامەکانیـش کۆئەنـدام (**جهـاز**) پێـك دێنـن، بـۆ وێنـە: کۆئەندامـی چاو، کۆئەندامـی هـەرس، کۆئەندامـی دڵ و سـووڕی خوێـن و، کۆئەندامـی هەناسـەدان و، هەتـا کۆتایـی، ئنجـا بـە هەمـوو کۆئەندامەکانیـش جەسـتەی مـرۆڤ پێکدێنـن، ئەگـەر ئینسـان سـەرنج بـدات دەزانـێ: هـەم خانـەکان بـاش پێکـەوە پەیوەسـتن

و هــەر لێــك جیاناكرێنــەوە، هەروەهــا گــەردەكان (**جُزَيْئـات**) و گەردیلەكانیــش و خانەكانیــش (**الخلایـا**) كــە شــانەكان پێكدێنــن، ئنجــا ئەوانیــش ئەنــدام و دوایــی ئەندامەكانیش كۆئەندامــەكان و، بەهەمووشیان جەسته پێكدێنــن، هــەر كام لەوانــە چــاك پێكــەوە پەیوەســتكراون و، مــرۆڤ كــە تەماشــای خــۆی دەكات، وا هەســت نــاكات چەنــد گەردیلەیەكــە لێــك بەســتراون، چجــای گــەردەكان و خانــەكان و ئەنــدام و كۆئەندامــەكان، بەڵكــو وا هەســت دەكات هەمــووی یــەك پارچەیــە، چونكــە خــوا ﷻ ئــاوا پێكیــەوە پەیوەســت كــردوە، پاشــان ئەنــدام و كۆئەندامــەكان، هەموویــان هاوكاریــی یەكــدی دەكــەن و ئاگایــان لــە یەكــدی هەیــە، بەهــۆی سیســتم (**نظـام**) ێكــەوە كــە خــوای پــەروەردگار لــە جەســتەی مرۆڤــدا دایــنـاوە.

ئنجــا ڕاســتیی پێنجــەم و كۆتایــی لێــرەدا خــوای پــەروەردگار لەبــارەی بێبڕوایانــەوە بــاسی دەكات و دەفەرمــوێ:

٥)- ﴿ وَإِذَا شِئْنَا بَدَّلْنَآ أَمْثَٰلَهُمْ تَبْدِيلًا ﴾، هەركاتێك ویستیشمان هاووێنەكانیان دەگۆڕین، واتە: بە هاووێنەكانیان دەیانگۆڕین، ئەوان لادەبەین و هاووێنەكانیان دێنینە شوێنی ئەوان.

لێــرەدا كــە دەفەرمــوێ: ﴿ وَإِذَا شِئْنَا بَدَّلْنَآ أَمْثَٰلَهُمْ تَبْدِيلًا ﴾، (**إذَا: فَإِنَّـهُ يُسْـتَعْمَلُ فِيـمَا كَانَ مَعْلُـومَ الوُقُـوعِ، تَقُـولُ: آتِيـكَ إذا طَلَعـتِ الشَّـمْسُ، فَهَهُنـا لَـمّا كانَ اللَّـهُ تَعـالى عالِـمًا بِأنَّـهُ سَيَجِيءُ وقْـتٌ يُبَـدِّلُ اللَّـهُ فِيـهِ أُولَئِكَ الكَفَـرَةَ بِأمْثالِهِـمْ فِي الخِلْقَـةِ وَأضْدَادِهِـمْ فِي الطّاعَـةِ، قـالَ إذَا شِـئنَا، وَ(إنْ) يُسـتعمَلُ فِيـما لا يَكُـونُ مَعلـومَ الوُقُـوعِ عَـلَى: ﴿ ...إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ... ﴿١٣٣﴾ ﴾الأنعـام، وَقَولِـهِ: ﴿ ...وَإِن تَتَوَلَّوْا۟ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓا۟ أَمْثَٰلَكُم ﴿٣٨﴾ ﴾محمـد**).

ئەمە نوكتەیەكی زمانەوانیی و ڕەوانبێژیی گرنگە:

وشــەی (**إذَا**)، بــۆ ئــەو شــتانە بــەكاردێ كــە دڵنیــابی ڕوو دەدەن، وەك یەكێــك دەدوێنــی و دەڵێــی: هــەركات خۆرهــەڵات دێــم بــۆ لات، (دەزانی كــە خــۆر هەڵــدێ

و تـۆش عەزمـت جـەزم کـردوە، ئـەو کاتـە بچـی بـۆ لای) بۆیـە لێـرەش خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا شِئْنَا بَدَّلْنَآ أَمْثَـٰلَهُمْ تَبْدِيلًا ﴾، چونکـە خـوا ﷻ زانیاریـی تـەواوی لەلایـەو، دەزانـێ کاتێـك دێ خـوا ئەوانـە لادەبـات، بۆیـە وشـەی (إِذَا)ی بەکارهێنـاوە، زانیویـەتی ئـەو بێبڕوایانـە لادەبـات و بـە کەسـانێکی دیکـەی کـە هاووێنەیانـن لـە دروسـتکرانداو، پێچەوانەیانـن لـە مامەڵـە لەگـەڵ خـوادا، (دەیانگـۆڕێ ئەوانـە دژو بێبـڕوان و سـەرپێچییکارن لـە خـواو، ئەوانـەش کـە دەیانهێنـێ بـڕوادارن و گوێڕایـەڵ و فەرمانبـەرن بـۆ خـواو بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ) بۆیـە وشـەی (إِذَا)ی بەکارهێنـاوە، بـەڵام (إِنْ) بـۆ شـتێك بـەکاردێ کـە ڕوودانەکـەی زانـراوو مسـۆگەر نەبـێ، بـۆ وێنـە: لـە سـوورەتی (**الأنعـام**)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ...إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ ...﴿١٣٣﴾ ﴾، واتـە: ئەگـەر بیـەوێ لاتـان دەبـات... هەروەهـا لـە سـوورەتی (**إبراهيـم**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ ...إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٩﴾ ﴾، واتـە: ئەگـەر (خـوا) بیـەوێ ئێـوە لادەبـاو دروسـتکراوانێکی تـازە دێنـێ.

بێگومـان خـوای پـەروەردگار زانیاریـی تـەواوی لەلایـە، بـەڵام وای نەهێنـاوە کـە لابردنیـان و جـێ پـڕ کردنەوەیـان بـە دروسـتکراوانێکی تـازە، شـتێکی مسـۆگەر بـێ، بۆیـە بـە: ﴿ إِن ﴾، هێناویـەتی، یـان کـە دەفەرمـوێ: ﴿ ... وَإِن تَتَوَلَّوْا۟ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓا۟ أَمْثَـٰلَكُم ﴿٣٨﴾ ﴾**محمـد**، ئەگـەر ئێـوە پشـت هەڵبکـەن (خـوا) ئێـوە لادەبـات و کۆمەڵێـکی دیکـە دێنـێ بـۆ شـوێنی ئێـوەو، ئەوانیـش وەك ئێـوە نابـن، ئـەوەش دیـارە مسـۆگەر نەبـووەو، ئەگـەر ڕووی دوانـدن لـە هـاوەڵان بـێ خـوا لێیـان ڕازی بـێ، خـوا بڕیـاری نـەداوە کـە بـە مسـۆگەریی ئـەوان لاببـات و کەسـانێکی دیکـە بێنێتـە شـوێنیان، بۆیـە بـە ﴿ إِن ﴾، هێناویـەتی.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا شِئْنَا بَدَّلْنَآ أَمْثَـٰلَهُمْ ﴾، وشـەی (**أَمْثَـال**) کـۆی (**مِثـل**) ە، (**وَالمِثـلُ: هُـوَ المُماثِـلُ فِي ذاتٍ أو صِفَـةٍ**)، (**أَمْثَـال**) کـۆی (**مِثـل**)ە، (**مِثل**)یـش بریتیـە لـە وێنـەو هاوتـای شـتێك لـە خـود دا یاخـود لـە سـیفەتێك دا، کەواتـە: لێـرەدا کـە

دەفەرمـوێ: ﴿ بَدَّلْنَآ أَمْثَـٰلَهُمْ تَبْدِيلًا ﴾، بـە گۆڕینێکی سەرسـوڕهێنەر بـە هاووێنەکانیان دەیانگۆڕیـن، ئەمـەش دوو واتایـان هەڵدەگـرێ:

یەکەم: (**أَمثالَهُم في أشكالِ أَجْسَادِهِم وَهُوَ التَّبدِيلُ الَّذي سَيَكُونُ في المَعاد**)، دەیانگۆڕین بەشێوەکانی جەستەکانی خۆیان، ئەوەش گۆڕینێکە لە ڕۆژی دوایی دا دەبێ.

واتـە: هـەر کاتێـك بمانـەوێ، ئێـوە دەگۆڕیـن لـەڕووی جەسـتەوە بـە هاووێنـەی جەسـتەکانتان، بـەڵام هەمـان ئـەو جەسـتانە نابـن، چونکـە جەسـتەیەك بـۆ ژیانێـکی زوو تێپـەڕی دنیـا، حەفتـا، هەشـتا، نـەوەد سـاڵێك دروسـت بکـرێ، جیایـە لـە جەسـتەیەك کـە بـۆ ژیانێـکی بـێ کۆتایـی و بـێ بڕانـەوە دروسـت دەکـرێ.

دووەم: واتە: ئەی کۆمەڵگای ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا ﷺ! ئێوە لادەبەین و کۆمەڵانی دیکە دێنینە شوێنی ئێوە.

هـەروەك خـوا ﷻ پێشـتر هەندێـك لـە کۆمەڵـگا نەفامـەکان و یاخییـەکانی فەوتانـدوون بـۆ وێنـە: کۆمەڵـگای نـووح علیـە السـلام، هەروەهـا گـەلی لـووط و، گـەلی (عـاد) کـە پێغەمبەرەکەیـان هـوود بـوو و، گـەلی سـەموود کـە پێغەمبەرەکەیـان صاڵیـح بـوو و، گـەلی مەدیـەن کـە پێغەمبەرەکەیـان شـوعەیب بوو، صەڵات و سـەلامی خـوا لەسـەر هەمـوو پێغەمبـەران بـێ. ئەمانـە ئـەو پێنـج ڕاسـتییە بـوون، کـە خـوا ﷻ لـە بـارەی ئـەو بێبڕوایانـەوە خسـتنیە ڕوو.

ئنجا لـە کۆتایـی دا ئامۆژگارییـەکی زۆر یەکجـار گـەورەو گرنگیـان ئاڕاسـتە دەکات و دەفەرمـوێ:

٦)- ﴿ إِنَّ هَـٰذِهِۦ تَذْكِرَةٌ ﴾، بە دڵنیایی ئا ئەمە بیرخەرەوەیە، ئەمە (**هذه**) ئاماژەیە بەم ئایەتانە، یان بەم سوورەتە موبارەکە، یان بەو ڕاستییانەی لەم سوورەتەدا هەن، (**تَذْكِرَة: مَصْدَرُ ذَكَرَهُ مِثْلُ التَّزكِيَة إذَا زَكَّاهُ**)، (**تَذكِرَة**) چاوگی (**ذَكَرَهُ**)یە، یانی: هاتەوە یادی، یاخود باسی کرد، وەك (**تزكية**) پاك و چاککردن، (**تَذكِرَة**)ش یانی: بیرخستنەوە، بە مانای پەندو ئامۆژگارییش هاتوە.

٧)- ﴿ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا ﴾، ئنجا هەر کەسێك ویستی بەرەو پەروەردگاری ڕێی ڕاستی گرتە بەر، (**إِتِّخاذُ السَّبِيل أَي سلُوكُ السَّبِيل**)، واتە: گرتنە بەری ڕێیەکە، (**إتِّخاذ: إفتِعالُ الأَخَذ**)، (**أَخَذَ**) یانی گرتی، (**إتِّخاذ**)یش (**إفتِعال**)ە، لە (**أخذ**) واتە: بە توندیی گرتی، یان: بە ئارەزووەوە گرتی، یاخود: بە هەڵبژاردنەوە گرتی، واتە: هەر کەسێك بیەوێ بۆ لای پەروەردگاری ڕێ دەگرێتە بەر، بەڵام بە ڕابردوو هێناویەتی، واتە: هەر کەسێك ویستی لەڕابردوودا، ڕێی گرتەبەر بەرەو لای پەروەردگاری و، ئێوەش هەروا بکەن و بتانەوێ ڕێ بگرنە بەر بەرەو لای پەروەردگارتان.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

مرۆڤەکان ناتوانن ناپانەوێ کارێك بکەن مەگەر خوا بیەوێ، خواش زانای کارزانەو هەر کەسێك بیەوێ دەیخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، ستەمکارانیش سزاو ئازارێکی بە ئێش و ژانی بۆ ئامادە کردوون:

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٣٠﴾ يُدْخِلُ مَن يَشَآءُ فِى رَحْمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًۢا ﴿٣١﴾﴾

خوا لە ئایەتی ڕابردوودا فەرمووی: ﴿فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا﴾ کەسێك ویستی بەرەو پەروەردگاری ڕێی گرتە بەر، واتە: ڕێی ڕاستی گرتە بەر، ڕێی ڕاستی بەرەو لای خوا چوون واتە: شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ و لێتێگەیشتنی قورئان و دەست پێوەگرتنی کۆتا فەرمایشتی خوا ﷻو، سەرەنجام بەندایەتیی کردنێکی ساغ و ڕاست و بێ خلتە، بۆ خوا، ئنجا خوا دەفەرموێ: مرۆڤەکان ناپانەوێ کارێك بکەن، مەگەر خوا بیەوێ، خواش زانای کارزانەو هەر کەسێك بیەوێ دەیخاتە نێو بەزەیی خۆیەوەو، ستەمکارانیش خوا سزاو ئازارێکی بە ئێش و ژانی بۆ ئامادە کردوون، ئنجا بۆ ئەوەی ئەو وەهم و خەیاڵە نەچێتە مێشکی هیچ کەسێکەوە: پێی وابێ خوا بیەوێ و نەیەوێ، دەتوانێ ڕێ بەرەو لای خوا بگرێتە بەر، یان خوا بیەوێ و نەیەوێ دەتوانێ پشتی تێبکات، بەڵکو هەرچی بیکەن بە ویستی خوایە.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾، ناشتانەوێ مەگەر خوا بیەوێ، چ ویستنەکەتان بەرەو بەندایەتییکردن بۆ خواو ڕێ گرتنەبەر بەرەو خوا بێ، چ بریتی بێ لە بەردەوام بوون لەسەر بێبڕوایی و پشت لە خوا کردن، لە هەردوو حاڵاندا هەر بە ویستی خوایە، ئەگەر ئیمان بێنن بە ویستی خوا ئیمان دێنن و، بێبڕواش بن بە ویستی خوا بێبڕوا

دەبن، فەرمانبەریی بۆ خوا بکەن بە ویستی خوایەو، سەرپێچییش لە خوا بکەن، هەر بە ویستی خوایە، دوایی زیاتر ئەوە ڕوون دەکەینەوە.

٢)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾، بە دڵنیایی خوا زانای کارزانە.

ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی لە ئایەتی دوایی دا دێ:

٣)- ﴿يُدْخِلُ مَن يَشَآءُ فِى رَحْمَتِهِۦ﴾، (خوا) هەر کەسێك بیەوێ دەیخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە، لێرەدا زانایان دەڵێن: **(مَفعُولُ يَشَاءُ مَحذُوفٌ: مَن يَشاءُ دُخُولَهُ فِي رَحمَتِهِ)**، بەرکاری **(يشاء)** بیەوێ، قرتێنراوە، یانی: هەر کەسێك خوا بیەوێ بیخاتە نێو بەزەیی خۆی، دەیخاتە نێو بەزەیی خۆیەوە.

٤)- ﴿وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًۢا﴾، ستەمکارانیش (خوا) ئازارێکی بە ئێش و ژانی بۆ ئامادە کردوون.

(الظَّالِمِين)، یانی: **(الَّذِينَ ظَلَمُوا أَنفُسَهُم بِاستِعْمَالِ مَشِيئَتِهِم فِي الإتِّجَاهِ الخَطَأ)**، ئەوانەی ستەمیان لە خۆیان کردوەو بەهۆی بەکارهێنانی ویستەکەیانەوە، بە ڕێیەکی هەڵەداو بۆ ئامانجێکی هەڵە.

دەڵێم: بەداخەوە کاتێك مرۆڤ تەماشای تەفسیرەکان دەکات دەبینێ زانایان ڕەحمەتی خوایان لێبێ، زۆر جار کەوتوونە ژێر کاریگەریی قوتابخانە فیکرییەکان و ڕێڕەوو تەوژمە فیکریی و سیاسییەکان و، ئایەتە موبارەکەکانی قورئانیان وەرسووڕاندوون و مل پێ کەچ کردوون، بۆ ئەو چەمك و واتایانەی قوتابخانەیەکی فیکریی و تەوژمێکی عەقیدەیی یان سیاسیی دیاریکراو تەبەنیی کردوون، لێرەدا لەسەر ئەو ئایەتە موبارەکەو لەسەر وێنەی ئەو ئایەتانە، کێشەو مشت و مڕو بێنەو بەردەیەکی زۆر لە نێوان: موعتەزیلەو جەبرییەو قەدەرییە و، ماتۆریدییەو ئەشاعیرەدا بووەو، هەر کامێکیان ویستوویەتی ئایەتەکان لەگەڵ بیرۆکەکانی خۆیدا بگونجێنێ، لە جیاتی ئەوەی تەماشای ئایەتەکان بکەن و،

لـە کاتێکـدا عەقـڵ و دڵـی خۆیـان خاڵیـی کردۆتـەوە، لـە هەمـوو ئـەو چەمـك و واتایانـەی قوتابخانەیـەکی دیاریکـراو مەزهەبێـکی دیاریکـراو، تەوژمێـکی فیکریـی و سیاسی دیاریکـراو، تەبەننیـی کـردوون، تەماشـای ئایەتـەکان بکـەن چـی دەگەیەنـن، قبووڵـی بکـەن، دەبـێ خـۆت بـە دەم ئایەتەکانـەوە بـدەی و بـۆ کوێیـان بـردی، بـۆ ئـەوێ بچـی، نـەك ئایەتـەکان مـل پـێ بسـووڕێنی بـەرەو ئـەو چەمـك و واتایانـەی پێشـتر لـە عەقـڵ و دڵـی خۆتـدا داتنـاون و تەبەنییـت کـردوون، ئایەتـەکان بـەو شـێوەیە تەئویـل بکـەی و مـل پـێ بسـووڕێنی بـەرەو ئـەو لایـەی دەتـەوێ!! لەڕاسـتییدا ئـەوە پێچەوانـەی بەندایەتییـە بـۆ خـواو، پێچەوانـەی ڕاسـت و دروسـت تێگەیشـتنە لـە فەرمایشـتی خـواو، پێچەوانـەی ئـەدەب و ڕێـزی تـەواو گرتنیشـە لـە فەرمایشـتی خـوا، لێـرەدا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾، واتـە: ناشـتانەوێ مەگـەر خـوا بیـەوێ، واتـە: (**لَـم تَكُونُـوا لتشـاءُوا فِعـلَ شَيء لَـو لَـم يَشَـأْ اللـهُ إعطاءكـم المَشِيئة**)، واتـە: ئێـوە نەتاندەتـوانی بتانـەوێ هیـچ کردەوەیـەك ئەنجـام بـدەن، ئەگـەر خـوا ﷻ نەیویسـتبایە، ئـەو ویسـتنەتان (ئـەو توانـای ویسـتنەتان) پـێ بـدات. ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا زانـای کارزانـە، واتـە: کارەکانی خـوا بەوپـەڕی وردەکاریـی ئەنجـام دەدرێـن، لەسـەر بناغـەی زانیارییـەکی ئـەو پـەڕی ڕوون و بـێ چەنـد و چـوون بنیاتـنراون، کـە هـەر شایسـتەی خوایـە، کارەکانی خـوا ئەوپـەڕی حیکمـەت و لێزانیـی و کارامەییـان تێدایـە، ئنجـا یەکێـك لـەو شـتانەی زانیاریـی بـێ سـنوورو حیکمـەت و کارزانیـی بـێ سـنووری خـوا دەیخـوازن، ئەوەیـە هـەر کەسـێکی بیـەوێ دەیخاتـە نێـو بەزەیـی خۆیـەوە، سـتەمکارانیش ئازارێـکی بـە ئێـش و ژانی بـۆ دانـاون، ئنجـا ئایـا خـوا دەیـەوێ کـێ بخاتـە نێـو بەزەیـی خۆیـەوە؟ خـوا ڕوونی کردۆتـەوە لـە شـوێنی دیکـە: ﴿ ...إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾ ﴾**الأعـراف**، واتـە: بـە دڵنیایـی بەزەیـی خـوا لـە چاکەکارانـەوە نزیکـە، کەواتـە: ئەوانـەی چاکـەکار بـن، چـاك بەندایەتیـی بـۆ خـوا بکـەن، چـاك پەیڕەویـی لـە بەرنامـەی خـوا بکـەن، ئەوانـە شایسـتەی ئـەوە دەبـن خـوا لـە دنیـاو

دوارۆژدا بیانخاتە ژێر سایەی بەزەیی خۆیەوە، بەڵام ئەوانەی ستەمیان لە خۆیان کردبێ، بەهۆی ئەوەوە کە ئەو ویستە بەشییەی خوا پێیداون، بە مەبەستی پێ تاقیکرانەوە، ئەگەر ئەو ویست و خواستەی خۆیان بەرەو ئامانجێکی هەڵە ئاڕاستە بکەن، ئەو کاتە دیارە ستەمیان لەخۆیان کردوە و، شایستەی ئەوە دەبن خوا ئازارێکی بە ئێشیان بۆ دابنێ.

کورتە باسێک: پەیوەندیی نێوان ویستی خواو ویستی مرۆڤ

لێرەدا بە باشی دەزانم قسەیەك لە (**محمد حسين الطباطبائي**) خاوەنی تەفسیری (**الميزان**)[1] بێنم، دەڵێ:

(الإسْتِثْنَاء مِن النَّفِي يُفِيْدُ أَنَّ مَشِيئة العَبْدِ مُتَوقِّفَةٌ فِي وُجُودِهَا عَلَى مَشِيْئته تَعَالَى، فَلِمَشِيئة الله تَعَالَى تَأْثِيْر فِي فِعْل العَبْدِ مِنْ طَرِيْق تَعَلُّقِهَا بِمَشِيئة العَبْد، وَلَيْسَتْ مُتَعَلِّقَةً بِفِعْل العَبْدِ مُسْتَقِلًا وَبِلَا وَاسِطَة، حَتَّى تَسْتَلْزِم بُطْلَانَ تَأْثِيْر إرَادَة العَبْدِ وَكَوْن الفِعْلِ جَبْرِيًا، وَلاَ أَنَّ العَبْدَ مُسْتَقِلٌ فِي إرَادَتِهِ، يَفْعَل مَا يَشَاؤهُ شَاءالله أَو لَمْ يَشَأْ، فَالْفِعْلُ اخْتِيَارِيٌّ لاسْتِنَادِه إلى اخْتِيَار العَبْد، وَأَمَّا اخْتِيار العَبْدِ، فَلَيْسَ مُسْتَنِدَاً إلى اخْتِيَارٍ آخَر).

ئەمە بە بۆچوونی من تێگەیشتنێکی زۆر قووڵ و وردە، لە مەسەلەی ویستی خواو، پەیوەندیی لەگەڵ ویستی مرۆڤدا، چونکە خوا ﷻ وێڕای خۆی بۆ مرۆڤەکانیش وشەی: ویست (**مشيئة**)ی بەکارهێناوە: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾، کەواتە مرۆڤەکانیش ویستنیان هەیەو خواستن (**إرادة**) شیان هەیە، چونکە خوای پەروەردگار (**إرادة**)شی بۆ مرۆڤەکان بەکار هێناوە، وەك چۆن بۆخۆشی بەکاری هێناوە، کەواتە: هەم خوا ویستن و خواستنی هەیە، هەم خواستن و ویستنیشی بە مرۆڤەکان داوە.

(**الطباطبائي**) دەڵێ:

هەڵاواردنەکە لە لا بردن ئەوە دەگەیەنێ، کە ویستی بەندە لە بوونیدا لەسەر ویستی خوای بەرز، وەستاوە، واتە: خوا ویستوویەتی مرۆڤ ئەو ویستن و توانایەی هەبێ، کە شتی بوێ، بۆیە ویستنی خوای بەرز کاریگەریی

---

(١) ج٢٠، ص(١٤٢، ١٤٣).

لـە کـردەوەکانی بەنـدەدا هەیـە لەڕێـی پەیوەسـت بـوونی بـە ویسـتنی بەنـدەوە، بـەڵام ویسـتنی خـوا ﷻ پەیوەسـت نیـە بـە کـردەوەکانی بەنـدەوە، بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ و بەبـێ هـۆکار، چونکـە ئەگـەر ویسـتی خـوا ڕاستەوخۆ پەیوەسـت بووایە بـە کـردەوەکانی مرۆڤـەوە، ئـەو کاتـە خوازیـاری ئـەوە بـوو، کاریگەریـی ویسـتی بەنـدە هەڵبوەشـێتەوەو کـردەوەکانی دەبـوون بـە ناچاریـی، (ئـەوە لـە لایەکـەوە) دیسـان بەنـدەش لـە ویستنەکەیدا سـەربەخۆ نیـە کـە هەرچـی بیـەوێ بیـکات، خـوا بیـەوێ یـان نەیـەوێ، بەڵکـو کـردەوەی مـرۆڤ ئازادانەیـە، لەبـەر ئـەوەی پاڵدەداتـە لای ویسـتێکی ئازادانـە کـە بـە مـرۆڤ دراوە، بـەڵام جارێـکی دیکـە هەڵبـژاردنی مـرۆڤ، پاڵنادرێتـە لای ویسـتنێکی دیکـە (کـە ویسـتی ڕەهـای خـوای پـەروەردگارە).

ئێستا بائەو بیرۆکەیە ڕوونتر بکەینەوە:

خـوا ﷻ لـە ئەزەلـدا وەك چـۆن فریشـتەکانی خوڵقانـدوون، کـە ویسـتەکەیان ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـتە بـە ویسـتی خـوای پـەروەردگارەوە، بـەو واتایـەی هەرچـی دەیکـەن، خـوای پـەروەردگار ڕاسـتەوخۆ پێیـان دەکات و، ناتوانـن شـتێك بکـەن ڕەزامەندیـی خـوای لەسـەر نەبـێ: ﴿...لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴿٦﴾﴾ التحریـم، ویسـتوویەتی مرۆڤیـش بخوڵقێنـێ، هەڵبەتـە جنـدی پێشـێ خوڵقانـدوون: ﴿وَٱلْجَآنَّ خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾﴾ الحجـر، بـەڵام ویسـتوویەتی مرۆڤیـش بخوڵقێنـێ، کـە هـەر کام لـە جنـدو مـرۆڤ خـاوەنی ویسـتێکی ئـازادن، خـوا ﷻ ویسـتێکی ئـازادی بـە مـرۆڤ داوە، هەروەهـا بـە جندیـش، کـە بـەو ویسـتە دەتوانـن کـردەوان ئەنجـام بـدەن، چ هـی چـاك، چ هـی خـراپ، کەواتـە: کـە خـوا دەفەرمـوێ: ناتانـەوێ مەگـەر خـوا بیـەوێ، واتـە: خـوا ویسـتوویەتی تـۆ بتـوانی بتـەوێ و، ویستنەکەی خـوا ﷻ ئەوەیـە کـە ویسـتوویەتی مـرۆڤ دەسـتکراوەو ئـازاد بـێ و، بتوانـێ. کـردەوەکانی خـۆی بـۆ خـۆی هەڵبژێـرێ و بێنێتـەدی، خـوا ئـەو ویسـتەی بـە مـرۆڤ داوەو، ئنجـا لێـی گـەڕاوە، ئـەو ویسـتە لـە چاکـەدا بـەکار دێنـێ، تاکـو پاداشـتی هەبـێ، یـان لـە خراپـەدا بـەکاری دێنـێ، تاکـو سـزای هەبـێ، نـەك بـەو

شێوەی: هەر کاتێك مرۆڤ کردەوەیەکی ئەنجام دا، خواش بیەوێ ئەوجار ئەنجامی بدا، نا، چونکە خوا توانای داوە بە مرۆڤ، توانا جەستەییەکانی پێداون و توانا مەعنەوییەکانیشی پێداون، یانی: کاتێك ئێمە شتێك دەبینین، یان شتێك دەبیستین ئەو بینینەی ئێمەو، ئەو بیستنەی ئێمە، یان ئەو قسە کردنەی ئێمە، پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتوە خوا بیەوێ، ئەوجار ئەنجامی بدەین، وەک ئەشعەرییەکان هەموویان یان بەشێکیان گوتوویانە چونکە خوای پەروەردگار هەر لە سەرەتاوە ئەو تواناییانەی بە مرۆڤ داون و، مرۆڤی ئازاد کردووەو دەستی کردۆتەوە، لە چاکەدا ئەو توانا جەستەیی و مەعنەوییانەی خۆی بەکاردێنێ، یاخود لە خراپەدا، کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: ناتانەوێ تاکو خوا نەیەوێ، واتە: خوا ویستوویەتی ئێوە بتوانن بتانەوێ، بۆیە دەتوانن بتانەوێ. ئەمە چۆنیەتیی پەیوەستبوونەوەی ویستی مرۆڤە، بە ویستی ڕەهاو بێ سنووری خوای پەروەردگارەوە.

لە کۆتایی ئەم بابەتەشدا دەڵێم:

سوپاس و ستایش بۆ خوا، یەکێك لەو دەرەنجامانەی من لە زیندانی ئەمریکاییەکاندا پێیان گەیشتم، لە ئەنجامی تێوەڕامانی قورئاندا، کە ماوەیەکی باشم لە خزمەت قورئاندا بردە سەر، وەك لە شوێنی دیکەدا باسم کردوە، زیاتر لە سەدو چل (١٤٠) جار هەموو قورئانم خوێندەوە لە نوێژەکانداو لە جگەلە لەو نێژەکانیش دا، یەکێك لەو دەرەنجامانەی پێی گەیشتووم، بریتیە لە چارەسەری کێشەی جەبرو قەدەر، کە ئەو چارەسەرەشم لە کتێبی دووەمی مەوسووعەی: (**الإسلام كما يتجلى في كتاب الله**)دا باس کردوە، کە باسی ئیمانە، هەروەها لە ڕوونکردنەوەی عەقیدەی (**طحاوي**)یشدا باسم کردوەو لە: (مەوسووعەی ئیمان و ئیلحاد)یشدا، باسم کردوەو، لە مەوسووعەی: (بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیع دا)ش دا، باسم کردوە، ئەویش پوختەو گوشراوەکەی ئاوایە:

موعتەزیلە و قەدەرییە گوتوویانە: مرۆڤ بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی، (**الإنسانُ خالِقُ أفعالِهِ**).

جەبرییەش گوتوویانە: خوا بەدیهێنەری کردەوەکانی مرۆڤە.

ئەشاعیرەش گوتوویانە: خوا بەدیهێنەری کردەوەکانی مرۆڤە، بەڵام مرۆڤیش کردەوەکانی وەدەست دێنێ و کەسب دەکات.

ئنجا گەیشتوومە ئەو ڕاستییە، کە هیچ کام لەوانە نەیانپێکاوە! هەڵبەتە ئەوە دەعوایەکی گەورەشە، بەڵام پێم وایە توانیومە بیسەلمێنم:

یەکەم: موعتەزیلە نەیانپێکاوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ توانای پەیداکردن و بەدیهێنانی نیە، خوا دەفەرموێ: ﴿...ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ...﴿١٦﴾﴾ **الرعد**، واتە: هەر خوا بەدیهێنەرە، یانی: هەر شتێك بەدیهێنراو بێ، خوا بەدیهێناوە.

هەروەها خوای بەدیهێنەر لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿...لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ...﴿٣﴾﴾ **الفرقان**، ئەوان هیچ شتێك بەدی ناهێنن و خۆشیان بەدی دەهێنرێن، کەواتە: ئەوە شتێکە لێی بووینەوە، کە مرۆڤ ناتوانێ شت وەدی بهێنێ و پەیدا بکات لە نەبوونەوەو، ئەوە تەنیا هی خوای بەدیهێنەرە.

دووەم: بەڵام ئایا جەبرییەکان ڕاست دەکەن، هەروەها ئەشعەرییەکانیش کە دەڵێن: خوا وەدیهێنەری کردەوەکانی مرۆڤە، ئنجا جەبرییە دەڵێن: مرۆڤ هیچ کارەیە، بەڵام ئەشاعیرەو ماتۆریدییە دەڵێن: مرۆڤ کردەوەکانی خۆی وەدەست دێنێ؟

دەڵێین: جەبرییەش ڕاست ناکەن، هەروەها ئەشعەریی و ماتوریدییەکانیش چونکە ئەگەر خوا کردەوەکانی مرۆڤ وەدیبێنێ ڕاستەوخۆ، هیچ بۆ مرۆڤ نامێنێتەوەو، ئەو کاتەش وەدەستهێنان (**کسب**) هیچ مانایەکی نیە، ئەگەر خوا بۆی دروست بکات، تازە دروستی کردوەو بڕاوەتەوە!

سێیەم: بۆیە من گەیشتوومە ئەو قەناعەتە کە ڕاستییەکە، ئاوایە:

کردەوەکانی مرۆڤ وەدیهێنراو نین، تاکو پێویستییان بە بەدیهێنەر بێ، ئنجا چ خوای موتەعال بێ، وەك جەبرییە دەڵێن، چ مرۆڤ بێ، وەك موعتەزیلە دەڵێن،

بەڵکو کردەوەکانی مرۆڤ شتی (جَعْل)یین و (كَسْب)یین، خوای پەروەردگار ئەو وشانەی بۆ کردەوەکانی مرۆڤ بەکارهێناون: (فعل)، (عمل)، (كسب)، (اقترف) (اجترح) کە هیچیان ئەوە ناگەیەنن مرۆڤ شتێك لە نەبوون پەیدا بکات و وەدی بهێنێ تاکو بگوترێ: مرۆڤ بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی، هەروەها کردەوەکانی مرۆڤ شتێك نین وەدیهێنرابن لە نەبوونەوە، تاکو حەوجێی بەدیهێنەر بن، بۆ وێنە: کەسێك نوێژ دەکات، ئایا نوێژ کردن بریتیە لەوەی شتێك لە نەبوونەوە وەدیهاتبێ؟ نەخێر، هەر ئەو ئەندامانەی خوا بە ئێمەی داون، ئەندامە پەنهان و ڕواڵەتەکان، لە نوێژ کردنەکەمان دا هەر ئەوان بەکاردێنین: بەعەقڵ و دڵ ئایەتەکان تێدەگەین، بە زمان دەیانخوێنین، بە ئەندامەکانیشمان هەندێك جووڵەو هەڵس و کەوت دەکەین، کەواتە: هیچ شتێکی پەیدا نەبوو، پەیدا نەکراوە، بەڵکو هەموویان (جعل)ن، واتە: مرۆڤ هەر ئەندامەکانی خۆی دەجووڵێنێ و هەندێك چالاکیی ئەنجام دەدات و هەندێك کار دەکات، بۆ وێنە: کە قسەیەك دەکات، قسە کردنەکە بریتیە لە جووڵاندنی زمان و زارو قوڕقوڕاگەو سندووقی دەنگ و، دواتر دەرچواندنی پیتەکان و وشەکان، شتێك پەیدا نابێ کە نەبووبێ، بەڵکو بەس گۆڕینی شتێکە لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێك، هەروەها کەسێك کە قەتڵ دەکات شتێکی نەبوو، پەیدا نەبووە، بەو توانایەی کە خوا بە مرۆڤی داوە، بەو ئەندامانەی پێیداون، بەو ئامرازانەی بۆی ڕەخساون، دەچێ کردەوەیەك ئەنجام دەدات کە بریتیە لە لەبەین بردنی کەسێك، هەروەها چ چاکەو چ خراپە، چ شتی پەنهان و مەعنەویی، وەك ئیمان و کوفر و، چ شتی جەستەیی، وەك جووڵانی ئەندامەکان، ئەوانە هیچیان پێناسەی (خَلْق) واتە: پەیدا کران لە نەبوونەوەیان بەسەردا ناچەسپێ، تاکو ناچار بین بڵێین: یان خوا بەدیهێنەری کردەوەکانەو، ئەو کاتەش مرۆڤ هیچی بۆ نامێنێتەوە، یان مرۆڤ بەدیهێنەری کردەوەکانیەتی، ئەو کاتەش لەگەڵ هەموو ئەو ئایەتانەدا تێکدەگیرێ کە خوا دەفەرموێ: خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، بەڵێ هەر شتێك بەدیهێنراو

(**مخلوق**) بێ، خوا بەدیهێنەر (**خالق**)یەتی، بەڵام شتێك بەدەست هێنراو (**مكسوب**) بێ، ئەنجام دراو (**مفعول**) بێ، کراو (**معمول**) بێ، مرۆڤ بکەرو ئەنجامدەرو ڕەخسێنەرەکەیەتی، بەو شێوەیەش ئێمە لەو ئیشکالەی کێشەو مشت و مڕێکی لە مێژینەی مێژوویی لەسەر بووە، لە نێوانی قوتابخانە جۆراوجۆرە فیکرییەکانی مسوڵمانماندا، دەربازمان دەبێ، لێرەشدا کۆتایی بەم دەرسەمان دێنین و، کۆتایی بە تەفسیر کردنی کۆی سوورەتی (**الإنسان**) دێنین.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

تەفسیری سووڕەتی

المُرسَلاتِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٢)ی (ذي الحجـة)ی سـاڵی (١٤٤٢)ی کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٣)ی حوزەیـرانی سـاڵی (٢٠٢٠)ی زایینـی لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن، بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (المُرْسَلَات)، سـەرەتا وەك عادەتـی خۆمـان، پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت بڕگـەدا دەخەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (المرسلات) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە لـە ڕۆژگاری هاوەڵانـەوە (خـوا لێیـان ڕازی بـێ) بـە سـوورەتی: ﴿ وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا ﴾) نـاسراوە، وەك لـەم دوو دەقـەوە دیـارە:

أ)- {عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ ﷺ، قَالَ: بَيْنَمَا نَحْنُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فِي غَارٍ بِمِنًى، إِذْ نَزَلَ عَلَيْهِ: ﴿ وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا ﴾ وَإِنَّهُ لَيَتْلُوهَا، وَإِنِّي لَأَتَلَقَّاهَا مِنْ فِيهِ، وَإِنَّ فَاهُ لَرَطْبٌ بِهَا، إِذْ وَثَبَتْ عَلَيْنَا حَيَّةٌ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: اقْتُلُوهَا فَابْتَدَرْنَاهَا فَذَهَبَتْ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: وُقِيَتْ شَرَّكُمْ كَمَا وُقِيتُمْ شَرَّهَا}، (أخرجه البخاري: ٤٩٣٤، ومسلم: ٢٢٣٤، والنسائي في التفسير: ٦٦٢).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی مەسـعوود ﷺ دەڵـێ: لـە کاتێکـدا ئێمـە لـە خزمـەت پێغەمبـەردا ﷺ بوویـن، لـە ئەشـکەوتێکدا لـە مینـا - کـە شـوێنێکە لـە نیزیـك مەککـەوە - سـوورەتی ﴿ وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا ﴾ی بەسـەردا دابـەزی، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەیخوێنـدەوەو، مـن لـە زاری موبـارەکی وەرم دەگـرت، زاری پێـی تـەڕو پـاراو بـوو،

(واتــە: لــە گەرمــەی خوێندنــی دابــوو)، کــە مارێــك لێــمان دەرپــەڕی، پێغەمبــەر ﷺ فەرمــووی: بیکــوژن، ئێمــەش پەلامارمانــدا، بــەڵام مارەکــە ڕۆیــی، پێغەمبەریــش ﷺ فەرمــووی: ئەویــش لــە زیــانی ئێــوە پارێــزراو بــوو، وەك چــۆن ئێــوە لــە زیــانی وی پارێــزراو بــوون.

ب)- {عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما، أَنَّهُ قَالَ: إِنَّ أُمَّ الْفَضْلِ سَمِعَتْهُ وَهُوَ يَقْرَأُ: ﴿وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا﴾ فَقَالَتْ: يَا بُنَيَّ! وَاللهِ لَقَدْ ذَكَّرْتَنِي بِقِرَاءَتِكَ هَذِهِ السُّورَةَ، إِنَّهَا لآخِرُ مَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ يَقْرَأُ بِهَا فِي الْمَغْرِبِ} (أخرجه البخاري: ٤٤٢٩ وغيره).

واتــە: عەبدوڵــڵای کــوڕی عەببــاس رضي الله عنهما دەڵــێ: ئوممولفــەزڵ (واتــە: دایــکی عەبدوڵــڵای کــوڕی عەببــاس رضي الله عنهما)، گوێــی لێبــوو لــە کاتێکــدا ســوورەتی: ﴿وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا﴾ی دەخوێنــد، {عەبدوڵــڵای کــوڕی دەیخوێنــدو دایکیــشی ئوممــو فــەزڵ گوێــی لێبــوو}، گــوتی: ڕۆڵــە گیــان! بــە خوێندنــەوەی ئــەم ســوورەتەت، ئــەوەت بــە بیرهێنامــەوە، کــە ئــەوە دوا ســوورەت بــوو لــە پێغەمبــەری خــوام ﷺ بیســت لــە نوێــژی شــێواندا دەیخوێنــد.

کەواتــە: ﴿وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا﴾ ناوێــکی لــە مێژینەیــە بــۆ ئــەو ســوورەتەو، تاکــە ناوێکــەو لــە ســەردەمی هاوەڵانــەوە، بــەم نــاوە نــاسراوە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئەم سوورەتە موبارەکە مەککەییە بە یەکدەنگیی زانایان، وەك لەم دەقەدا دیارە:

{عَـنْ عَبْـدِ اللّـهِ بْـنِ عَبّـاسٍ رضي الله عنهما، قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ الْمُرْسَـلَاتِ بِمَكَّـةَ} (ذكـره السـيوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٣٨٠، ونسـبه لآبـن الضريـس والنحـاس وابـن مردويـه والبيهقـي).

واتــە: عەبدوڵــڵای کــوڕی عەببــاس رضي الله عنهما گوتوویــەتی: ســوورەتی (**الْمُرْسَــلَاتِ**) لــە مەککــە دابەزیــوە.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بـە یەکدەنگیـی ژمێـرەرانی ئایەتـەکانی قورئـان، ژمـارەی ئایەتـەکانی سـوورەتی (**المُرْسَلاتِ**) پەنجـا (٥٠)یـە، نـە کـەس کەمـتری گوتـوەو، نـە زیاتـر.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

لـە موصحەفـدا ژمارەکـەی حەفتـاو حـەوت (٧٧)ە، (**جـزء عـم**)ە، بـە تەنیـا سـی و حـەوت (٣٧) سـوورەتی کۆتایـی قورئـان دەگرێتـە خـۆی، ئـەم بیسـت و نـۆ (٢٩) جوزئـە بـە هەموویـان حەفتاو حـەوت (٧٧) سـوورەت دەگرنـە خۆیـان: (٧٧) + (٣٧) دەکاتـە سـەدو چـوارده (١١٤).

لـە دابەزینیشـدا بـە پێـی ڕای (**جابـر بـن زیـد**) ژمـارە سـی و سێ (٣٣)یـە، هەڵبەتە دەبـێ وریـا بیـن، هەمیشـە لـە ڕیزبەندیـی دابەزینـدا، کـە بـە زۆریـی جابیـری کـوڕی زەیـد پشـتی پـێ بەسـتراوەو، ئەویـش بـە بۆچـوون و کۆشـشی خـۆی، ڕیزبەندیـی دابەزینـی سـوورەتەکانی دانـاوەو، مـەرج نیـە هەمیشـە لـە سـەدا سـەد پێکابێتـی.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

تـەوەری سـەرەکیی ئـەم سـوورەتە بـاسی ڕۆژی دواییـە، بـە هـەردوو قۆناغـی ئاخیر زەمـان و قیامەتـەوە، بـە تایبـەت قیامـەت و ڕۆژی زیندووکرانـەوەو هەڵسـێنرانەوەو، سـزاو پاداشـتدانەوەی مرۆڤـەکان و جنـدەکان، هـەر بـەو بۆنەیەشـەوە کۆمەڵێـك بابـەتی دیکـەش باسـکراون، وەك بەڵگـە لەسـەر هەبـوون و بگـرە پێویسـت بـوونی قیامـەت:

١- وەك فەوتاندنی گەلە پێشووە لارو لادەرەکان.

٢- لە تنۆکە ئاوێکی قێزەون دروستکرانی مرۆڤ.

٣- زەوی گێڕان بە شوێنی تێدا حەوێنرانەوەی زیندووان و مردووان.

٤- دروستکرانی چیا بەرزەکان و ئاوی سازگار.

دواتریش باسێکی کورتی چەند دیمەنێکی دۆزەخ و قیامەتی بێبڕوایان، پاشان سەرەنجامی خێری پارێزکاران و، لە کۆتاییدا هەڕەشەکردن لە تاوانباران، ئەو باس و خواسانە کراون.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

ئێمە سێ تایبەتمەندیی ئەم سوورەتەمان کەوتوونە بەرچاو، کە جیای دەکەنەوە لە سوورەتەکانی دیکە:

١- دووبارەبوونەوەی ڕستەی: ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾ دە (١٠) جاران، بەڵام هەر جارە دوای باسکرانی ڕاستییەك، یان چەند ڕاستییەکی مەزن، کە بە ڕواڵەت دووبارە بوونەوەیە، ئەگەرنا هەر جارێك ئەو ڕستە موبارەکە هاتوە، پڕ بە پێستی ئەو شوێنەیە کە تێیدا هاتوەو، دەبووایە ئەو ڕستەیە بێ، هەروەك سی و یەك (٣١) جار دووبارەبوونەوەی: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٢﴾ ﴾ الرحمن، لە سوورەتی (**الرحمن**)داو، لە سوورەتی (**القمر**)دا، چوار جاران هاتنی: ﴿ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿١٧﴾ ﴾، هەروەها ڕستەیەکی دیکەش هەر لە سوورەتی (**القمر**)دا، چوار جاران دووبارەبۆتەوە، کە بریتیە لە: ﴿ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِى وَنُذُرِ ﴿٢١﴾ ﴾، کە بێگومان ئەو دووبارە بوونەوانە، هەموویان خوای کاربەجێ و شارەزا، بێ حیکمەت هیچ شتێکی لە قورئاندا دووبارە نەکردۆتەوە.

٢- زۆر بە خێرایی و بە توندیی، بە دوای یەکدا هاتنی بابەت و مەسەلە زۆرو جۆراو جۆرەکان، وەك چۆن کەسێك بە چەکوشێك دادەگژێتە[1] شتێك بە بێ پشوودان، لێی

---

(١) داگژایە شتێك: بە خێرایی و بە توندیی پەلاماری داو لێیدا.

دەدات، ئەم سوورەتە موبارەكە ئایەتەكانی زۆر بە خێرایی و زۆر بە توندیی بە دوای یەكدا دێن و ئاواز (**نغمة**)ی بڕگەكانیشی هەر توندە، وەك (**سید قطب**) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە تەفسیرەكەی خۆی (**في ظلال القرآن**)دا ئاماژەی پێكردوە، ئەوەش شتێكی ئاشكرایە، بەڵام (**سید قطب**) ڕەحمەتی خوای لێبێ بە داڕشتنە ئەدەبییە جوان و ڕەونەقدارەكەی خۆی، زۆر باش ئەو حاڵەتەی لەم سوورەتە موبارەكەدا بەرجەستە كردوە.

٣- چەند وشەیەك تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

١)- (وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا).

٢)- (فَٱلْعَٰصِفَٰتِ عَصْفًا).

٣)- (فَٱلْفَٰرِقَٰتِ فَرْقًا).

٤)- (فَٱلْمُلْقِيَٰتِ ذِكْرًا).

٥)- (عُذْرًا أَوْ نُذْرًا).

٦)- (وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتْ).

٧)- (وَإِذَا ٱلرُّسُلُ أُقِّتَتْ).

٨)- (لِأَيِّ يَوْمٍ أُجِّلَتْ).

٩)- (أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ كِفَاتًا).

١٠)- (ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ ظِلٍّ ذِى ثَلَٰثِ شُعَبٍ).

١١)- (إِنَّهَا تَرْمِى بِشَرَرٍ كَٱلْقَصْرِ).

١٢)- (كَأَنَّهُۥ جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ).

ئەم وشەو تەعبیرانە، تەنیا لەم سوورەتە موبارەكەدا هاتوون.

هەڵبەتە هەندێك لە پێكهاتەی ئەو تەعبیرانە لە شوێنی دیكەدا هاتوون، بۆ وێنە: (رسل) هاتووەو، (وَقت) هاتووەو، (جَعل) هاتووەو، (أرْض) هاتوە، بەڵام بەو تەعبیرانەی ئایەتەكان كە هێنامن - بەپێی ئەوەی من لە یادمە - تەنیا لەم سوورەتە موبارەكەدا هاتوون.

حەوتەم: دابەشكردنی ئایەتەكانی:

كۆی پەنجا ئایەتەكەی ئەم سوورەتە موبارەكە، بۆ دوو دەرسان دابەش دەكەین:

دەرسی یەكەم: ئایەتەكانی: (١ - ٢٨) دەگرێتە خۆی، كە دوای سوێند خواردن بە پێنج شتان، لەسەر ڕاستیی بەڵێنی خوا بە هاتنی ڕۆژی دوایی، باسی چوار بابەتان كراوەو، لە دوای هەر بابەتێكیش هەڕەشەی توند لە بە درۆ دانەرانی پەیامی خوا، یان دیداری خوا، یاخود پێغەمبەری خوا ﷺ كراوە: ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾.

دەرسی دووەم: كە بیست و دوو ئایەتی كۆتایی سوورەتەكە دەگرێتە خۆی، ئایەتەكانی: (٢٩ - ٥٠)، ئەو بیست و دوو ئایەتەش باسی ڕۆژی دوایین، بە تایبەت باسی سزای سەختی دۆزەخ بۆ بێبڕوایان و، نازو نیعمەتی بەهەشت بۆ بڕوادارانی پارێزكارو، چەند ڕاستییەكی دیكەش، نێواخنی ئەو دوو بابەت و مەبەستە گەورەو گرنگە كراون.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە بیسـت و هەشـت (٢٨) ئایـەتی نیـوەی یەکەمـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە پێـك دێ، ئایەتـەکانی: (١ - ٢٨)و، لـەو (٢٨) ئایەتـەدا ئەم بابەتانە باسـکراون:

١- لە حەوت ئایەتەکانی: (١ - ٧)دا، باسی سوێند خواردن بە پێنج شتان، لەسەر ڕاستیی هاتنی بەڵێنی خوا، بە هاتنی ڕۆژی دوایی.

٢- لە هەشت ئایەتەکانی: (٨ - ١٥)دا، چەند ڕووداوێکی **(ساعة)** و **(قیامة)** واتە: ئاخیر زەمان و زیندووکرانەوەو هەڵسێنرانەوە، خراونەڕوو.

٣- لە چوار ئایەتەکانی: (١٦ - ١٩)دا، باسی فەوتێنرانی گەلە یاخییە پێشووەکان کراوە.

٤- لە پێنج ئایەتەکانی: (٢٠ - ٢٤)دا، باسی دروستکرانی مرۆڤ و، دانرانی لە نشینگەیەکی مەحکەم و پارێزراوداو، ئەندازەگیرییکرانی بە شێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر کە هەر شایستەی خوایە، کراوە.

٥- لە چوار ئایەتەکانی: (٢٥ - ٢٨)دا، باسی ڕەخسێنرانی زەوی بە: ڕاکێشەری مرۆڤەکان بۆ لای خۆی، بە مردوو و زیندووەوەو، دانانی چیا بڵندو سەرکەشەکان و، هەڵقوڵاندنی ئاوی زوڵاڵ و سازگار، کراوە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ وَالْمُرْسَلَاتِ عُرْفًا (١) فَالْعَاصِفَاتِ عَصْفًا (٢) وَالنَّاشِرَاتِ نَشْرًا (٣) فَالْفَارِقَاتِ فَرْقًا (٤)
فَالْمُلْقِيَاتِ ذِكْرًا (٥) عُذْرًا أَوْ نُذْرًا (٦) إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَاقِعٌ (٧) فَإِذَا النُّجُومُ طُمِسَتْ (٨) وَإِذَا
السَّمَاءُ فُرِجَتْ (٩) وَإِذَا الْجِبَالُ نُسِفَتْ (١٠) وَإِذَا الرُّسُلُ أُقِّتَتْ (١١) لِأَيِّ يَوْمٍ أُجِّلَتْ (١٢) لِيَوْمِ
الْفَصْلِ (١٣) وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الْفَصْلِ (١٤) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ (١٥) أَلَمْ نُهْلِكِ الْأَوَّلِينَ

﴿ثُمَّ نُتْبِعُهُمُ ٱلْآخِرِينَ ﴿١٦﴾ كَذَٰلِكَ نَفْعَلُ بِٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٧﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٨﴾ ﴿١٩﴾
أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٢٠﴾ فَجَعَلْنَٰهُ فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿٢١﴾ إِلَىٰ قَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢٢﴾ فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ
ٱلْقَٰدِرُونَ ﴿٢٣﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٤﴾ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ كِفَاتًا ﴿٢٥﴾ أَحْيَآءً وَأَمْوَٰتًا ﴿٢٦﴾
وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَٰسِىَ شَٰمِخَٰتٍ وَأَسْقَيْنَٰكُم مَّآءً فُرَاتًا ﴿٢٧﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٨﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، سوێند بە (بایە) بە دوای یەکدا
نێردراوەکان ﴿١﴾ ئنجا سوێند بە (بایە) توند هەڵکردووەکان بە هەڵکردن (یەکی
سەرسوڕهێنەر) ﴿٢﴾ هەروەها سوێند بە (فریشتە)، (باڵ) بڵاوکەرەوەکان بە
بڵاوکردنەوە (یەکی ناوازە) ﴿٣﴾ ئنجا سوێند بە (فریشتە) لە یەك جیاکەرەوەکان بە
لێك جیاکردنەوە (یەکی سەرسوڕهێنەر) ﴿٤﴾ ئنجا سوێند بە (فریشتە) بیرخەرەوە
هاوێژەکان (بۆ پێغەمبەران) ﴿٥﴾ بۆ بیانوو بڕین و ترساندن (و ورياکردنەوەی
خەڵك) ﴿٦﴾ (سوێند بەوانە) بە دڵنیایی ئەو بەڵێنەی دەدرێ هاتووە دییە ﴿٧﴾
ئنجا هەر کات ئەستێرەکان کوژێنرانەوە (تاریك داهێنران) ﴿٨﴾ هەروەها هەر
کات ئاسمان لێککرایەوە (شەق و پەق کرا) ﴿٩﴾ دیسان هەر کات چیایەکان
هەڵکەنران و وردو خاش کران ﴿١٠﴾ هەروەها هەر کات پێغەمبەران ژوانگەیان
بۆ دانرا ﴿١١﴾ ئایا بۆ چ ڕۆژێك دواخراون؟ ﴿١٢﴾ بۆ ڕۆژی لێك هەڵاواردن ﴿١٣﴾
ئایا چی پێی زانینیوی ڕۆژی لێك جیاکردنەوە چییە؟ ﴿١٤﴾ لەو ڕۆژەدا سزای
سەخت بۆ بەدرۆدانەران (ی هاتنی ڕۆژی دوایی) ﴿١٥﴾ ئایا ئێمە (کۆمەڵگا)
پێشووەکانمان نەفەوتاندن! ﴿١٦﴾ دوایی ئەوانی دیکەشمان وەدواخستن (و لە
بەینمان بردن بەهۆی تاوان و لادانیانەوە) ﴿١٧﴾ بەو شێوە (فەوتاندنەی باسکرا)
لە تاوانباران دەکەین (و سزایان دەدەین) ﴿١٨﴾ لەو ڕۆژەدا سزای سەخت بۆ بە

درۆدانــەران (ی پەیامــەکانی خــوا) ﴿١٩﴾ (ئــەی خەڵکینــە!) ئایــا لــە (تنۆکــە) ئاوێــکی بێهێــز دروســتمان نەکــردوون؟ ﴿٢٠﴾ ئنجا لــە نشــینگەیەکی مەحکەمــمان دا دانــا ﴿٢١﴾ هەتــا ئەندازەیــەك (کات)ی زانــراو ﴿٢٢﴾ ئنجــا ئەندازەگیریــی (هەمــوو شــتێکی)مان کــرد (ئێمــەش) چاکتریــن توانابوویــن (لەســەر ئەندازەگیریــی کــردن) ﴿٢٣﴾ لــەو ڕۆژەدا ســزای بێــرەزا بــۆ بــە درۆدانــەران (ی پێغەمبــەران) ﴿٢٤﴾ ئایــا زەویــمان نەگێــڕاوە بــە ڕاکێشــەر (و بــە خــۆوە نوســێنەری مرۆڤــان)؟ ﴿٢٥﴾ (بــۆ) زینــدووان و مــردووان؟ ﴿٢٦﴾ هەروەهــا (چیایــە) چەســپاوە سەرکەشــەکانمان تێــدان دانــاون و، ئاوێــکی شــیرین و ســازگارمان پێتــان نۆشــکردوە ﴿٢٧﴾ ســزای ســەخت و دژوار بــۆ بــە درۆ دانــەران (ی دیــداری خــوا) ﴿٢٨﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(عُرْفًا): (**عُـرْفُ الفَـرَسِ وَالدِّيْـكِ مَعْـرُوفٌ، جَـاءَ القَطَـا عُرْفَـاً: مُتَتَابِعَـةً**)، (**عُـرْفُ الفَـرَسِ وَالدِّيْـكِ مَعْـرُوفٌ**) مــووەکانی ســەر پشــتە مــلی ئەســپ و ماییــن و وڵاخــە بــەرزە و پۆپــرەی کەڵەبــاب زانــراون، (**عــرف**) بــۆ مووەکانــی گێــزەی ئەســپ و پۆپــڕی کەڵەشێر بــەکاردێ، (پشــتە مــلی ئــاژەڵ پێــی دەگوتــرێ: گێزەکــە)، ئنجــا بــە کوردیــی (یــاڵ) بەکاردەهێــنرێ بــۆ ئــەو مووانــەی ســەر پشــتی ملی وڵاخــە بــەرزە، هەروەهــا (بژ)یــش بەکاردەهێــنرێ، هــی کەڵەشــێریش بــە کوردیــی پێــی دەگوتــرێ: پۆپــڕە، لەبــەر ئــەوەی ئەویــش چەنــد پارچــە گۆشــتێکی یــەك لــە دوای یەکــن، بەرزیــی و نزمییــان تێدایــەو، بــە دوای یەکــدا دێــن، لــە زمــانی عەرەبییــدا گوتــراوە: (**جَـاءَ القَطَـا عُرْفَـاً: مُتَتَابِعَـةً**)، {(**قَطَـا**) جــۆرە باڵندەیەکــە، پــۆڕ یــان شــێوەی پــۆڕە}، واتــە: پــۆڕەکان بــە دوای یــەك دا هاتــن کاتێــك بــە دوای یــەك دەکــەون.

(عَصْفًا): (**العَصْـفُ وَالعَصِيْفَـةُ: الَّـذِي يُعْصَـفُ مِـنَ الـزَّرْعِ، وَيُقَـالُ الحُطَـامُ: النَّبْـتُ المُتَكَسِّرُ**)، (**عَصْـفُ وَعَصِيْفَـة**): بریتیــە لــەو ڕووەکــەی دەبێتــە پــووش، پێــشی دەگوتــرێ:

(حُطَام) پـووشی تێکشـکێنراو، واتـە: ڕووەکێـك کـە وشـك بـووەو دوایـی تێکشـکاوە، هەڵبەتـە (عَصْـف)، بـە پـووش و پـەڵاش و بـە (کا)ش دەگوتـرێ، (رِيْـحٌ عَاصِـفٌ وَعَاصِفَةٌ مُعْصِفَـة: تَكْـسِرُ الـشَّيءَ فَتَجْعَلُـهُ كَعَصْـفٍ، وَعَصَفَـت بِهِـمُ الرِّيْـحُ)، دەگوتـرێ: (رِيْـحٌ عَاصِـفٌ وَعَاصِفَـةٌ مُعْصِفَـة) هـەر سێکیان یـانی: (بـا) یـەك کـە شـت تێـك دەشـکێنێ و، دەیکاتـە پـووش و پـەڵاش، یاخـود دەیکاتـە گیـای تێکشـکاو، دەگوتـرێ: (عَصَفَـت بِهِـمُ الرِّيْـحُ) بایەکـە تێکیشـکاندن، یاخـود: ڕایماڵیـن.

(نَشْرًا): (النُّـشْرُ: نَـشْرُ الثَّـوْبِ: بَسْـطُهُا، وَالنُّـشْرُ: الرِّيَـاحُ الَّتِـي تَنْـشُرُ السَّـحَابَ)، دەگوتـرێ: (نَـشْرُ الثَّـوْبِ:) بڵاوکردنـەوەی پۆشـاك، پـان ڕاخـرانی، دەگوتـرێ: (النُّـشْرُ: الرِّيَـاحُ الَّتِـي تَنْـشُرُ السَّـحَابَ)، (نُـشْرُ) بایـەکان کـە هـەورەکان بڵاودەکەنـەوەو پـرژو بڵاویـان دەکـەن.

(فَرْقًا): (الفَـرْقُ: يُقَـارِب الفَلْـقَ) وشـەی (فَـرْق) مانایەکـەی لـە (فَلْـق)ەوە نیزیکـە، {بـەڵام (فَلْـق) بـۆ شـتێکە لـەت ببـێ و دەنگێـکی لێبـێ و، (فَـرْق) مـەرج نیـە دەنگـی لێبـێ}، (فَرَقْـتُ بَـيْنَ الشَّـيْئَيِن: فَصَلْـتُ بَيْنَهُـمَا)، دوو شـت کـە لێـك جیـا دەکرێنـەوە دەگونجـێ بڵێـی: (فَرَقْـتُ بَـيْنَ الشَّـيْئَين)، دەشـگونجێ بڵێـی: (فَصَلْـتُ بَـيْنَ الشَّـيْئَيْنِ).

(عُذْرًا): (العُـذْرُ: تَحَـرِّي الإِنْسَـان مَـا يَمْحُـو بـهِ ذَنْبَـهُ)، (عُـذْر): بـە کوردیـی دەڵێیـن: پـۆزش، یـان داوای لێبـوردن کـردن، بریتیـە لـە خەفتـانی مـرۆڤ لـە شـتێك کـە گوناهەکـەی خـۆی پـێ پاسـاو بداتـەوەو بسـڕێتەوە، دەگوتـرێ: (أَعْـذَرَ مَـنْ أَنْـذَرَ: أَتَى بِمَـا صَـارَ بـهِ مَعْـذُوراً)، (أَعْـذَرَ مَـنْ أَنْـذَرَ) هـەر کەسـێك بەرانبەرەکـەی بترسـێنێ و وریـای بکاتـەوە، پـۆزشی هێناوەتـەوە، (أَتَى بِمَـا صَـارَ بـهِ مَعْـذُوراً) واتـە: شـتێکی کـردوە دوایـی پـۆزشی هەبـێ و بڵـێ: تـۆم سـزادا بـەڵام پێشـتر ئـاگادارم کـردی، یاخـود (أَعْـذَرَ) بـە مانـای پـۆزشی بـە بەرانبەرەکـەی نەهێشـتوە، (أَذْهَـبَ بِعُـذْرِهِ) هـەردوو واتایەکـەی هـەن: (أَتَى بِالْعُـذْرِ) و (أَذْهَـبَ عُـذْرَ مُقَابِلـه)، (أَعْـذَرَ) واتـە: پـۆزشی هێناوەتـەوە، (مَـنْ أَنْـذَرَ) کەسـێك بەرانبەرەکـەی ترسـاندووەو وریـای کردۆتـەوە، وەک بگوتـرێ: وانەکـەی

ئەگەرنا تووشی سزا دەبێ! یاخود: (أعْذَر) یانی: پۆزش و بیانووی بە دەست بەرامبەرەکەیەوە نەهێشتوە (أذْهَبَ بِعُذْرِهِ).

(أَوْ نُذْرًا): (أي: إنْذَارًا، الإنْذَارُ: إخْبَارٌ مَعَ تَخْوِيفٍ)، (إنْذار): بریتیە لە هەواڵ پێدان لەگەڵ ترساندندا.

(طُمِسَتْ): (الطَّمْسُ: إزَالَةُ الأَثَرِ بالمحْوِ)، (طَمْس): بریتیە لە لابردنی شوێنەوار بە سڕینەوە، (طُمِسَت: أُزِيْلَت صُورَتُها وَضَوءُهَا)، وێنەکەیان و تیشکەکەیان نەهێڵراوە، کە مەبەست پێی ئەستێرەکانە.

(فُرِجَتْ): (الفَرْجُ وَالفُرْجَةُ: الشَّقُّ بَيْنَ الشَّيْئَيْنِ كَفُرْجَةِ الحَائِطِ)، وشەی (فَرْجْ وَفُرْجَة) هەردووکیان بە کەلێن و درزی نێوان دوو شتان دەگوترێ، وەك درزو تیکی دیوار، دەگوترێ: (فُرِجَت أي: انْشَقَّت)، شەق بوو، لەت بوو.

(نُسِفَتْ): (نَسَفَتِ الرِّيْحُ الشَّيءَ: اقْتَلَعْته وَأَزَالَتْهُ)، بایەکە شتەکەی نەسف کرد، واتە: هەڵیقەندو، لایبرد، (النِّسْفَةُ: حِجَارَةٌ يُنْسَفُ بِهَا الوَسْخُ عَنِ القَدَم)، (نِسْفَة): بەردێکە چڵکی پێیانی پێ دەکرێنرێ، (نَسْف): وێڕای ئەوە، بە مانای وردو خاشکردن و هاڕینیش دێ.

(أُقِّتَتْ): (وَقَّتُّ وَقَّتُّ كَذَا: جَعَلْتُ لَهُ وَقْتاً)، دەگوترێ: (وَقَّتُّ كَذَا) کاتم دیاریکرد بۆ فلان شتە، (المِيْقَاتُ: الوَقْتُ المَضْرُوب للشَّيء)، (مَيْقَات) بریتیە لە کاتێکی دانراو بۆ شتێك بە کوردیی دەگوترێ: ژوانگە.

(أُجِّلَتْ): (أجَّلْتُهُ: جَعَلْتُ لَهُ أَجَلًا)، کاتم بۆ دانا، (الأَجَلُ: المُدَّةُ المَضْرُوبَةُ للشَّيء) (أجل)ماوەیەکی دانراوە بۆ شتێك، پێی دەگوترێ: (أَجَل)، هەروەها (أَجَّلْتُهُ) بە مانای (أَخَّرْتُهُ)ش دێ واتە: کاتەکەیم دواخست، (وَاسْتِيْفَاءُ الأَجَلِ: مُدَّةُ الحَيَاة)، (إسْتِيْفَاءُ الأَجَل) تەواوبوونی ماوەی ژیانەکەی یانی: ئەو کاتە هاتوە کە دەبێ کۆتایی بە ژیانی بێ.

(ٱلۡفَصۡلِ): (إِبَانَةُ أَحَد الشَّيْئَيْنِ مِنَ الأَخَرِ، حَتَّى يَكُوْن بَيْنَهُمَا فُرْجَة)، (فَصْل): بریتیە لە لێك جیاکردنەوەی دوو شتان بە جۆرێك نێوانێکیان هەبێ، (يَوْمُ الفَصْل) ڕۆژی لێك جیاکردنەوەو لێکهەڵاواردن، {لێك هەڵاواردنی بڕوادارو بێبڕوایان، چاکەکارو خراپەکاران}.

(مَّهِينٍ): (مَهُنَ: ضَعُفَ، وَأَمْهَنَهُ: أَضْعَفَهُ وَاسْتَخْدَمَهُ، وَامْتَهَنَ: اتَّخَذَ مِهْنَةً، وَامْتَهَنَ الشَّيءَ: ابْتَذَلَه)، (مَهُنَ) بە مانای (ضَعُفَ) بێ هێز بوو، (وَأَمْهَنَهُ: أَضْعَفَهُ) بێ هێزی کرد، هەروەها بە مانای (اسْتَخْدَمَهُ) بەکاریهێنا، (وَامْتَهَن: اتَّخَذَ مِهْنَةً)، پیشەو کارو کەسبێکی ڕەچاو کرد، هەروەها (وَامْتَهَن الشَّيءَ: ابْتَذَلَه) واتە: شتەکەی بێ نموود کردو، سووکی کرد، لێرەدا (مَهِيْن) لە (مَهُنَ)ەوە هاتوە، نەك لە (هَان)وە، تاکو (مَهِيْن) بە مانای سووکیی و بێ بایەخیی و قێزەونیی بێ، کە وەك هەندێك لە توێژەرەوان وایان لێکداوەتەوە، ئەوەیان لە (هَانَ)ەوە دێ، (هَانَ، يَهِيْن، هَوْنَاً، فَهُو مُهانٌ) واتە: بێ ڕێزە، بێ بایەخە، بەڵام خوا لێرەدا وای نەفەرمووە، دەفەرمویٚ: (مَاءٍ مَّهِيْن) ئاوێکی بێ هێز، چونکە (مَهُنَ)ە واتە: (ضَعُف)، (أَمْهَنه) واتە: (أَضْعَفَه). بێهێزی کرد.

(قَرَارٍ مَّكِينٍ): (القَرَارُ: المَكَانُ المُنْخَفِض يَجْتَمِعُ فِيْهِ المَاءُ)، (قَرَار): بە شوێنێکی نزم دەگوترێ ئاوی تێدا کۆ دەبێتەوە، واتە: (يَقِرُّ فِيْهِ المَاءُ)، ئاو لە وێدا دەچەسپێ، (مَكُنَ فُلَانٌ عِنْدَ النَّاس يَمْكُنُ مَكَانَةً أي: عظم عندهم) فلانکەس لە نێو خەڵك دا ڕێزو پێگەی پەیدابوو، یانی: لەلایان مەزن بووە (فَهُوَ مَكِيْن) ئەو خاوەن پێگەیە(وَالجَمْعُ مُكَنَاء) کۆی (مَكِيْن) (مُكَنَاء)ە، هەڵبەتە لێرە کە دەفەرمویٚ: (قَرَارٍ مَكِيْن) یانی: نشینگەیەکی خاوەن پێگە، یاخود: مەحکەم و قاییم، کە مەبەست پێی منداڵدانی دایکە، (قَرَارٍ مَكِيْن) واتە: نشینگەیەکی مەحکەم و چەسپاو تووندو تۆڵ و قاییم، ك مرۆڤ ئەگەر تەماشای منداڵدانی ئافرەت بکات، ڕێك لە نێوەڕاستی جەستەی دایەو، لە سەرروویەوە سینگ و قەفەزی سینگەو لە پشتیەوە بڕبڕاگەی

پشت و، لەو لاو لایەوە ئێسقانەکانن و، لە خوارێوە ئێسقانی حەوزەو، شوێنێکی زۆر مەحکەم و قاییمە.

(قَدَرٍ): (قَدَرَ يَقْدِرُ قَدَارَةً: تَمَكَّنَ مِنْهُ، وَقَدَرَ الشَّيء قَدَراً: بَيَّنَ مِقْدَارَهُ، وَقَدَرَ فُلَانَاً: عَظَّمَهُ)، (قَدَرَ يَقْدِرُ قَدَارَةً: تَمَكَّنَ مِنْهُ)، واتە: لەوێدا دەسترۆیشتوو و، بالّا دەست بوو، (وَقَدَرَ الشَّيء قَدَراً: بَيَّنَ مِقْدَارَهُ) ئەندازەکەی دیارییکرد، (وَقدَر فُلَانَاً)، هەروەها بە (قَدَّر)ش هەر هاتوە، واتە: (عَظَّمَهُ) بە مەزن و گەورەی گرت.

(كِفَاتًا): (كَفَتَ الشَّيءَ يَكْفِتُ كَفْتَاً: تَقَلُّب ظَهْراً لبَطنٍ وَبَطناً لِظَهرٍ)، (كَفَتَ الشَّيءَ يَكْفِتُ كَفْتَاً) ئەوەیە لای پشتی بێتە لای سکی و لای سکی بێتە لای پشتی، واتە: هەڵگێڕو وەرگێڕ بکرێ، سەرو بن بکرێ و هەڵگێردرێتەوە، (وَكَفَتَ إليْهِ الشَّيءَ: ضَمَّهُ إلى نَفْسِه) واتە: بە خۆیەوە چەسپاندو بە خۆیەوە نووساند، (وَكَفَتَ المَتَاعَ: جَمَعَهُ وَضَمَّ بَعْضَهُ إلى بَعْضٍ) کەل و پەلەکەی کۆکردەوەو، هەندێکی خستەوە سەر هەندێکی، (الكِفَاتُ: جَامِعَة للأحْيَاء وَالأمْوَات، مَوْضِعُ كِفَاتٍ: يُضَمُّ فِيْهِ الشَّيء وَيُجْمَعُ)، (كِفَات) کۆکەرەوە، یان بە خۆوە چەسپێنەر بۆ زیندووان و بۆ مردووان، (مَوْضِع كِفَاتٍ)، شوێنی کۆکرانەوەو خرانەوە سەریەك.

(رَوَاسِيَ شَامِخَاتٍ): (رَوَاسِي) کۆی (رَاسِيَ)ە، (رَسَى الشَّيءُ: ثَبَتَ، وَالرَّاسِي جَمْعُهُ رَوَاسِي)، (رَاسِي) چەسپاو، (رَوَاسِي) کۆیەکەیەتی، چەسپاوەکان، هەڵبەتە (رَوَاسِي) واتە: (جِبَالاً رَوَاسِي) چیایە چەسپاوەکان، واتە: (رَوَاسِي) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێندراوە، (شَامِخَات) واتە: (عَالِيَات، مُرْتَفِعَات)، بەرزو بڵندەکان، (شَمَخَ: ارْتَفَع: شَوَامِخ وَشُمَّخ)، (شَامِخَات) کۆی (شَامِخَة)یە، (شَمَخَ)ە واتە: (ارْتَفَع)ە: بەرز بۆوە، ئنجا وەك چۆن چیایەکان بە (شَامِخَات) کۆ دەکرێنەوە، بە (شَوامِخ)یش کۆدەکرێنەوەو، بە (شُمَّخ)یش کۆ دەکرێنەوە.

(فُرَاتًا): (فَرُتَ المَاءُ: اشْتَدَّت عُذُوبَتُهُ فَهُوَ فُرَاتٌ)، (فُرَات) دەگوترێ: (فَرُتَ المَاءُ) ئاوەکە زۆر شیرین و زوڵاڵ و خۆشە، (فُرَات) بە ئاوێك دەگوترێ هێندە شیرین

و زوڵاڵ بێ، بە ئاسانیی لە قوڕگ و گەروو بچێتە خوار، بە پێچەوانەی ئاوێکەوە گرفتی هەبێ، تفت بێ و لە قوڕگ بگیرێ وو بە ئاسانیی لە قوڕگ نەچێتە خوار.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، ئەویش مەبەستی ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوای زانا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای باڵادەست دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ی میهرەبان ئەنجام دەدەم. خوا ﷻ لێرەدا پێنج سوێندان دەخوات، کە دوایی دێینە سەر نێوەڕۆکی سوێند پێخوراوەکان، سەرەتا دەفەرموێ: ﴿وَالْمُرْسَلَاتِ عُرْفًا﴾، (**مُرْسَلَات**) بە مانای نێردراوەکانە، سوێند بە نێردراوەکان بە دوای یەکدا (**عُرْفًا**) واتە: ئەوانەی بە دوای یەك دەکەون (**عرف**) هەم پۆپڕەی کەڵەشێر، کەڵەبابە، پۆپڕەکەی چەند قیتکەو بەرزاییەکی هەن، بە دوای یەك دا دێن، بە زنجیرە، هەروەها (**عرف**) بەو مووانەی سەر گێزەکەی[1] وڵاخە بەرزە دەگوترێ، کە (بژ) و (یاڵ)یشی پێ دەڵێن، ئەو مووانەی دەکەونە سەر پشتی مل و گێزەکەی وڵاخە بەرزە، ئەسپە، ماینە، ئێسترە، یانی: سوێند بە نێردراوەکان بە دوای یەکدا.

﴿فَالْعَاصِفَاتِ عَصْفًا﴾، سوێند بە هەڵکردووەکان، بە هەڵکردنێکی بەهێز.

---

(١) گێزەکە: پشتی مل، پشتە مل.

﴿ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرًا ﴾، سوێند بە بڵاوکەرەوەکان، بە بڵاوکردنەوەیەکی سەرسوڕهێنەر.

﴿ فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقًا ﴾، سوێند بە جیاکەرەوەکان، بە جیاکردنەوەیەکی نایاب، یان بە جیاکردنەوەیەك کە پێناسەی جیاکردنەوەی بە تەواویی بەسەردا دەچەسپێ.

﴿ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴾، سوێند بە فڕێدەرەکانی، یان هاویشتەرەکانی بیرخەرەوە.

﴿ عُذۡرًا أَوۡ نُذۡرًا ﴾، بۆ ئەوەی خەڵك بیانووی نەمێنێ و، بۆ ئەوە هۆشیار بکرێنەوەو بترسێنرێن، یاخود بۆ نەهێشتنی بیانوو و پاساو، لەلایەن مرۆڤەکانەوەو، بۆ ترساندن و وریاکردنەوەیان.

هەڵبەتە دوایی لە کاتی خستنەڕووی مەسەلە گرنگەکاندا، زیاتر دەچینە نێو وردەکاریی ئەو پێنج شتەوە، کە خوا ﷻ لێرەدا سوێندی پێ خواردوون و بریتین لە: ﴿ وَٱلۡمُرۡسَلَٰتِ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ﴾، بەڵام وەك شتێکی سەرەتایی و بناغەیی دەڵێین: زانایان سێ ڕایان هەن لە بارەی ئەو پێنج شتانەوە بە گشتیی و، زۆریان قسە لەسەر کردوون، بەڵام قسەکانیان هەموویان دەبنەوە بە سێ ڕا:

ڕای یەکەم: ئەمانیش دوو بۆچوونن:

أ- دەڵێن: ئەو پێنج شتانە هەر پێنجیان یەك شتن، بەڵام سیفەتەکانیان جیان، ئنجا هەندێکیان دەڵێن:

١- لێرەدا (**المرسلات**) مەبەست پێی: بایەکانە، ئەو بایانەی دەنێردرێن بە دوای یەکدا.

٢- ﴿ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفًا ﴾، ئەو بایانەی بە توندیی هەڵدەکەن بە هەڵکردن.

٣- ﴿ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرًا ﴾، ئەو بایانەی بڵاو دەکەنەوە، بە بڵاوکردنەوە، واتە: هەورەکان بڵاو دەکەنەوە، گڵ و خۆڵ بڵاو دەکەنەوە، تۆوی گیاو گوڵەکان بڵاو دەکەنەوە.

٤- ﴿ فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا ﴾، ئەو بایانەی لێك جیادەكەنەوە بە لێك جیاكردنەوە، هەورەكان دابەش دەكەن، یاخود تۆوەكان دابەش دەكەن، یان تۆزو خۆڵەكان دابەش دەكەن.

٥- ﴿ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴾، ئەوانەی بیرخەرەوە دەهاوێن، واتە: ئەو بایانە كاتێك ئەو كارانە ئەنجام دەدەن، ئەوە وەك فڕێدانی بیرخستنەوەو پەندو ئامۆژگارییە بۆ خەڵك.

ب- دەڵێن: ئەوانە هەموویان مەبەست پێیان فریشتەكانن، واتە: ١- **(والمرسلات)** سوێند بەو فریشتانەی دەنێردرێن بە دوای یەكدا.

٢- ﴿ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفٗا ﴾، بە خێرایی دەڕۆن وەك بایەكی بەهێز.

٣- ﴿ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرٗا ﴾، ئەو فریشتانەی بڵاو دەكەنەوە، بە بڵاوكردنەوە، چی بڵاو دەكەنەوە؟ باڵەكانیان بڵاودەكەنەوە، یاخود هەورەكان بڵاودەكەنەوە، یان بژیوەكان بڵاودەكەنەوە.

٤- ﴿ فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا ﴾، جیاكەرەوەكان بە لێكجیاكردنەوە، هەورەكان لێك جیادەكەنەوە، بژیوەكان لێك جیادەكەنەوە، یاخود بڕواداران و بێبڕوایان لێكجیادەكەنەوە، هەر كامێكیان ڕووحەكانیان دەكێشن و بۆ شوێنی خۆیانیان بە ڕێ دەكەن.

٥- ﴿ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴾، ئەو فریشتانەی بیرخەرەوە دەهاوێن، بیرخەرەوە دەنێرن بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، كە مەبەست پێی وەحیی خوای پەروەردگارو بەرنامەكانی خوایە.

ڕای دووەم:

ئەوەیە كە دووانی یەكەمیان: ﴿ وَٱلۡمُرۡسَلَٰتِ عُرۡفٗا فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفٗا ﴾، یەك شتن، كە بایەكانن، بە بەڵگەی ئەوی (و) بۆ سوێند خواردن (**واو القسم**)ە واتە: سوێند بە نێردراوەكان بە دوای یەكدا، ﴿ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفٗا ﴾، ئەم (**ف**)یە هی بە دوای یەكدا هاتن (**فاء التعقيب**)ە، دوای ئەوەی دەنێردرێن، زۆر بە خێرایی دەڕۆن.

هەروەها سییەکەی دیکەش مەبەست پێیان یەک شتە، چونکە هەر یەکەمیان بە (و)ی سوێند دەست پێدەکات: ﴿ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرٗا ﴾، سوێند بە بڵاوکەرەوەکان بە بڵاوکردنەوە، ﴿ فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا ﴾، ئەویش دیسان بە (ف) بە دوای دادێ، کە لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەدا، ئەمجارە جیادەکەنەوە بە جیاکردنەوە، ﴿ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴾، ئنجا ئەوانەی بیرخەرەوە دەهاوێن و فرێدەدەن و دەهێنن بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، دەڵێن: ئەو سێیەش مەبەست پێیان: فریشتەکانن، ئەوەش ڕای دووەم کە پێنج شتەکە دابەش دەبن بۆ دوو بە سێ: أ- دووەکان مەبەست پێیان بایەکانەو، ب-سێیەکان مەبەست پێیان فریشتەکانە.

ڕای سێیەم:

دەڵێ: ئەوانە هەموویان دابەش دەبن، نەك تەنیا بۆ دوو جۆر، بەڵکو بۆ سێ جۆر:

١- ﴿ وَٱلۡمُرۡسَلَٰتِ عُرۡفٗا ﴾، مەبەست پێی بایەکانە، ﴿ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفٗا ﴾، ئەویش بە هەمان شێوە.

٢- بەڵام: ﴿ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرٗا ﴾، ئەو فریشتانەی بڵاو دەکەنەوە، ﴿ فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا ﴾، کە جیادەکەنەوە بە جیاکردنەوە.

٣- ئنجا: ﴿ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴾، مەبەست پێی پێغەمبەرانە (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، بە هەر حاڵ ئەو ڕایانە هەن و، دواتریش زیاتر تیشکیان دەخەینە سەر.

﴿ عُذۡرًا أَوۡ نُذۡرًا ﴾، واتە: (**للإعْذَار وَالإنْذَار**)، (**إعْذَار**): بریتییە لە نەهێشتنی بیانوو بە دەست لایەنی بەرانبەرەوە، (**أَعْذَر: قَدْ أَعْذَرَ مَنْ أَنْذَر**)، واتە: کەسێك خەڵکی ترساندوە، بیانوو بڕی کردوون، بیانوویان نەماوە، چونکە پێشتر هۆشداریی پێداون، (**إعْذَار**) واتە: (**إعْدَام العُذْر**) نەهێشتنی پاساو بە دەست لایەنی بەرانبەرەوە، (**إنْذَار**)یش، (**إنْذَار: إخْبَارٌ مَعَ التَّخْوِيف**)، هەواڵ پێدانە لەگەڵ

ترساندندا، کە بە دڵنیایی ئەمەیان زیاتر وا پێدەچێ بگەڕێتەوە بۆ: ﴿ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴾، فریشتەکان کە ئەو بیرخەرەوەیە، داوێن، هەڵیدەدەن، دەیهێنن بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) بە مەبەستی ئەوەی خەڵك بیانووی نەمێنێ و، وریا بکرێتەوەو بترسێنرێ و هۆشیار ببێتەوە.

ڕای خۆم وایە - وەك دواییش باسی دەکەم - کە یەکەم و دووەم مەبەست پێیان بایەکانن و، سێیەم و چوارەم و پێنجەم مەبەست پێیان فریشتەکانن، ئنجا سوێند بەو پێنجانە.

﴿ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَٰقِعٞ ﴾، بە دڵنیایی ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ، داکەوتوە، هاتوە، (إِنَّمَا) لێرەدا (أَدَاةُ الحَصرِ وَالإِثْبَات) نیە، هەرچەندە لە ڕێنووسی قورئان (مصحف)دا پێکەوە لکاوە، بەڵام لە ئەسڵدا دوو وشەن: (إِنَّ) و (مَا)، (إِنَّ) ئامرازی جەختکردنەوە (تأکید)یەو (مَا)ش (مَا المَوْصُولة)یە، یانی: بێگومان ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ، داکەوتوەو هاتوە.

﴿ فَإِذَا ٱلنُّجُومُ طُمِسَتۡ ﴾، ئنجا هەر کات ئەستێرەکان کوژانەوە، شۆقیان نەما، تاریك داهاتن و سڕانەوە.

﴿ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ ﴾، هەروەها هەر کات ئاسمان شەق بوو، لەت بوو، کرایەوە.

﴿ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ نُسِفَتۡ ﴾، هەروەها هەر کات چیایەکان هەڵکەندران، هاڕدران، کرانە تۆزو خۆڵ.

﴿ وَإِذَا ٱلرُّسُلُ أُقِّتَتۡ ﴾، هەروەها هەر کات پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) کاتیان بۆ دیاریکرا، ژوانگەیان بۆ دانرا، (أُقِّتَتْ) خوێندراویشەتەوە: (وُقِّتَت)، (تَوْقِيت) دانانی کات و ژوانگەیە بۆ شتێك.

﴿ لِأَيِّ يَوۡمٍ أُجِّلَتۡ ﴾، ئەو ڕووداوە بۆ چ کاتێك دواخراوە؟

﴿ لِيَوۡمِ ٱلۡفَصۡلِ ﴾، بۆ ڕۆژی لێك جیاکردنەوە.

ئنجا ئایا ئەوەی دواخراوە چییە؟!

١- دەگونجێ مەبەست پێی هێنانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) شایەدییدانیان بێ، واتە: شایەدییدانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) دواخراوە، بۆ چ ڕۆژێك؟ ﴿لِيَوۡمِ ٱلۡفَصۡلِ﴾، بۆ ڕۆژی لێك جیاكردنەوە.

٢- یاخود: ﴿لِأَيِّ يَوۡمٍ أُجِّلَتۡ﴾، (ت)ەیەكە ڕاناوەكەی بۆ مێینەیەک دەچێتەوە كە شتێك لە سیاقەكە دەفامرێتەوەو، مەرج نیە یەكسەر بگەڕێتەوە بۆ نیزیكترین باسكراو، كە دانانی ژوانگەیە بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) هەرچەندە ئەو ڕایە بەهێزترە، بەڵام دەشگونجێ بگەڕێتەوە بۆ كۆی ئەوەی لەو ئایەتانە دەفامرێتەوە، كە بریتیە لە: چەسپێنرانی سزا بەسەر بێبڕوایان و بە درۆدانەرانی پەیامەكانی خوادا، ئا ئەوە بۆ ڕۆژی لێكجیاكردنەوە، دواخراوە، ئەو تەسفیەی حیساب و لێك جیاكردنەوەیە.

﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ﴾، چـی بـە تـۆی زانانـدوە، چـی وایكـردوە تـۆ بـزانی، ڕۆژی لێـك جیاكردنـەوە چییـە؟! (وَمَا أعلمـك مَا يَـوم الفَصـل) چ شـتێك وایكـردوە تـۆ بـزانی ڕۆژی لێـك جیاكردنـەوە چییـە!

﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەرانە.

﴿أَلَمۡ نُهۡلِكِ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾، ئایـا پێشـووەكانمان نەفەوتانـدوون! یـانی: ئایـا دوای ئـەوەی لادان و تاوانیـان كـرد، كۆمەڵـگا پێشـووە سـەرپێچییكارەكانمان نەفەوتانـدوون؟

﴿ثُمَّ نُتۡبِعُهُمُ ٱلۡأٓخِرِينَ﴾، ئنجـا ئەوانـەی دیكەشـمان وەدواخسـتوون، بـە دوای وانـدا ئەوانیشـمان فەوتانـدوون، (أَوَّلِيْن) كۆمەڵـگا پێشـووەكان وەك كۆمەڵـگای نـووح و، كۆمەڵـگای هـوود، كـە گـەلی عـاد بـوون و، كۆمەڵـگای صاڵیـح كـە گـەلی سـەموود بـوون و، كۆمەڵـگای مەدیـەن، كـە گـەلی شـوعەیب بـوون، هەروەهـا كۆمەڵـگای لـووط، ﴿ثُمَّ نُتۡبِعُهُمُ ٱلۡأٓخِرِينَ﴾، دوایـی ئەوانـەی دیكەشـمان بـە دوای وانـدا فەوتانـدن، ئەوانـەی بـە دوایـان دا هاتـن، وەك گـەلی فیرعـەون و گەلـەكانی دیكـە.

﴿ كَذَٰلِكَ نَفْعَلُ بِٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، هەر بەو شێوەیە بە تاوانباران دەکەین، ئاوا سزایان دەدەین، واتە: ئێوەش ئەی تاوانبارو لادەرەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەری خاتەم و، دوای ئەویش، بزانن کە ئەمە یاساو سیستمێکی گشتیی خوایە: هەموو ئەوانەی پیشەیان بە درۆ دانان و لادان و تاوان بووە، سزاو جەزرەبەی خوا بۆیان لە بۆسەدایە، ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت و هاوار بۆ بەدرۆدانەرانە.

ئنجا دوای سەرنجڕاکێشانیان بۆ مێژوو، سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ خودی خۆیان و دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴾، هەرچەندە نووسراوە: ﴿ أَلَمْ نَخْلُقكُّم ﴾، بەڵام دەخوێندرێتەوە: (أَلَـمْ نَخْلُكُّـم)، (ق) لە (ك)دا دەغم دەکرێ، یانی: ئایا لە ئاوێکی بێهێز ئێوەمان نەهێناوەتە دی؟ (مَهِيْن) واتە: بێهێز (ضَعِيْف)، (مَهُنَ) واتە: (ضَعُفَ)، (أَمْهَنَهُ: أَضْعَفه) ئەمە لە (هَان يَهُون)ەوە نەهاتوە، بەڵکو لە (مَهُنَ)ەوە هاتوە، واتە: بێهێزبوو، ئایا لە ئاوێکی بێهێزی کەم، ئێوەمان نەهێناوەتە دی؟

﴿ فَجَعَلْنَٰهُ فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴾، ئنجا لە نشینگەیەکی قاییم و مەحکەمدا دامانا، واتە: ئەو تۆویلکە و، نوتفەیەی لە ئەنجامی پێکگەیشتنی زیندەوەری تۆویی (الحيوان المنوي) کە لە نێو ئاوی پیاودایە، لەگەڵ هێلکۆڵە (بويضة) کە لە نێو ئاوی ئافرەت دایە، لە ئەنجامی پێکگەیشتنی ئەو دوو زیندەوەرە بچووکەدا، زیندەوەرێکی دیکە پێکدێ پێی دەگوترێ: نوتفەو، دەچێتە نێو منداڵدانی ئافرەتەوە، خواش ناوی لە منداڵدانی ئافرەت ناوەو وەسفی کردوە بە: (قَـرَار مكين)، واتە: نشینگەی قایم، شوێنی تێدا نیشتەجێ بوونی قایم و مەحکەم، (مَكِيْن) لە بنچینەدا بە مانای خاوەن پێگەو هێزو دەسترۆیشتوویە، بەڵام دوایی خوازراوەتەوە بۆ هەر شوێنێکی پتەوو مەحکەم، ﴿ إِلَىٰ قَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴾، هەتا ئەندازەیەکی زاندراو، ﴿ فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ ٱلْقَٰدِرُونَ ﴾، ئێمە توانامان بەسەر ئەوەدا شکاو باشترین توانادارێش بووین، یاخود (قَدَرْنَا) وەك چۆن بە مانای: (توانیمان) دێ، بە مانای: (ئەندازەگیرییمان کرد)یش دێ، کە خوێندراویشەتەوە: (فَقَدَّرْنَا)

واتــە: ئەندازەگیرییــمان کــرد، یاخــود توانامــان بەســەردا شــکا، ئــەو نوتفەیــە، بــەو قۆناغانــەدا تێپەڕێنیــن لــە نێــو ئــەو نشــینگە مەحکەمــەدا، کــە منداڵــدانی ئافرەتــە، ﴿ فَنِعْمَ ٱلْقَٰدِرُونَ ﴾، باشــترین ئەندازەگیرییــکار، یــان باشــترین توانــادار، ئێمــە بوویــن، ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لــەو ڕۆژەدا ســزای ســەخت بــۆ بەدرۆدانــەران، کــە بــەو جــۆرە دروســت بــوون، کەچــی بڕواشــیان بــە دیــداری خــوا نیــەو، بــە ســزاو پاداشــت و زیندووکرانــەوەو لێپرسرانــەوە نیــە!!.

ئنجــا خــوا ســەرنجیان ڕادەکێشــێ بــۆ زەوی: ﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ كِفَاتًا ﴾، ئایــا زەویــمان نەکــردوە بــە بەخــۆوە نووســێنەر، (**كَفَـتَ، يَكْفُـتُ: ضَـمَّ، يَضُـمُّ**)، ئایــا زەویــمان نەکــردوە بــە بــە خــۆوە گوشــەر، ﴿ أَحْيَآءً وَأَمْوَٰتًا ﴾، زینــدووان و مردووان، واتــە: زەوی زینــدووان و مــردووان بەخۆیــەوە دەنووســێنێ، ئەمــەش ئاماژەیــە بــە هێــزی ڕاکێشــان (**جاذبيـة**)ی زەوی، ﴿ وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَٰسِىَ شَٰمِخَٰتٍ ﴾، هەروەهــا لــە نێــو ئــەو زەوییــەدا، شــاخە بــەرزو سەرکەشــەکانمان دانــاون، وشــەی (**رَوَاسي**) کــۆی (**رَاسِي**)ە، بــە مانــای چەســپاو، (**رَوَاسي**)یــش ســیفەتی وەســفکراوێکی قرتێــنراوە، واتــە: (**جِبَـالًا رَوَاسي**) چیایــە چەســپاوەکان، یــانی: چیایــە چەســپاوەکانمان لــە زەویــدا دانــان، ﴿ شَٰمِخَٰتٍ ﴾، واتــە: (**مُرْتَفِعَـات أو عَالِيَـات**) بــەرزو هەڵچــووەکان، لــە زمــانی عەرەبییــدا دەگوتــرێ: (**فُـلَانٌ شَـمَخَ بِأَنْفِـه**) فڵانکــەس لــووتی بــەرز کــرد، یاخــود: ســەری بەرزکــردەوە، ﴿ وَأَسْقَيْنَٰكُم مَّآءً فُرَاتًا ﴾، هەروەهــا ئاوێــکی شــیرین و زوڵاڵــمان بــە ئێــوە نۆشــاندوە، بــاسی ئاوێــکی شــیرین و زەڵاڵ دەکات لەگــەڵ بــاسی چیایەکانــداو، لــە زۆر شــوێنی قورئانــدا، ئــەو دووە پێکــەوە هاتــوون، لەبــەر ئــەوەی ســەرچاوەی هــەرە گرنــگ و ســەرەکیی ئــاوی شــیرین چیایەکانــن، چونکــە زۆرتریــن ڕێــژەی بەفــرو تــەرزەو بــاران لــە چیایــەکان دەبــارێ و، لەوێــدا کــۆ دەکرێتــەوەو عەمبــار دەکــرێ، دوایــی بەشــێوەی کانیــی و ســەرچاوە دێتــەدەرو، دەبێتــە جۆگەلــەو دوایــی جۆگەلــەکان، ڕووبــار پێــك دێنــن و ئــاوی شــیرین پێــك دێ، هەمــوو ئــەو ڕووبارانــەی لــە دنیــادا هــەن، ســەرچاوەکانیان دەگەڕێنــەوە بــۆ چیایــەکان، ڕووبــاری ئەمازۆنــە، نیلــە، دیجلەیــە، فوڕاتــە، ســەیحوونە،

جەیحوونە.،، هەمـوو ئـەو ڕووبـارە گەورانـە، ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لـەو ڕۆژەدا سـزای سـەخت بـۆ بەدرۆدانـەران، واتـە: خوایـەك كـە ئـەو هەمـوو نیعمەتانـەی بـۆ ڕەخسـاندوون، كەچـی ئـەوان دیـداری ئـەو خوایـە بـە درۆ دادەنێـن، یاخـود: پێغەمبـەری ئـەو خوایـە بـە درۆ دادەنێـن، یاخـود: بـە پەیامـی خـوای پـەروەردگار بێبـڕوا دەبـن و بـە درۆی دادەنێـن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سوێند خواردنی خوا بە بایە بە دوای یەکدا نێردراوەکان، وەك بژو یاڵی وڵاخە بەرزە، کە بە توندیی هەڵدەکەن، هەروەها بە فریشتە باڵ بڵاوکەرەوەکان، کە هەق و ناهەق لە یەك هەڵداوێرن، ئنجا بیرخەرەوە بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) دەهاوێن، بۆ بیانوو بڕکردن و ترساندنی خەڵك، کە ئەوەی خوا بەڵێنی پێداون - لە هاتنی ڕۆژی دوایی - ڕاستەو دێتە دی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا ۝١ فَٱلْعَٰصِفَٰتِ عَصْفًا ۝٢ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشْرًا ۝٣ فَٱلْفَٰرِقَٰتِ فَرْقًا ۝٤ فَٱلْمُلْقِيَٰتِ ذِكْرًا ۝٥ عُذْرًا أَوْ نُذْرًا ۝٦ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَٰقِعٌ ۝٧ ﴾.

بەر لەوەی بچینە سەر شیکردنەوەی بڕگەکانی ئەم حەوت ئایەتە موبارەکە، چاوێکی گشتییان پێدا دەگێڕین، هەرچەندە لە مانای گشتییەکەش دا ئەوەی پێویست بوو، بە کورتیی و پوختیی گوتمان، زانایان دەڵێن: ئەو پێنج شتە سوێند پێ خوراوانە: ﴿ وَٱلْمُرْسَلَٰتِ فَٱلْعَٰصِفَٰتِ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ فَٱلْفَٰرِقَٰتِ فَٱلْمُلْقِيَٰتِ ﴾، سێ ئەگەریان هەن:

ئەگەری یەکەم: ئەوەیە کە هەر پێنجیان یەك شت بن، ئەویش دەبێتەوە بە دوو لق:

لقی یەکەم: مەبەست بەو پێنج شتە بایەکانن، ئەو کاتەش مانایەکەیان ئاوای لێ دێتەوە: سوێند بە بایە نێردراوەکان بە دوای یەکدا، کە بە توندیی هەڵدەکەن و، سوێند بە بڵاوکەرەوەکان، کە بڵاودەکەنەوە، (بایەکان هەورەکان بڵاودەکەنەوەو، تۆوەکان بڵاودەکەنەوەو، گڵ و خۆڵ بڵاودەکەنەوە)، و سوێند بە جیاکەرەوەکان، کە جیادەکەنەوە، (بایەکان هەورەکان لێك جیا دەکەنەوە، هەریەکەیان بۆ لایەك دەبەن و، تۆوی گوڵ و گیایەکان جیادەکەنەوەو، تۆزو

خـۆڵ و ئـەو شـتانەی هەڵیاندەگـرن، جیایـان دەکەنـەوە)، ﴿فَٱلْمُلْقِيَٰتِ ذِكْرًا﴾، فرێـدەرانی بیرخـەرەوە (ئـەو بایانـە لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە خـوا ئـەو هەمـوو کارانەیـان پێـدەکات، بیرخـەرەوەو پەنـدو ئامۆژگاریـی بـۆ خەڵـك فرێـدەدەن).

لقـی دووەم: ئەوەیـە کـە مەبەسـت پێیـان فریشـتەکانن، ئـەو کاتـەش ئـاوا مانایـان لێکدەدرێتـەوە: سـوێند بـە فریشـتە بـە دوای یەکـدا نێـردراوەکان و، سـوێند بـە فریشـتەکان کـە بـە خێرایـی دەڕۆن، وەك بـای تونـدو، سـوێند بـە فریشـتەکان کـە باڵەکانیـان بڵاودەکەنـەوەو، سوێند بـە فریشـتەکان کـە لێك جیادەکەنـەوە، (خەڵکی بەهەشـت و دۆزەخ لێـك جیادەکەنـەوە، کاتێـك ڕووحیـان دەکێشـن)و، سـوێند بـە فریشـتەکان کـە بیرخـەرەوە فرێـدەدەن و دەنێـرن بـۆ پێغەمبـەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ**)، ﴿عُذْرًا أَوْ نُذْرًا﴾، بـۆ نەهێشـتنی بیانـوو و بـۆ وریاکردنـەوەو ترسـاندن، ئنجـا وەڵامـی سـوێندەکە: ﴿إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَٰقِعٌ﴾، بـە دڵنیایـی ئـەوەی بەڵێنتـان پێـدەدرێ، داکەوتوویـە، دێ و ڕوودەدات.

ئەگـەری دووەم: ئەوەیـە کـە ئـەو پێنـج سـوێند پێخـوراوە مەبەسـت پێیـان دوو جـۆرە شـتن:

یەکـەم و دووەم: بایەکانـن، سـێیەم و چـوارەم و پێنجـەم: فریشـتەکانن، بـە بەڵگـەی ئـەوە دوای ئـەوەی خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا﴾، یەکسـەر دەفەرمـوێ: ﴿فَٱلْعَٰصِفَٰتِ عَصْفًا﴾، سـوێند بـە بایـە نێـردراوەکان بـە دوای یەکـدا، ئنجـا: ﴿فَٱلْعَٰصِفَٰتِ عَصْفًا﴾، ئـەو بایانـەی بـە توندیـی هەڵدەکـەن، بـە هەڵکـردن، ئنجا مـادام بـە (ف) بادراوەتـەوەو گێڕدراوەتـەوە سـەر ئـەوەی پێشـێ، کەواتـە: ئـەو دووانـە یـەك شـتن.

سێیەکەی دیکـەش: ﴿وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشْرًا﴾، سـوێند بـە فریشـتەکان کـە بڵاودەکەنەوە، باڵەکانیـان بـڵاو دەکەنەوە، یاخـود هـەورەکان بڵاودەکەنـەوە، ﴿فَٱلْفَٰرِقَٰتِ فَرْقًا﴾، ئنجا فریشـتە جیاکـەرەوەکان بـە جیاکردنـەوە، هـەورەکان لێـك جیادەکەنـەوە، یاخـود

ڕووحی چاکەکاران و خراپەکاران لێك جیا دەکەنەوەو هەر کامێکیان بۆ شوێنی خۆی بەڕێدەکەن، ﴿ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴾، ئنجا سوێند بە فریشتەکان کە بیرخەرەوە فڕێدەدەن و دەهاوێن، بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**)، ﴿ عُذۡرًا أَوۡ نُذۡرًا ﴾، هەم بۆ بیانوو نەهێشتن و، بیانوو بڕاو کردن، هەم بۆ ئاگادارکردن و ترساندن، ﴿ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَٰقِعٞ ﴾، بە دڵنیایی ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ، ڕاستەو دێتە دی.

ئەگەری سێیەم: ئەوەیە کە سوێند پێخوراوەکان سێ شت بن: یەکەم و دووەم: بایەکان بن، سێیەم و چوارەم: فریشتەکان بن، پێنجەمیش: مەبەست پێی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم**) بن.

ئەوەی منیش بەڕاستری دەزانم ئەوەیە:

کە یەکەم و دووەم: مەبەست پێیان بایەکانن، سێیەم و چوارەم و پێنجەمیش: مەبەست پێیان فریشتەکانن، هەندێك لە توێژەرەوانی قورئانیش ئەو ڕایەیان هەڵبژاردوە، وەك: (**الشيخ حسن محمد مخلوف**) لە کتێبی (**صفوة البيان لمعاني القرآن**)[1]، هەروەها (**إبن عاشور**)یش هەر ئەو ڕایەی هەڵبژاردووەو، بەڵگەشیان بەوە هێناوەتەوە:

کە دووەم بادراوەتەوە سەر یەکەم بە (**ف**) ی یەکسەر بە دوای یەکداهاتن (**فاء التعقيب**)، هەروەها چوارەم و پێنجەمیش گێڕدراونەوەو بادراونەوە بۆ سەر سێیەم، ئەوانیش هەر بە (**فاء التعقيب**)، بەڵام بێگومان ڕایەکانی دیکەش کەم و زۆر دەگونجێ بەڵگەیان بۆ بهێنرێتەوە.

---

(١) ص ٧٧١.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿وَٱلْمُرْسَلَٰتِ عُرْفًا﴾، سوێند بە نێرراوە بە دوای یەکدا هاتووەکان، (**مُرْسَلات**) کۆی (**مُرْسَلَة**)یە، واتە: نێردراو، ڕەوانەکراو، (**عُرْف**) واتە: بەڕیز، بە دوای یەکداهاتوو، (**العُرْفُ: أي الشَّعْرُ الَّذِي عَلَى رَقَبَةِ الْفَرَسِ وَنَصْبُهُ عَلَى الْحَالِ، أَيْ كَالْعُرْفِ فِي تَتَابُعِ البَعْضِ لِبَعْضٍ، أو عُرْفاً مَصْدَرٌ بِمَعْنَى المَفْعُولِ، أَيْ مَعْرُوفٌ «ضِدّ الْمُنْكَرِ»، وَأَنَّ نَصْبَهُ عَلَى الْمَفْعُولِ لِأَجْلِهِ، أَيْ لِأَجْلِ الإِرْشَادِ وَالصَّلَاحِ**)، (**مُرْسَلَات**) واتە: نێردراوەکان، (**عُرْف**)یش بەو مووانە دەگوترێ کە لەسەر گێزەکەی وڵاخە بەرزەن: ئەسپ و مایین و ئێستر، کە پێشیان دەگوترێ: بژ، یاڵ ، ئنجا ئەمە لە ڕووی ڕێزمانییەوە شوێنی لە ئیعراب دا حاڵە واتە: لە حاڵێکدا ئەو نێردراوانە وەك یاڵ و بژی وڵاخە بەرزە، بە دوای یەك دا ڕیز بوون، یاخود: وەك پۆپڕەی کەڵەشێر بە دوای یەك دا ڕیز بوون، ئەو قیتکانەی[1] پۆپڕەی کەڵەشێر پێك دێنن، یاخود (**عُرْفاً**) لێرەدا چاوگە، بەڵام بە مانای بەرکار (**مفعول به**)ەو، جۆرەکەشی بەرکاری پێناو (**الْمَفْعُولِ لِأَجْلِهِ**) یە، واتە: ئەو نێردراوانەی بە مەبەستی ڕێنماییکردن و چاککردن دەنێردرێن، ئنجا ئەگەر فریشتەکان بن، ئەوە دیارەو، ئەگەر بایەکانیش بن واتە: بە مەبەستی چاککردن و بۆ چاکەو پەسندیی دەنێردرێن و بەرژەوەندیی خەڵك دابین دەکەن.

لێرەدا (**الشیخ حسن محمد مخلوف**) ڕەحمەتی خوای لێبێ لە تەفسیرەکەی خۆیدا (**صفوة البیان لمعاني القرآن**) دەڵێ: (**يُقَالُ وَطَارَ القَطَا عُرْفاً عُرْفاً: بَعْضُها خَلْفَ بعضٍ وَالمَعْنَى عَلَى التَّشْبِيْهِ أي: حَالَ كَوْنِهَا فِي تَتَابُعِهَا وَتَلَاحُقِهَا كَعُرْفِ الفَرَسِ وَنَحْوِهَا وَهُوَ مَنْبَتُ الشَّعْرِ مِنَ العُنُقِ**)[2]، واتە: لە عەرەبییدا دەگوترێ: (**قَطَا**) {یان پۆرە یان باڵندەیەکە وەك پۆڕ}، بە دوای یەك دا فڕین، ئەگەر هەندێکیان بە دوای هەندێکیان کەوتن، (قازو مراویی و قەلیش بە دوای یەك دەکەون)،

---

(١) قیتکان: کۆی (قیتکە)یە بەو پارچە گوشتە بە دوای یەکدا ڕیزبووەکانی پۆپڕەی کەڵەشێر، کەڵەباب، دەگوترێ.

(٢) ص ٧٧١.

لێرەدا مەبەست پێی وێچواندنە، واتە: لە حاڵێکدا ئەو نێردراوانە، لە بە دوای یەکدا هاتن و بەیەکەوە پەیوەست بوونیان، وەك یاڵ و بژی ولاخە بەرزەو وێنەی ئەوەن، {یان پۆپرەی کەڵەشێر}، مەبەست لە (عُرْف)یش ئەو شوێنەیە لە مل کە مووەکانی لێ دەڕوێن، (بە کوردیی دەگوترێ: گێزەکە، یان پشتە مل).

٢)- ﴿ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفٗا ﴾، لە حاڵێك دا زۆر بە توندیی هەڵدەکەن، مادام بە پیتی (ف) بادراوەتەوە، سەر (مُرْسَلَاتِ) کەواتە: (عاصفات)یش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، یاخود سیفەتی (مُرْسَلَات)ە، ئەو نێردراوانەی بە دوای یەك دا دەنێردرێن ﴿ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفٗا ﴾، لە حاڵێکدا بە توندیی هەڵدەکەن، کە بایەکانن، ﴿ فَٱلۡعَٰصِفَٰتِ عَصۡفٗا ﴾، (تَفْرِيْعٌ عَلَى «الْمُرْسَلَاتِ» أي: تُرْسَلُ فَتَعْصِف)، لق لێکردنەوەیە لە (مرسلات)، یانی: ئەو بایانە دەنێررێن ، ئنجا بە توندیی هەڵدەکەن، (عَصْف) بە مانای: کاو پوش و پەڵاش دێ، ئنجا با کە بە قووەت هەڵبکات، پووش و پەڵاش و کا لەگەڵ خۆی ڕادەدات.

٣)- ﴿ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرٗا ﴾، سوێند بە بڵاوکەرەوەکان بە بڵاوکردنەوە، بە پێی ئەو ڕایەی ئێمە هەڵمانبژارد، دووەکەی پێشێ بایەکان بوون، سێیەکەی دواییش مەبەست پێیان فریشتەکانن، یانی: هەروەها سوێند بە فریشتەکانی کە بڵاودەکەنەوە، بە بڵاوکردنەوە، چی بڵاو دەکەنەوە؟ (والنَّاشِرَات أَجْنِحَتُهُنَّ نَشْراً)، باڵەکانیان بڵاودەکەنەوە لە کاتی فڕین دا، یاخود ﴿ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرٗا ﴾، واتە: هەورەکان بڵاودەکەنەوە، یان تۆوەکان بڵاودەکەنەوە هی گیاو گوڵ و ڕووەکەکان، یان تۆزو خۆڵەکان بڵاودەکەنەوە، (نَشْراً) بە بڵاوکردنەوە.

٤)- ﴿ فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا ﴾، ئنجا لە حاڵێکدا کە بڵاو دەکەنەوە، جیاش دەکەنەوە بە جیاکردنەوە، (ف)ی ﴿ فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا ﴾، دیسان پەیوەست دەبێتەوە بە: ﴿ وَٱلنَّٰشِرَٰتِ نَشۡرٗا ﴾ەوە، جیاش دەکەنەوە بە جیاکردنەوە، واتە: ئەهلی بەهەشت و ئەهلی دۆزەخ لێك جیادەکەنەوە، یان ئەوانەی سەلامەت دەبن، سزا نادرێن و، ئەوانەی سزا دەدرێن، لێکیان جیا دەکەنەوە، کاتێ ڕووحەکانیان دەکێشن و بەرەو قۆناغی بەرزەخ بەڕێدەکرێن، یاخود: ﴿ فَٱلۡفَٰرِقَٰتِ فَرۡقٗا ﴾، ئەو فریشتانەی هەورەکان، یاخود بژیوەکان بڵاودەکەنەوە بە شوێنەکان دا لەسەر زەوی.

٥)- ﴿ فَٱلۡمُلۡقِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴾، هەروەها فرێدەرەکانی بیرخەرەوە، ئەو فریشتانەی بیرخەرەوە فرێدەدەن، وشەی (فرێدان)یش لەبەرئەوەیە کە لە سەرێوە لە خوای پەروەردگارەوە وەحیی دێنن بۆ پێغەمبەران، (**الإِلْقَاءُ مُسْتَعَارٌ لِتَبْلِيغِ الذِّكْرِ مِن الْعَالَمِ الْعُلْوِيِّ إِلَى أَهْلِ الْأَرْضِ، أو الرِّيَاحِ مِن خَلَال إِنْزَال المَاءِ مِنْ السَّمَاء تُلْقِي الذِّكْرَ وَالذِّكْرَى فِي قُلُوبِ النَّاسِ وَعُقُولِهِم**)، (**إلقَاء**): لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ گەیاندنی بیرخەرەوە لە جیهانی سەرێوە (جیهانی فریشتەکانەوە) بۆ خەڵکی سەر زەوی، (ئەگەر فریشتەکان مەبەست بن، لەسەر ئەو ڕایەش کە دەڵێ: مەبەست بایەکانە)،یان ئەو بایانەی لە کاتێکدا ئاو لەسەرێوە دادەبەزێنن، لەو میانەدا بیرخەرەوەو پەند فرێدەدەنە نێو عەقڵ و دڵی خەڵك.

یانی: خوا ئەو بایانەی ناردوون، ئەو هەموو ئەرك و کارە گەورەو گرنگانەی ژیانی بە شەرو ئاژەڵ و ڕووەك هەمووی بەوانەوە پەیوەستە، ئەو هەموو کارە گرنگانە ئەنجام دەدەن، ئەگەر بایەکان نەبن، ئەو هەڵمەی لەسەر زەریاو ئۆقیانووسەکان بەرز دەبێتەوە، کە بە تیشکی خۆر پەیدا دەبێ، بە چی دەگاتە وشکانیی و بە تایبەت شوێنە بەرزەکان، کە دوایی دەبێتە هەوری متوربەکراوو دواتریش باران و بەفرو تەرزەو دادەبەزێتە خوار، دوایی ئاوی شیرین بە زەویدا بڵاوبێتەوە، کە هەموو ژیانداران و ڕووەك و لە نێویان دا مرۆڤیش ژیانی پەیوەستە بەو ئاوە شیرین و زوڵاڵەوە؟!.

٦)- ﴿ عُذۡرًا أَوۡ نُذۡرًا ﴾، بۆ لابردنی بیانوو و بۆ ترساندنیش، (**عُذْرًا**) خوێندراویشەتەوە: (**عُذُرًا**)، هەروەها (**نُذْرًا**)یش خوێنراوەتەوە: (**نُذُرا**)، هەردووك شێوە خوێندنەوەکان هاتوون، (**عُذْرًا: لِلإِعْذَارِ بِمَعْنَى إِزَالَةِ أَعْذَارِ الخَلْقِ، عَلَى حَدِّ قَوْلِهِ تَعَالَى**: ﴿ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِ ﴿١٦٥﴾ ﴾النساء، (**وَنُذْرًا: لِلإِنْذَارِ وَالتَّخْوِيْف من العِقَاب عِنْدَ العِصْيَان**)، (**عُذْرًا**) بۆ (**إِعْذَار**)، یانی: لابردنی بیانووەکانی خەڵك، وەك فەرمایشتی خوای بەرز [کە لە ئایەتی (١٦٥) سوورەتی (**النساء**)دا، دوای ئەوەی ناوی دوازدە لە پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) دێنێ، دەفەرموێ:] ﴿ رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا ﴿١٦٥﴾ ﴾النساء،

واتە: پێغەمبەرانێکی دڵخۆشکەرو ترسێنەرن، تاکو لە دوای پێغەمبەران خەڵك بەڵگەی نەبێ لەسەر خوا، لێرەش (عذراً) واتە: بۆ ئەوەی خەڵك بیانووی نەبێ، بۆیە فریشتەکان وەحیی دێنن و فڕێدەدەن بۆ پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) پەیامی خوا دێنن بۆ ئەوەی خەڵك بیانوو بڕاو بکەن و، بەڵگەو پاساویان نەمێنێ، دوایی بڵێن: ئەی خوایە! نەمانزانی چۆنت بپەرستین، چۆن بەندایەتیی بۆ تۆ بکەین و، ژیانی دنیا بە شێوەیەك بگوزەرێنین شایستەی مرۆڤ بێ و، جێگای پەسەندیی و ڕەزامەندیی تۆ بێ!

(نُـذْرًا) واتـە: بـۆ ترسـاندن و ورياکردنـەوە لە سـزاو تۆڵەی خـوا، لە کاتی سـەرپێچیی و لادان و تاوان دا.

(الطـبري) ئـاوا ئـەو دوو وشـەیەی دوایـی، مانـا دەکات: (فَالْمُلْقِيَـات ذِكْـرًا إِلَى الرُّسُـل إِعْـذَارًا مِـنَ اللـهِ إلى خَلْقِـهِ وَإِنْـذَاراً مِنْـهُ لَهُـمْ)، واتـە: فڕێـدەرانی بیرخـەرەوە بـۆ لای پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام)، (کـە فریشـتەکانن) بـۆ ئـەوەی لەلایـەن خـواوە، خەڵـك بیانـوو بـڕاو بکـرێ و، لـە لایـەن ئـەوەوە بترسـێنرێن و هۆشـیار بکرێنـەوە، ئـەوە ئامانجـی فڕێـدان و نـاردنی بیرخـەرەوە (ذِكر)یـە لەلایـەن فریشـتەکانەوە، کـە خـوا بـە فریشـتەکاندا ناردوویـەتی بـۆ پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام) ئامانجەکە ئەوەیـە: خەڵـك بیانـوو بـڕاو بکـرێ و بترسـێنرێ و وریـا بکرێنـەوە، لـەو سـەرەنجامەی چاوەڕێیـان دەکات.

ئنجـا ئایـا وەڵامـی سـوێندەکە واتـە: سـوێند لەسـەر خوراوەکـە (مُقَسَـم عَلَيْـه) بریتیـە لـە چـی؟

٧)- ﴿ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَاقِعٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ هاتووە دی و ڕاستە، (إِنَّمَا) هەرچەندە لە ڕێنووسی (مصحف)دا بەیەکەوە لکێندراوەو، ئەگەر کەسێك شارەزا نەبێ، وادەزانێ (إِنَّمَا) لێرەدا ئامرازی کورتهەڵێنان و چەسپاندن (أَدَاةُ الحَصْرِ وَالإِثْبَات)ە، وەك: (إِنَّمَا الرَّجُل مُحَمَّد) تەنیا موحەممەد پیاوە، بەڵام لێرەدا ئەم (إِنَّمَا)یە دوو پیتە: (إِنَّ)ە، لەگەڵ (مَا)، (إِنَّ)ە پیتی جەختکردنەوەیە، (مَا)ش (مَا الموصولة)یە واتە: (إِنَّ الَّذِي

تُوَعَدُون) بە دڵنیایی ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ، (**لَوَاقِع**)، (**وَقَع**) واتە: (**سَقَط وَحَدَث**) ڕوویدا، کەوت، (**لَوَاقِع**) واتە: دێتە دی، هاتووەدییە، ئەمە وەڵامی سوێندەکەیە.

ئنجا (**الطبري**) دەڵـێ: (**إِنَّ الَّـذِي تُوعَـدُونَ أَيُّهَـا النَّـاسُ! مِـنَ الأُمُـورِ لَوَاقِـعٌ، وَهُـوَ كَائِـنٌ لَا مَحَالَـةَ، يَعْنِـي بِذَلِـكَ يَـوْمَ القِيَامَـةِ، وَمَـا ذَكَـرَ اللَّـهُ أَنَّـهُ أَعَـدَّ لِخَلْقِـهِ يَوْمَئِـذٍ مِـنَ الثَّـوَابِ وَالْعَـذَابِ**)، واتـە: ئـەی خەڵکینـە! ئـەوەی بەڵێنتـان پێـدەدرێ، لـە کارەکان، دێتـەدی، هیـچ بـواری (نەهاتنـە دی) تێدانیـە، ڕۆژی قیامـەت دێتـە دی، ئـەوەی خـوا بـاسی کـردوە کـە بـۆ خەڵـکی ئامـادە کـردوە لـەو ڕۆژەدا، لـە پاداشـت و لـە سـزا. (دڵنیابـن دێتـە دی، سـوێند بـەو شـتانە).

خـوا پشـتیوان بـێ لـە کاتی تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**النازعـات**)دا کـە پێـی دەگەیـن، باسـێك لـە بـارەی سـوێندەکانی کـە لـە قورئانـدا هاتـوون، دەکەیـن، باسـێکی تێـرو تەسـەل، ئـەو سـوێندانەی خـوا ﷻ لـە قورئـان دا خـواردوونی، لێـرەدا خـوا سـوێندی بـە پێنـج شـتان خـواردوە، یـان بـە دوو جـۆرە شـتان کە پێنـج سـیفەتیان هەن، سـوێند خواردنیـش بـۆ دڵنیاکردنـەوەی لایـەنی بەرانبـەرە، چونکـە کـە سـوێند لەسـەر شـتێك دەخـورێ واتـە: ئـەی لایـەنی بەرانبـەر! دڵنیابـە ئـەو شـتە ئاوایـە، لێـرەش دا سـوێند لەسـەر خوراوەکـە بریتیـە لـەوە: خەڵکینـە! ئـەوەی بەڵێنتـان پـێ دەدرێ و گفتتـان پـێ دەدرێ، هاتۆتـەدی، دێتـە دی و چەسـپاوە.

مەسەلەی دووەم:

چەنـد ڕووداوێـك كـە لـە ڕۆژی دواییـدا دەقەومێـن: كوژانـەوەی ئەسـتێران و، شـەقبوونی ئاسـمان و، هەڵكەنـدران و هـاڕدرانی چیایـەكان و، كات دیاریكـران بـۆ ئامادەبـوونی پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام) كـە بـۆ ڕۆژی لێـك جیاكردنـەوە دواخـراون، لـەو ڕۆژەشـدا هـاوارو سـزای سـەخت بـۆ بەدرۆدانـەرانی دیـداری خـوا:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِذَا ٱلنُّجُومُ طُمِسَتۡ ﴿٨﴾ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ ﴿٩﴾ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ نُسِفَتۡ ﴿١٠﴾ وَإِذَا ٱلرُّسُلُ أُقِّتَتۡ ﴿١١﴾ لِأَيِّ يَوۡمٍ أُجِّلَتۡ ﴿١٢﴾ لِيَوۡمِ ٱلۡفَصۡلِ ﴿١٣﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ ﴿١٤﴾ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴿١٥﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ فَإِذَا ٱلنُّجُومُ طُمِسَتۡ ﴾، هەر كاتێك ئەستێرەكان سڕانەوە، (**طَمْس**) بە مانای سڕینەوەو لابردنی شتێك دێ، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (**النساء**)دا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلۡنَا مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبۡلِ أَن نَّطۡمِسَ وُجُوهٗا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدۡبَارِهَآ أَوۡ نَلۡعَنَهُمۡ كَمَا لَعَنَّآ أَصۡحَٰبَ ٱلسَّبۡتِۚ وَكَانَ أَمۡرُ ٱللَّهِ مَفۡعُولًا ﴿٤٧﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی كتێبیان پێدراوە! بڕوا بێنن بەوەی دامانبەزاندوە (بۆ سەر پێغەمبەرەكەمان) بە ڕاستدانەری كتێبەكانی گەڵ ئێوەشە، بەرلەوەی دەم و چاوانێك بسڕینەوە، ئنجا هەڵیانگێڕینەوە بۆ پشتەوە، (لە جیاتی ڕوویان لە پێشەوە بێ، ڕوویان لە دواوە دەبێ)، (**الطَّمْسُ: الإِزَالَة**)، ﴿ فَإِذَا ٱلنُّجُومُ طُمِسَتۡ ﴾، (**طَمْس**) واتە: لابردن، (**الطبري**) دەڵێ: (**أَي: ذَهَبَ ضِيَاؤُهَا فَلَمْ يَكُن لَهَا نُورٌ وَلَا ضَوْءٌ**) واتە: ڕۆشناییەكەی نەما، نە ڕووناكیی ماو، نە تیشكی.

٢)- ﴿ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ ﴾، هەروەها كاتێك ئاسمان كرایەوە، ئاسمان لەت و پەت بوو، (**الفُرْجَةُ: الفَتْحَةُ فِي الجِدَارِ وَنَحْوِه**)، (**فُرْجَة**) بە درزێك كەلێنێك دەگوترێ، كە لە دیوارو جگە لە دیواریش دا دەبێ.

(الطبري)ی (فُرِجَت)ی ئاوا لێکداوەتەوە: (شُقِّقَت، صُدِعَت)، لەت و پەت بوو، قڵیشا.

٣)- ﴿ وَإِذَا ٱلْجِبَالُ نُسِفَتْ ﴾، هەروەها کاتێك چیایەکان هەڵکەندران، (الطبري) گوتوویەتی: (نُسِفَت مِنْ أَصْلِهَا فَكَانَتْ هَبَاءً مُنْبَثًّا)، لەسەر بناغەکەیان هەڵقەندران، بوونە تۆزو گەرد، (وَالنَّسْفُ: قَلْعُ أَجْزَاءِ الشَّيْءِ بَعْضِهَا عَنْ بَعْضٍ وَتَفْرِيقُهَا وَنَسْفُ الجِبَالِ: دَكُّهَا)، (نَسْف): بریتیە لەوەی بەشەکانی شتێك لێك جیابکرێنەوەو هەڵبقەندرێن و بڵاوبکرێنەوە، (وَنَسْفُ الجِبَال: دَكُّهَا)، مەبەست لە: (نَسْف الجبَال) وردوخاشکرانیانە.

٤)- ﴿ وَإِذَا ٱلرُّسُلُ أُقِّتَتْ ﴾، هەروەها کاتێك پێغەمبەران کاتیان بۆ دیارییکرا، (أُقِّتت) بە دوو جۆری دیکەش خوێندراوەتەوە: (وُقِّتَت) و (وقِتَتْ)، (الزمخشري) ئاوای لێکداوەتەوە: (أي بَلَغَت مِيْقَاتَهَا)، واتە: پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) گەیشتنە ژوانگەی خۆیان، ئەو کاتەی بۆیان دیارییکراوە، هەندێکیش (أُقِّتَت)یان ئاوا لێکداوەتەوە: (وقِتَت وَعُيِّن لَهُم الوَقْت الَّذِي يَحْضُرُونَ لِلشَّهَادَة عَلَى أُمَمِهِمْ)، واتە: ژوانگەیان بۆ داندراو ئەو کاتەیان بۆ دیارییکرا، کە ئامادە دەبن بۆ شایەدییدان لەسەر کۆمەڵەکانی خۆیان.

٥)- ﴿ لِأَيِّ يَوْمٍ أُجِّلَتْ ﴾، بۆ چ ڕۆژێك پێغەمبەران دواخراون؟ (أُجِّلَت: أُخِّرَت) دواخراون، (وُقِّتَت) ژوانگەیان بۆ داندراوە، (أُجِّلَت) واتە: (أُحْضِرَتْ فِي الوَقْتِ المُعَيَّن) لە کاتی دیارییکراودا ئامادە کران، (أُجِّلَت) واتە: (جُمِعَت لِوَقْتِهَا) کۆکرانەوە لە کاتی دیارییکراودا، کە دەشفەرموێ: ﴿ لِأَيِّ يَوْمٍ أُجِّلَتْ ﴾، ئەمە بۆ سەرسوڕماندن و زەبەلاح و ترسناك و دژوار پێشاندانی ئەو ڕۆژەیە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ لِأَيِّ يَوْمٍ أُجِّلَتْ ﴾، ئەمە بەڕواڵەت پرسیارکردنە، بەڵام مەبەست پێی سەرسوڕماندن و سامناك پێشاندانە.

٦)- ﴿ لِيَوْمِ ٱلْفَصْلِ ﴾، بۆ ڕۆژی لێك هەڵاواردن (ئەو پێغەمبەرانە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) دواخراون و ژوانگەیان بۆ داندراوە)، (أُجِّلَت) سێ مانای هەن: أ- دواخستن، ب- ژوانگە بۆ دانران. ج- مۆڵەت دران. وشەی (أُجِّلَت) لە (أجَل)ەوە هاتوە، (الأَجَل: المُدَّةُ المَضْرُوبَةُ للشَّيء)، (أَجَلْ)کاتێکی دانراوە بۆ شتێك.

٧)- ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ ﴾، چ شتێك بە تۆی زانادوە ڕۆژی لێكجیاكردنەوە چییە! یان: چ شتێك وایكردوە بزانی ڕۆژی جیاكردنەوە چییە؟

٨)- ﴿ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت (یان هاوار) بۆ بەدرۆدانەرانە، واتە: بەدرۆدانەرانی ڕۆژی دوایی و، پێغەمبەرانی خوا (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) و فەرمایشتی خوا.

ئەگەر تەماشای كۆی ئەو ڕووداوانە بكەین:

١- كوژاندنەوەی ئەستێرەكان و خەفەبوون و ون بوون و تاریك داهاتنیان.

٢- كرانەوەی ئاسمان و لەت و پەت بوونی.

٣- هەڵقەندرانی چیایەكان و هاڕدران و وردو خاش بوونیان.

٤- ژوانگە داندران بۆ پێغەمبەران، (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)و كات بۆ دیارییكرانیان، ئەم چوار ڕووداوە، دابەش دەبن بە سەر كۆی ڕۆژی دواییدا، بە هەردووك قۆناغی (**ساعة**) و (**قيامة**)وە، (**سَّاعَة**) واتە: ئاخیر زەمان، ئەو ڕۆژەی ئەم گەردوونەی تێدا دەپێچرێتەوەو كۆتایی دێ و، ژیانی دنیا تەواو دەبێ، (**قِيَامَة**) واتە: ئەو ڕۆژەی ژیانێكی دیكەو قۆناغێكی دیكەی ژیان دەست پێ دەكات، كە بریتیە لە هەڵسێندرانەوەی مردووان و، زیندووكرانەوەیان و ئامادەكرانیان بۆ سزاو پاداشت، چونكە:

أ- كوژێنرانەوەی ئەستێرەكان و شۆق نەمانیان و تاریك داهاتنیان.

ب- هەروەها كرانەوەی ئاسمان و لەت و پەت بوونی و، هەڵقەندرانی چیایەكان، ئەوانە هەموویان لە قۆناغی یەكەم دان كە بریتیە لە (**سَاعَة**).

بەڵام دووەكەی دیكە: أ- ژوانگە دانان بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)و، ب- ئامادەكرانیان بۆ ڕۆژی لێكهەڵاواردن، دەكەونە (**قِيَامَة**) واتە: قۆناغی دووەمی ڕۆژی دواییەوە، كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ ﴾، (**الطبري**) ناوای لێكداوەتەوە:

(وأيّ شيء أَدْرَاك يَا مُحَمَّد ﷺ! مَا يَوْم الْفَصْل، مُعَظِّماً بِذَلِكَ أَمْره، وَشِدَّة هَوْله)، ئەی موحەممەد ﷺ! چ شتێك بە تۆی زاناندوە تۆ بزانی ڕۆژی لێکجیاکردنەوە چییە؟! (خوا وایفەرمووەو ئەم پرسیارەی کردوە) بۆ بە مەزنگرتنی حاڵی ئەو ڕۆژەو، سەخت پێشاندانی ترسناکییەکەی.

﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەران، واتایەکە ئاوای لێدێتەوە: (إِذَا حَصَلَ كَذَا وَكَذَا، حَلَّ الوَيْلُ لِلمُكَذِّبِينَ)، ئەگەر فڵان شتەو فڵان شتە ڕوویدا، لەو ڕۆژەدا، سزای سەخت دێتە سەر بەدرۆدانەران.

(قتادة)ش دەڵێ: پرسیارکردنەکە لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا يَوْمُ ٱلْفَصْلِ ﴾، چ شتێك بە تۆی زاناندوە، ڕۆژی لێکجیاکردنەوە چییە؟ وەك (الطبري) بە ژمارە (٣٦٠٤٩) لێوەی هێناوە: (تَعْظِيْماً لِذَلِكَ اليَوْم) بۆ بە مەزنگرتن و بە مەزن پێشاندانی ئەو ڕۆژەیە (ئەو پرسیارکردنە)، یان: بۆ سەرسوڕماندنە لە ترسناکیی و مەزنیی ئەو ڕۆژە.

دیارە وشەی (وَيْل) کە لەم سوورەتە موبارەکەدا دە جاران دووبارە بۆتەوە، لەو ڕستە موبارەکەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، کە دە (١٠) جاران لەم سوورەتە موبارەکەدا دووبارەبۆتەوە، (وَالْوَيْلُ: أَشَدُّ السُّوءِ وَالشَّرّ)، (ويل) یانی: خراپترین زیان و، خراپترین شتی ناخۆش، هەروەها (وَيْل) بە مانای (الهَلَاك) فەوتان و لە بەین چوون، دێ.

(الطبري) دەڵێ: (وَالْوَيْلُ: الْوَادِي الَّذِي يَسِيلُ فِي جَهَنَّم مِنْ صَدِيدِ أَهْلِهَا، لِلْمُكَذِّبِينَ بِيَوْمِ الْفَصْلِ، يَوْم الْفَصْل)، واتە: (وَيْل): دۆڵێکە شیوێکە زووخاوی خەڵکی دۆزەخی پێدا دێتە خوار، ئنجا ئەو سزایە بۆ بەدرۆدانەرانی ڕۆژی لێك جیاکردنەوەیە، لە ڕۆژی لێك جیاکردنەوەدا.

حیکمەتی دووبارەبوونەوەی ڕستەی: ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾:

زانایـان لـەو بـارەوە کـە ئایـا حیکمـەتی چییـە، خـوا ﷻ لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا دە جـاران ئـەو ڕسـتەیەی دووبـارە کردۆتـەوە: ﴿ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴾، لـەو ڕۆژەدا (وَیْـل) بـۆ بەدرۆدانـەران؟ (وَیْـل) چ بـە مانـای سـەختترین سـزا بـێ، چ بـە مانـای فەوتـان بـێ، چ بـە مانـای دۆڵ و شـیوێك بـێ لـە دۆزەخـدا کـە جەڕاحـەت و کێـم و زووخـاوی جەسـتەی دۆزەخییـەکانی پێـدادێ، چ بـە مانـای هـاوار بـێ، هـاوار بـۆ فڵانکـەس، واتـە: دەردێـکی بەسـەر بـێ هـاوار بـکات، زانایـان زۆر قسـەیان لـەو بارەوە کـردوە، ئایـا حیکمـەتی چییـە ئـەو ڕسـتەیە دە (١٠) جـاران دووبـارە بۆتـەوە؟

أ)- هەندێکیان گوتوویانە: تەنیا بۆ جەختکردنەوەیە، واتە: خوا ﷻ ئەو ڕستەیەی دە جاران دووبارە کردۆتەوە بۆ جەختکردنەوەی ئەوە، کە لەو ڕۆژەدا ئەوانەی پەیامەکانی خوا، دیداری خوا، پێغەمبەرانی خوا، بە درۆ دادەنێن، سزای سەختیان بۆ هەیە.

هەڵبەتـە دووبـارە کردنـەوەش بـۆ داکۆکییکـردن و تۆخکردنـەوە، عادەتێـکی نـەك هـەر زمـانی عەرەبییـە، بەڵکـو هەمـوو زمانەکانـە، وەك پێشـتریش لـە سـوورەتی (القِيَامَـة)دا هێنامـان: ﴿ أَوۡلَىٰ لَكَ فَأَوۡلَىٰ ٣٤ ثُمَّ أَوۡلَىٰ لَكَ فَأَوۡلَىٰٓ ٣٥ ﴾القیامـة.

ب)- ئەم ڕستەیە کە دووبارەبۆتەوە: ﴿ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴾، مەبەست پێی سزای تازەیە لەسەر هەر کام لە تاوانی بە درۆدانانی ڕاستییەکان، چونکە ئەو دە (١٠) جارە کە هاتوە، هەر دە جارەکان لە دوای خستنە ڕووی ڕاستییەکە:

جـاری یەکـەم: خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: کاتێـك ڕۆژی دوایـی هـات بـە هـەردوو قۆناغـی ئاخیـر زەمـان و قیامەتـەوە، لـەو ڕۆژەدا سـزای سـەخت بـۆ بەدرۆدانەرانـە، بەدرۆدانـەرانی ئـەو ڕۆژە.

جـاری دووەم: بـاسی فەوتانـدنی گەلـە پێشـووەکانە، ئنجـا بەدواخسـتنی گەلـە دواییەنەکانـە، کـە لـە ئەنجامـی یاخییـوون و سـەرپێچییکردنیاندا لـە خـوا، سـزای دان و فەوتانـدوونی.

جاری سێیەم: لە دوای ئەوەیە کە خوا سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ: چۆنی دروستکردوون؟ ئنجا مادام خوا ﷻ ئاوای دروست کردوون، سزای سەخت بۆ ئەوانەی دیداری خوا بە درۆ دادەنێن، خوایەك بەو هەموو قۆناغانەدا تۆی تێپەڕاندبێ، دەشتوانێ زیندووت بکاتەوە.

جاری چوارەم: لە دوای سەرنج ڕاکێشانی مرۆڤەکانە بۆ زەوی، کە چۆن خوا وایلێکردوە بەخۆیانەوە بگووشێ بە زیندوویی و بە مردوویی، پاشان چیا سەرکەشەکان و، دوایی ئاوی شیرین و زوڵاڵ.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ﴾، واتە: سزای سەخت بۆ ئەو بەدرۆدانەرانەی لەگەڵ ئەوەش دا خوا ﷻ ئەو هەموو نیعمەت و چاکانەی پێداون، کەچی دیداری خواو بەڵێنی خوا بە درۆ دادەنێن.

هەروەها شەش (٦) جارەکەی دیکەش بە هەمان شێوە، وەك دوایی پێیان دەگەین.

منیش ئەو ڕایەی دووەمم زیاتر بە دڵەوە دەنووسێ، چونکە هەر جارێك خوا ﷻ ئەو وشەیەی دووبارە کردۆتەوە، شتێکی تازە باسکراوە، ئەوەش دەخوازێ کە هەر کەس دیداری خوا، یان پەیامی خوا، یان پێغەمبەرانی خوا، یان ڕۆژی دوایی، بەدرۆ دابنێ، شایستەی سزای سەخت بێ.

(الشوكاني) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەڵێ: (**وَكَرَّرَ هَـٰذِهِ الْآيَةَ فِي هَـٰذِهِ السُّورَةِ لِأَنَّهُ قَسَّمَ الْوَيْلَ بَيْنَهُمْ عَلَى قَدْرِ تَكْذِيبِهِمْ، فَإِنَّ لِكُلِّ مُكَذِّبٍ بِشَيْءٍ عَذَابًا سِوَى تَكْذِيبِهِ بِشَيْءٍ آخَرَ، وَرُبَّ شَيْءٍ كَذَّبَ بِهِ هُوَ أَعْظَمُ جُرْمًا مِنَ التَّكْذِيبِ بِغَيْرِهِ، فَيُقْسَمُ لَهُ مِنَ الْوَيْلِ عَلَى قَدْرِ ذَلِكَ التَّكْذِيبِ**)، واتە: بۆیە لەم سوورەتە موبارەکەدا ئەم ئایەتە موبارەکە دووبارەبۆتەوە (دە جاران) چونکە خوا سزای سەختی بە

---

(١) (فتح القدير): ج٥، ص٤٣٢.

ئەنـدازەی بـە درۆدانانیـان بـۆ ڕاسـتییەکان بەسـەردا دابـەش کـردوون، چونکـە هـەر کەسـێك شـتێك بـە درۆ دابنـێ، لەوانـەی خـوا هەواڵیـان پـێ دەدات، بەشـێك لـە سـزای بـۆ هەیـە، جیـا لـەو بەشـە سـزایەی لـە بەرانبـەر بـە درۆ دانـانی شـتێکی دیکـەدا بـۆی دانـراوەو، جـاری وا هەیـە کەسـێك شـتێك بـە درۆ دادەنـێ، ئـەو بـەدرۆ دانانـەی تاوانەکـەی مەزنـترە لـە بـەدرۆ دانـانی شـتێکی دیکـە، بۆیـە بـۆ هـەر کام لـە بـەدرۆ دانانـەکانی بەشـێك لـە سـزای بـۆ دادەنـرێ، بـە ئەنـدازەی خـۆی.

شـایانی باسـە: سـێ سـوورەت لـە قورئانـدا بـە تایبـەت ئـەو دووبـارە بوونەوەیـان تێدایـە:

یەکەم: سوورەتی (**الرحمن**) کە سی و یەك (٣١) جار ڕستەی: ﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴾، تێیدا دووبارە بۆتەوە، واتە: ئەی جندو مرۆڤ! بە کام لە چاکەکانی پەروەردگارتان بێبڕوان؟ یاخود: کام لە چاکەکانی پەروەردگارتان بە درۆ دادەنێن!.

دووەم: لە سوورەتی (**القمر**)دا کە هەر کام لە ڕستەی: ﴿ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ﴾القمر، هەروەها ڕستەی: ﴿ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴾القمر، یەکی چوار جاران هاتوون.

سێیەم: سوورەتی (**المرسلات**)یش کە دە جاران ئەو ڕستە موبارەکەی تێدا دووبارەبۆتەوە: ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٩﴾ ﴾المرسلات.

مەسەلەی سێیەم:

لـە بەینـبردنی خـوا بـۆ کۆمەڵـگا پێشـووە تاوانبـارەکان و، شوێنخسـتنی ئـەوانی دیکەیـان، واتـە: سـزادانی کۆمەڵگایـەکانی دیکـەی دوای وانیـش، یاسـایەکی بەردەوامـی خـوای دادگـەرە لـە سـزادانی تاوانبـارو بەدرۆدانـەرانی پەیـام و دیـداری خـوادا:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أَلَمْ نُهْلِكِ الْأَوَّلِينَ (١٦) ثُمَّ نُتْبِعُهُمُ الْآخِرِينَ (١٧) كَذَلِكَ نَفْعَلُ بِالْمُجْرِمِينَ (١٨) وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ (١٩) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَمْ نُهْلِكِ الْأَوَّلِينَ ﴾، ئایا پێشووەکانمان نەفەوتاندوون؟ لێرەدا پرسیار کردن بۆ پێچەسپاندن (**الإِسْتِفْهَام التَّقْرِيْرِي**)ە، واتە: پرسیارکردنەکە بۆ ئەوە نیە چاوەڕێی وەڵام بکرێ و، پرسیار کردنی نکووڵییلێکەرانەش نیە، هەرچەندە دەشگونجێ پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانەش بێ، بەڵام بۆیە دەڵێین (**تَقْرِيْرِي**)ە، واتە: پێچەسپاندن، کە بەرانبەرەکەی وا لێ بکات دانی پێدا بنێ، چونکە دان پێداهێنان بەوەدا کە گەلە پێشووەکان فەوتاون، هیچ کەس نکووڵیی لێ ناکات، (**الأَوَّلِيْن**)یش (أل)ی چۆتە سەرو بۆ ناساندنە، بەڵام بۆ ناساندنی عەهدە، واتە: ئایا میللەت و کۆمەڵگا پێشووەکانمان نەفەوتاندوون، کە مەبەست پێی تێکڕای ئەو کۆمەڵگایانەیە ئەهلی شیرك و کوفر بوون و خوا لە بەینی بردوون، وشەی (**نُهْلِك**) لە ﴿ أَلَمْ نُهْلِكِ الْأَوَّلِينَ ﴾دا، (**الإِهْلَاك: الإِعْدَام وَالإِمَاتَة**) بریتیە لە فەوتاندن و لە بەینبردن و مراندن.

٢)- ﴿ ثُمَّ نُتْبِعُهُمُ الْآخِرِينَ ﴾، دوایی پاشینەکانیشمان شوێنخستن، (**ثُمَّ**): (**للتَّرْتِيْب وَالتَّرَاخِي الرُّتْبِي**) (ثم) بۆ ڕیزبەندییە، ڕیزبەندییەك کە بە کاوەخۆ بێ و لە دوای وی بێ، واتە: لە دوای کۆمەڵگا پێشووەکان کە فەوتاندمانن، ئنجا ئەوانەی دوای وانیشمان، وەدواخستن و لە فەوتاندن و لە بەینبردن دا، بە دوای ئەوانی دیکەمان خستن.

٣)- ﴿كَذَٰلِكَ نَفۡعَلُ بِٱلۡمُجۡرِمِينَ﴾، بەو شێوەیە لە تاوانباران دەكەین، (أي: مِثْلَ ذَٰلِكَ الفِعْلِ نَفْعَلُ) وەك ئەو كردەوەی كردمان بەوان، چیمان بەوان كرد، ئاواش لە تاوانباران دەكەین، وشەی (مُجْرِمِين) لە نازناوەكان و ناوونیشانەكانی بێبڕوایان و هاوبەش بۆ خوادانەرانە لە قورئانداو، ئەمە هۆشدارییدانە بە تاوانبارەكان و بە بێبڕوایەكانی ڕۆژگاری پێغەمبەریش ﷺ و دوای ویش، كە ئەگەر ئێوەش لەسەر تاوان و خراپەو لادان بەردەوام بن، ئەو یاسایەی خوا بۆ ئێوەش لە بۆسەدایەو، دەبێ چاوەڕێ بكەن، ئەو سزایە بەسەر ئێوەش دا بچەسپێ.

٤)- ﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ﴾، لەو ڕۆژەشدا سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەران، واتە: بۆ ئەو بەدرۆ دانەرانەی پێیان وایە: خوا ﷻ تاوانباران سزا نادات، یان ئەو بەدرۆدانەرانەی پێیان وایە دنیا تاكە دەرفەتی ژیانەو، شاری بێ خاوەنەو، خوا ﷻ خەڵك زیندوو ناكاتەوە بۆ سزاو پاداشت و لێپرسینەوە.

لێرەدا كە دەفەرموێ: ﴿أَلَمۡ نُهۡلِكِ ٱلۡأَوَّلِينَ ١٦ ثُمَّ نُتۡبِعُهُمُ ٱلۡأٓخِرِينَ ١٧﴾، بێگومان ئەو فەوتاندنەی خوا بۆ كۆمەڵگا پێشووەكان و بۆ ئەوانەی دوای وانیش، كە كۆمەڵگا پێشووەكان زۆربەی زانایان دەڵێن: پێش هەموویان گەلی نووحە، كۆمەڵگایەكەی نووحە (عَلَيْهِ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، كە لە هەموو ئایەتەكانی قورئاندا خوای پەروەردگار نووح و گەلەكەی لە پێشەوە باس دەكات، دوای ئەو گەلی عادە، كە پێغەمبەرەكەیان هوود بووە، دوای ئەو گەلی سەموودە كە پێغەمبەرەكەیان صاڵیح بووە، دوای ئەوان گەلی مەدیەنە، كە پێغەمبەرەكەیان شوعەیب بووە، ئنجا دوایی گەلی لووتە، كە پێغەمبەرەكەیان لووط بووە (عَلَيْهِم الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، ئەوانە لە گەلە پێشووەكانن، ئەوانی دوای وانیش كۆمەڵگایەكانن دیكەن، وەك: گەلێك كە مووسا بۆیان ڕەوانەكرا، كە فیرعەون و دارو دەستەكەی و گەلەكەی بوون لە میسر، هەروەها ئەوانی دیكەش.

ئنجا ئەو فەوتاندنەش دوو حاڵەتی هەن:

١)- حاڵەتێکی ئاسایی کە بە مردنی خۆیان مردبن، ئەویش ئەوەیە کە خوا سیستمی خۆی بۆ ژیانی مرۆڤ واداناوە، دوای تێپەڕینی ماوەیەك لە تەمەن، ئەو جیلە ببڕێتەوەو ئەو سەدەیە کۆتایی بێ و، بە مردنی ئاسایی خۆیان بمرن.

٢)- حاڵەتێکی نائاسایی کە بریتیە لەوەی خوا سزایەکی بنبڕکەریان بۆ بنێرێ، واش پێدەچێ کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ نُهْلِكِ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾، مەبەست پێی مانای دووەم بێ، واتە: مردنێکی نا ئاسایی، چونکە:

١- گەلی نووح بە مردنی ئاسایی خۆیان نەمردوون، بەڵکو بە تۆفان، لە تۆفان دا نغرۆ بوون.

٢- هەروەها گەلی عاد بە بایەکی بەهێز.

٣- گەلی سەموود بە بڵێسەیەکی گەورە.

٤- گەلی مەدیەن بە دەنگێکی گەورەو بە لەرزینەوەی زەویی.

٥- هەروەها گەلی لووت بە بەرد بارانکران و ژێرو ژوورکران.

٦- گەلی فیرعەون کە خوا لە دەریای سووردا نغرۆی کردن.

٧- گەلەکانی دیکەش هەر کامێکیان توند سزا دراون و بەڵای ناگەهان گرتوونی.

مەسەلەی چوارەم:

سەرنجڕاكێشانی مرۆڤ بۆ ئەوەی كە لە ئاوێكی بێهێزو كەم دروستكراوەو، خراوەتە نشینگەیەكی مەحكەمەوە، تاكو كاتێكی دیاریكراوو، خوا زۆر باش ئەندازەگیریی كردووەو توانای بەسەریدا شكاوە، بۆیە بەدرۆ دانەرانی ڕۆژی دوایی و پەیامی خوا، شایستەی سزای سەختن:

خوا دەفەرمووێ: ﴿أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٢٠﴾ فَجَعَلْنَٰهُ فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿٢١﴾ إِلَىٰ قَدَرٍ مَّعْلُومٍ ﴿٢٢﴾ فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ ٱلْقَٰدِرُونَ ﴿٢٣﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٤﴾﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ﴾، ئایا لە ئاوێكی بێهێز دروستمان نەكردوون؟ پێشتریش گوتمان: نووسراوە: (**أَلَمْ نَخْلُقكُم**)، بەڵام لە ڕووی زانستیی باشخوێندنەوە (**علم التجويد**) ەوە پیتی (ق) لە (ك)دا دەغم دەكرێ و دەبێتە: (**أَلَمْ نَخْلُكُّمْ**) ئاوا لەسەر زمان خۆشترە، زانستی باش خوێندنەوەی قورئانیش هەر بۆ ئەوەیە ئاسانتر پیت و دەنگەكان و وشەكان ببێژرێن و، جوانیی و ڕەونەقییەكی زیاتریش بە خوێندنەكە دەدەن، لەبەر ئەوەی دەرچەی (ق) و (ك) لێك نزیكن، بۆیە ئەگەر پێكەوە دەغم بكرێن، خۆشتر دێ ئایا ئێوەمان دروست نەكردوە لە ئاوێكی بێهێز، (**مَهِيْن**) لە (**مَهُن**)وە هاتوە، (**مَهُنَ أي: ضَعُف**)، (**وَأَمْهَنَهُ أي: أَضْعَفَهُ**)، ئەمە پێویستە باش لەبەرچاومان بێ، چونكە زۆرێك لە ڕوونكەرەوانی مانایەكانی قورئان، پێیان وابووە (**مَهِيْن**) لە (**هَان**)ەوە هاتوە، (**هَانَ، يَهُونُ، فَهُوَ مُهَان**)، (**مُهَان**) واتە: قێزەون، كەم بایەخ، بە سووك تەماشاكراو، بەڵام بێگومان (**مَهِيْن**) لە (**مَهُنَ**)ەوە هاتوە، (**مَهُنَ: ضَعُفَ، أَمْهَنَهُ: أَضْعَفَهُ، امْتَهَنَهُ: إِبْتَذَلَهُ، امْتَهَنَ فُلَانٌ: اكْتَسَبَ مِهْنَة**) پیشەیەكی ڕەچاو كرد، كەواتە: (**مَهُنَ**): (**ضَعُفَ**)، (**مَهِيْن**) یانی: (**ضَعِيْف**) بێهێز، ئاوێكی بێهێز، كەم.

بەڵام (مُهان) بێرێز، کەم بایەخ، لە: (هان یهون فهو مهان) هاتوە، لێرەدا پرسیارکردنەکە دیسان پرسیارکردنی دان پێپێداهێنانە، واتە: بەرانبەرەکەت وا لێبکەی دانی پێدابێنێ و بیسەلمێنێ، چونکە هیچ چاری نیە، نەك پرسیارکردنی نکووڵیلێکردن بێ، هەروەها پرسیارکردنی ئاساییش هەر نیە، چاوەڕێی وەڵام بێ، بۆیەش پرسیارکردنی نکووڵیلێکردن نیە، چونکە کەس نکووڵیی لەوە ناکات کە لە ئاوێکی کەم و بێهێز دروست بووە، بۆیە ئەمە پرسیارکردنی پێپێلێنانە، یان دانپێپێداهێنانە، واتە: بەرانبەرەکەت والێکردوە دانی پێدابێنێ، بەڵام ئەو جۆرە پرسیارکردنە سەردەکێشێ بۆ سەرزەنشتکردنیان لەسەر نکووڵییکردنیان لە زیندووبوونەوەو هەڵسێنرانەوە، دوای ئەوەی خوا مرۆڤی بەو شێوەیە خولقاندوەو، لەو ئاوە بێهێزەو دوایی بۆتە ئەو مرۆڤە، ئەگەر نکووڵیی لەوە بکەی ئەو خوایەی تۆی لەو شتە بێهێزەوە هێناوەتە سەر، ئەو حاڵەتەی ئێستات، نکووڵیلێکردنەت، جێگای سەرزەنشتکردن و گلەییە.

کە دەفەرموێ: ﴿مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ﴾، ئاوێکی بێهێز، هەندێك لە زانایان بۆ وێنە: (إبن عاشور) و (القرطبي) ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، گوتوویانە: مەبەست لێرەدا ئاوی پیاوە، بەڵام لە ڕاستییدا نەیانپێکاوە، چونکە مرۆڤ لە ئاوی ژن و مێرد هەردووکیان پێك دێ، وەك پێشتر لە تەفسیری سوورەتی (النجم)دا گوتمان، خوا ﷻ زۆر بە ڕوونیی ئەوە دەخاتە ڕوو، کە مرۆڤ لە ئاوی هەر کام لە پیاو و ئافرەت پێك دێ، کە دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰ ﴿٤٥﴾ مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَىٰ ﴿٤٦﴾﴾النجم، واتە: خوا هەردووك جووتی نێرو مێی لە نوتفەیەك دروست کردوون، کاتێك دەخرێتە نێو منداڵدانەوە[1]، هەندێك لەو زانایانە وایانزانیوە کە دەفەرموێ: (تُمْنی) دەهاوێژرێ، ئەوە هەر ئاوی پیاوە دەچێتە نێو منداڵدانەوە، نەیانزانیوە - وەك ئێستا زانستیی کۆرپەلە ناسیی دەریخستوە - دوای ئەوەی ژن و مێرد پێکەوە جووت دەبن، ئاوی پیاو یەکسەر ناچێتە نێو منداڵدانەوە،

---

(١) تُمنی: تُرْمَی، تُقذف: فڕێ دەدرێتە، دەهاوێژرێتە.

بەڵکو دوای ئەوەی یەکێك لە زیندەوەرە بچووکەکانی نێو ئاوی پیاو، کە پێیان دەگوترێ: زیندەوەرانی تۆویی (**الحَيْوَانات المَنَوِيَّة**) و تاکەکەی ژیانداری تۆویی (**الحَيوان المَنَويّ**)ەو بە (**حَيمَنْ**) کورت دەکرێتەوە، یەکێك لەو زیندەوەرە گچکانە لەگەڵ هێلکۆڵە (**بويضة**)ی نێو ئاوی ئافرەتدا یەکدەگرن، ئنجا بە هەردووکیان نوتفە پێك دێنن، ئەو نوتفەیە دادەبەزێتە نێو منداڵدانەوەو، ئەوەی دادەبەزێتە نێو منداڵدان، ئەو نوتفەیەو دوایی دەبێتە کۆرپەلە، وەك پێشتریش لە تەفسیری سەرەتای تەفسیری سوورەتی (**المؤمنون**)دا، لە بارەی دروستکردنی مرۆڤەوە، باسێکی -لەقەدەر ئەم تەفسیرە- تێرو تەسەلمان کردوە.

ئنجا کە خوا دەفەرموێ: ﴿مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ﴾، فەرمایشتێکی پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: (**ما من كلّ الماءِ يكون الوَلَدُ**)[1]، واتە: (لە هەموو ئاوەکە منداڵ دروست نابێ)، ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن خەڵك تێبگەیەنێ کە مرۆڤ چۆن دروست دەبێ؟ فەرموویەتی: لە هەموو ئاوەکە منداڵەکە دروست نابێ، تاکو وانەزانرێ کە ئەو چەند دڵۆپە مەنییەی پیاو، لەگەڵ ئاوی ئافرەت دا، لە هەموویان کۆرپەلەکە دروست دەبێ!.

ئێستا زانست - زانیاریی کۆرپەلە ناسیی - دەریخستوە، کاتێك پیاو لەگەڵ ئافرەت دا جووت دەبێ، قەبارەی ئاوەکەی نیزیکەی سانتیمەتر سێجایەك (١سم³) دەبێ و، پێنجسەد ملیۆن (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) زیندەوەری گچکەی تێدایەو، هەر ئاوەکە خۆی بریتیە لەو زیندەوەرە گچکانە کە پێیان دەگوترێ: (**الحَيْوَانات المَنَويّة**)، زیندەوەرە تۆوییەکان، بە مەزەندە ژمارەیان ئەوەندە کەمتریان زیاتر دەبێ، ئنجا یەکێك لەو زیندەوەرە گچکانە، یەکێك لەو (**حيمن**)انە لەگەڵ زیندەوەرێکدا کە لە نێو ئاوی ئافرەت دایەو، پێی دەگوترێ: هێلکۆڵە (**بوَيْضَة**) یەکدەگرێ و، ئەوەیە

---

(١) [عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁ سَمِعَهُ يَقُولُ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَنِ الْعَزْلِ، فَقَالَ: «مَا مِنْ كُلِّ الْمَاءِ يَكُونُ الْوَلَدُ، وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ خَلْقَ شَيْءٍ لَمْ يَمْنَعْهُ شَيْءٌ»] أخرجه الطيالسي: ٢١٧٥، وأحمد: ١١٩٠٢، ومسلم: ١٤٣٨، وأبو يعلى: ١١٥٣.

کە دوایی دەبێتە نوتفەو سەرەتای دروستبوونی کۆرپەلە، دوایی ئەو نوتفە (**نُطْفَة**) یە دەگۆڕێ بۆ (**عَلَقَة**) خوێنپارەو، ئەویش دەگۆڕێ بۆ زارجوو (**مُضْغَة**)، ئەویش دەگۆڕێ بۆ ئێسقان و، ئێسقانەکانیش بە گۆشت دادەپۆشرێن، دوایی خوا پاش چوار مانگ و دە شەو، ڕووحی بە بەردا دەکات، وەك دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾﴾**المؤمنون**، واتە: دوایی کردمان بە دروستکراوێکی دیکە، کە مەبەست پێی ڕووح بە بەرداکردنیەتی، پێشێ هەر ژیان (**حیاة**)ی لە بەردایە، کە نوتفەیە ژیانی لەبەردایە، بەڵکو هەر ژیانداری تۆوییەکەی پیاوو هێلکۆڵەکەی ئافرەت، هەردووکیان دوو زیندەوەری زیندوون، ژیانیان هەیە، دوایی بە هەردووکیان ژیاندارێکی دیکە پێکدێنن، کەواتە: هەر لە سەرەتاوە ژیانی هەیە، بەڵام ڕووحی تێدانیە، تاکو ئەو کاتەی دەبێتە کۆرپەلەیەك و هەموو ئەندامەکانی بۆ دروست دەبن، بەڵام بە گچکەیی، ئنجا دوای ئەوەی دەبێتە مرۆڤ و شێوەی مرۆڤ وەردەگرێ، خوا ڕووحی بە بەردا دەکات.

٢)- ﴿فَجَعَلْنَٰهُ فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ﴾، ئنجا ئێمە ئەو (ئاوە بێهێزە) ە مان نیشتەجێ کردوە، گێڕاومانە لە نشینگەیەکی مەحکەمدا، (قَرَار): (**مَحَلُّ القُرُورِ وَالمُكْثِ**)، شوێنی نیشتەجێ بوون و مانەوە، (**مَكِيْن: الحَالُّ وَالمُسْتَقِرُّ فِيْه هُوَ المتَمْكِّن**)، (**مَكِيْن**) لە ئەسڵدا بە مانای خاوەن پێگەیە، دیارە ئەو ئاوەی لەوێدا لەو نشینگەیەدا نیشتەجێ دەبێ، ئەو خاوەن پێگەکەیە، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ (**مَكِيْن**)ی کردوە بە سیفەت بۆ نشینگەکە، نشینگەیەکی مەحکەم و خاوەن پێگە.

٣)- ﴿إِلَىٰ قَدَرٍ مَّعْلُومٍ﴾، تاکو ئەندازەیەکی زانراو، ئەمە مەبەست پێی کاتی کۆتایی هاتنی تۆڵداری (**حمل**)ی ئافرەتە.

٤)- ﴿فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ ٱلْقَٰدِرُونَ﴾، ئنجا ئەندازەگیرییمان کرد، ئێمەش باشترین ئەندازەگیرییکارین، (**فقَدَرْنا**) خوێندراویشەتەوە: (**فَقَدَّرْنَا**) هەردووکیان بە مانای ئەندازەگیرییمان کرد، ﴿فَنِعْمَ ٱلْقَٰدِرُونَ﴾، باشترین ئەندازەگیرییکەرین، (**القَادِرُوْن: إسْمُ فَاعِل مِنْ قَدَرَ اللازم إذَا كَانَ ذَا قُدْرَة**)، واتە: (**قَادِرُوْن**) ناوی بکەرە لە (**قَدَرَ**)ی لازیمەوە

هاتوە، [(قَدَرَ) واتە: توانای بەسەردا شکا] (إذَا كَانَ ذَا قُدْرَة) ئەگەر خاوەن توانا بێ، (قَدَرَ فَهُوَ قَادِر) توانای بەسەردا شکا، ئەو تواناداره، بەڵام ئەگەر بە (قَدَّرَ) بخوێنرێتەوە کە واش خوێندراوەتەوە: (فَقَدَّرْنَا) واتە: ئەندازەگیرییمان کرد، ئەو کاتە ناوی بکەر (إسم فاعل) هکەی دەبێتە (مُقَدِّر) واتە: (جَعَل الشَّيءَ ذَا مِقْدَارٍ مناسِب لما جَعَله)، واتە: شتەکەی کردە خاوەن ئەندازەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو ئامانجەدا کە بۆی دروستکراوە، (أي قَدَرْنَا الخَلْقَ إذ القَدْر: المِقْدَار المُعَيَّنُ المضْبُوط)، (قَدْر) بریتیە لە ئەندازەیەکی دیارییکراوی کۆنترۆڵکراو، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ فَنِعْمَ ٱلْقَـٰدِرُونَ ﴾، ئەگەر (قَدَرْنَا) بە مانای (توانیمان) بێ، یان بە مانای (ئەندازەگیرییمان کرد) بێ، بەڵام: ﴿ فَنِعْمَ ٱلْقَـٰدِرُونَ ﴾، لە هەردوو حاڵەتدا، هەر بە مانای ئەوەیە: ئێمە باشترین تواناداریین، چونکە لێرەدا (قَادِرُوْن) ناوی بکەرە لە (قَدَرَ)ی (لازِم)ەوە هاتوە، ئەگەرنا (قَدَر) حاڵەتی تێپەڕکەریشی هەیە: (قَدَرَ الشَّيءَ) واتە: شتەکەی ئەندازەگیریی کرد، بەڵام ئەگەر (قَدَرَ)ی تێپەڕکەر (مُتَعَدِّي) بووایە، تێپەڕ بۆ بەرکار، ئەو کاتە دەیفەرموو: (فَنِعْمَ المقدِّرون)، بەڵام (قَادِر) بە مانای تواناداروو خاوەن توانایە.

٥)- ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەرانە، واتە: بەدرۆدانەرانی دیداری خوا، بەدرۆدانەرانی توانای خوا لەسەر زیندوو کردنەوە، ئەوە لەگەڵ ئەم سیاقەدا گونجاوە، سزای سەخت لەو ڕۆژەدا بۆ بەدرۆدانەرانی ئەوەی خوا ﷻ بتوانێ زیندوویان بکاتەوە، ئەوانەی ئەوە بەدرۆ دادەنێن، سزای سەخت بۆیان هەیە، خوایەك مرۆڤی بەو هەموو قۆناغانەدا تێپەڕاندبێ، چۆن ناتوانێ زیندووی بکاتەوە؟ ئەو ڕاستییەش کە خوا ئێمەی چۆن خوڵقاندوە؟ لە زۆر شوێنی قورئان دا هاتوە، بەڵام لەسەرەتای سوورەتی (المؤمنون)دا لە هەمووی بە تەفسیلتر هاتوە، حەوت قۆناغەکان هاتوون، هەروەها لە سوورەتی (الحج)دا هاتوەو، لێرەش دا هاتوەو، لە سوورەتی (الطارق)یش دا هاتوە: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَـٰنُ مِمَّ خُلِقَ ۝٥ خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ ۝٦ يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ۝٧ ﴾الطارق، هەروەها لە سوورەتی (الذاريات)دا: ﴿ وَفِىٓ أَنفُسِكُمْ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ۝٢١ ﴾الذاريات، چونکە بەڕاستیی دروستبوونی مرۆڤ بەو قۆناغانەدا، یەکجار شتێکی مەزن و سەرسوڕهێنەرەو، نەك هەر موعجیزەیە، بەڵکو چەندان موعجیزەی تێدان.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

خـوا زەوی کـردوە بـە بـە خۆوەنووسـێنەری مرۆڤـان، بـە زیندوویـی و بـە مردوویـی، هەروەهـا چیـا سەرکەشـەکانی تێـدا دانـاون و، ئاوێـکی زوڵاڵیـشی پـێ نۆشکردوون، بۆیـە بەدرۆدانـەرانی پەیـام و دیـداری خـوا، شایسـتەی سـزای سـەخت و دژوارن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ كِفَاتًا ﴿٢٥﴾ أَحْيَآءً وَأَمْوَٰتًا ﴿٢٦﴾ وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَٰسِىَ شَٰمِخَٰتٍ وَأَسْقَيْنَٰكُم مَّآءً فُرَاتًا ﴿٢٧﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ كِفَاتًا ﴾، ئایا زەویمان نەکردوە بە بەخۆوە نووسێنەر؟ واتە: (**أَلَمْ نَجْعَل الْأَرْض ضَامَّةً**)، یانی: ئایا زەویمان وا لێ نەکردوە بەخۆیتانەوە بنووسێنێ و، بەلای خۆیدا کێشتان بکات؟.

٢)- ﴿ أَحْيَآءً وَأَمْوَٰتًا ﴾، زیندووان و مردووان، یانی: هەم زیندووانتان بەخۆوەی دەنووسێنێ و، بەخۆیتانەوە شەتەك دەدا، وەك لە باوەشتان بگرێ، ڕاتان دەکێشێ بۆ لای خۆی، (**وَأَمْوَاتًا**) هەروەها مردووەکانیش کە دەخرێنە نێوی، (**الطبري**) دەڵێ: (**أَلَمْ نَجْعَل الْأَرْض كِفَات أَحْيَائِكُمْ وَأَمْوَاتكُمْ ، تَكْفِت أَحْيَاءَكُمْ فِي الْمَسَاكِن وَالْمَنَازِل، فَتَضُمّهُمْ فِيهَا وَتَجْمَعهُمْ، وَأَمْوَاتكُمْ فِي بُطُونهَا فِي الْقُبُور، فَيُدْفَنُونَ فِيهَا**).

بەڕاستیی جوانـی مانا کردوە!

واتـە: ئایـا زەویـمان نەکـردوە بـە بەخـۆوە نووسـێنەری زینـدووەکان و مردووەکانتـان، زیندووەکانتـان لـە خانووبـەرەکان و جێـگاو ڕێگەیـەکانی خۆیـان دا، ڕادەکێشـێ و بەخۆیانـەوە دەنووسـێنێ و کۆیـان دەکاتـەوە، مردووەکانیشـتان لـە سـکی و نێـو هەنـاوی دا، هەڵدەگـرێ و، لـە گۆڕەکانـدا کـە تێیانـدا دەشـاردرێنەوە.

٣)- ﴿ وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَٰسِيَ شَٰمِخَٰتٍ ﴾، هەروەها لە زەویدا چەسپاوە سەرکەشەکانمان داناون، (**رَوَاسِي**) وەك پێشتریش گوترا: سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێندراوە، واتە: (**جِبَالًا رَوَاسِي**) چیایە چەسپاوەکان، چونکە (**رَوَاسِي**) کۆی (**رَاسِي**)یە، واتە: چەسپاو (**ثَابِت**)، کە سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێندراوە، کە دەزانرێ، چەسپێندراوەکان لە زەوی دا، کە بەرز هەڵچوون، هەموو کەس دەزانێ مەبەست پێی چیایەکانن، (**شَامِخَات: مُشْرِفَات أو بَازِغَات** أو **شَاهِقَات**) واتە: ئەو چیایانەی بەسەردا دەڕوانن، یان ئەو چیایانەی بەرز هەڵچوون، یان سەرکەشن.

٤)- ﴿ وَأَسْقَيْنَٰكُم مَّآءً فُرَاتًا ﴾، هەروەها ئاوێکی شیرین و زوڵاڵمان پێتان نۆشکردوە، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ بە ژمارە: (٣٦٠٦٦)، (**الطبري**) لێیەوە هێناوە گوتوویەتی: (**فُرَاتًا: عَذْبًا**)، ئاوێکی زوڵاڵ، شیرین، کە لە گەروو گیرنابێ.

٥)- ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەران، (**الطبري**) دەڵێ: (**وَيْلٌ لِلْمُكَذِّبِينَ بِهَذِهِ النِّعَم الَّتِي أَنْعَمْتهَا عَلَيْكُمْ، مِنْ خَلْقِي الكَافِرِيْنَ بِهَا**)، واتە: سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەرانی ئەو چاکانەی من لەگەڵ ئێوەم دا کردوون، لە دروستکراوەکانم، ئەوانەی پێیان سپڵەن، پێیان بێبڕوان.

چوار کورتە سەرنج

سەرنجی یەکەم: (كَفَتَ يَكْفُتُ كَفْتاً: ضَمَّ يَضُم ضَمّاً، وَجَذَبَ يَجْذُبُ جَذْباً، وَجَمَعَ يَجْمَعُ جَمْعَاً)، کە دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ كِفَاتًا﴾، (كِفَات) یانی: بەخۆیەوە نووساند، بەخۆیەوە دەنووسێنێ، بە خۆوە نووساندن، دیسان: ڕایکێشا، ڕایدەکێشێ، ڕاکێشان، هەروەها: کۆیکردەوە، کۆیدەکاتەوە، کۆکردنەوە، هەر سێ واتایەکەی هەن، کەواتە: ئەمە ئاماژەیەکی زۆر ئاشکرایە بۆ هێزی ڕاکێشان (**قوة الجاذبية**)ی کە لە زەوی دا هەیەو، ئەندازەی ڕاکێشانی زەوی، بریتیە لە یەك کیلۆگرام بۆ هەر سانتیمەتر دووجایەك، واتە: پانتایی یەك سانتیمەتر دووجا، قورسایی یەك کیلۆگرامی لەسەرە، بۆ وێنە: مانگ هێزی ڕاکێشانی بریتیە لە هی یەك لەسەر پێنج (٥/١)ی زەوی واتە: شتێك لەسەر زەوی پێنج کیلۆ بێ لەسەر مانگ یەك کیلۆیە، یان کەمتریشە، بۆیەش ئەو ئەندازە ڕاکێشانەی زەوی بۆ شتەکانی کە لەسەرنی، ئێمە هەستی پێ ناکەین، بەڵام کە شتێك هەڵدەدەی یەکسەر دەکەوێتەوە خوارو دیارە زەوی ڕایدەکێشێ، (ئیسحاق نیوتن)یش کاتی خۆی سێوێکی بینی لە درەختێك کەوتۆتە خوارێ و کەوتۆتە نێو کانییەکە، لەوەوە پرسیاری بۆ دروست بوو: ئەم سێوە بۆچی ناچێتە سەرو دێتە خوار؟ لەوەوە پەی بە هێزی ڕاکێشان برد، دواییش دەرکەوت: هێزی ڕاکێشان نەك هەر لە زەوی دا هەیە، بەڵکو هەموو گەردوونی بەیەکەوە بەستۆتەوەو، سووڕانەوەی مانگ بە دەوری زەویداو، زەوی بە دەوری خۆرداو، خۆر بە دەوری شتێکی دیکەدا، هەمووی بە هۆی هێزی ڕاکێشانەوەیە، ئنجا ڕاکێشانەکەش ئەگەر بەس ڕاکێشان بووایە، هەموویانی پێکەوە دەنووساند، بەڵام لەگەڵ ڕاکێشاندا، پاڵپێوەنان (دَفْع)یش هەیە، بۆ وێنە: کە زەوی مانگ ڕادەکێشێ، مانگیش زەوی پاڵ پێوەدەنێ، ئنجا لە ئەنجامی ڕاکێشانی زەوی بۆ مانگ و، پاڵپێوەنانی مانگدا

بـۆ زەوی، خولانـەوەی مانـگ بـە دەوری زەویـدا پەیـدا دەبـێ، هەروەهـا زەوی و خۆریـش بـە هەمـان شـێوەو، خـۆرو ئەوانـەی دیکـەش بـە هەمـان شـێوە.

ئەمـەش ئیعجازێـکی عیلمییـە، خـوا ﷻ ئامـاژەی پێکـردوە کـە ئێـوەی مـرۆڤ، چ لـە ژیـان دابـن چ مردووبـن، زەوی بـە خۆیتانـەوە دەگووشـێ و بـەلای خۆیتـان دا رادەکێشـێ.

سـەرنجی دووەم: چیایـە بـەرزەکان خـوا ناوی لێنـاون: (**رَوَاسِي**) واتە: چەسـپاوەکان، چونکـە زانایـانی زەویناسـیی بۆیـان دەرکەوتـوە، بـە مەزەنـدە - مەزەندەکانیـش جیاجیـان - لـە هەنـدێ سـەرچاوان دا دەڵـێ: هـەر چیایـەك چەنـدەی بـە دەرەوەیـە، چەنـد هێنـدەی لـە زەوی دایـە، سـێ چـوار هێنـدەی لـە زەوی دایـە، بەڵام لـە هەندێ سـەرچاوەی دیکـەدا بینیومـە کـە: دە تاکـو پـازدە (١٠ - ١٥) هێنـدەی لـە زەوی دایـە، بـۆ وێنـە: بەرزتریـن چیـا لـە دنیـادا، چیـای هیمالایایـەو بەرزتریـن لووتکـەی ئـەو چیایـەش لووتکـەی ئێڤریسـتە، کـە هەشـت هـەزارو هەشتسـەدو شەسـت و چـوار (٨٨٦٤) مەتـر بـەرزە، واتـە: دەوری نـۆ کیلۆمەتـر لـە ئاسـتی دەریـاوە، ئنجـا ئەگـەر نـۆ کیلۆمەتـر بـەرز بـێ، نـۆ جـارانی دە، یـان جـارانی پـازدە بکـە (٩×١٠ = ٩٠کلـم) یـان: (٩ × ١٥= ١٣٥کلـم)، هێنـدەشی لـە زەوی دایـە، بۆیـە خـوا نـاوی لـە چیایـەکان نـاوە: (**رَوَاسِي**) چەسـپاوەکان.

سـەرنجی سـێیەم: کانیـی و سـەرچاوەو ڕووبـارەکانی ئـاوی شـیرین، یەکسـەر پەیوەسـتن بـە چیایەکانـەوە، هەمیشـە لـە قورئانـدا خـوا کـە بـاسی چیایـەکانی کردبـێ، بـاسی ئـاوی شـیرین و زوڵاڵ و جۆگـەو جۆبـارو کانیـی و سـەرچاوەکانیشی کـردوە، لێـرەش دوای ئـەوەی دەفەرمـوێ: ﴿ وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ شَامِخَاتٍ ﴾، یەکسـەر دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَسْقَيْنَاكُم مَّاءً فُرَاتًا ﴾، ئاوێـکی شـیرین و زوڵاڵیشـمان پێتـان نۆشـکردوە، چونکـە پێشـتر باسـمان کـرد ئـاوی شـیرینمان چـۆن دەسـت دەکـەوێ؟ لـە ئەسـڵدا ئـاو هەمـووی سـوێرە، ئـاوی زەریایـەکان هەمـووی سـوێرەو ئەندازەیـەکی کـەم ئـاوی

شـیرین هەیـە، ئـەو ئـاوە شـیرینەش لـە ئەنجامـی ئـەوەدا پەیدادەبـێ کـە تیشـکی خۆر لـە ئـاوی ئۆقیانـووس و زەریایـەکان دەدات و هەڵـم پەیدادەبـێ، هەڵمەکـەش با دەیهێنـێ بـۆ شـوێنە ساردەکان و هـەور دروسـت دەبـن، ئینجـا ئەگـەر هەورەکانئنجـا ئەگـەر متوربـە بـوون، بەشـێوەی بەفـرو بـاران و تـەرزە ئـەو ئـاوە دێتەخـوارو، مـاددە سـوێرو تفـت و تاڵەکـەی لـە دەریـاو زەریاکـەدا بەجێهێشـتوە، ئـەوەی کـراوە بـە هەڵـم، ئـاوە شـیرین و زوڵاڵەکەیـەو، ئێمـە ئـاوی شـیرینمان لـە ئەنجامـی ئـەوەدا دەسـت دەکـەوێ، سـەرچاوەی ئـاوی شـیرینیش چیایـە بـەرزو سەرکەشـەکانن، تاکـو بەرزتـر بـن، شـوێنی ساردتریان هەیـەو، بەفـرو بـاران و تەرزەیـان زیاتـر لـێ دەبـارێ، ئـەو بەفـرو بـاران و تەرزەیـەش کۆدەبێتـەوە لـە عەمبـارەکانی ئـەو چیایانـەداو، دوایـی بـە شـێوەی کانیـی و سـەرچاوە، یاخـود بیـرو کاریـز سـەر دەردێنێتـەوە، کەواتـە: ئـاوی شـیرین لەگـەڵ چیایەکانـدا، هەمیشـە پێکـەوە پەیوەسـتن.

سەرنجی چوارەم:

تیـرە (**قطـر**)ی زەوی[1] (١٢،٧٤٢) کیلـۆ مەتـرەو نیـوە تیرەکـەی: (٦٧٢٢) کیلۆمەترەو، بەرزتریـن لووتکـەی چیـا کـە (ئیڤریسـت)ە لـە چیـای (هیمالایـا) بڵیندییەکـەی: (٨٨٦٤) مەتـرە، واتـە: نیزیکـەی نـۆ (٩) کیلۆمەتـرەو قووڵتریـن ئۆقیانووسـیش دەوری یـازدە کیلۆمەتـر (١١،٠٠٠) مەتـر قووڵـەو، بەرزیـی ئیڤریسـت و قووڵی ئۆقیانووسـەکە دەکاتـە: دەوری بیسـت (٢٠) کیلۆمەتـر، ئنجـا ئـەو بیسـت کیلۆمەتـرەش دەکاتـە: (٪٠،٣) کـۆی تیـرەی زەوی کەواتـە:

ئەسـتووریی توێکڵـی زەویـی بـە قووڵایـی ئۆقیانـووس و بەرزیـی چیایەکانـەوە بریتیـە لـە: ١٠٠٠/٣ی کـۆی تیـرەی زەوی و توێکڵەکـە هەمـووی بیسـت (٢٠) کیلۆمەتـرەو تیـرەی زەویـش جگـە لـەو بیسـت کیلۆمەتـرە، بریتیـە لـە: ١٢٧٤٢ کلـم - ٢٠ کلـم= ١٢٧٢٢ کلـم!

---

(١) بڕوانە: (الأرض في القرآن الكريم) الدكتور زغلول راغب محمد النجار، ص٢٢٥ - ٢٢٦، ط الثانية: ٢٠٠٦م.

کەواتـە: قەبـارەی زەوی یەکجـار گەورەیـە بـە بـەراورد لەگەڵ قووڵتریـن ئۆقیانووس و بەرزتریـن چیاش!

کێشی زەوییش بە: ٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ (٦ ^١٨) تەن مەزەننە کراوە.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرســە لــە (٢٢) ئایــەتی کۆتایــی ســوورەتی (**المرسـلات**) پێـك دێ، کـە هەموویـان بـاسی ڕۆژی دوایـی بـە گشـتیی و، سـزای بـەدرۆ دانـەرانی ڕۆژی دوایـی و، پەروەردگارێتیـی و، تەنیـا پەرسـتراوێتیی خـواو، پێغەمبەرایەتیـی پێغەمبـەران (**علیهـم السـلام**) و، پاداشــتی چاکــەکارانی بــڕوادار لەلایــەکی دیکــەوەو، ســزاو جەزرەبــەی بەدرۆدانــەران و خراپــەکاران، دەکــەن، لــە چەنــد دیمەنێــکی دڵبزوێــن دا، تیشــکێکی بـاش خراوەتـە سـەر هـەر کامیـان، هـەم سـزاو جەزرەبـەی بێبـڕواو بەدرۆدانـەران و، هـەم پاداشـتی چاکـەکاران و پارێـزکاران و بـڕواداران.

لـە کۆتاییشـدا سەرزەنشـتێکی بـاشی تاوانبـاران کـراوە، لەسـەر ملکـەچ نەبوونیـان بـۆ خـواو، بـڕوا نەهێنانیـان بـە کۆتـا فەرمایشـتی خـوا کـە قورئانـە.

﴿ٱنطَلِقُوٓاْ إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٩﴾ ٱنطَلِقُوٓاْ إِلَىٰ ظِلٍّ ذِي ثَلَٰثِ شُعَبٍ ﴿٣٠﴾ لَّا ظَلِيلٍ
وَلَا يُغْنِي مِنَ ٱللَّهَبِ ﴿٣١﴾ إِنَّهَا تَرْمِي بِشَرَرٍ كَٱلْقَصْرِ ﴿٣٢﴾ كَأَنَّهُۥ جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ ﴿٣٣﴾ وَيْلٌ
يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٤﴾ هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ﴿٣٥﴾ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ﴿٣٦﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ
لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٧﴾ هَٰذَا يَوْمُ ٱلْفَصْلِ جَمَعْنَٰكُمْ وَٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾ فَإِن كَانَ لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ ﴿٣٩﴾ وَيْلٌ
يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِي ظِلَٰلٍ وَعُيُونٍ ﴿٤١﴾ وَفَوَٰكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ ﴿٤٢﴾ كُلُواْ وَٱشْرَبُواْ
هَنِيٓـًٔا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٤٤﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٥﴾
كُلُواْ وَتَمَتَّعُواْ قَلِيلًا إِنَّكُم مُّجْرِمُونَ ﴿٤٦﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱرْكَعُواْ لَا
يَرْكَعُونَ ﴿٤٨﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٩﴾ فَبِأَيِّ حَدِيثٍۭ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٠﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(لەو ڕۆژەدا بە بێبڕواو تاوانبارەکان دەگوترێ:) دەرپەڕن بەخێرایی بچن بەرەو لای ئەو (سزای)ەی بە درۆتان دادەنا ﴿٢٩﴾ بەرەو لای سێبەرێکی (دووکەڵی) خاوەن سێ لا، دەرپەڕن ﴿٣٠﴾ نە سێبەراوییەو نە (مرۆڤ) لە گڕو کڵپە (ی ئاگر) دەپارێزێ ﴿٣١﴾ ئەو (ئاگری دۆزەخ)ە، بڵێسە (ئاگر)ان فڕێ دەدات هێندەی کۆشکانن ﴿٣٢﴾ (بڵێسەکان) وەك ڕەوە حوشتری زەردن ﴿٣٣﴾ سزای سەخت و دژوار لەو ڕۆژەدا بۆ بەدرۆدانەران (ی سزای خوا) ﴿٣٤﴾ ئەوە ڕۆژێکە (بێبڕوایان) تێیدا نادوێن ﴿٣٥﴾ مۆڵەتیشیان نادرێ پۆزش بهێننەوە ﴿٣٦﴾ لەو ڕۆژەدا سزای بێڕەزا بۆ بەدرۆدانەران (ی ڕۆژی قیامەت) ﴿٣٧﴾ ئەمە ڕۆژی لێك هەڵاواردنە (ئەی بێبڕواینە!) ئێوەو (کۆمەڵگا بێبڕوا) پێشووەکانمان کۆکردوونەوە ﴿٣٨﴾ ئنجا ئەگەر پیلانێکتان هەیە (و شتێکتان لە دژم لە دەست دێ) پیلانم لە دژ بگێڕن ﴿٣٩﴾ سزای سەخت لەو ڕۆژەدا بۆ بەدرۆدانەران (ی سزاو پاداشتی خوا) ﴿٤٠﴾ بێگومان پارێزکاران لە نێو سێبەران و کانیی و سەرچاوان دان ﴿٤١﴾ هەروەها میوە (جۆراوجۆرە)کان لەوەی ئارەزووی دەکەن ﴿٤٢﴾ (پێیان دەگوترێ:) بخۆن و بخۆنەوە بە ئاسوودەیی و بێ گرفت، بەهۆی ئەوەوە کە (لە ژیانی دنیادا) دەتانکرد (لە کردەوەی باش) ﴿٤٣﴾ ئێمە بەو جۆرە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە ﴿٤٤﴾ لەو ڕۆژەدا سزای سەخت و بێڕەزا بۆ بەدرۆدانەران (ی سزای خوا) ﴿٤٥﴾ (ئەی بێبڕواینە!) بخۆن و ڕابوێرن بەڕاستیی ئێوە تاوانبارن (و سزاو جەزرەبەتان چاوەڕێیە) ﴿٤٦﴾ لەو ڕۆژەدا سزای دژوارو گران بۆ بەدرۆدانەران (ی سزاو تۆڵەی خوا) ﴿٤٧﴾ ئەگەر پێشیان بگوترێ: ڕکووع ببەن (بۆ خوا ملکەچ بن) ڕکووع نابەن (گەردنکەچ نابن) ﴿٤٨﴾ لەو ڕۆژەدا سزای سەخت و بێڕەزا بۆ بەدرۆدانەران (ی پەیامی خوا) ﴿٤٩﴾ ئنجا ئایا (ئەگەر بڕوا بەم قورئانە نەهێنن) دوای وی بڕوا بە چ فەرمایشتێك دێنن؟! ﴿٥٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱنطَلِقُوٓاْ): بەخێرایی بچن، (إنْطَلَقَ: انْحَلَّ، ذَهَبَ، مَرَّ سَرِيْعَاً لَا يَلْوِي عَلَى شَيءٍ)، (إنْطَلَقَ) واتە: ئازادبوو، بەرهەڵدابوو، ڕۆیشت، بەخێرایی ڕۆیی، بە جۆرێك ڕۆیی ئاوڕ لە هیچ شتێك نەداوەتەوە، بۆیە (إنْطَلِقُوْا) کە فەرمانە لە (إنْطَلَق) ەوە هاتوە، بە (دەرپەڕن) مانام لێکداوەتەوە، چونکە (إنْطِلَاق) ئەوەیە شتێك حەپس کرابێ و ڕاگیرابێ، دوایی ڕێی درابێ و بەخێرایی بڕوا، کە لە کوردییدا ئەوە دەرپەڕینی پێ دەڵێن، یانی: بە شێوەیەك کە ڕێك لە شوێنی خۆیەوە بە خێرایی بڕوا.

(شُعَبٍ): (إسْمُ جَمْعِ شُعْبَة: الفَرِيْقُ مِنَ الشَّيءِ وَالطَّائِفَةُ مِنْهُ، ذِي ثَلَاثِ شُعَب: ذِي ثَلَاثِ طَوَائِف)، (شُعَب): ناوی کۆی (شُعْبَة)یە، (شُعْبَة) یانی: بەشێك لە شتێك، کۆمەڵێك لە شتێك، کەواتە کە دەفەرموێ: ﴿ظِلّٖ ذِي ثَلَٰثِ شُعَبٖ﴾، واتە: سێبەرێکی خاوەن سێ بەش و، سێ لقی لێبوونەوە.

(ظَلِيلٖ): (القَوِيُّ فِي ظِلَالِه، اشْتُقَّ لَهُ وَصْفٌ مِنْ اسْمِهِ، لإفَادَةِ كَمَالِهِ فِيْمَا يُرَادُ مِنْهُ، مِثْلُ: لَيْلٌ أَلْيَل، وَشِعْرٌ شَاعِر)، (ظَلِيْل) ئەوەیە سێبەرەکەی زۆر بەهێز بێ، وەسفێکی لە ناوەکەی خۆی بۆ داتاشراوە، تاکو مانای تەواوی ئەوەی لێی ویستراوە، بیگەیەنێ، وەك دەگوترێ: (لَيْلٌ أَلْيَل)، شەوێکی شەو، (وَشِعْرٌ شَاعِر) شعرێکی شیعر، لە زمانی کوردییش دا ئەوە هەر هەیە، دەگوترێ: سارده بەڵام سارد، یان گەرمە بەڵام گەرم، یان پیاوێکی پیاو.

(وَلَا يُغۡنِي مِنَ ٱللَّهَبِ): بلێسە دوورناخاتەوە، یان لە بلێسە سوودیان پێ ناگەیەنێ، (الإِغْنَاءُ: جَعْلُ الغَيْرِ غَنِيّاً أي: غَيْرُ مُحْتَاجٍ فِي ذَلِكَ الغَرَض)، (إغْنَاء): ئەوەیە ئەوی دیکە بێ نیاز بکرێ، واتە: وای لێبکەی لەو مەبەستەدا ئاتاج نەبێ،

(اللَّهَب: مَا يَرْتَفِعُ مِنَ النَّارِ كَأَنَّهُ لِسَان) ئەوەی لە ئاگر بەرزدەبێتەوە، بە کوردیی دەڵێن: زمانەی ئاگر، بڵێسە، (النَّار المُتَوَهِّجَة) ئاگرێکی کڵپە سەندوو، کە لێرەدا دەفەرموێ: (وَلَا يُغْنِي مِنَ ٱللَّهَبِ) واتە: ئەو سێبەرە لەو ئاگرە کڵپە سەندوویە، سوودیان پێناگەیەنێ، چونکە سێبەرەکە هی دووکەڵە.

(بِشَرَرٍ): (الشَّرَرُ: اسْمُ جَمْعِ شَرَرَة: القِطْعَةُ المُشْتَعِلَة يَدْفَعُهَا لَهَبُ النَّارِ فِي الهَوَاء)، (شَرَر): ناوی کۆی (شَرَرَة)یە، (شَرَرة) پارچە ئاگرێکی داگیرساوە، بڵێسەی ئاگر فڕێی دەدات بە هەوادا، ئاگر ئەگەر زۆر بێڕەزاو گەورە بێ، بڵێسە ئاگر فڕێ دەدات، هەر لە ئەنجامی ئەوەش دا، ئاگر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێتەوە، چونکە ئاگرەکە کە زۆر بەهێزە و پارچە فڕێ دەدات،سەرەنجام بڵێسە ئاگر لە شوێنێکەوە دەڕوا بۆ شوێنێکی دیکەو، ئاگرەکە بەو شێوەیە تەشەنە دەکات و دەتەنێتەوە.

(كَٱلْقَصْرِ): (القَصْرُ: البِنَاءُ العَالِي، وَالقَصْرُ: القُصُوْر)، (قَصْر): بە کۆشك و خانووی بەرز دەگوترێ، ئنجا مادام (ألْ)ی ناساندنی لەسەرە، مەبەست پێی جینسە واتە: کۆشکەکان.

(جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ): بە (جِمَالَات)یش خوێندراوەتەوە، (جِمَالات: جَمْعُ جِمَالَة، وَهِيَ اسْمُ جَمْعِ طَائِفَةٍ مِنَ الجِمَال)، (جِمَالَاتٌ صُفْر) کۆی (جِمَالَة)یەو، ئەویش ناوی کۆیە بۆ کۆمەڵێك لە حوشتران، (جَمَل) واتە: حوشترو (جِمَال) کۆیەکەیەتی، (جِمَالَة)ش کۆی کۆیە، (جِمَالَات)یش دەبێتە کۆی کۆی کۆ.

بێگومان: (جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ) دەبێتە سیفەت بۆ ئەو ئاگرە، وەك ڕەوە حوشترێکی زەرد، یان ڕەوە حوشترێکی ڕەش، کە دەڕۆن ئەو ئاگرە ناوا بڵێسە دەستێنێ، (صُفْرٌ) یش کۆی (أصْفَر)ە واتە: زەرد، مادام (جِمَال) کۆیە دەبێ سیفەتەکەشی کۆ بێ (جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ) واتە: حوشترانی زەرد.

(**هَنِيٓـًٔا**): (**هَنَأَ الطَّعَامُ الرَّجُلَ: سَاغَ وَلَذَّ لَهُ، وَهَنَأَ لَهُ الطَّعَام: سَاغَ وَلَذَّ لَهُ**)، (**هَنَأَ الطَّعَامُ الرَّجُلَ**) پیاوەکە خواردنەکەی، وەگیانی کەوت، یان لەززەتی لێکرد، پێی خۆشبوو، بە ئاسانیی لە گەرووی چۆتەخوار، (**وَهَنَأَ لَهُ الطَّعَامَ**) دیسان هەمان مانای هەیە واتە: خواردنەکەی پێخۆش بوو، بە ئاسانیی لە گەرووی چووە خوار، لە کوردەواریی دا دەڵێن: نۆشی گیانت بێ، (**هَنِيْئاً لَكَ**) واتە: ئەو خواردنە بە ئاسانیی لە گەرووت بچێتە خوارو، دواییش دەرهاویشتەی خراپی نەبێ، کە پێی نەخۆش و نەساغ بێ.

(**وَتَمَتَّعُوا**): (**المَتَاعُ: كُلُّ مَا يُنْتَفَعُ بِهِ، تَمَتَّعَ بِكَذَا: دَامَ لَهُ مَا يَسْتَمِدُّهُ مِنْهُ**)، (**مَتَاع**): هەر شتێکە بەهرەی لێ وەربگیرێ، (**تَمَتَّع بِكَذَا**) واتە: بەهرە وەرگرتنی لەو شتەی بۆ بەردەوام بوو، کەواتە: (**تَمَتَّعُوا**) واتە: بەهرە وەربگرن، ڕابوێرن، چێژ وەربگرن.

(**ٱرْكَعُوا**): بچنە ڕکووع، (**رَكَعَ: انْحَنَى، سَوَاءٌ مَسَّتْ رُكْبَتَاهُ الأَرْضَ أَمْ لاَ**)، (**رَكَعَ**): یانی: چەمایەوە، ئنجا چ ئەژنۆیەکانی بگەنە زەوی، چ نەگەنە زەوی، ئەگەر بگەنە زەوی پێی دەگوترێ: (**سُجُوْد**): کڕنووش، ئەگەر نەشگەنە زەوی، هەر چەمانەوەی پێ دەڵێن، کەواتە: (**رُكُوْع**) بە مانای (**سَجْدَة**)ش دێ، (**رُكُوْع**) واتە: چەمانەوە بێ ئەوەی ئەژنۆیەکانی بگەنە زەوی، ئەگەر ئەژنۆیەکانیش بگەنە زەوی هەر وشەی (**رُكُوْع**)ی بۆ بەکاردەهێنرێ، بەڵام (**سُجُوْد**) لە زاراوەی شەرعییدا تەنیا حاڵەتێکە مرۆڤ نێو چاوان و هەردوو لەپی دەست و هەردوو ئەژنۆی هەردوو پێیەکانی واتە: هەر حەوت ئەندامەکەی لەسەر زەوی بن، ئەگەرنا (**سُجُوْد**)یش لە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانای چەمینەوەو نوشتانەوەو، بە مانای سڵاو لێکردنیش دێ، (**ٱرْكَعُوا**) وەك چۆن ئەو مانا ڕواڵەتییەی هەیە، مانای مەعنەوییشی هەیە، واتە: ملکەچ بوو، خۆی بە کەم گرت، هەروەك (**رُكُوْع**) بە مانای ڕکووعی نێو نوێژیش بەکاردێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێـــزان!

خـوا پـەروەردگار لـە کۆتایـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، ڕوو دەکاتـە بێبـڕوا بـە درۆدانـەرەکان، ئایـا چییـان بـە درۆ دانـاوە؟ ڕۆژی دوایـی بـە تایبـەت، چونکـە ئـەم سـوورەتە بـە زۆریـی بـاسی ڕۆژی دواییـە، بـە هـەردوو قۆناغـی ئاخیـر زەمـان و، زیندووکرانـەوەو سـزاو پاداشـت دانـەوەوە.

هەروەهـا پێغەمبـەری خوایـان بـە درۆ دانـاوەو، فەرمایشـتی خوایـان بـە درۆ دانـاوەو، پەیامـی خوایـان بـە گشـتیی بـە درۆ دانـاوە، دەفەرمـوێ: ﴿ٱنطَلِقُوٓاْ إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ﴾ دەرپـەڕن بـڕۆن بـەرەو ئـەوەی بـە درۆتـان دادەنـا. ﴿ٱنطَلِقُوٓاْ إِلَىٰ ظِلٍّ ذِى ثَلَٰثِ شُعَبٍ﴾، دەرپـەڕن بـە خێرایـی بـڕۆن بـەرەو سـێبەرێکی خـاوەن سـێ لا، (شُـعَب) کـۆی (شُـعْبَة)یەو، بـە بەشـێك لـە شـتێك، یـان لقێـك لـە شـتێك، یـان کۆمەڵێـك لـە شـتێك، دەگوتـرێ، واتـە: ئـەو سـێبەرە هێنـدە گەورەیـە، بۆتـە سـێ بـەش، کـە سـێبەرەکەش هـی دووکەڵـە، وەك لـە سـوورەتی (**الواقعـة**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ ﴿٤٣﴾ ﴾، واتـە: سـێبەرێك لـە دووکـەڵ، ئنجـا هـەر دووکەڵێکیـش نـا، بەڵکـو دووکەڵێـکی ڕەش، دووکـەڵ هەیـە ڕەنگـە مەیلـەو بـۆر بـێ، بـەڵام ئـەو دووکەڵـەی لـە سـوورەتی (**الواقعـة**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَظِلٍّ مِّن يَحْمُومٍ ﴿٤٣﴾ ﴾**الواقعـة**، واتـە: (**مِـنْ دُخَـانٍ أَسْـوَد**) لـە دووکەڵێـکی ڕەش.

ئنجـا خـوا دەفەرمـوێ: بەخێرایـی بچـن، دەرپـەڕن بـەرەو سـێبەرێکی خـاوەن سـێ بـەش، سـێ لا، ﴿لَّا ظَلِيلٍ وَلَا يُغْنِى مِنَ ٱللَّهَبِ﴾، ئـەو سـێبەرە نـە فێنکایەتیـی تێدایـە، نـە سـوود دەگەیەنـێ لـە بڵێسـەی ئاگـر، واتـە: ئـەوە نیـە فێنکایەتیـی تێدابـێ و مـرۆڤ لـە ژێریـدا بتوانـێ پشـوو بـدات، یاخـود گەرمایـی بڵێسـەی ئاگـر لـە مـرۆڤ دوور بخاتـەوە.

﴿ إِنَّهَا تَرْمِى بِشَرَرٍ كَٱلْقَصْرِ ﴾، ئـەو ئاگـرەی دۆزەخ، پارچـە ئاگـران، بلّێسـان فـڕێ دەدات، (**كَالقَـصْر**) وەك كۆشـكان وان، وەك خانـووی بـەرز وان، ﴿ كَأَنَّهُۥ جِمَـٰلَتٌ صُفْرٌ ﴾، ئـەو پارچانـەی فڕێیـان دەدات، بـە دوای یـەك دا دێـن و وەك ڕەوە حوشـتری زەرد وان، هەندێکیـش گوتوویانـە: (**صُفْـرٌ**) هەرچەنـدە کـۆی (**أَصْفَـر**)ەو بـە ڕواڵـەت یـانی: حوشـترە زەردەکان، کۆمەڵێـك حوشـتری زەرد، بـەڵام عـەرەب وشـەی (**صُفْرٌ**)یـان بەکارهێنـاوە بـە مانـای (**سـود**) کـە (**صُفْـر**) کـۆی (**أصفـر**) و (**سـود**)یش کـۆی (**أسـود**) ە، واتـە: حوشـترە ڕەشـەکان.

وشـەی (**جِمَالَـة**) خوێندراویشـەتەوە: (**جِـمَالَات**)، (**جِـمَالَات**) کـۆی (**جِمَالَة**)یـەو، ئەویـش کـۆی (**جِـمَال**)ە، واتـە: حوشـترەکان، کـە کـۆی (**جَمَـل**)ە، (**جِمَالَـة**) واتـە: کۆمەڵێـك حوشـتر، ئەگـەر (**جِمَالَات**)یـش بـێ، دەبێتـە کـۆی کـۆی کـۆ.

﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لـەو ڕۆژەدا سـزای سـەخت بـۆ درۆدانـەران، واتـە: بەدرۆدانـەرانی سزاو پاداشـتێك کـە خـوا دایناوە بـۆ بێبڕوایـانی خراپـەکارو، بـڕوادارانی چاکـەکار.

﴿ هَـٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ﴾، ئەمـڕۆ ڕۆژێکـە تێیـدا نادوێـن، قسـە ناکـەن، ﴿ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ﴾، مۆڵەتیشـیان نـادرێ، پـۆزش بێننـەوە، ئنجا لێـرەدا دەفەرموێ: ﴿ هَـٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ﴾، ئەمـڕۆ ڕۆژێکـە گـۆ ناکـەن، قسـە ناکـەن، نابێـژن، نادوێـن، ئـەدی چـۆن خـوا ﷻ لـە شـوێنی دیکـە قسـەکردنیان لـێ دەگێڕێتـەوە لـە بێبڕوایـەکان؟ دوایـی باسـی دەکەیـن کـە ڕۆژی دوایـی، قۆنـاغ قۆناغـە، لـە قۆناغێکـدا نادوێـن و لـە قۆناغێکـدا دەدوێـن، لـە قۆناغێکـدا پرسـیار ناکـەن و، لـە قۆناغێکـدا پرسـیار دەکـەن، خـوا ﷻ کـە بـە تەعبیـری جـۆراو جـۆر بـاسی ئـەو ڕۆژە دەکات، لەبـەر ئەوەیـە کـە دیمـەنی جـۆراو جـۆرو حاڵـەت و قۆناغـی جۆراوجـۆری تێـدان و، یـەك شـت نیـە، تاکـو بـە یـەك وەسـف، پێناسـە بکـرێ، بەڵکـو ڕۆژێکـە ڕووداوی زۆری تێـدان و، قۆناغـی زۆری تێـدان، وەك عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبـاس (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ) کاتێـك لـەو بـارەوە پرسـیاری لێکـراوە، ئـاوای گوتـوە.

هەروەها کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ﴾، مۆڵەتیشیان نادرێ پۆزش بێننەوە، ئەمیش دیسان لە هەندێك مەقامدا خوای پەروەردگار لێیان دەگێڕێتەوە: ﴿ فَٱعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴿١١﴾ ﴾غافر، واتە: دانمان نا بە گوناحەکانی خۆمان دا، ئایا هیچ ڕێ هەیە بۆ دەرچوون؟ لەوێ دان بە هەڵەی خۆیاندا دێنن و، ئەوەش جۆرێکە لە پۆزش هێنانەوە، بەڵام وەك دوایی باسی دەکەین، ئەوان لە دۆزەخ دا، دان بە هەڵەی خۆیاندا دێنن!

لێرەش خوا دەفەرموێ: مۆڵەت نادرێن لە کاتی سزاو پاداشت دانەوەدا، پۆزش بێننەوە، یاخود: مۆڵەت نادرێن پۆزشێك بهێننەوە، کە ببێتە هۆی دەربازبوونیان، ئەوەش پۆزشێکە دوای ئەوەی چوونە نێو دۆزەخەوە، پۆزش دێننەوەو دەپاڕێنەوەو داوا دەکەن، ئەوەش بایی فلسێکەو، پۆزشێك نیە بەهرەی لێوەربگرن و، دادێکیان بداو سوودێکیان پێ بگەیەنێ.

﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت و بێڕەزا بۆ بەدرۆدانەران، واتە: بەدرۆدانەرانی ڕۆژی دوایی، بەدرۆدانەرانی پەیامی خواو، پێغەمبەری خوا ﷺ.

﴿ هَٰذَا يَوْمُ ٱلْفَصْلِ ۖ جَمَعْنَٰكُمْ وَٱلْأَوَّلِينَ ﴾، ئەمڕۆ ڕۆژی لێکهەڵاواردن و لێك جیاکردنەوەیە، ئێوەو پێشووەکانمان هەمووتان پێکەوە کۆکردوونەوە، لێرەدا ڕووی دواندن لە بێبڕوایەکانی ئۆممەتی پێغەمبەرە ﷺ واتە: ئەوانەی لەسەر پێغەمبەری خاتەم ﷺ حیسابن! بەڵام بێبڕوان، چونکە مرۆڤایەتیی دوای هاتنی پێغەمبەری خاتەم ﷺ، هەمووی لەسەر میلاکی ویە، واتە: هەموو مرۆڤایەتیی بە ئۆممەتی موحەممەد ﷺ دادەنرێ، و ئەویش دوو جۆرە:

أ- ئۆممەتی وەڵامدەرەوە، کە بڕوادارانن و وەڵامی پێغەمبەریان ﷺ داوەتەوەو بە دەم بانگەوازەکەیەوە هاتوون و بڕوایان پێهێناوە.

ب- ئۆممەتی وەڵام نەدەرەوە، کە بریتین لە هەموو ئەوانەی پەیامی پێغەمبەری خاتەمیان ﷺ پێگەیشتوە، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوەو بڕوایان پێنەهێناوە، ئنجا لێرە

کە دەفەرمویّ: ﴿ هَٰذَا يَوْمُ الْفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ ﴾، ڕاناوی ئێوە (**كُم**) دەچێتەوە بۆ تێکڕای مرۆڤە دوێنراوەکان بە هەردووك جۆرەکەیانەوە، هەموو ئەوانەی کەوتوونە دوای هاتنی پێغەمبەری خاتەم ﷺ، ﴿ وَالْأَوَّلِينَ ﴾، پێشووەکانیش، یانی: بێبڕوایانی ئۆممەتانی پێشوومان، هەمووتان پێکەوە کۆ کردوونەوە، ﴿ فَإِن كَانَ لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ ﴾، ئنجا ئەگەر پیلانێك و فێڵێکتان هەیە، تەگبیرێکتان لە دەست دێ، پیلانم لە دژ بگێڕن، نەخشەیەك لە دژی من دا بنێن، ئایا هیچتان لە دەست دێ؟ ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت و بێڕەزا بۆ بەدرۆدانەران (ی پەیامی خواو، پێغەمبەرانی خواو، دیداری خوا)، ئەمە باسی سزای بێبڕوایان بوو، ئەو ئازارو سزایەی چاوەڕێیان دەکات، لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی دواییە، تووشی چ نەهامەتیی و مەینەتییەك دێن!!.

ئنجا دێتە سەر باسی پاداشتی پارێزکاران، دەفەرمویّ: ﴿ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي ظِلَالٍ وَعُيُونٍ ﴾، بە دڵنیایی پارێزکاران، ئەوانەی لە دنیادا خۆیان پاراستوە لە شیرك و کوفرو نیفاق، هەروەها خۆیان پاراستوە لە گوناهە گەورەکان، خۆپارێزەران (**متقین**) هەمووی دەگرێتەوە.

وەك دوایی باسی دەکەم کە هەندێك لە زانایانی ئەشعەریی مەشرەب و، زانایانی دیکەی ئیعتیزال مەشرەب، لەو بارەوە کێشەو مشت و مڕیان بووە:

(**مُعْتَزِلة**) گوتوویانە: (**المتقين**) واتە: ئەوانەی خۆیان لە هەموو جۆرە گوناهێك دەپارێزن، واتە: هەر کەسێك خۆی لە هەموو گوناهان نەپارێزێ، ناچێتە بەهەشت، مەبەستیان ئەوە بووە.

(**أشاعرة**)ش گوتوویانە: مەبەست لە (**متقین**) لێرەدا خۆپارێزەران لە شیرك و کوفرو نیفاقە، واتە: دەگونجێ مرۆڤ گوناهی گەورەشی هەبن و بچێتە بەهەشت، دوایی ئێمە لەو بارەوە قسەی خۆمان دەکەین و، لە ڕاستییدا ئەم دوو ڕایە هەردووکیان هەڵەن و، یەکیان تێپەڕاندن (**إخراط**)ی تێدایە، کە ڕای (**مُعْتَزِلة**)یەو دەڵێن: دەبێ مرۆڤ خۆی لە هەموو گوناحێك بپارێزێ، ئنجا دەچێتە بەهەشت، بەڵام ئەوە مەرج نیە.

هەروەها (أشاعرة)ش کە دەڵێن: هەر کەسێ خۆی لە کوفرو شیرك و نیفاق بپارێزێ، بە پارێزکار لە قەڵەم دەدرێ و دەچێتە بەهەشت، ئەمەش کەمتەرخەمیی (**تغریط**) و کەم و کورتییە، یانی: دوو ڕایەکان یەکیان تێپەڕاندن و، یەکیان بە زایەدانی هەیە، دوایی لەو بارەوە وردتر قسە دەکەین، گرنگ ئەوەیە خوا دەفەرموێ: خۆپارێزەران، یانی: ئەوانەی لە دنیادا خۆیان پاراستوە، خۆیان پاراستوە لە هەر شتێك کە خوا پێی ناخۆشە، ئنجا خوا وەك چۆن کوفرو شیرك و نیفاق و ئیلحادی پێ ناخۆشە، بە هەمان شێوە: پێشی ناخۆشە ئەرکەکانیشی بچوێنرێن و قەدەغەکانیشی بشکێنرێن، کەواتە: دەبێ خۆیان لەوانیش پاراستبێ، بەڵام ئایا وایە: هەر کەسێ یەك گوناحی کرد، ئیمانی هەڵبوەشێنێتەوەو، پێناسەی کوفری بەسەردابێ و، سەرەنجام شایستەی چوونە دۆزەخ بێ، وەك (**معتزلة و قدریة**) گوتوویانە؟، بە دڵنیایی نەخێر، بەڵام ئایا واشە کە گوناح و تاوان و لادان و خراپە، زیان بە ئیمان نەگەیەنن، وەك (**مرجئة**) گوتوویانەو، هەندێك لە ئەشعەرییەکانیش بەلای بیرۆکەی (**إرجاء**)دا شکاونەوە؟ بە دڵنیایی ئەویش وانیە، گوناح زیان بە ئیمان دەگەیەنێ، بەڵام ئیمان بە هەموو گوناحێك هەڵناوەشێتەوە، بەڵام گوناهێك کە لە زاتی خۆی دا کوفرو شیرك و نیفاق بێ، ئیمانی پێ هەڵدەوەشێتەوە، کەواتە: ئەو بیرۆکەیەی ئێستا دەیڵێم لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، لە چۆنیەتیی پێناسەو سەرنجدانی گوناهان، ئایا گوناهو تاوان چییەو، دەرهاویشتەکەی چییە؟ لەوێوەش ئەو بیرۆکەیە سەرچاوە دەگرێ، کە ئایا پارێزکاران کێن؟

ئنجا خوا دەفەرموێ: بە دڵنیایی پارێزکاران ئەوانەی خۆیان پاراستوە لە دنیادا لە هەر شتێك خوا پێی ناخۆشە، ﴿ فِى ظِلَٰلٍ وَعُيُونٍ ﴾، لە سێبەرەکان دان و لە سەرچاوەکاندان، واتە: لە شوێنێك دان و لەو باخانەدان کە هەمووی سێبەرەو، هەموویشی کانیی و سەرچاوەو جۆگەو جۆبارە، ﴿ وَفَوَٰكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ ﴾، هەروەها لە نێو میوەجاتێك دان لەوەی ئارەزووی دەکەن، (**فَوَاكِه**) کۆی (**فَاكِهَة**)

یـە، ئەویـش واتـە: میـوە، (فَوَاكِه)یـش میـوەكان، هەمـوو جـۆرەكانی میـوە، بـەڵام لـەوەی خۆیـان ئـارەزووی دەكـەن، هـەر میوەیـەك ئـارەزووی بكـەن، لێیـەتی، وەك لـە سـوورەتی (الزخـرف)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ وَأَنتُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٧١﴾﴾، واتـە: لـەو بەهەشـتەدا هەیـە، هـەر شـتێك نەفسـەكان ئـارەزووی بكـەن و، چـاوەكان چێـژی لێوەربگـرن و، ئێـوەش بـە هەمیشـەیی تێیـدا دەمێننـەوە.

﴿كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾، (پێیـان دەگوتـرێ:) بخـۆن و بخۆنـەوە بـە ئاسوودەیی و بەبـێ گرفـت، بەهـۆی ئـەوەوە كـە دەتانكـرد.

(هَنِيٓـًٔا):

أ- دەگونجێ مەبەست پێی ئەوەبێ كە خواردنەكە بە ئاسانیی بخورێ و چێژی لێوەربگیرێ، بە سێنایی لە گەروو بچێتە خوار.

ب- واتایەكی دیكەی ئەویە لە: ئەو خواردن و خواردنەوەیەی بەهرەی لێوەردەگرن، دوایی هیچ شوێنەواری خراپی نابێ، خواردنێك نابێ دوایی دەرهاویشتەی خراپی بێ.

ج- مەبەست پێی نەبوونی نارەحەتیی دانانی میزو پاشەرۆكە، ئەو واتایەشی هەر لێوەردەگیرێ، كەواتە: پێیان دەگوترێ: بخۆن و بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێ، بەهۆی ئەوەوە كە دەتانكرد.

﴿إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ﴾، ئێمـە بـەو شـێوەیە پاداشـتی چاكـەكاران دەدەینەوە، واتـە: بـەو شـێوە پاداشـتدانەوەیەی باسـمانكرد، ئـاوا پاداشـتی چاكـەكاران دەدەینەوە، چاكەكاریش كەسـێكە:

١- لەزاتی خۆی دا چاك بێ.

٢- پاشان پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ خوادا هەبێ.

٣- دوایی مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ خەڵك دا هەبێ، بەڵێ چاکەکار (**مُحْسن**) کە بە (**مُحْسِنِيْن**) کۆدەکرێتەوە، ئەوەیە لە زاتی خۆی دا چاك بێ، ئەگەر لە خودی خۆیدا چاك نەبێ، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ خوادا نابێ و، بەندایەتییەکی باش بۆ خوا ناکات: (**الإِحْسَانُ: أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ**)، (**أخرجه البخاري: ٥٠، ومسلم: ٩**)، دەبێ مرۆڤ لە زاتی خۆیدا خاوەنی تێڕوانین و بووناسییەکی ڕاست بێ، خاوەنی ئیمان و عەقیدەیەکی ساغ، ئنجا دەتوانێ کە لەگەڵ خوادا مامەڵەیەکی ڕاست و دروستی بێ، بەندایەتییەکی باش بۆ خوا بکات، دوای ئەوەش کە بەندایەتییەکی باش بۆ خوا دەکات، ئنجا دەتوانێ مامەڵەیەکی چاك لەگەڵ بەندەکانی خوا و لەگەڵ دەوروبەری دا بکات، کەواتە: ئێمە ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە، یانی: ئەوانەی لە خودی خۆیاندا چاکن و پەیوەندییان لەگەڵ خوادا باشەو، بەندایەتییەکی باش و چاك و ساغ بۆ خوا دەکەن، لەگەڵ خەڵکیشدا مامەڵەیەکی ڕاست و دروست و شەرعییانە دەکەن، ﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت و بێڕەزا بۆ بەدرۆدانەران، ئنجا ئەگەر مرۆڤ بەراورد بکات لە نێوان سزای کافرەکان دا، کە هەمووی ئاگرو دووکەڵەو بڵێسەیەو، پاداشتی بڕواداراندا کە هەمووی سایەو سێبەرو کانیی و کانیاو میوەو خۆشییە، جیاوازییەکی زۆر گەورە دەبینێ.

﴿كُلُواْ وَتَمَتَّعُواْ قَلِيلًا إِنَّكُم مُّجۡرِمُونَ﴾، لە کۆتاییدا خوا ﷻ ڕوو لە بێبڕوایەکان و تاوانبارەکان دەکات و دەفەرمووێ: کەمێك بخۆن و ڕابوێرن بە دڵنیایی ئێوە تاوانبارن، واتە: لەو ژیانە کورتە دنیاییەدا، خواردنەکەتان و ڕابواردن و چێژ وەرگرتنەکەتان، ماوەیەکی کەمەو، خوا ﷻ بۆ تاقیکردنەوە بواری پێداون، ﴿إِنَّكُم مُّجۡرِمُونَ﴾، بە دڵنیایی ئێوە تاوانبارن، کەواتە: دڵنیابن! وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرناچن و، سزای ئەو تاوانبارییەتان وەردەگرنەوە، بەڵام ئێستا خوا دەرفەت و مەودای داون، بە کەیفی خۆتان چی دەخۆن، بخۆن، پاك و پیس، حەڵاڵ و حەرام، ﴿وَتَمَتَّعُواْ﴾، هەروەها ڕابوێرن، چۆن ڕادەبوێرن بە حەڵاڵیی یان بە حەرامیی، چۆن چێژ وەردەگرن، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەمووی کەمە، هەم خواردنەکەو هەم ڕابواردنەکەش کەمەو، لە ماوەیەکی کەم دایە.

﴿ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت و بێڕەزا بۆ بەدرۆدانەران (ی سزای خوا، پاداشتی خوا، دیداری خوا، ڕۆژی دوایی).

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱرۡكَعُواْ لَا يَرۡكَعُونَ ﴾، هەر کاتیش پێیان بگوترێ: ڕکووع ببەن، ڕکووع نابەن، وشەی (ڕکوع) هەرچەندە ئێمە کە لە زمانی کوردیی دا بەکاری دێنین، هەر ئەو ڕکووعەیە کە لە نوێژدایە، بەڵام لە ئەسڵی زمانی عەرەبیی دا، وشەی (**رُكُوع**) چەمینەوە یەکێك لە واتایەکانیەتی، چەمانەوە (**إنحناء**)یش لە نوێژدا یەکێکە لە پایەکانی نوێژو، هیچ نوێژێك بەبێ ڕکووع وەبەرناکەوێ، وەك چۆن بەبێ کڕنووش (**سُجُود**) بە بەرناکەوێ و، بەبێ ڕاوەستان و خوێندنی قورئان بەپێوە، وەبەرناکەوێ و، بەبێ خوێندنی تەحییات وەبەرناکەوێ، ئەوانە هەموویان پایەی نوێژن، (**رُكُوع**) لە زمانی کوردیی دا واتە: چەمینەوە (**إنحناء**) ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ لە نێوەڕاستی دا بچەمێتەوە، بەڵام نێوچاوانی و دەستی و ئەژنۆی نەگەنە زەوی، ئەگەرنا پێی دەگوترێ: کڕنووش (**سُجُود**)، بەڵام لە زمانی عەرەبیی دا، وەك چۆن ئەو پایەیەی نوێژ دەگرێتەوە، کە بریتیە لە چەمینەوە، بە هەمان شێوە مانای سەجدەش دەگرێتەوە، هەروەها مانای ملکەچییش دەگرێتەوە، هەرچەندە لە کوردییش دا وشەی (چەمینەوە) بە مانای ملکەچییش بەکاردێ، دەگوترێ: فڵانکەس ناچەمێتەوە، واتە: مل نەوی ناکات، تەسلیم نابێ، زەبوونیی دەرنابڕێ، بەڵام وشەی (**رُكُوع**) ئەگەر هەر بێژە عەرەبییەکەی بەکاربهێنرێ، خەڵك بەو واتایە لێی تێدەگات کە پایەیەکە لە پایەکانی نوێژ، بەڵام وشەی (**رُكُوع**) لە زمانی عەرەبییدا گرنگە ئێمە بزانین: وێڕای واتا ڕواڵەتییەکەی، واتایەکی مەعنەوییشی هەیە، بەڵکو جارێ وایە واتا مەعنەوییەکەی بەهێزترە لە واتا ڕواڵەتییەکەی، لێرەش دا بە دڵنیایی مانا مەعنەوییەکەی مەبەستە، واتە: ئەگەر پێیان بگوترێ: ملکەچ بن بۆ خوا، بچەمێنەوە بۆ خوا، لە بەردەم خوادا خۆتان بە کەم بگرن، خۆیان بە کەم ناگرن و ملکەچ نابن بۆ خوا، بە پلەی یەکەم مەبەست پێی ئەوەیە، ئنجا لە نێو مانای ملکەچ بوون و چەمینەوەدا بۆ خوا،

ڕکووعیش هەیەو، یەکێك لە پایەکانی نوێژیش بریتیە لە ڕکووع بردن، یانی: ڕکووع بردن، بەشێکە لە واتای گشتیی وشەی (ڕکوع) کە لێرەدا بەکارهاتوە.

﴿ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەران، بەدرۆدانەرانی سزاو پاداشتی خوا، بەدرۆدانەرانی ڕۆژی دوایی، بەدرۆدانەرانی پەیامی خوا، هەمووی دەگرێتەوە.

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ فَبِأَيِّ حَدِيثِۢ بَعۡدَهُۥ يُؤۡمِنُونَ ﴾، لە دوای وی (لە دوای قورئان، مسۆگەر ڕاناوەکە بۆ قورئان دەچێتەوە هەرچەندە باسی نەکراوە)، بڕوا بە چ فەرمایشتێك دێنن؟ واتە: ئەگەر بڕوا بە قورئان نەهێنن، کە تاکە موعجیزەی پێغەمبەری خاتەمە ﷺ بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتییەکەی، وەك پێشتر باسمانکردووەو ئەو دوو ئایەتەی سوورەتی (**العنكبوت**) زۆر بە ئاشکرا دەیگەیەنن، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ ءَايَٰتٞ مِّن رَّبِّهِۦۖ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾ أَوَلَمۡ يَكۡفِهِمۡ أَنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحۡمَةٗ وَذِكۡرَىٰ لِقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٥١﴾ ﴾، واتە: گوتیان: دەبووایە نیشانەکانی لە پەروەردگاریەوە بۆ دابەزن (واتە: موعجیزەکانی وەك هی پێغەمبەرانی پێشوو، خوا دەفەرموێ: ئەی موحەممەد ﷺ!)، بڵێ: نیشانەو موعجیزەکان تەنیا لەلایەن خواوەن و، من تەنیا ترسێنەرێکی ڕوون و ئاشکرام، ئایا بۆ ئەوان بەس نیە کە ئێمە کتێبێکمان دابەزاندۆتە سەرت بەسەریان دا دەخوێندرێتەوە، بە دڵنیایی لەوەدا (لەو کتێبەدا کە بەسەریان دا دەخوێندرێتەوە) بەزەیی (خوا) و بیرخەرەوە هەیە، بۆ کۆمەڵێك بڕوابێنن.

کۆمەڵێك بیانەوێ بڕوابێنن، قورئان بەسە بەڵگەو موعجیزەی ڕاستیی موحەممەد ﷺ بێ و، کەسانێکیش لە ئیمان هێنان نەخەفتێنن و نەیانەوێ ئیمان بێنن، ئەگەر دنیا پڕ بێ لە بەڵگەو موعجیزە، هەر ئیمان ناهێنن، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَبِأَيِّ حَدِيثِۢ بَعۡدَهُۥ يُؤۡمِنُونَ ﴾، لە دوای قورئان بە چ فەرمایشتێك

بڕوا دێنن؟ واتە: ئەم قورئانە بەرزو مەزنە، دوا دواندن و فەرمایشتی خوایە بۆ مرۆڤایەتیی، ئەم قورئانە پڕە لە نهێنییەکانی کە لە گەردوون دا هەن و، مرۆڤ پێویستیی پێیان هەیە بیانزانێ، وەك دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَنزَلَهُ ٱلَّذِی یَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ فِی ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورࣰا رَّحِیمࣰا ۝٦ ﴾ الفرقان، واتە: بڵێ ئەو کەسە دایبەزاندوە کە نهێنیی نێو ئاسمانەکان و زەوی دەزانێ، بێگومان ئەو لێبووردەی بەبەزەییە، ئەم قورئانە پڕە لە نوورو خێرو بەرەکەت، ئەگەر بڕوا بەم قورئان و بەم فەرمایشتە نەهێنن، لە دوای وی، لەسەر بناغەی چ فەرمایشتێك بڕوادێنن؟ خوا لە دوای قورئان، هیچ فەرمایشتی دیکە لەگەڵ مرۆڤایەتیی ناکات، قورئان دوا فەرمایشتی خوا بووە لەگەڵ مرۆڤایەتیی دا کردوویەتی، کەواتە: ئەگەر لەسەر بناغەی ئەم قورئانە بڕوانەهێنن، مانای وایە هەر نایانەوێ بڕوابێنن و، لە بڕوا هێنان ناخەفتێن و مەبەستیان نیە.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی، ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ کە لەسەر بناغەی ئەم فەرمایشتەی خوا، ئەم کۆتا فەرمایشتەی خوا، باشترین و قووڵترین و ڕاسترین و چاکترین ئیمان بێنین، تاکو هەم لە دنیادا سەر بەرزو سەرفراز بین و، هەم لە دوارۆژیش دا بەختەوەربین و بە دیداری خوای پەروەردگار شاد بین.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

لـە قیامەتـدا بـە بێبڕوایـان دەگوتـرێ: بـە خێرایـی بـەرەو ئـەو سـزایە بچـن، دەرپـەڕن، کـە بـە درۆتـان دادەنـا، دووکەڵێـك کـە سێبەرێکی سـێ لقیـی هەیـە، نـە فێنکایـی تێدایـەو نـە گـڕو گڵپـەی ئاگـر دەگێڕێتـەوە، پارچـە بڵێسـەی وەك کۆشـکان فـڕێ دەدا، کـە شـێوەی ڕەوە حوشـتری زەرد دەکـەن، بۆیـە سـزای سـەخت و دژوار بـۆ بەدرۆدانـەرانی قیامـەت:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٩﴾ ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ ظِلٍّ ذِى ثَلَٰثِ شُعَبٍ ﴿٣٠﴾ لَّا ظَلِيلٍ وَلَا يُغْنِى مِنَ ٱللَّهَبِ ﴿٣١﴾ إِنَّهَا تَرْمِى بِشَرَرٍ كَٱلْقَصْرِ ﴿٣٢﴾ كَأَنَّهُۥ جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ ﴿٣٣﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ٱنطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ﴾، ڕاکەن و دەرپەڕن بەرەو لای ئەوەی بە درۆتان دادەنا، (**طَلُقَ طَلَاقَ**)، بە مانای بەرهەڵداکردن و بەربەست لەبەردەمدا لابردنە، وشەی (**طَلَاق**) واتە: بەرهەڵداکردن، لە ئەسڵدا بۆ بەرهەڵداکردنی ئاژەڵ بەکاریان هێناوە.

(**انْطَلِقُـوا**) لەسـەر کێـشی (**إنفعـال**)ە، لـە (**إنْطـلَاق**)ەوە دێ، کـە لـە (**طلـق**)ەوە هاتـوە، (**إنْطَلِقُـوا**) واتـە: بەخێرایـی بچـن، ئەگـەر بمانـەوێ بـە کوردییـەکی پەتیـی بیڵێیـن: ڕاکـەن، دەرپـەڕن، ﴿إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ﴾، بـەرەو لای ئـەوەی بـە درۆتـان دادەنـا، لێـرەدا: ﴿إِلَىٰ مَا﴾، (مَـا) (**موصولة**)یـە، یـانی: (**إلى الَّـذِي كُنْتـم بِـه تُكَذِّبُـون**)، دەرپـەڕن بـە خێرایـی بچـن بـەرەو لای ئـەوەی ئێـوە بەدرۆتـان دادەنـا، کـە بریتیـە

لـە دۆزەخ، لـەو سـزایەی چاوەڕێـی بێبڕوایـان دەکات، واتـە: بـەرەو لای دۆزەخێـك کـە بـە درۆتـان دادەنـاو، پێتـان وابـوو ڕاسـت نیـەو ئەفسـانەیە، بـڕۆن بەخێرایـی!.

٢)- ﴿ انطَلِقُوٓا۟ إِلَىٰ ظِلٍّ ذِى ثَلَٰثِ شُعَبٍ ﴾، بڕۆن بەخێرایی، دەرپەڕن بەرەو لای سێبەرێك کە خاوەنی سێ لقە، سێ بەشە، ئەگەر بە: (انْطَلِقُوْا) بخوێنرێتەوە، پسپۆڕانی زمان و ڕەوانبێژیی گوتوویانە: دووبارەکردنەوە کە بۆ سەرزەنشتکردن، یاخود بۆ بە کەم دانان و بۆ پاڵپێوەنان و بەڕێکردنە، بەڵام خوێندراویشەتەوە: (انْطَلَقُوْا) دەرچوون، یانی: دوای ئەوەی پێیان گوترا: (إِنْطَلِقُوْا) دەرپەڕن، یەکسەر دەرپەڕین و ڕۆیشتن بەرەو سێبەرێکی خاوەن سێ لق، سێ بەش، وشەی (شُعَب) کۆی (شُعْبَة)یە، (الشُّعْبَةُ: الفَرِيْقُ وَالطَّائِفَةُ وَالقِطْعَةُ مِنَ الشَّيء)، (شعبة) بەشێك و کۆمەڵێك و پارچەیەکە لە شتێك.

(الطـبري) لـە (مجاهـد)ەوە بـە ژمـارە (٣٦٠٧٠) هێناویـەتی دەڵـێ: ﴿ ظِلٍّ ذِى ثَلَٰثِ شُعَبٍ ﴾، (ظِـلٌّ وَدُخَـانٌ ذِي ثَـلَاثِ شُـعَب) واتـە: سـێبەرێك و دووکەڵێـك کـە خـاوەنی سـێ بەشـە.

هەروەها (مجاهد) گوتوویەتی: (دُخَانُ جَهَنَّم) مەبەست پێی دووکەڵی دۆزەخە.

٣)- ﴿ لَّا ظَلِيلٍ وَلَا يُغْنِى مِنَ ٱللَّهَبِ ﴾، نە سێبەرێکی خەستی هەیەو، نە سوودیشی هەیە بۆ بڵێسە، (ظَلِيْل: القَوِيُّ فِي ظِلَالِهِ، مِثْل: لَيْلٌ أَلْيَلٌ، وَشِعْرٌ شَاعِرٌ)، (ظَلِيْل) واتە: بەهێز لە سێبەرەکەیدا، سێبەری خەست، وەك: شەوێکی شەو، شیعرێکی شاعیر، خوا دەفەرموێ: ﴿ لَّا ظَلِيلٍ ﴾، سێبەرو فێنکایەتییەکی خەستی نیە، ﴿ وَلَا يُغْنِى مِنَ ٱللَّهَبِ ﴾، نەك هەر سێبەرێکی خەستی نیە، کە مرۆڤ لەسایەی دا پشوو بدات، بگرە بۆ بڵێسەکەش بێ سوودە، نایگێڕێتەوەو لێی ناپارێزێ، چونکە سێبەری خەست کە تیشکەی نەبێ، کەلێنی نەبێ، تیشکی خۆری پێدابێ، مرۆڤ دەتوانێ لە پەناو سایەی ئەو سێبەرەدا، پشوو بدات، بەڵام ئەگەر تیشکەی[1] تێدابن، جاری وایە کەسێك پشوو لە بن ساباتێك دەدات، بەڵام سەرەکەی باش نەگیراوەو چڵۆێیەکەی و ئەو گیایەی دەخرێتە سەری،

(١) پارچەی تیشکی خۆر (تیشکە)ی پێ دەگوترێ، کە لەبۆشایی و کەلێنی درەخت یان کەپرو ساباتەوە دێ.

زۆر نیەو، تیشکەی خۆری لێوە دێن، مرۆڤیش ئەگەر بیەوێ ڕاکشێ، یاخود دابنیشێ و تیشکە لێیبدەن، بێزار دەبێ، ئنجا ئەو سێبەرەش وانیە، سێبەرێکی خەستی وابێ، پشووی لە بن بدەن، ﴿وَلَا يُغْنِي مِنَ ٱللَّهَبِ﴾، نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێ لەو بڵێسەی ئاگری دۆزەخە، (لَهَب) بڵێسە، ئەوەیە کە لە ئاگر بەرزدەبێتەوە، بە کوردیی پێی دەڵێن: بڵێسە، کڵپە، زمانەی ئاگر.

(الطبري) ئـاوای مانـای لێکداوەتـەوە دەڵـێ: (لَا هُـوَ يُظِلُّهُـمْ مِـنْ حَرِّهَـا، وَلَا يُكِنُّهُمْ مِـن لَهَبِهَـا)، ئـەو سـێبەرە نـە ئەوەیـە لـە گەرمایەکـەی سـێبەریان لـێ بـکات و، نـە ئەوەیـە لـە بڵێسـەکەشی پەنایـان بـدات و بیانپارێـزێ.

﴿وَلَا يُغْنِي مِنَ ٱللَّهَبِ﴾، (الإغْنَـاءُ: جَعْـلُ الغَـيْرِ غَنِيًّـاً)، (إغْنَـاء) واتـە: جگـە لـە خـۆی بـێ نیـازو دەوڵەمەنـد بـکات، لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە: زیانیـان لـێ دوور ناخاتـەوەو سوودیشـیان پـێ ناگەیەنـێ، لێرەدا (يُغْنِي) لـە: ﴿وَلَا يُغْنِي مِنَ ٱللَّهَبِ﴾دا، (ضُمِّـنَ (لَا يُغْنِـي) مَعْنَـى (لَا يُبْعِـدُ) لِـذَا عُـدِّيَ بـ «مِـن»)، وشـەی (يُغْنِي) زیاتـر بـە (عَـنْ) بـەرکار دەخـوازێ، (أغْنَـاهُ عَنْـهُ) واتـە: لـەوی بـێ نیـاز کـرد، بـەڵام لێـرەدا بـە (مِـنْ) بـەرکاری خواسـتوەو تێپـەڕی کـردوە بـۆ بـەرکار (مفعـول بـە) تاکـو مانـای دوور دەخاتـەوە (يُبْعِـدُ)ی بخرێتـە نێـو، کەواتـە: ﴿وَلَا يُغْنِي مِنَ ٱللَّهَبِ﴾، واتـە: (لَا يَدْفَـعُ عَنْـهُ اللَّهَـب وَلَا يُبْعِـدُ عَنْـهُ اللَّهَـب)، نـە بڵێسـەی ئاگـری لـێ بەرپـەرچ داتـەوەو نـە لێـشی دووردەخاتـەوە، یـان: نـە سـوودی پـێ دەگەیەنـێ لـە بەرانبـەر بڵێسـەی ئاگرداو، نـە بڵێسـەی ئاگریـشی لـێ دوور دەخاتـەوە، چونکـە کردارێـك کـە بـە پیتێـك بـەرکار دەخـوازێ، یـان بەبـێ پیـت بـەرکار دەخـوازێ، ئەگـەر ئـەو پیتـە گـۆڕدرا بـە پیتێـکی دیکـە، کـە عـادەت نەبـێ بـەرکاری پـێ بخـوازێ، یاخـود پیتێـك زیـاد کـرا بـۆ خواسـتنی بـەرکار، کـە ئـەو کـردارە لـە ئەسـڵدا پێویسـتیی بـەو پیتـە نەبـوو، ئـەو کاتـە وێـڕای مانـا ئەسڵییەکەی خـۆی، مانایـەکی دیکـەشی دەخرێتـە نێـو، ئـەوەش لـە زمـانی عەرەبیـی دا پێـی دەگوتـرێ: (تَضْمِين) واتـە: خسـتنە نێـو، واتـە: وێـڕای ئـەوەی مانـای ئەسـڵی خـۆی هەیـە، مانایـەکی دیکـەشی بـۆ زیـاد دەبـێ.

٤)- ﴿إِنَّهَا تَرْمِي بِشَرَرٍ كَالْقَصْرِ﴾، ئەو ئاگرە بڵیسان فڕێ دەدات، وەك كۆشكان، **(إنَّهَا)** ڕاناوەكەی بۆ ئاگری دۆزەخ دەچێتەوە، واتە: ئەو ئاگرە، **(تَرْمِي)**: **(تَقْذِف)** فڕێ دەدا، دەهاوێ، **(بِشَرَر)**، **(شَرَر)** كۆی **(شَرَرَة)**یە، **(وَهِيَ القِطْعَةُ المُشْتَعِلَةُ يَدْفَعُهَا لَهَبُ النَّارِ والقَصْرُ: البِنَاءُ العَالِي، وَالتَّعْرِيفُ فِيهِ لِلجِنْسِ، أَي كَالقُصُورِ)**، واتە: **(شَرر)** كۆی **(شَرَرة)**یە كە بریتیە لە پارچەی گڕگرتووی بڵێسە، ئاگر دەیهاوێ، **(قَصْر)**یش خانووی بەرزەو ناساندن **(تعريف)** ەكەی بۆ تێكڕا **(جنس)**یە، یانی: وەك كۆشكان، واتە: ئەو ئاگرە بڵێسان فڕێ دەدات، وەك كۆشكان، چونكە وشەی **(قَصْر)** واتە: بینای بەرز، خانووی بەرز، كۆشك، **(أل)** ی ناساندنی لەسەرە و، مەبەست پێی جینسە، واتە: هەر یەك كۆشك نا، بەڵكو كۆی كۆشكان، وەك كۆشكان وان، بۆیەش ئێمە وامان مانا كردوە، ئنجا خوا ﷻ وێچواندنێكی دیكەشی تێدا دەكات، دوای ئەوەی ئەو بڵێسەو كڵپانەی ئاگری دۆزەخ فڕێیان دەدا، بە هەوادا، چواندنی بە كۆشكە بەرزەكانەوە، ئنجا دەیانشوبهێنێ بە ڕەوە حوشتری زەردیشەوەو دەفەرموێ:

٥)- ﴿كَأَنَّهُ جِمَالَتٌ صُفْرٌ﴾، ئەو (پارچە ئاگرو بڵێسانەی دۆزەخ فڕێیان دەدات)، وەك ڕەوە حوشتری زەرد وان.

(جِمالة) كۆی **(جِمَال)**ەو، ئەویش كۆی **(جَمَل)**ە، مانای وایە **(جِمَالَة)** دەبێتە كۆی كۆ، واتە: وەك چەند ڕەوە حوشترێكان وان، خوێندراویشەتەوە: **(جِمَالَات)** ئەو كاتەش **(جِمَالَات)** دەبێتە كۆی **(جِمَالَة)**و، ئەویش كۆی **(جِمَال)**ە، كە كۆی **(جَمَل)**ە، مانا وایە **(جِمَالَات)** دەبێتە كۆی كۆی كۆ **(جَمْعُ جَمْعِ الجَمْعِ)**.

بێگومان خوا ﷻ كە ئەو وێچواندنانە دێنێتەوە، تەنیا بۆ گەلی كوردی نەبووەو، بەس بۆ عەرەبی نەبووەو، بۆ توركی نەبووەو، بۆ فارسی نەبووەو، بۆ ڕۆژئاوای نەبووەو، بۆ ڕۆژهەڵاتی نەبووە، بەڵكو بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، هەموو مرۆڤایەتییش كۆشكان دەبینن، ئەگەر شارنشین بن، كۆشكی بەرز، ئنجا با بزانن ئەو بڵێسانەی ئاگری دۆزەخ فڕێیان دەدا، هێندەی كۆشكانن، هەروەها ئەگەر بیابانشین و گوندنشین بن، ڕەوە حوشتران دەبینن، حوشتری زەرد، ئنجا با بزانن

ئـەو بڵێسـە ئاگرانـە، وەك ڕەوە حوشـتران وان، وەك كۆمەڵـە حوشـترێك، كـە پێكـەوە دەڕۆن، ئنجـا (صُفر)یـش كـۆی (أصْفَـر)ە و، چ مەبەسـت مانـا ئەسـڵییەكەی خـۆی بـێ واتـە: ڕەوە حوشـتری زەرد، چ وەك هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: مەبەسـت ڕەوە حوشـتری ڕەش بـێ، وەك (الطـبري) دەڵـێ: (ويُقصَـدُ بِالْجِـمَالَاتِ الصُّفْـرِ: الْإِبِـلُ السُّـودُ، لِأَنَّ ذَلِـكَ هُـوَ الْمَعْـرُوفُ مِـنْ كَلَامِ العَـرَبِ، وصُفْـرٌ جَمْـعُ أَصْفَـر، وَسُـود جَمْـعُ أَسْـوَد)، واتـە: مەبەسـت لـە (الجِـمَالَاتِ الصُّفْـرِ)، حوشـترە ڕەشـەكانە، ڕەوە حوشـتری ڕەش، چونكـە ئـەوە زانـدراوە لـە قسـەی عەرەبـان كـە وشـەی (صفْر)یـان بـۆ (سُـود) بەكارهێنـاوە، (صُفْر)یـش كـۆی (أصْفَـر)ەو (سُـود)یش كـۆی (أسْـوَد)ە.

بـەڵام ئەگـەر مەبەسـت پێـی حوشـترە زەردەكانیـش بێ، چونكـە حوشـتری زەردیش هـەن و، حوشـتری ڕەشـیش هـەن، لـە هـەردووك حاڵانـدا وێچوانـدن (تشـبیه)ەكە پـڕ بـە پێسـتی حاڵەتەكەیە.

٦)- ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەران، واتە: بەدرۆدانەرانی سزایەك كە خوا دایناوە بۆ بێبڕوایانی خراپەكار.

ئنجـا وشـەی (قَـصْر) وێـڕای ئـەوەی دەگونجـێ مەبەسـت پێـی جینـسی كۆشـك (قَـصْر) بـێ، واتـە: كۆشـكەكان، چونكـە (أل)ی ناسـاندنی لەسـەرەو ئەویـش بۆ جینسـە، واتـە: كـۆی كۆشـكان، هەندێـك لـە زانایانیـش وەك (قتـادة) كـە (الطـبري) بـە ژمـارە (٣٦٠٨١) لێـوەی هێنـاوە دەڵـێ: (القَـصْرُ: أصُـولُ الشَّـجَرِ وَأصُـوُل النَّخْـل)، (قـصر) قـەدو بنـكی درەخـت و قـەدو بنـكی دار خورمایـە (كـە ئەویـش زۆر گەورەیـە).

هەروەهـا (إبـن عباس)یـش كـە (الطـبري) بـە ژمـارە: (٣٦٠٨٤) لێیـەوە هێنـاوە، گوتوویـەتی: وەك چـۆن بـە: (جِـمَالَات) خوێندراوەتـەوە، بـە: (جُمَالَات)یـش خوێندراوەتـەوە، (جُمَالَات)یـش كـۆی (جُمَالَة)یـە، ئەویـش بریتیـە لـە پەتێـكی گـەورە كەشـتیی پـێ قاییـم دەكـرێ، پێـشی دەگوتـرێ: (القَلْـس)، واتـە: ئـەو بڵێسـە ئاگرانـەی دۆزەخ فڕێیـان دەدا، وەك گـووش و پـەتی گـەورە وان كـە كەشـتییان پێ قاییـم دەكرێ.

بەڵام (**الطبري**) دەڵێ: (**أَوْلَى القِرَاءَتَيْنِ عِنْدَنَا مَا عَلَيْه قِرَاءة الأمْصَار وَهُوَ سُكُون الصَّادِ، وَأَوْلَى التَّأويْلاَتِ بِه أَنَّهُ القَصْرُ مِنَ القُصُور**)، واتە: باشترین خوێندنەوە لە لای ئێمە ئەوەیە کە خەڵکی شارەکان پێیان خوێندۆتەوە، ئەویش ئەوەیە پیتی (صاد) زەنەدار بێ: (**كَالقَصْر**)، باشترین ماناش بۆ وشەی (**قَصْر**) ئەوەیە کە یەکێکە لە (**قُصُور**).

واتە: (أل)ەکەی سەر (**القَصْر**) بۆ جینسی (**قَصْر**)ەو بە مانای کۆشکە، کەواتە: (**الطبري**) ئەو مانایە ڕەت دەکاتەوە کە (**قتادة**) هێنای، کە مەبەست لە (قصر) بنکە دارخورما یان بنکە درەخت بێ و، دەڵێ: مەبەست پێی کۆشکە.

مەسەلەی دووەم:

لە قیامەتدا بێبڕوایان بێ قسە دەبن و، مۆڵەتیان نادرێ پۆزشیش بهێننەوە، تەنیا سزای سەختیش شایستەی ئەو بەدرۆدانەرانەیە، خواش پێیان دەفەرموێ: ئەمڕۆ ڕۆژی لێك هەڵاواردنە، ئێوەو تێكڕای كۆمەڵگا پێشووە بێبڕوایەكانمان خڕ كردوونەوە، ئنجا ئەگەر پیلانێكتان هەیە لە دژم، كەمتەرخەمیی مەكەن و، سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەرانی ڕۆژی لێك هەڵاواردنی پاك و پیسان:

خوا دەفەرموێ: ﴿هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ﴿٣٥﴾ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ﴿٣٦﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٧﴾ هَٰذَا يَوْمُ الْفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ وَالْأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾ فَإِن كَانَ لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ ﴿٣٩﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٠﴾﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ﴾، ئەمە ڕۆژێكە تێیدا نادوێن، لێرەدا (يَوْم) پاڵدراوەتە لای: ﴿لَا يَنطِقُونَ﴾، (**إضَافَة «يَوْم» إلى «لَا يَنْطِقُون» تَعْرِيْفٌ لليوم بأنه هُوَ يَوْمٌ يُعْرَفُ بِمَدلُوْل هَذِهِ الجُمْلَة**)، یانی: پاڵدانی (یوم) بۆ لای (لَا يَنْطِقُون) ناساندنی ڕۆژەكەیە بەوەی ئەو ڕۆژە، بەهۆی نێوەڕۆكی ئەو ڕستەیەوە دەزانرێ.

﴿هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ﴾، یانی: ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە بێبڕوایان قسەی تێدا ناكەن، تێیدا نادوێن، هەروەها خوێندراویشەتەوە: (**هَـذَا يَـوْمَ لاَ يَنْطِقُـون**)، یانی: ئەمە ڕۆژی تێدا نە دوانیانە، وشەی (یوم) بەهۆی زەرف (**ظـرف**) بوونەوە، حاڵەتی (**نَصـب**)ی وەرگرتوە.

٢)- ﴿وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ﴾، مۆڵەتیشیان نادرێ پۆزش بێننەوە، داوای لێبووردن بكەن، خوێندراویشەتەوە: (**وَلَا يَأْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُوْن**)، (خوا) مۆڵەتیان نادات، پۆزش بێننەوەو داوای لێبوردن بكەن.

ئنجا بۆچی فەرموویەتی: (**فَيَعْتَذِرُوْن**) و نەیفەرمووە: (**فَيَعْتَذِروا**)؟ وەڵام: ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی دەستپێکییە (**جملة إستئنافية**)، پسپۆڕێك گوتوویەتی: (**إسْتِئْنَافٌ تَقْدِيْره: فَهُمْ يَعْتَذِرُوْن**)، ئەمە دەستپێکە مەزەنەکەی: مۆڵەتیان نادرێ، ئنجا ئەوان پۆزش بهێننەوە.

لێرەدا (**فخرالدين الرازي**) پرسیارێك دەورووژێنێ دەڵێ: چۆن خوا ﷻ مۆڵەتی بێبڕوایان نادات داوای لێبوردنی لێبکەن و پۆزش بهێننەوە، کە پۆزش هێنانەوە سیفەتێکی بەرزە وەك گوتراوە: (**العُذْرُ عِنْدَ كِرَامِ النَّاسِ مَقْبُوْل**) واتە: پۆزش هێنانەوە لە لای خەڵکی بەڕێز وەردەگیرێ، (**الرازي**) دوو وەڵامان دەداتەوە:

١)- مەبەست پێی پۆزش هێنانەوەی بێ کەڵکە، کە بڵێن: داوای لێبوردنمان هەیە، نەمانزانی، ئایا پێغەمبەرانتان بۆ نەهاتن؟ یا، یان: بمانگێڕەوە بۆ دنیا، ئەوانەش هەموویان پۆزش هێنانەوەی بێ کەڵك و بێ سوودن و، بواری ئەو جۆرە پۆزش هێنانەوانەیان نادرێ.

٢)- قیامەت شوێنی کاری چاك و فەرمانبەریی بۆ خوا نیە، چونکە پێغەمبەران (**عليهم السلام**) لە دنیادا هاتوون، بۆ ئەوەی بیانوو و پۆزش بە دەست خەڵکەوە نەهێڵن، هاتوون وریایان بکەنەوەو بیانترسێنن، کەواتە: ڕۆژی دوایی شوێنی ئەوە نیە، بۆیە مۆڵەتی ئەوەیان نادرێ و کە پۆزشیش دێننەوە، پۆزشەکەیان لێ وەرناگیرێ، ﴿ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ﴾، واتە: مۆڵەتیان نادرێ پۆزش بهێننەوە، پۆزشێك سوودی هەبێ، ئەگەرنا بێبڕوایان لەوێدا زۆر هاوار دەکەن و داوای لێبوردن دەکەن، بەڵام بێ سوودە.

بۆیە زانایان دەڵێن: هیچ دژیەکیی (**تناقض**) و تێکگیرانێك لە نێوان ئەو ئایەتە بە پێزەو ئایەتانێکی دیکەدا نیە، کە خوا تێیان دا باسی دان بەهەڵەی خۆدا هێنان و داوای لێبوردن کردنی بێبڕوایان دەکات، بۆ وێنە:

یەکەم: خوا ﷻ لە سوورەتی (**الغافر**)دا دەفەرموێ: ﴿ قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا ٱثْنَتَيْنِ فَٱعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴿١١﴾ ﴾**غافر**، (بێبڕوایەکان

هاواریان کرد) گوتیان: پەروەردگارمان! دوو جاران مراندتین و، دوو جارانیش ژیاندتین، ئنجا دانمان بە گوناهەکانی خۆماندا هێنا، ئایا هیچ ڕێیەکی دەرچوون هەیە؟ کە وەك کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (**غافر**)دا گوتوومانە: دوو جاران مراندتین؟ مردنی یەکەم ئەوەیە کە ژیانیان نەبووەو، خوا ژیانی بە بەرداکردوون.

ب- مردنی دووەمیش ئەو کاتەیە کە ژیانی یەکەمی دنیا بە جێدێڵن، هەروەها کە دەڵێن: دوو جاران ژیاندتین: أ- ژیانی یەکەم ئەوەیە کە ژیانیان نەبووەو خوا ژیانی پێداون.

ب- ژیانی دووەمیش ئەوەیە کە لە ڕۆژی دوایی دا زیندوویان دەکاتەوە، ئنجا ئایا ئەوەی لە سوورەتی (**غافر**)دا هاتوە کە داوای لێبوردن دەکەن و پۆزش دێننەوە، لەگەڵ ئەوەی لێرەدا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ﴾، مۆڵەتیان نادرێ پۆزش بهێننەوە، ئایا تێك ناگیرێن؟!.

دووەم: هەروەها کە لە سوورەتی (**فاطر**)دا خوای پەنهانزان لێیان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: ﴿ وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ فَذُوقُوا۟ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ﴿٣٧﴾ ﴾**فاطر**، واتە: لەوێدا هاوار دەکەن پەروەردگارمان! دەرمان بێنە کردەوەی چاك دەکەین، جگە لەوەی دەمانکرد، (یانی: بمانبەوە بۆ دنیا، یان جارێکی دیکە تاقیمان بکەوە)...

سێیەم: هەروەها کە لە سوورەتی (**الصافات**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾**الصافات**، هەندێکیان ڕوویان لە هەندێکیان کرد، (لە نێوان خۆیان دا) پرسیاریان لە یەکدی دەکرد، کەواتە: لە قیامەت دا قسە دەکەن و پێکەوە دەدوێن! ئنجا ئایا ئەوانە تێکناگیرێن لەگەڵ ئەوەی ئێرە؟

وەڵامەکەی ئەوەیە نەخێر تێك ناگیرێن، چونکە:

أ- ئەو پۆزش هێنانەوەیەی خوا لایدەبات و دەفەرموێ: پۆزش ناهێننەوە، واتە: پۆزش هێنانەوەیەك سوودیان پێ بگەیەنێ.

ب- وەڵامێکی دیکە ئەوەیە: ڕۆژی دوایی قۆناغ قۆناغە، لە قۆناغێکدا بوار نادرێ کەس قسە بکات، یاخود هەر بۆ خۆیان نایانپەڕژێتە سەر پۆزش هێنانەوەو داوای لێبوردن کردن و قسەکردن، بەڵام لە قۆناغی دیکەدا بواریان دەدرێ قسە بکەن و، دەیانپەڕژێتە سەر ئەوەی داوای لێبوردن بکەن.

ج- یاخود مۆڵەتیان نادرێ قسە بکەن لە کاتێکدا لە قیامەت دان، واتە: لە کاتێکدا خەریکی سزاو پاداشت درانەوەن، بەڵام دوایی کە دەچنە نێو دۆزەخەوە، لەوێدا ئەوانەی خوای پەروەردگار باسیان دەکات، کە دان بە گوناحی خۆیان دا دێنن و هاوار دەکەن و پێکەوە قسە دەکەن، ئەوە هەمووی لە دۆزەخ دایە، بەڵام لە کاتێکدا لە گەرمەی کۆکرانەوەو سزاو پاداشت دان، ئەوەی خوا ﷻ لایدەبات هی ئەو کات و قۆناغەیە.

٣)- ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەران، واتە: بەدرۆدانەرانی ئەو ڕۆژە کە تێیدا بێ دەنگ دەکرێن، یاخود تێیدا قسەیەکیان نابێ بیکەن.

٤)- ﴿ هَٰذَا يَوْمُ الْفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ وَالْأَوَّلِينَ ﴾، ئەمە ڕۆژی لێك هەڵاواردنە ئێوەو پێشووەکانمان هەمووتان کۆ کردوونەوە.

سەرجەم کۆمەڵگاو خەڵکە بێبڕوا پێشووەکانمان لەگەڵ ئێوەدا، ئەی بێبڕوایانی کە لەسەر پێغەمبەری خاتەم حساب دەکرێن! هەمووناخمان پێکەوە خڕ کردوونەوە.

٥)- ﴿ فَإِن كَانَ لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ ﴾، ئنجا ئەگەر پیلانێکتان هەیە، فێڵێکتان هەیە، نەخشەیەکتان هەیە، لە دژی من بەکاری بێنن، (**الأَمْرُ: للتَعْجِيز وَالشَّرْط للتَّوبِيخ وَالتَّذْكِير بِسُوء صُنعِهم**)، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِن كَانَ لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ ﴾، فەرمانکردنەکە بۆ دەسەوسانکردنە، (واتە: هیچتان لە دەست نایەت)، وەك کەسێك بە کەسێك کە لە بەرانبەریدا بێ دەسەڵاتە، دەڵێ: چیت پێ دەکرێ بیکە! دەزانێ هیچی پێ ناکرێ، مەرجەکەش کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِن كَانَ لَكُمْ ﴾، (**إنْ**) مەرجییە (**شَرْطِيَّة**)یە بۆ

سەرزەنشتکردنەو، بۆ بیرخستنەوەی کردەوە خراپەکانیانە، واتە: وەك چۆن لە دنیادا پیلان و فێڵێکتان لە دەست دەهات، ئێستاش ئەگەر پیلان و فێڵێکتان لە دەست دێ، لە دژی من، بیکەن، وەك چۆن کاتی خۆی لە دژی ئایین و بەرنامەی من و پێغەمبەری من، پیلان و فێڵتان دەگێڕا، بەڵام ئایا ئێستا هیچتان لە دەست دێ؟! بە دڵنیایی نەخێر، کەواتە: ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە چاوەڕێتان دەکات.

٦)- ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەشدا سزای سەخت و بێڕەزا بۆ بەدرۆدانەران (ی دیداری خواو، سزاو پاداشتی خوا).

لێرەدا پێم چاکە قسەیەکی (**الطبري**) بێنمەوە کە تیشکی زیاترمان بۆ دەخاتە سەر ئەوەی (**فخرالدین الرازي**) درووژاندی: لێرەدا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ ﴾، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ﴾، بەڵام لە ئایەتی دیکەدا هاتوە، کە پۆزش دێننەوەو داوای لێبوردن دەکەن و قسە دەکەن، ئنجا ئایا ئەوانە چۆن پێکەوە تێکناگیرێن؟ پێشتریش باسمان کرد، بەڵام پێم خۆشە ئەم قسەیەی (**الطبري**) بێنم، لە تەفسیرەکەیەوە و یەکسەر دەقە عەرەبییەکەی دێنم[1]:

دەڵێ: ﴿ هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ﴾، (**يُخْبِرُ عَنْهُمْ أَنَّهُمْ لَا يَنْطِقُونَ فِي بَعْضِ أَحْوَالِ ذَلِكَ الْيَوْمِ، لَا أَنَّهُمْ لَا يَنْطِقُونَ ذَلِكَ الْيَوْمَ كُلَّهُ. فَإِنْ قَالَ: فَهَلْ مِنْ بُرْهَانٍ يُعْلَمُ بِهِ حَقِيقَةُ ذَلِكَ؟ قِيلَ: نَعَمْ، وَذَلِكَ إِضَافَةُ يَوْمٍ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿ لَا يَنطِقُونَ ﴾النمل: ٨٥، وَالْعَرَبُ لَا تُضِيفُ الْيَوْمَ إِلَى (فَعَلَ) وَ (يَفْعَلُ)، إِلَّا إِذَا أَرَادَتِ السَّاعَةَ مِنَ الْيَوْمِ وَالْوَقْتِ مِنْهُ، وَذَلِكَ كَقَوْلِهِمْ: آتِيكَ يَوْمَ يَقْدَمُ فُلَانٌ، وَأَتَيْتُكَ يَوْمَ زَارَكَ أَخُوكَ، فَمَعْلُومٌ أَنَّ مَعْنَى ذَلِكَ: أَتَيْتُكَ سَاعَةَ زَارَكَ، أَو آتِيكَ سَاعَةَ يَقْدَمُ، وَأَنَّهُ لَمْ يَكُنْ إِتْيَانُهُ إِيَّاهُ الْيَوْمَ كُلَّهُ، لِأَنَّ ذَلِكَ لَوْ كَانَ أَخَذَ الْيَوْمَ كُلَّهُ، لَمْ يُضَفِ الْيَوْمُ إِلَى (فَعَلَ) وَ (يَفْعَلُ)، وَلَكِنْ فِعْلُ ذَلِكَ، إِذَا كَانَ الْيَوْمُ بِمَعْنَى: إِذْ وَإِذَا اللَّتَيْنِ يَطْلُبَانِ الْأَفْعَالَ دُونَ الْأَسْمَاءِ**).

---

(١) جامع البيان: ج١٥، ص٢٥٧.

بـە ڕاسـتیی ئـەم عیبارەتـەی **(الطبري)** ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ، زۆر وردە بـۆ شـیکردنەوەی واتـاو چەمـکی ئـەو ئایەتـە موبارەکانـە!

دەڵـێ: کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ ﴾، هەواڵیـان لـە بـارەوە دەدا کـە لـە هەندێـك حاڵـەکانی ئـەو ڕۆژەدا، کـە ڕۆژی دواییـە، قسـە ناکـەن، نـەك لـە هەمـوو ڕۆژەکـەدا قسـە ناکـەن، بەڵگـەی ئـەوەش ئەوەیـە کـە **(يَـوْم)** پاڵدراوەتـە لای **(لاَ يَنْطِقُـونَ)**، گەلـی عەرەبیـش لـە قسـەکردنیاندا، عادەتیـان وایـە وشـەی **(يَـوْم)** پاڵنادەنـە لای کردەوەیـەك کـە دەکـرێ، مەگـەر مەبەسـتیان کاتێـك بـێ لـەو ڕۆژەو، ماوەیـەك بـێ لـەو ڕۆژەدا، کـە کارەکـەی تێـدا دەکـرێ، بـۆ وێنـە: کـە دەڵێـن: **(آتِيـكَ يَـوْمَ يَقـدَمُ فُـلَانٌ)** ئـەو ڕۆژی دێـم بـۆ لات کـە فڵانکـەس دێتـەوە، **(وَأَتَيْتُـكَ يَـوْمَ زَارَكَ أَخُـوكَ)** ئـەو ڕۆژە هاتمـە لات کـە برایەکـەت سـەردانی کـردی، مانایەکـە ئەوەیـە: لـەو کاتـەدا کـە برایەکـەت سـەردانی کـردی، لـەو کاتی ئـەو ڕۆژەدا، یاخـود لـەو سـەعاتەدا کـە ئـەو کەسـە دێتـەوە، مـن لـەو سـەعاتەی ئـەو ڕۆژەدا دێـم بـۆ لات، نـەك لـە هەمـوو ڕۆژەکـەدا چووبـێ بـۆ لای، چونکـە ئەگـەر لـە هەمـوو ڕۆژەکـەدا چووبایـە بـۆ لای و هەمـوو ڕۆژەکـەی گرتبایـە، ئـەو کاتـە وشـەی ڕۆژ **(يَـوْم)**ی پاڵنەدەدایـە لای کردارێـك کـە بکـرێ، بەڵکـو ئـەوە کاتێـك دەکـرێ کـە ئـەو ڕۆژە بـە مانـای **(إِذْ)** بـێ یـان بـە مانـای **(إِذَا)** بـێ کـە کـردارەکان دەخـوازن نـەك نـاوەکان.

واتـە: کردارێـك کـە لـەو ڕۆژەدا دەکـرێ ئەگـەر بڵـێ: ئـەو کردەوەیـەی لـەو ڕۆژەدایـەو ڕۆژەکـە پاڵبدرێتـە لای کردەوەیـەك واتـە: کاتێـکی دیارییکـراو ئـەو کردەوەیـەی لـەو ڕۆژەدا، تێـدا کـراوە، نـەك ڕۆژەکـە بـە گشـتیی، هـەروەك دوو وێنـەی بـۆ هێناونـەوە:

یەکەم: ئەو ڕۆژە دێم بۆ لات کە فڵانکەس دێتەوە، واتە: لەو کاتەدا کە فڵانکەس دێتەوە دێم بۆ لات.

دووەم: ئەو ڕۆژەی برایەکەت سەردانی کردی هاتم بۆ لات، واتە: لەو کاتی ئەو ڕۆژەدا کە برایەکەت سەردانی کردی، نەك لە هەموو ڕۆژەکەدا، بەڵکو ڕێك لەو کاتە دیارییکراوەدا کە برایەکەت تێیدا سەردانی کردی، منیش هاتم بۆ لات.

کەواتــە: لێــرە کــە دەفەرمــوێ: ﴿هَٰذَا يَوْمُ لَا يَنطِقُونَ﴾، یــانی: ئەمــە کاتێــکی دیارییکــراوی ئــەو ڕۆژەیەکــە قســەی تێــدا ناکــەن، نــەك هەمــوو ڕۆژەکــە، هەروەهــا کــە دەفەرمــوێ: پــۆزش ناهێننــەوە، یــانی:

أ- پۆزش هێنانەوەیەك کە سوودیان پێ بگەیەنێ.

ب- یاخود لە هەندێ حاڵەتدا دەرفەتی پۆزش هێنانەوەیان نادرێ و، لە هەندێ حاڵەتدا دەرفەتیان دەدرێ.

ج- یاخود مەبەست ئەوەیە لەو کاتەدا کە حەشرو حیساب دەکرێ و، سزاو پاداشت دیاریی دەکرێن، دەرفەتی قسەکردنیان نیە، بەڵام دوایی کە لە دۆزەخدا بۆ خۆیان قسە دەکەن و، هاوار دەکەن و داوای لێبوردن دەکەن، لەگەڵ ئەوەدا کە خوا دەفەرموێ: لە کاتی قیامەتدا داوای لێبوردن ناکەن و قسە ناکەن، تێك ناگیرێن، چونکە: لە دۆزەخدا قسەکردن جیایە لە قسەکردن لە کاتێك دا، کە خەڵك کۆکراوەتەوەو سزاو پاداشتیان بۆ دیاریی دەکرێن.

مەسەلەی سێیەم:

باسی پاداشتی پارێزکاران کە لە سێبەرو سەرچاوان و نێو میوەی جۆراو جۆری ئارەزوومەندیاندا دەبن و، پێیان دەگوترێ: بخۆن و بخۆنەوە بێ گرفت و بەڵا دەبن و نۆشی گیانتان بێ و، ئاوا خوا پاداشتی چاکەکاران دەداتەوەو، بێبڕوایانیش سزای سەختیان هەیە، لەسەر بەدرۆدانانی ڕۆژی دوایی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى ظِلَٰلٍ وَعُيُونٍ ﴿٤١﴾ وَفَوَٰكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ ﴿٤٢﴾ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٤٤﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى ظِلَٰلٍ وَعُيُونٍ ﴾، بە دڵنیایی و مسۆگەریی پارێزکاران لە سێبەران و لە نێو کانیی و سەرچاوان دان، وشەی (**ظِلاَل**) خوێندراوەتەوەش: (**ظُلَل**)، (**ظُلَل**) کۆی (**ظُلَّة**)یە، واتە: شتێك کە سێبەر دەکات، (**ظِلَال**)یش کۆی (**ظِلّ**)ە، واتە: سێبەر.

پێشتریش باسم کرد، زانایانی مەشرەب ئەشعەریی، وەك: هەر کام لە (**الرازي**) و (**الشوكاني**) گوتوویانە: (**إنَّ المُتَّقِيْن: لِلشِّرْك وَالكُفْرِ**) ئەوانەی خۆیان پاراستوە لە کوفرو شیرك، ئەوانە: ﴿ فِى ظِلَٰلٍ وَعُيُونٍ ﴾، لە بن سێبەران و لە نێو کانیی و سەرچاوان دان، بەڵام پێشتریش گوتم و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە: ئێمە نابێ ئایەتەکانی قورئان بەپێی ئەو بیرۆکانەی قوتابخانە ئیسلامییەکان، کە کۆمەڵە مسوڵمانەکانی شوێنکەوتووانی تەوژمە فیکریی و سیاسییەکان تەبەنییان کردوون، ئایەتەکان مانا لێ بدەینەوە، لێرەدا خوا دەفەرموێ: بێگومان پارێزکاران لە سێبەران و لە نێو کانیی و سەرچاوان دان، ئایا پارێزکاران کێن؟ بێگومان ئەوانەن کە خۆیان دەپارێزن لە هەر شتێك کە خوا پێی ناخۆشە، ئنجا ئایا خوا تەنیا کوفرو شیرکی پێ ناخۆشە؟ ئایا خوا درۆی پێ ناخۆش نیە؟ ئایا ستەمی پێ

ناخۆش نیە، ئایا خوا ﷻ زیناو قەتڵ و ڕێگریی و تێکدانی ئاسایشی خەڵك و، بوختان و ئەوانەی هەموویان پێ ناخۆش نین؟ بە دڵنیایی، با، کەواتە: نابێ، لە کاردانەوەی (**معتزلة**)دا و لەبەرئەوەی ئەوان گوتوویانە: هەر کەسێك یەك گوناح بکات، مانای وایە خۆی لە سزای خوا نەپاراستوەو ناچێتە بەهەشت! لە کاردانەوەی ئەوەدا ئێمەش بڵێین: نەخێر خۆپارێزەران و پارێزکاران ئەوانەن کە تەنیا خۆیان لە کوفرو شیرك دەپارێزن، کە لە ڕاستیدا ئەگەر (**معتزلة**) تێیان پەڕاندوە، (**أشاعرة**)ش کورتیان هێناوەو، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لێرەدا خوا دەفەرموێ: ئەوانەی خۆپارێزن، پارێزکارن، سەرفرازن، ئنجا ئایا خۆیان لەچی دەپارێزن؟ بێگومان لە هەر شتێك کە خوا پێی ناخۆشە، ئاشکراشە: خوا شیرك و کوفرو ئیلحادو نیفاقی پێ ناخۆشە بە پلەی یەکەم و، لەوانە هەر خۆش نابێ، مەگەر خاوەنەکەیان لێیان بگەڕێتەوەو تۆبە بکات، بەڵام وێڕای ئەوانە خوا گوناحە گەورەکانیشی پێ ناخۆشن و، گوناهە گچکەکانیشی پێ ناخۆشن، بەڵام هەر کامیان بەپێی خۆی، ئنجا ئەگەر کەسێك خاوەنی ئیمان بێ، دەگونجێ خوا لێیخۆش بێ، بەبێ تەوبەش، هەڵبەتە بە تەوبەوە خوا لە هەموو کەس خۆش دەبێ، بەڵام تۆبەی ساغ و ڕاست، بەڵام بەبێ گەڕانەوە (**توبة**)، دەگونجێ خوای پەروەردگار لێیان خۆشبێ و دەشگونجێ لێیان خۆش نەبێ، بەڵام بە نسبەت شیرکەوە خوا هەرگیز نایبوورێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾ ﴾النساء، واتە: خوا لەوە نابوورێ هاوبەشی بۆ دابنرێ، بەڵام جگە لەوە بۆ هەر کەسێك بیەوێ لێی دەبوورێ، واتە: بەبێ گەڕانەوە، چونکە بە گەڕانەوەوە لە هەموو کەس دەبوورێ، وەك لە تەفسیری سوورەتی (**النساء**)دا بە تەفصیل باسمان کردوە، کورتە باسێکمان لە بارەی گەڕانەوەوە بۆ لای خوا کردوەو، لە کتێبی: (گەڕانەوە بۆ لای خواش)دا بە تەفصیل باسی ئەو مەسەلەیەمان کردوە.

کەواتـە: وشـەی: (**المُتَّقِيْن**) واتـاو چەمکەکـەی گشـتییەو، بۆمـان نیـە لـە خـۆوە تایبـەتی بکەیـن بـە شـتێکەوەو، (**معتزلـة**) کـە دەڵێـن: هەر کەسێ یـەك گونـاح بکات، نـەك هــەر تەقـوای نیـە، بەڵکـو ئیمانیـشی هەڵدەوەشـێتەوە، بێگومـان زێدەڕۆییـان کـردوە، بـەڵام لـە بەرانبـەر وان دا (**مرجئـة**)ش - کـە (**أشـاعرة وماتريديـة**)ش کـەم و زۆر لـە ژێـر کاریگەریـی فیکـری (**مرجئـة**)دان، واتـە: پاشـینەکانیان مـەرج نیـە (**أبـو الحسـن الأشـعري**) و (**أبـو منصـور الماتريـدي**) خۆیـان وابووبـن - کـە دەڵێـن: گونـاح زیـان بـە ئیـمان ناگەیەنـێ، ئەوانیـش کەمتەرخەمییـان کـردوەو کورتیـان هێنـاوەو، ڕای ڕاسـت ئەوەیـە کـە گونـاح زیـان لـە ئیـمان دەداو، ئیـمان بـە گوناهـان کـەم دەکات و، بـە تاعـەت زیـاد دەکات، بـەڵام وەك (**معتزلـة**) گوتوویانـە - هەروەهـا (**خـوارج**) یـش گوتوویانـەو لـە (**معتزلـة**)ش زیاتـر ڕۆیشـتوون - هــەر کەسـێك یـەك گونـاح بـکات خـاوەن ئیـمان نەمـاوە، ئنجـا (**معتزلـة**) دەڵێـن: خـاوەن ئیـمان نەمـاوە، بـەڵام نەشـبۆتە کافـر، بەڵکـو (**لـە منزلـة بـين المنزلتين**) پێگەیـەکی لـە نێـوان دوو پێگـەکانی دا هەیـە، بـەڵام (**خـوارج**) دەڵێـن: هـەر کەسێ یـەك گوناحـی گـەورە بـکات، گوناحـی گـەورەش یـان چوانـدنی واجبێکـە یـان شـکاندنی قەدەغەیەکـە، سـیفەتی ئیـمانی لەسـەر لاچـووە، ئـەوان تێیـان پەڕانـدوەو (**مرجئـة**)ش کورتیـان هێنـاوە کـە دەڵێـن: مـرۆڤ هەرچەنـد گوناحـان بـکات، زیـان بـە ئیـمانی نـاگات، بێگومـان ئـەوەش بەزایـەدان و کەمتەرخەمییـە.

پارێـزکاران ئەوانـەن کـە خۆیـان دەپارێـزن، هــەم لـە شـیرك و کوفـرو نیفـاق و ئیلحـادو، هــەم خۆشـیان لـە گوناحـان دەپارێـزن بـە گـەورەو گچکـەوە.

ئنجا ئەوانەی لە نێو سێبەران دان و، لە نێو کانیی و سەرچاوان دان، ئەو پارێزکارانەن.

٢)- ﴿ وَفَوَٰكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ ﴾، لە نێو میوە جۆراو جۆرەکانیش دان، لەوەی ئارەزووی دەکەن، ﴿ مِمَّا يَشْتَهُونَ ﴾، (**أي مَا يَتَمَنَّوْنه وَيَشْتَهونَهُ مِن أَنْوَاعِهَا**)، لەوەی لە جۆرەکانی میوە ئارەزووی دەکەن و حەزی لێ دەکەن.

٣)- ﴿ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، (پێیان دەگوترێ:) بخۆن و بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێ بەهۆی ئەوەوە کە دەتانکرد، ﴿ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔا ﴾، واتە: پێیان دەگوترێ، ئەمە گوتراوی قسەیەکی قرتێنراوە، ئنجا ئایا کێ وایان پێ دەڵێ؟ دەگونجێ خوای بەرز وایان پێ بفەرموێ، دەشگونجێ فریشتەکان وایان پێ بڵێن، (هَنِيْئاً): ئەوەیە چێژێکی ڕووت بێ و، ئازارو نەخۆشیی و گرفتی ئاوێتە نەبێ، هەروەها ئەوەی لە دنیادا بە دوای دا دێ: میزو پیسایی، ئەوەشی بەدوادا نەیەت، چونکە بەهەشتییەکان پاشەڕۆکیان نیە.

٤)- ﴿ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، ئێمە بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە، واتە: چاکەکاران چاکەیان لەگەڵدا دەکرێ و، خراپەکارانیش سزا دەدرێن، ئەمەش دوو جاران دڵخۆشکردنی بەهەشتییەکانە.

یەکەم: کە خوا پێیان دەفەرموێ: ﴿ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔا ﴾، بخۆن و بخۆنەوە، ﴿ هَنِيٓـًٔا ﴾، نۆشی گیانتان بێ، یان بێ گرفت بن، ﴿ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە دەتانکرد، کەواتە: ئێوە کە هاتوونە ئێرە، ئەوە پاداشتی کردەوەکانی خۆتانەو، بەرهەمی ئیمان و کردەوە چاکەکانتانە.

دووەم: کە خوا پێیان دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، ئێمە بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە، کەواتە: ئێوە چاکەکارن، بۆیە بەو جۆرە خەڵاتتان دەکەین و پاداشتان دەدەینەوە.

٥)- ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت و بێڕەزا بۆ بەدرۆدانەران، بەدرۆدانەرانی پاداشتی خوا، کە بۆ دۆستانی چاکەکاری دایناوە.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

هۆشـداریی پێـدانی کافـران و مۆڵەتدانیـان کـە بواریـان پێـدراوە ڕابوێـرن، بخۆن و بخۆنـەوەو چێـژ وەربگـرن، بـەڵام بـا بزانـن کـە لـە لای خـوا تاوانبـارن، مادام حیسـابی قیامـەت و حیکمـەتی ژیـانی دنیایـان نەکـەن، بۆیـە سـزای سـەخت چاوەڕێیانـەو، هێنـدەش ملهوڕن، ئەگـەر پێیـان بگوتـرێ: خـوا بپەرستن و بـۆی ملکـەچ بـن، گـوێ ناگـرن، بۆیـە سـزای بێـڕەزای سـازکراو بـۆ بەدرۆدانـەران چاوەڕێیانـەو، ئەگـەر بڕواش بـە قورئـان نەهێنـن، دوای وی بـڕوا بـە چ قسـەیەك دەهێنـن!

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿كُلُوا وَتَمَتَّعُوا قَلِيلًا إِنَّكُم مُّجْرِمُونَ ﴿٤٦﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٧﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ارْكَعُوا لَا يَرْكَعُونَ ﴿٤٨﴾ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴿٤٩﴾ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٠﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿كُلُوا وَتَمَتَّعُوا قَلِيلًا إِنَّكُم مُّجْرِمُونَ﴾، کەمێك بخۆن و بخۆنەوە، بە دڵنیایی ئێوە تاوانبارن.

(قَلِيْلاً): یانی: أ- (أَكْلاً وَتَمَتّعاً قَلِيْلاً) خواردن و ڕابواردن و بەهرە وەرگرتنێکی کەم، بخۆن و بەهرە وەربگرن. ب- یاخود: ﴿كُلُوا وَتَمَتَّعُوا قَلِيلًا﴾، (أي فِي زَمَن قَلِيْل) بخۆن و ڕابوێرن لە ماوەی کەمی ژیانی دنیادا، بێگومانیش هەم خواردن و ڕابواردنەکە لە خودی خۆیدا کەمەو، هەم کاتەکەش کە بەسەری دەبەن لە خواردن و ڕابواردن دا، هەر کەمە.

لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿كُلُوا وَتَمَتَّعُوا﴾، **(الأَمْـر مُسْـتَعْمَلٌ فِي الإِمْهَـال وَالإِنْـذَار، أي: لَيْـسَ تَمَتُّعُكُـم بِـشَيء، لِأَنَّـهُ قَلِيْـل وَخِيْـم العَاقِبَـة)**، لێـرەدا فەرمـان بەکارهێـنراوە بـۆ مۆڵەتـدان و ترسـاندن و هەڕەشـەلێکردن، واتـە: ڕابواردنتـان و خواردنتـان شـتێك نیـە، چونکـە کەمـە، سـەرەنجامەکەشی خراپـە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّكُم مُّجْرِمُونَ ﴾، (إنَّ) بـۆ جەختکردنـەوەو داکۆکییکردنـە، بـەڵام لێـرەدا هەواڵدانـەو مەبەسـت پێـی هەڕەشـەلێکردنە، چونکـە تاوانباریـی، سـزاباریی بـەدوا دادێ، بۆیـەش بـە (إنَّ) ئامـرازی جەختکردنـەوە، تاوانباریـی ئـەوان جەختکراوەتـەوە، چونکـە نکووڵییـان لـەوە کـردوە کـە تاوانبـار بـن و، خۆیـان پـێ چاکـەکار بـووەو خۆیـان پـێ تاوانبـار نەبـووە، بۆیـە خـوا دەفەرمـوێ: بـە دڵنیایـی ئێـوە تاوانبـارن، ئنجـا کـە تاوانباریـش بـوون، مانـای وایـە دەبـێ چاوەڕێـی سـزاو تۆڵـەی خـوا بکـەن.

٢)- ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەران، واتە: بەدرۆدانەرانی ئەوە کە: تاوانباران و خراپەکاران سزا بدرێن و لێیان بپێچرێتەوە.

٣)- ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ارْكَعُوا لَا يَرْكَعُونَ ﴾، ئەگەر پێشیان بگوترێ: ڕکووع ببەن، ڕکووع نابەن، پێشتریش گوتم: وشەی (ركوع) ئێمە لە زمانی کوردییدا کە بەکاری دێنین، بۆ پایە گرنگەکەی نوێژ، بەکاری دێنین، نوێژ چەند پایەیەکی گرنگی هەن، وەك نیەت هێنان و، ڕاوەستان و، چەمینەوە، کە ڕکووعە، پاشان هەڵسانەوە، دوایی کڕنووش بردنەکان، دوایی خوێندنی تەحییات، ئەوانە پایە گرنگەکانی نوێژن و دووبارەش دەبنەوە، ئێمە وشەی ڕکووع هەر بۆ ئەوە بەکاردێنین، بەڵام ڕکووع لە زمانی عەرەبییدا، جگە لە مانای پایەیەك لە پایەکانی نوێژ کە ڕکووعە، بە مانای چەمینەوەش بەکاردێ و، بە مانای ملکەچییش بەکاردێ و، ئەوە مانا مەعنەوییەکەیەتی.

لێـرەدا وای تێدەگـەم زیاتـر مەبەسـت پێـی مانـا مەعنەوییەکـەی بـێ، واتـە: ئەگـەر پێیـان بگوتـرێ: بـۆ خـوا ملکـەچ بـن، بـۆ خـوا بنووشـتێنەوەو بچەمێنـەوە، بـە چەمانـەوەو نووشـتانەوەی مەعنەویـی، مـل بـۆ خـوا نـەوی بکـەن، سـەر بـۆ خـوا دابخـەن، لـە بەرانبـەر خـوادا بچووکیـی بنوێنـن، کـە هـەر بچووکـن و، خـوا خـاوەنی ئەوپـەڕی مەزنیـی و گەورەییـە، مرۆڤیـش کـە بەشـێکە لە موڵکی خـوا، وای شایسـتەیە، لـە بەرامبـەر خـوادا، خـۆی بناسـێ و کـە خـۆی ناسـیی مانـای وایـە بـۆ خـوا ملکـەچ

دەبێ، ئەگەر ئاوایان پێ بگوترێ، ئەوان بۆ خوا ملکەچ نابن، لە بەرامبەر خوادا ناچەمنەوە، دەشگونجێ هەر مەبەست پێی ڕکووع[1] بێ، چونکە ئەگەر پێیان بگوترێ: نوێژ بکەن، کە یەکێك لە پایە گرنگەکانی نوێژیش بریتیە لە ڕکووع، نوێژ ناکەن و خوا ناپەرستن.

٤)- ﴿ وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ ﴾، لەو ڕۆژەدا سزای سەخت بۆ بەدرۆدانەران، واتە: بەدرۆدانەرانی پەیام و ئایینی خواو، شەریعەتێك كە خوا ناردوویەتی.

٥)- ﴿ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ ﴾، لە دوای وی (دوای ئەم قورئانە)، بڕوا بە چ فەرمایشتێك دێنن؟ لێرەدا ئەم پرسیارکردنە بۆ سەرسوڕماندن و نکووڵیلێکردنە (**للتَّعْجِيْب وَالإِنْكَار**)، واتە: ئەگەر بڕوا بە قورئان نەهێنن، مانای وایە بڕوا بە هیچی دیکە ناهێنن، چونکە قورئان دوا فەرمایشتی خواو دوا کتێبی خوایە بۆ کۆتا پێغەمبەری خۆی دایبەزاندوە، دوای قورئان، خوا ﷻ جارێکی دیکە بەشەر نادوێنێتەوە، دوا دواندنی خواو، کۆتا فەرمایشتی خوا، لە دوو توێی قورئان دایە، لە دوای قورئان، خوا جارێکی دیکە بەشەر نادوێنێتەوەو، لە دوای موحەممەد ﷺیش، نوێنەرێکی دیکەی خۆی نانێرێتەوە، کەواتە: ئەگەر بڕوا بە قورئان نەهێنن و، بە دوای پێغەمبەر موحەممەد ﷺ نەکەون، مانای وایە نایانەوێ بڕوا بێنن.

مانایەکی دیکەشی ئەوەیە: ئەگەر بڕوا بەو قورئانە مەزنە نەهێنن، کە لە بەرانبەری دا دەستە پاچەو دەسەوسانن کە نەك وێنەی قورئان بێنن، بەڵکو وێنەی دە سوورەت، بگرە وێنەی یەك سوورەتی بێنن، یەك سوورەتی سێ ئایەتیی، ئەگەر بڕوا بەو قورئانە نەهێنن، ئایا بڕوا بە چی دیکە دێنن؟ واتە: ئەو قورئانە هێندە مەزنە، هەر کەسێ بڕوا بە قورئان نەهێنێ، بڕوا بە هیچ شتێك ناهێنێ، هەڵبەتە پێشتریش گوتمان: تاکە موعجیزە کە پێغەمبەری کۆتایی خوا ﷺ وەك بەڵگەی سەلماندنی ڕاستیی لە دەعوای پێغەمبەرایەتیی دا، بەکاری هێنابێ، بریتی

---

(١) واتە: ڕکووع بردنی نێو نوێژ.

بـووە لـە قورئـان، بـەڵام ئایـا پێغەمبـەر موحەممـەد ﷺ تەنیـا قورئـانی هەبـووە، وەك موعجیـزە؟! بـە دڵنیایـی نەخێـر، پێغەمبـەری خـوا ﷺ موعجیـزەی زۆر بـوون بـۆ وێنـە[1]:

١- ئاو لە نێوان پەنجە موبارەکەکانی هەڵقوڵاوە.

٢- پێغەمبەر ﷺ دوعای کردوە خواردنی کەم زۆر بووە، خواردنێك کە بەشی سێ چوار کەسی کردوە، بەشی چەند سەد کەسی کردوە، چەند جارێك ئەوە دووبارەبۆتەوە.

٣- پێغەمبەری خوا ﷺ دەنکە چەو و بەرد لە دەستی دا تەسبیحاتی کردوە.

٤- بەرد سڵاوی لێکردوە.

٥- پێغەمبەری خوا ﷺ بنکە دارخورمایەك کە وتاری لەسەر داوە، وەك بەچکە حوشتر ناڵاندوویەتی، دوای ئێ مینبەرێکیان بۆ دروست کردوە، چۆتە سەر مینبەرەکە، هەتا هاتۆتە خوارو دەستی پێدا هێناوە.

٦- پێغەمبەری خوا ﷺ جاری وا هەبووە، نەخۆشێ هاتۆتە لای دوعای بۆ کردوە، یەکسەر چاك بووە.

٧- دوعای بۆ کەسێك کە چاوی لە دەستداوە کردوەو چاوەکەی داناوەتەوە، لە جاران چاوەکەی جوانترو تیژتر بووە.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو شتانەی زۆر بوون، بەڵام هیچ کام لەوانەی بەکارنەهێناوە بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی خۆی، بەڵکو تاکە بەڵگەیەك بەکاری هێنابێ بۆ سەلماندنی پێغەمبەرایەتییەکەی، بریتی بووە لە قورئان، چونکە ئەگەر ئەوانی دیکەی بەکارهێنابایە، وەك بەڵگە، ئێستا ئێمە پەکمان دەکەوت، ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێی کراوە، ئێمە پێمان ناکرێ، مانای وایە پەکمان دەکەوت بۆ سەلماندنی ڕاستیی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵام

---

(١) لەکتێبـی حەوتەمـی مەوسـووعەی: [الإسـلام کـما یتجلـی فـی کتـاب اللـه] دا بـە ناونیشـانی: (خاتـم النبیـن محمـد:)

پێغەمبەری خوا ﷺ، تەنیا ئەم قورئانەی وەك بەڵگە بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی خۆی هێناوەتەوە، ئەم قورئانەش لە بەردەستی ئێمەدایە، هەروەك لە مانا گشتییەکەشیدا باسمانکرد کە لە سوورەتی (**العنكبوت**)دا، خوا فەرموویەتی: ﴿ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَٰتٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۖ قُلْ إِنَّمَا ٱلْءَايَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ ﴾، واتە: (بێبڕوایەکان گوتیان:) دەبووایە نیشانەکانی بۆ دابەزن، (موعجیزەی وەك هی پێغەمبەرانی پێشوو، موعجیزەی بەرهەست، خواش ﷻ دەفەرموێ:) بڵێ: نیشانەکان تەنیا لە لای خواوەن و من تەنیا ترسێنەرو وریاکەرەوەیەکی ڕوون و ئاشکرام (یاخود ئاشکراکەرم)، {دوایی خوا دەفەرموێ:} ئایا بۆ ئەوان بەس نیە، ئێمە کتێبێکمان دابەزاندۆتە سەرت بەسەریاندا دەخوێندرێتەوە، لەوەدا بەزەیی و پەندو بیرخەرەوە هەیە بۆ کەسانێك بڕوابێنن.

واتە: کۆمەڵێك کە دەیانەوێ بڕوابێنن، ئەوە قورئان بەڵگەیە لەبەر دەستیان، ئەگەر نەشیانەوێ بڕوابێنن، ئەگەر جگە لە قورئان چەندان موعجیزەی دیکەشمان بۆ تۆ ڕەخساندبانایە، ئەی موحەممەد ﷺ! هەر ئیمانیان نەدەهێنا، چونکە: ئەگەر دز دز بێ، تاریکە شەو زۆرن!

ئایا بێبڕوایەکان بەئەرکەکانی شەریعەت ئەرکدارکراون؟!

لێرەدا زانایان مەسەلەیەکیان باسکردوە: ئایا بێبڕوایەکان ئەرکدار کراون بە ئەرکەکانی شەریعەتەوە، ئایا ئەرکەکانی شەریعەت ئەوانیش دەگرنەوە، کە بڕوایان بە ئەسڵی دین نیە؟

(**فخرالدين الرازي**) دەڵێ: بەڵێ، بەڵام (**إبن عاشور**) دەڵێ: نەخێر!

منیش دەڵێم: لە ڕاستییدا ئەم ئایەتە پەیوەندیی بەوەوە هەر نیە، بێگومان کەسێك کە بانگ دەکرێ بۆ ئیسلام، پێشێ بانگ دەکرێ، بڕوا بە ئەسڵی ئیسلام

بێنێ، ئنجا دوایی داوای لێ دەکرێ، پابەند بێ، تاکو بڕوای بە بنچینەکانی ئیسلام نەبێ، یان خوا نەناسێ و، خوا بە پەرستراوی خۆی نەزانێ و، موحەممەد ﷺ بە ڕابەرو پێشەواو سەرمەشق و ڕەوانەکراوی خوا نەزانێ و، قورئان بە بەرنامەو بە دوا کتێبی خوا نەزانێ، چۆن بەندایەتیی بۆ خوا دەکات و، پەیڕەویی لە پێغەمبەر ﷺ دەکات و، شوێن قورئان دەکەوێ؟!.

کەواتە: شتێکی ئاشکرایە کە پێشێ خەڵك بانگ دەکرێ بۆ بڕواهێنان بە بنچینەکانی ئیسلام، دوایی داوای لێ دەکرێ پابەند بێ بە لقەکانی دینەوە، ئەم ئایەتەش لێرەدا هیچ پەیوەندیی بەو مەسەلەیەوە نیە، بەڵکو ئەمە دڵدانەوەیە بۆ بڕواداران، کە کتێبەکەیان قورئانەو لە دوای قورئان هیچ کتێبێکی دیکە نیە، شایستەی ئەوە بێ، خەڵك ئیمانی لەسەر بێنێ و، با بزانن کە ئەم قورئانە بەسە بۆ ئەوەی خەڵك ئیمانی پێ بە خوا بێنێ و، پێی ببێتە بڕوادار، بۆ کەسێك لە ئیمان و بڕواهێنان بخەفتێ، بەڵام کەسێك کە بە قورئانێ ئیکتیفا ناکات، هەرچەندە تێشیگەیشتوە، ئەوە لە ڕاستییدا هەر نایەوێ ئیمان بێنێ و، با بڕواداران دڵنیابن کە کتێبەکەیان ڕاسترین و تەواوترین کتێبەو، بەڵکو تەنیا کتێبی ڕاست و تێرو تەواوو دەستکاریی نەکراوی خوایەو، شایستەی ئەوەیە، مرۆڤ شوێنی بکەوێ و بیکاتە بەرنامەی ژیانی، کەواتە: بەهۆی ئەوەوە کە بێبڕوایەکان بڕوای پێناهێنن، با لە بارەیەوە نەکەونە دوو دڵیی و گومانەوە.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی لەو کەسانەمان بگێڕێ، کە بەڕاستیی ئیمان بە قورئان دێنن، ئیمانێکی بێ خلتەو قووڵ و مەحکەم، ئیمانێکی وا، کە هەرچی پابەندییە، پەلکێشی بکات و، هەرچی سیفەتی بەرزە، پەلکێشی بکات بۆمان، خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتییمان بدات، کە وەك بۆ قورئان شایستەیە، بۆ دوا فەرمایشتی خوا، شایستەیە ئاوا مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین..

تەفسیری سوورەتی

النَّبَإِ

دەستپێک

بەرێـــــزان!

ئەمـــڕۆ کـــە (٦)ی (ذي القعـــدة)ی ســـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـــە، بەرانبـــەر (٢٧/ حوزەیرانـی/٢٠٢٠)ی زایینیـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (النَّبَأ)، وەك عـادەتی خۆمـان، پێشـەکی پێناسـەو نێوەڕۆکی ئـەم سـوورەتە دەخەینـەڕوو لـە حـەوت بڕگـەدا:

پێناسەی سوورەتی (النبأ)و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

نـاوی هـەرە بـاوی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە: (**سُـورَةُ النَّبَأ**)ە، چونکـە وشـەی (النَّبَأ) لـە سـەرەتاکەیەوە هاتـوە: ﴿عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ ۝١ عَنِ ٱلنَّبَإِ ٱلۡعَظِيمِ ۝٢﴾، واتـە: لـە چـی لـە یەکـدی دەپرسـن؟ لـە بـارەی هەواڵـە مەزنەکـەوە، بـەڵام وێـڕای ئـەو نـاوە، (**سُـورَةُ النَّبَأ**)، چـوار نـاوی دیکەشـی بـۆ بەکارهاتـوون:

أ: (**سُورَةُ عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ**)،

ب- (**سُورَةُ عمَّ**)،

ج- (**سُورَةُ التَّسَائل**)،

د- (**سُورَةُ المعصرات**).

کەواتـــە: ئـــەم ســـوورەتە پێنـــج نـــاوی بـــۆ بەکارهاتـــوون، بـــەڵام نـــاوی باوتـــر و ناسراوتـــری، بریتیـــە لـــە: (**سُـــورَةُ النَّبَـــأ**).

٢)- شوێنی دابەزینی:

ئـەم سـوورەتە بـە یەکدەنگیـی هەمـوو زانایـان: سـوورەتێکی مەککەییـە، وەك **(السـیوطي)** لـە تەفسـیرە ناودارەکـەی خـۆی: **(الـدر المنثـور)**دا[1]، هێناویەتـی و پاڵیشـیداوەتە لای **(إبـن الضُّریـس والنحـاس و ابـن مردویـه والبیهقـي)**و ئـەم دەقەشـی هێنـاوە: {**عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ، قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَة** ﴿عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ ۝١﴾ **بِمَكَّـة**}، واتـە: لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباسـەوە ﷺ گێردراوەتـەوە گوتوویەتـی: سـوورەتی: ﴿عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ ۝١﴾ لـە مەککـەدا دابەزیـوە.

هەروەهـا **(السـیوطي)**، هـەر لـە سـەرچاوەی ناوبـراو **(الـدر المنثـور)**دا، هەمـان شتیشـی پاڵداوەتـە لای عەبدوڵـڵای کـوڕی زوبەیـر (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ)، ئەویـش هـەر گوتوویەتـی: (**نَزَلَـتْ سُـورَة**: ﴿عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ ۝١﴾ **بِمَكَّـة**).

نەشـمزانیوە هیـچ زانایـەك لـەو بـارەوە ڕاجیایـی و مشـت و مـڕی بووبـێ، کـە ئـەم سـوورەتە لـە مەککـەدا دانەبەزیوە.

٣)- ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

لـە موصحەفـدا ژمارەکـەی حەفتـاو هەشـت (٧٨)ە، چونکـە ئـەم بـەش **(جـزء)**ی سـییەم، سی و حـەوت (٣٧) سـوورەت دەگرێتـە خـۆی و، ئـەم سـوورەتە یەکەمینیـان و حەفتـاو هەشـتەمین سـوورەتە کـە لـە سـوورەتی فاتیحـەو سـەرەتای موصحەفـەوە دێـی بـەڵام، لـە ڕیزبەندیـی دابەزینـدا، بـە پێـی ڕای جابیـری کـوڕی زەیـد کـە یەکێکـە لـە زانایـانی شـوێنکەوتووان (تابعیـن)و، سـەرنجی ئـەوەی داوە: کام سـوورەت پێـش کام سـوورەت و، کام سـوورەت دوای کام سـوورەت دابەزیـوە؟ دەڵـێ: ئـەم سـوورەتە سـوورەتی هەشـتا (٨٠)یەمینـەو، پێـش سـوورەتی **(النازعـات)** دابەزیـوەو،

---

(١) ج٣، ص٣٨٩.

دوای سـووڕەتی (**المعـارج**)، پێشـتریش گوتوومانـە ئـەوە بـۆ چوونێکـی ئیجتیهادیـی ئـەو زانایەیـەو دەگونجـێ نەیپێکابـێ و، بـە ڕای بەنـدە ئـەم سـووڕەتە لـە سـووڕەتە سـەرەتایەکانی قۆناغـی مەککەیـە، بـەڵام ئـەو وای دانـاوەو، گریـمان زووتـر دابەزیبـێ یـان درەنگـتر، شـتێك لـە بابەتەکـە ناگـۆڕێ.

٤)- ژمارەی ئایەتەکانی:

زۆربـەی هـەرە زۆری ژمێرەرانـی ئایەتەکانـی قوڕئـان، ژمـارەی ئایەتەکانـی ئـەم سـووڕەتەیان بـە چـل (٤٠) دانـاوەو، هەندێکیشـیان بـە (٤١)یەکیـان دانـاوە، بـەڵام زیاتـر ژمـارەی چـل (٤٠) تەبەنیـی کـراوە، بـە تایبـەت لـەو موصحەفانـەی لەبـەر دەسـتی ئێمـە دان و، لـەم دەڤەرانـەی ئێمـە چـاپ کـراون، بۆیـەش وا دەڵێـم: تاکـو ئەگـەر کەسـێك موصحەفێکـی لـە شـوێنێك لـە وڵاتێـك کەوتـە بەرچـاو، کـە ئـەم سـووڕەتە (**سورة النبأ**)، چـل و یـەك (٤١) ئایەتـە، بـا سـەری سـوڕنەمێنێ، کورتیـی و درێژیـی ڕستەکانیشـە دەبێتـە هـۆی جیاوازیـی ژمـارەی ئایەتـەکان، چەنـد جارێکـی دیکـەش باسـمان کـردوە.

٥)- نێوەرۆکی ئەم سووڕەتە:

تـەوەری سـەرەکیی ئـەم سـووڕەتە، بریتیـە لـە ڕۆژی دوایـی و، هـەر چـل (٤٠) ئایەتەکـەی ئـەم سـووڕەتە موبارەکەیـان لـێ پێـك دێ، بـەم جـۆرە دابـەش بـوون، بەسـەر قۆنـاغ و ڕووداوەکانـی ڕۆژی دواییـدا:

بابەتـی یەکـەم: لـە پێنـج ئایەتەکانـی: (١ - ٥)دا، باسـی مشـتومڕو پرسـیارکردنی بێبڕوایانـە لـە بـارەی ڕۆژی دواییـەوە لـە نێـو خۆیانـدا، کـە لـە بارەیـەوە مشـت و مـڕو ڕاجیاییـان بـووە.

بابەتـی دووەم: لـە دوازدە ئایەتەکانـی: (٦ - ١٧)دا، باسـی خسـتنە ڕووی یـازدە (١١) بەڵگەیـە لەسـەر هاتنـی ڕۆژی دوایـی، خـوا ﷻ دوای ئـەوەی باسـی ڕاجیایـی

و پرسیارکردن و نکووڵییلێکردنی بێبڕوایان دەکات لە بارەی ڕۆژی دواییەوە، یازدە (١١) بەڵگە دەخاتە ڕوو لە دەورو بەرماندا، لە خۆماندا، لەسەر ئەوەی ڕۆژی دوایی حەقەو ڕاستەو دێ.

بابەتی سێیەم: لە سێ ئایەتەکانی: (١٨ - ٢٠)دا، باسی قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دواییە، کە ئاخیر زەمانەو، پێچرانەوەی لاپەڕەی ئەم گەردوونەیە.

بابەتی چوارەم: لە دە (١٠) ئایەتەکانی: (٢١ - ٣٠)دا، باسی دۆزەخ و دۆزەخییانە: کە چۆن ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن و، لەسەر چی ئەو سزایە دەدرێن؟.

بابەتی پێنجەم: لە شەش ئایەتەکانی: (٣١ - ٣٦)دا، باسی بەهەشت و بەهەشتییانە.

بابەتی شەشەم و کۆتایی: لە چوار ئایەتەکانی: (٣٧ - ٤٠)دا، باسی خوای پەروەردگارو هەندێك لە سیفەتەکانی و، باسی ڕۆژی دوایی و، سەرەنجامی پەشێمانانەی بێبڕوایانە، کە خۆزگە دەخوازن بەوەی هەر گڵ بوونایە، یاخود ببوونایەوە بە گڵ و خاک.

٦) تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

دەگونجێ ژمارەیەك تایبەتمەندیی لەم سوورەتە موبارەکەدا باس بکرێن، بەڵام بەڕای من ئەم چوار (٤)ە سەرەکییەکانن:

١- لەم سوورەتەدا ڕۆژی دوایی، بە: (**النَّبَأُ العَظِيْم**) ناونراوە لە ئایەتی دووەمداو، نایەتەوە یادم لە هیچ سوورەتێکی دیکەدا ئەو ناوە، (هەواڵی هەرە گەورەو مەزن) کرابێ بە ناوی ڕۆژی دوایی.

٢- یازدە (١١) بەڵگە لەم سوورەتە موبارەکەدا، لەسەر هاتنی قیامەت هێنراونەوە، لە دوازدە ئایەتەکانی: (٦ - ١٧)دا.

٣- تەنیا لەم سوورەتەدا خۆزگە خواستنی کافر بە: گڵ بوون، باسکراوە، لە ئایەتی ژمارە (٤٠)دا، لە هەموو قورئاندا تەنیا لە ئایەتی ژمارەی چل (٤٠)ی ئەم سوورەتەدا باس کراوە، کە بابای کافر لە ڕۆژی دواییدا خۆزگە دەخوازێ گڵ بووایە، یاخود ببووایەوە بە گڵ.

٤- چەند تەعبیرو وشەیەك تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

أ- (عمّ يتساءلون).

ب- (كواعب).

ج- (كِذّاب).

د- (لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا).

٧)- دابەشکردنی ئایەتەکانی:

ئێمە کۆی ئەم چل ئایەتەی ئەم سوورەتە موبارەکە، بۆ دوو دەرس دابەش دەکەین:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ٢٠)، بیست (٢٠) ئایەتی یەکەم دەگرێتە خۆی، کە باسی ڕۆژی دوایی و بەڵگەکانی و، هەندێك لە نیشانەکانی ئاخیر زەمان، لەو بیست (٢٠) ئایەتەدا، خراونە ڕوو.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (٢١ - ٤٠)، بیست (٢٠) ئایەتی دووەمی ئەم سوورەتە موبارەکە، کە باسی دۆزەخ و دۆزەخییەکان، بەهەشت و بەهەشتییەکان و، پایە بەرزیی خوای بێ وێنەو، باسی قیامەت و پەشێمان بوونەوەی بابای بێبڕوا، کە خۆزگە دەخوازێ گڵ بووایە.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان بیسـت (٢٠) ئایەتـی یەکـەم دەگرێتـە خـۆی و لـە بارەیانـەوە دەڵێیـن: خـوا ﷻ لـە سـەرەتای بیسـت (٢٠) ئایەتـی یەکەمـی سـوورەتی (النَّبَأ)دا دەفەرمـوێ: ﴿عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ﴾، ئایا ئەوانـە لـە بـارەی چییـەوە لـە یەکدیـی دەپرسـن؟ دوایـی هـەر خـۆی ڕوونـی دەکاتـەوەو وەڵامدەداتـەوەو دەفەرمـوێ: ﴿عَنِ ٱلنَّبَإِ ٱلْعَظِيمِ﴾، لـە بـارەی هەواڵـە مەزنەکەوەیـە، یـانی: ڕۆژی دواییـە ئـەوەی تێیـدا کەوتوونـە کێشـەو مشـت و مـڕو بگـرەو بـەردە، دوایـی دەفەرمـوێ: نەخێـر بـا واز بێنـن بـە زووی دەزانـن، جارێکـی دیکـەش بـاواز بێنـن بـە زوویـی دەزانـن، ئنجـا خـوا ﷻ لـە دوازدە (١٢) ئایەتـی دواییـدا، ئایەتەکانـی: (٦ - ١٧)، یـازدە (١١) بەڵگـە دێنێتـەوە لەسـەر سـەلماندنی بوونـی ڕۆژی دوایـی و، پووچەڵیـی گومـان و دوو دڵیـی بێبڕوایـان لـە بـارەی هاتنـی ڕۆژی دواییـەوە، یـازدە (١١) بەڵگەکانیـش ئەوانـەن:

یەکەم: ڕاخستنی زەویی و ئامادەکردنی بۆ مرۆڤ، کە لەسەری بژی.

دووەم: وەك گوڵمیخ لێکردنی چیایەکان، کە وەك چۆن گوڵمیخەکان و سینگەکان بە دەوری چادرو ڕەشماڵ دا دەچەقێنرێن، تاکو ڕاگیری بکەن، چیایەکانیش ئاوا زەوییان ڕاگیر کردوە.

سێیەم: بە جووت خوڵقێنرانی مرۆڤەکان.

چوارەم: بە مایەی پشوودان و سرەوتن گێڕانی خەوو نووستن.

پێنجەم: بە پۆشاك گێڕانی شەوگار.

شەشەم: بە جێی تێدا کاسبیی کردن و بژیو پەیداکردنی ڕۆژگار.

حەوتەم: بنیاتنانی حەوت ئاسمانی مەحکەم و بەهێز لە سەروومانەوە.

هەشتەم: گێڕانی خۆر بە چرایەکی تیشکدەری زۆر ڕوون و پڕشنگدار.

نۆیەم: دابەزاندنی ئاوی بە لووزەوو بە خوڕ لە هەورە گوشراوەکانەوە.

دەیەم: کە سەرەنجام خوا ﷻ بەو ئاوە بە خورزەمە، دانەوێڵەو ڕووەکی پێ دەڕوێنێ لە زەوی دا.

یازدەیەم: هەروەها خوا باغ و چڕو پڕەکانیشی پێ دەڕوێنێ.

ئنجا دوای خستنە ڕووی ئەو یازدە (١١) بەڵگەیە، کە لە هەمان کاتدا یازدە (١١) چاکەو نیعمەتی خواشن، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كَانَ مِيقَاتًا ﴿١٧﴾﴾، بە دڵنیاییەوە ڕۆژی لێکهەڵاواردن کاتەکەی دیاریکراوە.

کەواتە: خوا ﷻ کە ئەم گەردوونەی بە ڕێك و پێکیی خوڵقاندووە، ئەم هەموو چاکەو نیعمەتانەی بە ئێوە داون و، توانای ئەوەشی هەیە زیندووتان بکاتەوەو، ئەو خوای پەروەردگارە وای لێ چاوەڕان دەکرێ، سزاو پاداشتێك دابنێ بۆ ئێوە، چونکە ژیانی ئێوە هەمووی ڕێك و پێکییە، بەڵام ئەگەر بێت و ژیانی دنیا، قۆناغێکی دیکەی بە دوادا نەیەت، کە قۆناغی سزاو پاداشتە، ئەو کاتە ژیانە دنیاییەکەتان وەك ڕۆمانێکی بێ تام و چیرۆکێکی بێ ئەنجام دێتە بەرچاوو، ئەوەش شایستەی خوای کاربەجێ نیە.

ئنجا لە سێ ئایەتی دواییشدا، باسی هەندێك لە کارەسات و ڕووداوەکانی ئاخیر زەمان دەکات، کە قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دواییە، دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا﴾، ئەو ڕۆژەی فوو بە کەڕەنادا دەکرێ، ئێوەش پۆل پۆل، کۆمەڵ کۆمەڵ دێن، ﴿وَفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ أَبْوَابًا﴾، ئاسمانیش کرایەوەو بوو بە دالان دالان، بوو بە دەروازە دەروازە، ﴿وَسُيِّرَتِ الْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا﴾، چیایەکانیش ڕۆێنران و هەڵقەنران لە شوێنی خۆیان و بوونە تۆزو گەردی، وەك تراویلکە، هەڵبەتە: (وَفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ أَبْوَابًا ﴿١٩﴾ وَسُيِّرَتِ الْجِبَالُ فَكَانَتْ

سَرَابًا ﴿٢٠﴾)، لـە نیشـانەکانی ئاخیـر زەمانـن، بـەڵام ئـەوە کـە دەفەرمـوێ: ﴿فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا﴾، بـە دڵنیایـی ئەمـە پەیوەسـتە بـە قۆناغـی دووەمـی ڕۆژی دواییـەوە کـە قۆناغـی قیامەتـەو، لێـرەدا خـوای پـەروەردگار تێکهەڵـکێشی کـردوون.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ ﴿١﴾ عَنِ النَّبَإِ الْعَظِيمِ ﴿٢﴾ الَّذِي هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ ﴿٣﴾ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴿٤﴾ ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴿٥﴾ أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا ﴿٦﴾ وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴿٧﴾ وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا ﴿٨﴾ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ﴿٩﴾ وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا ﴿١٠﴾ وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا ﴿١١﴾ وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ﴿١٢﴾ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴿١٣﴾ وَأَنزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا ﴿١٤﴾ لِّنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا ﴿١٥﴾ وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا ﴿١٦﴾ إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كَانَ مِيقَاتًا ﴿١٧﴾ يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا ﴿١٨﴾ وَفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ أَبْوَابًا ﴿١٩﴾ وَسُيِّرَتِ الْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا ﴿٢٠﴾﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، (ئـەو خەڵکـە) لـە بـارەی چییـەوە لـە یەکـدی دەپرسـن؟ ﴿١﴾ لـە بـارەی هەواڵـە مەزنەکـەوە! ﴿٢﴾ ئـەو (هـەواڵ)ەی تێیـدا ڕاجیـاو مشـت و مـڕ کـەرن؟ ﴿٣﴾ نەخێـر وانیـە (کە ئـەوان دەڵێـن) بە زوویـی دەزانن ﴿٤﴾ دیسـان وانیـە بـە زوویـی دەزانـن ﴿٥﴾ ئایـا زەوییـمان نەکردۆتـە (نشـینگەیەکی) وەك ڕایـەخ؟ ﴿٦﴾ چیایەکانیشـمان کردوونـە گوڵمیـخ ﴿٧﴾ بـە جووتیـش دروسـتمان کـردوون ﴿٨﴾ نووستنیشـتانمان گێـڕاوە بـە (مایـەی) پشـوودان و ئاسـوودەیی ﴿٩﴾ شەوگاریشـمان گێـڕاوە بـە پۆشـاك (داتاندەپۆشـێ) ﴿١٠﴾ ڕۆژگاریشـمان گێـڕاوە بـە

(هـۆکاری) بژیــوو گــوزەران ﴿١١﴾ لـە سەرووشــتانەوە حـەوت (ئاسـمانی) مەحکـەم و قاییمــمان بنیاتنــاون ﴿١٢﴾ چرایەکــی تیشکدەریشــمان بــۆ ڕەخســاندوون ﴿١٣﴾ لــە (هـەورە) گوشراوەکانیـش ئاوێکـی بـە خورزەمـمان دابەزانـدوە ﴿١٤﴾ تاکـو دانەوێڵـەو ڕووەکـی پـێ (لـە زەویـدا بڕوێنیـن و) دەربێنیـن ﴿١٥﴾ هەروەهـا باخـە چڕو پـڕەکان ﴿١٦﴾ بـە دڵنیاییـەوە ڕۆژی هـەڵاواردن (ی پـاك و پیسـان) ژوانگـەدارە ﴿١٧﴾ ئـەو ڕۆژەی فــوو بــە کەڕەنــادا دەکــرێ، ئنجـا پــۆل پــۆل دێــن (بــۆ گۆڕەپانــی کۆکرانــەوە) ﴿١٨﴾ ئاســمانیش کرایــەوەو بــوو بــە دەروازە گــەل (و داڵانــداڵان بــوو) ﴿١٩﴾ چیایەکانیــش ڕۆێـنران (هەڵکەنـران و وردو خاشـکران و) بوونـە (تـۆزو گـەردی وەك) تراویلکـە ﴿٢٠﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(یَتَسَآءَلُونَ): لـە یەکـدی دەپرسـن، (**السُّؤالُ: اسْتِدْعَاءُ المَعْرِفَةِ، أو مَـا يُـؤدِّيَ إلى المَعْرِفَة، أو اسْتِدْعَاءُ مَالٍ، أومَـا يُـؤدِّيَ إلى المَـال**)، (**سُؤال**): بریتیـە لـە داواکردنـی زانیاریـی، یـان شــتێك کــە ببێتــە هــۆی پەیدابوونــی زانســت، یــان داواکردنــی مــاڵ و ســامان، یــان شــتێك کــە ببێتــە هــۆی پەیداکردنــی مــاڵ و ســامان.

(عَمَّ)، لـە ڕیشـەدا (**عَـنْ مَا**)یـە، (**عَـنْ**) پیتـی (**جَـرّ**)ە، (**مَا**)، (**مَـا الإسْـتِفْهَامية**)یەو، بـۆ پرسـیارکردنە، کەواتـە: ﴿عَمَّ﴾، ئەلیـف (أ)ەکـەی لاچـووە، ئەگەرنـا لـە بنچینـەدا (**عَـنْ ما**)یـە، واتـە: (**عَـنْ أي شَيءٍ؟**)، لـە بـارەی چییـەوە لـە یەکـدی دەپرسـن، چونکـە وشـەی (**تَسَـاؤل**): (**تَفَاعُـلٌ مِـنَ السُّـؤال**) واتـە: پرسـیار لـە یەکـدی دەکـەن.

(ٱلنَّبَإِ): (**النَّبَأ: خَـبَرٌ ذُو فَائِـدَةٍ عَظِيْمَـةٍ يَحْصُـلُ بِـهِ عِلْـمٌ أو غَلَبَـة ظن**)، (**نَبَأ**): هەواڵێکە سـوودێکی مەزنــی هەیــە، بــە هــۆی ئــەو هەواڵــەوە زانیاریــی یاخــود گومانێکــی زاڵ پەیدادەبێ.

(ٱلْعَظِيمِ): (عَظُـمَ الـشَّيء: كَـبُرَ عَظْمُـهُ، ثُـمَّ اسْـتُعِيْرَ لِـكُلِّ كَبِـيْرٍ، مَحْسُوسَـاً أو مَعْقُـولاً)، (عَظِيْـم): لـە (عَظُـم)ەوە هاتـوە، (عَظُـمَ الـشَّيء) واتـە: ئێسـقانەکەی گـەورە بـوو، دوایـی خوازراوەتـەوە بـۆ هـەر شـتێك قەبارەكـەی گـەورە بـێ، چ بەرهەسـت بـێ، چ نـا بەرهەسـت بـێ.

(مِهَٰدًا): (المَهْـدُ: مَـا يُهَيَّـأُ للصَّبِـيّ، وَالمَهْـدُ وَالمِهَـاد: المَـكَانُ الْمُمَهَّـدُ المُوطَّـأ)، وشـەی (مَهْـد) ئەوەیـە کـە بـۆ منداڵـی گچکـە ئامـادە دەکـرێ، (بـە کوردیـی دەڵێـن: لانکـە یـان بێشـکە، پێشـی دەگوتـرێ: جۆلانـە)، هەروەهـا وشـەی (المَهْـدُ وَالمِهَـاد) واتـە: شـوێنێکی خۆشـکراو، ئامادەکـراو، سـازکراو.

(أَوْتَادًا): کـۆی (وَتِـد وَوَتَـد)ە، (وَتَـدْ) سـینگ، گوڵمیـخ، بـە کـەسرەو، بـە فەتحـەش دەگوتـرێ: (وَتَدْتُـهُ أَتِـدُهُ وَتْـدَاً)، واتـە: دامکوتـا، دایدەکوتـم، داکوتـران.

(سُبَاتًا): (أَصْـلُ السُـبْتِ: قَطْـعُ العَمَـلِ، سَـبَتَ السَّـيْرَ: قَطَعَـهُ، سَـبَتَ شَـعْرَهُ: حَلَقَـهُ)، کە دەفەرمـوێ: ﴿ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ۝٩ ﴾، واتـە: خەوەکەتانمـان گێـڕاوە بـە مایـەی پشـوودان و ڕاوەسـتان و ئۆقـرە گرتـن، وشـەی (سُبَات) لـە (سَـبْت)ەوە هاتوە، (سَـبْت) بـە مانـای وەسـتاندنی کار، دەگوتـرێ: (سَـبَتَ السَّـيْرَ)، {(سَـيْر) یـانی: زوێڵـە چـەرم}، چەرمەکـەی بـڕی، (سَـبَتَ شَـعْرَهُ)، واتـە: قـژی خـۆی بـڕی، پرچـی خـۆی تاشـی.

(مَعَاشًا): (العَيْـشُ: الحَيَـاةُ المُخْتَصَّـةُ بِالْحَيـوَانِ، وَهُـوَ أَخَـصُّ مِـنَ الحَيَـاةِ)، (عَيْـش): یانی: ژیانێکـی تایبـەت بـە ژیاندارانـەوە، کـە تایبەتـرە لـە ژیـان، {یانـی: وشـەی (عَيْـش) و (حَيَـاة) هەردووکیـان بـە مانـای ژیانـن، بـەڵام وشـەی (عَيْـش) مانایەکـەی تایبەتـرە لـە (حَيَـاة) چونکـە خـوای پـەروەردگار وشـەی (حَيَـاة)ی بـۆ بـەکاردێ: ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَيُّ ٱلْقَيُّومُ ۝٢٥٥ ﴾البقرة، بـەڵام وشـەی (عَيْـش)ی بـۆ بەکارنایـەت}.

(المَعِيْشَـة: مَـا يُعَيـشُ)، (مَعِيْشَـة) ئەوەیـە کـە مـرۆڤ دەژیەنـێ، (المعجـم الوسـيط) لـە بـارەی (مَعَـاش)ەوە سـێ واتـای هێنـاون:

١- (**مَا تَكُونُ بِه الحَيَاةُ مِنَ المَطْعَمِ وَالمَشْرَبِ وَنَحْوِهِمَا**)، (**مَعَاش**): ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ژیان لە خواردن و خواردنەوەو وێنەی ئەوان.

٢- (**زَمَانُ التَمَاسِ العَيْشِ وَمَكَانُهُ**)، کاتی خەفتان لە گوزەران و شوێنەکەی، هەردووکیان پێیان دەگوترێ: (**مَعَاش**) کاتی کاسبیی کردن و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی بژیوو، شوێنی هەوڵدان بۆ پەیداکردنی بژیو.

٣- (**المُرَتَّبُ الَّذِي يَتَقَاضاه مِن قَضَى مُدَّةً مُعَيَّنَة فِي خِدْمَة الحُكُومَة بَعْدَ انْقِطَاع عَنِ العَمَل**)، ئەو ئەندازە سامانەی کەسێك کە ماوەیەکی لە خزمەت حکومەت دا بردۆتە سەر، دوای ئەوەی لە کار دادەبڕێ {کە پێی دەڵێن: (خانەنشین)}، وەری دەگرێ، ئەوەش پێی دەگوترێ: (**مَعَاش**).

دەڵێـم: وشـەی (**مَعَـاش**) مـەرج نیـە، تەنیـا خانەنشـین بگرێتـەوە، بەڵکـو هەمـوو ئـەو کارمەندانـەی مووچـە لـە میریـی وەردەگـرن، مووچەکەیـان پێـی دەگوتـرێ: (**مَعَـاش**).

وشـەی (**مَعِيشَـة**) کـە بـە مانـای (**مَعَاش**)یـش دێ، بـە هەرسـێ واتایەکـە، بـە (**مَعَايِـش**) کـۆ دەکرێتـەوە، (**عِيْشَـة: عِيْشَـة رَاضِيَـة**)، (**حَالَـةُ الإِنْسَـانِ فِي حَيَاتِـه**)، (**عيشـة**) بریتیـە لـەو حاڵەتـەی مـرۆڤ کـە لـە ژیانیـدا دەیبـێ.

(**شِدَادًا**): (**الشَـدُّ: العَقْـدُ القَـوِيُّ، وَشَـدَدتُ الـشَّيء: قَوَّيْـتُ عَقْـدَهُ**)، (**شِـدَاد**) لـە (**شَـدٌّ**) ەوە هاتـوە، (**شَـدَّ العَقـد**)، گرێیەکـەی تونـد کـرد، (**الشـدُّ العَقْـدُ القَـوِي**)، (**شَـدٌّ**) یانـی: گرێدانێکـی بەهێـز، دەگوتـرێ: (**شَـدَدتُ الـشي**) شـتەکەم تونـد کـرد، بەهێـزو قایمـم کرد.

(**شِـدَاد**) کـۆی (**شَـدِيْدة**)یە، بەهێـزو مەحکـەم و وەسـفە بـۆ حـەوت ئاسـمانەکان: ﴿ سَبْعًا شِدَادًا ﴾، حـەوت ئاسـمانە بەهێـزەکان.

(**سِرَاجًا وَهَّـاجًا**): (**السِّـرَاجُ: الزَّاهِـر بِفَتِيْلَـةٍ وَدُهْـنٍ، وَيُعَـبَّرُ بِـهِ عَـنْ كُلِّ مُـضِيءٍ**)، (**سِرَاج**): چـرا، ئـەوەی فتیلـەی هەیـەو ڕۆنـی تێدەکـرێ، دوایـی بـۆ هـەر تیشـکدەرێك

بەکارهاتوە، وەك لامپاو فانۆس، بە فتیلەیان گوتوە، چرا ڕەشکەو، قەندیلیشیان پێ گوتوە، بەڵام دوایی بەشەر وردە وردە بەرەو پێشەوە چووە لەو بارەوەو کردوویەتی بە فانۆس و، کردوویەتی بە لامپاو، کردوویەتی بە لۆکس، دوایی کردوویەتی بە چرای کارەبایی و بلاجکتۆرو، هەر خواش دەزانێ دەیکات بە چی دیکەش.

(وَهَّاج): (**الوَهَجُ: حُصُولُ الضَّوْءِ وَالحَرُّ مِنَ النَّار**)، (**وَهَج**): بریتیە لە پەیدابوونی تیشك و گەرمایی لە ئاگرەوە، دەگوترێ: (**تَوَهَّجَتِ النارُ وتَتَوهَّجُ النارُ**)، واتە: ئاگرەکە بڵێسەی داو بڵێسە دەدات.

(**ٱلْمُعْصِرَٰتِ**): کۆی (**المُعْصِرَة**)یەو (**مُعْصِرَة**)ش، لەسەر کێشی (**مُفْعِلَة**)یە، بەڵام بە مانای (**مَفْعُولَة**)یە، وەك: (**غُرْفَةٌ مُضِيْئَة**)، (**مُضِيْئَة**)، ئەگەر تەماشای کێشەکەی بکەی بە ڕواڵەت واتە: ڕووناککەرەوە، بەڵام لە ئەسڵدا بە مانای ڕووناککراوەیە، (**غُرْفَةٌ مُضِيْئَة**) واتە: ژوورێکی ڕووناککراوە، (**السُّحُبُ المُعْصِرَات**)یش واتە: هەورە گوشراوەکان، لەسەر کێشی (**مُفْعِلَة**)ن، بەڵام بە مانای (**مفعولة**)ن، واتە: ئەو هەورانەی گوشراون، لە ئەنجامی موتوربە بوونیاندا، بایەکان لەسەریەك کەڵەکەیان دەکەن و، لە ئەنجامی ئەوەدا هەورەکان موتوربە (تلقیح) دەبن و ئاویان لێ پەیدادەبێ، لە شێوەی باران و بەفرو تەزرەدا.

(**ثَجَّاجًا**): (**ثَجَّ المَاءُ وَأَتَى الوَادِي بِثَجِيْجِهِ**)، (**ثَجَّ المَاء**): واتە، ئاوەکە بە خورزەم و بە خوڕیی هات، دەگوترێ: (**وَأَتَى الوَادِي بِثَجِيْجِهِ**) دۆڵەکە ئاوەکەی بە زۆریی هێنا، هەروەها لە فەرمایشتی پێغەمبەرﷺدا هاتوە: {**أَفْضَلُ الحَجِّ: العَجُّ وَالثَّجّ**} (**أخرجه الترمذي: ٨٢٧، وابن ماجه: ٢٩٢٤، والحاكم: ١٦٥٥، وقال: صحيح الإسناد، والدارمي: ١٧٩٧، وأبو يعلي: ١١٧**) واتە: باشترین حەج، (**عَجّ وَثَجّ**)، (**عَج**) واتە: دەنگ بەرز کردنەوە بە (**لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْك**) بە زیکرەکان، (**ثَجّ**)یش، واتە: ڕشتنی خوێن، قوربانیی، واتە: ئەو دووە ئەرکە گەورەکانی حەجن، بە تایبەت زیکرە

باوەکە: (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ ، لاَ شَرِيكَ لَكَ)، ئەمە لەگەڵ سەر بڕینی قوربانیی دا باشترینی ئەرکەکانی حەجن.

بێگومانیش وەستان لە عەرەفات (**الوقوف بعرفة**) گەورەترین پایەی حەجە، وەك پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: [**الحج عرفة**] (**أخرجه أحمد: ١٨٧٩٦، وأبو داود: ١٩٤٩، والترمذي: ٨٨٩، والنسائي: ٣٠٤٤، وابن ماجه: ٣٠١٥، والحاكم: ٣١٠٠، وقال الحاكم: صحيح**).

(حَبًّا): (حَبّ) یانی: دانەوێڵە، تاکەکەی (حَبَّة)یە، دانەوێڵەش بە برنج و گەنم و جۆو نیسك و نۆك و ماش، بە هەردوو جۆری ڕەش و سپیی و، هەرزن و زوڕات هەموو ئەوانە دەگوترێ.

(وَجَنَّٰتٍ أَلۡفَافًا): (**الجَنَّةُ: كُلُّ بُسْتَانٍ ذِي شَجَرٍ يَسْتُرُ بِأَشْجَارِهِ الأرْضَ**)، (**جَنَّة**): هەر باخێکە خاوەن درەخت بێ و درەختەکانی هێندە چڕو پڕ بن، زەوییەکەیان داپۆشیبێ. (**جَنَّة**)ش بە (**جَنَّات**) کۆ دەکرێتەوە.

(أَلۡفَافًا): (**إلْتَفَّ بَعْضُهَا بِبَعْض لِكَثْرة الشَّجَر، لَفَفْتُ الشَّيءَ لَفًّا، واللَّفِيْفُ: المُجْتَمِع**)، (**ألفَاف**): هەندێك گوتوویانە تاکێکە، کۆی نیە و وشەکە بۆ خۆی وایە، یان (**ألْفَاف**) کۆی (**لَفّ**)ە، واتە: پێکداپێچراو، درەختەکانیان بە نێو یەکدا چوون و لێك ئاڵاون، چونکە (**جناتٍ ألفَافاً**)، یانی: ئەو باخانەی درەختەکانیان زۆرن، دەگوترێ: (**لَفَفْتُ الشَّيءَ لَفّاً**) شتەکەم بە پێچانەوە پێچایەوە، (**لَفِيْف: مُجْتَمِع**): واتە: کۆمەڵە خەڵکێك کە کۆبوونەوە سەر یەك.

(مِيقَٰتًا): (**المِيْقَاتُ: الوَقْتُ المَضْرُوبُ للشَّيءِ، الوَعْدُ الَّذِي جُعِلَ لِلوَقْت**) واتە: ژوانگە، کاتێك کە دانراوە بۆ شتێك، ئەو بەڵێنگەیەی دانراوە بۆ کاتێك (کە شتێکی تێدا دەبێ).

(ٱلصُّورِ): (**الصُّوْر: قِيل مَثَل القَرْن يُنْفَخ فِيْه**)، گوتراوە: وەك قۆچ و شاخە فووی پێدا دەکرێ، هەندێکی دیکەش مانایەکی ڕەمزییان پێداوە.

(أَفْوَاجًا): (جَمْعُ فَوْج: الجَمَاعَة المَارَّةُ المُسْرِعَة)، (أَفْوَاج) كۆی (فَوْج)ە‌و، ئەویش بە كۆمەڵێك دەگوترێ كە بە خێرایی بڕۆن.

(وَسُيِّرَتِ): (السَّيْرُ: المُضِيُّ فِي الأَرْض): (سَيْر) بریتیە لە ڕۆیشتن بە زەویدا، (سُيِّرَت) بۆ مانایەكەی بە كوردیی گوتوومە: ڕۆێنراو، واتە: لە شوێنی خۆی ڕۆێنراو هەڵقەندرا.

(سَرَابًا): (السَّرَابُ: اللاَّمِعُ فِي المَفَازَةِ كَالمَاء، وَذَلِكَ لانسَرَابِه فِي مرأى العَيْن)، (سَرَاب): بریتیە لەوەی لە بیابان و دەشتدا بریقە دەدات، لەبەر ئەوەی لەبەر چاو دەڕوات و شەپۆل دەدا، مرۆڤ لە دوورەوە وا دەزانێ ئاوەو، لە ڕاستییشدا ئاو نیە، بۆیەش كوردەواریی خۆمان ناویان لێناوە: تراویلكە.

ماناى گشتیى ئایەتەکان

سـەرەتا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بـە نـاوى خـواى بـە بەزەیـى بەخشـندە، واتـە: دەسـپێکردنم بـە نـاوى خوایـە، ئـەوەش مەبەسـتى ئەوەیـە:

١- ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێى شەرعى خوا دەکەم.

٣- ئەم کارە بە تواناو یارمەتیى خواى بەرز مەزن دەکەم.

٤- ئەم کارە بۆ هێنانەدیى ڕەزامەندیى خوا ئەنجام دەدەم.

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ﴾، لـە بـارەى چییـەوە لـە یەکـدى دەپرسـن؟ دواى ئـەوەى پێغەمبـەرى خاتـەم ﷺ، خـوا ﷻ دوا پەیامـى خـۆى پێـدا نـاردووەو دوا فەرمایشـتى خـۆى بـۆ دابەزانـدوە، خەڵـك و کۆمەڵگایەکـەى پێیـان شـتێکى نامـۆو سـەیر بـووە، ئـەو شـتانەى ئـەوان عادەتیـان پێـوە گرتـوون، بوونـە نەریتێکـى ڕیشـەدار لـە ژیانیانـدا، چ لـە ڕووى فیکرییـەوە، چ لـە ڕووى ئاکارییـەوە، چ لـە ڕووى خێزانییـەوە، چ لـە ڕووى کۆمەڵایەتیـى و، لـە ڕووى ئابووریـى و، لـە ڕووى سیاسییەوە، پێیـان وابـووە هـەق هـەر ئەوەیـە، کـە ئـەوان لەسـەرینی!، بـەڵام پەیامـى خـوا کـە بـە پێغەمبـەرى کۆتاییـدا، نێـردراوە وەك پەیامـى هەمـوو پێغەمبـەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلام**)، بێگومـان بۆیـە هاتـوە کـە ژیانـى ئـەو خەڵکـە بگـۆڕێ، پێشـێ جـۆرى بیرکردنـەوەو بوونناسـیى تێڕوانینیـان بگـۆڕێ، ئنجـا ئیـمان و عەقیدەیـان، دوایـى هەڵوێسـت و هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ خـوادا، پاشـان لـە نێـو خۆیانـدا، بۆیـە هەمیشـە خەریکـى مقـۆ مقـۆو مشـت و مـڕ بـوون لـە نێـو خۆیانـدا، لـە بـارەى پێغەمبـەرەوە ﷺ و لـە بـارەى قوڕئانـەوە، ئـەوە هیـچ گومانێکـى تێدانیـە، بـەڵام لێـرەدا بـە پێـى ڕەوتـى ئایەتـەکان بۆمـان دەردەکـەوێ، ئـەوەى زیاتـر لـە نێـو خۆیانـدا پرسـیاریان لـە

بارەوە کردووەو، مشت و مڕیان لە بارەیەوە کردوە، بریتی بووە لە ڕۆژی دوایی و ئەوە کە: دوای ئەم ژیانی دنیایە، قۆناغێکی دیکەی ژیان دێ، سزا هەیەو، پاداشت هەیەو، بەهەشت هەیە، دۆزەخ هەیە، ئەگەرنا بێگومان، لە یەکدی پرسیارکردن و پێکەوە مشت و مڕ کردن و مقۆ مقۆ کردنی بێبڕوایان، تەنیا لە بارەی ڕۆژی دواییەوە نەبووە، ئەگەر ئایەتەکە بەس: ﴿ عَمَّ يَتَسَآءَلُونَ ﴾، بووایە: (لە بارەی چی لە یەکدی دەپرسن؟)، ئەو ئەگەرانەی هەموویان هەبوون، کە ڕوونکەرەوانی قورئان باسیان کردوون، لە بارەی خودی موحەممەد پێغەمبەرەوە h، لە بارەی وەحییەوە، لە بارەی پەیامی خواوە، بە گشتیی کە هێناویەتی، لە بارەی ڕۆژی دواییەوە...هتد.

بەڵام بە پێی سیاق کە دوایی دەفەرموێ: ﴿ عَنِ ٱلنَّبَإِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٢﴾ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ ﴿٣﴾ ﴾، لە بارەی هەواڵە مەزنەکەوە کە ئەوان تێیدا ڕاجیان، مشتومڕکەرن، ئەمە زۆر بە ڕوونیی دیاریی دەکات، کە پرسیار لە یەکدی کردن و مشت و مڕ پێکەوە کردنەکەیان، لە بارەی ڕۆژی دواییەوە بووە، دوایی دەفەرموێ: ﴿ عَنِ ٱلنَّبَإِ ٱلْعَظِيمِ ﴾، لە بارەی هەواڵە مەزنەکەوە، (نَبَأ) وەك (**راغب الأصهفاني**) دەڵێ: (**خَبَرٌ ذُو فَائِدَةٍ عَظِيْمَةٍ يَحْصُلُ بِه عِلْمٌ أو غَلَبَة ظَنّ**) (نبَأ) بریتیە لە هەواڵێك کە سوودێکی مەزنی هەبێت، بە هۆیەوە زانیاریی یاخود بە لای کەمەوە گومانی زاڵ پەیدا ببێ.

ئنجا دوایی دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ ﴾، ئەو هەواڵە مەزنەی ئەوان تێیدا ناکۆکن، تێیدا مشت و مڕ کەرن، تێیدا ڕا جیاوازن، ﴿ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴾، ﴿ كَلَّا ﴾، وەك زۆرجاران گوتوومانە: (**كَلِمَةُ رَدْعٍ وَزَجر**)، وشەیەکە بۆ پەرچدانەوەو تێوە خوڕین بەکاردێ، یانی: با واز بێنن، نەخێر وانیە، وەك ئەوان دەڵێن، یان وەك ئەوان گومان دەبەن و بیر دەکەنەوە، کە دنیا شاری بێ خاوەن بێ، لە دوای ئەم ژیانەی دنیا قۆناغێکی دیکە نیە!، با واز بێنن لەو جۆرە بیر کردنەوانە، ﴿ سَيَعْلَمُونَ ﴾، لە مەودوا بە زوویی دەزانن، ﴿ ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴾، دوایی جارێکی

دیکە با وازبێنن، لەمەودوا بە زوویی دەزانن، چی دەزانن؟ دەزانن کە ماقووڵ نیەو ناگونجێ ڕۆژی دوایی نەبێ، ناگونجێ ژیانی مرۆڤ لەم قۆناغەی ئێستادا کورت هەڵبێ و، هیچ قۆناغی دیکەی بە دوادا نەیەت، چونکە ئەو کاتە ژیانی مرۆڤ ڕۆمانێکی بێ تام و چیرۆکێکی بێ ئەنجام دەردەچێت، وەك کاتی خۆی لە هەندێك لە کتێبەکانمدا گوتوومە، ئنجا خوا ﷻ دوای ئەو، پێنج ئایەتەی، وەك زەمینە خۆشکردن و پێشەکی بوون، لە دوازدە ئایەتەکەی دوایی دا، ئایەتەکانی: (٦ - ١٧)دا، یازدە لە چاکەو نیعمەتەکانی خۆی دەخاتە بەرچاوو، لە هەمان کاتدا کە چاکەو نیعمەتیشن، بەڵگەشن، لەسەر ئەوەی ناگونجێ ژیانی مرۆڤ لە چوار چێوەی ژیانی دنیادا، کورت هەڵبێ و، هیچ قۆناغی دیکەی بە دوادا نەیەن، بەڵێ ئەو یازدە شتە، هاو کات لەگەڵ ئەوەدا کە چاکەو نیعمەتەکانی خوان و، بەڵگەو نیشانەی بەرزیی و مەزنیی و پەروەردگارێتیی خوان، هاوکات بەڵگەشن لەسەر هەبوونی ڕۆژی دوایی، بە بەڵگەی ئەوە کە دوایی خوا ﷻ لە کۆتایی ئەو یازدە نیشانەو بەڵگەیەو، ئەو نیعمەت و چاکانەی خۆیدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ يَوۡمَ ٱلۡفَصۡلِ كَانَ مِيقَٰتٗا ١٧﴾، بە دڵنیایی ڕۆژی لێك هەڵاواردن کاتێکی دیارییکراوی هەیە، واتە: لە کاتی دیارییکراوی خۆیدا، ئەو ڕۆژی لێك هەڵاواردنە، دێ.

ئێمە دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا، زیاتر هەڵوەستە دەکەین لە بەردەم ئەو یازدە چاکەو نیعمەتەی خوادا، ئەو یازدە بەڵگەو نیشانانەی بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و مشوورخۆرێتیی و خاوەندارێتیی خواو، ئەو یازدە بەڵگەیەی ڕاستیی هاتنی ڕۆژی دوایی دا، چونکە ئەو یازدە شتەی خوا باسیان دەکات، لە یەك کاتدا سێ ئامانج دەپێکن:

أ- هەم یازدە چاکەو نیعمەتی خوان و دەیانخاتە بەرچاوی مرۆڤەکان.

ب- هەم یازدە بەڵگەن لەسەر مەزنیی و بەرزیی و مشوورخۆریەتیی و پەروەردگارێتیی و باڵادەستیی خوا، بەسەر کەون و کائیناتدا.

ج- هەم یازدە بەڵگەشن لەسەر هاتنی ڕۆژی دوایی، سەرەتا دەفەرموێ:

﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا ﴾، ئایا زەوییمان نەگێڕاوە بە ڕایەخ؟ ﴿ مِهَٰدًا ﴾، هەم بە مانای ڕایەخ دێ و، هەم بە مانای شوێنێکی تەخت و لە بار دێ و، هەم بە مانای لانکەو بێشکەش دێ، ئایا زەوییمان بۆ وا لێ نەکردوون؟ ﴿ وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴾، چیایەکانیشمان کردوونە گوڵمیخ، ﴿ أَوْتَادًا ﴾، کۆی (وَتِدْ) یان (وَتَدْ)ە، بە کوردیی دەڵێین: گوڵمیخ یان سینگ، ئەوەی وڵاخی پێ دەبەسترێتەوە، یاخود چادر و ڕەشماڵ و تاوڵی پێ قایم دەکرێ، لەو لای لای تاوڵەکە، دادەکوترێن، ڕەشماڵ و تاوڵەکە بە چەند پەتێکی مەحکەم بەو سینگ و گوڵمیخانەوە دەبەسترێ بۆ ئەوەی نەجووڵێ.

﴿ وَخَلَقْنَٰكُمْ أَزْوَٰجًا ﴾، هەروەها ئێوەمان بە جووت دروست کردوە، نێر و مێ، ژمارەی ئەو نێرو مێیانەو ڕێژەکەیان، لەوەتی خوا مرۆڤی لەسەر زەوی داناوە، ئەو ژمارەو ڕێژەیە تۆزێ هەڵکشان و داکشانی هەیە، بەڵام بە هاوکۆیی (**معدَّل**) نێرو مێ یەکسانن، ﴿ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ﴾، هەروەها خەوەکەشتانمان گێڕاوە بە مایەی سرەوتن و پشوودان و ئیسراحەت.

﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا ﴾، شەوگاریشمان کردوە بە پۆشەر، ﴿ لِبَاسًا ﴾، یانی: پۆشاك، واتە: شەوگار، وەك پۆشاکێك داتاندەپۆشێ، ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا ﴾، ڕۆژگاریشمان کردوە بە مایەی ژیان و گوزەران، ﴿ مَعَاشًا ﴾، بە مانای ژیان دێ و، بە مانای پەیداکردنی بژێو دێ و، بە مانای شوێن و کاتی تێدا پەیداکردنی بژێوو ڕۆزییش دێ.

﴿ وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ﴾، لەسەرووتانەوەش حەوتی مەحکەممان بنیاتناون، مەبەست حەوت ئاسمانەکانن، ﴿ شِدَادًا ﴾، کۆی (شَدِیْدة)یە، واتە: مەحکەم و قایم، ئنجا هەرچەندە ئێمە حەوت ئاسمانەکان نابینین، بەڵام خوا ﷻ خاوەنی ئەم گەردوون و کەون و کائیناتەیەو، کەسانێك ئەو شتانەیان بۆ

ڕوون دەکاتـەوە، لـە دوو حاڵەتـان بـە دەرنیـن: یـان خـوا دەناسـن، یـان ناناسـن، ئەگـەر بیناسـن، دەزانـن خـوا هەرچـی بفەرمـوێ، وایـە، ئەگـەر نەشیناسـن، پێـش ئـەوەی بـڕوا بـەوە نەکـەن، کـە خـوا حـەوت ئاسـمانی دروسـت کـردوون، بـڕوا بـە بەدیهێنەرایەتیـی و پەروەردگارێتیـی خـوا ناکـەن.

﴿ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴾، هەروەهـا چرایـەکی تیشـکدەرو بـە شـۆقمان گێـڕاوە، کـە مەبەسـت پێـی خـۆرە، ﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا ﴾، لـە (هـەورە) گوشراوەکانیـش ئاوێکـی بـە خـورزەم و بـە خورِمـان دابەزانـدوە، لـە شـێوەی بـاران و بەفـرو تـەزرەدا، بۆچـی؟ ﴿ لِّنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا ﴾، تاکـو دانەوێڵـەو ڕووەکی پـێ دەربێنیـن، (**حـبٌ**) (**نَکـرة**) نەنـاسراوە، واتـە: جۆرەکانـی دانەوێڵـە: (گەنـم و جـۆ و برنـج و نیسـك و نـۆك و هـەرزن و مـاش و زوڕات و ...)، هەمـوو جۆرەکانـی دانەوێلـە کـە لـە خـوا دابەشـی کـردوون، بەسـەر ناوچەکانـی زەوی دا، بـۆ وێنـە: لـە لای ئێمـە: گەنـم و جـۆو برنـج و نیسـك و نـۆك و مـاش و هـەرزن، هـەن، لـە شـوێنانی دیکـەش جـۆری دیکـە هـەن، ﴿ وَنَبَاتًا ﴾، هەروەهـا ڕووەکەکانیـش جـۆراو جـۆرن، دارو درەخـتن، تـەڕەکارن، سـەوزەن، گیـاو گۆڵـە جـۆراو جۆرەکانـن، گـوڵ و گوڵـزارن، هەموویـان دەگرێتـەوە.

﴿ وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا ﴾، هەروەهـا باخـە چـڕو پـڕەکان و، لێـك ئـاڵاوەکان و پێکداچووەکانیـش، بـۆ ئـەوەی ئەوانـەی پـێ دەربێنیـن، بۆیـە ئـەو ئـاوە بـە خورزەمەمـان لـە هـەورە گـوشراوەکان دابەزانـدوە.

ئنجـا: ﴿ إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كَانَ مِيقَاتًا ﴾، بـە دڵنیایـی ڕۆژی لێـك هـەڵاواردن، کاتەکـەی دیارییکـراوە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی خـوا ﷻ ئـەو هەمـوو چاکانـەی لەگـەڵ ئێـوەدا کـردوون، ئـەو هەمـوو نیعمەتانـەی بـۆ ئێـوەی ڕەخسـاندوون، ئـەو هەمـوو شـتانەی زۆر بـە ڕێـك و پێکیـی هێناونـە دی، کەواتـە: ئـەوە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ژیانـی دنیـا تاکـە دەرفەتـی ژیانـی مـرۆڤ نیـە، بەڵکـو قۆناغێکـی دیکـەی بـەدوا دێ، کـە بریتیـە لـە قۆناغـی لێـك هـەڵاواردن و لێـك جیاکردنـەوەی پـاك و پیـس.

ئنجا لـه سێ ئایەتـی کۆتایـی دا باسـی ئـەو ڕۆژە دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿ يَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ ﴾، ئـەو ڕۆژەی فـوو بـە کەڕەنـادا دەکـرێ، ﴿ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا ﴾، ئنجا ئێـوە کۆمـەڵ کۆمـەڵ، پـۆل پـۆل دێـن، هەڵبەتـە ئەگـەر مەبەسـت فـوو پێـدا کردنـی یەکـەم بـێ، دوای فـوو پێـدا کردنـی یەکـەم، ئاخیـر زەمـان دێ، بـەڵام: ﴿ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا ﴾، دوای فـووی دووەمـە، بۆیـە لێـرەدا مەبەسـت فـوو پێـدا کردنـی دووەمـە، کـە مرۆڤـەکان پـۆل پـۆل دێـن.

بـەڵام کـە دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتْ أَبْوَٰبًا ﴾، ئاسـمانیش کرایـەوە، ئنجا بـوو بـە دەروازەو داڵانـداڵان، ئەمـەش بـە دڵنیایـی لە قۆناغـی یەکەمی ڕۆژی دوایـی دایـە، کـە ئاخیـر زەمانـەو لـەو کاتـەدا، ئـەم گەردوونـە، بـەم شـێوەیەی نامێنـێ، ئاسـمان وەك لـە شـوێنی دیکـەش دا فەرموویەتـی، ئـەو پێکهاتەیـەی ئێسـتای نامێنـێ.

﴿ وَسُيِّرَتِ ٱلْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا ﴾، چیایەکانیـش ڕۆێـنران، ئنجـا بوونـە تراویلکـە، واتــە: بوونــە تــۆزو گەردێــك كــە لــە دوور ڕا تەماشــای بكــەی، وەك تراویلكــە دێتـە بەرچـاو، وەك شـەپۆلی ئـاو کـە ئاویـش نیـە، بێگومـان ئەمـەش لـە قۆناغـی یەکەمـی ڕۆژی دواییدایـە کـە ئاخیـر زەمانـە، کەواتـە: لێـرەدا خـوا ﷻ هەندێـك لـە ڕووداوەکانـی قۆناغـی یەکـەم و قۆناغـی دووەمـی پێکـەوە تێکـەڵ و ئاوێتـە کـردوون.

کەواتـە: بـەو بەڵگانـەی باسـکران، ئێـوە دڵنیـا بـن، ڕۆژی دوایـی لـەو کاتـەدای بـۆی دیاریکـراوە، هاتنەکـەی مسـۆگەرە، چونکـە ناگونجـێ خـوا ﷻ گـەردوون و ژیانـی مرۆڤـی هێنـدە بـە ڕێـك و پێکیـی ڕەخسـاند بـێ، کـە چـی ژیانەکـەی لـە ژیانی کاتیـی و کـورتی دنیـادا کـورت هەڵبـێ و، بـە مردنـی مـرۆڤ هەمـوو شـتێك کۆتایـی پـێ بـێ و، دوایـی کـەس بـە مرۆڤـەکان نەڵـێ: لـە کوێـوە هاتـوون و، بـۆ کـوێ چـوون و، چیتـان کـردو، چۆنتـان کـرد؟!.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

پرسیارکردن لە بارەی لە یەکدی پرسینی بێبڕوایانەوە، لە بارەی هەواڵە گرنگ و مەزنەکەی ڕۆژی دوایی، کە تێیدا لە مشت و مڕدان و، بەرپەرچدانەوەی گومان و قسەو قاڵیان و، دڵنیاکردنەوەیان کە بە زوویی ڕاستیی ئەو هەواڵە دەزانن:

خوا دەفەرموێ: ﴿عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ ﴿١﴾ عَنِ النَّبَإِ الْعَظِيمِ ﴿٢﴾ الَّذِي هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ ﴿٣﴾ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴿٤﴾ ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴿٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ﴾، لە بارەی چییەوە لە یەکدی دەپرسن؟ ﴿عَمَّ﴾، دوو پیتە (عَنْ) لەگەڵ (مَا)، (عَنْ) پیتی (جَرّ)ە، بەڵام (مَا): ناوی پرسیارکردن (**إسْمٌ اسْتِفْهَام**)ەو، لە ئەسڵدا (**عَنْ مَا**)یە، بەڵام ئەلیف (ا)ەکەی لێکراوەتەوەو بۆتە (**عَمَّا**) واتە: (**عَن أي شَيءٍ**) لە بارەی چییەوە: ﴿يَتَسَاءَلُونَ﴾، لە یەکدی دەپرسن؟، (**تَسَاؤُل**)، (**تَفَاعُلٌ مِن السُّؤال**)، (**سُؤال**) یانی: پرسیارکردن، (**تَسَاؤُل**) یانی: لە یەکدی پرسین، مانایەکەشی دوو ئەگەری هەن:

١- ئایا هەر بە جیددیی لە یەکدییان پرسیوە، لە بارەی ڕۆژی دواییەوە، کێ زانیاریی زیاتری لە لایە؟

٢- یاخود پرسیارکردنێکی ڕووکەشیی بووە، وەك گاڵتە پێکردن: ئایا دەزانن ڕۆژی قیامەت دێ؟!

وشەی: ﴿عَمَّ﴾، لە (**عن**) و (**ما**) پێکهاتووەو لە هەر شوێنێك لە قورئان دا پیتی ژێرداڕەکەو (**جرّ**) وەك: (**عن**) و (**ل**) و (**في**) و (**من**)خرابێتە سەر (**مَا**)ی (**إستفهامية**)

یـە، ئەلیـف (أ)ی (مـا) لابـراوە: ﴿ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ ﴾النازعـات، یـان: ﴿ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ ...﴿٤٣﴾ ﴾التوبـة، یـان: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ ﴾الطـارق، لـە چەنـد شـوێنێکی دیکـەش دا هاتـوە، چونکـە کـە ئەلیفەکـە لا دەبـرێ، لەسـەر زمـان سـووکتر دەبـێ.

٢)- ﴿ عَنِ ٱلنَّبَإِ ٱلْعَظِيمِ ﴾، لە بارەی هەواڵە مەزنەکەوە، ﴿ ٱلنَّبَإِ ﴾، (**خَبَرٌ ذُو فَائِدَةٍ عَظِيْمَةٍ يَحْصُلُ بِهِ عِلْمٌ أو غَلَبَة ظَنٍّ**) (نَبَأ): هەواڵێك سوودێکی مەزنی هەبێ و بە هۆیەوە زانیاریی یاخود بە لای کەمەوە، گومانی زاڵ وە دەست دێ.

٣)- ﴿ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ ﴾، ئەو (هەواڵە مەزن)ەی ئەوان تێیدا مشت و مڕ کەرن، ڕا جیان، ئایا مشت و مڕو ڕا جیاییەکەیان هەر لە نێو خۆیان دابووە، یان لەگەڵ جگە لە خۆیان دا بووە؟ ئەمەش دوو ئەگەری هەن:

١- دەگونجێ ڕا جیایی و مشت و مڕەکەیان هەر لە نێو خۆیان دابووبێ، یەکێکیان گوتوویەتی: زیندوو دەبینەوە، یەکی دیکە گوتوویەتی: زیندوو نابینەوە، یەکێکی دیکە گوتوویەتی: تەنیا ڕووحەکان زیندوو دەبنەوە، ئەوی دیکەیان گوتوویەتی: هەر زیندوو نابینەوەو نکووڵییشی لە بوونی خوای بەدیهێنەر کردوە.

٢- ڕا جیاییان بووە لەگەڵ ئەهلی ئیمان دا، ئیمانداران گوتوویانە: زیندوو دەبینەوەو، ئەوانیش گوتوویانە: نەخێر زیندوو نابینەوە.

٤)- ﴿ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴾، نەخێر (وانیە کە دەڵێن، با واز بێنن) لە مەودوا بە زوویی دەزانن، (س)ی (سَيَعْلَمُونَ): (**لِلتَّأْكِيْد والتَّقْرِيْب**) بۆ جەختکردنەوەو نیزیکخستنەوەیە.

٥)- ﴿ ثُمَّ كَلَّا سَيَعْلَمُونَ ﴾، ئنجا نەخێر (وانیە) لەمەودوا بە زوویی دەزانن، ﴿ كَلَّا ﴾، وشەیەکە بۆ بەر پەرچدانەوەو تێوە خوڕین و لابردن (**نفي**) بەکاردێ، واتە: وانیە وەك ئێوە دەڵێن، واز بێنن، بە زوویی دەزانن، ﴿ ثُمَّ ﴾، واتە: ئنجا، یان جارێکی دیکە، دیسان واز بێنن بە زوویی دەزانن.

دەپرسین: ئایا ﴿كَلَّا﴾، کە (كَلِمَةُ رَدعٍ وَزَجْرٍ) وشەی بەرپەرچدانەوەو تێوە خورینە، بەرپەرچدانەوەو تێوە خورینە بۆ ئەوەی:

أ- واز بێنن لە پرسیار لە یەکدی کردن.

ب- یاخود وازبێنن لە مشت و مڕ پێکەوە کردن و ڕاجیا بوون؟

هەردووکیان هەڵدەگرێ، بۆچی خوا ﷻ دەفەرموێ: با وازبێنن، بە زوویی دەزانن، کە قیامەت هەر خوا دەزانێ کەنگێ دێ؟ وەڵامەکەی ئەوەیە {مَنْ مَاتَ فَقَد قَامَتْ قِيَامَتُهُ}، هەر کەسێك مرد قیامەتی وی، هاتوە، کەسێك مرد، لە خۆی حاڵیی دەبێ و تێدەگات کە پێشتر تێنەگەییبوو، حاڵیی دەبێ کە وەختی خۆی نکووڵیی لە قیامەت دەکرد، لە سزاو پاداشتی خوا دەکرد، حاڵیی نەبووە، کەواتە: زوو بۆی دەردەکەوێ.

پێشتریش گوتمان: لە بارەی ئەوەوە کە ئایا ئەو هەواڵە مەزنە چییە؟ ١- هەندێك گوتوویانە: وەحییە، ٢- هەندێك گوتوویانە: قورئانە، ٣- هەندێك گوتوویانە: پێغەمبەرە ﷺ.

٤- بەڵام بە سەرنجدانی ڕەوتی ئایەتەکان زۆر جوان دیارە، کە مەبەست پێی ڕۆژی دواییە، ڕۆژی دواییش زیاتر قۆناغی دووەم و قیامەتەکەی، واتە: هەڵسانەوەو زیندوو بوونەوەو سزاو پاداشت.

مەسەلەی دووەم:

هێنانــەوەی یــازدە جــۆرە بەڵگــە لەســەر هەبوونــی ڕۆژی دوایــی، کــە بریتیــن لــە: ڕاخرانــی زەوی، ســینگ بوونــی چیایــەکان، بــە جــووت دروســتبوونی مرۆڤــان، ئیســراحەت پێکردنــی خــەو، پۆشــاك بوونــی شــەوگار، گــوزەران تێداکردنــی ڕۆژگار، حــەوت ئاســمانەکان مەحکــەم لەســەروو بنیاتــنراون، خــۆری تیشــکدەر ڕەخســێنراوە، ئــاو دابەزێــنراو لــە هــەورە گــوشراوەکان، پێڕوانــی دانەوێڵــەو ڕووەك و باخــە چــڕو پــڕەکان، ئەمانــەش هەموویــان واتــە: ڕۆژی هەڵاواردنــی پــاك و پیســان، بــە مســـۆگەریی دێ:

خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا ﴿٦﴾ وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴿٧﴾ وَخَلَقْنَاكُمْ أَزْوَاجًا ﴿٨﴾ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ﴿٩﴾ وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ لِبَاسًا ﴿١٠﴾ وَجَعَلْنَا النَّهَارَ مَعَاشًا ﴿١١﴾ وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ﴿١٢﴾ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴿١٣﴾ وَأَنزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا ﴿١٤﴾ لِّنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا ﴿١٥﴾ وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا ﴿١٦﴾ إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كَانَ مِيقَاتًا ﴿١٧﴾ ﴾.

کورتە باسێک:

یــازدە چاکــەو نیعمەتــی خــوا، کــە یــازدە بەڵگەشــن لەســەر پەروەردگارێتــی خــواو هاتنــی ڕۆژی ســزا و پاداشــت.

بەڕێـــــزان!

بــە باشــم زانــی لێــرەدا بــۆ تیشــکی زیاتــر خســتنە ســەر چەمــك و واتــای ئــەم دوازدە ئایەتــە موبارەکــە، بــە تایبەتــی ئــەو یــازدە نیعمــەت و چاکەیــەی خــوا لــە شــێوەی یــازدە بەڵگــەدا، هــەم لەســەر پەروەردگارێتیــی خــۆی، هــەم لەســەر ئــەوە کــە ڕۆژی دوایــی دەبــێ بــێ، خســتوونیە ڕوو، لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەوەی لــە مەوســووعەی

(ئیـمان و ئیلحـاد) لـە چاپـی دووەمـی دا[1] هێناومە، بـە ئەندازەیـەك پوختكردنەوەوە، بیخەمـەڕوو، سـەرەتاش بـە مانـای كـورت و دەقـاو دەق بـە ئایەتەكانـدا دەچـم:

خوا ﷻ دەفەرموێ:

١- ﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا ﴾، ئایا زەوییمان نەكردوە بە لانكەو بێشكەو، بە ڕایەخ، كە ڕاخراوە؟.

٢- ﴿ وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴾، چیایەكانیشمان كردوونە گوڵمیخ، ﴿ أَوْتَادًا ﴾، كۆی (وَتَد) یان (وَتِد)ە، ئەویش واتە: گوڵمیخ، سینگ كە چادرو ڕەشماڵی پێ دەبەستنەوە، یان وڵاخی پێ دەبەستنەوە.

٣- ﴿ وَخَلَقْنَٰكُمْ أَزْوَٰجًا ﴾، ئێوەشمان بە جووت دروستكردوە، واتە: لە نێرو مێ، هەر لە ئادەم و حەواوە بگرە تاكو ئێستاش دوای ئێستاش.

٤- ﴿ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ﴾، نووستنی ئێوەشمان گێڕاوە بە مایەی پشوودان و ئیسڕاحەت كردن.

٥- ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا ﴾، شەوگاریشمان بۆ گێڕاون بە پۆشاكێك داتاندەپۆشێ.

٦- ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا ﴾، ڕۆژگاریشمان بۆ گێڕاون بە مایەی ژیان و گوزەران و كارو كاسپی تێدا كردن.

٧- ﴿ وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ﴾، لەسەرووتانەوەش حەوت ئاسمانی مەحكەممان دروست كردوون.

٨- ﴿ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴾، هەروەها چرایەكی زۆر ڕۆشن و تیشكدەرمان ڕەخساندوە، كە مەبەست خۆرە.

---

(١) [دروەشـاوەیی ئیـمان و پووچەڵیی ئیلحـاد لەبـەر تیشـكی زگـماك و عەقـڵ و زانسـت و وەحیی دا]، بەرگـی یەكـەم لاپـەڕە: ٤٦٦ - ٤٨٠، چاپی دووەم.

٩- ﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا ﴾، لە هەورە گوشراوەکانیش ئاوێکی بە خورزەممان دابەزاندوە.

﴿ الْمُعْصِرَاتِ ﴾، کۆی (**مُعْصِرة**) لـە کێشـی (**مُفعِلة**)یـە، بـەڵام بـە مانـای (**مَفْعُولـة**) یـە، وەك (**غُرْفَـة مُضِيْئَـة**)، واتـە: ژوورێکـی ڕووناك کـراوە، نـەك ژوورێکـی ڕووناك کـەرەوە.

١٠- ﴿ لِنُخْرِجَ بِهِ حَبًّا وَنَبَاتًا ﴾، بۆ ئەوەی بەو ئاوە بەخورزەم دابەزێنراوە لە هەورە گوشراوەکاندا، دانەوێڵەو ڕووەکی پێ بروێنین.

١١- ﴿ وَجَنَّاتٍ أَلْفَافًا ﴾، هەروەها باخە چڕو پڕو لێك ئاڵاوەکانیش.

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ كَانَ مِيقَاتًا ﴾، بـە دڵنیایـی ڕۆژی لێـك هـەڵاواردن، ژوانگـەدارە (کاتی دیاریکـراوی هەیـە)، ﴿ مِيقَاتًا ﴾: (**المِيْقَـات عَـلَى زِنَـة اسْـمِ الآلَـة، وَأُرِيْـدَ بِـه نَفْـسُ الوَقْـتُ المُحـدَّد بِـه الـشَّيء**)، (**مِيْقَات**) هەرچەنـدە لـە سـەر کێشـی نـاوی ئامـڕازە، بـەڵام مەبەسـت پێـی خـودی ئـەو کاتەیـە کـە دیاریکـراوە ئـەو شـتەی تێـدا دەبـێ.

ئنجـا بـا تـۆزێ سـەرنجی هـەر کام لـەو یـازدە نیعمەتـە بدەیـن، کـە خـوای پـەروەردگار وەك یـازدە بەڵگـە لەسـەر هاتنـی ڕۆژی دوایـی خسـتوونیە ڕوو:

١)- ﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا ﴾، ئایا زەوییمان بۆ نەکردوون بە لانکەو بێشکە، یاخود وەك ڕایەخ بۆمان ڕانەخستوون؟ شایانی باسە: ئەو زەوییەی ئێمە لەسەری دەژین، ئایا هۆی چییە ئاوا بە ئاسوودەییەوە لەسەری دێین و دەچین؟ بەهۆی ئەوەوەیە کە هێزی کێشندەی زەوی بە ئەندازەی (١سم٢/ ١کغم)، هەر سانتیمەتر دووجایەك قورسایی یەك کیلۆگرامی دەکەوێتە سەر، بەڵام لەسەر مانگ: (٦سم٢/ ١کغم)، واتە: ئەگەر شتێك لێرە (٦٠ کغم) بێت لەوێ (١٠ کغم)ە، بۆیە ئەوانەی دەچن بۆ سەر مانگ دەبێ کۆڵێکی قورسیش لە کۆڵ بنێن، بۆ ئەوەی کە هەنگاویان هەڵێنا، زۆر هەڵنەبەزنەوە.

ئایا بۆچی خوا ﷻ زەوی ئێمە بە لانکەو، بێشکە دەچوێنێ؟ چونکە زەوی بە لای کەمەوە پێنج جۆرە جووڵەو سووڕانەوەی هەن:

١- خولانەوەی بە دەوری خۆیدا بە خێرایی (٢٨ کم لە خولەکێك دا)، کە بە بیست چوار سەعات ئەو خولە تەواو دەکات و دەبێتە هۆی پەیدا بوونی شەوو ڕۆژ.

٢- سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا کە لە هەر چرکەیەك دا (٣٠کم) دەبڕێ، واتە: شەست (٦٠) ئەوەندەی خێرایی خولانەوەی بە دەوری خۆیدا، ئەویش بە سووڕگەیەکی: (٢٣،٥) پلە لار، کە ئەگەر ئەو لارییەی نەبووایە، چوار کەشەکانی ساڵ دروست نە دەبوون، بەڵکو ئەو کاتە ئێمە دوو وەرزی ساڵمان دەبوون، زستان و هاوین و، بەهارو پایز نەدەبوون.

٣- سووڕانەوەی زەوی بە دەوری داڵی وەستاو (**الكَوْكَبُ جَاثِي**)دا، یان داڵی هەڵنیشتوو، کە بە خێرایی (٢٠کم/ چرکەیەك) دایە.

٤- سووڕانەوەی زەوی بە دەوری چەقی کاکێشاندا، زەوی لەگەڵ کۆمەڵەی خۆردا، واتە: خۆرو هەر نۆ (٩) خڕۆکەکەی کە بریتین لە: مەرریخ و زوحەل و عە**طارد**و زوهرەو موشتەریی و ئۆڕانۆس و نیپتۆن و پلۆتۆ، وێڕای زەوی، بە خێرایی (٢٠٦ کم/ لە چرکەیەك دا).

٥- سووڕانەوەی زەوی لەگەڵ کاکێشاندا ئەویش بە خێرایی (٩٨٠کم/ لە چرکەیەکدا) جارێکی دیکە زەوی ئەو جووڵەیەشی هەیە.

کەواتە: بە لای کەمەوە زەوی ئەو پێنج سووڕانەوەیەی هەن، کەچی ئێمە ئەو زەوییە نابینین بەرمان بداتەوە، بۆیە خوا ﷻ تەشبیهی کردوە بە لانکەو بێشکەوە، لانکەو بێشکەو جۆلانەش منداڵ ڕادەژینێ و دەیجووڵێنێ، بەڵام منداڵەکە ناخاتە خوار.

٢)- ﴿وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا﴾، ئایا چیایەکانیشمان نەکردوون بە گوڵمیخ؟ یاخود: چیایەکانیشمان کردوونە گوڵمیخ، دەگونجێ ئەم ڕستەیەو ئەوانی دیکەش بۆ پرسیارکردنەکە نەگەڕێنەوە، بۆچی خوا ﷻ چیایەکان دەچوێنێ بە گوڵمیخەوە، بە سینگەوە؟

زانایانی زەویناسیی (جیولۆجیی) دەڵێن: هەر بەرزاییەك لەسەر زەوی، بنك و ڕەگ و ڕیشەیەکی هەیە بە ناخی زەویدا چۆتە خوارێ، (١٠ - ١٥) هێندەی خۆی بە زەویدا چۆتە خوار، واتە: چەندەی بە دەرەوەیە (١٠ - ١٥) هێندەی بە زەویدا چۆتە خوار، لە تەفسیری نابلوسیی دا دەڵێ: (چەندەی بە دەرەوەیە، دوو سێ هێندەی بە ناخی زەویدا چۆتە خوار)، بەڵام زەغلوول نەججار کە لەو بوارەدا لە (دکتور محمد نابلسی) شارەزاترە دەڵێ: هەر چیایەك کە دەیبینی چەندەی بە دەرەوەیە، (١٠ - ١٥) هێندەی بە ناخی زەویدا چۆتە خوار، بۆ وێنە: بەرزترین لووتکەی چیا، لووتکەی (ئیڤریست)ە، لە چیای هیمالایاو (٨٨٦٤) م، واتە: نزیکەی (٩ کم) لە ئاستی دەریاوە بەرزە، بەڵام زانایانی زەویناسیی بۆیان دەرکەوتووە کە (١٣٠ کم) بە ناخی زەویدا چۆتە خوارێ، واتە: (١٠ - ١٥) هێندەی بە ناخی زەویدا چۆتە خوارێ، (١٣٠،٠٠٠م)، کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: چیایەکانمان گرتوون بە گوڵمیخ، ئەمە وێکچوواندنێکی پڕ بە پێستی چیایەکانە، هەڵبەتە خواش کە خۆی چیایەکانی خوڵقاندوون، دەزانێ چەندەش دایاندەبەزێنێ و، دەیانباتە خوارو، کاتێك وەسفی چیایەکان دەکات، بەو شێوەیە وەسفیان دەکات کە لە واقیع دا هەن.

بۆیە زانایان دەڵێن: زانست لە کوێ بوەستێ، وەحیی لەوێوە دەست پێدەکات و، کۆتایی زانست سەرەتای وەحییە.

٣)- ﴿وَخَلَقْنَٰكُمْ أَزْوَٰجًا﴾، ئێوەشمان بە جووت دروست کردوە، دیاردەی جووتێتیی (**ظاهرة الزّوجیة**)، نەك هەر لە دنیای مرۆڤدا، بەڵکو لە هەموو دروستکراوەکاندا، بنچینەی گشتیی خوایە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَمِن كُلِّ شَىْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٤٩﴾﴾ الذاریات، لە هەموو شتێکدا جووتمان دروست کردوە، بەڵکو بیرتان بێتەوە {کەسێك ئەو هەموو جووتانەی دروست کردوون، خۆی تەنیایەو تاکە}.

ئێستا زانایان بۆیان دەرکەتوە کە نەك هەر مرۆڤ و، ژیانداران نێرو مێیان هەیە، بەڵکو ڕووەکیش، ئنجا ڕووەکیش هەیە نێرەکەی جیایەو مێیەکەی جیایە،

وەك دارخورما تـۆوی نێرەکـەی بـۆ مێیەکـەی دەبـەن، بـەڵام زۆربـەی ڕووەك و شـینا وردەکان، مێیەکەیـان لـە نێـو خۆیاندایـە، بەڵکـو ئێسـتا زانایـان بۆیـان دەرکەوتـوە کـە لـە نێـو گەردیلەشـدا، کـە خشـتی یەکەمـی دروسـت بوونـی ماددەیـە، دیسـان هـەردووك بارگـەی سـالیب و موجیـب هـەن، گەردیلـە لـە سـێ پێکهاتـەی سـەرەکیی پێـك دێ: ئەلیکـترۆن، پرۆتـۆن، نیۆتـرۆن، پرۆتـۆن و نیوتـرۆن ناوکەکـە پێکدێنـن و، پرۆتـۆن بارگەیەکـی موجیـب و گەرمـی هەیـە، نیۆتـرۆن بـێ بارگەیـەو ئەلیکترۆنیـش بارگەیەکـی سـاردو سـالیبی هەیـە.

٤)- ﴿وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا﴾، خەوی ئێوەشمان گێڕاوە بە مایەی ئیسڕاحەت و پشوودان، یەکێك لە زانایان[1] باسی خەو دەکات کە لە کاتی خەودا چی ڕوودەدات:

١- زانایانی توێکاریی کە لە جەستەی مرۆڤ دەکۆڵنەوە، دەڵێن: لە کاتی خەوتندا مێشك هۆڕمۆنی (سیرۆتۆنین) دەردەدا، کە خەوێنەرە، یانی: کاتێك دەتەوێ بخەوی، مێشك هۆڕمۆنی سیرۆتۆنین دەردەکات، کە خەوێنەرە، ئنجا خەوت لێ دەکەوێ.

٢- لە کاتی خەوتندا هۆڕمۆنی گەشە کردن هانی خانەکان دەدات، خۆیان تازە بکەنەوە.

٣- لە کاتی خەوتندا بەکارهێنانی پرۆتینەکان لە مێشك و چاوەکان دا زیاد دەکەن و زیاتر بەرهەم دەهێنرێن.

٤- خەوتن دەبێتە هۆی تازە کردنەوەی خانەکانی جەستە، بە تایبەت خانەکانی مێشك.

٥- خەوتن دەبێتە هۆی ئەوەی ئینسان دوای خەو، باشتر شتی بێتەوە بیر، کاتێك مرۆڤ مێشکی کول و ماندوو دەبێ، کە دەخەوێ و ئیسڕاحەت دەکات و پشوودەدا، باشتر شتی دێتەوە یاد.

---

(١) (د. زغلـول النجّـار) لـە کتێبـی (الإنسـان مـن الميـلاد إلى البعـث)دا، لاپـەڕە (٤٤٥ – ٤٤٧)، هەروەهـا کتێبـی (الموسـوعة الذهبيـة في إعجـاز القـرآن و السـنة النبويـة)، (د. أحمـد مصطفـى متـولي)، لاپـەڕە: (٣٠٤ – ٣٠٧).

٦- لە کاتی خەوتندا ئینسان لەو ژەهرانەی کە بریتین لە دەردراوو پاشەڕۆکی خانەکان، دەربازی دەبێ و دێنەوە نێو خوێن، دوایی لە جەستە دەردەکرێن، کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا ﴾، خەوتنمان گێڕاوە بە مایەی پشوودانتان، زۆر تەواو و لە جێی خۆیەتی و، پڕ بە پێستی واقیعە بێ کەم و زیاد.

٥)- ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا ﴾، شەوگاریشمان گێڕاوە بە پۆشاك، یاخود: ئایا شەوگاریشمان نەکردوە بە پۆشاك؟ ئەگەر بگێڕرێتەوەو با بدرێتەوە بۆ سەر: ﴿ أَلَمْ نَجْعَلِ ٱلْأَرْضَ مِهَٰدًا ﴾، بۆ پرسیار کردنەکە، مرۆڤ وەک چۆن پۆشاك لەبەر دەکات و، عەورەتی دادەپۆشێ، بە هەمان شێوە شەوگاریش مرۆڤ دادەپۆشێ، هەم ئیسراحەتی تێدا دەکات، هەم خۆشی لە هەندێ لە جل و بەرگەکانی خۆی سووك دەکات، بگرە جل و بەرگی هەر لەبەریش دانەبێ، شەوگار بۆی دەبێتە پۆشاك و دایدەپۆشێ، بە دڵنیایی مرۆڤ کاتێ ئیشێك کاسبییەك دەکات، پێویستیی بە جۆرە جل و بەرگێك هەیەو، کە جەنگ دەکات پێویستیی بە جۆرە جل و بەرگێك هەیەو....هتد، بەڵام کە دەخەوێ و ئیسراحەت دەکات، پێویستە ئەو بەرگ و پۆشاکانە دابنێ، ئنجا شەوگار بە هۆی تاریکییەکەیەوە، قەرەبووی ئەو پۆشاکەی بۆ دەکاتەوە، خوا شەوگاری کردووین بە پۆشاك.

٦)- ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا ﴾، ڕۆژگاریشمان بۆ گێڕاون بە مایەی ژیان و گوزەران، یان: ئایا ڕۆژگاریشمان بۆ نەکردوون بە مایەی ژیان و گوزەران؟ **(مَعَاش)** هەم بەو بژێوە دەگوترێ کە بە ڕۆژ پەیدا دەکرێ، هەم بە کاتی پەیدا کردنی بژێوو، هەم بە شوێنی پەیداکردنی بژیویش دەگوترێ، ئنجا ئەگەر دنیا ڕووناك نەبووایە بەهۆی ڕۆژگارەوەو، زەوی بە دەوری خۆیدا نەخوولابایەوە لە بەرامبەر خۆرداو، نیوەی نەبووبایە بە ڕۆژو نیوەی نەبووبایە بە شەو، ئەو کاتە نە بە ڕۆژ کەسابەتمان بۆ دەکرا، نە بە شەویش ئیسراحەتمان بۆ دەکرا.

٧)- ﴿ وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ﴾، لەسەرووشتانەوە حەوت ئاسمانی مەحکەممان خوڵقاندوون، یان: ئایا حەوت ئاسمانی مەحکەممان لەسەرووتانەوە نەخوڵقاندوون؟

هەڵبەتە ئێمە نازانین سنووری ئەو حەوت ئاسمانانە کوێیەو چۆنە؟ بۆیە ئەوانەی لەو بارەوە هەندێك قسەی دیکەیان کردووە، نەیانپێکاوە، بۆ وێنە: هەر کام لە: (**إبن عاشور**) و، (**محمد راتب النابلسي**) و (**محمد عفيف طبارة**) و (**محمد عبده**) لە تەفسیری بەش (**جزء**) ی (**عمّ**)داو، زۆری دیکەش دەڵێن: مەبەست لە حەوت ئاسمانەکان، ژمارەی حەوت بۆ زۆرییە، یان دەڵێن: مەبەست حەوت خرۆکەن، بەڵام ئەو قسانە ڕاست نین، چونکە لە چەندان ئایەت دا خوا دەفەرموێ: (حەوت ئاسمانمان خوڵقاندوون)، کە زانست تاکو ئێستا نەگەیشتوە بەوەی بزانێ سنووری ئاسمانی یەکەمیش تاکو کوێیە، چ جای شەشەکەی دیکە بزانێ، بەڵام ئایا بۆچی خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَوْا۟ كَيْفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ طِبَاقًا ﴿١٥﴾ ﴾نوح، ئایا نەتاندیوە، ئایا سەرنجتان نەداوە؟ کاتی خۆی لە تەفسیری (سوورەتی نووح)دا لەو بارەوە باسمان کرد، کە کەسێك خوا بەو شێوەیە دەیدوێنێ، لە دوو حاڵ بەدەر نیە: یان بڕوای بە خوا هەیە، یان بڕوای بە خوا نیە، ئەگەر بڕوای بە خوا نەبێ، دەبێ بەر لەوەی لە حەوت ئاسمانەکان بکۆڵێتەوە، لە شتی دیکە بکۆڵێتەوە، چونکە بەر لەوەی بڕوای بەوە نەبێ، کە خوا ئەو هەواڵەی پێدەدا، هەر لە بنەڕەت دا بڕوای پێی نیە، کەسێکیش کە بڕوای بە خوا هەیە: خوا بۆ خۆی خاوەنی گەردوونەو دەفەرموێ: حەوت ئاسمانمان خوڵقاندوون، عەرشم خوڵقاندوە، درەختی کۆتایی (**سدرة المنتهى**)م خوڵقاندوە، ئنجا ئایا لە کوێن و سنووریان کوێیە؟ خوای بەدیهێنەریان دەیزانێ، تۆی بڕواداریش باوەڕو متمانەت بە خوای پەروەردگار هەیەو، خواش هەواڵ دەدا، بۆیەش خوا وەك شتێکی بەڵگە نەویست و ئاشکرا هەواڵت پێدەدا، چونکە بەس خۆی دەزانێ چی خوڵقاندوە، ئێمەو مانانێکیش کە بڕوادارین، باوەڕی سەدا سەدمان بە خوای پەروەردگار هەیە، بەڵکو ئەگەر شتێك بە چاوی خۆمان ببینین بە ئەندازەی ئەوەی خوا هەواڵمان پێدەدا، متمانەمان پێی نیە، چونکە چاومان بە هەڵە دادەچێ و، گوێمان بە هەڵەدا دەچێ و، عەقڵمان بە هەڵە دادەچێ، بەڵام ئەوەی خوا بیفەرموێ، سەدا سەد وایە.

٨)- ﴿ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴾، ئەگەر بچێتەوە بۆ پرسیار کردنەکە: ئایا چرایەکی تیشکدەرو زۆر پڕشنگدارمان بۆ نەهێناونە دی؟ ئەگەر هەر وەك هەواڵدانێك بێ: چرایەکی

تیشکدەرو پڕشنگدارمان بۆ هێناونە دی، مەبەست پێی خۆرە، کە لە هەر چرکەیەکدا (٦٥٥) ملیۆن تەن، نایترۆجین دەگۆڕێ بۆ (٦٥٠) ملیۆن تەن هێلیۆم، واتە: پێنج ملیۆن تەن لە هەر چرکەیەکدا لە خۆر دەبێتە وزە، ئنجا ئەگەر بتەوێ بزانی لە ساڵێکدا چەندە؟، دەبێ: بڵێین: (٥,٠٠٠,٠٠٠) تەن × ٦٠ × ٦٠ × ٢٤ × ٣٦٥ = ٢,٦٢٨,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠.

واتە: (٥) ملیۆن تەن × (٦٠) چرکە = ٣٠ ملیۆن تەن، لە خولەکێك دا، ئنجا ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ تەن × (٦٠) خولەك × (٢٤) سەعات × (٣٦٥) ڕۆژ = دوو تریلیۆن و ٦٢٨ ملیار تەن وزە لە ساڵێکدا، بەڵام یەکێك بۆی هەیە بڵێ: چۆن خۆر مادام لە ساڵێك دا دوو تریلیۆن و ٦٢٨ ملیار تەن وزە لە ساڵێکدا سەرف دەکات و لێی دەچێتە دەر، بۆچی هەر تەواو نابێ؟!

زانایان دەڵێن: بە مەزەندە خۆر تاکو ئێستا (٥ ملیار) ساڵ تەمەنی بەڕێ کردووە، بایی (٥) ملیار ساڵی دیکەش نایترۆجینی پێماوە بیگۆڕێ بۆ هێلیۆم، ئەوەش لە حاڵێکدا خۆر تەمەنەکەی بەردەوام بێ، کەواتە: خۆر زۆر زۆر گەورەیەو، بە مەزەندە دوو هەزار تریلیۆن تریلیۆن (٢,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠ ٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) (٢[٢٧]) تەن قورسەو، بارستایی (**كتلة**)ەکەی (٣٣٣,٠٠٠) هێندەی هی زەوییە[١].

٩)- ﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا ﴾، لە هەورە گوشراوەکانیش ئاوێکی بە خورزەممان دابەزاندوە، یان: ئایا لە هەورە گوشراوەکانیش ئاوێکی بە خوڕمان دانەبەزاندوە؟، هەورە گوشراوەکانیش بەم جۆرە دێنە دی: تیشکی خۆر لە ئاوی دەریایەکان دەداو هەڵم پەیدا دەکات، هەڵمەکە دێ بۆ ناوچە ساردەکان، با دەیهێنێ، ئنجا کە دێ بۆ ناوچە ساردەکان، بارگەی ساردو بارگەی گەرم پەیدا دەبێ لە هەورەکاندا، ئنجا ئەو بارگە ساردە بۆ ئەوەی خۆی دەرباز بکات، بەرەو زەوی دێ لە کاتێکی دیارییکراودا، کە دەبێتە هەورە تریشقەو، جارێ واش هەیە بەرەو سەرێ دەچێ، دیسان دەبێتە هەورە

---

(١) السماء في القرآن الكريم، د. زغلول النجارة ٤٤١-٤٤٢ص.

تریشقەو، سەرەنجام هەورەکان بەهۆی گوشاری هەواوە متوربە دەبن و، نیشانەی متوربەبوونەکەیان ئەو هەورە تریشقانەن، ئنجا کە گوشران و متوربە بوون، ئاویان لێ دێتە خوار، بە شێوەی باران و بەفر و تەزرە، هەر بۆیەش جاری وایە هەوران دەبینین، بەڵام باران و بەفر و تەزرە نیە، بۆچی؟ چونکە هەورەکان متوربە نەبوون.

١٠)- ﴿لِّنُخۡرِجَ بِهِۦ حَبّٗا وَنَبَاتٗا﴾، بۆ ئەوەی بەو ئاوەی بە خورزەمان دابەزاندوە، دانەوێڵەو ڕووەکی جۆراوجۆر دەربێنین.

دانەوێڵەش ئێمە زیاتر ئاشنای: گەنم و جۆو برنج و نیسك و نۆك و ماشی سپیی و ماشی ڕەش و هەرزن و زوڕات و ئەوانەین، بەڵام گومانی تێدانیە جگە لەوانەش دانەوێڵەی دیکە لە وڵاتانی دیکەدا هەن، شایانی باسیشە: لە جۆرەکانی گەنم و جۆرەکانی جۆو جۆرەکانی برنج و نیسك و نۆك و ماش زوڕات، لە هەر کام لەوانە دەیان و سەدانیش هەن،

بەڵام خوا دابەشی کردوون بەسەر زەویدا، بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافیی پارچەکانی زەوی، هەروەها ڕووەکەکانیش دیسان زۆرو جۆراو جۆرن.

١١)- ﴿وَجَنَّٰتٍ أَلۡفَافًا﴾، هەروەها بەهۆی ئەو ئاوە بە خورزەم دابەزێنراوەوەی لە هەورە گوشراوەکان دێتە خوارێ، باخە چڕ و پڕەکانیش دەڕوێنین، (**أَلْفَاف**) واتە: لێك ئاڵاو و پێکداچوو، لە (لَفّ)وە هاتوە، واتە: پێچای، ئاڵاندیی، لوولی کرد.

١٢)- ﴿إِنَّ يَوۡمَ ٱلۡفَصۡلِ كَانَ مِيقَٰتٗا﴾، بە دڵنیایی ڕۆژی لێك هەڵاواردن دیارییکراوە، ژوانگەی بۆ دانراوەو پاش و پێش ناکات.

کەواتە: خوا ﷻ ئەو یازدە نیعمەتە، ئەو یازدە نیشانەیە دەکاتە بەڵگە لەسەر ئەوەی ڕۆژی دوایی دەبێ بێ، ئنجا ئەوانە هاوکات لەگەڵ ئەوەی یازدە چاکەو نیعمەتی خوان، یازدە بەڵگەشن لەسەر زانایی و کارزانیی و میهرەبانیی و دەسەڵاتی بێ سنووری خوا ﷻ.

مەسەلەی سێیەم:

باسی فوو پێدا کردنی کەرەناو، کۆمەڵ کۆمەڵ هاتنە گۆڕەپانی مرۆڤەکان و، کرانەوەی ئاسمان و گۆڕانی بۆ چەندان دەروازەو، داڵان داڵان بوونی و، ڕۆیشتنی چیایەکان و هەڵکەنرانیان لە شوێنی خۆیان و، دوایی وردو خاش بوونیان، وەك تۆزو گەردێکی تراویلکە ئاسا:

خوا دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا ﴿١٨﴾ وَفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ أَبْوَابًا ﴿١٩﴾ وَسُيِّرَتِ الْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا ﴿٢٠﴾﴾.

شیکرنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ﴾، ئەو ڕۆژەی فوو بە سووردا دەکرێ، زۆر باسی سوور کراوە لە قورئاندا، زۆربەی زانایان وشەی (صور)یان بە (بوق) داناوە، واتە: کەرەنا، کە شتێکە فووی پێدا دەکرێ و دەنگێکی بێرەزای لێ دێ، بۆ کۆکردنەوەی خەڵك، زانایان گوتوویانە: (صور) لەسەر شێوەی قۆچ (قَرْن)ە، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە[1]، (قَرْن)یش بە مانای قۆچ، شاخ دێ، لەبەر ئەوەی لەسەر شێوەی شاخ و قۆچی ئاژەڵە، هەندێکیش گوتوویانە: (صور) شتێکی ماددیی نیە، مەخلووقێك بێ و لە لایەن فریشتەیەکەوە فووی پێدا بکرێ، بەڵکو ئەوە تەعبیرێکی ڕەمزییە، وەك چۆن ئەگەر بویسترێ خەڵکێك بانگ بکرێ و کۆبکرێتەوە یان بڵاو بکرێ، ئێمەی بەشەر عادەتمان وایە بۆ وێنە: فەرماندەی سوپایەك بیەوێ سوپایەکەی کۆ بکاتەوە، جارچیی جار دەداو، بە بووقێك بانگ دەکرێن، خوای پەروەردگاریش ویستوویەتی ئێمە حاڵیی بکات کە لە ڕۆژی دواییدا، وەك چۆن ئێوە ئەگەر بتانەوێ خەڵکێك کۆبکەنەوە، بانگیان دەکەن، ئێمەش ئاوا کۆیان دەکەینەوە.

---

(١) (كيف أنعم وصاحب القرن قد التقم القرن.....) رواه الترمذي: ٢٤٣٩، وصحّحه الألباني..

بەڵام پێم وایە ئەو ڕایە ڕاستترە کە دروستکراوێك هەیە بە ناوی صوور، کە لەسەر شێوەی قۆچە، یان پێغەمبەر ﷺ وای ناو ناوە، چونکە لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺدا هاتووەو سەنەدەکەشی ڕاستە، لە لای زانای فەرمووودە ناسی هاوچەرخمان شێخ ئەلبانیی خوا لێی خۆشبێ، وەك دوایی باسی دەکەین، گرنگ ئەوەیە خوا دەفەرموێ: ﴿يَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ﴾، لە قورئاندا بە زۆریی فوو بە کەڕەنادا کردن بە شێوەی بکەر نادیار (مَجْهُول الفاعل) هاتوە، دەفەرموێ: ﴿نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ ...﴿١٠١﴾﴾ المؤمنون، یان دەفەرموێ: ﴿يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ﴾، وشەی: ﴿يَوۡمَ﴾، لێرەدا پاڵدراوە بۆ لای ڕستەی: ﴿يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ﴾، ﴿يَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ﴾، ﴿يَوۡمَ﴾، دەبێتە پاڵدراو (مضاف)و ﴿يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ﴾، دەبێتە پاڵوەلادراو (مضاف إليه): ﴿يَوۡمَ﴾، (مَبْنِيٌّ)یە لەسەر (فتح)، چونکە (ظَرْف)ەو، ﴿يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ﴾، لە شوێنی (مَجْرُوْر)ەو دەبێتە پاڵوەلادراو (مُضَاف إلَيْهِ)، یانی: ئەو ڕۆژەی فوو بە کەڕەنادا دەکرێ.

٢)- ﴿فَتَأۡتُونَ أَفۡوَاجٗا﴾، {(ف) بۆ بەدواداهاتن (فاء التعقيب)ە}، یەکسەر کە فوو بە کەڕانادا دەکرێ، کۆمەڵ کۆمەڵ دێن، ﴿أَفۡوَاجٗا﴾، کۆی (فَوْج)ە، (الفَوْجُ: الجَماعَةُ المُتَصاحِبَةُ مِن أُناسٍ مُقَسَّمِينَ بِاخْتِلافِ الأغْراضِ)، یەکێك لە زانایان وای لێك داوەتەوە، دەڵێ: (فَوْج) کۆمەڵە خەڵکێکن پێکەوەن، لە کەسانێکی دابەش بوو بە پێی جیاوازیی مەبەست و ئامانجەکانیان، واتە: مەرج نیە هەموویان یەك شێوە بن، بەڵام هەموویان پێکەوە کۆکراوەن، کە دەفەرموێ: ﴿فَتَأۡتُونَ أَفۡوَاجٗا﴾، ئەمە ڕستەیەکی (حالية)یە، واتە: لە حاڵێکدا کە ئێوە کۆمەڵ کۆمەڵ دێن، یاخود: ئەوەی لە شوێنی حاڵە ڕستەی دواییە کە دەفەرموێ:

٣)- ﴿وَفُتِحَتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتۡ أَبۡوَٰبٗا﴾، {لە حاڵێکدا فوو بە کەڕەنادا دەکرێ، ئێوە پۆل پۆل دێن}، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئاسمان کراوەتەوەو، بۆتە چەند دەرگایەك، چەند دەروازەیەك.

وشـەی ﴿ وَفُتِحَتِ ﴾، خوێندراویشـەتەوە: (فُتِّحَـت)، یانـی: زۆر کراوەتـەوە، کەواتـە: مانایەکـەی ئـاوای لـێ دێ: ئـەو ڕۆژەی فـوو بـە کەڕەنـادا دەکـرێ، یەکسـەر ئێـوە کۆمـەڵ کۆمـەڵ دێـن، لـە حاڵێکـدا ئاسـمان کراوەتـەوەو بۆتـە چەنـد دەرگاو دەروازەیـەك یـان چەنـد دالانێـك، ئەمـەش لێـرەدا وێچواندنێکـی مانـا گەیەنـەر (تَشْبِيه بَلِيْغ)ەو لـە بنەڕەتـدا ئاوایـە: (فَكَانَت كَالأَبْـوَاب)، ئاسـمان وەك دەرگاو دەروازە کراوەکانـی لێهـات، دالان دالان بـوو.

٤)- ﴿ وَسُيِّرَتِ ٱلْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا ﴾، چیایەکانیش ڕۆێنران، ئنجا بوونە تراویلکە، (سَارَ) یانی: (مَشَى) ڕۆیی، ﴿ وَسُيِّرَتِ ﴾، یانی: ڕۆێنران، هەڵکەندران و وەجووڵە خران، ﴿ فَكَانَتْ سَرَابًا ﴾، دوای ئەوەی بە جووڵە دەخرێن، پێکدادەڕێن، وردو خاش دەبن، سەرەنجامەکەی بوونە تراویلکە، ڕستەی: ﴿ فَكَانَتْ سَرَابًا ﴾یش، دیسان وێچواندنی ئەوپەڕ (تشبيه بليغ)ە، یانی: چیایەکان ئەوەندە وردو خاش بوون، بوونە تۆزو گەردێك کە ئەگەر لە دوورەوە تەماشات کردبایە، وەك تراویلکە دەهاتە بەرچاو، (**التَّسْيِيرُ: جَعْلُ الشَّيْءِ سَائِرًا، أَيْ مَاشِيًا، وَأُطْلِقَ هُنَا عَلَى النَّقْلِ مِنَ الْمَكَانِ**)، (**تَسْيِير**): بریتیە لەوەی شتێك وا لێ بکەی بڕوات، بەڵام لێرە بەکارهێنراوە بۆ گواستنەوە لە شوێنی خۆ، یانی: هەڵکەندران.

(**المعجـم الوسـيط**)[1] ئـاوا پێناسـەی (**سَرَاب**) دەکات، (**مَـا يُـرَى فِي نِصْـف النَّهَـارِ مِـن اشْـتِدَاد الحَـرِّ كَالمَـاءِ فِي المَفَـاوز يَلْصَـقُ بِـالْأَرْضِ**)، (**سَرَاب**): کـە بـە کوردیـی تراویلکـەی پـێ دەڵێـن، ئەوەیـە کـە لـە نێوەڕاسـتی ڕۆژێ دا، {لای نیـوەڕۆ، پێـش نیـوەڕۆ، چرقـەی گەرمـای نیـوەڕۆ}، لـە کاتێکـدا گەرمـا تونـدو سـەخت دەبـێ، لـەو شـوێنانەی گەرمـە سێرن (لـە بیابانـدا) دەبینرێ لـە شـێوەی ئاودا لـە حاڵێکـدا کـە بەزەوییەوە نووسـاوە.

کاتێـك تەماشـای دەکـەی، شـەپۆلان دەدا، ئەوانەی سـەفەری بەغدادو شـوێنەکانی دیکـە دەکـەن لـە شـوێنی بیابانیـی، کاتێـك تەماشـا دەکـەن، هـەوا وەك شـەپۆلی ئـاو دێتـە بەرچاویـان، ئـەوە تراویلکـە (**سَّرَابُ**)ی پـی دەڵێـن.

---

(١) ص: ٨٢٥.

یەکێکی دیکە لە زانایان ئاوا پێناسەی دەکات: (**وَالسَّرَابُ: مَا يَلُوحُ فِي الصَّحَارِي مِمَّا يُشْبِهُ المَاءَ وَلَيْسَ بِمَاءٍ، وَلَكِنَّهُ حَالَةٌ فِي الجَوِّ القَرِيبِ، تَنْشَأُ مِنْ تَرَاكُمِ أَبْخِرَةٍ عَلَى سَطْحِ الأَرْضِ**)، واتە: سەراب ئەوەیە کە لە بیابانان دێتە بەرچاوو شێوەی ئاو دەکات و ئاویش نیە، بەڵکو حاڵەتێکی هەوایی نیزیکە، لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی هەڵمەکانی کە لە ڕووی زەوی هەڵساون، دروست دەبێ.

لە بارەی {فوو کردنەوە بە کەڕەنادا}، جارانی دیکەش باسمان کردوە، کە هەرچەندە دەگونجێ (فووکردن بە کەڕەنادا) تەعبیرێکی ڕەمزیی بێ چونکە لە قورئاندا خوا ﷻ هەندێك جاران هەندێك تەعبیری ڕەمزیی بەکاردێنێ بۆ حاڵیکردنی ئێمە، بۆ وێنە: لە بارەی بەری درەختی زەققوومەوە دەفەرموێ: ﴿ طَلْعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٦٥﴾ ﴾الصافات، بەرەکەی میوەکەی وەك سەری شەیتانان وایە، بێگومان هیچ کەس سەری شەیتانانی نەبینیوە، بەڵام لە خەیاڵ و ئەندێشەی هەموو کەسدا، شەیتان شتێکی قێزەون و دزێوو ناشیرینەو، دەبێ سەریشی دزێوو قێزەون و ناشیرین بێ، لێرەدا خوای کاربەجێ خەیاڵی ئێمە دەدوێنێ، کەواتە: ئەوە لە ڕووی زمانەوانیی و ڕێزمانییەوە بواری تێدا هەیە، بەڵام مادام فەرمایشتی پێغەمبەرمان ﷺ هەیە لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە: لەو هەموو ئایەتە موبارەکانەدا، فوو بە کەڕەنا (صور)دا باسکراوەو، هیچ ڕێگرێکیش نیە، ئامێرێك هەبێ و فریشتەیەك تەرخان کرابێ بۆ فوو پێدا کردنی، جارێك فووی پێدا دەکات، ئاخیر زەمان دەقەومێ و گەردوون دەپێچرێتەوەو، جاری دووەم فووی پێدا دەکات، قیامەت دەقەومێ و، ئەوانەی لەسەر زەوی بوون بە جند و بە مرۆڤەوە، هەموویان زیندوو دەکرێنەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {**كَيْفَ أَنْعَمُ وَصَاحِبُ الْقَرْنِ قَدْ الْتَقَمَ الْقَرْنَ وَحَنَى جَبْهَتَهُ يَسْمَعُ مَتَى يُؤْمَرُ فَيَنْفُخُ، فَقَالَ أَصْحَابُ رَسُوْلِ اللهِ ﷺ: كَيْفَ نَقُولُ؟ قَالَ قُولُوا: حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا**}، (**رواه الترمذي: ٢٤٣٩، عن أبي سعيد الخدري، وصحّحه الألباني في سنن الترمذي**)، واتە: چۆن خۆشیی وەربگرم (دڵ بە دنیا خۆش بکەم

و ڕابوێـرم لـە دنیـادا) لـە حاڵێکـدا خاوەنـی قـۆچ (قـرن)، کەڕەنایەکـەی بـە دەمـەوە گرتـووە و نێـو چەوانیشـی نوشـتاندۆتەوەو خـوار کردۆتـەوەو گوێـی هەڵخسـتوە، کـەی فەرمانـی پـێ دەکـرێ، فـووی پێـدا بـکات، هاوەڵانـی پێغەمبـەر خـواش ﷺ گوتیـان: چـۆن بڵێیـن؟ فەرمـووی بڵێـن: {حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ عَلَى اللهِ تَوَكَّلْنَا}، خوامـان بەسـەو باشـترین کارپێسـپێردراوەو تەنیـا پشـتمان بـەوە بەسـتوە.

هەرچەنـدە هەندێـك لـە زانایانیـش مشـت و مڕیـان هەیـە لـە بـارەی سـەنەدی ئـەم دەقـەوە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە زۆربـەی زانایـان هێناویانـەو، تەنانـەت زانایـان باسـی ئـەو فریشتەیەشـیان کـردووە و ناویـان هێنـاوەو، لـە هەندێـك دەقانـدا هاتـوە کـە نـاوی (**ئیسـرافیل**)ە، ئـەو فریشـتەیەی دانـراوە، بـۆ فـوو کـردن بـە کەڕانـادا بە دوو جـارو دوو قۆنـاغ، جـاری یەکەمیـان کـە فـووی پێـدا دەکات، ئاخیـر زەمـان دەقەومـێ، جـاری دووەم کـە فـووی پێـدا دەکات، قیامـەت دێتـە پێـش، وەك دوایـی لە سـوورەتی (**النازعات**)یشـدا بـاس دەکەیـن و، کاتـی خـۆی لـە تەفسـیری سـوورەتی (**الزمر**)یشـدا، باسـمان کـرد، چونکـە لـەوێ خـوا ﷻ زۆر بـە ڕوون و ڕاشـکاویی باسـی هـەردوو فووەکانـی کـردووەو دەفەرمـوێ: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾الزمـر، واتـە: (جـاری یەکـەم) فـوو بـە کەڕەنـادا کـرا، ئنجـا هـەر کـەس لـە ئاسـمانەکان و زەویـدا هەبـوون، هەموویـان مـردن (یاخـود بـێ هـۆش کەوتـن) جگـە لـەوەی خـوا بیـەوێ، نەمـرێ (یـان بـێ هـۆش نەبـێ)، دوایـی جارێکـی دیکـە فـووی پێـدا کـرا، یەکسـەر هەموویـان هەڵسـانەوەو چـاوەڕێ بـوون، تەماشـایان دەکـرد، (تاکـو بزانـن خـوا فەرمانـی بـە چییـە!).

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە بیسـت (٢٠) ئایەتـی نیـوەی دووەمـی سـوورەتی (النبـأ) پێکهاتـوە، لـەو بیسـت (٢٠) ئایەتـەدا خـوا ﷻ لـە دە (١٠) ئایەتـی یەکەمـدا باسـی دۆزەخ و دۆزەخییـان و ئـەو سـزاو جەزرەبەیـەی دەیچێـژن لـە دۆزەخـدا، دەکات.

لـە دە (١٠) ئایەتـی دووەمیشـدا، وێـڕای بەهەشـت و بەهەشـتییەکان، باسـی هەندێـك لـە سیفەتەکانی خـوای بـەرزو بـێ وێنـە دەکات و، هەندێـك باسـی مەزنیـی ڕۆژی قیامەتیـش کـراوە.

هەروەهـا لـە کۆتاییـدا باسـی ئـەوەش کـراوە، هەموو کەسـێك لـەو ڕۆژەدا تەماشـا دەکات، بزانـێ چـی کـردوەو، هـەردوو دەسـتی چییـان پێشخسـتوە بـۆ ئـەو ڕۆژەو، بابـای بێبـڕواش خۆزگـە دەخـوازێ گڵ بووایـە.

﴿ إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا (٢١) لِّلطَّٰغِينَ مَـَٔابًا (٢٢) لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا (٢٣) لَّا يَذُوقُونَ
فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا (٢٤) إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا (٢٥) جَزَآءً وِفَاقًا (٢٦) إِنَّهُمْ كَانُوا۟ لَا يَرْجُونَ
حِسَابًا (٢٧) وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا كِذَّابًا (٢٨) وَكُلَّ شَىْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ كِتَٰبًا (٢٩) فَذُوقُوا۟ فَلَن
نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا (٣٠) إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا (٣١) حَدَآئِقَ وَأَعْنَٰبًا (٣٢) وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا (٣٣) وَكَأْسًا
دِهَاقًا (٣٤) لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّٰبًا (٣٥) جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً حِسَابًا (٣٦) رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلرَّحْمَٰنِ ۖ لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا (٣٧) يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا ۖ لَّا
يَتَكَلَّمُونَ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا (٣٨) ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ
رَبِّهِۦ مَـَٔابًا (٣٩) إِنَّآ أَنذَرْنَٰكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا يَوْمَ يَنظُرُ ٱلْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ
يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا (٤٠) ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە دڵنیایی دۆزەخ لە بۆسەدایە (٢١) بۆ یاخییان جێی بۆ لا گەڕانەوەیە (٢٢) ڕۆژگارانێك (ی بێ کۆتایی) تێیدا دەمێننەوە (٢٣) نەفێنکایەتیی تێدا دەچێژن نە خواردنەوە (٢٤) بێجگە لە ئاوی کوڵیوو زووخاو (٢٥) (ئەو سزایەش) سزایەکی تێرو تەواوو گونجاوە (٢٦) چونکە ئەو (بێبڕوا ملهوڕ)انە بە ئومێدی لێپرسینەوە نەبوون (٢٧) بەسەختییش ئایەتەکانمانیان بە درۆ دانان (٢٨) ئێمەش هەموو شتێکمان بە نووسین سەرژمێر کردوە (٢٩) دەجا بیچێژن (ئەی بێبڕواینە!) جگە لە ئازار بۆتان زێدە ناکەین (٣٠) بێگومان پارێزکاران بە مراد گەیشتنیان هەیە (٣١) باخ و بێستان و (ڕەزی) ترێیەکان (٣٢) هەروەها (ئافرەتە) تازە مەمك کردوە هاو تەمەنەکان (٣٣) هەروەها دەفری پڕ کراو ((لە خواردنەوەی جۆراو جۆر) (٣٤) قسەی پووچ و درۆی تێدا نابیستن (٣٥) (ئا ئەوە) پاداشتدانەوەیە لە پەروەردگارتەوە، بەخششێکی ژمێرراو (و ئەندازەگیریی کراو)ە (٣٦) پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە (خوای) بە بەزەیی (دروستکراوەکان) مافی دواندن (و داوا لێکردن)یان نیە (٣٧) ئەو ڕۆژە کە رووح (جیبریل) و فریشتەکان بە ڕیز دەوەستن، قسە ناکەن، جگە لەو کەسەی (خوای) بە بەزەیی مۆڵەتی بدات و (قسەی) ڕێك و ڕاستیش بڵێ (٣٨) ئەو ڕۆژەش چەسپاوە (و دێ)، ئنجا هەر کەس ویستی بەرەو لای پەروەردگاری گەڕایەوە (٣٩) بە دڵنیایی (خەڵکینە!) ئێمە لە سزاو ئازارێکی نیزیك ترساندوومانن و وریامان کردوونەوە، ڕۆژێك مرۆڤ تەماشا دەکات دوو دەستەکانی چییان پێشخستوەو (بابای) بێبڕواش دەڵێ: ئەی خۆزگە گڵ بوومایە (٤٠)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(مِرْصَادًا): (الرَّصَـدُ: الإِسْـتِعْدَاد للتَرَقُّـب، المَرْصَـدُ: مَوْضِـعُ الرَّصَـدِ وَالمِرصَـادُ نَحْـوَهُ، لَكِـن يُقَـالُ للمَـكَان الَّـذِي اخْتُـصَّ بِالتَرَصُّـد، وَالمِرْصَـاد: طَرِيْـقُ الرَّصْـدِ وَالمُرَاقَبَـةِ أو مَوْضِعِـهِ، وَهُـوَ لَـكَ بِالمِرْصَـاد، أي: يُرَاقِبُـكَ وَلَا تَفُوتـهُ)، وشـەی (رَصَـد): بـە مانـای خـۆ ئامادەکردنـە بـۆ چاودێریـی، (مَرْصَـد) شـوێنی چاودێریـی تێداکـردن و تێـدا چوونـە بۆسـەیە، (مِرصَـاد) یـش بـە هەمـان شـێوە، {شـوێنی تێـدا چوونـە بۆسـەو چاودێریـی تێـدا کردنـە}، بـەڵام (مِرصَـاد) تایبەتـە بـەو شـوێنەوەی چاودێریـی تێـدا دەکـرێ و بۆسـەی لـێ دادەنـرێ، (مِرصَـاد)، بـە ڕێـی چاودێریـی تێـدا کـردن، یاخـود بـە شوێنەکەشـی دەگوتـرێ، (هُـوَ لَـكَ بِالْمِرْصَـادِ)، واتـە: ئـەو چاودێرییـت دەکات و تـۆ لـە دەسـتی دەربـاز نابـی.

(لِّلطَّـٰغِينَ مَـَٔابًا): (طَاغِيْن) کـۆی (طَاغِي)یـە، کـە لـە (طَغَـى)وە هاتـوە، (طَغَـى يَطْغى طُغْيَانَـاً، والطُّغْيَـانَ تَجَـاوُزُ الحَـدِّ فِي العِصْيَـان)، (طُغْيَـان): بریتیـە لـە سـنوور بەزانـدن لەسـەر پێچییکردنـدا، واتـە: یاخیـی بـوون و لـە سـنوور دەرچـوون، ئنجـا (طَاغِـيْن) یانـی: یاخییـان و لـە سـنوور دەرچـووان، لەسـەر پێچییکردنـدا.

(مَـَٔابًا): (الأَوْبُ: ضَرْب مِـنَ الرُّجُـوعِ)، (مَئَـاب) شـوێنی بـۆلا گەڕانـەوە، لـە (آب)ەوە هاتـوە، (آبَ، يَئُـوُب، أوْبـاً)، (آبَ)، گەڕایـەوە، (يَئُـوُب) دەگەڕێتـەوە، (أَوْبَـاً)، گەڕانـەوە، بـەڵام (أَوْب) جۆرێکـی تایبەتـە لـە گەڕانـەوەو، بریتیـە لـە گەڕانـەوەی ئەوانـەی خاوەنی هەسـت و ویسـتن، ئەگەرنـا ناگوتـرێ: (آبَ الفَـرَسُ) یـان (آبَ الغَنَـم) ئەسـپەکە گەڕایەوە، مەڕەکـە گەڕایـەوە، ئـەوان وشـەی (عَـادَ) و (رَجَـع) یـان بـۆ بـەکاردێ، بـەڵام (آبَ) بـۆ خـاوەن ویسـت و هەسـتان بەکاردەهێـنرێ، بـۆ فریشـتان، بـۆ مرۆڤـان، بـۆ جنـدان.

(المَـآبُ: المَصْـدَر مِنْـهُ واسْـم الزَّمَـان وَالمَـكَان)، وشـەی (مَئَـآب): بـە مانـای چـاوگ دێ، واتـە: گەڕانـەوە، دەشـگونجێ نـاوی کات بـێ، واتـە: کاتـی گەڕانـەوە، هەروەهـا دەشـگونجێ شـوێن بـێ، شـوێنی بـۆ لا گەڕانـەوە.

(لَّٰبِثِينَ فِيهَآ): لەوێدا دەمێننەوە لەو دۆزەخەدا دەمێننەوە، دەگوترێ: (لَبِثَ فـي المَكَانِ: أَقَامَ بِهِ مُلَازِماً لَهُ)، واتە: لەو شوێنەدا مایەوە پێوە پەیوەست بوو.

(أَحۡقَابٗا): (قِيلَ جَمْعُ الحُقُبِ: وَهُوَ الدَّهْر)، (أحْقَاب) گوتراوە کۆی (حُقُب)ە، کە بە مانای ڕۆژگار دێ، (وَالحِقْبَةُ مُدَّة مِنَ الزَّمَان مُبْهَمَةٌ)، (حِقْبَة)، ماوەیەك لە کات کە نادیارە چەندە.

(حَمِيمٗا): (الحَمِيْم: المَاءُ الشَّدِيْدُ الحَرَارَة)، ئاوێکی زۆر گەرم، بە کوردیی دەڵێن: ئاوی داغ، ئاوی کوڵاو.

(وَغَسَّاقٗا): (الغَسَّاقُ: مَا يَقْطُرُ مِن جُلُودِ أَهْلِ النَّار)، ئەوەی لە پێستی دۆزەخییەکان دێتە خوار (لە کێم و زووخاو ئاوو زەڵزەڵە)، پێی دەگوترێ: (غَسَّاق).

(دِهَاقٗا): (دِهَاقاً: أي مُفْعَمَة)، واتە: پڕ، پڕکراو، (أَدْهَقَ و دَهَقَ الكَأس: أي: مَلَأهَا)، ئەگەر پەرداخێك یان دەفرێك پڕ بکرێ لە خواردنەوەیەك، دەگوترێ: (دَهَق، وأَدْهَق)، (وَكَأسٌ دِهَاقٌ أي: مُمْتَلِئَة)، دەفرێکی پڕ، (دِهَاق)، یانی: پڕکراو، لە شەراب یان لە هەر جۆرە خواردنەوەیەك.

(كِذَّابٗا) (أي: تكذيباً)، (كِذَّاب)، لێرەدا چاوگە بە مانای (تكذيب)، بە درۆ دانان.

(وِفَاقًا): (الوِفَاق: مَصْدَرٌ وَافَقَ وَهُوَ مُؤَوَّلٌ بِالْوَصْف أي: مُوَافِقاً للعَمَل الَّذِي جُوزُوا عَلَيْه، وَالوَفْقُ المُطَابَقَةُ بَيْنَ الشَّيْئَين، وَافَقْت فُلَاناً، وَوَافَقْت الأَمْرَ: صَادَفْتُه، وَالإِتِّفَاق مُطَابَقَة فِعل الإنسَان القَدَر، وَيُقَالُ ذَلِك فِي الخَير وَالشّر)، وشەی (وِفَاق)، چاوگە لە (وَافَق)ەوە هاتووە، ئنجا (وِفَاق) لێرەدا بە وەسف مانا کراوە، ﴿ جَزَآءٗ وِفَاقًا ﴾، یانی: (موَافِقاً)، گونجاو {(موَافِق) بە کوردیی دەڵێن: لەگەڵ گونجاو، پێکەڵپێك، پڕ بە پێست}، (مُوَافِقاً للعَمَل الَّذِي جُوْزُوا عَلَيْه)، واتە: پڕ بە پێست و پێکەڵپێك لەگەڵ ئەو کردەوەیەدا کە لەسەری سزا دراون.

(وفق)یش پێکەوە گونجان و پێکەوە بوونی دوو شتانە، دەگوترێ: (وَافَقْت

فُلَانَاً، وَوَافَقْتُ الأَمْرَ)، لەگەڵ فلانکەسدا پێکەڵپێك بووم، ئەو چی گوت منیش وام گوت، ئەو چی کرد، منیش وامکرد، (وَافَقْتُ الأَمْرَ)، واتە: کارەکەم وەك خۆی ئەنجامدا، (إتِّفَاق)یش یانی: ڕێککەوتن لەنێوان دوولایەن یان زیاتردا.

(مَفَازًا): (المَفَازَةُ: الفَلَاةُ القَلِيلُ المَاء، سُمِّيَ تَفَاؤلاً بِالْخَلَاصِ مِنْهَا)، (مَفَازَة): بە دەشتێك دەگوترێ ئاوی کەم بێ، {یاخود ئاوی هەر نەبێ}، بۆیەش (مَفَازة) بە مانای سەرفرازیی و بەمراد گەیشتن و دەرباز بوون دێ، وەك گەشبینییەك گوتراوە: (مَّفَازَةٌ)، واتە: شوێنێك کە خەڵك لێی دەرباز دەبێ، وەك گوتراوە: (تَّفَاءلُوا بِالْخَيْرِ تَجِدوهُ)، گەشبین بن و هەمیشەی چاوەڕوانیی چاکە بکەن، تووشی چاکە دەبن، کەواتە: لێرەدا (مَّفَازاً)، (أي فَوْزاً وَالفَوْز: الظَّفَرُ بِالخَيْر مَعَ حُصُولِ السَّلَامَة)، (رَاغِب الأصفهانِي) دەڵێ: (فَوز)، بریتیە لە وەدەستهێنانی خێرو خۆشیی لەگەڵ دەستەبەرکرانی سەلامەتیی دا.

کەواتە: (مَفَاز) بە مانای چاوگ دێ، {سەرکەوتن و بە مراد گەیشتن}، بە مانای شوێنی تێدا بە ئامانج گەیشتنیش دێ.

(حَدَآئِقَ): (جَمْعُ حَدِيقة: قِطْعَةٌ مِن الأَرْضِ ذَات مَاء سُمِّيت تَشْبِيهاً بِحَدَقَة العَيْنِ فِي الهَيْئَة وَحُصُول المَاء فِيْهَا، وَجَمْعُ حَدَقَةِ: حِدَاق، وأَحْدَاق)، (حَدَائِق)، کۆی (حَدِيقة) یە، (حَدِيقة) پارچە زەوییەکە، ئاوی تێدابێ، بۆیەش ئەو ناوەی لێنراوە، چوێنراوە بە چاوەوە، لە شێوەکەی دا کە چاویش ئاوی تێدایە، ئنجا کۆی (حَدَقَةَ) ی چاو، گلێنەی چاو، بریتیە لە (حِدَاق، وَأَحْدَاق)، هەردووکیان کۆی (حَدَقَة) ن، کۆی (حَدِيقة)ش (حَدَائِق)ە، بە کوردیی (حَدِيقة) دەبێتەوە باغ و بێستان، چونکە (حَدِيقة)، وەك دواییش باسی دەکەین، بریتیە لە باخ و دارستان و میوەو شیناوردێك دەوری تەنرابێ و پەرژین یان دیوار هەبێ.

(وَكَوَاعِبَ): (كَواعِب) کۆی (كَاعِب)، واتە: ئافرەتێك کە تازە مەمکی کردوون، ئافرەتی تازە پێگەیشتوو، ئەویش لە (كَعْبُ الرِّجْل)، لە گوێزینگی پێ، هاتوە،

هەر پێیەکی مرۆڤ دوو گوێزینگی هەن، لای دەرێی و لای ژوورێی، (**العَظْمُ الَّذِي عِنْدَهُ مُلْتَقَى القَدَم وَالسَّاق**)، (**كَعْبٌ**)، ئێسکێکە لەو شوێنەی پێ و لاق پێك دەگەن.

وشەی (**كَوَاعِب**)، کە کۆی (**كَاعِب**)ە، دەگوترێ: (**كَعَبَ الثَّيُ كَعْباً وَكَعَابة**)، واتە: مەمکی خڕ بوو، دەرکەوت، (**كاعب**) کچێکە مەمکی شۆڕ نەبووبنەوە، ئافرەت کە دەکەوێتە تەمەنەوە مەمکی شۆڕ دەبێتەوە، وشەی (**كَوَاعِب**)یش لەبەر ئەوەی تەنیا بە ئافرەت وا دەگوترێ، بۆیە پێویست ناکات (ة)ی مێینە بخرێتە سەر تاکەکەی و پێی بگوترێ: (**كَاعِبَة**)، هەروەك بە ئافرەتی حەیزدار دەگوترێ: (**حَائِض**)و ناگوترێ: (**حَائِضَة**)، چونکە پێویست ناکات بە تای مێینە (**تاء تأنيث**) جیای بکەیەوە، لەبەر ئەوەی کەوتنە بێ نوێژیی، تایبەتە بە ئافرەتانەوە، ئەو حاڵەتی سینگ و مەمك خڕبوونەش، هەر تایبەتە بە ئافرەتانەوە.

(أَتْرَابًا): (**أَتْرَاب**) کۆی (**تِرْب**)ە، یانی: (**الأَقْرَان فِي السِّنْ**)، ئەوانەی هاوتەمەنن، ئنجا پێکەوە هاوتەمەنن ئەو ئافرەتانە، یاخود لەگەڵ مێردەکانیاندا هاوتەمەنن، هەردوو واتایەکەی هەن، وشەی (أَتْرَابًا) کۆی (**تِرْب**)ە واتە: هاو تەمەن، بۆیە واگوتراوە:

أ- یان لەبەر ئەوەی پێکەوە پێ دەگەن و یەکسانن، وەك پەراسووەکان (**تَرَائِب**)، کە بە ئەو پەراسووانەی دەوری سینگ دەگوترێ، ئەوانیش تەمەنیان بە ئەندازەی یەکە.

ب- یان لەبەر ئەوەی ئافرەتانی دنیا کە پێکەوە لە دایك بووبن، پێکەوە کەوتوونە زەوی، ئەوانیش هەروان.

ج- یان لەبەر ئەوەی کاتی خۆی کە گچکە بوون، پێکەوە یارییان بە گڵ (تراب) کردوە.

(أَتْرَابًا)، ئەو ڕیشە زمانەوانییانەی هەرسێکیان هەن.

(وَكَأْسًا): (الـكَأْسُ: الإِنَـاءُ بِمَـا فِيْـهِ مِـنَ الـشَّرَاب، وَسُـمِّيَ كُلُّ وَاحِـدٍ منهـما بِانْفِـرَاده: كَأسًاً)، (كَأس)، دەفـر، بـەڵام بـە مەرجێـك شـەڕاب و مـەی تێدابـێ و، هـەر کام لـە دەفـر (کَأس)ەکـە، خـۆی بـە تەنیـاو، شـەڕابەکەش کـە لـە نێـوی دایـە، هەردووکیـان (کَأس)یـان پـێ دەگوتـرێ.

(دِهَاقًا): (دِهَاقًا: أي مفعمة)، پڕ کراو.

(خِطَابًا): (الخِطَاب: الكَلَام)، دواندن، قسە لەگەڵدا کردن.

(صَوَابًا): (الصَّـوَابُ: السَّـدَادُ وَالحَـقّ)، (صـواب) یـانی: قسـەی بـە جـێ و ڕێـك و ڕاسـت.

(الْمَرْءُ): زۆربـەی تەفسـیرەکان بـە (الرَّجُل)یـان لێکداوەتـەوە، بـەڵام بـۆ پیاو وشـەی (رَجـل) هەیـەو، وشـەی (المَـرْء)، بـۆ پیـاوو ئافـرەت بـەکاردێ و، ئەگـەر بویسـترێ تایبـەت بکـرێ بـە ئافرەتـەوە دەڵێـن: (إمْـرَأة)، (ة)ی مێینـەی دەخرێتـە سـەر، بـەڵام وشـەی (المَـرْء)، لـە ئەسـڵدا بـۆ پیـاوو ئافـرەت بـەکاردێ، تەنیـا کاتێـك ئافـرەت جیـا دەکرێتـەوە، دەگوتـرێ: (إمـرَأة)، ئەگەرنـا مـادام (ة)یەکـەی پێـوە نەبـێ، واتـە: مـرۆڤ، وەك وشـەی (إنسَـان)، بـۆ مـێ و بـۆ نێـر بـەکاردێ.

وشـەی (مُرُوءَة)یـش هـەر لـە (المَـرْء)ەوە هاتـوە، کـە ئـاوا پێناسـە کـراوە: (المُـرُوءَة: آدَابٌ نَفْسَـانِيَّة تَحْمِـل مُرَاعَاتُهـا الإِنْسَـان عَـلَى الوُقُـوفِ عِنْـدَ مَحَاسِـن الأَخْـلَاق وَجَمِيْـل العَـادَات)، (مـرُوءَة)، جوامێریـی، چەنـدە ئەدەبێکـی دەروونییـن ڕەچـاو کردنیـان مـرۆڤ وا لـێ دەکات، بـە ڕەوشـتە جوانـەکان و نەرێتـە پەسـندەکان بڕازێتـەوە.

ماناى گشتيى ئايەتەكان

خـواى پـەروەردگار لـەم بيسـت (٢٠) ئايەتـەى كۆتايـى سـووڕەتى (النبـأ)دا، وەك پێشـتريش باسـمان كـرد، هـەم باسـى دۆزەخ و ئەهلـى دۆزەخـمان بـۆ دەكات، كـە ژيـان و گوزەرانيـان لەوێـدا چۆنـەو، هـۆكارى چوونـە نێـو دۆزەخيشـيان باس دەكات، هـەم باسـى بەهەشـت و بەهەشـتييانمان بـۆ دەكات، دواييـش لـە كۆتاييـدا، باسـى چەنـد سـيفەتێكى بـەرزو بـێ وێنـەى خـوا ﷻ و سـام و هەيبەتـى خـوا، دەكات، كـە هيـچ كـەس مافـى ئـەوەى نيـە، لـە خزمـەت خـوادا قسـە بـكات، مەگـەر خـۆى مۆڵەتـى لەسـەر بـێ و قسـەى ڕاسـت بـكات، پاشـان سـەرەنجامى مـرۆڤ لـە ڕۆژى دواييـدا دەخاتـە ڕوو كـە چـۆن هەمـوو كـەس تەماشـا دەكات: چيكـردوە؟ بابـاى كافريـش خۆزگـە دەخـوازێ هـەر گڵ بووايـە، دەفەرمـوێ:

﴿ إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا ﴾، بـە دڵنيايـى دۆزەخ كەمينگەيـە، بۆسـەيە، شـوێنێكە سـزاى خـوا لەوێـدا بـۆ بێبڕوايـان لـە بۆسـەدايە، وشـەى ﴿ مِرْصَادًا ﴾، بـە مانـاى شـوێنى چاودێريـى كـردن و، بـە مانـاى بۆسـەو، بـە مانـاى شـتێكيش كـە لە بۆسـەدايە، هاتـوە، كەواتـە: دەگونجـێ ئـاوا لێـك بدرێتـەوە: دۆزەخ بۆسـەيەو چاوەڕوانـكارە بـۆ بێبڕوايـان، ياخـود شـوێنى بۆسـەدانان و چاودێرييكردنـە، ﴿ لِّلطَّٰغِينَ مَـَٔابًا ﴾، بـۆ لـە سـنوور دەرچـووان لەسـەرپێچييدا، شـوێنى بـۆ لا گەڕانەوەيـە، ﴿ لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا ﴾، ڕۆژگارانێكـى زۆر تێيـدا دەمێننـەوە، دوايـى لـە بـارەى ئـەم ئايەتـە موبارەكـەوە، زياتـر قسـە دەكەيـن، كـە هەندێـك لـە زانايـان گوتوويانـە: ئەمـە ئاماژەيـە بـۆ ئـەوە كـە سـزاى دۆزەخييـان لـە دۆزەخـدا، كاتێـك دێ كۆتايـى دێ، بـە گشـتيى، بـەڵام دوايـى قسـەى زانايـان لـەو بـارەوە دێنـن و، لێـرەش ئەوەنـدە دەڵێيـن: ئەمـە هـەر ئەوەنـدە دەگەيەنـێ كـە ڕۆژگارانێكـى زۆر، لـە دۆزەخ دا دەمێننـەوە، چونكـە: ﴿ أَحْقَابًا ﴾، كـۆى (حُقْـب) و (حُقْبة)يـە، واتـە: ماوەيـەك لـە كات، ئنجـا خـواش نەيفەرمـووە ئـەو كاتانـە، خـاوەن كۆتايـى و سـنووردارن، گرنـگ ئەوەيـە لـە دۆزەخـدا كاتـەكان

تێدەپەڕن بێبڕوا سزا دراوەکان کاتی زۆریان بەسەردا تێدەپەڕن، بەڵام خوا نەیفەرمووە کاتەکان سنوورو کۆتاییان هەیە، ﴿لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا﴾، هیچ جۆرە فێنکایەتیی و خواردنەوەیەکی تێدا ناچێژن، ﴿إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا﴾، جگە لە ئاوی داغ و کوڵاوو کێم و زووخاو، ﴿جَزَآءً وِفَاقًا﴾، ئەوەش سزایەکی پێکەڵپێکە، سزایەکی پڕ بە پێست و گونجاوە، خوا ﷻ بە زۆریی وایە کە باسی سزادانی بێبڕوایان دەکات، باسی هۆکاری سزادرانەکەشیان دەکات و، کاتێ باسی پاداشتی بەهەشتییەکان دەکات، باسی هۆکاری پاداشتدرانەوەکەشیان دەکات، لێرەش دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ لَا يَرْجُونَ حِسَابًا﴾، {بۆیەش بەو جۆرە سزا دەدرێن}، چونکە ئەوانە بە ئومێدی لێپرسینەوە نەبوون، زانایان: ﴿يَرْجُونَ﴾، یان بە (**يخافون**) لێکداوەتەوە، واتە: لە لێپرسینەوە نەدەترسان، بەڵام وشەی ﴿لَا يَرْجُونَ﴾، یانی: ئومێدەوار نەبوون، ئەمەش توانج گرتنە لە بێبڕوایەکان کە بڕواداران، ئومێدەوار بوون و، چاوەڕوان بوون و، هیوایان هەبوو بە لێپرسینەوە، چونکە دەیانزانی شتی باشیان لە هەگبە دایە، وەك گوتراوە: ئەوەی پاکە بێ باکە، بەڵام ئەوانە هیچ ئومێدێکیان نەبوو بۆ لێپرسینەوەو ئومێدی خێریان نەبوو، چونکە دەیانزانی چییان کردوە! ﴿وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا كِذَّابًا﴾، بە بەدرۆ دانانێکی زۆر بێبڕەزاش، ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دانان، ﴿وَكُلَّ شَىْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ كِتَٰبًا﴾، ئێمەش هەموو شتێکمان سەرژمێر کردوە بە نووسین و تۆمارکردن، بەو جۆرە تۆمار کردنەی هەر خوا دەیزانێ چۆنە، ﴿فَذُوقُوا۟ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا﴾، {پێیان دەڵێین: یان پێیان دەگوترێ:} بیچێژن، بەس سزاو ئازارتان بۆ زیاد دەکەین، واتە: ئەگەر شتێکتان بۆ زیاد بکەین، هەر سزاو ئازارە، ئەگەرنا بە تەمای هیچی دیکە مەبن.

ئنجا دێتە سەر باسی بەهەشت و بەهەشتییەکان و دەفەرموێ: ﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا﴾، بە دڵنیایی بۆ پارێزکاران، واتە: ئەوانەی خۆیان پاراستوە، لە دنیادا لە کوفرو شیرك و نیفاق و ئیلحادو، گوناهە گەورەکان و تاوان و لادان، بۆ ئەوان بە

مراد گەیشتن و بە ئاوات گەیشتن و دەرباز بوون هەیە، ئایا لە چییدا بەرجەستە دەبێ، ئەو دەرباز بوون و بە ئاوات گەیشتن و بە مراد گەیشتنە؟، ﴿حَدَآئِقَ وَأَعْنَٰبًا﴾، باخەکان و ترێیەکان، (حدائق) کۆی (حديقة)یە، کە باخی شوورەو پەرژین کراوە، ترێیەکانیش بێگومان دارمێوەکانن، ﴿وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا﴾، ﴿وَكَوَاعِبَ﴾، کۆی (كَاعِب)ە، واتە: ئافرەتی تازە مەمك کردوو، ﴿أَتْرَابًا﴾، کۆی (تِرْب)ە، واتە: ئافرەتانی تازە پێگەیشتووی هاوتەمەنی مێرد، یان ئافرەتەکان لە بەینی خۆیاندا هاوتەمەنن. ﴿وَكَأْسًا دِهَاقًا﴾، هەروەها لەو بەهەشتەدا پێکی پڕی جۆری شەڕاب هەیە، یان لە جۆرەکانی دیکەی خواردنەوە هەیە، بەڵام زۆربەی زانایان دەڵێن: مەبەست پێی شەڕابە، چونکە دوایی دەفەرموێ: ﴿لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّٰبًا﴾، لەو بەهەشتەدا، یان لە کاتی ئەو شەڕاب خواردنەوەیەدا، نابیستن نە قسەی پووچ، نە درۆ کردن، بە پێچەوانەی ئەهلی شەڕابەوە کە لە دنیادا سەرخۆش دەبن، عەقڵ لە دەست دەدەن و، قسەی بێ جێ دەکەن و درۆو دەلەسەو شتی خراپ دەڵێن، ﴿جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً حِسَابًا﴾، ئەوەش پاداشتێکە لە پەروەردگارتەوە، بەخششێکی ئەندازەگیریی کراوە، بە خششێکی ژمێردراوەو لە گۆترە نیە، ﴿رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلرَّحْمَٰنِ﴾، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە، بە بەزەیییە، خوێندراویشەوە: (رَبُّ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا)، (ٱلرَّحْمَٰنِ) خوێندراویشەتەوە: (الرَّحْمَانُ)، پەروەردگارو خاوەنەکانی ئاسمانەکان و زەوی ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، بە بە زەیییە، ﴿لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا﴾، مافی قسە کردنیان لەگەڵی نیە، واتە: هیچکەس مافی ئەوەی نیە، لە خۆوە خوای پەروەردگار بدوێنێ و داوای لێ بکات و قسەی لەگەڵ بکات، بە پێچەوانەی خەیاڵپلاوی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانەوە، کە پێیان وایە پەرستراوەکانیان شەفاعەت و تکایان بۆ لەلای خوا دەکەن، ﴿يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا﴾، ئەو ڕۆژەی ڕووح و فریشتەکان بە ڕیز دەوەستن، ﴿ٱلرُّوحُ﴾، هەرچەندە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: دروستکراوێکی خوایە نازانین چۆنە! هەندێکیش گوتوویانە:

مەبەست پێی ڕووحی مرۆڤەکانە، بەڵام ﴿ ٱلرُّوحُ ﴾، لە قورئاندا کە بەکارهاتوە، بۆ جیبریل بەکارهاتوەو، لە چەند شوێنکیشدا زۆر بە ڕوونیی دیارە، بۆ وێنە:

أ- ﴿ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ ﴾، لە سوورەتی (القدر)دا.

ب- هەروەها ﴿ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴾، لە سوورەتی (**المعارج**)دا، واتە: (جیبریل) -- کە نازناوەکەی (روح)ە -- لەگەڵ فریشتەکان بە ڕیز دەوەستن، ﴿ لَّا يَتَكَلَّمُونَ ﴾، قسە ناکەن، ﴿ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴾، مەگەر کەسێك (خوای) بە بەزەیی مۆڵەتی دابێ و قسەی ڕاست و بە جێش بکات، ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمُ ٱلْحَقُّ ﴾، ئا ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی چەسپاوە، هەقە، دێتە دی، ڕۆژێکی دادگەرانەیە، ﴿ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴾، ئنجا هەر کەسێك ویستی بەرەو لای پەروەردگاری ڕێی گرتە بەر، بۆ لای پەروەردگاری گەڕایەوە، ﴿ إِنَّآ أَنذَرْنَٰكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ترساندوومانن، ئاگادارمان کردوونەوە لە سزایەکی نیزیك، ئایا ئەو سزایە نیزیکە کەنگێیە؟ ﴿ يَوْمَ يَنظُرُ ٱلْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ ﴾، ئەو ڕۆژەیە کە مرۆڤ تەماشا دەکات، دەستەکانی چییان پێشخستوە؟ هەر کەسە تەماشا دەکات، بزانێ چ بەرهەمێکی هەیە؟ چی لە ژیانی دنیاوە بردوە بۆ قیامەتێ و پێشیخستوە؟، ﴿ وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا ﴾، بابای بێبڕواش دەڵێ: خۆزگە گڵ بوومایە، واتە: خۆزگە هەر دروست نەکرابامایە، یاخود: خۆزگە کە دەمردم و دەبوومەوە گڵ، زیندوو نەکرابامایەوە، یان کاتێك کە ئاژەڵەکان دەبینێ دوای سزاو پاداشت دانەوەیان و دادگایی کرانیان -- وەك لە فەرمایشتێکدا هاتوە -- دەبنەوە بە گڵ و خۆڵ، ئەویش خۆزگە بە حاڵی وان دەخوازێ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

دۆزەخ بۆسـەگای یاخییانـە، ڕۆژگاراتێکـی بـێ کۆتایـی، تێیـدا دەمێننـەوە، هیـچ فێنکایەتیـی و خواردنـەوەی تێـدا ناچێـژن، جگـە لـە ئـاوی داغ و زووخـاو، ئـەوەش سـزای پـڕ بـە پێسـتیانە:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا (٢١) لِّلطَّٰغِينَ مَـَٔابًا (٢٢) لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا (٢٣) لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا (٢٤) إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا (٢٥) جَزَآءً وِفَاقًا (٢٦)﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا﴾، بە دڵنیایی دۆزەخ بۆسەگایە، واتە: شوێنی بۆسەدانانە، یاخود: دۆزەخ خۆی بۆسەیە، (الطبري) دەڵێ: (**أي ذَاتُ الرَّصَدِ لأَهْلِهَا الَّذِيْن يُكَذِّبُونَ فِي الدُّنْيَا بِهَا**) واتە: خاوەن بۆسەیە، بۆ کەسەکانی، ئەوانەی لە دنیادا پێی بێبڕوا بوون.

وشەی ﴿مِرْصَادًا﴾، پێشتریش گوتمان:

أ- بە مانای ئەو شوێنە دێ، کە بۆسەی تێدا دادەنرێ.

ب- بە مانای خودی بۆسەکەش دێ.

ج- بە مانای شوێنی چاودێریی لێ کردن (**مَكَانُ الرَّصْدِ**)یش دێ.

٢)- ﴿لِّلطَّٰغِينَ مَـَٔابًا﴾، بۆ سنووربەزێنان (لە سەرپێچیی خوای پەروەردگاردا)، شوێنی بۆلا گەڕانەوەیە، (**سُفیان**) کە یەکێکە لە ڕاوییەکان و پێدەچێ (**سفیان الثوري**) بێ، (**الطبري**)، ئەو دەقەی لێیەوە هێناوە، دەڵێ: (**مَئَابًا: أي مَرْجِعًا وَمَنْزِلًا**) (جامع البيان: ٣٦١٥٩)، واتە: (**مئاب**) شوێنی بۆ لا گەڕانەوەو شوێنی تێدا سەقامگیر بوونە.

٣)- ﴿ لَّبِثِينَ فِيهَآ أَحۡقَابٗا ﴾، ڕۆژگارانێك (ی بێ کۆتایی) تێیدا دەمێننەوە، وشەی: ﴿ لَّبِثِينَ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (لَبِثِيْنَ)، بەڵام (الطبري) دەڵێ: (لا بثين) ڕاست و دروستترە، هەرچەندە ئەویش یەکێکە لە خوێندنەوەکان.

﴿ لَّبِثِينَ فِيهَآ أَحۡقَابٗا ﴾، ﴿ لَّبِثِينَ ﴾، کـۆی (لَابِـث)ە، (لَابِـث) نـاوی بکـەر (اسْـمِ الفَاعِـل)ەو لـە (لَبِـثَ)ەوە هاتـوە، (لَبِـثَ فِي المَكَان): (أَقَـامَ فِيْـهِ مُلَازِمَـاً لَـهُ)، واتـە: لـەو شـوێنە مایـەوەو پێیـەوە پەیوەسـت بـوو، (قتـادة)، کـە (الطـبري)، لێیـەوە هێنـاوە لـە بـارەی: ﴿ لَّبِثِينَ فِيهَآ أَحۡقَابٗا ﴾ەوە، گوتوویەتـی: (وَهُـوَ مَـالَا انْقِطَـاعَ لَـهُ كُلَّـمَا مَـضَى حُقْـبٌ جَـاءَ حُقْـبٌ بَعْـدَه) (جامـع البیـان: ٣٦١٦٥)، واتـە: بریتیـە لـە کاتێکـی بـێ کۆتایـی، هەتـا ماوەیـەك لـە کات دەڕوا، ماوەیەکـی دیکـە لـە کات دێ.

(حُقْـبٌ)، کـە بـە (حُقْبـة)ش هاتـوە، واتـە: ماوەیەکـی نادیـار لـە کات، هەندێـك لـە زانایـان گوتوویانـە: ماوەکـەی هەشـتا ساڵە، بـەڵام هـەر ساڵە هێنـدەی سـەد ساڵە، یـان هـەر ساڵە بـە قـەدەر پەنجـا هـەزار (٥٠،٠٠٠) ساڵە، ئـەوەش هەمـووی قسـەی زانایانـەو، گرنـگ ئەوەیـە خـوا ﷻ لێـرەدا دەفەرمـوێ: ڕۆژگارانێکـی زۆر، ﴿ أَحۡقَابٗا ﴾، کەواتـە: ﴿ لَّبِثِينَ فِيهَآ أَحۡقَابٗا ﴾، یانـی: مـاوە بـە دوای یەکـدا هاتـوە نەزانـراوەکان، لـە وێـدا دەمێننـەوە.

(الحسـن البـصري) کـە (الطـبري) لێیـەوە هێناویەتـی، گوتوویەتـی: (أَمَّا الأَحْقَـابُ: فَلَا يَـدْرِي أَحَـد مَـا هِـي، وَأَمَّا الحُقْـبُ الوَاحِـد، فَسَـبعُونَ أَلْـفَ سَـنَةٍ كُلّ يَـوْمٍ كَأَلْـفِ سَـنَة) (جامـع البیـان: ٣٦١٦٩)، واتـە: (أحْقَـاب)، هیـچ کـەس نازانـێ چییـە، بـەڵام (حُقْب)ێـك بریتیـە لـە حەفتـا هـەزار (٧٠،٠٠٠) سـاڵ، هـەر ڕۆژێکـی بـە قـەدەر (١٠٠٠) ساڵە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە نازانـن چەنـد (حُقْب)یشـە، ئێمـە دوایـی هەڵوێسـتەیەکی بـاش دەکەیـن، لەبـەردەم ئـەم ئایەتـە موبارەکـەدا، کـە هەندێـك لـە زانایـان ئەوەیـان لـێ هەڵێنجـاوە، دەبـێ کاتێـك بـێ کۆتایـی بـێ بـە سـزادرانی دۆزەخییـان لـە دۆزەخـدا بـە هەمـوو جۆرەکانیانـەوە، واتـە: چ گوناهبارانـی ئیمانـدار، چ بێبڕوایـان، گوتوویانـە:

(**أَحْقَـاب**) کـۆی (**حُقْــب**)ەو (**حُقُب**)یــش هــەر چــۆن بــێ ماوەیەکــە لــە کات، بــا نادیاریــش بــێ، ئنجــا خــوای پــەروەردگار (**حُقْــب**)ی کۆکردۆتــەوە، کەواتــە: چەنــد ماوەیەکــی نادیـار لـە کات، کەواتـە: ئـەو کاتـەش سـنووردارە، کـە دۆزەخییەکانـی تێـدا سـزا دەدرێـن، لـەو ڕسـتە قورئانـە ئەوەیـان وەرگرتـوە، بـەڵام وەك باسـمان کـرد هـەر کام لـە (**قتـادة**) و (**الحسـن البـصري**) ڕەحمەتـی خوایـان لـێ بـێ، وایـان لێکداوەتـەوە کـە (**حقـب**) کاتێـکی نادیـارە.

٤)- ﴿ لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ﴾، لە وێدا نایچێژن لە دۆزەخدا، نە فێنکایەتیی نە هیچ جۆرە خواردنەوەیەك، (**بَرْد**) بە نەزانراو (**نَكِرَة**) هاتوە، هەروەها (**شَرَاب**)یش هەر بە (**نَكِرَة**) هاتوە، ڕەوانبێژان گوتوویانە: (**النَّكِرَةُ فِي سِيَاقِ النَّفِي يُفِيْدُ العُموم**)، نەزانراو لە ڕەوتی لابردن دا مانایەکەی گشتگیرە، واتە: هیچ جۆرە فێنکایەتییەك و هیچ جۆرە خواردنەوەیەك لەوێدا ناچێژن، لێرەدا (**شَرَاب**) بە مانای مەی خواردنەوە نیە، چونکە ئەوان لەوێدا خوا خوای چۆرە ئاوێکیانە شەڕابی چی! لێرەدا (**شَرَاب**) بە مانای خواردنەوەیە، یانی: هیچ جۆرە خواردنەوەیەك و هیچ جۆرە فێنکایەتییەك ناچێژن لەوێدا، ئەدی چی تێدا دەچێژن؟!

٥)- ﴿ إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا ﴾، جگە لە ئاوی داغ و کێم و زووخاو.

(**غساق**)

أ- واتە: کێم و زووخاو، ئەوە یەکێکە لە واتایەکانی.

ب- یاخود: (**غَسَّاقاً**)، بە مانای (**زَمْهَرِيْر**)، سەرماو زوقمێکی زۆر.

ج- هەندێکیش: (**غَسَّاقاً**) یان بە (**المُنْتِن**) لێکداوەتەوە، خواردنەوەی بۆگەن.

د- (**فخرالدين الرازي**)یش کە لە ئەسڵ دا فارس بووەو زمانی فارسیی زانیوە، لە یەکێك لە زانایانەوە دەڵێ: (ئێمە لە پێشووانی خۆمانمان بیستوە کە وشەی (**غَسَّاق**) لە خاشاکی فارسییەوە هاتوە، (خاشاك)یش شتی قێزەونە، ئێستاش لە کوردیی دا هەر بەکاری دێنن، دەڵێن: (زبڵ و خاشاك) واتە: خشپ و خاڵ و ئەوەی گەسك دەدرێ، شتی پیس، بەڵام

زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: (**غَسَّاق**) چ بە گیرە، چ بە بێ گیرە، واتە: (**غَسَاق**)، یانی: (**الصَّدِيْد**)، کێم و زووخاو، یان (**مَا يَسِيْلُ مِنْ جُلُودِ أَهْلِ النَّار**) ئەوەی لە پێستی دۆزەخییەکان دێتە خوار کە کێم و زووخاو و زەڵزەڵەیە.

٦)- ﴿ جَزَآءً وِفَاقًا ﴾، ئەوەش سزایەکی پێکەڵپێکە، وشەی ﴿ وِفَاقًا ﴾مان پێشتر مانا کرد، (**هَذَا عَلَى وِفْقِ هَذَا**)، واتە: ئەو دووە پێکەڵ پێك و پڕ بە پێستن، بە ئەندازەی یەکن، واتە: ئەو سزایە پڕ بە پێست و پێکەڵپێکە لەگەڵ کردەوە خراپەکانی ئەواندا.

کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ﴿٢٤﴾ إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا ﴿٢٥﴾ ﴾، ئەم هەڵاواردنە پێی دەگوترێ: (**إسْتِثْنَاءٌ مُنْقَطِع**) هەڵاواردنی دابڕاو، چونکە ئاوی کوڵاو داغ و کێم و زووخاو بەشێك نین لە فێنکایەتیی و خواردنەوەی ئاسایی، کەواتە: هەڵاوێردراو (**مُسْتَثْنَى**) لە جینسی لێهەڵاوێردراو (**مُسْتَثْنَى مِنْه**) نیە، بۆیە پێی دەگوترێ: هەڵاوێردراوی دابڕاو، چونکە بۆ وێنە: ئەگەر یەکێك بڵێ: (**مَا شَرِبْتُ إلا المَاءَ**)، دەگوترێ ئەوە هەڵاوێردنێکی پەیوەستە، (**إسْتِثْنَاء مُتَّصِل**) چونکە ئاو بەشێکە لە جینسی خواردنەوە، بەڵام لێرەدا کێم و زووخاو و ئاوی داغ و کوڵاو بەشێك نین، نە لە فێنکایەتیی و نە لە خواردنەوەی ئاسایی.

کورتە باسێک: مانەوەی بێبڕوایان لە دۆزەخدا هەتاهەتایی و نەبڕاوەیە، بەشێک لە زانایان لە بارەی ئەم ڕستە قورئانییەوە کە دەفەرموێ: ﴿ لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا ﴾، لە دۆزەخدا دەمێننەوە چەند ماوەیەکی زۆر، گرفت و ئیشکالێکمان لەبارەی بە هەمیشەیی مانەوەی بێبڕوایانەوە لە دۆزەخدا بۆ دروست بووە، بەهۆی وشەی (**أحقابا**)وە: باسی (**أحْقَاب**)مان کرد، کە کۆی (**حُقْب**)ە یان: (**حُقْبَة**)یە، ئەویش ماوەیەکی نەزانراوە لە کات، دەڵێین: ئەگەر تەماشای ئایەتەکانی قورئان بکەین، هیچ دوو دڵییەکمان بۆ دروست نابێ کە لێرەدا مەبەست لە: ﴿ لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا ﴾، کاتێکی نەبڕاوەو هەتا هەتاییەو، هەر کام لە (**قتادة**) و (**الحسن البصري**)یش گوتوویانە: لێرەدا مەبەست لە (**أحْقَاب**) ماوە بە دوایەکدا هاتووە نەبڕاوەکانن، ماوە بە دوایەکدا هاتووەکانی بێ کۆتایی.

ئنجا ئەگەر تەماشای قورئان بکەین دەبینین بەلای کەمەوە لە سێ ئایەتی قورئاندا، لە سێ شوێنی قورئاندا، خوا ﷻ باسی ئەوەی کردوە کە بێبڕوایەکان بۆ هەتا هەتایەو، بە بێ بڕوانەوە لە دۆزەخدا دەمێننەوە:

١- لە سوورەتی (**النساء**) لە ئایەتەکانی: (١٦٨ - ١٦٩)دا، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَظَلَمُوا۟ لَمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ طَرِيقًا ﴿١٦٨﴾ إِلَّا طَرِيقَ جَهَنَّمَ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿١٦٩﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی ئەوانەی بێبڕوا بوون و ستەمیان کردوە، ناگونجێ خوا لێیان ببوورێ و ناشگونجێ ڕێشیان پێشان بدات، (ڕێی دەرباز بوون لە دۆزەخ)، مەگەر ڕێی دۆزەخیان پێشان بدات، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێنەوەو ئەوەش لەسەر خوا ئاسانە.

٢- هەروەها لە سوورەتی (**الأحزاب**) لە ئایەتەکانی: (٦٤ – ٦٥)دا، دیسان ئەو ڕاستییە دووبارە بۆتەوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمْ سَعِيرًا ﴿٦٤﴾ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٦٥﴾﴾، واتە: بە دڵنیایی خوا نەفرینی لە بێبڕوایان کردوەو کڵپەی دۆزەخی بۆ ئامادە کردوون، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، هیچ سەرپەرشتیارو یارمەتییدەرو هاوکارێکیان چنگ ناکەوێ.

٣- هەروەها لە سوورەتی (**الجن**) لە ئایەتی (٢٣) دا، هەمان ڕاستیی کە بێبڕوایان بە بێبڕانەوەو کۆتایی لە دۆزەخدا دەمێننەوە، هاتوە، دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا﴾، واتە: هەر کەسێك سەرپێچیی لە خواو پێغەمبەرەکەی بکات، {واتە: سەرپێچیی یەکجاریی و بە ڕەهایی}، ئاگری دۆزەخی بۆ هەیە، بە هەمیشەیی و بێ کۆتایی تێیدا دەمێننەوە.

ئنجا وەك چۆن لێرەدا، بە هۆی ئەو ڕستە قورئانییەوە، زانایان جۆرێك لە ئیشکال و گرێ و گۆتاڵیان بۆ دروست بووە، بەڵام بە سەرنجدانی ئەو ئایەتانەی سوورەتەکانی: (**النساء والأحزاب والجن**)، ئەو ئیشکالە لادەچێ، چونکە ئەگەر ئایەتێك مانای ڕوون نەبێ، یاخود جۆرێك لە ئیشکال و گرفت دروست بکات،

دەبێ مانایەکەی لەبەر ڕۆشنایی ئایەتەکانی دیکەدا، کە مانا ڕوونن، تەماشای بکەین.

وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِیٓ أَنزَلَ عَلَیۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَایَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞ ﴾، خوا کتێبی دابەزاندۆتە سەر تۆ، ئایەتانێکی مەحکەمیان (مانا ڕۆشنیان)هەن، ئەوانە ئەسڵ و بناغەی کتێبن، ئایەتانێکیشیان هەن، مانای وێکچوویان هەن، (واتە: ئەو مانایەش هەڵدەگرێ و، ئەوەش هەڵدەگرێ، وەك ئەم ئایەتە موبارەکەی ئێرە).

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِینَ فِی قُلُوبِهِمۡ زَیۡغٞ فَیَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِیلِهِۦ ﴾، ئنجا ئەوانەی دڵیان لادانی تێدایە، بە دوای ئەو ئایەتانە دەکەون، کە مانای وێکچوویان هەن، بە هاندەری لادان و تاوان و بە هاندەری مانای لێکدانەوەیان، ﴿ وَمَا یَعۡلَمُ تَأۡوِیلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾، تەنیا خواش ﷻ مانایەکەیان دەزانێ، ﴿ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِی ٱلۡعِلۡمِ ﴾، هەروەها قووڵبووەوان بە زانیاریی دا، {ئەگەر لەسەر ﴿ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾، نەوەستی، یانی: ڕۆچووانیش بە زانیاریی دا مانایەکەیان دەزانن، بەڵام ئەگەر بوەستی، یانی: تەنیا خوا مانایەکەیان دەزانێ}، ﴿ یَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَا ﴾، {ڕۆچووان بە زانیاریی دا} دەڵێن: بڕوامان پێی هەیە، هەمووی لە لایەن پەروەردگارمانەوەیە، چ ئەوەی مانایەکەی ڕۆشنەو یەك مانا هەڵدەگرێ، چ ئەوانەی زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرن و مانای وێکچوویان هەن و پێیان دەگوترێ: (**مُتَشَابه**).

ئنجا وەك چۆن لە بارەی ئەم ئایەتەوە ئەو ئیشکال و گرێیە بووە، بەڵام بەهۆی ئەو ئایەتانەوەی مەحکەمن، دەزانین مەبەست پێی کاتە لە دوای یەکە بێ کۆتاییەکانن، بە هەمان شێوە لە سوورەتی (**الأنعام**)یش دا ئایەتی ژمارە (١٢٨)، چەمك و واتایەکی بەو جۆرەی هەیە و ئەمەش دەقەکەیەتی: ﴿ وَیَوۡمَ یَحۡشُرُهُمۡ جَمِیعٗا یَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ قَدِ ٱسۡتَكۡثَرۡتُم مِّنَ ٱلۡإِنسِۖ وَقَالَ أَوۡلِیَآؤُهُم مِّنَ ٱلۡإِنسِ

رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِىٓ أَجَّلْتَ لَنَا ۚ قَالَ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿١٢٨﴾ ﴾، کە شوێنی مەبەست ئێرەیە: ﴿ قَالَ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴾، (خوا) فەرمووی: شوێنی تێدامانەوەتان ئاگرە بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ، بە دڵنیایی پەروەردگارت کارزانی زانایە.

لێرەدا دەفەرمووێ: ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ﴾، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، مەگەر خوا بیەوێ، لێرەدا هەر مەبەست پێی ئەوەیە، کە ویستی خوا ﷻ نەبەستراوەتەوەو دەستی دەسەڵاتی خوا بەستراو نیە، بەڵام خۆی ئەو بڕیارەی داوە، کە دەبێ بە هەمیشەیی بمێننەوە.

کاتی خۆی لە تەفسیرکردنی (**الأنعام**)دا بە درێژیی قسەمان لەو بارەوە کرد.

هەروەها لە سووڕەتی (هود)یش ئایەتەکانی: (١٠٦ و ١٠٧ و ١٠٨)دا، دیسان چەمك و واتایەكی بەو جۆرە هەیە، کە کاتی خۆی تەفسیرمان کردو هەڵوەستەمان لەبەردەم ئەو ئایەتانەدا کرد> دەفەرمووێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُوا۟ فَفِى ٱلنَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ ﴿١٠٦﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٠٧﴾ ۞ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُوا۟ فَفِى ٱلْجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۖ عَطَآءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ ﴿١٠٨﴾ ﴾، ئەوانەی خراپەکار بوون (خۆیان تووشی بەدبەختیی کردوە) لە دۆزەخ دا دەمێننەوە بە هەمیشەیی، بۆ ئەوان هەناسە دانەوەو هەناسە هەڵکێشانێك هەیە، هەتا ئاسمانەکان و زەوی بەردەوام بن، تێیدا دەمێننەوە، مەگەر ئەوەی پەروەردگارت بیەوێ، بێگومان پەروەردگارت بکەری هەر شتێکە بیەوێ، ئەوانەش کە بەختەوەر کراون (بە ئاوات گەیەنراون)، لە بەهەشتدان، تێیدا دەمێننەوە، هەتا ئاسمانەکان و زەوی بەردەوام بن، مەگەر ئەوەی پەروەردگارت بیەوێ، بەخششێکی نەبڕاوەیە.

کاتـی خـۆی قسـەمان لـە بـارەی ئـەو سـێ ئایەتـە موبارەکەشـەوە کـرد، کـە تەنیا مەبەسـت پێیـان ئەوەیـە:

یەکەم: ویستی خوای پەروەردگار ڕەهاو کراوەیە.

دووەم: خوا ﷻ بە پێی عەقڵی ئێمە دەماندوێنێ، ئێمە ئەگەر شتێك بمانەوێ بڵێین بێ کۆتاییە، دەڵێین: ﴿مَادَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ﴾، هەتا دنیا دنیایە، کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ بەپێی عەقڵی ئێمەو باوی ئێمە فەرمایشتەکەی خۆی فەرمووە، ئەگەرنا ئەوەی لێ وەرناگیرێ کە ژیانی دۆزەخییان و بەهەشتییان کۆتایی پێ بێ.

چونکـە: سـێ ئایـەت لـە قورئانـدا وشـەی: ﴿أَبَدًا﴾، واتـە: بـێ کۆتایـی، بـێ سـنوور، بـێ بڕانـەوە، بـۆ سـزای کافـرەکان لـە دۆزەخـدا بەکاردێنـن و، زیاتـر لـە سـێ ئایەتیـش بگـرە دەیـان ئایـەت لـە قورئانـدا بـۆ بەهەشـتییەکان باسـی ژیانـی بـێ کۆتایـی، بەهەشـت دەکـەن، بۆیـە زانایـان بـۆ مانـا لێکدانـەوەی ئـەم ڕسـتە موبارەکـە، چەنـد وەڵامێکیـان داونـەوە:

١- یەکێك لە وەڵامەکان ئەوەیە گوتوویانە: (**أَحْقَابًا أَي: مُدَداً طَوِيْلَةً بِلَا نِهَايَة**)، ماوە درێژەکانی بێ کۆتایی.

٢- یەکێك دیکە لە زانایان دەڵێ: ﴿لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحۡقَابٗا﴾، واتە: لەو جۆرە سزایەدا، چەند ماوەیەکی یەك لە دوای یەك تێیدا دەمێننەوە، دوایی بە جۆرێکی دیکە سزا دەدرێن.

٣- هەندێکی دیکە وەك هەوڵدان بۆ تەئویل کردن گوتوویانە: مەبەست پێی بڕوادارە ئیماندارەکانن، کە دەچنە دۆزەخەوەو دوای ماوەیەکی زۆر و ساڵانێکی زۆر، دێنە دەرێ و دەربازیان دەبێ.

ئەو سێ ڕایەش هەر سێکیان گونجاون.

بـەڵام ڕایەکـی دیکـە هەیـە، شـتێکی نەگونجـاوە، گوتوویانـە: (**مَنْسُـوخَةٌ نَسَـخَتْهَا ((فَلَـنْ نَزِيْدَكُـمْ إِلَا عَذَابًـا))**)، واتـە: ئـەم ئایەتـە مەنسـووخەو ئـەوە نەسـخی کردۆتـەوە

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَذُوقُواْ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴾، بیچێـژن هـەر سـزاو ئازارتـان بـۆ زیـاد دەکەیـن، ئێمـەش دەڵێیـن: هەواڵەکانـی خـوا ﷻ نەسـخیان هـەر تێـدا نیـە، تەنانـەت لـە لای ئەوانـەش کـە بڕوایـان بـە نەسـخ هەیـە لـە قورئانـدا، کـە ئێمـە هەتا ئـەم لەحزەیـە یـەك ئایەتمـان لـێ عاسـێ نەبـووە، ناچـار بیـن بڵێیـن: ئـەو ئایەتـە، بەڵـێ بێژەکـەی هەیـە، بـەڵام مانایەکـەی مەنسـووخەو کاری پـێ ناکـرێ، تاکـو ئێسـتا ئێمـە ئایەتێکـی ئاوامـان لـە ڕاسـت ڕا نەهاتـووەو، نەسـخ بـەو واتایـەی ئایەتێـك هەبـێ بخوێندرێتـەوە، بـەڵام حوکمـی پـێ نەکـرێ، لـە قورئانـدا نیـە، بـەڵام لەسـەر ڕای ئەوانـەی دەڵێـن نەسـخیش هەیـە، هەواڵەکانـی خـوای پـەروەردگار نەسـخیان هـەر بەسـەر دانایـەت، چونکـە کـە خـوا هەواڵـی دا لـە بـارەی شـتێکەوە، هـەواڵ یانـی: ئـەو شـتە بـەو شـێوەیە دەقەومـێ، یاخـود بـەو شـێوەیە ڕوویـداوە، ئـەوە چـۆن نەسـخ دەبێتـەوە؟ حوکـم دەگونجـێ خـوا ئێسـتا بفەرمـوێ وا بکـەن، دوایـی بفەرمـوێ: وامەکـەن، ئـەوە ڕێـی تـێ دەچـێ، هەرچەنـدە شـتی واش لـە قورئانـدا نیـە، بـەڵام هـەواڵ خـوای پـەروەردگار بفەرمـوێ: فڵانـە شـتە دەبـێ لـە ڕۆژی دواییدا، یـان: فڵانـە شـتە بـووە لـە ڕابـردوداو ڕوویـداوە، چ پەیوەندیـی بـە ڕابـردوو، چ بـە داهاتـووەوە بـێ، هـەر مەعقـووڵ نیـە، نەسـخی بەسـەر دابـێ.

لـە کۆتایـی ئـەم مەسـەلەیەش دا ئـەم دەقـە دێنـن لـە تەفسـیرەکەی **(الطـبري)** یـەوە بـە ژمـارە: (٣٦١٥٤) دەڵـێ: **(كَانَ الْحَسَـنُ إِذَا تَـلَا هَـٰذِهِ الآيَـةَ:** ﴿ إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا ﴾ **قَـالَ: أَلَا إِنَّ عَـلَى البَـابِ الرَّصَـدَ، فَمَـن جَـاءَ بِجَـوَازٍ جَـازَ، وَمَـن لَـمْ يَجِـئْ بِجَـوَازٍ احْتُبِـسَ)**، واتـە: حەسـەنی بەصرایـی کاتێـك ئـەم ئایەتـەی دەخوێنـدەوە: ﴿ إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا ﴾، بـە دڵنیایـی دۆزەخ بۆسـەگایە {یـان خـۆی بۆسـەیە، یـان شـوێنی چاودێریـی کردنـە بـۆ بێبڕوایـان}، دەیگـوت: ئـاگادار بـن! لەسـەر دەرگا چاودێـر هەیـە، بۆسـە هەیـە، ئنجـا هـەر کەسـێك هـۆکاری ڕەتبوونـی پـێ بـێ، ڕەت دەبـێ، بـەڵام هـەر کەسـێك هـۆکاری ڕەتبوونـی پـێ نەبـێ، {مۆڵەتـی ڕەت بوونـی پـێ نەبێ}، ڕا دەگیـرێ.

هەروەها لـە حەسـەنی بەصرییـەوە ئـەم دەقـەش هـەر هاتـوە لـە تەفسـیری (**الطبري**)دا بـە ژمـارە: (٣٦١٥٥)، گوتوویەتـی: (**قَـالَ: «لَا يَدْخُـلُ الْجَنَّـةَ أَحَـدٌ حَتَّـى يَجْتَـازَ النَّـارَ»**)، واتـە: هیـچ کەسـێك ناچێتـە بەهەشـت تاکـو بـە ئاگـردا ڕەت نەبـێ، دەبـێ بەسـەر پشـتی دۆزەخـدا ڕەت بـێ و ئـەوێ هەڵبوێـرێ، ئنجـا دەچێتـە بەهەشـتەوە.

مەسەلەی دووەم:

هـۆکاری ئـەو سـزادرانەیان، بێبڕواییـان بـوو بـە لێپرسـینەوەو بـە درۆدانانـی ئایەتەکانـی خـوا، خـواش هەمـوو شـتێکی زۆر بـاش سـەرژمێر کـردوە، بۆیـە پێیـان دەفەرمـوێ: بیچێـژن هـەر سـزاو ئازارتـان بـۆ زێـدە دەکەیـن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ﴿٢٧﴾ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا كِذَّابًا ﴿٢٨﴾ وَكُلَّ شَىْءٍ أَحْصَيْنَـٰهُ كِتَـٰبًا ﴿٢٩﴾ فَذُوقُوا۟ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴿٣٠﴾ ﴾.

شیکرنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ﴾، بە دڵنیایی ئەوان بە ئومێدی لێپرسینەوە نەبوون، واتە: ئەو بێبڕوایانە بۆیە تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشە بوون و، تووشی ئەو سزایە پڕ بە پێستە بوون، چونکە بە ئومێدی لێپرسینەوەو سزاو پاداشت درانەوە نەبوون، (**الرَّجَاءُ: تَرَقُّب الأَمْرِ المَحْبُوب**)، (رَجَاء)، بریتیە لە چاوەڕێکردنی شتێکی خۆشویستراو، بۆیە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەوانە هیچ ئومێدێکی خێریان نەبووە، کەواتە: مەبەست لە: ﴿ لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ﴾، یانی: (**لَا يَخَافُون حِساباً**)، لە لێپرسینەوە نەترساون، چونکە ئەوانە هیچ ئومێدێکی خێریان نەبووە، کە لە ڕۆژی دواییدا تووشی خێر بێن! ئێمەش دەڵێین: خوا وشەی (**يَخَافُوْن**)شی بەکارهێناوە، لە شوێنی دیکەداو، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ﴾، لەبەر ئەوەیە کە دوای ئەوەی باسی بڕواداران کراوەو، ئەوانیش هەواڵی سزادرانی لە خوا یاخییەکانیان، زۆر لە قالب خۆشەو، زۆر پێی دڵخۆش بوون و ئومێدەواریش بوون بە پاداشتی خوا، ئنجا لێرەدا بۆ بێبڕوایەکان ئەوە باسکراوە، کە هیچ ئومێدێکیان نیەو نا ئومێدبوون لە لێپرسینەوە، بەڵام بڕواداران ئومێدەوار بوون، بە ڕۆژی لێپرسینەوەو (ئەوەی پاکە بێ باکە)، کەسێك کە لە ژیانی دنیای دا چاکەی کردوە، دیارە ئومێدەوار دەبێ بەو لێپرسینەوەیەی لەگەڵیدا دەکرێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ﴾، دەڵـێ: (الحِسَـابُ: عَـدُّ الأَعْـمَال وَالتَّوْقِيـف عَـلى جَزَائِهـا أي: لَا يَرْجُـونَ وُقُـوع حِسَـاب عَـلى أعْـمَال العِبَـاد يَـوْم القِيَامَـة)، وشـەی (حِسَـاب) بـە مانـای ژماردنـە {حَسَـبَ، يَحْسِـبُ، أي عَـدَّ يَعُـدُّ}، لێـرەدا مەبەسـت ژماردنـی کردەوەکانـەو وەسـتێنرانی مرۆڤـە لەسـەر سـزاو پاداشـتی کـردەوەکان، واتـە: ئەوانـە بـە ئومێـدی ئـەوە نەبـوون لێپرسـینەوە بێتـە پێـش، لەسـەر کـردەوەی مرۆڤـەکان لـە ڕۆژی قیامەتـدا.

٢)- ﴿ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا كِذَّابًا ﴾، {تاوانێکی دیکەشیان ئەوە بوو}، کە بە بەدرۆدانانێکی زۆر سەخت و بێڕەزا، ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دادەنا.

ئایەتەکانیـش مەبەسـت پێیـان ڕسـتەکانی قورئانـە، ئەمـە زیاتـر لەگـەڵ ڕەوتـی ئایەتەکانـدا دەگونجـێ، ئەگەرنـا ئایـەت دەگونجـێ مەبەسـت پێـی دیـاردەو دیمەنەکانـی خـواو دروسـتکراوەکانی خـوا بـێ، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی موعجیزەکانـی پێغەمبـەران بـێ، بـەڵام لێـرەدا مەبەسـت پێـی ئایەتـە خوێندراوەکانـە.

وشـەی (كِـذَّاب) چاوگـی (كَذَّبَ)یـە، واتـە: ئایەتەکانـی ئێمەیـان بـە درۆ دانـا، بـە بـە درۆ دانانێکـی زۆر سـەخت و بێـڕەزاو خەسـت، چونکـە (كِـذَّاب: مَفْعُـوْل مُطْلَـق مُؤَكِّدٌ لِعَامِلـه لإفَـادَة الشِّـدَّة)، (كِـذَّاب) بـەرکاری ڕەهایـەو جەختکـەرەوەی بکەرەکـەی خۆیەتـی کـە بریتیـە لـە (كـذَّب)، بـۆ ئـەوەی ئـەوە بگەیەنـێ کـە بـە درۆدانانەکەیـان زۆر سـەخت و بێڕەزایـە.

٣)- ﴿ وَكُلَّ شَىْءٍ أَحْصَيْنَـٰهُ كِتَـٰبًا ﴾، ئێمە هەموو شتێکمان سەر ژمێر کردوە، بە تۆمار کردن و نووسین.

ئەو نووسینەش هەر خوا دەزانێ چۆنە.

﴿ أَحْصَيْنَـٰهُ ﴾، (الإحْصَـاء: حِسَـاب الأَشْـيَاء لِضَبْـط عَدَدِهَـا)، (إحصَـاء) بـە کوردیـی سـەرژمێرەو ژماردنـی شـتەکانە، بۆ ئـەوەی بزانـی ژمارەکەیان چەنـدە؟ ﴿ كِتَـٰبًا ﴾،

(**مَفْعُوْل مُطْلَق مَصْدَر بِمَعْنَى الكِتَاب، وَهُوَ كِنَايَةٌ عَنْ شِدَّة الضَبْطِ لأنَّ الأمُورَ المَكْتُوْبَة مَصُونَة عَنِ النِّسيَان وَالإغْفَال**)، ﴿ كِتَٰبًا ﴾، دەبێتە بەرکاری ڕەهاو چاوگە بە مانای نووسین و، کینایەیە بۆ ئەوەی چاك کردەوەکانیان کۆنترۆڵ کراون، چونکە ئەو شتانەی دەنووسرێن و تۆمار دەکرێن و دەپارێزرێن لە لەبیر چوونەوەو فەرامۆش کردن.

وشەی: ﴿كِذَّابًا ﴾، وەك گوترا: چاوگەو چەند وشەیەکی دیکەش لەسەر ئەو کێش (**وَزْن**)ە هاتوون، وەك: (**قَصْر، قِصَّار**)، هەروەها (**قَضَا، قِضَّاء**)، (**خَرَق، خِرَّاق**)، (**فَسْر، فِسَّار**)، هەموو ئەوانە چاوگن، (**قِصَّار**) واتە: زۆر کورتکردنەوە، (**قِضَّاء**) واتە: زۆر دادوەریی کردن، (**خِرَّاق**) واتە: زۆر دڕین، (**فِسَّار**) واتە: زۆر ڕوونکردنەوە.

لە کۆتاییدا دەفەرموێ:

٤)- ﴿ فَذُوقُواْ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴾، ئنجا بچێژن هەر ئازارتان بۆ زیاد دەکەین.

(ف)ی ﴿ فَذُوقُواْ ﴾، (**للتَّفْرِيْعِ وَالتَسبُّب**)، بۆ لق لێکردنەوەیە، {یانی: بینا لەسەر ئەوەی پێشێ}، هەروەها بۆ بوونە هۆکارە {یانی: شتەکانی پێشێ هۆکاری ئەوەن}، بۆیە دەفەرموێ: بیچێژن، ﴿فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴾، تەنیا ئازارتان بۆ زیاد دەکەین، فەرمانکردنیش لێرەدا: ﴿ فَذُوقُواْ ﴾، بەکارهێنراوە بۆ سەرزەنشتکردن و ڕەخنە لێگرتن.

کە دەشفەرموێ: ﴿ فَلَن نَّزِيدَكُمْ ﴾، (**الزِّيَادَة: ضَمُّ شَيءٍ إلى غَيْرِهِ مِن جِنْسٍ وَاحِدٍ**)، زیادە بریتییە لە خستنە پاڵی شتێك بۆ شتێك هەر لە جۆری خۆی.

(**الطبري**) دەڵێ: ﴿فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ﴾، (**أي سَنَزِيْدُكُم عَذَاباً زِيَادَة مُسْتَمِرَّةً فِي أزْمِنَة المُسْتَقْبَل**)، ئێمە بە بەردەوام ئازارو سزاتان لە کاتەکانی داهاتوودا بۆ زیاد دەکەین.

(**الطبري**) بە ژمارە: (٣٦٢٠٣) لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمڕی کوڕی عاصەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، هێناویەتی، گوتوویەتی: (**لَمْ تَنْزِل عَلَى أَهْلِ النَّار آيَةٌ أَشَدُّ مِنْ هَذِه:** ﴿فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا﴾)[1] عەبدوڵڵای کوڕی عەمر کوڕی عاص، گوتوویەتی: هیچ ئایەتێک دانەبەزیوە، سەختترو توندتر بێ لەسەر دۆزەخییەکان، لەم ئایەتە موبارەکە: ﴿فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا﴾.

کە دەفەرموێ: دەبیچێژن هەر ئازارتان بۆ زیاد دەکەین، (**الطبري**) ئاوا مانای لێکداتەوە: (**ذُوقُوا أَيُّهَا الْقَوْمُ! مِنْ عَذَابِ اللَّهِ الَّذِي كُنْتُمْ بِهِ فِي الدُّنْيَا تُكَذِّبُونَ،** ﴿فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا﴾ **عَلَى الْعَذَابِ الَّذِي أَنْتُمْ فِيهِ لَا تَخْفِيفًا مِنْهُ، وَلَا تَرَفُّهًا**)، واتە: ئەی کۆمەڵە خەڵکەکەی نێو دۆزەخ! لە ئازارو سزای خوا بچێژن، کە لە دنیادا بە درۆتان دادەنا، ئێمە ئەو ئازارو سزایەی تێیدان، هەر بۆتان زیاد دەکەین، نەك لێتان سووك بکەین و حاڵەتێکی خۆشتان بۆ برەخسێنین.

(**إبن عثيمين**)، ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە تەفسیری بەش (**جزء**)ی (**عم**) دا[2]، کە دەفەرموێ: ﴿فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا﴾، بیچێژن هەر ئازارو سزاتان بۆ زیاد دەکەین، بەو بۆنەوە ئەم ئایەتە موبارەکە دێنێ لە سوورەتی (**غافر**) ئایەتی ژمارە (٤٩): ﴿ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ﴾، دۆزەخییەکان بە دۆزەخەوانەکان دەڵێن: لە پەروەردگارتان بپاڕێنەوە یەك ڕۆژ سزامان لەسەر سووك بکات، دەڵێ: ئەوە چوار شتی تێدان:

١- ڕاستەوخۆ داوایان لە خوا نەکردوە، بەڵکو داوایان لە دۆزەخەوانەکان کردوە، داوایان بۆ لە خوا بکەن.

٢- دەڵێن: ﴿ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ﴾، لە پەروەردگارتان بپاڕێنەوە، ناڵێن: (**ادْعُوا رَبَّنا**)، لە پەروەردگارمان بپاڕێنەوە، چونکە ڕووی ئەوەیان نەبووە، خۆیان بە بەندەی ئەو پەروەردگارە دابنێن.

---

(١) جامع البيان: ص١٥، ج٣٠.

(٢) ص٣٢، ٣٣.

٣- دەڵێن: ﴿ يُخَفِّفْ عَنَّا ﴾، بۆمان سووك بكات، ناڵێن: ئازارەکەمان لە کۆڵ بکاتەوە.

٤- دەڵێن: ﴿ يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴾، یەك ڕۆژ، ناڵێن: بە یەکجاریی سزایەکە لابدات.

خـوا بـە لوتـف و کەرەمـی خـۆی، لـە سـزاو ئـازارو مەینەتیـی و ناڕەحەتییەکانـی ئـەو ڕۆژە، بمانپارێـزێ و، بـە ڕەزامەندیـی خـۆی و بـە دیـداری خـۆی شـادمان بـکات.

مەسەلەی سێیەم:

باسی بەئامانج و بە بەمراد گەیشتنی پارێزکاران و، گەیشتنیان بە باخ و بێستان و ڕەزە ترێیەکان و، ئافرەتانی تازە پێگەیشتووی تازە مەمک کردوو و، پێکی پڕ لە خواردنەوە کە قسەی پووچ و درۆکردنی تێدا نابیستن، ئەوەش وەك پاداشتێکی بەخشراوو حیسابکراوە لە خوای پەروەردگارەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا ﴿٣١﴾ حَدَآئِقَ وَأَعْنَٰبًا ﴿٣٢﴾ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴿٣٣﴾ وَكَأْسًا دِهَاقًا ﴿٣٤﴾ لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّٰبًا ﴿٣٥﴾ جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً حِسَابًا ﴿٣٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا﴾، بە دڵنیایی بۆ پارێزکاران سەرفرازیی هەیە، ﴿إِنَّ﴾، بۆ داکۆکییکردن و تۆخکردنەوەی ئەو مەبەستەیە، دەویسترێ بگەیەنرێ، ﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا﴾، بە دڵنیایی بۆ پارێزکاران سەرفرازیی و بە ئاوات گەیشتن هەیە، دەرباز بوون و بە مراد گەیشتن هەیە، **(الطبري)** ئاوای لێك داوەتەوە: (﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ﴾، **مَنْجَى مِنَ النَّار إلى الجَنَّة وَمَخْلَصاً مِنْهَا لَهُم إليْهَا، وظفَراً بِمَا طَلَبُوا**)، بۆ پارێزکاران شوێنی دەرباز بوون هەیە، لە ئاگر بەرەو بەهەشت و، شوێنی قوتار بوون هەیە لە ئاگری دۆزەخ و، ڕزگار بوون بەرەو بەهەشت و وەدەست هێنانی ئەوەی عەوداڵی بوون و مەبەستیان بووە (کە ڕەزامەندیی خواو پاداشتی بەهەشتە).

(الطبري) لە **(قتادة)**وە بە ژمارە: (٣٦٢٠٦) دێنێ، دەڵێ: (﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ﴾ **إِي وَاللَّهِ مَفَازًا مِنَ النَّارِ إِلَى الجَنَّةِ، وَمِن عَذَابِ اللَّهِ إِلَى رَحْمَتِهِ**)، بەڵێ بە خوا دەرباز بوونێك لە ئاگری دۆزەخ بەرەو بەهەشت و، لە سزاو ئازاری خوا بەرەو بەزەیی خوا، هەیە.

وشەی: **(مَفَاز)** لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە: (**مَصْدَرٌ مِيمِيٌّ، يَعْنِي فَوْزًا**)، **(مَفاز)** چاوگێکی میمییە بە مانای: سەرکەوتن و بە مراد گەیشتن، تەنوین **(تنوين)**ەکەش

بـۆ گەورەیـی و مەزنیـی پێشـاندانی ئـەو بـە مـراد گەیشـتنەیە واتـە: بـە جۆرێکـە ناگونجـێ وەسـف بکـرێ.

وشـەی: (**مَفَـاز**) وەك چـۆن بـە چـاوگ هاتـوە، بـە مانـای نـاوی شـوێنیش هاتـوە، واتـە: (**مَكَان الفَـوْز**) ئـەو شـوێنەی مرۆڤـی لێـی دەربـاز دەبـێ و لێـی سـەرفراز دەبێ، کـە مەبەسـت پێـی بەهەشـتە.

ئنجا خـوا ﷻ ئـەو بردنەوەیـە، ئـەو بـە مـراد گەیشـتنە، ئـەو بـە ئامانج گەیشـتنە، شـیدەکاتەوە لـە چەنـد موفرەدەیەکـدا، پێشـێ دەفەرموێ:

٢)- ﴿حَدَآئِقَ وَأَعۡنَٰبٗا﴾، باخ و بێستانانێك و ترێیانێك (ی ناوازەو دەگمەن)، بە نەناسراو (**نكرة**) هاتنی (**حدائق**) و (**أعناب**) گەیەنەری ئەو ڕاستییەیە کە هەر کامیان: باخەکان و ڕەزەترێیەکان، یەکجار ناوازەو دەگمەنن، بەڵکو بێ وێنەو هاوتان.

﴿حَدَآئِقَ﴾، کـۆی (**حَدِيْقَة**)یـەو، بریتیـە لـە بـاخ و بێسـتانێك پەرژیـن و شـوورەی بـۆ کرابـێ و دیـواری بـەدەوردا کرابـێ.

﴿وَأَعۡنَٰبٗا﴾، کـۆی (**عِنَـب**)ە، یانـی: تـرێ، بـەڵام لـە هەمـوو قورئانـدا خـوای تـاك و پـاك باسـی داری ترێـی نەکـردوە، کـە بـە کوردیـی دەگوتـرێ: داری تـرێ یـان ڕەز، یـان دار مێـو، بـە عەرەبیـی پێـی دەگوتـرێ: (**كَـرْم**) و بـە (**كُـرُوم**) کـۆ دەکرێتـەوە، بـەس بـە (**أعْنَـاب**) هێناویەتـی، پێـم وایـە حیکمەتەکەشـی ئەوەیـە کـە داری تـرێ بـۆ خـۆی درەختێکـی جـوان و بەرچـاو نیـە، بـە زەوییـەوە پـان دەبێتـەوە، یـان دەبـێ بڵنـد بکرێتـە سـەر کەپرەکـە، یـان پـان دەبێتـەوەو، زۆر بەرچـاو و دیـار نیـەو، دیمەنێکـی زۆر سەرنجڕاکێشـی نیـە، وەك باغـی درەختـی: خورمـاو هەنـارو هەنجیـرو خـۆخ و .... هتـد، بەڵکـو لاسـکێکی باریکـی هەیـەو هێشـووە ترێیەکانـی پێـوەن، بۆیـە خـوا ﷻ هـەر بـە: (**أعْنَـاب**) دەیهێنـی کـە کـۆی (**عِنَـب**)ەو، مەبەسـت پێـی درەختەکەیەتـی و میوەکەشـیەتی، ﴿وَأَعۡنَٰبٗا﴾، ترێیـەکان بـە کوردیـی پێـی دەگوتـرێ: ڕەز، وشـەی: ڕەز یـانی: بـاخ و درەختـی مێـو، کـە تـرێ دەگـرێ.

٣)- ﴿ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴾، هەروەها ئافرەتانی تازە مەمك كردووی هاوتەمەن، ﴿ وَكَوَاعِبَ ﴾، کۆی (**كَاعِب**)ە، یانی: ئافرەتی تازە مەمك كردوو، لە (**كَعْب**)ەوەیە کە گوێزینگی مرۆڤە، ئەو شوێنەی لاق و پێ بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەموو مرۆڤێك دوو گۆزینكی هەن، یەکێك بە دیوی ژووریداو، یەکێك بە دیوی دەرێ داو خڕن، واتە: ئەو ئافرەتانە تازە پێدەگەن، نەك کەوتبنە تەمەنەوە، ئافرەت کە دەکەوێتە تەمەنەوە، مەمکەکانی شۆڕ دەبنەوە.

لـە سـۆنگەی ئـەوەوەش کـە وشـەی (**كَاعِـب**) بـەس بـۆ ئافـرەت بەکاردەهێـنرێ، پێویسـت نـاکات (ة)ی مێینـەی بخرێتـە سـەر، وەك (**حَائِـض**) و (**حامـل**) ئافرەتێـك کـە دەکەوێتـە حەیـزەوە، یـان تۆلـدار دەبـێ، لەبـەر ئـەوەی بـەس ئافـرەت دەکەوێتـە حەیـزەوەو تۆلـدار دەبـێ، پێویسـت نـاکات بڵێیـن: (**حَائِضَـة**) و (**حاملـة**)، (**كَوَاعِب**)یـش کـۆی (**كَاعِـب**)ە، پێویسـت نـاکات بڵێیـن: (**كَاعِبـة**).

﴿ أَتْرَابًا ﴾، کـۆی (**تِـرْب**)ە، (**تِرْب**)یـش هـاو تەمەنـە، یانـی: کەسـێك کـە لەگـەڵ جگـە لـە خۆیـدا هاوتەمەنـە، دوایـی (**كواعـب**) و (**أتـراب**) هەردووکیـان زیاتـر شـی دەکەینـەوە، لـە چییـەوە هاتـوون؟ بـەڵام بـا جـارێ شـتەکانی دیکـەش بـاس بکەیـن کـە خـوای پـەروەردگار ئـەو سـەرفرازیی و بـە ئـاوات گەیشـتنەی پارێزکارانیـان پـێ تەفسـیر دەکات، پێشـێ بـاغ و بێسـتانەکان، دوایـی ڕەزو ترێیـەکان، ئنجـا ئافرەتانـی تـازە مەمـك کـردووی هـاو تەمەن، کـە پێکـەوە هاوتەمەنن، یـان لەگـەڵ مێردەکانیاندا هاوتەمەنـن، هـەردوو واتایـەکان دەگەیەنـێ.

٤)- ﴿ وَكَأْسًا دِهَاقًا ﴾، پێکێکی پڕیش، پەرداخێك یان دەفرێکی پڕ لە شەڕاب، ئنجا ئایا شەڕاب، لێرەدا مەبەست پێی (مەی)یە کە لە دنیادا خەڵك پێ سەرخۆش دەبن، بەڵام لە بەهەشتدا بە دڵنیایی وانیە، یان مەبەست پێی هەر جۆرە خواردنەوەیەکە؟ هەردووکیان دەگرێتەوە، بەڵام بە بەڵگەی: ﴿ لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّٰبًا ﴾، مەبەست (مەی)یە.

﴿ دِهَاقًا ﴾، (إسْـم مَصْـدَر دَهَـقِ، أو أدْهَـقَ، وَالدَّهَـقُ وَالإدْهَـاق: مَـلْأ الإنَـاءِ)، وشـەی: (دِهَـاق) ناوێکـی چاوگـە، لـە (دَهَـق) یـان (أدْهَـق)ە، (دَهْـق) و (إدْهَاق)یـش هەردووکیـان چاوگـن، واتـە: پڕکردنـی دەفـر، پڕکـردنی قـاپ.

٥)- ﴿ لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّابًا ﴾، لەوێدا نابیستن، نە قسەی پووچ و نە درۆکردن، یاخود: ﴿ فِيهَا ﴾، ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ شەڕابەکە، چونکە لە زمانی عەرەبیی دا مەی (خَمْر) مێینەی (مَجَازِي)یە، واتە: لە کاتی ئەو شەڕاب خواردنەوەیەدا، نە قسەی پووچ دەبیستن، وەك خەڵکی دنیا، کە شەڕاب دەخۆنەوەو سەرخۆش دەبن، نەقسەی پووچ و درۆ و دەلەسە دەکەن، هەر دوو واتەیەکە دەگەیەنێ، بەڵام زیاتر وا پێدەچێ مەبەست ئەوە بێ: لە بەهەشت دا، قسەی درۆو قسەی پووچ نابیستن.

٦)- ﴿ جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً حِسَابًا ﴾، ئەوەش پاداشتێکی بەخشراوی ژمێرراوە لە پەروەردگارتەوە، (**عطاء**) بەخششێکی ناوازە، ﴿ حِسَابًا ﴾، تێرو تەواو، یاخود: (**حِسَاب**)، ژمێردراو.

کورتە باسێک: حەوت ڕوونکردنەوە لەبارەی ئایەتکانی: ٣١-٣٧ ەوە.

ئێستاش با زیاتر ئەو وشانە، شی بکەینەوە:

یەکەم: (**الطبري**) ئەو ئایەتە موبارەکانەمان ئاوا بۆ تەفسیر دەکات، لە تەفسیرە ناودارەکەی خۆیدا، دەڵێ: (**إنَّ لِلْمُتَّقِينَ ظَفَرًا مِمَا طَلَبُوا مِن حَدَائِقَ وَأَعْنَابٍ؛ وَالحَدَائِقُ: جَمْعُ حَدِيقَةٍ، وَهِيَ البَسَاتِينُ مِنَ النَّخْلِ وَالأَعْنَابِ وَالأَشْجَارِ المَحُوطِ عَلَيْهَا الحِيطَانُ المُحْدِقَةُ بِهَا، لإِحْدَاقِ الحِيطَانِ بِهَا تُسَمَّى الحَدِيقَةَ، فَإِنْ لَمْ تَكُنِ الحِيطَانُ بِهَا مُحْدِقَةً، لَمْ يُقَلْ لَهَا حَدِيقَةٌ، وَإِحْدَاقُهَا بِهَا: اشْتِمَالُهَا عَلَيْهَا. (وَأَعْنابٌ): يَعْنِي: كُرُوم أعْنَابٍ، وَاسْتُغْنِيَ بِذِكر الأعْنَاب عَنْ ذِكر الكُرُوم**).

(**الطبري**) ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ عادەتـی وایـە زۆر بـە شـێنەیی و بـە ڕوونیـی قسـە لەسـەر مانـاو چەمکـی ئایەتـەکان دەکات، دەڵـێ:

بـە دڵنیایـی بـۆ پارێـزکاران، گەیشـتن هەیـە، بـەوەی داوایـان کـردوەو عەوداڵـی بـوون، {کـە پاداشـتی خوایـەو ئەویـش لەچیـدا بەرجەسـتە دەبـێ؟}، (**حَدَائِـقَ وَأَعْنَابـاً**)، (**حَدَائِـقَ**) کـۆی (**حَدِيقَةٍ**)یـە کـە بریتیـە لـە بـاغ و بێسـتان و دارو درەخـت و ئـەوەی لـە دارخورمـاو دار تـرێ و، درەختانـی دیکـە پێـك هاتـوە، بـە مەرجێـك دیـواری بـە دەورەدا کرابـێ، شـوورای بـۆ کرابـێ، ئـەو دیوارانـەی دەڕواننـە نێـو ئـەو باخانـەوە، ئنجـا لەبـەر ئـەوەی دیـوارەکان بەسـەر باخەکـەدا دەڕوانـن، بۆیـە پێـی گوتـراوە: (**حَدِيقَـةٍ**)و، ئەگـەر شـوورەو دیـواری بـۆ نەکرابـێ و، ئـەو باخـە دیـوارەکان دەورەیـان نەدابـێ، پێـی ناگوتـرێ: (**حَدِيقَـة**)، دەورەدانی ئـەو دەرو دیـوارو شـوورایەش بریتیـە لـەوەی دیـوارەکان ئـەو باخـە بگرنـە نێـو خۆیـان.

(**أَعْنَاب**)یـش درەختـەکانی ترێیـە، یـانی: دارمێـوەکان {(**كُـرُوم**) کـۆی (**كَـرْم**)ە واتـە: دارمێـو}، (**كُـرُوم أَعْنَـابٍ**)، واتـە: دارمێوەکانـی ترێیـەکان، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی باسـی ترێیـەکان کـراوە، بۆیـە بـە پێویسـت نەزانـراوە باسـی دارمێـوەکان بکـرێ.

(**الطـبري**) لێـرە ناڵـێ و لـە تەفسـیرەکانی دیکەشـدا نایەتـە یـادم باسـی حیکمەتـی ئەوەیـان کردبـێ، بۆچـی لـە هەمـوو قوڕئانـدا خـوا ﷻ باسـی (مێـو) درەختـی ترێـی نەکـردوە، بـەڵام پێـم وایـە لەبـەر ئەوەیـە کـە درەختـی تـرێ، درەختێکـی ئەوەنـدە بەرچـاوو سـەرنجڕاکیش نیـە، دارمێـو تەنیـا لاسـکە دارن بـە زەوییـەوە پـان دەبنـەوە، یـان ئەگـەر کەپرێکـی بـۆ بکـرێ، بەسـەر کەپرەکـەدا بڵاودەبێتـەوە، ئـەوە نیـە قیـت و کەڵەگـەت و هەڵچـوو بـێ و لـق و پۆپـی هەبـن، لاسـکە دارێکـی ڕەقـە، وەك وایـەری کارەبـا، بـەڵام ئـەو هێشـووە ترێیانـە دەگـرێ، ئنجـا ئـەوەی زیاتـر سـەرنج ڕادەکێشـێ، خـودی هێشـووە ترێیەکانـن، بۆیـەش خـوای کاربەجـێ هـەر باسـی ئەوانـی کـردوە.

دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴾، پێشتریش باسمان کرد، (**كَاعِب: المَرْأة التي تكَعَّب ثديُها، أي صَارَ كَالكَعْب، أي اسْتَدَار وَنَتَأ، وَلَمْ تَلحَقْهُ تَاءُ التَّأنِيْث لاخْتِصَاص المَرْأة بِه**)، (**كَاعِب**) ئەو ئافرەتەیە، مەمکی وەك گوێزینگ خڕ بوو بێ، {شۆڕ نەبووبێتەوە}، بۆیەش (ة)ی مێینەی پێوە نیە، چونکە ئەو حاڵەتە تایبەتە بە ئافرەتەوە.

﴿ أَتۡرَابٗا ﴾، کـۆی (تِـرْب)ە، یـانی: هاوتەمــەن، یاخــود: هاوکــووف و هاوشــێوە، ئەویــش دوو واتایــان دەگرێتــەوە:

١- لەگەڵ مێردەکانیاندا هاوتەمەنن، یان هاوشێوەن و هاوسرووشتن.

٢- ئافرەتانی بەهەشت لەگەڵ یەکدی دا، هاو تەمەن و هاو سرووشت و هاو شێوەن.

هــەردوو واتایــەکان دەگرێتــەوە، بــەڵام زیاتــر واپێدەچــێ مەبەســت هاوتەمەنیــی و هاوشــێوەیی لەگــەڵ هاوســەرەکانیان بێ.

(**أتراب**)یش لە چییەوە هاتوە؟ زانایان سێ ئەگەریان بۆ داناون:

أ- (**أتْرَاب**) کۆی (**تِرْب**)ە، لە (**تَرَائِب**)ەوە هاتوە، (**تَرَائِب**)، بە پەراسووەکانی دەوری سینگ دەگوترێن، ئەو پەراسووانە هەموویان دوو دوو وەك یەکن، مرۆڤ بیست و چوار پەراسووی هەیە، دوازدە لەوبەرو دوازدە لەوبەر، ئەو بیست و چوارە، هەردوو دوویان وەك یەکن و بە ئەندازەی یەکن.

ب- دەشگونجێ لەوەوە هاتبێ کە ئەو ئافرەتە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، وەك چۆن دوو منداڵ کە پێکەوە لە دایك دەبن، پێکەوە دەکەونە سەر سەر زەوی (**تُرَاب**)، دەگونجێ لەوەوە هاتبێ، لە دنیاشدا دەگوترێ: (**هَذَا تِرْبٌ هَذَا**)، یانی: ئەوە لەگەڵ ئەوەدا هاوتەمەنن و پێکەوە لە دایك بوون.

ج- هەندێك لە زانایانیش دەڵێن: لەوەوە هاتوە: کەسانی هاوتەمەنن کە منداڵ بوون، پێکەوە یاریی و گەمەیان کردوە بە گڵ و خۆڵ (**لَعِبُوا بَالتُّرَاب**)، گرنگ ئەوەیە لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە هاوشێوەو هاوتەمەنی یەکدین.

سێیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَأۡسٗا دِهَاقٗا ﴾، (**كَأس**) بریتیە لە دەفرێك ئامادە کرابێ بۆ شلەمەنیی تێدا خواردنەوە، ئنجا شەڕابە، شەربەتە، ئاوە، ماستاوە، هەرچی هەیە، بەڵام بە پێی ڕەوت بۆمان دەردەکەوێ، کە لێرەدا مەبەست پێی شەڕابە، ﴿ دِهَاقٗا ﴾یش، ناوی چاوگەو یان لە (**دَهَق**)ەوە هاتوە، یان لە (**أَدْهَق**)ەوە، هەردووکیشیان بە مانای: (پڕی کردن)، (**دِهَاق**)یش ناوی چاوگە، یانی: پڕ، ﴿ وَكَأۡسٗا دِهَاقٗا ﴾، یانی: پێکی پڕ لە شەڕاب.

چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿لَّا يَسۡمَعُونَ فِيهَا لَغۡوٗا وَلَا كِذَّٰبٗا﴾، پێشتریش گوتمان: هەردوو ئەگەرەکەی هەن:

أ- لە بەهەشتدا قسەی پووچ و درۆ نابیستن، یان بە درۆ دانانی یەکدی نابیستن، وەك خەڵکی دنیا کە شەڕاب دەخۆنەوەو سەرخۆش دەبن و قسەی بێ جێ دەکەن.

ب- لە کاتی شەڕاب خواردنەوەکە دا، قسەی پووچ و درۆ نابیستن، هەردوو واتایەکە هەڵدەگرێ.

پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿جَزَآءٗ مِّن رَّبِّكَ﴾، پاداشتە لە پەروەردگارتەوە، ئەمە بۆ دڵخۆشکردنی بەهەشتییانە، کە ئەو پاداشتەی دەتاندرێتەوە، لە پەروەردگارو مشوورخۆرو خاوەنتانەوەیە، واتە: شتێکتان کردوە، خوا بەو شێوەیە پاداشتان دەداتەوە، بە دڵنیاییش مرۆڤ ئەگەر بزانێ شتێك کە دێتە دەستی، بەری ڕەنجی خۆیەتی، زیاتر پێی دڵخۆش دەبێ.

شەشەم: کە دەفەرموێ: (**عطاءً**)، یانی: هەرچەندە ئەو پاداشتە بە هۆی کردەوە چاکەکانەوەیە، بەڵام هەر بەخششی خوای پەروەردگاریشەو، کردەوەکان تەنیا هۆکارن بۆ ئەوەی مرۆڤ بچێتە بەهەشت، بەڵام نرخی بەهەشت نین، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**لَنْ يُدْخِلَ أحَدًا عَمَلُهُ الجَنَّةَ، قالوا: ولا أنْتَ يا رَسولَ اللَّهِ؟ قالَ: لا، ولا أنا، إلَّا أنْ يَتَغَمَّدَنِي اللَّهُ برَحْمَةٍ منه وفَضْلٍ**} (**أخرجه البخاري: ٥٣٤٩، ومسلم: ٢٨١٦**)، واتە: هیچ یەکێك کردەوەکەی نایخاتە بەهەشت، گوتیان: تۆش ئەی پێغەمبەری خوا؟ گوتی: منیش مەگەر خوا بە بەزەیی و بە خششی خۆی دامپۆشێ.

واتە: کردەوەی هیچ کام لە ئێوە بارتەقاو نرخ و بەهای بەهەشت نیە، بەڵێ هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت، هەروەك کوفرو کاری خراپی بێبڕوایان، هۆکارە بۆ چوونە دۆزەخ، بەڵام بەدڵنیایی ئیمان و کردەوەی باشی ئیماندارن، نرخ و بەهای ئەو بەهەشتە ڕازاوەو نەبڕاوەو بێ کۆتاییە نیە، بەڵکو تەنیا هۆکارە.

حەوتەم: کە دەفەرموێ: (**حِسَاب**) لێرەدا دوو واتای هەن:

أ- یان لە (**حَسَب**)ەوە هاتوە، (**حَسَبَ: أي: عَدَّ**)، ژماردی، (**حِسَاب**)یش، واتە: ژماردن، یانی: ئەو پاداشتە بە ژماردنەو هەروا لە گۆترە نیە.

ب- یاخود: ﴿حِسَابًا﴾، لە (**أحْسب**) ەوە هاتووە: (**أي أعْطَاهُ مَا كَفَاهُ فَهُوَ بِمَعْنَى: الإحْساب لأَنَّ مَنْ أعْطِيَ مَا يَكْفِيْه قَالَ: حَسْبِي**)، (**أحْسَب**)ە، واتە: هێندەی پێدا بەشی بکات (**إحْسَاب**)، واتە: پێدانی شتێك بە کەسێك کە بەشی بکات، بە ئەندازەی پێویستیی بێ و پڕ بە پێستی بێ، لەبەر ئەوەی کەسێك شتێکی بدرێتێ بەشی بکات، دەڵێ: (**حَسْبِي**)، واتە: ئەوەندەم بەسە.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی:

باسی خوای بە بەزەیی کە خاوەنی گەردوون و ئاسمانەکان و زەوییەو، هیچ کەس هیچ شتێکی لە بەرانبەریدا بە دەست نیە، لە ڕۆژی وەستانی جیبریل و فریشتانیش دا، هیچ کەس نادوێ، مەگەر خوا مۆڵەتی بدات و قسەی ڕاست و ڕەواش بکات، ئەو ڕۆژەش هەق و چەسپاوەو، مرۆڤیش ڕێی لە بەردەم دا ئاچووخ و کراوەیە بەرەو خواو، خواش لەو سزا نیزیکە ترساندوونی (مرۆڤەکانی ترساندوون) کە بابای بێبڕوا تێیدا حەز دەکات، گڵ و خۆڵ بووایە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلرَّحْمَٰنِ لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا ﴿٣٧﴾
يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا لَّا يَتَكَلَّمُونَ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴿٣٨﴾ ذَٰلِكَ
ٱلْيَوْمُ ٱلْحَقُّ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴿٣٩﴾ إِنَّآ أَنذَرْنَٰكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا يَوْمَ يَنظُرُ ٱلْمَرْءُ
مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا ﴿٤٠﴾ ﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلرَّحْمَٰنِ ﴾، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایەو، بە بەزەییە، وشەی: ﴿ رَّبِّ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**رَبُّ السَّمَاوَات وَالأرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الرَّحْمَانُ**) واتە: هەرکام لە (**ربُّ**) و (**الرحمان**) بە (**رَفع**) یش خوێندراونەوە، ئنجا ئەگەر بە ژێر (**کسرة**) بخوێنرێنەوە، ئەو کاتە (**ربِّ**) دەبێتە تەفسیر بۆ وشەی (**رب**) کە پێشتر هاتوە، لە: ﴿ جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ ﴾دا، پاداشتتان لە پەروەردگاتانەوە بۆ دێ، ئنجا ئایا ئەو پەروەردگارە کێیە؟ ﴿ رَّبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلرَّحْمَٰنِ ﴾، بەڵام ئەگەر بە ڕەفع بخوێنرێنەوە، ئەوە پێی دەگوترێ: (**جُمْلَة ابْتِدَائِية اسْتِئنَافِيَة**)، ڕستەیەکی لە نوێ دەستپێکەر، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە.

﴿ وَمَا بَيْنَهُمَا ﴾، (ما) لێرەدا (مَوْصُوْلَة)یە، واتە: هەرچی دەکەوێتە نێوانیانەوە (الَّذِي يَقَعُ بَيْنَهُما) نێوان ئاسمانەکان و زەوی، (الرَّحْمَانُ) یان ﴿ ٱلرَّحْمَٰنِ ﴾، بە بەزەییە.

٢)- ﴿ لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا ﴾، مافی قسە کردن و دواندنیان لەگەڵیدا نیە، لێرەدا: ﴿ لَا يَمْلِكُونَ ﴾، ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ هەموو دروستکراوەکان، ئەگەر مرۆڤن، ئەگەر جندن، ئەگەر فریشتەن، خاوەنی ماف نین، خوا ﷻ بدوێنن، لێرەدا: (المُلْكُ بِمَعْنَى القُدْرَة، فَنَفِي المُلْكِ نَفِي الإستِطَاعَة)، کە دەفەرموێ: ﴿ لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ ﴾، (ملك) بە مانای توانایەو، لابردنی (توانا) لابردنی (پێکران)یشت.

(خِطَاب): بریتیە لە قسەیەك کە بەرانبەر بە کەسێکی ئامادە دەکرێ، کەسێك کە ئامادەیە لە لای بابای وتەبێژ، یاخود وەك ئامادە بوو وایە، ئنجا لێرەدا کە یئفەرموێ: ﴿ لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا ﴾، وشەی: ﴿ خِطَابًا ﴾، مانای هەواڵ پێدان و داواکردنیشی خراونە نێو، واتە: هیچکەس بۆی نیە، هەواڵێك بە خوا بدات، یاخود داوایەك لە خوای پەروەردگار بکات، یاخود لەو کاتەدا قسەیەك بکات.

٣)- ﴿ يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا ﴾، ئەو ڕۆژەی ڕووح و فریشتەکان بە ڕیز دەوەستن، ﴿ ٱلرُّوحُ ﴾، هەندێکیان گوتوویانە: ﴿ ٱلرُّوحُ ﴾، دروستکراوێکی خوایە، ئێمە نازانین چییەو چۆنە؟ هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ ٱلرُّوحُ ﴾، مەبەست پێی ڕووحی مرۆڤەکانە، (أل)ی ناساندنی لەسەرەو مەبەستی پێ تێکڕایە، واتە: جینسی ڕووحەکان، ڕادەوەستن لەگەڵ فریشتەکاندا بە ڕیز، بەڵام لە ڕاستییدا پێویست بەو تەئویل و مانایانە ناکات، چونکە خوا وشەی: ﴿ ٱلرُّوحُ ﴾ی لە قورئان دا بۆ (جبريل) بەکارهێناوە، لە چەند مەقامێکدا، بۆ وێنە:

١- ﴿ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ ﴾الشعراء.

٢- ﴿ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴾المعارج.

٣- ﴿ قُلْ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ ......(١٠٢) ﴾النحل.
٤- ﴿ تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ (٤) ﴾القدر.

ئنجا هیچ دروستكراوێكی دیكەش خوا پێی نەناساندووین لە قورئاندا، وشەی: ﴿ ٱلرُّوحُ ﴾ی، بۆ بەكاربهێنرێ، تاكو بڵێین: مەبەست پێی ئەوەیە، ناشگونجێ مەبەست پێی رووحی مرۆڤەكان بێ، چونكە لەو رۆژەدا تەنیا رووحەكان نین دەوەستن، بەڵكو مرۆڤەكان بە رووح و جەستەوە -- جەستەیەك كە خوا دەزانێ چۆنە! -- بە رووح و جەستەوە دەوەستن، لەو گۆڕەپانەدا كە خوا بۆ كۆكردنەوەو لێپرسینەوە دایناوە، كەواتە: لێرەدا كە دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا ﴾، ئەو رۆژەی رووح و فریشتەكان بە ریز دەوەستن، (الروح) مەبەست پێی جیبریلە.

٤)- ﴿ لَّا يَتَكَلَّمُونَ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴾، هیچ كامیان نادوێن مەگەر كەسێك (خوای) بە بەزەیی مۆڵەتی دابێ و قسەی رێك و راستیش بكات، نادوێن، نە جیبریل دەدوێ، نە فریشتەكان دەدوێن، ﴿ لَّا يَتَكَلَّمُونَ ﴾، قسە ناكەن، ﴿ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴾، مەگەر كەسێك (خوای) بە بەزەیی مۆڵەتی دابێ، تەنیا دەبێ خوا مۆڵەتی دابێ، ﴿ وَقَالَ صَوَابًا ﴾، ئنجا دەبێ قسەی رێك و راستیش بكات، یاخود: مەگەر كەسێك (خوای) بە بەزەیی مۆڵەتی دابێ، كە قسەی راست بكات، (**الإِذْن: إِسْمٌ لِلْكَلامِ الَّذِي يُفِيْد إِبَاحَة فِعْلٍ لِلمَأْذُوْن، وَهُوَ مُشْتَقٌّ مِن أَذنَ لَه: اسْتَمَع إِلَيْهِ**)، (إِذْن): ناوە بۆ قسەیەك ئەوە دەگەیەنێ بابای مۆڵەتدراو، رێی دراوە كردەوەیەك بكات، لە وشەی: ﴿ أَذِنَ لَهُ ﴾، داتاشراوە: (**أَذِنَ لَهُ: أي اسْتَمَعَ إِلَيه**)، گوێی بۆ گرت، ﴿ وَقَالَ صَوَابًا ﴾، ئەمە دوو واتایان دەگەیەنێ:

أ- (و) بۆ بادانەوە (**عطف**)یەو، ئەم رستەیە دەگێڕێتەوەو بای دەداتەوە سەر رستەی پێشێ، كە دەفەرموێ: ﴿ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ ﴾، (**أي: إلاَّ مَنْ قَالَ صَوَاباً، فَمَنْ لَمْ يَقُل صَوَاباً، لَا يُؤْذَن لَهُ**)، واتە: كەس نادوێ لەو رۆژەدا، [مەگەر كەسێك (خوای) بە بەزەیی مۆڵەتی دابێ و] كەسێكیش قسەی راست بكات، واتە: كەسێك قسەی راست نەكات، مۆڵەتی نابێ.

ب- یاخود: (و)ی ﴿ وَقَالَ صَوَابًا ﴾، واوی حاڵە (واو الحَالية)یە، یانی: لە حاڵێكدا كە قسەی ڕاستیش دەكات، واتە: حاڵە بۆ (مَنْ)، ﴿ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴾، لە حاڵێكیش دا، ئەو كەسەی خوا مۆڵەتی دەدا، قسەی ڕاست و ڕێكیش بكات، (أي: يَأْذَنَ الله لِمَنْ يَتَكَلَّمُ بِمَا يُرْضِي الله)، یانی: خوا مۆڵەت دەدا بە كەسێك، بە مەرجێك كە قسە دەكات، بە جۆرێك بدوێ، جێگای ڕەزامەندیی خوا بێ.

٥)- ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمُ ٱلْحَقُّ ﴾، ئەو ڕۆژە ڕۆژێكی چەسپاوە، یاخود ڕۆژێكە حەقی تێدا دەچەسپێ، دادگەریی تێدا دەچەسپێ.

٦)- ﴿ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴾، ئنجا هەر كەسێك ویستی بەرەو پەروەردگاری ڕێی گەڕانەوەی گرتە بەر.

ڕستەی: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْيَوْمُ ٱلْحَقُّ ﴾، زانایان بە سێ واتا مانایان كردوە:

١- ئەو ڕۆژەی ڕۆژێكی چەسپاوە.

٢- ئەو ڕۆژە ڕۆژێكی دادگەریی تێدا دەچەسپێ.

٣- تەنیا ئەو ڕۆژە شایستەی ئەوەیە ناوی لێ بنرێ: ڕۆژ، ڕۆژێكە بەڵام ڕۆژ.

كە دەفەرموێ: ﴿ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴾، پیتی (فـ)، لێرەدا: (الفاءُ الفَصِيحَةُ تُفصح عَنْ شَرْطٍ مُقَدَّرٍ ناشِئٍ عَنِ الكَلامِ السَّابِقِ، والتَّقْدِيرُ: فَإذا عَلِمْتُمْ ذَلِكَ كُلَّهُ، فَمَن شاءَ اتِّخاذَ مَآبٍ عِنْدَ رَبِّهِ، فَلْيَتَّخِذْهُ)، فائی (فصيحة)یە، مەرجێك دەگەیەنێ كە لە قسەیەكی پێشترەوە مەزەندە كراوەو ئەو دەیگەیەنێ، واتە: ئەگەر هەموو ئەو شتەی باسكرا، زانیتان، ئنجا هەر كەسێك بیەوێ ڕێی گەڕانەوەی بەرەو پەروەردگار بگرێتە بەر، با بیگرێتە بەر.

٧)- ﴿ إِنَّآ أَنذَرْنَٰكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا ﴾، ئێمە ئێوەمان لە ئازارو سزایەكی نزیك ترساندوەو وریامان كردوونەوە.

(الإنْـذَار: الإِخِبَـار بِحُصُـول مَـا يَـأْتِي فِــي المُسْـتَقْبل القَرِيْـب)، **(إنْـذَار)** هاواڵدانێکـە بـەوەی لـە داهاتـووی نیزیـك دا دێ، یـانی: بـۆ بابـای ترسـێنراوو ئاگادارکـراو، خراپـەو مەترسـییەکی نیزیـك هەیـە، یاخـود: **(إنْـذَار)** بریتیـە لـە ئـاگادار کردنەوەیـەك لەگـەڵ ترسـاندن دا. **(إعـلامٌ مـع تخویـف)**.

(مَئَاب): **١-** یان چاوگی میمییە، یانی: گەڕانەوە**(الرجوع)**.

٢- یان شوێنی بۆ لا گەڕانەوەیە **(محل الرجوع)**.

٣- یان کاتی تێدا گەڕانەوەیە **(وقت الرجوع)**.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّآ أَنذَرۡنَٰكُمۡ عَذَابٗا قَرِيبٗا﴾، ئێمـە ئێوەمـان لـە ئازارێکـی نیزیـك ترسـاندوە، بۆچـی دەفەرمـوێ: نیزیـك؟ چونکـە:

١- هەموو هاتوویەك نیزیکە، **(كُلُّ آت قَرِيْب)**.

٢- مرۆڤەکان ئەگەر جارێ ئاخیر زەمانیشیان بەسەردا نەیەت، گرنگ ئەوەیە هەر کەسێك مرد، بۆ خۆی لە حاڵی خۆی حاڵیی دەبێ **(مَنْ مَاتَ فَقَدْ قَامت قِيَامَته)**، کەواتە: سزای خوا هەر چۆن بێ، نیزیکە، چ بەو ئیعتیبارەی هەموو کەسێك مردنێکی لە ڕێگایەو مردنەکەشی نیزیکە، چ بەو ئیعتیبارەی هەرشتێك بێ، هەر نزیکە، ئەویش ئاخیر زەمان و ڕۆژی دواییە.

٨)- ﴿يَوۡمَ يَنظُرُ ٱلۡمَرۡءُ مَا قَدَّمَتۡ يَدَاهُ﴾، ئەو ڕۆژەی مرۆڤ تەماشا دەکات، دوو دەستەکانی چییان پێشخستوە؟ (ما) کە دەفەرموێ: ﴿مَا قَدَّمَتۡ يَدَاهُ﴾:

١- دەگونجێ **(مَوْصُوْلَة)** بێ، یانی: **(الَّذي قَدَّمَت يَدَاه)**، مرۆڤ تەماشا دەکات، دوو دەستەکانی چییان پێشخستوە؟.

٢- دەشگونجێ (ما)ی پرسیارکردن **(ما الإسْتِفْهَامية)**بێ، یانی: **(أي شَيء قَدَّمَت يَدَاهُ)**؟، مرۆڤ سەرنج دەدا بزانێ دوو دەستەکانی چییان پێشخستوەو، چییان کردوە؟.

٩)- ﴿ وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِي كُنتُ تُرَٰبًا ﴾، بابای بێبڕواش دەڵێ: ئەی خۆزگە گڵ بوومایە، وشەی: ﴿ ٱلْمَرْءُ ﴾:

أ- هەندێك لە زانایان دەڵێن مەبەست پێی: پیاو (**الرَّجُل**)ەو، ئەگەر بیانەوێ بڵێن: مرۆڤێکی مێینە، دەڵێن: (**إِمْرَأة**).

ب- بەشێکی دیکەش لە زانایان دەڵێن: وشەی (**مَرْء**)، بە مانای مرۆڤ (**إنسان**)ە، بەگشتیی و ئەگەر ویسترا دیارییبکەن، کە ئەو مرۆڤە ڕەگەزەکەی مێیە، ئەو کاتە دەڵێن: (**إِمْرَأة**)، ئەگەرنا (**مَرْء**) پیاوو ئافرەت دەگرێتەوە، بەبێ بە ڕەچاوکردنی ڕەگەزەکەی، (**التفسير المنير**)[1] دەڵێ: (**المَرْء عَام يَشْمِل الذَّكَر وَالأُنْثَى وَالمُؤْمِن وَالكَافِر**)، وشەی (**مَرْء**) گشتییە نێرو مێ و، بڕوادارو بێبڕوا دەگرێتەوە، پێشم وایە ئەو ڕایە ڕاستە، کە تەماشای بەکارهێنانی وشەی (**مَرْء**) دەکەین لە قورئانداو، لە زمانی عەرەبییدا، مەبەستیان پێی مرۆڤە، بەبێ لەبەر چاوگرتنی ڕەگەزەکەی، داخۆ نێرە یان مێیە.

لێرەدا (**إبن عُثَيمين**)، لە تەفسیری بەش (**جزء**)ی (**عمّ**)دا[2]، لە تەفسیری ئەو ڕستەیەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِي كُنتُ تُرَٰبًا ﴾، بابای بێبڕوا دەڵێ: خۆزگە گڵ بوومایە، سێ مانایانی بۆ دادەنێ:

١- ﴿ يَٰلَيْتَنِي كُنتُ تُرَٰبًا ﴾، (**فَلَمْ أُخْلَق، لِأنَّ الإنْسَان خُلِقَ مِن تُرَاب**)، واتە: هەر گڵ بوومایەو دروست نەکرابامایەو نەکرابامایە مرۆڤ.

٢- ﴿ يَٰلَيْتَنِي كُنتُ تُرَٰبًا ﴾، (**فَلَمْ أُبْعَث وكُنْت تُرَاباً فِي أجْوَاف القُبُور**)، خۆزگە هەر گڵ بوومایەو دوای ئەوەی دەمردم، هەر بە گڵ و خۆڵیی مابوومایەوە، لە نێو هەناوی گۆڕەکانداو زیندوو نەکرابامایەوە.

---

(١) ج٣٠، ص(٣٩١).

(٢) تفسير جزء (عمّ) ص ٣٨.

٣- ﴿يَٰلَيْتَنِي كُنتُ تُرَٰبًا﴾، (كَمَا كَانَتْ هَذِهِ البَهَائِمُ)، (لە ڕۆژی دواییدا، دوای ئەوەی ئاژەڵان دادوەرییان لەنێواندا دەکرێ، دەبنەوە بە گڵ و خۆڵ)، بابای کافریش خۆزگە دەخوازێ و دەڵێ: بریا وەك ئەو ئاژەڵانە بوومایە (و مرۆڤ نەبوومایە، ئێستا منیش دەبوومەوە خۆڵ و دەربازم دەبوو لە سزا).

لەو بارەوە ئەم دەقەش هەیە کە (الطبري) بە ژمارە: (٣٦٢٧١)، هێناویەتی: {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، قَالَ: إِنَّ اللَّهَ يَحْشُرُ الْخَلْقَ كُلَّهُمْ، كُلَّ دَابَّةٍ وَطَائِرٍ وَإِنسَانٍ، يَقُولُ لِلبَهَائِمِ وَالطَّيرِ كُونُوا تُرَابًا، فَعِنْدَ ذَلِكَ يَقُولُ الكَافِرُ: يَا لَيْتَنِي كُنْتُ تُرَابًا}، (إسنادُهُ حسن، كما قال الطبري).

واتە: ئەبوو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ، لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیهێنێ کە فەرموویەتی: خوا هەموو دروست کراوەکان کۆ دەکاتەوە لە ڕۆژی دواییداو هەموو ژیاندارێك و هەموو باڵندەیەك، هەموو مرۆڤێك، دوایی بە ژیانداران و باڵندەکان دەفەرموێ: ببنەوەی گڵ و خۆڵ، (دوای ئەوەی دادگایی لە نێوانیاندا دەکرێ)، ئنجا لەو کاتەدایە بابای بێبڕوا دەڵێ: خۆزگە منیش گڵ بوومایە.

یانی: ئێستا منیش لەگەڵ ئەوانەدا دەبوومەوە گڵ و خۆڵ و، تووشی ئەو سزاو جەزرەبەیە نەدەبووم، کە چاوەڕێم دەکات.

لێرەدا کۆتایی بە تەفسیری سووڕەتی (النبأ) یاخود سووڕەتی (عم) دێنین و، لە خوای پەروەردگاری میهرەبان دەپاڕێینەوە، یارمەتییمان بدات و هەرچی زیاتر عەقڵ و دڵمان ڕۆشن بکاتەوە، بە ڕووناکیی و بەرەکەتی قورئان و، یارمەتییمان بدات: چۆن قورئان دەفەرموێ، بەو شێوەیە ڕەفتار بکەین و، لە ژیانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتییماندا، ئەم قورئانە بکەینە چرایەك و ڕووناکیی و بەرەکەتێك، بەسەر دەوروبەرماندا بیگشتێنین و دەوروبەریشمانی لێ بەهرەمەند بکەین.

تەفسیری سوورەتی

النَّازِعَاتِ

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

خـوا پشـتیوان بـێ ئەمـڕۆ کـە (٩)ی (ذي القعـدة)ی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر (٣٠/حوزەیرانـی/٢٠٢٠)ی زایینـی، لـە شـاری هەولێـر، دەسـت دەکەیـن، بـە تەفسـیر کردنـی سـوورەتی (النَّازِعَـات) و، وەك عـادەتی خۆشـمان، پێشـەکی پێناسـەو نێـوەڕۆکی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە دەخەینـە ڕوو لـە حـەوت بڕگـەدا:

پێناسەی سوورەتی (النازعات) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە نـاوی هـەرە بـاوی: (سُـورَةُ النَّازِعَـات)ە، هەڵبەتـە زۆرێـك لـە زانایانیـش بـۆ وێنـە: (البخـاري) لـە کتێبـی (الصحیـح)ی خـۆی لـە (کتـاب التفسـیر) دا بـە نـاوی (سُـورَةُ والنَّازِعَـاتِ) هێناویەتـی، بـەڵام وێـڕای ئـەو نـاوە بـە: (سُـورَةُ السَّـاهِرَة) و (سُـورَةُ الطَّامَّـة) و (سُـورَةُ الْمُدَبِّرَات)یـش هاتـوە، چونکـە ئـەو وشـانە تەنیـا لـەم سـوورەتەدا هاتـوون.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

بـە یەکدەنگیـی زانایـان ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە شـاری مەککـە دابەزیـوەو، لـەو بـارەوەش ئـەم دەقـە هاتـوە: {عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ رضـی اللـه عنهـما، قَـالَ: نَزَلَـتْ سُـورَةُ النَّازِعَـاتِ بِمَكَّـةَ} (أخرجـه السـیوطي في الـدر المنثـور: ج٨، ص٤٠٣، ونسـبه لابـن

الضُّريس والنّحاس وابن مردويه والبيهقي، وقال: وأخرج ابن مردويه عن عبدالله بن الزبير مثله) بڕوانە: **(الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٤٩٢)**.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ، گوتوویەتی: سووڕەتی **(النَّازِعَات)** لە مەککە دابەزیوە، لەو سەرچاوانەدا کە ئاماژەم پێدان، ئەو دەقە هاتوە، ئیبنو مورەدەوەیهیش هێناویەتی لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە، کە گوتوویەتی: ئەم سووڕەتە موبارەکە لە مەککە دابەزیوە.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزیندا:

ئەم سووڕەتە موبارەکە لە موصحەفدا ڕیزبەندییەکەی حەفتاو نۆ (٧٩)یە، یانی: لە سووڕەتی **(الفاتحة)**ەوە کە دێی ئەم سووڕەتە موبارەکە ژمارەکەی (٧٩) یەو، لە دابەزینیشدا ژمارەکەی هەشتاو یەك (٨١)ە، پێش **(الإنفطار)**و دوای **(النبأ)** دابەزیوە، ئەوەش وەك جارانی دیکەش ئاماژەم پێداوە، بۆچوونێکە زانایان - بە تایبەت **(جابر بن زيد)** کە ئێمە زیاتر پشت بەو دەبەستین لە دیارییکردنی ڕیز بەندیی سووڕەتەکان لە کاتی دابەزینیاندا - بەڕاو بۆ چوونی خۆیان ئەوەیان گوتوە، نەك دەقێکی لەسەر بێ.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

زۆربەی هەرە زۆری ژمێرەرەرانی ئایەتەکان، ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتەیان بە چل و پێنج (٤٥) داناوەو، بەشێکیش بە چل و شەش (٤٦) یان داناوەو، زیاتر ژمارەی چل و شەش (٤٦) تەبەننیی کراوە، بە تایبەتی لەو موحەفانەی لەو ناوچانەی ئێمەدا هەن.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

تـەوەری بنەڕەتیـی ئـەم سـوورەتەش هـەر باسـی ڕۆژی دوایـی و هاتنـی سـزاو پاداشـتە، بـەڵام بەسـەرهاتی مووسـا (عليه السلام) و ناردنـی بـۆ لای فیرعـەون، کـە دوازدە (١٢) ئایەتـی بـۆ تەرخانکـراون ئایەتەکانـی: (١٢ - ٢٦)و، ئاماژەیەکیـش بـە هەندێـك لـە دیمەنەکانـی گـەردوون، کـە ئەویـش حـەوت (٧) ئایەتـی بـۆ تەرخانکـراون، ئایەتەکانـی: (٢٧ - ٣٣)، نێواخنـی ئـەو بابەتـە بنەڕەتییـەی ئـەو سـوورەتە کـراون، کەواتـە: (١٢ + ٧ = ١٩)، نـۆزدە (١٩) ئایـەت، بـۆ ئـەو دوو بابەتـە نێواخـن کـراوە تەرخانکـراون، ئنجـا (٤٦ - ١٩= ٢٧) واتـە: بیسـت و حـەوت (٢٧) ئایـەت لـە سـەرەتاو لـە کۆتاییـەوە لـە بـارەی ڕۆژی دواییـەوەن، کـە بریتیـن لـە چـواردە (١٤) ئایـەت لـە سـەرەتایەوەو، سـێزدە (١٣)ش لـە کۆتاییـەوە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

سێ تایبەتمەندیی گرنگم لەم سوورەتەدا کەوتوونە بەرچاو:

١- جگە لە سوورەتی (**الزمر**)، باسی دووجار فووکرانەکان بە کەڕەنادا، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە، بە دوو وشەی: ﴿ٱلرَّاجِفَةُ﴾و ﴿ٱلرَّادِفَةُ﴾، لە سوورەتی (**الزمر**) دا ئاوا هاتوە: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ ...﴿٦٨﴾﴾، بەڵام لێرەدا ئاوا هاتوە: ﴿يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ ﴿٦﴾ تَتۡبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴿٧﴾﴾.

٢- لەم سوورەتەدا دەقێ لەسەر ئەوە کراوە، کە زەوی دوای ئاسمان دروست بووە: ﴿ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُۚ بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمۡكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغۡطَشَ لَيۡلَهَا وَأَخۡرَجَ ضُحَىٰهَا ﴿٢٩﴾ وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾﴾، واتە: ئایا دروستکرانی ئێوە قورسترە یان ئاسمان؟ (خوا) بنیاتی ناوە. شەوگارەکەی تارێك کردوەو تێشك و ڕووناکییەکەی دەرهێناوە، دوای ئەوەش (خوا) زەوی پانڕاخست و ئامادەکرد.

ئەمەش دەقە لەسەر ئەوە کە زەوی پاش دروست کرانی ئاسمان دروست بووە.

بۆیەش وا دەڵێم: چونکە کاتی خۆی لە کاتی تەفسیری سوورەتی (**فصلت**)دا لەو بارەوە مشت و مڕێکی زانایانمان باسکرد، کە زانایان هەندێکیان ڕایان وایە زەوی پێش ئاسمان دروست کراوە، لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار دەفەرمویٚ: ﴿ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ ﴿١١﴾ ﴾فصلت، لە وێ ڕوونمان کردەوە، کە (ثُمَّ) لێرەدا بۆ ڕیزبەندیی باسکردنە، نەك ڕیز بەندیی دروستکردن، بەڵام ئێستا کە زانستی فیزیایی و گەردووناسیی بەرەو پێشەوە چووە، ئەوە بۆتە شتێکی بەڵگە نەویست کە زەوی یەکێکە لە کۆمەڵەی خۆرو نۆ خڕۆکە بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە، خۆریش ئەستێرەیەکە لە نزیکەی تریلۆنێك، هەزار (١٠٠٠) ملیار ئەستێرە لە کەهکەشانی کاکێشانداو، کەهکەشانی کاکێشانیش یەکێکە لە دوو سەد (٢٠٠) ملیار کەهکەشان و، بە ڕایەکی دیکەی زانایان: یەك تریلیۆن (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠).

کە لە گەردوونی بینراو (**الكون المنظور**)دا هەن.

کەواتە: ئەم زەوییەی ئێمە لە ڕووی قەبارەوە شتێکی زۆر بچووکە لە نێو گەردووندا، ناگونجێ سەرەتا زەوی دروست کرابێ، ئەم ئایەتەش زۆر بە ڕوونیی ئەوە دەگەیەنێ کە دوای ئەوەی خوا ئاسمان یانی: گەردوونی خولقاندوە ئەو دروستکراوانەی هەر خوا ﷻ دەزانێ سنووریان تاکو کوێیە؟! ئنجا لە نێو ئەواندا، دوایی زەوی دروست کردوە: ﴿ وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَاهَا ﴿٣٠﴾ ﴾**النازعات**.

٣- چەند وشەو تەعبیرێك تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون و، ئەوانەی بە زەقیی هاتوونە بەرچاوم، ئەمانەن:

١- ﴿ وَالنَّازِعَاتِ غَرْقًا ﴾.

٢- ﴿وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا﴾.
٣- ﴿يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ﴾.
٤- ﴿تَتۡبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ﴾.
٥- ﴿وَاجِفَةٌ﴾.
٦- ﴿ٱلۡحَافِرَةِ﴾.
٧- ﴿نَّخِرَةٗ﴾، (نَاخِرَة).
٨- ﴿زَجۡرَةٞ﴾.
٩- ﴿بِٱلسَّاهِرَةِ﴾.
١٠- ﴿وَأَغۡطَشَ﴾.
١١- ﴿ضُحَىٰهَا﴾.
١٢- ﴿ٱلطَّآمَّةُ ٱلۡكُبۡرَىٰ﴾.

دەشگونجێ وشەو تەعبیری دیکەش پەیدا بکرێن، کە تایبەتن بەم سووڕەتە موبارەکەوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

کۆی چل و شەش ئایەتەکەی ئەم سووڕەتە موبارەکە، دەکەینە یەك دەرس، چونکە هەموویان پێکەوە پەیوەست و تێکهەڵکێشن، وەك جارێ دیکەش باسم کردوە، هەر سووڕەتێك کە دەمەوێ تەفسیری بکەم، زۆر سەرنجی دەدەم، وێڕای ئەوەی تەماشای تەفسیرەکان دەکەم، زۆریش بۆ خۆم تێوەی ڕادەمێنم و لێی ورد دەبمەوە، ئایا دەگونجێ بۆ چەند برگە بۆ چەند تەوەر دابەش بکرێ؟

بەڵام هەندێك لە سوورەتەكان، واتیكهەڵكێشن بە ئاسانیی ناگونجێ برگە برگەو دابەشی بكەی، بۆ چەند دەرسێك، ئەم سوورەتەش یەكێكە لەو جۆرە سوورەتانەو، چواردە ئایەتی سەرەتا باسی ڕۆژی دوایی بە تایبەت ئاخیر زەمان، دەكەن و، دوایی قیامەتیشی لەگەڵ دا تێكهەڵكێش دەكرێ.

هەروەها سێزدە ئایەتی كۆتاییش دیسان باسی ڕۆژی دوایی و قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ و... هتد دەكەن.

ئنجا دوازدە ئایەت دەربارەی بەسەرهاتی مووسا ﷺ و، حەوت ئایەتیش لە بارەی پێشاندانی كۆمەڵێك لە دیاردە و دیمەنەكانەوە لە گەردووندا هەن، وەك بەڵگە لەسەر دەسەڵاتی بێ سنووری خواو، مشوور خۆریی خوا ﷻ و، سیفەتە بەرزو ناوازەكانی خوا ﷻ، ئەوە نۆزدە (١٩) ئایەت.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە کـۆی چـل و شـەش ئایەتەکـەی (**النازعـات**) پێـك دێنـێ، کـە دابـەش دەبـن بـۆ پێنـج تـەوەر:

تـەوەری یەکـەم: ئایەتەکانـی: (١ - ١٤)، سـوێند خواردنـی خـوا ﷻ بـە پێنـج شـت و، باسـی دووجـار فـوو کرانەکـە بـە کەڕەنـاداو، شـڵەژان و کۆسـت کەوتنـی بێبڕوایـان و، چەنـد مەسـەلەیەکی دیکـە لەگـەڵ ئـەو بابەتـە سـەرەکییەدا نێواخـن کـراون.

تـەوەری دووەم: ئایەتەکانـی: (١٥ - ٢٦)، واتـە: دوازدە ئایـەت، باسـی بەسـەرهاتی مووسـا عليه السلام و هاڕوونـی براشـی و، ناردنـی بـۆ لای فیرعـەون و، بـە نەرمیـی و میهرەبانیـی دواندنـی و، لـە بەرانبـەردا خـۆ بـە زلگرتنـی و ملهوڕیـی و عینادیـی و یاخیبوونـی فیرعـەون و سـەرەنجام سـزادانی.

تـەوەری سێیەم: ئایەتەکانـی: (٢٧ - ٣٣)، واتە: حەوت ئایەت، باسی سەرنجڕاکێشـانی مرۆڤان بۆ دروسـتکرانی ئاسـمان و زەوی و پێکهاتە سەرەکییەکانی زەوی.

تـەوەری چـوارەم: ئایەتەکانـی: (٣٤ - ٤١)، واتـە: هەشـت ئایـەت، باسـی هاتنـی قیامـەت و سـەرەنجامی هـەر کام لـە یاخییانـی ئـارەزوو پەرسـت و، خۆپارێزانـی خواپەرسـت و خـۆ مەرزەمکـەر لـە بەرانبـەر ئـارەزووە ناشـەرعییەکان دا.

تـەوەری پێنجـەم و کۆتایـی: ئایەتەکانـی: (٤٢ - ٤٦)، واتـە: پێنـج ئایـەت، باسـی پرسـیار کـران لـە پێغەمبـەری خـوا لـە بـارەی ئاخیـر زەمانـەوەو، ڕاگەیاندنـی خـوا کـە ئەرکـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ زانینـی ئـەو کاتـە نیـە، بەڵکـو ئەرکـی ئـەو تەنیـا ترسـاندنی کەسـانێکە کـە سـام و هەیبەتیـان هەیـە، بەرانبـەر بـەو ڕۆژە، بـۆ ئـەوەی وریـا بـن و، تووشـی سـزاو جەزرەبـەی خـوای دادگـەر نەبـن لـەو ڕۆژەدا.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا ١ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ٢ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا ٣ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا
٤ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ٥ يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ ٦ تَتۡبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ٧ قُلُوبٞ يَوۡمَئِذٖ وَاجِفَةٌ
٨ أَبۡصَٰرُهَا خَٰشِعَةٞ ٩ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرۡدُودُونَ فِي ٱلۡحَافِرَةِ ١٠ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا
نَّخِرَةٗ ١١ قَالُواْ تِلۡكَ إِذٗا كَرَّةٌ خَاسِرَةٞ ١٢ فَإِنَّمَا هِيَ زَجۡرَةٞ وَٰحِدَةٞ ١٣ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ
١٤ هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ١٥ إِذۡ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوًى ١٦ ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ
طَغَىٰ ١٧ فَقُلۡ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ١٨ وَأَهۡدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخۡشَىٰ ١٩ فَأَرَىٰهُ ٱلۡأٓيَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰ
٢٠ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ٢١ ثُمَّ أَدۡبَرَ يَسۡعَىٰ ٢٢ فَحَشَرَ فَنَادَىٰ ٢٣ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٢٤
فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلۡأٓخِرَةِ وَٱلۡأُولَىٰٓ ٢٥ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةٗ لِّمَن يَخۡشَىٰٓ ٢٦ ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُۚ
بَنَىٰهَا ٢٧ رَفَعَ سَمۡكَهَا فَسَوَّىٰهَا ٢٨ وَأَغۡطَشَ لَيۡلَهَا وَأَخۡرَجَ ضُحَىٰهَا ٢٩ وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ
دَحَىٰهَآ ٣٠ أَخۡرَجَ مِنۡهَا مَآءَهَا وَمَرۡعَىٰهَا ٣١ وَٱلۡجِبَالَ أَرۡسَىٰهَا ٣٢ مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ ٣٣
فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ ٱلۡكُبۡرَىٰ ٣٤ يَوۡمَ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ ٣٥ وَبُرِّزَتِ ٱلۡجَحِيمُ لِمَن يَرَىٰ
٣٦ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ٣٧ وَءَاثَرَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ٣٨ فَإِنَّ ٱلۡجَحِيمَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ٣٩ وَأَمَّا مَنۡ خَافَ
مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ ٤٠ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ٤١ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ
مُرۡسَىٰهَا ٤٢ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكۡرَىٰهَآ ٤٣ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ٤٤ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخۡشَىٰهَا ٤٥
كَأَنَّهُمۡ يَوۡمَ يَرَوۡنَهَا لَمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوۡ ضُحَىٰهَا ٤٦ ﴾

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. سوێند بەو (فریشتە)انەی دەرکێشەر (ی گیانی بێبڕوایان)ن بە توندیی ﴿١﴾ هەروەها سوێند بەو (فریشتە)انەی کێشەر (ی گیانی بڕواداران)ن بە نەرمیی و سێنایی ﴿٢﴾ هەروەها سوێند بەو (فریشتە) انەی مەلەکەرن (بە خێرایی لە نێوان ئاسمان و زەویدا دەفڕن) ﴿٣﴾ ئنجا سوێند بەو (فریشتە)انەی (بۆ جێ بەجێکردنی ئەرکەکانیان) لە یەکدی پێشکەوتووەوەن ﴿٤﴾ ئنجا سوێند بەو (فریشتە)انەی کاروبار بەڕێوەبەرن ﴿٥﴾ ئەو ڕۆژە کە (زەوی) بە ڕاتەکێنرانێکی تایبەت (دوای فووکردنی یەکەم بە کەڕەنادا) دەلەرزێ ﴿٦﴾ (فووکردنی دووەمی) بە دواداهاتووشی شوێن دەکەوێ ﴿٧﴾ دڵانێك لەو ڕۆژەدا بە تەپەتەپ (و هەراسان)ن ﴿٨﴾ چاوەکانیان زەبوون و بە ترس و لەرزن ﴿٩﴾ (بێبڕوایان) دەڵێن: ئایا ئێمە (دوای مردن زیندوو دەکرێینەوەو) گێڕدراوە دەبین بۆ حاڵەتی پێشوو؟! ﴿١٠﴾ ئایا ئەگەر بوونیە ئێسکە کلۆرو پڕتووکاوەکان؟ ﴿١١﴾ (ئەگەر وابێ) کەواتە: ئەو گەڕانەوەیە زیانبارانەو دۆڕاوانە دەبێ ﴿١٢﴾ (بەڵێ): بێگومان ئەو (کار)ە، تەنیا یەك تێوە خوڕینە ﴿١٣﴾ (ئیدی دوای فووکردنی دووەم بە کەڕەنادا) یەکسەر ئەوان لە گۆڕەپان دا دەبن ﴿١٤﴾ (ئەی موحەممەد!) ئایا (هەواڵی) باس و خواسی مووسات بۆ هاتوە؟ ﴿١٥﴾ کاتێك پەروەردگاری لە دۆڵی تووای پاککراوەدا بانگی کرد ﴿١٦﴾ (پێی فەرموو:) بچۆ بۆ لای فیرعەون، چونکە ئەو (لە خوا) یاخیی بووە ﴿١٧﴾ ئنجا (پێی) بڵێ: ئایا حەز دەکەی خۆت پاك و چاك بکەی؟ ﴿١٨﴾ هەروەها بەرەو لای پەروەردگارت ڕێنماییت بکەم (تاکو بیناسی و بڕوای پێ بێنی و) سەرەنجام بە مەزەنگرتنەوە سامی لێ بکەی؟ ﴿١٩﴾ ئنجا (مووسا) گەورەترین نیشانەی پێشان دا ﴿٢٠﴾ کەچی (فیرعەون) بە درۆی داناو سەرپێچیی کرد ﴿٢١﴾ دواییش پشتی هەڵکردو (دەتبینی) شێلگیرانە (لە دژی مووساو پەیامەکەی) هەوڵی دەدا ﴿٢٢﴾ ئنجا خەڵکی کۆ کردەوە،

یەکسـەر بانگـی کـرد: ﴿٢٣﴾ گوتـی: مـن بەرزتریـن پەروەردگارتانـم ﴿٢٤﴾ ئنجا خـواش بـە سـزادانی (سـڵەمێنەرەوانەی) کۆتایـی و یەکـەم (دواڕۆژ و دنیـا) گرتـی ﴿٢٥﴾ بـە دڵنیایـی لـەوەدا پەنـد هەیـە بـۆ هـەر کـەس تـرس و سام بـکات (لـە خـوای بـەرزی مـەزن) ﴿٢٦﴾ (ئـەی خەڵکینـە!) ئایـا دروسـتکردنی ئێـوە قورسـترە یـان ئاسـمان؟ (خـوا) بنیاتـی نـاوە ﴿٢٧﴾ ئەسـتووریی و بەرزییەکـەی بڵنـد کـردوە، ئنجا ڕێـك و پێـکی کـردوە ﴿٢٨﴾ شەوگارەکەشـی تاریـك کـردوەو تیشـك و ڕووناکییەکەشـی دەرهێنـاوە ﴿٢٩﴾ دوای ئـەوەش زەوی ڕاخسـت و ئامـادە کـرد (بـۆ ژیـان و گـوزەران) ﴿٣٠﴾ ئاوەکـەی و (ڕووەك و) لـە وەرگایەکـەی لـێ دەرهێنـا ﴿٣١﴾ چیایەکانیـشی چەسـپاندن (و پێیـدا ڕۆبردنـە خـوار) ﴿٣٢﴾ (کـە ئـەو هەڵکەوتـەی زەوی ببێتـە مایـەی) بەهـرە وەرگرتـن و گوزەرانـی خۆتـان و ئاژەڵانتـان ﴿٣٣﴾ ئنجا هـەر کات ڕووداوە بێـڕەزا داپۆشـەرەکە هـات ﴿٣٤﴾ ئـەو ڕۆژەی مـرۆڤ دێتـەوە یـادی چ کۆششـێکی کـردوە! ﴿٣٥﴾ دۆزەخیـش بـۆ هـەر کەسـێك ببینـێ، وەدەرخـرا ﴿٣٦﴾ ئنجا هـەر کـەس (لـە خـوا) یاخیـی بووبـێ ﴿٣٧﴾ ژیانـی دنیاشـی هەڵبژاردبـێ (بەسـەر هـی دواڕۆژدا) ﴿٣٨﴾ (ئـەوە) بـە دڵنیایـی دۆزەخ سرەوتگایەتـی ﴿٣٩﴾ بـەڵام کەسـێك سـامی لـە پێگـەی پـەروەردگاری کـرد بـێ و، خـۆی لـە ئـارەزوو (ی ناشـەرعیی) گێڕابێتـەوە ﴿٤٠﴾ ئـەوە بێگومـان بەهەشـت سرەوتگایەتـی ﴿٤١﴾ لـە بـارەی ڕۆژی دواییـەوە لێـت دەپرسـن: چ کاتێـك (کاتـی) لەنگـەر گرتنیەتـی؟ ﴿٤٢﴾ باسـکردنی (و زانینـی کاتەکـەی) کـەی کاری تۆیـە؟ ﴿٤٣﴾ کۆتایـی و سـەرەنجامەکەی تەنیـا بـۆ لای پەروەردگارتـە ﴿٤٤﴾ تـۆ تەنیـا ترسـێنەرو وریاکـەرەوەی کەسـێکی تـرس و سـامی لێـی هەبـێ ﴿٤٥﴾ ئـەو ڕۆژەی دەیبینـن وەك تەنیا ئێوارەیـەك یـان چێشـتەنگاوەکەی (لـە ژیـان دا) مابنـەوە ﴿٤٦﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا): (نَـزْعُ الـشَّيءِ: جَذْبُـهُ مِـنْ مَقَـرِّهِ، كَنَـزْعِ القَـوْسِ عَـن كَبِـدِهِ)، (نَـزْع): بریتیـە لـە دارِنیـن و ڕاکێشـانی شـتێك بـە توندیـی، لـە شـوێنێ کـە لێیەتـی، وەك چـۆن کـەوان دەکێـشرێ، (وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا): (المَلَائِكَـة تَنْـزِع الأَرْوَاحَ مِـن الأشـبَاح)، ئـەو فریشـتانەی ڕووحـەکان لـە کەلەشـەکان، جەسـتەکان وەردەگـرن.

(غَرۡقٗا): (الغَـرْقُ: الرُّسُـوبُ فِي المَـاء وَفِي البَـلاء)، (غَـرْق): بریتیـە لـە نغـرۆ بـوون لـە نێـو ئـاوداو لـە بـەڵاو نارِەحەتییـدا، دەگوتـرێ: (أَغْـرَقَ فِي الـشَّيءِ: جَـاوَز الحَـدَّ وَبَالَـغَ)، لـە سـنوور تێپەڕانـدو زۆر بـە سـەختیی ئـەو کارەی ئەنجـام دا، کەواتـە: کـە دەفەرمـوێ: (وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا): واتـە: ئـەو فریشـتانەی بـە توندیـی ڕووحـەکان دەکێشـن، زۆربـەی زانایـان، گوتوویانـە: ئـەو بـە توندیـی کێشرانـە، بـۆ ڕووحـی بێبڕوایەکانـە.

(وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا): (نَشَـطَ يَنْشـطُ: نَـزَعَ يَنْـزِع)، واتە: ڕایکێشـا ڕادەکێشـی، (نَشَـطْتُ العُقْـدَةَ: عَقَدْتُهَـا)، واتـە: گرێیەکـەم گرێـدا، (والنَّشْـطُ: العَقْـدُ الَّـذِي يَسْـهُل حَلُّـه)، (نَشْـط)، بـە گرێیـەك دەگوتـرێ بـە ئاسـانیی بکرێتـەوە، بۆیـە زانایـان گوتوویانـە: (وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا)، واتـە: ئـەو فریشـتانەی ڕووحـی بـڕواداران بـە نەرمیـی و بـە هێواشـیی لـە جەسـتەیان دەکێشـن.

(وَٱلسَّٰبِحَٰتِ): لـە (سَـبْح)ەوە هاتـوە، (السَّـبْحُ: المَـرُّ السَّرِيْـعُ فِي المَـاء أَو فِي الهَـوَاءِ)، (سَبْح): بریتیـە لـە ڕۆیشـتنی خێـرا بـە نێـو ئـاودا، یـان لەنێـو هـەوادا (کـە مەلـەی پێ دەگوتـرێ و فڕینـی پێدەگوتـرێ) (سَـبَحَ، سَـبْحًا، وسِـبَاحَةً)، واتـە: بـە خێرایـی ڕۆیشـت.

(فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا): (التَّدْبِـيرُ: التَّفَكُّـرِ فِي دُبُـر الأمْـرِ)، (تَدْبِـير): بریتیـە لـە بیرکردنـەوە لـە سـەرەنجامی کارەکـە، بۆیـە بـە کوردیـی ئەگـەر بڵێیـن: تەگبیـری کـرد، مشـووری خـوارد، سەرپەرشـتییکرد، ئـەوە مانـای (تَدْبِـيْر)ە.

(تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ): (**الرَّجْـفُ: الإضْطِـرَابِ الشَّـدِيْد**)، (**رَجْـف**): بریتیـە لـە لەرزینـەوەو هەژانێکـی بـە هێـز، دەگوتـرێ: (**رَجفَـتِ الأرْضُ وَرَجَـفَ البَحْـرُ**)، زەوییەکـە لەرزییـەوەو دەریاکـە هـەژا، هەروەهـا (**رَجْفَـة**) بـە مانـای: (**الصَّيْحَـةُ وَالزَّلْزَلَـة**)، چریکـەو لەرزینـەوەش، هاتـوە.

(ٱلرَّادِفَةُ): (**الـرِّدْفُ: التَّابِعُ، وَرِدْفُ المَـرْأَةِ: عَجِيْزَتُهَـا**)، (**رِدْف**): بـە مانـای شـوێنکەوتوو، شـتێك لـە دوای شـتێکەوە، (**رِدْفُ المَـرْأَةِ**)، سـمت و پاشـەوەی ئافـرەت، (**الـرَّادِف: المُتَأخِّـرُ**)، (**رَادِف**)، دواکەوتـوو، لێـرە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ تَتۡبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴾، یانـی: (**تَتْبَـعُ الرَّجْفَـةَ الأوْلَى**)، بـە دوای لەرزینـەوەی یەکـەم دادێ (فـووی دووەم کـە بـە کەڕەنـادا دەکـرێ، بـە دوای فـووی یەکـەم دا دێ، لـە دوای فـووی یەکـەم ئاخیـر زەمـان دەقەومـێ (تێکچوونـی گـەردوون) و، لـە دوای فـووی دووەمیـش و قیامـەت و زینـدوو کرانـەوە ڕوو دەدات).

(وَاجِفَةٌ): (**المُضْطَرِبَـةُ مِـنَ الخَـوْفِ، وَجَـفَ كَـضَرَبَ**)، (**وَاجِفَـة**)، یانـی: تـرس و لـەرز لێنیشـتوو، (**وَاجِفَـة**)، لەسـەر کێشـی (**ضَرَبَ**)یـە، وەك (**وَجَـف، يَوجِـف، ضَرَب ، يَـضْرِب**)، (**وَجَـفْ وَجِيْـفْ وُجُـوف**)، هـەر سێکیان چاوگـن، واتـە: تـرس و سـام ڕێنیشـتن، یاخـود شـڵەژان، (**الوَجِيْـفُ: سُرْعَـةُ السَّـيْر**)، خێـرا ڕۆیشـتن، ﴿ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ ﴿٦﴾ ﴾الحـشر، واتـە: هیـچ وڵاخـە بـەرزەو حوشـترتان بەخێرایـی نەڕۆیشـتاندبوون بـۆ ئـەو جەنگـە، لـە زمانـی عەرەبییـدا گوتـراوە: (**أَوْجَـفَ وَأعْجَـف**)؛ واتـە: وڵاخەکـەی بـە خێرایـی لێخـوری و لـەڕو لاوازی کـرد، (چونکە مانـدووی کردوە).

(أَءِنَّا لَمَرۡدُودُونَ): ئایـا ئێمـە گێڕدارەوەیـن؟ (**الـرَّدُّ: صَرْفُ الـشَّيء بِذَاتِـهِ أو بِحَالَـةٍ مِـنْ أحْوَالِـه**)، (**رَدّ**): بریتیـە لـە گێڕانـەوەی شـتێك بەخـودی خـۆی یـان بەحاڵێـك لـە حاڵەکانـی، (**المَـرْدُوْد: الـشَّيءُ المُرْجَـعُ إلى صَاحِبِـه**)، (**مَـرْدُود**): شـتێکە بگێڕدرێتـەوە بـۆ خاوەنـی، گوتـراوە: ماڵـی قەڵـب سـەر بـە خاوەنیەتـی، کەواتـە: (أَءِنَّا لَمَرۡدُودُونَ)؛ واتـە: ئایـا ئێمـە گێڕدراوەیـن؟

(ٱلْحَافِرَةِ): (الحَالَـةُ القَدِيْمَـة: رَجَـعَ عَـلَى حَافِرَتِـهِ، وَرَجَـعَ الشَّـيْخُ إِلى حَافِرَتِـهِ: هَـرِمَ، الحافـرة: الأَرْض الَّتِـي جُعِلَـتْ قُبُورَهُـمْ، أي: أَنَحْـنُ مَـرْدُودُونَ فِي الحَافِـرَة)، (حَافِـرَة): بریتیە لـە حاڵەتـی پێشـتر، (رَجَـعَ عـلى حافرتـه)، واتـە: گەڕایـەوە بـۆ حاڵەتـی پێشـوو، (رَجَـعَ الشَّـيْخُ إِلى حَافِرَتِـهِ) واتـە: پیربـوو (گەڕایـەوە بـۆ حاڵەتـی پێشـێ، سـەردەمی منداڵیـی) (حافـرة) زەوییـەك كـە كـراوە بـە گۆڕەكانیـان، ﴿ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِى ٱلْحَافِرَةِ ﴾، (أَنَحْـنُ مَـرْدُودُونَ فِي الحَافِـرَة)، ئایـا لـە كاتێكـدا ئێمـە لـە چاڵـی مـەرگ دایـن، دەگێڕرێینـەوەو زینـدوو دەكرێینـەوە؟!

(نَّخِرَةً): (نَخِـرَت الشَّـجَرَةُ: بَلِيَـت، نَخْـرَة الرِّيْـحِ، أي: هُبُوبُهَـا، وَالنَّخِـيْرُ: صَـوْتٌ مِـنَ الأَنْـف)، (نَخِـرَت الشَّـجَرَة)، درەختەكـە كلـۆر بـوو، بـۆش بـوو، (نخـرة الريـح) دەنگـی بـا، هەروەهـا دەنگـی لـووتی كەسـێك كـە پرخـەی دێ (نَخِـيْر)ی پێدەگوتـرێ.

(كَرَّةٌ): (الكَـرّ: العَطْـفُ عَـلَى الـشَّيء بِالـذَّاتِ أَو بِالْفِعْـل)، (كَـرّ): بریتیـە لـە گەڕانـەوە، بـۆ شـتێك خـودی ئـەو شـتە یاخـود كردەوەكـەی.

(زَجْرَةٌ): واتـە: تێخوڕیـن بـە كوردیـی، (الزَّجْـرُ: طَـرْدٌ بِصَـوْتٍ، ثُـمَّ يُسْـتَعْمَلُ فِي الطَّـرْد تَـارَةً وَفِي الـصَّ وْتِ أُخْـرَى)، (زَجْـر): بریتیـە لـە دەركردنـی كەسـێك بـە دەنـگ، دوایـی بـە كارهێـنراوە هـەم بـۆ دەركـردن، هـەم بـۆ دەنـگ، بـە جیـا جیـا.

(بِٱلسَّاهِرَةِ): (وَجْـه الأَرْضِ)، (سَـاهِرَة)، واتـە: ڕووی زەوی، (أَرْضُ القِيَامَـة)، گۆڕەپانـی قیامـەت، (وَحَقِيْقَتُهَـا التَّـي يَكْـثُر الـوَطء بِهَـا فَكَأَنَّهَـا سَـهَرَت بِذَلِـكَ)، (سَـاهِرَة)، ئـەو زەوییەیـە زۆری پـێ لێـنراوە، وەك لەبـەر ئـەوە شـەونخوونیی كێشـابێ، خـەوی لـێ نەكەوتبـێ.

(طُوًى): (طَوَيْـتُ الـشَّيء طَيًّا)، شـتەكەم پێچایـەوە، (طُـوَى)، نـاوی ئـەو دۆڵەیـە كـە یەكـەم جـار خـوا تێیـدا وەحیـی بـۆ مووسـا نـارد.

(نَكَالَ): (نَـكَلَ عَـنِ الـشَّيءِ: ضَعُـفَ وَعَجَـزَ، وَنَكَلْتُـهُ: قَيَّدتُـهُ، وَالنِّـكْلُ: قَيْـد الدَّابَـةِ وَحَدِيْـدة اللِّجَـام، وَنَكَّلْـتُ بِـهِ: إِذَا فَعَلْـت بِـهِ مايُنْـكَلُ بِـهِ غَـيْرُه)، (نَـكَلَ عَـنِ الـشَّيءِ) واتـە: بـێ هێـز

بـوو و دەسـتە پاچـە بـوو، لـە بەرانبـەر ئـەو شـتەدا، (**وَنَكَلْتُـهُ: قَيَّدتُـهُ**)، بەسـتمەوەو کەلەپچـەم کـرد، (**نِـكْل**) بـەو ئاسـنە دەگوتـرێ کـە لـە پێـی ئـاژەڵ دەکـرێ، هەروەهـا بـەو (لغـاو)ەش دەگوتـرێ: کـە لـە زاری وڵاخـە بـەرزە دەکـرێ بـۆ ئـەوەی لـەوەڕ نەخوا، (**نَكَّلْـتُ بِـه**)، کارێکـم پـێ کـرد جگەلـە خـۆی پێـی تەمبـێ خـواردوو بـێ.

(**لَعِبْرَةً**): پەنـدو ئامۆژگاریـی، (**أَصْـلُ العَـبْرِ تَجَـاوَزٌ مِـنْ حَـال إلى حَـال، وَالإعْتِبَـار وَالعِـبْرَة: الحَالَـة الَّتِـي يُتَوَصَّـلُ بِهَـا مِـنَ مَعْرِفَـة المُشَـاهَد إلى مَـا لَيْـسَ بِمُشَـاهَد**)، وشـەی: (**عَـبْر**)، لـە ئەصڵـدا بـە مانـای تێپەڕینـە لـە حاڵێکـەوە بـۆ حاڵێـك، (**اعْتِبَـار وعِـبْرَة**)، بـەو حاڵەتـە دەگوتـرێ: کـە بەهـۆی شـتێکی زانـراوەوە بـە شـتێك نەزانـراو، دەگـەی.

(**بَنَىٰهَا**): واتـە: دروسـتی کـردو بنیاتـی نـا، (**بَنَـى الـشَّيءَ يَبْنِيْـه بَنايـة وَبَنـاءً وَبُنْيَانَـاً: أَقَـامَ جِـدَارَه وَنَحْـوَه**)، شـتەکەی دروسـتکرد دروسـتی دەکات، (**بَنايَـةً وَبَنْـاءً وَبُنْيَانَـاً**) هەرسـێکیان چـاوگ (**مصـدر**)ن واتـە: دیوارەکـەی دروسـت کـرد، یـان شـێوەی دیوارەکـەی دروسـت کـرد.

(**سَمْكَهَا**): (**سَـمَكَ يَسْـمُكُ سُـمُوكَاً: عَـلَا وَارْتَفَـعَ**)، (**سَـمَكَ يَسْـمُكُ**)، واتـە: بەرزبـوو، بەرزدەبـێ، (**سُـمُوك**)، بەرزیـی، بەرزکـراوە (**سَـامِك**)، بـەرزو هەڵچـوو، (**سَـمَكَ الـشَّيء سَـمْكاً: رَفَعَـهُ**)، شـتەکە بـەرز کـردەوە، (**سَـمْك: سَـقْف**)، (**سَـمْك**) بـە سـەربان دەگوتـرێ و بـە ئەسـتووریی و بەرزییـش دەگوتـرێ.

(**فَسَوَّىٰهَا**): (**سَـوَّى الـشَّيءَ: قَوَّمَـهُ وَعَدَّلَـهُ وَجَعَلَـهُ سَـوِيَّاً**)، واتـە: شـتەکەی ڕێکخسـت و هاوسـەنگی کـردو چاکـی کـرد.

(**وَأَغْطَشَ**): (**غَطَـشَ اللَّيْـلُ يَغْطِـشُ غَطْشَـاً: أَظْلَـمَ**)، شـەوەکە تاریـك بـوو، تاریـك دەبـێ، تاریـك بـوون، (**وَأَغْطَـشَ اللَّيْـلُ وَالبَـصَرُ: أَظْلَـم**)، شـەوەکە یـان چاوەکـە حاڵەتێکـی (**غَطْـش**) و (**إغْطَـاش**) یـان بەسـەرداهات، یانـی: تاریـك بـوو، چاوەکـە نەیبینـی و تاریـك بـوو، جەوەکـە تاریـك داهـات، (**أَغْطَـشَ اللَّيْـل**)، کەواتـە: (**أَغْطَـش القَـوْمُ**)، واتـە: خەڵکەکـە چوونـە نێـو تاریکاییـەوە (**وَأَغْطَـش اللـه اللَّيْـل**)، واتـە: خـوا شـەوەکەی تاریـك داهێنـا.

(ضُحَىٰهَا): (الضُّحَى: ضَوءُ الشَّمْس)، (ضُحَى): بریتیە لە تیشکی خۆر، (وَارْتِفَاع النَّهَار وَامْتِدَادُهُ)، بەرزبوونەوەی ڕۆژ و درێژە کێشانی ڕۆژگار.

(دَحَىٰهَآ): (دَحَى الشَّيءَ: بَسَطَهُ وَوَسَّعَهُ)، واتە: زەوییەکەی پانڕاخست و فراوانی کرد، ئامادەی کرد.

(وَمَرْعَىٰهَا): (مَوْضِع الرَّعِي)، واتە: شوێنی لێ لەوەڕاندن، (الرَّعِيُ: حِفْظُ الحَيْوَان إمَّا بِغِذَائِه الحَافِظ لحَيَاتِه، وَإمَّا بِذَبِّ العَدوِّ عَنْهُ)، (رَعِي) بریتیە لە پارێزگاریی لێکردنی ئاژەڵ، چ بەوەی ئەو خۆراکەی بدرێتێ کە ژیانی دەپارێزێ، چ بەوەی دوژمنی لێ دوور بخرێتەوە.

(أَرْسَىٰهَا): (رَسَى الشَّيءُ يَرْسُوا رَسَّاً: ثَبَتَ، وَأَرْسَاهُ غَيْرُهُ)، (أرْسَها)، لە (رَسِي)وە هاتوە، (رَسَى الشَّيءُ يَرْسُوا رَسَّاً)، واتە: شتەکە چەسپا، دەچەسپێ، چەسپان، (وَأَرْسَاهُ غَيْرُهُ)، واتە: جگەلە خۆی چەسپاندی.

(مَتَٰعًا): (المَتَاعُ: كُلُّ مَا يُنْتَفَعُ بِهِ عَلَى وَجْهٍ، فَهُوَ مَتَاعٌ وَمُتْعَة)، هەر شتێك بەهرەی لێ وەربگیرێ بە شێوەیەك لە شێوەکان، پێی دەگوترێ: (مَتَاع) و (مُتْعَة) یانی: بەهرە لێ وەرگیراو.

(ٱلطَّآمَّةُ ٱلْكُبْرَىٰ): کارەساتە هەرە گەورەکە، لە (طَمَّ)وە هاتوە، دەگوترێ: (البَحْر المَطْموم)، واتە: دەریایەکی هەڵکردوو، دەریایەك بەسەر هەموو شتێك دا زاڵ بێ و بەرز بێتەوە.

(وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ): دۆزەخیش هێنرا، پێشاندرا، (بَرَز: ظَهَرَ بَعْدَ خَفَاءٍ)، (بَرز) دەرکەوت دوای ئەوەی پێشتر پەنهان بوو، (بَرَزَ لَهُ)، بۆی دابەزی، خۆی لە کۆمەڵەکەی جیا کردەوەو بۆ چووە مەیدانێ.

(وَءَاثَرَ): (آثَرَهُ إيْثَاراً: فَضَّلَهُ وَاختَارَه)، هەڵیبژاردو گوڵبژێری کرد.

(ٱلْمَأْوَىٰ): (المَلْجَأ الَّـذِي يُـؤْوى إلَيْـه)، پەناگـە ئـەو شـوێنەی پەنـای پـێ دەبـردرێ، دەگوتـرێ: (فُلَان مَـأوى المَحَاويـج)، فڵانکـەس پەناگـەی ئاتاجانـە، کەسـانێك کـە ئاتـاج دەبـن پەنـای پـێ دەبـەن و هاوکارییـان دەکات.

(مَقَامَ رَبِّهِۦ): (المَقَـامُ: المَجْلِـس)، (مَقَـام)، شـوێنی دانیشـتنە، (المَقَـامُ: الإقَامَـةُ ومَوْضِـعُ القَدَمَـيْنِ)، وەسـتان و شـوێنی دوو پێیـەکان، بـۆ کەسـێك کـە ڕادەوسـتێ (المَقَـام: الإقَامَـة) شـوێنی لێمانـەوە، هەروەهـا بـە مانـای شـوێنی لـێ نشـتەجێ بـوون دێ، دوایـی دەخوازرێتـەوە بـۆ پێگـەی مەعنەویـی، واتـە: سـام و هەیبەتـی خـوا، یـان پێگـەی بـێ وێنـەی خـوا.

(مُرْسَىٰهَا): واتە: شوێنی لێ چەسپان، شوێنی لەنگەر لێگرتن.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

دەربـارەی هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم ئایەتـە موبارەکانـە: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ﴿٤٢﴾ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ﴿٤٤﴾ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخْشَىٰهَا ﴿٤٥﴾ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا ﴿٤٦﴾﴾، دوو گێـڕراوە هاتـوون:

أ- {عَن طَارِقِ بنِ شِهَابٍ، قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ لَا يَزَالُ يَذْكُرُ مِنْ شَأْنِ السَّاعَةِ حَتَّى نَزَلَتْ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ﴿٤٢﴾﴾} (أخرجه النسائي في تفسيره: ٦٦٦٥، والطبري في جامع البيان: ج٣٠، ص٣١، والطبراني في المعجم الكبير: ٨٢١٠، وقال مؤلّفا: الإستيعاب في بيان الأسباب قلنا: وهذا سند صحيح، والطارق رضي الله عنه، رأي النبي ﷺ ولم يسمع منه هو من صغار الصحابة).

واتـە: تاریقـی کـوڕی شـیهاب (کـە یەکێکـە لـە هـاوەڵان، بـەڵام ئـەو کاتـە تەمەنـی گچکـە بـووە، ئەگەرنـا بـە خزمەتـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ گەیشـتوە)، دەڵـێ: پێغەمبەری خـوا ﷺ بـەردەوام باسـی کاروبـاری ڕۆژی دوایـی (ئاخیـر زەمانـی) دەکـرد هەتـا ئـەم ئایەتـە موبارەکانـە دابەزیـن: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ﴿٤٢﴾ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾

﴿إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَاهَآ ﴿٤٤﴾ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخۡشَىٰهَا ﴿٤٥﴾﴾، لە بارەی ڕۆژی دوایی (یان ئاخیر زەمان)ەوە پرسیارت لێ دەکەن، کەنگێ لەنگەر دەگرێ، لەنگەر گرتنەکەی کەیە؟ تۆ هیچ پەیوەندییت بە باسکردنیەو نیە، (زانینی کاتی هاتنی ئاخیر زەمان عایدی تۆ نیە)، کۆتایی زانیارییەکەی تەنیا بۆ لای پەروەردگارتە، تۆش تەنیا ترسێنەرو وریاکەرەوەی ئەو کەسەی، ترس و سامی بەرانبەر بەو ڕۆژە هەیە.

ب- هەر لەو بارەوە ئەم دەقەش هەیە: {**عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا: لَمْ يَزَلِ النَّبِيُّ ﷺ يَسْأَلُ عَنِ السَّاعَةِ حَتَّى نَزَلَتْ:** ﴿فِيمَ أَنتَ مِن ذِكۡرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَاهَآ ﴿٤٤﴾﴾}، (**أخرجه الطبري في جامع البيان: ج٣٠، ص٣١، والبزار في مسنده: ٢٣٧٩، والحاكم في المستدرك: ج١، ص٥٠٣، وقال: هذا حديث لم يُخَرِّجْ في الصحيحين، وهو محفوظ صحيح على شرطهما معاً، وقد احتجّا معاً بأحاديث ابن عيينة عن الزهري عن عروة عن عائشة رضي الله عنها**).

واتە: دایکمان خاتوون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ بەردەوام لە بارەی (السَّاعَةِ)ەوە پرسیاری دەکرد، (لە خوای پەروەردگار داوای کردوە) هەتا خوا ﷻ ئەو ئایەتەی دابەزاند: ﴿فِيمَ أَنتَ مِن ذِكۡرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَاهَآ ﴿٤٤﴾﴾، تۆ چ پەیوەندییەکت بە باس و خواسیەوە هەیە، کۆتاییەکەی بۆ لای پەروەردگارتە.

دیارە دەقەکە وا هاتوە، ئەگەرنا لە هەندێك دەقی دیکەدا هاتوە، کە بێبڕوایەکان پرسیاریان لێکردووە، لێرەش خودی ئایەتەکە هەر وادەگەیەنێ: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرۡسَىٰهَا ﴿٤٢﴾﴾، پرسیارت لێدەکەن، کەواتە: دەبێ ئەوانەی پرسیاریان کردوە، بێبڕوایەکان بووبن، چونکە بڕوایان پێی نەبووە، پرسیارکردنەکەشیان دەگونجێ:

أ- وەك گاڵتە پێکردن، یان نکووڵیلێکردن بووبێ.

ب- دەشگونجێ بە جیددیی بووبێ: ئایا کەیە؟ بەڵام هەردوو دەقەکان - هۆی هاتنە خواری ئایەتەکانیان - وا هاتوون[1].

---

(١) (الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص ٤٩٢ و ٤٩٣) ئەو دوو دەقەی هێناون.

کورتە باسێک لە بارەی سوێندەکانی قورئانەوە

بەڕێـــــزان!

بەمەبەستی بەگشتی تیشک خستنە سەر بابەتی سوێندەکانی قورئان، کە زۆر دوبارە بوونەوە خوا یاربێ، لە پێنج بڕگەدا ئەم کورتە باسە دەخەینەڕوو:

١- مانای سوێند خواردنی خوا.

٢- ئامانجی سوێند.

٣- پایەکانی سوێند.

٤- حیکمەتی سوێند خواردنی خوا.

٥- کۆی ئەو سوورەتانەی بە سوێند دەستیان پێکراوە.

بۆ ئەوەی بە گشتیی بەر چاومان ڕۆشن بێ، ئەگەرنا ئەو سوورەتانەی تێپەڕیون، ئەو سوێندانەی لە پێشیانەوە هاتوون، هەموویان قسەمان لێ کردوون، ئەوانەی دێشن، بە تایبەت قسەیان لێ دەکەین، بەڵام بە گشتیی بە باشم زانی ئەم کورتە باسە لە بارەی سوێندەکانی قورئانەوە بکەین، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای بیست و سێ (٢٣) سوورەتی قورئان دا، سوێند خواردن هاتوەو، خوا بە سوێند دەستی پێکردوون.

بڕگەی یەکەم: وشەکانی سوێند خواردن:

بۆ (سوێند خواردن) سێ وشە هاتوون لە قورئاندا: ١- (قَسَمْ) و ٢- (حَلِف) و ٣- (يَمِيْن).

١)- (قَسَمْ)، وەك:

أ- ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ١ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ٢﴾ القيامة.

ب- ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ٧٦﴾ الواقعة.

٢)- (حَلِف) وەك:

أ- ﴿يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُواْ ٧٤﴾ التوبة.

ب- ﴿وَيَحۡلِفُونَ عَلَى ٱلۡكَذِبِ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ﴾ المجادلة: -١٤-.

٣)- هەروەها (يَمِيْن)یش هاتوە، بەڵام نەك لە حاڵەتی کردار (فِعْل)دا، بەڵکو لە حاڵەتی ناو (اسم)دا، وەك:

أ- ﴿ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيۡمَٰنِكُمۡ إِذَا حَلَفۡتُمۡ ٨٩﴾ المائدة.

ب- ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ﴾ المجادلة: ١٦.

١- وشەی (قَسَمْ)، (أَقْسَم، يُقْسِم، فَهُوَ مُقْسِم)، سوێندی خوارد، سوێند دەخوا، ئەو سوێند خۆرە.

٢- (حَلَفَ، يَحْلِفَ، فَهُوَ حَالَفٌ)، سوێندی خوارد، سوێند دەخوا، ئەو سوێند خۆرە، ئەگەر بویستریٚ زێدەڕۆیی لە واتایەکەی دا بکریٚ، دەگوتریٚ: (حَلاَّف)،

٣- بەڵام وشەی: (يَمِيْن)، بەس بە حاڵەتی ناو (اسم) هاتوەو وەك کردار نەهاتوە.

پێویستە بزانریٚ کە بۆ ئێمەو مانان، دروست نیە بە جگەلە خوا و سیفەتەکانی خوا، سوێند بخۆین وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {مَنْ كَانَ حَالِفًا فَلْيَحْلِفْ بِاللَّهِ أَوْ لِيَصْمُتْ}، (أخرجه مالك: ١٠٢٠، وأحمد: ٤٥٩٣، والبخاري: ٥٧٥٧، ومسلم: ١٦٤٦، وأبو داود: ٣٢٤٩، والترمذي: ١٥٣٤) واتە: هەر کەسێك سوێند دەخوات با سوێند بە خوا بخوات، ئەگەرنا بیٚ دەنگ بیٚ، واتە: سوێند بە زاتی خوا بخوات و بڵیٚ: (بە خوا، یان بە پەروەردگار)، یان بە یەکێك لە سیفەتەکانی خوا، بۆ وێنە: (بە فەرمایشتی خوا کە قورئانە)، بە زانیاریی خوا، بەبەزەیی خوا.

بەڵام خوا ﷻ بۆ خۆی هەم سوێندی بە زاتی خۆی خواردوە، هەم سوێندی بە کردەوەی خۆی خواردوە، هەم سوێندی بە دروستکراوەکانی خۆشی خواردوە.

بڕگەی دووەم: ئامانجی سوێند:

بۆ خواو بە نسبەت ئێمەشەوە کە سوێند دەخۆین، ئامانج و مەبەست لە سوێند خواردن، بریتیە لە جەختکردنەوەی ئەو هەواڵەو، داکۆکیی لە ڕاستییکردنی و، دڵنیاکردنەوەی لایەنی بەرانبەر، خوا ﷻ بە پێی عەقڵی ئێمەو باوی ئێمەو ئاستی ئێمە، ئێمە دەدوێنێ، بۆیە ئەویش کە سوێند دەخوات، ئامانجی سەرەکیی لە سوێندەکان، بریتیە لە دڵنیاکردنەوەی ئێمەو جەختکردنەوە لەسەر ڕاستیی ئەو شتەی دەیفەرموێ، بەڵام بەدڵنیاییی - وەك دوایی باسی دەکەین - حیکمەتی سوێند خواردنەکانی خوا ﷻ جگە لەوەی خەڵك دڵنیا بکاتەوەو، داکۆکیی بکات لەسەر ڕاستیی ئەو مەبەستانەی دەیانفەرموێ، وێڕای ئەوە، هەندێك حیکمەتی دیکەش لە سوێندەکانی خوای پەروەردگاردا هەن، کە دوایی لە بڕگەی چوارەم دا باسیان دەکەین.

کەواتە: ئامانجی سوێند خواردن بریتیە لە ساغکردنەوەی ئەو هەواڵەو، داکۆکیی لێکردنی و، دڵنیاکردنەوەی لایەنی بەرانبەر.

بۆ وێنە خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ۝٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ۝٧٦ إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ ۝٧٧ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ۝٧٨ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ۝٧٩ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٨٠﴾ **الواقعة**، ئەگەر تەماشا بکەین ئامانج و مەبەستی سوێند خواردنەکە زۆر ڕوونە، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: نەخێر (ڕاست نیە، وەك ئێوە دەڵێن، ئەی بێبڕوایەکان) سوێند دەخۆم بە ڕێ و شوێنەکانی ئەستێرەکان و، ئەگەر بشزانن ئەوە سوێندێکی مەزنە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ﴾، ئەوە سوێند لەسەر خوراو

(**مُقَسَم عَلَيْه**)ەکەیە، ئەم قورئانە (ئەوەی بەسەرتاندا دەخوێنرێتەوە)، قورئانێکی بەرێزو بەخشندەیە، ﴿ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ﴾، لە نووسراوێکی شێردراوەدایە، کە مەبەستی زانیاریی خوایە، یان مەبەستی (**اللَّوْح المَحْفُوْظ**)ە، ﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ﴾، فریشتە پاککەرەوەکان، نەبێ دەستیان نایگاتێ، ﴿ تَنزِيلٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، لە لایەن پەروەردگاری جیهانییانەوە دابەزێنراوە.

کەواتە: خوا ﷻ سوێندی خواردوە بە ڕێ و شوێنی ئەستێرەکان، لەسەر ئەوەی ئەم قورئانە، قورئانێکی بەرێزو بەخشندەیەو، لە نووسراوێکی پەنهان و شێردراوەدایەو فریشتە پاکەکان نەبێ، دەستیان نایگاتێ و، لە لایەن پەروەردگاری جیهانییانەوە دابەزێنراوە.

هەروەها سوێندەکانی دیکەش هەموویان ئامانجی سەرەکیی لێیان، ڕاگەیاندنی ڕاستییەکەو داکۆکیی لەسەرکردنی ڕاستییەکە، ئنجا چ ئەو ڕاستییە باس کرابێ، چ باس نەکرابێ، وەك لە بڕگەی سێیەمدا باس دەکەین.

بڕگەی سێیەم: پایەکانی سوێند:

سوێند خواردن سێ پایەی هەن:

پایەی یەکەم: خودی سوێند خواردنەکە.

وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلشَّفَقِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ ﴿١٧﴾ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴿١٨﴾ لَتَرۡكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٖ ﴿١٩﴾ ﴾الإنشقاق، بە زۆریی کرداری سوێند خواردن بە پیتی (**ب**)، دەست پێدەکات، جاری واش هەیە بە پیتی (**و**)، وەك (**واللە**)، جاری واش هەیە بە پیتی (**تَ**)، بەڵام پیتی (ت) تایبەتە بە خوای پەروەردگارەوە: (**تاللە**)، بەڵام هەردووك پیتی (و) و (**ب**) گشتیین بۆ سوێند پێ خواردن.

کەواتـە: پایـەی یەکەمـی سـوێند خـواردن، بریتیـە لـە خـودی سـوێند خواردنەکـە کـە بـە پیتـەکانی: (و) و (ب) و (ت) ئەنجـام دەدرێ.

پایەی دووەم: بریتیە لە سوێند پێخوراوەکە.

ئەو شتەی سوێندی پێ دەخورێ، وەك ئەو نموونانەی هێنامانەوە:

١- ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلشَّفَقِ ﴾، خوا سوێندی خواردوە بە (شَفَق)، واتە: ئەو سوورایییەی لە ئاسۆی ئاسماندا دەمێنێ، دوای خۆرئاوا بوون.

٢- ﴿ وَٱلَّيۡلِ وَمَا وَسَقَ ﴾، هەروەها سوێندی خواردوە بە شەوگار کە دادێ.

٣- ﴿ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴾، دیسان سوێندی بە مانگ خواردووە کاتێك جێخونکە دەکات و دەگاتە (١٤ و ١٥)، کەواتە: پایەی دووەمی سوێند بریتیە لە: سوێند پێخوراو.

ئنجا دەتوانین بڵێین: بە گشتیی خوا سوێندی بە سێ شتان خواردوە.

١- یەکەم: بە زاتی خۆی، وەك:

أ- لە سووڕەتی (**الذاريات**) لە ئایەتی (٢٣)دا دەفەرموێ: ﴿ فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: سوێند بە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی، خوا سوێند خواردوە بە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی، کە خۆیەتی.

ب- هەروەها لە سووڕەتی (**الحجر**)، لە ئایەتی (٩٢)دا دەفەرموێ: ﴿ فَوَرَبِّكَ لَنَسۡـَٔلَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾.

ج- هەروەها لە سووڕەتی (**النساء**)دا دەفەرموێ: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ﴾.

٢- سـوێند پێخـوراوی دووەم: بـە نسـبەت خـوای پـەروەردگارەوە، سـوێندی خـواردوە بـە کـردەوەی خـۆی، بـۆ وێنـە: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ﴿٥﴾ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا ﴿٦﴾ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ ﴾، ئەمانـە هەموویـان لـە سـووڕەتی (**الشمس**)دا هاتـوون لــە ئایەتەکانــی: (٥ و ٦ و ٧)دا:

أ- ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ﴾، سوێند بە ئاسمان و بە دروستکردنەکەی.

ب- ﴿ وَٱلْأَرْضِ وَمَا طَحَىٰهَا ﴾، سوێند بە زەوی و بە پانڕاخستنەکەی.

ج- ﴿ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴾، سوێند بە نەفس و بەو زاتەی ڕێکیخستوە، کەواتە: جاری وایە خوا ﷻ سوێند دەخوات بە کردەوەکەی خۆی.

هەڵبەتــە: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ﴿٥﴾ وَٱلْأَرْضِ وَمَا طَحَىٰهَا ﴿٦﴾ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ ﴾، تەفسیری دیکەشیان هەیە، کە (ما) مەبەست لێرەدا پێی خوای پەروەدگارە واتە: ئەو زاتەی دروستیکردوە، دەشگونجێ (ما)، لێرەدا (**ماالمصدرية**)یە بێ.

٣- سوێند پێ خوراوی سێیەم: بۆ خوای پەروەردگار، ئەوەیە کە سوێند دەخوات بە دروستکراوەکانی خۆی، بۆ وێنە: ﴿ وَٱلنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ ﴿١﴾ ﴾النجم، سوێند بە ئەستێرە، کاتێك ئاوا دەبێ، هەڵبەتە زۆربەی سوێند پێخوراوەکانی خوای پەروەردگار، دروستکراوەکانن، وەك: ﴿ وَٱلذَّٰرِيَٰتِ ذَرْوًا ﴿١﴾ فَٱلْحَٰمِلَٰتِ وِقْرًا ﴿٢﴾ فَٱلْجَٰرِيَٰتِ يُسْرًا ﴿٣﴾ فَٱلْمُقَسِّمَٰتِ أَمْرًا ﴿٤﴾ ﴾الذاريات، هەروەها لە سوورەتی (**الصافات**)دا: ﴿ وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفًّا ﴿١﴾ فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجْرًا ﴿٢﴾ فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكْرًا ﴿٣﴾ ﴾الصافات، ئنجا ئەو شتەش کە سوێندی پێ دەخورێ، دەگونجێ ئاشکرا بێ و دەشگونجێ پەنهان بێ، یانی: (**مُظْهَر**) بێ، وەك: ﴿ فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ﴿٢٣﴾ ﴾الذاريات، یاخود (**مُضْمَر**) بێ، وەك: ﴿ لَتُبْلَوُنَّ فِىٓ أَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ﴿١٨٦﴾ ﴾آل عمران، واتە: سوێند بە خوا تاقی دەکرێنەوە لە سامانیشتانداو لە خودی خۆیشتاندا.

پایەی سێیەمی سوێند خواردن: وەڵامی سوێند یاخود سوێند لەسەر خوراوە (**مُقْسَم عليه**)کە.

بە زۆریی وایە خوا ﷻ وەڵامی سوێندەکان دەقرتێنێ، لەبەر ئەوەی دیارو ئاشکرایە، بۆ وێنە: کە خوای پەروەردگار لە سوورەتی (**النازعات**)دا دەفەرموێ:
﴿ وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرْقًا ﴿١﴾ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشْطًا ﴿٢﴾ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبْحًا ﴿٣﴾ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبْقًا ﴿٤﴾

﴿فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ۝٥﴾، دیار نیە سوێند لەسەر خوراوەکە چییە، بەڵام بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، یانی: ﴿لَتُبۡعَثُنَّ ۝٧﴾التغابن، بە دڵنیایی زیندوو دەکرێنەوە، هەروەها لە زۆر شوێناندا، خوا وەڵامی سوێندەکەی قرتاندوە، بۆ ئەوەی زیاتر لە واتایەك هەڵبگرێ.

بڕگەی چوارەم: حیکمەتەکانی سوێند خواردنەکانی خوا ﷻ:

حیکمەتی سوێند خواردنەکانی خوا ﷻ زۆرن، بەڵام ئێمە پێنج حیکمەتی سەرەکیان لێ باس دەکەین:

١- یەکەم حیکمەت کە ئامانجی سەرەکیی سوێند خواردنە، بریتیە لە جەختکردنەوە لەو ڕاستییەی ڕادەگەیەنرێ و، دڵنیاکردنەوەی لایەنی بەرانبەر، خوای پەروەردگار سوێند دەخوات بۆ ئەوەی لایەنی بەرانبەر دڵنیا بکاتەوە، بۆ وێنە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ ۝١ مَآ أَنتَ بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ بِمَجۡنُونٖ ۝٢﴾القلم.

سوێند بە قەڵەم و بەوەی دەینووسن، تۆ بەهۆی چاکەی پەروەردگارتەوە شێت نی. لێرەدا دوێندراو پێغەمبەری خوایە ﷺ لەبەر ئەوەی ناحەزەکانی تۆمەتباریان دەکرد، کە شێتە، یاخود جادووی لێ کراوەو دەستی لێوەشێنراوە.

٢- حیکمەتێکی دیکەی سوێند خواردن، ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکە کە خەڵکێك نکووڵیی لێ دەکات، بۆ وێنە: ڕۆژی دوایی، خوا ﷻ لە سوورەتی (**القيامة**)دا دەفەرموێ: ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝١ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢﴾القيامة، لێرەدا حیکمەتی سوێند خواردن بە ڕۆژی قیامەت، ئەوە بووە کە ئەوان نکووڵییان کردوە لە ڕۆژی هەڵسانەوە، خوا ﷻ دەفەرموێ: نەخێر (ڕاست ناکەن)، سوێند دەخۆم بە ڕۆژی هەڵسانەوە، هەروەها (ڕاست ناکەن) سوێند دەخۆم بەنەفسی زۆر ڕەخنەگر (لەخۆی)، ئنجا ڕۆژی هەڵسانەوە کە خواش سوێندی پێ بخوات، مانای وایە ڕۆژێکی مەزنەو ڕاستەودێ، خوا دڵنیایی دەداتە ئەو کەسانەی سوێندەکەیان بۆ دەخوات، لەسەر ئەوە.

٣- سێیەم جاری وا هەیە، خوا ﷻ سوێند بە شتێك دەخوات، تاكو سەرنجی خەڵك ڕابكێشی بۆ بایەخی ئەو شتە، بۆ وێنە دەفەرمووێ: ﴿ وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ ۝١ وَطُورِ سِينِينَ ۝٢ وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ ۝٣ ﴾التين، واتە: سوێند بە هەنجیرو بە زەیتوون و، سوێند كێوی سیناو، سوێند بەم وڵاتە بە هێمن و ئاساییشە (كە مەبەستی پێ مەككەیە) واتە: خوا ﷻ سەرنجی خەڵك ڕادەكێشێ بۆ گرنگیی هەنجیرو زەیتوون و كێوی سیناو مەككە، یاخود: ئەو شوێنەی هەنجیرو زەیتوونی لێ دەڕوێن، كە شام و فەلەصطینەو، ئەوەش ڕای هەندێك لە زانایانە.

هەروەها خوا ﷻ لە سوورەتی **(الذاريات)**دا دەفەرمووێ: ﴿ وَٱلذَّٰرِيَٰتِ ذَرۡوٗا ۝١ فَٱلۡحَٰمِلَٰتِ وِقۡرٗا ۝٢ فَٱلۡجَٰرِيَٰتِ يُسۡرٗا ۝٣ فَٱلۡمُقَسِّمَٰتِ أَمۡرًا ۝٤ ﴾الذاريات، كە ئەوە هەم بۆ دڵنیاكردنەوەی لایەنی بەرانبەرە، هەم بۆ سەرنجڕاكێشانی خەڵكیشە بۆ گرنگیی ئەو شتانەی خوا سوێندی پێ خواردوون: ﴿ وَٱلذَّٰرِيَٰتِ ذَرۡوٗا ﴾، سوێند بەو بایانەی ڕادەماڵن بە ڕاماشتن، ﴿ فَٱلۡحَٰمِلَٰتِ وِقۡرٗا ﴾، ئنجا سوێند بەو بایانەی باری قورس هەڵدەگرن، یاخود كەشتییەكان كە لە دەریادا باری گران هەڵدەگرن، ﴿ فَٱلۡجَٰرِيَٰتِ يُسۡرٗا ﴾، ئنجا سوێند بەوانەی زۆر بە ئاسانیی دەڕۆن، كە هەورەكانن، لە فەزادا دەڕۆن، یاخود دیسان مەبەست پێی كەشتییەكانن، ﴿ فَٱلۡمُقَسِّمَٰتِ أَمۡرًا ﴾، هەروەها سوێند بەوانەی كاروبار دابەش دەكەن، كە مەبەست پێی فریشتەكانن.

٤- جاری واش هەیە خوا ﷻ سوێند بە هەندێك شت دەخوات، لەبەر ئەوەی كەسانێك بوون شتە ماددییەكانیان، نادیدە گرتوون، یان بە كەمیان تەماشا كردوون و زێدەڕۆییان كردوە، لە لایەنی ڕووحیی و مەعنەویی دا، لەسەر حیسابی لایەنی ماددیی و بەرهەست.

بۆ وێنە: خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ۝٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ۝٧٦ ﴾الواقعة، واتە: نەخێر ڕاست ناكەن، سوێند دەخۆم بە ڕێ و شوێنی ئەستێرەكان و، ئەگەر بشزانن ئەوە سوێندێكی مەزنە، كەواتە: ئەو شتانەی خوا سوێندیان پێ دەخوات، چ ڕێ و شوێنی ئەستێرەكان بن، چ ئەستێرە:

﴿وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ ١﴾ النجم، چ کێوی (طور) و... هتد: ﴿وَالطُّورِ ١ وَكِتَابٍ مَّسْطُورٍ ٢ فِي رَقٍّ مَّنشُورٍ ٣ وَالْبَيْتِ الْمَعْمُورِ ٤ وَالسَّقْفِ الْمَرْفُوعِ ٥ وَالْبَحْرِ الْمَسْجُورِ ٦﴾ الطور، چ قەڵەم و دێڕ: ﴿وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ١﴾ القلم، بەڵێ ئەوشتانەی خوا سوێندیان پێ دەخوات، کە شتە ماددییەکانن، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانەیە کە ئەم دنیاو واقیعە ماددییەی تێیدا دەژین، نادیدەیان گرتوون و زێدەڕۆییان کردوە لە ڕووی ڕووحیی و مەعنەوییەوەو، دنیاو لایەنی ماددیی و واقیعییان، وەك خەون و خەیاڵ تەماشا کردوە، کە نەخێر وانیە، وەك ئێوە دەڵێن، ئەوەتا خوا سوێند دەخوات بە ئەستێرەو مانگ و خۆرو، سوێند دەخوات بە گەردوون و، سوێند دەخوات بە ئاسمان و بە زەوی.

٥- حیکمەتێکی دیکەی سوێند خواردنی خوا ئەوەیە، خوا ﷻ دەیەوێ بۆ چوونی خەڵکێك ڕاست بکاتەوە بەرانبەر بە دروستکراوەکانی، کە بە پێچەوانەی ئەوانەی پێشێوە، ئەمان زێدەڕۆییان کردوەو، پێیان وابووە ئەو دروستکراوە ماددییانە هەن و، لە پشتیانەوە شتێکی دیکە نیە و دەستی بەدیهێنەر و خاوەن پەروەردگارێک لەوبارەوە لەکاردا نەبووە و نییە!

بۆ وێنە: خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ١ وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا ٢ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ٣ وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا ٤ وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا ٥ وَالْأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا ٦ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا ٧﴾ الشمس، وەک دەبینین خوای بەرزی مەزن لەم ئایەتانەدا یازدە (١١) سوێندان دەخوات:

١،٢: سوێند بە خۆر و بە تیشکەکەی ﴿وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا﴾.

٣: سوێند بە مانگ کە بەدوای خۆردا دێت ﴿وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا﴾.

٤: سوێند بە ڕۆژگار کە زەوی دەدرەوشێنێتەوە ﴿وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا﴾.

٥: سوێند بە شەوگار کە دایدەپۆشێ -واتە: زەوی- ﴿وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا﴾.

٦،٧: سوێند بە ئاسمان و بە بنیاتنەرەکەی -کە خوایە- ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا﴾.

٨،٩: سوێند بە زەوی و بە پانڕاخەرەکەی -کە خوایە- ﴿وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا طَحَىٰهَا﴾.

١٠،١١: سوێند بە نەفس و بە ڕێکخەرەکەی ﴿وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا﴾.

کەواتە:

بزانـن کـە خـۆر و مانـگ و ڕۆژ و شـەو و ئاسـمان و زەوی و نەفـس، بەدیهێنـەر و خـاوەن مشـوورخۆرێکیان هەیـە کـە خـوای بـەرز و وێنەیـە.

هەروەهـا دەشـگونجێ زۆر حیکمەتـی دیکـە لـە بـارەی سـوێند خواردنەکانـی خـوای پـەروەردگارەوە بخرێنـە ڕوو.

بڕگـەی پێنجـەم و کۆتایـی: کـۆی سـوێندەکانی خوا ﷻ لە سـەرەتای سـوورەتەکاندا، بـە پێـی تێڕامانـی مـن ئـەو سـوورەتە موبارەکانـەی بـە سـوێند دەسـت پێدەکـەن، ئەگـەر هیچیانـم لـە بیـر نەچووبـن، بیسـت و سـێ (٢٣) سـوورەتن و، بـە پێـی ڕیزبەندیـی موصحـەف ئەمانـەن:

١- سوورەتی یەکەم: سوورەتی (یس): ﴿يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ ۝٢﴾، [دوو پیتی] یاسین، سوێند بە قورئانی قسەزان و کاربەجێ، دوایی هەر یەکسەر وەڵامی سوێندەکەش هاتوە: ﴿إِنَّكَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ۝٣﴾، واتە: بە دڵنیایی تۆ لە ڕەوانەکراوانی (ئـــەی موحەممەد ﷺ!)

٢- سوورەتی دووەم: سوورەتی (الصافات)، کە خوا ﷻ بە سێ سوێندان دەستی پێدەکات: ﴿وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا ۝١ فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا ۝٢ فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا ۝٣ إِنَّ إِلَٰهَكُمۡ لَوَٰحِدٞ ۝٤ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَرَبُّ ٱلۡمَشَٰرِقِ ۝٥﴾، لەوێشدا دیسان خوا سێ شتە سوێند پێخوراوەکان هاتوون، بەڵام سوێند لەسەر خوراوەکەش هەر هاتوە، دەفەرموێ: سوێند بە ڕیز بووەکان بە ڕیز بوون، ﴿فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا﴾، هەروەها ئەوانەی تێوە دەخوڕن، بە تێوە خوڕین، ﴿فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا﴾، ئنجا ئەوانەی زیکر دەخوێننەوە

یاخود زیکر باس دەکەن، کە بە ڕای زۆربەی زۆری زانایان هەرسێکیان مەبەست پێیان فریشتەکانن، ئەو فریشتانەی بە ڕیز دەوەستن و، ئەو فریشتانەی شەیتانەکان دەردەکەن و، ئەو فریشتانەی ئایەتەکانی خوا، (**ذکر**)ی خوا دەخوێننەوە بەسەر پێغەمبەران دا، وەڵامی سوێندەکەش: ﴿إِنَّ إِلَٰهَكُمْ لَوَاحِدٌ﴾، بە دڵنیایی پەرستراوی ئێوە یەك پەرستراوە، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و ڕۆژهەڵاتەکانە.

٣- سوورەتی سێیەم: سوورەتی (ص)ە، کە بە سوێند دەست پێدەکات: ﴿صٓ ۚ وَٱلْقُرْءَانِ ذِى ٱلذِّكْرِ ﴿١﴾﴾، بەڵام وەڵامی سوێندەکە نەهاتوە.

صاد (پیتێکە) سوێند بە قورئانی خاوەن بیرکردنەوە، یان خاوەن پەندو ئامۆژگاریی.

٤- سوورەتی چوارەم: کە بە سوێند دەست پێدەکات، سوورەتی (**الزخرف**)ە: ﴿حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾﴾، (**حا**) (**میم**) سوێند بە کتێبی ڕۆشن، یان ڕوونکەرەوە.

٥- سوورەتی پێنجەم: سوورەتی (الدخان): ﴿حمٓ ﴿١﴾ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿٢﴾﴾، (**حا**) (میم) سوێند بە کتێبی ڕۆشن، یان ڕوونکەرەوە.

ئەمانە هەموویان، واتە: سوورەتەکانی: (یس، ص، الزخرف، الدخان)، دوایی سوورەتی (ق)یش کە لە دوایی ئەوانەوە دێ، لە هەموویان دا سوێند بە قورئان خوراوە.

٦- سوورەتی شەشەم: سوورەتی (ق) ئەویش دیسان بە سوێند دەست پێدەکات: ﴿قٓ ۚ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْمَجِيدِ ﴿١﴾﴾.

قاف، سوێند بە قورئانی خاوەن شکۆ، لەوێش دیسان وەڵامی سوێندەکە نەهاتوە بە ئاشکرا، بەڵام لە پەردەدا هاتوە: ﴿قٓ ۚ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْمَجِيدِ ﴿١﴾ بَلْ عَجِبُوٓا۟ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ فَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا شَىْءٌ عَجِيبٌ ﴿٢﴾﴾، وەك: سوێند بە قورئان، بە قورئانی خاوەن شکۆ، تۆ ڕەوانەکراوی، یاخود زیندوو دەکرێنەوە.

٧- سوورەتی حەوتەم: سوورەتی (**الذاریات**)ە، کە ئەویش بە سوێند دەست پێدەکات: ﴿وَالذَّارِيَاتِ ذَرْوًا ﴿١﴾ فَالْحَامِلَاتِ وِقْرًا ﴿٢﴾ فَالْجَارِيَاتِ يُسْرًا ﴿٣﴾ فَالْمُقَسِّمَاتِ أَمْرًا ﴿٤﴾ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَصَادِقٌ ﴿٥﴾ وَإِنَّ الدِّينَ لَوَاقِعٌ ﴿٦﴾﴾، سوێند بەو بایانەی ڕامالەرن بە ڕاماشتن، ئنجا سوێند بەو کەشتییانەی باری قورس هەڵگرن، یاخود: بەو هەورانەی باری قورس هەڵگرن (کە بارانە)و، سوێند بەو کەشتییانەی بە ئارامیی ڕۆیون (لە دەریادا)، (یاخود: سوێند بە هەورەکان) و، سوێند بەوانەی کاروبار دابەشکەرن (سوێند بەو چوارانە) ﴿إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَصَادِقٌ ﴿٥﴾ وَإِنَّ الدِّينَ لَوَاقِعٌ ﴿٦﴾﴾، ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ ڕاستەو، سزاو پاداشت دێ، دەردەکەوێ و دەچەسپێ.

٨- سوورەتی هەشتەم: سوورەتی (**الطور**)، خوا دەفەرموێ: ﴿وَالطُّورِ ﴿١﴾ وَكِتَابٍ مَّسْطُورٍ ﴿٢﴾ فِي رَقٍّ مَّنشُورٍ ﴿٣﴾ وَالْبَيْتِ الْمَعْمُورِ ﴿٤﴾ وَالسَّقْفِ الْمَرْفُوعِ ﴿٥﴾ وَالْبَحْرِ الْمَسْجُورِ ﴿٦﴾ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَاقِعٌ ﴿٧﴾ مَّا لَهُ مِن دَافِعٍ ﴿٨﴾﴾، لەوێشدا دیسان وەڵامی هەر پێنج سوێندەکە، هاتوە سوێند بە **طوور** [ناوی کێو و چیایە بە گشتیی، یاخود چیایەکی تایبەتە کە مووسا عليه السلام لەسەری گفتوگۆی لە خزمەت خوای پەروەردگاردا کردوە]، و بە کتێبێکی نووسراو (کە دەگونجێ مەبەست پێی تەورات بێ) لە پێستێکی نووسراودا [(یاخود: مەبەست پێی قورئانەو خوا هەواڵیداوە کە ئەو قورئانە) دەنووسرێتەوە لە پێست و چەرمدا] ئنجا سوێند بە ماڵی ئاوەدان [کە (کەعبە)یە، یاخود ماڵێك لە ئاسمان و کەعبەی فریشتەکانە]و سوێند بە سەربانی بەرز کراوە (کە ئاسمانە) و سوێند بە دەریای پڕکراو، [یاخود: دەریای کڵپە سەندوو]، سزاو ئازاری پەروەردگارت دێ و، هیچ بەر پەرچدەرەوەشی نیە.

٩- سوورەتی نۆیەم: کە بە سوێند دەست پێدەکات، سورەتی (النجم)ە: ﴿وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ ﴿١﴾ مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾﴾، لەوێشدا دیسان سوێند پێخوراو هاتوەو، سوێند لەسەر خوێندراویش هەر هاتوە، سوێند بە ئەستێرە کاتێك ئاوا دەبێ، یاخود دەکەوێ، ﴿مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَىٰ﴾، هاوەڵەکەتان (کە موحەممەدە ﷺ) نە ڕێی لێ تێکچووەو نە بێمرادو بێ

ئاكامیش بووە، ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ﴾، لە ئارەزووشەوە قسە ناكات، ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ﴾، بەڵكو (ئەو قورئانە) سرووشی خوایە بۆی دەكرێ.

١٠- سوورەتی دەیەم: سوورەتی (**القلم**)ە: ﴿ نٓ ۚ وَٱلْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ﴿١﴾ مَآ أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ ﴿٢﴾ ﴾، واتە: نوون، سوێند بە قەڵەم و بەوەی دەینووسن، تۆ (ئەی موحەممەد!) بەهۆی چاكەی پەروەردگارتەوە شێت نی.

١١- سوورەتی یازدەیەم: سوورەتی (**القیامة**)یە: ﴿ لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴿١﴾ وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ ﴿٢﴾ ﴾، واتە: نەخێر (وانیە) سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت، نەخێر (وانیە) سوێند دەخۆم، بە نەفسی ڕەخنە لە خۆگر، وەڵامی سوێندەكەش نەهاتوە، بەڵام بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، واتە: ئێوە زیندوو دەكرێنەوەو سزاو پاداشتتان لە پێشە.

١٢- سوورەتی دوازدەیەم: سوورەتی (**المرسلات**)ە، كە بە پێنج سوێندان دەست پێدەكات: ﴿ وَٱلْمُرْسَلَـٰتِ عُرْفًا ﴿١﴾ فَٱلْعَـٰصِفَـٰتِ عَصْفًا ﴿٢﴾ وَٱلنَّـٰشِرَٰتِ نَشْرًا ﴿٣﴾ فَٱلْفَـٰرِقَـٰتِ فَرْقًا ﴿٤﴾ فَٱلْمُلْقِيَـٰتِ ذِكْرًا ﴿٥﴾ عُذْرًا أَوْ نُذْرًا ﴿٦﴾ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَٰقِعٌ ﴿٧﴾ ﴾، لەوێشدا دیسان وەڵامی سوێندەكە هاتوە: ﴿ وَٱلْمُرْسَلَـٰتِ عُرْفًا ﴿١﴾ فَٱلْعَـٰصِفَـٰتِ عَصْفًا ﴾، ڕای زاڵتری زانایان ئەوەیە: كە مەبەست پێی بایەكانە، ئەو بایانەی نێردراون بە دوای یەكداو، بە توندیی هەڵدەكەن، ئنجا: ﴿ وَٱلنَّـٰشِرَٰتِ نَشْرًا ﴿٣﴾ فَٱلْفَـٰرِقَـٰتِ فَرْقًا ﴿٤﴾ فَٱلْمُلْقِيَـٰتِ ذِكْرًا ﴿٥﴾ عُذْرًا أَوْ نُذْرًا ﴿٦﴾ ﴾، مەبەست پێیان فریشتەكانن كە باڵەكانیان بڵاو دەكەنەوەو، هەق و ناهەق لێك جیادەكەنەوە، (**ذكر**)ی خوای پەروەردگار فڕێ دەدەن و دەهاوێن و، دەینێرن بۆ پێغەمبەران، وەڵامی سوێندەكەش ئەوەیە: ﴿ إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَٰقِعٌ ﴾ ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێ دێ و، ڕوو دەدات.

١٣- سوورەتی سێزدەیەم: كە بە سوێند دەست پێدەكات، سوورەتی (**النازعات**)ە: ﴿ وَٱلنَّـٰزِعَـٰتِ غَرْقًا ﴿١﴾ وَٱلنَّـٰشِطَـٰتِ نَشْطًا ﴿٢﴾ وَٱلسَّـٰبِحَـٰتِ سَبْحًا ﴿٣﴾ فَٱلسَّـٰبِقَـٰتِ سَبْقًا ﴿٤﴾ فَٱلْمُدَبِّرَٰتِ أَمْرًا ﴿٥﴾ ﴾، ئەمانەش پێنج سوێندن كە ئێمە دوایی بە درێژیی قسەیان لەسەر دەكەین، دیسان ئەمانیش وەڵامی سوێندەكان دیار نیە، بەڵام بە سیاق دەیزانین.

١٤- سووڕەتی چواردەیەم: سووڕەتی (**البروج**)ە: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡبُرُوجِ ۝١ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡمَوۡعُودِ ۝٢ وَشَاهِدٖ وَمَشۡهُودٖ ۝٣ قُتِلَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأُخۡدُودِ ۝٤ ﴾، ئەمانیش چوار سوێندن دیسان وەڵامی سوێندەکە دیار نیە، بەڵام بەسیاق و سەلیقە زانراوە.

١٥- سووڕەتی پازدەیەم: سووڕەتی (**الطارق**)ە: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ۝١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ۝٢ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ۝٣ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ۝٤ ﴾، لێرەدا وەڵامی دوو سوێندەکە دیارە، سوێند بە ئاسمان و بە **طاریق**، ئەو ئەستێرەیەی دێ، ﴿ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ﴾، ئەستێرەیەکی کونکەرە (بە تیشکەکەی دڕ بە تاریکیی دەدا) ﴿ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ﴾، هیچ نەفسێك نیە، مەگەر پارێزەرێکی بە سەرەوەیە.

١٦- سووڕەتی شازدەیەم: سووڕەتی (**الفجر**)ە: ﴿ وَٱلۡفَجۡرِ ۝١ وَلَيَالٍ عَشۡرٖ ۝٢ وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ ۝٣ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ ۝٤ هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ ۝٥ ﴾، ئەمانتش پێنج سوێندن و وەڵامی سوێندەکان دیار نیە، سوێند بە بەرە بەیان و، سوێند بە دە شەوەکان، (زۆربەی زانایان دەڵێن: دەشەوەکەی مانگی (**ذي الحجة**)ن کە شەوی کۆتاییان جەژنی قوربانە)، ﴿ وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ ﴾، سوێند بە جووت و بە تاك (جووتەکە هەموو دروستکراوانی خوان، تاکیش خوای پەروەردگارە)، ﴿ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ ﴾، سوێند بە شەوگار کە دەڕوا، ﴿ هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ ﴾، ئایا لەو شتانەدا سوێند خواردن هەیە، بۆ خاوەن عەقڵان؟ (هەموو ئەوانە شایستەن سوێندیان پێ بخورێ؟).

١٧- سووڕەتی حەڤدەیەم: سووڕەتی (**البلد**)ە: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ۝١ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ۝٢ ﴾، واتە: وانیە (وەك ئێوە دەڵێن) سوێند دەخۆم بەم وڵاتە، لە حاڵێکدا تۆ نیشتەجێی لەم وڵاتەدا، ﴿ وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ ﴾، هەروەها سوێند بە هەر دایك و باوکێك و بە هەر ڕۆڵەیەك، ﴿ لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ ﴾، (ئەوە وەڵامی سوێندەکەیە،) بە دڵنیایی مرۆڤمان لە ڕەنج و ناڕەحەتییدا خولقاندوە، (ژیانی مرۆڤ هەمووی بریتیە لە ڕەنج و زەحمەت و هەوڵدان و تێکۆشان، یاخود دروست بوونی مرۆڤ بە قورسیی و زەحمەت هاتووە و بە قۆناغی جۆراو جۆردا تێپەڕیوە).

١٨- سوورەتی هەژدەیەم: کە بە سوێند دەستی پێکردوە، سوورەتی (**الشمس**)ە: ﴿ وَٱلشَّمْسِ وَضُحَىٰهَا ۝١ وَٱلْقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا ۝٢ وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ۝٣ وَٱلَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰهَا ۝٤ وَٱلسَّمَآءِ وَمَا بَنَىٰهَا ۝٥ وَٱلْأَرْضِ وَمَا طَحَىٰهَا ۝٦ وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ۝٧ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ۝٨ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠ ﴾، ئەمانیش یازدە سوێندن و دوو ئایەتی (٩ و ١٠)ش وەڵامی سوێندەکەن و، ئەمە تاکە سوورەتێکە یازدە سوێندی تێدا خوراون، خوای پەروەردگار سوێند دەخوا بە یازدە شتان، وەڵامی سوێندەکەش ئەوەیە: ئەو کەسەی خۆی پاک و چاك دەکات، سەرفرازەو، ئەو کەسەی خۆی لە بن چڵکی گوناهان دا پەنهان دەکات، پەشێمان و بەدبەخت و بێمرادە.

١٩- سوورەتی نۆزدەیەم: کە بە سوێند دەست پێدەکات، سوورەتی (**الليل**)ە: ﴿ وَٱلَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ ۝١ وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ۝٢ وَمَا خَلَقَ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ۝٣ إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ ۝٤ ﴾، ئەوانش سێ سوێندن، وەڵامی سوێندەکانیش ئەوەیە: ﴿ إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّىٰ ﴾، تێکۆشان و هەوڵەکانی ئێوە جۆراو جۆرن.

٢٠- سوورەتی بیستەم: کە بە سوێند دەست پێدەکات، سوورەتی (**الضُّحی**)یە: ﴿ وَٱلضُّحَىٰ ۝١ وَٱلَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ ۝٢ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ۝٣ ﴾، سوێند بە چێشتەنگاوو سوێند بە شەوگار، کە بە تاریکییەکەی دادەپۆشێ، ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ﴾، ئەوەش وەڵامی سوێندەکەیە، پەروەردگارت نە وازی لە تۆ هێناوەوەو نە لێشت توورەیە، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە کافرەکان بانگەشەیان دەکرد.

٢١- سوورەتی بیست و یەکەم: کە بە سوێند دەست پێدەکات، سوورەتی (**التین**)ە: ﴿ وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيْتُونِ ۝١ وَطُورِ سِينِينَ ۝٢ وَهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ٱلْأَمِينِ ۝٣ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ۝٤ ﴾، خوا سوێند دەخوات بە چوار شتان: ﴿ وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيْتُونِ ۝١ وَطُورِ سِينِينَ ۝٢ وَهَٰذَا ٱلْبَلَدِ ٱلْأَمِينِ ﴾، سوێند بە هەنجیرو، بە زەیتوون و، سوێند بە **طووری** سینا (کێوی دەشتی سینا) و، سوێند بەم وڵاتە پڕ هێمن و ئاسایشە (کە مەبەست پێی مەککەو دەوروبەریەتی)، ئنجا وەڵامی سوێندەکەش هاتوە: ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ

﴿فِيٓ أَحۡسَنِ تَقۡوِيمٖ﴾، بەڕاستیی مرۆڤمان لە باشترین پێکهاتەی ماددیی و مەعنەویی دا هێناوەتە دی.

٢٢- سوورەتی بیست و دووەم: کە بە سوێند دەست پێدەکات، سوورەتی **(العادیات)**ە: ﴿وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ ضَبۡحٗا ١ فَٱلۡمُورِيَٰتِ قَدۡحٗا ٢ فَٱلۡمُغِيرَٰتِ صُبۡحٗا ٣ فَأَثَرۡنَ بِهِۦ نَقۡعٗا ٤ فَوَسَطۡنَ بِهِۦ جَمۡعًا ٥ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٞ ٦﴾، ئایەتی شەشەمیش وەڵامی سوێندەکەیە، خوای میهرەبان سوێند دەخوات بەو ئەسپانەی بە خێرایی دەڕۆن و سیفەتەکانی دیکەشیان باس دەکات، دوایی دەفەرموێ: بەدڵنیایی مرۆڤ بەرانبەر بە پەروەردگاری بێخێرە.

٢٣- سوورەتی بیست و سێیەم و کۆتایی: کە بە سوێند دەست پێدەکات، سوورەتی **(عصر)**ە: ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢﴾، واتە: سوێند بە **(عصر)**، نوێژی ئێوارە، یان ڕۆژگار بە گشتیی، بە دڵنایی مرۆڤ لە زیانباریی دایە، واتە: مرۆڤێك کە دەستی هیدایەتی خوای بەبەزەیی نەگەییێتێ، دوایی بە چوار مەرجان ئەو مرۆڤانەی تووشی زیانباریی نابن، جیایان دەکاتەوە، کە بریتین لە: ئیمان و، کردەوەی باش و، یەکدیی ڕاسپاردن بە هەق و، یەکدی ڕاسپاردن بە خۆڕاگریی.

ئەو بیست و سێ سوورەتە لە قورئاندا، بە سوێند دەست پێدەکەن.

بەڵام وێڕای ئەوە چەند سوێندێکیش لە نێو سوورەتەکان دا هاتوون، بۆ وێنە:

١- سوورەتی **(الواقعة)**: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥﴾.

٢- هەروەها لە پێش ئەودا سوورەتی **(الذاریات)**: ﴿فَوَرَبِّ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ إِنَّهُۥ لَحَقّٞ مِّثۡلَ مَآ أَنَّكُمۡ تَنطِقُونَ﴾.

٣- هەروەها لە سوورەتی **(التکویر)** لە نێوە ڕاستەکەیدا: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ١٥ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ ١٦ وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ١٧ وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ١٨ إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ١٩﴾.

٤- هەروەها لە سوورەتی (**المعارج**)دا: ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِرَبِّ ٱلْمَشَٰرِقِ وَٱلْمَغَٰرِبِ إِنَّا لَقَٰدِرُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾.

هەروەها لە سوورەتی (**الإنشقاق**)دا: ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِٱلشَّفَقِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيْلِ وَمَا وَسَقَ ﴿١٧﴾ وَٱلْقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴿١٨﴾ لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ ﴿١٩﴾ ﴾، هەڵبەتە لە شوێنی دیکەشدا دیسان سوێند هەر خوراون لە نێو سوورەتەکان دا، بەڵام تەنیا ئەو بیست و سێ سوورەتە بە سوێندەکان دەستیان پێکردوە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)

بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، کە ئەوەش مەبەستی ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای باڵادەست دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿وَالنَّازِعَاتِ غَرْقًا (١) وَالنَّاشِطَاتِ نَشْطًا (٢) وَالسَّابِحَاتِ سَبْحًا (٣) فَالسَّابِقَاتِ سَبْقًا (٤) فَالْمُدَبِّرَاتِ أَمْرًا (٥)﴾، لێرەدا خوا ﷻ پێنج سوێندان دەخوات، زانایان لەوبارەوە زۆر مشت و مڕیان کردوە، کە ئایا مەبەست لەو پێنج سوێندانە چی و چییە؟ ئایا هەر یەك شتە، یاخود چەند شتێکە؟ کە دوایی ئێمە لە مەسەلە گرنگەکاندا، زیاتر تیشکی دەخەینەسەر.

بەڵام ئێستا هەر بە کورتیی دەڵێین: زۆربەی زانایان دەڵێن: ﴿وَالنَّازِعَاتِ غَرْقًا﴾، واتە: سوێند بە فریشتە دەرکێشەرەکانی ڕووحی بێبڕواو تاوانباران بە توندیی، چونکە وشەی: (نَزْع)، بە مانای ڕاکێشانی شتێکە لە شوێنی خۆیەوە، وشەی: ﴿غَرْقًا﴾ش بۆ خستنە ڕووی ئەوەیە، کە ئەو ڕاکێشانە گەیشتۆتە کۆتایی، یانی: (**مُغْرِقِيْنَ فِي النَّـزْع**)، گەیونە کۆتایی و زۆر بە توندیی ڕایانکێشاون، کەواتە: مەبەست ئەو فریشتانەن، یان ئەو کۆمەڵە فریشتانەن کە ڕووحی مرۆڤەکان بە تایبەت مرۆڤە تاوانبارو بێبڕوایەکان، بە توندیی ڕادەکێشن.

﴿ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ﴾، وەك چـۆن (نَـزَعَ) یـانی: (جَـذَبَ)، ڕای كێشـا، (نَشْـط) یـش هـەر بـە مانـای وەرگرتـن دێ، بـەڵام (نَشْـط) بریتیـە لـە وەرگرتنـی شـتێك بـە سـووكیی، یـان بـە ئاسـانیی، (أُنْشـوطَة)، بـە گرێیـەك دەگوتـرێ، بـە ئاسـانیی بكرێتـەوە، كەواتـە: ﴿ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ﴾، یـانی: سـوێند بـەو فریشـتانەی ڕووحـی هەندێـك لـە مرۆڤـەكان، كـە مرۆڤـە بـڕوادارە چاكەكارەكانـن، بـە ئاسـانیی وەردەگـرن و بـە ئەسـپایی بـە دەسـتیانەوە دێـن.

﴿ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا ﴾، سـوێند بـەو فریشـتانەی بـە مەلەكـردن (لە هـەوادا) مەلە دەكـەن، چونكـە (السَّبْحُ: المَرُّ السَّرِيعُ فِي الـمَاء أَو فِـي الهَوَاء)، (سَـبْح): ڕۆیشـتنی خێرایە لـە ئـاوداو لە هـەوادا، فریشـتەكانیش كـە خوای پـەروەردگار لـە ئاسـمانەوە دەیاننێرێ بـۆ سـەر زەوی، بـۆ ئەنجامدانـی ئـەو كارانـەی پەیوەندییـان بـە مرۆڤەكانـەوە هەیـە، بێگومـان هـەم بـە بەرگـە هـەوادا، هـەم پێـش بەرگـە هـەوا، بـەو فـەزا فراوانـەدا كـە هـەر خـوا دەزانـێ، ماوەكـەی چەنـدە، دەیبـڕن، ئنجـا دەگەنـە سـەر زەوی.

كەواتە: سوێند بەوانەی بە خێرایی دەڕۆن، خێراییەكی سەر سووڕهێنەر.

﴿ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا ﴾، سـوێند بـە فریشـتە بـە پێشـكەوتووەكان بـە پێشـكەوتنەوە (سَـابِق)، كەسـێكە پێـش كەسـێك كەوتبێتـەوە لـە ڕۆیشـتندا، فریشـتەكانیش پێشـبڕكە دەكـەن، یـان خێرایـی دەكـەن، لێرەدا مەبەسـت لـە پێشـبڕكە كـردن خێرایـی كردنـەو كەسـێك لەگـەڵ كەسـێكدا پێشـبڕكە بـكات، دەیـەوێ هەمـوو تینـی خـۆی تێبـكات و بـە خێرایـی بـڕوات.

﴿ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ﴾، سـوێند بەو فریشـتانەی كاروبار بەڕێوە دەبەن و سەرپەرشـتیی كارەكان دەكـەن، (أَمْـرًا) بـە نەنـاسراو (نكـرة) هاتـوە، واتـە: ئـەو كارانـەی وەسـف ناكرێـن، یاخـود مەبەسـت پێـی زۆرییـە، یانـی: ئـەو كارە زۆرانـەی نایەنـە ئەژمـار.

ئنجـا وەك دوایـی باسـی دەكەیـن، هەندێـك لـە زانایانیـش مانـای دیكەیـان لـەو سـوێندانە داوەتـەوە:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست پێیان ئەستێرەو خڕۆکەکانن.

ب- هەندێك گوتوویانە: مەبەست پێیان ڕووحەکانن.

ج- هەندێك گوتوویانە: مەبەست پێیان ئەسپی موجاهیدو جەنگاوەرەکانن.

د- هەندێك گوتوویانە: مەبەست پێیان ئەو کەوانانەن کە ڕایانکێشاون، تیریان پێ هاویشتوون ... هتد.

بەڵام مانایەك کە زیاتر بە عەقڵ و دڵەوە دەنووسێ و، لەگەڵ سیاقی ئایەتەکانیش دا دەگونجێ و، ئەوەش دێنێ کە خوای پەروەردگار سوێندی پێ بخوات و، بۆ هەموو مرۆڤەکانیش بشێ بە درێژایی کات و بە پانایی زەمین، ئەوەیە کە مەبەست پێیان فریشتەکانن، چونکە ئەگەر کەوان بێ، ڕۆژگاری تیرو کەوان بەسەرچووە، کاتی خۆی کەوانیان ڕاکێشاوە و تیرەکەیان پێ هاویشتوەو، هەروەها ڕۆژگاری ئەسپیش تێپەڕیوە، خوای پەروەردگاریش نەك تەنیا لێرە بەڵکو لە چەند شوێنێکی دیکەش دا بۆ وێنە: لە سەرەتای سوورەتی **(الصافات)**دا، هەر سوێندی خواردوە بە فریشتەکان، کە کاروباری گەردوونی پێ سپاردوون، وەڵامی سوێندەکەش لێرەدا دیار نیە، بەڵام دەزانین کە مەبەست پێی ئەوەیە: سوێند بەو فریشتانەی ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، ئێوە زیندوو دەکرێنەوەو سزاو پاداشت چاوەڕێتان دەکات، بە چی دەزانین؟ بەوە دەزانین کە ئەم سوورەتە هەمووی وەك لە پێناسەکەیدا گوتمان: چواردە ئایەتی سەرەتای، هەروەها سێزدە ئایەتی کۆتایی هەموویان لە بارەی ڕۆژی دواییەوەن، ئنجا بەسەرهاتی مووساش عليه السلام لە دوازدە ئایەتدا و، دوایی هەندێك لە دیاردە سەرنجڕاکێشەکانی گەردوون لە حەوت ئایەتدا نێواخن کراون، ئەوانیش دەکەنە نۆزدە ئایەت، بەڵام لە ڕاستییدا ئەوەی ئامانجی سەرەکییە لەم سوورەتەدا، باسی ڕۆژی دواییە.

ئنجا خوا تعالى دەفەرموێ: ﴿يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ﴾، ئەو ڕۆژەی لەرزینەوەکە دەلەرزێتەوە، یاخود ئەو ڕۆژەی زەوی دەلەرزێتەوە، ﴿ٱلرَّاجِفَةُ﴾، دەگونجێ

مەبەسـت پێـی خـودی لەرزینەوەکـە بـێ، کـە لـە دوای فـووی یەکـەم بـە کەڕانـادا دێتـە دی، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی زەوی بـێ، ئـەو زەوییـەی لـە ئەنجامـی فـوو کـردن بـە کەڕانـادا، بـۆ جـاری یەکـەم دەهـەژێ و دەلەرزێتـەوە.

﴿ تَتْبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴾، شـوێنکەوتووەکە بـە دوای دادێ، شـوێنکەوتووەکە **(الرادفـة)** مەبەسـت پێـی فـووی دووەمـە، لـە ئەنجامـی فـووی دووەمیـش دا ئاسـمانەکان و زەوی جارێکـی دیکـە دەلـەرزن، بـۆ جـاری یەکـەم ئاخیـر زەمـان پەیدادەبـێ و، بـۆ جـاری دووەم قیامـەت و زیندووکرانـەوەو هەڵسـێنرانەوە پەیدادەبـێ، دەشـگونجێ مەبەسـت لـە: **(الرَّادِفَـة)** هـەر خـودی ئـەو دەنگـە گەورەیـە بـێ، کـە لـە ئەنجامـی فـوو کـردن بـە کەڕەنـادا دەبـێ، واتـە: فـووی یەکـەم دەکـرێ و، فـووی دووەمـی بـەدوا دێ.

﴿ قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ وَاجِفَةٌ ﴾، دڵانێـك لـەو ڕۆژەدا پـڕ تـرس و لـەرزو، هەراسـانن، ئۆقرەیـان لـێ هەڵـگیراوە.

﴿ أَبْصَـٰرُهَا خَـٰشِعَةٌ ﴾، چاوەکانیـان تـرس و بیـمان لـێ دەبـارێ، چـاوەکان مـات و حەیرانـن.

﴿ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِى ٱلْحَافِرَةِ ﴾، دەڵێـن: ئایـا ئێمـە دەگێڕدرێینـەوە بـۆ حاڵەتـی پێشـێمان، ﴿ لَمَرْدُودُونَ ﴾، یانـی: **(مُرْجَعُـونَ)**، ئایـا ئێمـە دەگێڕدرێینـەوە؟ ﴿ فِى ٱلْحَافِرَةِ ﴾، ئەمـە تەعبیرێکـە لـە زمانـی عەرەبییـدا: **(رَجَـعَ فـي حَافِرَتِه، رَجَعَ فـي الحَافِـرَة)**، گەڕایـەوە بـۆ حاڵەتـی پێشـووی، مەبەسـتیان پێـی ئەوەیـە: ئایـا ئێمـە دوای ئـەوەی دەمریـن، جارێکـی دیکـە دەهێنرێینـەوە بـۆ ژیـان، (ژیانێکـی دیکـە کـە لـە ڕۆژی دواییدایـە)؟ ﴿ أَءِنَّا ﴾، خوێندراویشـەتەوە: **(إِنَّـا لَمَـرْدُودُونَ)**، پرسـیار کردنەکەش پرسـیاری لێکردنـی نکوولییکەرانـەو ڕەخنـە گرانەیـە، ئەگـەر خوێندنـەوەی: **(إِنَّـا لَمَـرْدُودُونَ فـي الحَافِـرَة)**ش بـێ بـە شـێوەی پرسـیارکردنە، ئایـا ئێمـە دەگێڕدرێینەوە بۆ حاڵەتـی پێشـێمان و دوای ئـەوەی مردیـن، جارێکـی دیکـە، دەخرێینـەوە نێـو ژیانێکـی

دیکە؟ ﴿ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمًا نَّخِرَةً ﴾، ئایا دوای ئەوەی بووین بە ئێسقانی پرتووکاوو رزیو؟ یانی: ئەوە شتێکی زۆر دوورەو هەرگیز ناگونجێ شتی وا رووبدات.

﴿ قَالُوا۟ تِلْكَ إِذًا كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ ﴾، گوتیان: کەواتە: ئەوە گەڕانەوەیەکی زۆر زیانبارانەیە، واتە: گەڕانەوەیەکە ئێمە زۆر زیانی لێ دەکەین، ئەگەر وابێ، هەڵبەتە لێرەدا مەبەستیان پێی ئەوە نەبووە، بڕوایان بەو گەڕانەوەیە هەبێ، ئنجا ئەو زیانەش هەبێ کە لەو گەڕانەوەیە دەیکەن، بەڵکو ئەوە جۆرێك بووە لە توانجدان و گاڵتە پێکردن، خوای پەروەردگاریش لە وەڵامیاندا دەفەرموێ: ﴿ فَإِنَّمَا هِىَ زَجْرَةٌ وَٰحِدَةٌ ﴾، ئەو زیندوو کرانەوەو لێپرسانەوەو هاتنی قیامەتە، تەنیا یەك تێوەخوڕینە، ﴿ زَجْرَةٌ ﴾، بەمانای یەك جار تێوەخوڕین دێ، کە بریتیە لە فەرمانکردن و ڕێگرییکردن لە کەسێك بە تووڕەیی، بە کوردیی دەڵێین: تێوەخوڕین، یانی: یەك تێوەخوڕینە، ﴿ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ ﴾، ئنجا هەموویان دەکەونە گۆڕەپانێکی تەخت و فراوان و سپییەوە (السَّاهِرَة) واتە: زەوییەکی سپیی و ساف، واتە: دەکەونە نێو مەیدانی مەحشەر، دوایی لەوبارەوە دوو فەرمایشتی پێغەمبەری خوا دێنین، کە دەفەرموێ: ئەو شوێنەی مرۆڤەکانی لەسەر کۆدەکرێنەوەو، سزاو پاداشتی لەسەر دیاریی دەکرێ لە نێو مرۆڤەکاندا، دەشتێکە وەك نانێکی سپیی وایە، بێ گرێ و گرفت و، مرۆڤ لەو سەری تاکو ئەو سەری دەتوانێ ببینێ[1]، واتە: مرۆڤ شێوەی پێکهاتەی ئێستای نامێنێ، چونکە ئێستا بەس تاکو ماوەیەکی دیارییکراو دەبینێ، بەڵام هەموو ئەو مرۆڤانەی خوا دروستی کردوون، هەروەها جندیش، لە مەیدانێدا کۆدەکرێنەوەو مرۆڤێك لەو سەری تاکو ئەو سەری هەموویان بتوانێ ببینێ، مانای وایە پێکهاتەی مرۆڤ جۆرێکی دیکەیە، هەم ئەو گۆڕەپانەش کە خەڵکی لێ کۆدەکرێتەوە، شتێکی دیکەیەو جگەلە ئەم زەوییەی ئێمەیە، ئەو زەوییەی ئێمە خڕو بازنەییەو،

---

(١) بڕوانە: بڕگەی (١٤) لە مەسەلەی یەکەم.

ئەگەر مەیدانێك هەبێ بە هەموو زەوی دا بڵاو بێتەوە، مەیدانەکە وەك تۆپی لێ دێ، کەواتە: هەندێکی دیار دەبێ و زۆربەی دیار نابێ.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی ڕووداوی مووسا عليه السلام و، ڕەوانەکرانی بۆ لای فیرعەون، ئەو بەسەرهاتەی مووسا کە دوازدە ئایەت دەگرێتەوە ئایەتەکانی: (١٥ - ٢٦) و، خوا ﷻ تێکهەڵکێشی دەکات لەگەڵ ئەو باس و خواسەدا، واتە: ئێوە کە بڕوا ناهێنن بە ڕۆژی دوایی ئەی بێبڕوایەکان و، گاڵتەی پێدەکەن و، بە سەرسووڕمانەوە باسی دەکەن، دەبووایە پەند وەربگرن لە فیرعەون کە کاتی خۆی مووساشمان نارد بۆ لای فیرعەون و، زۆر ئامۆژگاریی کردو، زۆر بە نەرمیی دواندی، بەڵام بە قسەی نەکردو، سەرەنجام تووشی سزاو جەزرەبە بوو و سەری بە فەتارەت چوو، ئێوەش لە حاڵێك دا کە موحەممەدمان ﷺ وەك دوا پەیامبەرو ڕەوانەکراوی خۆمان نارد بۆ لای ئێوە، کە لێی بەهرەمەند بن و، ئەو هۆشدارییەی پێتان دەداو، ئەو ترساندنەی پێیتان دەترسێنێ، بە جیددیی وەری بگرن، دەرس و پەند و عیبرەت لە فیرعەون وەربگرن و لە جگەلە فیرعەون وەربگرن، کە گوێی بۆ مووسا نەگرت و، سەرەنجام تووشی سزای خوای دادگەر بوو، لە دنیاو لە دوارۆژدا، دەفەرموێ:

﴿ هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴾، (ئەی موحەممەد!) ئایا بەسەرهاتی مووسات قسەو باسی مووسات بۆ هاتوە، (پێت گەیشتوە)؟ لێرەدا خوا زۆر بە کورتیی باسی بەسەرهاتی مووسادا دەکات، لە میانی ئەو دوزادە ئایەتەدا، بەڵام لە سوورەتەکانی دیکەدا بە تایبەتی: **(الأعراف وطه والشعراء والقصص)**دا کە پێشتر هەموویانمان تەفسیر کردوە، ستایش بۆ خوا، خوای پەروەردگار بەدرێژیی باسی بەسەرهاتی مووسا و فیرعەونی کردوە، بۆیە لێرەدا بە کورتیی و گوشراویی و زیاتر شوێنی مەبەست باس دەکات، کە ئەو سەرەنجامەیە فیرعەون تووشی بوو، لەبەر ئەوەی گوێی نەگرت بۆ پەیامەکەی مووسا، ﴿ إِذْ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى ﴾، کاتێك پەروەردگاری بانگی کرد لە دۆڵی **طوای** پاککراوەدا، لە سوورەتی

(**طه**)شـدا، دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّكَ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوًى ﴿١٢﴾ ﴾، بەدڵنیایـی (ئـەی مووسـا!) تـۆ لـە دۆڵـی بـە پاکگیـراو و خاوێنکـراوە دای کـە نـاوی (**طوی**)یـە، خـوای پـەروەردگار بانگـی کـرد: ﴿ ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴾، بـڕۆ بـۆ لای فیرعـەون، چونکـە ئـەو یاخیـی بـووە، (**طُغْيَـان**): بریتیـە لـە: (**تَجَـاوُز الحَـدّ فِي العِصْيَـان**)، سـنوور بەزانـدن لـە سـەرپێچیی کردنـدا ﴿ فَقُلۡ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴾، پێـی بڵـێ: ئایـا ئـارەزووت نیـە خـۆت پـاك و چـاك بکـەی! ﴿ هَل لَّكَ ﴾، تەعبیرێکـی عەرەبییـە بەکاردەهێـنرێ بـۆ دوانـدن بـەو پـەڕی لوتـف و میهرەبانییـەوە، یانـی: (**هَـلْ لَـكَ رَغْبَـة إلى أَنْ تَـزَكَّى**)، ئایـا ئـارەزووت هەیـە پـاك و چـاك بی؟ یـان (**هَـلْ لَـكَ الإِسْـتِعْدَاد إلى أَنْ تَـزَكَّى**)، ئایـا ئامـادەی خـۆت چـاك و پـاك بکـەی؟ ﴿ وَأَهۡدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخۡشَىٰ ﴾، بـەرەو پەروەردگاریشـت ڕێنماییـت بکـەم و سـام و هەیبەتـی خـوا بچێتـە دڵـت؟ پێشـێ مووسـا عليه السلام بـۆی پێشـنیار دەکات، کـە خـۆی پـاك و چـاك بـکات، دوایـی پێی دەفەرمـوێ: ئایـا ڕێنماییت بکـەم بـەرەو پـەروەردگارت، بـۆ ئـەوەی ترس و سـام و هەیبەتـی پـەروەردگارت بچێتە دڵـت؟ چونکـە لـە ڕاسـتییدا هیدایەتـی خـوا تەنیـا دەچێتـە دڵ و دەروونێکـەوە پاڵفتە کـرا بـێ، پـاك و چـاك کرابـێ، هـەروەك چـۆن کەسـێك بیـەوێ تۆوێـك لـە زەوی دا بوەشـێنێ، پێشـێ ئـەو زەوییـە دەکێڵـێ و هەڵیدەوێژێـرێ و ئامـادە دەکات، هەروەهـا کەسـێك بیـەوێ ڕەزێـك، باخێـك لـە زەوییـەك دا بنێـژێ، پێشـێ دەبـێ هەڵیبوێژێـرێ و پاکـی بکاتـەوەو ئامـادەی بـکات، بـەڵام بـەو هەمـوو پیـس و پۆخەڵییـەوە، کـە فیرعـەون هەیەتـی ئەگـەر خـۆی پـاك و چـاك نـەکات، نەمامـی، ئیـمان لـە دڵیـدا نانێـژرێ و، تـۆی بـڕواو تەقـوا، لـە زەوی دڵیـدا سـەوز نابـێ!

﴿ فَأَرَىٰهُ ٱلۡأٓيَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴾، ئنجـا نیشـانە هـەرە گەورەکـەی پێشـان دا، نیشـانە هـەرە گەورەکـەی مووسـا عليه السلام گۆچانەکـەی بـووە، هەروەهـا دەستیشـی بـووە، هەندێکیش دەڵێـن کـۆی ئـەو نـۆ نیشـانەیە بـوون کـە خـوا پێـی داون، وەك دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ تِسۡعَ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ ﴿١٠١﴾ ﴾الإسراء، کـە ئەمـە هـەم لـە سـوورەتی (**النمـل**) دا هاتـوە، هـەم لـە سـوورەتی (**الإسراء**)یـش دا: نـۆ نیشـانەمان بـە مووسـا دابـوون،

واتە: نۆ بەڵگە، کە هەر کامێکیان بە تەنیا بایی ئیسپاتکردنی دەعوای مووسای دەکرد، بەڵام لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿فَأَرَىٰهُ ٱلۡأٓيَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰ﴾، نیشانە هەرە گەورەکەی پێشاندا، یان لەبەر ئەوەیە کە نۆ نیشانەکان و بەڵگەکان بە یەك بەڵگەو نیشانە دانراون، یاخود مەبەست لە نیشانە هەرە گەورەکە، بەس گۆچانەکەیەتی کە فڕێی دەدا، دەبوو بە حەزیاو ئەژدیهایەکی گەورە، ﴿فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ﴾، بە (ف)ی بەدواداهاتن (تعقیب) هێناویەتی، ﴿فَكَذَّبَ﴾، واتە: یەکسەر دوای ئەوەی مووسا ئەو نیشانە هەرە گەورەیەی پێشاندا، فیرعەون بە درۆی دانا، یانی: مووسای بە درۆ دانا، نیشانەکەی خوای بە درۆی دانا، پەیامی خوای بە درۆی دانا، هەمووی دەگرێتەوە، ﴿وَعَصَىٰ﴾، هەروەها سەرپێچیی کرد، واتە: سەرپێچیی لە مووسا کرد، کە بە دەم بانگەوازەکەیەوە بچێ، سەرپێچیی لە فەرمایشتی خوا کرد، سەرپێچیی لە خوای پەروەردگار کرد، هەموویان دەگرێتەوە، بۆیە هەرکام لە: ﴿فَكَذَّبَ﴾ و ﴿وَعَصَىٰ﴾، بەرکارەکەیان قرتێنراوە، تاکو زیاتر لە واتایەك هەڵبگرن، ﴿ثُمَّ أَدۡبَرَ يَسۡعَىٰ﴾، دوایی هەر بەو بەوەندەش وازی نەهێنا، کە بە درۆی داناو سەرپێچیی کرد، بەڵکو پشتی هەڵکردو ڕۆیی و هەوڵیشی داو دەستی بە تێکۆشان و خەبات کرد لە دژی مووسا عليه السلام، ﴿فَحَشَرَ فَنَادَىٰ﴾، ﴿فَحَشَرَ﴾، دیسان بەرکارەکەی قرتێنراوە، واتە: کۆی کردەوە، بەدڵنیایی خەڵکی کۆ کردۆتەوە، هەندێك لە ڕوونکەرەوان گوتوویانە: (**فَحَشَرَ السَّحَرَة**)، جادووگەرەکانی کۆکردنەوە، چونکە لە سوورەتی (**الشعراء**)دا دەفەرموێ: ﴿قَالُوٓاْ أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ وَٱبۡعَثۡ فِي ٱلۡمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ٣٦ يَأۡتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٖ ٣٧﴾، گوتیان: خۆی و برایەکەی دوابخەو بە شاراندا جارچییان بنێرە، هەر جۆرە جادووگەرێکی شارەزاو زانات بۆ بێنن.

ئنجا ئەوەی ئەوێ دیارە باسی ئەوەیە کە کۆکەرەوانی جادووگەرەکانیان ناردوون، بەڵام لێرە بەدڵنیایی مەبەست پێی جادووگەرەکان نیە، چونکە لێرەدا فیرعەون دەڵێ: ﴿فَحَشَرَ فَنَادَىٰ ٢٣﴾، کۆی کردەوەو بانگی کرد، واتە:

خەڵکەکەی کۆکردەوە، جەماوەری میسری کۆکردەوەو، بانگی کرد، ﴿ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾ ﴾، گوتی: من پەروەردگاری هەرە بەرزترینتانم، ئاشکرایە مەبەستی پێ خەڵکی میسر بووە بە گشتیی، واتە: ئەی خەڵك و جەماوەر! من پەروەردگاری هەرە بەرزتانم.

﴿ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْـَٔاخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰٓ ﴾، ئنجا خوا سزای تەمبێکەرانەی دوارۆژو یەکەم (دنیا)ی دا، (أَخْـذ) بریتیە لە گرتن، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ سزادان، یانی: (فَعَاقَبَهُـم اللـه عِقَـابَ الأَخِـرَةِ والأولَى)، خوا سزای دوارۆژو دنیای دا، بۆچی سزای دوارۆژ پێشخراوە؟ چونکە سزای دوارۆژ سزای پڕ بە پێستە، بۆ بێبڕوایان، بەڵام سزای دنیا کەم و زوو تێپەڕە.

﴿ نَكَالَ ﴾ یش بریتیە لە: (العُقُوبَـة المُنَكِّلَـة)، سزایەکی تەمبێکەر، سڵەمێنەرەوە، (العُقُوبَـة الَّتِـي يُنَكِّلُ بِهَـا غَـيْرُهُ)، ئەو سزایەی بەسەر کەسێکدا دەدرێ، بەڵام جگەلە ئەوی پێ دەسڵەمێتەوەو دەپرینگێتەوەو تەمبێ دەبێ، ﴿ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰٓ ﴾، بەڕاستیی لەوەدا پەندێکی گەورەو مەزن هەیە، بۆ کەسێك سام و هەیبەتی هەبێ بەرانبەر بە خوا ﷻ.

ئنجا خوا ﷻ دوای ئەو ئاماژە کورتە، بە بەسەرهاتی مووساو فیرعەون، کە شیاوی ئەوەیە پەندو عیبرەتی لێ وەربگیرێ، چ بۆ بێبڕوایەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەری کۆتایی ﷺ، چ بۆ هی هەموو چاخ و سەردەمەکان، وەك عادەت قورئان بە زۆریی وایە، کە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ بۆ مێژوو، دوایی بۆ گەردوون و دەوروبەر، یان جاری وایە سەرنجی بۆ گەردوون و دەوروبەر ڕادەکێشێ دوایی بۆ مێژوو، وەك لە سوورەتی (ق)دا واهاتوە: پێشێ خوا سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ ئاسمان و زەوی و دابارینی ئاو و، ئەو دانەوێڵانەو ڕەزو باخانەی پێی دەڕوێن، دوایی سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ مێژوو، لێرەش دا بە پێچەوانەوە: پێشێ سەرنجی بۆ مێژوو ڕاکێشان، دوایی سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ گەردوون، چونکە لە ڕاستییدا

هـەم کتێبـی مێـژوو، کتێبێکـە زۆر دەرس و پەنـدو عیبرەتـی لێوەردەگیرێـن، هـەم کتێبـی گەردوونیـش ئەگـەر مـرۆڤ تێـوەی ڕابمێنـێ، زۆر دەرس و پەنـدو عیبرەتـی تێـدا دەخوێنێتـەوە، ﴿ ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ ﴾، ئایـا دروسـتکردنی ئێـوە قورسـترو زەحمەتـترە یاخـود هـی ئاسـمان، وەك چەنـد جارێکـی دیکـەش باسـمان کـردوە، وشـەی ئاسـمان؟ ئەگـەر بـە تەنـێ بـێ (سـماء) یاخـود بـە کـۆ بـێ ﴿ سَمَٰوَٰتٍ ﴾، یـان بـە وشـەی حـەوت ئاسـمانەکان ﴿ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٍ ﴾، هەموویـان مەبەسـت پێیـان گەردوونـە، یانی: کـۆی دروسـتکراوی خـوا ﷻ، زەویـش کـە بـاس دەکـرێ لـە بەرانبەریـدا، زەوی شـتێکی بچووکـە لـە نێـو گەردوونـدا، بـەڵام بـە نسـبەت ئێمـەی مرۆڤـەوە زەوی ئەگـەر لـە ئاسـمان گرنگـتر نەبـێ، کەمـتر گرنـگ نیـە، چونکـە ژیانـی ئێمـە بـە زەوییـەوە پەیوەسـتە، بەنسـبەت ئێمـەوە زەوی ئەونـدە گرنگـە، ئەگەرنـا لـە ڕووی قەبـارەوە، زەوی شـتێکی زۆر بچووکـە لـە نێـو گەردوونـدا، چونکـە زەوی یەکێکـە لـە نـۆ خڕۆکەکـەی کـە بـە دەوری خـۆردا دەخولێنـەوەو، خۆریـش خـۆی و نـۆ خڕۆکەکـەی بـە دەوری داڵـی ڕاوەسـتاودا دەخولێنـەوەو، خۆریـش ئەسـتێرەیەکە لـە دوو سـەد ملیـار ئەسـتێرە، بـە هەندێـك سـەرژمێریش دەڵێـن: یـەك تریلیـۆن، واتـە: هـەزار ملیـار ئەسـتێرە، کـە لـە نێـو کەهکەشـانی کاکێشـاندان، کەهکەشـانی کاکێشـانیش یەکێکـە لـە دوو سـەد ملیـار کەهکەشـان، یاخـود یـەك تریلیـۆن کەهکەشـان لـەوەی هەتـا ئێسـتا هاتۆتـە بەرچـاوی دوور بینـەکان و دەبینـرێ.

خـوا دەفەرمـوێ: ئایـا دروسـتکرانی ئێـوە قورسـترە یاخـود ئاسـمان؟ ﴿ بَنَىٰهَا ﴾، بنیاتـی نـاوە، دروسـتیکردوە، ﴿ رَفَعَ سَمۡكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴾، (سَـمْك)، واتـە: بەرزیـی و ئەسـتووریی، بەرزییەکـەی، زۆر بـەرز کـردەوە، وەك لـە سـوورەتی (**الرحـمان**)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ ﴿٧﴾ ﴾، لەوێـدا کورتـە باسـێکمان کـردوە لـە بـارەی فراوانیـی و بەرزیـی گەردوونـەوە، ﴿ فَسَوَّىٰهَا ﴾، ڕێکیخسـتوە، یانی: ئاسـمان و گـەردوونی زۆر بـاش، ڕێکخسـتوەو چاکـی کـردوە، هـەر شـتێکی لـە شـوێنی خۆیـدا دانـاوە، ﴿ وَأَغۡطَشَ لَيۡلَهَا وَأَخۡرَجَ ضُحَىٰهَا ﴾، شـەوەکەی تاریـك داهێنـاوەو،

ڕووناکییەکەشی دەرهێناوە، ئەمە وەك دوایی باسی دەکەین، ئیعجازێکی زانستیی تێدایە، چونکە پێشتر وازانراوە وەك چۆن بۆ ئێمە کاتێك ڕۆژ دەبێتەوە، دنیا ڕووناکە، وایانزانیوە گەردوون هەمووی وایە، بەڵام لە دەرەوەی بەرگە هەوای زەوی، هەرچەندە ئەستێرەکان وەك تیشکێکی باریك دەبینرێن، بەڵام گەردوون هەمووی تاریکە، مەگەر لە ئەستێرەکان نزیك ببینەوە، کە هەمووی تەقینەوەی ئێوەکییە، ئەگەرنا ئێمە بەس بە هۆی بەرگە هەواوە دنیامان بۆ ڕووناکەو، هەر شوێنێك بەرگە هەوای لێ نەبێ، تیشك ناشکێتەوەو کە تیشکیش نەشکاوەیە، دنیا ڕووناك دانایە، بەڵکو تیشکەکە وەك دەزوویەك و گوللەیەك دەڕوات.

﴿وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ﴾ دوای ئەوە زەویشی پانڕاخستوە، ئەمەش وەك دوایی باسی دەکەین، دەقە لەو بارەوە کە دوای دروستبوونی ئاسمان، دوای دروست بوونی گەردوون، ئنجا خوا زەوی لە نێو گەردوون دا دروست کردوە، چونکە زەوی و هەموو کۆمەڵەی خۆر لە خۆر جیابوونەوە، هەروەك چۆن مانگ لە زەوی جیابۆتەوە، بۆیەش بێگومان پێشێ دەبی خۆر بووبێ، ئنجا دوایی زەوی دروست بووبێ، هەروەك پێشێ زەوی بووە، ئنجا مانگیش دروست بووە، چونکە هەندێك لە زانایان پێشێ، وایانزانیوە زەوی پێش ئاسمان دروست بووە! بەڵام بە پێی گەردووناسیی نوێ زەوی بەشێکی بچووکە لە نێو ئاسمانداو، دوای ئەوەی گەردوون دروست بووە، ئنجا لە نێوی دا زەوی دروست بووەو، زانایان بە مەزەندە دەڵێن: مێژووی زەوی دەگەڕێتەوە بۆ چوار ملیارو هەشتسەد ملیۆن ساڵ، یان حەوتسەد ملیۆن ساڵ و، تەمەنی خۆر دەگەڕێتەوە بۆ پێنج ملیار ساڵ، بەڵام تەمەنی گەردوون دەگەڕێتەوە بۆ سێزدە ملیار و حەوتسەد، یاخود هەشتسەد ملیۆن ساڵ، لەمەوبەر، ﴿دَحَىٰهَآ﴾، یانی: (بَسَطَهَا وَوَسَّعَهَا وَمَهَّدَهَا)، فراوانی کردو لێکیکێشایەوەو ئامادەی کرد، ﴿أَخۡرَجَ مِنۡهَا مَآءَهَا وَمَرۡعَىٰهَا﴾، هەم ئاوەکەی لێ دەرهێناو، هەم لەوەڕگایەکەی لێ دەرهێنا، گژو گیاو لەوەڕو ڕووەکی لێ دەرهێنا، ﴿وَٱلۡجِبَالَ أَرۡسَىٰهَا﴾، چیایەکانیشی چەسپاندن و

داکوتـان لـە زەویـدا، بێگومـان داکوترانـی چیایەکانیـش لـە زەویـدا پێـش هاتنـەدەری ڕووەك و گژوگیـاو لـەوەڕو زەمەنـد بـووە لـە زەوی دا، بـەڵام خـوای پـەروەردگار لـە باسـکردن دا خسـتوویەتە دوایـە، چونکـە ئـەوەی بـۆ ئێمـەی مـرۆڤ زیاتـر گرنگـە ئـاوەو، لـە دوای ئاویـش ڕووەکـە، ﴿ مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ ﴾، ئـەوەش هەمـووی وەك بەهـرە پێدانێکـە لـە لایـەن خـوای بەخشـەرەوە بـۆ ئێـوەو بـۆ ئاژەڵانتـان، یانـی: هـەم ئاژەڵانتـان، هـەم ئێـوە بەبـێ ئـاوو سـەوزایی و ڕووەك و دارو درەخـت ژیانتـان نابـێ.

ئەمـەش ئـەو حـەوت ئایەتـەی خـوای پـەروەردگار کـە، چەنـد دیـاردە و دیمەنێکی گـەردوون و دەوروبـەری تێـدا خسـتنە بەرچاومان.

کەواتـە: ئـەی ئەوانـەی نکووڵیـی دەکـەن لـە هاتنـی ڕۆژی دوایـی! خوایـەك کـە ئـەو گەردوونـەی بـەو شـێوە خوڵقانـدوە، ئـەو ئاسـمانەی بـەو بەرزییە ڕێکیخسـتوەو، ئـاوا شـەوەکەی تاریـك داهێنـاوەو، تیشـکەکەی لـێ دەرهێنـاوەو، بـەو شـێوەیە زەوی پانڕاخسـتوەو، ئـاوی شـیرینی تێـدا پەیـدا کـردوەو، لەوەڕگایەکانـی لـێ پەیـدا کـردوون و، چیایەکانـی تێـدا داکوتـاون، خوایەکـی ئـاوا ﷻ دەتوانـێ زیندووتـان بکاتـەوەو لێـی عاسـێ نابـن و، ناشـگونجێ زیندووتـان نەکاتـەوەو سـزاو پاداشـتتان نەداتـەوە، لـە حیکمـەت و ڕەحمـەت و کـەرەم و دادگەریـی ئـەو خوایـە ﷻ زۆر دوورە مرۆڤـەکان بخوڵقێنـێ و، دوایـی وەك بەرزەکـی بانـان بـۆی دەربچن و سـزاو پاداشـتیان نەداتەوە!

دوایـی جارێکـی دیکـە خـوا دێتـەوە سـەر باسـی ڕۆژی دوایـی: ﴿ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴾، ئنجا هـەر کاتێـك ڕووداوە هـەرە گەورەکـە هـات، ﴿ ٱلطَّآمَّةُ ﴾، دەگوترێ: (**طَـمَّ الـوَادِي**)، واتـە: دۆڵەکـە پـڕ بـوو، (**طَمَّـةٌ: أي غَلَبَـةٌ**)، بەسـەریدا زاڵ بـوو، (**طَـمَّ البَحْـرُ وَهُـو مَطمُـوم**)، دەریایەکـە زاڵ بـوو بەسـەر هەمـوو ئـەو شـتانەی لـە دەورو بەریـدان، کەواتـە: ﴿ ٱلطَّآمَّةُ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴾، یانـی: ئـەو ڕووداوە هـەرە گەورەئـەی زاڵ دەبـێ بەسـەر هەمـوو شـتێکدا، کـە مەبەسـت پێـی ڕۆژی دواییـە، ئنجـا چ مەبەسـت پێـی قۆناغـی یەکەمـی بـێ، کـە ئاخیـر زەمانـەو تێکچوونـی گەردوونـە، چ قۆناغـی دووەمـی بـێ، کـە قیامـەت و هەڵسـانەوەیە، ﴿ يَوۡمَ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ ﴾، ئـەو

ڕۆژەی مـرۆڤ وەبیـری دێتـەوە، چـی کـردوەو هەوڵـی بۆچـی داوە! ﴿ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِمَن يَرَىٰ ﴾، دۆزەخیش ڕانوێنراو هێنرایە پێشەوە بۆ کەسێك ببینێ، ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴾، (أَمَّا)، (حَرْف تَفْصِيْلٍ)، پیتی ڕوونکردنەوەیە، ئنجا هەر کەسێك یاخیی بوو بێ، لە سنوور دەرچووبێ لەسەرپێچیی کردندا، ﴿ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴾، ژیانی دنیاشی هەڵبـژارد بێ بەسەر ڕۆژی دواییدا، ﴿ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴾، بە دڵنیایی کڵپەی دۆزەخ سرەوتگایەتی، یانی: ئەو شوێنەی تێیدا دەسرەوێ و پشووی و تێدا دەدا، ئەوێیە، ئەگەر شوێنێك هەبێ تێیدا بحەوێتەوەو بسرەوێ و پشوو بدات، هەر دۆزەخە.

﴿ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴾، بەڵام کەسێك لە پێگەی پەروەردگاری بترسێ، یاخود: لە وەستانی پەروەردگاری بترسێ لە ڕۆژی دواییدا، بۆ سزاو پاداشت دانەوەی مرۆڤەکان، یاخود: لە وەستانی خۆی لە بەردەم پەروەردگاریدا بترسێ، ﴿ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴾، خودی خۆیشی بگێڕێتەوە لە ئارەزووەکان، واتە: لە ئارەزووە ناشەرعیی و ناڕەوایەکان، ﴿ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴾، بە دڵنیایی بەهەشت جێگاو سرەوتگای ئەو کەسەیە، بەهەشت ئەو شوێنەیە کە تێیدا دەحەوێتەوەو سەقامگیر دەبێ.

ئنجا خوا ﷻ لە پێنج ئایەتی کۆتاییدا، ڕوو لە پێغەمبەری خاتەمی ﷺ دەکات، کە زۆرجار بێبڕوایەکان هەڵیان دەپێچا: ئایا ئەو قیامەتەی تۆ باسی دەکەی، یان ئەو ئاخیر زەمانەی تۆ دەڵێی، کەنگێ دێ؟ دەفەرموێ: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ﴾، پرسیارت لێ دەکەن لەبارەی کاتەکە (ساعَة)وە کەنگێ کاتی لەنگەر گرتنەکەیەتی؟ ﴿ مُرْسَىٰهَا ﴾، چاوگی میمییە بە مانای (رُسُوّ)، لەنگەر گرتن، یانی: کەنگێ دەوەستێ و لەنگەر دەگرێ؟ یاخود: (مُرْسى) بە مانای شوێنی لەنگەر گرتنە، یاخود بە مانای کاتی لەنگەرگرتنە، وشەی: ﴿ ٱلسَّاعَةِ ﴾ش لێرەدا دەگونجێ بە مانای کۆی ڕۆژی دوایی بێ، دەشگونجێ بە مانای ئاخیر زەمان بێ، قۆناغی یەکەمی ڕۆژی دوایی، کە دوای فووی یەکەم بەکەڕەنادا، دێتە دێ،

یاخود مەبەست پێی قۆناغی دووەمی بێ، کە لە دوای فووی دووەم بە کەڕەنادا، دێتە دی، کە قیامەتە، چونکە وشەی: ﴿ ٱلسَّاعَةِ ﴾، بۆ ئاخیر زەمان بەکاردێ، بەڵام زۆرجاریش بۆ ڕۆژی دوایی بەگشتیی بەکاردێ و، هەندێك جاریش تەنیا بۆ قیامەت بەکاردێ، بەڵام بە زۆریی بۆ کاتی کۆتایی هاتنی ژیانی دنیاو گەردوون بەکارهاتوە، ﴿ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴾، خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: تۆ چ پەیوەندییەکت هەیە بە باسکردنیەوە، یانی: کەی ئەوە ئیشی تۆیە، بزانی ڕۆژی دوایی کەینێ دێ؟ یاخود: ئاخیر زەمان کەی دێ؟ یان قیامەت کەی دێ؟ ﴿ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ﴾، کۆتاییەکەی واتە: زانیاریی هەبوون بە کۆتایی، ئەو ڕۆژە کە کەی دێ و لەنگەر دەگرێ؟ بۆ لای پەروەردگارتە، واتە: کۆتایی هاتنی ئەو ڕۆژەو زانیاریی هەبوون لەو بارەوە، پەیوەستە بە پەروەردگارتەوە، ئەدی ئایا ئەرکی پێغەمبەری خوا چییە ﷺ؟ ﴿ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخْشَىٰهَا ﴾، بێگومان تۆ تەنیا ترسێنەرو ورياكەرەوەی ئەو كەسەی، لێی بترسێ و سام و هەیبەتی بەرانبەری هەبێ، ئەركی تۆ بەس ئەوەیە، ئەركی تۆ ئەوە نیە، بڵێی: قیامەت فڵانە ڕۆژێ دێ و، فڵان ڕۆژێ ئەو دنیایە تێكدەچێ، مرۆڤ پەكی لەسەر ئەوە نەكەوتوە، بزانێ كەی دنیا تێك دەچێ؟ چونكە ئەگەر ئەوەش نازانێ كەی ئاخیر زەمین دێ، كەی كۆتایی بە ژیانی مرۆڤ دێ لەسەر زەوی، هەر دڵنیایە كە بە مسۆگەریی كاتێك دێ، كۆتایی بە ژیانی دنیای دێ، كەواتە: با بزانێ چۆن ژیانەكەی بەڕێ دەكات! چونكە ئەگەر كۆتایی هەموو ژیانی خەڵكی سەر زەوی لێ دیار نەبێ، كە لە ئاخیر زەمانـدا دێتە دی، كۆتایی ژیانی خۆی هەر لەلای مسۆگەرە، كە مردنییەتی بۆیە دەفەرموێ:

﴿ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا ﴾، ئەو ڕۆژەی دەیبینن وەك تەنیا ئێوارەیەك، یاخود چێشتەنگاوێك مابنەوە، ﴿ عَشِيَّةً ﴾، بریتیە لەو كاتەی ڕۆژ لە نێوە ڕاستی ئاسمان لادەدا، تاكو ئاوا دەبێ، دوای نیوەڕۆ تاكو شێوان، **(ضحى)** ش بریتیە لەو كاتەی خۆر هەڵدێ، هەتا خۆر دەگاتە نێوەڕاستی ئاسمان،

واتـە: چێشـتەنگاو، یاخـود پێشـنێوەڕۆ، کاتێـك کاتەکـە (ساعَة) دەبینـن، وەك تەنیـا دوای نێوەڕۆیـەك، یاخـود پێـش نیوەڕۆیـەك مابنـەوە، ﴿لَمْ يَلْبَثُوٓا۟﴾، (لَـمْ یَمْکُثُوا لَـمْ یَبْقُـوا)، وەك نەمابنـەوە لـە دنیـاداو نەیانگوزەراندبـێ، تەنیـا دوای نیوەڕۆیـەك، یـان پێشـنیوەڕۆیەك، ئـەوەش حەقیقەتێکـی زۆر مەزنـە کـە ئێمـەی خەڵکـی سـەر زەوی پێوەرمـان بـۆ کات، پەیوەسـتە بـە جووڵـەی زەوی بـە دەوری خۆیـدا لـە بەرانبـەر خـۆردا، کـە شـەو و ڕۆژ پەیـدا دەکات و، بـە خێرایـی سی (٣٠) کـم لـە خولەکێکـدا، هەروەهـا جووڵـەی زەوی بـە دەوری خـۆردا کـە بـە خێرایـی (٣٠کـم/ چرکـە)، واتـە: شەسـت هێنـدە خێرایـی خولانـەوەی بـە دەوری خۆیدا خێراتـرو، لە ئەنجامـی ئەوەش دا، هـەم شـەو و ڕۆژمـان بـۆ دروسـت دەبـن، هـەم سـاڵمان بـۆ دروسـت دەبـێ.

کەواتـە: کاتـی ئێمـەی خەڵکـی سـەر زەوی، بریتیـە لـە شـەوو ڕۆژ و، شـەو و ڕۆژەکانیـش، هەفتـە پێـك دێنـن و، هەفتـەکان مانـگ پێکدێنـن و، مانگەکانیـش سـاڵ و، ساڵەکانیش تەمەنـی مـرۆڤ پێکدێنـن، بـەڵام کاتێـك مـرۆڤ ئـەم ژیانـە زەمینییـەی بەجـێ دێڵـێ و دەچێتـە دەرەوەی چوارچێـوەی زەوی، لـەوێ کات (زمـن) چەمکێکـی دیکـە پەیـدا دەکات، هـەر ئێسـتاش کاتێـك ئێمـە لـەم ژیانـە دنیاییـەش دایـن، ئێسـتا هەندێـك لـە خڕۆکـەو ئەسـتێرەکان، کات لـە ئـەوان دا چەمکێکـی دیکـەی هەیـە، خڕۆکـە هەیـە بـە ملیۆنێـك سـاڵ جارێـك بـە دەوری خۆیـدا دەخولێتەوە، کاتێـك زەوی ئێمـە لـە بیسـت و چـوار سـەعاتدا جارێـك بـە دەوری خۆیـدا دەخولێتـەوە، کەواتـە: شـەوو ڕۆژی ئـەوان ملیۆنێـك سـاڵە، هـی ئـەو خڕۆکەیـە ئـەو ئەسـتێرەیە، بـەڵام لـە ڕۆژی دواییـدا، یـان دوای جیابوونـەوەی ڕووح لـە لاشـە، کات واتایەکـی دیکـەی بـۆ پەیـدا دەبـێ و، وادیـارە لـەو کاتـەدا کات دەوەسـتێ و، ئێمـە ئێسـتا مەحکوومـی خولانـەوەی زەوی و شـەوو ڕۆژ بـە دوای یەکداهاتنـی زەوییـن، جەستەکەشـمان دیـارە لـە خاکـی سـەر زەوی پێکهاتـوەو، مەحکوومـی ئـەو یاسـا فیزیایـی و کیمیایـی و بایۆلۆجییانەیـە کـە خـوای پـەروەردگار بـۆ دروسـتکراوەکانی سـەر زەوی دایناون، بـەڵام کاتێـك ڕووحـمان لـە جەسـتەی خاکیـمان دێتـەدەرو، دەچێتـە قۆناغـی بـەرزەخ

و دواتریـش دەگوازێتـەوە بـۆ قۆناغـی قیامـەت، کات ئـەو چەمکـەی ئێسـتا دەیزانیـن، نایمێنـێ، بۆیـەش خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: وەك دوای نیوەڕۆیـەك، یاخـود چێشـتەنگاوێك مابنـەوە، لـە شـوێنێکی دیکـەش لـە سـوورەتی (**طـه**)دا دەفەرمـوێ: هەیانـە دەڵـێ: سـەعاتێك ماوینـەوەو هەیانـە دەڵـێ: ڕۆژێـك ماوینـەوە، لە سـوورەتی (**الروم**)یــش دا، دەفەرمــوێ: ﴿ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُواْ غَيْرَ سَاعَةٍ كَذَٰلِكَ كَانُواْ يُؤْفَكُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾، ئـەو ڕۆژەی قیامـەت ڕادەبـێ، تاوانبـارەکان سـوێند دەخـۆن تەنیـا یـەك سـەعات ماونەوە، چونکـە تەماشـای ڕۆژی دوایـی دەکەن، کات لـەوێ تێناپـەڕێ و وەسـتاوەو، کـە ژیـانی دنیایـان دێتـەوە بیـر دەڵێـن: ژیـانی دنیامـان لـە چـاو هـی ئێـرە، تەنیـا سـەعاتێك بـووە، یـان هـەر تۆزێـك بـووە.

خـوا بـە لوتفـی کەرەمـی خـۆی وامـان لـێ بـکات، قـەدری ئـەم ژیانـە دنیاییەمـان بزانیـن و، قـەدری سـاڵ و مانـگ و هەفتـەو ڕۆژ و خولـەك و چرکەکانـی تەمەنمـان بزانیـن بزانیـن چـۆن بەڕێیـان دەکەیـن، تاکو کاتێك ئـەم ژیانە دنیاییەو، جەسـتەکەمان ئـەم پۆشـاکە خاکییـە ئـەم بەرگـە خاکییـە، جـێ دێڵـێ و دەچێتـە قۆناغـی بـەرزەخ، پاشـان دەچێتـە قۆناغـی قیامـەت، لـەوێ سـەر بـەرز بیـن و ڕوو سـوور بیـن و بڵێیـن: خوایـە! ژیانەکەمـان بـەو شـێوەیە بـەڕێ کـرد کـە تـۆ پێـت خۆشـەو، شـەریعەتی تـۆ بـۆی دیاریـی کردبوویـن.

دیـارە ئەویـش بەهـۆی زیاتـر بەهـرە وەرگرتـن لـە قورئـان، لـە کۆتـا فەرمایشـتی خـوا بـۆ مرۆڤـەکان و، بەهـۆی پەیڕەویـی کردن لـە ڕێبـازی پێغەمبەری خاتـەم ﷺ، کە بێگومـان ژیانـی پێغەمبـەری خاتـەم و ڕێبازەکەیشـی، هـەر بریتیـە لـە جێبەجێکـردنی قورئـان لـە ژیانـی تاکیـی و خێزانیـی و سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی خۆیـدا.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سـوێند خواردنـی خـوا ﷻ بـە فریشـتەکان کـە بـە توندیـی گیانـی بێبڕوایـان دەکێشـن و، بـە نەرمیـی هـی بـڕواداران و، بـە خێرایی بە هـەوادا دەڕۆن و، پێشـبڕکە دەکـەن و، سەرپەرشـتیی کارەکان دەکـەن و، باسـی لەرزینـەوەی زەوی دوای فـووی یەکـەم و بەدواداهاتنـی فـووی دووەم و، دڵ وەتەپـە تـەپ کەوتنـی بێبڕوایـان و، چـاو کـزو مـات بوونیـان و، نکووڵییکردنیـان لـەوەی زینـدوو بکرێنـەوەو، وەڵام درانەوەیـان: کـە ئـەوە تەنیـا یـەك تێـوە خوڕینـی دەوێ و، یەکسـەر هەموویـان دێنـە مەیدانـی کۆکرانـەوەوە:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا ۝١ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ۝٢ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا
۝٣ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا ۝٤ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ۝٥ يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ ۝٦ تَتۡبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ۝٧
قُلُوبٞ يَوۡمَئِذٖ وَاجِفَةٌ ۝٨ أَبۡصَٰرُهَا خَٰشِعَةٞ ۝٩ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرۡدُودُونَ فِي ٱلۡحَافِرَةِ ۝١٠
أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا نَّخِرَةٗ ۝١١ قَالُواْ تِلۡكَ إِذٗا كَرَّةٌ خَاسِرَةٞ ۝١٢ فَإِنَّمَا هِيَ زَجۡرَةٞ وَٰحِدَةٞ ۝١٣
فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ ۝١٤ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

﴿ وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا ۝١ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ۝٢ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا ۝٣ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا ۝٤ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ۝٥ ﴾، پێشـتریش لـە مانـا گشـتییەکەی دا تیشـکمان خسـتە سـەر ئـەو پێنـج سـوێندە، کـە زانایـان زۆر لـە بارەیانـەوە مشـت و مڕیـان بـووە، کـە ئایـا:

١- مەبەست لەو پێنج سوێندە، پێنج شتن، شتی سەربەخۆو جیا جیا.

٢- یاخود یەك شتن.

٣- یاخود شتی جۆراو جۆرن و مەرج نیە، هەر کامێکیان شتێکی سەربەخۆ بێ، بە گشتیی ئەو سێ ڕایە هەن، بەڵام زۆربەیان دەڵێن: ئەو پێنج شتەی خوا سوێندی پێ خواردوون، هەموویان یەك شتن و فریشتەکانن.

منیش لە مانای دەقاو دەقەکەی و لە مانا گشتییەکەشیدا، هەر ئەو مانایەم وەرگرتوە.

ڕایەکانیان بەم شێوەیەن:

١- هەندێکیان دەڵێن: ﴿ وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا ١ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ٢ ﴾، مەبەست پێیان فریشتەکانن.

بەڵام: ﴿ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا ٣ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا ٤ ﴾، مەبەست پێیان جەنگاوەرانن.

﴿ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ٥ ﴾یش زۆربەی هەرە زۆریان دەڵێن: مەبەست پێی فریشتەکانن.

ئەوە ئەگەر شتی جۆراو جۆر بن.

٢- ئەگەر یەك شتیش بن، زۆربەی زانایان دەڵێن: فریشتەکانن.

٣- هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست پێیان ئەستێرەو خڕۆکەکانن.

٤- هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست پێیان وڵاخی جەنگاوەرانن.

٥- هەندێکیش گوتوویانە: مەبەست پێیان تیر هاوێژەکانن کە لە ڕێی خوادا جەنگ و جیهاد دەکەن.

بەڵام ئەوەی ئێمە زیاتر پەسەندمان کرد، ئەوەیە کە مەبەست پێیان فریشتەکانن.

(الطبري) لە بارەی: ﴿ وَٱلنَّٰزِعَٰتِ ﴾ ەوە، دەڵێ: (**إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى ذِكْرُهُ أَقْسَمَ بِالنَّازِعَاتِ غَرْقًا، وَلَمْ يُخَصِّصْ نَازِعَةً دُونَ نَازِعَةٍ، فَكُلُّ نَازِعَةٍ غَرْقًا، فَدَاخِلَةٌ فِي قَسَمِهِ،**

مَلَكاً كَانَ أَوْ مَوْتَاً، أَوْ نَجْمَاً، أَوْ قَوْسَاً، أَوْ غَيْرَ ذَلِكَ)، دوایی لە بارەی: ﴿ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ۝٢ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا ۝٣ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا ۝٤ ﴾یشەوە، هەروا دەڵێ، بەڵام لە بارەی: ﴿ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ۝٥ ﴾ەوە، لە (**قتادة**)ەوە بە ژمارە: (٣٦٣٠٧) دەیهێنێ: کە مەبەست پێیان فریشتەکانن، (**الطبري**) لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1] ئەو ڕایانە دێنێ.

واتە: خوا سوێندی خواردوە بە: (**النَّازِعَاتِ غَرْقاً**) (**نَازِعة**)یەکیشی لە (**نَازِعة**)یەکی دیکە جیا نەکردۆتەوە، کەواتە: هەموو ئەوانەی ئەو سیفەتەیان بەسەردا بچەسپێ (**نازعة غَرْقاً**)، فریشتە بن، یاخود مردن بێ (هەندێکیان وایان لێکداوەتەوە) ئەستێرە بێ، یان کەوان بێ، یان جگەلەوانە، هەموویان دەگرێتەوە، هەروەها: ﴿ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ۝٢ وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا ۝٣ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبۡقٗا ۝٤ ﴾یش بەهەمان شێوە.

بەڵام پێشتریش گوتمان ئەو ڕایەمان زیاتر پێ ڕاستە، کە مەبەست لە هەر پێنجیان فریشتەکانن.

١)- ﴿ وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا ﴾، سوێند بەو فریشتانەی دەردەکێشن، (**ملائكة المَوْت تَنْزِع الأَرْوَاح مِنَ الأَجْسَاد، غَرْقَاً مَصْدَر مُؤَكِّد بِحَذْف الزَّوَائِد أي: إغْرَاقاً وَتَشدِيداً في النَّزْع**)، واتە: سوێند بەو فریشتانەی ڕووحەکان لە جەستەکان وەردەگرن بە وەرگرتنێکی توند، وشەی ﴿ غَرۡقٗا ﴾یش چاوگی جەختکەرەوەیە، دوای ئەوەی زیادەکانی لێ قرتێنراون، واتە: زۆر بە قووڵیی و بە توندیی لە وەرگرتندا وەردەگرن.

٢)- ﴿ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ﴾، سوێندیش بەو فریشتانەی بە نەرمیی و ئەسپایی ڕووحی بڕواداران لە جەستەکانیان دەردێنن. (**النَّشْطُ: الجَذْبُ، وَالخُرُوجُ والإخرَاجُ بِرِفقٍ وَسُهُولَةٍ، وَحَلُّ العُقْدَةِ**)، (**نَشْط**): بە مانای ڕاکێشان و هاتنەدەرو دەرهێنانی بە نەرمیی و ئاسانیی، هەروەها (**نَشْطُ**) بە کردنەوەی گرێش دەگوترێ، (**أُنْشُوطَة**)ش گرێیەکە بە ئاسانیی

---

(١) ج١٥، ص(٣٠-٣٣).

بکرێتەوە، دەگوترێ: (نَشَطَ يَنْشِط أي: خَرَجَ يَخْرُج)، کەواتە: ﴿وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشْطًا﴾، واتە: سوێند بەو فریشتانەی بە نەرمیی و هێواشیی ڕووحیی بڕواداران لە جەستەکانیان دەردێنن.

٣)- ﴿وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبْحًا﴾، سوێند بەو فریشتانەی مەلە دەکەن، بە مەلە کردن، پێشتریش گوتمان: (السَّبْحُ: السَّيْرُ السَّرِيْع فِي الـمَاء و فِي الهَوَاء)، (سَبْح): بریتیە لە ڕۆیشتنی خێرا لە نێو ئاوداو لە نێو هەوادا، (والسَّبْحُ: الإسْرَاع فِي الحَرَكَة)، (سَبْح): بریتیە لە خێراییکردن لە جووڵەدا، مەرج نیە مەلەی نێو ئاو بێت، یاخود مەلەی نێو هەوا بێ، بەڵام بە زۆریی وایە ئەوەی بە نێو ئاودا دەڕوا، بە خێرایی دەڕوا، هەروەها ئەوەی بە نێو هەوادا دەفڕێ، مەل و باڵندە، بە خێرایی دەڕۆن، لەوەوەش (سَبْح) بەکارهێنراوە بۆ هەر ڕۆیشتنێکی خێرا، بێگومان فریشتەکانیش زۆر بە خێرایی دەڕۆن.

٤)- ﴿فَٱلسَّٰبِقَٰتِ سَبْقًا﴾، ئنجا سوێند بەو فریشاتانەی پێش دەکەون بە پێشکەوتن.

٥)- ﴿فَٱلْمُدَبِّرَٰتِ أَمْرًا﴾، ئنجا سوێند بەو فریشتانەی کاروبار بەڕێوە دەبەن، (المَلَائِكَة المُدَبِّرُوْن لِلأمُوْر المَوْكُوْلَة إليْهِم)، ئەو فریشتە سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەری کاروبارانەی، ئەو کاروبارانەی پێیان سپێرراون، بەڕێوەیان دەبەن و مشووریان دەخۆن.

چۆنیەتیی پێکەوە پەیوەست بوونی ئەو سوێندانەش بەمجۆرەیە: سوێند بەو فریشتانەی ڕووحی بێبڕوایان و تاوانباران بە توندیی دەردەکێشن لە جەستەکانیان و، سوێند بەو فریشتانەی ڕووحی بڕواداران و چاکەکاران بە نەرمیی و بە هێواشیی لە جەستەکانیان دەردێنن، هەروەها سوێند بەو فریشتانەی بە خێرایی دەڕۆن، دوای ئەوەی ڕووحەکانیان وەرگرتوون، وەك پێش یەکدیی بکەونەوە، ئاوا پێش دەکەونەوە، وەك پێشبڕکەیان بێ، یاخود: ڕووحەکان پێش دەخەن، بەرەو بەهەشت، ئەگەر چاکەکاربن، یان بەرەو دۆزەخ، ئەگەر خراپەکار بن، یاخود: ئەو فریشتانەی پێش شەیتانەکان دەکەونەوەو شەیتانەکان ناتوانن هەر توخنیان بکەون، ئنجا سوێند بەو فریشتانەی دوایی کاروباری ئەو ڕووحانەی

كێشاویانن، بەڕێوە دەبەن و، جگە لە كاروباری ڕووحەكانیش، هەر كارێك خوا پێی سپاردوون، بەڕێوەی دەبەن. وەڵامی سوێندەكانیش وەك پێشتریش باسمان كرد، باس نەكراوە، بەڵام بە سیاق دەزانین، چونكە سوورەتەكە بە زۆریی باسی قیامەت و زیندووبوونەوەو ڕۆژی دوایی و سزاو پاداشتە، كەواتە: سوێند بەو پێنج كۆمەڵە لە فریشتەكان، كە ئەو كارانە دەكەن، ئێوە زیندوو دەكرێنەوەو سزاو پاداشت دەدرێنەوە، دوایی كە دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تَرْجُفُ الرَّاجِفَةُ ﴿٦﴾ تَتْبَعُهَا الرَّادِفَةُ ﴿٧﴾ قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ وَاجِفَةٌ ﴿٨﴾ أَبْصَارُهَا خَاشِعَةٌ ﴿٩﴾﴾، دەلالەت لەسەر سوێند لە سەر خوراو (**مُقْسَم عَلَيْه**)ەكە دەكات، یانی: وەڵامی سوێندەكە، چونكە دەفەرموێ: ئەو ڕۆژەی لەرزینەوەكە دەلەرزێتەوە، دوایی شوێنكەوتووەكەی بە دوادا دێ، لەو ڕۆژەدا دڵانێك هەراسان و بە تەپە تەپن و، چاوەكانیان (چاوی ئەو خاوەن دڵانە)، مات و بە ترس و لەرزن، كە مەبەست بێبڕوایانن.

٦)- ﴿يَوْمَ تَرْجُفُ الرَّاجِفَةُ﴾، ئەو ڕۆژەی لەرزیوەوە دەلەرزێتەوە. وشەی: (**الرَّجْف**) بە مانای: (**إِضْطِرَاب**) دێ، واتە: لەرزینەوەو هەژان و تێكەوە ڕاشەقێنران، زانایان بە دوو جۆر ئەم ئایەتەیان لێكداوەتەوە:

أ- (**الطبري**) لە (**إبن عباس**)ەوە بە ژمارە: (٣٦٣٠٩) هێناویەتی، دەڵێ: (**الرَّاجِفَة: النَّفْخَةُ الأولَى، والرَّادِفَة: النَّفْخَة الثَّانِية**)، (**رَاجِفَة**) (لەرزینەوە) فووی یەكەمەو (**رَادِفَة**)، (بەدواداهاتوو) فووی دووەمە، كە لەلایەن فریشتەیەكەوە بە كەڕەنادا دەكرێ، لە لایەن ئەو فریشتەیەوەی بۆ ئەوكارە تەرخانكراوەو ناوی بە ئیسرافیل هاتوە.

هەروەها (**الطبري**) لە (**الحسن البصري**)یەوە بە ژمارە: (٣٦٣١١)، هێناویەتی، دەڵێ: (**هُمَا النَّفْخَتَانِ: أَمَّا الأُولَى فَتُمِيتُ الأَحْيَاءَ، وَأَمَّا الثَّانِيَةُ فَتُحْيِي الْمَوْتَى؛ ثُمَّ تَلَا الْحَسَنُ**: ﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَن شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾﴾).

واتــە: (**الحســن البصري**)یــش ڕەحمەتــی خــوای لــێ بــێ، هــەروەك عەبدوڵــڵای کــوڕی عەببــاس (خــوا لــە خــۆی و بابــی ڕازبــێ)، هەمــان بۆچوونــی هەیــەو دەڵــێ: مەبەسـت دوو فووەکانـە، کـە بـە کەڕانـادا دەکرێـن، فـووی یەکـەم هەرچـی ژیانـدارە دەیمرێنــێ، (هەرچــی خــاوەن ژیانــە، لــە ئەنجامیــدا هەموویــان دەمــرن) و، لــە ئەنجامـی فـووی دووەمـدا مـردووان زینـدوو دەبنـەوە، دوایـی حەسـەنی بەصرایـی ئـەو ئایەتـەی سـوورەتی (**الزمـر**)ی خوێنـدەوە، کـە ئـەم ئایەتـەی ئێـرە و ئـەو ئایەتەی سـوورەتی (**الزمـر**)، بـە پێـی زانیاریـی مـن تاکـە دوو ئایەتێکـن لـە قورئانـدا، باسـی هـەردوو فـووەکان بـە ڕوونیـی و ڕاشـکاویی بکـەن، ئایەتەکـەی سـوورەتی (**الزمـر**)، دەفەرمـوێ: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾﴾، فـووی بـە صـووڕدا کـرا، ئنجـا هـەر کـەس لـە ئاسـمانەکان و زەوی دا هەیـە، جگـە لـەوەی خـوا بیـەوێ، هەموویـان مـردن، [یـان: هەموویـان لـە هـۆش خۆیـان چـوون] دوایـی فووێکـی دیکـەی پێـدا کـرا، یەکسـەر هەموویـان ڕاوەسـتا بـوون، چاوەڕێیـان دەکـرد.

هـەروەك چـۆن لێرەش دەفەرمـوێ: ﴿يَوۡمَ تَرۡجُفُ ٱلرَّاجِفَةُ ﴿٦﴾ تَتۡبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ ﴿٧﴾﴾، ئـەوە ڕایەکـی زانایانـە کـە: (**الرَّاجِفَـةُ والرَّادِفَةُ**)یـان بـە دوو فـووەکان کـە بـە کەڕانـادا کــراون، لێکدەدرێتەوە.

ب- ڕایەکی دیکەش هەیە، کە: (**الرَّاجِفَةُ هِيَ الأرْض المُضْطَرِبَة**)، واتە: ئەو زەوییەی دەهەژێ و دەلەرزێتەوە، لە ئەنجامی فوو پێدا کردنی یەکەم بە کەڕەنادا، کە مەبەست پێی هاتنی ئاخیر زەمانە.

٧)- ﴿تَتۡبَعُهَا ٱلرَّادِفَةُ﴾، بەدوادا هاتووش شوێنی دەکەوێ، مەبەست لە (**الرادِفَة**) ئاسمانەکانن، ئەوانیش بە دوای زەوی دا دەلەرزنەوەو دێن و دەچن و، ئەو حاڵەتەی ئێستا هەیانە، نایانمێنێ.

ئـەو دوو ڕایـەش هـەر تێکهەڵکێـش دەبنـەوە، چونکـە لـە ئەنجامـی فـووی یەکـەم بـە کەڕەنـادا، زەوی و ئاسـمانەکانیش ئـەو حاڵەتـەی ئێسـتایان نامێنـێ و، لـە ئەنجامی

فووکردنـی دووەم دا، - وەك ئایەتـی (٦٨)ی سـوورەتی (الزمـر)، ئامـاژەی پێـداوە - قیامـەت و هەڵسـانەوەو زینـدوو کرانـەوە، دێتـە پێـش.

ئنجا خوا ﷻ باسی ئەو ڕۆژە دەکات:

٨)- ﴿ قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ وَاجِفَةٌ ﴾، دڵانێك هەن لەو ڕۆژەدا هەراسان و بێزارو بە ترس و لەرزن، (**الوَجْفُ: الإِضْطِرَابُ، وَجَف وَجْفاً وَوَجِيْفاً وَوُجُوفاً: اضْطَرَبَ**)، (**وَجْف**)، یانی: هەژان و ڕاتەکێنران و لەرزین، (**وَجْفاً وَوَجِيْفاً وَوُجُوفاً**)، ئەوانە هەر سێکیان چاوگن، یانی: (**اضْطَرَب**)، لەرزیی و ڕاتەکێنرا، دڵانێك لەو ڕۆژەدا هەراسانن و بە تەپە تەپن.

٩)- ﴿ أَبْصَٰرُهَا خَٰشِعَةٌ ﴾، چاوەکانیان زەبوون و ملکەچن، یانی: چاوەکانی خاوەنی دڵەکان، (**خُشُوْع**) لە ئەصڵدا بریتیە لە زەبوونیی و ملکەچیی، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوەیە چاوەکان زەبوون و ملکەچن، واتە: چاوەکان ماتن و پڕترس و لەرزن، داماون، مرۆڤ ئەگەر ترس و لەرزێکی زۆری لێ بێ، دەگوترێ: (چاوی کەوتوون)، ئەوەش ئەو کاتەیە کە فووی دووەم بە کەڕەنادا دەکرێ، لەو ڕۆژەدا ئەوانەی بێبڕوابوون، دڵیان هەراسان دەبێ و بە ترس و لەرز دەبن، چاویشیان تەمی خەم و نارەحەتیی لێ دەنیشێ و چاوەکانیان دادەمێنن و کز دەبن.

١٠)- ﴿يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِي ٱلْحَافِرَةِ ﴾، دەڵێن: ئایا ئێمە گێڕداوە دەبین بۆ حاڵەتی پێشوومان؟ ئەمە قسەی دنیایانە خوا دەیکات، ئەو بێبڕوایانەی ئەو ڕۆژە چاوەڕێیانەو بەو شێوەیان لێ دێ، ئێستا دەڵێن: ئایا ئێمە گێڕداوە دەبین بۆ حاڵەتی پێشوومان؟ (**المَرْدُود: الشَّيءُ المُرجَّع إلى صَاحِبِه، أي: مُرْجَعُونَ إلى الحَيَاة**)، (**مَرْدُوْد**)، شتێکە بەسەر خاوەنیدا بدرێتەوە، ﴿أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِي ٱلْحَافِرَةِ ﴾، ئایا ئێمە دەگێڕدرێینەوە، بۆ ژیانێ کە کاتی خۆی لە دنیادا گوزەراندوومانە، ئایا جارێکی دیکە ژیانمان دێتەوە بەر؟ (**الحَافِرَة: الحَالَة القَدِيْمَة**)، حاڵەتی پێشوو وەك لە دنیادا ژیاوین، (**رَجَعَ إلى حَافِرَتِهِ**)، ئەمە تەعبیریکی عەرەبییە، ئەگەر کەسێك لە حاڵێکەوە گواستبێتیەوە بۆ حاڵێك، دوایی بگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی پێشێ، دەڵێن: (**رَجَعَ فِي حَافِرَتِه، رَجَع إلى حَافِرَتِه**)، ئەگەرنا وشەی:

(حَفْر)، بە مانای هەڵکەندنەو (حَافِرَة)ش کەسێکە ئەو شوێنە هەڵدەکەنێ وو شوێنە هەڵقەندراوەکە (مَحْفُور)ی پێدەگوترێ، (هەڵقەندراو) بەڵام ئەوان مەبەستیان بەو تەعبیرە چوونەوەو هەڵگەڕانەوەیە بۆ حاڵەتی پێشوو.

١١)- ﴿ أَءِذَا كُنَّا عِظَامًا نَّخِرَةً ﴾، ئایا کاتێك بووینەوە بە ئێسکە ڕزیو و پرتووکاوەکان؟ ئەمە خوێنراویشەتەوە: (إِذَا كُنَّا عِظَامَاً نَخِرَة)، هەر بە ئاوازی پرسیارکردن، هەردوو خویندراوەکان هاتوون، هەروەها ﴿ نَّخِرَةً ﴾، بە (نَاخِرَة)ش خوێندراوەتەوە، (النَّخِر: نَخَرَ العَظْمُ: بَلِيَ فَصَارَ فَارِغَ الوَسَطِ مثل القَصَبَةِ)، ئەگەر ئێسقان کلۆر بێ و بڕزێ، نێوەڕاستەکەی بۆش دەبێ، وەك قامیشێك و قانگە لۆشکێکی لێ دێ (کە نێوەکەی بۆشە).

١٢)- ﴿ قَالُوا تِلْكَ إِذًا كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ ﴾، گوتیان: کەواتە: ئەوە گەڕانەوەیەکی زیانبارانەیە، واتە: ئەگەر ئێمە دوای ئەوەی دەمرین، بگێڕدرێینەوە بۆ حاڵەتی پێشێمان، کە ژیانمانە، جارێکی دیکە بگێڕدرێنەوەو زیندوو بکرێینەوە، بەدڵنیایی ئەو گەڕانەوەیەمان گەڕانەوەیەکی زیانبارانەیە، وشەی: ﴿ كَرَّةٌ ﴾، (الكَرَّةُ: المَرَّة مِن الكَرِّ وَهُوَ الرُّجُوعُ بَعْدَ الذَّهَاب)، (كَرَّة)، یەکجارە لە (كَرّ)ەوە هاتوە، کە بریتیە لە گەڕانەوە دوای ڕۆیشتن، گوتراوە: (كَرٌّ عَلَى مَا فَرَّ)، واتە: لەوەی لێی ڕاکردوە، بۆی گەڕاوەتەوە.

(الطبري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] ئاوا ئەم ئایەتە موبارەکەی مانا کردوە: (أَئِنَّا لَمَرْدُودُونَ إِلَى حَالِنَا الأُولَى قَبْلَ المَمَاتِ، فَرَاجِعُونَ أَحيَاءَ كَمَا كُنَّا قَبْلَ هَلَاكِنَا، وَقَبْلَ مَمَاتِنَا؟ وَهُوَ مِن قَولِهِم: رَجَعَ فُلَانٌ عَلَى حَافِرَتِهِ: إِذَا رَجَعَ مِن حَيْثُ جَاءَ؛ وَمِنْهُ قَوْلُ الشَّاعِرِ:

أَحَافِرَةٌ عَلَى صَلَعٍ وَشَيْبٍ ... مَعَاذَ اللهِ مِن سَفَهٍ وَطَيْش).

واتە: ئایا ئێمە گێڕدراوە دەبین بۆ حاڵەتی پێشێمان، پێش ئەوەی بمرن، ئایا دەگێڕدرێینەوە بە زیندوویەتیی، وەك چۆن پێش ئەوەی لە بەین بچین و بمرین،

---

(١) ج١٥، ص٣٠.

زیندوو بووین؟ ئەوەش لەو قسەیانەوە هاتوە: (رَجَعَ فُلَانٌ عَلَى حَافِرَتِهِ)، ئەم تەعبیرە بەکاردێنن بۆ کەسێك کە لە کوێوە هاتوە، بگەڕێتەوە بۆ وێ، ئەو قسەیەی شاعیریش هەر لەوەوە هاتوە، کە دەڵێ: (أَحَافِرَةٌ عَلَى صَلَعٍ وَشَيْبٍ ... مَعَاذَ اللَّهِ مِنْ سَفَهٍ وَطَيْش)، ئایا دوای ئەوەی سەر رووتاواتەوەو موو سپیی بووە، بگەڕێمەوە بۆ حاڵەتی پێشێ، پەنا بە خوا لە نەفامیی و هەڵەشەیی. کەسێك بووە، گلەیی لە خۆی کردوە، کە دوای ئەوەی کەوتۆتە تەمەنەوە، گوناهو تاوانی کردوە، وەك سەردەمی گەنجێتیی و نەفامیی.

ئەوان ئاوا دەپرسن بە نکووڵییکردنەوەو دەڵێن: ئایا دوای ئەوەی ئێمە بووینە ئێسقانە رزیوو پرتووکاوەکان، دەگێردرێینەوە بۆ حاڵەتی پێشوومان؟ ﴿ قَالُوا۟ تِلْكَ إِذًا كَرَّةٌ خَاسِرَةٌ ﴾، گوتیان: کەواتە ئەوە گەڕانەوەیەکی زیانبارانەیە، خواش ﷻ لە وەڵامیاندا دەفەرموێ:

١٣)- ﴿ فَإِنَّمَا هِىَ زَجْرَةٌ وَٰحِدَةٌ ﴾، ئەوە تەنیا یەك تێوە خوڕینە، ﴿ زَجْرَةٌ ﴾، جارێکە لە (زَجْر)، ئەویش قسەیەکە فەرمان کردن و ڕێ لێگرتنی تێدا بێ، بەڵام بە تووڕەیی، بۆیەش فەرموویەتی: ﴿ زَجْرَةٌ وَٰحِدَةٌ ﴾، هەرچەندە ﴿ زَجْرَةٌ ﴾، خۆی یەکجارە لە تێوەخوڕین، بەڵام بۆیە بە: ﴿ وَٰحِدَةٌ ﴾، جەختی لێکردۆتەوە، تاکو وانەزانرێ: بۆیە گوتراوە: ﴿ زَجْرَةٌ ﴾، چونکە بۆ جۆرە، ئنجا کە وشەی: ﴿ وَٰحِدَةٌ ﴾ ی خرایە سەر، کەواتە: هەر یەك تێوەخوڕینە، کە مەبەست پێی فووی دووەمە، چونکە فووی یەکەم، بەڵێ یەکەمە، بەڵام دووەمی هەیە، بەڵام فووی دووەم، یەك فووەو دووەمی نیە، تازە هیچ فوو کردنی دیکە بەکەڕەنادای بەدوا دانایەت!

١٤)- ﴿ فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ ﴾، یەکسەر ئەوان دەچنە ساراوە، (سَاهِرَة)، (الأَرْضُ المسْتَوِيَة البَيْضَاء التِّي لانَبَات فِيْهَا)، (سَاهِرَة): زەوییەکی یەکسانی سپییە، ڕووەکی تێدانیە.

هەندێك لە زانایان دەڵێن: بۆیە دەشت و بیابان پێی دەوگوترێ: (سَاهِرَة)، چونکە ئەو کەسەی پێیدا دەڕوات، هەردەم بێدارەو ناوێرێ بخەوێ، لەبەر جرِو

جانـەوەرو درنـدەی لـەو دەشـتە هـەن، ئنجـا ئـەو گۆڕەپانـەی خـوای پـەروەردگار دەفەرمـوێ: خەڵـك هەموویـان لـەوێ کـۆ دەبنـەوە، لـە دوو فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە، کـە وەسـفی ئـەو دەشـت و سـاراو گۆڕەپانەمـان بـۆ دەکات، ئـەو شـوێنەی مەیدانـی کـۆ کردنـەوەو لێپرسـینەوەیە:

١- یەکێك لە فەرمایشتەکان دەفەرموێ: {**يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ القِيَامَةِ عَلَى أَرْضٍ بَيْضَاءَ عَفْرَاءَ كَقُرْصَةِ النَّقِيِّ لَيْسَ فِيهَا عَلَمٌ لأحد**}، (**أخرجه البخاري: ٦١٥٦، ومسلم: ٢٧٩٠، وابن حبان: ٧٣٢٠**) واتە: خەڵك لە ڕۆژ هەڵسانەوەدا لەسەر زەوییەکی سپیی، وەك نانێکی گەنمی سپیی کۆ دەکرێنەوە، نیشانەی بۆ هیچ کەس تێدا نیە، واتە: ڕێك و یەکسان و تەختە.

٢- هەر لەو بارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە کە دەفەرموێ: {**إِنَّ اللَّهَ يَجْمَعُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، فَيُسْمِعُهُمْ الدَّاعِي وَيُنْفِذُهُمْ البَصَرُ**}، (**أخرجه البخاري: ٣١٨٢**)، واتە: بێگومان خوا لە ڕۆژی قیامەتدا پێشووەکان و دواییینەکان لە یەك دەشتدا، (لە یەك مەیدان و گۆڕەپاندا) کۆدەکاتەوە، ئەو کەسەی بانگیان دەکات، بە هەموویان دەبیستێنێ و، ئەو کەسەش تەماشایان دەکات، چاوی هەموویان دەبینێ.

ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنـێ کـە ئـەو دەشـت و گۆڕەپانـە، نابـێ لەسـەر زەوی بـێ، وەك پێشـتریش باسـمان کـرد، چونکـە زەوی ئێمـە خـڕو هێلکەیـی هەڵکەوتـوەو، چـاو تەنیـا تامەودایـەك دەبینـێ و دوایـی کـووڕ دەبێتـەوە، نـەك هـەر لـە وشـکانیی دا، بەڵکـو لـە دەریاشـدا هەروایـە، کەشـتییەك کـە بـەرەو ڕووت دێ، پێشـێ، لای سـەرێی دەبینـی، پاشـان وردە وردە ئـەوی دیکـەی دەردەکـەوێ، چونکـە بـە هـۆی هێـزی کێشـندەیی زەوییـەوە، دەریایەکانیـش کـە بـە دەوری زەوییـەوەن، ئەوانیـش کـووڕ بوونـەوە.

هەروەهـا پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەفەرمـوێ: ئـەو کەسـەی بانگیـان بـکات، هەموویـان دەنگەکـە دەبیسـتن، کـە هەرگیـز شـتی وا لـە دنیـادا نیـە، ئـەو دەنگـە هێنـدە بەهێـز بـێ بگاتـە هەمـووان، هەروەهـا دەفەرموێ: کەسـێك تەماشـایان بکات،

هەموویـان دەبینـێ! ئـەوەش بەڵگەیەكـی دیكەیـە لەسـەر ئـەوەی ئـەو گۆڕەپانـە هیـچ پەیوەندیـی بـەو زەوییـەی ئێسـتامانەوە نیـە، ئێمـە لـە سـوورەتی (إبراهیـم) دا لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو ئایەتـە موبارەكـەدا كـە دەفەرمـوێ: ﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ ﴾، واتـە: ئـەو ڕۆژە نـە زەوی وەك خـۆی دەمێنـێ، نـە ئاسـمانەكان و، هەموویـان بـۆ خـوای تاكـی ملپێكەچكـەر دێنـە گـۆڕێ، واتـە: دێنـە ئـەو گۆڕەپانـەوە كـە خـوا ﷻ باسـی كـردوە، لـەوێ كورتـە باسـێكمان لەوبـارەوە كـردوە.

كورتە باسێک: سێ هەڵوەستە

هەڵوەستەی یەكەم: ئەگەر تەماشای كۆی ئایەتەكانی قورئان بكەین، ئەوانەی لە بارەی فریشتەكانەوە دەدوێن، بۆمان دەردەكەوێ كە خوا ﷻ فریشتەكانی كردوونە هۆكارێك لە نێوان خۆی و بەڕێوەبردنی كارەكانی گەردووندا، بە تایبەتی ئێمەی مرۆڤ، ئایەتەكان زۆر بە ڕوونیی ئەوە دەگەیەنن، ئنجا نەك هەر لە دنیادا، بەڵكو لە ڕۆژی دواییشدا، خوا ﷻ كاروبارەكانی بە فریشتان سپاردوون، با چەند بەڵگەیەک لەو بارەوە بێنینەوە:

أ- بە نسبەت دروستبوونی مرۆڤەوە، وەك لە فەرمایشتەكانی پێغەمبەری خاتەم دا ﷺ هاتوە، ئەوە فریشتەكانن ڕووح دەخەنە بەر جەستەی ئەو كۆرپەلەیەی لە مناڵدانی دایكی دایە، دوای ئەوەی قۆناغەكان تێدەپەڕێنێ، وەك لە سوورەتی (المؤمنون)دا ئاماژەی پێكراوە، كە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾، كە زۆربەی زانایان دەڵێن: مەبەست پێی ڕووح بە بەرداكردنیەتی.

ب- ئنجا پاراستنی فریشتەكان بۆ مرۆڤ و نووسین و تۆمار كردنی كردەوەكانی: ﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ﴿١١﴾ ﴾الإنفطار، ﴿ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾ ﴾ق.

ج- ئنجا گیانكێشان: ﴿ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ﴾الأنعام، ﴿ قُلْ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ ﴿١١﴾ ﴾السجدة.

د- ئنجا کاروباری وەحیی: ﴿ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ ﴿١٩٥﴾ ﴾الشعراء، تێکڕای پێغەمبەرانیش (**عَلَيْهِم الصَّلَاة وَالسَّلَام**)، هەر جیبریل وەحیی بۆ هێناون.

هـ- دیسان کاروباری ڕۆژی دوایی و، کاروباری بەهەشتیش و، دۆزەخیش بۆ وێنە: سەرنجی ئایەتەکانی کۆتایی (**الزمر**) بدە، ئایەتەکانی: (٧١ - ٧٥). بەڵێ ئەگەر سەرنجی کۆی ئایەتەکان بدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە خوا ﷻ کاروباری دنیاو دواڕۆژی بە فریشتەکان سپاردوون، بێگومان خوا ﷻ هەر کاتێك بیەوێ، کارێك بکات، وەك چۆن ئێمە بە شتێك بڵێین ببە، یەکسەر دەبێ، ئاوایە بۆ خوا، واتە: کاتی تێناچێ و، ماندووبوونی پێناوێ، بەڵام دیارە خوا ﷻ حیکمەتی وای خواستوە کاروباری ئەم گەردوونە، لە دنیاو دواڕۆژدا بە فریشتەکان بسپێرێ.

هەڵوەستەی دووەم: ئەو ئایەتە موبارەکەی دەفەرموێ: ﴿ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ﴾، کە وەك باسمان کرد، زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە: ﴿ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ﴾، مەبەست پێی فریشتەکانەو، ئەگەر لەوانی دیکەدا ڕاجیاییەکیان هەبێ، بەڵام لەمەدا ڕاجیاییەکی وایان نیە، کە لێرەدا مەبەست پێی فریشتەکانن، ئنجا لێرەدا بە باشم زانی لە تەفسیری (**روح المعاني**)ی (**الألوسي**) قسەیەك بخوازمەوە، کە تەنیا چەمك و واتایەکەی دێنم، دەڵێ: [کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱلۡمُدَبِّرَٰتِ أَمۡرٗا ﴾، زۆربەی هەرە زۆری زانایان - ئەگەر نەڵێین یەکدەنگن - ڕایان وایە کە مەبەست پێی فریشتەکانن و ئەوانن کە کاروبارەکانی خوا بەڕێوە دەبەن، هەندێك لە زانایانی گەردووناسی پێشووش، بە هەڵە داچوون، لەوەدا کە پێیان وابووە، ئەستێرەو خڕۆکەکان، جۆرێك لە ویست و خواستیان هەیەو، کاریگەرییان هەیە بەسەر ژیانی مرۆڤەوەو، ئێستاش لەگەڵدابێ هەندێك لەوانەی باسی ئەستێرەناسیی دەکەن، باسی کەلووەکان (**أبراج**)و، جووڵەی خڕۆکەو ئەستێرەکان دەکەن و، گوایە کاریگەرییان هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ لە ڕووی مەعنەوییەوەو، لە ڕووی ماددییەوەش، بێگومان لە ڕووی ماددییەوە ئەستێرەکان، ئەو تیشکانەی دەیاننێرن و ئەو شەپۆلە کارۆموگناتیسییانەی دەیانێرن، کاریگەرییان هەیەو، ئەوە شتێکی سەلمێنراوو عیلمییە.

بـەڵام ئـەوە کـە کاریگەریـی مەعنەوییـان هەبـێ، هیـچ بەڵگەیەکـی لەسـەر نیـە، وەك (الآلوسي)یـش، (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ) دەڵێ: (بَاطِـلٌ عَقْـلاً وَنَقْـلًا)، واتە: ئەوە شـتێکی پووچـە لـە ڕووی عەقڵـەوەو، لـە ڕووی نەقڵـەوەش، چونکە خوای پـەروەردگار کاروبـاری گەردوونـی بـە فریشـتەکان سـپاردوە، هەڵبەتـە لـە ڕووە مادديیەکەیـەوە، ئـەوە دیـارە شـتە مادديیـەکان کاریگەریـی ماددیـی خۆیانیـان هەیـە، بـەڵام کەسـێك بڵـێ: خرۆکـەو ئەسـتێرەکان لـە ڕووی مەعنەوییـەوە کاریگەرییـان هەیـەو، جۆرێـك لـە عەقـڵ و هەسـت و شـعووریان هەیـە، ئـەوە لـە ڕاسـتییدا نـە شـتێکی عیلمییـەو، نـە لـە ڕێـی نەقڵـەوەش، شـتێکی وا هەیـەو، نـە لـە ڕێـی عەقڵیشـەوە.

شـتێکی دیکـە ئەوەیـە کـە ئـەم ئایەتـە موبارەکـە ئـەوەش بـە درۆ دەخاتـەوە، کـە هەندێـك لـە ئەهلـی تەصەووفـی لادەر، پێیـان وابـووە دۆسـتانی خـوا دوای مـردن کاریگەرییـان هەیـە، بـەوەی شـیفای کەسـێك بـدەن، یـان کەسـێك کـە خەریکە بخنکـێ، دەربـازی بکـەن، یـان کەسـێك بەسـەر دوژمنـدا سـەربخەن، یـان کەسـێك کارێکـی بـۆ بکـەن، کـە هەندێکیـان ئـەو کاریگەرییـە تایبـەت دەکـەن بـە پێنـج لـە دۆسـتانی خـواوە، کـە ناویـان لـێ دەنێـن: (أَوْتـاد)! بـەڵام (الآلـوسي)، قسـەکی جـوان دەکات و دەڵـێ: (وَالـكُلُّ جَهْـلٌ وَإِنْ كَانَ الثَّـانِي أَشَـدُّ جَهْـلاً)، واتـە: ئـەوە هەمـووی نەزانیـی و نەفامییـە، هەرچەنـدە دووەمیـان (کـە دەڵـێ: خـوا کاروبـاری ژیـان و زەوی بـە ڕووحـەکانی پێنـج لـە دۆسـتانی خـۆی دەسـپێرێ) نەفامییەکـەی توندتـرو سـەختترە.

دوایـی (الآلـوسي) دەڵـێ: بەڵـێ نابـێ لـەوەدا دوو دڵییـمان هەبـێ کـە خـوا ﷻ دوای مردنیـش چاکـە لەگـەڵ دۆسـتەکانی خۆیـدا دەکات بـەو شـێوەیەی حیکمەتـی خـۆی بیخـوازێ، وەك ئـەوەی بێنـە خـەوی کەسـێك و ڕێنمایـی و ئامۆژگاریـی بکـەن، یاخـود شـتێکی وەبیـر بێننـەوە، ئـەو شـتانە ئاسـایین کـە خـوای پـەروەردگار لەگـەڵ هەندێـك لـە دۆسـتانی خـۆی دا دوای مردنیشـیان، بـەڵام ئـەوە کـە خـوا کاروبـاری خەڵکـی سـپارد بـێ بـەو ڕووحانـەو، بـە ڕووحـی چەنـد کەسـێکی دیارییکـراو، ئـەوە ئەسـڵ و ئەساسـی نیـە.

هەڵوەستەی سێیەم: (**الرازي**)، لە تەفسیرەکەی خۆیدا ئاماژە بەقسەیەك دەكات و پاڵی دەداتە لای (**أبو حامد الغزالي**)، دەڵێ: (**قالَ: إنَّ الأرْواحَ الشَّرِيفَةَ إذا فارَقَتْ أبْدانَها، ثُمَّ اتُّفَقَ إنْسانٌ مُشابِهٌ لِلْإنْسانِ الأوَّلِ فِي الرُّوحِ والبَدَنِ، فَإنَّهُ لا يَبْعُدُ أنْ يَحْصُلَ لِلنَّفْسِ المُفارِقَةِ تَعَلُّقٌ بِهَذا البَدَنِ حَتّى تَصِيرَ كالمُعاوِنَةِ لِلنَّفْسِ المُتَعَلِّقَةِ بِذَلِكَ البَدَنِ عَلى أعْمالِ الخَيْرِ، فَتُسَمّى تِلْكَ المُعاوَنَةُ إلْهامًا، ونَظِيرُهُ فِي جانِبِ النُّفُوسِ الشِّرِّيرَةِ وسْوَسَةٌ**).

واتە: (**أبو حامد الغزالي**)، دەڵێ: ڕووحە بەڕێزو پاکەکان، کاتێك لە جەستەکان جیا دەبنەوە، ئەگەر مرۆڤێك هەبێ، وەك ئەو مرۆڤەی پێشێ بچێ کە مردوە، لە ڕووح و لە جەستەیدا، دوور نیە ئەو ڕووحەی مردووە، جۆرێك لە پەیوەستیی هەبێ بەو جەستەیەوەو، وەك هاوکارێکی ئەو ڕووحەی پەیوەست بەو جەستەیەوەی، لێ بێ و شتی چاکی فێر بکات، بۆ کاری خێرو ئەو هاوکارییەش بە خورپە (**إلهام**) ناودەبرێ و، هەروەها هی ڕووحە خراپەکارەکانیش بە خوتخوتە (**وسوسة**) ناودەبرێ.

گوایە (**أبو حامد الغزالي**)، کتێبێکی هەیە تێیدا ئاماژەی بەوە کردووەو (**الرازي**)یش ئاماژەی پێ دەکات.

ئنجا (**الآلوسي**) قسەیەکی جوان دەکات، دەڵێ: (**وَلَمْ أرَ مَا يَشْهَد عَلَى صِحَّتِه فِي الكِتَاب وَالسُّنَّة وَكَلَام سَلَف الأُمَّة، وَقَد ذَكر الإمَام نفْسه فِي المَبَاحِث المَشْرِقيَّة اسْتِحَالَة تَعَلُق أكْثَر مِنْ نَفْسٍ بِبَدنٍ وَاحِد، وَكَذَا اسْتِحَالَة تَعَلُّق نَفْس وَاحِدة بِأكْثر مِنْ بَدن**) واتە: نەمدیوە ئەوەی هێناویەتی هیچ بەڵگەیەك لە قورئان و سوونەتداو قسەی زانایانی پێشین، ئەوە پشت ڕاست بکاتەوە و (**الرازي**)یش خۆی لە کتێبی (**المَبَاحِث المشْرقيَة**)دا دەڵێ: موستەحیلە زیاتر لە ڕووحێك پەیوەست بێ بە جەستەیەکەوە، هەروەها زیاتر لە جەستەیەك چەند ڕووحێك پێوەی پەیوەست بن.

دەڵێم: ئەوەی (**الرازي**) وەك پشتگیرییکردن لە (**أبو حامد الغزالي**)یەوە دەیهێنێ، دەچێتەوە نێو جوغزی ئەوەی پێی دەگوترێ: (**تَناسخ الأرواح**) (دۆنا دۆن)و ئەوەش شتێکی پووچ و ئەفسانەیەو، لە ئاینیی هیندۆسیی و بوزایی دا هەیە، بێگومان مرۆڤ کە دەمرێ تازە کۆتایی دێ و، تەکلیفی شەرعیی لەسەر نامێنێ.

بەڵێ: دەگونجێ کەسێك دۆستی خوا بوو بێ، بێتە خەوی کەسێك و ڕێنماییەکی بکات و لێی بەهرەمەند بێ، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ هاتووە و دێتە خەونی زۆر کەس، ئەوەش ئەزموونکراوە، دیسان جگەلە ئەویش هەر کەسێك لە قەدەر خۆی، دەگونجێ بتوانێ لە ڕووی زانیارییەوە سوود بە کەسێك بگەیەنێ.

مەسەلەی دووەم:

باسی پوختەیەکی بەسەرهاتی مووسا ﷺ، کاتێك خوای پەروەردگار لە دۆڵی بە پاکگیراوی (طوی)، بانگی کردو، ناردیە لای فیرعەونی یاخیی کە بانگی بکات بۆ خۆ پاك و چاککردن و، سام و هەیبەت هەبوون بەرانبەر بە پەروەردگاری، کەچی هەرچەندە نیشانە مەزنەکەی وەك بەڵگەی سەلمێنەری پێغەمبەرایەتیی خۆی، پێشان دا، بەڵام فیرعەون ملی نەداو لەسەر بەدرۆ دانان و سەرپێچیی بەردەوام بوو و، بانگەشەی پەروەردگارێتیی هەرە بەرزی بۆ خۆی دەکرد، سەرەنجام خوا سزای دوارۆژ و دنیای داو، کردیە پەندو عیبرەت بۆ خەڵکی:

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴿١٥﴾ إِذْ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى ﴿١٦﴾ ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿١٧﴾ فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴿١٨﴾ وَأَهْدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخْشَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَرَىٰهُ ٱلْـَٔايَةَ ٱلْكُبْرَىٰ ﴿٢٠﴾ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ﴿٢١﴾ ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ ﴿٢٢﴾ فَحَشَرَ فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْـَٔاخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰٓ ﴿٢٥﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰٓ ﴿٢٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

بەرلەوەی بچینە سەر وردەکارییەکانی چەمك و واتای ئەم ئایەتە موبارەکانە، چۆنیەتیی پەیوەست بوونی ئایەتەکان پێکەوە باس دەکەین، کە پێشتریش هەر ئاماژەمان پێداوە: لە چواردە ئایەتی پێشوودا خوا ﷻ دوای سوێند خواردنی بە پێنج جۆر لە فریشتەکان، لەسەر ئەوەی زیندوو کرانەوەو سزاو پاداشت دێ، ئنجا باسی هەندێ لە دیمەنەکانی ڕۆژی دوایی کردو، باسی هەردوو فوو پێدا کردنەکانی بە کەرەنای دا کرد، لێرەش خوا ﷻ باسی بەسەرهاتی مووسا ﷺ و ڕەوانەکرانی بۆ لای فیرعەون، نێواخن دەکات، واتە: ئەی بێبڕوایەکان کە بێبڕوان بە ڕۆژی دوایی و، بێبڕوان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و بە کۆتا پەیامی خوا، پەندو دەرس وەربگرن لە فیرعەون، کە وەك چۆن خوا پێغەمبەری کۆتایی

نـاردوە بـۆ لای ئێـوە، کاتـی خۆیشـی مووسـای (عليه السلام) وێـڕای هاڕوونـی بـرای نـارد بـۆ لای فیرعـەون، بـەڵام هەرچەنـدە مووسـا زۆر بەدڵسـۆزانەو میهرەبانانـە دوانـدی، ئـەو لەسـەر ملهوڕیـی و تـاوان و لادانـی خـۆی بـەردەوام بـوو، سـەرەنجام بـوو بـە پەنـدی زەمانـەو بـۆ خەڵـك كـرا بـە دەرس و پەنـدو عیبـڕەت، کەواتـە: ئێـوەش پەنـد وەربگـرن لـە فیرعـەون، تاکـو وەك فیرعـەون نەبنـە پەنـد بـۆ خەڵکـی دوای خۆتـان!

١)- ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ﴾، ئایا هەواڵ و باسی مووسات بۆ هاتوە! ﴿أَتَىٰكَ﴾، واتە: بۆت هاتوە، بەڵام لێرەدا یانی: ئایا پێت گەیشتوە؟ ﴿حَدِيثُ مُوسَىٰٓ﴾، (الحَدِيثُ: **الخَبَرُ، وَأَصْلُهُ فَعِيلٌ بِمَعْنى فَاعِلٍ مِن حَدَثَ الأَمْرُ إذا طَرَأَ وكانَ، أي: الحادِثُ، وَالأَصْل: خَبَرُ الحَدِيثِ، أيْ: خَبَرُ الحَادِثِ**)، وشەی: (**حَدِيث**)، واتە: هەواڵ، (**حَدِيثُ**) لەسەر کێشی (**فَعِيل**)ە، بە مانای (**فاعِل**)، واتە: (**حادِث**)، ئەویش یانی: (**حَدَثَ الأَمْرُ إذا طَرَأَ وكانَ**)، واتە: کارێك ڕوویدا کەواتە: ڕووداوێك کە ڕوودەدا پێی دەگوترێ: (**حادِثُ**)، ئنجا لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ﴾، لە ئەسڵدا یانی: (**هَلْ بَلَغَك خَبَرُ حَادِث إِرْسَال مُوسَى إلى فِرْعَوْن**) ئایا هەواڵی نێردرانی مووسا بۆ لای فیرعەونت پێ گەیشتوە؟ بەڵام ئەوە هەمووی کورت کراوەتەوەو بۆتە: ﴿هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ﴾، ئایا هەواڵی مووسات بۆ هاتوە، واتە: باس و خواسی هەواڵی ڕووداوی نێردرانی مووسا بۆ لای فیرعەونت بۆ هاتوە، چۆن بوو؟!

٢)- ﴿إِذْ نَادَىٰهُ رَبُّهُۥ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى﴾، کاتێك پەروەردگاری لە کێوی پاککراوەی (**طُوى**) دا بانگی کرد، (**إِذْ**): (**وإِذْ اسْمُ زَمَانٍ، وَاسْتُعْمِلَ هُنَا فِي المَاضِي**)، (**إِذْ**) بۆ خۆی ناوی شوێن، (**ظَرْف الزَّمَان**)ە، بەڵام بەکارهێنراوە بۆ ڕابردوو، چونکە باسی ڕابردوو دەگێڕێتەوە.

(**الـوَادِ المُقَـدَّس**)، (**الـوَادِ: المَـكَانُ المُنْخَفِـضُ بَـيْنَ الجِبَـالِ، وَالمُقَـدَّسُ: المُطَهَّـرُ وَطُوًى: اسْـمُ مَـكَانٍ**)، (**وادي**): شـوێنێکی لێژایـی و نزمایییـە لـە نێـوان چیایەکانـدا، ئێمـە دەڵێیـن: دۆڵ، شـیو، (**وَالمُقَـدَّسُ: المُطَهَّـرُ**)، (**مقـدس**) یانـی: پاککـراوە، هەڵبەتـە پاککراوەییەکەی بەهـۆی ئـەوەوە بـووە، کـە خـوا لەوێـدا مووسـای دوانـدوە، وەك لـە سـوورەتی (**طـه**) دا، دەفەرمـوێ: ﴿إِنِّيٓ أَنَا۠ رَبُّكَ فَٱخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى ﴿١٢﴾﴾، واتـە:

بێگومـان مـن پەروەردگارتـم ئنجـا نەعلەکانـت (پێڵاوەکانـت) دانـێ، چونکـە تـۆ لـە شـیوێکی پاککـراوەی کـە [نـاوی] (**طُوًى**)یـە.

(**طُـوى**) بــە تەنوینیــش خوێندراوەتــەوەو بــە ئەلیفــی مەقصــوورە (**طُـوى**)ش خوێندراوەتـەوە ﴿ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ طُوًى ﴾، خـوا بانگـی کـرد لـە دۆڵی بـە پاکگیراوی (**طُـوى**) دا، چـی پـێ فەرمـوو؟

٣)- ﴿ ٱذْهَبْ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴾، (فەرمووی:) بڕۆ بۆ لای فیرعەون بە دڵنیایی ئەو یاخی بووە، ﴿ إِنَّهُۥ ﴾، (إنَّ) پیتی جەختکردنەوەیە ناوەکە مەنصووب و هەواڵەکە مەرفووع دەکات (**حَرْفُ تَأكِيْدٍ تَنْصِبُ الإسْم وَتَرْفَعُ الخَبَر**)، بەڵام لێرەدا مانای پاساوی خراوەتە نێو، واتە: بچۆ بۆ لای فیرعەون، چونکە یاخیی بووەو لە سنوور دەرچووە، (**الطُّغْيَانُ: هُوَ مُجَاوَزَةُ الحَدِّ فِي العِصْيَانِ**) (**طُغْيَان**): بریتیە لە سنوور بەزاندن لە سەرپێچیی کردندا.

٤)- ﴿ فَقُلْ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴾، ئنجا (پێی) بڵێ: ئایا ئامادەی خۆت پاك و چاك بکەی؟ وشەی: ﴿ تَزَكَّىٰ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (**تَزَّكَّى**)، ئنجا وشەی: ﴿ هَل لَّكَ ﴾، پێشتریش باسمان کرد: لە زمانی عەرەبییدا، دەگوترێ: (**هَلْ لَكَ إلى كَذَا**)، یانی: (**هَلْ لكَ مَيْلٌ إلى كَذَا**)، ئایا ئارەزوومەندی بۆ ئەو شتە؟ یان دەگوترێ: (**هَلْ لَكَ فِي كَذَا**) یانی: (**هَلْ لكَ رَغْبَةٌ فِي كَذَا**)، ئایا ئامەزرۆییت بۆلای فلان شتە هەیە؟ کەواتە: لێرەدا کە مووسا ﷺ بە فیرعەون دەفەرموێ: ﴿ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ﴾، یانی: ئایا تۆ ئامادەیی و ئارەزووت هەیە، خۆت پاك و چاك بکەی؟ چونکە ﴿ تَزَكَّىٰ ﴾، و (**تَزَّكَّى**)، (**تَزَّكَّى**) ش لە ئەسڵ دا (**تَتَزَكَّى**)یە، یانی: ئایا ئامادەی پڕۆسەی خۆ پاك و چاككردن لە خۆتدا ئەنجام بدەی؟

٥)- ﴿ وَأَهْدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخْشَىٰ ﴾، هەروەها بەرەولای پەروەردگارت ڕێنمایی و ڕاستە ڕێت بکەم ئنجا لێی بترسیی (سام و هەیبەتی خوات بچێتە دڵ و دەروونەوە، ئایا بۆ ئەمە ئامادەییت هەیە؟!).

بێگومـان ئەمـە زۆر شـیوازێکی نـەرم و نیـان و میهرەبانانەیـەو، وەك پێشـنیارکردن وایــە، جوڵاندنــی ئارەزوویەتــی بــە شـێوازێکی زۆر نــەرم و نیــان و، ئــەوەش هــەر

جێبەجێکردنی فەرمانی خوایە کە لە سوورەتی (طه)دا، بە مووساو بە هاروونی بەرای دەفەرمووێ: ﴿فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ﴿٤٤﴾﴾، قسەیەکی نەرمی لەگەڵ بکەن، بەڵکو بیری بێتەوەو پەند وەربگرێ، یاخود ترس و سام و هەیبەتی بچێتە دڵ.

لێرەدا کە دەفەرمووێ: ﴿وَأَهْدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخْشَىٰ﴾، بەدڵنیاییی هیدایەتی خوا ناچێتە هەموو دڵ و دەروونێکەوەو، دەبێ ئەو دڵ و دەروونە، پاڵفتەو پاك و چاك بووبێ، ئامادەیی وەرگرتبێ، ئنجا هیدایەتی خوای لێ میوان دەبێ، دواییش کە هیدایەتی خوا چووە دڵی مرۆڤەوە، ئنجا سام و هەیبەت و رێز و حورمەت و بە گەورەو مەزنگرتنی تێدا پەیدا دەبێ، بەرانبەر بە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنی خۆی.

کە دەفەرمووێ: ﴿وَأَهْدِيَكَ﴾، لێرەدا هیدایەت دەگونجێ بە مانای رێنمایی بێ و، دەشگونجێ بە مانای راستە رێکردن بێ، کەواتە: (**أهديك**) یانی:

أ- رێت پیشان بدەم و رێنماییت بکەم.

ب- راستە رێت بکەم و بتخەمە سەر رێی راست.

٦)- ﴿فَأَرَىٰهُ ٱلْـَٔايَةَ ٱلْكُبْرَىٰ﴾، ئنجا نیشانە هەرە گەورەکەی پیشاندا، (**الآيَةُ: حَقِيقَتُهَا العَلَامَةُ وَالأَمارَةُ، وَتُطْلَقُ عَلَى الحُجَّةِ المُثْبِتَةِ**)، وشەی: ﴿ٱلْـَٔايَةَ﴾، بە مانای نیشانە دێ، (بە مانای ئەوەش دێ، شتێکی پێ بناسێ) بەڵام بۆ بەڵگەیەکی ئیسپاتکەریش بەکاردەهێنرێ، کە دەفەرمووێ: ﴿فَأَرَىٰهُ ٱلْـَٔايَةَ ٱلْكُبْرَىٰ﴾، نیشانە هەرە گەورەکەی پیشاندا، زانایان زۆریان قسە لەبارەی نیشانە هەرە گەورەکە کردووە:

١- هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست پێی دەستیەتی.

٢- هەندێکی دیکەش گوتوویانە: مەبەست پێی گۆچانەکەیەتی.

٣- هەندێك گوتوویانە: مەبەست پێی هەردووکیانە.

٤- هەندێك گوتوویانە: مەبەست پێی هەر نۆ نیشانەکانن، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ (١٠١) ﴾الأسراء.

بەڵام بە پێی هەردووك ئایەتی (٢٢ و ٢٣)ی سوورەتی (طه)، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱضْمُمْ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخْرَىٰ (٢٢) لِنُرِيَكَ مِنْ ءَايَٰتِنَا ٱلْكُبْرَى (٢٣) ﴾، کەواتە: دەگونجێ مەبەست پێی دەستی و گوچانەکەی بێ، بەڵام ئەگەر مەبەست یەکێکیان بێ، دیارە گۆچانەکە نیشانەیەکی گەورەتر بووە لە دەستی، دەشگونجێ مەبەست پێی هەر نۆ نیشانەکە بێ، کە خوا ﷻ نۆ موعجیزەی دان بە مووسا، وەك لە تەفسیری سوورەتی (**الأعراف**)داو، لە تەفسیری سوورەتی (**الأسراء**)داو، لە سوورەتی تەفسیری (**النمل**)دا باسمان کردوە.

بەڵام ئایا فیرعەون ئامادە بوو؟ نەخێر: ﴿ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ (٢١) ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ (٢٢) فَحَشَرَ فَنَادَىٰ (٢٣) فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ (٢٤) ﴾.

٧)- ﴿ فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ﴾، یەکسەر بە درۆی داناو سەرپێچیی کرد، بە (**ف**)ی (تعقیب) یانی: یەکسەر بە دوای ئەوەدا کە گوێبیستی پەیامەکەی مووسا بوو، بە درۆی داناو سەرپێچیی کرد، چی بە درۆ دانا؟ (**فَكَذَّبَ مُوسَى، أو فَكَذَّبَ رِسَالَةَ مُوسَى، أو فَكَذَّبَ الله، أو فَكَذَّبَ لِقَاءَ الله،...**)، مووسای بەدرۆ دانا، یان پەیامەکەی مووسای بەدرۆ دانا، یان خوا بەدرۆ دانا، یان دیداری خوای بەدرۆ دانا، هەمووی دەگرێتەوە، بۆیە بەرکارەکەی قرتێنراوە، بە درۆی دانا، هەموو شتێکی بە درۆ دانا بە ڕەهایی، ﴿ وَعَصَىٰ ﴾، هەروەها سەرپێچیی کرد، لە کێ؟ (**عَصَى الله، أو عَصَى رَسُولَ الله، أو عَصَى رِسَالَةَ الله،..**) هەمووی دەگرێتەوە، سەرپێچیی لە خوا کرد، سەرپێچیی لە پێغەمبەری خوا کرد، سەرپێچیی لە پەیامی خوا کرد.

٨)- ﴿ ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ ﴾، (هەر بەوەندەش وازی نەهێنا کە بە درۆ دابنێ و سەرپێچیی بکات، بەڵکو) دوایی پشتی هەڵکرد، هەوڵیشی داو کۆششی کرد، (**ثُمَّ: للتَّرْتِيْب الرُتْبِيّ إذْهُمَا أَشَدُّ مِنَ الأَوَّلَيْن**)، (**ثُمَّ**) بۆ ڕیزبەندیی پلە پلەییە، چونکە ئەم دووانە (پشت هەڵکردن

و هەوڵدان لە دژی مووسا (عليه السلام) گرنگترن لە بە درۆ دانان و سەرپێچیی کردنەکە، واتە: هەر بەوەندە وازی نەهێنا کە بۆ خۆی بە درۆ دابنێ و سەرپێچیی بکات، بەڵکو پشتیشی هەڵکردو دەستیشی کرد بە هەوڵدان و کۆشش کردن، کە نەهێڵێ خەڵکیش ئیمانی پێ بێنێ، یاخود: هەر بەوەندە وازی نەهێنا کە بە درۆ دابنێ و سەرپێچیی بکات، بەڵکو هەوڵی لە بەینبردن و کوژانەوەی ئەو ڕووناکییەشی دا، کە خوا (تعالى) وەك ئایین و پەیامی خۆی بە مووسادا (عليه السلام) ناردبووی.

٩)- ﴿ فَحَشَرَ فَنَادَىٰ ﴾، کۆی کردەوەو بانگی کرد، یانی: (فَحَشَرَ النَّاس)، خەڵکی کۆکردەوە، لێرەدا دیسان بەرکارەکەی قرتێنراوە، چونکە ئاشکرایە، کێی کۆکردەوە، خەڵکی کۆکردۆتەوە، هەندێك لە ڕوونکەرەوانیش گوتوویانە: ﴿ فَحَشَرَ ﴾، واتە: جادووگەرەکانی کۆکردوونەوە، کە لەو دوو ئایەتەی سوورەتی (**الشعراء**) یان وەرگرتوە: ﴿ وَٱبْعَثْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَـٰشِرِينَ ﴿٣٦﴾ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ ﴿٣٧﴾ ﴾، بە شاراندا جارچییان و کۆکەرەوان، بنێرە هەموو جادووگەرێکی زانات بۆ بێنن، بەڵام بێگومان ئەو سیاقەی ئەوێ، جیایەو باسی کۆکردنەوە جادووگەرانەو، لێرەدا باسی کۆکردنەوەی خەڵك و جەماوەرە بە گشتیی، چونکە جادووگەرەکان پێویستییان بەوە نەبووە فیرعەون پێیان بڵێ:

١٠)- ﴿ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴾، ئنجا گوتی: من پەروەردگاری هەرە بەرزتانم. ئەوان بە گەورەو پەرستراو و هەموو شتێکی خۆیانیان زانیوە، بۆیەش جادوویان بۆ کردوە، پێش ئەوەی ئیمان بێنن، بەڵام خەڵك و جەماوەرەکە فیرعەون کۆی کردنەوە.

﴿ فَنَادَىٰ ﴾، (**النِّدَاءُ: رَفْعُ الصَّوْتِ بِدَعْوَةِ أَحَدٍ لِيَحْضُرَ**)، (**نِدَاء**) بانگکردن، دەنگ بەرزکردنەوەو دەنگ هەڵێنانە، بۆ بانگ کردنی کەسێك تاکو ئامادە بێ، ئنجا کە بانگی کردن، بە دەنگی بەرز چی گوت؟ ﴿ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴾، گوتی: من پەروەردگاری هەرە بەرزتانم، گومانی تێدانیە کە گوتوویەتی: ﴿ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴾، مەبەستی پێی ئەوە نەبووە، من ئێوەم دروست کردوەو دەژێنم و دەمرێنم،

نەخێر، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە حوکمڕانی هەرە بەرزو باڵادەستتان منم، یانی: بەس منم کە دەبێ فەرمانبەرییم بۆ بکەن بە ڕەهایی و، دەبێ هەر بە قسەی من بکەن، مەبەستی ئەوە بووە: نەچن بە قسەی مووسا بخەڵەتێن و، جگە لە من کەسێکی دیکە بپەرستن، یان جگە لە من سەرپەرشتیارێکی دیکە بۆ خۆتان پەیدا بکەن! ئەگەرنا مەبەستی ئەوە نەبووە: من ئێوەم بە دیهێناوەو ئێوە دەژێنم و دەمرێنم، چونکە وشەی: (رَبٌّ)، هەموو ئەو واتایانە دەگرێتەوە، بەڵام وێڕای ئەوە (رَبٌّ) مانای سەرپەرشتیاری دنیاییش دەگەیەنێ و، فیرعەون مەبەستی ئەوە بووە، واتە: سەرپەرشتیاری هەرە بەرزی دنیاتان، منم، بەڵام بێگومان خوا ﷻ لێی نەگەڕاوە، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچێ:

١١)- ﴿فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلۡأٓخِرَةِ وَٱلۡأُولَىٰٓ﴾، خوا ﷻ گرتی وەك سزادانی کۆتایی و یەکەم، ﴿نَكَالَ﴾، (**مَفْعُوْل مُطْلَقٌ «لأخَذَهُ» بِتَأوِيْلِ فِي الأُولى والثَّانِيَة، أي: عَذَّبَهُ عَذَابَهُما، غَرْقاً فِي الأُوَلَى، وَحَرقاً فِي الأخِرَة**)، وشەی: ﴿نَكَالَ﴾، بەرکاری ڕەهایە بۆ (**أخَذَه**)، (**أخَذَهُ**) یانی: گرتی و سزایدا، واتە: لە جیاتی یەکەم و دووەم سزای دا، سزای دنیا بە خنکاندن و نغرۆ کردن لە دەریای سووردا، سزای دواڕۆژیش بە سووتاندن، لە قۆناغی بەرزەخ دا، لە پێش قیامەتیش دا. ﴿نَكَالَ﴾، (**العُقُوبَةُ المُنَكِّلة للغَيْرِ مِنَ النُّكْل**)، ﴿نَكَالَ﴾: بریتیە لە سزایەکی سڵەمێنەرەوە بۆ ئەوی دیکە، ئەوەیە کەسێك سزا بدەی و بە هۆی سزادانی ئەوەوە، جگەلە ئەو عیبرەتی لێوەربگرێ و پێی تەمبێ بێ و بسڵەمێنێتەوە، لەوەی وەك ئەوەی پێشێ بکات، کە سزا دراوە.

ڕوونکەرەوەیەك دەڵێ: (**النَّكَال: إِيقَاعُ الأَذَى الشَّدِيدِ عَلَى الغَيْرِ مِنَ التَّشْهِيرِ بِذَلِكَ بِحَيْثُ يُنَكِّلُ، أَيْ يَرُدُّ وَيَصْرِفُ مَنْ يُشَاهِدُهُ عَنْ أَنْ يَأْتِيَ بِمِثْلِ مَا عُومِلَ بِهِ الْمُنَكَّلُ بِهِ**)، ﴿نَكَالَ﴾: بریتیە لە سزادانێکی سەختی کەسێك بە شێوەیەك هەر کەسێك بیبینێ، بسڵەمێتەوەو بپرینگێتەوە، لەوەی کارێك بکات کە بابای سزادراو کردوویەتی.

١٢)- ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰ ﴾، بەڕاستیی لەوەدا پەند هەیە بۆ هەر کەسێك بترسێ، ئەگەر کەسێك سام و هەیبەتی خوای لە دڵ دا نەبێ، هەزار شت ببینێ، پەندی لێوەرناگرێ و دەرسی لێ فێرنابێ، (**جمال الدین قاسمي**)، خاوەنی (**محاسن التأویل**)[1] لە تەفسیرەکەیدا، دەڵێ:

(**أي: في أَخْـذِهِ وَمَـا أَحَـلَّ بِـهِ مِـنَ العَـذَابِ وَالخِـزِي، عِظَـة وَعِـبْرَة لِمَـنْ يَخَـاف اللـه وَيخْـشَى عِقَابَـه، وَيَعْلَـمُ أَنَّ هَـذِهِ سُـنَّتُهُ فِي كُلِّ مَـنْ يَقُـاومُ الحَـقَ وَيُحَارِبُـهُ**)، واتـە: لـە گرتنـی خـوادا بـۆ فیرعـەون و، لـەوەدا کـە سـزای بەسـەردا سـەپاندو سەرشـۆڕی کـرد، پەنـدو ئامۆژگاریـی هەیـە، بـۆ هـەر کەسێك لـە خـوا بترسـێ و، لـە سـزای خـوا سـام و هەیبـەت بـکات و، بزانـێ ئـەوە یاسـای خوایـە، لـە مامەڵـەی لەگـەڵ هـەر کەسـێکدا کـە بەرهەڵسـتیی و دژایەتیـی هـەق بـکات، بەهەمـان شـێوە سـزا دەدرێ.

کەواتـە: کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰ ﴾، ئەمـە ئـەوە دەگەیەنـێ کـە لێـرەدا خـوا ﷻ باسـی یاسـایەکی خـۆی دەکات، بەڵـێ: باسـی ڕووداوێکـی دیارییکـراو دەکات، بـەڵام کـە دوایـی خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰ ﴾، مانـای وایـە ئـەوە بەرجەسـتە بوونـی یاسـایەکی خوایـە لـە ژیانـی مرۆڤـدا، کـە هـەر کەسـێك دژایەتیـی پەیامـی خـوا بـکات، سـەرەنجام ئـاوای لـێ دێ، درەنـگ یـان زوو.

مەسەلەی سێیەم:

پرسیارکردنی سەرزەنشتکارانە، کە ئایا دروستکرانی مرۆڤان قورسترە یان هی ئاسمان؟ خوا دروستی کردووەو بڵندی کردووەو ڕێکیخستووەو، شەوگارەکەی تاریك کردووەو، ڕووناکییەکەی دەرهێناوە، پاشان زەوی پانڕاخستووەو ئاوو لەوەڕگایەکەی لێ دەرهێناوە، تاکو بۆ خەڵك ببێتە مایەی بەهرەی خۆیان و ئاژەڵەکانیان:

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا ﴿٢٩﴾ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ﴿٣١﴾ وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ﴿٣٢﴾ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ ﴿٣٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

وەك پێشتریش گوتمان، دوای ئەوە خوا ﷻ سەرنجی ڕاکێشان بۆ مێژوو و، نموونەیەکی بەرجەستەیی مێژوویی خستە بەر چاوی بێبڕوایەکان، کە نێردرانی مووسا ﷺ و، هارونی ﷺ برای بوو بە پەیامی خواوە، بۆ لای فیرعەون و، سەرەنجام ملنەدانی فیرعەون بۆ هەق و، بەردەوام بوونی لەسەر ملهوڕیی و، سزادانی خوای پەروەردگار بۆی بە جۆرە سزایەك، کە جگەلە خۆیشی پێی تەمبێ بێ، ئنجا خوا ﷻ سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ مێژوو، زۆرجاران خوا ﷻ سەرنجی مرۆڤان ڕادەکێشێ بۆ گەردوون، بۆ دیاردەو دیمەنە دڵبزوێن و سەرنج ڕاکێشەکانی گەردوون و دەوروبەر، دوایی سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ مێژوو، چونکە لە ڕاستییدا هەم مێژوو کتێبێکە زۆر جێی سەرنج و تەماشاو جێی پەندو عیبرەتە، هەم گەردوونیش کە سیفەتەکانی خواو یاسایەکانی خوای تێدا بەرجەستەن، زۆر شایستەی ئەوەیە مرۆڤ زۆر سەرنجی لێ بدات، تاکو هەرچی زیاتر شکۆداریی و پایە بەرزیی خوا ﷻ و، سیفەتە بەرزو مەزنەکانی لە ڕووپەڕی دیاردەو دیمەنەکانی گەردووندا بخوێنێتەوە:

١)- ﴿ ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ ﴾، ئایـا دروسـتکرانی ئێـوە قورسـترو زەحمەتـترە، یاخـود هـی ئاسـمان، لێـرەدا ئـەم پرسـیارکردنە ﴿ ءَأَنتُمْ ﴾، هەمـزە (أ)ەکـە (**هَمْـزَة الإِسْـتِفْهَام**)ە، بـەڵام پرسـیارکردنی (**تقريري**)یـە، بـە کوردیـی دەبێتـە پرسـیارکردنی دانپێپێداهێنـان، واتـە: بەرانبەرەکـەت وادار بکـەی، دانپێدابێنـێ، چونکـە هیـچ دەرفەتـی نیـە، دانی پێدانەهێنـێ.

وشـەی: ﴿ ٱلسَّمَآءُ ﴾، دەڵێیـن: ئاسـمان، بـەڵام لـە بەکارهێنانـی قورئانـدا مەبەسـت لە: ﴿ ٱلسَّمَآءُ ﴾، و ﴿ سَبْعَ سَمَـٰوَٰتٍ ﴾، و ﴿ سَمَـٰوَٰتٍ ﴾، کـۆی گەردوونـە، ئـەوەی ئێمـە تاکـو ئێسـتا بـەس گۆشـەیەکیمان بـە دوور بیـن و تەلەسـکۆبەکان لـێ بـەدی کـردوە.

٢)- ﴿ بَنَىٰهَا ﴾، (خوا) ئاسمانی بنیاتنا، دروست کرد، (**البِنَاء: ضَمُّ الأَجْزَاء المُتَفَرِّقَةِ بَعْضهَا إلى بَعْض، مَعَ رَبْطِهَا بِمَا يُمْسِكهَا حَتَّى يَكُوْنَ عَنْهَا بُنْيَة وَاحِدَة**)، (**بِنَاء**): بریتیە لەوەی بەشە پرژو بڵاوەکانی شتێك بخرێنەوە سەر یەك و، بە یەکەوە پەیوەست بکرین، هەتا لە هەموویان یەك شت دروست بێت، (وەك چۆن لە ئاوو چەو و لم و چیمەنتۆ و گەچ و شیش و چی و چی، هەمووی بینایەك دروست دەکرێ).

٣)- ﴿ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴾، [(**سَمْك**): بەرزیی و ئەستووریی]، (خوا) بەرزییەکەی هی ئاسمانی بەرز کردەوەو بڵند کردو ڕێکیخست، (**السَّمْكُ: قَامَةُ الشَّيءِ**)، هەموو تەنێك پانیی هەیە، لە ڕووی جەستەییەوە، پانیی ئەو بارەیەتی کە کەمترەو، درێژیی هەیەو قووڵیی (**عُمْق**) یاخود (**سَمْك**) بەرزییشی هەیە.

جـاری واش هەیـە شـتێك چوارلایەکـەی بـە ئەنـدازەی یەکـن و پێـی دەگوتـرێ: چوارگۆشـە، ئەگەرنـا ئـەو لایـەی کەمـترە و، کـەم بەرترە پێـی دەگوترێ: پانایـی (**عُرْض**)، لایەکـەی زیاتـر پێـی دەگوتـرێ: درێژایـی (**طُـوْل**)، قووڵیـی و ئەسـتوورییەکەشی پێـی دەگوتـرێ: بەرزیـی (**سَـمْك**).

﴿ فَسَوَّىٰهَا ﴾، (**أي: فَعَدَّلَهَـا بِوَضْـع كُلّ جـرم فِي مَحَلِّـهِ**)، ڕێکیخسـت بـەوەی هـەر شـتە لـە شـوێنی خۆیـدا دابنـێ.

٤)- ﴿ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا ﴾، شەوەکەی تاریك داهێناو ڕووناکییەکەشی لێ دەرهێنا، ﴿ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا ﴾، (أي: جعل لَيْلَهَا مُظْلِمًا)، شەوگاری گەردوونی تاریك داهێنا، (غَطَشَ وَأَغْطَشَ)، هەردووکیان هاتوون، واتە: تاریکی داهێنا، (ضُحَى) هەرچەندە بە مانای چێشتەنگاو دێ، بەڵام بە مانای تیشکیش دێ.

٥)- ﴿ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴾، زەویشی دوای ئەوە، پانڕاخست و ئامادە کرد، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەوە زەوی دوای دروستکرانی ئاسمان، دروستکراوەو بەو شێوەیە بۆ ژیانی مرۆڤ ئامادە کراوە، زانیاریی گەردوونناسیی ئێستا ئەوەی لە لای بۆتە شتێکی زۆر ڕوون.

بۆیەش وا دەڵێم، چونکە لە تەفسیرەکاندا زۆر مشت و مڕی لە بارەوە کراوە، ئایا ئاسمان پێشێ دروستکراوە یان زەوی؟ لە ڕاستییدا ئەگەر کاتی خۆی جێی مشت و مڕ بوو بێ، ئێستا دوای بەرەو پێشچوونی گەردوونناسیی و، دوای ئەوەی بۆمان دەرکەوتوە، کە زەوی یەکێکە لەو نۆ خڕۆکەیەی بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە و، خۆریش ئەستێرەیەکە لە ئەستێرەکانی کەهکەشانی کاکێشان، کە زانایان دەڵێن: بە مەزەندە یەك تریلیۆن ئەستێرەی تێدایە، کەهکەشانی کاکێشانیش یەکێکە لە دوو سەد ملیار، بەڵکو هەندێکیش دەڵێن یەك تریلیۆن، (هەزار ملیار) کەهکەشانی دیکە، کە هەتا ئێستا کەوتوونە بەر چاوی دوور بین و تەلسکۆبەکان، ئێستا ساغ بۆتەوە کە خڕۆکەی زەوی دوای ئەوەی گەردوون هەمووی دروست بووە، ئنجا خوا ﷻ لە نێو گەردووندا، ئەم زەوییەی ئێمەی بەو شێوەیە هەڵخستوە، کە لە سووڕەتی (فصلت)دا خوا ﷻ باس دەکات، زەوی چۆن بە چەند قۆناغان دا تێپەڕیوە، لە وێ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ ﴿١٠﴾ ﴾، ئەم دوو ئایەتە بە پێزە لێیان وەردەگیرێ، کە زەوی بە چوار قۆناغان ئەم حاڵەتەی ئێستای پەیدابووە کە ژیانی لەسەر دروست بێ و، دواتر ژیانی

مرۆڤی لەسەر دروست بێ، ئەوە بە چوار قۆناغان دا تێپەڕیوە، کاتی خۆیشی لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (**فصلت**)دا بە درێژایی لەو بارەوە قسەمان کردوە، گرنگ ئەوەیە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ﴾، زەوی دوای ئەوە یانی: دوای ئەوەی ئاسمانی بنیاتناو بەرزییەکەی بەرز کردەوەو، ڕێکیخست و، شەوەکەی تاریك داهێناو، ڕۆژەکەی ڕووناك کرد، ئنجا دوای ئەوە، زەویشی ڕێکخست و پانڕاخست و ئامادەی کرد، چی لێکرد؟

٦)- ﴿أَخۡرَجَ مِنۡهَا مَآءَهَا وَمَرۡعَىٰهَا﴾، هەم ئاوەکەی لێ دەرهێنا لە زەوی و، هەم لە وەرگایەکەشی لێ دەرهێنا.

٧)- ﴿وَٱلۡجِبَالَ أَرۡسَىٰهَا﴾، هەروەها چیایەکانیشی چەقاندن و داکوتان، ﴿أَرۡسَىٰهَا﴾، (**أي: أَثْبَتَهَا وَرَسَّخَهَا**)، چیایەکانی داکوتان و چەسپاندنی لە زەویدا، هەڵبەتە چەسپاندنی چیایەکان و داکوتانیان، کەوتۆتە پێش ئەوەی زەوی ئاوو لەوەڕگای تێدا پەیدا بن، بەڵام لە باسکردندا دواخراوە، ئەگەرنا لە دروستکردندا بەدڵنیایی چیایەکان داکوتراون و، ئنجا دوایی لە ئەنجامی هەبوونی چیایەکاندا، هەڵمی ئاو کە لە دەریاکانەوە هەڵساوە، لەسەری چیایەکاندا کۆبۆتەوەو، بۆتە باران و بەفرو تەزرەو داباریوەتە خوارەوەو، ئاویش دروست بووەو، لە ئەنجامی ئەوەش دا لە وەڕگا دروست بووە، دوای ئەوەی کانیی و سەرچاوەکان دروست بوون، لەوەڕگایەکانیش دروست بوون.

٨)- ﴿مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ﴾، [خوا هەموو ئەوشتانەی ڕەخساندوون] تاکو بەهرە بێ بۆ ئێوەو بۆ ئاژەڵەکانتان: ﴿مَتَٰعٗا﴾، لە ڕووی ڕێزمانییەوە دوو حاڵەتی هەن:

أ- یان (**مَفْعُوْل لَهُ**)یە، یانی: (**فَعَلَ ذَلِكَ تَمْتِيعاً لَكُمْ وَلأنْعَامِكُم**)، خوا ئەوەی کرد بۆ ئەوەی، بەهرە بگەیەنێ بە خۆتان و بە ئاژەڵەکانتان

ب- یاخود: ﴿مَتَٰعٗا﴾، (**مَصْدَر مُؤَكِّد لِفْعِلِه الْمُضْمَر، أي: مَتَّعَكُم بِذَلِكَ مَتَاعَاً**) چاوگێکی جەختکەرەوەیە بۆ کردارە شێرراوەکەی، واتە: خوا ﷻ بەوە ئێوەی بەهرەمەند کرد، بە بە هرەمەند کردن.

دوو سەرنج دانی کورت لە زەوی و لە چیایەکان

١- زەوی:

(د. **محمد راتب النابلسي**) لـە تەفسـیرەکەی خـۆی (**تفسير النابلسي**)دا[1]، دەڵـێ: ئـەو ڕۆکێتـە فەزاییـەی نێردرا بـۆ سـەر مانـگ، کـە دیـارە لێـرەوە بـۆ مانـگ (٣٦٠٠٠٠ - ٣٨٠٠٠٠)کـم و، تیشـکیش لـە چرکەیەکـدا (٣٠٠،٠٠٠)کـم دەبـڕێ، کەواتـە: لێـرەوە بـۆ مانـگ چرکەیـەك و ٥/١ ی چرکەیـەك یـان کەمتریشـە.

بـەڵام ئـەو ڕۆکێـت (**مركبة**)ەی هەڵیانـدا بـۆ ئـەوەی ئـەو ماوەیـە ببـڕێ، بیسـت و چـوار هـەزار ملیـۆن یاخـود بیسـت و چـوار ملیـار (٢٤،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دۆلاری تێچـوو تاکـو سەرنشـینەکانی ئەوانـەی تێیدابـوون بچنـە سـەر مانـگ، لـە حاڵێکـدا زەوی کێشـەکەی: (٦٠٠٠) ملیـۆن ملیـۆن ملیـۆن (٦٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠)تەنـە، واتـە: (٦) بیسـت و یـەك سـفری لـە پێشـەوە بـن و، بـە دەوری خـۆردا دەخولێتـەوە بـە خێرایـی (٣٠) کـم/ لـە چرکەیەکـدا، واتـە: (١٠٨,٠٠٠)کـم/ لـە سـەعاتێکدا، یانـی: ئەگـەر ئـەو ڕۆکێتـە بەخێرایـی سـووڕانەوەی زەوی بـە دەوری خـۆردا، ڕۆیشـتبایە، بـە نزیکـەی سـێ سـەعات و ئەوەنـدە دەگەیشـتە سـەر مانـگ، بـەڵام ئـەو مەرکەبەیـەی هەڵیـان داوە بـۆ سـەر مانـگ سـێ شـەو و سـێ ڕۆژان بەڕێـوە بـووەو، ئـەو هەمـوو پارەیەشـی تێچـووە!

٢- چیایەکان:

کـە خـوا دەفەرمـوێ: چیایەکانـی لـە زەویدا داکوتـان، زۆرجـاران باسـی چیایەکانمان کـردوە، لێرەشـدا چەنـد شـتێك لە بـارەی چیایەکانـەوە بـاس دەکەین:

---

(١) ج١٠، ص٢٣٥.

١- ئەو چیایانە دەبنە هۆی ئەوەی لە خێرایی سووڕانەوەی زەوی، چ بە دەوری خۆیدا، چ بە دەوری خۆردا، بگرنەوە، چونکە چیاکان بەرزن و وەک کۆسپ و بەربەستێک لەخێرایی سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا و، بە دەوری خۆردا، کەم دەکەنەوە.

٢- چیاکان بۆ خڕۆکەی زەوی، وەك پەیکەری ئێسکیی وان بۆ جەستەی مرۆڤ، پەیکەری ئێسك لە جەستەی مرۆڤ دا، چ دەورێك دەبینێ، کە جەستەی مرۆڤ بە پەیکەری ئێسکەوە ڕاوەستاوە، چیاکانیش بۆ زەوی ئەو دەورەی دەبینن.

٣- هەروەها چیاکان دەبنە هۆی ئەوەی زۆرێك لە خێرایی بایەکان بگرنەوە، (با)یەکان کە بەهێزەوە هەڵدەکەن، ئەگەر بەهۆی ئەو چیایانەوە نەبێ کە لە تەوژم و خێراییان دەگرنەوە ئەو بایانە زۆر بەهێزتر دەبوون و زۆرشتیان ڕادەماڵی.

٤- چیاکان مەخزەنن بۆ ئاو، ئێمە ئاوی شیرینمان لە کوێ دەست دەکەوێ؟ بێگومان لە ڕێی باران و بەفرو تەزرەوە، ئەو باران و بەفرو تەزرەیەی بە زۆریی لەسەر لووتکە بەرزەکانی چیاکان دەبارن و، خوا لەوێ بۆمانیان عەمبار دەکات.

٥- هەروەها چیاکان وێڕای ئەوە مەخزەن و عەمبارن بۆ هەموو جۆرەکانی کانزا، بەتایبەت ئاسن و مس و زێڕو زیوو تێکڕای ئەو کەرەستانەی مرۆڤ لێیان بەهرەمەند دەبێ.

٦- هەروەها چیاکان شوێنێکیشن، زەوییان وا لێ کردوە ببێتە شوێنی گەشت و هاوینە هەوارو جێگای فێنك و خۆش.

٧- دەورێکی دیکەی چیاکان ئەوەیە کە پانتایی زەوییان فراوان کردوە، بەهۆی بنارو دۆڵ و شیوو قەدپاڵ و لووتکەکانی چیاکانەوە، ئەوە لە کوێ کە زەوی هەمووی تەخت بووایە، بەڵام ئێستا بە هەر دۆڵ و شیوو قەد پاڵی چیایەك دا دەڕۆی، بەملادا دەڕۆی و، بەولادا دەڕۆی، پانتایی زەوی فراوانتر بووەو، دیمەنێکی جوانتریشی بە زەوی داوەو، چیاو دۆڵ و شیوو قەدپاڵەکانیان بوونە شوێنی زۆرێك لە شارو دێیەکان و، ئەو شوێنانەی خەڵك بۆ تەماشا کردن و دیدەنییان دەچێ.

مەسەلەی چوارەم:

باسـی هاتنـی ڕووداوی هـەرە گـەورە کـە لـەو ڕۆژەدا مـرۆڤ دێتـەوە یـادی، چ کۆششـێکی کـردوە، ئەگـەر چـاك، ئەگەر خـراپ، دۆزەخیـش ڕادەنوێـنرێ و، خەڵکیش دەبنـە دوو بـەش: یاخییانـی دنیاپەرسـت: کـە ئەوانـە سرەوتگایـان دۆزەخـە و، ترسـاوان لـە پایـەی بـەرزی خـواو خـۆ مەرزەمکـەر لـە ئـارەزووی ناهـەق، ئەوانـەش سرەوتـگاو شـوێنی حەوانەیـان بەهەشـتە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ ٱلْكُبْرَىٰ ﴿٣٤﴾ يَوْمَ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ مَا سَعَىٰ ﴿٣٥﴾ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِمَن يَرَىٰ ﴿٣٦﴾ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ ٱلْكُبْرَىٰ ﴾، ئنجا هەرکات کارەساتە هەرە گەورەکە هات، پیتی (ف)، (**فَاء التَّفْرِيع**)ەو، ئەو باس و بابەتەی دەخرێتە ڕوو، بنیاتی دەنێ لەسەر ئەوەی پێشەوە، لە ئایەتەکانی پێشێدا خوا ﷻ دوای ئەوەی لە چواردە ئایەتی سەرەتادا، سوێندی خوارد بە پێنج کۆمەڵ لە فریشتەکان، دوایی سەرنجی ڕاکێشان هی هەموو لایەك، بە تایبەتی بێبڕوایەکان بۆ بەسەرهاتی ڕەوانەکرانی مووسا ﷺ بۆ لای فیرعەون و، یاخیی بوونی فیرعەون و بەردەوام بوونی لەسەر یاخیی بوونی و سەرەنجام سزادرانی، دوایی سەرنجی ڕاکێشان بۆ ئاسمان، پاشان بۆ زەوی و بۆ پێکهاتەکانی زەوی، کە خوا ﷻ زەوی وا ڕەخساندوە، مرۆڤ لەسەری بژی، خوایەك کە ئەوە شوێن دەستیەتی، هەم لە مێژووی بەشەردا، هەم لە گەردوون و دەوروبەردا، ناگونجێ لە مرۆڤان بگەڕێ بەبێ لێپسرانەوە و بە بێ سزاو پاداشت، بچنە دەریای نەبوونەو ببنە بەردی بن گۆمێ، بۆیە ڕۆژێك دێ ئەم گەردوونە، ئەو لاپەڕەیەی ئێستای دەپێچرێتەوەو لاپەڕەیەکی دیکەی بوون دێتە ئاراوە، خوا دەفەرموێ:

١)- ﴿ فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴾، ئنجا هەر کات ڕووداوە هەرە گەورەکە هات، ئەو ڕووداوە هەرە گەورەیەش مەبەست پێی ڕۆژی دواییە، دەشگونجێ مەبەست پێی بەس قیامەت بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی هەردووکیان بێ، کە پێشێ ئاخیر زەمان دێ، دوایی فوو کردنی یەکەم بە کەڕەناداو، دوای فووکرانی دووەم بە کەڕەناداش قیامەت دێ، دەگونجێ: ﴿ ٱلطَّآمَّةُ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴾، ناو بێ بۆ هەردووکیان، یانی: بۆ ڕۆژی دوایی و، دەشگونجێ تەنیا ناو بێ بۆ دووەمیان: قیامەت.

وشەی: ﴿ ٱلطَّآمَّةُ ﴾، زانایانی ڕوونکەرەوەی قورئان:

أ- هەندێکیان بە: (الدَّاهِيَة)یان لێکداوەتەوە، واتە: بەڵایەك کە دێ و خەڵك تێیدا سەراسیمەو مات و حەیران دەبێ.

ب- هەندێکیان بە: (الحَادِثَة الَّتِي تَطُمّ)، بەوە لێکیان داوەتەوە، ئەو ڕووداوەی زاڵ دەبێ بەسەر هەمموو شتێکداو، هەمموو شتێکدا دادەپۆشێ، دەگوترێ: (طَمَّ الوَادِي أي: عَلَى وَغَلَبَ وَتَفَوَّقَ) (طَامَّة) بە بەڵایەك دەگوترێ، خەڵك هەمووی داپۆشێ و وابێ لە هەمووی شتەکانی دیکە کە هاتوون، گەورەتر بێ و خەڵك لەبەر ئەو بەڵایەو ئەو ڕووداوە، ئاگای لە هیچی دیکە نەمێنێ.

گوتراوە: (الطَّامَّةُ: الحَادِثَةُ الَّتِي تَطُمُّ، أَيْ: تَعْلُو وَتَغْلِبُ وتَفُوقُ أَمْثَالَهَا مِنْ نَوْعِهَا)، ئەو ڕووداوەی دادەپۆشێ و زاڵ دەبێ، بەرزتر دەبێ لە هاووێنەکانی خۆی لە جۆری خۆی، کە بێگومان مەبەست لە: ﴿ ٱلطَّآمَّةُ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴾، ڕۆژی دواییە، چ قۆناغی دووەم بێ بە تایبەت، چ هەردوو قۆناغەکە بێ، («إذا» ظَرْفٌ لِلْمُسْتَقْبَلِ لِذَلِكَ إِذَا دَخَلَ على المَاضِي صُرِفَ لِلإسْتِقْبَالِ)، (إذَا)، لێرەدا (ظَرْفٌ)ە بۆ داهاتوو، بۆیە کاتێك (إذَا) دەچێتە سەر کرداری ڕابردوو، ئەو کردارە ڕابردووە مانایەکەی دەگۆڕێ بۆ داهاتوو، (جَاءَت) یانی: هات، (هات) بۆ ڕابردووە، بەڵام کە (إذَا) ی چووە سەرێ، ﴿ فَإِذَا جَآءَتِ ﴾، (کاتێك هات) مانایەکەی دەگۆڕێ بۆ داهاتوو، واتە: هەر کاتێك لە داهاتوودا، ڕووداوە هەرە گەورەکە هات، چی دەبێت؟:

٢)- ﴿ يَوْمَ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَـٰنُ مَا سَعَىٰ ﴾، ئەو ڕۆژە مرۆڤ بیری دێتەوە ئەوەی کردوویەتی و ئەنجامی داوە، ئەو هەوڵەی داویەتی، (**التَّذَكُّرُ: يَقْتَضِي سَبْقَ النِّسْيَانِ وَهُوَ امِّحَاءُ الْمَعْلُومِ مِنَ الْحَافِظَةِ**)، (**تَذَكُّر**)، بیرهاتنەوە، خوازیاری ئەوەیە دەبێ لە بیرچوونەوەیەك بووبێ، لە بیرچوونەوەش بریتیە لە سڕانەوەی زانیارییەك لەهۆشدان کە پێشتر لە لای مرۆڤ بووە، بەڵام دوایی مرۆڤ لە بیری چووە، وشەی: (**تَذَكُّر**): لە قورئاندا زۆر بەکارهێنراوە، چونکە لە ڕاستییدا خوا مرۆڤی وا ڕەخساندوەو خوڵقاندوە، کە لە هەموو ئەو ڕاستییانەی وەحیی خوا هێناونی، ڕیشەکەیان لە زگماك و ناخی مرۆڤدا دانراون، بۆیە مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە، وەحیی خوا ئەو ڕاستییانەی بێنێتەوە بیرو، دوایی بۆی ڕوون بکاتەوە، ئەگەرنا وەك ئەسڵ و ڕیشەیان یان هەن: ١-بڕوا بوون بە بوونی خوا ﷻ و، بە پەروەردگارێتیی خوا، بە خاوەندارێتیی خوا، بە تەنیا پەرستراوێتیی خوا. ٢- بڕوا بوون بە دیداری خواو، بەوەی لە حیکمەتی خوا ناوەشێتەوە، مرۆڤەکان وێڵ بکات و پەیامیان بۆ نەنێرێ و، پێغەمبەریان بۆ نەنێرێ، شێوەی ژیانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی بۆ دیاریی نەکات، ئەو ڕاستییانە لە ناخی مرۆڤدا هەن و زگماکی مرۆڤ هەستیان پێ دەکات، کە ئەم دنیاو گەردوونەو، ئەم مرۆڤە دەبێ خاوەن و بەدیهێنەرێکی هەبێ و پەروەردگارێکی هەبێ و ڕۆژێکی دانابێ، ئەو مرۆڤە لێی بپرسرێتەوە، خوا ﷻ وای لێ چاوەڕێ دەکرێ، مادام بەرنامەو سسیتمی بۆ هەموو شتێك داناوە، دەبێ بە مرۆڤیشی پێشاندا بێ، چی بکات و چۆن بژیی و، چی و حەڵاڵە، چی حەڕامە، و چی چاکەو چی خراپە؟

﴿ مَا سَعَىٰ ﴾، (**مَا**) لێرەدا (**مَا الْمَوْصُولَة**)یە، یانی: (**الَّذِي سَعَى**)و بەرکارەکەی قرتێنراوە، یانی: (**مَا سَعَاه، مَا كَسَبهُ**)، ئەوەی هەوڵی بۆ داوەو وەدەستی هێناوە، ئەو کۆششەی کردوویەتی، مرۆڤ بیری دێتەوە.

٣)- ﴿ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِمَن يَرَىٰ ﴾، دۆزەخیش ڕانوێنراو ئاشکرا کرا، خرایە گۆڕێ، بۆ هەر کەسێك ببینێ، (**تَبْرِيزُ الْجَحِيمِ: إِظْهَارُهَا**)، (**بُرُزَ، بَرَّزَ، يُبَرِّزُ، تَبرِيزاً**)، واتە: دەرخرا،

دەردەخرێ، دەرخستن، یانی: دۆزەخیش هێنرایە گۆڕێ و ئاشکرا کرا، بۆ هەر کەس ببینێ، واتە: بۆ هەموو کەس، چونکە لەوێدا هەموو کەس دەبینێ.

هەتا ئێستا وەڵامی (إِذَا) نەهاتوە، هەر کاتێك ئەوە بوو، مرۆڤ ئەوەی دێتەوە یاد کە کردوویەتی و دۆزەخیش ڕادەنوێترێ و پێشاندەدرێ بۆ هەر کەسێك ببینێ، ئەمە وەڵامی (إِذَا)نییە، چونکە (إِذَا)، وەك چۆن (ظَـرْفٌ)ە بۆ داهاتوو، مانای بەمەرجگرتنیشی گرتۆتە خۆی و تێیدایە، هەر کاتێك ئەوانە بوون، چی دەبێ؟وەڵامی (ژڎا) لە ئایەتەکانی ٣٧،٣٨،٣٩ ئنجا ئایەتەکانی: ٤٠،٤١ دا دێ. ٤- ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴾، ئنجا هەر کەسێك یاخیی ببێ، (الطُّغْيَان) (مُجَاوَزَةُ الحَدِّ فِي العِصْيَان)، (الطغيان) بریتیە لە سنوور شکاندن لە سەرپێچیکردن دا، واتە: سەرپێچییردنێکی زۆر بێڕەزا، بە کوردیی دەڵێین: یاخیی بوون، هەڵگەڕانەوە، لە سنوور دەرچوون.

وشەی: (أَمَّا)، پێشتریش گوتوومانە: (حَرْفُ التَّفْصِيل)، پیتێکە بۆ درێژە پێدان و ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستەی دوایی دێ، لە زمانی عەرەبییدا مانایەکەی ئاوایە: (مَهْمَا يَكُن مِن شَيء)، هەر شتێك ببێ، دوایی خوا ﷻ ڕوونی دەکاتەوە، دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴾، ئنجا هەر کەس، یاخیی ببێ، (مَنْ)، واتە: هەر کەس، بۆ تاك و بۆ دووان و بۆ کۆو بۆ نێرو بۆ مێ، بۆ هەمووان بەکاردێ، هەر کەسێك یاخیی بووبێ لە سنوور دەرچوو بێ، لە سەرپێچیی کردنی خوادا.

٥)- ﴿ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴾، ژیانی دنیاشی هەڵبژارد بێ، (الإِيثَارُ: تَفْضِيلُ شَيْءٍ عَلَى شَيْءٍ عِنْدَ عَدَم إِمْكَان الجَمْع بَيْنَهُمَا)، (إيثار): بریتیە لە هەڵبژاردنی شتێك بەسەر شتێکدا، کە نەگونجێ هەردووکیان پێکەوە کۆبکرێنەوە، ئنجا کەسێك ژیانی دنیای هەڵبژاردبێ بەسەر ژیانی ڕۆژی دواییدا، واتە: دنیای لە باوەش گرتبێ و دواڕۆژی وەلا نابێ، ئەگەرنا وەك دوایی باسی دەکەین، ئەگەر کەسێك دنیاش بە ئەندازەی خۆی گرنگیی پێ بدات و، دواڕۆژیش بە ئەندازەی خۆی گرنگیی پێ بدات، کارێکی ڕاست و ڕەوای کردووە و شەریعەت وا دەڵێ، شەریعەت نەهاتوە، بڵێ: واز لە دنیا بێنە، چونکە تۆ لە دنیا دای

و ناگونجێ وازی لێ بێنی و پشتی تێبکەی، بەڵام نابێ بیکەی بە ئامانج و، دەبێ تەنیا بە ئەندازەی ئەوەی دەیهێنێ گرنگیی پێ بدەی، هەروەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ دا هاتوە، دەفەرموێ: {وَلاَ تَجْعَلِ الدُّنْيَا أَكْبَرَ هَمِّنَا، وَلاَ مَبْلَغَ عِلْمِنَا}، (**أخرجه ابن المبارك في الزهد: ٤٣١، والترمذي: ٣٥٠٢، وقال: حسن غريب، والحاكم: ١٩٣٤، وقال: صحيح على شرط البخاري**)، واتە: خوایە! دنیا مەکە بە گەورەترین ئامانجمان، (گەورەترین شت کە خەفەتی لێ بخۆین و گرنگیی پێ بدەین)و، مەیکە بە ئەوپەڕی زانیارییمان [کە عیلم و عەقڵمان هەر هەتا سنووری ژیانی دنیا بڕبکات].

خوا ﷻ دەفەرموێ: هەر کەسێك یاخیی بوو بێ لە بەرانبەر خواداو، سنووری بەزاندبێ لە سەرپێچیی کردنی خواداو، ژیانی دنیاشی هەڵبژاردبێ:

٦)- ﴿فَإِنَّ ٱلۡجَحِيمَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ﴾، بە دڵنیایی ئەوە دۆزەخ سرەوتگایەتی، (**أل**)ی سەر (**مَأْوَى**)، لێرەش و لە دواییش دا کە دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ﴾، لە هەردوو شوێنەکاندا (**أل**)ەکە بۆ ناساندنە، بەڵام ناساندنی (**عَهْد**)، واتە: سرەوتگایەکەی هی کەسێك لە خوا یاخیی بێ و دنیا هەڵبژێرێ، دۆزەخەو، کەسێکیش لە پێگەی بەرزی پەروەردگاری بترسێ و، خۆی لە گوناهان بگێڕێتەوە لە ئارەزووە ناشەرعییەکان، سرەوتگایەکەی بەهەشتە.

٧)- ﴿وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ﴾، بەڵام کەسێك لە پێگەی پەروەردگاری بترسێ، (**مَقَام**)، لە ئەسڵدا (**مَكَانُ القِيَام**)، شوێنی لێ ڕاوەستان، دوایی بەکارهێنراوە بۆ خودی ئەو شتەی پاڵی دەدرێتە لا، واتە: بەهۆی مەزنگرتنی ئەو کەسەوە، کە لەوێ وەستاوە، شوێنەکە بە مەزن دەگیرێ، ئەمە وەك وشەی: (**جَنَاب**) و وشەی: (**كَنَف**)، دەگوترێ: جەنابی تۆ، (**جَنَاب**) بە مانای تەنیشت و (**كَنْف**) بە مانای پەنایە، بەڵام دوایی پاڵ دەدرێتە لای خودی ئەو کەسە.

کەواتە: ﴿مَقَامَ رَبِّهِۦ﴾، واتە: ١- پێگەی بەرزو بێ وێنەی پەروەردگاری. ٢- ﴿مَقَامَ رَبِّهِۦ﴾، واتە: (**قِيَامُهُ أَمَامَ رَبِّهِ**)، ڕاوەستانی لە پێش پەروەردگاری،

چونکـە (مَقَـام) وەك چـۆن بـە مانـای شـوێنی وەسـتان دێ، دوایـی بەکاردەهێـنرێ بـۆ خـودی ئـەو زاتـەی وەسـتاوە، بەهەمـان شـێوە بـە مانـای وەسـتان لـە بـەردەم پەروەردگاریشـی دا دێ، واتـە: هـەر کەسـێك ترسـی ئـەو حاڵەتـەی هەبـێ کـە لـە بـەردەم پەروەردگاریـدا:

ڕادەگیرێ بۆ پرسیارو وەڵام و، لێپرسراوانە سزاو پاداشت بۆ دیارییکران.

٨)- ﴿وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ﴾، نەفسیشی لە ئارەزووەکەی قەدەغە بکات، (النَّفْس) یش (أل)کەی بۆ ناساندنە، بەڵام (عِوَضٌ عَنِ المُضَافِ إلَيْهِ)، قەرەبووی پاڵوێدراو دەکاتەوە، یانی: (وَنَهَى نَفْسَهُ)، خۆی قەدەغە بکات، ﴿عَنِ ٱلْهَوَىٰ﴾، لە ئارەزووان، (الهَوَى) کە (أل)ی ناساندنی لەسەرە، بەدڵنیایی مەبەست پێی تێکڕا (جنس)ی (هَوَى) نیە، بەڵکو ناساندن (تعريف)ەکە بۆ (عهد)ە، یانی: ئارەزووە ناڕەوایەکە، ئنجا ئەگەر (هَوَى) مەبەست پێی کۆی ئارەزووەکان (مُشْتَهيَات)بێ، سەرجەم ئەوشتانەی مرۆڤ ئارەزوویان دەکات، بێگومان تەنیا مەبەست پێی ئارەزووە ناڕەواو ناهەقەکانە، واتە: هەموو ئارەزووە ناشەرعیی و ناڕەوایەکان، ئەگەرنا وشەی: (هَوَى) وەك چۆن بۆ ئارەزووی نا شەرعیی و ناڕەوا بەکاردەهێنرێ، بۆ ئارەزووی ڕەواش بەکاردێ و، بێگومان مرۆڤ پابەند نەکراوە خۆی بگێڕێتەوە لە ئارەزووی ڕەوا، بۆ وێنە: خواردن و خواردنەوە، خەوتن و، بەرگ و پۆشاك و، جێگاو ڕێگاو، هاوسەرگیریی و، پارەو سامان، ئەوانە هەموویان ئارەزوو کراو (مُشْتَهيَات)ن، بەڵام لە ڕێی شەرعییەوە و بە ئەندازەی پێویست، بەدڵنیایی نەك هەر لە مرۆڤ قەدەغە نیە بیانخوازێ و هەوڵی دەستەبەرکردنیان بدات، بەڵکو جاری وایە لەسەریشی پێویست دەبێ، چونکە ئەگەر وانەکات دەبێ چاوی لە دەستی ئەم و ئەو بێ، یاخود ژیانی دنیایی هەر بەڕێوە ناچێ، ئنجا کەسێك لە پێگەی بەرزی پەروەردگاری بترسێ، یاخود لە وەستانی خۆی لە بەردەم پەرەوەردگاریدا بترسێ و، خۆی لە ئارەزووە ناڕەواکان بیگێڕێتەوەو خۆی قەدەغە بکات:

٩)- ﴿فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ﴾، ئەوە بە دڵنیایی بەهەشت سرەوتگایەتی، بەهەشت شوێنی حەوانەوەیەتی، وشەی: (هَوَى)، (هَوَى يَهْوى هَوَاىٌ) ئارەزووی کرد، ئارەزووی

دەكات، ئارەزوو كردن، (**هَوَى**) چاوگە، بەڵام بە مانای بەركارە، وەك (**خَلْق**)، بە مانای دروست كردنە، بەڵام بۆ دروستكراو (**مَخْلُوق**) بەكاردێ، كەواتە: (**هَوَى**)، لە ئەسڵدا چاوگە، بەڵام بە مانای ئارەزوو بۆ كراوە، یەكێك لە ڕوونكەرەوانی قورئان دەڵێ: (**وَالمَقْصُود بِالْهَوَى: مَا تَرْغَبُ فِيْه قِوَى النَّفْسِ الشَّهَوِيَة وَالغَضَبِيَّة مِمَّا يُخَالِفُ الحَّق وَالنَّفْعَ الكَّامِل**)، مەبەست لە (**هَوَى**) ئەوەیە كە هێزە ئارەزوو خوازو هێزە تووڕەییەكانی نەفس، ئارەزووی دەكەن، لەوەدا كە پێچەوانەی هەق و سوودی تەواوە، واتە: پێچەوانەی بەرژەوەندیی تەواوە، كە بریتیە لە وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا ﷻ.

كەواتە: ئەم ئایەتە موبارەكانە، دوو هاوكێشەیان خستوونە ڕوو:

هاوكێشـەی <u>یەكـەم</u>: ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴾ هـەر كـەس لـە خـوا یاخیـی بـێ و، لـە سـەرپێچیی خـوادا سـنوور ببەزێنـێ و ژیانـی دنیـاش هەڵبژێـری (ژیانـی دنیـا هەڵبژێـرێ بەسـەر ڕۆژی دواییـدا)، ئـەو دەرەنجامـەی بـۆ پەیدادەبـێ: ﴿ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴾، (**جَحِيْـم**): كڵپـە سـەوزەكەی ئاگـرە، ئاگـری بڵێسـەداری دۆزەخ سرەوتـگاو شـوێنی حەوانەوەیەتـی.

هاوكێشـەی <u>دووەم</u>: ﴿ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴾، بـەڵام هـەر كەسـێك لـە پێگـەی بـەرزو بـێ وێنـەی پـەروەردگاری ترسـی هەبـێ و خـۆی لـە ئـارەزووەكان بگێڕێتـەوە، ئەمـە پێشـەكی یەكـەم و پێشـەكی دووەم، دەرەنجامەكـەی: ﴿ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِيَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴾، بـە دڵنیایـی بەهەشـت سرەوتـگاو شـوێنی حەوانەوەیەتی:

(**طُغْيَان + إِيْثَار الحَيَاة الدُّنْيَا = الجَحِيْم**).

(**خَوْف مَقَام الرَّبّ + نَهيُ النَّفس عَن الهَوى = الجَنَة**).

پێویسـتە ئـەو ڕاسـتییە جارێكـی دیكـەش جەختـی لەسـەر بكەینـەوە، كـە لێـرەدا خـوا ﷻ نەیفەرمـووە: ئـەو كەسـەی ژیانـی دنیـای خۆشـدەوێ، یـان ژیانـی دنیـا گرنگیـی پێـدەدا، بـە ئەنـدازەی خـۆی، بەڵكـو دەفەرمـوێ: ﴿ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴾، ژیانـی دنیـای هەڵبـژاردوە (هەڵیبـژاردوە بەسـەر ڕۆژی دواییـدا)، ئنجـا ئـەو

هەڵبژاردنە مانای ئەوە نیە، کە گرنگییشی بە ڕۆژی دوایی داوە، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە هەڵیبژاردوەو ئیکتیفای پێ کردوە، ئەگەرنا کەسێك لە ژیانی دنیادا تێپەڕێنێ، بەڵام بڕواشی بە ڕۆژی دوایی هەبێ، بەدڵنیایی ئەوە گوناهبارە، بەڵام جێگای دۆزەخ نیە، بەو واتایەی ئەهلی دۆزەخ بێ، بە یەکجارەکیی، چونکە لە ئایەتەکانی دیکەداو، لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە مرۆڤ دەبێ بە ئەندازەی ئەوەی ژیانی دنیا دەیهێنێ و، ژیانی دنیا بە باشیی دەگوزەرێنێ، گرنگیی و بایەخی پێ بدات و خەمی لێ بخوات، بەڵام گرنگ ئەوەیە تێنەپەڕێنێ و، نەیکاتە ئامانجی و، لەسەر حیسابی ڕۆژی دوایی نەبێ و، بە پێی بەرنامەی خواو لە ڕێیەکی شەرعییەوە بێ و بە ئامرازەی شەرعییەوە بێ، ئەگەر وا بێ، ئەو کاتە ئەو کەسە هیچ گلەیی نایەتە سەر.

ئەوی دیکەش کە دەفەرموێ: ﴿ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴾، دەبێ بگوترێ: مەبەست ئارەزووە ناشەرعییەکان و ناهەقەکانن، یان دەبێ بگوترێ: ﴿ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴾، لە تێپەڕاندن لە داواکردنی ئارەزووەکاندا خۆی گێڕاوەتەوەو خۆی مەرزەم کردوە، ئەگەرنا وشەی (هَوَى) کە وەك چاوگەو بە مانای بەرکار (**مفعول بە**)ە، یانی: ئارەزووکراو، بێگومان ئەوەی مرۆڤ ئارەزووی دەکات، هەیە ڕەوایەو، هەیە ناڕەوایە.

بەکورتیی:

أ- یان دەبێ بگوترێ: لە ئەصڵدا مەبەست لە (**الهَوَى**) هەموو ئارەزووە ناڕەوایەکانن.

ب- یان دەبێ بگوترێ: (**الهَوى**)، (**أل**)کەی بۆ (**عَهْدَ**)ە، واتە: ئارەزووە ناشەرعییەکە.

کەواتە: مرۆڤ دەبێ خۆی لە ئارەزووە ناشەرعییەکان بپارێزێ، ئەگەرنا هەموو ئارەزوویەك، مرۆڤ پابەند (**ملزم**) نیە خۆی لێ بگێڕێتەوە، بەڵکو ئارەزووی خراپ و ڕێی خراپ، بۆ تێرکردنی ئارەزووان حەرامەو ناشەرعیە.

بەرپەرچدانەوەی قسەیەکی (إبن عُثيمين)

لێرەدا بەر لەوەی ئەم مەسەلەیەی چوارەمە بە جێبهێڵین بە چاکم زانی، قوڵە باسێکی کورت لەسەر قسەیەکی (إبن عثيمين) ڕەحمەتی خوای لێ بێ و بەرپەرچدانەوەی بکەم:

(إبن عثيمين) کە یەکێک بوو لە زانایانی دیاری ئیسلام لە تەفسیرەکەی خۆی[1] (تفسير جزء عمَّ)دا قسەیەك دەکات بە بۆچوونی من تێیدا نەیپێکاوە، بۆیە بە چاکم زانی ئەو هەڵەیەی ڕاست بکەینەوە، دەڵێ:

(وَلِلإِنْسَانِ ثَلَاث نُفُوس: مُطْمَئِنَّة وَأَمَّارَةٌ وَلَوَّامَةٌ، أمَّا المُطْمَئِنَّة فَفِي قَوْلِهِ تَعَالَى: ﴿يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً (٢٨) فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى (٢٩) وَٱدْخُلِى جَنَّتِى (٣٠)﴾ الفجر، وَأَمَّا الأَمَّارَة فَفِي قَوْلِهِ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَآ أُبَرِّئُ نَفْسِىٓ ۚ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّىٓ ۚ إِنَّ رَبِّى غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٥٣)﴾ يوسف، وَأَمَّا اللَّوَّامَة فَفِي قَوْلِهِ تَعَالَى: ﴿لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ (١) وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ (٢)﴾ القيامة، وَالإِنْسَانُ يُحِسّ بِنَفْسِهِ بِهَذِه الأَنْفُسِ).

ئەمە دەقی قسەکەیەتی.

واتە: مرۆڤ سێ جۆرە نەفسی هەن:

١- (مُطْمَئِنَّة)، ئارام گرتوو، ئۆقرە گرتوو، (أَمَّارَة)، زۆر فەرمانکەر بە خراپە، (اللوَّامَة)، ڕەخنە لە خۆگر و، گلەیی لە خۆکەر،

١- هەرچی جۆری یەکەمی نەفسە، (النَّفْسُ المُطْمَئِنَّة)، ئارامگرتوو لە قسەی خوای بەرزدا هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً (٢٨)﴾

---

(١) تەفسیری بەشی (عم)، لاپەڕە (٥٣ -٥٤).

فَٱدۡخُلِي فِي عِبَٰدِي ﴿٢٩﴾ وَٱدۡخُلِي جَنَّتِي ﴿٣٠﴾ ﴾، **الفجر**. واته: ئەی نەفسی ئارامگرتوو (ئۆقره گرتوو) بگەڕێوه بۆ لای پەروەردگارت، تۆش ڕازیی و، ئەویش لە تۆ ڕازییەو، بچۆ نێو بەهەشتەکەمەوەو بچۆ نێو بەندەکانمەوە.

٢- (**النَّفْس الأمَّارَة**) لە قسەی خوای بەرزدا هاتوه، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥٣﴾ ﴾، **یوسف**. واته: خۆم دوور ناخەمەوه لە هەڵەو پەڵە، چونکە نەفس زۆر فەرمان بە خراپە دەکات، مەگەر ئەو حاڵەتە ی پەروەردگار بە بەزەیی بنوێنێ، بێگومان پەروەردگارم لێبوردەی بە بەزەییە.

٣- (**النَّفْس اللَّوَّامة**) لە قسەی خوای بەرزدا هاتوه، کە دەفەرموێ: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴿١﴾ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ﴿٢﴾ ﴾، واته: نەخێر (وانیه) سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت و، نەخێر (وانیه ئەی هاوبەش دانەرەکان!) سوێند دەخۆم بە نەفسی ڕەخنە لە خۆگر.

دوایی دەڵێ: (**وَالإنْسَان يُحِسّ بِنَفْسِه بِهَذِه الأنْفس**)، مرۆڤ لە خودی خۆیدا هەست دەکات بەو سێ جۆرە نەفسانە.

ڕەخنەکەی منیش ئەوەیە:

خوا ﷻ لە قورئانداو، پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە فەرمایشتەکانیدا باسی یەك نەفسیان کردوە، جارێ لە ئایەتەکاندا، خوا ﷻ بۆ هەموو مرۆڤێك باسی جەستەیەکی خاکیی و ڕووحێکی خوایی کردوە: ﴿ فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾ ﴾، کاتێك جەستەکەیم ڕێکخست و، لەو ڕووحەی تایبەتکراوی خۆمە، فووم بە بەردا کرد، بۆی بە کڕنووش دابکەون. هەروەها لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوه: {**إنَّ الرُّوحَ إذَا قُبِضَ تَبِعَهُ الْبَصَرُ**}، (**أخرجه: مسلم: ٩٢٠**)، واته: کاتێك ڕووح لە جەستە دەچێتە دەرێ، چاو شوێنی دەکەوێ... کە دیارە ڕووحی پێ دەگوترێ، وەك هەقیقەتی خۆی، کاتێك دەچێتە نێو جەستەش وشەی، نەفسی بۆ بەکاردێ، بەڵام هەر یەك شتن.

بەڕاستیی پێم سەیرە (**إبن العثیمین**) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، تووشی ئەو هەڵەیە بووە، وایزانیوە مرۆڤ سێ نەفسی هەن، نەخێر یەك نەفسی هەیەو، من لە کتێبەکانی خۆمدا بە تایبەت لە کتێبی: (ڕێگای صالح بوون و بەرەو خواچوون)دا، هەروەها لە کتێبی: (گیانی ژیان) و لە کتێبی: (خواپەرستیی و تەزکیە و تەقوا)، کە یەکێکە لە کتێبەکانی: (مەوسووعەی: بەرەو باشتر پێگەیشتن و پێگەیشتن)، لەو چوار کتێبانەداو لە شوێنی دیکەش دا باسم کردوە، کە خوا یەك نەفسی بە هەر کام لە مرۆڤەکان داوە:

١- ئەو نەفسەش لە ئەسڵدا ئەگەر مرۆڤ لێی گەڕێ، زۆر فەرمان دەکات بە خراپە (**أمّارة بالسوء**) دەبێ.

٢- دوای ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا خەریك دەبێ، دەچێتە حاڵەتێکی میانجیی و زۆر فەرمان ناکات بە خراپە، بەڵکو جار جار خراپە دەکات و، خاوەنەکەی دەیگێڕێتەوە بۆ چاکە و، دەکەوێتە حاڵەتی (**اللّوّامَة**)، واتە: لەسەر خراپە ڕەخنە لە خۆی دەگرێ، بەڵام هی پێشێ هەر فەرمان بە خراپە دەکات.

٣- لە قۆناغێکی دیکەدا کە مرۆڤ زیاتر لەگەڵ خۆیدا خەریك دەبێ، دەچێتە قۆناغی (**مُطْمَئِنَّة**)و ئەو نەفسە ئارامدەگرێ لەسەر جادەی شەریعەت و، ئۆقرە گرتوو و داسەکناو دەبێ و بەملاولادا ناڕوا، تاوان ناکات و، شایستەی ئەوە دەبێ خوا بیدوێنێ: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾ فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى ﴿٢٩﴾ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴿٣٠﴾ ﴾، ئەی نەفسی ئارام گرتوو، ئۆقرە گرتوو، لەسەر جادەی شەریعەت، کە هەڵبەزو دابەزت نەماوەو، لادان و تاوانت نەماوە!

لەم تەفسیرەدا عادەتم وایە: دوای ئەوەی تەماشای تەفسیرەکان دەکەم، وێڕای ئەوەی لە تەفسیرەکان بەهرەمەند دەبم، ئەگەر شتێکی دیارییکراوییش هەبێ و بە پێویستی بزانم، هی تەفسیرێك باسی دەکەم، بەڵام وێڕای بەهرە لێ وەرگرتنەکان و ئاماژە کردن بە تەفسیرەکان، ئەگەر تێبینیی و ڕەخنەو

سەرنجیشـــم هەبـــێ، لەســـەر تەفســـیری یەکێـــك لـــە زانایـــان، لـــە تەفســـیرکردنی ئایەتێـك دا کـە تێیـدا، نەیپێکابـێ، هـەر کەسێك بـێ هـەر لـە (**الطبري**)یـەوە بگـرە (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ)، بەڵکـو لـە پێـش (**طبري**)یشـدا، ئەگـەر لـە هـاوەڵان و لـە شوێنکەوتووانیشـەوە شـتێك هاتبـێ کـە عەقڵـم نەیبـڕێ، ئنجـا چ ئـەو قسـەیە ئـەو هاوەڵـە کردبێتـی، یاخـود ئـەو زانـای تابیعینـە گوتووبێتـی، یاخـود پێشـەوایەکی دیکـە گوتبێتـی، هەروەهـا سـەنەدەکەی ڕاسـت بـێ، یـان بـە دەمـی ئـەوەوە گوترابێ، گرنـگ ئەوەیـە هـەر شـتێك بـە پێوسـتی بزانـم و پێـم وابـێ لـە مانـا لێکدانـەوەی ئایەتەکـەی خـوای پـەروەردگاردا نەیپێـکاوە، بـە ئەرکـی شـەرعیی سەرشـانی خۆمـی دەزانـم، کـە ئامـاژەی پـێ بکـەم، وەك زانایـان گوتوویانـە: فـڵان زانایـە لـە لامـان خۆشەویسـتە، بـەڵام هەقـمان لـەو خۆشـتر دەوێ.

مەسەلەی پێنجەم و کۆتایی:

ئاگادارکردنەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەوانەی لە بارەی هاتنی قیامەتەوە لێی دەپرسن، با بزانن ئەوە هیچ پەیوەست نیە بەوەوەو، تەنیا پەروەردگاری کۆتاییەکەی دەزانێ، موحەممەد ﷺ تەنیا ترساندنی ئەوانەی سامی لێدەکەن، ئەرکیەتی، کاتێکیش دێ پێیان وا دەبێ تەنیا ئێوارەیەك یان چێشتەنگاوێك لە ژیانی دنیادا ماونەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ﴿٤٢﴾ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ﴿٤٤﴾ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخْشَىٰهَا ﴿٤٥﴾ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا ﴿٤٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا﴾، لە بارەی (**ساعَة**)ەوە لێت دەپرسن: کەیە کاتی لەنگەر گرتنەکەی؟ وشەی: (**ساعَة**) وەك جارانی دیکەش باسمان کردوە، دەگونجێ مەبەست پێی ئاخیر زەمان بێ، کە لێرەدا وا پێدەچێ، واتە: تێکچوونی ئەم گەردوونە، چونکە بەدڵنیایی پێش ئەوەی قیامەت بێ، دەبێ ئاخیر زەمان بێ، ئنجا دوایی قیامەت دێ، بۆیە یەکێك لە بێبڕوایان دەپرسێ: ئەو ئاخیر زەمانەی تۆ دەیڵێی کە ئەم دنیایە کۆتایی دێ کەی دێ؟ هەرچەندە وشەی: (**سَّاعَة**) لە قورئاندا جاری وایە بۆ کۆی ڕۆژی دوایی بە هەردوو قۆناغی ئاخیر زەمان و قیامەتیشەوە بەکارهاتوە، بەڵام بە پێی سیاق مانایەکەی دیاری دەکرێ، لە بارەی (**ساعَة**)ەوە، یانی: ئەو کاتە دیاریکراوەی دنیای تێدا کۆتا دێ، یاخود: لە بارەی ئەو کاتەوەی کە ڕۆژی دوایی تێدا دێ، لێت دەپرسن: لەنگەرگرتنەکەی کەیە؟ ﴿أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا﴾، (**أَيَّانَ**) وەك پێشتریش گوتوومانە: (**إسْمٌ يُسْتَفْهَم بِه عَن تَعيِينِ الوَقْت**)، لە ئەسڵدا ﴿أَيَّانَ﴾، بریتیە لە: (**أَيُّ آنٍ**)، چ کاتێك، ناوێکە پرسیاری پێ دەکرێ، لە بارەی دیارییکردنی کاتێکەوە بۆ شتێك، ﴿مُرْسَىٰهَا﴾، (**«مُرْساها»**

مَصْدَرٌ مِيمِيٌّ لِفِعْلِ أَرْسى، والإرْساءُ: جَعْلُ السَّفِينَةِ عِنْدَ الشَّاطِئِ لِقَصْدِ النُّزُولِ مِنها، تَشْبِيهًا لِلسَّاعَةِ بِالسَّفِيْنَةِ الجَارِيَةِ)، ﴿ مُرْسَىٰهَا ﴾، وشەی: (**مُرْسَى**)، چاوگێکی میمییە، لە (**أَرْسى**)وە هاتوە، (**أَرْسى**)، واتە: چەسپاندی (**مُرْسَى**)، واتە: چەسپاندن (**إِرْساء**) بە کوردیی دەڵێین: لەنگەر پێگرتن، بریتیە لەوەی کەشتی لە لای کەناری دەریا، لەنگەری پی بگیرێ تاکو ئەوانەی سواریی بوون، سەرنشینەکانی دابەزن، لێرەدا خوا ڕۆژی دوایی چواندوە بە کەشتییەکەوە کە بەسەر دەریادا دەڕوات، دوایی لە کەناری دەریا لەنگەر دەگرێ.

ئـەم ژیانــە دنیاییــەش دەڕوا دەڕوا دەڕواو کاتێــك دێ، کۆتایــی دێ، وەك چــۆن کەشـتییەکە لەنگـەر دەگـرێ لـە کەنـاری دەریـاو، دەبـێ سەرنشـینەکانی دابـەزن، ئەم ژیانـە دنیاییـەش کاتـێ دێ، کۆتایـی دێ، هەموو ئەوانەی لەسـەر زەوییـن ئەوانەی لەو کاتـەدا خاوەنـی ژیـان دەبـن، هەموویـان کۆتاییـان پـێ دێ، ئنجـا کـە لێـی دەپرسـن، ئایـا ئـەو پرسـینە پرسـیارکردنی ڕاسـتەقینە بـووە، کـە بزانـن کەنگێیـە؟ دەگونجـێ، بـەڵام زیاتـر وا پـێ دەچـێ مەبەسـت پێـی پرسـیاری لێکردنـی نکووڵیلێکـردن و گاڵتـە پێکـردن بووبـێ، ئـەوە لـەو بێبڕوایانـە دەوەشـێتەوە، خـوا دەفەرمـوێ:

٢)- ﴿ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴾، تۆ چ پەیوەندییەکت بە باس و خواسی (کاتەکە)وە هەیە؟! ﴿ فِيمَ أَنتَ ﴾، (**«فِيمَ» اسْمُ اسْتِفْهامٍ بِمَعْنى: أَيُّ شَيْءٍ ؟ مُسْتَعْمَلَةٌ فِي التَّعْجِيبِ مِن سُؤالِ السَّائِلِينَ عَنْها ثُمَّ تَوْبِيخِهِمْ**)، وشەی: (**فِيمَ أَنْتَ**)، ناوی پرسیارکردنە بە مانای (**أَيُّ: شَيْءٍ**)، چ شتێك، بەڵام لێرەدا بەکارهێنراوە بۆ سەرسوڕماندن لە پرسیارکردنی پرسیارکەرەکان، پاشان سەرزەنشتیکردنیان، واتە: تۆ چ پەیوەندییت بە باس و خواسی هاتنی (**ساعَة**)ەوە هەیە، کاتەکە (**سَّاعَة**)ش، ئاخیر زەمانە، یاخود ڕۆژی دواییە.

٣)- ﴿ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ﴾، کۆتاییەکەی بەرەو لای پەروەردگارتە، ﴿ مُنتَهَىٰهَآ ﴾، (**المُنْتَهى: أَصْلُهُ مَكانُ انْتِهاءِ السَّيْرِ، ثُمَّ أُطْلِقَ عَلى المَصِيرِ**)، لە ئەسڵدا (**مُنْتَهى**) ناوی شوێنە، شوێنی کۆتایی هاتنی ڕۆیشتن، بەڵام بە مانای سەرەنجام بەکارهاتوە، واتە: سەرەنجامەکەی بەرەو لای پەروەردگارتە، کە بەدڵنیایی لێرەدا مەبەست ئەوەیە: زانیاریی سەرەنجامەکەی و، زانیاریی هاتنی کاتی کۆتاییەکەی بۆ لای پەروەردگارتە.

٤)- ﴿ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخۡشَىٰهَا ﴾، تۆ تەنیا ترسێنەرو ورياكەرەوەی ئەو كەسەی سام و هەیبەتی هەیە بەرانبەری بەرانبەر بە ئاخیرزەمان (سَّاعَة)، بەرانبەر بە ڕۆژی دوایی، یان بەرانبەر بە قیامەت.

وەك چۆن وشەی: ﴿ مُنذِرُ مَن يَخۡشَىٰهَا ﴾، هاتوە، دیسان: (مُنْذِرٌ مَنْ يَخْشَاهَا) ش، خوێندراوەتەوە، واتە: بە تەنوینیش.

٥)- ﴿ كَأَنَّهُمۡ يَوۡمَ يَرَوۡنَهَا لَمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوۡ ضُحَىٰهَا ﴾، ئەوانەی پرسیار دەكەن كاتێك ئەو (كارەسات)ە دەبینن، ﴿ لَمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوۡ ضُحَىٰهَا ﴾، وەك ئەوە وان كە تەنیا ئێوارەیەك، یاخود چێشتەنگاوێك مابنەوە،﴿ عَشِيَّةً ﴾: ئەو كاتەیە كە لادانی خۆر لە نێوەڕاستی ئاسمانەوە دەست پێدەكات، تاكو ئاوابوونی.

(ضحى) بریتیە لەو كاتەی لە هەڵهاتنی خۆرەوە دەست پێدەكات، تاكو خۆر دەگاتە نێوەڕاستی ئاسمان، بە كوردیی بە (ضحى) دەڵێن: چێشتەنگاو، بە (عشية)ش دەڵێن: ئێوارە، بەڵام بە پێی باو (عرف) زۆر كەس (ئێوارە) تەنیا بەسەروحەدی شێوان دەڵێن و، چێشتەنگاویش بەو كاتە دەڵێن كە ڕۆژ ئەندازەیەك بەرز دەبێتەوە.

یەكێك بە یەكێك دەڵێ: (أَتَيْتُكَ غَدَاةً أو عَشِيَّتَهَا) واتە: بەیانیی هاتمەلات یان ئێوارەكەی، لێرەش: (أو ضُحَاهَا)، ڕاناوی (هَا) گێڕراوەتەوە بۆ (عَشِيَّة) لەبەر ئەوەی هەردووكیان پێكەوە پەیوەستن، هەردووكیان لە یەك ڕۆژدان، یەكیان كۆتاییەكەیەتی و، ئەوی دیكەشیان سەرەتایەكەیەتی، ﴿ عَشِيَّةً ﴾، واتە: (مَسَاء)، ئێوارە ﴿ ضُحَىٰهَا ﴾، واتە: (صَبَاح)، بەیانیی ئنجا لەبەر ئەوەی هەردووكیان هی یەك ڕۆژن، بۆیە (ضحى) پاڵدراوەتە لای (عَشِيَّة).

كە دەفەرموێ: ﴿ عَشِيَّةً أَوۡ ضُحَىٰهَا ﴾، (أو) یان، بۆ سەرپشككردنە لە وێكچواندن دا، واتە: بە خەیاڵی ئەوان وایە، تۆ سەرپشكی و ئەوان وا بیر دەكەنەوە، كە لە

ژیانی دنیادا یان ئێوارەیەك مابوونەوە، یاخود چێشتەنگاوێك مابوونەوە، کۆتایی تەفسیری ئەم سوورەتەش بەم دوو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ:

١-{قَالَ رَجُلٌ لِلنَّبِيِّ ﷺ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَتَى السَّاعَةُ؟ قَالَ وَمَا أَعْدَدْتَ لَهَا؟ قَالَ مَا أَعْدَدْتُ لَهَا إِلَّا أَنِّي أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ، قَالَ: الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ} (أخرجه البخاري: ٦١٦٧، ومسلم: ٢٦٣٩).

واتە: پیاوێك بە پێغەمبەرخوای گوت، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (ساعة) کەنگێ دێ؟ (واتە: ئاخیر زەمان، یاخود ڕۆژی دوایی) ئەویش پێی فەرموو: چیت بۆ ئامادە کردوە؟ گوتی: جگەلە خۆشویستنی خواو پێغەمبەرەکەی هیچم بۆ ئامادە نەکردوە، ئەویش ﷺ فەرمووی: مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسە دایە کە خۆشیویستوە.

یانی: مادام پێغەمبەری خوات خۆشویستوە، لە ڕۆژی دواییش دا لە خزمەت پێغەمبەر دای ﷺ.

٢- {مَنْ أَحَبَّ لَقَاءَ اللهِ أَحَبَّ اللهُ لَقَاءَهُ، وَمَنْ كَرِهَ لِقَاءَ الله كَرِهَ الله لِقَاءَهُ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ رضي الله عنها: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا نَكْرَهُ الْمَوْتَ! فقَالَ: ليسَ ذاكِ، ولَكِنَّ المُؤْمِنَ إذا حَضَرَهُ المَوْتُ، بُشِّرَ برِضْوانِ اللَّهِ وكَرامَتِهِ، فليسَ شَيءٌ أحَبَّ إلَيْهِ ممَّا أمامَهُ، فَأَحَبَّ لِقاءَ اللَّهِ، وأَحَبَّ اللَّهُ لِقاءَهُ}، (أخرجه البخاري: ٦٥٠٧).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: هەر کەسێك دیداری خوای حەز لێ بێ، خواش حەز بە دیداری دەکات و، هەر کەسێ پێی خۆش نەبێ بە دیداری خوا بگات، خواش حەز بە چارەو دیداری ناکات، عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) گوتی: ئەی پێغەمبەر خوا ﷺ! هەمووومان ڕقمان لە مردنە (کەیفمان بە مردن نایەت) فەرمووی: مەبەست ئەوە نیە، بەڵکو بڕوادار کاتێك دەچێتە حاڵەتی سەرە مەرگەوە، موژدەی پێ دەدرێ بە ڕەزامەندیی خواو ڕێز لێگرتنی خوا بۆی، ئنجا هیچ شتێك لە لای خۆشەویستتر نابێ لەوەی بگاتە ئەوەی لە پێشیەیێ و حەز بە دیداری خوا دەکات، بۆیە خواش لەو کاتەدا حەز بە دیداری دەکات، (مەبەست پێی ئەوەیە).

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێڕێ کە سەرەنجام خێر دەبن و بە شێوەیەك بژین و ژیانە دنیاییەکەمان وا بگوزەرێنین، کە کۆتاییەکەی وابێ هەر کاتێك مردنمان گەیشتە سەر، حەز بکەین زوو بە خزمەت خوای پەروەردگارو بە دیداری خوا شاد بین و، بە دیداری پێغەمبەری خوا ﷺ شاد بین، پێشێ لە قۆناغی بەرزەخ داو، پاشانیش لە قۆناغی ڕۆژی دوایی و قیامەتدا، هەڵبەتە ژیانی پاك و چاك و بە پێی شەریعەت بەڕێوەبردنیشی، بێگومان سەرەنجامەکەی خێرە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسە لەسەر چی بژی لەسەر ئەوەش دەمرێ و، لەسەر چیش بمرێ لەسەر ئەوە زیندوو دەکرێتەوە[1]، لێرەشدا کۆتایی بە تەفسیرکردنی کۆی سوورەتی (**النازعات**) دێنین.

---

(١) {يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيْهِ} أخرجه عبد بن حميد: ١٠١٣، ومسلم: ٢٨٧٨، وابن حبان: ٧٣١٩، والحاكم: ٣٦٨٨.

نێوەڕۆک